# بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات

بەرگی دوو

کۆنگرەی ١٠ تا کۆنگرەی ١٧

# بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی
# حیزبی دێموکرات

## بەرگی ٢

## کۆنگرەی ١٠ تا کۆنگرەی ١٧

**پێناسە:**
**ناوی کتێب:** بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
( کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٧)
پرۆژەی لەچاپدانەوەی دێکیومێنت و بەڵگەنامەکانی حیزب
**دیزاینی بەرگ و نێوەوە:** ئەییوب شەهابیڕاد
**ژمارەی سپاردن:** ٨٥٥
**ساڵی چاپ:** ١٤٠٠ی هەتاوی (٢٠٢١ی زایینی)
(لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان)

## پێرست

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٩-٥٠ )**
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دەیەمی حیزب
- بڕیارنامەی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پەیامەکانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ (٥١-١٠٨)**
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ــ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ پەسەندکراوی کۆنگرەی دەیەم
- پەیامەکانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

**بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی کۆنگرەی ١١ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (١٠٩-١٩٦)**
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بڕیارنامەی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسندکراوی کۆنگرەی یازدەهەم
- پەیامەکانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڵگەنامە و دێکیومێنتەکانی کۆنگرەی ١٢ی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (١٩٧-٢٥٢)**

- بەیاننامە بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دوازدەهەم
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٢

**بەڵگەنامە و دێکیومێنتەکانی کۆنگرەی ١٣ی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٢٥٣- ٣١٤)**

- بەیاننامە بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێزدەهەم
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣
- پەیامەکانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بەڵگەنامە و دێکیومێنتەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٣١٥-٣٨٤)**

- بەیاننامە بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٤ی حیزب
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٤ی حیزب
- بڕیارنامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- پەیامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڵگەنامە و دێکیومێنتەکانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٣٨٥-٤٦٤)**

- بەیاننامە بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم
- بڕیارنامەی سیاسیی پەسەندکراوی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزب
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٥
- پەیامەکانی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڵگەنامە و دێکیومێنتەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٤٦٥-٥٣٨)**

- بەیاننامە بەبۆنەی پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزب
- بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی ١٦
- پەیامەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڵگەنامە و دێکیومێنتەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٥٣٩-٦٢٨)**

- بەیاننامە بەبۆنەی پێکهاتنی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٧ی حیزب
- بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی ١٧
- پەیامەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# ئاماژەیەک

بەڵگەنامەکان وەک تۆماری بەشێک لە ڕووداوەکان ڕۆڵی گرینگیان لە پاراستنی مێژووی هەر نەتەوە یان حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا هەیە. بەڵگەنامەکان دەتوانن چرای ڕووناککەرەوەی بەردەم گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەم مێژووە بن و یارمەتیدەری خوێنەران و توێژەران و هەموو ئەو کەسانە بن کە بە دوای سەربوردەی نەتەوەیەک، یان مێژووی کار و تێکۆشانی حیزب و لایەنێکی سیاسیی تایبەتدا دەگەڕێن. بە واتایەکی دی بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکان بەشێکن لە «کۆیاد»ی هەر گرووپ و ڕێکخراوێک و هاوکات میراتێکی مەعنەوییش بۆ ئەوانن.

گرینگی و بەبایەخبوونی بەڵگەنامە و مێژووی نووسراوی هەر حیزبێک لە دەرخستنی بۆچوون و ڕوانگە و مێژوو و هەڵوێستی ئەم حیزبە بەنیسبەت پێشهات و ڕووداوەکان و هەروەها پێشاندانی سووچ و کەلەبەرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم حیزبەدا دەردەکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە زانیاری یەکێک لە بنەما گرینگەکانی بوون و دەسەڵاتی هەر ڕەوتێکی سیاسییە و بەڵگەنامەکانیش سەرچاوەی گرینگی ئەو زانیارییانەن بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی سیاسی و مێژوویی و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوینی ساڵی ڕابردوو جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی گرت. مێژووی نزیک بە هەشت دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات پڕە لە خاڵگۆڕان و دەسکەوتی سیاسی، داهێنان و جێخستنی نۆرم و بایەخی شۆڕشگێڕی و مەدەنی و، هاوکات ئەم حیزبە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا لە خەباتێکی بەردەوامدایە.

مێژووی ٧٥ ساڵ هەبوون و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سامانێکی گرینگ و بەبایەخە لە مێژووی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی. بەشێکی زۆر لە بەڵگەنامەکان و مێژووی نووسراوی ئەم حیزبە

بەهۆی بارودۆخی سەختی ژیانی سیاسیی حیزب و ڕەوتی پڕ هەوراز و نشێوی جووڵانەوەی کورد فەوتاوە، یان بەباشی نەپارێزراوە و بەشێکیشی بەداخەوە بەردەست نییە.
ئەوەی لەبەردەستی خوێنەردایە، بەشێکی بچووک لە مێژووی نووسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە تەنیا بەڵگەنامەکانی پێوندیدار بە کۆنگرەکانی حیزب لەخۆ دەگرێ کە سەرلەنوێ تایپ و لە تویێی چەند بەرگدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

**کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

**عەلی بداغی**

**بەهاری ١٤٠٠ی هەتاوی**

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بڕیارنامەی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پەیامەکانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (کۆنگرەی پەنجا ساڵ خەبات)
## (خاکەلێوەی ١٣٧٤)

کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان پێکهات. کۆنگرەی دەیەم کۆمەڵێک کار و ئەرکی بۆخۆی دانابوو کە لە ماوەی حەوتوویەکدا ڕاپەڕاندن. لەم کۆنگرەیەدا «بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسندکراوی کۆنگرەی نۆیەم» بێ هیچ دەسکارییەک وەک خۆی پەسند کرایەوە.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٠ بریتی بوون لە:**

١) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٢) مستەفا هیجری، ٣) حەسەن شەرەفی، ٤) محەممەدعەلی عینایەتی، ٥) سەید سەلام عەزیزی، ٦) عومەر باڵەکی، ٧) محەممەدنەزیف قادری، ٨) قادر وریا، ٩) تەیموور مستەفایی، ١٠) سمایل بازیار، ١١) مستەفا مەلوودی، ١٢) حەسەن قادرزادە، ١٣) عومەر حەمیدی، ١٤) سەید ئەحمەد حوسێنی، ١٥) محەممەد شەهرەوان، ١٦) باباعەلی مێهرپەروەر، ١٧) حوسێن نازدار، ١٨) لوقمان مێهفەر، ١٩) سلێمان کەڵەشی

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٠:**

١) عەبدوڵڵا حەسەنزادە (سکرتێر)، ٢) مستەفا هیجری (جێگری سکرتێر)، ٣) حەسەن شەرەفی، ٤) باباعەلی مێهرپەروەر، ٥) سەید سەلام عەزیزی.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٠ بریتی بوون لە:**

١) ڕۆستەم جەهانگیری، ٢) سەید ڕەسووڵ سەیدئەحمەدی، ٣) ئەسعەد ئەحمەدی، ٤) سەید مەنسوور ناسری، ٥) سەید برایم هاشمی، ٧) ئەحمەد نستانی، ٨) سەید موعتەسەم نوورانی، ٩) کەریم مەهدەوی (سەقزی).

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٠ بریتی بوون لە:**

١) ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ)، ٢) کاوە بەهرامی، ٣) سەید ڕەزا دروودگەر.

***

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی
## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی دەیەمی حیزب

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خۆشحاڵی و شانازییەوە ڕادەگەیەنێ کە لە ڕۆژەکانی نێوان ٢٣ تا ٣٠ خاکەلێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی (١٢ تا ١٩ ئاوریلی ١٩٩٥)دا، کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب) لە فەزایەکی ئازاد و دێموکراتیکدا پێک هات و بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی خۆیان هێنا. کۆنگرەی دەیەم وەک هەموو جارێ بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەستی بەکار کرد. پاشان بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان حیزب و گەل، بەتایبەتی شەهیدانی نێوان دوو کۆنگرەی نۆیەم و دەیەم و لە پێش هەموویانەوە ڕێبەری زانا دوکتور «سادق شەرەفکەندی» دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگەیەندرا.

ئەمجارە کۆنگرە بە وتارێکی جوان و پڕنێوەرۆک لەلایەن تێکۆشەری ناسراو هاوڕێ کاک مەلاحەسەن شیوەسەڵییەوە کرایەوە. کاک حەسەن لە وتاری خۆیدا وێڕای پیرۆزبایی بەسترانی کۆنگرەی دەیەم، ئەندامانی کۆنگرەی بۆ بەشداریی چالاکانە و مەسئوولانە لە کارەکانی کۆنگرەدا هان دا و ئەرکە پیرۆزەکانی ئەندامانی حیزبی لە قۆناخی گرینگ و ناسکی ئێستادا وەبیر هێنانەوە.

پاش کرانەوەی کۆنگرە، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی لەلایەن سکرتێری گشتی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا هیجرییەوە پێشکەش کرا. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی سەرنجی دابووە وەزعی نێونەتەوەیی بە تایبەتی ڕووداوەکانی سێ ساڵی ڕابردوو، وەزعی ئێران لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا، هەلومەرجی کوردستان، سیاستەکانی حیزب و ئەرکەکانی ئەندامانی حیزب. ئەندامانی کۆنگرە لە ماوەی دوو ڕۆژی کاری کۆنگرەدا بە شێوەیەکی چالاک لەسەر بەشەکانی ڕاپۆرت قسەیان کرد و تێبینییەکانی خۆیان دەربڕی. پاش وەڵامدانەوەی هاوڕێی سکرتێر، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی بە تێکڕای دەنگ لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسند کرا.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرەدا مەسەلە نێوخۆییەکانی حیزب خرانە بەر باس. لەو بەشەشدا بەشدارانی کۆنگرە زۆر چالاکانە و بەرپرسانە بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەربڕی و لە کۆتایی باسەکاندا ڕیزە بڕیارێک لەو پێوەندییەدا پەسند کرا.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە بۆ ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەکانی کۆنگرە تەرخان کرا. کۆنگرە لە دوویەم ڕۆژی کاری خۆیدا کۆمیسیۆنی بڕیار، کۆمیسیۆنی پەیام، کۆمیسیۆنی ڕاگەیشتن بە سکاڵا و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی دیاری کردبوو. ئەم کۆمیسیۆنانە کە لە کاتی پشووی کاری کۆنگرەدا ئەرکەکانی خۆیان بەجێ هێنابوو و لەو بەشەی کاری کۆنگرەدا هەر کامە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد کە لەلایەن کۆنگرەوە پەسند کران. شایانی باسە کە بەهۆی هەلومەرجی نهێنیی بەسترانی کۆنگرەوە دۆستانی حیزب بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی کرانەوەی کۆنگرەدا

بانگهێشتن نەکرابوون. بەڵام بە دەیان پەیامی پیرۆزبایی و پشتیوانی لەلایەن شەخسییەت و حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانی و خاریجییەکانەوە بە کۆنگرە گەیشتبوون کە نێوبەنێو لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا خوێندرانەوە.

لە دوابەشی کاری کۆنگرەدا ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی بە هەڵبژاردنێکی ئوسوولی و دێموکراتی و نهێنی هەڵبژێران. بە دوای ئەوەدا کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەیەکدا هاوڕێی تێکۆشەر «عەبدوڵڵا حەسەنزادە» بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژارد و سکرتێری پێشووی حیزب ئەم هەڵبژاردنەی بە ئاگاداریی بەشدارانی کۆنگرە گەیاند و پیرۆزبایی لە سکرتێری تازەی حیزب کرد. دوای تەواوبوونی هەموو کاروباری کۆنگرە ئەندامانی کۆنگرە گەڕانەوە شوێنی کار و مەئموورییەتی خۆیان تا قۆناخێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب دەستی پێ بکەن.

تەواوبوونی کاری کۆنگرە لە سێ بارەوە بە یەکێک لە سەرکەوتنە گرینگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەژمێردرێ. یەکەم ئەوە کە بێ سێ‌ودوو دەتوانین بڵێین کۆنگرەی دەیەم لە باری نێوەرۆکی باسەکانەوە یەکێک لە زیندووترین و پڕباسترین کۆنگرەکانی حیزبی ئێمە بوو. بەشدارانی کۆنگرە لە فەزایەکی یەکجار ئازاد و دێموکراتی‌دا هەموو نوختە نەزەرەکانی خۆیان باس کرد و لە دوای بیروڕا گۆڕینەوەیەکی تێر و تەسەل لە بارەی هەر مەسەلەیەکەوە بڕیاری پێویستیان دەرکرد.

دوویەم نوختەی سەرکەوتن ئەوە بوو کە هەموو خەونەکانی کۆماری ئیسلامی لە بارەی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پووچەڵ کرانەوە. کاربەدەستانی ڕێژیم لەمێژ بوو خەونیان بە لەت لەت بوونی حیزبی دێموکراتەوە دەدی. بەڵام لە ئاکامی وشیاری و هەستی بەرپرسایەتیی ئەندامانی کۆنگرەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەربەرزتر، یەکگرتووتر و لێبڕاوتر لە هەمیشە لە کۆنگرەی دەیەمی خۆی هاتە دەر.

سێیەم نوختەی بەهێزی تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی دەیەم لە باری ئەمنییەتییەوە بوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە شەش مانگ بوو کەوتبووە فکری زەربەوەشاندن لە کۆنگرەی دەیەمی حیزب. بۆ ئەو مەبەستە ڕێژیم بە دەیان کەس و دەیان تیم لە بەکرێگیراوانی خۆی بۆ دیتنەوەی جێگای کۆنگرە و زەبروەشاندن لە کۆنگرە وەکار خستبوو. بەڵام بەخۆشیەوە کاری بەستن و بەڕێوەبردنی کۆنگرە ئەوەندە ورد و هەڵسەنگێندراو و نەخشەی بۆ داڕێژرابوو کە بڵاوبوونەوەی خەبەری تەواوبوونی کۆنگرە کاربەدەستانی ڕێژیمی بەتەواوی غافڵگیر و ناکام کرد.

لێرەدا بە پێویستی سەرشانمان دەزانین لە هەمووی ئەو کەس و لایەنانە کە لە پێکهێنان و تەواوکردنی کۆنگرەی دەیەمی حیزبدا هاوکارییان کردووە سوپاس بکەین و لە ژیان و خەباتیاندا سەرکەوتنیان بۆ بەئاوات بخوازین.

سڵاو لە کۆنگرەی دەیەم، سڵاو لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری، سڵاو لە خەبات و فیداکاری و کۆڵنەدان و بە ئاواتی وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزب و بەجێ گەیشتنی هەموو بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی دەیەم.

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران**

**١٣٧٤/١/٣١**

## ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## بۆ کۆنگرەی دەیەمی حیزب
## (کۆنگرەی پەنجای ساڵەی حیزب)

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

**ئەندامانی کۆنگرەی دەیەمی حیزب!**

ئیجازەم بدەن بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان بکەم، هیوادارم بەشداریی مەسئوولانەی ئێوە لە باسەکانی کۆنگرەدا و هەڵسەنگاندنی وردی ڕووداوەکانی نێوان کۆنگرەکانی نۆیەم و دەیەم و نەتیجەگیری لەوان، ببێتە مەشخەڵی ڕووناکیدەری ڕێگای تێکۆشانی حیزبە خۆشەویستەکەمان. هەروەها هیوادارین کۆنگرەی دەیەم پەیامی یەکگرتوویی، یەکڕەنگی و یەکدەنگی بێ لەپێناوی خزمەت بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی گەلە ستەمدیدەکەماندا.

**خۆشک برایانی خۆشەویست!**

ئێمە لە کاتێکدا کۆنگرەکەمان بەڕێوە دەبەین کە:

لەلایەک وەزعی ناوچەکەمان زۆر حەساسە و هەر «لحظه»یەک ئیمکانی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ هەیە. چاوەڕوان دەکرێ ئەو ئاڵوگۆڕانە شوێنەواری باش یان خراپ لەسەر وەزعی ئێمە دانێن. بۆیە سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە دەتوانی شوێنێکی بەرچاو لەسەر داهاتووی خەباتی حیزب و گەلەکەمان دابنێ.

لەلایەکی دیکەوە ئێمە بەرەو پێشوازی یوبیلی زێڕینی مێژووی حیزبە خۆشەویستەکەمان یانی پەنجاهەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەچین. ئەوەش سەروەری و شانازییەکی گەورەیە کە حیزبی دێموکرات دوای پەنجا ساڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆیەکانی پاشایەتی و ئیسلامیی ئێران ئێستا خاوەنی توانا و لێهاتووییەکی ئەوتۆیە کە دەتوانێ دەوری خۆی لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێراندا بگێڕێ.

هەر بەو بۆنەیەوە داوا دەکەین ئیزن بدەن کۆنگرەی ئەمجارەمان ناو بنێین «کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب».

**بەڕێزانی بەشدار لە کۆنگرە دەیەمدا!**

لە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبەکەمان ڕا تا ئێستا نیزیک بە چل مانگ تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا بە هەزاران کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، زەحمەتی بەرچاویان کێشاوە و بە لەخۆبوردووییەوە تێکۆشان تا ئاڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد هەروا بەرز و شەکاوە ڕابگرن و ئەو بێدەنگییەیان شکاندووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئەنقەست و بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو ویستوویەتی بەسەر کوردستاندا بیسەپێنێ. گرینگیی دەوری ئەو بەشە لە ڕۆڵە ئازاکانی گەلی کورد زۆرتر لەوەدایە کە ئەوان بێجگە لە بەڕێوەبردنی دڵسۆزانەی ئەرکی خۆیان، ئەرکی هاوسەنگەرە

شەهیدەکانیشیان کەوتۆتە سەرشان و بەڕێوەیان بردووە.
لە کۆنگرەی نۆیەمەوە تا ئێستا حیزبی ئێمە ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکان، یارانی وەفاداری خۆی لەدەست داوە. ئەوانە ئەو ڕۆڵە فیداکار و گیانبازانە بوون کە گیانی خۆیان بە سەخاوتەوە لە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبە خۆشەویستەکەیاندا بەخت کرد. لەنێو ئەو پۆلە شەهیدەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب وەک کاک «فەتاح عەبدولی»، کاک «غەفور هەمزەیی» و کاک «عەبدوڵڵا شەریفی» و لە سەرووی هەمووشیانەوە گەورە پیاوی مەیدانی خەبات و تێکۆشان، شۆڕشگێڕی «سادق»، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان نەمر دوکتور»سادق شەرەفکەندی» دەبینرێ. با لێرەوە لە تریبوونی کۆنگرەی دەیەمی حیزبەکەمانەوە سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدە سەربەرزانە و باقی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری لە چەنگ ستەم و دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سڵاو لە بنەماڵەی ئەو شەهیدە سەربەرزانە کە گەورەترین و خۆشەویستترین سەرمایەی خۆیان لەپێناوی قازانجی گەلدا لە دەست داوە.
سڵاو لە زیندانیانی سیاسی کە لەسەر بیروباوەڕ و لە پێناوی بەختەوەریی هاوولاتییەکانیاندا ئامادەبوون و ئامادەن لە زیندانە سامناکەکانی ڕێژیمدا ئەنواعی ئەشکەنجەی جیسمی و ڕوحی تەحەممول بکەن و لەبەرامبەر جەللادەکاندا بەچۆکدا نایەن.
سڵاو لە کادر و پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بەگشتی و، بەتایبەتی ئەوانەی لە بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بریندار بوون یان ئەندامێکی لەشیان لە دەست داوە، سەرەنجام سڵاو لە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، پشتیوانی هەمیشەیی و تا سەری حیزبی دێموکرات.

### هاوڕێیانی خۆشەویست!

لە کۆنگرەی نۆیەمەوە تا ئێستا زۆر ئاڵوگۆڕی گرینگ بەسەر وەزعی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا هاتوون، کە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان (هەر چەند بە کورتییش بێ) کۆمەگ بە دروستتربوونی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی ئێمە دەکا. بۆیە ڕێگام بدەن بەشێک لەو ئاڵوگۆڕانە بخەمە بەرباس:

### وەزعی نێونەتەوەیی

لێکهەڵوشانی بلووکی سۆسیالیستی بە گرینگترین ڕووداوی مێژووی ئەو چەند دەهەی دوایی لەقەڵەم دەدرێ. ڕووداوێک کە وەک بوومەلەرزە ئەو نەزم و هێمنییە ڕواڵەتییەی کە لە گۆڕێدا بوو شێواند. هەرچەند چەقی ئەو بوومەلەرزەیە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بوو، بەڵام شوێنەوارەکانی گەیشتنە مەڵبەندە هەرە دوورەکانی دنیاش.
لە سێ ساڵی ڕابردوودا ناوەندی بوومەلەرزەکە هەمیشە مەکۆ و کانگای ئاڵوزی و بشێوی بووە. شەر و برسیەتی و مەرگ وماڵوێرانی سێبەری شوومی خۆیان بەسەر ئەو بەشە گەورە و بەرینەی ناوچەکەدا کێشاوە. دەبێ بگوترێ کە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و داوای وەدیهاتنی مافی نەتەوایەتی کە پێش دەستپێکردنی ئەو دەیەی دوایی خێراییەکی بەرچاوی بە خۆیەوە گرتبوو، بناخەی بەشێکی زۆر لە حکوومەتەکانی ئەو ناوچەیەی بە چەشنێک

لێکهەڵتەکاند کە ئێستاش سەروسامانێکیان بەخۆیانەوە نەگرتۆتەوە. دیارە ئێستا دوورە دیمەنی بەرقەراربوونی ئاشتی و سەقامگیربوونی ئاشتی و سەقامگیربوونی ئەو حکومەتە تازانەی بە دوای بوومەلەرزەکەدا هاتوونە سەرکار، وەک ڕابردوو تاریک و نادیار نایەتە بەرچاو.

شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لەسەر ناوچەی ناگۆرنۆ-قەرەباغ، سەرەڕای زیانێکی زۆری گیانی و ئاوارەبوونی سەدان و هەزران کەس، ژێرخانی ئابووریی ئەوانیشی لەبەریەک ترازاندوە. لە ئەفغانستاندا شەڕی دەسەڵات، کە هەر لە سەرەتای ڕووخانی حکوومەتی کۆمۆنیستیی «نەجیبوڵلا»وە دەستی پێکرد، تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. بەشێکی زۆری ئەو شار و گوندانەی کە لە ماوەی دە ساڵ شەڕی نێوخۆیی نێوان موجاهیدینی ئەفغانی و حکوومەتی کۆمۆنیستیدا کەمتر زیان و زەرەریان وێ کەوتبوو، بۆ نموونە کابول، ئێستا بوون بە ئامانجی بۆمباران و تۆپبارانی بەردەوام و لەو ماوەیەدا چەندین جار ئەو دەست و ئەو دەستیان پێ کراوە، بێگومان ئاماری تەلەفاتی گیانیی ئەو شەڕەش لە سەرجەمی تەلەفاتی شەڕی دەوری پێشوو، یانی شەڕی بەناو نێوان ئیسلام و کوفر کەمتر نییە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووکان هەر لەو شەڕ و پێکدانانەدا کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا لەنێوان دەستە و تاقمە نەیار و دژ بە یەکەکاندا ڕوویان داوە، نیزیکەی پێنج هەزار کەس کوژراون، ٢٥ هەزار کەس بریندار و ٦ هەزار کەسیش ئاوارە و بێخانەولانە بوون. بەو حاڵەش بەداخەوە دوورە دیمەنی کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە نێوخۆییە هەروا تاریک و لێڵ دێتە بەرچاو.

پریشکەکانی ئاگری ئەڕ شەڕە مەزهەبیە - سیاسییە گەیشتوونەتە تاجیکستانیش و و پێکهەڵپڕژان و دەستەویەخەبوونی داروودەستە مەزهەبییەکان لە هەر دوو دیوی سنوورەکانی نێوان ئەفغانستان و تاجیکستاندا، کە بەشێکی ئاکامی دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری ئەوێدایە، وەزعی ئەو هەرێمەشی بۆ ماوەیەک شڵەقاندوبوو، بوو بە مایەی زیان و خەسارەتێکی زۆر. ماوەیەک لەمەوبەر لە تاران، ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان هەر دوو لای کێشەکەدا ئیمزا کرا و ئەوە چەند مانگێکە ئارامی و هێمنی تا ڕادەیەک باڵی بەسەر ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئەفغانستان و تاجیکستاندا کێشاوە، بەڵام دەستتێوەردانی نێو بە نێوی ئێران لە کاروباری ئەو ناوچەیەدا، ئیحتمالی سەرهەڵدانەوەی شەڕی لەو مەڵبەنەدەدا هەروا لە جێی خۆی هێشتۆتەوە.

شەڕی ڕەگەزی لە یوگوسلاویی پێشوو، لەنێوان سێرب و موسوڵمانەکان لە بۆسنی و هێرزەگۆییندا، کارەساتێکی هێندە بەرینی خوڵقاندووە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەموێنەیە. ئەو شەڕە لەڕاستیدا شەڕی نێوان ئەو دوو لایەنە نییە کە لەوێ دەستەویەخەی یەکتری بوون، بەڵکوو ژینۆسایدێکە کە لایەنی بەهێزتر بە دژی لایەنە بێهێز و لاوازەکە بەڕێوی دەبا. دەستتێوەردانی هێندێک لە وڵاتە بە هێزەکانی دنیاش، بۆتە هۆی ئەوە کە هەوڵ و کۆشش و بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ کۆتاییهێنان بەو جینایەتە و گێڕانەوەی ئاشتی بۆ ئەو ناوچەیە، شوێنەوار و ئاکامێکی بەرچاویان بەدواوە نەبێ.

ئەو شەڕ و کێشە جۆراجۆرانە و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە سنوورەکاندا و ناکۆکییە ڕەگەزی و نەتەوەییەکان لە ناوچەکانی ژێر نفووز و دەسەڵاتی سۆڤیەتیی پێشوو و مەڵبەندەکانی دیکە

دنیادا بە هیچ جۆر بە ڕووداوی ئاسایی و خودبەخودی دانانرێن. ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕووداوانە لێک دێینەوە و زەمینە و هۆیەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونیان شی کەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە سەرچاوی هەمووی ئەوانە بریتییە لەم زوڵم و زۆرە کە لە شکڵ و شێوەی جۆراجۆردا لەسەر گەلانی ژێر چەپۆکە هەبووە و هەیە.

ئاوڕێک لە مێژووی ئەو گەلانە بەڕوونی دەری دەخا کە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان بە خاتری درێژەدان بە دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و زۆڕیی خۆیان بەسەر خەڵکدا و بەمەبەستی دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندییە فیرقەییەکان و بەبێ وەبەرچاوگرتنی جیاوازییە میللی، فەرهەنگی و مەزهەبییەکان و پێشینەی مێژوویی و جیاوازیی داب و نەریتی خەڵکی ناوچە جیاجیاکان، بە زۆری سەرەنێزە ئەوانیان ناچار کردوون لە سێبەری حکوومەتێکی دیکتاتۆریدا بەسەر بەرن.

لە حاڵێکی وادا سروشتییە کە ئەو گەلانەش کاتێک دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە، بۆ لاوازکردن و ڕووخاندنی ئەو حکومەتە دیکتاتۆرییانە تێکۆشاون، بۆ ئەوەی ئەسڵ و ناسنامە و کەسایەتیی خۆیان وەدەست بێنەوە و حکوومەتێکی دڵخوازی خۆیان دامەزرێنن و لەژێر چنگی ستەم و سەرکوت و سووکایەتیپێکران ڕزگار بن.

کەواتە جیابوونەوەکان یان هەوڵ و کۆششی گەلان بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیادا و پێکهاتنی ژمارەیەک وڵاتی تازە، دژکردەوەی سروشتی ئاسایی ئەو گەلانە بەرامبەر بە سیستمێکی دیکتاتۆری بووە کە ئەوانی بۆ زۆر و زۆرەملی لەژێر سێبەری ئاڵایەکدا کۆ کردۆتەوە.

دەبێ بگوترێ کە ئەو ڕێگایانەی بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەڵبژێردراون، جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. لە جێگایەکی وەک یوگوسلاویی پێشوو ئەم پرۆسەیە سەری کێشاوەتە جینایەتێکی سامناک و لە بەرامبەردا، لە چیکۆسلۆواکی دەبینین کە دوو گەلی پێکهێنەری حەشیمەتی ئەو وڵاتە، واتە چیکەکان و سلۆواکییەکان، بە شێوەیەکی شارستانییانە و هاوچەرخانە و دۆستانە لێک جیا بوونەوە و هەر کامیان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێک هێناوە. لێکهەڵوەشانی ئەو دیکتاتۆرییانە دەرسێکی ئەخلاقیی گەورەیە بۆ حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەی ئێمە و دنیا و دەری دەخا کە ئیمکانی ئەوە نییە بۆ هەمیشە گەلێک یان چەند گەل و نەتەوە بێ وەبەرچاوگرتنی مەیل و داخوازەکان لەژێر سێبەری ئیستبداد و سەرەڕۆییدا ڕابگیرێن. هەر کەس ئەو دەرسەش فێر نەبێ تووشی ئەو چارەنووسە دەبێ کە حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی دیکە تووشی هاتن، واتە ئەو چارەنووسە کە تووشی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بوو.

پێویستە بگوترێ کە پرۆسەیەکی دیکەی پێچەوانەی ئەو شتەش کە باسمان کرد لەگۆڕێدایە و هەر ئێستا لە ئورووپای ڕۆژئاوا، ناوچە دەوڵەمەند و پێشکەوتووی دنیادا، دەبینرێ. ئەگەر تا چەند ساڵ لەمەوبەر بیروبۆچوونی پێکهێنانی ئورووپایەکی یەکگرتوو زۆرتر وەک خەون دەچوو، ئەوەتا ئەمرۆ ئەو خەونە وردە وردە وەڕاست دەگەڕێ و دەبێتە واقعییەت و پاش ڕووخانی یەکیەتی شوورەویی پێشوو، بەخێرایی دەڕواتە پێش. ئەمرۆ وڵاتە ئورووپاییەکان پرۆسەی دامەزراندنی یەکیەتی و هاوپێوەندییەکیان دەست پێ کردووە کە دڵخوازانەیە و لەسەر بناخەی قازانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و بە مەبەستی کامەرانی و بەختەوەری و تێری و تەسەلیی خەڵک و قووڵکردنەوەی هەرچی زیاتری دێموکڕاسی داڕێژراوە.

پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٣دا ئۆتریش و دانمارک و لە ساڵی ١٩٩٤یشدا سوئید چوونە گەڵ یەکیەتی ئورووپا، ئێستا ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە یەکیەتیی ئورووپایان پێک هێناوە گەیوەتە پازدە وڵات. بەو دوورە دیمەنەی کە بۆ ئورووپای یەکگرتوو لە ساڵی ٢٠٠٠دا لەنەزەر گیراوە، هێندێ مەسەلەی وەک پووڵی هاوبەش، بازرگانیی ئازاد، حەقی نیشتەجێ بوون و کار و سەفەر لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپادا و زۆر مەسەلەی دیکەش کە تا ئێستا بە جۆرێک بوون بە مایەی ناکۆکی لەنێوان ئەواندا، چارەسەر دەکرێن. ئەو یەکیەتییە چونکە دڵخوازانەیە و لەسەر بناخەی وەبەرچاوگرتنی قازانجی هاوبەشی ئەندامەکانی دامەزراوە، بەپێچەوانەی ئەو یەکیەتییە ئیجباری و زۆرەملێیانە کە پێشتر باسمان کردن، دەبێتە یەکیەتییەکی درێژخایەن و سەقامگیر و لە خزمەتی تێری و تەسەلی و بەختەوەری و ئاسایشی خەڵکدا دەبێ.

بەداخەوە دنیای ئێمە هێشتاش بە جۆرێکە کە لە زۆر جێگا گەلانی چەوساوە و ژێرچەپۆک ناچار دەکرێن بۆ وەدەستهێنانی مافە دێموکراتیک و ئینسانییەکانیان و دیفاع لە خۆیان پەنا بۆ چەک بەرن. چونکە دیکتاتۆر و زۆردارەکان کە سواری شان و پیلی گەلان و خەڵکی بێبەش بوون، وا بە ئاسانی لە تەختی دەسەڵات نایەنە خوار. کەوایە شەڕ و ڕاپەڕین و شۆڕشێک کە ئارامی و هێمنیی ژێر سێبەری سەرنێزە دەشڵەقێنێ ئەهریمەنی نییە، چونکە هەموو ئارامییەکیش پیرۆز و موقەدەس نییە. گرینگ ئەو ئامانج و مەبەستانەن کە لە درێژەکێشانی شەڕ یان هێمنی و ئارامیدا لەگۆڕێدان.

هاوکات لەگەڵ ئەو شەڕانەی کە لەو ساڵانەی دواییدا ڕوویان داوە و ئاماژەمان بۆ بەشێکیان کرد، گەلێک دیاردەی جێگای هیوا و هومێدیش دێنە بەرچاو. وەک کۆتایی هاتن بە شەر و خوێن لە هێندێک ناوچە و لە مەڵبەندە ئاڵۆزەوکانی دنیادا و چوونە پێشی ڕەوتی دێموکراسی و ئاشتی بۆ نموونە لە ئافریقایی جنووبی، وڵاتێک کە دانیشتووە ئەسڵی و بوومییەکانی بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە دژوارترین هەلومەرجی جیاوازیدانانی ڕەگەزایەتیدا دەژیان. شایانی باسە کە ئەو جیاوازیدانانە ڕەگەزایەتییە تەنیا لە لایەن ١٤ لە سەدی حەشیمەتی ئەو وڵاتەوە کە سپی پێستن بە سەر ڕەش پێستەکاندا سەپێندرابوو.

ڕزگاربوونی ئەو خەڵکە لە مەینەتبەشی و ئاپارتاید، زۆرتر بە ئاکامی خەباتی شێلگیر و بێوەچانی کۆنگرەی میلیی ئەفریقا دادەنرێ کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە ساڵی ١٩١٢ی زایینیدا، دابینکردنی یەکسانیی لەنێوان خەڵکی ئەو وڵاتەیدا بەبێ وەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و پێوەندییە خێڵەکییەکانی بە ئامانجی خۆی دانابوو. سەرەنجام لە ڕۆژەکانی ٢٦ تا ٢٧ی ئاوریلی ڕابردوودا ڕەشپێستەکانی ئەفریقای جنووبی، شانبەشانی سپی پێستەکان بۆ هەوەڵین جار لە هەلومەرجێکی وەک یەک یەکسانیدا چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لە زنجیرە هەڵبژاردنێکدا بەشدارییان کرد. لەو هەڵبژاردنەدا ماندێلا کە سەمبوولی خەباتی دژی ئاپارتاید دەناسرێ، بە سەرۆک کۆماری ئەفریقای جنووبی هەڵبژێردرا. ناوبراو پاش سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا لە وەڵامی ڕۆژنامە نووسێکدا گوتی:

«سەرکەوتنی من لەو هەڵبژاردنەدا، سەرکەوتنی کەسێکی تایبەت یان حیزبی کۆنگرەی میلیی ئەفریقا نییە. ئەو سەرکەوتنە سەرکەوتنی بەشێکی بەرین و زۆری هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ساڵانێک دوورودرێژ بە دەست جیاوازیدانان و بەگشتی و بەتایبەتی جیاوازیدانانی ڕەگەزییەوە ئەزیەت و ئازاریان چێشتووە. ئاواتی لەمێژینەی من بریتییە لە دابینکردنی

«حیثیت» و کەرامەتی ئینسانی بۆ هەموو ڕەشپێست و سپیپێست و دوورەگەکان».
ماندێلا بە خاتری ئەو هەوڵ و تەقەلایەی لە پێناوی گەیشتن بە ئاشتیدا لە خۆی نیشان دا، لەگەڵ دیکلێرک، سەرکۆماری پێشووی ئەو وڵاتە، پێکەوە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلیان وەرگرت.
حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی سیاسی کە بۆ ڕزگاریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا شان بە شانی هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکان لە شایی و خۆشیی سەرکەوتنی خەڵکی ئەفریقایی جنووبیدا بەشدار بوو. لەو بارەیەوە لە ژمارەی ٢٠٩ی ڕۆژنامەی «کوردستان»، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا گوتراوە:
« حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خەباتی گەلی زۆرلێکراوی کورد لە کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی دەکا و گەلی کورد بەگشتی کە نموونەی هەرە بەرچاوی بێبەشی و ستەملێکراوی لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدایە، بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە مێژوویییەوە لە نێلسۆن ماندێلا، سەرکۆماری ئەفریقای جنووبی، لە کۆنگرەی میلیی ئەفریقای جنووبی و بەگشتی لە خەڵکی ئەو وڵاتە پیرۆزبایی دەکەن و لە شایی و خۆشیی ئەواندا خۆیان بە بەشدار دەزانن.»
لەو دوو ساڵەی ڕابردوو دا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا چەند هەنگاوێکی مەزن بەرەو ئاشتی هەڵ هاتوونەوە. ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین پاش چەندین دەیەی پڕ لە کارەسات لە مێژووی خەباتی خۆیدا توانی بەشێک لە مافە زەوتکراوەکانی ئەو گەلە بەشێوەی خودموختاری بۆ ناوچەکانی غەززە و ئەریحا وەدەست بێنێ. بەم جۆرە ئەگەر ژمارەیەک لە وڵاتانی ناوچە وەک عامیلێکی فشار بۆ سەر ئیسرائیل بە مەبەستی وەدیهێنانی قازانجەکانی خۆیان لە مەسەلەی فەلەستین کەڵکی خراپیان وەردەگرت، «یاسرعەرەفات» ئەو وەسیلەیەی لە دەستی ئەوان هێنایە دەر و خستیەوە خزمەتی خەڵکی فەلەستین. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لەو پێوەندییەدا عەرەفات لەلایەن ژمارەیەک لەوانەوە کەوتە بەر توندترین شێوەکانی سووکاتیپێکردن.
ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بۆ بەئاکام گەیاندنی وتووێژەکانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل و بۆ دوور ڕاگرتنی ئەو مەسەلەیە لە هاتوهاواری تەبلیغاتی و کارشکێنییەکانی لایەنە نێوخۆیی و خاریجییەکان بە شێوەیەکی نهێنی و بە بەشداریی نوێنەرانی نۆروێژ لە ئۆسلۆدا دەستی بە وتووێژ کرد. ئاکامی ئەو وتووێژە بوو بە ئیمزاکرانی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین. لەو پێوەندییەدا هەوەڵین ڕێککەوتننامە کە بە بەیاننامەی ئۆسوول ناوی دەرکرد، ڕۆژی ١٣ی سێپتامبری ١٩٩٤ لە کۆشکی سپی لە واشینگتون بە بەشداریی بیل کلینتۆن، سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئیمزا کرا و دوویەمین ڕێککەوتننامەش نیزیکەی ٨ مانگ دواتر ڕۆژی ٤ی مانگی مای لە نێوان «عەرەفات» و «ئیسحاق ڕابین» لە قاهیرە بە بەشدایری وەزیرانی دەرەوەی ڕووسیە و ئەمریکا و میسر ئیمزا کرا و بەم جۆرە «یاسر عەرەفات» پاش ٢٧ ساڵ ئاوارەیی و دوورەوڵاتی گەڕایەوە خاکی نیشتمان.
سەرەڕای ئەو گیروگرفتانە کە پاش ئیمزاکرانی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە پێش «عەرەفات»دان و لەگەڵ ئەوەی تا گەیشتن بە خواستی گەلی فەلەستین ڕێگایەکی پڕ لە هەوراز و نشێو لەپێشدایە، بەڵام هەنگاوە سەرەتاییەکان لە پێناوی دابینکردنی ئاشتی و کۆتاییهێنان بە

شەڕی دەیان ساڵەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا هەڵ هاتوونەوە کە حیزبی ئێمە لە چەند بارەوە تەئیدییان دەکا:

لە لایەک حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی ئاشتیخواز و دێموکرات لەو بڕوایەدایە کە لەهەر جێگایک ڕێگا بۆ وتووێژ بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕ و خوێنڕێژی هەبێ دەبێ کەڵکی لێ وەربگیرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە بە چارەسەری کێشەی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و وەدیهاتنی داخوازەکانی گەلی فەلەستین مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زەقتر دەبێتەوە و ئومێد بە پەیدابوونی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە کوشت و کوشتار و خوێنڕێژی و وێرانی لە کوردستاندا زۆرتر دەبێ.

هەربۆیە بوو کە لە ڕێکەوتی چواری مانگی خەرماناندا، لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبمانەوە، نامەیک بۆ «یاسر عەرەفات» نێردرا کە لەودا پێشوازی لە ئیمزاکرانی ئەو ڕێککەوتننامانە کرابوو و بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی بە خەڵکی فەلەستین گوترابوو.

سەرجەمی ئەو ڕووداوانە و لێکۆڵینەوەی وردی زەمینە و هۆیەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونیان، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە ڕێگاچارەی کۆتاییهێنان بە گێرەوکێشە و شەڕ و وێرانی و کوشت و کوشتار، بریتییە لە لەنێوبردنی زوڵم و ستەم و دابینکردنی دێموکراسی و وەبەرچاوگرتنی مافە زەوتکراوەکانی گەلانی ژێرچەپۆکە. هەر بەو هۆیەوشەوەیە کە هەر کاتێک لە گۆشەیەکی ئەو دنیا پڕ لە تۆف و گەردەلوولەدا ئەو دیاردە ئینسانییانە سەر هەڵدەدەن، شەڕ و خوێنڕێژی بارگە و بنەیان دەپێچنەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ڕێگای کامەرانی و بەختەوەریی ئینسانەکان جیا لەوە شتێکی دیکە نییە.

چوونە پێشی ڕەوتی ئاشتیی نێوان ئۆردۆن و ئیسرائیل و ئەو ئومێدەی کە سەبارەت بە لوبنان و سووریەش بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو ڕەوتە لەگۆڕێدایە و هەروەها ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە ناوچە جیاجیاکانی دنیا لەنێوان لایەنە دژ بە یەکەکاندا وەک ئەوەی لە ئەنگۆلادا دەبینرێ و جیا لەوانە کۆتاییهاتن بە حکوومەتی ژەنەڕاڵەکان لە هائیتی و... ئومێدی بە پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرتری لە ڕادەی جیهانیدا، زۆرتر کردووە.

لە پاڵ ئەو شەڕ و خوێنڕێژییانەدا شەڕێکی دیکەش لە لایەکی دیکەوە و بە مەبەستێکی دیکە لەگۆڕێدا بووە و ئەویش بریتییە لە شەڕ و تێرۆریزمی بونیادگەرایی ئیسلامی بەدژی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ناوچە جیا جیاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە هێندێک لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و هەروەها پەرەگرتنی تێرۆریزمی مەزهەبی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا. ئەو شەڕە نێوخۆیییانەی کە لە جەزایر و میسر لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ڕوویان داوە و سەرچاوەکەیان بونیادگەرایی ئیسلامییە، وێڕای ئەوەی کە قوربانییەکی زۆریان بەدواوە بووە، ئابووری و قەیرانی دراویی ئەوانیشی قەیرانیتر کردووە.

وەبەرچاوگرتنی ماف و ئازادییە ئینسانییەکان لە بەشێکی زۆری ئەم جیهانەدا وەزعێکی دڵتەزێنی هەیە و مافی مرۆڤ لە زۆر جێگا پێشێل دەکرێ. بۆ ڕوونبوونەوەی وەزعی مافی مرۆڤ و چۆنیەتیی وەبەرچاوگرتنی لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤیان ئیمزا کردووە، خراپ نییە ئیشارەیەکیش بە کۆنفڕانسی جیهانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزعی مافی مرۆڤ، لە ماوەی نێوان ٢٤ی جۆزەردان تا

٤ی مانگی پووشپەڕی ١٣٧٢ی هەتاوی‌دا لە شاری وییەن پێک هات، بکەین.
لەو کۆنفرانسەدا سێ هەزار نوێنەری ڕەسمی کە لە نێوان ئەواندا نیزیکەی هەزار کەس لە بەرپرسان و مەقاماتی دەوڵەتی لە ١٨٠ وڵاتی دنیادا دەبینران، بەشداربوون. دەستووری کاری کۆنفرانس هەموو ئەو مەسەلە و واتا گشتییانەی دەگرتەوە کە پێوەندییان بە مافی مرۆڤەوە هەبوو و لە لایەن سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە سێ مەسەلەی سەرەکی‌دا کە بریتی بوون لە جیهانی‌بوونی مافی مرۆڤ، دابین‌کردنی ڕیزە زەمانەتێک بۆ وەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ و دێموکراتیزاسیون پوخت و فۆرمۆڵە کرابوون.
ئەوەی لەو کۆنفرانسەدا سەرنجڕاکێش بوو، ئەوە بوو کە بەشێک لە دەوڵەتەکان کە کۆماری ئیسلامییش یەکێک لەوان بوو، بە بیانووی هەبوونی جیاوازی لە نێوان داب و نەریت و مەزهەب و فەرهەنگی کۆمەڵە جیاجیاکاندا، دژایەتییان لەگەڵ جیهانی‌بوونی مافی مرۆڤدا کرد و دژی ئەوە ڕاوستان کە ئەو بەیاننامەیە هەموو مرۆڤەکانی سەر ڕووی دنیا بگرێتەوە. وڵاتانی دیکەی وەک چین، کورەی شیمالی، یەمەن، سوودان، سووریە، بێرمە و... بەگوێرەی سیاسەتە دژی دێموکراتیکەکانیان و بە هۆی ئەوەی کە ماف ئازادییەکانی هاووڵاتیان دەخەنە ژێر پێ، لەگەڵ هەر چەشنە چاودێری و زەمانەتێکی نێونەتەوەیی بۆ وەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ دژایەتییان کرد. ئەو وڵاتانە بە کردەوە بەرەیەکیان پێک‌هێنا و بوون بە کۆسپی سەر ڕێگای ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەوەی نەتوانێ هیچ چەشنە زەمانەتێکی نێونەتەوەیی بۆ وەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ دەستەبەر بکا. ڕەفتاری موحافەزەکارانە و قازانجپەرستانەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانیش، بەکردەوە زەمینەیەکی لەباری بۆ تەبلیغات و پاکانەی دەوڵەتە دژی دێموکراتییەکەکانی وەک کۆماری ئیسلامی پێک هێنا. لە ئاکامدا ئەو کۆنفرانسە گەورەیە هیچ دەسکەوتێکی تازەی بۆ باشترکردنی وەزعی مافی مرۆڤ وەدەست نەهێنا و لە پێش چاوی مولەقماوی سەدان میلیۆن ئینسانی زۆرلێکراو بە سازانی سەرانی «حکوومەتەکان لەگەڵ یەکتر کۆتایی پێ هات.

**ئێران لە سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا**

ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕادەبرێ ئاکامی پرۆسەیەکە کە لە ڕێبەندانیساڵی ١٣٥٧ەوە لەگەڵ هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێ کردووە. پێشبینیی وەزعی ئێستای ئێران بوو زۆر لەو کەسانەی شارەزای بناغە فیکری و ئیدئۆلۆژییەکانی دەسەڵاتدارانی تازەی وڵاتەکەمان بوون، پێشبینیەکی دژوار نەبوو.
ئەوە تەنیا ژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بوون کە بۆ پاساودانی پێوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ڕێژیم وایان نیشان دەدا کە گۆیا ئەو ڕێژیمە بەرەبەرە و پێ‌بەپێی بەرەوڕوو بوونەوەو لەگەڵ گیروگرفتە جۆربەجۆرەکان، ئەزموون لە ڕابردووی خۆی وەردەگرێ و شێوەی ماقووڵتر و مەنتقی‌تر دەگرێتە بەر. بەڵام ئێستا پاش تێپەڕبوونی ١٦ ساڵ لە تەمەنی پڕ لە شوورەیی ئەو ڕێژیمە، نێوەرۆکەکەی بۆ خەڵکی جیهان ڕوون بۆتەوە و هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەمرۆ ئەگەر لە نێوخۆی ئێراندا کەسانێک هێشتا دیفاع لە مانەوەی ئەو ڕێژیمە دەکەن، (بێجگە لە ژمارەیەکی کەم لەو کەسانە کە لە باری مەزهەبییەوە بە ڕێژیم بەستراونەتەوە) ڕاست ئەوانەن کە وەدەست‌هێنانی قازانجە مادییەکان و پلەوپایە و بەرپرسایەتی و جاری

وایە ژیانیشیان لە گرەوی درێژەی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا دەبینن و دیفاعی ئەوان لە ڕێژیم لە ڕاستیدا دیفاع لە قازانجە شەخسییەکانیانە. لە دەرەوەی وڵاتیش مەسەلەکە عەینی شتە. واتە لەوێش مەبەست وەدەستهێنانی قازانجە. دەبێ چاوەڕوان بین کە ئەو پێوەندییە کەم و نیوەچڵانەش بەرەو کەمبوونەوەی زیاتر بچن.

ئێمە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی سەرلەنوێی وەزعی ئێران و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی بەو جیهانبینی و کردەوانەی کە لە نێوخۆدا هەیبووە، ناتوانێ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر خۆیدا بێنێ. ئیشارە بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەزعی ئێران لە ماوەی سێساڵی ڕابردوودا، واتە لە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبەوە تا ئێستا دەکەین:

ئابووریی ئێران ئێستا لەچاو سەرجەمی ساڵانی دەسەڵاتدارێتیی ئاخوندەکان لە خراپترین وەزعی خۆیدایە. نەوتی ئێران کە ٨٥ تا ٩٠ لە سەدی سەرجەمی سادراتی وڵات پێک دێنێ، گرینگترین سەرچاوی داهاتی ئێرانە و بەرنامە ئابوورییەکانی ئێران لەسەر بنەڕەتی ئەو سەرچاوەیەی داهات تەنزیم دەکرێن، جگە لە چەند مانگێکی ساڵی ٧١ کە نرخەکەی بەرەو ژوور چوو، دوایە نرخی هاتوتە خوار. سەرۆک کۆمار دەڵێ لە ساڵی ٧٢ دا لە بەراورد کردنی داهاتە ئەرزییەکانی ئێراندا نرخی هەر بۆشکەیەک نەوتیان ٢٠ دۆلار دیاری کردووە لە حاڵێکدا نرخی نەوت تا ١٢ دۆلار دابەزیوە. بەڵام سەرۆکی مەجلیس لەو پێوەندییەدا دەڵێ: نرخی هەر بۆشکە نەوتێک ١٧ دۆلار حیساب کراوە بەڵام لە وڵاتان نرخی نەوتیان یەک جێ هەتا بۆشکەی ١١ دۆلار هێنایە خوارێ، بێوەبەرچاوگرتنی جیاوازیی نێوان ئەو ڕەقەمانەی لە لایەن ئەو دوو بەرپرسە حکوومەتییەوە باسیان کراوە، هەر بەپێی قسەکانی ئەوان، ئەگەر وای دابنێین ڕادەی نەوتی سادراتیی ئێران لە ڕۆژدا ٢/٥ میلیۆن بۆشکە بووە، لە ساڵدا ٥/٥ تا ٧/٣ میلیارد دۆلار کەسریی داهاتی ئەرزیمان دەبێ و بە سەرنجدان بەوە کە نرخی نەوت ئێستاش لە حاڵی ڕکوود دایە، کەمبوونی داهاتی ئەرزی لە ساڵی ٧٣دا گەیوەتە سنووری ٨ میلیارد دۆلار. ئەو هاتنەخوارێی داهات لەسەر هەموو بەرنامە حکوومەتییەکان زۆر شوێنەواری نالەبار دادەنێ. بۆ نموونە جگە لەوەی بەرنامەی ٥ ساڵەی یەکەمی ئابووریی ئاغای سەرکۆمار کە پاش شەڕی ئێران و عێراق پەسند کرابوو، تووشی شکان و ناکامی هات، بەرنامەی ٥ ساڵەی دوویەمیش کە دەبوایە لە سەرەتایی ساڵی ٧٣ ڕا بەڕێوە چووبا، بۆ ماوەی نیزیک بە ساڵێک وەدوا خرا. ڕێژیم لەبەر کەسریی داهات نەیتوانی قەرزەکانی ئەو وڵاتانە بداتەوە کە پێوەندیی بازرگانیی لەگەڵیان هەیە. ئەو قەرزانە بە زیاتر لە ٣٠ میلیارد دۆلار دانراون و نیزیکەی ١٠ میلیاردی، قەرزی کورتخایەنە کە گەرچی لە ساڵی ٧٢ دا وڵاتانی ئەڵمان و ژاپۆن ماوەی دانەوەی قەرزەکانیان بۆ ئێران تازە کردەوە، بەو حاڵەش ئێران توانای نەبوو بیانداتەوە. ئەو قەرزە کورتخایەن و درێژخایەنانە بەهەرەیەکی گورچوبڕ دەخەنە سەر ئابووریی شپرەزی ئێران. بە گوتەی گۆڤاری ئابووریی «مید» ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ٦ ساڵی داهاتوودا دەبێ لە بڕی قەرزە دواکەوتووەکانی خۆی، ساڵانە ٣ میلیارد و ١٢٠ میلیون دۆلار بەهرە بدا کە ئەو ڕەقەمە ٢٠ تا ٢٥ لە سەدی داهاتە نەوتییەکانی ئێران هەڵدەلووشێ. گۆڤاری «مید» پاشان دەنووسێ نرخی ئاوسان (تورم) لە یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠ ٪ بووە و نرخی بێکاریش لە نێوان نرخی ڕەسمیی سەدی ١١ و نرخی غەیرە ڕەسمیی سەدی ٢٥ دا بووە.

بانکی جیهانی لە تازەترین ڕاپۆرتی خۆیدا لە بارەی بەرهەمی ناخالیسی نێوخۆیی هەشت

وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شیمالی ئەفریقاوە ڕایگەیاند کە هەڵدانی بەرهەمی ناخالیسی نێوخۆیی ئێران لە سەدی ۱۰/٥ لە ساڵی ۱۹۹۱ گەیشتۆتە سەدی ۳ لە ساڵی ۱۹۹۳دا. ئاکامی ڕاستەخۆ و دەستبەجێی ئەو هاتنەخوارەی داهات هاتنە خواری خێرای نرخی ڕیاڵ بووە.

بە وتەی ڕۆژنامەی «رسالت» لە ٦ تا ۲۳ سەرماوەزی ساڵی ۷۲ واتە لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا نرخی دۆلار لە ۱۷۷٥ ڕیاڵەوە بووە بە ۲۲۳٥ ڕیاڵ و ئێستا هەر دۆلارێک نزیک بە ٥۰۰۰ ڕیاڵ موعاملەی پێ دەکرێ. هاتنەخوارێی خێرای نرخی ڕیاڵ، بەجۆرێک بەرەو ژوور چوونی قیمەتەکانی بەدواوە بووە، کە زۆر جاران ئەو مووچەیەی کارمەندێک وەری دەگرێ بەشی کرێی خانووەکەی ناکا. قیمەتی شتومەکی خواردەمەنی و دەرمان کە بەشی هەرە زۆریان لە دەرەوەڕا وارید دەکرێ بە شێوەیەک چۆتە سەرێ کە ژیانی خەڵک بەجۆرێکی سەرسوڕهێنەر کەوتۆتە مەترسی. بەپێی نووسراوەکانی چاپەمەنیی ئێران، ئێستا زیاتر لە نیوەی خەڵکی وڵات، لە ژێرەوەی خەتی فەقردا دەژین.

ڕۆژنامەی «جهان اسلام» لە یەکێک لە ژمارەکانی خۆیدا لە زمانی سەرپەرستی بەشی «مسمومین»ی نەخۆشخانەی ئیمام ڕەزای مەشهەد دەنووسێ کە لە ساڵی ۱۳۷۲دا لانیکەم ۲٦۰۰ کەس لە ئوستانی خوراسان لە ڕێگای دەرمانە ئارامکەرەوەکان و ژارە جۆربەجۆرەکان هەوڵی خۆکوشتنیان داوە کە بەشێکی زۆر لەو خۆکوشتنانە لە ئاکامی فشارە ئابوورییەکاندا بووە. هاتنەخوارێی داهاتی ئێران زۆر شوێنەواری نالەباری لە ژیانی کۆمەڵدا بەجێ هێشتوە. دزی، جینایەت، بەرتیلخۆری و خۆفرۆشی (فحشا) لە ئاکامە حاشاهەڵنەگرەکانی وەزعی خراپی ئابووریی خەڵکن کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە ئێران پەرەدەستێنێ. پەروەردە و فێرکردن، لەشساغی و کاروباری ئاوەدانکردنەوە لەبەر شپرزەیی باری ئابووریی ئێران بە توندی لە تەنگانە کەوتوون. بەپێی نووسراوەی گۆڤاری مانگانەی «گزارش» ئەگەر پەروردە و فێرکردن بیەوێ لە لانیکەمی ئیستانداردەکانی پێوەندیدار بە فەزای ئاموزشییەوە نیزیک بێتەوە دەبێ هەر ساڵەی ۲٥ هەزار کلاس بۆ دەرس خوێندن ئامادە بکا، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەو وەزارتخانەیە تەنیا دەتوانێ ۱۲ هەزار کلاس دروست بکا. ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە کە:

بە گوتەی «محەممەد حوسین توکولی»، بەڕێوەبری گشتیی پەوروردە و فێرکردنی تاران لە ساڵی خوێندنی ۷۳-۷۲ دا لە ناوچەی «ڕوبات کەریم»ی تاران مەدرەسەکان ٥و ٦ شیفتی بوون.

ئامووزش و پەروەرش بەو مامۆستایانەوەش کە ئێستا هەیەتی ساڵی زیاتر لە ۱۱ هەزار مامۆستای زانستگادیتووی تازەی بۆ دەرس گوتنەوە لە قۆناغی ناوەندیدا پێویستە. بەڵام بودجە و ئیمکاناتانەی بەشی پێگەیاندن و لەسەر کار دامەزراندنی ۷ هەزار لیسانس دەکا و هەموو ساڵێ لەگەڵ کەمبوونی ٤ هەزار مامۆستا بەرەوڕوویە.

بەڵام ئەوەی لەو پێوەندییەدا سەرنجڕاکێشە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای ئەوە وەزعە ئابوورییە شپرزەیە کە هەیەتی لەسەر چەک کرین بەردەوامە. بەم چەشنە بەشێکی زۆر لە داهاتی وڵات لەجیاتی ئەوە سەرفی بنکە و بنیاتەکانی تەولیدی بکرێ بۆ ئەوەی ئاستی ژیانی خەڵک بەرزتر بێتەوە، دەچێتە گیرفانی کۆمپانیاکانی چەکسازی، یان دەدرێ بە تاقمە ئاژاوەچییە بنیادگەراکان لە ناوچەدا بۆ ئەوەی شەڕ و ماڵوێرانی زیاتر بکەن.

سەرەڕای ئەو فشارە ئابوورییە کە لەسەر شان و ملی زۆربەی هەرە زۆری حەشیمەتی ٦۰

میلیۆنیی ئێران قۆرسایی دەکا، بەڕێوەچوونی توندوتیژترین و نائینسانیترین دیکتاتۆرییەکان، ئەو فشارەی چەند بەرامبەر کردووە. ڕێژیم تا ئێستاش نەتەنیا ئیجازەی موخالەفەت بەڵکوو جۆرێکی دیکە بیرکردنەوە (دگراندیشی)شی بە چاپەمەنی نەداوە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر جاران و هەر جارەی بە بیانوویەک هەڵی کوتاوەتە سەر ڕۆژنامەکان کە ئێمە ئیشارە بەو نموونانە دەکەین: تەقاندنەوەی دەفتەری بڵاکراوەی «دنیای سخن» لە بانەمەڕی ١٣٧١دا، ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری «دریچە گفتگو»، پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی گۆڤاری «راه مجاهد»، وەستاندنی گۆڤاری «آینەی اندیشە» لە ٢٤/ ٧/ ١٣٧٢دا، ڕاگرتنی گۆڤاری «گردون» بۆ ماوەی چەند مانگێک لە ساڵی ١٣٧١ دا و کێشانی سەرنووسەرەکەی بۆ دادگا، زیندانی کردنی «عەباس عەبدی»، دەبیری ڕۆژنامەی «سلام» و پەکخستنی گۆڤاری زانستیی «فارت» و زیندانی کردنی «مەنووچیهر کەریمزادە» کاریکاتۆریستی ئەو گۆڤارە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازی بڵاوکراوەی «حوادث» لە ١٣٧٣/٣/٢٤ دا و قەدەغە کردنی ڕۆژنامەی «جهان اسلام» لە مانگی ١١ی ساڵی ٧٣.

بەو پێیە تەنیا ئەو بەشە لە چاپەمەنی ئیجازەی بڵاوبوونووەیان هەیە کە لەگەڵ ڕێژیم هاوهەنگاو بن. بەرنامەکانی تەلەڤیزیوون و ڕادیۆش هەر لەو قوماشەن. لە موحیتێکی ئاوادا کە ڕاگەیەنە گشتییەکان و تەنانەت فۆرم و شکڵی جلوبەرگی خەڵکیش لە لایەن مۆرەکانی حکوومەتی دیاری دەکرێ، خەڵک بە تایبەتی لاوەکان ڕوویان کردۆتە فیلمە ویدئۆییەکانی ڕۆژئاوا و بەرنامە تەلەڤیزیونییە غەربییەکان کە لە ماهوارەوە بڵاو دەبنەوە. جا ئەوکات ڕێژیم هەڵڵا و هەنگامە وەڕێ دەخا کە هێرشی فەرهەنگیی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێران دەستی پێ کردووە و خەباتی لەگەڵ دەکا، ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە کە پاش چەند مانگ باس و قسە لێ کردن لە مەجلیس و هات و هاوارێکی زۆر لە بارەی قەدەغە کرانی ویدئۆوە پاشەکشە دەکا. بەڵام ئانتێنە ماهوارەییەکان قەدەغە دەکا و بەم چەشنە گیروگرفتێکی گەورەی دیکە بۆ خۆی ساز دەکا.

ئاشکرایە ئەوکاتە کە ئازادی بارگەوبنە دەپێچێتەوە و دیکتاتۆری لە ئاشکراترین شکڵی خۆیدا مەیدانداری دەکا، مافی مرۆڤیش ئاداری بەسەر پاداریەوە نامێنێ، هەر لەبەر ئەوەشە کە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە تەواوی دڵتەزێنە. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا هەرکات لە لایەن مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنە فەرعییەکانی و ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤەوە، قسە لە بارەی مافی مرۆڤەوە هاتۆتە گۆڕێ، حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوی لە سەرووی ئەو وڵاتانەدا بووە کە مافە ئینسانییەکانیان تێدا پێشێل دەکرێن. کەمایەتییە مەزهەبییەکان هەروا لەژێر فشاری توندی حکوومەت دان. زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی بەهاییەکان و تێرۆری ٢ کەس لە قەشە مەسیحییەکان لە ساڵی ٧٣ دا لەو مەسەلانە بوون کە دەنگدانەوەی جیهانییان هەبوو و جارێکی دیکە سیمای دژیی ئینسانی ڕێژیمیان نیشان دا.

درێژەی کوشتار و تێرۆری موخالیفانی سیاسی سیمای واقیعیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خستۆتە بەرچاوی بیروڕای گشتی جیهانی. بەردەوامیی دادگای برلین بە مەبەستی موحاکمە کردنی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە تێرۆری دوکتور سادق شەرفکەندی و هاوڕێیانی کە ئێستا زیاتر لە ساڵێک لە درێژەی ئەو تێدەپەڕێ و هەروەها

موحاکەمەی بەڕێوەبەرانی تیرۆری دوکتور «شاپور بەختیار» کە لە ( ٢ی نوامبری تا ٨ ی دیسامبری ١٩٩٤ )دا لە پاریس بەڕێوە چوو، هەرچەند سازانی دەوڵەتی فەرانسە لەگەڵ ئێران تێدا بەرچاو بوو، بەو حاڵەش بەکردەوە بوو بە دادگاییکردنی ئێران و نەخشێکی گرینگیان لە ناساندنی سیمای تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبووە.

یەکی دیکە لە سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی هەوڵ و تەقەلای بێوەچانی ئەو ڕێژیمە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژی ئەتۆمییە. ڕێژیم ئیدیعا دەکا کە لەو هەوڵ و تەقەلایە تەنیا ئامانجی ئاشتیخوازانە وەک دابینکردنی ئینیرژیی هەیە. بەڵام کێیە نەزانێ کە ئێران لە بارەی سەرچاوەکانی دیکەی دابینکردنی ئینیرژییەوە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهانە و پێوستییەکی بە تەقەلا بۆ وەدەستهێنانی ئەو سەرچاوەیە نییە؟ بەم جۆرە دردەکەوێ کە ڕێژیم بۆ هێندێک ئامانجی ئاژاوەگێڕانەوە و مەزنیخوازانەیە کە پووڵی نان و ئاو و دەرمان و دوکتوری خەڵکی ئێران بە دڵئاواییەوە خەرجی کڕین و وەڕێخستنی ڕێئاکتۆرە ئەتۆمییەکانی دەکا.

**سیاسەتی خاریجیی ڕێژیم:**

وەزعی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕوانگە نێونەتەوەییەوە لە وەزعە نێوخۆییەکەی باشتر نییە. چونکە لە هەموو جێیەکی دنیادا سیاسەتی دەروە بە کردەوە ڕەنگدانەوەیەکە لە سیاسەتی نێوخۆیی دەوڵەت. پاش ڕووخانی حکوومەتی یەکیەتیی شووڕەویی پێشوو و دروستبوونی ژمارەیەک لە وڵاتانی سەربەخۆ لە ئاسیای نێوەڕاستدا کە دراوسێی ئێرانن و لەباری مێژوویی و فەرهەنگییەوە لە ئێران نیزیکن، ڕێژیم هاتە سەر ئەو باوەڕە کە دەتوانێ لە ڕێگای هەڵفریواندنەوە سەرنجی خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لەژێر ئاڵای خۆیدا کۆیان بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە سەفەری پەیتا پەیتای ویلایەتی، وەزیری کاروباری دەرەوە و هەیئەتە جۆربەجۆرەکان و سەرەنجام شەخسی سەرۆک کۆمار بۆ ئەو وڵاتانە دەستی پێ کرد و لە پێناوی ئەو سیاسەتانەدا ڕادەیەکی زۆر شتومەکی خواردەمەنی بە قیمەتێکی زۆر هەرزان بۆ ئەو وڵاتانە بەڕێ کرا، بەڵام لەو مەیدانەشدا لەبەرامبەر ڕەقیبەکەی خۆی واتە تورکیەدا تێک شکا؛ چونکە تورکیە بە هۆی نیزیکیی زمان، ئێتنیک و تەنانەت نیزیکایەتیی مەزهەبی لەگەڵ دانیشتووانی ئەو کۆمارانە کە زۆربەیان سوننی مەزهەبن، توانیی ئەوان زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

ئاشتیی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل و پاشان نێوان ئۆردۆن و ئیسرائیلیش زیاتر لە پێشوو دەوڵەتی ئێرانی تەریک کردەوە و بە ئیمزاکرانی چاوەڕوانکراوی ڕێککەوتننامەی ئیسرائیل و سووریە کە بێگومان ئاشتیی ئیسرائیل و لوبنانیشی بەدوا دادێ، بەشێوەیەکی گشتی پێگەکانی «حیزب اللە» و تاقمە ورد و درشتەکانی دیکەی سەر بە حکوومەتی ئیسلامی، دەبێ بارگەوبنەی خۆیان بپێچنەوە، یان لانیکەم بەشێوەی چەکدار حوزووریان نەبێ. چوکە حافز ئەسەد لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بیل کلینتۆن، سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەڵێنی داوە پاش ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیل لەسەر مەسەلەی جۆلان، ئەو چەکانەی بەبایی برسێتیچێشتنی خەڵکی ئێران لە ئیختیاری داروودەستەی حیزبوڵڵا نراون، یەک جێ کۆ بکاتەوە و دەستیان بەسەر دابگرێ.

ئەگەرچی عێراق، دراوسێی ڕۆژئاوای ئێران بەهۆی گەمارۆی توندی ئابووری و بۆ دابینکردنی بەشێک لە پێداویستییەکانی جۆرێک توجارەتی «پاپاپای» لەگەڵ ئێران دامەزراندووە، بەڵام لە باری سیاسییەوە پێوەندییەکانیان بەتەواوی خراپە. مەسەلە سەرەتایی و بنچینەییەکان بۆ لە نێوبردنی ئاڵۆزی و ساردوسڕی وەک گۆڕینەوەی دیلەکان و گەڕاندنەوەی فڕۆکە عێراقییەکان بۆ عێراق هێشتا وەک مەسەلەیەکی چارەسەرنەکراو ماونەوە.

پێوەندیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی فارسیش باشتر لە پێوەندی لەگەڵ دراوسێیەکانی دیکەی نییە. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەسەر مافی خاوەنیەتی سێ دوورگەی ئەبوو مووسا و تومبی گەورە و تومبی چووک هەروا پێ دادگرێ و دوا کۆبوونەوەی ڕێبەرانی ٦ وڵاتی کەنداوی فارس کە لە ٢٨ خەزەڵوەری ٧٣دا بەڕێوە چوو داوای لە ئێران کرد کە «اشغال»ی ئەو سێ دورگەیە کۆتایی پێ بێنێ و یەکێک لەو ڕێبەرانەی ئەو داوایەیان ئیمزا کردووە، حافز ئەسەد، تاقانە دۆستی ئێران لەنێو وڵاتانی عەرەبیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە کە تا ئێستا بە میلیارد دۆلار لە سەروەتی خەڵکی ئێران بەشێوەی ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ بە وڵاتەکەی ئەو، واتە سووریە دراوە.

دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی ئەفغانستاندا و بەتایبەتی پشتیوانی لە حیزبی یەکیەتیی ئیسلامی بۆ ئازادیی ئەفغانستان کە لە شیعەکانی ئەو وڵاتە پێک هاتووە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئاژاوە لە ئەفغانستان و ناڕەزایەتیی قۆڵەکانی دیکەی ئەفغانییەکان لە حکوومەتی ئێران بەدواوە بووە. بە جۆرێک کە ڕێبەرانی حکوومەتی ئەفغانستان داوایان لە ئێران کردووە واز لە دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆیی ئەفغانستان بێنێ.

بەم جۆرە دەبینین کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەریەک لەگەڵ دراوسێیەکانی پێوەندییەکی سیاسیی دۆستانەی نییە و سارد و سڕ بوونی ئەو پێوەندییانە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی فراوانخوازی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانەدا کە ئاکامی تا ئێستا بریتی بووە لە تەریککەوتنەوەی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و نائارام بوونی سنوورەکانی.

مەسەلەیەکی گرینگی دیکە لەو پێوەندییەدا کە جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە سفارتخانەکانی ئێران لەجیاتی کاری سیاسی خەریکی کاری جاسووسی و ئامادە کردن و یارمەتیدانی ئەو تێرۆریستانەن کە لە تارانەوە «مەئموورییەت»ی تێرۆریان پێ دەسپێردرێ. ئەو ڕاستییە لەو ئاخریانەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن پۆلیسی ئەمنییەتی ئەڵمانەوە ڕاگەیەندرا.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەزانین کە ئێران لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێوەندیی سیاسیی نییە. بەڵام وڵاتە ئورووپاییەکان بە هۆی پڕ سوودبوونی بازاری ئێران، پێوەندیی بازرگانییان لەگەڵ دامەزراندووە و لە تەنیشت ئەو پێوەندییە بازرگانییەدا پێوەندییەکی بەرتەسکی سیاسییش پێک هاتووە. بەڵام ئەو پێوەندییە (توجاری و سیاسی)یانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا نەک هەر لە پەرەگرتندا نەبوون بەڵکوو لە زۆر بواریشدا لاوازتر بوون. بانکی جیهانی ساڵی زایینی ١٩٩٤، لە دانی قەرز بە ئێران خۆی بوارد. ئەڵمان، ژاپۆن (کە دیارە ژاپۆن لە وڵاتە ئورووپاییەکان نییە) و فەڕانسە کە گەورەترین ڕەقەمی موعامەلە لەگەڵ ئێرانیان هەبووە، لەبەر داماویی ئێران لە دانەوەی بەوەختی قەرزەکانیدا لەسەریەک سادراتی خۆیان بۆ ئێران بە ڕادەی یەک لە سێ کەم کردۆتەوە کە ئەمە بۆخۆی لە چوونە

سەرێی خێرای قیمەتەکان لە ساڵی ٧٣دا نەخشێکی بنەڕەتیی هەبووە. کەوابوو بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی هێندێکیان، کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو چەند ساڵەی دواییدا پێبەپێی بردنەسەرێی شێوەکانی دیکتاتۆری لە نێوخۆدا، پشتیوانانی خۆی لە ئاستی نێونەتەوەییشدا نیگەران کردووە و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەرتەسکتر بۆتەوە.

ئەو کۆمەڵە هۆکارانە لە سیاسەتی خاریجیی ڕێژیم و کردەوەکانی لە نێوخۆدا ئیشارەیان پێ کرا و زۆر هۆی دیکە کە لێرەدا دەرەتانی ئیشارە کردن بە هەموویان نییە، ڕێژیمی ئاخوندەکانی لە خەڵک دوور کردۆتەوە و لەگەڵ وان لە بەرامبەر یەکی ڕاگرتوون. فشارە ئابوورییەکان، نەبوونی ئازادی و ئەمنیەت، بێکیفایەتی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئیدارەکردنی کاروباری وڵاتدا، بێکاری، فەرق و جیاوازیدانانی جۆراجۆر، فەسادی ڕوو لەزیادبوون، درۆ کردن و خەڵک خەڵەتاندن وایان لە خەڵکی ئاسایی کردووە ژیانیان بۆ تەحەممول نەکرێ. شازدە ساڵ سەبر و چاوەڕوانی و دڵخۆشکردن بە بەڵێنی هەڵخەڵتێنەرانەی دەسەڵاتداران کاسەی سەبری خەڵکی سەرڕێژ کردووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە نەک هەر ڕێژیم لە ڕاکێشانی پسپۆڕانی ئێرانی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین سەرکەوتنێکی وەدەست نەهێناوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی هەموو مەترسییەک بە مەبەستی ڕاکردن لە وڵات قبووڵ دەکەن و لەگەڵ لافاوی موهاجیران دەکەون، زیاتر دەبێ. ئەو ڕەوتە بەتایبەتی لەو بارەیەوە بە شتێکی گرینگ دادەنرێ کە سەرەڕای سەرکوتی توندی خەڵکی ناڕازی، لەو دوو ساڵەی دواییدا، جاڕز بوون و بێزاری دەربڕینیان لە خەڵکێک دیوە کە بۆ خۆیان بۆ هێنانە سەرکاری ئەو ڕێژیمە دریغییان لە هیچ شتێک نەکرد.

بێجگە لەو هەموو خۆپیشاندان و مانگرتنانە کە لێرە و لەوێی وڵات ڕوویان داوە، خۆپیشاندانی خەڵکی مەشهەد، ئەراک، زاهیدان، تەورێز، قەزوین، شاهی، نەجەف- ئاباد و ئیسفەهان و ئەوەندە بەربەرین و گەورە بوون کە ڕێژیم سەرەڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانێک نەیتوانی سەرپۆشیان لەسەر دانێ. چونکە دەنگدانەوەیەکی بەرینیان لە ڕادەی وڵات و دنیادا هەبوو. ئەو کۆمەڵە ناڕەزایەتیدەربڕینەی خەڵک کە زۆربەی دروشمەکانی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ داوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا بوون، بە جۆرێک کاربەدەستانیان نیگەران کرد و لە سەرەنجامی کاری خۆیانی ترساندن کە لە مەجلیسی شوڕای ئیسلامیدا قانوونێکیان پەسند کرد کە بەپێی ئەو، بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری خەڵکی خۆنیشاندەردا دەستیان بەتەواوی ئاوەڵایە.

جگە لە خۆنیشاندانی سەر شەقامەکان، ئەوەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا سەرنجڕاکێش بووە، ئیعترازنامەی ژمارەیەک لە ئەفسەرە پایەبەرزەکانی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بێزاریدەربڕین لە سەرکوتی خەڵکی بوو. بەگوێری هەواڵەکان ئەو ئەفسەرانە لە نامەیەکدا بۆ ڕێژیم نووسیوانە گوتوویانە ڕێژیم نابێ لە هێزی ئەرتەش بۆ سەرکوتی خەڵک کەڵک وەربگرێ. چونکە ئەرکی ئەوان پارێزگاری لە سنوورەکانی وڵاتە. جگە لەوانەش دەبێ ئیشارە بە نامەیەکی ڕەخنەگرانە بکرێ کە ١٣٤ کەس لە نووسەران و شاعیران و وەرگێڕانی بەناوبانگی وڵات بە مەبەستی دەنگهەڵبڕین دژی سانسۆر ئیمزایان کردووە و لە نامەی خۆیاندا خوازیاری پێکهاتنی کانوونێکی سەربەخۆی نووسەران بوون.

مەسەلەیەکی دیکە لە ٢-٣ ساڵی ڕابردوودا زیاتر خۆی دەرخستووە، ناکۆکیی نێوان ئاخوندە

دەسەلاتدارەکانی سەتحی سەرەوەیە. ئەو ناکۆکییانە پاش مردنی خومەینی دەرکەوتن و بە مردنی ئایەتوڵلا گوڵپایەگانی لە ئێران و ئایەتوڵلا خۆیی لە نەجەف کە لە مەرجەعە گەورە و ناسراوەکانی دنیای «تشیع» بوون، توندتر بوو. هەرچەند زانا ئایینییەکانی حەوزەی عیلمیەی قوم و ئیسفەهان ، مەرجەعییەت و ڕێبەرایەتیی خامنەییان، پێشتر ڕەت کردبۆوە، بەلام پاش مەرگی ئایەتوڵلا ئەراکی جارێکی دیکە ئاخوندەکانی دەوروبەری خامنەیی، ئەویان بۆ مەقامی مەرجەعی تەقلید قوت کردەوە تا بەڵکوو بەم جۆرە ناوبراو بتوانێ لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە بەرزترین هێزی مەزهەبییەوە مانەوەی حکوومەتی خۆی دەستەبەر بکا. بەلام دوای ناهومێد بوون لە سەرکەوتن لەو مەیدانی ململانێیەدا، خامنەیی ڕایگەیاند کە ئامادەی وەرگرتنی مەرجەعییەت لە نێوخۆی ئێراندا نییە و تەنیا بۆ قبووڵکردنی مەرجەعییەتی موسوڵمانانی دەرەوە ئامادەیی دەربڕی.

بوونی ناکۆکی لەنێو ئاخوندە دەسەلاتداراندا بووە بە هۆی ئەوە کە ئەم ناکۆکییانە لە ئاستێکی خوارەوەتریشدا لەنێوان ئاخوندەکان و سوپا و ئۆرگانە حکوومەتییەکانی دیکەدا گیروگرفتی زۆر پێک بێنێ بە چەشنێک کە هەر ئێستا ژمارەیەک لە ڕوحانییە بەرهەڵستکارەکان، فەرماندەرانی سوپا و ئەرتەش لە دەستبەسەریدا دەژین.

بەلام هەر لێرەدا دەبێ ئیشارە بکرێ کە گەرچی بوونی ئەو ناکۆکییانە یارمەتیی بە لاوازبوونی حکوومەتی ئاخوندەکان کردووە، بەلام ئەو شەڕە نێوخۆییە بە هیچ جۆر لەسەر دابینکردنی دێموکراسی، ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و ئیدارەی وڵات بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە و ئەمڕۆیی نییە. ئاخوندە دەسەلاتدارەکان لەسەریەک دژی دێموکراسی و دژی هەر جۆرە نوێخوازی و پێشکەوتنێکن. کەوابوو ئێمە نەزەری ئەو کەسانە کە وا بیر دەکەنەوە دەستەیەک لە ئاخوندەکان لە دەستەیەکی دیکەیان پێشکەوتووترن ڕەت دەکەینەوە و بڵاکردنەوەی ئەمجۆرە گومانانە بە زەرەری بزووتنەوەی خەڵکی ئێران دەزانین.

### داهاتووی کۆماری ئیسلامی

ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا ئەو ڕاستییە نیشان دەدا کە ئەم حکوومەتە وەک هەموو حکوومەتێکی ئیدئۆلۆژیکی ناتوانێ خێر و خۆشی بۆ کۆمەلانی خەڵک دابین بکا. دۆزینەوەی ڕێگا چارەی مەنتیقی و چارەسەرکردنی زانستیی مەسەلەکان و بەشێوەیەکی گشتی بەرەوڕوو بوونەوەی ژیرانە لەگەڵ کاروبار و دیاردەکان کارێک نییە کە لە چوارچێوەی بەرتەسک و نەگۆڕی فەلسەفەی ڕێژیمی دەسەلاتداردا بگونجێ. ئەوە کە دەبینین کۆماری ئیسلامی کە لە سەرەتاوە تا ئێستا، سەرکوتی وەک ڕێگاچارەی هەموو گیروگیرگرفتەکان چاو لێ کردووە و بۆ چاری هەر گیروگرفتێک بە کاری هێناوە، هی ئەوەیە کە لەو بیرە بەرتەسکەدا، بەڕاستی ڕێگا چارەیەکی دیکە بەدی ناکرێ. سەرەنجام ڕێژیم ئێستا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە جۆراجۆرەکانی نێوخۆیی و دەرەوەی کە ڕۆژبەڕۆژیش زیاتر کەڵەکە دەبن، دوو ڕێگای لەبەرە کە ئاکامی هەردووکیان لە نێو چوونی خۆیەتی:

یەکەم، ئەوە کە درێژە بە ڕێگا چارەسەری تا ئێستا (سەرکوت) بدا. ئەو ڕێگایە ئەگەرچی لە کورتخایەندا نەخشی دامرکێنەری هەیە بەلام ئاکامەکانی لە درێژخایەندا بۆ ڕێژیم

کارەساتخوڵقێن دەبێ. چونکە ئەم ڕێگایە، ڕێگا چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان نییە. تازەترین دەلیلی ئەو ڕاستییە، وەزعی گرانی لە وڵاتدا و ڕێگا چارەی ڕێژیم بەرامبەر بەو دیاردەیەدایە. کاتێک گرانی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەیەکی بەربەریندا بە تەبلیغاتێکی زۆر و بڕیاری توندوتیژەوە دەستی کرد بە زیندانیکردن، دەست بەسەرداگرتنی کەلوپەل و جەریمە کردنی فرۆشەران. ئاکامی کار بریتی بوو لەوە کە فرۆشەران کەلوپەلەکانیان لە دوکانەکانیانەوە بۆ ئەنبارەکان ڕاگوێزن و نەبوونی، جێگای گرانیی گرتەوە. ئەوە نموونەیەکە لە هەزاران نموونە. خۆنیشاندانی گەورە و بەربەرین، تووڕەیی و بێزاریی لێبڕاوانەی خەڵک لە ڕێژیم، کەمکاریی ئیدارەکان، دزی و فەسادی ئیداری و گرانیی ڕۆژ بە ڕۆژ و سەدان دەردی بێدەرمانی دیکە کە تا دێ زیاتر دەبێ ئاکامی مەنتیقیی ڕێگا چارەسەرێکە کە ڕێژیم تا ئێستا بەکاری هێناوە بەو هۆیەش وەزعەکە هەروا دێ و خراپتر دەبێ، بە ناچار ڕێژیم ناتوانێ بەو شێوەیە درێژە بە حکوومەت بدا. چونکە ناڕەزایەتیی نێوخۆ تا دێ بەرینتر دەبێ و خەڵکی وەزاڵەهاتوو خەریکن حیسابی خۆیان لەگەڵ ئاخوندەکان یەکلا دەکەنەوە. بەڵام ئەوە کە ڕۆژی پاکانە حیساب کەنگی دادێ، بەستراوەتەوە بە خێرایی ڕەوتی گەشەکردن و شکڵگرتنی ئەو ناڕەزایەتییە کە لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی وڵات سەری هەڵداوە.

دوویەم، ئەوە کە ڕێژیم هەروا کە هەمووان دەیانەوێ، لەبەر سەرنەکەتن و داماویی ڕێگاچارەی تا ئێستا (سەرکوت)، ڕێگاچارەیەکی مەنتیقی و عاقلانە بگرێتە بەر، کە ئەو ڕێگایەش شتێک نییە بێجگە لە دێموکراسی، لەو حاڵەتەدا دەبێ ئاخوندەکان ڕێگای مزگەوتەکان بگرنە بەر و بە ڕێنوێنیکردنی خەڵک لە باری ئایینییەوە خەریک بن و کارەکانی ئەم دنیایە، بە پسپۆران و ئینسانە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەکان بسپێرن، ئیجازە بدەن خەڵک بە ئازادی بیر بکەنەوە و بیروڕای خۆیان دەرببڕن، کرێکاران، سینفە جۆراجۆرەکان، ڕووناکبیران و بە گشتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ؛ سەندیکا و ئەنجومەنی خۆیان بەشێوەیەکی دێموکراتیک هەڵبژێرن، ڕاگەیەنە گشتییەکان بە ڕەخنەی دڵسۆزانە ببنە ڕێنوێنی حکوومەت و میللەت و ئەوەی پێویستی حکوومەتێکی دێموکراتیکە، دابین بکەن. لە حاڵەتێکی ئاوادا حکوومەتێکیش بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران نامێنێ. کەوابوو لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا کۆماری ئیسلامی بێجگە لە شکان سەرەنجامێکی نابێ. هەڵبژاردنی ئەو ڕێگا چارەیە دەبێتە هۆی خێرایی پێچرانەوەی بارگەوبنەی ڕێژیم. هەر لەوەشڕایە کە ڕێژیم بەتەواوی لێی دەترسێ و بە توندوتیژترین شێوە لە دەرکەوتن و خۆنواندنی دیاردەکانی دێموکراسی پێشگیری دەکا.

بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران نەتەنیا لە نێوخۆدا بەڵکوو لە ناوچە و بەشێک لە جیهانیشدا بووە بە سەرچاوی نائەمنی و بە سەرنجدان بە ئەزموونی ١٦ ساڵی ڕابردوو و نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێ تا کاتێک کۆماری ئیسلامی لەسەر کارە، ئێران ئارامی و ئازادی و خێروخۆشی بە خۆیەوە نابینێ و خەڵکی ناوچە لە پیلانگێڕی و دوژمنایەتی و خۆتێهەڵقوتاندن و دەستدرێژییەکانی ئێران لە ئەماندا نابن. لە ئاکامدا دروشمی ڕووخانی ڕێژیم کە لەمێژ ساڵە لە لایەن حیزبی ئێمەوە پەسندکراوە، هەروا دەمێنێتەوە. یانی دیسانیش دەبێ بڵێین «نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران».

## کوردستان و کوردەکان

لە مێژە کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست واتە ئێران، تورکیە، عێراق و، سووریەدا دابەش کراوە و لە سەرەتاوە تا ئێستا دانیشتووانی سەر ئەو ئاووخاکە، کە ژمارەیان ئێستا دەگاتە زیاتر لە سی میلیۆن کەس، لەلایەن حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتانەدا زوڵم و ستەمان لێ کراوە، سووکایەتی بە زمان و فەرهەنگ و هێندێک جار بە بیروباوەڕە مەزهەبییەکانیشان کراوە و ڕۆڵەکانیان لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە کراون و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراون. بەکورتی ئەو ڕێژیمانە هەرچی لە توانایاندا بووە بۆ لە نێوبردنی فیزیکی و فەرهەنگیی ئەو خەڵکە بەکاریان هێناوە. بەو حاڵەش سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆرییانە، خەڵکی کوردستان نەک هەر سەریان نەوی نەکردووە و تەسلیمی حکوومەتەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتەدا نەبوون، بەڵکوو هەمیشە بە دژی ئەو ستەم و زوڵم و زۆرییانە کە پێیان ڕەوا بینراوە خەباتیان کردووە و بەردەوام خەبات و تێکۆشان لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا لەگۆڕێدا بووە کە دیارە ئەو خەبات و تێکۆشانە لەهەر کام لە بەشەکانی کوردستاندا، بەگوێرەی هەڵکەوتی سیاسی و جوغرافیایی و جۆری حکوومەتەکانیان، جیاواز بووە و هەوراز و نشێوی لە پێشدا بووە.

لە سەرانسەری دەورانی شەڕی سارددا هەر دوو زلهێزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە مەبەستی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەو بیانووە کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان تێدا دەژی، دەستی حکوومەتەکانیان بۆ سەرکوتی توندوتیژی کوردەکان بەو چەکانەی کە خۆیان دەیان دانێ، ئاوەڵا کردبوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە خەڵکی دنیاش کەمترین ڕادەی ئاگادارییان لەسەر ئەو وەزعە هەبوو کە کوردەکان لەو ناوچەیەدا لەگەڵی دەستەویەخە بوون.

پاش لەبەریەکهەڵوەشانی بلووکی سۆسیالیستی و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، ئاڵوگۆڕێکی گشتی و گرینگ بەسەر فۆرموڵبەندییەکانی دونیادا هات کە دیارە ئەو گۆڕانکارییانە شوێنەوارێکی ڕاستەوخۆیان لەسەر مەسەلەی کوردیش هەبوو. بەو مانایە کە هەرچەند هێشتاش خەڵکی کوردستان هەروا لەژێر ستەمدان و ماف و ئازادییەکانیان پێشێل دەکرێن، بەڵام خەڵکی دنیا هاواری زوڵملێکراویی ئەوان دەبیستن و لە ئاکامدا زۆرتر هاودەردییان لەگەڵ دەکەن.

لەو دەیەی دواییدا حکوومەتی تورکیە زۆر توندتر و بێڕەحمانەتر لە دەیەکانی پێشتر دەستی داوەتە وێرانکردنی کوردستان و کوشتاری خەڵکەکەی. بە سەدان دێی ئەو بەشە لە کوردستان لەگەڵ خاک تەخت کراون و مووچە و مەزرا و ماڵوحاڵی گوندنشینە کوردەکان ئاگری تێبەر دراوە. بە سەدان هەزار کەس لە دانیشتووانی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیە ئاوارە و پەرێوەی شارەکان و وڵاتانی دراوسێ بوو. نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەو خەڵکە لە پارلەماندا، بە تاوانی دیفاع لە گەلی کورد پاش لێئەستاندنەوەی پارێزراویی پارلەمانی، موحاکەمە و بە زیندانی درێژخایەن مەحکووم دەکرێن. ئازادیخوازانی کورد تیرۆر دەکرێن و دەفتەر و ناوەندەکانی چاپەمەنی و ڕۆژنامەکانی ئەوان ئاگریان تێبەر دەدرێ. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو پەلامارە هەموولایەنەیە کە دەکرێتە سەر کوردەکانی تورکیە، چاپەمەنی و بەگشتی ڕاگەیەنە گشتییەکانی ڕۆژئاوا و نێوخۆیی تورکیە ئاگاداری ئەو وەزعەن و بەردەوام وتار و

ڕیپۆرتاژی لەسەر بڵاودەکەنەوە و خەڵکی دنیای لێ ئاگادار دەکەن.

لە ئاکامدا لە لایەک فشار و پاڵەپەستۆی کۆڕوکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و حیزب و شەخسییەتە ئازادیخوازەکان و جار جار حکوومەتە ڕۆژئاواییەکانیش بۆ سەر دەوڵەتی تورکیە کە هەروا دێ و زۆرتر دەبێ و لە لایەکی دیکەش هاوئاهەنگ بوونی خەباتی چین و توێژە جۆراجۆرەکانی خەڵکی کوردستانی تورکیە و دیفاعی ئەوان لە بەرامبەر زوڵم و زۆریی حکوومەتی تورکیەدا، وەزعێکیان پێک هێناوە کە لەو دوو سێ ساڵەی دواییدا مەسەلەی کورد لە تورکیە شکڵی مەسەلەیەکی جیهانیی بە خۆیەوە گرتوە و تورکیەی لەگەڵ گەلێک گیروگرفتەکانی سیاسی و ئابووری بەرەوڕوو کردووە.

دەوڵەتی تورکیە بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ئەو گیروگرفتانە کە تا دێ پتر بەرۆکی دەگرن بێجگە لە چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لە ڕێگای بەڕەسمی ناسینی مافە میللی و دێموکراتیکەکانی گەلی کوردەوە هیچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەماتەوەتەوە. ئێمە ئومێدەوارین کە چارەی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لەو وڵاتەدا، هەرچی زووتر ببێتە بەرنامە و سیاسەتی عەمەلیی دەوڵەتی تورکیە لە پێوەندیی لەگەڵ کوردستاندا.

پاش تەواوبوونی شەڕی کەنداو و کشانەوەی هێزەکانی عێراق لە کۆوەیت، وەزعی سیاسیی کوردستانی عێراقیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. خەڵکی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا بە هەڵبژاردنی جۆرە حکوومەتێکی ناوچەیی، ئیدارەکردنی کاروباری کوردستانی عێراقی بەدەستەوە گرت. ئەو حکوومەتە ناوچەییە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە پشتیوانی لێ کرا و سەرنجی خەڵکی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بەڵام بەداخەوە شەڕی نێوخۆیی نێوان حیزبەکان بە گشتیی و شەڕەکانی نێوان یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان–یەکگرتوو بە تایبەتی بوونە هۆی ئەوە کە هەموو توانا و ئیمکاناتی ئەو حیزبانە کە پێکهێنەری حکوومەتەکەشن، لەجیاتی ئەوەی بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەران و ئەمنییەت و ئاسایش و بەختەوەریی خەڵکی ناوچەکە سەرف بکرێ، بۆ چۆنیەتیی بەرنامەڕێژی کردنی بە مەبەستی سەرکەوتنی یەکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا، تەرخان بکرێ. زیانە ماددی و ئینسانییەکانی ئەو شەڕانە و ئاکامە تاڵەکانیان، هەر ئێستا بوون بە گەورەترین گیروگرفتی کوردستانی عێراق و ئەگەر چارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە نێوخۆییانە پەیدا نەبێ، کوردستانی عێراق لەگەڵ گەلێک گیروگرفتی پێشبینینەکراو بەرەوڕوو دەبێ.

کوردەکانی سووریەش لە لایەن حکوومەتی ئەو وڵاتەوە ستەمێکی نەتەوایەتیی توندیان خراوەتە سەر. دەوڵەتی سووریە بە مەبەستی کەمکردنەوە و لەنێوبردنی پێوەندیی کوردەکانی ئەوێ لەگەڵ کوردەکانی تورکیە و عێراق و بۆ گۆڕینی تەرکیبی حەشیمەتی ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتە، پێشتێندێکی عەرەبیی لە سنوورەکانی کوردستاندا دروست کردووە و لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی تەعریب لە مەڵبەندە کوردنشینەکاندا بەڕێوە دەبا. هەر ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی سووریە شوناسنامەیان نییە و چەندین ساڵ لەمەوبەر دەوڵەت شوناسنامەی لێ ئەستاندونەتەوە و لە دانەوەی شوناسنامە بە خاوەنەکانیان خۆ دەبوێرێ. لە ئاکامدا ئەو کوردانە ئێستا بێئەوەی حەقی هاونیشتمانەتییان لەو وڵاتانەدا هەبێ لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا بە سەر دەبەن.

**کوردستانی ئێران**

وەزعی گشتیی کوردستانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر هەمان وەزعی سەرانسەریی ئێرانە، هەمووی ئەو ستەم و زوڵم و زۆرییانە کە لە لایەن ڕێژیمەوە بە خەڵکی ئێران ڕەوا دەبینرێن، بەرۆکی خەڵکی کوردستانیشیان گرتووە. سەرەڕای ئەوەش، خەڵکی کوردستان بە هۆی تایبەتمەندییە سیاسی و جوغرافیاییەکانی کوردستان لەگەڵ هەلومەرج و باردۆخێکی دژوارتر بەرەوڕوون.

ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا جێگیر کراون و بەم جۆرە کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم حکوومەتەوە بەتوندی میلیتاریزە کراوە. ئەو هێزە سەرکوتکەرانە کە لە تەواوی بەرزایی و تەپۆڵکەکان و تەنانەت لەنێو گوند و شارەکانیشدا جێگیر بوون، هاتوچۆی خەڵک کۆنترۆڵ دەکەن و گوند و شارەکانیان خستوونەتە ژێر چاوەدێری. تەنانەت بێ پرس و ئاگاداری، وەخت و بێوەخت وەژوور ماڵان دەکەون و بەم جۆرە ئەمنییەت و ئاسایشیان لە خەڵک هەڵگرتووە. ڕۆژانە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک بە بیانووی پرووپووچەوە لە لایەن ئەو هێزە دژی گەلییانەوە دەگیرێن. دزی و تاڵان و ڕاوڕووت و پێکهێنانی فەزای پڕ ترس و خۆف و زەبروزەنگ، بەشێکی دیکە لەو ئەرکانەن کە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا بەڕێوەیان دەبەن.

یەکێکی دیکە لە کردەوەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا بریتییە لە پەرەپێدانی ئیعتیاد و بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیر لەنێو لاواندا. لە کورستان دەکرێ بڵێین فرۆشتن و مەسرەفکردنی ئەو ماددەماڵوێرانکەرە قەدەغە نییە. بەشێک لە عامیلانی ڕێژیم بەئەنقەست و بە نرخێکی هەرزان دابەشی دەکەن.

کۆماری ئیسلامی کە لە بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی کوردستاندا زەبوون و ناکام بووە، دەستی داوەتە بەلاڕێدابردنی لاوان. ڕێژیم بە ئەزموونێکی تایبەتییەوە کە لەو جۆرە بوارانەدا هەیەتی، لە بێبەشی و مەینەتبەشییەکانی لاوان و مێرمنداڵان کەڵکی خراپ وەردەگرێ و توانیویەتی ژمارەیەک لەوان بخاتە خزمەت خۆیەوە. ئەو لاوانە بە تاوانی جۆراجۆری وەک بڵاوکردنەوەی ئیعلامیە و نووسینی دروشم بە دژی ڕێژیم و بیانووی دیکەی وەک تەماشاکردنی کچان و شتی لەو چەشنە، دەگیرێن و ڕەوانەی زیندان دەکرێن و لەژێر ئەشکەنجەدا بەدانی وادەی ئازاد کردن، لەسەر مامۆستا و هاوکلاسی و هاوشاری و تەنانەت لەسەر بنەماڵەی خۆشیان دەکرێنە جاسووس و خەبەرچین. هەروەها دانی نمرەی قەبووڵی بە قوتابییە تەژدیدییەکان و دانی بەڵێن بۆ قەبووڵ بوون لە زانستگاکانیشدا، لەو ڕێگایانەن کە ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی لاوان و قوتابیان کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

یەکێک لەو ستەمانە کە درحەق گەلی کورد بەڕێوە دەبرێن، ستەمی مەزهەبییە. لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان سوننی مەزهەبن و دەرسەدێکی بەرچاویشیان غەیرە موسوڵمانن، کۆماری ئیسلامی بە چاوی سووک دەڕوانێتە عەقیدە و بیروباوەڕە ئایینییەکانی ئەوان. لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ژمارەیەک لە مزگەوتەکانی ئەهلی سوننەت، لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئوستانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا لە لایەن ڕێژیمەوە وێران کراون یان داخراون. مامۆستا ئایینییەکان و پێشەوا مەزهەبییەکانی ئەهلی سوننەت لە زۆر شوێن بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و وەهابی بوون دەخرێنە ژێر تەعقیب

و چاوەدێری.

لەو سێ ساڵەی ڕابردوودا ڕێژیم دەستی داوەتە وێرانکردن و چۆڵکردنی گوندە سنوورییەکان. بیانووی ڕێژیم بۆ ئەو کارە دژی ئینسانییە بریتییە لە حوزووری پێشمەرگە لەو گوندانەدا و هاوکاریکردنی خەڵکی ئەو گوندانە لەگەڵ پێشمەرگەکان. لەو ماوەیەدا بە سەدان بنەماڵە ئاوارە و پەرەوازە کراون بێئەوەی سەرپەنایەکیان بۆ لەبەرچاو بگیرێ و فکرێک بۆ ماڵ و گوزەرانیان بکرێتەوە.

لە زستانی ١٣٧٢ی هەتاویدا، وەزیری کیشوەری ڕێژیم کە بە سەفەر هاتبووە کوردستان، لە شاری سنە بەڵێنی دا بە خەڵک کە لە ساڵی ١٣٧٣ دا «ئەمنیەت» و ئاسایشی ناوچەکەیان دابین دەکا. پاشان هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای ١٣٧٣ی هەتاوییەوە، ڕێژیم دەستی کرد بە جێگیرکردنی ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە هێزەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق و ئێران و تورکیەدا و لە هێندێک ناوچەش دەستی دایە لێدانی کاناڵی قووڵ و بەرین و مینڕێژکردنی هەرچی پتری ئەو ناوچەیە و بەمجۆرە ژینگەی گوندنشینەکانی هێندەی دیکەش خستە مەترسییەوە و ئێستا خەڵکی ئەو ناوچە سنوورییانە لە نیگەرانی و دڵەخورپەی هەمیشەیی و بەردەوامدان.

لەو ماوەیەدا بە سەدان لە گوندنشینەکان، لە گەورە و چووک، لە ئاکامی تەقینەوەی مین‌دا کوژران یان نقوستان بوون و ژمارەیەکی بەرچاویش لە مەڕ و ماڵاتی ئەو خەڵکە هەژار و زەحمەتکێشە لەبەین چوون. ئەوە ئەو ئەمنییەتە بوو کە جەنابی وەزیری کیشوەر بۆ خەڵکی کوردستانی دابین دەکرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆری و زەبرزەنگەی کە بە دژی خەڵکی کوردستان لە خۆی نیشان دەدا، لە بەچۆکداهێنانی ئەواندا زەبوون و داماو و ناکام هاتۆتە دەر. خەڵکی کوردستان سەرەڕای وێران بوون گوندەکانیان و سەرەڕای کوژرانی دەیان و هەزاران کەسیان بە دەستی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیم ئێستاش هەروەک پشتیوانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خۆیان ماونەتەوە و سەرەڕای ئەو نەخشە و پیلانە جۆربەجۆرانەی کە کۆماری ئیسلامی بە دژی ئەوان بەڕێوەی بردوون و بەڕێوەیان دەبا، کوردستان هەروا ئەو ناوچە گرینگ و ڕاپەڕیوەیە کە خەباتی چەکدارانە بە دژی کۆماری ئیسلامی تێدا بەڕێوە دەچێ و خەڵکەکەی بۆ زیندووڕاگرتن و گەشە پێدانی ئەو خەباتە تێدەکۆشن. لە سایەی گیانبازی و فیداکارییەکانی ئەو خەڵکەدایە کە ئەمڕۆ پاش شازدە ساڵ کوشت و کوشتاری ڕێژیم، کوردستان هەروا مەیدانی خەبات و هەڵسووڕانی پێشمەرگە بە دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییە و بۆتە جێگای هیوا و هومێدی خەڵکی ئێران.

دەبێ بگوترێ کە هیچ پڕۆژەیەکی جیددی بۆ عومران و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە گۆڕێدا نییە. ژمارەیەکی زۆر لە گوندە سنوورییانە کە لە جەریانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا وێران کراون، هێشتا ئاوەدان نەکراونەتەوە و دانیشتووەکانیان هەروا لە ئاوارەییدا بەسەر دەبەن. تەنانەت لەو شارانەدا کە کورد و غەیرە کورد، بۆ نموونە ئازەری پێکەوە دەژین، گەڕەکە کوردنشینەکان لە ئاوەدانی و پەرەپێدان و عومران بێبەشن.

یەکێک لە بیانووەکانی ڕێژیم بۆ ڕاگرتنی کوردستان لە دواکەوتوویی‌دا، بە قسەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بوونی نائەمنییان بە واتایەکی ڕوونتر هەڵسووڕان

و چالاکی نواندنی هێزی پێشمەرگە و لەگۆڕێدا بوونی خەبات دژی ڕێژیم لە ناوچە کوردنشینەکاندایە، هەرچەند هێزی پێشمەرگە و کۆمەلانی خەڵک هەرگیز نەبوونەتە کۆسپی سەر ڕێگای ئاوەدانکردنەوەی کوردستان. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم لە تەبلیغاتی ڕەسمیی خۆیدا هیچ کاتێک باس لە عەمەلیات و هەڵسووڕانی هێزی پێشمەرگە و خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان ناکا و بە ئەنقەست تێدەکۆشێ پەردەی بێدەنگی بەسەر ڕووداوەکانی کوردستاندا بکێشێ. هەموو ئەو زوڵم و ستەمانە کە بە خەڵکی کوردستان ڕەوا دەبینرێن، بوونە هۆی ئەوە کە کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بێزار بن و پتر بێنە نێو ڕیزی هێزەکانی بەربەرەکانێ. بەواتایەکی دیکە، بەڕێوەبردنی سیاسەتی ستەمی دووقات لە لایەن ڕێژیمەوە لە کوردستان، بۆتە هۆی ئەوە کە ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵکیش لە ڕێژیم چەند بەرامبەری ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران لە ڕێژیم بێ. خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە شارەکانی بۆکان و سەقز و بەشێکی دیکە لە شارەکانی  کوردستاندا، نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی ئیعلامیە بە شێوەیەکی بەردەوام، بەربەرەکانێی خەڵک لە بەرامبەر بە قانوونە دەستوپێگیرەکانی حکوومەت سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەی کە لە گۆڕێدایە، هەموویان بەڵگەی ئەو ڕق و بێزارییەن کە لەنێو خەڵکی کوردستاندا بە دژی ڕێژیم لە گۆڕێدایە.

بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا کە لە بەهاری ساڵی ١٣٧٢ی هەتاویدا بەڕێوە چوو، بەشدار نەبوون و ئەوانەی کە بەشدارییان کرد، زۆربەیان دەنگیان بە ڕەفسەنجانی نەدا و لەم ڕێگایەوە قووڵترین دوژمنایەتیی خۆیان لەگەڵ ڕێژیم نیشان دا. دەنگنەدانی خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا، سەرەڕای هەموو تەبلیغات و فتوا و فەرمانێکی ئایەتوڵلاکان و سەرەڕای ئەو هەموو نەخشە و پیلان و هەڕەشە و گوڕەشانەی ڕێژیم، بە مانای ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بوو.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کپکردنی دەنگی بێزاری و ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستان، هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ، هێندێک لە پۆستە دەوڵەتی و ئیدارییەکانی وەک پۆستی ئوستانداریی ئوستانی کوردستانی بە ژمارەیەک لە مۆرە ئالقەبەگوێ و بەکرێگیراوەکانی خۆی سپاردوون.

ڕێژیم دەیەوێ لەو ڕێگایەوە وا نیشان بدا کە کوردستان لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ئیدارە دەکرێ. غافڵ لەوە کە خەڵکی شۆڕشگیری کوردستان زۆر لەوە وشیارترن کە فریوی ئەو جۆرە فرتوفێڵ و خەڵک خەڵەتێنیانەی ڕێژیم بخۆن. بۆ خەڵکی کوردستان ئەوە گرینگ نییە کە ئەو کەسەی سەرکوتیان دەکا و لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەشیان دەکا، بە زمانی کوردی ئاشنا بێ. خەڵک دەیانەوێ دەسەڵات و حاکمییەتی خۆیان لە کوردستاندا بگرنە دەست و کەسانێک بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان دیاری بکەن کە هەڵبژێردراوی خۆیان و جێگای بڕوا و متمانەیان بن. ساڵانێکی دوورودرێژە خەڵکی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئەو مافە خەبات دەکەن.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## خەبات و تێکۆشان- هەڵویستەکان

حیزبی ئێمە لە کۆنگرەی نۆیەمی خۆیەوە (کۆنگرەی شەهید قاسملوو)، واتە لە بەفرانباری ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوییەوە تا ئەمڕۆ، بە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا تێپەڕیوە.

دەتوانین شەهیدبوونی هاوڕێ و هاوسەنگەری دێرینمان کاک دوکتور «سادق شەرفکەندی» بە گەورەترین ڕووداوی نێوخۆیی حیزب لەو ماوەیەدا لەقەڵەم بدەین. ئاخر شەهیدبوونی کاک «سادق» وەک شۆکەیەک هەموومانی تاساند.

کاک سادق لەگەڵ کاک «فەتاح عەبدولی»، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا، کاک «هومایون ئەردەڵان» و ژمارەیەکی دیکە لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیون بۆ بیروڕا و نەزەر گۆڕینەوە لە کافەیەکی شاری بێرلیندا، لە دەوری یەک کۆببوونەوە کە کەوتنە بەر پەلاماری تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید بوون. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە کە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی ڕووی دا، نەک هەر بووە هۆی ئەوەی کە مەحکەمکاری و بەرنامەڕێژیی حیزب لە پێوەندیی لەگەڵ چۆنیەتیی پاراستنی گیانی بەرپرسانی پایە بەرزی خۆیدا، بکەوێتە ژێر پرسیار؛ بەتایبەتی کە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو سکرتێری پێشووی حیزبیش لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە شاری ڤییەندا هێشتا لە بیروزەینی هەمووانداهەر تازە و زیندوو بوو و خەڵکی کوردستان هێشتا خەمی لەدەستدانی دوکتور قاسملوویان لە بیر نەچووبۆوە کە دەبوایە بارێکی قورسی دیکەی هەر لەو بابەتش «تحمل» بکەن.

لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمدا کە لە لایان نەمر کاک دوکتور «سادق»ەوە پێشکەش کرا، حیزب لە پێوەندیی لەگەڵ شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا ڕەخنەی لە خۆی گرتووە. لە بەشێک لەو ڕەخنە لە خۆگرتنەدا گوتراوە: «لەو پێوەندییەدا دووهەمین هەڵەی ئێمە لە شێوەی کار و ڕەفتارماندا بوو کە دەتوانین بە کەمتەرخەمییەکی تەواوی ناو بەرین. چونکە بۆ چاوپێکەوتنێکی بەناو نوێنەرانی ڕێژیم، نەک هەر هیچ چەشنە پێشبینییەکی ئەمنیەتی لە نەزەر نەگیرابوو، بەڵکوو بە هەوڵدان بۆ نهێنی ڕاگرتنی هەرچی زیاتری ئەو چاوپێکەوتنە، لە ڕاستیدا ڕێگا بۆ ئەنجامدانی هەرچی ئاسانتری پیلانەکە لە لایەن تیرۆریستەکانی ڕێژیمەوە خۆش کرابوو».

بەم چەشنە شەهیدبوونی کاک سادق نیشانی دا هەمان هەڵە سەرلەنوێ دووپات بۆتەوە. بەو بۆنەیەوە حیزبی ئێمە بۆ جارێکی دیکەش سەبارەت بە وەبەرچاونەگرتنی ئەسڵە ئەمنییەتییەکان لە جەریانی کۆبوونەوەی میکۆنووسدا ڕەخنە لە خۆی دەگرێ و ئەو شێوە کارە بە هەڵەیەکی گەورە دەزانێ. بەو ئومێدە کە ئیتر بۆ هەمیشە کۆتایی بە دووپاتبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە بێ و لەمەودوا دووبارە نەبنەوە.

دیارە شەهیدبوونی سکرتێری گشتی حیزب بە شێوەیەکی گشتی شوێنەوارێکی مەنفی و ڕووحیی لەسەر خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لەسەر کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دانا و تا ڕادەیەکیش کۆماری ئیسلامیی سەرمەستی سەرکەوتن کرد. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕووداوە هاوپێوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە ئازایخواز و دێموکراتەکانی سەرانسەری ناوچە و ئورووپای لەگەڵ حیزبی

ئێمە نوێ کردەوە و دەنگی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی هەرچی زیاتر بە گوێی خەڵکی دنیا گەیاند.

«تعقیب» و گرتنی تێرۆریستەکان و دروستکردنی پەروەندە بۆ وان موحاکەمە کردنیان لە بێرلین، کە ڕاست بەدوای ڕوودانی کارەساتەکەدا دەستی پێ کرد و ئێستاش هەر درێژەی هەیە، یەکێک لە پڕ گیروکێشە و پڕ جاڕ و جەنجاڵترینی ئەو دژکردەوە بەجێیانە بوو کە تائێستا بە دژی کۆماری ئیسلامی و تێرۆریستەکانی بەڕێوە چوون. بە دەیان ڕادیۆ و تەلەڤیزیون و ڕۆژنامە و گۆڤاری گرینگ و خاوەن «اعتبار» بە تایبەتی لە ئەڵمان، لەو بارەیەوە هەواڵ و «ڕیپۆرتاژ»یان بڵاوکردۆتەوە. لەو بارەیەوە دادگای میکۆنوس گەورەترین خزمەتی بە ناساندنی سیاسەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئورووپادا کردووە. ئەو دادگایە کە چەندین جەلەسەی خۆی پێک هێناون و هەروا درێژەی هەیە، هێشتا دوا حوکمی خۆی ڕانەگەیاندووە، هەرچەند وەکیلەکان و بەتایبەتی دادستان هەوڵی پێویستیان داوە کە دادگاه بە دوور لە هەر چەشنە فشار و دەخاڵەتێک کارەکانی خۆی بەرێتە پێش و بە ئاکام و بڕیارێکی عادلانە بگا، بەو حالەش ئاکامی دادگای وییەن لە پێوەندیی لەگەڵ شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا و چاوپۆشی کردنی ئاشکرای دەوڵەتی ئوتریش لە قاتڵەکانی دوکتور قاسملوو و دانەوەی ئەوان بە ئێران بە خاتری بەرژەوەندی و قازانجە ئابووری و بازرگانییەکان و هەروەها ئاکامی کاری دادگای قەتڵەکانی دوکتور «شاپور بەختیار» و بێجگە لەوانەش، هەبوونی پێوەندییەکی بازرگانیی بەرچاو لە نێوان ئێران و ئەڵماندا؛ ئەو نیگەرانییانەیان هێناوەتە پێش کە لە کاروباری دادگا و ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی کاری دادگای بێرلینیشدا «اعمال نفوذ» بکرێ و حەق بە حەقدار نەگا.

ئێمە بە ناوی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە داوا لە دەوڵەتی ئەڵمان دەکەین کە بۆ ئەوەی دادگای بێرلین بتوانێ بە ئاکامی ڕاستەقینەی خۆی بگا، پێش بەهەرچەشنە بەلاڕێدابردنێکی دادگای بە هۆی فشار و دەخاڵەتی ئێرانەوە بگرێ.

یەکێکی دیکە لەو گیروگرفتانە کە لەو ماوەیەدا هاتۆتە سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانمان بریتییە لە گواستنەوەی بنکەی ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراقەوە بۆ ئەو ناوچانە کە لە قووڵایی خاکی کوردستانی عێراقدا هەڵکەوتوون. چەند ساڵ بوو بەشێک لە بنکەکانی حیزب بەگوێرەی پێویست لە ناوچە سنوورییەکاندا جێگیر ببوون. ئەوانە لەو بنکانە بوون کە پێویستییان بە جێگا و شوێنی سابیت و جێگیر هەیە، وەک نەخۆشخانە، دەزگاکانی چاپ و تەکسیری ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی حیزب، ڕادیۆ، دەفتەری سیاسی و ژمارەیەک لە بنەماڵەکان و قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان.

لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا، کۆماری ئیسلامی دەستی دایە بۆمباران و تۆپ باران کردنی بنکەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی و پاشانیش لە ئاخروئۆخری خاکەلێوەی ١٣٧٢ ڕا دەستی کرد بە تۆپبارانی گوندە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق و بیانووشی بۆ ئەو کارە ئەوە بوو کە بنکەکانی حیزبی ئێمە لەو ناوچانەدا جێگیرن. ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی ئەوەی کە زیان وەبەشێک لە بنکەکانمان بکەوێ، هەروەک لە جەریانی بۆمبارانی بنکەی دەفتەری سیاسی لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا چوار ئەندامی حیزب شەهید بوون و خەسارەتێکی زۆریش وە نەخۆشخانەی ئازادی کەوت. بۆیە بە

ناچار و بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ئازارێکی زیاتر بە گوندنشینە بێدیفاعەکان نەگا، هەموو ئەو بنکانەمان گواستۆتەوە هیندێک ناوچەی دوور لە سنوور و بە هۆی نەبوونی جێگا و ڕێگا و گیروگرفتەکانی جۆراجۆری دیکە، بەشێک لە بنکەکانمان ناچار بوون دووجار شوێنی خۆیان بگوێزنەوە. ئەو کارە سەرەڕای ئەو گیروگرفتە جۆراجۆرانەی کە لە باری ماڵییەوە بەدوایەوە بوون بۆتە هۆی ئەوەی کە وزە و «انرژی»یەکی زۆری ئێمە بە خۆیەوە خەریک بکا. دیارە مەبەستی ڕێژیم لەو ئاژاوەگێڕییە جگە لەوانەی باسمان کردن، تێکدانی ئەو وەزعییەتەش بوو کە بۆ کوردەکانی عێراق پێک هاتبوو. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەشدا بوو کە دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوی ١٣٧٢ی هەتاوی بڵاوی کردەوە، ڕایگەیاند کە دەخاڵەت و هێرش و پەلاماری ئێران بە مەبەستی ئەزیەت و ئازاردانی خەڵکی کوردستان عێراقە و دەیەوێ لەو ڕێگایەوە کۆسپ لەسەر ڕێگای حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکا و لە ئاکامدا لاوازی بکا. لە بەشێک لەو بەیاننامەیەدا ئاوا هاتوە:

«خۆشک و برایانی کورد لە کوردستانی عێراق! ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ ئامادە دەکا، تەنیا هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکان دیکەی ئۆپۆزیسۆنی ئێران نییە. ئەو هێرشە ماڵ و هێلانەی تازەئاوەدان کراوەی ئێوە و نەمامە تازەنێژراوەکانتان و زەوی و زارە چەند ساڵ بەیارماوەکەی ئێوەش دەکاتە وێرانە و کۆرپە ساواکانیشتان لە باوەشی دایکیان دەفڕێنێ. لەوەش زیاتر غیرەتی نەتەوەییتان دەخاتە ژێر پێ و دەسکەوتەکانی خەباتی چەندین ساڵەتان لێ پووچەڵ دەکاتەوە. کەوایە بە دژی ئەو نەخشە شوومەی ڕێژیمی ئاخوندی ڕاوەستن و دەنگی ناڕەزایەتیتان بە گوێی دنیا بگەیەنن و سەرەئەنجام لە خاک و نیشتمان و کەرامەت و شەرافەتی خۆتان دیفاع بکەن». دەستتێوەردانی ئێران بە شێوەی جۆراجۆری وەک تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکان و پەلاماری نیزامی و دەخاڵەت لە کاروباری سیاسیی کوردستانی عێراقدا کە تا چەندین مانگ پاش گواستنەوەی بنکەکانی ئێمە لە ناوچە سنوورییەکان و تەنانەت تا ئێستاش هەروا درێژەی هەیە، بەڵگەکانی حاشا هەڵنەگرە بۆ ڕاستی و دروستیی ئەو مەسەلانەی کە لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبدا هاتبوون.

بەڵام خۆ گیروگرفتەکانی ئەو ژمارەیە لە بنکەکانی ئێمە هەر بەوەندە تەواو نەبوون و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەو ماوەیەدا بە سەر وەزعی سیاسی کوردستانی عێراقدا هاتوون، بوونە هۆی ئەوە کە دەستی کۆماری ئیسلامی لە نائەمنکردنی ناوچەکەدا بەگشتی و بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی بە دژی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە پێش هەمووانددا بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاوەڵا بێتەوە. بۆیە بە ناچاری بەشێک لە توانا و «انرژی» ی ئێمە بۆ پووچەڵکردنەوەی نەخشە و پیلانەکانی ڕێژیم تەرخان بووە، بەڵام بەوحاڵەش بەداخەوە کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەو ماوەیەدا چەند جار زەبر لە تێکۆشەرانی حیزب بوەشێنێ و ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزب کە لە کوردستانی عێراقدا وەک ئاوارە دەژین، شەهید بکا.

لەنێوخۆی کوردستاندا بە هۆی کەمبوونەوەی چالاکی و هەڵسووڕانی ڕێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بەهۆی ئەو خەباتە جیددی و شێلگیرانەیە کە حیزبی ئێمە بە دژی

ڕێژیم بەڕێوەی دەبا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرچی زۆرتر زەق بۆتەوە و لە ئاکامدا بۆتە ئامانجی زەبر و پەلامار و پیلانە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم. کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بۆ لاوازکردنی خەباتی ئێمە لە نەخشە و پیلان و تاکتیکی جۆراجۆر کەلکی وەرگرتووە و لەسەریەک دەتوانین بڵێین کە باری ئەو خەباتە هەقخوازانەیە کە حیزب بەڕێوەی دەبا، قورستر بووە.

سەرجەمی ئەو گیروگرفتانەی باسمان کردن و زۆر گیروگرفتی دیکەش کە جێی باس کردنیان لێرەدا نییە، خەبات و تێکۆشانی سەخت و دژواری حیزبی ئێمەی بەربەرینتر کردۆتەوە و بە ناچاری حیزب دەست و پەنجەی لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتانە نەرم کردووە. ئەوەش جێگای شانازییە کە سەرەڕای «تحمل» کردنی ئەو هەموو دژوارییانە، حیزبەکەمان هەروا ڕێبەر و ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و بە هەڵسووڕترین ڕێکخراوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە حیساب دێ. ئەو شانازییە گەورەیە بە نرخی قوربانیبوونی دەیان کەس لە باشترین کادر و پێشمەرگەکانی حیزب وەدەستی هاتووە، بەڵام دەبێ بزانین کە شانازیی ئاڵاهەڵگربوونی خەبات بۆ دێموکراسی و بۆ دابینکردنی ئازادیی ئینسانەکان بە دژی یەکێک لە دواکەوتووترین و دیکتاتۆرترین ڕێژیمەکانی ئەمڕۆی دنیا، بەبێ ئەو نرخ بۆ دانانە وەدەست نایە.

ئەو شانازییە گەورانە کە لە خەباتی بێپسانەوە و شێلگیرانە بە دژی ئیستبداد و لە واقیعبینیی حیزب لە گرتنە پێشی هەڵوێستە سیاسییەکاندا و لە دێموکراسیی نێوخۆیی حیزب و لە یەکپارچەیی تەشکیلاتیی حیزب سەرچاوە دەگرن، بوون بە هۆی ئەوە کە حیزبەکەمان لەنێو وڵاتان و حکوومەتە دێموکراتییەکاندا هەرچی زیاتر بناسرێ. ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و بەتایبەتی لە لێکدانەوەی وەزعی ئێراندا وەک هێزێکی پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز لەقەڵەم دەدرێ. خۆ لە خۆڕا نییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی ئەم دواییەی ئەنتێرناسیۆناڵ-سۆسیالیست کە لە ڕۆژەکانی ٢ و٣ دیسامبری ١٩٩٤ دا لە بوداپێست پێک هات، وەک ڕێبەری بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان ناسرا و، تەنیا حیزبی ئێرانی بوو کە بۆ کۆنفرانسە بانگهێشتن کرابوو. ئێستا حیزبی ئێمە پێوەندییەکی گەرمی و دۆستانەی لەگەڵ حیزبە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان بەگشتی و حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپادا بەتایبەتی هەیە.

ئەمڕۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بۆ هەموو خەڵکی ئێران ناسراوە. ژمارەیەکی زۆر لەو ڕێکخراوانەی ئۆپۆزیسیۆن کە لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیدا لە حاڵەتی خەبات لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا بوون، ئەمڕۆ بەداخەوە لاواز بوون و توانای درێژەدان بە خەباتی چەکدارانەیان نەماوە. ئێستا لە ڕاستیدا تەنیا حیزبی دێموکراتە کە لە مەیداندا هەروا بەپێوەیە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە حیزبەکەمان لە سەرانسەری ئێراندا خاوەنی ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆر بێ و ببێتە جێگای هیوا و هۆمێدی هەموو ئێرانییانی ئازادیخواز. دیارە کۆماری ئیسلامی بە چاکی لەو ڕێز و ئیعتبارە ئاگادارە کە حیزبەکەمان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەماندا هەیەتی. هەر بۆیە بەردەوام لە هەوڵدایە کە ڕێزوخۆشەویستی و پرستیژ و پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبەکەمان بە تایبەتی لەنێو خەڵکی کوردستاندا لاواز بکا و بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بۆ درۆ و بوختان و پیلان

و فریو و دەغەڵبازییەکی زۆر بردووە کە بە خۆشییەوە بێجگە لە شکست، ئاکامێکی دیکەی وەدەست نەکەوتووە.

ئەوە کە حیزبەکەمان خاوەنی ئەو ئیعتبار و مەوقعییەتە جیهانی و ناوچەییەیە ، بە هیچ جۆرە بەو مانایە نییە کە حیزبەکەمان لە خەبات و تێکۆشان و هەڵسووڕانی خۆیدا لە لاوازی و کەموکوڕی و هەڵە بە دوورە. حیزبەکەمان کە هەمیشە و بەتایبەتی لەو ماوەیەدا لە مەیدانە جۆرجۆرەکاندا چالاکی و هەڵسووڕانی هەبووە و بەهۆی ئەو هەلومەرج و بارودۆخانە کە بێئەوەی بۆ خۆی لە دروستبوونیاندا نەخشێکی هەبێ، بۆی هاتوونەتە پێش و بە سەریدا سەپاون، گومانی تێدا نییە کە هەڵە و کەموکوڕیشی لە کارەکانیدا بۆ پێش هاتووە.

تەشکیلاتی ئێمە لە نێوخۆی کوردستاندا سەرەڕای ئەو هەموو ڕەنج و کوێرەوەری و زەحمەت و مەترسییانە کە کادرە تەشکیلاتییەکانمان لە نێوخۆی کوردستاندا تەحەمولیان کردووە و ژمارەیەکیشیان لەو ڕێگایەدا گیانی خۆیان فیدا کردووە، هێشتاش وەڵامدەری ئەو جێگا و مەوقعییەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نییە کە حیزبەکەمان هەیەتی. ئەمڕۆ خەڵک ئامادەیی زۆریان هەیە کە لەهەر ڕێگایەکی مومکینەوە کۆمەگی حیزب بکەن و لەژێر ئاڵای خەباتەکەیدا کۆبنەوە.

لاوازیی کاری تەشکیلاتی ئێمە لە ئورووپادا لەنێو خۆش زۆرترە. ئێمە دەبوایە زۆر زیاتر و بەرینتر لەوە کە هەیە لە سازماندانی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتدا چالاک و هەڵسووڕ باین و پێوەندییەکی بەرینترمان لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و ڕێکخراوە دێموکرات و بەشەردۆستەکان لە ئورووپادا هەبوایە.

لە زەمینەی تێکۆشان و هەڵسووڕانی نیزامی لە نێوخۆی کوردستاندا دەبێ بڵێین کە چۆنیەتی «سازماندهی»ی ئێستای ئێمە لەسەر ئەساسی وەزع و بارودۆخی چەند ساڵ لەمەبەری کوردستانی ئێران و ناوچە داڕێژراوە. پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ بەسەر تاکتیک و مەوقعییەتی هێزەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی کوردستاندا و هەروەها ئەو ئاڵوگۆڕانە کە بە درێژایی ئەو ساڵانەی پێشوو بەسەر وەزعی ناوچە ستراتیژییەکاندا هاتوون، بوون بە هۆی ئەوەی کە ئەو شێوە سازماندەییە ئیدی لەگەڵ وەزعی ئێستا نەیەتەوە و کارایيەکی لاوازی ببێ.

ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەیەم دەبێ بە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی هەموو لایەنە و بە دۆزینەوەی باشترین و مومکینترین «آلترناتیو» بۆ لابردنی ئەو خاڵە لاوازانە تێبکۆشێ. جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە بەفەوریترینی ئەو ئەرکانە لەقەڵەم دەدرێ کە دەکەونە سەر حیزب بەگشتی و ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەیەم بەتایبەتی.

لە کۆنگرەی شەهید دوکتور قاسملوودا، شێوەی خەبات و تێکۆشانی ئێمە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بریتی بوو لە کەڵکوەرگرتن لە شکڵ و شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بە دژی ڕێژیم. ئێمە لە ماوەی نێوان کۆنگرەی نۆیەم و کۆنگرەی دەیەمدا لەسەر بنەڕەتی ئەو ڕێنوێنییانە خەباتی خۆمان بردۆتە پێش. ئێستا لەسەر ئەو باوەڕەین کە لە داهاتووشدا باشترین ڕێگای تێکۆشان بە دژی ڕێژیم، بریتییە لە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات کە ئیمکانی بەڕێوەبردنیانمان هەبێ. بۆیە بە دەرسوەرگرتن لە ڕابردوو و بە کەڵکوەرگرتن لە تاقیکردنەوەی پڕ بەهای ئەم ساڵانەی دوایی، سەرەڕای ئەم «تسلیم طلبی» یەی کە بەداخەوە لەو ساڵانەی دواییدا لەنێو بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسۆندا دەبینرێ، لەسەر

درێژەدانی ئەو شێوە خەباتە کە ئێستا بەڕێوەمان بردووە، پێ دادەگرینەوە.

هەوڵ و کۆششی ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە دەبێ کە خەباتی سیاسی، تەبلیغاتی و چەکدارانە هەروا لە دەستووری کاری خەباتگێڕانەدا دەهێڵینەوە و بۆ بەرەوپێش‌بردنی ئەو شێوە خەباتانە، هێزە ئینسانی و مەعنەوییەکانی خۆمان دەکار دەکەین. لەو ڕێگا دژوار و پڕ کەند و کۆسپەشدا هێزی پاڵپشت و تەکیەگای ئێمە، خەڵکی وەفادار و ئەمەگناسی کوردستانی ئێران، ئەو پشتیوانە هەمیشەییەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو دۆستانی گەلی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا دەبن.

خەباتی ئێمە بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمان لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا بووە و دەبێ ئەو ئامانجەی خۆمان لە دروشمی ناسراو و بەناوبانگی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»دا بەیان کردووە. دروشمێک کە ڕێبازی کار و حەرەکەتی ئێمە لە پرۆسەی پەرەئەستاندنی شارستانییەتی سەردەمدا بەڕوونی نیشان دەدا.

لەو ماوەیەدا ئێمە لە نێوان ئەو دۆستە کورد و غەیرە کوردانەدا کە خودموختارییان زۆر لەوە بە کەمتر زانیوە کە شایانی ئەو هەموو قوربانیبۆدانە بێ لە لایەک و، ئەو بەشە لە هاونیشتمانە ئێرانییەکانمان کە خودموختارییان بە سەرەتایەک بۆ دابەش‌کردنی ئێران لە قەڵەم داوە و لەهەر ڕێگایەکەوە کە بۆیان لواوە بۆ لاوازکردنی تێکۆشان لە لایەکی دیکە، ڕێگای خۆمان بڕیوە و چووینەتە پێش و بەرەو وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە ڕۆیشتووین کە بە لێکدانەوەی خۆمان بە قازانجی خەڵکی کوردستانمان زانیون. ئێستاش ڕادەگەیەنینەوە کە بە گەلێک هۆی سیاسی و مێژوویی و... لەسەر ئەو بڕواین کە وەدیهێنانی خودموختاری لە چوارچێوی ئێرانێکی دێموکراتیک و ئازاددا، ڕەفاهییەت و بەختەوەریی نیسبی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران دابین دەکا. بۆیە دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» لە داهاتووشدا وەک دروشمی بنەڕەتیی ئێمە دەمێنێتەوە. هەروەک پێشتریش گوتوومانە ئەگەر گەلانی دیکەی ئێران بۆ وەدەست‌هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بێنە مەیدان و لەو پێناوەدا خەبات بکەن، سیستەمی فیدراڵی بە شکڵێکی لەبارتر بۆ ئیدارەکردنی وڵاتێکی فرەگەلی وەک ئێران دەزانین و پشتیوانیی لێ دەکەین.

ئاوێتەبوونی دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکان لە دروشمی ئەسڵیی حیزبەکەماندا، بەو مانایەیە کە دوارۆژی پڕ لە خێروخۆشی و بەختەوەری بۆ هەموو گەلانی ئێران و یەک لەوان بۆ گەلی کورد، لە گرەوی پیادەبوونی ئەو ئامانجانەدایە کە لەو دروشمە ئەساسییەدا لێک گرێ دراون و هیچ کامیان بەبێ ئەوی دیکەیان ئیمکانی وەدیهاتنی نییە. چونکە تەنیا حکوومەتێک دەتوانێ دێموکراتیک بێ کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران لانیکەم لە شکڵی خودموختاری‌دا بە ڕەسمی بناسێ و تەنیا کاتێکیش ئەوە ئیمکانی هەیە کە حکوومەتێکی دێموکراتیک لەسەر کار بێ. بەمجۆرە دەگەینە ئەو ئاکامە کە:

لە لایەک چونکە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستە، وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد لە چوارچێوی ئەو ڕێژیمەدا ئیمکانی نییە. کەواتە بۆ وەدیهێنانی ئەو مافانە لە پێشدا دەبێ ڕێژیمێکی دێموکراتیک بێتە سەر کار. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر سروشتییە کە دۆستایەتی و پێوەندییە سیاسییەکانی خۆمان لەگەڵ حیزب و شەخسییەتە ئێرانییەکان لەسەر بناخەی بڕوای ئەوان بە دێموکراسی و مافە

نەتەوایەتییەکان و ڕادەی وەفاداری و ئاستی خەباتی ئەوان بۆ وەدیهێنانیان دابڕێژین. بەو مانایە کە ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لەگەڵ ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە بڕوایان بەو دوو ئەسڵە لە ئێراندا هەیە، دۆستایەتی و پێوەندییەکی گەرم دامەزرێنین.

هەڵوێستی حیزبی ئێمە لەوبارەیەوە لە مەقالەیەکدا کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ژمارە ١٩٤دا لەژێر عینوانی « لەبارەی بەرەی یەکگرتووەوە» هاتووە، کە ئێستاش دەتوانێ ڕێنوێنی چۆنیەتیی پێوەندی و هاوکاریی ئێمە لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بێ. مەقالەکە دوای باسی هۆیەکانی سەرنەکەوتنی تێکۆشانی حیزبی ئێمە بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو دەڵێ کە: «ئاسۆیەکی ڕوون و هیوابەخشیش بۆ پێکهاتنی – لانیکەم لە دواڕۆژێکی نیزیکدا- بەدی ناکرێ» دوای ئەوە دەچێتە سەر ئەو باسە کە ئێستا کە بەرە پێک نەهاتووە دەبێ چ بکەین؟ لە بەشێکی وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئاوا دەڵێ:

«ئەو هێزانە کە هەڵوێستە سیاسییەکانیان لێک نیزیکترە دەکرێ پاش دانانی ڕێوشوێنی جێگای پەسندی هەموویان لە زۆر بارەوە پێکەوە هاوکاریی بکەن. بۆ نموونە گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە شۆڕشی دواڕۆژی ئێرانەوە، گرتنی هەڵوێستی هاوبەش و دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەش سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکان، گۆڕینەوەی زانیاری لەسەر نەخشە و پیلانەکانی دوژمن بەرامبەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیون، دانی یارمەتیی ماددی و مەعنەوی بە یەکتر لە کاتی پێداویستی‌دا و زۆر شتی دیکە لەو بابەتە. خۆ ئەگەر چەند هێز لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار دەبن ئەوە دەکرێ عەمەلیاتی هاوبەش بە دژی هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆنەپەرستی یەکێک لە باشترین زەمینەکانی پێکهێنانی هەستی هاوخەباتی و هاوسەنگەری لە نێوان تێکۆشەرانی هەموو لایەکدا پێک بێنێ.

لە هەلومەرجی ئێستادا کە زۆر لە هێزەکانی ئۆپۆزیسون، ڕێبەرایەتییەکەیان و تەنانەت بەشی سەرەکیی بەدەنەشیان لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی ئورووپادا دەژین، یەکێک لە زەمینەکانی هاوکاری لە نێوانیاندا دەتوانێ وەڕێخستنی خۆپیشاندان و مانگرتن و ئاکسیۆنی هاوبەش بە موناسەبەتی جۆراوجۆرەوە بێ. زەمینەی ئەو هاوکارییە کورتخایەنانە زۆر جۆراوجۆرە و ناکرێ لێرەدا ئیشارە بە هەموویان بکرێ، بەڵام لە هەموویان گرینگتر ئەوەیە کە کارێک بکرێ هاوکاری و هاوفکری تەنیا لە ئاستی ڕێبەرایەتییەکەیاندا تەنگەبەر نەکرێتەوە و بگاتە نێو ڕیزەکانی بەدەنەش.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نۆرەی خۆی ئامادەیە لەگەڵ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی دێموکرات و پێشکەوتنخوازی ئێران لەو زەمینەیەدا باس و وتووێژ و هاوکاریی بکا. تەنیا مێعیاری حیزبی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی پارتنێر «طرف حساب»یش لەو بارەیەوە ڕەتکردنەوەی پاشایەتی و ڕەتکردنەوەی ڕێژیمی ئێستای ئێران لە تەواوەتیی خۆیدایە. بە باوەڕی ئێمە هەردووکی ئەو سیستمانە لە ئێراندا ئیمتیحانی خۆیان داوە و ئازادیخوازانی ئێران دەبێ خۆیان لە داوی هەرجۆرە گومانێک سەبارەت بە ئیسلاحی ئەو سیستمە حکوومەتییانە ڕزگار بکەن.

بەڵام هەر لەو کاتەشدا نایشارینەوە کە لەگەڵ ئەو هێزانەی باوەڕیان بە چەند ئەسڵی گرینگی وەک دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چینە هەژار و دەستکورتەکان هەیە، زیاتر هەست بە نیزیکی دەکەین و لەو باوەڕەداین کە

وتووێژ و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ وان زۆرتر دەتوانێ بە ئاکامی دڵخواز بگا».
هەر لەسەر ئەو بناخەیەش و بەپێی ئەو پێوەندییە میللی و عاتیفی و مێژووییانە کە لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەمانە، پێوەندییەکی گەرم و دۆستانەمان هەیە و لە داهاتووشدا ئەو پێوەندییە هەر درێژە پێ دەدەین.
دیارە ئەو پێوەندییە کە پێوەندییەکی سیاسییە و لەسەر بناخەی دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتری و ڕێز و ئیحترامی وەک یەک دامەزراوە، بە قازانجی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانیدا دەزانین و بە نۆرەی خۆمان تێکۆشاوین بە وردی وەبەرچاون بگرین و چاوەڕوانیشمان ئەوەیە کە باقی هێز و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردیش وەبەرچاوی بگرن.

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**
ئەوانەی گوتمان بەشێک لە خەتە گشتییەکانی سیاسەتی حیزبەکەمان بوون. ئێمە هیواداریین ئێوە و هەموو تێکۆشەرانی حیزب بۆ دەرێژەدانی ڕێبازی پرشانازیی شەهیدە نەمرەکانمان و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لە مێژینەکانمان دەست وەدەستی یەکتر بدەن تا بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەک ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ بگەیەنین کە مێژوو خستوویەتە سەر شانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
**سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،**
**بڕووخێ ڕێژیمی ئینسانکوژ و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی،**
**سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەری بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.**

***

## هێندێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب) کە لە نێوان ڕۆژەکانی ٢٣ تا ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٧٤دا پێک هات، کۆمەڵێک بڕیاری سیاسی و نێوخۆیی پەسند کرد.

**لەسەر وەزعی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا**
کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانیی خۆی لە خەباتی ڕەوای ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیان تێدەکۆشن ڕادەگەیەنێ و لەسەر سیاسەتی ئوسوولیی حیزب لەو پێوەندییەدا پێ دادەگرێتەوە. لە چوارچێوی ئەو سیاسەتەدا:
- هاوکاریی سێ ڕێژیمی ئێران، تورکیە و سووریە بە مەبەستی زەبر وەشاندن لە خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، مەحکووم دەکا.
- لە هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە، لە پێناوی

کۆتاییهێنـان بـە سـتەم و چەوسـانەوەی نەتەوایەتـیدا پشـتیوانی دەکا و بێزاریـی خـۆی لـە ڕەفتـاری سـەرکوتکەرانەی حکوومەتـی ئـەو وڵاتـە بـە دژی کـوردەکان ڕادەگەیەنـێ.
کۆنگرە هاودەنگی بیروڕای گشـتیی جیهانی لەگەڵ خەباتی بەحەقی گەلی بێبەشـی کورد لـە تورکیـە و فشـار و هەڵوێسـتی کۆڕوکۆمەڵـە بەشەردۆسـتەکان و هێندیک لـە دەوڵەتان بەرامبـەر بـە دەسـەڵاتدارانی ئـەو وڵاتـە بـە مەبەسـتی چارەسـەری دادپەروەرانـەی مەسـەلەی کـورد بـە دیاردەیەکـی جێگای هومێد دەزانـێ و هیـوادارە ئـەو ڕەوتـە ڕۆژ بـە ڕۆژ پەرەگرتووتـر بـێ.
– کۆنگرەی دەیـەم بـە نیگەرانییـەوە دەڕوانێتـەوە ئـەو مەترسـییە ناوچەیـی و نێوخۆییانـە کـە بزووتنـەوەی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق لەگەڵیـان بەرەوڕوویـە. شـەڕی نێوخۆیـی لـە نێـوان دوو هێـزی سیاسـیی سـەرەکی کوردسـتانی عێراقدا کـە بـە توندی هەڕەشـە لـە دەسـکەوتەکانی بزووتنـەوەی کـورد لـە عێـراق دەکا، بە دیاردەیەکـی پڕ مەترسـی دەزانـێ. لە هەلومەرجـێ ئێسـتای کوردسـتانی عێراقدا، تەنیا هەڵوێسـتی بەرپرسـانەی لایەنەکانی ئـەو شـەڕە نێوخۆییـە و قبـووڵ کردنـی داوای دڵسـۆزانی گەلەکەمـان دەتوانـێ کۆمـەگ بـە ئاسـاییکردنەوەی وەزعەکـە بـکا و هەنگاوێکـی کاریگـەر بـێ لـە جیهەتـی بێئـاکام کردنـەوەی ئـەو پیلانانـەدا کـە بـۆ لـە نێوبردنـی دەسـکەوتەکانی خەباتـی گەلـی کـورد لـەو بەشـەی کوردسـتاندا، لـە گـۆڕێدا هـەن.
هێرشـی بەربـڵاوی نیزامیـی ئـەم دواییانـەی ئەڕتەشـی تورکیـە بـۆ سـەر خاکـی کوردسـتانی عێـراق بـە بیانـووی زەبـر وەشـاندن لـە هێزەکانـی P.K.K کـە زیانێکـی زۆری گیانـی و ماڵیـی بـە دانیشـتووانی بێدیفاعـی کوردسـتان گەیانـدووە، دەسـتدرێژییەکی ئاشـکرا بـۆ سـەر خاکـی وڵاتێکـی دراوسـێیە و مەحکوومـە. کۆنگـرە داوا دەکا ئەڕتەشـی تورکیـە هەرچـی زووتـر لەکوردسـتانی عێـراق بکێشـتەوە.
– کۆنگـرە سیاسـەتی بەرنامـە بـۆ دانـراوی دەوڵەتـی سـووریە بـە مەبەسـتی تواندنـەوەی نەتەوایەتیـی کوردەکانـی سـووریە کـە لـە قالبـی ئەسـتاندنەوەی حەقـی هاونیشـتمانەتی و دروسـتکردنی پێشـینەی عەڕەبـی ڕەفتـاری دژی ئینسـانیی جۆربەجـۆری دیکـەدا لەمێـژ سـاڵە درێـژەی هەیـە، مەحکـووم دەکا.

### لە پێوەندی لەگەڵ دادگای میکۆنووسدا

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران، مەسـەلەی تێرۆری سکرتێری گشـتیی حیزب، شـەهید دوکتـور «سـادق شـەڕەفکەندی» و شـەهید «فەتـاح عەبدولـی»، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حیـزب و هاوڕێکانیانـی لـە ٢٦ی مانگـی سـێپتامبری سـاڵی ١٩٩٢ لـە شـاری برلینـدا خسـتەوە یاد و ڕەوتـی موحاکەمـەی تاوانبارانی ئـەو جینایەتـەی هێنانە بـەر باس و لێکۆڵینـەوە.
نوێنەرانی کۆنگرە ڕەزامەندیی خۆیان لە ڕەوتی تا ئێسـتای لێکۆڵینەوەی جینایەتی میکونووس و موحاکەمـەی تاوانباران دەربڕی و بە گەشـبینییەوە سـەیری ڕەوتی بەرەوپێش چوونی دادگای بیرلینیـان کرد کە بە چاوێکی پڕ لـە هیـواوە ڕوانیانە هـەوڵ و تەقەلای دەزگای قەزایی ئەڵمان. هـەر بـەو هۆیـەش سـڵاو و ڕێـزی خۆیـان بـە نیشـانەی پێزانینـی و ئەمەگناسـی پێشـکەش بـە بەڕێزان سـەرۆکی دادگا و دادسـتان و قازییەکانی دادگا کرد.
کۆنگرەی داوای لـە حکوومەتی ئەڵمـان کرد کە پێشـگیری لەهـەر چەشـنە نفووزێکی ڕێژیمی ئێران لـە کاری دادگادا بکا بۆ ئـەوەی دادگا بتوانـێ حوکمـی دادپەروەرانـەی خـۆی دەربکا و

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بەرنامەدارێژ و عاملی ئەسڵیی ئەو جینایەتە بە دنیا بناسێنێ.
هەر لەو کاتەدا کۆنگرە داوای لە کۆروکۆمەڵ و شەخسییەتەکانی لایەنگری حەق و عەداڵەت لە جیهان و بەتایبەتی لە ئورووپادا کرد کە هەموو نفووز و ئێعتیباری خۆیان لە لای دەوڵەتی ئەڵمان بەکار بەرن بۆ ئەوەی دادگای میکۆنووس بە دوور لە هەر چەشنە دەستتێوەردانێک رەوتی سروشتیی تێپەر بکا و رێگا نەدرێ جارێکی دیکە عەداڵەت فیدای بەرژەوەندییە بازرگانی و دیپلۆماسییەکان بکرێ.

**سەبارەت بە ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی عەرەبیدا**

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکرات لە باسی وەزعی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەرنجێکی تایبەتی دایە مەسەلەی وتووێژەکانی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلدا. لەو بارەیەوە خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ریگا، رەوتی جێگرکردنی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی عەرەبیدا بەرەوپێش چووە.
کۆنگرە لە باری مەسەلەی فەلەستینەوە، ئیمزای رێککەوتننامەی «غزە- اریحا»ی بە هەنگاوێک بەرەو وەدیهێنانی مافە رەواکانی خەڵکی فەلەستین دانا و ئازایەتیی «یاسر عەرەفات»، سەرۆکی رێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین و «ئیسحاق رابین»، سەرۆک وەزیری ئیسرائیلی بە هۆی بنەڕەتیی وەدیهاتنی ئەو سەرکەوتنە زانی. ئەو دوو رێبەرە لەگەڵ هەموو فشارێک کە لەلایەن توندڕەوانی فەلەستینی و ئیسرائیلییەوە لەسەریان بووە، هەوڵ و تەقەلای ئاشتیخوازانەیان درێژە داوە و هەر بۆیەش بوو کە پێکەوە خەڵاتی ئاشتیی «نۆبێل» یان پێ درا.
کۆنگرەی دەیەم هەروەها رێککەوتننامەی نێوان ئوردۆن و ئیسرائیلی بە شتێکی موسبەت و بە هەنگاوێکی بەکەڵک لە پێناوی سەقامگیر کردنی ئاشتی دانا و هیوای خۆی دەربڕی کە وتووێژی نێوان سووریە و ئیسرائیلیش بە ئاکامی دڵخواز بگا و بەزوویی ئاشتییەکی عادڵانە و بەردەوام لە ناوچەدا جێ بگرێ.
لە روانگەی کۆنگرەی دەیەمی حیزبەوە بێجگە لەوە کە وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی فەلەستین و جێگربوونی ئاشتی لە ناوچەی گرینگی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەگەڵ بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربارەی مەسەلەی ئاشتی و مافی نەتەوایەتیی گەلانەوە رێک دەکەوێ، سەرکەوتنی رەوتی ئاشتی و بەتایبەتی دابینبوونی تەواوی مافەکانی گەلی فەلەستین دەتوانێ مەسەلەی کورد لە ناوچە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا زەقتر بکاتەوە.
کۆنگرەی دەیەم جارێکی دیکە هەوڵ و تەقەلای کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لەسەر رێگای بەرەوپێش چوونی رەوتی ئاشتی مەحکووم کرد و هیوای خۆی دەربڕی کە لایەنەکانی وتووێژی ئاشتی پێکەوە و بە هاوکاریی یەکتر پیلانەکانی رێژیمی ئێران بۆ پێشگیری لە سەرکەوتنی ئەو وتووێژانە پووچەڵ بکەنەوە.

**دەربارەی هیندێ کارەساتی ئینسانی**

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای باس و لێکۆڵینەوەی وەزعییەتی سیاسیی جیهان و هەلومەرجی ژیان و خەباتی گەلانی زۆرلێکراو، سەرنجێکی تایبەتی دایە ئەو کارەساتە ئینسانییانە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان ڕوویان داوە:

– کۆنگرە نارەحەتی و دڵگرانیی خۆی لەو کوشتارە بێبەزەییانە دەربڕی کە ساڵی ڕابردوو لە ڕواندا ڕووی دا. لەو کارەساتە ئینسانییەدا نیزیکەی نیو میلیۆن کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە قەلاچۆ کران و بە میلیۆنیش ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون. کۆنگرە وێڕای هاودەردەی لەگەڵ خەڵکی ڕواندا لە کۆمەڵگەی جیهانی و دەوڵەتان و کۆڕوکۆمەڵە خێرخوازەکان داوا دەکا بۆ سارێژ کردنەوەی برینی ئەو خەڵکە بەڵالێدراوە و گەڕانەوەی وەزعی ئاسایی بۆ وڵاتەکەیان هاوکاری بکەن و ئەو میللەتە لەو ڕۆژڕەشی و مەینەتییە نەجات بدەن.

– لە پاش لێکهەڵوەشانی شووڕەوی و گۆڕانی سیستمی سۆسیالستی لە ئورووپای ڕۆژهەلات تا ئێستا شەڕێکی ڕەگەزپەرستانە لە یوگوسلاویی پێشوو بە دژی موسوڵمانانی بۆسنی و هەرزەگوین لە ئارادایە. بەداخەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێرەش نەیتوانیوە کۆتایی بە میحنەتیی ئەو خەڵکە بێنێ و خەڵکی بۆسنی و بەتایبەتی دانیشتووانی سارایێو لە مەترسی مەرگ وماڵوێرانی ڕزگار بکا.

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکرات بەدڵەوە ئاواتەخوازە کۆمەڵگەی جیهانی هەڵوێستێکی لیبراوانە لە خۆی نیشان بدا و خەڵکی بۆسنی لە مەترسیی قەتڵوعام و لەنێو چوون ڕزگار بکا.

– بۆ چەند مانگ دەچی کە ئەرتەشی ڕووسیە شەڕێکی زاڵمانە و نابەرابەری بە دژی خەڵکی چیچان دەست پێ کردووە. لەو شەڕەدا ئەرتەشی ڕووسیە تانگ و تۆپ و فڕۆکە و هەموو چەشنە چەکێکی ڕووخێنەری بێبەزەییانە بە دژی خەڵکی بێدیفاع بەکار هێناوە. تا ئێستا بەدەیان هەزار کەسی لێ کوشتون و بە سەدان هەزاری لێ بێخانەولانە کردوون. جێگای داخە دەوڵەتە مەزنەکان بەو بیانووە کە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی نێوخۆیی ڕووسیەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەرامبەر بەو کارەساتە ئینسانییە بێ تەفاوەت دانیشتوون. کۆنگرە لە هەموو دەوڵەتانی بە دەسەڵات داوا دەکا هەموو نفووزی خۆیان بە کار بێنن بۆ ئەوەی دەوڵەتی ڕووسیە دەست لە قەلاچۆی خەڵکی چیچان هەڵگرێ و گیروگرفتی نێوان ڕووسیە و چیچان بە ڕێگای ئاشتیخوازنەدا چارەسەر بکا.

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### پەیامی کۆنگرەی دەیەمی حیزب بۆ خەڵکی کوردستان

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەی خۆی پێشکەشی ئێوەی خۆڕاگر دەکا، کە لە ماوەی شازدە ساڵی ڕابردوودا شانبەشانی تێکۆشەرانی حیزب بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیی گەلەکەمان تێکۆشاون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک پێشڕەوی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندوون و سیاسەتەکانی خۆشی لە خزمەتی وەدیهێنان و دابینکردنی ئەو داخوازە ڕەوایانەدا داڕشتوون. ئەندامان و کادرەکانی حیزب هەموو هێز و توانای خۆیان دەکار کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئاواتە پیرۆزەکانی ئێوە وەدی بێنن و لەو ڕێگایەدا بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی حیزب گیانی خۆیان بەخت کردووە.

پشتیوانی و هاوکاریی بێدرێغی ئێوە نەخشێکی گرینگ و بەرچاوی لە بەرەو پێشبردن و سەرکەوتنی بزووتنەوەدا هەبووە و هەیە.

ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان لە ماوەی شازدە ساڵی ڕابردوودا نیشانیان داوە کە بێجگە لە گرتن و کوشتن و لێدان و سەرکوت، هیچ دیارییەکی دیکەیان بۆ خەڵک پێ نییە. ئەمڕۆ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی قەیرانێکی گشتیدایە و لەگەڵ دەیان گیروگرفتی جۆراجۆر و لەچارەنەهاتوو دەستەویەخەیە، بەجێیە کە هەموو پێکەوە ئەرکی مێژوویی خۆمان بەجێ بگەیەنین و بۆ بەهێزکردنی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان و لێکگرێدانی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران تێبکۆشین. ئەزموونی خەباتی گەلانی ژێر ستەم نیشانی داوە کە هەر کات کۆمەڵانی خەڵک لە دژی ڕێژیمە دیکتاتۆر و جینایەتکارەکان ڕاپەڕیون، بناغەی دەسەڵاتی جەهەننەمیی ئەو چەشنە حکوومەتانەیان تێکڕووخاندوە. بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم هەلومەرجە ناسکەدا دەبێ خەبات و تێکۆشانی خۆیان، لە شکڵ و شێوە جۆراجۆرەکاندا بە دژی ڕێژیم توندتر کەن و لەو چارەنووسە ڕەشە کە چاوەڕوانی ڕێژیمە، نیزیکتری کەنەوە.

ئێمە بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵێنتان لەگەڵ تازە دەکەینەوە کە ڕێگای خەبات و تێکۆشان تا وەدیهێنانی داخوازە ڕەواکانی ئێوە درێژە پێ دەدەین و بە پتەوکردنی زیاتری ڕیزەکانمان، دەبینە مایەی دڵگەرمیی زۆرتری ئێوە. ئێوەش لەسەرتانە یەکیەتیی و یەکپارچەیی خۆتان بپارێزن و بە وشیارییەکی تەواوەوە بەرەنگاری پیلانە گڵاوەکانی ڕێژیم ببنەوە.

سەرکەوتن هەر بۆ خەباتی ڕەوامانە.

***

**پەیامی کۆنگرەی دەیەمی حیزب بۆ گەلانی ئێران**

گەلانی ئازادیخوازی ئێران!

بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەرمترین سڵاوی خۆیان پێشکەشی ئێوە دەکەن و سەرکەوتنتان لە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی دێموکراتدا بەئاوات دەخوازن.

ئێوە بەباشی ئاگادارن کە شازدە ساڵە گەلی کورد و بە تاوانی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، بە دڕندانەترین شێوە کەوتۆتە بەر پەلاماری هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی و بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی ڕێبەر و پێشڕەوی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، شانازی بە خۆیەوە دەکا کە پاش ١٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆنەپەرستان، ئاڵای خەباتی گەلی کوردی هەروا بەرز و شەکاوە ڕاگرتووە و کوردستانی کردۆتە سەنگەرێکی گەورە و لەشکاننەهاتووی خەبات بۆ دێموکراسی و ئازادی.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بە درێژایی تەمەنی پڕ لە شەرم و شوورەیی خۆی بێجگە لە شەڕ وماڵوێرانی و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات، بێجگە لە حەپس و ئەشکەنجە و ئێعدام و گرتن و ڕاونان، بێجگە لە بێکاری و گرانی و بێجگە لە هەژاری و مەینەتبەشی و دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی و، بێجگە لە سەرکوت و زەبروزەنگ، دیارییەکی دیکەی بۆ گەلانی ئێران پێ نەبووە؛ ئەمڕۆ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لەگەڵ قەیران و گیروگرفتی جیددی دەستەویەخەیە و لە ئاستی نێونەتەوەیشدا لەژێر فشاری بیروڕای گشتی و تەنانەت بەشێک لە وڵاتە گەورە و خاوەن نفووزەکانیشدایە. بەو حاڵەش ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان هەروا توند بە کورسیی دەسەڵاتەوە نووساون و لە هەوڵ دان ڕێژیمەکەیان بەسەر پێوە ڕاگرن و بە زۆری سەرنێزە درێژە بە دەسەڵاتیان بدەن.

بە بڕوای ئێمە ئەوە کە ئیمکانی بۆ درێژەکێشانی تەمەنی ڕێژیم و بەسەر پێوە مانەوەی کۆماری ئیسلامی ڕەخساندوە، بریتییە لە کەمبوونی یەکیەتیی و هاوکاریی بەکردەوە لە نێوان گەلانی ئێران و هێزە خەباتگێڕەکانیاندا. بۆیە جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییە وەبیر دێنینەوە کە یەکیەتی و هاوکاریی بەکردەوەی نێوان گەلانی ئێران و هێزە خەباتگێڕەکان تاقە زامنی ڕووخاندنی کۆپەرستی و دەستەبەر کردنی دێموکراسی لە ئێران دایە. ئاشکرایە کە دابینبوونی دێموکراسیش زامنی وەدیهاتنی داخوازە ڕەواکانی گەلانی ژێرستەمی ئێرانە.

حیزبەکەمان، خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی ئەو گەلە بە بەشێک لە خەباتی گەلانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک دەزانێ و لە داهاتووشدا بۆ لێکگرێدانی هەرچی زیاتری خەباتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری و خەباتی گەلانی

ئازادیخوازی ئێران، هەوڵ و کۆششی پتر لە خۆی نیشان دەدا.
بژی هاوخەباتیی گەلانی ئازادیخوازی ئێران بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆری و بنیاتنانی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک و سەربەخۆ، ئێرانێک کە لەودا گەلانی ژێر ستەم بە مافە ڕەواکانیان بگەن.

***

**پەیامی کۆنگرەی دەیەمی حیزب بۆ حیزب و ڕێکخراوە دێموکرات و ئازادیخوازەکان**

بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران (کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب) گەرمترین سڵاوی خۆیان پێشکەشی ئەو حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییانە دەکەن کە دژی ڕێژیمی ئاخوندی لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسیدا خەبات دەکەن و بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەر کاری نیزامێکی دێموکراتیک لە وڵاتەکەماندا.

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە دچوو لە لایەک وڵاتەکەمان و گەلانی وڵاتەکەمان لەژێر دەسەڵاتی زاڵمانەی ڕێژیمی ئاخوندیدا، لە هەموو بارێکەوە لە وەزعێکی نالەبار و دڵتەزێن دان و لە لایەکی دیکە ڕەوتی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەگرتووی دێموکراسی لە ڕادەی جیهانیدا چوارچێوەیەکی گەورەتری بە خۆوە گرتووە و پێویستیی وەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتانەوە زیاتر لە جاران پشتیوانیی لێ دەکرێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ڕێژیمی ئاخوندی وەک پێکهێنەری ئەسڵیی ئەو وەزعە دڵتەزێنە بە شێوەیەکی گشتی لەنێو خۆی وڵاتدا کەوتۆتە بەر ڕق و بێزاریی هاونیشتمانان و لە دەرەوەش وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و پێشێلکەری مافی مرۆڤ، تێرۆریست و دوژمنی ئاشتی ناسراوە. بەو حاڵەش چاوەڕوانیی ئەوە کە ئاخوندەکان عاقڵ ببن و خۆیان لەگەڵ وەزعی ئێستای دنیا بگونجێنن و واز لە دوژمنایەتیی گەلانی ئێران بێنن، نەک هەر نابێتە هۆی ڕزگاریی وڵات و وەدیهاتنی دێموکراسی، بەڵکوو ڕێگا بۆ درێژبوونەوەی تەمەنی پڕ لە شوورەیی سەرەڕۆیی ئاخوندی خۆش دەکا.

بۆ ڕزگاریی وڵات و وەدیهاتنی دێموکراسی لە ئێراندا ڕێگایەکی زۆر دژوار لە پێشدایە. ڕێگایەک کە پێویستە خەڵکی ئێران بۆ خۆیان و لە پێشەوەی ئەواندا حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان بیپێون سروشتییە کە بۆ بڕینی ئەو ڕێگایە، یەکیەتیی، هاوکاری، هاوهەنگاوی و هاوخەباتیی هێزە ئازادیخوازەکان بنەڕەتیترین مەرجی سەرکەوتنە. وەفاداریی قووڵ بە دێموکراسی بە مانا ڕاستەقینەکەی لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان ڕێگا بۆ هاوکاری، یەکیەتی و هاوخەباتیی نێوان ئەوان خۆشتر دەکا و هەلومەرج بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشی خەڵکی وڵاتەکەمان هەرچی زیاتر ئامادە دەکا.

بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە قووڵی باوەڕیان بەو هەیە کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەتوانێ لە چوارچێوەی

ئێرانێکی دێموکراتیکدا وەدی بێ. هەر بۆیە کۆنگرەی دەیەمی حیزبەکەمان جارێکی دیکە دروشمی ستراتیژیی حیزب، واتە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانیان تەئیید کردەوە و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخواز و دێموکراتەکانی ئێرانی بە پێویست زانی. لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ لای هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کە بە دڵەوە بۆ ڕزگاریی ئێران لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و وەدیهاتنی دێموکراسی ڕاستەقینە خەبات دەکەن و ئاواتی پێکهێنانی ئێرانێکی ئازاد، ئاوەدان و دوور لەهەر چەشنە فەرق و جیاوازییەکیان هەیە، درێژ دەکا.

هەرچی پتەوتر و بەرینتر بێ هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانی ئێران،
برووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

***

**پەیامی کۆنگرەی دەیەمی حیزب بۆ زیندانییانی سیاسی**

خەباتگێرانی بەندکراو!

ڕۆڵە نەبەز و خۆڕاگرەکانی گەلانی ئێران!

بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تریبوونی کۆنگرەوە گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێرانەتان پێشکەش دەکەن. خۆڕاگری و ورەی بەرز و شۆڕشگێرانەتان لە چاڵەڕەشەکانی کۆنەپەرستیدا جێگای فەخرو شانازییە و ئیلهامدەری شۆڕشگێران بۆ خەبات و تێکۆشان بە دژی کۆنەپەرستی و ئیستبداد و لە پێناوی ئازادی و دێموکراسیدایە.

حیزبی ئێمە هەمیشە دیفاع لە زیندانییانی سیاسی بە ئەرکێکی گرینگی سەرشانی خۆی زانیوە و تا ئەو جێیەی توانیویەتی، جینایەتەکانی ڕێژیمی ئاخوندیی دەرحەق بە وان و بە خەڵکی وڵاتەکەمان لەقاو داوە و لە قەدەر توانا هاواری زۆرلێکراویی قارەمانانی نێو زیندانی بە گوێی کۆمەڵانی خەڵک و بیروڕای گشتی دونیا گەیاندووە و لە داهاتووشدا، هاواری ئەو ڕۆڵە بەشەڕەفانە بە گوێی کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکانی جیهان دەگەیەنێ. ئەو ڕۆژە دوور نییە کە جامی سەبری خەڵکی وڵاتەکەمان پڕ بێ و تۆفانی ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵک، قەڵای زوڵم و ستەمی ئەژدەهاکی زەمانە تێک ڕووخێنێ و گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی و بە ئاوات و ئارەزووەکانیان بگەن.

بۆ جارێکی دیکەش سڵاو دەنێرین بۆ خۆڕاگری و قارەمانەتیتان و سەری ڕێز و حورمەت بۆ جوامێری و ورەی بەرزتان دادەنوێنین. سڵاوێکی تایبەتیش دەنێرین بۆ ئەو تێکۆشەرە نەبەزانەی حیزب کە سووچی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان کردۆتە قوتابخانەی وەفادارمانەوە بە حیزب و ئامانجە پیرۆزەکانی گەل، لە زرەی زەنجیر دڵتان نالەرزێ و دەرسی ئیمان و وەفادارمانەوە بە ئامانجی گەل و حیزبمان فێر دەکەن.

***

## پەیامی کۆنگرەی دەیەمی حیزب بۆ بنەماڵەی شەهیدان

بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «کۆنگرەی ٥٠ ساڵەی حیزب» لە بەرامبەر گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و خودموختاریی گەلی کورددا، بە حورمەتەوە سەر دادەنوێنن و سڵاو و ڕێزی خۆیان پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکانی حیزب و گەل دەکەن.

ڕابردووی پڕ لە شانازیی حیزبە شۆڕشگێڕەکەمان، بەرهەمی گیانبازی و فیداکاریی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردە، ئەوانە کە لە پێناوی ئازادی‌دا، بە سەخاوەتەوە گیانی شیرنیان بەختی وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی کورد کردووە. هەربۆیە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان، کە ڕۆڵەکانیان کردۆتە قۆچی قوربانیی ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەیان، حەقیانە شانازی بە خۆیانەوە بکەن.

بەم بۆنەیەوە تێکۆشەرانی ڕێی ئازادیی گەلی کورد، وێڕایی دەرس‌وەرگرتن لە نەبەزی و فیداکاریی شەهیدان، بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کە لەگەڵ خوێنی شەهیدە نەمرەکان بە مەبەستی درێژەپێدانی ڕێگایان، پەیمان نوێ بکەنەوە و بەڵێن بدەن کە تا سەرکەوتن و تا گەیشتن بە ئامانجی شەهیدان لە هەوڵ و تێکۆشان نەوەستن.

کۆنگرەی دەیەمی حیزبەکەمان بە ڕێز و ئیحترامەوە، دەڕوانێتە بنەماڵەی شەهیدان و بە ئەرکی سەرشانی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێ کە یار و یاوەری بنەماڵەی شەهیدان بن. هیوادار و چاوەڕوانین کە هەموو لایەک لە بەجێ‌هێنانی ئەو ئەرکە گرینگە و نیشتمانییەدا سەرکەوتوو بن. ئەوە نیشانەی وەفاداری و ئەمەگناسی بەرامبەر بە ئاوات و ئامانجی شەهیدانی حیزب و گەلە.

نەمری بۆ گیانی پاکی شەهیدان و شانازی بۆ بنەماڵە بەڕێزەکانیان.

***

## پەیامی کۆنگرەی دەیەمی حیزب بۆ ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست

دۆستانی بەڕێز!

پەیامی گەرمی ئێوە کە بۆ کۆنگرەی دەیەمی حیزبەکەمان «کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب» ناردرابوو، بە ئاگاداریی بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە گەیشت و بوو بە هۆی دڵگەرمیی زیاتری ئەوان و بە نیشانەی نیزیکبوونەوەی زیاتری حیزبەکەمان لە بنەماڵەی گەورەی سیاسیی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دانرا.

پێویستە ڕابگەیەنین کە کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرلەنوێ پێی لەسەر دروشمی ناسراوی حیزب یانی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان» بە مەبەستی وەدی‌هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا داگرتەوە و حیزبی دێموکرات خەباتی سیاسیی خۆی بۆ دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک لە ئێراندا و ڕێزدانان بۆ نێوەڕۆکی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

درێژە پێ دەدا.

بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبەکەمان دڵنیان کە پشتیوانیی ئێوە دۆستانی بەڕێز لە بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران عامیلێکی لەباری دەرەکی لە سەرکەوتنی ئێمەدایە. دیارە ئاگاداریشن کە حیزبی ئێمە لە ساڵی ١٩٩٢- وە بەرەسمی داوای کردووە لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستدا بە ئەندام وەربگیرێ و ئەو داوایەی پێشکەشی ئۆرگانە بەرز و خاوەن سەلاحییەتەکانی ئەنترناسیونالٚ سۆسیالیست کردووە. هیواداریـن بە قبووڵی ئەندامێتیی ئێمە لە کۆنگرەی داهاتوومان‌دا دەرگایەکی دیکە نێونەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیکی گەلی کورد لە ئێران بکرێتەوە.

ئێمە دڵنیاین کە بەباشی دەتوانین لەگەڵ یەکتر بە مەبەستی دیفاع لە دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هاوکاریی بکەین.

لە لایەن بەشدارانی کۆنگرە، هەروەها لە لایەن ڕێبەرایەتیی نوێی حیزبەکەمانەوە سڵاوی گەرم و دۆستانەتان پێشکەش دەکەین و سەرکەوتنتان لە دیفاع لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتیی گەلانی زۆرلێکراودا بۆ بەئاوات دەخوازین.

***

# بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی
# کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستان- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە بارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ پەسەندکراوی کۆنگرەی دەیەم
- پەیامەکانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر

## کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)
## (بانەمەڕی ١٣٧٣)

کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) مانگی بانەمەڕی بانەمەڕی ١٣٧٣ (١١-١٥ی بانەمەڕ) لە شاری ڕانیە لە باشووری کوردستان پێکهات.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ):**

١) جەلیل گادانی (سکرتێر)، ٢) حسن ڕەستگار (جێگر سکرتێر)، ٣) هاشم کەریمی، ٤) فەتاح کاویان ، ٥) حوسین مەدەنی، ٦) فەیسەڵ ئیراندۆست، ٧) نەبی قادری، ٨) عوسمان ڕەحیمی، ٩) کەماڵ کەریمی، ١٠) سەعید بەگزادە، ١١) ئەبووبەکر ڕاد، ١٢) مەلا خدر عومەرزادە، ١٣) خالید حەسەنپوور، ١٤) سەرهەنگ قادری، ١٥) هاشم ڕۆستەمی

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ):**

١) جەلیل گادانی، ٢) حسن ڕەستگار، ٣) فەتاح کاویان، ٤) هاشم کەریمی، ٥) حوسێن مەدەنی

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ):**

١) سەیدبرایم کەریمی، ٢) سیروان حەفیدی، ٣) هەمزە چهرەگشا (مامۆستا بێبەش)، ٤) محەممەدئەمین ڕەشیدی

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)**

١) سەیدعەبدوڵلا حوسێنی، ٢) خالید وەنەوشە، ٣) خدر محەممەدپوور (مەرەسەنە)، ٤) ناسر پیرانی، ٥) قاسم قازی، ٦) سالح ڕەبەتی، ٧) جەعفەر مەنگوڕی

***

## ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی ناوەندی
## بەبۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی دەهەمی حیزب

هاووڵاتییە بەڕێزەکان!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

ئەو ئاڵوگۆڕە چاوەڕواننەکراو و گشتی لایەنانەی کە پاش لێکهەڵوەشانی فیدراسیۆنی سۆڤییەت و تەواوبوونی سەردەمی شەڕی سارد لە گۆڕەپانی جیهان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە کوردستاندا هاتوونەتە گۆڕێ، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیەکی ورد و هەموو لایەنەی دەویست بۆ ئەوەی کە لەژێر تیشکی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیەکی ئەوتۆدا حیزبی ئێمە وەک یەکێک لە هێزە هەڵسووڕەکانی سیاسی لە ڕادەی بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی خەڵکی کوردستاندا بە سەر سیاسەت، ڕێباز و هەڵوێستەکانی خۆیدا بچێتەوە و لە هەر زەمینەیەکدا بڕیاری پێویست بدا و تاکتیکی گونجاو دەگەڵ ئەم وەزعە نوێیە هەڵبژێرێ. پێکهاتنی کۆنگرەی دەهەم کە بەگوێرەی ئەساسنامەی حیزب هەر دەبوو پێکهاتبا، وەڵامێکیش بوو بەو پێویستیانە کە ڕەنگدانەوەی وەزعییەتی ئێستان. بۆیە هەر دوابەدوای تەواوبوونی کاری کۆنفرانسی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب و کۆتایی کاری کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی لە هەموو بارێکەوە لە سەعاتی ۲:۳۰ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یازدەی بانەمەری ۷۳ کۆنگرەی دەهەمی حیزب بە بەشداری گشت نوێنەرانی هەڵبژێراوی ئۆرگانەکان پێک هات. خوێندرانەوەی سروودی میللیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ئێران و کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی حیزب لە پێش هەموویانەوە بۆ ڕێزدانان لە قافڵەسالاری شەهیدان، پێشەوا قازی محەممەد، سەرەتای بەرنامەکانی کۆنگرە بوو. پاش کرانەوەی کۆنگرە لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی بەناوبانگ و بھڕابردووی حیزب و پێشکەش ڕاپۆرتی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی کومیتەکە، کۆنگرە بە شێوەی ڕەسمی کاری خۆی دەست پێ کرد.

هەوەڵین بەش لە بەرنامەی کاری کۆنگرە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بوو کە لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزب، کاک جەلیل گادانییەوە خوێندرایەوە. لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیدا وەزعی جیهان، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کوردستان و، گشت ئەو ئاڵوگۆڕە گرینگانەی کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی نۆهەم و دەهەمی حیزبدا، لە ڕادەی جیهانیدا ڕوویان داوە، وەزعیەتی شپرێوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گشت بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیدا، تاکتیکەکانی ئەم ڕێژیمە لە کوردستانی ئێران و لە وڵاتانی دراوسێدا، هەروەها چالاکییەکانی حیزب لە زەمینەی تەشکیلاتی، نیزامی و سیاسی لە ماوەی باسکراودا و فەعالییەتی دیپلۆماتیک و پێوەندییەکانی حیزب دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان بە وردبینییەکی تەواوەوە شی کرابوونەوە.

دوای خوێندرانەوەی ڕاپۆرت، کە نزیکەی سێ سەعاتی خایاند، بەشی دووهەمی بەرنامە، کە بریتی بوو لە قسەکردنی نوێنەرانی کۆنگرە لەسەر ڕاپۆرتەکە، دەستی پێ کرد. لەو بەشە لە کاری کۆنگرە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان چالاکانە بەشدارییان کرد و ڕوانگە و بیروبۆچوونی خۆیان لە پێوەندی دەگەڵ بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕاپۆرتەکە ڕاگەیاند. دوای

تەواوبوونی قسەی نوێنەران، کە لەسەر یەک ٥ جەلەسەی خایاند، ڕاپۆرتەکە بە هێندێک ئاڵوگۆڕەوە، بە دەنگی یەکپارچەی نوێنەران پەسند کرا.

پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزب، کە پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە هێندێک لە خاڵەکانی لە لایەن کومیتەی تایبەتی ئەم بەشە پێشنیار کرابوو، بەشی دووهەمی بەرنامەی سەرەکیی کاری کۆنگرە بوو. لەو بەشەشدا ئەو بابەتانەی پێشنیار کرابوون بگۆڕێن لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بە وردبینییەوە کەوتنە بەر باس و لە سەر هەر بابەتێک بیروبۆچوونی ئەندامان پێشکەش بە کۆنگرە کرا. دوای تەواوبوونی باسەکان، بەرنامە و پرۆگرامی تازەی حیزب، بە لەبەرچاوگرتنی هێندێک پێشنیار و ڕاسپاردەی ئەوانەی قسەیان لەسەر کردبوو، لە لایەن زۆربەی نیزیک بە تەواوی نوێنەرانی کۆنگرەوە پەسند کرا.

سێهەمین بەش لە بەرنامەی کاری کۆنگرە پەسندکردنی بڕیارنامەیەک بوو کە لە چەندین خاڵ پێک هاتبوو. بەشێک لە خاڵەکانی ئەو بەرنامەیە لە لایەن کومیتەی پەیڕەو و پرۆگرامەوە ئەمادە کرابوون و باقی خاڵەکانی لە بڕیارنامەی ئۆرگانەکانی نێوخۆ و کومیتەکانی دەرەوەی وڵات وەرگیرابوون. لەو بەشەش لە کاری کۆنگرە، هەروەک بەشەکانی دیکە، بەشدارکردنی چالاکانەی نوێنەران، کە لە فەزایەکی تەواو دێموکراتیدا بوو، بە ڕاستی مایەی سەرفیرازی بوو. بۆ هەر کام لە خاڵەکانی بڕیارنامە دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە وەردەگیرا و پەسند دەکران. تەواوەتیی بڕیارنامەکەش لەسەر یەک، بە لەبەر چاوگرتنی هێندێک دەستکاری، لە لایەن تەواوی ئەندامانەوە پەسند کرا.

شایانی باسە کە لە کاتی پێداچوونەوە و پەسندکردنی ئەو خاڵانەی کە بە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەپێناو وەدەستهێنانی مافە میللی و ئینسانییەکانیدا پێوەندییان هەبوو، نوێنەرانی کۆنگرە لەسەر پێویستیی پتەوترکردنی پێوەندیی حیزب دەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانییەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە لە خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا چالاکانە بەشدارن و هەروەها لە سەر توندوتیژترکردنی خەباتی هەمەلایانە هەتا تێک ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی پێیان داگرت. پێداگرتنێک کە لە دوو خاڵی بڕیارنامەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

چوارەمین بەشی سەرەکیی بەرنامەی کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی نوێ لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بوو. کاری هەڵبژاردنی ئەندامان و جێگرانی کومیتەی ناوەندی هەروەک شێوەی کۆنگرەکانی دیکە دەگەڵ گیروگرفتێکی ئەوتۆ بەرەوڕوو نەبوو؛ چونکە زۆربەی نزیک بە تەواوی کاندیدەکان لە کەسانی بەناوبانگی حیزب بوون و هەر ئەم مەسەلەش کاری هەڵبژاردنی بۆ نوێنەرانی کۆنگرە زۆر هاسان کردبۆوە.

پێویستە بڵێین کە دوابەدوای تەواوبوونی بەشی دووهەمی بەرنامەی کاری کۆنگرە و، لە دەرفەتی لەباردا و بە نێوبر دەیان پەیامی نێردراو بۆ کۆنگرە لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە و شەخسییەتە سیاسییەکان دۆستی حیزب دەخوێندرانەوە.

پاش کۆتایی هاتنی کۆنگرە، کاک جەلیل گادانی، بە شێوەیەکی کورت و جوان، وێرای ڕێزگرتن لە زحمەتەکانی ئەندامانی کومیتەی ئامادەکردن، بۆ هەموو ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەدا بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی حیزب و گەلی ستەملێکراوی کورد سەرکەوتنی بەئاوات خواست.

سەعاتی ١٠ی بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی پازدەی بانەمەر، دوای خوێندرانەوەی سروودی نەتەوایەتیی ‹‹ئەی ڕەقیب›› کۆنگرەی دەهەم بە سەرکەوتنەوە تەواو بوو.

**کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر**
**١٩ بانەمەری ١٣٧٣**

***

## ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەڕایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ کۆنگرەی دەیەم

هاوڕێیانی تێکۆشەر!
ئەندامە بەڕێزەکانی کۆنگرە!
میوانە خۆشەویستەکان!

ڕێگام بدەن بە نوێنەڕایەتیی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، وێڕای بەخێرهاتن کردنی هەموو میوانە بەڕێزەکان بۆ ئێوە ئەندامانی کۆنگرە، کە لە ئەستەمترین و دژوارترین ساڵەکانی ژیانی حیزبە خۆشەویستەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە ورەیەکی یەکجار بەرزەوە ئەرکی قورس و گرانی حزبیتان بە ئەنجام گەیاندوە و ئاڵای خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی ئێرانتان سەرکەوتووانە بەرز ڕاگرتوە، بۆ ئێوە کە لەم قۆناخە ناسکە لە مێژووی نەتەوەکەمان بە ئازایەتیی و پیاوەتییەکی کەموێنەوە لە بەرامبەر یەکێک لە ستەمکارترین دوژمنانی گشت گەلانی ئێران ڕاوەستاون. لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەم ڕیسالەتە پیرۆزە کە لەم کۆنگرەدا وەئەستۆی دەگرن، سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

جێگای خۆیەتی کە لەم کاتە خۆشە و لەم جێگا پڕشکۆیەدا یادی گشت شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب، بە تایبەت ئەو شەهیدانەی کە لە نێوان کۆنگرەی نۆهەم تا پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیە، لە خەبات دژی دوژمنان و لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجی لەمێژینەی گەلەکەمان دا، گیانی پاکیان لە دەست داوە، لە پێش هەموویانەوە، بە یادی شەهیدانی پایەبەرز، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، کاک عەلی کاشفپوور و کاک شاپوور فیروزی ڕێز بگرین و، بۆ جارێکی دیکەش دەگەڵ گشت ئەو شەهیدە سوورخەڵاتانە پەیمان نوێ کەینەوە کە هەتا ئەو ڕۆژەی خۆری ئازادی لە ئاسمانی ئێران و کوردستان دەدرەوشێتەوە و ئاڵای ڕزگاریی گەلەکەمان لە سەر لوتکەی کێوەکان دەلەرێتەوە، شێلگیرانە بە خەباتی پیرۆزمان درێژە بدەین.

هەروەها، بە پێویستی دەزانم کە لەم کاتە چارەنووسسازانەدا، کە قۆناخێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان دەست پێدەکا، بە هەموو ئەو بەندییە سیاسیيانەی کە لە چاڵە ڕەشەکانی سەرانسەری ئێران دا، دیلی دەستی کۆنەپەرستی و لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجە و ئازار و لە دژوارترین هەلومەرجدا، هەروا بە ئامانجی پیرۆزیان وەفادار ماونەتەوە و، هەروەها بە گشت ئەو بنەماڵانەی کە یەک-یان چەند- کەس لە ئازیزانیان لە خەبات بۆ ئازادیی ئێران و کوردستان شەهید کراون، لە ناخی دەروونەوە، سڵاو بنێرم.

لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرم و بە هەموو کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب و

بە گشت ئەو شێرە ژن و شێرە پیاوانەی کە لە ڕیزی ڕێکخراوە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکان دا و بەو پەڕی لەخۆبوردووییەوە، ساڵهای ساڵە بەرەنگاری کۆنەپەرستیی حاکم بوونەتەوە و، لەم ڕێگایەدا هەموو چەشنە مەترسییەکیان بە گیان و دڵ قبووڵ کردوە، بەڵام هەرگیز لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاون، گەرمترین و پاکترین ڕێز و سڵاوی خۆمیان پێشکەش دەکەم.

**هەڤاڵانی خۆشەویست!**

**ئەندامە بەڕێزەکانی کۆنگرە!**

کۆنگرەی دەیەمی حیزب لە هەلومەرجێک دا دەست پێدەکا کە لە ڕادەی جیهانییدا ئاڵوگۆڕی زۆر گەورە و یەکجار سەیر و سەمەرە ڕووی داوە، ئاڵوگۆڕێک کە هەتا چەند ساڵ لەمەوپێش کەم کەس هەبوون کە پێشبینییان بکا یان تەنانەت بە فکر و بیریان دابێ. ئەو ئاڵوگۆڕانە، کە هەروەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز، لە لایەکەوە بوون بە هۆی گۆڕانی سیمای سیاسیی بەشێکی گەورە لە جیهان و، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵوەشانی گشت هاوکێشە سیاسییەکان و تێکچوونی پارسەنگی هێزەکانیان بە دوای خۆیاندا هێنا، پارسەنگێک کە هەتا ماوەیەک لەمەوپێش لەسەر گۆڕەپانی گشتی لە ئارادا بوو. شتێکی کە زۆر بەڕوونی دێتە بەرچاو ئەمەیە کە هیچ شتێک لە جیهان نیە کە ڕاستەخۆ نەکەوتبێتە بەر لافاوی ئەو ئاڵوگۆڕانە یان بەرامبەر بە شەپۆڵەکانی ئەو بوومەلەرزە بە تەوژمەدا بە توندی ڕانەتڵەکابێ.

پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو ئاڵو گۆڕانە و وەرگرتنی ئاکامی «واقع بینانە» لەوان، چاوخشاندنەوە بە سەر ڕێبازە سیاسییەکاندا، هەڵبژاردنی تاکتیکی نوێ و دیاریکردنی شێوەکانی خەباتی حیزبایەتی لە پێوەندی دەگەڵ هەلومەرجی تازەی جیهان، ناوچە، ئێران و کوردستان ئەرکێکی قورسە کە لەم ڕۆژە چارەنووسسازانەدا کەوتۆتە سەرشانی بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە. لێکدانەوەیەکی کورت و لە هەمان کات دا بەدوور لە هەرچەشنە دەمارگرژییەک، لە کردنەوەی ئەو ڕێگا دژوار و پڕ لە مەترسییە کە ئەمڕۆ لە پێش گەلەکەمانە لە کوردستانی ئێراندا، بە بێ هیچ ئەم لاو ئەولایەک دەتوانێ بەباشی یاریدەمان بدا و بڕینی ئەم ڕێگایەمان بۆ سانا کاتەوە.

## ١- وەزعی جیهان

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە مەودای نێوان دوو کۆنگرەی نۆهەم و دەیەمدا، ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و هەمە- لایەنەی ئەوتۆ لە ڕادەی جیهانیدا ڕووی داوە کە هەتا چەند ساڵ لەمەوپێش بە فکر و بیری کەم کەسدا دەهات. لە پێشەوەی گشت ئەو ئاڵوگۆڕانە، ئەوەی کە وەک گرینگترین ڕووداوی ئەم چەرخە دەژمێردرێ،هەڵوەشانی فیدراسیۆنی گەورەی یەکیەتی سۆڤیەت، بە سەر بەخۆیی- گەیشتنی کۆمارەکانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز و کۆمارەکانی ڕۆخی دەریای باڵتیک و وەلاچوونی گەورە هێزی ڕۆژهەڵات لە سەر بەرزەکی ڕقەبەریی جیهانییە. ئەوەڵین ئاکامی ئەم ڕووداوە گەورەیە لە ڕادەی جیهانیدا، مانەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک تاکە ڕێبەری جیهانە کە دەکرێ بڵێین بەرهەڵستکارییەکی ئەوتۆ لە بەرامبەر خۆیدا نابینێ. گۆڕانی سیستەمی زاڵ بەسەر وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، گەڕانەوەی دامەزرانەوەی نیزامی سەرمایەداری لە بلۆکی ڕۆژهەڵات، هەڵوەشانی پەیمانی

وەرشۆ و، هەوڵدانی ئەندامانی پێشووی بۆ چوونە نێو پەیمانی ئەتلانتیکی شیمالی و، هتد. هەموویان ئاکامی هەڵوەشانی فیدراسیۆنی ناوبراون.

سەبارەت بەو فاکتۆرانە کە وێکڕا بوونە هۆی هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت، چ لەلایەن خاوەن نەزەرانی سیاسییەوە لە ڕادەی جیهانیدا و چ لە لایەن حیزبی ئێمە و باقی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، هەڵسەنگاندن، شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی یەکجار زۆر ئەنجام دراوە و، هەر کەسە و هەر هێزێک لە ژێر تەئسیری بیروباوەڕی خۆی و بە کەڵک وەرگرتن لە جیهان بینی تایبەتیی خۆی بۆ توێژینەوە لەم بارەوە دەست بە کار بووە. بەڵام، ئەوەی کە دەکرێ بڵێین گشت «تحلیل گران»ی بێلایەن لە سەر ی ساغ بوونەتەوە و ئێستا وەک واقعییەت قبووڵ کراون، بە کورتی بەم جۆرەن:

بەرتەسک کردنەوەی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئەستاندنەوەی دەسەلات لە شووڕاکانی هەڵبژاردەی خەڵک و پەنا بردن بۆ هەڵبژاردنی فەرمایشی، دامەزرانی ڕۆژ لە ڕۆژ توندوتیژی دیکتاتۆریی تاکەکەسی لە زەمانی «ستالین» دا و دوایەش لە دەورەی «برێژنێف» دا، پەرەستاندنی بۆرۆکراسی لە گشت دام و دەزگاکانی حیزبی و دەوڵەتیدا، وەڕێخستنی تەبلیغات و هەرچی گەورەتر نیشاندانی دەسکەوتە ئابوورییەکان و بڵاوکردنەوەی ئاماری بە درۆ، پاڵاوتن و وەدەرنانی موخالیفەکانیان لە ڕادەیەکی یەکجار زۆر و تیرباران کردنی هەزاران کەس لە توێژی دەرس خویندوو و شۆڕشگێڕ، ڕقەبەری کردن لەگەڵ ڕۆژئاوای سەنعەتی و کەوتنە نێو داوی پێشبڕکێی چەکو چۆڵ سازکردن دەگەڵ ئەمریکا بە نرخی قبووڵ کردنی خەرجیەکی لە ئەندازەبەدەر، یارمەتیدانی وڵاتانی وابەستە بە سۆڤیەت و بە بزووتنەوەکانی دژی ئیستعمار و سەربەخۆییخواز لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بە حیسێبی خراپ بوونی وەزعی ژیانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشی خەڵکی سۆڤیەت، دانی ئیمتیازی بێ جێ بە ئەندامانی حیزبی کە زۆربەیان نالایق و بێکارە بوون و، پەرەپێدان بە پارتیبازی و وەژێرباڵی خۆ گرتن و دەستە و تاقم دروست کردن و هەروەها کەمتەرخەرمی لە چارەسەرکردنی گیروگرفتە نەتەوایەتییەکان لە نێو خەڵکانی پێکهێنەری فیدراسیۆن و بایەخدان بە ویست و داخوازەکانی میللی و فەرهەنگی زۆربەی میللییەتەکان و کەمایەتییە میللییەکان و بە کەم گرتنی میللییەتەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە پان و بەرینە لە بەرامبەر ڕووسەکان دا و، زۆر فاکتۆری ورد و درشتی دیکە، هەموو تێکڕا چارەنووسێکیان بۆ گەورە هێزی ڕۆژهەلات لە قەڵەمدا کە ئەمڕۆ هەموو کەس بە چاوی خۆی دەیبینێ.

بێجگە لە گشت ئەو هۆکار و فاکتۆرانەی باسیان کرا، عامیلێکی بنەڕەتیش دەبێ لەم پێوەندییەدا لە بەرچاو بگیرێ کە دەتوانین بڵێین گرینگترین فاکتۆر بووە لە جێگیر نەبوونی سۆسیالیزم لە فیدارسیۆنی سۆڤیەتدا. ئەو عامیلە، دواکەوتوویی وڵاتی ڕووسیەی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبر لە باری فەرهەنگ، زانست، سەنعەت، کشتوکاڵ و زاڵبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان بە سەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا بوو. بە کورتی شۆڕشی سوسیالستی، بەپێچەوانەی لێکدانەوەی زانایانی داهێنەری ئەم بیروباوەڕە لە وڵاتێکدا سەرکەوت کە لە زۆربەی نزیک بە تەواوی بوارەکانی ژیانیدا، وڵاتێکی دواکەوتوو بوو.

لە ئاخیرین ساڵەکانی ٨٠ دا، گۆرباچۆف و هاوبیرەکانی لە سەرەتادا بەرنامەکانی خۆیان بە ڕوحێکی نوێ هێنانەوە بەر ئۆرگانە دەوڵەتییەکان و زیندووکردنەوەی شووڕاکانی کرێکاران

و جووتیاران و وەگەڕ خستنەوەی دیموکراسیی سۆسیالیستی و هتد دەست پێکرد و دوای ماوەیەک، ئابووریی «متکی» بە زاریان هێنایە گۆڕێ، بەو هیوایە کە گیروگرفتە گرینگەکانی وڵاتی گەورە و پان و بەرینی خۆیان. ئەمجارە بە بەشداریی «دڵخوازانەی» خەڵک و بە کەڵکوەرگرتن لە یارمەتیی ڕۆژئاوا لە بوارەکانی زانست و ئابووری‌دا، چارە سەر بکەن، غافڵ لەوەی کە ئەو شەپۆلە بە تەوژمەی کە سەریهەڵداوە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەبێتە سێڵاوێکی ئەوەندە بەهێز کە ئاداری «وڵاتی شووراکان» لە سەر پاداری ناهێڵێ. تین و تەوژمی ئاڵوگۆڕەکان بە ئەندازەیەک بوو کە هەر وەک مشت لە چاو بدرێ، شیرازەی سیستەمی حاکم لەبەر یەک ترازا و نیزامی فرە حیزبی لایەنی قانوونی پەیدا کرد، حیزبی کومونیست هەڵوەشایەوە و غەیرە قانوونی ڕاگەیاندرا و، ئاڵای سووری شۆڕش جێگای خۆی داوە بە پەرچەمی سەردەمی تیزاریسم و چاردە کۆمار لە کۆمارەکانی پێک هێنەری یەکیەتیی سۆڤیەت بە سەربەخۆیی گەیشتن. گۆرباچۆف لە سەر تەختی دەسەڵات هێنرایە خوار و یەلتسین، بە جلو بەرگی بە ناو سەرسەختترین پارێزەری دیموکراسی و ئابووری بە پاڵپشتی بازاڕ، دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. بەم جۆرە. لە پڕ گەورە هێزی سۆڤیەت لە سەر بەرزەیەکی ڕقەبەریی سیاسی وەلا چوو، ئەمریکای سەرکەوتوو لە ململانەیەکی ٥٠ ساڵەدا وەک تەنیا گەورەترین هێز لە ڕادەی جیهانی‌دا مایەوە.

بەڵام، سەرەڕای گشت ئەو ڕاستییانە باسیان کرا، لە پێوەندیی دەگەڵ هەرچەشنە ئاڵو گۆڕێک کە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی‌دا دێتە گۆڕێ، ئەو فاکتۆرەی کە هەمیشە لە هەموو کار و کاردانەوەیەکدا نەخشێکی بەرچاو دەبینێ، «عنصر انسانی»یە. چونکە لە دوایین لێکدانەوەدا– بە چاوپۆشی لە نیزامە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و ئابووری– ئەوە ئەم«عنصر»ەیە کە لە سەر شێوەی بردنەپێشی کارەکان یان وەدواخستن و تێکدانی بەرنامەکانیان، تەئسیر دادەنێ.

حوکمێکی ئەوتۆ لە پێوەندیی دەگەڵ لەبەریەک هەڵوەشانی فیدراسیۆنی گەورەی یەکیەتیی سۆڤیەتیش دا بە تەواوی دروستە، بەڵام ئەم حوکمە هەرگیز بە مانای حاشاکردن لە واقعییەتە لەمێژینەکانی مێژوویی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، جوغرافیایی و فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی جۆراجۆری ئەو وڵاتەن پان و بەرینە نییە.

بەڵێ، بە هەرچی زیاتر توندوتیژبوونی ئاڵوگۆڕەکان، دەستە و تاقمی جۆراوجۆر، بە بیرو باوەڕی جیاوازەوە و هەروەها سیاسەت بازانی «حیرفەیی» و هەلپەرستەکان لە هەموو ڕەنگێک لە گشت لایەکەوە سەریان دەرێنا. لەم نێوەدا، یەلتسین، بە کەڵکوەرگرتن لە پشتیوانیی بە ئاشکرای ڕۆژئاوا و، عینوانی ئاڵاهەڵگری دوو ئاتەشەی ئازادی و دیموکراسی، نەخشی پێشەنگی وەئەستۆ گرت. ئەو هێشتا لە کاری وەدەرنانی گۆرباچۆف لە بەرزەکی سیاسەتی ڕووسیە ڕزگار نەببوو، کە دەگەڵ نەیارەکانی لە «دووما» دەست بە ئێخە بوو. ئەمجارە ناکۆکیەکانی نەک لە سەر سیستەمی سیاسی، بەڵکوو بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و کۆکردنەوەی لە دەستی سەرۆک کۆماردا بوو. لە سەریەک ڕاوەستانی بەلتسین و موخالیفەکانی لە پارلەمان، بە سەرۆکایەتیی «ڕۆسلان خاربولاتوف»، دەستی پێکرد و دژایەتییەکانی نێوانیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو توندوتیژ بوون ڕۆیشت. سەرەئەنجام، کار گەیشتە تێکهەڵچوونی چەکدارانە و هێزە چەکدارەکانی لایەنگری یەلتسین پارلەمانی وڵاتیان دایە بەر هێرش، پارلەمانێک بە پێی پرێنسیپ، بە تایبەت لە دەوریەک دا کە بە ناو دیموکراسی هاتۆتە

کایەوە دەبێ لە هەرچەشنە دەستدرێژی و بێ حورمەتییەک بپارێزرێ. هێرشکەران دوای کوشتنی ژمارەیەک لە موخالیفەکان، ئەوانی دیکەیان گرت و ڕەوانەی زیندانیان کردن. بەم جۆرە، یەلتسین، بە بیانووی پارێزگاری لە دێموکراسی، هەمان ڕێچکە و ڕێبازی هەڵبژارد کە فەرمانڕەوایانی پێشوو، ئەلکساندری دووهەم و نیکۆلای دووهەم، پێیدا ڕۆیشتوون، ڕێچکە و ڕێبازێک کە لەوانەیە، سەر لە دیکتاتۆری دەربێنێ، با لە جلوبەرگێکی دیکەش دابێ!

سەیر ئەوەیە: یەلتسین، کە بۆ گێڕانەوەی سیستەمی سەرمایەداری لە پاشماوەی فیدڕاسیۆنی ڕابردوودا و بۆ لێکهەڵوەشانی تەواوەتی دامودەزگای نیزامی ڕابردوو، لە هیچ هەوڵ و تەقەللایەک دریخی نەکردەوە و لەم پێناوەدا دەکرێ بڵێین بە تەواوی گوێڕایەڵی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بووە و بە قسەی ئەوان هەستاوە و دانیشتووە، بەو حاڵەش، بە پێچەوانەی وادە و بەڵێنییەکانی ڕۆژئاوا کە بۆ بازسازیی ڕووسیە پێیان دابوو، هەتا ئێستا یارمەتییەکی بەرچاوی پێنەکراوە. لە ئاکامدا، ئابووریی وڵات بەوپەڕی شپرزەیی گەیشتووە. ڕووبڵ، وەک دراوی وڵات، کە هەتا پێش بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی تازە، بایەخی ڕەسمی هێندێک لە دۆلار زیاتر بوو، بەشێوەیەک دابەزیوە کە ماوەیەکە هەتا ڕادەی ٣٢٠٠ ڕووبل بە دۆلارێک بایەخی هاتۆتە خوارە. بە واتایەکی دیکە ڕادەی ئاوسان لە ڕووسیە گەیوتە ١٦٠ هەزار لە سەد دا و لەوەش تێدەپەڕێ!

ئەگەر هەلومەرجی دەورانی تێپەڕبوون لە سیستەمی ڕابردوو و گەڕانەوە بۆ سەرمایەداری فاکتۆری سەرەکی لە پێکهێنانی ئەم وەزعە پڕکارەساتەدا بە حیسێب بێ ، دەوڵەتی یەلتسین خۆی و کارو کردەوە دیکتاتۆرانەکەشی کە لەم ماوەیەدا لە خۆی نیشان داوە دەبێ وەک هۆکارێکی زیانبار لەم پێوەندییەیدا لە بەرچاو بگیرێ. چونکە بە بڕوای زۆربەی خاوەن نەزەرە سیاسی یەکان - نەک ئەوانەی تەنیا و تەنیا لە خزمەت سیاسەت و مەبەستی تایبەت دان - بۆریس یەلتسین دەسەڵاتی سیاسی لە دەست خەڵک دەرهێنا، بەڵام لە سیاسەتەکانی خۆیدا دەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووە و بە وتەی یەکێک لە توێژەرە پایەبەرزەکانی هەفتەنامەی گاردییەن: « میراتی ساڵەکانی ٩٣- ١٩٨٥ لە ڕووسیە، ئەوە وردە وردە وەدەرکەوون. «طبر» ی نەخشی یەلتسین لەوەدایە کە کابرایەکی زۆر بە توانا و وێرانکارە لە کاتێک بە دەسەڵات گەیشتووە کە دروست کردن و ئاوەدانکردنەوە لە هەموو کاتێک پێویست تر بوو. ئاکامەکەی تراژیدییەکی دیکەیە لە ڕووسیە و کۆتایی هاتنی چوارەمین دەورەی ڕیفۆرم لەو وڵاتەدا *».

بەڵام، وڵامی ئەم پرسیارە زۆر دژوارە نییە کە لە کاتێکدا یەلتسین بۆ ئەو یارمەتییە ئابوورییانە بە تەواوی دژ داماوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆچی ئاوا دەستاودەست دەکەن؟ ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی، زەحمەتە بیانهەوێ کە دەوڵەتی ڕووسیە- کە تەنانەت دوای لێک هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و جیابوونەوەی چواردە کۆمار لەو وڵاتە، هێشتاش لە باری پان و بەرینیی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی گەورەترین دەوڵەتی جیهانە- بە چەشنێک بەهێزبێ کە سەر لەنوێ بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ خۆیان(ڕۆژئاواییەکان) بێتەوە مەیدان. لە ڕاستییشدا، ئەگەر فاکتۆری بنەڕەتی لە پێکهاتن و دەستپێکردنی ڕکابەریی لە نێوان ئەمریکا و شوڕەوی‌دا هەبوونی دوو سیستەمی جیاواز و دژبە یەک لەو دوو وڵاتەدا بوو، لەمەودوا قازانج و بەرژەوەندیی ئابووری و نەتەوایەتی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ڕکابەریەکی ئەوتۆ و، ئەمەش ڕاستیەکە هەرگیز دەگەڵ ستراتیژیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ناخۆێنێتەوە.

لە ئورووپای ڕۆژهەلات، پرۆسەی گۆڕانی سیستەم، دەورەی گەڕانەوە بۆ نیزامی سەرمایەداریی و، چارەسەرکردنی گیرو گرفتە نەتەوایەتییەکان بە تایبەت لەو وڵاتانەی دوو، یان چەند، نەتەوەیان تێدا دەژین- بە پێی لە سەرەوەبوونی پلەی زانیاریی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و، ڕیشەدار تر بوونی دێموکراسی و ڕادەی پێشکەتوویی سەنعەتی و ئابووریی، دەگەڵ دژوارییەکی کەمتر بەرەوڕوو بووە. باشترین نموونە لەم بارەوە فیدراسیۆنی چێکۆسلەواکی بوو کە بە شێوەیەکی بە تەواوی هێمنانە و بە بێ هەرچشنە شەڕوکێشەیەک، چیکەکان و سلۆواکەکان نیشتمانی خۆیان دابەش کرد. بەڵام، لە یوگۆسلاوی وەزعەکە بە تەواوی جیاوازیی هەبوو، لەوێ بە زۆر هۆیان، لێک- جیابوونەوە و ڕاگەیاندرانی سەربەخۆیی، بە تایبەت لە لایەن دوو نەتەوەی کروات و موسوڵمانەکانی بۆسنی، لە فیدراسیۆنی پێشوو کێشایە شەڕ و خوێن ڕشتنێکی پڕکارەسات لەو وڵاتەدا. بێجگە لە دوژمنایەتیی میللی و مەزهەبیی بە جێ ماو لە دەورانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەم بەشە لە باڵکان، هاوکاریی کرواتەکان دەگەڵ ئاڵمانی هیتلەری و گەلە جینایەتێک کە لە ماوەی شەڕی دووهەمدا لە دژی سیربەکان کردیان، دەست تێوەرادنی ئاخوندەکانی ئێران و هێندێک لەو دەوڵەتە کۆنەپەرستە عەرەبەکان لە کاروباری ئەو وڵاتە و دایەنی دنەدانی موسڵمانەکان بۆ لای کاروکردەوەی توندوتیژ، هەروەها پشتیوانی دەوڵەتی تورکیە بە هۆی پێوەندیی میللی و مەزهەبییەوە تا ڕادەیەکیش پشتگیریی ئاڵمان لە کرۆواتەکان، هەرکام بەنۆبەی خۆی و لە سەریەکیش لە هەڵایساندنی شەڕێکی خوێناوی و وێرانکاریی ئەوتۆدا دەستیان هەبوو کە بۆی هەیە ببێتە یەکێک لە پڕکارەساتترین ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم. تێکەڵاویی نژادی و هاوبەشی میللییەتەکانی سیرب و کراوت وبۆسنی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی بۆسنی و هێرزەگۆڤین و ژن و ژن خوازی، کە لە زۆربەی ناوچەکان دەگاتە ٤٧ لە سەدی دانیشتووان، هەمووی ئەوانەش دەبێ وەک گەلە فاکتۆرێک لە بەرچاو بگیرێن کە هەرچی زیاتر بوونەتە هۆی ئاڵۆزبوونی کێشەکە. بەڵام، ئەوەی کە لەم نێوەدا زیاتر لە گشت فاکتۆرێک بۆتە هۆی ئەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی گەورە بۆ کۆتایی پێ هێنانی بەو خوێنڕێژییە سامناکە زۆر بە جیددی دەسبەکار نەبن، یەکەم ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەرهەڵدانی ئیسلامێکی بناژۆ و توندڕەو لە نزیک وڵاتەکانیان دەترسێن و، دووهەم پشتیوانی ڕووسیە، بە عینوانی یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش، لە سیربەکان بووە. ڕابردووی سیربەکانیش وەک نەتەوەیەکی جەنگاوەر لە خەبات دژی ئەرتەشی ئاڵمانی هیتلێری دا، لە خۆبواردنی ڕۆژئاوادا تەئیسری هەبووە.

بێگومان، ئەگەر موسوڵمانەکانی بۆسنی ئەو ڕاستییانەیان لە بەرچاو گرتبا و بیانتوانیبا ئەو گیروگرفتانە پێش بینی بکەن، دەبوایە هەروەک خەڵکی کۆماری «مونتی-نیگرو» یان کردبا و، وەکوو یەکێک لە کۆمارەکانی پێکهێنەری فیدراسیۆنی یوگۆسلاوی مابانەوە و لە ڕوودانی کارەساتێکی وەها سامناک پێشگیری یان کردبایە. بەڵام، تەنانەت ئەم ڕاستییەشیان لەبەرچاو نەگرت کە سەربەخۆیی نەتەوایەتی، ئەویش لە ناوچەیەکی ئەوتۆ و ئەستەم و حەساس لە جیهاندا و لە دراوسێتی ئورووپای ڕۆژئاوا، بە ناچار دەبێ لە پشتیوانی گەورە هێزەکانی جیهان بەهرە مەند بێ. بەڵام، بەداخەوە نەیانتوانی ئەم واقعییەتە زەق و بەرچاوەش ببینن کە ناوچەی بۆسنی هێرزە گۆڤین مووزائیکێکی تێکەڵاوی ئەوتۆ لەگەل و نژادەکانە کە هەر

چەشنە هەوڵدانێک بەرەو یەکدەست کردنی ئەو ناوچەیە ئەگەر محاڵ نەبێ، بە بێگومان کارێکی یەکجار دژوارە. ئەمما، هەموو ئەو ڕاستییانەش ناتوانن ئەو هەمووە جینایەتە پاساو دەن کە سیربەکان بە تایبەت لە دژی موسوڵمانەکان کردوویانن، ئەو جینایەتانەی کە لە زۆر بارەوە کردەوە فاشیستییەکانی سەردەمی هیتلەر وەبیردێننەوە.

بیروبڕوای نژاد پەرستانە و فاشیزم ماوەی چەند ساڵە لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی سەریهەڵداوە. قەیرانی گشتیی سەرمایەداری و کەلک وەرگرتنی لە ڕادەبەدەر لە ئامراز یەکجار مۆدێرنەکان لە لایەن وڵاتانی سەنعەتی ڕۆژئاواوە لە زۆربەی بەشەکانی سەنعەت، کشتو کاڵ و خزمەتەکان دا و، هەروەها چوونەسەری لە ڕادەبەدری ژمارەی بیانییەکانی خەڵکی ئاسیا و ئەفریقا لە وڵاتانی ئورووپایی بوونەتە هۆی پەرەئەستاندنی بێکاریی بەربڵاو لەو وڵاتانە و زیادبوونی ژمارەی بێکارانی خۆوڵاتی، دیاردەیەک کە لە توندوتیژتر کردنی بیروباوەڕێکی ئەوتۆ و دژایەتیی دەگەڵ بیانییەکان نەخشی بێ ئەملاو و ئەولای هەبووە.

یەکی دیکە لە ئاکامەکانی هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت. هاتنە ئاوابوونی هەسارەی بەختی زۆربەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی بەستراوە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە چوار گۆشەی جیهان دا بووە. ئەو ڕێژیمانەی کە هەر کام بە شێوەیەک لە هەبوونی لەنگەری نێوان دوو گەروە هێزی جیهان بە قازانجی خۆیان کەلکیان وەردەگرت و بە خزانە- ژێر باڵی ئەم یان ئەو گەورەهێز، بە هەر جۆرێک بێ ژیانی خۆیان درێژە پێ دەدا. بەڵام، پاش یەک جەمسەری بوونی جیهان، ئەو تاقمەی سەر بە سۆڤیەت بوون لە پڕ بێ پشت و پەنا مانەوە و، تاقمەکەی دیکەش، کە تەنیا بە هۆی ڕەقەبەری دەگەڵ شۆڕەوی، ئەمریکای وادار کردبوو پشتیوانی یان لێ بکا. لە ناخافڵ هۆی هەبوونیان لە ئارادا نەما و دەکرێ بڵێین ڕاست ئەو چارەنووسەیان بەسەرهات کە بە سەر تاقمی یەکەمدا هاتبوو.

بڕان یان کەمبوونەوەی پشتیوانیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەو جۆرە ڕێژیمە ستەمکار و ئازادی- کوژانە و خستە ژێر گوشاری سیاسی و ئابووری یان- بە هێندێک جیاوازییەوە- لە ڕاستیدا هەمان دیاردەیە کە وەک شەپۆلی تازە هەستاوی دێموکراسیخوازی و دیفاع لە بزووتنەوە دێموکرات و ئازدیخوازەکان باسی لێوە دەکرێ، شەپۆلێک کە بەهێز. یان بێ هێزبوونەکەی، تا ڕادەیەکی زۆر لە پێوەندیی دەگەڵ قازانج و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاواوە دیاری دەکرێ.

دیارە ڕەنگدانەوەی وەزعی تازە و تەئیسری ئەم شەپۆلە نوێیە، لە گشت وڵاتی ژێردەستی دیکتاتۆریدا یەکسان نەبووە و، لەم بارەوە پێوەندیی تایبەتیی هەرکام لەو جۆرە ڕێژیمانە دەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا، لە سەر هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و، لە ڕێگای ئەوانەوە لە سەر ڕەفتاری ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانی، دەگەڵ ئەو ڕێژیمانە، تەئسیری داناوە.

شکستی ساندیستەکان لە هەڵبژاردنی گشتی لە نیکاراگوئە و هاتنە سەرکاری سۆسیال دێموکراتەکان، ئەگەر زۆرتر بە هۆی گەمارۆدرانی ئەو وڵاتە لە باری ئابووری- یەوە لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بووە، بەشێکیشی لە ژێر تەئسیری هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەتدا بوو.

بڕانی پشتیوانیی دەوڵەتی ئەمریکا لە خێمێرە سوورە- کان لە کامبوج و لە یونیتا (ڕێکخراوی ژێر ڕێبەرایەتیی جوناس ساویمی) لە ئانگولا و بانگ هێشتینان بۆ ئاشت-بوونەوە

دەگەڵ هێزە سیاسی یەکانی دیکەی وڵاتی خۆیان و، تەنانەت هەڵگیرانی گەمارۆی ئابووری لە سەر ویتنام- یش لە لایەن دەوڵەتی کلینتۆنەوە لەم دواییانەدا، دەبێ وەک گەلە ئاڵو گۆڕێک چاویان لێ بکرێ کە لە ئاکامی گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا لەم هەلومەرجە نوێ یەدا هاتوونەدی. بەڵام، ڕێبەرانیی خێمێزە سوورەکان و ڕێکخراوی یۆنیتا،،ئەویان لە ژێر تەئیسیری سیاسەتی لە ڕادەبەدەر چەپڕەوانە و ئەمیشیان بە هۆی دەمارگرژیی عەشیرەیی و لە ترسی ئەوە کە دەیزانی حیزبی حاکم (مەپلا) پێگەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتیی هەیە، هەردووک هێزیش (خێمێرەکان و یۆنیتا) کە نەیانتوانیبوو و نەیانتوانیوە لە وەزعی تازەی جیهان تێ بگەن، هەتا ئێستا بۆ ڕێککەوتن دەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە ملیان نەدواه. لە ئانگۆلا، پاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی گشتی، ساویمبی حازر نەبوو ئاکامی هەڵبژاردنە- کە قبوول بکا. چونکە بۆخۆی تێیدا شکستی خواردبوو. لە کامبوجیش، خێمێرە سوورەکان هەر حازر نەبوون لە هەڵبژاردن دا بەشداری بکەن. بەڵام، هەڵوێستی هەردووک لا بە کردەوە بە قازانجی هێزەکانی لایەنگری دێموکراسی و بە زیانی خۆیان تەواو بوو. چونکە لە هەلومەرجی ئێستای جیهاندا، هۆی بوونی ئەو جۆرە هێزانە ئەگەر بە تەواویش لە نێونەچووبێ، هەر نەبێ یەکجار کەم بۆتەوە.

ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست و ڕێبەرەکانی لە یەکیەتیی سۆڤیەتی ڕابردوو، بە درێژایی ساڵەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، بە تایبەتی لە ساڵەکانی سەرەتای حەفتاکان بەم لاوە، بە کەلک وەرگرتن لە تەبلیغات و بەکارهێنانی زەبرو زەنگ و ڕۆژ بە ڕۆژیش توندوتیژتر کردنیان، سەر پۆشیان لە سەر نارەسایی و کەمبوودەکان دادەنا و، بە دەمارگرژی یەکی هەرچی زیاترەوە پێشی هەر چەشنە ڕیفۆرمێکیان دەگرت و تا ئەو جێگایە لە سەر درێژەدانی سیاسەتە چەوتەکانیان سوور بوون کە «خانه از پای بست ویران» بە سەریان دا ڕووخا، لە وڵاتی پان و بەرینی چین، ڕێبەرانی حیزبی کۆمونیست، دوای تێگەیشتن لە نارەسایی و تەنگناکان کەوتنە بیری دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون و، لە جیاتی ئەوە گیرو گرفتەکان داپۆشن، هاتن و وێڕای پاراستنی نیزام، خۆیان دەگەڵ ڕەوتی ڕۆژ لە ڕۆژ خێراتری ئاڵوگۆڕەکان لە ڕادەی جیهانی – دا هاوئاهەنگی کرد. ئەو ڕێبەرانە بە هێنانی هێندێک لە دیاردەکانی سیستەمی سەرمایەداری(بۆ وڵات)، وەک بەشدار کردنی بەشی تایبەتی لە سەنعەتە وردەکاندا، فەراهەم کردنی زەمینە بۆ سەرمایەدانانی بیانییەکان لە وڵات لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، ئازاد کردنی فەعالییەتی وردە کاسبکاران، دانی ئیمتیازی باش و بەجێ بە داهێنەران، کردنەوەی بازاڕی بورس و هتد. بە شێوەیەکی هەنگاو و بە هەنگاو و حیساب کراوە، ئەو ئاڵوگۆڕانەیان قبووڵ کرد، گەلە ئاڵوگۆڕێک کە هەر دەبوو قبووڵیان کەن. ڕێبەرانی چین لە ڕاستیدا بە هەمان شێوە و ڕەواڵی وڵاتانی پێشکەوتووی ئورووپای ڕۆژاوا بەڵام، لەولای ڕا هەنگاویان هەڵگرت.بەو مانایە کە وڵاتانی ئورووپایی تەنانەت پێش سەدەی بیستەم، هێندێک لایەنی سۆسیالیزمان هێنابووە نێو ئابووریی وڵاتەکانیان، چینییەکان هی سەرمایەدارییان هێنایە نێو ئابورریی وڵاتەکەیان کە ئابوورییەکی سۆسیالیستییە. ئاکامەکەی بۆیە ئەمە کە ئێستا ئابووریی چین لە گشت زەمینەکانی سەنعەتی، کشتوکاڵ و، بازرگانیدا بەخێرایی دەچێتە پێش، بە چەشنێک کە ڕادەی هەڵدان(رشد) ی ئابووریی ئەو وڵاتە لەم چەند ساڵەی دوایی دا سنووری یەک ڕەقەمی بەجێ هێشتووەو لە دە دەرسەد تێپەریوە.

ئیمزا کرانی گات (قەراردادی گشتی لە سەر «تعرفە» و بازرگانی) لە نێوان ئورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا و کێشمەکێشی ئەمریکا دەگەڵ ژاپۆن لە سەر کەسریی لەنگەری بازرگانی، کە هێشتاش ساڵانە زیاتر لە ٥٠ میلیارد دۆلار بە قازانجی ژاپۆنە و، ئەو گوشارانەی کە ئەمریکا دەیخاتە سەر ژاپۆن بۆ ئەوەی کە دەروازەکانی خۆی لە سەر هێندێک شتوومەکی ئەمریکایی بکاتەوە، بڕان یان کەم بوونەوەی یارمەتییە نیزامی و ئابوورییەکان بە وڵاتانی وەک پاکستان و ئەندونیزی و ئاواڵەبوونی دەستی ئەمریکا لە زۆرە زەمینەی دیکەش لە ڕادەی جیهانی‌دا، دەکرێ لە پێوەندیی دەگەڵ وەلاچوونی گەورە هێزی ڕۆژئاوا لە مەیدانی ڕقەبەری چاوی لێ بکرێ.

مانگرتنەکانی جووتیاران و لەم دواییانەدا مانگرتنی ماسی گران لە فەرانسە بە هۆی هەڵگیرانی سوبسید لەسەر بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و شیلات نیشانەی ئەوەیە کە پێوەندیی بازرگانی لە نێوان ئورووپا و ئەمریکا و بەسترانی قەراردادی «گات» تا ڕادەیەک بە زیانی وڵاتانی ئورووپایی و بە قازانجی ئەمریکا تەواو بووە. بەڵام، مەسەلەی جێگای سەرنج ئەمەیە کە ئەگەر ئەو قەرارداده بەڕێوەبچێ، قازانجی بازرگانی ڕۆژئاوا لە ڕادەی جیهاندا ساڵانە نزیک بە ٣٠٠ میلیارد دۆلار دەچێتە سەر. بەشی زۆری ئەم قازانجە زیادییە بە زیانی وڵاتانی دواکەتوو و بە نرخی هەرچی فەقیرتربوونی وڵاتانی پەرەئەستێن! تەواو دەبێ.

وەلاچوونی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور، و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن زۆریایەتیی ڕەش پێستی خەڵکی ئەو وڵاتە، کە بۆ ماوەی نزیک بە ٣٥٠ ساڵان لە ژێر دەسەڵاتی کەمایەتییەکی سپی پێستدا بوون، گرینگترین ڕووداو لە قاڕەی ئەفریقا دەژمێردرێ. سیاسەتی ژیرانەی حیزبی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقا، بە سەرۆکایەتیی نیلسۆن ماندێلا، سەرەڕای گیروگرفتی یەکجار زۆر، دەبێ وەک گرینگترین فاکتۆر بۆ بە ئاکام گەیشتنی خەباتی درێژخایەنی خەڵکی ئەو وڵاتە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی و ئەستاندنەوەی دەسەڵاتی سیاسی چاوی لێ بکرێ. بەو حاڵەش ناتوانین نەخشی تەواوبوونی سەردەمی شەڕی سارد لە سەر خۆش کردنی ڕێگای ئەو ئاڵوگۆڕە گرینگە لە بەرچاو نەگرین.

### ٢- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە هەم بە هۆی هەڵکەوتنی ستراتیژیکی و هەم بە دەلیلی هەبوونی مەیدانە گەورەکانی نەوت تێیدا، یەکێک لە گرینگترین و «حەساس ترین ناوچەکانی جیهان بە حیسێب دێ، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا زۆر ڕووداوی گرینگی بەخۆیەوە دیوە، گەلە ڕووداوێک کە هەر کام بە نۆبەی خۆی تەئسیرێکی تەواوی لە سەر وەزعی ناوچەکە داناوە. شەڕی کەنداو، دامەزراننی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەسترانی پەیمانی ئاشتی لە نێوان ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین و ئیسرائیل لە گرینگ ترینی ئەو ڕووداوانە بوون.

سێ ساڵ و وردەیەک دوای تەواو بوونی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق، کە خومەینی قبوول کردنی شکستی لەودا وەک خواردنەوەی ژەهر لە قەڵەم دا، دەوڵەتی عێراق، کە لە باری نیزامییەوە وەک گەورەترین هێزێک لە ناوچەدا سەری هەڵدابوو، بەڵام لە باری ماددی و ئیمکاناتی ماڵییەوە کەوتبووە تەنگانەوە. لە وڵاتانی دەوڵەمەندی

عەرەب، بە تایبەت لە کوێت و سعوودی، چاوەڕوانی دەکرد بە سەخاوەتەوە یاریدەی بدەن، چونکە دەوڵەتی عێراق بە موقاومەت کردن لە بەرامبەر سوپای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک هەر توانیبووی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵکوو گشت وڵاتانی عەرەبی ئەم ناوچەیە، لە مەترسییەکی بێ ئەملا و ئەولا ڕزگار بکا، مەترسییەک کە هەڕەشەی لە هەست و نیستی هەموویان دەکرد. بەڵام دەوڵەتە عەرەبەکان، یەک لەوان کوێت( کە حکوومەتی عێراق بەشێکی بە خاکی عێراق دەزانی و دەوڵەتەکانی عێراق لە ڕابردوودا هێندێک جار داویان کردۆتەوە) لە قبوول کردنی داخوازی دەوڵەتی عێراق خۆیان بوارد و ئەو میزان پووڵەش کە حازر بوون بیدەن ، بە هیچ جۆر ئەوەندە نەبوو کە عێراق چاوەڕوانی دەکرد.

بێجگە لەوەش، کوێت و باقی وڵاتانی عەرەب، ئەم ڕاستییەیان بە کەم گرتبوو کە دروشمی یەکبوونی نەتەوەو نیشتمانی عەرەب ڕەنگدانەوەی ستراتیژیی حیزبی بەعس بووە و وەدیهێنانی ئەم دروشمە ئەرکێکە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بەڕێوە بردنی وەئەستۆ گرتووە.

خۆپاراستنی نوێنەرانی کوێت لە بەجێگەیاندنی داخوازەکانی دەوڵەتی عێراق لە بواری ماددیدا و، ڕاگەیاندنی ئەم مەسەلەیە لە لایەن باڵوێزی ئەمریکاوە لە بەغدا کە دەوڵەتی کاریکی بە گێروکێشەی نێو عەرەبەکان نییە، لە ڕاستیدا دەستی دەوڵەتی عێراقی بۆ هێرش بردنەسەر کوێت و داگیرکردنی ئەو وڵاتە، ئاواڵەتر کرد. بەڵام، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، لە پێشەوەی هەموویان ئەمریکا، لە پڕ هەڵوێستیان گۆڕا و، لە پێشدا بە مەحکووم کردنی کردەوەی عێراق و داکۆکی کردن لە کوێت و حاکمییەتی دەوڵەتەکەی، بەرنامەیەکی تەبلیغاتیی پان و بەرینییان دەست پێکرد، بەرنامەیەک کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند. هەتا سەرەنجام لە شەوی ١٧ ی ژانویەی ١٩٩١دا ، کاتێک کە تەدارەکی شەڕێکی تەواو و کەماڵ لە هەموو بارێکەوە ئامادە کرابوو. بە هێرشی هێزی هەوایی هاوپەیمانەکان بۆ سەر دامەزراوەکانی ڕادار و ناوەند گرینگەکانی ئەرتەشی عێراق شەڕی وێرانکاری کەنداو دەستی پێکرد.

ئەگەر بەشداریی و هاوکاریی نیزامی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی کەنداودا لە بناخەوە بۆ خاتری کانگا گەورەکانی نەوت. وەک شاڕەگی ژیانی ڕۆژئاوای سەنعەتی بوو، سەرەتای دەورەی پاشەکشەی شۆڕەوی لە بەڕێوەبردنی نەخشی خۆی وەک گەورە هێزێکی جیهانیش بە نۆبەی خۆی، لە ڕادەیەکی بەرچاودا وەک فاکتۆرێکی لەبار بۆ ئەم کارە دەبێ لە نەزەر بگیرێ، هەر چەند زۆر دوور بوو دەوڵەتی سۆڤیەت، تەنانەت لە گەرماوگەرمی سەردەمی شەڕی ساردیش دا، لە سەر کێشەیەکی کە هەتا ئەو ڕادەیە گرینگ و مایەی ژیانە بۆ ڕۆژئاوا، دەگژ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕۆبێ.

شەڕی کەنداو، بێجگە لە زەرەرو زیانێکی یەکجار قورس کە بۆ عێراق و کوێتی بەدواوە بوو، گەلە ئاکامێکیشی لە پاش خۆی بەجێ هێشت کە قامک ڕاکێشان بۆ هێندێکیان ناتوانێ بە کەلک نەبێ:

ـ ئەم شەڕە، ڕیزی وڵاتانی عەرەبی تێک دا. بەو مانایە کە میسر، سعوودی و باقی وڵاتانی ڕۆخی کەنداو، کە هەتا پێش داگیرکردنی کوێت، دۆستی عێراق بوون و، هەروها سووریەشی وادار کرد ڕاستەوخۆ و بەکردوە دەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بکەون. باقی وڵاتانی عەرەب، بێجگە لە ئۆردۆن و ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین، هەرچەند هەڵوێستی

دوژمنکارانەیان لە بەرامبەر عێراقدا نەگرت، بەو حاڵەش، کردەوەی عێراقیان لە پێوەندیی دەگەڵ داگیرکردنی کویت، بەر کارێکی باش لە قەڵەم نەدا و تەئییدیان نەکرد.

– هاوکاریی سووورییە دەگەڵ هوپەیمانەکان و بەشداریی کردنی بەشێک لە هێزەکانی ئەرتەشی ئەو وڵاتە لەشەڕ دژی عێراقدا، لە ڕاستیدا وەک پێشەکییەکی لێهات بۆ گۆڕانی هەڵوێستی سووورییە لە بەرامبەر ئیسرائیل دا و خۆشکردنی زەمینەیەکی لە بار بۆ پێکهێنانی ئیمکانی دامەزرانی ئاشتی لە نێوان هەردووکیان لە داهاتوودا.

– ئەو شەڕە بیانوویەک بوو بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بخزێنە ناوچەی کەنداوی فارسەوە، ئەوەش ئیقدامێک بوو کە هەتا ئەوکات بیانوویەکی ئەوتۆیان بۆ پاساودانانی بەدەستەوە نەبوو.

– شەڕی کەندوا، تەفاوەتی تیکنیکی نیزامی وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی و لە سەربوونی چەک و چۆڵی ئەوان لە بەراورد لەگەڵ ئەو چەکانەی کە بە دەست ئەرتەشی عێراقەوە بوون، بە تەواوی ڕوونکردەوە و ئەم ڕاستییەی ئاشکرا کرد کە گەورە هێزەکانی جیهان لە گشت مامەڵەیەک کە دەگەڵ وڵاتانی دیکە، بە تایبەت دەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێهەم دەیکەن، لە هەر هەلومەرجێک دا، لە سەرەوەبوونی خۆیان لە زەمینەی چەک و چۆل، تەنانەت لە پێوەندیی دەگەل چەکە کلاسیکەکانیش‌دا، لە بەرچاو دەگرن و، بە هیچ چەشنێک حازر نابن باڵادەست بوونی خۆیان لە دەست بدەن- چلۆنایەتیی ئەو چەکانەی بە دەست عێراقەوە بوون، ڕاست و دروستیی ئەم نەزەرەی لە پێوەندیی دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی ڕابردووش دا بە تەواوی دەرخست.

– ئەگەر ئەو جەنگە بۆ عێراق و کویت ڕووداوێکی پڕ لە کارەسات بوو، بۆ وڵاتە هاوپەیمانەکان، بە تایبەت بۆ ئەمریکا خێر و بەرە کەتێکی زۆری بەدواوە بوو. چونکە هەر دوا بە دوای تەواو بوونی شەڕەکە، بۆ وێنە دەوڵەتی ئەمریکا قەراردادی فرۆشتنی بایی ١٨ میلیارد دۆلار چەک و چۆلی دەگەڵ عەرەبستانی سعوودی واژۆ کرد و ٨٠ لە سەدی بازسازیی کوێتیشی بۆ خۆی هەڵگرت!

–ئاگادار بوونی وڵاتە هاوپەیمانەکان لە زۆربەی نزیک بە تەواوی دامەزراوە نیهێنییەکان دەوڵەت و ئەرتەشی عێراق بەڕوونی دەریخست  کە ئەگەر  بەڵێین هەموو- ئەو موهەندیس و پسپۆرە ئورووپایی و ئەمریکاییانەی کە بۆ پیادە کردنی پرۆژە نیزامی و غەیرە نیزامییەکان، یارمەتیی وڵاتانی دیکە دەدەن، زانیاری لە سەر ئەو پرۆژە و بەرنامانە دەدەنەوە بە چەند ناوەندی تایبەتی لە ڕۆژاوا یان بە دەوڵەتەکانی خۆیان. ئاگادار بوونی هاوپەیمانەکان لە بەشی هەرە زۆری دامەزراوە نهێنییەکانی عێراقیش دەبێ وەک یەکێک لەو فاکتۆرانە بە حیسێب بێ کە لە سەرکەوتنی بەخێرایی هاوپەیمانەکان دا تەئسیری بێ ئەملا و ئەولای هەبوو.

– کشانەوەی ئەرتەشی عێراق لە پاشماوەی ناوچە داگیرکراوەکانی ئێرانیش هەرچەند لە ڕۆژەکانی پێش دەست پێکردنی شەڕدا دەبێ وەک ئاکامێکی بەر لە هاتنە پێشی ڕووداوەکە چاوی لێ بکرێ، ڕووداوێک کە ئاخوندە  دەسەڵاتدارەکانی ئێران بە حیسابی سەرکەوتنی خۆیانیان دانا و تەبلیغاتێکی بەربڵاویان لە سەر کرد.

(کۆماری ئیسلامی، پێش دەست پێکردنی شەڕ و لە ڕۆژەکانی سەرەتای عەمەلیاتی نیزامی دا، لە عێراق پشتیوانی کرد هەتا ئەو ڕادەیەی کە خامنەیی بە قازانجی عێراق و

لە دژی هاوپەیمانەکان فەرمانی جیهادی دا. بەڵام، بە وەدەرکەوتنی نیشانەکانی شکستی عێراق لە بەرامبەر هاوپەیمانەکاندا. هەڵوێستی ئاخوندەکان بەرەبەرە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، بە چەشنێک کە لە کۆتایی شەڕەکەدا تەنانەت کردەوەی ئەرتەشی عێراقیان لە بواری داگیرکردنی کوێتدا مەحکووم کرد.)

– داندرانی گەمارۆیەکی هەموو لایانە لە سەر عێراق لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، لە کار خستن و لە نێو بردنی چەکە مودێڕن و وێرانکارەکانی ئەم وڵاتە و، بەرەو شپرزەیی ڕۆیشتنی وەزعییەتی ئابووری، چوونە سەری لە ڕادەبەدەری ئاوسانی دراوی و گران بوونی لە کۆنترۆڵنەهاتووی گشت کاڵا ئەساسی و غەیرە ئەساسییەکان لەو وڵاتە، تەواوبوونی پاشەکەوتی ئەرزیی وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەب، بە تایبەت سعوودی و کوێت، لە بانکەکانی ئوروووپا و ئەمریکادا، توندوتیژتر بوونی وەزعی نالەباری ئابووریی تورکیە لە پاش تەواوبوونی شەڕ و لە ئاکامی داندرانی گەمارۆی ئابووری لە سەر عێراق، زیادکردنی ئالوودەیی ئاوەکانی کەنداوی فارس بە هۆی تەقینەوەی لوولەکانی نەوتی کوێت، هەڵڕژانی یارمەتیی ئابووری لە لایەن ئەمریکاوە بە ئیسرائیل ، کە لە ماوەی شەڕدا کەوتبووە بەر هێرشی مووشەکەکانی ئەرتەشی عێراق و ... هەموویان دەبێ وەک ئاکامی ئەو شەڕە چاویان لێ بکرێ.

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی عێراق و شیعەکانی دانیشتووی باشووری ئەم وڵاتە هەر دوا بەدوای تێکشکانی ئەرتەشی عێراق دەکرێ بڵێین هاوکات دەگەڵ ئاخرین ڕۆژەکانی شەڕ، ئەگەر نەڵێین گرینگترین، لانیکەم بە یەکێک لە گرینگترین ئاکامەکانی شەڕی کەنداو دەژمێردرێ. ڕاپەڕینێک کە بە تایبەتی لە ناوچەی کوردستان دەست بەسەرداگیران و تێک و مەکاندرانی بەشی هەرە زۆری گشت دامەزراوە نیزامی و دەوڵەتییەکان بەدواوە بوو. کوشت و کوشتار بە مەبەستی تۆڵە ئەستانەندوە، بە تایبەت لە باشووری وڵات و، تاڵان و بڕۆی بێ هەوسار لە تایبەتمەندیەکانی ئەو ڕاپەڕینە بەربڵاو و هەمەلایانە بوو. بەڵام ، دەوڵەتی ئەمریکا، بە ڕواڵەت لە ترسی تێک ڕووخانی دەوڵەتی ناوەندی و هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی ئیسلامی بناژۆ و یەکجار توندڕەو لە عێراق، لە پڕ هەڵوێستی گۆڕی و ڕایگەیاند «ئاژاوە» لە عێراق کێشەیەکی نێو خۆییە و پێوەندیی بە ئەمریکاوە نییە. ڕاگەیەندرانی ئەم هەڵوێستە هەمان و پاشەکشەی خەڵک و وەڕێ کەوتنی شەپۆلێکی گەورە لە ئاوارەکان بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیە هەمان، ئەو کۆچە گەورە کە لە مێژووی ئەم دەور و زەمانەدا وێنەی نەدیتراوە و کەس لە بیری نیە، ڕەنگدانەوەیەکی وەها بە تەوژمی لە ڕادەی جیهانییدا هەبووە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ناچار بوو ئەو بەشانە لە کورستان کە لە باکووری هێڵی ٣٦ دەرجە هەڵکەوتوون، وەک ناوچەی پەرواز» ممنوع» ڕابگەیەنێ و پارێزگاری لەو ناوچە بە هێزێکی هاوبەشی وڵاتانی هاوپەیمان و سەرکەوتوو لە شەڕدا و چاوەدێرانی نەتەوەیەکگرتوەکانی بسپێرێ. هێندەی پێنەچوو کە گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان لە ئێران و تورکییەوە دەستی پێکرد و پاش ماوەیەک دەوڵەتی عێراق کە دەکرێ بڵێین کۆنترۆڵی لەسەر کوردستان نەمابوو، ناچار بوو هەتا مەیدانەکانی نەوتی کەرکووک پاشەکشە بکا. بەم جۆرە، بەڕێوەبردنی بەشێکی گەورە لە کوردستانی عێراق، بە کردەوە کەوتە دەستی هێزە سیاسییەکانی ئەندامی بەرەی کوردستانی.

بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی گشتی، دامەزرانی پارلەمان و دەوڵەتی هەرێم و دروست

بوونی هێزی چەکدار و پۆلیس، دەست بە کارکردنی دادگاکانی قانوونی و... لە ڕیزی ئەو کارانە بوون کە بەرەی یەکگرتووی کوردستان هەتا ئێستا بە ئەنجامی گەیاندوون. هەرچەند حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوی کۆمارێکی فیدراڵ پێکهاتووە و کوردستانیش هەروا وەک بەشێک لە کۆماری عێراق بە حیسێب دێ، بەڵام، بە لەبەرچاوگرتنی ئۆرگانەکانی ئەم حکوومەتە و پێوەندییەکی هەرچەند بە شێوەی غەیرە ڕەسمی کە دەگەڵ وڵاتانی دیکە دایمەزراندوە، دەتوانین بڵێین کە مەسەلەکە خەریکە شکڵێکی دیکە بە خۆیەوە دەگرێ. چاوپێکەوتنە پەیتا پەیتاکانی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتەکانی تورکیە، کۆماری ئیسلامی و سوورییە و ئەو نیگەرانیانەی کە لە پێوەندیی دەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەبڕن، ئەم بیرو باوەڕە بە تەواوی بەهێز دەکا!

بە بڕوای ئێمە وەزعییەتی ئێستای عێراق بە گشتی و، هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، ناتوانێ ماوەیەکی دووردرێژ ئیدامەی هەبێ و، دەرنگ یان زوو، دەبێ ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک بێ. هەتا ئەو جێگایەی کە پێوەندیی بە حکوومەتی ناوەندییەوە هەیە، دەتوانیین بڵێین کە حیسابەکانی ڕۆژئاوا چەندان دروست دەرنەهاتوون. چونکە، گەمارۆی ئابووری، کە وەک لۆسەیەک بۆ لە ڕیشە دەرهێنانی ئەم دەوڵەتە بە دەستیانەوە گرتووە، ئەوە پاش سێ ساڵان هێشتا بەو ئاکامە نەگەیشتووە کە لێی چاوەڕوان دەکەن. هەرچەند وەزعییەتی ماڵی و ئابووریی دەوڵەت یەکجار زۆر شپرزە بووە و کۆمەڵانی خەڵک بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی ژیان زۆر بە توندی کەوتوونەتە تەنگانەوە، بەو «حاڵەش نە ڕاپەڕینێکی بەربڵاو وهەمەلایەنە ڕووی داوە و نە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریش، کە وەک ئاڵترناتیوێک بۆ حکوومەت مەوجوودییەتی خۆی ڕاگەیاند، پێگەیەکی بەرچاوی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی عەڕەبدا هەیە و نە لە نێو ئەرتەش دا لایەنگرانێکی ئەوتۆ. دەستتێوەردانی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و سووریيە- ئەویش نەکە بە دەلیلی دڵسۆزی بۆ دەوڵەتی عێراق، بەڵکوو لە ترسی ئەوە کە مەبادا ڕێژیمێک بێتە سەرکار و لە چوارچێوەی حاکمییەتی خۆی‌دا مافە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانی کوردەکان دابین بکا وەک فاکتۆرێکی دەست و پێگیر لەم پێوەندییەدا نەخشی گێڕاوە. دەتوانین ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستییە لە هەڵوێستی ڕۆژئاوا، بە تایبەت لە هەڵوێستی ئەمریکا دا، بە چاکی ببینین: ماوەیەکە ئەمریکا مەرجی وەلابردنی گەمارۆی ئابووریی لە سەر عێراقی «پاراستنی مافی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی بڕیارنامەکانی شووڕای ئەمنییەت و دامەزراندنی دێموکراسی» لەو وڵاتە ڕادەگەینێ و ئیدی باسێک لە گۆڕانی ڕێژیم ناکا، هەرچەند «دامەزراندنی دێموکراسی» مەبەستێکی بەپێزە و تەنانەت هێندێک لە خاوەن نەزەران واتای گۆڕانی حکوومەتیشی لێ وەردەگرن!

دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ترس و خۆفێکی ئاشکرا لە نێو دوڵەتانی تورکیە، کۆماری ئیسلامی و سووریە. ئەو سێ دەوڵەتە، کە هەر کام شێوەیەک حکوومەت و شێوە بیرکردنەوە و ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتی نوێنەڕایەتی دەکەن، سەرەڕای گشت ئەو ناکۆکییانەی کە لە زۆر بارەوە دەگەڵ یەکتر هەیانە و بە پێچەوانەی ئەم ڕاستییە کە هەر کەم بە تایبەت کۆماری ئیسلامی و تورکیە و تورکیە و سووریە لە دژی یەکتر پیلان دەگێڕن و لە دەستتێوەردان لە کاروباری یەکتردا سڵ ناکەن، بەو حاڵەش، هەرسێکیان لە بەرامبەر حکوومەتی ساوای هەرێمی کوردستان دا

هاوفکرن و هەموویان تێ دەکۆشن بە هەر جۆرێک بێ نەهێڵن خۆی بگرێ و هەر کام بە شێوەیەک تێدەکۆشن زەربەی لێدەن و بەچۆکی دابێنن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاوکات دەگەڵ دەست پێکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، لە لایەکەوە بۆ لەنێو بردنی ڕێکخراوە سیاسییە کورد و غەیرە کوردەکانی ئێران بە هەموو توانایەوە دەست بە کار بوو. لەشکرکێشی بۆ سەر ڕێکخراوی موجاهیدەکانی خەڵکی ئێران، هاندانی بەشێک لە خەڵکی کوردستانی عێراق لە دژی حیزبی ئێمە و باقی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران، دارشتن و بەڕێوەبردنی نەخشەی تیرۆریستی، دروست کردنی ڕایەڵکەی جاسووسی لە نێو خەڵک و، ئینجا تەرتیب دانی هێرشی تۆپخانە و هەوایی بۆ سەر قەرارگا و جێگەی دامەزرانی ئەو هێزانە و سەرەنجام پەنابردن بۆ هێرشی مووشەکیی بۆسەر قەرارگای دەفتەری سیاسی و پێگەکانی دیکە حیزب لە دۆڵی شاورێ و بۆ سەر پێگەی ناوەندیی کۆمەڵە لە نیزیک شاری سلێمانی و، چەکدارکردن و بەڕێکردنی دەستە و تاوقمی خرابکار بۆ زەربەلێدان لە حیزب بە چەکی نیوە قورس و چەکی سووک و... هەمووی ئەوانە گەلە پیلانێک بوون کە هەتا ئێستا بە خەرج کردنی پووڵ و پارەیەکی یەکجار زۆر بەڕێوەی بردوون. لە لایەکی دیکەوە بە مەبەستی لاوازکردن و تێک شکاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دروست کردن و پێکهێنانی ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان بەشداری کردوە و یارمەتیی داون و لە ژێرەوە لە دژی ئەم حکوومەتە هانی داون. دیارە، مەبەستی بنەڕەتیی ئاخوندەکان لە یارمەتی دان بەم جۆرە ڕێکخراوە توندڕەوانە کە یەکجار زۆر دوژمنی ڕۆژئاوان ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردەکان لەم بەشە لە کوردستان بۆ لای دوژمنایەتی دەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕاکێشێ و لە ئاکامدا پشتیوانی ئەوان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ببڕێ و، بەم جۆرە بزووتنەوەی کورد لەم ناوچەیە تێک بشکێنێ.

دوژمنایەتیی دەوڵەتەکانی تورکیە و سووریە دەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بە گشتی، لە باری جەوهەر و ماهییەتەوە دەگەڵ دوژمنایەتیی قین لەزگانەی ئاخوندەکان دەگەڵ ئەم نەتەوە زوڵم لێکراوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. کینە و بوغزی هەرسێکیان لە بیرو باوەڕی ڕەشی نژادپەرستانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەم جیاوازییە کە دژمنایەتیی ئاخوندەکان و لایەنگرەکانیان ڕەنگ و بۆنی مەزهەبیشی هەیە!

هەلومەرجی زاڵ بەسەر ئەو سێ وڵاتەدا لە سەر شێوەی دژایەتییان دەگەڵ بزاڤی گەلی کورد و هێز و توانایان بۆ بەرخورد دەگەڵ ئەم کێشەیە جیاوازییەکی زۆری هەبووە و هەرکام لەم بوارەدا دەگەڵ چەند گیروگرفتێک بەرەڕوون:

تورکیە، وەک ئەندامێکی پەیمانی ئەتلانتیکی شیمالی (ناتۆ) ساڵهای ساڵە تێدەکۆشێ بچێتە نێو بازاڕی هاوبەشی ئورووپاوە و ببێتە ئەندامی. وەزعییەتی شپڕێو و شپرزەی ئابووریی ئەم وڵاتە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتربوونی ، بۆتە هۆی توندوتیژتربوونی ئەم پێوستییە. دیارە، یەکێک لە مەرجەکان بۆ وەرگیرانی تورکیە وەک ئەندامی ئەو بازاڕە، پاراستنی کیلە و پێوەرەکانی دێموکراسییە و یەکێکیش لە لایەنەکانی دێموکراسی، ناسین و دابینکردنی مافە میللی و فەرهەنگییەکانی گەلی کوردە، گەلێک کە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر تەنانەت هەبوونیشی وەک گەلێک حاشای لێدەکرا! بێجگە لەوەش، دواکەتوویی تورکیە لە بواری ئابووری و هەروەها جیاوازیی چلۆنایەتیی فەرهەنگی لە نێوان ئەو وڵاتە و ئورووپا دەبێ

وەک فاکتۆرێکی سەرەکی لە بەرچاو بگیرێ.

مەسەلەیەکی دی کە بەتایبەت پاش تێک ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت وەک فاکتۆرێکی مەنفی لە گیروگرفتەکانی تورکیە زیاد بووە، کەم بوونەوەی نیازی ڕۆژئاوا بەم وڵاتەیە بە عینوانی یەکێک لە پێگەکانی پێشەوە لە بەرامبەر گەورە- هێزی پێشوودا و ئێستا ئیدی تورکیە نەخشی جارانی بۆ ڕۆژئاوا نەماوە و، ئەگەر دڵخۆشییەک بۆ هەڵسووڕێنەرانی دام و دەزگای حکوومەتی تورکیە هەبێ، ئەوەیە کە ڕۆژئاوا بۆ بەربەرەکانی لە دژی کۆماری ئیسلامی بناژۆ و توندڕەو و وپێشگری کردن لە پەرەئەستاندنی نفووزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا و کۆمارە موسوڵمانە تازە بە سەربەخۆیی گەیشتووەکانی ئاسیای نێوەڕاست، لە تورکییە پشتیوانی دەکا، بەڵام وێناچێ دەورانی ئەم بەربەرەکانییە چەندان درێژەی هەبێ و بەربەرەکانییەکەش  بە ئەندازەی سەردەمی شەڕی سارد پێویستی بە هەزینە و هێزێکی زۆر و زەوەند هەبێ. لە ئاکامدا تورکیە ناتوانێ وەک جاران لە یارمەتیی بێ درێخی ئەمریکا و ئەندامەکانی دیکەی ناتۆ بەهرەمەند بێ.

هەروەها، ئاکامی ساڵهای ساڵ سەرکوت و زەبرو زەنگ کە بە تایبەتی لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە دژی گەلی کورد لەو وڵاتە کەلکی لێ وەرگیراوە، چەند ساڵێکە بە شێوەی بزووتنەوەیەکی بەهێز سەری هەڵداوە، بزووتنەوەیەک کە ڕێبەرایەتیی بەشی هەرە زۆری لە دەستی حیزبی کرێکارانی کوردستان (پ .کا. کا) دایە. هەڵوێست، ڕێباز و کردەوەکانی ئەو حیزبە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، کە لە ڕاستی دا دژکردەوەیەک بووە لە بەرامبەر سیاسەتی پان تورکیستیی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، شێوەیەکی نوێی لە خەبات لە تورکیە هێناوەتە گۆڕێ. بەڵام، ئەگەر هەتا ماوەیەک لەمەو پێش دەوڵەتی تورکیە و زۆربەی ڕاگەیەنە گشتییەکانی ڕۆژئاوا لە لایەکەوە لە ژێر تەئسیری سیاسەتی گشتیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و، لە لایەکی دیکەشەوە سەرسەختی و کردەوەی «چەپاژۆیانە پ. کا.کا» یان وەک هۆکارێک بۆ توندوتیژیی عەمەلیاتی نیزامیی ئەرتەشی تورکیە دەخستە بەرچاو، بەو نەرمیشەی کە ڕێبەرایەتیی پ. کا. کا لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی ئاگر بەسی یەک لایەنەدا لە خۆی نیشاندا، ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە هۆکاری سەرەکی هەمان سیاسەتی کەللەڕەقانەی دەوڵەتی تورکیە لە بەرامبەر کێشەی کورد دایە کە وەزعێکی ئەوهای هێناوەتە پێش و هیچی تر.

بە کورتی، دەوڵەتی تورکیە هەم بە دەلیلی وەزعییەتی قەیران لێدراوی ئابووریی وڵات و هەم لە ژێر فشاری کەم تاکورتی وڵاتانی ئورووپایی، کە خوازیاری دابین کرانی مافی میللی و فەرهەنگی گەلی کوردن هەر نەبێ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا- و هەروەها بە دەلیلی جەمعییەتی گەورەی کوردستانی تورکیە و بە هێز و بەربڵاوبوونی بزووتنەوەکە، ئیدی ناتوانێ وەک ڕابردوو، بە هاسانی پ. کا.کا و بزاڤی ژێر ڕێبەرایەتییەکەی سەرکوت بکا. بێجگە لەوەش، گیروگرفتێکی تر کە وەک فاکتۆرێکی خەتەرناک بە شێوەیەکی جیددی هەڕەشە لە ڕێژیمی تورکیە دەکا، سەرهەڵدان و  بەخێرایی بەهێز بوونی بزووتنەوەی موسوڵمانە بناژۆکانی یەکجار توندڕەو لەو وڵاتەیە کە هەر ئێستا هەم لە نێو کوردەکان و هەم لە نێو تورکەکاندا خەریکە بە توندی بەرەو بەهێزبوون دەڕاو. بۆیە، کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیە دوو ڕێگایان لە پێشە: یا دەبێ حازر بن بە چەشنێک دەگەڵ کوردەکان ڕێک کەون، یان

سیاسەتی سەرکوت و زەبرو زەنگ درێژە بدەن و وڵات بەرەو نابەسامانی و شپرێویی هەرچی زیاتر و سەرەنجام بەرەو لێک هەڵوەشان بەرن.

دەوڵەتی سووریە، هەتا ئەو جێگای پێوەندیی بە کوردەکانی ئەو بەشە لە کوردستان هەیە کە بە خاکی وڵاتەکەیەوە لکێندراوە، نیگەرانییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە بێجگە لەوەی کە ژمارەی کوردەکانی سووریە، لە بەراورد دەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، زۆر کەمە، بەشی گەورەی خاکی ئەو بەشە لە کوردستان دەشتی کاکی بە کاکییە و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکدارانە تێیدا دەکرێ بڵێین ئیمکانی نییە. بێجگە لەوەش، دەوڵەتی سووریە بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی دووگانە و بە تەواوی دژ بەیەک لە بەرامبەر کوردەکان دا، لە سەرهەڵدان و بەهێززبوونی جموجۆڵێک کە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە هەبوونی حیزبی بەعس بکا تا ڕادەیەکی زۆر پێشگیری کردوە. بە گوێرەی ئەم سیاسەتە، کاربەدەستانی سووریە لە لایەکەوە ناوچە کوردنشینەکانیان «تعریب» کردوە و ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانیان بۆ ناوچەکانی باشووری وڵات ڕاگوێزتووە و ئەوانەش کە ماونەوە لە نێو ئەو عەرەبانەدا تێک هەڵکێش کراون کە بۆ کوردستان ڕاگوێزران. لە لایەکی دیکەشەوە، بە ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان یان ئیجازە داوە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دەسەڵاتداردا چالاکییان هەبێ و بەم جۆرە پشتگیری ئەوان و لە ڕێگەی ئەوانەوە، پشتیوانیی گەلی کورد لە دەوڵەت لە بەرامبەر عەرەبە سوننییەکانیان دا بۆخۆیان وەدەست هێناوە. دەوڵەتی بەعسی بە ئیجازەدان بە پ.کا.کا بۆ دانانی دەفتەر و بنکەکانی خۆی لە سووریە بە شێوەیەکی نیوە نهێنی- نیوە ئاشکرا، هەم بیروڕای لایەنگرانەی کوردەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و هەم لە وجوودی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە لە دەرفەتی جۆراوجۆردا و لە «دانوستانە»کانی خۆی دەگەڵ دەوڵەتی تورکیە، بۆ وێنە لە پێوەندیی دەگەڵ کێشە لە سەر ئاوی یەکاوی فورات، کەلکی وەرگرتوە. دەوڵەتی سووریە لەم ڕاستییە بە باشی ئاگادارە کە سەرهەڵدانی ویستی سەربەخۆییخوازانە لە نێو کوردەکانی سووریە پێوەندییەکی چڕا وچڕی دەگەڵ بەهێزبوونی بزاڤی کورد، بە تایبەت لە کوردستانی تورکیە ، هەیە. بۆیە، وێڕای پشتیوانی لە پ. کا.کا. نە خوازیاری سەرکەوتن و نە تێکشکانی یەکجارەکی ئەو ڕێکخراوەیە. کوردەکانی سووریەش، کە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی خۆیان لە گرێوی یەکیەتی و هاوپەیمانی دەگەڵ کوردەکانی تورکیەدا دەبینن، لەو ڕێکخراوە سیاسییە پشتیوانی دەکەن کە خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بێ و بەس. ئەو سازمانە سیاسییەش هەتا ئێستا بە شێوەیەکی جیددی هەر پ.کا.کا. بووە.

**فەلەستین**

واژۆکرانی پەیمانی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین لە کۆشکی سپی واشینگۆن لە سەرەتای ساڵی زایینیی ڕابردوودا، دوای سەفەری ئەنور سادات بۆ ئیسرائیل لە پاش ئاخرین شەڕی عەرەب و ئیسرائیل، گەورەترین ڕووداوێک بوو کە لە زەمانی داگیرکرانی فەلەستینەوە، بە درێژایی تەواوی ساڵەکانی شەڕ ی نێوان جوولەکە و عەرەبەکان هاتۆتە پێش. واژۆکردنی ئەو پەیمانە لە واشینگتۆن لایەنی سەمبولیکیشی هەبوو، بەم واتایە کە ئەمریکا وێڕای ئەو کارە ناڕاستەخۆ بە خەڵکی دنیای ڕاگەیاند کە، چارەنووسی ئیسرائیل و ئەمریکا لێک جیا نین و، لە هەمان کاتیش‌دا، دوایی نەمانی گەورە هێزی ڕۆژهەڵات،

گرێی گیروگرفتەکانی جیهان تەنیا لە بەر دەرگای کۆشکی سپی لە واشینگتۆن دەکرێتەوە و لە هیچ کوێی دی!

چەند فاکتۆر ئیمکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و ڕاف(ڕێکخراوی ئازادیی بەخشی فەلەستین) یان پێکهێنا کە هەرکام بە نۆبەی خۆی لە پێکهاتنی ئەو ئیمکانەدا نەخشی هەبووە: پاش تەواوبوونی شەڕی کەنداو و سەرکەوتنی بێ ئەم لاو ئەولای هاوپەیمانەکان تێیدا، وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەت ئەوانەی کە پێوەندی نادۆستانە و تەنانەت دوژمنانەیان دەگەڵ ڕۆژئاوا هەبوو، یەک لەوان ڕاف( وەک نوێنەری گەلی فەلەستین) ناچار بوون بە سەر وەزعی خۆیاندا بچنەوە لە بەرامبەر ئیسرائیل دا چاوێک بە خۆیاندا بخشێننەوە. تەواو بوونی سەردەمی شەڕی سارد و چوونە دەری گەورە هێزی ڕۆژئاوا لە گۆڕەپانی ڕقەبەری و ململانە لە ڕادەی جیهانیدا، تای تەرازووی سیاسەتی بە قازانجی سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی واقع بینی عەرەب هێناخوارێ. لەو لاشەوە، ئیسرائیلیش کە پاڵپشت و پشتیوانیی خۆی لە جاران بەهێزتر دەدی و، بۆ گەیشتین بە ڕێککەوتنێک دەگەڵ عەرەبەکان وەزعییەتی خۆی زۆرتر لە هەمیشە باشتر ئەرزیابی دەکرد، حازر بوو تا ڕادەیەک لە هەڵوێستی سەختگیرانەی خۆی پاشەکشە بکا.

`بێجگە لەوەش، درێژە کێشان و توندووتیژتربوونی «انتفاضە» و نیگەرانیی ئیسرائیل لە بەهێززبوونی ڕێکخراوە توندڕەوەکانی عەرەب، یەک لەوان ڕێکخراوی حەماس، لە گۆڕانی هەڵوێستی ئیسرائیل دا تەئسیران هەبوو.

واژۆکرانی پەیمانی ئاشتی لە نێوان ڕاف و ئیسرائیل، دەکرێ بڵێین لە لایەن زۆربەی وڵاتانی عەرەبەوە هەر نەبێ بە ڕواڵەت پێشوازیی لێکرا، بەڵام چەند ڕێکخراوی توندڕەوی فەلەستینی و حیزبوڵڵای لوبنان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەنگاوی ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستینیان لەم بارەوە خیانەت بە ئامانجی فەلەستین ڕاگەیاند و بۆ دژایەتی دەگەڵ ئەو پەیمانە بەتوندی دەست بەکار بوون.

پاش ئیمزاکرانی پەیمانەکە، هەڵوێستی سووریە و ئۆردۆن نەرمتر بوو. چاوپێکەوتنەکانی جیا جیای ئەو دوو دەوڵەتە و وتووێژیان لە سەر گێرە و کێشەی نێوانیان ئاشکراتر بوو، بەڵام، هەتاکوو ئێستا ئاکامێکی بەرچاو و «قطعی» لەو چاوپێکەوتن و وتووێژانە وەدەست نەهاتووە. وا وێ دەچێ کە هەم سووریە و هەم شای ئۆردۆن، چاوەڕوانی تەواوبوونی وتووێژەکانی ڕاف و ئیسرائیل و بە ئاکام گەیشتنی «خودگەردانی مەحدوود»ی دەوڵەتی فەلەستین بن.

یەکێک لە ئاکامە بێ ئەم‌لاو و ئەولاکانی پەیمانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا لاوازبوونی پێگەی کۆماری ئیسلامی لە نێو ڕێکخراوە فەلەستینی و شیعەکانی لوبنان دابوو. هاوکات دەگەڵ چوونە پێشی وتووێژەکان و ڕێککەوتنی یەکجارەکی و بەڕێوەچوونی بابەتەکانی نێو ڕێککەوتننامەکە ، هۆی بوونی ئەو جۆرە ڕێکخراوانەش وردە وردە فایدەیەکی نامێنێ و هەر بەو پێیەش دەستی کۆماری ئیسلامی لە جنووبی لوبنان کورت دەکرێتەوە.

لە ئەفغانستان، پاش سەرنخونبوونی دەوڵەتی نجیب‌الله و بە دەسەڵات گەیشتنی بەرەی پێکهاتوو لە حیزب و ڕێکخراوە ئایینییە یەکجار توندڕەو و دەمارگرژەکان، شەڕ و خوێن ڕشتن لە نێو ئەندامانی پێکهێنەری بەرە و دەوڵەت، هەر تاوناتاوێک و بە نێوبڕ درێژەی هەبووە.

زێدەخوازیی ڕێبەران قازانج و بەرژەوندیی عەشیرەتی و تاکەکەسی ئەم یان ئەو ڕێبەر و سەرۆک، هۆکاری سەرەکی ڕووداوە خوێناوییە-کان لەو وڵاتە برسی و هەژارەن، وڵاتێک کە بە هۆی درێژەکێشانی تێک هەڵچوونی چەکدارانە لە نێو دەستە و تاقمی دوژمنکارەکاندا، دەکرێ بڵێین، بۆتە کەلاوەیەکی گەورە.

ئەو ڕێکخراوانەی کەمایەتیە موسوڵمانە شیعەکان نوێنەرایەتیی دەکەن، تا ڕادەیەک بە هۆی هاندان و دنەدانی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ئێران و تا ڕادەیەکیش لە ترسی حاکمییەتی سوننییە توندەڕەوکان، خوازیاری بەشداری کردنی ڕاستەخۆ لە دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدان. ئۆزبەکەکان و باقی میللییەتەکانیش، کە هەر کام ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان هەیە، لەو بازاڕە پڕ هەڵـڵا و بگرەی شەڕ و شووردا، بۆ وەدەست هێنانی مافی فەرهەنگی و میللیی خۆیان بەگژ یەک دا دەچن. دەستەبازییەکان ماوە بە ماوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ و هەر جارەی بە بیانوویەک ئاگری شەڕ و خوێنڕشتن هەڵدایسێتەوە. ئاخرین دەستە بازی لە نێوان حکمتیار، ڕێبەری یەکێک لە حیزبە ئیسلامییەکانی و ژێنەڕاڵ دۆستم، کە بەشێک لە هێزەکانی ئەرتەش لە ژێر فەرمانیدان و ویست و داخوازە میللی و فەرهەنگییەکانی ئۆزبەکەکان نوێنەرایەتی دەکا، لە بەرامبەر دەوڵەتی برهان الدین ڕبانیدا پێک هاتووە. هاوکاریی نێوان حکمتیار و ژێنەڕاڵ دۆستم، کە ئەویان موسوڵمانێکی بناژۆ و یەکجار دەمارگرژە و، ئەمیشان ناسیۆنالیستێکی دوو ئاتەشەیە، ئەم ڕاستی دەخاتە بەرچاو کە شەڕ و پێکدادان تەنیا لە سەر دەسەڵاتە و لەم نێوەدا ئەوەی کە تۆسقاڵێک بایخی نییە، بیرو باوەڕ بە ئووسوول و پرنسیپەکانی ئیسلام و هاوپیوەندیی ئیسلامییە.

لە پێوەندیی دەگەڵ حکوومەتگەرانی تازەی ئەفغانستان دا ئاماژەکردن بۆ هێندێک مەسەلە ناتوانێ بێ کەلک بێ: یەکەم، ئەوە کە ڕێبەران و دەکرێ بڵێین هەموو هێزەکانی ژێر فەرمانیان، لەو ماوەدا کە دەسەڵاتی سیاسی یان بە دەستەوە گرتووە، تەقریبەن هەروەک ئاخوندە دەسەڵاتدارە کانی ئێران، بۆ سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و کوشتاری خەڵکی بێدیفاع بەو پەڕی بێ ڕەحمییەوە ڕەفتاریان کردوە، بە جۆرێک کەمتر کەسێک توانیویەتی لە دەستیان ڕزگار بێ. دووهەم ئەوە کە بە پێچەوانەی ئیددیعاکانیان لە زەمینەی دینداری و «تقوی»دا، تەنانەت بەو ئوسووڵانەی کە بۆخۆیان بانگەشە و تەبلیغی بۆ دەکەن، پابەند نەبوون و لە زۆر بارەوە بەپێچەوانەی کیلە و پێوەری شەرعی ئیسلام کاریان کردوە. هاوکاری و بەشداری کردنی هێندێک لە سەرۆک و سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوانە دەگەڵ ڕایەڵکەی قاچاخی «مواد مخدر» لەو کارە چەپەڵانەن کە دژ بە هەموو ئوسوولێکی ئەخلاقی و ئایینین. داسەپاندنی قانوون و یاسای کۆنەپەرستانە، بە تایبەت بە سەر ژناندا، لێئەستاندنەوەی مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەوان، قەدەغەکردنی فەعالییەتی حیزب و سازمانە لائیکەکان، هاوکات دەگەڵ درێژەکێشانی شەڕ و خوێنڕێژی، هەرچی نابەسامان تربوونی ژیانی خەڵک و نەبوونی هەرچەشنە ئەمنییەتێکی گیانی و ماڵی و... هتد، کۆمەڵانی خەڵکی بە چەشنێک لەو ڕێژیمە بێزرا و ناڕازی کردوە کە گەڕانەوەی حکوومەتی ڕابردوو بە ئاوات دەخوازن.

سەرکەوتنی موسوڵمانە بناژۆکان لە ئەفغانستان و پشتیوانیی هەمەلایەنەی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ئێران لە دەستە و تاقمە موسوڵمانە توندڕەوەکان لە وڵاتانی ئیسلامیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقا، بۆتە هۆی توندوتیژبوونی چالاکییەکانی ئەو

جۆرە دەستە و تاقمانە بە تایبەت لە سعوودی، میسر و ئەلجەزایر. بە دەسەڵات گەیشتنی موسوڵمانە دەمارگرژەکان لە سوودان. ئەو وڵاتەی کردۆتە پردەبازێک بۆ بەڕێوە بردنی نەخشە و پیلانی دەست درێژکەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە چەشنێک کە ئاخوندەکانی ئێران بە دانی یارمەتیی ماڵییەکی زۆر و زەبەند، تا ڕادەی ٢٠٠ میلیۆن دۆلار بە سوودان، بۆ پەروەردەکردنی دەستە و تاقمی تێرۆریست لە موسوڵمانە دەمارگرژەکان، توانیویەتی چەند پێگەی نیزامی لەو وڵاتە دابنێ.

دەستە و تاقمی توندەڕەوی ئیسلامی لەو ناوچانە ئەوەندە بەخێرایی سەریان هەڵدا و هێندە زوو بەهێزبوون کە تەنانەت پێش تێک ڕووخانی دەوڵەتی ئەفغانستان بە دەستی موسوڵمانە توندڕەوەکان، تاقمێک لەو موسوڵمانە چەکدارانە دوای وەرگرتنی یارمەتی و ڕێنوێنی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەکردەوە دەستیان دایە ئاژاوە گێڕان و تەنانەت زیارتگە پیرۆزەکانی مەککە و مدینەیان دەست بە سەر داگرت. بەڵام دژکردەوەی بەوەخت و توندوتیژی دەوڵەتی سعوودی بۆ سەرکوتیان، نەیهێشت ئاخوندەکانی ئێران بە مەبەستەکانیان بگەن، مەبەستێک کە بێجگە لە هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی دەست نیشاندەی تاران لەو وڵاتە شتێکی دیکە نەبوو.

لە ئەلجزایر، کە هەتا ماوەیەک لەمەو پێش پێوەندییەکی یەکجار دۆستانەی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو، موسوڵمانە توندەڕەوەکان، بە کەلک وەرگرتن لە هەبوونی فەزایەکی سیاسی تا ڕادەیەک دێموکراتیک لەو وڵاتە، وەها بەخێرایی خۆیان بەهێز کرد کە لە هەوەڵین قۆناغی هەڵبژاردنی گشتی دا سەرکەوتنێکی ئاشکرایان وەدەست هێناو. بەڵام، حکوومەتی ئەلجزایر، بە هاوکاریی ئەرتەش، لە بەڕێوەچوونی قۆناغی دووهەمی هەڵبژاردنی گشتی پێشگیری کرد و وەزعی نائاسایی لە وڵات ڕاگەیاند. ئیقدامی دەوڵەتی ئەلجزایر لەم بوارەدا، لە لایەن زۆربەی نزیک بە تەواوی دەوڵەتانی جیهان و ڕێکخراوە سیاسییە دێموکرات و شۆڕشگێڕکانەوە تەئیید کرا. لەو کاتەوە، دەستە و تاقمی سەر بە بزووتنەوەی موسوڵمانە توندڕەوەکان، دەستیان داوەتە بەربەرەکانێیەکی توندوتیژ و یەکجار بێڕەحمانە لە دژی ڕێژیمی دەسەڵاتدار و هەتا ئەمڕۆ هەروا درێژەی دەدەن. چالاکییە تیرۆریستییەکانی ئەو دەستەو تاقمانە لەم دواییانەدا ئەو خاریجییانەشی گرتۆتەوە کە لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و ناوەندە زانستی و سەنعەتییەکان دا دەگەڵ دەوڵەت هاوکاری دەکەن.

ئەزموونی ئەلجزایر و شکستی حیزبی دەسەڵاتدار لە هەڵبژاردن دا ئەو ڕاستییە بەڕوونی دەرخست کە هیچ حیزبێکی حاکم یان ڕێژیمێک ناتوانێ تەنیا بە پاڵپشتی ڕابردووی جوانی خۆی بۆ هەتا هەتایە دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆیی تەنیا بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەتوانێ ببێتە مایەی شادی و دڵگەرمیی خەڵک و، کاتێک شەپۆلی شادی و خۆشی سەرکەوتن کشایەوە، ئەو دەوڵەت و ڕێژیمە دەتوانێ لە مانی خۆی و دەسەڵاتی ئەرخەیان بێ کە لە هەوەڵین ڕۆژەکانی وەدەست هێنانی سەرکەوتنەوە، لە فکری دابین کردنی ژیانێکی باشتر و بەختەوەرانە بۆ هاووڵاتیانی ژێر حاکمییەتی خۆیدا بێ. کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی دەوڵەت و تەنەخیی ڕێبەرانی سیاسی لە خەبات دژی قازانج پەرستی، باندبازی و، پەرەپێدانی «تجمل پرستی» و «خاصە خرجی»ی بەرپرسانی دەوڵەتی بە حیسابی »بیت‌المال« و، لە ئاکامدا، ڕاوەستانی چەرخەکانی ماشێنی وڵات لە ڕۆیشتن بەرەو

پێشکەوتن و ئاسایشی خەڵک، هەمان وەزعییەتێک بە دوای خۆیدا دێنێ کە هەموو خەڵکی جیهان لە ئەلجزایر بە چاوی خۆیان دیتیان. ئێستاش، ڕێبەرانی ئەلجەزایر ناتوانن هەروا بە پاڵپشتی هێزی چەکدار و پەنابردن بۆ سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوت ساڵهای ساڵ بە دەسەڵاتدارییەتی خۆیان درێژە بدەن. پێکهێنانی ئاڵ وگۆڕێکی باش لە ژیانی خەڵکدا و پێشگری کردن لە هاوکاریی ئەو خەڵکە لەگەڵ تاقمە ئیسلامییەکان لە گرێوی دابین کرانی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان بۆ کۆمەلانی خەڵک و لەنێو بردنی نابەرامبەری و بێ عەدالەتی لە کۆمەڵ دایە.

لە ژێرەوە پشتیوانی کردنی ڕۆژئاوا لەم کارەی دەوڵەتی ئەلجەزایر، ئەگەر زیاتر بە دەلیلی ترسان لە هاتنەسەرکاری حکوومەتێک لە چەشنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە و بڵاوبوونەوەی ئەوها ڕێژیمێک بۆ باقیی وڵاتانی موسوڵمانی ناوچەکە بوو، تا ڕادەیەکیش لە ژێر تەئسیری بەسەرچوونی دەورانی شەڕی سارد و تەواو بوونی نەخشێک بووە کە بەم چەشنە بیروباوەڕە ئیسلامییانە ئەسپێردرابوو بۆ بەربەرەکانێ لە دژی کۆمۆنیزم. واتایەکی دیکەی نەزەر و ڕوانگەیەکی ئەوتۆ ئەمەیە کە پاش یەک جەمسەری بوونی جیهان، هۆی هەبوونی (علت وجوودی) ئەم چەشنە جووڵانەوانەش نەک هەر نەماوە، بەڵکوو وجوودیان لە بەرامبەر ڕۆژئاوا و قازانج و بەرژەوەندییەکانی بۆتە مەترسییەکی حاشا هەڵنەگر.

لە میسر، موسوڵمانە توندڕەوەکان، بێئەوەی ڕاستییەکانی جیهانی ئەمڕۆ لە بەرچاو بگرن، بەربەرەکانێیەکی توندوتیژ و خوێناوی یان لە دژی دەوڵەت و بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات دەست پێکردوە. هەتا ئێستا، تاقمە تیرۆریستەکان ژمارەیەکی بەرچاویان لە بەرپرسانی حکوومەت کوشتووە و بۆخۆشیان زۆریان لێ کوژراوە. ئەوانیش هەروەک هاوبیرەکانیان لە ئەلجەزایر بۆ بەچۆک داهێنانی دەوڵەت، بیانییەکانی دانیشتووی وڵاتەکەیان و جیهانگەردەکانیان کردۆتەوە هەدەفی بەرنامە تیرۆریستییەکانیان. ئەم شێوە کردەوە تیرۆریستییانە، بە تایبەتی بۆ میسر، لەم بارەوە یەکجار زیانبارە کە داهاتی سەنعەتی توریزم(جیهان- گەردی) بەشێکی گەورە لە داهاتی ئەرزیی دەوڵەت و وڵات دابین دەکا.

**ئێران**

لە نێوان دوو کۆنگرەدا، هەر ئاڵو گۆڕێک و هەر ڕووداوێکی کە لە وڵاتی ئاخوندلێدراومان، ئێران دا هاتۆتە پێش، ئاکامی مەنتیقی و «اجتناب ناپذیر»ی سیاسەت و کارو کردەوەکانی هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لە نێو دام و دەزگای حاکمییەتە وێرانکارەکەیان لە ساڵانی ڕابردوودا بووە. سیمای گشتیی وڵات لە گشت زەمینەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و، هاروەها سیاسەتی دەرەوە، تێکڕا درێژەدەری وەزعییەتی شپرزە و شپرێوی ڕێژیم لە گشت ئەو بوارانەدا بووە و ئەم وەزعییەتە ڕۆژ بەڕۆژیش بەرەو ئاڵۆزییەکی زیاتر ڕۆیشتوە.

بەرنامەی ٥ ساڵەی یەکەمی ڕێژیم، کە ئەو هەموو هەڵڵاو هۆریای ەی بۆ وەرێخرا، نەک هەر هیچ دەروویەکی ڕوونی لە ئابووریی کەسادی ڕێژیم نەکردەوە، بەڵکوو هەرچی زیاتر تەنگ و چەڵەمە و کەمبوودەکانی توندوتیژ کرد، بە چەشنێک کە مەجلیسی ڕێژیم ناچار بوو تەنانەت قسە و باس لە سەر بەرنامەی ٥ ساڵەی دووهەم بۆ ماوەی ساڵێک وەدوا بخا.

واقعییەتێک کە هیچ کەس ناتوانێ حاشای لێبکا، ئەمەیە کە ڕێبەران و هەڵسووڕێنەرانی

هەر ڕێژیمێک، هەر چەندیش کۆنەپەرست و دژی گەلی- هەر نەبێ بۆ خاتری پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان- ناتوانن خوازیاری پێشکەوتنی وڵات و ڕازیکردنی هاو وڵاتیانی ژێر حاکمییەتی خۆیان نەبن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش هەروا. بەڵام گەلە فاکتۆر و هۆکارێک لە سەرکەوتنی بەرنامەکانی ئابووری، ئاوەدان کردنەوە و، ئاسایشی وڵاتدا تەئسیری باش دادەنێن و هێندێکییش لە سەر ڕێگای ئەو پرۆژە و بەرنامانە دەبنە کۆسپ و تەگەرە. لە پێوەندیی دەگەڵ کۆماری ئیسلامیشدا، هەروەک گشت ڕێژیمیکی دیکە، ئەو هۆکار و فاکتۆرانە لایەنی ماددی و فیزیکی یان هەیە و لە سروشتی ڕێژیم و لە بیروباوەڕی کاربەدەستەکانییەوە سەرچاوەیان گرتووە. قامک ڕاکێشان بۆ هێندێک لەو هۆکارانە دەتوانێ بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە یارمەتیمان بدا:

– زیادبوونی بێ وێنەی جەمعییەت لە ماوەی پازدە ساڵ حاکمییەتی ئاخوندەکان دا و دوو بەرامبەر بوونی لەو ماوەیەدا خۆی لە خۆیدا یەکێک لە گرینگترین فاکتۆرەکان بووە کە بۆتە هۆی پێکهاتنی بەشی هەرە زۆری گیروگرفتەکان. واتای دوو بەرامبەر بوونی جەمعییەت ئەوەیە کە هەر ئێستا دەکرێ بڵێین نیوەی حەشیمەتی وڵات تەمەنیان ئەو پەڕەکەی لە ١٥ ساڵ تێناپەڕێ. کەوابوو، هەمووی ئەوانە «مصرف کننده» ی بێ ئەملاو ئەولان و، هەتا ئەو ڕۆژەی دەگەنە تەمەنی بەرهەمهێنان، ماوەیەکی زۆری دەوێ. دوو بەرامبەر بوونی جەمعییەتی وڵات لە ماوەی پازدە ساڵان دا ڕاست بە واتای چوونە سەری ڕادەی نیازمەندیەکانی وڵات هەتا دوو بەرامبەر لە گشت زەمینەکانی تەندورستی، دەرمان، پەروەردە و فێرکردن و لە سەرووی هەموویانەوە خواردەمەنییە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت لە بۆشکەی ٣٦ دۆلارەوە لە ساڵەکانی پێش شۆڕش، گەیوەتە بۆشکەی ١٢ دۆلار لەم ساڵدا، هەروەها بە هۆی کەمبوونەوەی هەناردەی نەوت، داهاتی ڕێژیم لە ڕێگای فرۆشی ئەم کالایەوە(کە زیاتر لە ٧٠ لە سەدی کۆی داهاتی پێک دێنێ) دەکرێ بڵێین سێ بەرامبەر کەم بۆتەوە.

– سەرنەکەوتنی ئاخوندەکان لە بەڕێوەبردنی بەناو بەرنامەی ٥ ساڵە و شکستی ئەو «بەرنامە»یە لە گەیشتن بە مەبەستە بەرزەفڕەکانی هێندەی دیکە بۆتە هۆی خراپتربوونی وەزعییەتی وڵات.

هەبوونی ناوەندە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات، پەرەئەستاندنی پارتی بازی، ئەسپاردنی کارەکان بە کەسانی بێ سەلاحییەتی سەر بە ئاخوندەکان، وەلاندرانی کەسانی پسپۆڕ و خاوەن نەزەر بە هۆی «مەکتەبی نەبوونیان»، وەپێشخرانی مەبەستە سیاسییەکان لە جیاتی هەدەفە ئابوورییەکان و، نەبوونی ئاماری ورد و دەقیق و پەنابردن بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی غەیرە زانستییانە سەرمایە گوزاری لە بەشە «غیرتولیدی»یەکانی بەناو دیفاعی و ئەمنییەتی(تا ئەو جێگای کە خەرجی ئەم بەشە دەگەڵ کۆی ئەو خەرجانەی بۆ خواردەمەنی و دەرمان و تەندروستی دەکرێن، بەرامبەرە)، هەبوونی بورۆکراسی و ئاوسانی لە پێرسۆنێلی دەوڵەت دا و... هتد، ئەوانە هەمووی تێکڕا بوونەتە هۆی شکستی بەرنامەی ٥ ساڵەیێ یەکەم.

هاتنەخواری داهاتی ئەرزی و شپرزە بوونی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری وەزعی ئابووری، سەرکردەکانی ڕێژیمی ناچار کردوە کە بۆ دابین کردنی خەرجی ڕۆژانە(هزینەهای جاری)خۆ بە ئاو و ئاگردا بکەن. ئەو قەرزە کورت خایەنانەی کە ڕێژیم بە سووتێکی یەکجار قورسەوە

لە ماوەی بەرنامەی ٥ ساڵەی یەکەمدا توانیبووی لە وڵاتانی دیکە وەریانگرێ، لەسەرەتادا فەرحانییەکی کورت خایەنی پێکهێنا. بەڵام، بە خەرج کردنی ئەو قەرزانە لە کاری «غەیرە تولیدی» دا و کاتێک وەختی دانەوەی قەرز و سووتەکان هات، گیروگرفتەکانی ڕێژیم بە توندوتیژییەکی زیاترەوە سەریان هەڵدایەوە. ئێستا وەزعی ماڵیی ڕێژیم بە ئەندازەیەک خراپە کە سووتی دواکەوتوو و ، قیستە نەدراوەکانیان کە ڕێکەوتی دانەوەیان بەسەر چووە، زۆر لە مێژە لە دە میلیارد دۆلاران تێپەڕیوە. لە ئاکامدا، سندووقی نێونەتەوەیی پووڵ و هێندێک لە وڵاتانی ئورووپایی، یەک لەوان فەرانسە، بە پارێزەوە دەگەڵ ڕێژیم مامەڵە دەکەن.

هاتنەخواری ڕادەی داهاتی ئەرزیی ڕێژیم، کە بەشی زۆری لە ڕێگای فرۆشی نەوت بە دەرەوەی وڵاتەوە وەچنگی دەکەوێ، ئاخوندەکانی ناچار کردوە نرخی خزمەتەکان بە شێوەیەکی نەدیتراو بەرنەسەر، سوبسیدەکان لابەرن و، بە دانانی ماڵیاتە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆکان لە سەر شتوومەکە ئەساسی و غەیرە ئەساسی یەکان، بە ئاشکرا دەست بدەنە تاڵانی خەڵک.

کەمبوونەوەی داهاتی ئەرزیی ڕێژیم لە لایەکەوە بۆتە هۆی ئەوە کە بەشی سەنعەت لە زەمینەی نوێ کردنەوەی کەرەستەی یەدەکی زۆر بە توندە بکەوێتە ژێر گوشارەوە. لە ئاکامدا، زیاتر لە نیوەی کارخانەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان دەرگایان گاڵە دراوە و ئەوانەی داشنەخراون، ئەوپەڕەکەی بە نیوەی توانایی خۆیان کار دەکەن.

داخرانی ئەو دامەزاروە سەنعەتییانە و هاتنەخواری توانایی بەرهەم هێنان ڕاستەخۆ بە واتای چوونە سەری ژمارەی بێکارانی وڵاتە، بە چەشنێک کە بە پێی بەراوردی ڕێژیم، میزانی بێکاری لە ساڵی ١٣٧٠ دا ٢٢/٥ لە سەد، واتە ٦/٥ میلیۆن کەس بووە و ئەم میزانە لە ساڵەکانی پاشتردا هەروا لە زیاد بوون دا بووە. لە لایەکی دیکەوە ئاخوندەکان بۆ دابینکردنی «هزینەی جاری» ناچار بوون نرخی خزمەتەکان لە هەموو زەمینەکان دا بە شێوەیەکی بێ سابیقە بەرنەسەرێ و بە دانانی ماڵیات، بە تایبەتی ماڵیاتی ناڕاستەوخۆ، لە سەر هەموو شتوومەکێک، باری ژیان لە سەر شانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر و تاقەت پڕووکێنتر کەن. نرخی ئاو و بەرق و تەلوفوون و خزمەتەکانی پۆستی، هەزینەی نوێسازی و پەروانەی ماڵ دروستکردن، خزمەتەکانی پزشکی و دەرمانی و، شەهرییەی دەرس خوێندن، لەو بابەتانەن کە ساڵ بە ساڵ چوونەتە سەر و هەرواش بە شێوەیەکی «تصاعدی» لە تێهەڵچوون دان. کار گەیوتە جێگایەک کە تەنانەت لە سەر داهاتی دەستفرۆش و چەرچییە کەم ئەنواکان و ئەوانەی کە لە پیادەڕەو و کووچەکان دا دەگەڕێن و وردەشت دەفرۆشن و ژیانێکی نەمر نەژی بۆ خۆیان و ماڵ منداڵیان دابین دەکەن، ماڵیاتیان داناوە .

- چاپی ئەسکیناسی بێ پشتوانە، بە تایبەتی لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕ دەگەڵ عێراق‌دا، زۆر لەمێژە ئاکامی زیانباری خۆی لە بواری ئاوسانی دراوی‌دا دەرخستووە، ئەرزشی ڕیاڵ لە بەرامبەر ئەرزە بیانییەکان، یەک لەوان لە بەرامبەر دۆلار( کە بەهای نەوتی فرۆشراو بەو دەردێ ) هەروا دێتە خوارێ، دەوڵەتی ڕەفسەنجانی لە پەلە قاژەکردن بۆ ڕزگاربوون لەو وەزعە پرکارەساتە و پاش ئەوەی بەشێکی گەورە لە کارخانە و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دا بە بەشی تایبەتی، پەنای بردە بەر سیستەمی تەک نرخی کردنی ئەرز و هێنانەخواری بایخی ڕیاڵ و ئەرزشی بەرامبەریی ڕیاڵی هەتا ١٦٥٠ ڕیاڵ لە بەرامبەر هەر دۆلارێکدا هێنا خوارێ.

بەڵام، تەک نرخی کردنی ئەرز لە لایەکەوە بوو بە هۆی ئەوەکە بەشێک لە کارخانەکان و دامەزراوە بەرهەم هێنەرەکان، کە بە کەلک وەرگرتن لە ئەرزی تایبەتی دەیانتوانی کەرەستەی خاو و کەرەستەی یەدەکی بکڕن و ماشێنی جۆراوجۆرەکانیان نوێ کەنەوە، ئیدی ناتوانن پێویستییەکانی خۆیان لەو بوارانەدا دابین بکەن. ئەم مەسەلەش بەش بەحاڵی خۆی بۆتە هۆی زیادبوونی حەشیمەتی بێکاران و هەرچی زیاتر خراپ بوونی وەزعییەتی گشتیی وڵات.

لە هاوینی ڕابردوودا کە نرخی تازەی ڕیال لە بەرامبەر دۆلاردا ڕاگەیەندار هەتا ماوەیەک لەمەوپێش ئەرزشی ڕیال هەروا هاتۆتەخوار و ئێستا هەر دۆلارێک بە ۲۵۰۰ ڕیال و بگرە زیاتریشە. بەو حاڵەش، ڕادیۆکانی ڕێژیم، بە خۆگێل کردن لە بەرامبەر ڕاستییەکانی بازاڕدا، هەروا نرخی ڕیال لە بەرامبەر دۆلاردا ۱۶۵۰ ڕیال ڕادەگەیەنن!

ئاخوندەکان کە لە لایەکەوە تێدەکۆشن خۆ لە چنگ ئەو وەزعە نالەبارە ڕزگار کەن، لە لایەکی دیکەوە، بە مەبەستی وەسەریەک نانی پوول و پارەیەکی هەرچی زیاتر، هاتن و بەناو بەندەرێکی ئازادیان لە دورگەی قیشمدا کردەوە. بەڵام کردنەوەی ئەو «بەندەرە ئازادە» نەک هەر هیچ دەروویەکی ڕوونی لە ڕێژیم نەکردەوە، بەڵکوو ڕێگای هورووژمی شتوومەکی «تجملی» بۆ نێو ئێرانی ئەوەندەی دیکە خۆش کرد. پڕبوونی بازاڕەکانی ئێران لە شتوومەکی لۆکس بە ئیستانداردی باشتر و جوانتر لە شتوومەکی خۆماڵییەوە کەسادی بازاڕی بەرهەمەکانی نێوخۆی توندوتر کرد و لە ئاکامدا، ژمارەیەکی زۆرتری دیکە لە واحیدەکانی بەرهەم هێنان تەعتیل بوون.

-لێک هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئەگەر بۆ زۆربەی کۆمارەکانی پێکهێنەری «موهبت»ێک بوو، هەرچەند بۆ ئاخوندەکانیش شادمانییەکی کورتخایەنی بەدواوە بوو، بەڵام لە درێژخایەندا و بێ ئەوەی کە بۆخۆیان بزانن، نەک هەرهیچ شتێکی لە باری قورسی گیروگرفتەکانیان کەم نەکردەوە، بەڵکوو کەمێکیشی لێ زیاد کرد. هێندێک ڕامان و وردبوونەوە لەم بارەوە پێویستە: سەرهەڵدان و پەرەئەستاندنی ئیسلامی بناژۆ و شەڕ فرۆش لە ئێران، لە ڕاستیدا ئاکامی ڕقەبەری و دوژمنایەتییەک بوو کە ڕۆژئاوای سەرمایەدار دەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی، لە پێشەوەی هەموویان دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، دەیکرد. بەڵام، خومەینی و داروودەستەکەی زۆر زوو خۆیان لێگۆڕا و پێیان وابوو ئەو شێوە بیرکردنەوە لە ئیسلامدا و داویەش تێک ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ویلایەتی «فقیە» لە ئێران دا، تەنیا و تەنیا بە دەستی خۆیان ئەنجام دراوە و هیچ کەس دەستی تێدا نەبووە! ئەو «توهم»ە کاتێک بەوپەڕی توندوتیژی خۆی گەیشت کە هەوەڵین نیشانەکانی لێک هەڵوەشانیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئاسۆی سیاسی ئەو وڵاتە سەری هەڵدا، چونکە ئاخوندەکان کە هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان لە چنگ ڕەنگدانەوەکانی پڕ لە کارەساتی شکست لە شەڕ دژی عێراق ڕزگار کەن و، خومەینیش نەمابوو کە بە هەر جۆرێک بێ کەشتیی تێکشکاوی ڕێژیم لە مەترسی غەرق بوون ڕزگار بکا، ئەو مەسەلەیان نەک وەک پاشەکشەی سۆسیالیزم لە بەرامبەر «ئیسلامی نابیی محمدی» لە قەڵەمدا! ئەو مەسەلەیە بوو کە پاشان گرفتارییەکی زۆری بۆ ڕێژیم پێکهێنا و ئاخوندەکانی وادار کرد بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی کۆمارە تازە بەسەربەخۆیی گەیشتوەکانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز و وڵاتانی دیکەی دراوسێ و ئاژاوەگێران لەو وڵاتانە بەتوندی وەخۆ کەون.

ئاخوندەکان، کە لە هاتنە پێشی وەزعییەتێکی نوێی ئەوتۆ لەو کۆمارانە لە خۆشیان هۆشیان لێ براوە، بۆ «بەرێ کردنی شۆڕش» بۆ دەرەوەی وڵات هێنانە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامی لەو وڵاتانە بە هەموو هێزیانەوە دەست بەکار بوون. کۆڕە سیاسییە مەزهەبییەکان، یەک لە دوای یەک بۆ ئەو کۆمارانە بەڕێ کران، کتێبە ئایینییەکان، عەکسی ئیمامەکانی شیعەکان و عەکسی خومەینی و باقیی ئاخوندەکانی ڕەدەی سەرەوەی ڕێژیم لە تیراژی میلیۆنی دا چاپ کران و لەو کۆمارانە لە نێو خەڵکدا بڵاوکرانەوە. ناوەندە فەرهەنگییەکان و لەڕاستیدا ناوەندی ڕایەڵکە جاسووسییەکان- لە زۆربەی پایتەخت و شارە گەورەکان و، بەرێکردنی بەرنامەی ڕادیۆیی و بڵاوکرانەوەی بەرنامەی تەبلیغاتی بە زمانەکانی تورکی، تاجیکی و ئازەرەی و زۆر چالاکیەکی دیکە، لە ڕیزی ئەو بەرنامانە بوون کە ئاخوندەکان بە هەڵتۆز- هەڵتۆزێکی کەموێنەوە بۆ بەڕێوەبردنیان دەسبەکار بوون. لە ڕاستیدا، پێشبڕکێیەکی هەموولایەنە لە نێوان دەوڵەت تورکیە و ڕێژیمی ئاخوندەکان لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکردبوو. چەکی دەستی ئاخوندەکان مەزهەب و هی تورکیە ناسیۆنالیزمی تورک و پێوەندییە مێژوویی و نەژادییەکانە کە لە نێوان تورکەکانی تورکیە و دانیشتووانی ئازەربایجان و هەموو کۆمارەکانی ئاسیای نێوەڕاست(بێجگە لە تاجیکستان) دا هەیە.

بەڵام، هەوڵ و تەقەللای ئاخوندەکان لە هەموو شوێنێک دەگەڵ چەند گیروگرفتی بنەڕەتی بەرەڕوو بوو: یەکەم ئەوە کە لە هەموو کۆمارەکانی ناوبراودا- تەنانەت لە ئازەربایجانیش هەستی نەتەوایەتی بە ڕاددەیەکی بەرچاو لە هەستی ئایینی بەهێزترە. دووهەم ئەوەکە خەڵکانی ئەو وڵاتانە- بێجگە لە ئازەربایجان- هەموویان سوننی مەزهەبن و هەربۆیەش ناتوانن نیسبەت بە ئاخوندەکان و فەلسەفەی ویلاتی فەقییهی خومەینی سەمپاتییەکی ئەوتۆیان هەبێ. سێهەم، فێدڕاسیۆنی پێشووی سۆڤیەت، سەرەڕای گشت کەمبوود و ناڕەساییەکانی، لە زەمینەی زانست، فەرهەنگ و کۆمەڵایەتیی دا، هەنگاوی بەکەلکی هەڵگرتبوون و یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی لە چەشنی ویلاتی فەقیهی تا ڕادەیەکی زۆر لە نێو بردبوو. لە ئاکامدا ، قبووڵ کردنی ئەم چەشنە بیرو باوەڕانە لە گشت ئەو بوارانەدا، بەتایبەت لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە لایەن ئەو میللەتانەوە بە هیچ جۆرێک ئیمکانی نەبووە.

چوارەم، دابەشکرانی ئەو کۆمارانە و دیاری کردنی سنووره جوغرافیایەکان لە نێوانیاندا لە باری مێژووییەوە بە هیچ جۆر لە سەر بناخەی جیاوازیی مەزهەب لە نێوان ئەم یان ئەو کۆمارەدا دانەمەزراوە، بەڵکوو فاکتۆرێکی کە لەم بارەوە کەلکی لێ وەرگیراوە، تەنیا و تەنیا، لایەنی نەتەوایەتی و قەومی بووە و ئێستاش ئەو خەڵکانە کە سەربەخۆییان وەدەست هێناوەتەوە، هەرێمی قانوونیی هەر کامیان هەر لە سەر ئەم ئەساسە دامەزراوە.

بەو حاڵەش بە پێچەوانەی گشت ئەو فاکتۆرە مەنفییانە ئاخوندەکان بۆ وەدی هێنان و گەیشتن بە مەبەستەکانیان و بە ئەنجام گەیاندنی بەناو ئەو ڕیسالەتەی کە لە پێوەندیی دەگەڵ «ام القرا جهان اسلام» وەئەستۆیان گرتووە، هەروا چالاکانە خەریکن.

بێجگە لەو گیروگرفتانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، پێوەندیی ئابووری و فەرهەنگییەکانی خەڵکی زۆربەی ئەو کۆمارانە دەگەڵ ڕووسیە، کە ڕیشەی چەندین سەد ساڵەی هەیە، دەبێ وەک کۆسپ و تەگەرەیەک لە سەر ڕێگای سیاسەتی زێدەخوازانەی ئاخوندەکان لە بەرچاو بگیرێ . هەبوونی گەلە پێوەندییەکی ئەوتۆ بوو، کە بۆ وێنە لە تاجیکستان،- بە

ڕەزایەتی سیاسەتی هاوبەشی ڕووسیە و ئەمریکا بوو بە هۆی ئەوە کە موسوڵمانە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان لە لایەن هێزەکانی لایەنگر و خوازیاری دێموکراسییەوە، کە زۆربەیان کۆمۆنیستەکانی پێشوون، سەرکوت بکرێن و لە سەر حوکم وەلا بندرێن.

بەڵام، بە شکستی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتی ئایینی لەو کۆمارانەدا، هەرگیز نابێ وا دابندرێ کە هەموو شتێک تەواو بووە، چونکە ئاخوندەکان لە ژێر پۆششی پێوەندیی فەرهەنگی و ئابووریدا، لە لایەکەوە بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانیان، سەرسەختانە تێدەکۆشن و، لە لایەنی دیکەوە، بۆ وەدەست هێنانی دەزگا و کەرەستە حەساسەکانی چەکی ئەتۆمی و ئۆرانیۆمی خۆشکرا و، بۆ وێنە لە کۆماری قەزاقستان، شێلگیرانە هەوڵدەدەن.

بەکورتی، هەول و کۆششی ئاخوندەکان بۆ هێنانەسەر کاری حکوومەتی مەزهەبی لە کۆمارە موسوڵمان نیشینەکانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز، بە بێگومان زۆر گرانیان بۆ تەواو بووە و، ئەمەش بە نۆبەی خۆی وەک هۆکارێکی لاوەکی بۆتە سەرباری گیروگرفتە ئابوورییەکانی ڕێژیم. تەنیا بەهرەیەکی کە ئەو گشتە هەڵسووڕ- داسووڕە و بەرنامە پان و بەرینە تەبلیغاتییە بۆ ئاخوندەکان هەبووە، هەر نەبێ سەرگەرمکردنی لایەنگرانی ڕێژیم لە نێو خۆی ئێران و هومێدەوارکردنیان بە گەورە بوونەوەی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی ویلاتی «فقیە» بووە.

ڕەنگدانەوەی شکستی ڕێژیم لە زەمینەی ئابووری لە ژیانی کۆمەڵانی دەست تەنگ و هەژار و کرێکاران و زەحمەتکێشان و، هەروها لە ژیانی ئەو کەسانەدا کە داهاتی سابیتیان هەیە، تەندوورەکێشانی نرخی پێداویستییەکانی ژیان و گشت شتوومەکی «ضروری» و «غیر ضروری»بووە، بە چەشنێک کە بە گوێرەی بەراوردی پسپۆرەکانی کاروباری ئابووری، هەر ئێستا زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر خەتی هەژاری دا دەژین. ئەم وەزعییەتەش بە نۆبەی خۆی و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بۆتە هۆی تووڕەیی خەڵک لەو ڕێژیمە و پێ بە پێی تێپەڕبوونی زەمان، ژمارەی موخالیفانی ڕێژیمیش لە زیاد بوونە. خۆپێشاندانە پان و بەرین و توندوتیژەکانی خەڵکی شارەکانی مەشهەد، جنووبی تاران، ئەراک، شیراز، بانە، بۆکان و، لەم دواییانەش دا، زاهدان و چەند شاری دیکە لە ئوستانی سیستان و بلوچستان، بێجگە لە ڕەنگدانەوەی ڕق و بێزاریی خەڵکە لە ئاخوندەکان و ڕێژیم شتێکی دیکە نەبووە.

دەمڕاستەکانی ڕێژیم بۆ ڕزگاربوون لەم وەزعە خەتەرناکە، بە لەگوێگرتنی ڕێنوێنەکانی خومەینی کە دەیگوت: « یەک هەنگاو پاشکشە دەبێتە هۆی لە نێوچوونی ڕێژیم»، تەنیا ڕێگای چارەیان لە توندوتیژترکردنی فەزای زەبروزەنگ و ترس و خۆف و پەرەپێدانی بەرنامەی سەرکوت و تۆقاندن لە نێو خۆی وڵاتدا و، درێژەدانی بەرنامەی تێرۆریستییەکان و تێرۆری نەیارانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵاتدا دیوەتەوە. هێنانە گۆڕێ مەسەلەی «حجاب اسلامی» و ڕەوانە کردنی هەزاران کەس «بسیجی» بۆ نێو شارەکان بۆ بەڕێوەبردنی «ئەرکی خۆیان» لە پێناو « امر بەو معروف و نهی از منکر» دا و بەربەرەکانێ لەگەڵ «بدحجابی»، لە ڕاستیدا بێجگە لە بەلارێدابردنی بیرو فکری خەڵک و سەرگەرم کردنیان بۆ ئەوەی وەزعییەتی شپرزە و شپرێوی ڕێژیمیان لێوەشارن، هیچ مەبەستی دیکەی تێدا بەدی ناکرێ.

هێنانە مەیدانی بەسیجییان( کە زۆربەیان لە دێهاتەکان وەخڕ دەکەن) و ڕەوانەکردنیان بۆ

شارەکان، خۆی لە خۆیدا پێشاندەری ئەم ڕاستییەشە کە ڕێژیم ماوەیەکە تەنانەت لە سوپای پاسدارانیش بەدبین بووە و، وەک جاران بەقا بەو ئۆرگانە سەرکوتکەرە ناکا.

بەڵام، ئاخوندەکان نە لە بەرنامە سەرکوتکەرانەکانیان لە نێو خۆی وڵاتدا و نە لە قانوون شکێنی و بەڕێوەبردنی پیلانە تێرۆریستییەکانیان لە دژی نەیارانیان لە دەرەوەی وڵاتدا، نەک هەر شتێکیان وەچنگ نەکەوتووە، بگرە ڕق و تووڕەیی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری خەڵکی ئێران و «اعتراض»ی کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستە نێو نەتەوەیییەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئۆرگانەکانی سەر بەو ڕێکخراوە و بێزاریی خەڵکانی زۆربەی وڵاتانی جیهانیان لە خۆیان و ڕێژیمەکەیان تەوندوتیژ تر کردوە.

لە نێو خۆی وڵاتدا، تەنانەت پێش ئەم قۆناخەی دوایی لە سەرکوت و زەبرە زەنگ(کە بەشی زۆری ڕووی لە ژنانە) بە تەواوی ڕوون بۆوە کە پێگەی کۆمەڵایەتیی ڕێژیم چەندە کەم بۆتەوە. ئاکامی «هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار» ئاوێنەی بالانوێنی ئەو ڕاستییە بوو. لەو «هەڵبژاردنە» دا سەرەڕای هەموو چەشنە فێڵ و تەڵەکە و تەدارەکێک کە لە لایەن هەڵسووڕێنەرانییەوە ئەنجام درابوو، ژمارەی بەشداربوان زۆر کەمتر لە نیوەی ئەو کەسانە بوو کە مافی بەشداری کردنیان هەبووە و، ڕەفسەنجانی، بە پێی خۆشبیانەترین هەڵسەنگاندنەکان، زۆر کەمتر لە ٢٠ لە سەدی دەنگەکانی وەچنگ هێنا. ئەو نەتیجە لاوازە لە حاڵێکدا بە نسیبی بوو کە، لێ نەدرانی مۆری بەشداریی لە هەڵبژاردن لە ناسنامەی ئەو جۆرە کەسانە مەترسی برانی کۆپینی خواردەمەنی و تەنانەت دەرکران لە کاروباری دەوڵەتی و نێو دەوڵەتی بەدواوە دەبوو!

لە دەرەوەی وڵاتیش، مەحکوومییەتە پەیتا پەیتاکانی ڕێژیم لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ دوازدەهەمین جار لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بە تایبەتی دوای ڕاپۆرتی دووهەمی کالێندۆپۆل، نوێنەری تایبەتی ئەو ڕێکخراوە، بە کۆمیسیۆنی نابراو، لەقاودانەکانی ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێو نەتەوەیی، میدل ئیست واچ، فرانس لیبرتە و ، خاچی سووری جیهانی، لە دژی ئەم ڕێژیمە بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە بێ نێوبڕ لە نێو خۆی وڵاتدا و تێرۆری نەیاران لە وڵاتانی دەرەوە و نووسرانی ناوی کۆماری ئیسلامی لە پێش هەموو ڕێژیمە تێرۆریستەکان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتی وەزارتی دەرەوەی ئەمریکا دا و... هەمووی ئەوانە پێشاندەری ئەم ڕاستییەن کە ئاخوندەکان و ڕێژیمەکەیان لە بەرامبەر بیروڕای نێونەتەوەییدا وەک بێزراوترین حکوومەتگەران و دزێوترین حکوومەت ناسراون.

بەڵام، لە هەڵە داین ئەگەر پێمانوابێ کە تەنگ و چەڵەمەکانی ڕێژیم تەنیا لە چوارچێوەی ئەو گیروگرفتانە دایە کە هەتا ئێرە خراونەتە بەرچاو. کێشەی میللییەتەکان و ویست و داخوازەکانیان لە زەمینەی میللی و فەرهەنگی و- تەنانەت مەزهەبی دا لە ڕیزی گرینگترین ئەو گیروگرفتانەن کە ڕۆژ بە ڕۆژ توندوتیژتر دەبن. ئەگەر هەتا دوو - سێ ساڵ پێشتر، تەنگ و چەڵەمەکانی ڕێژیم لەم بارەوە تەنیا لە چوارچێوەی کوردستان و، تا ڕادەیەکیش بەلووچستاندا ، خۆی دەنواند، پاش لێک هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بە سەربەخۆیی گەیشتنی ئازەربایجان و تورکمەنستان، گیروگرفتی تازەتر هاتوونەتە سەر ڕێگای ڕێژیم و لێی بوونەتە سەرباری گیروگرفتەکانی پێشوو. لە ئازەربایجانی ئێران، هەرچەند بە هۆی بوونی

پێوەندیی زۆر قووڵ و بەربڵاوی ئابووریی دەگەڵ باقیی بەشەکانی ئێران و شەریک بوونی ئازەربایجانییەکان لە حاکمییەتی سیاسیدا و، هەورەها بە دەلیلی یەکیەتیی ئایینی لە نێوان ئەو گەلە و میللییەتی فەرمانڕەوا هەستی ستەمی نەتەوایەتیی لە نێو خەڵکی ئازەربایجان دا هەرگیز قووڵ و ڕیشەدار نەبووە. بەو حاڵەش. پاش سەربەخۆیی ئازەربایجانی «باکوور»، مەسەلەکە تا ڕادەیەک ئاڵ و گۆڕی بە سەردا هاتووە . لە سەرەتادا ئاخوندەکان دەیانەویست لە بیروباوەڕی ئایینی خەڵک بە قازانجی سیاسەتەکانی خۆیان و بۆ هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی ئیسلامی لەوێندەرێ کەلک وەرگرن. بەڵام ، لەوێش تەقریبەن هەروەک تاجیکستان، دەوڵەتی ڕووسیە، لە سەر بەڵێنی ناڕاستەخۆی ڕۆژئاوا، لە هێزە لائیکەکان و لایەنگرانی دێموکراسی و کۆمۆنیستەکانی پێشوو پشتیوانی کرد و بەم جۆرە هێزە مەزهەبییەکانیان پاشەکشە پێکرد. بە وەلاچوونی مەزهەبییەکان، هەستی نەتەوایەتی ئیمکانی گەشەکردنێکی باشتری وەدەست هێنا و کەم کەم لە نێو توێژی لاو و ڕووناکبیری ئازەربایجانی ئێران هەستی نەتەوایەتی سەری هەڵداوە و پاش ماوەیەک، مەسەلەی یەکگرتنەوەی ئازەربایجانی سەربەخۆ ،کە پێتەختەکەی تەورێز بێ، دەنگدانەوەیەکی زیاتری پەیدا کرد. هەرچەند هێنانە گۆڕی ئەو مەسەلە لە چوارچێوەی بەرتەسکی کۆڕی ڕووناکبیران و کاسبکارە چکۆڵەکان تێ نەپەڕیبوو، بەوحاڵەش هەڵسووڕێنەرانیی ڕێژیم بە نەقڵ کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی خۆولاتی و سەرۆکی ئیدارەکان، دژکردەوەیان لە خۆ نیشاندا. بەڵام، لە ڕاستیدا، دژکردەوەی هەڵەشانەی ڕێژیم بوو بە هۆی نارەزایەتییەکی زیاتری خەڵک و تەنانەت بوو بە هۆی تووڕەییی کەسانێک کە هەرگیز کاریان بەو جۆرە کارانە نەبووە و بۆی هەیە کە بەتەواوی دەگەڵ ئەو جۆرە قسانە بێگانە بووبن.

بەهەرحاڵ، بە سەربەخۆیی گەیشتنی ئازەربایجانی «شیمالی»، کە لە باری مێژووییەوە بەشێک لە ئازەربایجانی ئێران بووە و دانیشتوانی هەردووک بەش، یەک میللەتن و مێژوو، زمان، ئەدەبیات، مەزهەب و داب نەریتێکی هاوبەشیان هەیە، ناتوانێ دانیشتوانی بەشی «جنووبی» نەخاتە ژێر تەئسیری خۆیەوە. وەزعییەتی نابەسامانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی و بێ سەرەوبەرەییی لە گشت لایەنەکانی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەش، توندوتیژتربوونی ئەو تەئسیرانەی یارمەتی داوە. سیاسەت و کردار و ڕەفتاری کۆنەپەرستانەی هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیمیش، نەک هەر لە خاو کردنەوەی هەستیی» سەربەخۆیی خوازانە»ی خەڵکی ئازرەبایجان، نەخشێکی باشی نەبووە، بگرە هەرچی زیاتر بۆتە هۆی هەژاندنی نارەزایەتیی ئەو خەڵکە.

مەسەلەی تورکمەن سەحرا لە چەند بارەوە دەگەڵ کێشەی ئازەربایجان جیاوازیی هەیە: یەکەم، ئەوە کە ناوچەی تورکمەن سەحرای ئێران و ژمارەی دانیشتوانی زۆر چکۆڵەتر و کەمترە لە کۆماری تورکمەنستان و جەمعییەتەکەی. بۆیە، ئەگەر لە ئازەربایجانی ئێران باس لە یەکگرتنەوە و لکانی دووبارەی ئازەربایجانی «شیمالی» بە ئازەربایجانی «جنووبی» و سەربەخۆیی ئازەربایجانی گەورە کە تەورێز پێتەختی بێ. لە گۆڕێدایە. لە تورکمەن سەحرا مەسەلەکە بە پێچەوانەیە. بەو مانایە کە تورکمەنەکانی ئێران خوازیاری ئەوەن کە نیشتمانەکەیان بخرێتەوە سەر تورکمەنستان. دووهەم، خەڵکی تورکمەن سەحرا کە حەنەفی- مەزهەبن. زۆر بە توندی دژی حاکمییەتی ویلایەتی فەقیهن و ئەم مەسەلەش بۆتە هۆی ئەوە

کە هەستی نەتەوایەتی لە نێو ئەو خەڵکە، لە بەراورد دەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان، بە هێزتر و بەربڵاوتر بێ.

گەلی بەلووچ، تەقریبەن هەروەک کوردان، لە نێو سێ وڵاتی ئێران، پاکستان و ئەفغانستان دا دابەش کراوە. بەڵووچەکان، بێجگە لەوە کە بواری میللی و مەزهەبییەوە هەست بە چەوسانەوە دەکەن، لە ستەمگرەیی ئابووریش ڕەنج دەبەن. ئەوە دورستە کە بەلووچستان ناوچەیەکی وشک و فەقیرە و بە هۆی کەم ئاوی لە زەمینەی کشت و کاڵیشدا یەکێک لە هەژارترین و ڕووت تریین ناوچەکانی ئێرانە، بەڵام کەمتەرخەمی ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر ئێران دا دەگەڵ ئەم بەشە لە خاکی وڵات، بۆتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی هەستیی نەتەوایەتی و «جیاوازیخوازنە» لە نێو خەڵکەکەدا. بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی دەوڵەتی ناوەندی لە ڕابردوو و ئێستاشدا- تەنانەت لە بەراورد دەگەڵ کوردستاندا- بەلووچستان وەک ناوچەیەکی دواکەتوو ماوەتەوە، بەچەشنێک کە لە سەرانسەری ناوچەکەدا تەنانەت کارخانەیەکی مام ناوەندیشی لێ دروست نەکراوە. بۆیە هەم لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی و هەم بە درێژەدانی یازدە ساڵ دەسەڵاتدارییەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی گەلی بەلووچ، جارجار بە شێوەیەکی ئاشکرا و چەکدارانە و، زۆر جاریش بە شێوەی نهێنی، هەروا درێژەی هەبووە. بزووتنەوەیەک کە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان هەمیشە هەوڵیان داوە وەک بەشێک لە فەعالییەتی ڕایەڵکەی قاچاخی «مواد مخدر» بیناسێنن و بەم جۆرە سەرکوتکردنەکەی لە بەرچاوی خەڵک پاساو بدەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەم بە هۆی هەژاریی لە ڕادەبەدەر و هەبوونی بێکاری لە ڕادەیەکی یەکجار زۆردا و هەم بە دەلیلی ئەوە کە بەلووچستان لەسەر ڕێگای ڕایەڵکەی قاچاخی نێو نەتەوەیی هەڵکەتووە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە، چ بلووچ و، چ غەیرە بەلووچ، کەوتوونەتە داوی قاچاخچییەکانەوە و چوونەتە نێو ئەو کارە زیانیابارەوە. بەڵام، پاساودانی کردار و ڕەفتاری سەرکوتکەرانەی ڕێژیم لە ناوچەکەدا بەوە کە بزووتنەوەی خەڵکی بەلووچ بەشێکە لە ڕایەڵکەی ناوبراو، بێجگە لە بوختانێکی بێ شەرمانە ناتوانێ شتێکی دیکە بێ. لە بەلووچیستانیش هەموو بەرپرسانی دەوڵەت لە ڕەدەی ئوستاندار، فەرمانداران، بەخشداران و سەرۆکی ئیدارەکان لە کەسانی غەیرە بەلووچ دادەندرێن. ئەم مەسەلەیەش بە نۆبەی خۆی هەرچی زیاتر بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی بەلووچەکان و ئەوانی بۆ لای بەربەرەکانێ دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هانداوە.

### کوردستانی ئێران

لە کۆتایی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبەوە هەتا ئێستا وەزعییەتی کوردستان، وەک بەشێک لە ئێران، پێشاندەری هەمان وەزعییەتێک بووە کە لە باقیی بەشەکانی وڵاتدا لە ئارادا بووە. ئاڵوگۆڕەکان، هەرچی بووبن، درێژە و ئاکامی بێ ئەم لاو ئەولای سیاسەتەکانی ڕابردووی ڕێژیم و ئیدامەیانە هەتا ئێستا بووە. سەرەڕای ئەمەش، بە هۆی هێندێک ڕووداوی گرینگ، کە بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق دا هاتوونەتە پێش، وەزعییەتی سیاسی لە کوردستانی ئێران، چلۆنایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک و هەڵوێستی ڕێژیم لە بەرامبەریدا، ئاڵو گۆڕیان بەسەردا هاتووە. ئاڵو گۆڕێک کە لە هەر زەمینەیەکدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و قووڵایی و بەرینایییەکەیان لە پێوەندیی دەگەڵ هەرکامیان جیاوازیی هەیە.

وەزعییەتی نابەسامانی ئابووری، ڕەواجی بازاڕی دزی و بەرتیل خواردن لە گشت ئیدارە دەوڵەتی و نێو دەوڵەتییەکان دا و، کەمبوونی پێداویستییەکانی ژیان و گرانیی لە ڕادەبەدەر، ئەگەر لە کوردستان زۆر زیاتر و توندوتیژتر لە باقی ناوچەکانی ئێران نەبێ، هەر نەبێ لە هێندێک بارەوە خراپترە. ئەم وەزعییەتە پڕ کارەساتە، پێ بە پێی ئەو ڕووداوانەی کە لە کوردستانی عێراق دا هاتووتونەتە پێش، لە لایەکەوە بۆتە هۆی هاتنەخواری ورەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە گشت ئۆرگانە سەرکوتکەرەکان دا و، لە لایەکی دیکەوە بۆتە هۆی چوونەسەری هەستی خەباتگێڕی و هیوا بە سەرکەوتن و گەیشتن بە ئازادی لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کورد لە شارو گوندەکان دا. سەرهەڵدانی ئەو ئاڵوگۆڕە باشە دەتوانین لە پێشوازیی خەڵک و پشتیوانی کردنیان لە بزووتنەوە، لە هەوڵ و تەقەللای بەکرێگیراوان بۆ خۆدوور- خستنەوە لە ڕێژیم و، خۆپاراستنی هێزە چەکدارەکان، یەک لەوان پاسدارەکان، لە تێکهەڵچوون دەگەڵ پێشمەرگەکان و سەرهەڵدانی ئاڵو گۆڕێکی ئاشکرا لە ڕەفتاری ئەو هێزانە دەگەڵ خەڵک و هتد... بەجوانی ببینین.

سیاسەتی گشتیی ڕێژیمیش لە بەرامبەر خەڵکی کوردستاندا تا ڕادەیەک گۆڕاوە. بۆ وێنە، لە حاڵێکدا کە مەسەلەی خەبات لە دژی «بدحجابی» لە گشت ناوچەکانی ئێران هەروا درێژەی هەیە، لە کوردستان مەئموورانی ڕێژیم، لەم بارەوە، بەتایبەت لەشایی و زەماوەندەکاندا، بە شێوەیەکی ئاشکرا، خۆیان دەپارێزن و موداخەلە ناکەن. بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە، بە تایبەتی لە دێهاتەکان و، هێنانی خزمەتەکانی وەک کێشانی خەتی تەلەفوونی خودکار، بەرق و ئاوی لوولەکێشی، کە زیاتر بە مەبەستی دوورکردنەوەی خەڵک لە بزووتنەوە و ڕاکێشانیان بۆ لای ڕێژیم ئەنجام دراون، لە بەراورد دەگەڵ زۆربەی بەشەکانی دیکەی وڵاتدا، لە کوردستان وەزعێکی باشتریان هەیە و پێشکەوتنێکی زیاتریان هەبووە. بەڵام لە زەمینەی ئابووری دا، هەنگاوەکانی ڕێژیم لە دروست کردنی کارگای چکۆلەی سەنعەتی، فەرش چنین، گۆرەوی چنین و گاوداری تێنەپەڕیوە، ڕاستییەک کە دەریدەخا هەڵسووڕێنەران و داڕێژەرانی بەرنامەکانی ڕێژیم لە سەرهەڵدانی وەزعێکی وەک کوردستانی عێراق زۆر نیگەرانن!

هەوڵ و تەقەللای کاربەدەستانی «ئیتلاعاتی » ڕێژیم بۆ لە گوشارنانی بنەماڵەی پێشمەرگە و هەڵسووڕاوانی سیاسی، لەم دواییانەدا توندوتیژتربووە و پێ بە پێی ئەم کارانە بەرنامەیەکی پان بەرین بۆ زەربەلێدان لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەڵسوور لە بزووتنەوەدا داڕێژراوە و ماوەیەکە هاتۆتە نێو دەستووری کاری ئۆرگانە سەکوتکەرەکانەوە.

فەرماندەرانی نیزامیی ڕێژیم لە ناوچەدا، بە ئاگاداری لە وەری تێکشکاوی چەکدارەکانی ژێر فەرمانیان و بە زانیاری لە سەر ئەم ڕاستییە کە سەرەڕای گشت ئەو خەرجە قورسانە و بە پێچەوانەی ئەو هەوموو تەلەفات و زیان و زەرەرانەی کە لە ساڵەکانی ڕابردووو وێیان کەوتووە و، لە هەموو نەخشەکان بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کورد تەقریبەن دەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوون. ئەوە ماوەیەکە خەریکی تاقیکردنەوەی تاکتیکیی نوێی دیکەن لە کوردستان، کۆکردنەوەی زۆربەی زۆری پێگەکان لە دێهات، وەگەڕخستنی تاقمی زەربەت بە ژمارە و هێزێکی زۆرەوە و، کەڵک وەرگرتن لە تۆپخانەی قورس لە دژی هێزی پێشمەرگە و داگرتنی بەشێکی زۆر لە ناوچەی دەوروبەری جێگای دەرگیرییەکان، بە مەبەستی ترساندنی گوندنشینەکان، بەشێک لە تاکتیکی تازەی ڕێژیمن. بەوحاڵەش، ئاکامی شەڕەکانی هێزی

پێشمەرگە بە تایبەتی لە سەرانسەری ساڵی ڕابردوودا بەڕوونی دەریدەخا کە ڕێژیم لەم شێوە تازەیەش لە شەڕی- سەرکوتکەرانەیدا دەگەڵ شکست و ناکامی بەرەوڕوو بووە.

– ڕاگەیەندرانی پێکهاتنی هێزی تایبەتی لە هاوینی ڕابردوودا لە لایەن وەزیری نێوخۆیی ڕێژیمەوە بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی گەلەکەمان، دەلیلێکی ئاشکرایە بۆ ئەم ڕاستییە.

خۆگێل کردن و چاوپۆشی کردن لە بڵاوبوونەوەی «اعتیاد» لە نێو توێژی لاوەکانی کوردستان و، تەنانەت ڕێگاخۆش کردن بۆ ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە، بەشێکی دیکە لە سیاسەتی ڕێژیمە بۆ تێکشکاندنی بزاڤی خەڵکی کوردستان. ئەم سیاسەتە دژی ئینسانییە، بەداخەوە، بۆتە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە تورەمەی تازە پێگەیشتوو لە کوردستان دوچاری ئەو نەخۆشییە پڕ لە مەترسییە بن و وەک ئەندامانی بێ کەلک و سەرباری کۆمەڵیان لێ بێ.

بە کورتی و بە لەبەر چاوگرتنی گشت ئەو هۆکار و فاکتۆرانەی کە باسیان کرا، دەکرێ بەم جۆرە ئاکام وەرگرین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای پازدەهەمین ساڵی بەدەسەڵات گەیشتنی، لە هەموو مەیدانەکانی ژیانیدا دەگەڵ شکست و بن بەست بەرەوڕوو بووە. ئابووریی وڵات وەرشکست و بێ سەروسامان، ڕەواجی دزی و بەرتیل خۆری لە گشت ئۆرگانە دەوڵەتی و نیوە دەوڵەتی یەکان دا، بڵاوبوونەوەی فەساد و «اعتیاد» و نەخۆشییە ڕەوانییەکان و لە نێوچوونی ئوسوولی ئەخلاقی، لە بەریەک ترازانی شیرازەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گرانیی سەرسووڕهێنەری نرخی هەموو شتێک و هاتنەخواری تووندوتیژی ئەرزشی دراوی وڵات، پەرەئەستاندنی بێکاری هەتا ڕادەی نزیک بە چڵ لە سەدی جەمعییەتی وڵات(بە لە بەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە هێشتا نەگەیشتوونە تەمەنی بەرهەم هێنان)، ڕق و بێزاریی خەڵک لە ڕێژیم و ڕۆژبەڕۆژ توندتیژتربوونی ئەم ڕق و بێزارییە، ئەمەیە سیمای گشتیی وڵات لە پازدەهەمین ساڵی دەسەڵاتدارییەتیی نگریسی ئاخوندەکاندا. بەڵام، وەڵامی ڕێژیم لە بەرامبەر گشت ئەو گیروگرفتانە، بێجگە لە هەرچی زیاتر خەست کردنی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ و درێژەدانی بەرنامەی تیرۆریستی و هێندێک شانۆگەریی فێڵبازانە و «تظاهر» بە دینداری، شتێکی دیکە نەبووە و ڕەنگدانەوەی ئەم وەزعە لە نێوخۆی ڕێژیم دا بە شێوەی توندوتیژتربوونی ناکۆکی و دژایەتی لە نێوان باڵە نەیارەکاندا سەری هەڵداوە.

بەو حاڵەش، هەڵوێستی هێندێک لە وڵاتانی بە هێزی ئورووپایی، بەتایبەتی ئاڵمان و فەرانسە و، هەروەها ژاپۆنیش، لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا و سیاسەتێکی هەلپەرستانەی کە لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا ڕەچاویان کردەوە و، هێندێک جار تەنانەت بە قبوولکردنی بێ حۆرمەتییەکی ئاشکرا و بە پێچەوانەی دژایەتیی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هاووڵاتییەکانیان، لە بەرامبەر ملهۆڕییەکانی جاروباری ئاخوندەکان دا تەسلیم دەبن، ئەم شک و گومانە پێک دێنی کە ڕەنگە دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژئاوا هەبوونی ڕێژیمی لە نموونەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بۆ مەبەستە درێژخایەنەکانی ئابووریی خۆیان نەک هەر پێ شتێکی خراپ نەبێ، بەڵکوو زۆریشیان پێ باش بێ. چونکە لە پێوەندیی دەگەڵ ئەم ڕێژیمەدا هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین: هاتنەخواری نرخی نەوت لە ٣٦ دۆلارەوە لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی ٥٧ لە ئێران هەتا ڕادەی ١٢ دۆلار لە بەرامبەر هەر بۆشکەیەک لە حاڵی حازردا،

یەکێک لە ئاکامە پڕ خێر و بەرەکەتەکانی! وجوودی ئەم ڕێژیمە بووە. لێک هەڵوەشاندنی بناخەی ئابووریی ئێران و هەر وڵاتێکی دواکەوتووی دیکە لە جیهاندا کە چارەنووسی ئێران بەرۆکی بگرێ، توندوتیژتربوونی بەستراوەیی ئەو جۆرە وڵاتانە بە ڕۆژئاوای سەنعەتی و دەوڵەمەندی بەدواوە دەبێ و، ئەمەش مەسەلەیەکە ناتوانێ ڕۆژئاوا پێی خۆش نەبێ!!

وەزعییەتی حیزب

پاش تەواوبوونی کۆنگرەی نۆهەم، کۆمیتەی ناوەندی، هەم لە ڕاستای ئەو ئوسوول و پرێنسیپانەی کە هەر لەسەرەتاوە حیزب لە سەریان دامەزراوە و، هەم بە لەبەرچاوگرتنی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی نۆهەم و، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی زاڵ بە سەر ناوچەکەدا، بە گوێری توانا و هەتا ئەو جێگایەی لە برِستیدا بووە، بۆ بەرەوپێش بردنی مەبەست و سیاسەتەکانی حیزب تێکۆشاوە و لەم ڕێگایەدا، لە بەرەوڕووبوونەوە دەگەڵ هەرچەشنە گیروگرفتێک و مەترسییەک بەوپەڕی بێباکییەوە هەنگاوی هەڵگرتووە.

ئاشکرایە گەلە فاکتۆرێک، کە زۆربەیان دوور لە ویست و ئیرادەی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسین، هێندێک جار لەسەر چوونەپێشی کارەکان تەئسیری باشیان هەبووە و هێندێکیشیان لە سەر ڕێگای ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ گەیشتن بە مەبەستەکان نەخشی کۆسپ و تەگەرەیان گیراوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

بە بێ گومان قبووڵتانە کە لە زەمانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نۆهەمەوە هەتا ئێستا، کە سێ ساڵ و چەند مانگ تێدەپەڕێ، ڕووداوی یەکجار گەورە و چاوەڕواننەکراو لە ڕادەی جیهان و ناوچەدا هاتوونە پێش، گەلە ڕووداوێک کە – هەروەکوو پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا ئاکامی زۆر گەورە و گرینگیان بەدواوە بووە. سەفبەندییەکان بەتەواوی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، ڕۆژئاوای سەرمایەدار لە پێشبڕکێ بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتیی جیهاندا سەرکەوتووە، جیهانی دوو جەمسەری جێگای خۆی داوە بە جیهانی یەک جەمسەری، دەورەی تەنەبازیی ڕێژیمە سەرەڕۆ و ستەمکارەکان بەسەر چووە و، شەپۆلێکی ئازادی و دێموکراسی – بە تین و تەوژمێکی جیاوازەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا– هەستاوە و، لە بەشێکی گەورەی کوردستانی عێراق دا، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بە پشتیوانیی هێزە ڕۆژئاواییەکان حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە.

لێکدانەوەی هەلومەرجی نوێ و هەڵبژاردنی تاکتیکی لەبار لەم وەزعییەتە تازەدا پێویستی بە وردبینی و هۆشیارییەکی تەواوەوە هەیە. چونکە لەم قۆناخە ئەستەمە لە مێژووی گەلەکەمان دا چکۆلەترین هەڵە و هەڵکخلیسکان ئاکامی زۆر خەتەرناک و بگرە مرگ هێنەری بەدواوە دەبێ. دیاریکردنی دۆستانی گەلی کورد، خۆپاراستن لە قیبلەگا، یان «تابوو» دروست کردن، دووری کردن لە خۆشبینیی لەڕادە بەدەر و وەلانانی ڕەشبینی، دوورکەوتنەوە لە چەپاژۆیی و ڕاست ئاژۆیی و، لە هەموو کات و ساتێکدا قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لە بەرچاوگرتن و وەک کیلە و پێوەرە کەڵک لێوگرتنیان لە داوەرییەکانمان دا دەتوانێ لە گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکانی حیزب و گەل ڕێنوێن و ڕێپێشاندەرمان بێ.

**ئەندامە بەڕێزەکانی کۆنگرە!**

هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لە نێوان دوو کۆنگرەدا زۆر ڕووداوی گرینگ، بە تایبەتی لە ناوچە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هاتوونەپێش. لە نێو ئەو ڕووداوانەدا، شەڕی کەنداو بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر لە سەر چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی ناڕاستە وخۆ لە سەر بزووتنەوەی گەلەکەمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان تەئسیری داناوە.

شەڕی کەندوا، کە بە بۆمباران کرانی یەکجار توندوتیژ و بەربڵاوی عێراق بە گشتی و بەشێک لە دامەزراوە نیزامییەکان لە کوردستانی عێراق دەستی پێکرد، بێجگە لەو مەترسییانەی کە بۆی هەبوو بۆ حیزبی ئێمەی بەدواوە بێ، لە بواری دابینکردنی ئیمکاناتی ژیان بۆ پێرسۆنێل و بنەماڵەکانیان و زۆر مەسەلەی ورد و درشتی دیکە، گیروگرفتێکی بەرچاوی بۆ حیزب دەگەڵ خۆی هێنا.

لە جەنگەی ئەو وەزعەدا، لە پڕ ئاغای بووش ڕایگەیاند دەوڵەتی ئەمریکا هیچ کارێکی بە کاربارى نێو خۆیی عێراقەوە نیە. لە ئاکامدا، بە پێچەوانەی بیروبڕوای گشت ئەو کەسانەی کە بە شوێن ڕووداوەکانی شەڕەو بوون، هێزە هاوپەیمانەکان لە پێشڕەوی بەرەو بەغدا چاوپۆشییان کرد. ڕاگەیەندرانی مەسەلەیەکی ئەوتۆ لە لایەن ئاغای بووشەوە، ئەگەرچی شتێکی کتوپڕ دەهاتە بەرچاو، لە ڕاستیدا مەسەلەیەک بوو کە دەگەڵ سیاسەتی دیاریکراوی واشینگتۆن دەیخوێندەوە. بەم مانایە کە نەبوونی بەدیلێکی بە دڵی ڕۆژئاوا، بە واتای هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەغدا دا دەبوو و، ئەمەش مەسەلەیەک بوو کە پێشتر چڵۆنایەتییەکەی لە لایەن داڕێژەرانی بەرنامە ستراتیژییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیاری کرابوو. لە پڕ شەپۆلەکە هەڵگەڕاوە و کۆچی گەورەی ئاوارە کوردەکان بۆ لای سنوورەکان دەستی پێکرد.

دیسان لە ناخافڵ وەزعەکە سووڕانی بەسەرداهات و بە گەڕانەوەی ئاوارەکان و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەلومەرجێکی دیکە هاتە پێش. گشت ئەو ئاڵوگۆڕە کتوپڕ و پێش بینی نەکراوانە پێویستیان بە دوور-ئەندیشی و گرتنی هەڵوێستی ژیرانە لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبەوە هەبوو، ئەوە ئەرکێک بوو کە ئەم ڕێبەرایەتییە بە کارلێهاتوویی و وشیاریەکی تەواوەوە بەجێی گەیاندوە. پاش ئەوەی وەزعەکە تا ڕادەیەک هێور بۆوە، ئەمجارە- بەهۆی چالاکیی پەرەئەستێنی دەستو پێوەندەوە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا، ئەرکێکی قوورسی دیکە کەوتە سەرشانی ڕێبەرایەتیی حیزب و، ئەویش خەبات و بەربەرەکانێ لە دژی دەستە و تاقمی خراپکار و پاراستنی ئەمییەتی گیانیی ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان لە بەرامبەر هێرشی تاقمە تیرۆریستەکان دا بوو کە جاروبار بەڕێوە دەچوو. بۆیەش، لە ماوەی سێ ساڵ و چەند مانگی ڕابردوودا، سەرەڕای ئەوە کە بنکە و دەفتەرکانی حیزب لە شارەکان و قەرارگاکانمان لە دۆڵی شاورێ و چۆمان زیاتر لە ١٥ جاران کەوتنە بەر هێرشی تیرۆریستەکان و وەبەر ئاگری تۆپخانە و مووشەک کەوتن، بێجگە لە یەک- دوو جار، کە چەند کەس لە پێشمەرگەکان شەهید بوون و چوار کەسیش بە هۆی دەرماناوکران گیانیان لە دەستدا، لە سەریەک دەتوانین بڵێین نەخشە و پیلانەکانی ڕێژیم بۆ لێدانی زەربەی قورەس کە لە حیزب دەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوون.

بە خۆشحاڵیەوە دەبێ بڵێین بە درێژایی ئەو ماوە پڕ لە ئاژاوە و لە جەرەیانی گشت ئەو

ئاڵوگۆڕە خێرا و پەیتا پەیتایانەدا، ڕێبەرانی حیزب پێ بە پێی هەوڵدان بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دژمنان، هەم لە بواری پەرەپێدانی تەشکیلاتی حیزب لە کوردستانی ئێران و هەم لە بواری بەهێزترکردنی تەواونی نیزامییەوە، تا ئەو جێگایەی لە وزەیدا بووە، لە ڕاستای پێکهێنان و هەرچی پتەوترکردنی پێوەندیی دۆستانە دەگەڵ هەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، سیاسەتی هەمیشەیی خۆی سەرکەوتووانە بردۆتە پێش. تەوەری ئەسڵیی سیاسەتی تەبلیغاتیی حیزب بریتی بووە لە هێورکردنەوەی پێوەندیی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، مەحکووم کردنی شەڕی برا کوژی و پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ نزیک بوونەوە لە حیزب و ڕێکخراوە کوردەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئاکامی ئەو ڕێباز و سیاسەتە گەیشتن بە ئاگربەسی ئاخری ساڵی ٧١ بوو لە شەڕی نێوخۆییدا.

تاکتیکی ئوسوولیی حیزب، کە تەنیا و تەنیا لە پێوەندیی دەگەڵ بەرژەوەندیی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران و وەڵامدانەوەی بە پێویستییەکی مێژوویی و بۆ بەجێگەیاندنی ویست و داخوازیی هەموو خەڵکی کوردستان دیاریکراوە، پاش ڕاگەیەندرانی ئاگر بەس لە لایەن فراکسیۆنەوە هەروا شێلگیرانە درێژە دراوە و ئێستاش هەروا بە شێوەیەکی مەنتیقی درێژەی هەیە. ئەوەی کە ڕاست بێ، هەبوونی یەکیەتی و یەکگرتوویی لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، لەم قۆناخە ئاستمەی مێژوودا، بۆ ناساندنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بە خەڵکی جیهان و کۆروکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، فاکتۆرێکی یەکجار گرینگە. لە زۆربەی ئەو چاوپێکەتن و وتووێژانە کە چ دەگەڵ ڕێبەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و، چ دەگەڵ شەخسییەتەکان و ئۆرگانە غەیرە دەوڵەتی و- تەنانەت دەوڵەتیەکانی- ئورووپایی و ئەمریکایی هاتوونە پێش، ئەگەر نەڵێین ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا، لانیکەم ناراستەخۆ، مەسەلەی پێکهێنانی یەکیەتی لەڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و، لە هێندێک جێگا تەنانەت یەکگرتنەوەی «دوو باڵی حیزبی دێموکرات» هاتۆتە گۆڕێ. لە گشت ئەو چاوپێکەتن و وتووێژانەدا، ڕێبەرایەتیی حیزب هەمیشە ئامادەیی خۆی و گشت ئەندامانی حیزبی بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی ئەوتۆ ڕاگەیاندوە و بەرنامەی خۆی بۆ ئەم مەسەلە، کە گەلاڵەیەکی قۆناخ بە قۆناخە و ئاخرین قۆناخی یەکگرتنەوەی یەکجارەکییە، داویەتی بەو شەخسییەت و ڕێکخراوانە و هەموو جاریش ڕایگەیاندوە کە: « ئەگەر هەڵوێست گرتنی ڕێبەرایەتیی حیزب لە خاکەلێوی ١٣٦٧ دا لە ڕووی ناچارییەوە بوو، یەکگرتنەوەی و یەکبوونەوەی حیزب لەم و قۆناخە لە مێژوودا پێویستییەکی بێ ئەم لاو ئەولایە.»

بە بێگومان و، بە حوکمی ئەوە کە سیاسەتی هەتا ئێستای حیزب- بە بڕوای گشت دۆستانی کورد- سیاسەتێکی مەنتیقی و لە پێناو بەرژەوەندیی گەلەکەمان دابووە، ئەم سیاسەتە هەروا شێلگیرانە درێژەی دەدرێ، چونکە ئەوە یەکگرتوویی و هاوکاریی گشت هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوە دایە کە دەتوانێ سەرکەوتنی خەباتە ڕەواکەمان مسۆگەر بکا. خەباتێک کە هەتا ئەمڕۆ هەزاران کەس لە ئازاترین ڕۆڵەکانی گەل گیانی خۆیان لە پێناویدا بەخت کردوە. گەیشتن بە یەکگرتوویی و یەکبوونێکی ئەوتۆ ئارەزوو و ئاواتی گشت ئەو کەسانەیە کە دڵیان بۆ ئازادی گەلی کورد لێ دەدا و مایەی ترس و خۆفی هەموو ئەو کەسانەشە کە بۆ لە نێوبردنی بزووتنەوە ڕەواکەمان هەوڵ دەدەن.

**تەشکیلات**

لە زەمینەی تەشکیلاتی دا، بە هۆی هەوڵ و کۆششی ماندوویی نەناسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات و ناوەند و کۆمیتەکانی حیزب، تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، تا ڕادەیەکی باش چۆتە پێش. دیارە، لە هەلومەرجی ئێستادا و لە حالێکدا کە ڕێژیم بە خەرج کردنی پووڵ و پارەیەکی یەکجار زۆر، ڕایەڵکەیەکی پان و بەرینی لە بەکرێگراوانی جاسووس و سیخوڕ، هەم لە کوردستانی ئێران و هەم لە کوردستانی عێراقدا، پێکهێناوە و، لە ئاکامدا، چالاکی لە زەمینەی تەشکیلاتدا مەترسییەکی زۆری بەدواوەیە، بەو حالەش، هەم لە ڕێگای کادرە نهێنییەکان و هەم بە یارمەتیی ئەو کادر و پێشمەرگانەی بە ئاشکرا لە ڕێی حیزبدا فەعالییەت دەکەن، کۆمیسیۆنی تەشکیلات توانیویەتی لە کاری خۆیدا سەرکەو تنێکی بەرچاو وەدەست بێنێ.

ئیدارەکردنی فێرگەی نیزامی حیزب، لە ژێر چاوەدێری کۆمیسیۆنی تەشکیلات و چەند کەس لە کادرە دڵسۆز و کارلێهاتووەکان، لەم ماوەیەدا بە ڕێک و پێکی چۆتەپێش و لە ئەرکی پەروەردەکردنی کەسانی تازەهاتوو لە کلاسەکانی تایبەتی دا و ئاشنا کردنی ئەو کەسانە دەگەڵ شێوەکاری پارتیزانی و پێشمەرگایەتی لەم قۆناخەی خەباتدا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە.

کۆمیتەکانی حیزب لە ئۆتریش، سوئید، ئاڵمان، نوروێژ، هولەند، بریتانیا، دانمارک و فەرانسە، بەتەرتیب و لە بەراورد دەگەڵ ساڵەکانی ڕابردوودا بە هەڵسووڕتر بوون. لە زۆربەی ئەو وڵاتانە، کۆمیتەکانی حیزبی فەعالییەتێکی تا ڕادەیەک باشیان هەیە. بەڵام، هەتا ئەو ڕۆژەی کە بتوانن لە هێز و توانای خۆیان بە تەواوی کەلک وەربگرن و بەو ڕادەیەی چاوەڕوانییان لێ دەکرێ و بە پێی نیازی بزووتنەوەکەمان چالاکیی خۆیان پەرە پێبدەن، زۆری پێ دەوێ.

چالاکیی هێندێک لە کۆمیتەکانی حیزبی لە زەمینەی بەڕێوە بردنی جێژنە میللییەکان و ڕێوڕەسمە حیزبییەکاندا و بەشداری کردنیان لە ئاکسیۆنە جۆراوجۆرەکاندا، بۆ ناساندنی حیزب ئاکامی زۆر باشی بەدواوە بووە.

## دەبیرخانە و پێوەندییە گشتییەکان

فەعالییەتی گشت بەرپرسان و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پێوەندییە گشتییەکان و دەبیرخانە و هاوکاریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەگەڵ ئەم کۆمیسیۆنە لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە پێناو ناساندنی هەرچی باشتری حیزب و ڕوونکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی، تەئسیرێکی زۆری هەبووە. بەڵام، لە بەر ئەوە کە مەیدانی چالاکی ئەم کۆمیسیۆنە یەکجار پان و بەرینە، ڕێبەرایەتیی حیزب دەبێ بە گوێری گرینگییەکەی، هەم بەرنامەیەکی هەمەلایەنە و ورد بۆ داهاتوو دابڕێژێ و هەم ئینیرژی و وەزەیەکی زۆرتری بۆ تەرخان بکا.

## تەبلیغات

کۆمیسیۆنی تەبلیغات لە نێوان دوو کۆنگرەدا لەگەڵ هێندێک کەموکووڕی لە دەزگاکانی چاپەمەنی و ڕادیۆدا، ئەوەندی لە ورەریدا هەبووبێ، ئەرکەکانی جێبەجێ کردوە کە بریتین لە: بەڕێوەبردنی بەرنامەی ڕۆژانەی ڕادیۆ، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان، چاپ و بڵاو-کردنەوەی گۆڤاری «٢٦ی سەرماوەز»، جگە لەوانەش یارمەتیی کۆڕی لاوانی

داوە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی «ڕوانگەی» لاوان» و هەروەها پلاکارد و دروشمەکانی حیزبی بۆ نێوخۆی وڵات چاپ کردوە و یارمەتیی هەموو کۆمیسیۆنە کانی داوە بۆ ئەو کارانەی کە پێویستان بە ئەرکی چاپەمەنی هەیە.

## ماڵی و کۆمەڵایەتی

سەرەڕای گیروگرفتی زۆر، بەرپرسان، ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیسیۆنی ماڵی، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی حیزب بەوپەڕی فیداکارییەوە هەڵسووڕاون و، سەرەڕای ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمانەی لە سەر ڕێگایان بووە، دەکرێ بڵێین لە بەڕێوە بردنی ئەرکی خۆیاندا سەرکەوتوو بوون.

## ڕوانگەی گشتی

بەکورتی، بە نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەت، وەک گەورە-هێزێک لە سەر بەرزەکی ڕقەبەریی جیهانی و، سەرکەوتنی ڕۆژئاوای سەرمایەدار لە شەڕی سارددا، کە زیاتر لە چل ساڵی خایاند، ئەمریکا، هەر نەبێ بۆ ماوەی چەند ساڵان، نەخشی ڕێبەرایەتیی و ئاڵاهەڵگریی ڕۆژئاوا لە جیهاندا بۆخۆی دەپارێزێ. بەڵام، بە ڕاست بوونەوەی وڵاتانی سەنعەتیی ئورووپای ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی بازاڕی هاوبەش و شووڕای ئورووپادا و هەروەها ژاپۆن وەک دوو قوتبی زۆر بە توانای سەنعەتی و ئابووری، ئەمریکا ناچار دەبێ بۆ بەشداربوونی ئەو دوو قوتبە لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لە ڕادەی جیهانیی‌دا مل ڕاکێشی. ڕووسیە و چینیش، لەم «معاملە» یەدا، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر نەخشی خۆیان وەدەست دێنن.

ئاکامی ڕاستەخۆی ئەم وەزعە تازەیە بەرەو ئاوابوون- چوونی ئەستێرەی بەختی ڕێژیمە سەرەڕۆ و ستەمکارەکانە کە هەتا ماوەیەک لەمەوپێش بە دەستەودامێن بوونی ئەم یان ئەو گەروە هێز، بە هەر جۆرێک بوو دەسەڵاتی خۆیان دەپاراست. ئەو جۆرە ڕێژیمانە، کە ئێستا کەلکیان بڕاوە، ئیدی ناتوانن لە یارمەتییە هەمەلایەنەکانی ڕۆژئاوا بەهرەمەندە بن و بە کەلک وەرگرتن لەو یارمەتییانە، بە ژیانی خۆیان درێژە بدەن. لایەنێکی دیکەی ئەم وەزعە، پشتیوانیی ڕۆژئاوا لەو بزووتنەوانەیە کە خوازیاری ئازادی و دێموکراسین و مافی میللی و فەرهەنگی گەلانی خۆیان داوا دەکەن. ئەمەش ڕاست ئەو دیاردە تازە سەرهەڵداوەیە کە وەک شەپۆلی تازە هەستاوی دیموکراسی ناوی دەبەن. بەڵام، نابێ لەم ڕاستییە غافڵ بین کە پشتیوانیی ڕۆژئاوا لەم بارەوە بە هیچ جۆر شتێکی زەمانەت کراو نییە، بەڵکوو گەلە فاکتۆرێک هەن کە وەدەست هێنان، بەرتەسک کردنەوە، یان بڕانی پشتیوانییەکی ئەوتۆ لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازەکان و، تەنانەت موخالفەت یا دژایەتی کردنیان لە لایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە، تەئسیری بێئەملاو و ئەولایان هەیە. ئەو چەشنە پشتیوانییانە، لە پێش هەموو شتێکدا، کاتێک دەکرێن کە وڵاتانی ڕۆژئاوا تەقریبەن لەوە ئەرخەیان بن کە قازانج و بەرژەوەندییە «میان مدت» و درێژخایەنەکانیان ناکەوێتە مەترسییەوە. هەبوونی هێزی توندڕەو، چ چەپی «افراطکار» و چ ڕاست ئاژۆی تەواو خواز(توتالیتر)، بە تایبەتی بزووتنەوەی ئیسلامییە بناژۆکان، کە دوژمنایەتی دەگەڵ ڕۆژئاوایی یەکانیان- هەرچەند بەڕواڵەتیش- لە سەرەوەی بەرنامەکانی خۆیان دادەنێن، دەتوانن وەک فاکتۆری» بازدارندە» لەم پێوەندییەدا

نەخش بگێڕن.

ناوچەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکان لە باری ژیئۆپۆلیتیکییەوە و، هەبوونی کانگای دەوڵەمەند و بە پیت و بەرەکەت لەو جۆرە ناوچانە، چلۆنایەتیی پێوەندیی هێزە ناوچەییەکان دەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا، هەبوونی یەکیەتی و یەکگرتوویی لە نێو بزووتنەوەکاندا و نەبوونی چەند- دەستەیی و ناکۆکی لە نێو حیزب و ڕێکخراوە بەهەڵسووڕەکانی بەشدار تێیاندا، گەورەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە نێو کۆمەڵانی گەلەکەنیان دا و سەرەئەنجام هەبوونی نیشتمانێکی یەکپارچە و تەقریبەن بەدوور لە تێکەڵاویەکی ئاڵۆزی میللیەتە جۆراوجۆرەکان – بە پێچەوانەی بۆ وێنە وەزعییەتێک کە لە بۆسنی و هێرزەگۆڤین دا هەیە- و... هەمووی ئەو فاکتۆرانە لەم بارەوە تەئسیری تایبەت بە خۆیان هەیە. هەبوونی فاکتۆرە باشەکان و نەبوونی هۆکارە خراپەکان- یان بە پێچەوانە- لە وەپێشخستن و سەرکەوتنی بە خێرایی جوولانەوەکان، یان وەدرنگ خستن سەرکەوتنی بەخێرایی جوولانەوەکان، یان وەدرەنگ خستن و تەنانەت تێک شکاندنیان، هەرکام بە تەنیایی و بە پێی گرینگیی خۆی، دەتوانن تەئسیری بێ ئەملاو و ئەولایان هەبێ و، هەمووشیان بە تێکرایی، بە بێ هیچ شک و گومانێک، چارەنووسی هەر بزووتنەوەیەک دیاری دەکەن.

مەسەلەی دابینکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردیش لە هەر چوار پارچەکانی کوردستان دا- لە هەر چوارچێوەیەک دا- دەبێ لە پێوەندیی دەگەڵ ئەو فاکتۆر و هۆکارانەی باسیان کرا چاوی لێ بکرێ. بە بێگومان، هەرکام لەو بەشانە، بێجگە لە تەئسیر وەرگرتن لەو فاکتۆرانە، تایبەتمەندیی خۆشیان هەیە. بۆ وێنە ئەگەر هەبوونی پێوەندیی دۆستانە لە نێوان ئەمریکا و تورکیە و ئەندامەتیی ئەمەیان لە پەیمانی ناتۆدا دەبێ وەک کۆسپێک لەسەر ڕێگای بزووتنەوەی کوردستانی باکوور چاوی لێبکرێ، ڕەق و بیزاریی خەڵکی جیهان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ وەک فاکتۆرێکی لەبار بۆ جوولانەوەی گەلەکامان لە کوردستانی ئێران لەبەرچاو بگیرێ. بێجگە لەوەش، شپرێوی ڕۆژ بەڕۆژ توندوتیژتری وەزعی ئابووریی ئێران، هەبوونی ناڕەزایەتی لە ڕادیەکی نەدیتراودا لەو ڕێژیمە، درێژەکێشانی سیاسەتی زەبرو زەنگ سەرکوت لە نێوخۆی ولاتدا و، بەڕێوەچوونی بەرنامە تێرۆریستییەکان لە لایەن دەست پەروەردەکانی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانەوە و تێرۆری شەخسییەتەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەندەران، لە ژێرپێنانی هەموو قانوون و یاسا نێونەتەوەییەکان لە لایەن ئەو جۆرە کەسانەوە، پێداگرتنی دەمڕاستەکان و داڕێژەرانی سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ درێژەدان و توندوتیژترکردنی دوژمنایەتی دەگەڵ ئەمریکا و هەوڵ و تەقەللایان بۆ بەڕێکردنی ئیسلامیی بناژۆ بۆ وڵاتانی موسوڵمانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و شیمالی ئەفریقا، یارمەتیدانیان بە بزووتنەوە ئیسلامییەکانی یەکجار توندڕەو لەو وڵاتانە و هەروەها هەوڵ و کۆششی ئاخوندەکان بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی، هەمووی ئەوانە وێکڕا بوونەتە هۆی ئەوە کە ڕێژیم هەم لە ڕادەی نێوخۆییدا و هەم لە ڕادەی جیهانیدا دەگەڵ تەنگ و چەڵەمەیەکی مەرگ هێنەر بەرەڕوو بێ و زەمینەی تێک ڕووخانی هەتا ڕادەیەکی باش( باش لە ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە ئامادە بێ).

لە پێوەندی دەگەل سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە سەر کوردستان و دابینکردنی مافە میللی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەی کورد، ئاماژە کردن بۆ ئەم مەسەلەیە پێویستە کە

دەوڵەتەکان لەم قۆناخە لە مێژووودا تەنیا لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لە نێودا بەش کراوە و، بە پاراستنی تەواوەتی خاکی ئەو وڵاتانە لە دابینکرانی ئەو مافانە پشتیوانی دەکەن و لەوە تێناپەڕێ، ئەمەش واقعییەتێکە بزووتنەوەی کورد لە هەرچوار پارچەکاندا دەبێ لە بەرچاوی بگرێ و بەجۆرێک بەرنامەکانی خۆی دەگەڵ ئەم واقعییەتە ڕێک بخا. لەم بارەوە، هەروەک پێشتریش گوترا، دەوڵەتی تورکیە بەهۆی هەبوونی پێوەندییەکی دێرین لەگەڵ ئەمریکا و و هاوپەیمانەکانی، وەک کۆسپێکی گەورە لە سەر ڕێگای وەدیهاتنی ویست و داخوازەکانی گەلی کورد ڕاوەستاوە، دەنا هەتا ئەو جێگایەی کە بە تایبەتی پێوەندیی بە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە و، تا ڕادەیەکیش عێراق، مەسەلەی پاراستنی تەواوەتی خاکی ئەم دوو وڵاتە و تەنانەت سوورییەش، حەساسیەتێکی ئەوتۆی نییە.

**هەڤاڵانی تیکۆشەر!**

لەم کاتەدا، کە هەستی نیشتمانپەروەری و وڵات پارێزی، گەل دۆستی و حیزب خۆشەویستی، لە نێو دڵ و دەروونی یەک یەکی هەموومان دا مۆنجان دەدا و، لەم قۆناخە ناسکەی مێژووودا، کە لە لایەک ئاسۆی ئازادیی نەتەوەی کورد زیاتر لە ڕابردوودا ڕوون دێتە بەرچاو و، ئایندەیەکی پڕ لە هیوا و هومێد گەلی بەشخوراو و نیشتمانی دابەشکراومان چاوەڕاوانی دەکا و، لە لایەکی دیکەوە، دوژمنانی کورد بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی مافخوازانەمان لە هەموو لایەکەوە وەخۆ کەوتوون و لە دەست بردن بۆ هیچ چەشنە پیلان و جینایەتێک سڵ ناکەن و ناپڕینگێنەوە، بەڵێ ، ڕاست لەم هەلومەرجە چارەنووس سازەدا، کە کێشەی کورد لە ئاستی جیهانیدا باسی لێوە دەکرێ و بۆ ئەوە دەڕوا کە کوردیش وەکوو گشت نەتەوەکانی سەر ئەم ئەرزە مافی زەوتکراوی بستێنێتەوە و ببێتەوە خاوەنی نیشتمانی خۆی، ئەرکی بێ ئەم لاو ئەولای هەموو کوردێکی دڵسۆز و خاوەن بیروباوەڕ و، لە پێش هەموو کەس ئەرکی سەرشانی ئێمەیە بۆ کەلک وەرگرتن لەو دەرفەتە مێژووییە بە هەموو توانامانەوە و بە لەخۆبووردیییەکی تەواوەو، بۆ بڕینی ئەم قۆناخە ئاستەم و پڕ کەند و لەندە لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان دا، کە زۆر وێدەچێ و بۆی هەیە ئاخرین قۆناخ بێ، دەست بەکار بین. بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەش، بەر لە هەموو شتێک، یەکیەتی و یەکگرتوویی ڕیزەکانمان، پێویستییەکی حاشا هەڵنگرە، یەکیەتی و یەکگرتوویییەک کە بە بێ هیچ شک و گومانێک، ڕەنگدانەوەکەی لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزبدا، ڕێگای سەرکەوتنمان خۆشتر دەکا.

لێرەدا بە پێویست دەزانم جارێکی دیکەش سڵاو بنێرم بۆ گیانیی پاکی گشت شەهیدانیی ڕێگای ئازادیی ئێران و کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب، لە پێش هەموویانەوە بۆ گیانی پاکی قافڵەساڵاری شەهیدان، پێشەوا قازی محەممەدی نەمر.

سڵاو لە زیندانییە سیاسەکانی سەرانسەری ئێران و کوردستان، کە لە دژوارترین هەلو مەرج و لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجە و ئازاردا بە ڕێباز و ئامانجە-کانی گەل و نیشتمان هەروا وەفادارن!

سڵاو لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکانی ئێران و کوردستان!

سڵاو لە گەلی ئەمەگناسی و فیداکاری کورد!
سڵاو لە گشت ئەندامان و کادر و پێشمەرگە دلێرەکانی حیزب!
بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران!

***

## بەرنامە و پێڕەوەی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ پەسەندکراوی کۆنگرەی دەهەم (بانەمەڕی ١٣٧٣- مەی ١٩٩٤)

### بەشی یەکەم:

#### سەرەتا

نەتەوەی کورد بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم و هەروەها هەتا ئێستا کە کوتایی سەدەی بیستەمە، لە پێناوی وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هیچ نەتەوەیەک نییە بە ئەندازەی نەتەوەی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاریی خۆی ئەوەندە فیداکاریی کردبێ و قوربانیی دابێ. سەرەڕای ئەمەش بە هۆی دابەشکرانی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا و هەڵکەوتی باری جوغرافیایی و زۆر هۆی نێوەکی و دەرەکیی دیکە نەتەوەکەمان نەیتوانیوە چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. لە جەنگەی شەڕی جیهانیی یەکەم و دوای ئەم شەڕە و هەڵوەشانی ئیمپراتوریی عوسمانی هەل و دەرفەتی ئەمە هەڵکەوت کە گەلی کوردیش لەبەشێک لە وڵاتەکەیدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. لە ساڵی ١٩٢٠دا پەیمانی سیڤێر کە لە نێوان وڵاتانی سەرکەوتوو لەشەڕدا و ئیمپراتوری عوسمانی مۆر کرا، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ. بەندەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ی ئەم پەیمانە کە سەبارەت بە کوردانە پەسند کرا، یەکەم پەیمانی نێونەتەوەیی بوو کە بە قازانجی کوردان مۆر دەکرا. کە بەداخەوە ئەم پەیمانە بە جەوهەری پەیمانێکی دیکە بە ناوی لۆزان کە ساڵی ١٩٢٣ دا لە نێوان تورکە کەمالییەکان و هاوپەیمانان بەسترا، ڕەش کرایەوە. بەڵام سەرتاسەری نێوان شەڕی جیهانیی یەکەم و شەڕی جیهانیی دووهەم بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کەم و زۆر بەردەوام بووە. لە کوردستانی باشوور بزووتنەوە بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید هەتا پلەی سەرکەوتن و دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ ڕۆیشت. لە کوردستانی ئێران بزووتنەوە بە ڕێبەریی سمایل ئاغای سمکۆ مەترسییەکی زۆری بۆ حکوومەتی ناوەندی پێکهێنابوو. هەروەها ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکەکانی کوردەکانی تورکیە بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزا و ئیحسان نووری پاشا، حکوومەتی مستەفا کەمالیان هێنابووە لەرزین. کە هەمووی ئەم بزووتنەوانە بە هۆی حکوومەتەکانی ئێران و تورکیە و بریتانیا بێ بەزەیییانە سەرکوت کران، ڕێبەرانی بزووتنەوە بە گشتی یان لەلایەن ئەم ڕێژیمانەوە گیران وکوژران و ئیعدام کران، یان لە

دوورخراوەیی نیشتمانی خۆیاندا کۆچی دواییان کرد، لە گەرمەی شەڕی جیهانیی دووهەمدا دیسان هەلێکی لەبار بە تایبەتی بۆ کوردستانی ئێران ڕەخسا کە گەلی کورد بتوانێ مافی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. وڵاتی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکان، واتە شووڕەوی و بریتانیا و ئەمریکاوە داگیر کرا، حکوومەتی دیکتاتوری ڕەزا شا نەما، بنکە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستان زۆربەیان لەلایەن خەڵکەوە دەستیان بەسەردا گیرا و چەک کران، لەم کاتەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر قەوارەی کۆمەڵەی ژ- ک دامەزرابوو، بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد بوونی خۆی لە شاری مەهاباد ڕاگەیاند. بوونی حیزبێکی پێشڕەو لەو زەمانەدا بە بەرنامەیەکی پێشکەوتووانەوە پێویستییەکی مێژوویی بوو. هەربۆیەش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵ دەستە دەستە ڕوویان لە حیزبی دێموکرات دەکرد و ئامادەیی خۆیان بۆ خەباتی ئازادیخوازانە ڕادەگەیاند. نەتەنیا هەر ئازادیخوازانی کوردستانی ئێران، بەڵکوو لە کوردستانی تورکیە و کوردستانی عێراقەوە ئازادیخوازانی کورد بە کۆمەڵ ڕوویان دەکردە شاری مەهاباد و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرەنجام لەسەر ویست وداخوازی کۆمەڵانی خەڵک و هیوای پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەتی (ئەودەم) لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، واتا ساڵی دامەزراندنی حیزب، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد ڕاگەیاندرا و ئاڵای کوردستان هەڵکرا.

پێکهاتنی کۆماری کوردستان کارێکی زۆری کردەسەر فەرهەنگ و زمانی کوردی و هەتا ڕادەیەکی زۆر هەستی نەتەوەیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بووژاندەوە و بە هێزتری کرد. هەرچەند مەڵبەندی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کەمی کوردستانی ئێراندا بوو و، تەمەنی زۆرتر لە ١١ مانگی نەخایاند، بەوحاڵەش مەترسییەکی گەورەی بۆ ڕێژیمی ئێران و پشتیوانەکانی واتە ئەمریکا و بریتانیا پێکهێنابوو.

بەدوای تێکچونی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، دیسان ئازادیخوازانی کوردستانی ئێران و گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەسگیر کران و کەوتنە بەر شاڵاوی ئەشکەنجە و ئێعدام. بۆ سەرکوتی جووڵانەوی ئازادیخوازایی کورد بە گشتی، پەیمانی بەغدا جێگەی پەیمانی سەعدئابادی گرتەوە و سەرەڕای هەموو زەبروزەنگێک کە لەلایەن ڕێژیمی حەمەڕەزاشا دژی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو، حیزبی دێموکرات توانی ئاڵای خەبات شەکاوە ڕابگرێ و کۆمەڵانی خەڵک لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

لەساڵی ١٣٣٢دا خەباتی ئازادیخوازیی سەرانسەری ئێران بە سەرۆکایەتی دوکتۆر »محمد مصدق« گەیشتە لووتکە، حەمەڕەزاشا ناچار بوو ڕابکا و ئێران بەجێ بێڵێ. کوودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بە هاوکاریی ئەمریکا و بریتانیا، ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانی تێک شکاند. زۆربەی ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران کەوتنە بەر پەلامار و ئەشکەنجە و کوشتن. دیکتاتوری باڵی بەسەر تەواوی ئێران و کوردستاندا کێشایەوە.

چەند ساڵ دوای زاڵبوونی ڕێژیمی پاشایەتی بەسەر جووڵانەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازیی ئێراندا، ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق لە هاوینی ١٣٣٧دا ڕووخا. عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی ڕاپەڕین ڕایگەیاند:

کورد و عەرەب لەوڵاتی عێراقدا هاوبەشن، حکوومەتی تازەی عێراق کشانەوەی خۆی لە پەیمانی بەغدا بە ڕەسمی ڕاگەیاند. کادر و هەڵسووڕێنەرانی حیزب لەو هەل و دەرفەتەی کە بۆ کورد لە کوردستانی عێراق هەڵکەوتبوو، بە باشی کەڵکیان وەرگرت، کۆمیتە و تەشکیلاتەکانی حیزبیان لە هەموو ناوچە و مەڵبەندەکان بووژاندەوە و پەرەیان پێدا. ڕێژیمی پاشایەتی ئێران ترسێکی زۆری ڕێنیشت لەوەی کە وەزعی عێراق شوێن بخاتە سەر کوردستانی ئێران و ڕێژیمی پاشایەتی لە مەترسی باوێ. بە دوای بیانوودا دەگەڕا کە زەبرێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوەشێنێ. لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی بە هۆی گیرانی چەند کادرێکی حیزبی بەهانەی دەست کەوت و لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٣٨ لە سەرانسەری کوردستانی ئێران دەست بە گرتنی خەباتگێڕانی حیزبی دێموکرات کرا و کۆمەڵێکی زۆریش پەنایان بۆ کوردستانی عێراق برد.

وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە چاویان بەرایی نەدەدا حکوومەتێکی سەربەخۆ لە عێراقدا ببینن، بە هۆی پەیمانی سێنتو کە پاشماوەی پەیمانی بەغدا بوو، کەوتنە پیلان و دووبەرەکی نانەوە لە نێوان حکوومەتی عێراق و پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق. بە هۆی ئەمە کە حکوومەتی عێراق بەڵێنییەکانی کە بۆ دابینکردنی مافی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دابووی نەهاتنە جێ، شۆڕش و ڕاپەڕین لەم بەشە لە کوردستان پێکهات، کە بێگومان ئەم شۆڕشە و ڕاپەڕینە کاری کردە سەر ڕەوتی جووڵانەوە لە کوردستانی ئێران بەگشتی و حیزبی ئێمە بەتایبەتی.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی ئێمە لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧ لە کوردستانی ئێران، دوورگەی ئارامی!! ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی شەڵەژاند کە حەمەڕەزاشا شانازیی پێوە دەکرد. بەم جۆرە شێوەیەکی نوێ لە خەباتی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران بە هۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتە کایەوە، کە لە دوای کۆماری کوردستانەوە وێنەی نەبوو. هەرچەند ئەو ڕاپەڕینە بە هۆی هەلومەرجی نێوەوە و زۆرتر دەرەوە نەیتوانی زۆر دەوام بێنێ. بەڵام هەر ئەم تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گیان ودڵ ئامادەن پشتیوانی لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆیان بکەن.

لە ١١ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٧٠سەرکردایەتیی جووڵانەوی کورد لە کوردستانی عێراق لەسەر بناغەی بە ڕەسمی ناسینی مافی خودموختاری بۆ کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێکهات. ئەم ڕێککەوتنە و بڵاوبوونەوی بەیاننامەی ١١ی مارس دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، لە کوردستانی ئێران، دەسکەوتێکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بۆ یەکەم جار بوو کە حکوومەتێک بە ڕەسمی مافی گەلی کوردی لەم وڵاتەدا دەناسی کە کوردی تێدا دەژی.

ئەم هەلومەرجەی کوردستانی عێراق بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرفەتێکی لەبار بوو کە بتوانێ خەباتی خۆی لە کوردستانی ئێران پەرە پێبدا و چالاکیی زۆرتر بنوێنێ. بەڵام ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران کە بوونی کوردستانێکی خودموختاری بە تەنیشت کوردستانی ئێرانەوە بە مەترسییەکی گەورە بۆ خۆی دەزانی، کەوتە دەسیسە و پیلانگێران، سەرەنجام نێوانی حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی عێراق تێک چوو و شەڕ لە نێوان هەر دوولا دەستی پێ کردەوە، حەمەڕەزاشای ئێران ئەو کاتەی بە هەل زانی و پەیمانی ئەلجەزایری لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ حکوومەتی عێراق مۆر کرد، کە ئاکامەکەی

بوو بە شکستی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی عێراق و خەڵکێکی زۆری کوردستان و زۆربە سەرکردایەتی جووڵانەوەی کورد لەو وڵاتە بە ناچاری پەنایان بۆ ڕێژیمی ئێران برد. بێگومان ئەم ڕووداو و کارەساتە، شوێنێکی خراپی خستە سەر خەباتی ئازادیخوازانەی کورد و خەبات وچالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کورد لەم بەشە لە کوردستان لە ٤٠ ساڵی ڕابردوووە بە زۆر هۆ پەیوەندییەکی چڕاوچڕی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی عێراق هەبووە.

لە ڕەوت و ڕەوەندی هەڵوەشان و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەورێکی سەرەکیی هەبوو لە چەک کردن و دەست بەسەرداگرتنی بنکە و بنیاتە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا.

بێگومان ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و ئاڵوگۆڕی ڕێژیم لەم وڵاتەدا کارێکی زۆری کردە سەر گەشە کردنی هەستی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا. بەدوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران گەلی کورد بە هۆی نوێنەرانی خۆیەوە زۆر هەوڵیدا کە مەسەلەی کورد لەم وڵاتە ودابینکردنی مافە ڕەواکانی لە ڕێگای هێمنانە و وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم نە تەنیا گوێیان بۆ هیچ داخوازییەکی ڕەوای گەلەکەمان شل نەکرد، بەڵکوو لەشکرێکی زۆر و زەوەندی سوپای پاسداران و ئەرتەشیان بۆ سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک ناردە کوردستان و بە کردەوە شەڕیان بە گەلی کورد فرۆشت. هێندێک لەو حیزب و ڕێکخراوانەش کە ڕۆژێک بەردی پێشکەوتوویی و ئازادیخوازیییان لە سینگی دەدا و دیفاعیان لە مافی چارەنووسی گەلان دەکرد و خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست دەزانی، بە بیانووی گویا هەڵوێستی دژی ئیمپریالیستیی ڕێژیم کەوتنە لایەنگری لە کۆنەپەرەستترین ڕێژیمی سەردەم و دژی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان وێستان.

ئێستا پتر لە ١٥ ساڵە حیزبی ئێمە ناچار بووە بۆ پێشگیری لە زەبروزەنگی ڕێژیم و سەرکوتی گەلەکەمان، چەکدارانە دیفاع لە ویست و داخوازی گەلە بەشخوراوەکەمان بکا؛ هەرچەند حیزبی ئێمە لەم ڕێگە سەخت و ناهەموارەدا بە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوە و کەندو کۆسپی گەورە و بچووکی هاتوونەتە سەر ڕێگا، تەنانەت لە پێناوی پاراستنی دێموکراسی و پرنسیپەکاندا هەڵوێستی گرتووە، تووشی لەت بوونیش هاتووە، بەڵام بە گرتنە پێشی سیاسەتێکی دروست و ئوسوولی وخودسازان لەگەڵ ڕەوتی زەمان ئۆمێدی ئەمە دەکرێ حیزب بتوانێ دەوری ڕێبەریی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا چالاکانەتر لەجاران بە ئەستۆ بگرێ.

بە وردبوونەوە لە وەزعی ئێستای جیهان دوای ڕووخان وهەڵوەشانی دەوڵەتی سۆڤییەت و حکوومەتەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بەسەر سیاسەت و سیستمی جیهانیدا هاتووە. ڕکەبەری دوو زلهێز و شەڕی سارد نەماوە، پیرۆزیی سنووره دەسکردە سیاسی و ناسروشتییەکان تێک شکێنراون، یان لە حاڵی هەڵوەشاندان.

ڕێژیمە سەرەڕۆکان یان ڕووخاون، یان لە هەلوومەرجی لاواز بوونی دەسەڵاتدان. سیاسەتی نێونەتەوەیی زۆرتر لە دەست وڵاتانی سەنعەتیی گەورەی جیهاندایە کە بە وڵاتانی گرووهی ٧ بە ناوبانگن، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان شێلگیرتر و بە پەلەتر لە جاران لە شەڕ و کێشە و ناکۆکیی نێو دەوڵەت و وڵاتاندا دەخالەت و ئێقدام دەکا.

مەسەلەی مافی مرۆڤ زۆر لە جاران زەقتر و بەرچاوتر باسی لێوە دەکرێ و بڕیاری مەحکوومکردنی پێشێلکەر دەدرێ. سەرەڕای ئەمەش بە گەرمی باسی ئەوە لە گۆڕێ دایە ئەو ڕێژیمانەی مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، پێویستە لەلایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە سزایان بۆ دیاری بکرێ. دیارە ئەگەر کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم باس و پێشنیارە قبووڵ بکا و بڕیاری لەسەر بدا. سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک و نەتەوە ژێردەستەکان لەلایەن ڕێژیمە زۆردار و سەرەڕۆکان بە بێدەنگی و هاسانی جێبەجێ نابێ. بێگومان بەرەو پێش چوون و پاراستنی مافی مرۆڤ بە هەر ڕادەیەک لە مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا لە بەرژەوەندیی نەتەوەی زۆرلێکراو و ئازادیخوازی کورددایە.

لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دوای شەڕەکانی عەرەب و ئیسرائیل، عێراق و ئێران، عێراق و کویت، هەروەها شەڕی کەنداو لەلایەن عێراق لەلایەک وڵاتە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایی و هێندێک وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە لەلایەکی دیکەوە خەریکە بەرەو هەلومەرجێکی تازە دەڕوا. مەسەلەی فەلەستین سەرەڕای کەندوکۆسپی زۆر بەرەو چارەسەرکردن هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش و بە تەواو بوو حیساب دەکرێ، مەسەلەی کورد لەم ناوچەیە بە دوای دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدان و فیداکاری و کارەساتی خوێناوی و دڵتەزێن، لە چوارچێوەی مەسەلەی نێوخۆیی وڵاتێک یان وڵاتانی ناوچەکە کە کوردیان تێدا دەژی، چوونەدەر و بە پێی بەرژەوەندیی وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتیی ڕۆژئاوا لە ئاستی جیهانیدا لە هێندێک شوێن وەکوو کوردستانی عێراق کەم و زۆر دیفاعیشی لێدەکرێ. پێکهاتنی حکوومەتی هەرێم لە کوردستانی عێراق و شێوە پاراستنی لەلایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا، لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ ئاکام نەبووە. ئەم بارودۆخە وەزعێکی ئەوتۆی پێکهێناوە کە بزووتنەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان بە گشتی و لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی، چاوێک بە بەرنامە و بۆچوونەکانی ڕابردوویاندا بخشێننەوە، ئامانجی دواڕۆژیان بەپێی ویست و داخوازیی گەل و هەلومەرجی گونجاو دیاری بکەن. حیزبی ئێمە تێکوشاوە بۆ دارشتنی بەرنامەی خۆی هەموو ئاڵوگۆڕەکان و هەلومەرجەکانی شیاو لەبەر چاو بگرێ، کە کار دەکەنە سەر ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان.

ئێستا زۆرتر لە ١٥ ساڵە ڕێژیمێکی کۆنەپەرەست و سەرەڕۆ بە ناوی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی خۆی بە زۆری بەسەر گەلانی ئێرندا سەپاندووە. ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران و خەباتگێڕانی کوردستان بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە نگریسە، کە هەموو ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی پێشێلکردووە، تێکۆشاون و تێدەکۆشن.

لەم ڕێگەیەدا بە دەیان هەزار ڕۆڵەی فیداکاری گەلانی ئێران گیانی خۆیان لەدەست داوە و بە دەیان هەزار کەسی دیکە لە بەندخانەکانی ڕێژیمدا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردان. سەرەڕای پڕوپاگەندەی خائینانە و دوژمنانەی سەرانی ڕێژیم و شووێنیستەکانی نێوەوە وهەڵاتووی ئێران کە بە بیانووی تەواوەتی ئەرزیی ئێران، دژایەتی لەگەڵ ئازادیی کورد و گەلانی ئێران و مافی مرۆڤ دەکەن، هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و مافەکانی بە ڕەوا دەزانن و پشتیوانیی لێدەکەن. بێگومان لە کوتایی سەدەی بیستەمدا هەر ئینسانێکی ئازادیخواز و شەرافەتمەند دەزانێ بە ڕەسمی ناسینی مافی بەرانبەریی نەتەوەکان و یەکیەتیی دڵخوازانە دەستەبەری ئاشتی و برایەتی و

پێشکەوتنە. بۆیە حیزبی ئێمە شان بە شانی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرەست و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی دێموکراتی لە ماددەی هەوەڵی بەرنامەی خۆیدا داناوە. چونکە دیاریکردن و دابین بوونی ئازادانەی مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەستە، بە تایبەتی گەلی زۆرلێکراوی کورد، بێجگە لە پێشهات و ڕووداوی چاوەڕواننەکراوە، بە تەوای پەیوەندیی بە بەرەو پێشچوونی دێموکراسی لەم وڵاتانەوە هەیە کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە. پاراستن و سەقامگیر کردنی مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی سیستمێکی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتیی دوور لە چەوسانەوە لە کوردستاندا و لایەنگری لە ئاشتیی نێونەتەوەیی کە لە بەرنامەی حیزبدا هاتوون، پەیوەندیی تەنگاوتەنگیان بە یەکەوە هەیە.

ئەم بەرنامە دەخرێتە بەردەستی ئەندامان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان  کە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لەم بەرنامەیەدا هاتوون، تێبکۆشن .

## بەشی دووهەم:
## بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ

### فەسڵی یەکەم:
### ئامانجە گشتییەکان

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران و کوردستان بۆ دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتی لە ئێران دا تێدەکۆشێ.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا خەبات دەکا.

٣- ئامانجی دوا ڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهێنانی سیستمێکی دادپەروەرەی کۆمەڵایەتیی دوور لە چەوساندنەوەیە.

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ دابینکردن و پاراستنی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی هەوڵ دەدا.

٥- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پشتیوانی دەکا.

٦- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ پتەوتر کردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی کورد تێدەکۆشێ.

٧-حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە خەباتی ئازادیخوازانەی هەموو گەلانی ژێردەستە پشتیوانی دەکا و لە پەرەسەندنی دێموکراسی دژی زۆرداری و کۆنەپەرەستی لایەنگری دەکا.

٨-حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلان و نەتەوەکانی جیهانە.

### فەسڵی دووهەم:

**بنچینەی بەرنامەکانی حیزب**

١-چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان لە ئێران بە لەبەر چاوگرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی، فەرهەنگی، نەتەوەیی، ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتوانی هەرکام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.

٢- لە کوردستان نێوەرۆکی حکوومەتی کوردستان بە هۆی نوێنەرانی خەڵک کە ئەندامانی شۆڕای بەرزی کوردستان دەبن، دیاری دەکرێ و هەر ئەم شۆرایە هەیئەتی حکوومەت هەڵدەبژێرێ.

٣-شێوەی بەڕێوە بردنی کاروباری مەڵبەندی کوردستان شۆراییە. شۆرای بەرزی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانوون دانانی ئەم مەڵبەندەیە و لە حاست دانیشتوانی کوردستان وڵامدەرە.

٤- نوێنەرانی شۆرا لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتیی ڕاستەوخۆ و نهێنی و وەک یەک هەڵدەبژێردرێن.

٥- ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.

٦- هەیئەتی بەڕێوەبەریی حکوومەتی کوردستان بەرامبەر بە شۆرای بەرزی کوردستان بەرپرس دەبێ.

٧- زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی مەڵبەندە.

**فەسڵی سێهەم:**

**مافەکانی دانیشتوانی مەڵبەندی کوردستان**

١-هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەداهاتوون، وەک ئازادیی عەقیدە و بەیان، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی پێکهێنان و تێکوشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەروەها سەندیکاکان، یەکیەتییەکان و شۆراکانی کرێکاری و جووتیاری و سێنفی، ئەنجوومەنەکانە دێموکراتییەکان، ئازادیی هەڵبژاردنی کار وجێگای دانیشتن و هاتوچۆ و ئازادیی ئایین و مەزهەب لە کوردستاندا، هەر وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن، ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان بە تایبەتی یەکیەتیی ژنان و قوتابیان و لاوان بایەخیان پێدەدرێ.

٢- هەموو دانیشتوانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە، بە بێ هیچ جیاوازی دانانێکی جنسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی وەک یەک کەڵک وەردەگرن.

٣- لە حکوومەتی مەڵبەندی کوردستاندا دین لە دەوڵەت جودایە.

٤- ژن و پیاو لەنێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیە و بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن.

٥- ئەو کەمە نەتەوەییانەی لە کوردستان دەژین، لە خوێندنی زمانی نەتەوایەتی خۆیان سەربەستن و مافە فەرهەنگییەکانیان دەپارێزرێ و پەرەی پێدەدرێ.

**فەسڵی چوارم:**

**سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی حیزب**

١-دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامە دارشتنێکی زانستییەوە لە مەڵبەندی کوردستاندا لە ئەستۆی حکوومەتی کوردستانە.

٢- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان، سەنعەتی کردنی وڵات بەپێی دەسکەوتەکانی زانست و تەکنیک لەلایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لەلایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتی کردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیی ترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی کوردستانە.

٣- حکوومەتی کوردستان بەهۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتی خۆوڵاتی و نەتەوەیی پارێزگاری دەکا و پەرەی پێدەدا. لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابووری، بەشی هەرەوەزی و تایبەتییش لە سەنعەتی کردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.

٤- سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەرگەکان کە بە سامانی گشتیی دەژمێردرێن، میللی دەکرێن و حکوومەتی کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

٥- زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕێگای میکانیزە کردن و بەکارهێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا، هەروەها دارشتنی بەرنامەی بەراوکردن و هەڵبەستنی بەند، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی کوردستانە.

٦- حکوومەتی کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەوپێدانی کەسب وکار و پیشەسازی لە کوردستاندا، تێدەکۆشێ. هێندێ لەو پرۆژە ئابوورییانە کە جێبەجێ کردنیان بە هۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی وڵات نییە، بە بەشی تایبەتی دەسپێردرێن و لە ڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان و دانانی ماڵیاتی دەوڵەتییەوە سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەوکارە کەڵک وەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێش خستنی ئابووریی کوردستانە.

٧- بەرەوژوور بردنی پایەی ژیانی خەڵک و بە تایبەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەرۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکومەتی کوردستانە. ئەم حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکاردەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان کە لە هەژاری وبێبەشیدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا. یەکەم هەنگاوی گرینگ لەو بارەیەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار بەپێی ڕێووشوێنی لەش ساغی بۆ زەحمەتکێشانی شارولادێیە.

٨- ئەسڵی ٤٠ سەعات کار و دوو ڕۆژ پشوودان لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن، دەبێ سەعاتی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بەپێی خەرجی بەڕێچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونە سەری خەرجی گوزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و بێکاری و پەککەوتوویی و پیری بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. هەروەها مەرەخەسی پێش منداڵ بوون و دوای منداڵ بوون بۆ ژنان دابین دەکرێ. بۆ کەم

کردنـەوە و خاشـەبڕ کردنـی بێکاری دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٩- لـە شـێوەی ئێسـتای مالکییەتـی زەویـدا، دەبـێ ئالۆگۆڕێکـی قـووڵ بـە قازانجـی دێنشـینانی زەحمەتکێـش و بـێ زەوی پێـک بـێ و بـە پێـی بڕێـوی سـەرانەی بنەماڵـە زەوییـان دەدرێتـێ. حکوومەتـی کوردسـتان هەمـوو چەشـنە یارمەتییـەک بـۆ پەرەپێدانـی ئـەو شـیرکەتە هەرەوەزییانەی کشـتوکاڵ، دەکا کـە جووتیـاران بـە دڵخـوازی خۆیـان پێکیـان دێنـن و جگـە لەوانـەش کێڵگـەی هـەرەوەزی دەوڵەتـی پێکدێنـێ.

١٠- حکوومەتـی کوردسـتان دەبـێ یارمەتـی وەرزێـران بـدا تـا بتوانـن ئامـرازی کشـتوکاڵ بـۆ خۆیـان دابیـن بکـەن. هەروەهـا پێویسـتە بەرهەمـی کشـتوکاڵیان بـە نرخێکـی بـاش لـێ بکـڕێ و بـۆ پـەرە پێدانـی کاروبـاری کشـتوکاڵ قـەرزی درێژماوەیـان بـە سـوودی کەمـەوە بداتـێ. جووتیـاران لـە پێشـدا بەرامبـەر بـە پێشـهاتەکانی کار و نەخۆشـی و پاشـان بەرامبـەر بـە پیـری و پەککەوتوویی بیمـە دەکرێـن. زەرەر و زیانـی سروشـتی وەک سـێڵاو و ئافـات و..... بەیارمەتیـی حکوومەتـی کوردسـتان قەرەبـوو دەکرێنـەوە.

١١- حکوومەتـی کوردسـتان سـەرنجێکی تایبەتـی دەداتـە ئاژەڵـداری. لەوەرگـەکان بـە پێـی شـەرتی لەبـار بـە ئاژەڵـداران دەسـپێرێ و ڕێـگای دروسـت و زانسـتیی ئاژەڵـداران فێـر دەکا.

١٢- پارێزگاریـی موحیتـی ژیـان، سـەرچاوە سروشـتییەکان، لێـڕەوارەکان، دەریاچـەکان و پارێزگاریی حەیوانـات بەتایبەتـی حەیوانـە کێـوێ و باڵنـدە و پـێ ڕۆ و ماسـی، یەکێـک لە ئەرکەکانی حکوومەتـی کوردسـتانە. هـەر بۆیـە دەبـێ لـە ڕاوی بـێ سـەرەوبەرەی حەیوانـات پێشـگیری بکـرێ و لـە هەڵبژاردنـی جـۆر و جێـگای سـەنعەتی تـازە و لـە لێدانـی ڕێـگا و کێشـانی ڕێـگای ئاسـندا بـۆ پارێزگاریـی موحیتـی ژیـان و لەبەرچاوگرتنـی هاوهەنگاویـی سروشـت وردەکارییەکـی زۆر ڕەچـاو بکـرێ و بایەخـی پێویسـت بـە پاراسـتنی بینـا و شـوێنەوارە کۆنـەکان بـدرێ.

## فەسڵی پێنجەم:

## سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغیی حیزب

١-هەمـوو منداڵانـی کوردسـتان چ کـچ، چ کـوڕ، تـا ١٥ سـاڵی دەبـێ بخوێنـن. حکوومەتـی کوردسـتان بـۆ لـە نێوبردنـی نەخوێنـدەواری بـە پەلـە هەنـگاو هەڵدێنێتـەوە. لـە حکوومەتـی کوردسـتاندا دابینکردنـی خەرجـی خوێندنـی سـەرەتایی لـە ئەسـتۆی دەزگایـی دەوڵەتییـە و خوێنـدن لـە قۆناغەکانـی دیکـەدا بـە خۆڕاییـە. یارمەتـی حکوومەتـی کوردسـتان لەوبـارەوە قوتابخانـە ئایینییەکانیـش دەگرێتـەوە. حکوومەتـی کوردسـتان خەرجـی منداڵانـی کرێکاران و جووتیـاران و هەمـوو زەحمەتکێشـانی کـەم داهـات لـە تـەواوی فێرگـە پیشـەییەکان و هونەرەسـتانەکاندا دابیـن دەکا. خەرجـی خوێندنـی منداڵانـی شـەهیدان و پێشـمەرگە و کەمەندامانـی شـۆڕش، منداڵانـی بلیمـەت و هەڵکەوتـووی زەحمەتکێشـانی کـەم داهـات و هەروەهـا منداڵانـی دواکەوتـوو و بـێ سەرپەرەسـت لـە زانسـتگا و فێرگـە بەرزەکانیشـدا وەئەسـتۆ دەگـرێ.

٢- حکوومەتـی کوردسـتان بـۆ بـەرەوژوور بردنـی پایـەی فەرهەنگیـی گـەل و دامەزراندنـی بنکـەی فەرهەنگـی و زانسـتی و پەروەردەیـی بەدەنـی وەک فەرهەنگسـتان، سـینەما، تیئاتـری میللـی، بنکـەی وەرزشـی، فێرگـە بـەرزەکان و زانسـتگاکان بـە خێرایـی هەنـگاو هەڵدێنێتـەوە.

٣- بایەخدان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی کوردستانە.

٤- ڕووناکبیرانی کوردستان بەپێی لێوەشاوەیی خۆیان کاریان دەدرێتێ. حکوومەتی کوردستان سیاسەتێک بەرامبەر بە ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتە پێش کە بە دڵگەرمی و لە خۆبووردنەوە خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.

٥- حکوومەتی کوردستان بۆ بەرەوژووربردنی پایەی لەشساغی هەموو خەڵک تێدەکۆشێ و بۆ خاشەبڕکردنی ئەو نەخۆشییانەی لە کوردستاندا بڵاو بوونەوە بە توندی خەبات دەکا و هەلومەرجێک پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی خۆڕایی پزیشکی و دەرمانی کەڵک وەرگرن. حکوومەتی کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگە و زایینگە هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بۆ بەخێو کردن و پێگەیاندنی منداڵانی بێ سەرپەرەست و هەروەها بۆ پێڕاگەیشتن بە ژیانی کەمئەندام و بە ساڵاچووانی ڕەبەن و بێدەرەتان بنکە و بنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

٦- لە حکوومەتی کوردستاندا ڕابردووی کار و تێکۆشانی پێشمەرگە وەبەر چاو دەگیرێ و کاری شیاوی خۆیان پێ دەسپێردرێ.

## بەشی سێهەم:
## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

### ماددەی یەکەم : ناو و نێوەرۆکی حیزب

١-ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ـە.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە و کرێکاران، جووتیاران و زەحمەتکێشانی شار و دێ، ڕووناکبیران و شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەرانی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی خۆیدا لە تێئۆری زانستیی پەرە ئەستاندنی کۆمەڵ پەیرەویی دەکا.

### ماددەی دووهەم: ئەندامانی حیزب

هەموو دانیشتوویەکی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێک:

- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوەی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.
- بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.

### ماددەی سێهەم: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ، پێویستە:
- دوو ئەندامی بە سابیقەی حیزب ناسێنەری بن.
- لانیکەم ساڵێک لە ژێر تاقیکردنەوە و پەروەردە کردن دابێ.
- لەلایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزب یان ئۆرگانێکی بەرەو ژوورترەوە وەربگیرێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

**ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزب کە:
- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێبکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی فیکری و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بە پێی پێڕەوی نێوخۆ، پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێبکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەر.
- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پەیوەندی لەگەڵ ئەوان بە هێز بکا و لە بیروڕا و تاقیکردنەوەیان کەڵک وەربگرێ.
- حەقی ئەندامەتی بدا.

تێبینی: ئەو کەسانەی ئەندامی حیزب نین، بەڵام پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن و لەگەڵ حیزب پەیوەندیی تەشکیلاتییان هەیە، بە لایەنگری تەشکیلاتی دەناسرێن.

**ماددەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:
- بە ئەندامی لەو ئۆرگانانەی حیزب هەڵبژێردرێ
- لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا ڕەخنە بگرێ.
- لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، بیروڕای خۆی پێ بڵێ، یان پرسیاری لێ بکا.
- لە هەر ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
- لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**ماددەی شەشەم: سزادانی ئەندام**

١-ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەبزووونەوە یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئێعتباری حیزب دەگەیەنێ، بەپێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتییە لە:
-سەرکۆنە بە دەم.
- سەرکۆنە بە نووسراوە.

- ئەستاندنەوی لێپرسراوی.
- هەڵپەساردن.
- دەرکردن لە حیزب.

تێبینی: درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێراندا خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب نییە. بەڵام پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبی لەبەرچاو دەگیرێ.

٢- سزای حیزبی لەلایەن ڕێکخراوەی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣- مەبەست لە سزادانی حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامانە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە، وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری، لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤- ئەندامی دەرکراو حەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

## ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب

١-ئەسڵی بنەڕەتیی دارشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دێموکراتییە.

٢- سانترالیزمی دێموکراتی بەو مانایە کە:

- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئۆرگانانە کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- ئەندام پەیرەوی ڕێکخراوە و کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان و بێ جیاوازی، یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرتر دەبێ لەلایەن ئۆرگانەکانی خوارترەوە جێبەجێ بکرێ.
- باسکردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خواروترین ئۆرگان بە کۆمەڵە. تەک پەرەستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

## ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب

١-بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هەر دوو ساڵ جارێک لە ئەندامان و جێگرەکان و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی و بە ڕادەیەک کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکا لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزب پێکدێ.

٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازی کۆمیتەی ناوەندی یان سێ یەکی هەموو ئەندامانی حیزب بانگ دەکرێ.

٤- ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

- باسی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
- ڕێبازی گشتیی سیاسی، ستراتیژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند دەکا.

- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.
تێبینی: کەسانێک دەتوانن ببن بە ئەندام یان جێگری کۆمیتەی ناوەندی کە لانیکەم ٣ ساڵ ئەندامی حیزب بووبن.

**ماددەی نۆهەم: کۆنفرانسی حیزب**

١-کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:
- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیروگرفتی وا هاتبێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
- لە هەلومەرجێکی وادا، کۆنفرانس سەڵاحییەتی کۆنگرەی هەیە.
٢- کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کۆمیتەکانی شارستان و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.

**ماددەی دەهەم: کۆمیتەی ناوەندی**

١-لەماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.
٢- ئەرک ودەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:
- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- مەسئوولی پەیوەندی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
- دەفتەری سیاسی وسکرتێری گشتیی حیزب و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ کەو بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرچوونی حیزبە.
- ئایینامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و دەفتەری سیاسی دادەنێ.
- ئایینامەی کۆمیسیونەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پەسند دەکا.
- لانیکەم چوار مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە. کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر داوای دەفتەری سیاسی، یان زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.
تێبینی ١: کۆمیتەی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی موشاویر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.
تێبینی ٢: کۆمیتەی ناوەندی لە کاتی پێویست و بە گوێرەی هەلومەرجی تایبەتی دەتوانێ بۆ بەرەوپێشبردنی کار و تێکۆشانی حیزبی ئالوگۆڕ لە شێوەی ئۆرگانیزمی حیزبدا پێک بێنێ.

**ماددەی یازدەهەم : دەفتەری سیاسی**

١-لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوی کۆمیتەی ناوەندیدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئوولی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییە.
٢- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێک و پێکی پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی

خۆی دەدا بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی.

**ماددەی دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١-بناغەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە ٣ کەس کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزبی لە دێ کۆمیتەی دێ، لەناوچە کۆمیتەی ناوچە، لەگەڕەک کۆمیتەی گەڕەک، لەشار کۆمیتەی شار و لە شارستان کۆمیتەی شارستان بەڕێوەیان دەبا.

٣- ئەرکی شانە و کۆمیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کۆمیتەی هەر ڕێکخراوەیەک لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥- بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوەیەک، کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە، ئەگەر پێویست بێ ساڵی جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە پێکدێ.

**ماددەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

-حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب

- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب

یارمەتی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی دەهەمی
## حیزبی دێموکراتی کوردستان-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

### پەیامی کۆنگرەی دەهەمی حیزب بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

لەگەڵ ڕێز!

لە هەلومەرجی ناسکی پاش ئەم ئاڵوگۆڕە گرینگانەی کە لە سیاسەتی جیهانیدا هاتوونەتە ئاراوە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشی گرتۆتەوە، لە کوردستان، حیزب ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە نیزیک بە نیو سەدەیە لەپێناو مافە ئینسانییەکانی گەلی کورد بەپێی ڕاگەیاندراوی مافی مرۆڤ و بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا خەبات دەکا، دەهەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوە برد.

کۆنگرە پێخۆشحاڵیی خۆی سەبارەت بە بەئاکام گەیشتنی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەی گەلی فەلەستین دەربڕی. لە وەها هەلومەرجێکی گرینگ و هیواداردا، کۆنگرەی دەهەمی حیزبی ئێمە لەگەڵ پێشکەشکردنی سڵاو و ڕێزی خۆی، لە ئێوەی بەڕێز وەک سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕێز لە ڕاگەیاندراوی جیهانیی مافی

مرۆڤ و مافی سەربەستیی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەگرن، داوا دەکا لە هێنانە گۆڕێی مەسەلەی کورد لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەک گرتووەکاندا پشتیوانی بکەن و یارمەتیی بدەن بۆ وەرگرتنی کۆڕی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد لەم ڕێکخراوەدا بۆ داکوکیکردن لە مەسەلە ڕەواکەمان.

دیارە ئاگادارن کە نەتەوەی کورد بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی تووشی دەیان کارەساتی دڵتەزێن هاتووە، کە ویژدانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی هەژاندووە، بەتایبەت گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، ئەوا زیاتر لە پازدە ساڵە بەردەوام کەوتۆتە بەر هێرش و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ دوایی هاتن بەم کارەساتانە و ئاشتی و ئاسایش لەم ناوچە گرینگەی جیهاندا، چارەسەری عادلانەی کێشەی سی میلیۆن ئینسانی کورد دەکرێ بڵێین دەکەوێتە سەرشانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڕێزتان وەکوو سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە.

هیوادارین لەم ئەرکە پیرۆزە و ئەرکەکانی دیکەتاندا سەرکەوتوو بن.

**کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران– ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر**

***

**پەیامی کۆنگرەی دەهەمی حیزب بۆ خەڵکی کوردستان**

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

بەشدارانی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران -ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر، سڵاوی شۆڕشگێرانەی خۆیان بە ئێوە خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان پێشکەش دەکەن و لە پێناوەی وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی بزووتنەوەی کوردستان، سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بەئاوات دەخۆازن.

**خەڵکی قارەمانی کوردستان!**

بەشدارانی کۆنگرەی دەهەمی حیزب، کە نوێنەری ئەندامان، کادرەکان و پێشمەرگە دڵسوزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، بە ڕێز و شانازییەوە چاو لە خەبات و خۆڕاگریی ئێوە لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا دەکەن. بەربەرەکانیی بێپسانەوەی ئێوە بەرامبەر دامودەزگا و بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە یاریدەدەر و مایەی دڵگەرمیی خۆیان دەزانن.

بێگومان خەباتی شێلگیرانەی ئێوە و ڕۆڵەکانتان لە ڕیزی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەوا و ئینسانییەکانمان لە پازدە ساڵی ڕابردوودا و هەر وەها ئەم ئاڵوگۆڕانەی لە چەند ساڵی دوای لە ڕادەی جیهانیدا ڕوویان داوە، ئاسۆی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانیان لە هەموو کاتێک زیاتر وەدەر خستووە و هیوای ڕزگاری و بەختەوەریی گەلی کوردیان نزیک کردۆتەوە. کردەوەی تێروریستیی ڕێژیم لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات، سەرکوتی هەرچەشنە نارەزاییەک و دەنگی ئازادیخوازانە، شکستی سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، کارێکی ئەوتۆی کردووە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بنەماڵەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دابڕێ و ڕۆژبەڕۆژ تەریک بکەوێتەوە، هەروەها لەبەرچاوی کۆمەڵانی هەراوی گەلانی ئێران ببێزرێ.

بەگشتی بێ داهاتوویی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەک و پەرەئەستاندن و گەشەکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان لە لایەکی دیکەوە سەرنجی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهانیان بۆ لای مەسەلەی کورد لە کوردستان ئێران بە تایبەتی ڕاکێشاوە.

**خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!**

سەرنجدان بەو ڕاستییانەیە کە بەشدارانی کۆنگرەی دەهەمی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە دووبارە پێ لەسەر دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا دابگرێتەوە و شێلگیرانەتر لە رابردوو، لە پێناوی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان و لەبەینبردنی ستەمی نەتەوایەتی هەوڵ بدا و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، ڕێگای هاوکاری و هاوخەباتی لەنێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بگرێتەوە پێش. بێگومان هەنگاوێکی دیکەی دابینکردنی دروشم و بەرنامەکانی حیزبی ئێمە، لە گرێدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان لەگەڵ خەباتی سەرانسەری ئێراندا خۆی دەنوێنێ.

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

بەشدارانی کۆنگرە بەڵێن دەدەن و پەیمان نوێ دەکەنەوە تا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەرخستنی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ڕێگای پیرۆزی شەهیدانی کوردستان بەر نەدەن. جارێکی دیکە وێرای سڵاو و ڕێز لە خەڵکی خۆڕاگر و خەباتکاری کوردستان، ئاواتمان گەیشتن بە ئامانجە ڕەوا و ئینسانییەکانی خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی ئێرانە.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران!

سەرکەوێ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان!

**کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران–ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر**

***

**پەیامی کۆنگرەی دەهەمی حیزب، بۆ کادر و پێشمەرگەکان**

کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێرانەی خۆی پێشکەشی ئێوە کادر و ئەندامان و پێشمەرگە نەبەزەکانی حیزب دەکا کە لە ماوەی ١٥ ساڵ خەباتی بێوچان و سەنگەربەسەنگەردا، بەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبوردوویی بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی حیزب و گەل تێکۆشان. ئێوە وێرای دیفاع لە ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەمان، خۆشەویستیی حیزبتان لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێگیر کردووە.

**هاوڕێیان!**

دەهەمین کۆنگرەی حیزب لە هەلومەرجێکی ناسکی مێژووی ئەوتۆدا گیرا کە سیمای سیاسیی جیهان گەلێک ئاڵوگۆڕی گرینگی بەخۆیەوە دیوە. کۆنگرە لە بەر ڕووناکیی ئەو ئاڵوگۆڕانە کە سەرانسەری گیتیی گرتۆتەوە، خاڵە تاکتیکی و ستراتیژییەکانی حیزبی دەگەڵ دۆخی سیاسیی جیهان نزیک کردۆتەوە، بەچەشنێک کە کۆنگرەی دەهەم ڕێبازی سیاسیی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕی دەگەڵ ڕەوتی ڕوو لە گەشەی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی لە جیهاندا هاوئاهەنگ کردووە.

بەشداریی هاوڕێیانتان لە کۆنگرەدا و هاوبەشیی چالاکانەیان لە ڕەوتی باس و لێکدانەوە سیاسییەکاندا هەروەها دەستنیشانکردنی خاڵە بنەڕەتەییەکانی ئەم قۆناخە لە خەباتی گەلەکەماندا بوو بە هۆی ئەمە کە کۆنگرە جارێکی دیکە پێ لەسەر دیاریکردنی مافی چارەنووس و دێموکراسی دابگرێتەوە. لەم پێوەندییەدا ئەرکی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب گەلێک لە جاران ناسکترە و، پێویستە بۆ ناساندن و شیکردنەوەی زیاتری مافی دیاریکردنەوەی چارەنووس و ئەو خاڵانەی وا لە بەرنامەدا هاتوون، تێبکۆشن. هەروەها تێکۆشان بۆ گرێدانی شێوەکانی خەبات لە پێناوی وەگەڕخستنی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە پێویستییەکانی ئەم دەورە لە خەبات و تێکۆشاندایە.

کۆنگرە بە دڵنیایی بە سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان، ڕێز لە هەوڵ و تێکوشانتان دەگرێ و ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازێ.

کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر

***

**پەیامی کۆنگرە دەهەمی حیزب، بۆ بنەماڵەی شەهیدان**

بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرکەوتووانە دەهەمین کۆنگرەی خۆی گرت و بۆ جارێکی دیکەش پەیمانی نوێ کردەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجی بەرزی شەهیدان ئاڵای خەبات هەروا شەکاوە ڕابگرێ.

لەم کۆنگرەیەدا بەپێی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای کوردستان، ئێران و جیهان بڕیاری پیویست بۆ درێژەپێدانی خەبات و زووتر بەئەنجام گەیاندنی درا و بەم شێوەیە ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر قازانج و بەرژەوەندیی گەلەکەمان و سەقامگیرکردنی دێموکراسییە.

تا ئێستا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پیرۆزە حیزبەکەمان بە هەزاران ڕۆڵەی لە دەست داوە کە هەر هەموویان لە باوەشی ئێوەدا گۆشکران و لەژێر سێبەری ئێوەدا پێگەیشتن و لە پێناوی ڕێبازی ئوسوولی و ڕاستەقینەیاندا سەخاوەتمەندانە گیانیان بەخت کرد. ئەو ڕێبازەی کە ئێستاش ڕۆڵەکانی دیکەتان لە ڕیزەکانی حیزبدا بۆی تێدەکۆشن و گیانبازیی بۆ دەکەن، بۆیە سەربەرزانە دەڵێین کە سەنگەری جگەرگۆشە لەدەستچووەکانتان بەتاڵ نەماوەتەوە و جارێکی دیکەش دڵنیاتان دەکەین کە تا گەیشتن بە هەموو ویستە ڕەواکانی گەلەکەمان بەتاڵ نەمێنێتەوە.

بێشک پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی و ئێوە ئازیزان بە تایبەتی لە درێژەدانی ڕێی خەباتی شەهیدە سەربەرزەکانمان، کە تا ئێستاش دریغی لێ نەکراوە، سەرکەوتنی یەکجاری زووتر مسۆگەر دەکا. جارێکی دیکە، کۆنگرەی دەهەمی حیزب ڕێز و سڵاوی خۆی پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست دەکا.

بەڕێزتر بێ یادی شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب و گەل.

**کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران–ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ**

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١١ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ١١ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی تەواوبوونی کۆنگرەوە
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بڕیارنامەی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسندکراوی کۆنگرەی یازدەهەم
- پەیامەکانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## کۆنگرەی ۱۱ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر)
## (بەفرانباری ١٣٧٦)

کۆنگرەی ١١ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢ی بەفرانباری ١٣٧٦ لە بنکەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە شاری کەرکووک لە باشووری کوردستان گیرا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١١ بریتی بوون لە:**
١) جەلیل گادانی، ٢) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٣) عوسمان ڕەحیمی، ٤) مستەفا هیجری، ٥) قادر وریا، ٦) سولێمان کەڵەشی، ٧) باباعەلی مێهرپەروەر، ٨) سەید سەلام عەزیزی، ٩) محەممەدنەزیف قادری، ١٠) کەماڵ کەریمی، ١١) حوسێن مەدەنی، ١٢) سمایل بازیار، ١٣) حەسەن ڕەستگار، ١٤) حەسەن شەرەفی، ١٥) فەتاح کاویان، ١٦) ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ)، ١٧) محەممەدعەلی عینایەتی، ١٨) مستەفا مەولوودی، ١٩) حەسەن قادرزادە، ٢٠) شاهۆ حوسەینی، ٢١) تەیموور مستەفایی.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١١:**
١) عەبدوڵڵا حەسەنزادە (سکرتێر)، ٢) مستەفا هیجری (جێگری سکرتێر)، ٣) حەسەن شەرەفی، ٤) باباعەلی مێهرپەروەر، ٥) سەید سەلام عەزیزی، ٦) حەسەن ڕەستگار، ٧) جەلیل گادانی.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١١ بریتی بوون لە:**
١) خەدیجە مەعزووری، ٢) عومەر باڵەکی، ٣) ڕۆستەم جەهانگیری، ٤) کاوە بەهرامی، ٥) لوقمان مێهفەر، ٦) ئەحمەد نستانی، ٧) کەریم مەهدەوی (سەقزی)، ٨) سەید ڕەزا دروودگەر، ٩) سەید ئیبراهیم کەریمی، ١٠) سەید عەبدوڵڵا حوسێنی.

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١١ بریتی بوون لە:**
١) محەممەد حەسەنپوور ٢) سەید برایم هاشمی، ٣) محەممەد ساڵح قادری، ٤) هەمزە چێهرەگوشا (بێبەش)، ٥) محەممەد شەهرەوان، ٦) سەعید بەگزادە، ٧) د. میرۆ عەلیار، ٨) د. خوسرەو بەهرامی.

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی
## پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران!**

بەخۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە یازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر) سەر لە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، یەکەمین ڕۆژی بەفرانباری ١٣٧٦ ڕێکەوتی ٢٢ی دیسامبری ١٩٩٧ دەست پێ کرا و کارەکانی بەم جۆرەی خوارەوە بەڕێوە چوون:

شەوی پێش دەست پێ کردنی کاروباری کۆنگرە، ڕێکەوتی شەو زستان یان «شەوی یەڵدا»ی ١٣٧٦ شەست و حەوتەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی ڕێبەری شەهیدی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو. ئەندامانی کۆنگرە بە نیشانەی وەفاداری بەو خزمەتە لەبیر نەکراوانە کە دوکتور قاسملووی نەمر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی کردوون، ئەو بیرەوەرییە پیرۆزەیان زیندوو کردەوە و لەو ڕێگایەوە ڕێزیان لە یادی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی سەرانسەری ئێران گرت.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە لە کاتێکدا ساڵۆنی کۆنگرە بە ڕیزە دروشمێکی سیاسی کە نیشاندەری هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب بوون ڕازابووەوە و عەکسی سێ شەهیدی کۆنگرە، هاوڕێیان «مەنسوور فەتاحی»، «سەید مەنسوور ناسری» و «ئەبووبەکر ئیسماعیلزادە (ساماڵ)» لە ڕیزی پێشەوەی بەشدارانی کۆنگرەدا، خۆڕاگریی حیزبی دێموکرات و نێوەرۆکی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی نیشان دەدا، سەعاتی ٨/٣٠ کۆنگرە وەک هەمیشە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەست پێ کرا. پاش ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێ دەنگی بە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و بە تایبەتی شەهیدانی ڕۆژی ١٧ سەرماوەزی ١٣٧٦، کۆنگرە بە وتارێکی هاوڕێی تێکۆشەر، کاک جەلیل گادانی وەک کۆنترین ئەندامی بەشداری کۆنگر کرایەوە.

بە دوای کرانەوەی کۆنگرەدا هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزب ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی خوێندەوە. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی تێڕوانینێک لە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی جیهان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و کوردستان و هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب و کورتەیەک لە ئاکامی کار و تێکۆشانی ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی دەهەم و یازدەهەمدا گرتبووە

خۆی. بەدوای تەواوبوونی خوێندنەوەی ڕاپۆرتدا بەشدارانی کۆنگرە کە پێشتریش نوسخەی ڕاپۆرتیان بە دەست گەیشتبوو، بە چەشنێکی چالاکانە دەستیان بە باس و وتووێژ لە سەر ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کرد. ئەم بەشە لە کاری کۆنگرە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و پاش باسێکی تێروتەسەل و بەسوود کە نیشانەی بەرەوژوور چوونی ڕادەی وشیاریی سیاسیی خەباتگێڕانی حیزب بوو، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بە تێکڕای دەنگ لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسند کرا.

لە بەشی سێهەمی کاری کۆنگرەدا گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە پێشتر لە لایەن کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەوە درابووە دەستی ئەندامانی کۆنگرە خرایە بەر لێکۆلینەوە. هاوڕێیانی بەشداری کۆنگرە لەم بەشەشدا چالاکانە کەوتنە باس و بیروڕا گۆڕینەوە و دوای هێندێ دەستکاریی پێویست لەو دوو بەڵگە گرینگە حیزبییەدا، هەر دووکیانیان بە زۆربەی نیزیک بە تەواوی دەنگەکانەوە پەسند کرد.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە بۆ دەرکردنی بڕیارنامە تەرخان کرابوو. کۆمیسیۆنی بڕیار لەو بەشەدا ڕیزە بڕیارێکی لەبارەی تێکۆشانی نێوخۆی حیزبی، وەزعی ئەمنیەتی و ژیانی هاوڕێیانی حیزبی لە کەمپەکانی حیزب لە کوردستانی عێراقدا و هەروەها لە بارەی هێندێ مەسەلەی دەرەوی حیزبییەوە خستە بەر چاوی ئەندامانی کۆنگرە کە هەموویان لەلایان کۆنگرەوە پەسند کران.

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب نیزیک بە سەد پەیامی پیرۆزبایی لە حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە کورد و ئێرانی و بێگانەکانەوە پێ گەیشتبوو. ئەوەندەی وەخت و دەرەتان هەبوو بەشێک لەو پەیامانە لە کۆنگرەدا خوێندەرانەوە و ئەوانی دیکە تەنیا ناوەکانیان بە ئاگاداریی هاوڕێیانی ئەندامی کۆنگرە گەیشت، بەو هیوایە کە دواتر هەموویان لە نامیلکەیەکدا چاپ بکرێن و بخرێنە بەرچاوی هەموو تێکۆشەرانی حیزب. کۆمیسیۆنی پەیام ڕیزە پەیامێکیشی بۆ پێشکەش کردن بە لایەنە جۆراجۆرە نێوخۆیی و خاریجییەکان بە کۆنگرە پێشنیار کردن کە بە پەسندی بەشدارانی کۆنگرە گەیشتن.

یەکێک لە کۆمیسیۆنەکانی کاری کۆنگرە، کۆمیسیۆنی سکاڵا بوو. ئەم کۆمیسیۆنە ڕیزە سکاڵایەکی لە ئەندامانی حیزبەوە پێ گەیشتبوو کە بە ئاگاداریی کۆنگرەی گەیاندن. بەڵام لەبەر ئەوە کە لێکۆڵینەوەی ئەو جۆرە مەسەلانە لە دەرەتانی کۆنگرە بەدەرە، کۆمیتەی ناوەندی و بە تایبەتی دەفتەری سیاسی ڕاسپێردران کە لە ماوەی مانگێک دوای تەواوبوونی کۆنگرەدا بە هەموو سکاڵاکان ڕا بگەن و بڕیاری گونجاویان لەسەر بدەن.

دوابەشی کاری کۆنگرە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرابوو. لەم بەشەدا بەشێکی زۆر لە خەباتگێڕانی بەشداری کۆنگرە بە ئامادەییەکی شۆڕشگێڕانەوە خۆیان بۆ وەرگرتنی مەسئوولییەت کاندیدا کرد کە لە نێو هەموویاندا ئەندامانی کۆنگرە بەدەنگی ئازاد و نهێنی، ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندییان هەڵبژارد. بەم جۆرە پاش پێنج ڕۆژ کاری بەردەوام دواکاتەکانی ئێوارەی هەینی ٥/ ١٠/ ١٣٧٦ بەرامبەر بە ٢٦ دێسامبری ١٩٩٧ واتە لە ڕۆژانی کریسمەس، جەژنی مەسیحییانی جیهاندا

کارەکانی کۆنگرەی یازدەهەم بە سەرکەوتنەوە تەواو بوون.

ڕۆژی دوای تەواو بوونی کۆنگرە کۆمیتەی کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەیەکی کورتدا بە تێکڕای دەنگ هاوڕێی بەڕێز و تێکۆشەر، عەبدوڵلا حەسەنزادەی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردەوە و دوای بەڕێوەبردنی جەژنی تەواوبوونی کۆنگرە دووبارە کۆمیتەی ناوەندی کۆبووەوە و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێری هەڵبژارد. سەرەئەنجام ڕۆژی ٧ی بەفرانبار هاوڕێیانی بەشداری کۆنگرە خۆشحاڵ لە سەرکەوتنی کۆنگرە و بە ئیمان بە دروستیی ڕێبازەکەیان و ڕەوایی خەباتە پیرۆزەکەیان گەڕانەوە شوێنەکانی کار و تێکۆشانیان.

شایانی باسە کە کۆنگرەی یازدەهەم لووتکەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بوو کە دوای کۆنگرەی دەهەم بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب دەست پێ کرا و لە ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٥دا بەئاکام گەیشت. ئەمە یەکەم کۆنگرە پاش دە ساڵ بوو کە نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبی لە خۆیدا کۆ کردبووەوە. بەم بۆنەیەش، دروشمێک کە کۆنگرەی لەژێردا گیرا بریتی بوو لە: «پاراستن و پتەوکردنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی قۆناخی دادێ.»

سەرکەوتنی کۆنگرەی یازدەهەم هەر لەو کاتەدا کە سەرکەوتنێکی سیاسی و تەشکیلاتیی گەورە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، شکستێکی گەورەش بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو. چونکە لە یەکساڵ پێشترەوە خۆی بۆ تێکدانی ئەم کۆنگرەیە ئامادە کردبوو و بە تایبەتی لە مانگەکانی پێش کۆنگرەدا ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە بۆ زەبەر وەشاندن لە کۆنگرە دەستی پێ کردبوون، پەرەی پێ دابوو کە بەداخەوە لە ئەڵقەیەکیشدا سەرکەوت و توانی سێ ئەندامی کۆنگرە و دوو تێکۆشەری دیکەی بە ناوەکانی ڕەفعەت حوسێنی و یەدوڵلا شیرین سخن تیرۆر بکا.

پیرۆز بێ سەرکەوتنی کۆنگرەی یازدە لە تێکۆشەرانی حیزب و هەموو کۆمەڵانی گەلی کورد،

سەرکەوێ بزووتنەوی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و تێکڕای گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی،

یەکگرتووتر بێ ڕیزی خەباتگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**کۆمیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٧٦/١٠/٧ــ ١٩٩٧/١٢/٢٨**

***

## ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی
## بۆ کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**ئەندامانی تێکۆشەری کۆنگرە!**

بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم و سەرکەوتنی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبە خوشەویستەکەمان لە بەجێ هێنانی ئەرکە پیرۆزەکانیدا بەئاوات دەخوازم. ئەم کۆنگرەیەمان کە لە یەکێک لە ناسکترین قۆناخەکانی مێژووی ٥٢ ساڵەی تێکۆشانی حیزبدا دەگیرێ، بایەخێکی تایبەتیی هەیە و ئەرکی زۆر قورسی لە نەخشەکێشان بۆ داهاتووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا دەکەوێتە سەرشان. سەرکەوتنی کۆنگرە لە بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەدا بە تەواوی بە ڕادەی بەشداربوونی بەرپرسانەی ئەندامانی لە باس و لێکدانەوەی بابەتەکانی نێو دەستووری کاری کۆنگرەدا بەستراوەتەوە و بە ناسیارییەک کە لە هەستی مەسئوولییەتی تێکۆشەرانی دێموکراتم هەیە، دڵنیام کە ئەو بەشدارییە بە ڕادەی دڵخواز دەبێت و هەر بۆیەش دەتوانم بڵێم لە ئێستاوە لە سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان دڵنیام. بەسترانی ئەم کۆنگرەیە لە ئێوەی خۆشەویست، لە هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات و لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و لە تەواوی دۆستانی گەلەکەمان پیرۆز بێ.

لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی حیزبدا جێگای دوو دەستە لە هاوڕێیانی حیزبیمان بەتاڵە: یەکەم ئەو هاوڕێیانەمانن کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی دەهەم و یازدەهەمدا لە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن، لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا یان بە هۆی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە شەهید کراون و درێژەدانی ڕێگاکەیانیان بە هاوسەنگەرانیان سپاردووە. دووهەمیش، ئەو تێکۆشەرە بەئەمەگانەن کە تەنیا لە بەر ئەوەی هەستی ئازادیخوازانەیان لەدڵدایە و دڵیان بۆ بەختەوەریی گەلەکەیان لێ دەدا کەوتوونەتە ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە و لەگەڵ دڕندانەترین شێوەکانی ڕەفتاری دژی ئینسانی ڕووبەڕوون. لەنێو ئەو خۆشەویستانەدا بەجێیە یادێک لەو حەوت تێکۆشەرە بکەینەوە کە پاییزی ساڵی ڕابردوو لە لایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە تەسلیم بە پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامی کرانەوە.

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

کۆنگرەی ئەمجارە هێندێ سرووشتی تایبەتیی پێوە دیارن کە حەز دەکەم لێرەدا سێ لەو سرووشتە تایبەتییانە زەق بکەمەوە: یەکەم ئەوە کە دوای دە ساڵی تەواو ئەمە یەکەم کۆنگرەیە کە نوێنەرانی هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتی تێدا بەشدارن و ئێستا کە لەم ساڵۆنەدا لە دەوری یەک دانیشتووین، لە دەرەوەی ساڵۆنی کۆنگرە ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی شک نابەین کە هەست بکا نوێنەری لەم کۆنگرەیەدا نییە. ئەمە ئاکامی ئەو بڕیارە درووست

و بەجێیەیە کە کۆنگرەی دەهەمی حیزبەکەمان لەبارەی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبەوە دەری کرد و درێژەی ئەو ڕۆژە مێژووییەیە کە ناومان نا «ڕۆژی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران». دەبا ئەو دەسکەوتە مێژووییە وەک هەیە چاوی لێ بکەین و بە هەموو توانامانەوە هەوڵی پاراستنی بدەین.

دووهەم ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیەمان دوا کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەدەی بیستەمدایە و کۆنگرەی دادێ دەکەوێتە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک. چەرخی بیستەم بە هەموو ئاڵوگۆڕە گرینگ و سەرسووڕهێنەکان و هەموو ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانیەوە خەریکە بەجێمان دێڵێ و جێگا بۆ چەرخێکی تازە چۆڵ دەکا کە بێگومان زۆر ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنی گرنگتر وسەرسوڕهێنتر بە خۆیەوە دەبینێ. بەو پێیە بڕیار و پەسندکراوەکانی ئەم کۆنگرەیەمان دەبێ جۆرێک گەڵاڵە بکرێن کە حیزبەکەمان بۆ چوونە نێو سەدەیەکی تازەوە ئامادە بکەن.

سێهەمیش ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیە لە هەلومەرجێکدا دەبەسترێ کە حیزبەکەمان بە یەکێک لە دژوارترین قۆناخەکانی خەبات و تێکۆشاندا تێ دەپەڕێ و بەم هۆیەوە، بەشێک لە هاورێیانمان تووشی ناهومێدی بوون و وەدوادی ژیانی تایبەتیی خۆیان کەوتوون. لەحاڵەتێکدا ئەوانەی خەباتگێرانی واقیعیین قورس و قایم ڕاوەستاون و لەگەڵ کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەبات بەربەرەکانێ دەکەن. هەر بۆیە بۆ ڕێزلێنانی ئەو کەسانە کە لە هەموو هەلومەرجێکدا ئاڵای خەباتی حیزب و گەلەکەیان شەکاوە ڕادەگرن و ناهومێدی ناناسن، پێشنیار دەکەم ئەم کۆنگرەیەمان ناو بنێین» کۆنگرەی خەباتگێرانی خۆڕاگر».

لە کۆنگرەی دەهەمەوە تا ئێستا زۆر ڕووداوی گرینگ لە ژیانی سیاسیی حیزبەکەماندا هاتوونە پێش و هێندێ ئاڵوگۆڕیش بەسەر هەلومەرجی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا هاتوون کە هەوڵ دەدەین بەشێکیان بخەینە بەرباس. گومانیش لەوەدا نییە کە هەر بڕیارێکی لەبارەی قۆناخی تازەی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمانەوە دەری دەکەین، دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕانەی تێدا ڕەچاو بکرێن و شوێنەواری لەبار و نالەبارەکانی هەرکام لە ڕوداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لەسەر تێکۆشانی حیزبەکەمانی تێدا لە نەزەر بگرێن.

### ١- وەزعی نێونەتەوەیی

ئەگەر بمانەوێ گرینگترین تایبەتمەندییەکانی وەزعی نێونەتەوەیی بخەینە بەرچاو و لێیان ورد بینەوە، ئەم دیاردانەی خوارەوەمان بەڕوونی دێنە بەرچاو:

### پاشماوەکانی شەڕی سارد

لەگەڵ ئەوەی شەش ساڵ بەسەر ڕووخانی بلووکی سۆسیالیستی و تەواوبوونی دەورانی شەری سارددا ڕابردووە، هێشتا جیهان لە شوێنەوارەکانی شەڕی سارد ڕزگاری نەبووە. ئەوەی ناوی نرابوو نەزمی نوێی جیهانی، ئەگەرچی هەرگیز بەڕوونی تەعریف نەکرا، بەڵام بۆ هەمووان ڕوون بوو کە مەبەست یەک قوتبیبوونی جیهان و کەوتنی هەموو بڕیارێک لەبارەی گیروگرفتە نێونەتەوەییەکانەوە بە دەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. دیارە لەو ماوەیەدا دەوڵەتی ئەمریکا هەوڵی تەواوی خۆی بۆ چەسپاندنی ئەم یەک قوتبییە داوە و حاشا

لەوە ناکرێ کە تا ڕادەیەکیش لەو بارەیەوە سەرکەوتووە. چونکە لەبارەی زۆر گیروگرفتی نێودەوڵەتانەوە ئەوە ئەمریکا بووە کە قسەی کۆتایی کردووە و بیروبۆچوونەکانی خۆی بردۆتە پێش، هەرچەندە زۆر جاریش ئەم دەسکەوتەی لە ڕێگای بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە دەست هێناوە.

بەو حاڵەش بە هیچ جۆر ناکرێ بڵێین دنیای ئەمڕۆ بە یەکجاری بۆتە جیهانێکی یەکقوتبی، چونکە ئیمکانی درووستبوونی قوتببەندی بە شێوەیەکی دیکە هەتا دێ زیاتر دەبێ و زۆر نیشانە لە دەست دا هەن کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا هێندێ قوتبی دیکە لە بەرامبەر دەسەڵات و نفووزی ئەمریکادا سەر هەڵ دەدەن. مەرج نییە ئەو قوتببەندییە حەتمەن باری نیزامیی هەبێ و لە شێوەی هێندێ پەیمانی نیزامیی وەک دوو پەیمانی ناتۆ و وەرشەوی پێشوودا خۆی بنوێنێ. ئەو قوتببەندییە دەتوانێ سیاسی، فەرهەنگی و لە هەمووان زیاتر ئابووری بێ. ئەوەی هەتا ئێستاش بەڕوونی دیارە ئەوەیە کە ئورووپا حازر نیە بچێتە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەمریکا و هەم لە مەیدانی ئابووری و هەم لە بواری سیاسی‌دا دەیەوێ وەک قوتبێکی سەربەخۆ لە ئەمریکا بجووڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەی زۆر پەیمانی ئابووری و نیزامی، ئەمریکا و ئورووپا پێکەوە کۆ دەکەنەوە، ئورووپا بە دوای شەخسییەتی سەربەخۆ لە نفووزی ئەمریکادا دەگەڕێ و لە هێندێ مەیدانیش‌دا ئەو بەرەوڕووبوونەوەیە بەڕوونی هەست پێ دەکرێ. ئەگەر سەرنجێک بدەینە هەوڵ و تەقەلاکانی ئورووپا بۆ زیادکردنی نفووزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەمەمان بە جوانی بۆ دەر دەکەوێ. ئەوشمان لەبیر نەچێ کە یەکیەتیی ئورووپا هەتا دێ زیاتر دەچەسپێ و ساڵی ١٩٩٩ کە یەکیەتیی دراویی ئورووپا بە کردەوە پیادە دەکرێ، وڵاتانی ئورووپایی لە زۆر بارەوە لە شکڵی وڵاتێکی یەکگرتووی بەهێزدا خۆ دەنوێنن.

ژاپۆن ئەگەرچی لەباری سیاسی و لەویش زیاتر لەباری نیزامییەوە بە هیچ جۆر ناکرێ بکەوێتە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام لەمێژە لە باری ئابوورییەوە بۆتە ڕەقیبێکی سەرسەختی ئەمریکا. ئەگەر ئەو ڕاستییەمان لەبیر بێ کە دەورانی لەشکرکێشی و بەکارهێنانی هێزی نیزامی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی کۆنۆلیالیستی تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بەسەر چووە، دەتوانین بڵێین ژاپۆن لە دوا ڕۆژدا زیاتر و زیاتر وەک قوتبێک دەتوانێ حیسابی لەسەر بکرێ. بە تایبەتی جێگای سەرنجە کە ژاپۆن هەوڵێکی جیددیی بۆ پێکهێنانی یەکیەتییەکی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی گەلانی جنووبی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ئا.سی.ئان) دەست پێ کردووە. هەر لە ئێستاوە دەکرێ «ئا.سی. ئان» و ناوچەی ئازادی بازرگانی ئەمریکای شیمالی «نەفتا» و یەکیەتیی ئورووپا بە سێ قوتبی گرینگی دنیای چەرخی بیست و یەکەم دابنێین.

چین وەک وڵاتێکی گرنگی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە نیزیکەی چوار یەکی حەشیمەتی دنیای لە خۆیدا جێ کردۆتەوە، لە باری نیزامییەوە یەکێک لە دەسەڵاتە گەورە ئەتۆمییەکانە، لە باری ئابوورییەوە هێشتا بە شێوەی بنەڕەتی پەیڕەوی لە نیزامی سۆسیالیستی دەکا و هەر لەو کاتەدا خێراترین پلەی هەڵدانی ئابووریی لە نێو وڵاتانی جیهاندا هەیە، دەتوانێ لە دواڕۆژدا وەک قوتبێک سەر هەڵ بدا و وەک ڕەقیبێک خۆیی بنوێنێ. لە لایەکی دیکەوە ڕووسیە کە بەتەنیا زیاتر لە سێ لە چواری هەموو

خاکی شووڕەویی پێشووی لە دەستدا بووە و هەیە و جبەخانەیەکی بەهێزی ئەتۆمییشی لە یەکیەتیی شووڕەوی بۆ بەمیرات بەجێ ماوە، لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لەگەڵیان بەرەوڕووبە، هێشتا سەودای زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی یەکیەتیی شووڕەویی لەسەر دایە و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵی ڕووسیە خەون بە ڕۆژێکی واوە دەبینێ. ئەوە کە دوومای ڕووسیە لە کۆبوونەوەی ١٥ی مارسی ١٩٩٦ ی خۆیدا پرۆژەی هێزە چەپەکانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری مانگی دێسامبری ١٩٩١ی شورای بەرزی یەکیەتیی کۆمارەکانی شووڕەویی سەبارەت بە هەڵوەشانی یەکیەتیی شووڕەوی، بە زۆربەی دەنگەکان پەسند کرد، بەڵگەیەکی ئەم ڕاستییەیە. گیروگرفتە ئابوورییەکانی ڕووسیە هەرچەندیش گەورە بن، نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەو وڵاتە ئیمکاناتێکی یەکجار زۆری بۆ پێشکەوتنی ئابووری هەیە و بەو ڕابردووەوە کە خەڵکی ئەو وڵاتە لە کار و تێکۆشان و فیداکاریدا هەیانە، هەمیشە لێیان چاوەڕوان دەکرێ کە لەژێر باری گیروگرفتەکاندا ڕاست بنەوە و جارێکی دیکە وەکوو قوتبێک لە جیهاندا سەر هەڵ بڕنەوە.

### شەڕ و ئاڵۆزیی ناوچەیی

ئەوەی پتر لە هەموو شتێک ماوەی نێوان کۆنگرە دەهەم و یازدەهەمی حیزبەکەمان زەق دەکاتەوە، مانەوەی هێندێ شەڕ و ئاڵۆزیی ناوچەیی و درووستبوونی هێندێ ناوچەی تازەی ئاژاوە لە جیهاندایە. ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یوگوسلاویی پێشوو، ئەفغانستان، نێوان هیند و پاکستان، نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، نێوان تورکیە و یۆنان و هی تر بەم یان بەو شێوەیە هەر بەردەوام بوون و لە هێندێ شوێنی دیکەش وەک «ڕواندا» و «زائیر» قەیران سەری هەڵدا. بە تەواوبوونی شەڕی سارد و کۆتاییهاتنی ململانێی ئاشکرای نێوان قوتبە جیهانییەکان چاوەڕوان دەکرا لە چارەسەری گیروگرفتە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا نەخشێکی زیاتر بدرێتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. کەچی لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت ئەو ڕێکخراوە لە نێوبژییەکاندا چالاکانەتر دەجووڵایەوە، ئاشکرا دیار بوو ئەوەی داروڵەلە دادەنێ و لە پشتی پەردەوە بڕیاری یەکجاری دەردەکا، دیسان هەر دەوڵەتە گەورەکان و بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. ئەگەر ئەو ڕاستییە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە زۆر لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەو ڕێکخراوە چەندنین ساڵە بە جێبەجێنەکراوەی ماونەوە، ئەودەم بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن بەکردەوە کراوەتە ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی هێندێ لە دەسەڵاتە گەورەکان.

ئەوە کە ئەمریکا و لەگەڵ ویشدا هاوپەیمانەکانی هەوڵ دەدن بۆ خۆیان لەباری چارەسەری گیروگرفتە ناوچەییەکانی جیهانەوە بڕیار بدەن و لە ڕاستیدا نەخشێکی کاریگەر بۆ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ناهێڵنەوە بەجێی خۆی، عەیبی بنەڕەتیی کارەکە لەوەدایە کە ئەو دەوڵەتانە پێوانەیەکی دیاریکراو وەک یەکیان بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان نییە و ئەگەر هەیانبێ تەنیا قازانجی خۆیانە. وەک دەبینین لە حاڵێکدا هێندێ شوێن بە توندی پێ لەسەر بەڕێوەچوونی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دادەگرن، لە هێندێ جێگا نەک هەر ئەو کارە ناکەن، بەڵکوو بۆ خۆیان دەبنە کۆسپی جێبەجێبوونی ئەو چەشنە بڕیارانە. بێجگە لەوە، لەو جێگایانە کە مەسڵەحەتی خۆیانی تێدا دەبینن بە هەموو شێوەیک و تەنانەت بە دەستێوردانی چەکدارانەش

پێشی پەرەگرتنی شەڕ و ئاڵۆزی دەگرن، کەچی لە جێگایەکی دیکە دەست لەسەر دەست دادەنیشن و دەبنە تەماشاچیی ڕووداوەکان.

**ڕک بەرکەی چەکدارکردن و سیاسەتی بانێك و دوو هەوا**

ئەگەرچی یەکێک لە مەسەلە هەرە گرینگەکانی ئەمڕۆی دنیا کە بەشێک لە ئێنێرژیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و دەوڵەتە گەورەکانی بە خۆیەوە خەریک کردووە هەوڵ و تەقەلای چەک داماڵین و پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانە، بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە دەوڵەتە گەورەکان و کۆمپانیا چەک فرۆشەکانەوە هەیە، هەوڵ و تەقەلاکە ڕاست بەپێچەوانەیە. ئەوان لە هەموو دەرفەتێک بۆ ترساندنی هێندێ لە وڵاتانی کڕیاری چەک لە مەترسیی دراوسێکانیان کەڵک وەردەگرن و تێدەکۆشن چەندی بکرێ زیاتر کەلوپەل و ئامرازی شەڕیان پێ بفرۆشن. لە بەر ئەوەش کە ئەوە دەوڵەت و کۆمپانیایانە بمانەوێ و نەمانەوێ لە ڕکبەرکەی ڕاکێشانی قازانجی ئابووریدان، زۆر جار دەبینرێ کە بەئاشکرا و بە نهێنی قەرارداده نێو نەتەوەییەکان پێشێل دەکەن و چەک و کەرستەی شەڕ تەنانەت بەو دەوڵەتانەش دەفرۆشن کە قەدەخەی چەکدارکردنیان خراوەتە سەر.

ئاکامی ئەم وەزعە ئەوەیە کە لە حاڵێکدا سەدان میلیۆن کەس لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا لە خوار خەتی هەژارییەوە دەژین، ساڵانە سەدان و بگرە هەزاران میلیارد دۆلار خەرجی چەکدارکردن و خۆ چەکدار کردن و بەهێزکردنی ئەرتەشەکان دەکرێ، لەوەش گەرێین کە لە زۆر وڵاتاندا یەک لەوان وڵاتە بەڵاڵێدراوەی خۆمان ئەو خۆ چەکدار کردنە تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکی دەرەوە نییە و بەشێکی زۆری بە مەبەستی سەرکوتکردنی موخالیفانی نێوخۆیی و کپکردنی هەر دەنگێکی ناڕەزایی و هەر ویستێکی دێموکراسیخوازانەیە.

لە لای دیکە، ئەگەر دەوڵەتە گەورەکان هەموو هەوڵی خۆیان بۆ پێشگیری لە پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی تەکنیکی دروستکردنی چەکە کۆکوژەکان بەکار دەبەن کە کارێکی زۆر پەسندە، بە هیچ جۆر بیر لەوە ناکەنەوە کە بۆ خۆشیان ئەو جۆرە چەکانەیان لەنێو بەرن، یان لانیکەم دەست لە پەرەپێدان و زۆرتر کردنیان ڕابگرن. لەوەش زیاتر، ئەوان دروستکردنی ئەوە جۆرە چەکانە هەر بۆ بەشێک لە وڵاتانی دیکەی دنیا بە تاوان دەزانن و بۆ بەشەکەی دیکە نەک هەر پێشگیری ناکەن، بەڵکوو بۆخۆشیان یارمەتی دەدەن تا دەستیان وەچەکی ئەتۆمی و چەکە کۆمەڵکوژەکانی دیکە ڕابگا.

بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستییە باشە وەبیر بێنینەوە کە لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە توندی داوای قەدەغەکردنی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان دەکا، کۆنگرەی ئەو وڵاتە دەیەوێ هەقی بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە تاقیکردنەوانە بۆ ئەمریکا بپارێزرێ. لە کۆنفڕانسی مانگی سێپتامبری ١٩٩٧ی نورویژ بۆ قەدغەکردنی بەکارهێنانی مینە نەفەرکوژەکانیشدا کە نوێنەرانی زیاتر لە ١٢٠ وڵاتی تێدا بەشدار بوون، دیتمان کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای دەکرد ئەمریکا لەو پەیمانە دەرهاوێژرێ و سنوورەکانی نێوان کۆرەی شیمالی و کۆرەی جنووبییش نەکەونە بەر بڕیاری قەدەغەکردنی مینە نەفەرکوژەکان. هەروەها لە کۆنفڕانسی ئۆتاوای کاناداشدا ئەمریکا و هێندێ وڵاتی گەورەی دیکە حازر نەبوون پەیمانی قەدەخەکردنی مینە نەفەرکوژەکان ئیمزا بکەن.

### تێرۆریزم

مانـەوە و پەرەگرتنـی تێرۆریـزم بـە تیرۆریزمـی دەوڵەتیشـەوە یەکێـک لـە گیروگرفتـە چارەسـەرنەکراوەکانی چەند سـاڵی ڕابردوو لـە ڕادەی جیهانی‌دایە. ئەگەرچی ئاگری تیرۆریزم بەرەبـەرە بـەر بۆتـە ماڵـی دەسـەڵاتە گەورەکانیـش و ئەمریـکاش وەک یەکەمیـن دەسـەڵاتی ئەمڕۆی دنیـا تامـی تاڵـی ئـەو کـردەوە دژی ئینسـانییەی چاشـتوە، بـەڵام تـا ئێـرە هەنگاوێکـی کاریگـەر بۆ بنەبڕکردنی ئـەو ڕەفتارە دژی ئەخلاقییە نەهاوێژراوە و بەشـێک لـە دەوڵەتـەکان بۆ پاراسـتنی هێندێ قازانجی ئابووری و بازرگانی چەندی بۆیان کرابێ خۆیان لە وشک کردنی سـەرچاوی کـردەوە تیرۆریسـتییەکان بـواردووە و زیاتـر لـەوە کـە بـۆ دیتنـەوەی عامیلانـی کارە تیرۆریسـتییەکان تـێ بکۆشـن، هەوڵـی پووش‌بەسـەرکردنی ئـەو کارانەیـان داوە.

لـە ئاکامـی ئـەو سیاسـەتە شل‌وشـەوێقەی دەوڵەتـە دەسـەڵات بەدەسـتەکان‌دا دەبینیـن کـە نـەک هـەر گیانـی هـەزاران و دەیـان هـەزار کـەس لـە شـوێنە جیاجیاکانـی جیهـان‌دا بۆتـە قوربانیـی دەسـتی ئـەو تاقمـە تێرۆریسـتییانە کـە لـە لایـەن هێندێ دەوڵەتـی وەک کۆمـاری ئیسـلامییەوە بـەر دەدرێنـە گیانـی موخالیفانیـان، بەڵکـوو دەوڵەتـە تیرۆریسـت پـەروەرەکان لـە ڕێـگای بەکارهێنانـی هەڕەشـەی تیرۆریسـتییەوە کەوتوونەتـە بـاج ئەسـتاندن لـە دەوڵەتـە گەورەکانیـش و بـە کـردەوە ویسـتەکانی خۆیانیـان بەسـەریان‌دا سـەپاندوە.

### ٢- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت نـەک هـەر بـۆ دانیشـتووانی ناوچەکـە گرینگـە، بەڵکـوو لـە لێکدانـەوە نێونەتەوەییـەکان و بـە تایبەتـی لـە سـتراتیژیی دەوڵەتـە گەورەکانیـش‌دا گرینگییەکـی تایبەتیـی هەیـە. لـە بـاری جوغرافیاییـەوە ئـەم ناوچەیـە کەوتۆتـە سـێ ڕێیانـی سـێ قـارەی ئاسـیا و ئافریقـا و ئورووپـا. لـە بـاری ئابـووری و سـەرچاوە ژێرزەمینییەکانـەوە ئـەو ناوچەیـە زۆر دەوڵەمەنـدە و زیاتـر لـە نیـوەی تـەواوی پاشـەکەوتی نەوتـی دنیـا لـەم ناوچەیـەدا هەڵکەوتـووە. زۆر مەسـەلەی دیکـەش لـە گرینگـی و بایەخـی ئـەم ناوچەیـە زیـاد دەکـەن و هـەر بۆیـەش ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت مەیدانێکـە بـۆ بەرەنـگار بوونـەوەی سیاسـەت و قازانجـی هێـزە جۆراوجـۆرە نێـو نەتەوەییـەکان. ئەگـەر بمانـەوێ دیمەنێکـی گشـتی لـە وەزعـی ئێسـتای ئـەم ناوچەیـە بکێشـینەوە، ئـەم دیاردانەمـان بـە زەقـی دێنـە بەرچـاو:

### کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل

لەگـەڵ هەمـوو ئـەو هیـوا و هومێـدە کـە پـاش ئیمزاکردنـی ڕێککەوتن‌نامـەی ئوسـوول لـە نێـوان فەلەسـتینییەکان و دەوڵەتـی ئیسـرائیل لـە واشـنگتۆن بـۆ سـەقامگیربوونی ئاشـتییەکی بـەردەوام و هەموولاگـر لـە نێـوان وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسـرائیل‌دا پەیـدا ببـوو، بـە دەسـەڵات گەیشـتنی بـەرەی لیکـوود لـە دوا هەڵبژاردنـی ئیسـرائیل‌دا ڕەوتـی ئاسـایی‌بوونـەوەی پێوەندییـە ناوچەیەکانـی و وتووێژەکانـی ئاشـتیی بـەرەو دوا گێڕایـەوە و کۆسـپی گـەورەی خسـتە سـەر ڕێـگای سـەرکەوتنی ویسـتی خێرخوازانـەی لایەنگرانـی ئاشـتی و دادپـەروەری. ئـەوە جێـگای دڵخۆشـییە کـە هـەوڵ و تەقـەلای ئاشـتیخوازانە تـا ئێسـتا بەردەوامـە و توندڕۆیـان و موخالیفانـی ئاشـتی لـە هـەر دوو بـەرەی عەرەبـی و ئیسـرائیلی‌دا نەیانتوانیـوە ڕەوڕەوی ئاشـتی لـە کار بخـەن. بـەڵام ئـەوەی بـۆ

هەمووان ئاشکرایە ئەوەیە کە نەک هەر پێشکەوتنێکی زۆر لەو بوارەدا بەدەست نەهاتوە، بەڵکوو ئەو ڕێککەوتننامانەی کە پێشتر ئیمزا کرابوون جێبەجێ نەکراون و حکوومەتی لیکوود لە ژێرباری بەشێک لەو بەڵێنانەش دەرچووە کە پێشتر حکوومەتی حیزبی کرێکار بە فەلەستینییەکانی دابوون.

سەرسەختیی نەتەنیاهوو لە بەرامبەر داخوازە ڕەواکانی خەڵکی فەلەستیندا، مل نەدانی بە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامە ئیمزاکراوەکان، دەرکردنی هێندێ بڕیاری پێچەوانەی ڕەوتی ئاشتی و چاوەڕوانیی لە ڕادەبەدەری لە یاسر عەرەفات و دەوڵەتی فەلەستین لە سەرکوت‌کردنی ڕێکخراوە توندڕەوەکانی فەلەستیندا، لە لایەک بیانووی باشی داوەتە دەستی موخالیفانی وتووێژی ئاشتی بۆ ئەوەی هەوڵ و تەقەلای ئاشتیخوازانە بە بێهودە بزانن و کۆسپ لەسەر ڕێگای بەرەوپێش چوونی وتووێژەکان دروست بکەن، لە لای دیکەش مەوقیعییەتی یاسر عەرەفاتی زۆر لاواز کردووە. نەتەنیاهوو دەیهەوێ بێ ئەوەی ئیمتیازێکی دابێ بە گەلی فەلەستین و تەنانەت قەول و قەرارە ئیمزاکراوەکانی ئیسرائیلیش بەجێ بگەیەنێ، یاسر عەرەفات ببێتە ژاندارمی ئیسرائیل و تەواوی موخالیفانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل سەرکوت بکا. ئاشکرایە کە بەجێ‌هێنانی ئەم داخوازە لە لایەن عەرەفاتەوە هیچ ڕێز و ئیعتبارێک بۆ ناوبراو لەنێو کۆمەڵی فەلەستیندا ناهێڵێتەوە و دوور نییە مەبەستی بنیامین نەتەنیاهووش ڕاست گەیشتن بەو ئامانجانە بێ.

لە مانگەکانی ژووئیە و ئوتی ساڵی ١٩٩٧دا چەند تەقینەوەیەکی خۆکوژانە لە ئیسرائیل بەڕێوە چوون کە بوون هۆی کوژرانی ژمارەیک لە خەڵکی بێ‌دیفاع. ئەو کردەوە تیرۆریستییە هەروەک هەقی خۆی بوو لە لایەن هەموو ئاشتیخوازانی ناوچە و جیهان و یەک لەوان یاسر عەرفاتەوە بە توندی مەحکووم کرا. کەچی ئەم کردەوەیە بیانووی دایە دەستی نەتەنیاهوو بۆ دانانی گەمارۆیەکی توندی ئابووری لەسەر ناوچە خودموختار و داخستنی دەرگای ئیسرائیل لەسەر دەیان هەزار فەلەستینی کە ئیسرائیل کار دەکەن و گەیاندنی سەدان میلیۆن دۆلار زیانی ماڵی بە ئابووریی لەرزۆکی حکوومەتی فەلەستین. سەیر ئەوە بوو دوای ئەوەش کە دەرکەوت تیرۆریستە خۆکوژەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فەلەستینەوە نەهاتوون، نەتەنیاهوو هەروا لە سەر هەڵوێستی توندوتیژی خۆی مایەوە.

ئەگەرچی لەو قۆناخەی قەیراندا سەفەری مادلین ئۆلبرایت، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەوتی ئاشتیی لە مەترسیی لەنێوچوونی یەکجاری ڕزگار کرد، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەک نێوبژیکەرێکی بێ‌لایەن و وەک سەرپەرستێکی بێ‌لایەنی ڕەوتی ئاشتی ناجوڵێتەوە و لە سەریەک بە لای ئیسرائیلیدا دەشکێنێ. ئەم سیاسەتی ئەمریکاش کۆمەگ بە ئاڵۆزتر بوونی وەزعەکە و بەهێزبوونی هەڵوێستی توندڕەوان و موخالیفانی ئاشتی دەکا و ڕێگا بۆ دەستتێوەردانی دەوڵەتانی وەک کۆماری ئیسلامی و گێرەشێوێنی و کارشکێنی لە ڕەوتی ئاشتی‌دا هەموارتر دەکا.

ڕەوتی ئاسایی‌بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و بەرقەرار بوونی ئاشتی لەگەڵ دراوسێی ئیسرائیلیش‌دا هەر لە ئاکامی کارشکێنییەکانی حکوومەتی نەتەنیاهوودا چەتی تێ‌کەوتووە. پێش بەدەسەڵات گەیشتنی بەرەی لیکوود هیوا بە بەرقەراربوونی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و سووریە و پاشان ئیسرائیل و لوبنانیش‌دا بەهێز ببوو، بەڵام کەلەشەقی و

سەرڕەقیی ئاغای نەتەنیاهوو ئەو هومێدانەشی بەبا دا و هەتا ڕۆژگار تێپەڕی، دەستڕاگەیشتن بە ئاشتیی عادلانە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دوورتر خستەوە.

### ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب

ئەو کێشە و ناکۆکییانە کە لە ساڵی ١٣٥٠وە بە چوونی هێزەکانی ئێران بۆ سێ دورگەی تونبی گەورە و تونبی چووک و ئەبووموسا لە نێوان ئێران و میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبدا دروست بوون، تا ئێرە بە چارەسەرنەکراوی ماونەوە. هەم ئێران و هەم میرنشینەکان ئەو سێ جزیرەیە بە ملکی بێ ئەولاوئەولای خۆیان دەزانن و لەگەڵ ئەوەی لەمێژ ساڵە هەوڵ دەدرێ ئەم کێشەیە لە ڕێگای وتووێژێکی جیددی و ئاشتیخوازانەوە بە لایەکدا بخرێ، تا ئێستا هەنگاوێک لەو بارەیەوە بەرەو پێش نەنراوە. ئەنجوومەنی هاوکاریی خەلیج کە شەش وڵاتی عەرەبیی لێوارای خەلیجی فارسی تێدا ئەندامن لەو پێوەندییەدا پشتیوانی لە میرنشینە عەرەبەکان دەکا و وڵاتی دیکەی عەرەبییش کەم و زۆر پشتی ئەو هەڵوێستە دەگرن.

بێجگە لەوەش، ئەگەر سووریە و سوودانی لێ دەرکەین، لەسەریەک جۆرێک بەربەرەکانی لە نێوان تێکڕای وڵاتانی عەرەبی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر وەک گەورەترین وڵاتی خەلیج سەودای ڕێبەرایەتی وڵاتانی دەوروبەری خەلیجی فارسی لە سەردایە، وەک ڕێژیمێکی ئیسلامییش ڕێبەرایەتیی هەموو جیهانی ئیسلام -کە وڵاتانی عەرەبییش بەشێکیانن- بە مافی بێ ئەملاوئەولای خۆی دەزانێ، لە حاڵێکدا هەم وڵاتانی عەرەبی بۆ خۆیان هیچ کام لەو دوو پۆستی ڕێبەرایەتییە بە کۆماری ئیسلامی ڕەوا نابینن و بە تایبەتی عەرەبستانی سعوودی وەک پارێزەری «حرمین» و یەکەمین وڵات کە ئەحکامی ئیسلامیی تێدا بەڕێوە چووە، هیچ وڵاتێکی جگە لە خۆی بە شیاوی ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلامی نازانێ، و هەم ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی سەرمایەداری کە قازانجێکی زۆریان لە خەلیجدا هەیە، بەوە ڕازی نابن ڕێژیمی توندەڕو و بنئاژۆی کۆماری ئیسلامی بەسەر ڕێی ئاویی خەلیج و دەرووی هورمزدا زاڵ بێ و ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆیشتنی ئازادی نەوت بۆ بازارەکانی جیهان بخاتە مەترسییەوە. حوزووری ڕاستەوخۆ و بەرچاوی هێزەکانی ئەمریکا لە ئاوەکانی خەلیج و بەشێک لە وڵاتانی دەوروبەری خەلیجی فارسدا بەڵگەی زیندووی ئەم ڕاستییەیە.

### هێندێ مەسەلەی گرینگی دیکە

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێندێ گیروگرفتی ناوچەیی دیکەش هەن کە وەزعی ناوچەکەیان ئاڵۆزتر و بە گرێوگۆڵتر کردووە. یەک لەوانە مەسەلەی کوردە کە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەر و هەرچی ڕۆژگار دەگوزەرێ بایەخی زیاتر پەیدا دەکا. ئەگەر تا سەرەتاکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمیش لە دەرەوی وڵاتانی کوردنشین کەم کەس هەبوون شتێک بە ناوی مەسەلەی کورد بناسن و دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا توانیبوویان هەقیقەتی ئەو مەسەلەیە لە دونیای دەرەوە بشارنەوە، ئێستا لە ئاکامی خەباتی قارەمانانە و نەپساوەی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان و لە سایەی پەرەگرتنی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتیدا ئەو مەسەلەیە بۆ هەموو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان مەسەلەیەکی ئاشنایە و بیروڕای گشتیی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو داوای چارەسەرێکی عادلانەی بۆ دەکا.

بەو حاڵەش زۆربەی زۆری دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان‌دا بە ڕەسمی دان بە بوونی نەتەوەی کورد و مەسەلە ڕەواکەی دانانێن و بەم جۆرە ئەو مەسەلەیە کە پێوەندیی لەگەڵ چارەنووسی نیزیک بە ٣٠ میلیۆن ئینسان هەیە، هەروا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. وەک هەموو کەسیش دەزانێ، سیاسەتی حاشاکردن لە بوونی کورد و مەسەلەی کورد دەردی دەوڵەتەکانی وڵاتانی کوردنشینی چارەسەر نەکردووە و خەباتی ئەو میللەتە لەگەڵ هەموو کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای و گەورە و گرانیی قوربانییەکانی هەتا دێ زیاتر پەرە دەگرێ و پتر لە ڕادەی جیهانی‌دا دەناسرێ و دۆست و لایەنگری بۆ پەیدا دەبێ.

مەسەلەی دیکە ناکۆکیی نێوان وڵاتانی عەرەبی لە لایەک و تورکیە لە لایەکی دیکەوەیە. ئەم گیروگرفتە دوو میحوەری سەرەکیی هەن، یەکیان ناکۆکی لەسەر دابەش کردنی ئاوە، کە هەتا دێ زیاتر بایەخ پەیدا دەکا. بەپێی هێندێ بەراورد گیروگرفتی ئاو لە هێندێ ناوچەی جیهان و یەک لەوان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا لە داهاتوودا لە گیروگرفتی نەوت و مەسەلەی نەوت بە گرینگتر خۆی دەردەخا. میحوەری دووەمیش هاوکارییە نیزامییەکانی نێوان تورکیە و ئیسرائیلن کە هەم وڵاتانی عەرەبی و هەم بەشێک لە وڵاتانی موسوڵمان‌نشینی دیکەی نیگەران کردووە.

## ئاسۆی دواڕۆژ

لەگەڵ هەمووی ئەو ئاڵۆزییانە کە لە ناوچەدا بەدی دەکرێن، وێناچێ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لانیکەم لە داهاتووی نیزیک‌دا شەڕ و ئاڵۆزییەکی بەربڵاو و گەورە، بە خۆیەوە ببینێ. ئەگەر بەرەی لیکوود و لەسەر سەری ئەو بەرەیەش ئاغای نەتەنیاهوو، زۆر توندڕەوی لە خۆی نیشان دەدا، لە بەرانبەردا بیروڕای گشتیی خەڵکی ئیسرائیل و تەنانەت هێندێ توێژی لایەنگری بەرەی لیکوودیش، لایەنگری ئاشتییەکی بەردەوام لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و چارەسەری یەکجاریی مەسەلەی فەلەستینن. سەرنجڕاکێشە کە لەنێو کۆمەڵی ئیسرائیل‌دا زۆر شەخسییەت و تەنانەت کۆمەڵی واش هەن کە بە ڕاشکاوی پشتیوانی لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی فەلەستینی دەکەن و واقیع‌بینانە پێکهاتنی دەوڵەتێکی وەها بە ڕێگای هەرە کاریگەری دابین‌بوونی ئاشتی و ئارامی و هێمنی لە ئیسرائیل و تێکڕای ناوچەکەدا دەزانن.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەگەڵ هەموو ئەو ئاژاوەگێڕییانەی دەیانکا، وێناچێ بوێری خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی لەگەڵ ئیسرائیل یان وڵاتانی عەرەبی بدا. ئەم ڕێژیمە بۆ بردنەپێشی مەبەست و سیاسەتەکانی تائێستا لە تێرۆریزم و هەڵایسانی گیروگرفتی نێوخۆیی بۆ دەوڵەتانی ناوچە کەڵکی وەرگرتووە و هەوڵی داوە چەندی بکرێ ڕاستەوخۆ نەبێتە لایەنێک لە شەڕ و پێکهەڵپڕژانەکان‌دا. ئەوەی زیاتر ڕیی تێ دەچێ ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران لە داهاتووش‌دا هەر ئەو ڕێگایە درێژە بدا. چونکە لەگەڵ هەموو چاوڕواو و فڕفیشاڵەکانی دەرسی لە شەڕی هەشت ساڵە لە گەڵ عێراق و ڕووداوەکانی شەڕی دووهەمی خەلیج وەرگرتووە و دەزانێ کە شەڕێکی تازەدا کە بێگومان پێی هێزە بێگانەکانیش دێنێتە نێو مەسەلەکەوە، سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنێ.

ناکۆکییەکانی نێوان تورکیە و ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبییش وادیارە مەترسیی ئەوەیان لێ ناکرێ بگەنە ڕادەی تێکهەڵچوونی چەکدارانە. چونکە ئەگەر سووریە و عێراقی

لێ دەربکەین، ئەوانی دیکە لەگەڵ ئەوەی هێندێ ناکۆکی و دووبەرەکییان لەگەڵ تورکیە و ئیسرائیلدا هەیە، لە ڕێگای دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکاوە نوختەی پێکگەیشتنەوەیان زۆرە و بەدوور دەزانرێ ناکۆکییەکانیان بگەیەننە قۆناخی تەقینەوە. لەسەر یەک ئێستا هەم دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەم بە شێوەی گشتی دەوڵەتان لە هەموو جیهاندا باشتر لە جاران ئاکامەکانی ڕووبەڕووبوونەوەکی جیددی لەگەڵ یەکتر هەڵدەسەنگێنن و زۆر بە زەحمەت ڕێگا دەدن ئاگری شەڕێکی تەواو عەیار لە نێویاندا گەزارە دەرکێشێ.

بێجگە لەوانەش، هەرچەند بەڕاستی ڕەوتی دێموکراتیزە بوونی کۆمەڵ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یەکجار بە سستی دەچێتە پێش، بەڵام پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی و پێویستی بەرینتر بوونەوەی پێوەندییە ئابوورییەکان لە ڕادەی جیهانیدا وەزعێکیان پێکهێناوە کە دەوڵەتانی ناوچەکەی ئێمەش کەم و زۆر دەلاقەیەک بە ڕووی دێموکراسیدا بکەنەوە. بەرەوپێشچوونی ئەو ڕەوتە هەم لە مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادانە ناوچەییەکان کەم دەکاتەوە و هەم ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە نێوخۆیی و ناوچەییەکان بە شێوەی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگای وتوویژ و دیالۆگەوە خۆش دەکا.

بەم جۆرە پێشبینی دەکرێ کە گیروگرفتە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست درەنگ یان زوو بە ڕێگای ئاشتیخوازانەدا چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و ناوچەکە لە ئاگری شەڕێکیماڵوێرانکەری تازە بەدوور ڕابگیرێ. لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا بە تایبەتی ئێران و تورکیە تا ئێستا هەر لە هەوڵی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد و حاشاکردن لە بەڕەسمی ناسینی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستاندان، پێمان وایە سەرنەکەوتنی ڕێگاچارەی نیزامی لە لایەک و هەڵکردنی شنەبای دێموکراسی لە ناوچەکەدا لە لایەکی دیکەوە دەرەتانی چارەسەری کێشەی کوردیش پێک دێنێ. دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا سەرەئەنجام یان بۆ خۆیان لە ڕاستییەکان تێ دەگەن و ڕێگایەکی جگە لە سەرکوت بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد دەگرنە پێش، یان ناچارن دەبن جێگایان بدەن بە هێندێ حکوومەتی خەڵکی کە پێداویستییەکانی ئاخر و ئۆخری سەدی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم تێ بگەن.

### ٣- ئێران

**هاوڕێ تێکۆشەرەکان!**

ئەگەرچی لە ماوەی سێ ساڵی نیوان دوو کۆنگرەی حیزبەکەماندا ئێران لە جێی خۆی نەوەستاوە و زۆر ئاڵوگۆری بە خۆیەوە دیون، بەڵام سیستمی سیاسیی لە وڵاتدا، چەشنی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و گیروگرفتەکانی ژیانی خەڵک لە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، هەر لەجێی خۆیانن. لەو ماوەیەشدا کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە نیشانی داوە کە زەرفییەتی هیچ ئاڵوگۆرێکی قووڵی نییە و تا ئەم ڕێژیمە لەسەر کارە گەلانی ئێران ڕووی پێشکەوتن و بەختیاری و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نابینن. با لە نزیکەوە زیاتر لە مەسەلەکە ورد بینەوە.

## درێژەی دیکتاتۆری

دیکتاتۆرییەکی توند و بێڕەحمانەی مەزهەبی کە بە هاتنە سەرکاری خومەینی و دارودەستەکەی لە ئێراندا دەستی پێ کردەوە و لەگەڵ سات بە ساتی تەمەنی حکوومەتی مەزهەبیدا زیاتر تەنگی بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەڵ چنیوە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردووشدا هەروا لە پەرەگرتندا بوو. حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سەندیکا و ڕێکخراوە سینفییە سەربەخۆیەکان دەرەتانی تێکۆشانی ئازادیان نەبووە، هەموو بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی خەڵکی بە گرتن و کوشتن و ڕاونان وەڵامی درایەوە، ژنانی ئێران هەروەها لە ماف و ئازادییەکانیان بێبەش مانەوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تەواوی داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی ئێران هەروەک هەمیشە تەنیا یەک وەڵامی هەبوو، ئەویش سەرکوت.

بەڵام بەڕێوەبردنی دیکتاتۆری لەم قۆناخەدا هێندێ شتی تازەشی لەگەڵ بوون. یەکەم ئەوە کە کاربەدەستانی ڕێژیم بارێکی ڕەسمی و قانوونییان بە زەبر و زەنگ و سەرکوت دا و ئەگەر جاران ڕەفتاری دژی ئینسانیی چڵکاوخۆرانی کۆنەپەرستی لەوانە بوو بە قانوونشکێنی لە قەڵەم بدرێ، یان وا حیساب بکرێ کە لێپرسراوان لێی بێخەبەرن، ئەمجارە بەکارهێنانی توندوتیژی بوو بە بەشێک لە ئەرکە ڕەسمییەکانی بەکرێگیراونی ڕێژیم. چونکە مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە پەسندکردنی لایحەیەک ڕەسمەن سەڵاحییەتی بە هێزە ئینتزامییەکان دا بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و بزووتنەوەی ناڕەزایی خەڵک پەنا بەرنە بەر چەک و بەکارهێنانی هێزی نیزامی. بەم کارە دەسەڵاتدارنی ئێران هێندەی دیکە دەستی پیاوکوژەکانی خۆیان لە سەرکوتی هەموو دەنگێکی ناڕەزاییدا ئاواڵە کرد و بە شێوەی ڕەسمی و قانوونی! ئەوانیان لە گیانی هاونیشتمانیان بەردا.

لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، دووهەم تایبەتمەندیی قۆناخی ئەم دواییانە، دوژمنایەتی ئاشکرا و بێپەردە و هەر لەو کاتەدا دڵڕەشانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕووناکبیران بوو. ڕاستە ئەم ڕێژیمە هەمیشە لەگەڵ فکر و قەڵەم لە ناتەباییدا بووە و چەندی بۆی کرابێ مەیدانی لە ئازادیی نووسین و دەربڕین بەرتەسک کردۆتەوە. بەڵام ئەوەی لە سێ ساڵی ڕابردوودا لەو بارەیەوە بینرا، لە ماوەی نیزیک بە ١٩ ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا کەم وێنە و تەنانەت بێوێنە بوو. لەو ماوەیەدا هەر گۆڤار و بڵاوکراوە بوو کە پێشی دەرچوونی لێ دەگیرا و هەر سەردەبیر بوو کە تۆمەتی بۆ هەڵ دەبەسترا و زیندانی و ئەشکنجە دەکرا و تەنانەت شەلاقی لێ دەدرا و هەر نووسەر و ڕووناکبیر بوو کە شرتوگوم دەکرا. بەسەرهاتی «عەباس میرعەلایی»، «عەباس مەعرووفی»، «ئیبراهیم زاڵزادە» و «فەرەج سەرکوهی» نموونەیەکی کەم، بەڵام زیندوو لە دوژمنایەتیی ڕێژیم لەگەڵ قەڵەم و ئەهلی قەڵەم و بیری ئازادیخوازی و پێشکەوتووانەن.

ئەگەر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانتوانی سەرکوتی ئەو بەشە لە ڕووناکبیران بەوە لە لای لایەنگرانی دەمارگرژ (متعصب)ی خۆیان پاساو بدەن کە گۆیا ئەوانە بیروباوەڕی ئایینی و مەزهەبییان نییە، یان دژی ئەو چەشنە بیروباوەڕەن، خۆ نەیاندەتوانی ئەو تۆمەتە لە ڕووناکبیرێکی وەک «عەبدولکەریم سروش» بدەن، سروش تیئۆریسیەنێکی گەورەی ئایینییە و بە هەموو مانای وشە پیاوێکی مەزهەبییە و بۆ ماوەی چەندین ساڵیش کەسایەتییەکی جێگای

متمانەی دەسەڵاتدارنی ئێرانی ئەمڕۆ بووە. کەچی هەر کە بە دژی سانسۆر و خەفەقان و بە دژی بەکاربردنی دیکتاتۆری و زەبروزەنگ وەدەنگ هات، داری تەکفیری لێ هەڵ گیرا و قوڵە چۆماکاغەکانی ڕێژیمی لێ دەنگ دران تا کۆبوونەوەکانی وتارخوێندنەوەی لێ تێک بدەن، پێشی هاتوچۆی ئازادی پێ بگرن و تەنانەت هەڕەشەی کوشتنی لێ بکەن.
شتێک کە لێرەدا جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە کە ئەو ڕەفتارانەی کاربەدەستان لە نێوخۆدا نەیتوانی ڕووناکبیرانی پێشکەوتنخوازی وڵاتەکەمان چاوترسێن و ناچار بە پاشەکشە و بێدەنگی بکا و لە دنیای دەرەوش هاوپێوەندیی کۆڕوکۆمەڵە ڕووناکبیرییەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و بیروڕای گشتیی جیهانی و تەنانەت بەشێک لە دەوڵەتانیشی بۆ لای قوربانییانی سانسۆر و زەبروزەنگ ڕاکێشا. لە ئاکامی ئەو خۆڕاگرییە و ئەو هاوپێوەندییەدا بوو کە ڕێژیم ناچار بوو لە هێندێ مەیداندا پاشەکشە بکا و لە ڕشتنی هێندێک لە خوێنەکان خۆ بپارێزێ. ڕەنگە کەس گومانی لەوەدا نەبێ کە ئەگەر ئەو شەپۆلی هاودەردییە نەبا کە لە ڕادەی جیهانیدا لەگەڵ بزووتنەوەی ڕووناکبیری لە ئێران دەردەبڕا، «فەرەج سەرکوهی» هەروەک شرتوگوم کرابوو، بێسەروشوێن دەچوو، یان بە بەرچاوی خەڵکەوە لە دار دەدرا. ئەوە خۆڕاگری خۆی و هاوپێوەندیی نێوخۆ و دەرەوە لەگەڵ نابراو بوو کە لیستی ئەو تاوانانەی درابوونە پاڵی، کەم و کەمتر کردەوە و لە دوا قۆناخدا ڕێژیم بە ساڵێک زیندان لە کۆڵی بۆوە.

### وەزعی ئابووری

لەگەڵ هەموو چاوڕاو و فڕوفیشاڵەکانی ڕێژیم لە باری پێشکەوتنەکانی ئێران و سازەندگی و خودکەفاییەوە، وەزعی ئابووریی وڵاتەکەمان لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە پێشوو خەراپتر بووە چاکتر نەبووە. گرانی و بێکاری و دەستتەنگی هەروا گیروگرفتی بەشێکی یەکجار زۆر لە حەشیمەتی ٦٠ میلیۆنیی خەڵکی ئێرانن و تەنانەت ڕۆژنامەکانی ڕێژیمیش باس لەوە دەکەن کە زیاتر لە ٤٠٪ خەڵکی ئێران لەژێر خەتی فەقرەوە دەژین. دیارە ئەمە بۆ وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێران کە لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی خاوەن نەوتی جیهان دایە و زۆر سەرچاوەی ژێرزەمینی و زۆر ئیمکانی دیکەی بۆ پێشکەوتنی ئابووری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک سەنعەت، کشتوکاڵ و بازرگانیدا هەن، ناتوانێ هیچ دەلیلێکی هەبێ جگە لە بێبەرنامەیی و بێکیفایەتی و خراپیی بەڕێوەبەری (سوء مدیریت)ی ئەو حکوومەتە کە ١٩ ساڵە بەسەر چارەنووسی گەلانی ئێراندا زاڵ بووە.
لە حاڵێکدا وڵاتەکەمان هەم ئاو و هەم زەویی موناسبی بۆ تێکۆشانی کشتوکاڵی هەیە، ئێران یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی کڕیاری بەرهەمەکانی کشتوکاڵە و ساڵانە سەدان هەزار تۆن گەنم و برنج و ڕۆن و گۆشت و بەرهەمەکانی دیکەی کشتوکاڵی لە وڵاتانی بێگانە دەکڕێ. کارگە و کارخانەکانی وڵاتی ئێمە ١٩ ساڵ دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێستاش بەشێکی زۆریان بە نیوەی زەرفییەتی خۆیان و تەنانەت بە کەمتر نیوەش بەرهەم دێنن و چۆنیەتیی بەرهەمەکانیشیان لە جاران خەراپترە. لە ڕاستیدا هەر ئەمانش بوونە هۆی گرانیی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک بە جۆرێک کە بەشی هەرە زۆری هاونیشتمانان کڕینی پێداویستییەکانیان بەدەر لە توانی ماڵیی خۆیان دەزانن.
خراپیی وەزعی ئابووری شوێنەوارێکی یەکجار نالەباری لەسەر ژیانی چینە هەژار و

کەمداهاتەکان داناوە و گیروگرفتێکی یەکجار زۆری گوزەرانی بۆ ئەوانە پێک هێناوە. لەو بارەیەوە هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین بە دەیان هەزار منداڵی ئێرانی لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لە جیاتی چوون بۆ مەدرەسە، بەخاتری پەیداکردنی بەشێک لە موخاریجی گوزەرانی بنەماڵە هەژارەکانیان ڕوو دەکەنە کوورەخانەکان، کارگەکانی مافوورتەنین و دەیان جۆر کاری تاقەتپڕووکێن و بەم جۆرە ژیانیان لێ دەبێتە دۆزەخ.

ئەگەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی خومەینی و داروودەستەکەی‌دا کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیان بەوەوە ڕادەنا کە بە دنیای دەرەوە قەرزدار نین، ئێستا ئێران بە جۆرێک کەوتۆتە بن باری قەرزی دەرەوە کە بۆ دانەوەی قیستەکانیشیان لە تەنگانەدایە. هەر بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی بانکی مەرکەزی کە لە مانگی ڕەزبەری ئەم ساڵ‌دا بڵاو کرایەوە، ئەگەرچی ئیددیعا کراوە کە بیلانی بازرگانیی ئێران پارسەنگی بە لای سادرات دایە و سادراتی نەوتی و غەیرە نەوتی، خۆی لە ۲۲/۵ میلیارد دۆلار دەدا، لە حاڵێکدا واردات تەنیا ۱۵ میلیارد دۆلار بووە؛ ئێران ئێستا ۳۲ میلیارد قەرزدارە و ئەو تەفاوەتە ۷/۵ میلیارد دۆلارییەش بە ڕادەی یەک میلیارد کەمتر لەو مەبلەغەیە کە ئێران ساڵانە وەک قیست دەبێ بیداتە قەرزدارەکان. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەگەر ئەوەی لە ڕاپۆرتی بانکی مەرکەزی‌دا هاتووە، ڕاستیش بێ، هونەرێکی تێدا نییە. چونکە لە لایەک ئەگەرچی ڕاپۆرتەکە بە ڕاشکاوی باسی ناکا، زیاتر لە ۸۰٪ ی داهاتەکانی ئێران لە نەوت بە دەست دێ و لە لای دیکەش کەمبوونەوەی واردات تەنیا قازانجی بۆ کۆمەڵانی خەڵک نەبوون یان کەمبوونی شتوومەکی پێویست لە بازار و لە ئاکام‌دا گرانتربوونی پێداویستییەکانە.

لە وەزع و حاڵێکی وا دایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ساڵانە چەند میلیارد دۆلار خەرجی کڕینی کەرەستەی شەڕ و هەوڵ و تەقەلای دەستڕاگەیشتن بە چەکە کۆمەڵکوژە ئەتۆمی و بایۆلۆژیکییەکان و بەخێوکردن و ڕاهێنانی دەستەوتاقمە تیرۆریستییەکانی نێوخۆ و دەرەوە دەکا. کاربەدەستانی ئێران هەرچەندی خۆشیان گێل کەن دەزانن کە ئەوان لەو ڕکبەڕکەی خۆچەکدارکردنەدا ناتوانن بگەنە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووە ئەتۆمییەکان و ئەو مەترسییە خەیاڵییە کە لەسەر ڕێژیمەکەیان هەستی پێ دەکەن، لەسەر خۆیانی لابەرن. کەوایە تەنیا بەرهەمی خەرجی ئەو پووڵە کە لە گەرووی خەڵکی برسی و ڕەش و ڕووتی دەگێڕنەوە و بە چەک و کەرەستەی شەڕی دەدەن ئەوەیە کە خۆیان لە مەترسیی ڕاپەڕینی خەڵک ڕزگار بکەن و چاوی خەڵکی وەزاڵە هاتووی پێ بترسێنن، کارێک کە حەمەڕەزا شا دەیان ساڵ لەمەوبەر کردی و بەرهەمێکیشی لێ هەڵ نەگرت.

### دووبەرەکی و فەساد

دووبەرەکی و شەڕی دەسەڵات لەنێو ئاخوندە فەرمانڕەواکان‌دا و بڵاوبوونەوەی دزی و بەرتیل‌خۆری و بە کورتی فەساد لە تەواوەتیی دەزگای ئیداری‌دا دوو گیروگرفتی گەورەن کە لەمێژە کۆماری ئیسلامی بە دەستیانەوە لە ئازاردایە و هەڕەشە لە مانەوەی ئەو ڕێژیمە دەکەن. هەتا کاتێک خومەینی مابوو، ناکۆکیی نێوان مۆرەکانی ڕێژیم کەمتر خۆی دەردەخست. چونکە هەرکات گەیشتبانە جێگایەکی ناسک، خومەینی دەهاتە نێوان و مەسەلەکەی یەکلا دەکرد و کەس نەبوو قسە لە قسەی بکا. بەڵام دوای مردنی خومەینی، ئیدی کەسێک نەما

ئەو نەخشە یاری بکا و خامنەیی هەرچەند ناسناوی ئایەتوڵڵا و ڕێبەری مەزهەبی و «ولی فقیە» و چی و چی یان بەسەردا بڕیوە، ئەو نفووز دەسەڵاتەی نییە کە هەموو لایەک لێی بترسن و گوێی بۆ بگرن. بێجگە لەوە، ناوبراو بۆ خۆشی لایەک لە کێشە و ناکۆکییەکانە و هەر بۆیە لە دەورانی خامنەیی‌دا ناکۆکییەکان جار بە جار و ساڵ بە ساڵ زیاتر تەقیونەوە و لەوە دەرچوون کە پەردەیان بەسەردا بدرێ.

لەگەڵ ئەو هەموو عەبا و مێزەرە و ئەو هەموو ڕیا و تەزویرە کە بە ڕەنگ و ڕووی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە دیارە، کەمتر حکوومەتێکی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو هەبووە کە وەک ئەم ڕێژیمە بە زوویی فەساد ڕوو بکاتە دەزگای بەڕێوەبەرییەکەی و دایڕزێنێ. هەر لە یەکەم ساڵ و مانگەکانەوە دەلاڵی، واسیتەگەری و دزی و بەرتیلخۆری بە کورتی هەموو ئەو شتانەی لەژێر ناوی فەسادا جێیان دەبێتەوە، لەنێو دەزگای ئیداریی ڕێژیمدا سەریان هەڵ دا و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاریش‌دا پەرەیان گرت. بەڵام ئەگەر دەستە و تاقمەکانی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا خۆ بە خۆ لە بەربەرەکانییەکی سەختدا بوون، لە بەرامبەر موخالیفانی خۆیان‌دا هەستیان بە چارەنووسی هاوبەش دەکرد و بۆیە هەوڵیان دەدا چەندی بکرێ ڕێگا نەدەن دنیای دەرەوە لە ناکۆکییەکان و لەویش زیاتر لەو فەسادە کە لە سەرێ تا خوارێی دەزگای هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتانی داگرتووە، ئاگادار بێ. ئەوە بوو کە تا ئەم ساڵانەی دوایی ئەگەرچی خەڵکی ئێران بە تەواوی لە وەزعەکە ئاگادار بوون، پێش بەوە گیرابوو کە عەیب و عارەکە بڕواتە دەر و لە ڕادەی جیهانی‌دا دەنگ بداتەوە. بەو حاڵەش نەدەکرا بۆ هەتا هەتایە پەردە بەسەر ناکۆکییەکانی نێوخۆی دەسەڵات و فەسادی نێو دەزگای ئیداری هەڵ کێشرێ. هەر بۆیش لە چەند ساڵ لەوەوبەرەوە لەقاودانی مۆرە ورد و درشتەکانی ڕێژیم لە لایان ڕەقیبەکانیانەوە دەستی پێ کرد و بە تایبەتی لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا تەقییەوە. لێرەدا بوو کە پەردە لە سەر دزی و تاڵانی گەورە گەورە لە خەزێنەی میللەت یان بە قەولی کاربەدەستانی ڕێژیم لە «بیت‌المال»ی موسوڵمانان هەڵ درایەوە و بە دەیان جار دزیی سەدان میلیۆن تمەنی و تەنانەت میلیارد تمەنی لە بازرگانی دین دەرکەوت و لە ئاکامدا تەپڵی بێ‌ئابڕوویی ڕێژیمی ڕیا و تەزویر لە دنیادا لێ درا.

## هەڵبژاردن

لە کۆنگرەی دەهەمی حیزبەکەمانەوە تا ئێستا دوو جار هەڵبژاردن لە وڵاتەکەمان‌دا بەڕێوە چووە. هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی و هەڵبژاردنی سەرکۆماری. لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی مەجلیس‌دا توندڕۆیەکیان یان وەک دەڵێن موحافەزەکاران زۆربەی کورسییەکانیان گرتەوە و کەم کەس لە دەرەوە یان لە ژوورەوە چاوەڕوانی گۆڕانێکی موسبەتی لێ دەکرد، بە پێویستی نازانین لە سەری بدوێین. بەڵام هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەم بە ڕاستی دیاردەی تازەی تێدا بەدی کراون و هەم خەڵکێکی زۆر لە نێوخۆی وڵات و لە دنیای دەرەوە جۆرە هومێدکیان پێ پەیدا کرد. بۆیە ئەو هەڵبژاردنە هەڵ دەگرێ هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین و کەمێک زیاتر لێی ورد ببینەوە.

وەک گوتمان هەڵبژاردنی ئەم جارەی سەرکۆماری دیاردەی تازەی تێدا بەدی کران. چونکە لە کاتێکدا زۆربەی نیزیک بە تەواوی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن و یەک لەوان حیزبی

خۆمـان هەڵبژاردنیـان تەحریـم کردبـوو، کۆمەڵانـی خەڵکـی ئێـران بـە چەشـنێک ڕوویـان کـردە ناوەندەکانی هەڵبژاردن کە لـە مـاوەی ١٨ سـاڵ دەسـەڵاتی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی‌دا نموونـەی نەبینرابوو. لـەوەش گرنگتر ئـەوە بـوو کـە یەکـەم جار کاندیدایـەک کـە زۆربـەی هـەر زۆری مـۆرە گرینگەکانی نێو دەسـەڵات و لـە سـەرووی هەموویانـەوە خامنەیی پشـتیوانییان لـێ کردبـوو، بـە شـێوەیەکی کـەم وێنـە مـل بـە ملـەی هەڵبژاردنـی بـە کاندیدایـەک دۆڕاند کـە نـەک هـەر دڵخـوازی دەسـەڵاتی فەرمانڕەوا نەبـوو، بەڵکـوو بـە شـێوەیەکی زۆر ئاشـکرا و بێ‌پـەردە دژایەتیـی لەگـەڵ کـرا و قوڵەچۆماغەکانـی ڕێژیمـی لـێ دەنـگ دران، پۆسـتەرەکانی لـە دار و دیـوار کرانـەوە و ستادی هەڵبژاردنەکانی لـە تـاران کەوتـە بـەر پەلامـار و پێـی داخـرا. هێنـدێ زانیـاری لـە دەسـت دان کـە نیشـان دەدەن ژمـاری ئـەو دەنگانـە کـە بـە قازانجـی خاتەمـی، سـەرکۆماری ئێسـتا دراون بـە ڕادەی سـێ تـا چـوار میلیـۆن دەنـگ لـەو ژمارەیـە زیاتـر بـووە کـە لـە لایـەن سـتادی ناوەندیـی هەڵبژاردنـەوە ڕاگەیەنـدراوە. بـەڵام هـەر ئـەو ئامـارە کـە ڕاگەیەنـدرا نیشـانی دا کـە خاتەمـی زیاتـر لـە بیسـت میلیـۆن و ناتیقـی نـووری دەورووبـەری حـەوت میلیـۆن دەنگـی هیناوەتـەوە، یانـی لـە ڕاسـتی‌دا کاندیدای تەواوەیی ڕێژیـم تەنیا بەقـەدەر سـێ یەکـی ئـەو دەنگانـەی بەدەسـت هێنـاوە کـە دراون بـە کاندیدایـەک کـە هـەم بـۆ خەڵـک زۆر ناسـراو نەبـوو و هـەم هەمـوو ناوەندەکانـی دەسـەڵات لـە دژی بـوون.

ئـەم دیاردەیـە چـۆن لێـک دەدرێتـەوە؟ هەمـوو خـاوەن نەزەران لـە ئێـران و لـە دەرەوەی ئێـران لـە سـەر ئـەوە یەکدەنگـن کـە ئـەو بیسـت میلیـۆن دەنگـە پێـش ئـەوەی درابـن بـە خاتەمـی، بـە دژایەتـی لەگـەڵ کارنامـەی ١٨ سـاڵ دەسـەڵاتداریێتیی کۆمـاری ئیسـلامی ڕژانـە سـندووقەکانی دەنگدانـەوە. سـەید محەممـەد خاتەمـی لـە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دیفاع لـە ئـازادی، لـە دەسـەڵاتی قانـوون، لـە بەرامبەریـی مافەکانـی ژن و پیـاو، لـە چاپەمەنیـی ئـازاد و لـە قازانجـی ڕووناکبیـران و لاوان بـە کورتـی لـە ئامانجەکانـی کۆمەڵانـی خەڵکـی وەک بەرنامـەی کاری خـۆی خسـتبووە بەرچـاوی دەنگـدەران. خەڵکـی ئێرانیـش کـە هـەم خوازیـاری ئـەو ئازادییانـە بـوون و هـەم ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامییان بـە پێشـێلکەری ئـەو مـاف و ئازادییانـە دەزانـی، لـە ڕۆژی دەنگدان‌دا لـە ڕووی ناسـیاریی تـەواوەوە دەنگـی موخالیفیـان بـەو ڕێژیمـەدا کـە لـە ڕۆژانـی ١٠ و ١١ی خاکەلێوە ١٣٥٨دا بـە ناشـارەزایی دەنگـی موافیقیـان بـۆ دابـوو. ئەگەرچـی دەمڕاسـتەکانی ڕێژیـم بـە ئاکامەکانـی هەڵبـژاردن بەڕاسـتی قەڵـس بـوون، بـەڵام چونکـە تەفاوەتـی دەنگـەکان یەکجـار زۆر بـوو، نەیانتوانـی ئاکامـی هەڵبـژاردن پێچەوانـە ڕابگەیەنـن و بـە ناچـار ئاکامەکەیـان قبـووڵ کـرد. هـەر لـەو کاتـەش‌دا هەوڵیـان دا بەشـداریی بێ‌وێنـەی خەڵـک لـە هەڵبـژاردن‌دا بـە نیشـانەی ڕێزدانـان بـۆ بانگەوازیـی خامنەیـی دابنێـن و ئـەوە بـە سـەرکەوتنێک بـۆ نیـزام لـە قەڵـەم بدەن.

لـە لایەکـی دیکـەوە هـەم ڕێژیـم و هـەم تاقمێکـی هەرچەنـد یەکجـار کـەم لـە ئۆپۆزیسـیۆنیش بەشـداریی هـەراوی خەڵـک لـە هەڵبـژاردن‌دا بـە مانـای گوێ‌نەدانـی خەڵکـی ئێـران بـە ویسـتی هێزەکانی موخالیفی ڕێژیـم لـە قەڵـەم دا. لـە حاڵێک‌دا ئێمـە مەسـەلەکە ڕاسـت بەپێچەوانـە دەبینیـن. ڕاسـتییەکەی ئـەوەیـە کـە ئۆپۆزیسـیۆن لەبـەر ئـەوەی چاوەڕوانیی نەدەکـرد دەنگـدەران ئازایانـە بتوانـن دەنگەکانیـان بخەنـە سـندووقەوە و لەبـەر ئـەوەش کـە ڕێژیـم دەرەتانـی بـە کاندیداتۆریـی کەسـایەتییەکانی سـەربەخۆ، یـان ئەندامـی ڕێکخـراوە نیشـتمانییەکان نەدابـوو، داوای تەحریمـی هەڵبژاردنیـان کـرد و، دەکـرێ وای دابنێیـن کـە داوایـان کـرد خەڵـک دەنگـی «ممتنع» بـە ڕێژیـم و

کاندیداکەی و بەرنامەکەی و کارنامە و سیاسەتەکانی بدەن، بەڵام وەختێک کۆمەڵانی خەڵک بە هاتنە مەیدانی بێوێنەیان ئیرادەی خۆیان بەسەر ڕێژیمدا سەپاند، نەک دەنگی ممتنع، بەڵکە دەنگی موخالیفیان بە ڕێژیم دا. ئەمەش نەک هەر موخالەفەت لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکوو ئەوپەڕی موافەقەت و بەدەنگەوە هاتنی پێوە دیارە.

ئێستا بزانین سەرکۆماری تازە هەڵبژێراو دەیەوێ و دەتوانێ وادە و بەڵێنەکانی خۆی و لەوەش زیاتر چاوەڕوانییەکانی دەنگدەران وەدی بێنێ؟

وەک دەزانین دنیای دەرەوە و بە تایبەتی وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی لە ئوورووپا و ئەمریکا پاش هەڵبژاردنی خاتەمی و لەویش زیاتر دوای ئەوەی کابینەکەی لە مەجلیسدا دەنگی متمانەی وەرگرت، بە شێوەیەکی زۆر خۆشبینانە ڕوانیانە مەسەلەکە و لە هەموو لاوە پەیامیان پێ دا و چرای سەوزیان نیشان دا و ئامادەییان بۆ هاوکاریی کردن لەگەڵ ناوبراو دەربڕی. کەچی زوو بۆ خەڵکی ئێران و دواتریش کەم و زۆر بۆ دنیای دەرەوە دەرکەوت هەڵبژیرانی خاتەمی شتێکی بنەڕەتیی لە نێوەرۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕیوە. ئەمەش لە بەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم ئەوە کە ئاغای خاتەمی بۆ خۆی بەشێک لە ڕێژیمە و لە پەیڕەوانی فەلسەفەی ئەم ڕێژیمەیە، قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی و تێکڕای بناخە فیکرییەکانی ئەم ڕێژیمەی قبووڵە، لە چوارچێوی قانوونەکانی ئەم نیزامەدا خۆی کاندیدا کردووە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا هەڵ بژێراوە. کەوایە لە جێدا باوەڕی ئەو پیاوە بە ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ ئەو باوەڕە نییە کە خەڵکی دیکە کە دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامیدا بەو ئەسڵە پیرۆز و جیهانپەسەندانەیان هەیە. بەو پێیە هەر لە خۆی چاوەڕوان ناکرێ کە هەوڵ بدا بەڵێنەکانی بەو جۆرە کە دەنگدەران تێیان گەیشتوون بەجێ بگەیەنێ.

دووهەم و گرینگتر لەوەش ئەوەیە کە لە کۆماری ئیسلامیدا لە ژوورسەری سەرکۆمارەوە، زۆر دەسەڵاتی دیکە هەن کە دەتوانن هەر بڕیارێکی سەرکۆمار ئەگەر بە پەسندیان نەزانی، هەڵوەشێننەوە. لەوانە مەجلیسی شورای ئیسلامی، شورای نیگەهبانی قانوونی ئەساسی و شەخسی ڕێبەر، یان «ولی فقیە». دەشزانین کە هەمووی ئەو پۆستانەی بە دەستی موخالیفانی خەتی خاتەمی و موخالیفانی ئەو ئەسڵانەوەن کە لە سەرەوە باس کران و هەر ئەوانەن کە لە ١٨ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتیان لە دەستدا بوو. لەم دواییانەش دا ئۆرگانێکی تازە بە سەلاحییەتێکی بەرەوژوورتر لە سەلاحییەتی سەرکۆمارەوە دروست بوو کە بریتییە لە «مجمع تشخیص مصلحت نظام». ڕاستە ئەو ناوە پێشتریش هەبوو، بەڵام نە ئەو سەلاحییەتانەی هەبوون کە ئێستا پێی دراون و نە مۆرەیەکی بە دەسەڵاتی وەک ڕەفسەنجانییش سەرۆکایەتیی دەکرد. لە ڕۆژی تەحویلدانی پۆستی سەرکۆماریدا ڕەفسەنجانی لە قسەکانیدا گوتی «گۆڕانی مەسئوولییەت بە مانای گۆڕانی دەسەڵات نییە». ئەم قسەیە ڕواڵەتەکەی ئەوە بوو کە لە کۆماری ئیسلامیدا مەسئوولییەت هەیە نە دەسەڵات. بەڵام دیوی ڕاستەقینەی قسەکە ئەوە بوو کە ئەگەرچی مەسئوولییەتی سەرکۆمارییش دراوە بە ئاغای خاتەمی، دەسەڵاتە واقعییەکە هەر لە لای خۆم و لە جێی خۆیەتی. بەو پێیە دەردەکەوێ چاوەڕوانیی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لە دەورانی محەممەد خاتەمیدا چاوەڕوانییەکی واقیعبینانە نییە.

## ڕێژیم و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی

مەوقعییەتی ئێستای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەنێو کۆمەڵگەی جیهانیدا ڕەنگدانەوەیەکی باشی کردەوەکانی ئەو ڕێژیمەی پێوە دیارە. کۆماری ئیسلامی لە ڕادەی نێونەتەوەییدا بەهەق وەک ڕێژیمکی دژی دێموکراتی، دژی ئینسانی، دژی ئازادی و تیرۆریستپەروەر و قانوونشکێن ناسراوە. بە تایبەتی دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس لە بەهاری ئەم ساڵدا ئەم ڕێژیمە لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهانی بێزراوە و کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیادا نەفرەتی لێ دەکەن.

کۆماری ئیسلامی پاش نزیک بە نۆزدە ساڵ حکوومەتی زەبروزەنگ بەسەر گەلانی ئێراندا و دوای نوزدە ساڵ یاغیگەری بەرامبەر بە قانوون و ڕێوشوێنە پەسندکراوەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دوژمنایەتی لەگەڵ ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ، ئێستا لە دنیادا تەپڵی ڕیسوایی بۆ لێ دراوە. کاری گەیشتۆتە جێگایک کە دەوڵەتە قازانجپەرستەکانیش لە ترسی تووڕەیی بیروڕای گشتی وڵاتەکانیان ناوێرن بە ئاشکرا باس لە پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بکەن و هەوڵ دەدەن چەندی بۆیان بکرێ چۆنیەتیی هاوکارییەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی لە چاوی خەڵک بشارنەوە.

بۆ بەڵگەی بێئیعتباریی ڕێژیم ئەوەندە بەسە کە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا ساڵ نەبوو ئەم ڕێژیمە لە دنیادا وەک ڕێژیمکی پێشێلکەری مافی مرۆڤ نەناسێندرێ و لە لایەن کۆروکۆمەڵەکانی دیفاع لە ئازادی و مافی مرۆڤەوە مەحکووم نەکرێ. لە ماوەی ئەو نۆزدە ساڵەدا کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چل جار بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ ئازادی و مافی مرۆڤ لە لایەن کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکانەوە مەحکووم کراوە.

## ٤- کوردستانی ئێران

کوردستانی ئێران بەشێک لە ئێرانە و بەو پێیە هەرچی لە بارەی وڵاتەوە گوترا، کوردستانیش دەگرێتەوە. بە چەشنێکی گشتی هەر ئالوگۆڕێکی باش یان خراپ بەسەر وەزعی ئینسانی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا بێ، کەم و زۆر لە کوردستانیش هەروەک ناوچەکانی دیکە ڕەنگ دەداتەوە و شوێنەوار لە سەر ژیانی خەڵک دادەنێ. بەو حاڵەش کوردستان هێندێ سروشتی تایبەت بە خۆی هەن و سیاسەتی گشتیی حکوومەتەکانیش ئەو کاتەی دەگاتە کوردستان هێندێ تایبەتمەندی وەردەگرێ. بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە وەزعی کوردستان، ئەگەرچی سیمای گشتی وەزعی ئێرانی پێوە دیارە، هێندێ دیاردەی تایبەتییشی پێوە دەبینین. بۆ نموونە:

### ستەمی نەتەوایەتی

هەروەک زۆر جار لە ئەدەبییاتی حیزبدا گوتراوە، ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بارەکانی

سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌دا لە کوردستان بەرچاو دەکەوی. خەڵکی کوردستان وەک نەتەوەیەک نە خۆیان و نە ئەو سەرزەوییەی تێدا نیشتەجێن، بەو ناوە کە هەیانە بە ڕەسمی ناناسرێن. خەڵکی ئەو ناوچەیە لەگەڵ ئەوەی لە هەموو بارێکەوە لێوەشاوەیی ئەوەیان هەیە کاروباری ناوچەی خۆیان بۆ خۆیان هەڵسووڕێنن، هیچ شوێنەوارێکیان لە دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیان بۆ خۆیان و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان‌دا نییە. هەموو کاربەدەستانی ناوچە بە کورد و غەیرە کوردەوە لە مەرکەزەوە و بە ئەمری مەرکەز دیاری دەکرێن و کاربەدەستە پایەبەرزەکانیش وەک ئوستاندار و فەرماندار و... لە خەڵکی لاوەیی دادەنرێن. هەروا بزانە گەلی کورد ئەستێور و وەجاخ کوێرە و کەسی وای لێ هەڵنەکەوتووە بتوانێ ئەو جۆرە پۆستانە بەڕێوە بەرێ.

وەک دەزانین لە دەورەی دووهەمی سەرکۆماریی هاشمیی ڕەفسەنجانی‌دا کابرایەکی خەڵکی قوروەیان کردە ئوستانداری ئوستانی کوردستان. لەگەڵ ئەوەی ناوبراو ئازەرییەکی کوردیزان بوو، چاوڕاوێکی زۆریان لە دەوروبەری وەڕێ خست کە گۆیا ویستی خەڵک لەبەر چاو گیراوە و کوردێک بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان دیاری کراوە. بەو هۆیەوە هەوڵیان دەدا واش نیشان بدەن کە کوردستان هەر ئوستانی کوردستانە و ئوستانە کوردنشینەکانی دیکە کە ناوی کوردستانیان لەسەر نییە، بەشێک لە خاکی کورد نین. ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە ئەوە گرینگ نیە کە ئەو کارمەندەی لە کورستان خزمەت دەکا، سەر بە کام یەک لە نەتەوەکانی ئێرانە. گرینگ ئەوەیە ئەو کەسە بە ویستی خەڵکی کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی قازانجی ناوچەکە دیاری کرابێ و لە مەرکەزەوە بڕیاری بۆ نەدرابێ. ئەگینا نە هیچ کەسێکی دڵسۆزی کورد حازر دەبێ چاو لە پسپۆری و کارزانیی هاونیشتمانیانی غەیرە کوردی خۆی بپۆشی و نە هیچ کەسی تێگەیشتووش بەوە ڕازی دەبێ کەسێکی بێ‌توانا و کارلێ‌نەهاتوو هەر لەبەر ئەوەی بە کوردی قسە دەکا، چارەنووسی یەکێک لە بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستانی تەنانەت لە ناوچەیەکی چووکیش‌دا بدرێتە دەست.

ئەگەرچی کاربەدەستانی ئێران لە مێژساڵە پەردەی بێدەنگییان بەسەر ڕووداوەکانی کوردستان داداوە و بە کەمی نەبێ باسی ئەو بەرگرییە قارەمانانەیە ناکەن کە ماوەی زیاتر لە ١٨ ساڵە ڕۆڵەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەرامبەر بە سیاسەتی سەرکوتکەرانە و شەڕی کۆنەپەرستانەی ڕێژیم بە دژی گەلی کورد لە خۆیانی نیشان دەدەن. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هاتنە سەرکاریەوە تا ئێستا بە بیانووی نەبوونی ئەمنیەت لە بەڕێوەبردنی هەر پرۆژەیەکی گرینگی ئابووری لە کوردستان‌دا خۆی پاراستوە. جیاوازی‌دانان لەو بوارەدا گەیشتۆتە ڕادەیەک کە بە سەرمایەدارانی کوردیش ڕێگا نادرێ پرۆژەی گەورە گەورەی ئابووری بە دەستمایەی خۆیان لە کوردستان‌دا وەڕێ بخەن. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا کە هەموو حکوومەتەکانی تاران هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا ئێستا لە دژی گەلی کورد گرتوویانەتە پێش، لەگەڵ ئەو هەموو ئیمکاناتە سروشتییە کە کوردستان هەیەتی، هیچ پرۆژەیەکی بنچینەیی ئابووری و هیچ کارخانەیەکی گەورەی سەنعەتی لەو ناوچەیەدا دانەمەزراوە.

باسی زوڵم و زۆریی کاربەدەستانی ناوچە دەرهەقی ڕۆڵەکانی کوردیش لە گیرانەوە نایە، تەنیا سەرنجێک لە ئیعتیرافاتی ئەو بەکرێگیراونە کە کاری تێرۆر دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێرانیان پێ سپێردراوە و کەوتوونە دەستی عەداڵەت و ماوەیەکە قسەکانیان لە

ڕادیوی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو دەبێتەوە، بەسە بۆ ئەوەی تێ بگەین ئەو ڕێژیمی کە بە ناوی دین حکوومەت بەسەر خەڵکی ئێرانەوە دەکا، چۆن لەگەڵ خەڵکی موسڵمانی کوردستان دەجووڵێتەوە. چەند بەشێکی هەرچەند زۆر کەم لەو ئیعترافاتەش لە ڕۆژنامەی «کوردستان»، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا بڵاو بوونەوە کە ئەوانەی دەنگی ڕادیۆ نابیسن بە دەستیان گەیشتووە و خوێندوویانەتەوە. لەوە گەڕێ کە هەر بەپێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی کوردستان کە زۆربەیان سوننین لە زۆر مافی هاونیشتمانەتی بێبەشن، ئەو قانوونەش کە بۆ هەموو خەڵکی ئێران وەک یەکن، لە کوردستان مانایەکیان نییە و کاربەدەستانی ناوچە جڵەویان بۆ شل کراوە تا بە کەیفی خۆیان یاری بە چارەنووسی خەڵک بکەن.

**تەسلیم نەبوون**

دەڵێن لە هەر جێیەک زوڵم و زۆر هەیە، بەرەنگارییش هەیە. ئەمە لە کوردستانی ئێران بە جوانترین شێوە خۆی نواندووە، ڕێژیمی کۆنەپەرستان هەموو ئەو زەبروزەنگەی بۆ ئەوە لە کوردستاندا وەڕێ خستوە کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد چاوترسێن بکا و دەستیان پێ لە داخوازە ڕەواکانیان هەڵبگرێ. کەچی بەخۆشییەوە لەو بوارەدا کەمترین ڕادەی سەرکەوتنی بە دەست هێناوە و بە هیچ جۆر نەیتوانیوە هەستی ئازادیخوازی لە دڵی خەڵکی کوردستاندا بمرێنێ. لە ماوەی نیزیک بە ١٩ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامیدا، خەڵکی کوردستان دەیان و هەزار شەهیدیان داوە کە زیاتر لە چوار هەزار کەسیان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. بەڵام بە شانازییەوە دەبینین کە ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان لە دەستی ڕۆڵەکانی دێموکراتدا هەروا بە شەکاویی ماوەتەوە و زیندان و تەبعید و ئەشکەنجە و ئیعدام و کوشتاری بەکۆمەڵ نەیانتوانیوە بڵێسەی ئاگری بزووتنەوە دامرکێننەوە.

کۆمەڵانی گەلی کورد لە شار و لادێی کوردستاندا زۆر جار بە دەستی بەتاڵ بەگژ بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا چوونەوە و پێیان نیشان داون کە تەسلیمی زەبروزەنگی کۆنەپەرستی نابن. دوا نموونەی زۆر بەرچاوی ئەو بەگژداچوونەوەیە ڕاپەڕینی پرشکۆ و بەربڵاوی خەڵکی قارەمانی کرماشان و شارستانەکانی دەوروروبەری لە دوای تێرۆری شەخسییەتی بە ناوبانگی مەزهەبی، خوالێخۆشبوو «مەلا محەممەد ڕەبیعی» بوو. کاربەدستانی ڕێژیم هەوڵێکی زۆریان دا تا ڕەنگی ناکۆکیی مەزهەبی لە نێوان موسەڵمانانی سوننی و شیعەی کرماشاندا بەو ڕاپەڕینە بدەن. بەڵام ڕاستییەکە شتێکی دیکە بوو. خەڵکی کرماشان کاتێک دیتیان ئەو ڕێبەرە ئایینییە تەنیا بە تاوانی ئەوەی باسی ئازادیی کردووە و لەسەر ماف و ئازادییەکانی خەڵک وەدەنگ هاتووە، بەو شێوە نامەردانەیە تێرۆر کراوە، یەکپارچە (بە شیعە و سوونییەوە) ڕژانە مەیدان و داخی دڵیان بە دوژمنانی ئازادی و ئینسانییەت ڕشت. ئەگەرچی ڕێژیم پاش سێ ڕۆژ کوشت و بڕ و گرتن و ڕاونان توانی ئە ڕاپەڕینە دامرکێنێ، بەڵام یادی ئەو بەگژداچوونەوەیە وەک نیشانەیەک لە خۆڕاگری و چاونەترسیی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ هەتا هەتایە لە لاپەڕەکانی مێژوو و لە دڵی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

لە سایەی بوونی بەربەرەکانییەکی قارەمانانە لە کوردستاندا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە سەپاندنی ڕێوشوێن و قانوونە دواکەوتووانەکانی خۆشیدا ناکام ماوەتەوە. خەڵکی کوردستان، ژنان و پیاوانی سەربەرزی کورد ئێستاش زۆر داب و شوێنی نەتەوەیی خۆیان بە ئازادی بەڕێوە دەبەن. بۆ خەڵکی کوردستان شانازییەکی گەورەیە کە ئێستاش پاش هەژدە- نۆزدە ساڵ، کۆماری ئیسلامی هیچ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە نێواندا پەیدا نەکردووە و ئێستاش بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد ناچارە بەکرێگیراوی غەیری کورد لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بێنێتە کوردستان.

**ئامادەیی شۆڕشگێڕانە**

حاشا لەوە ناکرێ کە بەپێی هەلومەرجی گشتیی وڵات و لەژێر تەئسیری هێندێ عاملی لاوەییدا، خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان بەرەو پێشچوون و پاشەکشە و هەڵکشان و داکشانی بە خۆیەوە دیوە و هێندێ جار بەرەنگارییەکە کەمتر هاتۆتە بەرچاو و بە تایبەتی لە یەک دوو ساڵی دواییدا خەباتی چەکدارانەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەدژی بەکرێگیراوانی ڕێژیم مەیدانی لێ بەرتەسک بۆتەوە. بەڵام ئەوە شتێکە کە لە ڕەوتی خەباتی هەقخوازنەی هەر گەلێکی ئازادیخوازدا دێتە پێش و هیچ وەخت بە نیشانەی پاشەکشەی یەکجارەکیی بزووتنەوە دانانرێ.

ئەوەی لەو ماوەیەدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە ئامادەیی یان بڵێین پوتانسیەلی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. مەسەلێک هەیە دەڵێ: «زەبرێک پشتت نەشکێنێ، بەهێزترت دەکا». ڕۆڵەکانی گەلی کورد کە بەرامبەر بە زەبروزەنگ و سەرکوتی ڕێژیم بەچۆکدا نەهاتوون، لە خەباتی خۆیان لە سەرکەوتن و پاشەکشەیان دەرسیان وەرگرتووە و ئەزموونیان وەسەریەک ناوە. ئەوانەی ئەمڕۆ لە کارگە، لە مووچە و مەزرا و لە بازار و لە بوارە جۆرواجۆرەکانی ژیانی ئابووریدا خەریکی کار و تێکۆشانن و ئەوانە کە ئێستا لە قوتابخانە و زانستگەکاندا دەرس دەخوێنن و ئەوانەی لە دامودەزگا ئیدارییەدا کار دەکەن، بۆ هەلومەرجی موناسیب هەموویان پێشمەرگەی بەجەرگ و سەربازی گیانبازی ڕێگای ڕزگارین. هیچ زیادمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین خەڵکی کوردستان لە خەڵکی هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران ڕێکخراوترن، ئامادەترن و ئەگەر هەلومەرجیان بۆ بڕەخسێ باشتر دەتوانن بەرەی خۆیان لە ئاو دەربێنن و ئەرکی خۆیان لە پێناوی ڕزگار کردنی وڵاتەکەیان لە چنگی کۆنەپەرستان بەجێ بگەیەنن.

**٥- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە!**

بۆ ئەوەی واقیعبینانە چووبینە نێو ئەم بەشە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندییەوە، دەبێ زۆر بە ڕاشکاوی بڵێین لە نێوان دوو کۆنگرەی دەهەم و یازدەهەمدا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ئەگەر نەڵێین بە ناسکترین قۆناخی مێژووی پەنجاودوو ساڵەی تەمەنی خۆیدا تێپەڕیوە، لانیکەم یەکێک لە سەختترین قۆناخەکانی ئەم ڕابردووە دوور و درێژ و پڕ کارەساتەی بڕیوە. پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ لەو چەند ساڵەدا کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا توانیویەتی لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی ئێراندا دەسەڵاتی جەهەننەمیی خۆی بسەپێنێ و لە ئاکامی

ئەو ڕاستییەدا کوردستان لە بەربەرەکانی لەگەڵ زەبروزەونگی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا لە جاران زیاتر هەستی بە تەنیایی کردووە. لە مەیدانی بەرەنگاریی کوردستانیش‌دا بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵانی پێشتر، حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرتر بە تەنیا ماوەتەوە و بێجگە لە چەند حەرەکەتی بچووکی یەک دوو ڕێکخراوی دیکەی کوردستانی لەو سێ ساڵەدا جموجۆڵێکی چەکدارانە لە هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نەبینراوە. ئەمەش بمانەوێ و نەمانەوێ شوێنەواری لەسەر تێکڕای وەزعەکە داناوە و ئەگەر لە هەموو بوارەکانیش‌دا نەبێ، لانیکەم لە بواری خەباتی چەکدارانەدا تێکۆشانی حیزبەکەمانی بەرتەسکتر لە پێشوو کردۆتەوە.

لەوانەش ناخۆشتر، حیزبەکەمان لەباری پشتی جەبهەوە تووشی گیروگرفتی گەورە هاتووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرین لە شەڕی براکوژی لە نێوان هێزە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراق‌دا و بە پشتگوێ خستنی هەموو قانوون و ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان لە کوردستانی عێراق‌دا جەبهەی شەڕێکی یەکلایانەی بە دژی حیزبەکەمان کردۆتەوە و لەو ڕێگایەوە زۆر زیاتر لە مەیدانی واقیعیی بەربەرەکانیی ئێمە و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم، دەستی لە هێزەکانی حیزب وەشاندووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەم ڕێزی بۆ دەسەڵاتی ناوچەیی کوردستانی عێراق داناوە و نەیویستوە کوردستانی عێراق بکاتە مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ دوژمن و هەم لەبەر ئەوەی هەقی نەبووە ڕێگا و بانەکان کۆنترۆڵ بکا، هێندێ جار بۆی نەکراوە نەخشە و پیلانە تیرۆریستییەکان پووچەڵ بکاتەوە.

لەگەڵ هەمووی ئەمانە زۆر گیروگرفت و کەندوکۆسپی دیکەش کە هاتوونە سەر ڕێگا، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران هەروا لە مەیدان‌دا ماوەتەوە، هەروا ئاڵای خەباتی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانی بە شەکاوەیی ڕاگرتووە و هەروەش جێگای هیوا و متمانەی کۆمەڵانی گەلی کورد لە ئێرانە. لە سێ ساڵی ڕابردوودا نەک هەر پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی دێموکراتپەروەری کوردستان نەپساوە، بەڵکوو بە هۆی جۆراوجۆر کە لە تێکڕای باسەکانی لەوە دواوە دەردەکەوێ، ئەو پێوەندییە زیاتریش ڕیشەی داکوتاوە. تێکۆشانی تەبلیغاتی و تەشکیلاتیی حیزبی ئێمە وەستانی بە خۆیەوە نەدیوە و ئەگەر ساڵی ١٣٧٦ی لێ دەربکەرین، چالاکیی چەکدارانە بە دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش درێژەی هەبووە.

### هێندێ ڕووداوی گرینگ

لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی ١٠ و ١١دا هێندێ ڕووداوی گرینگ - خۆش یان ناخۆش- بۆ حیزبەکەمان هاتوونە پێش کە بەجێیە لێرەدا یادیان بکرێتەوە.

### هێرش بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی

یەکەم ڕووداو کە لە کاتی خۆی‌دا بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بوو بە سەردێری دەنگوباسی بەشێکی یەکجار زۆر لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەویزیۆنەکانی جیهان، هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی و چەند کەمپێکی پەنابەرانی کوردی ئێران لە نیزیک شاری کۆیە لە ئوستانی هەولێری کوردستانی عێراق بوو. ماوەیەک بوو حیزبەکەمان ئاگادار بوو کە ڕێژیمی ئیسلامی نەخشە بۆ هێرشێکی گەورە و وەشاندنی زەبرێکی قورس

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب دەکێشێ. بەڵام سروشتی ئەو هێرشە ڕوون نەبوو. پێش ئەوەی نەخشەی هێرشی بەربڵاوی ڕێژیم جێبەجێ بکرێ، چەند کردەوەیەکی تێرۆریستی بەدژی بنکە و پێگەکانی حیزب بەڕێوە چوون، لەوانە تەقاندنەوەی ماشێنێکی مین‌ڕێژکراو لە نیزیک یەکێک لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی. بەڵام بۆ دەفتەری سیاسی ڕوون بوو کە ئەمانە هیچیان ئەو هێرشە نین کە لەمێژە نەخشەی بۆ کێشراوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە زیاتر بیرمان لەوە دەکردەوە کە لە ڕێگای هێرشێکی بەربڵاوی هەوایی، یان مووشەکباران لە نێوخۆی ئێرانەوە ڕێژیم ئەو زەبرە بوەشێنێ و زۆر کەمتر بیرمان لەوە کردەوە کە لە قووڵایی خاکی عێراقدا هێرشی زەمینی بکرێتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب. کەچی ڕۆژی ٦ی گەلاوێژ (٢٧ ژووئیە) [١٣٧٥] خەبەرمان وەرگرت کە هێزێکی گەورەی چەکدارەکانی ڕێژیم پاش بەزاندنی سنوور و بڕینی ڕێگایەکی دووروودرێژ بە نێو خاکی کوردستانی عێراقدا بەرەو نوختە ستراتیژییەکانی دەورووبەری کۆیە (شوێنی جێگربوونی دەفتەری سیاسیی حیزب و چەند کەمپێکی پەنابەرانی کوردی ئێرانی) کەوتوونە ڕێ. دوا لێکدانەوەکان ژمارەی ئەو هێزانەیان بە نیزیکەی دووهەزار کەس قەبڵاند کە چەندین دەزگای تۆپی دوورهاوێژ و کاتیۆشا و سێ دەزگا مووشەکهاوێژی «حوسێن» و ژمارەیەک خۆمپارە و چەکی سووک و نیوە قورسی جۆراوجۆریان پێیە. هێزە پەلاماردەرەکان لە بیریان نەچووبوو چەندین قەوەزی ئاسنییش لەسەر ترێلی لەگەڵ خۆیان بێنن بۆ ئەوەی پاش عەمەلیاتەکەیان شێرەکوڕانی ئەسیری دێموکراتیان تێدا بەرنەوە ئێران.

بەو ئەزموونە کە لە شەڕی بەرگریی پێشمەرگەی دێموکراتمان هەبوو، دەمانزانی ئەگەر لە ڕێگای هاتنیان دا تەنیا ٥٠ پێشمەرگە پێش بەو هێزانە بگرن، دەتوانن تەفروتوونایان بکەن و بە هیچ جۆر ڕێگا نەدەن بگەنە ئەو شوێنانە کە گوللەی چەکەکانیانی لێوە بگاتە بنکەکانی حیزب. بەڵام لەبەر هێندێ هۆ کە دووپاتکردنەوەیان لێرەدا پێویست نییە و هاوڕێیانی حیزب لێی ئاگادارن، ئەو کارەمان بۆ نەکرا. بە ناچار بڕیار درا کە ئۆردووگاکان لە ژن و منداڵ بەتاڵ بکرێن و پێشمەرگەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا سەنگەر بگرن تا ئەوکاتە کە دوژمن دەیەوێ هێرشی زەمینی بکا و بنکە و بارەگاکان بگرێ جا ئەو دەم بێ دەست پاراستن لێ بدەن و تاڵاوی مەرگ بە گەرووی پەلاماردەراندا بکەن.

بەدوای دەرکردنی ئەو بڕیارەدا، شەوی ٦ لەسەر ٧ی گەلاوێژ ژن و منداڵ لە کەمپەکان دوور خرایەوە و هێزە پەلاماردەرەکانیش ئەو شەوە لە شوێنەکانی خۆیان سەقامگیر بوون. بەیانیی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ، ڕێکەوتی ٢٨ی ژووئیە هێرشی دژیگەلییەکان بە چەکی جۆراوجۆری دوورهاوێژ بۆ سەر بنکەکانی پێشمەرگە و ماڵەکانی پەنابەرانی بێدیفاع دەستی پێ کرد و لە ماوەی ١٢ ساعەت بۆردومانیدا ٣ تا ٤ هەزار مووشەک و گوللە تۆپ و خۆمپارە بەسەر ناوچەکەدا باری. ئاکامی ئەو هێرشە جگە لە هێندێ زیان کە بە بنکەکانی حیزبی گەیشت، وێرانبوون و نیوە وێرانبوونی ٢٢٨ خانووی جێگای دانیشتنی پەنابەرانی بێدیفاع بوو، بە خۆشییەوە ئەو هێرشە زیانی گیانی بەدواوە نەبوو.

لەو پێوەندییەدا چەند مەسەلە هەن کە ناکرێ بە شانازییەوە یادیان لێ نەکرێتەوە. یەکەمیان ئەوە بوو کە هێزە پەلاماردەرەکان کاتێک لەوە ئاگادار بوون کە سەرەڕای ئەو ئاگربارانە دڕندانەیش نەیانتوانیوە ورەی قارەمانەی سەنگەرگرتووانی دێموکرات تێک بشکێنن

و سەنگەرەکانیان پێ چۆڵ بکەن، نەیانوێرا خۆ لە هێرشی زەمینی بۆ گرتنی بنکەکانی حیزب بدەن و وەک پێشتر خۆیان بۆ دانابوو دیل و دەسکەوەت لەگەڵ خۆیان بەرنەوە. تەنانەت خەڵکی دەوروبەری کۆیەش لە مانەوەی ڕۆڵە بەجەرگەکانی حیزب و هەروەها لە مانیشیان سەرباری ئەو ئاگربارانە سەختە سەریان سووڕ مابوو.

دووهەم، ئەو خۆڕاگرییە بوو کە ژن و منداڵە پەنابەرەکان پاش پەناگرتن لە بەردەمی بنکەی کۆمیسارییای بەرزی کاروباری پەنابەرانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان لە هەولێر لە خۆیان نیشان دا، بە هەق ئەو مەسەلە کوردییە کە دەڵێ: «شێر ئەگەر لە بێشە هاتە دەرێ، چ نێر و چ مێ» لەو ڕووداوەدا زۆر بە جوانی دەرکەوت. چونکە بە تایبەتی لە چەند ڕۆژی سەرەتای پەناگرتنەکەدا ژن و منداڵەکان بۆ هەموو پێدواستییەکانی ژیان و تەنانەت بۆ ئاوی خواردنەوەش لە تەنگانەدا بوون و لە گەرمای نیزیک بە پەنجا دەرجەی هاوینی هەولێردا بێ سەرپەنا مابوونەوە. بەو حاڵە ورەیان بەرنەدا و داستانێکیان لە خۆڕاگری تۆمار کرد و بەو کارەیان سەرنجی بیروڕای گشتی جیهانی و کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆستەکانیان بۆ لای خۆیان و مەسەلەی میللەکەیان ڕاکێشا.

سێهەم، مەسەلە ئەو هاودەردی و هاودڵییە بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراق، حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە سینفی و کۆمەڵایەتییەکان، شەخسییەتە سیاسی و نیشتمانییەکان و پیاوانی ئایینی و بە کورتی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە کوردستانی عێراقدا لەگەڵ حیزبەکەمان و پەنابەرە لێقەوماوەکان نیشانیان دا. لە ماوەی حەوتوویەکدا بە هەزاران پەیام و بەیاننامە و تەلگرافی ناڕەزایی دەربڕین لە کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەفتەری سیاسی و بنکەکانی دیکەی حیزب گەیشتن و بە هەزاران کەسیش لە نیزیکەوە سەریان داین و هاودەردییان لەگەڵ کردین.

خۆ باسی سۆز و هاودەردی و پەرۆشیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانیش لە گێڕانەوە نایە. ئەوان کە جگەرگۆشەکانیان کەوتبوونە بەر پەلامارێکی دڕندانەوە و مەترسیی مەرگ هەڕەشەی لێ دەکردن، بیروهەست و دڵیان هەر لە لای ڕۆڵەکانیان بوو و لە هەموو ڕێگایەک بۆ وەرگرتنی خەبەرێک لە ئاکامەکانی ئەو هێرشە کەڵکیان وەردەگرت. لە یەکەم ڕۆژی هێرشەکەدا دەکرێ بڵێین بە سەدان تەلەفون بۆ ئورووپا کرا تا لەو ڕێگایەوە لە هەواڵی ئاکامەکانی پەلاماری کۆنەپەرستی ئاگادار بن و تەنانەت لەگەڵ هەموو سانسۆڕێکی ڕێژیم، هێندێ کەس لە ڕێگای ماهوارەوە تەلەفونیان بۆ بنکەی حیزب لە هەولێر کرد. نیگەرانیی خەڵکی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتیی حیزبی ناچار کرد کە بەزوویی لە بەیاننامەیەکدا ڕابگەیەنێ کە پێشتر ژن و منداڵ ڕاگوێزراوە و حیزبی دێموکرات لەو هێرشەدا زیانی گیانیی پێ نەگەیشتووە. ئەمە تا ڕادەیەک بە قازانجی ڕێژیم تەواو بوو. چونکە لە تووڕەیی بیروڕای گشتیی جیهان لەو پەلامارە وەحشییانەیەی کەم کردەوە.

ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانیش لەو نێوەدا هەڵوێستی خۆیان نیشان دا وجگە لە هاودەردی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاونیشتمانە پەنابەرەکانیان و مەحکوومکردنی لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامی یارمەتییان دا کە دنیای دەرەوەش زیاتر لە تاوانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێبگەیەنن و پشتیوانیی وان بۆ لای خەباتی گەلی کورد و تێگرای خەباتی خەڵکی ئێران ڕابکێشن. هەر بۆیە لێرەدا جارێکی دیکە سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانە

دەکەین کە لەو ڕووداوەدا پشتی حیزبەکەمانیان گرت.

ئەگەر هەمووی ئەمانە سروشتی بوون، شتی تازە بەدەنگەوە هاتنی ڕاگەیەنە گشتییەکان لە ڕادەی جیهانیدا و هەروەها کۆڕوکۆمەڵە خێرخواز و بەشەردۆستەکانی دەرەوە بوو. کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو توانایەوە تێکۆشابوو پەردەی بێدەنگی بەسەر تاوانەکانی دەرهەق بە خەڵکی کوردستاندا بدا، بەو کارە ئاژاوەگێڕانەیەی بە دەستی خۆی ڕێگای بۆ ئاگادار بوونەوەی دنیای دەرەوە لە جینایەتە دژی ئینسانیەکانی خۆش کرد. ئەوە بوو کە دیتمان نوێنەرانی زۆر لە ڕێکخراوە ئینسانییەکان و هەواڵدەرییەکانی دەرەوە لە نیزیکەوە سەریان لە شوێنی دەستدرێژییەکە و لە ژن و منداڵە هێلانە تێکدراو و ئاوارەکراوەکە دا و فیلم و ڕیپۆرتاژیان لێ ئامادە کردن و لە ڕادەی جیهانییشدا ڕووداوەکە بە چەشنێک کەم وێنە دەنگی دایەوە.

چوارەم شت ئەوە بوو کە ڕێژیم لە وەدەرنانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی عێراق و لە دروستکردنی شەڕێکی براکوژی لە نێوان حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستاندا کە دوو ئامانجی هەرە بنەڕەتی لە وەڕێخستنی ئەو لەشکرکێشییە بوون، ناکام مایەوە. چونکە ڕێبەرایەتیی حیزب بە گرتنە پێشی هەڵوێستێکی دوربینانە و بە هەستی مەسئوولییەت بەرامبەر بە چارەنووسی خەڵکی کوردستان پێشی تەشەنەکردنی ناخۆشی لەنێوان حیزب و یەکیەتی نیشتمانییدا گرت و هەر بەم کارەش مانەوەی بنکەکانی حیزب لە جێگای خۆیانی دەستەبەر کرد.

بەم جۆرە لەشکرکێشییەک کە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی لە مەیدان دەرکردنی یەکجاریی حیزبی دێموکرات کردبووی، ڕاست بەپێچەوانە شکایەوە، دەسکەوتێکی سیاسیی گەورەی بۆ حیزبەکەمان لەگەڵ خۆی هێنا و پەلاماردەران جگە لە ڕیسوایی و نەفرەتی کۆمەڵانی گەلی کورد و بیروڕای گشتیی جیهانی، شتێکیان لەگەڵ خۆیان نەبردەوە.

**ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست**

ڕووداوێکی گرینگی دیکە کە هەمووی مانگ و نیوێک دوای لەشکرکێشییەکەی ڕێژیم لە مێژووی پڕ لە شانازیی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەماندا هاتە پێش، وەرگیرانی حیزب بە ئەندام لە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بوو.

**هاوڕێیان!**

دەزانن کە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٨٠ی زایینییەوە حیزبەکەمان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە جیهانییە پەیوەندیی دامەزراندووە. یەکەم جار ڕێبەری مێژوویی حیزب، دوکتور عەبدولڕحمان قاسملوو ساڵی ١٩٨٥ وەک میوان لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست لە لیما پێتەختی پیرۆ بەشدار بوو. لەو ساڵە بەدواوە حیزبی ئێمە بۆ هەموو کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ئەنتەرناسیۆنال بانگهێشتن کراوە و لە زۆربەشیاندا حیزب بە دەستەی نوێنەرایەتیی پایەبەرز بەشدار بووە. جگە لەوە، هەر لە سەردەمی ژیانی دوو ڕێبەری شەهیدمان؛ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیدا حیزبەکەمان لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ببێتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە موعتەبەرە جیهانییە.

بە خۆشییەوە سەرەنجام هەوڵ و تەقەلای حیزبەکەمان بە هاوکاری و پشتیوانیی هێندێ حیزبی بە نفووزی نێو ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست بەئاکام گەیشت و پاش کۆبوونەوی مەشوەرەتیی ئەنتەرناسیونال لە کیپتاونی ئەفریقای جنووبی، پێمان ڕاگەیەندرا کە لە کۆنگرەی بیستەمدا مەسەلەی ئەندامەتیی حیزب دێتە گۆڕێ و هیوا بە قبووڵکردنیشی زۆرە. ئەوە بوو کە دەستەیەکی نوێنەرایەتیی حیزب پێکهاتوو لە سکرتێری گشتیی حیزب، نوێنەری حیزب لە فەڕانسە و نوێنەری ئەوکاتی حیزب لە ئەمریکا بۆ بەشداری لەو کۆنگرەیەدا دیاری کرا. کۆنگرەی بیستەمی ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست کە ڕۆژانی ۹ تا ۱۱ی سیپتامبری ۱۹۹٦ لە سالۆنی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک بەسترا، لە سێهەمین ڕۆژی کاری خۆیدا بە تێکرای دەنگ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چەند حیزب و ڕێکخراوەی دیکەی بۆ وێنە؛ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی فەلەستین بە سەرۆکایەتیی یاسر عەرەفات و حیزبی جاناتا دالی هێندوستان، بە ئەندامی چاودێری ئەنتەرناسیونال وەرگرت.

وەرگیرانی حیزب بە ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵی سوسیالیست دەسکەوتێکی گرنگی سیاسی بۆ حیزبەکەمانە. لەوە گەڕێ کە ئەندامەتیی ئەنتەرناسیۆناڵ دەرگایەکی گەورە بە ڕووی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر پێنج قارەی جیهاندا بۆ حیزبەکەمان دەکاتەوە، هەر وەرگیرانەکە خۆی نیشانەی ئیعتبار و ناوبانگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. چونکە ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست بۆ خۆی دیفاع لە بایەخەکانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکا و تەنیا حیزبێک یان ڕێکخراوێکیش لە ڕیزەکانی خۆیدا وەردەگرێ کە بە دیفاع لەو بایەخە ئینسانییانە ناسرابێ. کەوایە وەرگیرانی حیزبەکەمان بە ئەندامی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست هەر لەو کاتەدا ناسینی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی دێموکرات و ئازادیخواز و ئاشتیخواز و پارێزەری مافی مرۆڤ و لایەنگری دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە.

ئەگەر ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو بێ کە زۆر حیزب و ڕێکخراوی سیاسی هەن ئارەزوویانە وەک میوان و تەنانەت وەک چاولێکەر(ویزیتۆر) لە کۆبوونەوەکانی ئەنتەرناسیۆناڵدا بەشدار بکرێن، ئەودەم تێدەگەین کە وەرگیران بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە چ بایەخێکی گەورەی سیاسیی هەیە. جێگای سەرنجە کە تا ئێستا ئێمە یەکەم حیزبی ئێرانی و یەکەم حیزبی کوردستانین کە بووینە ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست و لەگەڵ ئەوەی بە دڵەوە پێمان خۆشە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ئێرانی و کوردستانیش لە ئەنتەرناسیۆناڵ سوسیالیستدا لە تەنیشت خۆمان ببینین، نابێ ئەم واقعییەتە بە دەسکەوتێکی بچووک بزانین.

کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدایە کە پێویستە حیزبی ئێمە لەمەودواش بۆ پتەوتر کردنی شوێنی خۆی لە ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا تێبکۆشێ و لە ئێستاوە هەوڵ بدا زەمینە بۆ وەدیهێنانی پلەی ئەندامی تەواو هەق لەو ڕێکخراوەدا خۆش بکا، ئێمە بە سەرنجدان بە پێوەندییەکی دۆستانە کە لەگەڵ زۆر لە حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکان هەمانە و بەو ناسیارییە کە ئەوان لەسەر سیاسەت و کردەوەکانی حیزبی دێموکراتیان هەیە، زەمینە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پلەیە لە ئەندامەتیی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بە ئامادە دەزانین و ئەوی دیکە بەستراوەتەوە بە ڕادەی هەوڵ و تەقەلای هاوڕێیانی خۆمان لەو پێوەندییەدا.

هەروەک گوترا وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵی

سۆسیالیست بە هاوکاری و پشتیوانیی هێندێ حیزبی بەنفووزی نێو ئەنتەرناسیۆناڵ گەیشتە ئەنجام کە لەمێژە حیزبەکەمان پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵیان هەیە. لێرەدا بەجێیە سوپاس و ئەمەگناسیی خۆمانیان پێشکەش بکەین و هەر لەوە کاتەدا ئارەزوو بخوازین کە لەمەودواش هەر پشت و پشتیوانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوی ڕزگاریخوازنەی گەلی کورد و بزووتنەوی سەرانسەریی گەلانی ئێران بۆ ڕزگاری لە دیکتاتۆری و دواکەوتوویی بن.

## تاوانێکی پڕشوورەیی

ڕووداوێکی دیکەی ئەو ماوەیە کە بۆ حیزبی دێموکرات جێگای داخێکی گران و بۆ کەسانێک کە خولقاندیان مایەی شەرم و شوورەیی بوو، تەحویلدرانەوەی حەوت تێکۆشەری حیزب بە ڕێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی بوو. ڕۆژی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥ (٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦) حەوت تێکۆشەری حیزبەکەمان بە ناوەکانی «ئەڕشەد ڕەزایی»، «محەمەدعەزیز قادری»، داریووش ئیسلام دوست»، «یونس محەممەدپوور»، «عەدنان ئیسماعیلی»، «مزەفەر کازمی» و «مەعرووف سۆهرابی» لە ناوچەی هەڵەبجەڕا دەیانەویست بگەڕێنەوە شوێنی دانیشتنیان لە نیزیک سلێمانی کە لە نیزیک شاری هەڵەبجە کەوتنە کەمینی ژمارەیەک چەکداری بزووتنەوی ئیسلامیی کوردستانی عێراق و بێسەروشوێن کران. هەوڵ و تەقەلای دەفتەری سیاسی بۆ وەرگرتنەوەیان بێئاکام مایەوە تا ئەوەی چەند ڕۆژ دواتر دەرکەوت ئەو هاوڕێیانە لە لایەن ئەفرادی بزووتنەوی ئیسلامییەوە بۆ خۆشخزمەتی بە کۆنەپەرستی دراونەوە بە کۆماری ئیسلامی و لە زیندانی شاری پاوە کەوتوونە ژێر ئەشکنجە و ئازاری وەحشیانە.

لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی حیزبی ئێمە، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی تا ئێستا کە زیاتر لە ساڵێک بەسەر ئەو تاوانە پڕشوورەییەدا ڕادەبرێ، حازر نەبووە نە تاوانباران تەسلیمی عەدالەت بکا و نە بۆ خۆی لەو بارەیەوە لانیکەم داوای لێبووردنێک لە کۆمەڵانی گەلی کورد و بنەماڵەی ئەو تێکۆشەرە بەبەندکێشراوانە بکا. وا دیارە ئەو سەرکرایەتییە پێی وایە بە تێپەڕینی ڕۆژگار حیزبی دێموکرات و خەباتی کوردستانی ئێران ئەو تاوانەیان لەبیر دەچێ و چاو لە خەیانەتێکی وا ئاشکرا دەپۆشن. بەڵام زۆر بەهەڵە چووە. چونکە نە حیزبی دێموکرات و نە هیچ دڵسۆزێکی کورد هەرگیز لەو جۆرە تاوانانە خۆش نابێ. حیزبی دێموکرات لە سەرەتادا ئەو جینایەتەی بە کاری تەکرەوانەی فەرماندەری نیزامی لە قەڵەم دا و مەسئوولییەتی ڕاستەوخۆی نەخستە سەر بزووتنەوەی ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا، بەڵام سەرکردایەتیی بزووتنەوە بە گوێخەواندن لە لێپرسینەوە و بەسزا گەیاندنی تاوانبارەکە دەری خست کە ئەو کردەوە پڕشوورەییە بە ڕەزامەندیی ڕێکخراوەکە بەڕێوە چووە و چەکدارەکانی بزووتنەوە تەنیا ئامرازی جێبەجێکردنی بڕیار بوون.

## یەککەوتنەوەی ڕیزەکان

یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی نێوان دوو کۆنگرەی حیزب و هەر لەو کاتەدا یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکان یەککەوتنەوی ڕیزەکانی حیزب، یان وەک ئەوەی لە کاتی خۆی

ناوی لێ نرا، «وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» بوو. کۆنگرەی دەهەم لە بڕیارێکی مەسئوولانەدا داوای لە کۆمیتەی ناوەندی کردبوو کە دەرگای وتوویێژ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە کە بە دوای کۆنگرەی هەشتەمدا ڕیزەکانی خۆیان جیا کردبۆوە و بە ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر» تێدەکۆشان بکاتەوە و هەوڵ بدا گیروگرفتی دوو دەستەیی و دووبەرەکی بە قازانجی حیزب و بزووتنەوە چارەسەر بکرێ. ماوەیەکی کەم دوای کۆنگرە یەکەمین هەنگاوەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە هاوێژران و دیدار و وتوویێژ لە نێوان دەفتەری سیاسیی حیزب و ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانەدا دەست پێ کرا.

ئەگەر واقعبینانە بڕاونینە ڕەوتەکە و بە ڕاشکاوی لێیەوە بدوێین، دەبێ بڵێین چارەسەری ئەو گیروگرفتە کارێکی ئاسان نەبوو و بەئاکام گەیشتنی هەوڵ و تەقەلاکان کەندوکۆسپی زۆری لەڕێدا بوون، یان دەهاتنە سەر ڕێی. بۆیە بەڕاستی وتوویێژەکان لەو پێوەندییەدا وتوویێژێکی دژوار بوون. ئەوەندە هەبوو کە لە هەر دوو لاوە بڕیاری مەسئوولانە بۆ چارەسەری یەکجاریی مەسەلەکە هەبوو و هەمووان دایاننابوو کە ئەم وتوویژانە دەبێ سەرکەون، هەربۆیەش سەرئەنجام ویستی هاوبەشی هەموو لایەک کە لە ڕاستیدا «لبیک» گوتن بە داخوازیی لەمێژینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تەواوی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات بوو، سەرکەوت و هەوڵ و تەقەلاکان لە ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٥دا بە ئاکام گەیشتن. ڕۆژنامەی «کوردستان»، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کاتی خۆی لە وتارێکی جوانی ئەدەبی – سیاسیدا پانۆرامای جەژنی یەککەوتنەوی ڕیزەکانی حیزبی وێنە کێشابوو، بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانیش ئەگەر بۆیان ڕێ نەکەوتبێ لە جەژنەکەدا بەشدار بن، یان فیلمی ئەو جێژنەیان دیوە، یان هەر نەبێ وتارەکەی «کوردستان»یان خوێندۆتەوە. بۆیە بە پێویست نازانین لێرەدا باسێک لەو فەزا پڕ سۆز و مەلەکووتییە بکەین کە لە ڕۆژی ١٩ بەفرانبار باڵی بەسەر ڕێوڕەسمەکەدا کێشابوو. بە تایبەتی کە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیش لە کاتی خۆیدا بە درێژی لایانە جۆرواجۆرەکانی ئەو ڕووداوەی باس کردووە.

بڵاوبوونەوەی خەبەری یەککەوتنەوی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان، لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکان و لە لای هەموو دۆستانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد هەبوو. بەو بۆنەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە ئێرانی و کوردستانی و خاریجییەکانی دۆستانی حیزب نامە و پەیام و تەلگرافی پیرۆزباییان بۆ دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی نارد و زۆربەیان سەرکەوتنی ئەو هەنگاوە مێژووییەیان بەئاوات خواست. لە نامیلکەیەکدا کە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی لەژێر ناوی «یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات»دا بڵاوی کردەوە بەشێک لەو پیرۆزباییانە بڵاو کراونەوە. بەڵام بێجگە لەوانە بە هەزاران کەسیش بە سەردانی بنکەکانی حیزب و تەلەفون بۆ بنکەکانی نوێنەرایەتیی حیزب لە وڵاتانی جۆراجۆری دنیادا، خۆشحاڵیی خۆیان لەو کارە بەهادارە دەربڕی و پیرۆزباییان لە هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کرد.

شەپۆلی پێشوازیی دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوی کورد لە کوردستانی ئێران، لە هەنگاوی مێژوویی یەکخستنەوەی ڕێزەکانی حیزب ئێستاش

پاش تێپەڕینی ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا، هەروا لە هەڵچوون‌دایە، وردبوونەوەیەک لەو پەیامانەی بەبۆنەی کۆنگرەی یازدەهەمەوە بە حیزب گەیشتوون ئەو ڕاستییە بە جوانی دەردەخا. لە بەشێکی زۆری ئەو پەیامانەدا دۆستانی حیزب و دڵسۆزانی گەلی کورد ئاماژەیان بەو بڕیارە مەسئوولانەیە کردووە و سەرکەوتنی حیزبیان لە چەسپاندنی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییەدا بەئاوات خواستووە. لە یەک قسەدا دەبێ بڵێین لە سەردەمێکدا کە بزووتنەوەی کورد «بەداخەوە» لە ئاکامی شەڕی خۆبەخۆدا هەر ڕۆژە زەبرێکی تازە لە دەسکەوتەکانی دەدرێ، بڕیاری ئازایانە و ئاگایانەی تێکۆشەرانی حیزبەکەمان بۆ نەهێشتنی دوو دەستەیی و یەکخستنەوەی ڕیزەکان، سەری هەمووانی لە لای ئۆگرانی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ بەرز کردۆتەوە. ئەم ڕاستییانەی باس کران ئەرکی خەباتگێڕانی دێموکرات لە چەسپاندنی ئەم دەسکەوتە و هەوڵدان بۆ هەنگاوی گەورەتر لە پێناوی لێک نیزیکبوونەوەی ڕێزەکانی بزووتنەوەی کورد و تەواوەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێران‌دا قورستر دەکا. هیوادارین لەم بوارەش‌دا حیزبەکەمان بتوانی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و دڵسۆزانی گەلی کورد وەدی بێنێ.

### دادگای میکۆنووس

دوا ڕووداوی گرینگی ئەو ماوەیە لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا کە پێویستە باس بکرێ، دەرچوونی حوکمی یەکجاریی دادگای بێرلین لە بارەی تاوانبارانی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان و هاوڕێکانی لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ ی هەتاوی‌دایە. ڕۆژی پێنج شەممە ٢١ی خاکەلێوی ١٣٧٦ ڕێکەوتی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ دادگای بێرلین پاش سێ ساڵ و نیو کاری بەردەوام، دوای پێکهێنانی ٢٤٧ کۆبوونەوە و پاش گوێ‌گرتن بۆ قسەکانی ١٧٠ شاهید لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوی ڕیستوورانی میکونووس‌دا دواکۆبوونەوەی خۆی پێک هێنا و دوابڕیاری خۆی دەرکرد. بەپێی حوکمی دادگای بێرلین تیرۆریستێکی ئێرانی بە ناوی کازم دارابی بە زیندانی ئەبەدی بێ‌بەخشین و سێ هاودەستی لوبنانیی ناوبراو بە زیندانی لە ٥ تا ١١ ساڵ مەحکووم بوون و یەکێک لە گومانلێکراوەکانیش ئازاد بوو.

بەڵام ئەوی لە حوکمی دادگای بێرلین‌دا لە هەمووی گرینگتر بوو، شتێکی دیکە بوو. ئەم دادگایە بە بەڵگەهێنانەوە ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین پلەکان‌دا (وەک ڕێبەری مەزهەبی و سەرکۆمار) لە دەرکردنی فەرمانی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات‌دا بە تاوانبار زانی، بەم جۆرە پاش ١٨ ساڵ بەڕێوەبردنی کردەوی تیرۆریستی، ڕێژیمی ئێران دادگایەکی خاوەن سەلاحییەت‌دا بڕیارێکی واقیبع بینانە و ئازایانەی لەبارەوە دەرکرا و حوکمێکی شیاو و عادلانەوی بۆ دەرچوو.

بڕیاری دادگای میکوونوس هەروەک لێی چاوەڕوان دەکرا، لەگەڵ پێشوازی و خۆشحاڵیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران و هەموو کۆڕوکۆمەڵەکانی لایەنگری هەق و عەداڵەت و موخالیفی زوڵم و زۆر و ئینسان‌کوژی لە جیهان‌دا بەرەوڕوو بوو. ئەگەرچی بەتاوانبار ناسرانی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات‌دا سەرکەوتنێک بۆ هەموو خەڵکی ئێران و تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بوو،

بەڵام بەو هۆیەوە کە ڕووداوی میکۆنووس ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە حیزب و ئێمەوە هەبوو، پاش دەرچوونی حوکمی دادگا بە سەدان پەیامی پیرۆزبایی بۆ دەفتەری سیاسی و بنکەکانی نوێنەرایەتیی حیزب لە وڵاتانی جۆراجۆری دنیادا بەڕێ کران.

شایانی باسە کە پەروەندەی میکۆنووس ئێستاش بە تەواوی نەبەستراوە و کاری دادگای بێرلین لەبارەی هێندێ ئەڵقەی دیکەی کارەساتی میکۆنووس و چەند تاوانبارێک کە نەکەوتوونە دەستی عەداڵەت هەروا درێژەی هەیە. جگە لەوە، حوکمی دادگای میکۆنووس ئاماژەیەکی ڕوونی بۆ تێرۆری ڕێبەری هەڵکەوتووی حیزبەکەمان دوکتور عەبدولڕحمان قاسملوو لە وییەن تێدابوو و ئەمە ڕێگای کردەوە کە جارێکی دیکەش پەروەندی جینایەتی ساڵی ١٣٦٨ وییەن زیندوو بکرێتەوە. بەو ئاواتە کە دەوڵەتی ئۆتریشیش بە ڕێگەدان بە لێکۆڵینەوەیەکی جیددی لەو پەروەندەیە، پەڵەی شەرمی پەردەپۆشکردنی ئەو تاوانە بێشەرمانەیەی کۆماری ئیسلامی لە داوێنی خۆی بشواتەوە.

ئەگەر ئاکامی دادگای بێرلین ڕەزامەندیی هەموو لایەنگرانی هەق و عەداڵەتی لە جیهاندا بەدواوە بوو، سروشتی بوو کە ببێتە مایەی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی کاربەدەستانی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران. دەمڕاستەکانی ڕێژیم بە جارێک جڵەوی ئەقڵ و مەنتیقیان لە دەست دەرچوو و دەستیان کرد بە هەڕەشە و گوڕەشە و هێندێ کاری بەدوور لە عورفی دیپلۆماسی. لە ئاکامدا قەیرانێکی دیپلۆماسی لەنیوان ئێران و سەرجەم وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپادا دروست بوو. جێگای خۆشحاڵی بوو کە دەوڵەتی ئاڵمان هەروەک پێش دەرچوونی حوکمی دادگای بێرلین ڕێگای دا ئەو دادگایە بە سەربەستی کاری خۆی بکا، دوای دەرچوونی حوکمەکەش سەری بۆ فشاری ئێران نەوی نەکرد و لە پێناوی دۆستایەتیی کۆماری ئیسلامیدا وازی لە حورمەتی خاکی خۆی و سەربەخۆیی دەزگای قەزایی وڵاتەکەی نەهێنا. هەر لەو کاتەدا یەکیەتیی ئورووپاش بە نیشاندانی هاوپێوەندی لەگەڵ ئەڵمان، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی خستە مەوقعییەتێکی دوژوارەوە.

بە هەستی ئەمەگناسییەوە دەبێ بگوترێ کە هەم دەزگای قەزایی ئەڵمان لە پێوەندی لەگەڵ کارەساتی میکۆنووسدا ئەرکی خۆی بە ئەمانەت و ئازایەتی و لێوەشاوەییەوە بەجێ گەیاند و هەم زۆر حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتی ئێرانیی بۆ ڕوونبوونەوەی حەقیقەت لەو پێوەندییەدا زۆریان هەوڵ دا و یارمەتیی بەنرخیان پێشکەش کرد، لەو بارەیەوە بە تایبەتی شاهیدیدانی ئاغای بنی سەدر، یەکەم سەرکۆماری ئێران و ناساندنی دوو شاهیدی دیکە لە لایەن ناوبراوەوە شوێنەوارێکی گرینگی لەسەر ڕوونبوونەوەی مەسەلەکە دانا. لێرەوە لە تریبوونی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبەکەمانەوە بە پێویست دەزانم سوپاس و ئەمەگناسیی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ئێران بە دادستانی ئازا و ئینساندۆستی ئەڵمان و هاوکارەکانی و تەواوی ئەو دۆستانە کە کۆمەگیان بە ڕوونبوونەوەی حەقیقەتی کارەساتی بێرلین و مەحکوومبوونی کۆماری ئیسلامی کردوە ڕابگەیەنم و لە هەموانیان بۆ ئەو سەرکەوتنە قەزایی و سیاسییە کە وەدەستیان هێنا، پیرۆزبایی بکەم.

**درێژەی تێرۆر**

لە کاتێکدا خۆمان بۆ گرتنی کۆنگرەی ١١ ئامادە دەکرد، ڕۆژی ١٧ی سەرماوەز (٨ی

دیسامبر) پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب کە لە بنکەی تانجەڕۆوە بەرەو شاری کۆیە وەڕێ کەوتبوون، لە ڕێگادا لە دوو شوێن کەوتنە داوی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. یەکەم جار لە نێوان شارۆچکەی دوکان و گوندی خەلەکاندا تەقەیان لێ کرا و کادری لەمێژینە و بەوەجی حیزب کاک «مەنسوور فەتاحی» شەهید و سێ کەس دیکەش بریندار بوون. هاوڕێیانمان لە دەستکردنەوەیەکی قارەمانانەدا تیرۆریستەکانیان ڕاو نا و ڕێگای خۆیان بەرەو کۆیە درێژە پێ دا. بەڵام بەداخەوە لە خاڵی پشکنینی دەروازەی شاری کۆیە کەوتنە بەر دەسڕێژ و چوار هاوڕێمان کە لە ماشێنێکی برازیلیدا بوون و کەسی دیکەشیان لەگەڵ نەبوو، مەزلوومانە شەهید کران.

شەهیدەکان بریتی بوون لەم هاوڕێیان: ١- کاک سەید مەنسوور ناسری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسی بنکەی پێوەندییەکان لە سلێمانی٢- کاک ئەبووبەکر ئیسماعیل‌زادە، بەرپرسی کۆمیتە شارسستانی بانە، ٣- کاک ڕەفعەت حوسێنی، پێشمەرگەی شارستانی پاوە و ٤- کاک «یەدوڵڵا شیرین سۆخەن، پێشمەرگەی هێزی پارێزگاریی دەفتەری سیاسی.

ئەوە تەنیا هێرشی تێرۆریستی بۆ سەر تێکۆشەرانی حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا نەبوو. پێش ئەو وەختەش چەندین پەلاماری تیرۆریستی هاتە سەر گیانی ئەندامانی حیزبەکەمان کە لەوانە، دوویان زیانی زۆریان لێ کەوتەوە. یەکەمیان پەلاماری بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆ سەر ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب لە جێژنیکانی نیزیک هەولێر بوو کە خەریکی یاریی والیباڵ بوون. لەو پەلامارەدا چوار کەس لە هاوڕێیان شەهید بوون و هەشت کەسیش بریندار بوون. ئەم پەلامارە ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٧٤ بەرامبەر بە ١٧ی مارسی ١٩٩٦ بوو. دووەمیشیان لێدانی مینی‌بووسێک لە ڕێگای دوکان بۆ سلێمانی بوو کە ژمارەیەک پێشمەرگەی دەبردەوە بنکەی بازیان لە ناوچەی سلێمانی. لەو پەلامارەدا کە لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٧٦ (١٩ ئووتی ١٩٩٧) ڕووی دا، سێ کەس لە هاوڕێیانمان شەهید و دە کەسیشیان بریندار بوون.

لە سەر یەک لە ماوەی دوو کۆنگرەی دە و یازدەی حیزبدا ٨٨ کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە کوردستانی عێراق کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران و شەهید یان بریندار بوون. ئەگەر بمانەوێ ژمارەی تەواوی ئەو کەسانە کە لە ساڵی ١٩٩٠ ڕا هەتا ئێستا لە کوردستانی عێراق لە ڕێگای پەلاماری تیرۆریستییەوە شەهید بوون و ناوەکانیان لە دەستدا هەیە، باس بکەین، قوربانییەکانی دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، سەر لە ٢٥٤ شەهید و بریندار دەدەن، کە نیزیک بە ٧٠٪ یان ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەوانی دیکە سەر بە هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی، یان پەنابەری بێ‌لایەن بوون.

بەداخەوە ژمارەی قوربانییەکان لەوەش زیاترە و ئەو دیاردە دزێوە ئەگەر ڕوویەکی شاهیدی بۆ ڕادەی تاوانباری و ئینسانکوژیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدا، ڕوویەکی دیکەی ئەو ڕاستییە تاڵە دەردەخا کە بەداخەوە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراق دەستی ڕێژیمی جینایەتکاری ئێرانیان لە کوشتنی موخالیفانیدا ئاوەڵا کردۆتەوە.

## دروشمە سەرەکییەکان
## هاورێیانی خۆشەویست!

کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و سەڵاحییەتی هەیە لە بارەی دروشمەکان، ئامانجەکان، هەڵوێستەکان و سیاسەتەکانی حیزب و بە گشتی لەبارەی چارەنووسی حیزبەوە بڕیار بدا. چاوخشاندنەوە بە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بەشێک لە دەستووری کاری ئەم کۆنگرەیەمانە و هەر دەسکارییەکی لەواندا پێویست بێ، لەو بەشە لە بەرنامەی کاری کۆنگرەدا قسەی لێ دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ. بەڵام لەبەر گرینگی و بایەخێک کە دروشمی ستراتیژی و ئامانجی درێژخایەنی حیزب هەیانە، بە پێویستمان زانی ئەو دوو مەسەلەیە لێرەدا بگونجێنین تا جارێکی دیکە باسیان لە سەر بکرێ و بڕیاریان لەسەر بدرێ.

بە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی عێراقدا زۆر کەس لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و تەنانەت هێندێک لە ئەندامانی حیزبیش پێشنیار بە کادری ڕێبەریی حیزب دەکرد کە دروشمی ستراتیژیی حیزب واتە «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بگۆڕێ و شتێکی دیکەی وەک «کوردستانی گەورە»، یان هەر نەبێ «مافی دیاریکردنی چارەنووس»ی لە جێگا دابنێ. کۆمیتەی ناوەندی نە سەلاحییەتی گۆڕینی ئەو دروشمەی هەبوو (چونکە ئەمە تەنیا لە سەڵاحییەتی کۆنگرەدایە) و نە باوەڕیشی بە پێویستیی دەسکاریی ئەو دروشمە هەبوو. لە کۆنگرەی دەیەمیشدا دەسکاریکردنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب وەک بەشێک لە دەستووری کاری کۆنگرەدا دانەنرابوو، تا گۆڕینی ئەو دروشمە بێتە بەرباس. بەڵام وەک گوتمان ئەم جارە چاوخشاندنەوە بە بەرنامە و پێڕەودا بەشێک لە دەستووری کاری کۆنگرەیە و کۆنگرە دەتوانێ هەموو دەسکارییەکانی پێویستیان تێدا بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمانوایە دروشمی ستراتیژیی حیزب دەبێ هەروەک خۆی بمێنێتەوە. بزانین بۆ؟

ئەوەندی پێوەندیی بە بەشی یەکەمی دروشمەکە، واتە دێموکراسییەوە هەیە. بە خۆشییەوە ئێستا پاش ڕووخانی بەشێک لە دیکتاتۆرییەکان هیچ کەس گومانی لە گرینگی و بایەخی جێگیر بوونی دێموکراسی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا نییە. چونکە بۆ هەمووان کەم و زۆر دەرکەوتووە کە بەبێ جێگیر بوونی دێموکراسی و بەشداریی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ لە نەخشەدانان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، پێشکەوتن لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و... دا ئەگەریش نامومکین نەبێ، زۆر دژوارە. بۆیە ئێستا دیکتاتۆرەکانیش هەوڵ دەدەن ڕواڵەتێکی دێموکراتیک لە خۆیان نیشان بدەن. کەوایە لە حیزبی دێموکراتدا کە پەنجاو دوو ساڵە بۆ دێموکراسی تێدەکۆشێ و لەڕاستیدا دێموکراسی بۆتە پێناسە و بەشێک لە ژیانی، هیچ ئەندامێک بیر لە هەڵگرتنی ئەو ئەسڵە لە بەرنامەی خەباتگێرانەی ئەم حیزبە ناکاتەوە.

لەبارەی بەشی دووهەمی دروشمەکە، واتە خودموختارییەوە دەبێ بگوترێ ئەوەندی پێوەندیی بە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە هەیە، زیاتر لە چواریەکە چەرخێکە ئەم داخوازە لە یەکەم بەندی بەرنامەی حیزبەکەماندا هەیە و لەمەوداوش هەر لە جێگای خۆی

دەبێ. بەڵام دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە مانایەکی گشتیی هەیە و لەگەڵ هەموو شێوەکانی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیدا دەگونجێ، ناتوانێ ببێ بە دروشمی ستراتیژی. چونکە ئەو دروشمە دەبێ ڕوون بێ بۆ ئەندامانی حیزب و بۆ کۆمەلانی خەڵک ناسراو بێ.

پاش ئەوەی قبووڵمان کرد کە دەبێ دروشمی ستراتیژی نێوەرۆکێکی ڕوونی هەبێ، دێینە سەر باسی ئەوە کە بۆچی خودموختارییە و بۆ کوردستانی گەورە، کوردستانی سەربەخۆ، یان فیدراڵیزم نییە؟ بۆ وەڵام ئەم پرسیارە دەڵێین: یەکێک لە مەرجەکانی دروشمی ستراتیژی ئەوەیە کە لە چوارچێوەی هەلومەرج و هێز و توانای ئەو حیزبەدا کە دروشمەکە هەڵ دەگرێ ئیمکانی وەدیهێنانی هەبێ، ڕەنگە بۆ هەمووان ڕوون بێ کە وەدیهێنانی دروشمی کوردستانی گەورە، یان کوردستانی سەربەخۆ پێویستیی بە تێکدانی سنووری چوار دەوڵەت هەیە کە ئەوانیش لە ڕێگای هەندێ پەیمانی نیزامی و ئابووری و بازرگانییەوە بە چەندین دەوڵەتی دیکەوە گرێ دراون. ئێستاش پرسیارە دێتە پێش کە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ئێران و تەنانەت هەموو نەتەوەی کورد ئەو هێزەیان هەیە کە لەگەڵ: هێزی یەکگرتووی چوار دەوڵەتی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە بکەونە بەربەرەکانی و کوردستان گەورەیان لەدەست دەربێنین و بیشیپارێزن؟ پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە کە وەڵامی ئەم پرسیارە مەنفییە، خۆ دەشزانین کە هیچ کام لە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا حازر نین بە خێری خۆیان دەست لە فەرمانڕەوایی کوردستان هەڵ بگرن و تەسلیمی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بکەن.

لە بارەی فیدراڵیزمەوە مەسەلەکە جۆرێکی دیکەیە، لەڕاستیدا فیدراڵیزم کە بناخەکەی لەسەر یەکپارچەیی وڵات و دابەشکردنی دەسەڵات دامەزراوە لەگەڵ خودموختاری جیاوازییەکی زۆری نییە. لەبەر ئەوەش کە فیدراڵیزم بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتێکی فرە نەتەوە وەک ئێران شێوەیەکی موناسبترە، حیزبی دێموکرات هەمیشە پشتیوانی لێ کردەوە لە داهاتووشدا هەر دیفاعی لێ دەکا. بەڵام ئەوە کە نەبۆتە دروشمی ستراتیژیی حیزب هۆی تایبەتیی خۆی هەیە. دابەشینی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە ئێران لەسەر بناخەی فیدراڵیزم بە مانای دروستبوونی شەش حکوومەتی ناوچەیی لە شەش میللەتی فارس، ئازەربایجان، کورد، بەلووچ، عەرەب و تورکمەنە. کەوایە هەڵگرتنی ئەم دروشمە و پیادەکردنی پێویستی بە یەکدەنگیی نوێنەرانی هەمووان، یان لانیکەم تەواوی نەتەوە غەیرە فارسەکانە. وەختێکیش ئەو گەلانە بۆ داوای مافە نەتەوایەتییەکانیان نەهاتوونە مەیدان، حیزبی دێموکرات نە دەتوانی لە جیاتی وان بڕیار بدا و نە بۆی دەکرێ بە جێگای وان خەبات بکا.

بێگومان هەروەخت هەلومەرج بۆ هێنانەگۆڕی دروشمی فیدراڵیزم ئامادە بێ، حیزبی دێموکرات بە خۆشحاڵییەوە ئەو دروشمە هەڵ دەگرێ و ئەمە بە هەنگاوێک بەرەوپێش لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیدا دەزانێ. بەڵام لەسەر یەک و بە زۆر دەلیل کە لێرەدا دەرەتانی باسکردنیان نییە، حیزبی دێموکرات هەڵگرتنی دروشمی وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا بە شێوەی خودموختاری، یان فیدراڵیزم- پتر بە قازانجی گەلی کورد دەزانێ تا هەڵگرتنی دروشمی ناواقعبینانەی کوردستان گەورە.

بێینە سەر باسی ئامانجی دوا ڕۆژ: «پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سۆسیالیستی».

داوای گۆڕینی ئەم دروشمە بە دوو جۆر دێتە گۆڕێ کە هەوڵ دەدین باسیان لێوە بکەین. یەکیان دەڵێ: لە جێدا ئێمە ئامانجی درێژخایەن بۆ دادەنێین و بۆچی هەق بە خۆمان دەدەین چارەنووس بۆ بەرەکانی دوای خۆمان دیاری بکەین؟ ئەم بیروڕایە لە ڕاستیدا ئەگەر بەهەڵەچوون نەبێ، جۆرێک چاوبەست و سەفسەتەی تێدایە. دیاریکردنی ئامانجی دوارۆژ بۆ بەرەکانی داهاتوو نییە و ڕاست بۆ ئەو تێکۆشەرانەیە کە ئێستا لە مەیدانی خەباتدان. حیزب دەیەوێ بەرچاوی ڕوون بێ و بزانێ بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ. ئێستا ئەو دوارۆژە کە ئامانجەکەی تێدا وەدی دێ، ڕەنگە ئەوەندە دوور بێ کە بەشێک لە ئێمە یان هیچ کامان نەیبینین. پاشانیش بەرەی دوای ئێمە ئەگەر ئەو ئامانجەی پێ باش بوو دەی هێڵێتەوە و پێی خەراپ بوو، شتێکی دیکەی لە جێگا دادەنێ.

دووهەمیشیان دەڵێ پاش ڕووخانی بلووکی شوڕەوی و دوای چوونی حیزب بۆ نێو ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست هەڵگرتنی دروشمێکی وا بۆ حیزبی دێموکرات مانای تێدا نەماوە. لەو بارەیەوەش زۆر بە کورتی دەڵێین ئەوە کە سۆسیالیزم لە شوڕەوی و وڵاتانی فەلەکی شوڕەویدا لەگەڵ شکان ڕووبەڕوو بووە، بە هیچ جۆر پێویستیی لابردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە بەرنامەی حیزبدا نایەنێتە پێش. چونکە سۆسیالیزمی دێموکراتیک ئەو سۆسیالیزمە نییە کە لەو وڵاتانەدا تێک شکا و کاتی خۆشی لەسەر ئەوە کە حیزب داوای شتێکی دەکرد کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا نەبوو، درۆ و بوختانی کەمی بۆ هەڵ نەبەسترا و قسەی کەمی پێ نەگوترا.

بوونمان بە ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستیش داوامان لێ ناکا ئامانجی دوارۆژمان بگۆڕین. چونکە لە نێو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەدا حیزبی دیکەش هەن کە باس لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەکەن و کەسیش داوای لێ نەکردوون دروشمەکانیان بگۆڕن. لەجێدا حیزبەکانی ئەندام لە ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا و تەنانەت ئەوانەش کە ناویان سۆسیالیست یان سۆسیال دێموکراتە هەر کامە بە پێی لێکدانەوەی خۆی و هەلومەرجی وڵاتەکەی بەرنامەی خۆی داناوە و هەموویان تەنیا لە ئامانجە گشتییەکان کە دیفاع لە بایەخە ئینسانییەکانە یەک دەگرنەوە.

هێندێک دەڵێن سۆسیالیزمی دێموکراتیک سیستمێکی ناسراو نییە و تا ئێستا لە هیچ کوێ پیادە نەکراوە. ئەمە ڕاستە، بەڵام خۆ هیچ کام لە نەزمە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرەبەیانی مێژووەوە نەبوون و نەناسراون. هەمووی ئەمانە لە پێشدا لە بیر و مێشکی هێندێ کەس و لایەنەوە سەریان هەڵ داوە و دوایە وەک سیستم لە مەیدانی کردەوەدا تاقی کراونەوە. جا ڕەنگە هی وا بووبێ کە لە یەکەم قۆناخی تاقیکردنەوەدا دەرکەوتبێ نادروستە و هی واش بووبێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی زەمانی لە کۆمەڵدا پیادە کرابێ، تا ئەو وەختەی نەزمێکی تازە جێگای پێ لێژ کردووە و بۆخۆی لەجێی دانیشتوە.

## سیاسەت و هەڵویستەکان

### أ) بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی

بە پێچەوانەی هێندێ «توهم»ی خۆشخەیاڵانە کە بۆ هێندێک ڕێکخراوی ئێرانی پێک هاتوە،

هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرکۆماری، هیچ شتێکی لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕیوە. ئەم ڕێژیمە و قانوونە ئەساسییەکەی و بناخە فەلسەفییەکەی هەر ئەوەن کە بوون. بۆیە هیچ کام لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازنەی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا ئیمکانی وەدیهاتنیان نییە و بە تایبەتی هەردوو بەشی دروشمی ستراتیژیی حیزبەکەمان لەگەڵ بناخەی فەلسەفیی کۆماری ئیسلامی لە ناتەبایی تەواودان. بۆیە سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە ڕێژیم لە داهاتووشدا هەر هەوڵدان شان بە شانی تەواوەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێران بۆ ڕووخاندی ڕێژیم دەمێنێتەوە.

### ب- لەبارەی شێوەکانی خەباتەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ وەخت خۆی بە تەنیا شێوەیەکی خەباتەوە نەبەستۆتەوە و هەمیشە لەو بڕوایەدا بووە کە دەبێ بەپێی هەلومەرجی وڵات لە هەموو شێوەیەکی خەبات کەڵکی پێویست وەربگرێ. لەگەڵ ئەوە کە حیزب خەباتی چەکدارانەی بە شێوەیەکی داسەپاوی خەبات زانیوە، کاتێک ڕێژیمی دەسەڵاتدار دەرەتانی بەرەوپێشبردنی خەباتی ئاشتیخوازانەی لێ بڕیوە، حیزب سڵی لە خەباتی چەکدارانەش نەکردۆتەوە و تێکۆشەرانی حیزب بە قارەمانەتییەکی کەموێنەوە پێیان ناوەتە ئەو مەیدانە و پڕشنگدارترین لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردیان پێ پڕ کردۆتەوە.
ئەگەرچی لە حاڵی حازردا بە هۆی داسەپانی هەلومەرجێکی بەدەر لە ویستی خۆمان خەباتی چەکدارانە تا ڕادەیەکی زۆر کەمڕەنگ بۆتەوە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو شێوە خەباتە بە شێوەیەکی بەرز و شانازیخوڵقێنی خەبات دەزانێ و لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی پێویستدا دەبێ مەشخەڵی ئەو شێوە خەباتە زیاتر بگەشێتەوە. بەو پێیە حیزبەکەمان لە قۆناغی ئێستا دا هەروەک پێشوو باوەڕی بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات و تێکۆشان هەیە و هەرکام لە شێوەکان دەرەتانی بەرەوپێشبردنی زیاتر هەبوو، پێویستە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

### ج- هەڵوێستمان بەرامبەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن

بە چەشنێکی گشتی ئێمە هەموو ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە بۆ گۆڕانی وەزعی وڵات و جێگیربوونی ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا هەوڵ دەدەن، بە دۆستی حیزبی دێموکرات دەزانین. لەو بارەیەشەوە هەوڵمان داوە و دیسانیش هەوڵ دەدەین چەندی بکرێ ڕێکخراوە پێشکەتووەکانی ئۆپۆزیسیۆن لێک نیزیک بینەوە، بە جۆرێک کە بتوانن لانیکەمی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ خەبات لە پێناوی ڕووخانی ڕێژیم و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیدا دابنێین و پێکەوە بۆ جێبەجێکردنی هەوڵ بدەن.
بەڵام لەو بارەیەوە هەروەک زۆر جار گوتومانە، ئێمە ئەو هێزە سیاسییە ئێرانییانە لە خۆمان بە نیزیکتر دەزانین کە باوەڕیان بە پێویستیی جێگیربوونی دێموکراسی لە ئێران و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران هەیە. هەر ئەندازە هێزێکی سیاسی لە خەبات بۆ چەسپاندنی ئەو دوو ئەسڵەدا شێلگیرتر بێ، ئێمە زیاتر لە خۆمانی بە نیزیک دەزانین و زیاتر ئامادەین هاوکاریی لەگەڵدا بکەین. بە چەشنێکی گشتیی لەگەڵ ئەوەی

هەموو لێکنیزیکبوونەوەیەکی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە شتێکی باش دەزانین، ناچێنە نێو هیچ بەرە یان یەکگرتنێک کە دوو ئەسڵی گرنگی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانی قبووڵ نەبێ و لە بەرنامەی کار و خەباتی خۆیدا نەیگونجێنێ.

هەر لەو کاتەدا پێمان وایە لە پێناوی یەکخستنی تواناکان لە بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا پێویستە هێزە وڵاتپارێزەکان لە گەورەکردنەوەی ناکۆکییەکانیان خۆ بپارێزن و هیچ لایەک هەوڵ نەدا نوختە نەزەرەکانی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێ، یان هەموو بیروبۆچوونەکانی لە پلاتفۆرمی هاوبەشدا بگونجێنێ.

**د- لە پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندا**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی بەوە هەیە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە. بەڵام هەر لەو کاتەشدا ئەو واقعییەتەی لە بەرچاوە کە کوردستان و گەلی کورد لە نێو چەند وڵاتدا دابەش کراون و هەر کام لەو وڵاتانە هەلومەرجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. لە چوارچێوی ئەو ڕاستییەدا حیزبی ئێمە باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە پێویستە هێزە سیاسییە کوردەکان بەپێی ئیمکانات و هەلومەرجی گەنجاو یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی یەکتر لە بەشە جۆراجۆرەکانی کوردستاندا بگەیەنن و هەر لەو کاتەدا لە دەستێوەردان لە کاروباری یەکتر خۆ بپارێزن و ڕێز لە سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی یەکتر دابنێن.

ئێمە پێمان وایە ئەگەر هێزە سیاسییە کوردەکان لە بڕگەیەکی زەمانیدا نەتوانن یارمەتی بە خەباتی یەکتر بکەن، تاوانێکیان نەکردووە، بەڵام گوناهێکی گەورەیە کە هێزێکی سیاسیی کورد بە هەر بیانوویەک زیان بە هێزێکی سیاسیی دیکەی کورد بگەیەنێ، شەڕی پێ بفرۆشی، یان مەیدانی خەباتی لێ بەرتەسک بکاتەوە. بە تایبەتی ئەگەر ئەو کارە بۆ ڕازیکردنی یەکێک لە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا بێ، ئەوە تاوانێکە کە قەت بۆ بەخشین و چاولێپۆشین نابێ. حیزبی دێموکرات سەربەرزە کە هەموو کاتێک لە خەبات و تێکۆشانی خۆیدا ئەو ئەسڵە گرنگەی ڕەچاو کردەوە و هەرگیزاوهەرگیز بە قازانجی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا بچووکترین زیانی بە خەباتی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەگەیاندووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی هەموو هێزە سیاسییە کوردەکان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پشتیوانی دەکا، خەباتی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ژیانێکی بەختەوەر و هاوشان لەگەڵ هاونیشتیمانانی دیکەی لە هەر بەشێکی کوردستاندا خەباتێکی ڕەوایە و سەرکوتی ئەم گەلە بە تاوانی داواکردنی ئەو مافە ڕەوایانە لە لایەن هەر دەوڵەتێکەوە و بە هەر بیانوویەک بێ، مەحکوومە.

بەڵایەک کە زۆر لەمێژە بەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی گرتووە، شەڕی براکوژی لە نێوان لایەنەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیەدایە. بەداخەوە حیزبی دێموکراتیش لە ڕابردوودا پڕیشکی ئاگری ئەو جۆرە شەڕانەی وێ هەڵ پڕژاوە. بەڵام حیزبەکەمان ئەو شانازییەی هەیە کە هیچ وەخت دەسپێکەری ئەو جۆرە شەڕانە نەبووە و هەمیشە هەوڵی داوە چەندی بکرێ نەکەوێتە ئەو مەیدانەوە. حیزبەکەمان لەمێژە نەفرەتی لە شەڕی براکوژی

کردووە و خۆشحاڵە کە لەگەڵ هیچ هێزێکی سیاسیی کورد نەک هەر شەڕی براکوژی، بەڵکوو پێوەندیی ئاڵۆز و ناخۆشیشی نییە.
لەو شەڕانەشدا کە ئەم ساڵانەی دوایی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا هەڵگیرساون، حیزبی دێموکرات بێلایەن بووە و لەمەودواش بێلایەنیی تەواوی خۆی دەپارێزێ. چونکە لەسەر یەک ئەو جۆرە شەڕانە بە براکوژی و بە هۆی ماڵوێرانی کورد دەزانێ و پێشی وایە لایەنگری لە هەر لایەنێکی شەڕی براکوژی، گیروگرفتەکە ئاڵۆزتر دەکا و زەبری گەورەتر لە قازانجی گشتیی خەڵکی کوردستان دەدا. بەخۆشییەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی توانیویەتی ئەو بێلایەنییە (کە بە ڕاستی زۆر دژوار، بەڵام هەر لەو کاتەدا زۆر دروست بووە) بپارێزێ و دڵنیاین کە بە هەستی مەسئوولییەتی تێکۆشەرانی دێموکرات لە داوڕۆژیشدا هەر دەتوانێ بیپارێزێ.

### ه- بەرامبەر بە دەوڵەتانی دراوسێ

خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئامانجەکانی حیزب لە چوارچێوی ئێران و بە تایبەتی کوردستانی ئێراندان. تێکۆشانی سیاسیی حیزب ڕووی لە هیچ کام لە دەوڵەتانی دراوسێ نییە و هەڕەشە لە قازانجی مەشرووعی هیچکامێکیان ناکا. بۆیە حیزب باوەڕی بە پێکهێنانی پێوەندییەکی سالم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەیە و تا ئێرەش ئەگەر نەیتوانیوە پێوەندییەکی لەو بابەتە لەگەڵ هەموویان دامەزرێنێ، لە هەر حاڵدا بەپێچەوانەی ئەم ئەسڵەش ڕەفتاری نەکردووە.
حیزبی دێموکرات بە ڕەوای دەزانێ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ پێوەندیی هەبێ و لە یارمەتیی ئینسانی و هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکیی وڵاتانی دراوسێ بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران کەڵک وەربگرێ. هەر لەو کاتەدا حیزب باوەڕی تەواوی بە پێویستیی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان لە هەموو هەلومەرجێکدا هەیە و بە تایبەتی پێ لەسەر ئەوە دادگرێ کە پێوەندیی لەگەڵ دراوسێکانی نابێ بە زیانی کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی درواسێ بە گشتی گەلانی ئەو وڵاتانە تەواو بێ.

### و- پێوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوە

هەلومەرجی سیاسیی جیهان لە هەموو هێزێکی سیاسی دەخوازێ کە پێوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوەی وڵاتی خۆی بەهێز بکا و دەنگی خۆی بە گوێی گەلانی دیکە بگەیەنێ. دنیای پان و بەرینی ئێستا بە هەزاران ئەڵقە بە یەکەوە گرێ دراوە، هیچ وڵاتێک ناتوانێ بە تەنیا بەبێ تەئسیر دانان و تەئسیر وەرگرتن لە وڵاتانی دیکە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. بە تایبەتی ئەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلێکی زۆرلێکراو بەبێ ئەوەی لە دنیای دەرەوەدا دۆست و پشتیوان بۆ خۆی پەیدا بکا بە جێیەک بگا، لەمێژە بە شتێکی دوور لە واقعییەت دەزانرێ. بەو پێیە حیزبی دێموکرات بە دروست و تەنانەت بە پێویست دەزانێ چەندی بۆی بکرێ پێوەندی لەگەڵ گەلان و هێزە سیاسییەکانی دەرەوە دابمەزرێنێ و ئەوان لە وەزعی گەلی کورد، گەلانی ئێران و ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد تێبگەیەنێ. لەو پێوەندییەدا حیزب باوەڕی وایە کە بە شەرتی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان بۆی هەیە لەگەڵ هەر

هێزێکی سیاسی، هەر ڕێکخراوێکی ئینسانی و تەنانەت هەر دەوڵەتێک پێوەندی بگرێ، بەو شەرتە قازانجی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و گەلانی ئێرانی تێدا ببینێ. حیزب، دوژمن‌تاشین و جەبهەبەندی لەگەڵ ئەم یان ئەو دەوڵەت کە بەداخەوە ماوەیەکی زۆر لە نێو حیزبیشدا باو بوو، بە دروست نازانێ.
لەو بارەیەوە پێوەندیی لەگەڵ حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکرات و کرێکارییەکانی دەرەوە جێگایەکی تایبەتیی لە سیاسەتی دەرەوەی حیزبی دێموکراتدا هەیە.

## تێکۆشانی ئۆرگانەکانی حیزب

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ هەمیشە بە چاوی ڕەخنەگرانەوە تەماشای کار و تێکۆشانی خۆی و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی کردووە و زۆر جار گلەیی لە بەرەوپێشچوونی کارەکان و ڕادەی هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامان و کادرەکانی هەبووە. لە مەودواش حیزب ئەم ڕەوتە درێژە دەدا و ڕەنگە هەر لەم ڕاپۆرتەشدا بەشێک لە کەموکورییەکان دەستنیشان بکرێن. بەڵام زۆر بە شانازییەوە دەڵێین ئەگەر ئەوە نەبێ کە ئێمە دەمانەوێ هەمیشە بەرەو پێش بچین و دەسکەوتی زیاتر وەدەست بێنین، حیزبەکەمان یەکێک لە چالاکترین هێزە سیاسییەکانی مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئێران و کوردستانە و لەو بارەیەوە لە هیچ حیزبێکی دێموکراتی ئێرانی، یان کوردستانی نامێنێتەوە. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی ١٠ و ١١ شدا هەروەک هەمیشە ئۆرگانەکانی حیزب تاک تاک و لە پێوەندیی لەگەڵ یەکتردا لە کار و تێکۆشانی بەردەوامدا بوون و تێکۆشەرانی حیزب بە ئاگاداریی تەواو لەو ئەرکە پیرۆزە کە مێژووی گەل و وڵاتەکەمان خستوویەتە سەرشانیان، چەندی بۆیان کرابێ بۆ بردنەپێشی ئامانجەکانی حیزب و جێبەجێ کردنی کاروباری حیزبی، هەوڵیان داوە. لەم بەشەدا هەرچەند بە کورتیش بێ، دیمەنێک لە کار و تێکۆشانی یەک یەکی ئۆرگانە ئەسڵییەکانی حیزب دەخەینە بەرچاوی ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە:

### أ- پێوەندییەکانی دەرەوە

بناخەی کاری بەشی پێوەندییەکانی حیزب لەسەر هێندێ پرەنسیپ دامەزراوە کە باشە پێش هەموو شتێک ئاماژە بەوان بکرێ. مەبەست لە پێکهێنانی پێوەندیی لەگەڵ هەر لایەنێک قازانج گەیاندن بە خەباتی حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و بزووتنەوەی سەرانسەریی وڵاتەکەمانە. حیزب باوەڕی بە پێوەندیی بەرامبەر لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەیە، بەو مانایە کە حیزبێک یان ڕێکخراوێکی نێوخۆیی یان لاوەیی هەرچەندی لە خۆمان گەورەتر و بەدەسەڵاتتر بێ، ڕێگا نادەین لە سەرەوەڕا دەستوورمان پێ بدا و بە پێچەوانش لایەنی پێوەندییەکە هەرچەندی لە حیزبەکەمان چووکتر بێ، ڕێگا بەخۆمان نادەین بە چاوی بەکەمگرتنەوە سەیری بکەین، یان فەرمانی بە سەرەوە لێ بدەین. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە گرینگی و وەزنی هەر لایەنێکی سیاسی وەک هەیە لەبەر چاو ناگرین. پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی و سەربەخۆیی بڕیاردان هەمیشە ڕێنوێنیی ئێمە بۆ پێوەندییەکانمان بووە و بە هیچ نرخێک و بە خاتری هیچ دەسکەوتێک وازمان لە سەربەخۆیی خۆمان نەهێناوە و ناهێنین. پێوەندیمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی نیشتمانی لە نێوخۆی وڵات یان دەرەوە بۆ زیان

گەیاندن بە لایەنێکی نیشتمانیی دیکە نییە.

بە پەیڕەوی لەو پرەنسیپانە بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا چالاکانە بۆ پاراستن و پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ هێز و حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە ئێرانی و کوردستانی و خارجییەکاندا هەوڵی داوە و ئێستا کە لە ساڵۆنی کۆنگرەی یازدەهەم دانیشتووین، کاکڵەی پێوەندییەکانمان بەم جۆرەیە:

لە کوردستانی ئێران لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان پێوەندیی دۆستانەمان هەیە و لەو بوارانەدا کە ئیمکانی هاوکاری هەبێ، هاوکاریی یەکتر دەکەین. لەو پێوەندییەدا بە تایبەتی پێمان خۆشە باسێک لە پێوەندیی نێوان خۆمان و کۆمەڵە بکەین. کۆمەڵە خۆی بە ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران دەزانێ. بەڵام ئێمە دوای دامەزرانی ئەو حیزبەش هەروەک پێش دامەزرانی، پێوەندیمان تەنیا لەگەڵ کۆمەڵە هەبووە. هاوڕێیان دەزانن کە پێوەندییەکانی حیزب و کۆمەڵە لە هەژدە ساڵی ڕابردوودا زۆر هەوراز و نشێو و زۆر قۆناخی جۆراجۆریان بڕیوە و تەنانەت زۆر بەداخەوە ڕووداوی تاڵ و نەخوازراویشیان تێ کەوتووە. لە ماوەیەک پێش کۆنگرەی دەهەمەوە هەوڵ و تەقەلایەک بۆ گەرمترکردنی پێوەندییەکانی نێوان حیزب و کۆمەڵە دەستی پێ کردبوو. دوای کۆنگرەش ئەو هەوڵ و تەقەلایانەمان درێژە پێ داوە و تا ئێستا چەند جار لە ڕادەی ڕێبەرایەتی‌دا دیداری دۆستانەمان پێکەوە بووە و بناخەی باشمان بۆ هاوکاری داناوە کە پێمان وایە ئەو هاوکارییانە دەتوانن ببنە بەردی بناخەی هاوکاری و پێوەندییەکی سالم و بەبەرهەم لە قۆناخە پێشکەوتووەکانی دواڕۆژیشدا. لەسەر یەک دەتوانین بڵێین پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵە ئێستا لە باشترین حاڵەتی ساڵانی ڕابردوودایە و بە چەشنێکی گشتییش پێوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ئێران لە باشترین حاڵەتی خۆی‌دایە.

کە بێینە سەر حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییە غەیرە کوردستانییەکان، دەبێ بڵێین: پێش هەموو شتێک ئەوە جێگای خۆشحاڵییە کە ئەگەر لەگەڵ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێوەندیی دۆستانەمان نییە، لەگەڵ هیچ هێزێکی سیاسیی ئێرانی نێوان ناخۆشی و ناکۆکیمان لەنێودا نییە. بەڵام دیارە پێوەندیمان لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن یەکسان نییە. بۆ وێنە لە سەرەتاوە تا ئێستا لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان هیچ پێوەندییمان نەبووە و لەگەڵ ئەوەی ئێمە لایەنگری لە سەڵتەنەت وەک مافێکی دێموکراتیک بە هەقی خۆیان دەزانین، لەبەر ئەوەی ئەوان باوەڕیان بە پێویستیی دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران نییە، ئەگەرچی داواشیان کردووە پێوەندیمان هەبێ، ئێمە قبووڵمان نەکردووە. لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانیش هیچ وەخت پێوەندیمان نەبووە و تەنانەت ئەگەرچی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کەم وایە لە ڕۆژنامەکەی‌دا هێرشێکی بۆ سەر حیزبی دێموکرات نەبێ، جگە لە یەک جار حازر نەبووین وەڵامی هێرشەکانیشیان بدەینەوە.

وەک دەزانیین ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدین لە شوورای نیشتمانیی بەرگری‌دا بووین و بەڵام چونکە نەیانتوانی ئێمە لە شووڕادا تەحەممول بکەن، بە شێوەیەکی نادێموکراتی و نائەساسنامەیی دەریان کردین. پاش هاتنەدەر لە شووڕاش ئێمە داوامان کرد پێوەندیی دووقۆڵییان لەگەڵیان هەبێ، کەچی ئەوان داواکەمانیان خراپ لێک دایەوە و مەرجیان بۆ دیاری کردین. حیزبیش کە هیچ وەخت باوەڕی بە پێوەندیی نابەرامبەر نەبووە مەرجەکانی

ڕەت کردەوە و بەم جۆرە لە ساڵی ١٣٦٤ەوە هیچ پێوەندیمان لەگەڵیان نەبووە.

بێجگە لەوانە، لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەوانە کە نوێنەرایەتییان لە دەرەوی وڵات هەیە، پێوەندیی و دانیشتن و وتووێژمان ل نێودایە و لەسەر ئەو مەسەلانە کە بۆ هەموومان گرینگن و لەگەڵ دواڕۆژی وڵاتەکەمان پێوەندیی پەیدا دەکەن، بیرورا دەگۆڕینەوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە هەمووی ئەو ڕێکخراوانە بە تاک و بەکۆمەڵ ئامادەن لەگەڵ حیزبی دێموکرات هاوکاری بکەن و تەنانەت پلاتفۆرمی هاوبەشیشی لەگەڵ ئیمزا بکەن. بەڵام عەیبی کار لەوەدایە کە بۆ خۆمان زۆریان پێکەوە حازر بە هاوکاری و تەنانەت یەکتر دیتنیش نین. لەو نێوەدا حیزب پێوەندییەکی نیزیکتری لەگەڵ «ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران» (ڕێگای کرێکار) و «ڕێکخراوی یەکیەتیی فیداییان» هەیە، زۆر جار بەیاننامە و ڕاگەیەندراوی هاوبەشمان لەگەڵیان بڵاو کردووەتەوە و لە بارەی ئەو مەسەلانەشەوە کە پێوەندیان بە دواڕۆژی وڵاتەکەمانەوە هەیە، نوختە نەزەرەکانمان لێک نیزیکن. هەولی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ بەشێکی هەرچی بکرێ زیاتر لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێک بکەوین. چونکە بە باوەڕی خۆمان ئەمە تەنیا ڕێگە بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی جیددی لەگەڵ دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامییە.

پێوەندیی حیزبەکەمان لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانیش پێوەندییەکی ئوسوولی و دۆستانەیە. لە کاتێکدا بەداخەوە دەبینیین شەڕی خوێناوی لەنێو بەشێکی زۆر لە حیزبە کوردستانییەکاندا هەڵگیرساوە، جێگای شانازییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر لەگەڵ هیچ هیزێک لە شەڕدا نییە، بەڵکوو لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هێزە کوردستانییەکان پێوەندییەکی دۆستانەی هەیە. زیادمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین هیچ حیزبێکی کوردستانی نییە کە ئەوەندی حیزبی ئێمە لەگەڵ هێزەکانی کوردستانییەکانی دیکە پێوەندیی هەبێ. ڕەنگە هەر ئەوە بۆ بەڵگە بەس بێ کە ئێمە لەگەڵ تەواوی ئەو حیزبانە کە ئێستا پێکەوە لە شەڕدان لە پێوەندییەکی دۆستانەداین و هەموویان ڕێز بۆ سیاسەتی ئووسولیی حیزبەکەمان دادەنێن.

پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵە شەخسییەتەکانی بێگانەش لە پلەیەکی بەرزدایە. ڕەنگە ژماری زۆری ئەو پەیامانە کە لەلایەن حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە بەشەر دۆستەکان و شەخسییەتە موعتەبەرەکانی دنیاوە بۆ ئەم کۆنگرەیە هاتوون نیشانەیەکی ئاشکرا لەو پێوەندییە بەربەرینە بێ کە لەنێوان حیزبی ئێمە و دونیای دەرەوەدا دروست بووە و جێی گرتووە.

ئێمە لە کوردستانی عێراق و لە بەشێکی زۆر لە پێتەختەکانی جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی ئورووپاییدا نوێنەری حیزبمان هەیە. جێگای دڵخۆشییە کە ئەو نوێنەرانە بە تێکڕا سیاسەتی حیزبی خۆیانیان لە لای دۆستانی حیزب ناساندووە و پشتیوانیی سیاسیی ئەوانیان بۆ لای خەباتە ڕەواکەمان ڕاکێشاوە. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە نوێنەرانی حیزب لە هەموو شوێنێک هەروەک حیزبەکەیان لێی ویستوون، بە نموونەی ئینسانی بەپرەنسیب و بە ئولگوویەکی باشی حیزبەکەیان ناسراون. بە تایبەتی لەبارەی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتەوە جێی خۆیەتی بە قەدرزانییەوە بڵێین ئەو دەسکەوتانەی لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ حیزبەکەمان بەدی هاتوون، ئەگەر لە لایەک بەرهەمی سیاسەتی ئوسوولیی حیزب و خەباتی قارەمانانەی ڕۆڵەکانی حیزب

بن، لە لایەکی دیکەوە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی نوێنەرانی حیزب لە دەرەوە و هەموو ئەو هاوڕێیانەن کە هەرکام بە نۆرەی خۆی بۆ ناساندنی خەبات و سیاسەت و ئامانجەکانی حیزب بە دنیای دەرەوە نەخشیان گێڕاوە. لێرەدا بە پێویست دەزانم لەم تریبوونەوە پیرۆزبایی و هەر لەو کاتەدا سوپاسی خۆم بە هەموو کادرەکانی ئەو بەشە لە تێکۆشانی حیزبی ڕابگەیەنم.

بەڵام هەر لێرەدا پێویستە بگوترێ ئەوەی لەو بارەیەوە کراوە، هەم لەوەی پێویستیمان پێیەتی و هەم لەوەی لە توانادا هەیە، کەمترە. بە تایبەتی ئەگەر هەموو هاوڕێیانی حیزبی لە ئورووپا پێکەوە هاوکاری بکەن و قۆڵی هیمەت هەڵماڵن، دەتوانن کاری زۆر زیاتر بکەن. بۆ نموونە دوو ساڵە هەم دەفتەری سیاسی و هەم هاوڕێیانی حیزبی لە ئورووپا پێیان خۆشە کۆمیتەیەک بۆ کاروباری تەشکیلاتی و یەکی دیکە بۆ پێوەندییەکانی حیزب لە ئورووپا پێک بێ. بەڵام لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی ماڵی ئەو کارەمان لە دەست نەهاتووە. لە کاتێکدا ئەگەر هەموو هاوڕێیانمان لە ئورووپا پێکەوە و مەسئوولانە دەست دەنێ، دەتوانن بە ئاسانی ئەوەندە داهاتی ماڵی کۆ بکەنەوە کە خەرجی کاروباری هەردووکی ئەو کۆمیتانە دابین بکا.

**ب- کۆمیسیۆنی چاپەمەنی**

لە سێ ساڵی ڕابردوودا کاری کۆمیسیۆنی چاپەمەنی بێ‌ڕاوەستان و پەککەوتن بەڕێوە چووە و لە هێندێ بواردا پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە. «کوردستان»، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی بە ڕێکوپێکی و لە شکڵێکی جوانتر لە پێشوودا بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی لە کوردستان دەرچووە و لە ئورووپاش سەرلەنوێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەوەی لەو بارەیەوە حەز دەکەین باسی بکەین ئەوەیە کە، «کوردستان» ئەگەرچی لەباری شکڵ و فۆرمەوە لە زۆربەی ڕۆژنامە کوردییەکان لە دواترە، لە باری ئەدەبی و سیاسییەوە یەکێک لە موعتەبەرترین ڕۆژنامەکانە کە بە زمانی کوردی دەردەچن. جگە لەوەش، دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە پاریس هەر سێ مانگ جارێک بۆڵتەنێک بە ناوی «کوردستانی ئێران» بە دوو زمانی ئینگلیسی و فەرانسەیی چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

کاری کۆمیسیۆنی چاپەمەنی هەر دەرکردنی ڕۆژنامە نییە. وەک دەزانین «تێکۆشەر»، نامیلکەی نێوخۆیی حیزبیش کە کۆمیسیونی سیاسی- نیزامی ئامادەی دەکا هەر لە لایان ئەو کۆمیسیونەوە چاپ دەکرێ و لەوەش زیاتر بۆڵتەنی خەبەرییە کە هەموو ڕۆژانی حەوتوو جگە لە هەینی دەردەچێ و گوڵبژێرێک لە هەواڵەکانی دنیا و ئەو ڕاپۆرت و لێکدانەوە و وتارانە کە بۆ خەباتی حیزبەکەمان بایەخیان هەیە، لە خۆیدا جێ دەکاتەوە.

لە چەند مانگ پێش کۆنگرەی یازدەهەمەوە کاری ئەو کۆمیسیۆنە چاپی بۆڵتۆنی زانیاری (کە بەشی لێکۆڵینەوە و وەرگێران ئامادەی دەکا) و هەروەها چاپی بۆڵتۆنی کۆنگرەشی لێ زیاد بووە، کە هەر دووکیان بەوەخت و بە ڕێکوپێکی بڵاو بوونەوە. ئەمە بێجگە لە چەندین کتێب و نامیلکەی وەک بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دەهەم، دوو جڵد کتێبی «نیوسەدە تێکۆشان»، «جنگ در کردستان»، وتووێژە چاپەمەنییەکانی سکرتێری حیزب و هەزاران نوسخە بەیاننامە و بەخشنامە و تراکت و پۆستەری حیزبییە کە لەو ماوەیەدا بە هیمەتی هاوڕێیانی ئەو کۆمیسیۆنە ئامادە و بڵاو کراونەوە.

بۆ ئەو کار و تێکۆشانە مەسئوولانەیە پڕ بەدڵ ماندوونەبوونی و دەستخۆشی بە هاوڕێیانی

کۆمیسیونی چاپەمەنی دەڵێین و سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بەئاوات دەخوازین. هەر لەو کاتەدا پێویستە دان بەو ڕاستییە دابنێین کە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی لە دوو بارەوە پێویستی بە یارمەتیدان و بەهێزکردنی زیاتر هەیە. یەکەم لەباری کادری نووسینەوە؛ ئەوە ڕاستە کە پاش یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب ئەو کۆمیسیۆنە چەند کادرێکی دیکەی پێوە زیاد بوون، بەڵام بە باوەڕی ئێمە کادری نووسینی ئۆرگانی حیزب، نابێ تەنیا لە ئەندامانی دەستەی نووسەراندا بەرتەسک بێتەوە. هەموو کادرەکانی حیزبی و بەتایبەتی ئەندامانی ڕێبەری دەبێ خۆیان بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامە بزانن و هاوکاریی لەگەڵ بکەن. ئەوە جێی داخە کە جگە لە یەک دوو هاوڕێ لە ماوەی سێساڵی ڕابردوودا هیچ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی و تەنانەت دەفتەری سیاسییش بە شێوەی بەردەوام مەتڵەبی بۆ ڕۆژنامە نەنووسیوە. ئاکامەکە ئەوەیە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، حیزبێکی گەورە و گرانی وەک حیزبی دێموکرات مانگێ یەک ژمارە ڕۆژنامەی ئۆرگان دەردەکا.

دووهەم؛ پێدوایستیی کۆمیسیونی چاپەمەنی دابینکردنی کەرەسەی باشتر بۆ چاپ کردنەوەیە. لە ساڵی ۱۳۷۳ وە کۆمیسیونی چاپەمەنی لە چەنگی تایپ و پۆلیکۆپی ڕزگاری بووە. پیتچنینەکەی بە سیستمی کومپیتەرە و چاپیشی زیاتر بە دەزگای ئۆفسێتە. بەڵام هەرچەند دەزگای پیتچنینەکە لەسەر یەک وەڵامدەری ئێستای کاری ئەو کۆمیسیونەیە، ئۆفسێتێک کە هاوڕێیانی بەشی فەننی کاری پێ دەکەن، بە هیچ جۆر هی ئەو دەورو زەمانە نییە و لە ڕاستیدا هاوڕێیانمان بە زۆری شانان کاری پێ دەکەن. بۆیە پێویستە ڕێبەرایەتیی تازەی حیزب لە فکری دابینکردنی دەزگایەکی باشتر و پێشکەوتووتری ئۆفسێت بۆ ئەو کۆمیسیۆنەدا بێ.

**ج- کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی**

کە باس لە کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامی دەکەین لە ڕاستیدا ئاوڕ لە تێکڕای کۆمیتەکانی مەڵبەند و شارستان و هەموو واحیدەکانی پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات و دەرەوە دەدەینەوە. چونکە گرینگترین ئەرکی ئەو کۆمیسیۆنە سەرپەرستی و پێڕاگەیشتن و پێکهێنانی هاهنگی لە نێوان تێکڕای ڕێکخراوەکانی حیزبدایە. تا ئەو جێیە کە کاری کۆمیسیۆن لەگەڵ تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی لە نێوخۆی وڵاتدا پێوەندی پەیدا دەکا لەبەر هەلومەرجی خەباتی نهێنی، ناکرێ زۆری لێ بدوێین. هەر ئەوەند دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ ئەوەی دەزگا پۆلیسییەکانی ڕێژیم بەردەوام خەریکی شوێن هەڵگرتن و ڕاونانی ڕێکخراوەکان و ئەندامە نهێنییەکانی حیزبن و بەداخەوە هێندێ جاریش لە ناسین و لێدانی هەستە نهێنییەکاندا سەرکەوتوون، بەڵام کۆمیتەکانی حیزبی هەرکام لە ناوچەی کاروتێکۆشانی خۆیان، هەستەی نهێنی و ڕێکخراوی نهێنییان پێک هێناوە. ئەم ڕێکخراوانە بە دوور لە چاوی بەکرێگیراوان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی لە لایەک و کۆمەڵانی خەڵک لە لایەکی دیکە بەرقەرار دەکەن و دەبنە مایەی پاراستن و پتەوکردنی ئەو پێوەندییە ئۆرگانیکە کە لە نێوان حیزبی دێموکرات و ڕۆڵەکانی گەلی کورددا هەیە و لە سەرەتاوە تا ئێستا بە ڕەمزی سەرکەوتن و تەنانەت مانەوەی حیزبی دێموکرات دانراوە.

کۆمیتەکانی حیزبی لەژێر ڕێنوێنیی سیاسەتە گشتییەکانی حیزبی دا و بە هاوکاری و

هاوفکری لەگەڵ یەکتر لە لایەک و کۆمیسیونی سیاسی- نیزامی لە لایەکی دیکەوە، لە چەند ساڵی نێوان کۆنگرەی دەهەم و کۆنگرەی یازدەهەمیشدا هەروەک هەمیشە ئەرکە حیزبییەکانی خۆیان لە بواری تەشکیلاتی، کۆمەڵایەتی، تەبلیغی و پێشمەرگایەتیدا بەجێ گەیاندوە. لە پێناوی بەرەوپێشبردنی کاری حیزبیدا هەروەخت پێوست بووبی تێکۆشەرانی حیزب بە پێشوازی خەتەرەوە چوون و تەنانەت باوەشیان بۆ مەرگیش کردۆتەوە. هەر بۆیەش لە سێ ساڵی ڕابردوودا دەیان هاوڕێی بەوەج و هەڵکەوتوومان گیانیان لەسەر ئامانجیان داناوە و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی نیشتمان بوون. یەکێک لە بەرنامە بەسوودەکان کە بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٧٦دا بە هاوکاریی هەموو هاوڕێیانی کادر و پێشمەرگە لە کۆمیتەکاندا بەڕێوە چووە، پڕکردنەوەی وەختی بێکاریی هاوڕێیانی حیزبی بە بەرنامەی بەکەڵکی وەرزشی و موتاڵا و باسی سیاسی و کردنەوەی کلاسی سیاسی و کلاسی خوێندەوار کردنە. ئەوە جێگای شانازییە کە حیزبی دێموکرات بەشێکی یەکجار زۆر لە پێشمەرگە نەخوێندەوارەکانی لەگەڵ نیعمەتی خوێندنەوە و نووسین ئاشنا کردووە و هانی داون «زۆرتر فێر بن تا باشتر خەبات بکەن».

تەشکیلاتی حیزب لە ئورووپا کە لە ڕێگای دەفتەری پاریس و پێوەندییەکانی دەورەوە بە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامییەوە گرێ دەدرێتەوە، لە سێ ساڵی ڕابردوودا چالاکتر لە جاران جووڵاوەتەوە. بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە حیزب پێوستیی بە وەڕێخستنی بزووتنەوەی ئیعتراری هەبووە، یان ویستوویەتی لەبارەی مەسەلەیەکەوە کاری تەبلیغی لە دەرەوە بکا، ئەو تەشکیلاتە زۆر باشتر لە جاران هاتۆتە مەیدان، لەو ماوەیەدا بەتایبەتی بەجێیە لە مانگرتنی بەر دەرکی پارلمانی نۆرویژ بۆ پشتیوانی لە پەناگرتووەکانی بەر دەرکی U.N لە هەولێر و خۆپیشاندانی بەر دەرکی ساختومانی جێگای کۆبوونەوەی شورای وەزیرانی یەکیەتیی ئورووپا لە لوکزامبوورگ ناو بەرین.

یەکێک لە کارە بەسوودەکانی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی لە سێ ساڵی ڕابردوودا پێکهێنانی تەشکیلاتی تایبەت بە ژنان لە کەمپەکانی حیزبدا بوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبدا ژنان کۆنفرانسی تایبەت بە خۆیان گرت و نوینەریان نارده کۆنفرانسی دەفتەری سیاسی و کۆنفرانسەکانی شارستان. شایانی باسە کە حیزبی دێموکرات هەمیشە بایەخی بە بەشداریی ژنان لە تیکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا داوە و ژنانی هان داوە کە ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دامەزرێنن. وەک دەزانین یەکیەتیی ژنانیش هەر ئەمسال دووهەمین کۆنفرانسی گشتیی خۆی پێک هێناوە.

فێرگەی سیاسی- نیزامی وەک ئۆرگانێکی فەرعیی کۆمیسیونی سیاسی – نیزامی لە نێوان دوو کۆنگرەدا تێکۆشانی بەرچاوی هەبووە. لەو ماوەیەدا لە سەر یەک ١٧ دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەی بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگە تازەکان کردۆتەوە کە هەر ساڵەی سەدان پێشمەرگەی تازەیان گرتۆتە خۆ. ئەمە جگە لە چەند دەورەی مودیرییەت و دەرمانی و فێرکردن لە بوارە جۆراجۆرەکاندا کە بە هاوکاریی کۆمیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر دەفتەری سیاسی بەڕێوە چوون. فێرگەی سیاسی- نیزامی کۆڕی هونەریی حیزبیش بەڕێوە دەبا. هاوڕێیانی ئەو بەشە لە ماوەی چەندین ساڵەی تێکۆشانی خۆیان دا وەک ئاشقانی هونەرەکەیان هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلادا بوون و لە تەواوی ڕێوەڕەسمەکانی حیزبدا گەرمکردنی کۆڕی بەزمی شادی و

ڕازاندنەوەی ئاهەنگە جۆراوجۆرەکانیان وەئەستۆ گرتووە.

ئۆرگانێکی فەرعیی دیکەی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی هێزی سامرەندە. ئەم هێزە بە شێوەی سەرەکی ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و کەمپەکانی حیزب لە دەوروبەری دەفتەری سیاسیی لە ئەستۆیە. کاروتێکۆشانی پێشمەرگانی ئەو هێزە بەڕاستی جێگای ڕێز و شانازی و ئافەرینە. ئەو هاوڕێیانە بە گەرمای تاقەتپڕووکێنی هاوین و سەرمای سەختی زستان هەمیشە دەست لە سەر پەلاپیتکە و بە چاوی تیژبینەوە ئامادەی بەرپەرچدانەوەی هەر پەلامارێکی دوژمنانی حیزبین کە ڕوو بکاتە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان. زۆرمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین هێزی سامرەند یەکێک لە ماندووترین و پڕکارترین ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

لە چەند مانگیی دوایی‌دا ئۆرگانیکی فەرعیی تازەش کەوتۆتە سەر ئۆرگانەکانی سەر بە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی، ئەویش ناوەندی وەرگرتن «مرکز پذیرش»ە. کاری ئەو ناوەند، وەرگرتن و لێپرسینەوە و ساغکردنەوەی ئەو کچ و کوڕانەیە کە تازە دێنە ڕیزی پێشمەرگەوە. لەمێژ بوو جێگای ئۆرگانێکی لەو بابەتە لە حیزبدا خاڵی بوو. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بە هەموو شێوەیەک لە بیری زەربەلێدانی حیزبدایە، زۆر جار هەوڵی داوە بەکرێگیراوانی خۆی بە ناوی هاتن بۆ پێشمەرگایەتی بخزێنێتەوە نێو ڕیزەکانی حیزب. پێشتر کاری ساغکردەنەوەی پێشمەرگە تازەکان لە ئەستۆی کۆمیتەی ئەمنیەت و سەرئەنجام فێرگە بوو. بەڵام ئێستا بەشی بنەڕەتیی ئەو ئەرکە لە ئەستۆی ناوەندی وەرگرتنە کە بە خۆشییەوە بە لێوەشاوەیی ئەو ئەرکەی بەجێ گەیاندووە و لەو ماوە کورتەدا زۆر پیلانی دەزگا جاسووسییەکانی ڕێژیمی پووچەڵ کردۆتەوە و چەندین جاسووس و بەکرێگیراو و هەڵخەڵەتاوی دۆزیوەتەوە. پاشانیش ئەو ناوەندە هێندێ دەرسی سەرەتایی بە پێشمەرگە تازەکان دەڵێ و بۆ چوونی فێرگەی سیاسی- نیزامی ئامادەیان دەکا.

حەز دەکەم ڕێگام بدەن لە لایەن هەموو ئەندامانی کۆنگرەوە سوپاس و ئەمەگناسی لە کار و تێکۆشانی هەموو هاوڕێیانی حیزبی لە کۆمیتەکانی مەڵبەند و شارستان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و لە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی و ئۆرگانە فەرعییەکانی فیرگە و ناوەندی وەرگرتن و هێزی سامرەندا پێشکەش بەو هاوسەنگەرانە بکەم، دەستی ماندوویان بگوشم و سەرکەوتنی زیاتریان لە خزمەت بە ئامانجەکانی حیزب و گەلدا بۆ بەئاوات بخوازم.

لێرەشدا وەک حیزبێکی مەسئوول و زیندوو کە هەمیشە بەرەوپێش دەڕوا و بەرەو ژوور دەڕوانێ، پێویستە هێندێ کەموکوڕی لە کاری کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی‌دا دەست نیشان بکەین. گەورەترین ناتەواویی ئەم بەشە کە بێشک گرینگترین ئۆرگانی حیزبییە، لە شێوەی ڕێکخستن، واتە «سازماندهی»دایە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سازماندهی لە حیزبی ئێمەدا کەم و زۆر هەر ئەو سازماندەییەیە کە زیاتر لە ١٨ ساڵ لەمەوبەر ئەو کاتە کە دەیان هەزار کیلومیتر خاکی ڕزگارکراومان لەبن پێدا بوو، دامان ناوە. ئەوجۆرە ڕێکخستنە بە هیچ جۆر بۆ هەلومەرجی ئێستای تێکۆشانی حیزب موناسیب نییە. وەک لە بیرمانە لە کۆنگرەی دەهەمی حیزبیشدا بە جۆرێک پێویستیی گۆڕینی سازماندەهی هاتە پێش، بەڵام لەبەر هێندێ هۆ و هێندێک هەلومەرجی تایبەتی ئەو کارە جێبەجێ نەکرا. کەوایە ئەم کۆنگرەیە دەبێ گۆڕینی سازماندهی بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب و کۆمیتە و کۆمیسیۆنەکان و بۆ یەک یەکی تێکۆشەرانی

حیزب بە ئەرکێکی پیرۆز دابنێ و ڕێگای خۆ لێبواردنی نەهێڵێتەوە. کەموکوڕیی دیکەش هەر لە ئەوە بەشەدا هەن، بەڵام بە باوەڕی ئێمە گۆڕینی سازماندەهی بە شێوەیەک کە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای خەباتەکەمان ڕێک بکەوێ، دەبێتە کلیلی چارەسەری گیروگرفتەکانی دیکەش.

### د- کۆمیسیۆنی ڕادیۆ

کۆمیسیۆنی ڕادیۆ جگە لە بەڕێوەبردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بەرپرسایەتیی بەشی بێسیم و بەشی فیلمیشی بە ئەستۆوەیە. لێرەدا هەوڵ دەدین کار و تێکۆشانی سێ ساڵی ڕابردووی کۆمیسیۆن لە هەریەک لەم سێ بەشەدا بە کورتی بخەینە بەرچاو:

کاتێک کۆنگرەی دەهەمی حیزب لە بەهاری ساڵی ١٣٧٤دا گیرا، هێشتا ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران داخرابوو. بەڵام لە بەر ئەوەی نەبوونی ڕادیۆ کەلێنێکی گەورەی لە پێوەندیی بەردەوامی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا پێکهێنابوو، وەڕێ خستنەوەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان وەک پێویستییەکی زۆر گرینگ خۆی دەنواند. بۆیە لە لایەک دەفتەری سیاسی هەوڵی دۆزینەوەی جێگای موناسیب بۆ وەڕێخستنەوەی ڕادیۆی دەست پێ کرد و لە لای دیکەش موهەندیس و کادری فەننیی ڕادیۆ بۆ وەکارخستنەوەی دەزگاکانی ڕادیۆ دەست بەکار بوون. ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٤ دا ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەرەسمی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی دەست پێ کردەوە و خەڵکی کوردستان لە ڕێگای ڕادیۆ لە بەرنامەکانی جەژنی پەنجا ساڵی دامەزراندنی حیزبەکەمان ئاگادار بوون.

لەو کاتەوە تا ئێستا ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بێپسانەوە و بە ڕێکوپێکی بەرنامەکانی خۆی ڕۆژانە لە دوو نۆرەدا بڵاو کردۆتەوە و ئۆگرانی بیستنی نەزەر و بۆچوونەکانی حیزبی لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب ئاگادار کردووە. تا ماوەیەک لەمەوبەر ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە بەر هێندێک گیروگرفتی تەکنیکی نەیدەتوانی لە هەموو ئیمکاناتی خۆی کەڵک وەرگرێ و وەختی یەکەمی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانیشی بۆ گوێگرەکانی دڵخواز نەبوو. بە خۆشییەوە لەم دواییانەدا ڕادیۆ بە سەر ئەو گیروگرافتانەدا زاڵ بووە و لە ئاکامی کارو تێکۆشانی موهەندیس و کادری فەننی دا ئێستا ئەو ڕادیۆیە لە تەواوی زەرفییەتی خۆی کەڵک وەردەگرێ.

بەشی بێسیم شەبەکەیەکی بەربڵاوی موخابەراتیی بۆ پێوەندیی بەردەوام لە نێوان ئۆرگانەکانی حیزبیدا پێکهێناوە و ڕۆژانە چەند نۆرە پێوەندیی بێسیمی لە نێوان دەفتەری سیاسی لە لایەک و تەواوی کۆمیتەکان و بنکەکانی پێوەندیی دەرەوە لە لایەکی دیکە بەرقەرار دەبێ و هەر کاتێکیش پێویست بێ ٢٤ ساعەت تەماسی بێسیمی دادەنرێ و کادرەکانی ئەو بەشە وەک سەربازانێکی فیداکار شەو و ڕۆژ ئامادەی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیانن. بێجگە لەوەش کاناڵێکی کراوەی بێسیمی بۆ کاروباری ئۆرژانس دانراوە کە هەر وەخت پێویست بێ، ئۆرگانەکانی دوور لە ناوەندی دەفتەری سیاسی دەتوانن زەنگی بۆ لێ بدەن. بەشی بێسیم، مەرکەزی کۆنترۆلیش ئیدارە دەکا و سرویس و نیگادارییی تەواوی دەزگاکانی بێسیم لە سەرتاسەری کۆمیتەکان و بنکەکانی حیزبیشیدا گرتۆتە ئەستۆی خۆی و هەرگیز نەیهێشتوە پۆستێکی بێسیمی حیزبی لەبەر گیروگرفتی تەکنیکی پێوەندی بپچڕێ. هەر لەم بەشەدا

پێویستە باسی پێرسۆنیلی تەلەفونخانەش بکرێ کە هەرچەند ئیمکاناتی زۆر سەرەتاییان لە بەر دەستدایە، پێوەندییەکی ڕێکوپێک و بەردەوامیان لە نێوان ئۆرگانەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی‌دا دروست کردووە.

بەشی فیلم لە حیزبدا بەداخەوە ساوایە. بەو حاڵەش ئەو بەشە ئارشیوێکی دەوڵەمەندی لە فیلمی موستەنەد و لە جێژنەکان و ڕێوشوێنە خۆش و ناخۆشەکانی مێژووی حیزب پێکهێناوە کە بۆ بەرەکانی داهاتووی حیزب بە سەرمایەیەکی بەنرخ و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو دادەنرێ.

ڕێگا بدەن بە دڵەوە ڕێز بۆ کاروباری کادری نووسین و کادری فەننی و تەواوەتی پێرسێنێلی ڕادیۆ و هەروەها کادرەکانی بەشی بێ‌سیم و فیلم لە کۆمیسیۆنی ڕادیۆ دابنێم، سوپاسی زەحمەتەکانیان بکەم و سەرکەوتنی زیاتریان لە بەجێ‌گەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانیان‌دا بۆ بەئاوات بخوازم.

لە کاری ڕادیۆش‌دا بەداخەوە کەموکوڕیمان هەیە. ڕادیۆ بەو جۆرەی پێویستە سەرچاوە و چاپەمەنیی ڕۆژی بۆ ئامادە کردن و نووسینی مەتڵەب پێ ناگا و جگە لە دەستەی نووسەرانی ڕادیۆش بە ڕاشکاوی دەبێ بگوترێ زۆر بە کەمی هاوڕێیانی دیکەی حیزبی هاوکاریی لەگەڵ دەکەن. بۆیە لەگەڵ هەموو کار و ماندووبوونەکانی کادری ڕادیۆ، هێندێ جار ڕادیۆ ناچار دەبێ وتاری تێکراری بڵاو بکاتەوە و جاروباریش پایەی ئەو نووسینانە کە تێی‌دا بڵاو دەکرێنەوە بەڕادەی پێویست لە سەرێ نییە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر جار لە لایەن ڕووناکبیرانی کوردەوە گەلەییمان لێ بکرێ. لەبەر ئەوە بەڕاستی پێویستە هەم بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ لەو بارەیەوە پتر خۆ ماندوو بکەن، هەم هەوڵ بدرێ سەرچاوەی بەکەڵک بۆ ڕادیۆ دابین بکرێن و هەمیش کادری نووسینی ڕادیۆ بەهێزتر بکرێ.

### ە- کۆمیسیۆنی ماڵی و خەدەمات

کۆمیسیۆنی ماڵی و خەدەمات چەند بەشی، حیسابداری، تەداروکات، خەدەمات و بازڕەسیی لێ دەبنەوە. لە نێوان دوو کۆنگرەی ١٠ و ١١دا بەشی ماڵی و حیسابداری وێڕای ڕاگرتنی حیسابی داهات و دەرکەوتی خۆی، چاودێریی بەسەر وەزعی ماڵیی کۆمیتەکانی حیزبی‌دا کردووە، بە پێی هەلومەرج ساڵانە بودجەبەندیی بۆ کردوون و بە ڕێکوپێکی و بە شێوەی مانگانە بە حیساب و دەخل و خەرجی ئۆرگانەکانی حیزبی‌دا چۆتەوە. بێجگە لەوانە کلاسی حیسابداریی بۆ بەرپرسانی حیسابداری لە کۆمیتەکان‌دا کردۆتەوە و فێری ڕێوشوێنی دروستی ڕاگرتنی حیسابی داهات و دەرکەوتی کردوون.

بەشی تەداروکات لە کۆمیسۆنی ماڵی یەکێک لە چالاکترین ئۆرگانەکانی حیزبە. ئەگەر لە بەرچاو بگرین کە لەگەڵ هەموو گیروگرفتەکانی کاری ئەو بەشە و لەگەڵ ئەو هەموو ئەو ناتەواوییە کە لە باری ئابوورییەوە لە ناوچەکەدا هەیە، هەرگیز بنکەکان و کەمپەکانی حیزب هەستیان بە نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان نەکردووە و قەت ڕێ نەکەوتوە خاروبار بە وەخت بەسەر هەموو بەشەکاندا دابەش نەکرێ، ئەودەم تێدەگەین هاوڕێیانی ئەو بەشە چ ڕەنجێکی فەرهادییان داوە تا توانیویانە پێداویستییەکان بەوەخت و تەنانەت پێش‌وەخت دابین بکەن و نەهێڵن بنکەکانی حیزب و بنەماڵەکان بۆ وەدەستهێنانی هیچ کام لە پێویستییەکانی

ژیان و گوزەران بکەونە تەنگانەوە. دابینکردنی پێداویستییەکانی تەواوی ئۆرگانەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی، کڕین و عەمبارکردنی خاروبار و سووتەمەنی بۆ هەموو بنکە و ئۆردوگاکانی حیزب لە کوردستانی عێراق، ڕاگەیشتن بە ڕاگرتن و چاککردنەوەی ماشێنەکان و ئیدارەی ساڵۆنی گشتیی دەفتەری سیاسی و دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆبوونەوە حیزبییەکانی و یەک لەوان ئەم کۆنگرەیە، هەموویان لە ئەستۆی بەشی تەداروکاتن کە بە باشترین شێوەی مومکین بەڕێوە براون.

بەشی خەدەمات کە لە دروستکردن و چاککردنەوەی خانووبەرەوە لە ئەستۆیەتی تا کاروباری لوولەکێشی و سیمکێشی و جۆشکاری و دابینکردنی کەرەسەی هاتوچۆ بۆ کاروباری ئۆرگانەکانی حیزب و بردن و هێنانەوەی قوتابیانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی بۆ شار و گوازتنەوەی خاروبار لە بازار بۆ ناوەندی تەداروکات و لەوێوە بۆ کۆمیتەکان، بە فیداکاری و ماندووبوونێکی زۆری پێرسۆنێلی خۆی توانیوتی لە ئەنجامدانی هەموو ئەرکەکانی‌دا سەرکەوتن بە دەست بێنێ. یەکێک لە نموونەکانی کاری چالاکانەی ئەو بەشە دروستکردنەوە و چاک کردنەوەی ٢٢٨ خانوو بوو کە لە هێرشی گەلاوێژی پاری هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر دەفتەری سیاسی‌دا زیانیان پێ گەیشتبوو. لەگەڵ هەموو کەمبوون و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگا، ئەو کارە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بەڕێوە چوو و بەخۆشییەوە هیچ کام لە بنەماڵەکان دوچاری بێ‌جێ‌وڕێیی و بێ‌سەرپەنایی نەهاتن. بەشی خەدەمات ئەم ساڵ دەورەیەکیشی بۆ فێرکردنی ڕانەندەگی کردۆتەوە و ژمارەیک شۆفیری تازەی بۆ کار لە ئۆرگانەکانی حیزب‌دا پێ‌گەیاندوە.

ئەگەرچی ئەم ساڵ لە بەر کەمبوونی کادر، بەشی بازڕەسی نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی بە تەواوی بەجێ بگەیەنێ، بەڵام ئەو بەشەش لە کاری خۆی‌دا چالاک بووە و ساڵەکانی پێشتر بە وردی لێکۆڵینەوەی لە چۆنیەتیی داهات و دەرکەوتی کۆمیتەکانی حیزبی و بەشی تەداروکات و فرۆشگاکانی حیزب کردووە و کەموکوڕییەکانی دەستنیشان کردوون.

لە باسی کار و تێکۆشانی کۆمیسیۆنی ماڵی‌دا حەز دەکەین ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەو بەشە لە کاروباری حیزبی، خەڵکێکی زۆر کاری پێی هەیە و هەموانیش چاوەڕوانیی زۆریان دەبێ. بۆیە ڕەنگە زۆر جار هاوڕێیانی حیزبی لەو بارەوە گلەیی لە کۆمیسیۆن و بەشە جۆراوجۆرەکانی بکەن. لەو بارەیەوە ئەگەر بەرخوردی بەرپرسانی ئەو بەشە شتی ناشیرینی تێدابووبێ لە کاتی خۆی‌دا لێی پرسراوەتەوە و لەمەودواش هەر دەبێ لێی بپرسرێتەوە. بەڵام بەڕاستی هەقە هاوڕێیانی حیزبیش ڕێز بۆ کار و ماندووبوونی پیرسۆنێلی کۆمیسیۆنی ماڵی و خەدەمات دابنێن و داوای شتی وایان لێ نەکەن کە لە چوارچێوەی سەڵاحییەتی وان، یان لە جێ‌دا لە چوارچێوەی ئیمکاناتی حیزب بەدەرە. ئەوان نە ئیمکاناتی بێ‌سنووریان لەبەر دەستە و نە سەڵاحییەتی بێ‌سنووریان پێ دراوە. بەم هۆیەوە پڕ بە دڵ لە کار و تێکۆشانی هەموو بەشەکانی کۆمیسیۆنی ماڵی سوپاس دەکەم و هیوادارم لەمەودواش ئەو کۆمیسیۆنە هەر وا چالاکانە لە خزمەتی حیزبەکەمان‌دا بێ و بە لێوەشاوەیی ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێ.

سروشتییە کە کاری کۆمیسیۆنی ماڵییش بێ ناتەواوی و کەموکوڕی نییە. پێمان باشە لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە یەکێک لە ناتەواوییەکانی ئەو بەشە بکەین کە ڕەنگە چارەسەرکردنی ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەموو ناتەواوییەکانی دیکەش. بەداخەوە کاری کۆمیسیۆنی ماڵی

لە کۆنەوە تا ئێستا ئەو عەیبەی هەبووە کە زیاتر حیسابدار بووە. بەو مانایە کە یەکجار زۆر کەم بەرنامەی بۆ بەدەستهێنانی داهات هەبووە و دەکرێ بڵێین لە سەداسەد پشتی بەو پووڵانە بەستووە کە لە دەفتەری سیاسیی وەرگرتوون، لە کاتێکدا هونەری بەشی ماڵی لە پێشدا لەوەدایە کە داهات بۆ حیزب پەیدا بکا. ئەم وەزعە ئەگەر تا ئێستا بە هەرحاڵ تەحەممول کراوە، نابێ لەمەودوا درێژەی هەبێ. کۆمیسیۆنی ماڵی دەبێ لە هەر ڕێگایەکی مەشرووعەوە لە فکردا بێ ئەگەر نەشتوانێ سەدی سەد، لانیکەم پەنجا لە سەدی خەرجەکانی حیزب لە ڕێگای بەرنامەڕێژی و کاری بەرهەمدارەوە بەدەست بێنێ.

### و- کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

کاری کۆمیسۆنی کۆمەڵایەتی چوار بەشی سەرەکیی لێ دەبنەوە: قەزایی، شەهیدان، کۆڕی پەروەردە و نەخۆشخانە کە هەوڵ دەدەین کورتەیەک لە کار و تێکۆشانی هەر کام لەو بەشانە بخەینە بەرچاو.

ئەوە جێگای شانازییە و نیشانەی نفووزی حیزبەکەمانە کە لەگەڵ ئەوەی ناوچەی ڕزگارکراومان بەدەستەوە نییە و سەرباری هەموو زەبروزەنگی ڕێژیم، هاونیشتمانەکان زۆر جار بۆ چارەسەری ناکۆکی و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان موراجەعە بە بەشی قەزایی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی دەکەن. بەشی قەزایی لە هەمووی ئەو گیروگرفتانە دەکۆڵێتەوە هەوڵ دەدا ناکۆکییەکانی نێوان هاونیشتمانیان بێئەوەی بچنە بەردەستی مۆرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لەسەر دەستی نوێنەرانی جێگای متمانەی خۆیان چارەسەر بکرێن. جگە لەوە بەشی قەزایی لێکۆڵینەوەی پەروەندەی ئەو تاوانبارانەشی بەئەستووەیە کە لە لایەن ڕێژیمەوە کاری جاسووسی و تێرۆر بە دژی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنیان پێ دەسپێردرێ و دەکەونە چەنگی عەداڵەت. بەشی قەزایی بە هاوکاریی هاوڕێیانی کۆمیتەی ئەمنیەت لە هەمووی ئەو پەروەندانە دەکۆڵێتەوە و بۆ حوکملەسەردان دەیاندا بە دادگای شۆڕش. ئەگەرچی ئەو بەشە ئیمکاناتی زۆر کەمی لەدەستدایە و تەنانەت زۆر جار کادریشی بە ئەندازەی پێویست نییە، بەوحاڵەش کاری خۆی بە ڕێکوپێکی و بە شێوەیەکی جێی ڕەزامەندی بەڕێوە بردوە.

بەشی قەزایی بە حوکمی کارەکەی خۆی چارناچار زیندانیشی هەیە. ئەوانەی لە زیندانی بەشی قەزاییدا ڕادەگیرێن، بەشێکی کەمیان ئەو کەسانەن کە دوچاری خیلافکارییەکی حقووقی و کۆمەڵایەتی دەبن و بۆ ماوەیەک زیندانی دەکرێن. بەشی زۆرتریشیان ئەو بەکرێگیراوانەن کە مەئمووریەتی تێرۆر و جاسووسییان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێ سپێراوە. هەر کام لەوانە بە پێی تاوانەکانیان سزایان بۆ دیاری دەکرێ و لە زینداندا ڕادەگیرێن. زۆریش وایە پێش تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەیان لێخۆشبوونیان بۆ دەردەچێ و ئازاد دەکرێن. ئەوەی زۆر گرینگە ئەو بەشەیە کە لە زیندانی حیزبدا مافە ئینسانییەکانی زیندانییان دەپارێزرێن. زیندانی سووکایەتیی پێ ناکرێ، ئەشکنجە بە تەواوی قەدەغەیە، هەموو زیندانییەک دەتوانێ کەسوکاری- ئەگەر بێنە سەردانی- ببینێ و بە کورتی هیچ ڕەفتارێکی ناشیرینیان لەگەڵ ناکرێ.

بەداخەوە لەبەر ئەوەی هاتوچۆی بنەماڵەی شەهیدان بۆ لای بەشی شەهیدان زۆر بەزەحمەتە،

ئەو بەشە زۆر جار نەیتوانیوە بە هەموو شەهیدەکان ڕابگا. بەو حاڵەش لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەشی شەهیدان بە دەیان میلیۆن تمەن یارمەتیی بەو بنەماڵە شەهیدانە کردووە کە بە پێی ئوسوول هەقی وەرگرتنی شەهیدانەیان هەیە.

لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێکە بە هۆی نیزیکیی بنکەکانی حیزب لە شارەکانی کوردستانی عێراق دەرەتانی خوێندنی منداڵانی هاوڕێیانی حیزبی لە مەدرەسەکانی ناوچەدا هەیە، کۆڕی پەروەردە و فێرکردن تێکۆشانی خۆی بە لێوەشاوەیی درێژە داوە. لە بەشێکی کەمپەکانی حیزبیدا قوتابخانەی سەرەتایی بۆ منداڵان داناوە و جگە لەوە کلاسی خوێندەوار کردنی بۆ ژنانی نەخوێندەواریش کردۆتەوە و زۆر لە خۆشکەکانی فێری خوێندنەوە و نووسین کردوون. سەرپەرستیی کاروباری ناونووسی و دامەزرانی ئەو قوتابییانەش کە بۆ درێژەدانی خوێندنی دەبیرستان دەچنە شارەکانی کوردستانی عێراق هەر لە ئەستۆی کۆڕی پەروەردەیە و لەو بارەیشەوە هەوڵ و تێکۆشانیان جێگای ڕێز و ئەمەگناسییە. شتێکی بۆ حیزبەکەمان بە گشتی جێی شانازییە ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو ئەو هەلومەرجە دژوارەی لەگەڵی ڕووبەڕوویە، دەرەتانی خوێندن لە بەرزترین پلەکانیدا بۆ هەموو منداڵانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب پێکهێناوە و هیچ کەس لە بەر نەبوونی ئیمکانات درێژەدانی خوێندن بێبەش نییە.

کاری نەخۆشخانەی ئازادی- نەخۆشخانەی حیزب- بە هەق شانازیخوڵقێنە. ئەو نەخۆشخانەیە پێشتر بە هۆی پزشکانی فەڕانسەییەوە بەڕێوە دەچوو. بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا زۆر بە کەمی نەخۆشخانە دوکتوری بێگانەی لێ بووە و گرانایی کارەکەی بە تەواوی لە ئەستۆی دوکتورەکان و کادرەکانی خۆمان بووە. ئەو هاوڕێ تێکۆشەرانە کە کاری پزیشکی لە بەردەستی پزیشکە خاریجییەکاندا فێر بوون، نەک هەر زۆربەی زۆری نەخۆشەکانیان بۆ خۆیان دەرمان کردووە، بەڵکوو زۆر جار بۆ عەمەلی جەڕاحییش نەیانهێشتوە نەخۆشەکانیان موحتاجی چوونی شارەکان بن. دیارە ئەو نەخۆشانەی پێویستییان بە عەمەلی گەورەتر، یان موراجەعە بە مەرکەزی دەرمانیی تەیارتر هەیە لە سەر تەشخیسی دوکتورەکانی خۆمان ڕەوانەی شارەکانی عێراق دەکرێن. بەڵام بە شاهیدیی نەخۆشخانەکان و ڕێکخراوە پزیشکی و دەرمانییە بێگانەکانیش، نەخۆشخانەی ئازادی هەرچەند ئیمکاناتی کەمتری هەیە، لەباری پاک و خاوێنی و پێڕاگەیشتنەوە لەنێو هەموو نەخۆشخانەکانی ناوچەدا نموونەیە.

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا نیزیک بە ٢٥ هەزار نەخۆش لە کادر و پێشمەرگەی حیزب و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزبی و هاونیشتمانە کوردە عێراقییەکان سەریان لە نەخۆشخانەی ئازادی داوە و عیلاجیان وەرگرتووە و بە هەزارن کەسیش کاری عەکسبەرداری و ئازمایشی جۆراجۆر و تەنانەت عەمەلی جەڕاحییان بۆ کراوە.

لە کارە بەسوودەکانی کادری نەخۆشخانە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا کردنەوەی چەند دەورەی دەرمانی بۆ هاوڕێیانی حیزبییە کە لەواندا دەیان کەس لە پێشمەرگەکان و هەروەها لە خوشکەکان فێری کاروباری دەرمانی بوون و توانیویانە خزمەتی دەرمانی بە هاوڕێیانی پێشمەرگەیان و بە ژن و منداڵی هاوڕێیانی حیزبی لە کەمپەکانی سەر بە حیزبدا پێشکەش بکەن.

لە چوارچێوەی ئەو ئیمکاناتەدا کە بۆ هەموو بەشەکانی کاروباری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی هەیە، دەکرێ بڵێین بە تێکڕا ئەرکەکانی خۆیان زۆر بە باشی بەڕێوە بردووە و لەو بارەیەوە

جگە لە ڕێز و سوپاس و ئافەرین شتێکمان نییە، بەڵام زۆر بەجێیە بە ڕاشکاوی بگوترێ کە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمیسیۆنە پێویستییان بە پێڕاگەیشتنی زیاتر و هەوڵی زیات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان هەیە، کە هیواداریـن کۆمیتەی ناوەندی لە داهاتوودا زیاتر لە فکریاندا بی. بە تایبەتی پێویستە لێرەدا داوا لە هاوڕێیانی بەرپرس و کادرەکانی کۆمیتە جۆرارجۆرەکانی حیزب بکەین ڕێزێکی زیاتر لە مامۆستاکانی شۆڕش و کادرە دەرمانییەکان بگرن و زیاتر بە کارەکەیان دڵخۆشیان بکەن.

لە باسی کاروباری کۆمەڵایەتی‌دا زۆر بەجێیە بە سوپاس و ئەمەگناسییەوە یادی دوو ڕێکخراوی ئینسان‌دۆستی فەرانسەیی بکەینەوە: بنیاتی «فرانس لیبرتێ» کە مەدرەسەیەکی شەش کلاسەی مۆدێرنی بۆ قوتابخانەی ئازادی لە کەمپی دەفتەری سیاسی دروست کردووە و ڕێکخراوی «پزیشکانی جیهان» M.D.M کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا هەر وەخت جەڕڕاحی لە کوردستانی عێراقدا بووبێ، حەوتووی دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانەی ئازادی کاریان کردووە و لەو ماوەیەدا دەیان نەخۆش و برینداریان عەمەل کردووە. هەروەها پێویستە سوپاسی قوتابخانەی «سپرۆنگ» لە لێواردێنی هولەند بکەین کە خەرجی دروستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی بۆ ئۆردووگای کوردە ئێرانییە ئاوارەکان لە جێژنێکانی نیزیک شاری هەولێر وەئەستۆ گرت.

### ز- کۆمیتەی ئەمنیەت

هەتا چەند ساڵ لەمەبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەزگایەکی تایبەت بە کاروباری ئەمنیەتیی نەبوو. تا ئەودەم ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی حیزب و دۆزینەوە و بەرپەرچدانەوەی نەخشە و پیلانەکانی دوژمن بە شێوەیەکی گشتی لەسەر شانی تەشکیلاتی حیزب بوو و نابێ بیشی‌شارینەوە کە ئەگەر هەلومەرجی ژیان و خەباتمان وەک ئەوە بایە کە ئێستا تێیداین، لەوانە بوو زەبری زۆر گورچووبڕترمان وێ کەون. بۆیە پێکهاتنی ئۆرگانێک بۆ پاراستنی ئەمنیەت ببوو بە پێویستییەکی مێژوویی و هەر بۆ وەڵامدانەوە بەو پێویستییەش بوو کە پاش کۆنگرەی ٩ کۆمیتەی ئەمنییەت دامەزرا. بەڵام ئەوی ڕاست بێ ئەو کۆمیتەیە لە سەر زەوییەکی بەیار دامەزرا و هیچ ئەزموونێکی پێشووتری لەبەردەستدا نەبوو. لەو وەزع و حاڵەدا کۆمیتەی ئەمنیەت بە کادرێکی زۆر کەم و بێ‌تەجرەبە و بە ئیمکاناتێکی یەکجار کەمەوە دەستی بەکار کرد و دەبوو لەگەڵ یەکێک لە جەهەننەمی‌ترین دەزگا پۆلیسییەکانی ناوچەش بەربەرەکانێ بکا. ئەمە بۆیە باس دەکەین تا بزانین کاری ئەو کۆمیتەیە چەندە قورس بووە و تا چ ڕادەیەک هەقمان بووە چاوەڕوانیمان لێی هەبێ.

بەو حاڵەش هاوڕێیانی ئەو بەشە لە سفرەوە دەستیان پێ کرد و بە ئیمان بە پیرۆزیی ئەو ئەرکە کە حیزب بۆی داناون، شەویان خستە سەر ڕۆژ و بێ‌پسانەوە هەوڵیان دا تا بناخەیان دامەزراند و ئەزموونیان وەسەریەک نا و کارەکانیان خستە سەر گەڕ. ئەگەر بە چاوی ئینسافەوە بڕوانینە کاری ئەو بەشە لە دەزگای حیزبیمان دەبینین هەر لە ساڵەکانی یەکەمی پێکهاتنی‌ڕا کاری بەنرخی لە دەست هاتووە و زۆر مەترسیی ئەمنیەتی لەسەر حیزبەکەمان ڕەت کردوون. بەڵام بێینە سەر بیلانی کار و تێکۆشانی کۆمیتەی ئەمنیەت لە سێ ساڵی نێوان دوو کۆنگرەی ١٠ و ١١ دا.

ئەوە ڕاستە کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا بەداخەوە ئێمە چەندین کردەوەی تیرۆریستیمان لەسەر پیادە کراون و تەنانەت بۆ یەکەم جار دوژمن توانی نفووز بکاتە نێو یەکێک لە بنکەکانی حیزب و زیاتر لە سەد کادر و پێشمەرگەمان دەرمانداو بکا. بەڵام ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ئێمە لە وڵاتی خۆمان نین و لە هەموو شوێنێک ناتوانین چاوەدێریی وەزعی ڕێگاوبان و دەوروبەری خۆمان بکەین و بە تایبەتی ئەگەر ئەوەشی بخەینە سەر کە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران لە کوردستانی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر ئازادیی کردەوەیان هەیە، ئەودەم دەزانین کە ئەو تیرۆرانە لەبەر ئەوە نین کە کۆمیتەی ئەمنیەت نەیتوانیوە کاری خۆی بە باشی بکا.

هەر بۆ نموونە با قسە لە کارەساتی دەرمانداوبوونی هاوڕێیانی کۆمیتەی سنەمان بکەین. ئەوە زەبرێکی زۆر گەورە بوو کە وێمان کەوت و لەڕاستیدا جۆرێک شانسمان هێنا کە تەلەفاتی گیانیمان نەبوو. بەو حاڵەش جگە لەوە کە سەرکەوتنی ئەو پلانە تیرۆریستییە بەرهەمی جۆرێک کەمتەرخەمی و بێدیقەتیی هاوڕێیانی بەرپرسی ئەو بەشە بووە، دەبێ لەبیرمان بێ کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەزگای ئەمنیەتی حیزب لانیکەم شازدە حاڵەتی لەو بەرنامە دژی ئینسانییەی ڕێژیم پووچەڵ کردۆتەوە، لە چەند حاڵەتیاندا دەرمانەکانی گرتوون و لە بەشەکەی دیکەشدا تاوانباران دانیان بە تاوانەکەیان داهێناوە و زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئیعترافانە بە فیلم  لە ئارشیوی کۆمیتەدا ڕاگیراون.

بێجگە لەوە هاوڕێیانی کۆمیتەی ئەمنیەت لە سێ ساڵی ڕابردوودا بە دەیان پیلانی تیرۆریان دۆزیوەتەوە و پووچەڵیان کردۆتەوە، چەندین تیرۆریست و بەکرێگیراویان ناسیوە و خستوویانەتە چەنگی عەدالەت و هەر کامەیان بەپێی ئەو تاوانە کە کردوونی سزای خۆی وەرگرتووە. لە بارێکی دیکەوە کۆمیتە بەشی فەرعیی لە هەموو کۆمیتەکانی حیزبیدا پێکهێناوە، دەورەی بۆ کادرکانی ئەو بەشە کردۆتەوە و فێری خەبەر کۆکردنەوە و پەروەردەکردنی خەبەر و بە گشتی کاری ئەمنیەتیی کردوون. ئاکام ئەوەیە کە نیسبەتی ئەو نەخشە تیرۆریستییانەی گەیشتوونە قۆناخی جێبەجێکردن، لە چاو ئەوانە کە پووچەڵ کراونەوە لە دە لە سەد تێناپەڕێ.

یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی کۆمیتەی ئەمنیەت پارێزگاری لە سکرتاریا و دابینکردنی ئەمنییەت بۆ ئەندامانی دەفتەری سیاسییە. باسکی چەکداری کۆمیتە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە قورس و هەر لەو کاتەدا پیرۆزە، هێزی پارێزگارییە. زۆرمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین پێشمەرگەکانی ئەو هێزە ماندووترین و پرکارترین بەشی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانن. ئەو هاوڕێیانە بێجگە لە پاراستنی بنکەی سکرتاریا و بەشێکی زۆر لە «محوطە»ی دەفتەری سیاسی، لە هەموو سەفەرەکانی ئەندامانی دەفتەردا پاراستنی ئەمنیەتی گیانیی ئەوانیان لە ئەستۆیە و بۆ هەر مەئموورییەتێکی گرینگیش کە پێیان بسپێردرێ، بە گیان و دڵ ئامادەن. ئەوان بەڕاستی ماندوون، بەڵام هیچ وەخت ماندووییان پێوە دیار نییە و لە ئەنجامی ئەرکی حیزبیدا وەخت و بێ وەخت و شەو و ڕۆژ ناناسن.

سەرکەوتنی کۆمیتەی ئەمنییەت لە بەجێ هێنانی ئەرکەکانیدا ئەگەر بەشێکی بەرهەمی کار و ماندووبوونی کادرەکانی ئەو کۆمیتەیەیە، بەشێکیشی ئاکامی هاوکاریی هەموو تێکۆشەرانی حیزبە. هاوڕێیانی حیزبی لە هەموو ئۆرگانەکاندا کە دەزانن کۆمیتەی ئەمنیەت لە خۆیانە و

بۆ خۆیانە، بە دڵەوە هاوکاریی لەگەڵ دەکەن و هەر زانیارییەکیان دەست دەکەوێ دەیگەیەننە کۆمیتە. کۆمیتەی ئەمنیەت زۆر جار سوپاس و پێزانینی بەرامبەر بەو هاوسەنگەرانە کە کۆمەگیان کردووە، دەربڕیوە. ئیمەش لە کاتێکدا سوپاسی زەحمەتەکانی کادری ئەمنییەت و هاوکاریی هەموو تێکۆشەرانی حیزبی لەگەڵ ئەو بەشە دەکەین، داومانە لە داهاتووشدا زیاتر هاوکاریی ئەو کۆمیتەیە بکرێ و ئیمکاناتی پێویستی بۆ دابین بکرێ، تا بتوانێ باشتر بە ئەرکەکانی ڕابگا. ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتیش بۆ پێشمەرگەکانی هێزی پارێزگاری.

## ح- کۆمیتەی ئامووزش

کۆمیتەی ئامووزش (فێرکردن) لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا تێکۆشانی بەرچاوی لە پێناوی پێگەیاندنی کادر و پێشمەرگەی حیزبدا لە خۆی نیشان داوە. لەو ماوەیەدا پێنج دەورەی سەرەتایی و سێ دەورەی ناوەندیی سیاسی پێکهێناوە کە بەو تێکڕا ٢١٦ کەس تییاندا بەشدار بوون و لە بوارە جۆراجۆرەکانی مێژوو، جوغرافیا، سیاسەت، ئابووری و ئوسوولی تێکۆشانی حیزبی و... دا شت فێر بوون و پلەی وشیاریی خۆیان بردۆتە سەر. کۆمیتە بۆ پێشمەرگە نەخوێندەوارەکانیش کلاسی خوێندەوارکردن (سواد آموزی)ی داناوە و لەو ماوەیەدا ١٥٩ پێشمەرگە لەو جۆرە کلاسانەدا دەرسیان خوێندوە.

هەر لە پێناوی بردنە سەری پلەی ئاگایی تێکۆشەرانی حیزبدا کۆمیتەی ئامووزش دەستی داوەتە پێکهێنانی سیمینار و کۆبوونەوەی سیاسیی بەکەڵک و لە سێساڵی ڕابردوودا ٨٤ کۆبوونەوەی لەو بابەتەی ساز کردووە کە لە سەر یەک زیاتر لە دوو هەزار کەسیان تێدا بەشدار بووە و لەبارەی زۆر مەسەلەی سیاسی و ئابووری و مێژوویی و جوغرافیایی و زانستی و زانیاریی گشتییەوە لە لایەن شارەزایانەوە قسە بۆ بەشداران کراوە و دوایە باسەکان بە پرسیار و موناقەشە تەواوتر و تێروتەسەلتر کراون.

هەر لە پێناوی ڕاهێنانی جیسمی و فیکریی هاوڕێیانی کادر و پێشمەرگەدا ئەو کۆمیتەیە چەندین پێشبڕکێی وەرزشی وەک فوتباڵ، والیباڵ، پینگ پۆنگ، شەترەنج و دەومەیدانی و پێشبرکێی فیکریی لەبارەی مەسەلە سیاسی و تاریخی و ئەدەبییەکانەوە ڕێک خستووە کە لەوانەشدا سەدان کەس لە هاوڕێیانی بە عەلاقەوە بەشدار بوون.

ئێمە لە حاڵێکدا دەستخۆش و پیرۆزبایی بە هاوڕێیانی کۆمیتەی ئامووزش دەڵێین لەو باوەڕە داین کە ئەو بەشە لە کاری حیزبی ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی زیاتر پەیدا دەکا و پێویستە پتر سەرنجی بدرێتی و گەشەی پێ بدرێ.

## ط – لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان

لەمێژە لە نێو حیزبی دێموکراتدا جێگای ئۆرگانێک بۆ لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان (تحقیق و ترجمە) بەتاڵە. لە بەهاری ڕابردوودا ئەم ئۆرگانە بەردی بناخەی بۆ دانراوە و بە ئیمکاناتێکی یەکجار کەمەوە کاری خۆی دەست پێ کردووە. ئەگەرچی بەداخەوە هاوڕێیانی ئەو بەشە پاش چوار مانگێک لەسەر کارەکانیان هەڵ پچران، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا بە شێوەیەکی سەرەتایی کارەکەیان خستە سەر گەڕ و لە سەریەک دە ژمارە «بوڵتەنی زانیاری»یان دەرهێنا. لە حاڵێکدا ڕێز بۆ کاری ئەو هاوڕێیانە و بە تایبەتی بەرپرسی بەشەکە دادەنێین، پێمان

وایە ئەو بەشە دەبێ لە دوای کۆنگرە بەهێز بکرێ و ببێتە یەکێک لە کۆمیتەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و ئیمکاناتی پێویستیشی وەک کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەی بەکەڵک بۆ دابین بکەن.

## ی- سکرتاریا

ئەرکی سکرتاریا وەک دەزانین پێشوازی لە میوانانی دەرەوەی حیزب، ڕێکوپێککردنی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سکرتێر و بەرقەرارکردنی هێندێ بەشی پێوەندیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دەوروبەر و ژمارەیەکی زۆری دیکە کار و مەسئوولییەتی جۆراوجۆرە کە زۆر جار پێشبینی نەکراون. ئەم ئۆرگانە بە کادر و پێرسونێلێکی کەمەوە ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاندووە و کارەکانی جێگای ڕەزامەندی بوون. جێگای سەرنجە کە سکرتاریا تەنیا ئۆرگانە کە زۆر وەخت ڕۆژانی هەینی و پشوودانیش هەموو کادر و پێرسونێلەکەی کار دەکا و یەکێک لە چەند ئۆرگانیشە کە بە ڕێکوپێکی کێشکی شەوانە و ڕۆژانی پێشوودانیان هەیە. لە هەمووان زیاتر بۆ خۆم بە پێویستی دەزانم کە لە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو هاوڕێیانە سوپاس بکەم و لە ژیان و خەباتدا سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات بخوازم.

## کۆتایی

### هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئەوەی تا ئێرە باسمان کرد شیمایەک لە پێکهاتەی ئۆرگانەکانی حیزب و کورتەیەک لە تێکۆشانی ئۆرگانە جۆراجۆرەکان و کادر و ئەندامانی حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەدا بوو. ئەگەر لە هێندێ بەشی ئەم ڕاپۆرتەدا قامکمان لەسەر کەموکوڕییەکان دانان و نوختە لاوازەکانمان دەستنیشان کرد، بۆ ئەوە بوو کە کەلێن و کەلەبەرەکان بناسین و هەوڵی پڕ کردنەوەیان بدەین. بە پێچەواەی هێندێ بۆچوونی تەسک، دیتنی کەموکوڕییەکان نیشانەی ڕاستگۆ بوون و باوەڕبەخۆبوونی حیزبێکی سیاسییە. مەسەلێک هەیە دەڵێ «هێندە ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە دوژمن لە خۆشییان بێتە سەما». بەڵێ وەک شەخس و وەک ئۆرگان و وەک حیزب ئەگەر عەیبەکان نەبینین و نەناسین قەت هەوڵی لەنێوبردنیان نادەین. یەکێک لە شانازییەکانی حیزب ئێمە ئەوەیە کە قەت لە ئاشکراکردنی ناتەواوییەکانی نەترساوە و قەتیش لەو ئاشکراکردنە زەرەری نەکردووە. هەروەک پێشتر گوترا، جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە، کە بێ لە خۆبایی بوون حیزبەکەمان یەکێک لە پتەوترین تەشکیلاتەکانی هەیە و یەکێک لە ڕێک و پێکترین حیزبە سیاسییە ئێرانی و کورستانییەکانە.

ڕێگام بدەن لە کۆتایی دا ئەو ڕاستییەش بڵێم کە حیزبەکەمان ئەمڕۆ بە قۆناخێکی ناسکدا تێ دەپەڕێ، قۆناخێک کە ڕەنگە مێژووی حیزبی دێموکڕات نموونەی وای بە خۆیەوە نەدیبێ. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە هێندێ کەندوکۆسپی بەدەر لە ئیرادەی خۆمان پێشی کار و تێکۆشانی حیزبەکەمانیان گرتووە و مەیدانی هەڵسووڕانیان لێ بەرتسک کردۆتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە هێندێک ڕەفێقی نێوەڕێ دەست لە کراسی دەرێنین و ناهومێدانە بەجێمان بێڵن. بەڵام ئازیزان ئێمە خۆمان بە شۆڕشگێر دەزانین، جیاوازیی شۆڕشگێران لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ئەوەیە کە شۆڕشگێران لە کەندوکۆسپ ناسڵەمنەوە و هەوڵی لابردن و تەختکردنیان

دەدەن.

بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوانەی زوو ناهومێد دەبن و ورە بەر دەدەن، ئاسۆی دووری خەباتی ئێمە تاریک نییە، ئەوانەی ئاسۆ بە لێڵی دەبینن، بۆ خۆیان چاویان کەم حوکم بووە، ئەگینا ئێمە هەر دەبێ سەرکەوین. حیزبێک ڕۆڵەی شۆڕشگێڕ و بەئیمانی هەبن، ئامانجەکانی بەرهەق و ڕەوا بن، سیاسەتەکانی دروست و ئوسوولی بن، کۆمەلانی خەڵکی خۆی پشتیوانی لێ بکەن و لە دنیادا ئەو هەموو دۆست و پشتیوانەی هەبێ، هەر دەبێ سەرکەوێ و بە ئامانج بگا.

ڕاستە هێندێ تەمومژ بەری ئاسمانی وڵاتەکەمانیان گرتووە، بەڵام ئەو هەورانە بە گژەبای ئیرادەی شۆڕشگێڕانی واقیعی دەڕەونەوە. با هەوڵ بدەین ئەو شۆڕشگێڕانە ئێمە بین، با ئەو شانازییە بۆ مە بێ کە هەتا سەر لەگەڵ گیروگرفتەکان دەست و پەنجە نەرم بکەین و لەجیاتی ئەوەی کە لە بەریان هەڵێین، وابکەین لەبەرمان هەڵێن. گەلی کورد و گەلانی ئێران ڕۆڵەی بەئۆمێدیان زۆرن، بەڵام خۆهەڵکێشان نیە کە بڵێم لە ڕیزی پێشەوەی هەموویانەوە شۆڕشگێڕانی دێموکراتن. بە هومێدەوە بڕواننە ئاسۆ و بە یەکگرتنەوە خەبات بکەن و دڵنیا بن سەرکەوتن مسۆگەرە.

* سەرکەوێ کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،
* هەر شەکاوە بێ ئاڵای خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان،
* یەکگرتوو بێ خەباتی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک و گەلی،
* پتەوتر بێ ئیرادەی خەباتگێڕانەی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری،
* سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و بنەماڵە بەڕێزەکانیان.
* سڵاو لە زیندانییە سیاسییەکان، ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەل،
* سڵاو لە دوورخراوەکان و ئاوارەکانی دەستی دیکتاتۆری و زوڵم و زۆر،
* سڵاو لە کەمئەندامان، ئەوانە کە تا سنووری مەرگ چوونە پێش بۆ ئەوەی ئامانجی گەلەکەیان وەدی بێنن،
* سڵاو لە گەلی قارەمانانی کورد و هەموو گەلانی بەشەرەفی ئێران،
* سڵاو لە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران،
* سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویست و جێگای متمانەی گەلی کورد لە کوردستان ئێران.

سەرکەوتووبن.

***

## بەشێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕۆژەکانی ١ تا ٥ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ تا ٢٦ی دێسامبری ١٩٩٧ زایینی دا پێک هات، لەبارەی زۆر مەسەلەی نێوخۆ و دەرەوەی حیزب، ڕیزە بڕیارێکی دەرکرد.

**لەبارەی پێوەندیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانییەکانەوە:**

بە سەرنجدان بەو واقعییەتە کە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران لە لایەک بە خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێرانەوە گرێ دراوە و لە لای دیکە بەشێکە لە خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، کۆنگرەی یازدەهەم بە ئەرکی سەرشانی کۆمیتەی ناوەندیی تازەی دانا کە:

ئەلف: چەندی بکرێ هەوڵ بدا بۆ چالاکتربوونی پێوەندیی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و تێ بکۆشێ ڕێگایەک بۆ هاوکاری و نیزیکی لە نێو هێزە دێموکرات و نیشتمانپەروەرەکانی ئێراندا پەیدا بێ. لەو بارەیەوە کۆنگرە ڕێبازی پێشووی ڕێبەرایەتیی حیزب پەسند دەکا کە دوو ئەسڵی بەڕەسمی ناسینی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران و دێموکراسیی وەک بەردی بناخەی هەموو پێکگەیشتنێکی هێزە سیاسییەکان داناوە کە حیزبی دێموکرات بتوانێ یەکێک لە لایەنەکانی بێ.

ب: تێ بکۆشێ پێوەندییەکی سالم لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بپارێزێ و لەگەڵ ئەوانە کە پێوەندیی نیزیکی نییە پێوەندی دامەزرێنێ. کۆنگرە لەوە خۆشحاڵە کە لەو هەلومەرجە سەختەدا و لە حاڵێکدا زۆر لە هێزە سیاسییە کوردەکان پێکەوە لە شەڕدان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانیوتی بێلایەنیی خۆی بپارێزی و لەگەڵ هەموو لایەنە بەشەڕهاتووەکان پێوەندییەکی ئوسوولی دامەزرێنێ.

**لەبارەی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستەوە:**

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وەرگیرانی حیزب بە ئەندامی ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست زۆر خۆشحاڵە و ئەم بەئەندام وەرگیرانە وەک دەسکەوتێکی گرینگی سیاسی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و بزووتنەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێران هەڵ دەسەنگێنێ. بەو بۆنەیەوە ڕێز و ئەمەگناسیی خۆی پێشکەشی هەموو ئەو حیزبە دۆستانەی نێو ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست دەکا کە بۆ قبووڵکرانی حیزبی دێموکرات لە بنەماڵەی جیهانیی ئینتەرناسیۆناڵدا هەوڵیان دا، یان لە کۆنگرەی بیستەمدا دەنگیان پێ دا.

لەو پێوەندییەدا کۆنگرە لە کۆمیتەی ناوەندی داوا دەکا هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ پتەوکردنی جێگای حیزب لە ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا بۆ وەدەستهێنانی پلەی ئەندامەتیی تەواوهەق

لە ئەنتەرناسیۆناڵدا پەرە پێ بدا و تێ بکۆشێ لەو تریبوونە گرنگە جیهانییە و لە هاوکاریی حیزبە براکان بۆ ناساندنی زیاتری داخوازەکانی گەلی کورد و بزووتنەوەی ڕزگایخوازانەی سەرانسەری ئێران کەڵک وەربگرێ.

کۆنگرە هیواداره ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست پێشنیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربارەی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆنفڕانسێکی نێونەتەوەیی لەسەر مەسەلەی کورد لەژێر چاوەدێری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەجێ بگەیەنێ و لەو ڕێگایەوە کۆمەک بکا کە مەسەلەی کورد بایەخی شیاوی خۆی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکاندا پێ بدرێ و وەک مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەیری بکرێ.

### لەبارەی شەڕی نێوخۆی کوردستانەوە:

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نیگەرانی و پەرۆشەوە ڕوانییە ئەو ئاکامە پڕ زیان وماڵوێرانکەرانە کە لە شەڕی نێوخۆی کوردستان کەوتوونەوە. شەڕی کورد لەگەڵ کورد لە کۆنەوە تا ئێستا نوختەی هەرە لاوازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە و زیانی زۆر گەورەی لەو بزووتنەوەیە داوە. بەداخەوە پڕیشکی ئەو ئاگرە وە بزووتنەوەی کوردی ئێرانیش کەوتووە و بۆ ماوەیەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشی گرتۆتەوە. بەڵام ئاگری شەڕی نیوخۆیی لە سێ چوار ساڵی دواییدا زیاتر زیانی بە بزووتنەوەی کورد گەیاندووە و لەو ماوەیەدا شەڕەکانی نیوان پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە لایەک و نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک) لە لایەکی دیکە نەک هەر زیانێکی گیانی و ماڵیی بێئەندازەیان لە بزووتنەوەی کورد داوە، بەڵکوو ناو و ناوبانگی کوردیشیان لە دنیادا خەراپ کردووە و لە هاودەردیی بیروڕای گشتیی جیهانی لەگەڵ خەڵکی کوردستانیان کەم کردۆتەوە. بێجگە لەوە ئەو شەڕانە هەستی بڕوا بە خۆبوون و هیواداری بە دوارۆژێکی ڕووناکیان لە نێو خەڵکی کوردستاندا کز کردوە.

بۆیە کۆنگرەی یازدەهەم لە کاتێکدا هەر جۆرە شەڕ و پێکهەڵپڕژانێکی نێوان هێزە کوردستانییەکان بەتوندی مەحکووم دەکا، داوا لە هەموو لایەنەکانی شەڕ دەکا لە پێناوی قازانجی گشتیی نەتەوەی کورددا هەستی دوژمنایەتیی تۆڵە ئەستاندنەوە وەلا بنێن، ڕاستەوخۆ لەسەر مێزی وتووێژ دانیشتن و گیروگرفتەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکەن.

### دەربارەی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق:

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پەرۆشەوە ئاوڕی لەو تراژیدییە ئینسانییە دایەوە کە لە ئاکامی حەوت ساڵ گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراقدا بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە پێک هاتووە. ئەو گەمارۆ ئابوورییە ڕاستەوخۆ ژیانی ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی عێراقی خستۆتە مەترسییەوە و ئەو ئامارانە کە بڵاوبوونەوە و لە لایەن کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیش بە درووست دانراون، نیشان دەدەن کە تا ئێستا زیاتر لە نێو میلیۆن منداڵی عێراقی لەبەر نەبوون، یان کەمبوونی دەرمان و خواردەمەنیی پێویست گیانیان لەدەست داوە.

لەو پێوەندییەدا کۆنگرە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووکان دەکا بەرپرسیارانە ئاوڕ لە مەینەتیی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بداتەوە و ئەو گەمارۆ ئابوورییە سەختە کە شوێنەواری لە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی گەلانی عێراق داناوە، بە یەکجاریی لابەرێ.

**لەبارەی مەسەلەی فەلەستینەوە:**

کۆنگرەی یازدەهەم بە نیگەرانییەوە ڕوانییە ئەو کەند و کۆسپانە کە لەسەر ڕێگای بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان‌دا دروست دەکرێن و بە گشتی لە بەرەودوا گەڕانەوەی ڕەوتی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بە پەرۆش بوو. بە باوەڕی بەشدارانی کۆنگرە، سیاسەتی سەرسەختانەی حکوومەتی نەتەنیاهوو بە تایبەتی سەرپێچی‌کردنی ئەو حکوومەتە لە جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتننامانەی پێشتر لە نێوان حکوومەتی حیزبی کرێکار و دەوڵەتی خودموختاری فەلەستین‌دا ئیمزا کراون، هۆی بنەڕەتیی بەرەودوا گەڕانەوەی هەوڵەکانی جێگیرکردنی ئاشتییەکی بەردەوام و عادڵانە لە نێوان ئیسرائیل و دراوسێ عەرەبەکانی‌دایە.

هەروەها جێگای داخە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کە پێشتر لەگەڵ ڕووسیە سەرپەرستی ڕەوتی ئاشتییان وەئەستۆ گرتبوو، دواتر نەخشی سەرەکیی لەو بوارەدا گرتە دەست، بە چەشنێکی کاریگەر لەو بارەیەوە هەوڵ نادا و وەک نێوبژیکەرێکی بێ‌لایەن ناجووڵێتەوە. ئاکامەکە ئەوەیە کە لایانگرانی ئاشتی لە هەردوو لا بەرەبەرە ناهومێد دەبن و توندڕۆیان و دوژمنانی ئاشتی لە هەردوو لای عەرەبی و ئیسرائیلی و دەوڵەتانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بیانوویان بۆ کارشکێنی لە ڕەوتی وتووێژەکانی ئاشتی‌دا کەوتۆتە دەست.

کۆنگرەی ١١ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاواتەخوازە هەم لایەنەکانی وتووێژی ئاشتی بە هەستی مەسئوولییەتەوە ناکۆکییەکانیان لەسەر مێزی وتووێژ چارەسەر بکەن و هەم نێوبژیوانەکان چالاکانەتر لەو مەیدانەدا بجووڵێنەوە و هەمیش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نەخشێکی کاریگەرتر لەو بوارەدا بگرێتە ئەستۆ. بەو هیوایە کە ئەو گیروگرفتە لەمێژینەیە لە داوڕۆژێکی نیزیک‌دا چارەسەر بکرێ و ناوچە و ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست لە مەترسیی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی توندوتیژی دیکە بپارێزرێ.

**لەسەر بناژۆیی ئیسلامی:**

ئەوەی ناوی بناژۆیی ئیسلامیی لەسەر دانراوە، لەم ساڵانەی دوایی‌دا شێوەی بەربەرەکانییەکانی بێ‌پەردە لەگەڵ هەموو ڕێوشوێنەکانی جێگای پەسندی نێونەتەوەیی وەرگرتووە. لە ئەلجزایر و میسر و ئەفغانستان و زۆر وڵاتی دیکەی جیهان بە ناوی ئیسلام و لە ژێر پەردەی ئیسلام‌دا تاوانی وا لەگەڵ ئینسانەکان کراون کە مرۆڤایەتی شەرمیان لێ دەکا و بوونە پەڵەیەک بە ناوبانگ و حورمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

لەو پێوەندییەدا کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە بیروڕای گشتیی جیهانی و کۆڕوکۆمەڵە خاوەن سەڵاحییەتە نێونەتەوەییەکان دەکا کە لەهەر ڕێگایەکەوە بکرێ، پێشی ئەو کردەوە دژی ئەخلاقی و دژی ئینسانییانە بگرن کە بە ناوی ئیسلامیەوە

دەکرێن. پێویستە هەوڵ بدرێ سەرچاوەکانی ئەو دیاردە نامۆ و بێگانەیە کە بێگومان یەکیان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندایە، وشک بکرێن و دەرەتانی خۆ لە ڕاگرتن و پەرەگرتن، بەو فەتنا ماڵویرانکەوە نەدرێ.

**لەباری یەکیەتیی ئورووپاوە:**

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لێکدانەوەکانی خۆیدا ئاوڕێکی لە هەڵوێستی ئەم دواییانەی یەکیەتیی ئورووپا بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دایەوە و ئەو هەڵوێستەی لە بەرامبەر هەڵوێستی مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٦دا بەراورد کرد. لە مانگی ئاوریلی ڕابردوودا دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس، وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا سەفیرانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و هێندێ مەرجیان بۆ ناردنەوەی سەفیرەکان و ئاساییکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانا. کەچی لە مانگی نوامبردا بێئەوەی هیچ کام لەو مەرجانە وەدی هاتبن، تەواوی سەفیرەکانیان ناردەوە تاران. بە باوەڕی بەشدارانی کۆنگرە ئەوەندەی هەڵوێستی بەهاری ڕابردووی یەکیەتیی ئورووپا نیشانەی دیفاعی وڵاتانی ئەندام لە ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ و بەربەرەکانی لەگەڵ قانوونشکێنی و تیرۆریزم و ئینسانکوژی بوو، ئەوەندەش هەڵوێستی ئەو دواییانەی نیشانەی قازانجپەرستی و تەسلیم لە بەرامبەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دا و وەپێشخستنی قازانجی ماددی لەسەر بنچینە فیکرییەکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەو ئەسڵانە بوو کە وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوو پێڕەوییان لێ دەکەن.

کۆنگرەی یازدەهەم لەو باوەڕەدایە کە یەکیەتیی ئورووپا هیچ بیانوویەکی بۆ ئەو هەموو تەسلیم و خۆبەدەستەوەدانە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نییە و بەو پاشەکشەیە کە لە مەرجەکانی بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندیی لەگەڵ ئێرانی ئیسلامیدا کردی، بە کردەوە پرەنسیپەکانی خۆی لەژێر پێ نا و وازی لە حاکمییەتی نیشتمانی و حورمەتی خاکی وڵاتانی ئەندام هێنا، حورمەتێک کە چەندین جار لە لایەن تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامییەوە پێشێل کراوە. ئەندامانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکرات بە دڵەوە ئارەزوو دەکەن، یەکیەتیی ئورووپا چاو بە سیاسەتی سازشکارانەی خۆی بەرامبەر بە ڕێژیمی ئیسلامیدا بخشێنێتەوە و بە وەپێشگرتنی هەڵوێستێکی ئوسوولی هەم ئەو سووکایەتییە لەسەر شانی خۆی لابەرێ، هەم وەفاداریی خۆی بەو ئەسڵانە کە لە کۆنەوە وەک ئەسڵی سابیتی سیاسەتی وڵاتانی ئەندام دانراون نیشان بدا و هەم ڕێز و دۆستایەتیی گەلانی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. یەکیەتیی ئورووپا دەبێ قبووڵ بکا کە کۆماری ئیسلامی درەنگ یان زوو شەڕی خۆی لەسەر خەڵکی ئێران کەم دەکا و ئەوەی دەمێنێتەوە ئێران و ئێرانییەکانن کە هەق وایە هەموو دەوڵەتان حیساب لەسەر پێوەندیی درێژخایەن لەگەڵ واندا بکەن، نەک لەسەر سات و سەودا لەگەڵ ڕێژیمە دژی گەلی و ئینسانکوژەکان.

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## پەسندکراوی کۆنگرەی یازدەهەم
### (کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر)

**سەرەتا**

١. لەمێژە نەتەوەی کورد لە پێناو ئازادی و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا. سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم شاهیدی ڕابردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەبووە. لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزمدا پێویستییەکی مێژووی بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ، هەست پێ دەکرا. هەر لە بەر ئەوە گەلی کورد لە کوردستان ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش بیست ساڵ دیکتاتوریی ڕەزاخان پێکهاتبوو، کەڵکی وەرگرت و لە ٢٥ گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

بەم جۆرە، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوختەگۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و سەرەتای قۆناخێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانی حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بێنێتە سەر کار. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و دوای پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە نیزامی دیکتاتۆریی نیزامی باڵی بەسەر هەموو کوردستانی ئێراندا کێشایەوە. بەلام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبۆوە و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەروا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

حیزبی دێموکرات کوردستان ئێران خاوەنی ٥٢ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە دەرسی وەرگرتووە.

٢- سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگاربوونی گەلانی زۆرلێکراو لەژێر دەسەلاتی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم، سەردەمی سەرکەوتنی دێموکراسی و سەردەمی گەشەکردنی هێزە دێموکرات و ڕزگاریخوازەکان لە جیهاندایە. لە ماوەی ٥٢ ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسی ئەتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای جیهانی گۆڕیوە. سیستمی ئیستیعماری کۆن لەبەریەک هەڵوەشاوە و دەیان نەتەوەی گەورە و چووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندووە. لە زۆر وڵاتاندا ئەم ڕەوتە سیاسییە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەلایەتیشی لەگەڵ بووە. بۆ نموونە چینی دەرەبەگ

و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتیی لەبەریەرک هەڵوەشاون و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ خۆش بووە. بە چەشنێکی گشتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو پێش بەرن، ئازادیی کردەوەیان پتر بووە و دەرەتانیان بۆ پێکهاتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر درووست بکەن.

بە ڕووخانی بلووکی شورەوی لە ساڵی ١٣٧١ دا دوو مەسەلەی گرینگ لە ڕادەی جیهانیدا زەق بوونەوە و بایەخی واقیعیی خۆیان دەرخست؛ یەکەمیان مەسەلەی نەتەوایەتی و پێویستیی دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان بوو. لەگەڵ ئەوەی حەفتا ساڵ بوو ئیدیعا دەکرا کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا گیروگرفتێک بە ناوی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئارادا نییە، دیتمان وەختێکی سیستمی سۆسیالیستی ڕووخا و دەرەتان بۆ گەلانی ئەو وڵاتە ڕەخسا، بە چ شێوەیەک هاتنە مەیدان و حکوومەتی نەتەوەیی خۆیانیان دامەزراند.

دووهەومیش مەسەلەی دێموکراسی بوو. ئەم مەسەلە کە دەیان ساڵ لەژێر ناوی دیفاع لە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا لە بەشێکی زۆر وڵاتانی جیهان دژایەتیی لەگەڵ دەکرا، بە جۆرێک زەروورەتی خۆی نیشان دا کە زۆر لە دیکتاتۆرییەکانی ڕووخاند و زۆری دیکەی لە ترسی دووچاربوون بە چارەنووسێکی نادیار پەنجەرەی ماڵەکانیان بە ڕووی دێموکراسیدا کردەوە و خۆیان لەگەڵ هەلومەرجەکە ڕێک خست.

٣- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوە نێونەتەوەیییەکان و بە تایبەت لە ستراتیژیی دەوڵەتە گەورەکاندا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لە باری جوغرافیایییەوە ئەم ناوچە کەوتۆتە سێ ڕێیانی سێ قارەی ئاسیا، ئەفریقا و ئوروپا. لە باری ئابووری و سەرچاوە ژێرزەمینییەکانەوە ئەم ناوچە زۆر دەوڵەمەند و زیاتر لە نیوەی تەواوی پاشکەوتی نەوتی دنیا لەم ناوچەیەدا هەڵکەوتووە.

بێجگە لەوانەش، بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی وەک بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی فەلەستین و... لەم مەڵبەندەدا کە دژکردەوەیەکی سرووشتی بۆ تەقیسمی ئیستیعماریی ناوچەکە و سیاسەتەکانی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم لەو مەڵبەندەدان، بایەخ و گرینگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان لە حیساب و لێکدانەوەی هێزە نێونەتەوەیییەکاندا زیاتر کردووە.

تەواوی ئەو ڕاستییانە بوونە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتە مەزنەکان هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بە وردی بخەنە ژێر چاوەدێری و بەرامبەر بە هەر چەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست بن و دژکردەوە نیشان بدەن. ڕووداوەکانی ئەم ٢٠-١٥ ساڵەی دوایی و حوزووری بەرچاو و ڕاستەخۆ و بەردەوامی هێزە نیزامییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا نیشانەیەکی ڕوونی ئەو ڕاستییەن.

٤- ئێران لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. لە ڕاستیدا ئێران نەشیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە بە سەر جیهاندا هاتووە دوور ڕابگرێ. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕە لە ئێراندا ڕووی داوە، بە هیچ جۆر بارتەقای ئیمکاناتی ئابووری و سرووشتیی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ. ئێستاش زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک لە هەژاری و ڕۆژڕەشیدا دەژین. ئێستاش بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئێران بە تایبەت لە

لادێ نەخوێندەوران و لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی بێبەشن.

بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧دا، ئێران لە هێندێ بارەوە بەرەودواش گەڕاوتەوە. لە کاتێکدا وڵاتەکەمان بەو ئیمکانەوە سروشتییەوە کە هەیەتی، و هەرچەند لە نێوخۆدا بە دەست دیکتاتۆرییەوە دەیناڵاند، خەریک بوو جێگایەکی شیاو لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌دا بۆ خۆی بگرێتەوە، ئاخوندە بەدەسەڵات گەیشتووەکان بە گرتنەپێشی سیاسەتی دوژمنایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی شارستانی، ئەم وڵاتەیان لە جیهانی پێشکەوتوو دابڕێ و هەوڵیان دا بیگێڕنەوە دەورانی سەدەکانی نێوەڕاست. ئابووریی ئێران پاش ئەوەی خەریک بوو پێ بگرێ و بچێتە ڕیزی ئابوورییە بەهێزەکانی ناوچە و جیهان، بە جۆرێک دووچاری بێ سەرەوبەرەیی هات کە ئێستا یەکێک لە لەرزۆکترین ئابوورییەکانە و بایی پووڵی ئێران بەرامبەر بە دراوە موعتەبەرەکانی دنیا بە چەشنێکی نێونجی ٦٥٠٠ لە سەد هاتۆتە خوار.

سەرکوتی ئازادییەکان بۆتە سیاسەتی ڕۆژانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆ دەرەتانی تێکۆشانی ئازادی نییە، ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان بە خراپترین شێوە پێشێل دەکرێن و هەر دەنگێکی نارەزایەتی بە گوللەی گەرم و بەگرتن و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام وەڵام دەدرێتەوە. بەم جۆرە ئێران کراوەتە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی ئازادبیر و ئازادیخواز.

٥- کوردستانی ئێران لە باری ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوودا. ئەگەرچی کوردستان لەباری سروشتی و سامانی ژێرزەمینییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە. ئاڵوگۆڕێ ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری و لەشساغی و فەرهەرنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران کەم گۆڕانەوە. پایەی ژیان نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێبەشی‌دا دەژین. دێیەکانی کوردستان بە کەمی دەستیان بە یارمەتییە پزیشکی و دەرمانییەکان ڕا دەگا.

ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بارەکانی ژیانی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌دا لە کوردستان بەرچاو دەکەوێ. بەرپرسانی ئەسڵیی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکرێن و گەلی کورد هیچ شوێنێکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەی‌دا نییە. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سرووشتی، هیچ پرۆژەیەکی گرینگی ئابووریی و سەنعەتی لە کوردستان‌دا جێبەجێ ناکرێ. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆیی سیاسی و سینفی ئیمکاناتی تێکۆشانی ئازادی نییە. منداڵانی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبێ بە زمانی فارسی بخوێنن و دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکییان بۆ نەڕخساوە. بەم جۆرە کوردستان کراوە بە بەندیخانەی گەلی کورد لە ئێران‌دا.

٦- بەشێکی زۆری ئەم ناتەواوی و گیروگرفتانە هەر لە دەورانی دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتییەوە هەبوون. ڕێژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی لە ئێران‌دا قەت ڕێگای پێشکەوتن و گەشەکردنی سەربەخۆی بە وڵاتەکان نەدابوو، بە تایبەت ڕێژیمی حەمەڕەزا شا بە تەواوی ئێرانی بە پاشکۆی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا بەستبۆوە. ئازادییە ئینسانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی زەوت کردبوون و ناتەباییەکی قووڵی لە نێوان خۆی و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران‌دا پێکهێنابوو کە تەنیا ڕێگا چارەسەری، شۆڕشێکی قووڵی گەلی بوو. ئەوە بوو کە لە ساڵی

١٣٥٦دا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە چەشنێکی بێوێنە هاتنە مەیدان و دوای ساڵێک بەربەرەکانێ و قوربانیدان تۆماری تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا.

بێگومان شۆڕشی خەڵکی ئێران کە گەورەترین هێزی سەر بە ئیمپریالیزمی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە نێو برد، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوە مێژووییەکانی وڵاتی ئێمەیە و هەر لەو کاتەشدا دەرسی زۆر بەنرخی بۆ خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدا بوو. شۆڕشی ئێران نیشانی دا کە هەرکات خەڵکی وڵاتێک بە لەخۆبوردوویی و یەکگرتوویی بیانەوێ داو و زنجیری ژێردەستی بپسێنن، هیچ هێزێک ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ و سەرئەنجام هەموو کەند و کۆسپێکی سەرکەوتن تەخت دەکەن.

ئەگەرچی دەورانی پڕ نەگبەتیی دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێرانی لە دژی ڕێژیم حەمەڕەزا شا یەک خستبوو، بەڵام زۆر بەداخەوە لە بەر ئەوەی هێزە دێموکرات و شۆڕشگێڕەکان بەرنامەیەکی هاوبەشیان بۆ سیستەمی حکوومەتی دوای ڕێژیمی پاشایەتی نەبوو، و لەبەر ئەوەش کە هیچ کام لە هێزەکانی نیشتمانییەکانی ئێران بە تەنیا لە توانایدا نەبوو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بە دەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرست بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرهەمی خوێن و فەرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران داگرت و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەسەر وڵاتەکەماندا سەپاند.

لەئاکامی ئەم وەزعەدا شۆڕشی ئێران ناکام مایەوە و نەیتوانی هیچکام لە ئاوات و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بەو مەبەستە بە دەستی بەتاڵ بەگژ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی شادا چوونەوە و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی خۆیان کردە قوربانی، کە ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا دابین بکرێن، زەحمەتکێشانی ئێران کە بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی وڵاتن و گەورەترین تەئسیریان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبووە لە هەژاری و ڕۆژڕەشی ڕزگار بن و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە سێبەری ڕێژیمێکی دێموکراتیدا بە مافی ڕەوای نەتەوایەتی خۆیان بگەن.

بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێراندا گرتووە، بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕێگایان نەداوە هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. لەگەڵ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان، ئازادییە دێموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی خرانەوە ژێر پێ. کۆمەڵانی دەستەنگ و زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاری بەرەوڕوو بوون و حکوومەتی تازە هەنگاوێکی کاریگەری بۆ چارەسەری هەزاران گیروگرفتی ژیانی ئەوان هەڵنەهێناوەتەوە. گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافە ڕەواکانیان نەگەیشتوون، بەڵکوو وەڵامی هەموو داخوازەکانیان بە ئاگر و ئاسن دراوەتەوە.

دیکتاتۆریی مەزهەبی نەک هەر هیچ بیروباوەڕێکی موخالیفی خۆی ناتوانێ تەحەمول کا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیر و بۆچوونی جیا لە کۆنەپەرستانەی خۆی - با موخالیفیش نەبێ- بە توندی دوژمنایەتی دەکا. لە ماوەی نۆزدە ساڵ فەرمانڕەوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئەم

ڕێژیمە زۆر زیاتر لە پەنجا و چوار ساڵ دەورانی پاشایەتی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئێران و ئەندامانی هێزە دێموکراتییەکان ئێعدام کردووە.

لە کوردستان دیمەنی دزێوی دیکتاتۆریی نویٚ زۆر ئاشکراتر و بیٚپەردەتریش دیارە. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لە خەڵکی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەریی ئێراندا بەشدار بوو و هەرچەند گەلی ئێمە بە هۆی نوێنەرەکانیەوە هەموو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و وتوویێژەوە بە لانیکەمی مافە ڕەواکانی بگا، حکوومەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ملی بۆ داخوازە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەکێشا، بەڵکوو بەپێچەوانە لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتلوعامی دا. تەنانەت کار بەوەشەوە نەوێستا و خومەینی بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لە دژی گەلی موسولمانی کورد دەرکرد و ڕشتنی خوێنی پیر و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەڵاڵ زانی. ئێستا هەژدە ساڵە شەڕ دژی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان درێژەی هەیە. کوردستان بۆتە سەربازخانەیەکی گەورە. هەزاران بنکەی نیزامیی ڕێژیم لە سەرانسەریی کوردستاندا دامەزراوە. لەم ماوەیەدا حیزبی دێموکرات پتر لە چوار هەزار و خەڵکی کوردستان نزیک بە پەنجا هەزار شەهیدیان لە پێناوی دیفاع لە شەرەف و ئازادیدا داوە. بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد هەروا بەرامبەر بە زۆرداریی ڕێژیمی ئاخوندی ڕاوەستاوە و بەربەرەکانیی خۆی درێژە پیٚ دەدا.

بەم جۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنمژی کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نێونەتەوەیی نیشان داوە و لە دژی تەواوی هێزە نیشمانییەکانی ئێران شەڕی ڕاگەیاندووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لەژێر باری زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری پێویستە لە جێگای حکوومەتی کۆنەپەرست و دژیگەلیی ئاخوندەکان سیستمێکی دێموکراتیکی حکوومەتی دابمەزرێنی کە ئامانجە ڕەواکانی خەڵکی ئێران وەدی بێنیٚ. حیزبی ئێمە باوەڕی وایە کە پاش نەمانی کۆماری ئیسلامی پێویستە دەرەتان بە خەڵکی ئێران بدریٚ کە بە ئازادی نێوەڕۆکی سیستمی کۆماریی دڵخوازی خۆیان دیاری بکەن و مەجلیسی دامەزرێنەران (مۆئەسیسان) بۆ دانانی قانوونی ئەساسیی کۆماری نویٚ پێک بیٚ.

٧- بۆ گەیشتن بە ئامانجی پێکهێنانی خودموختاری لە چوارچێوی نیزامێکی دێموکراتیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانیٚ. حیزبی ئێمە پێی وایە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی دێموکراتیی ئێران جارێکی دیکە تووشی بیٚبەرنامەیی نەبیٚ و دەسکەوتەکانی بەتاڵان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەو هێزە سیاسییانە کە بەڕاستی دێموکرات و پێشکەوتنخوازن، لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دواڕۆژی وڵات یەک بگرن.

بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە حیزبی ئێمە هەم دژی شۆوینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکا و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە دیکتاتۆریی مەرکەزی و خەڵکی ئێران لێک جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. شۆوینیزمی ئێرانی و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەردووکیان دوژمنی یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسیی گەورە شۆوینیزمی مەزنیخوازنەی ئێرانییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە هەژدە ساڵە بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان دژی پەلاماری دڕندانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە لێوەشاوەیی و کارامەیی ڕێبەڕی دەکا. خەبات و تێکۆشان و گیانبازی و قوربانیدانی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر زیاتر لە جاران بردۆتە سەر. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا نەک هەر حیزبی خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بەڵکوو جێگای ڕێز و خۆشەویستیی گەلانی دیکەی ئیران و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان و دژی ئیمپریالیستییەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیشە. دروشمی ستراتیژیکی حیزبی ئێمە (دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان) بۆتە درووشمی بنەڕەتیی هەموو خەڵکی کوردستان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێرانیش پشتیوانی لێ دەکەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەم بەرنامەیە دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لە هەموو دانیشتووانی کوردستان: کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شار و دێ، ڕووناکبیران، قوتابییان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان و بازاڕییان و بە گشتی ئەفرادی نیشتمانپەروەری هەموو چین و توێژەکان داوا دەکا کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە تێبکۆشن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکاتەوە و بیروڕای حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە ئاگادار بکرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێرانە کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکەن. بۆیە دەبێ بە دڵ و بە گیان تێبکۆشین هێزی بێبڕانەوە گەل بۆ وەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لە بەرنامەی حیزبەکەماندا هاتوون بکەوێتە کار. ئەو کاتەیە کە بەرنامەی حیزب دەبێتە هێزێکی ماددیی بەتوانا و دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوی ئێرانێکی دێموکراتیدا وەدی بهێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندووە. وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە کە لە چوارچێوی وڵاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

**فەسڵی یەکەم:**

**ئامانجە گشتییەکان**

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزب پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شان بە شانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران لە دژی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی و نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم و بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتی و لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢- ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی

سۆسیالیستییە.

٣- دروشمی ستراتێژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان ئێران»ە.

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهان بۆ ڕزگاری بەدژی ڕێژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی گەلانی هەموو وڵاتانە.

**فەسڵی دووهەم:**

**بنچینەکانی خودموختاری**

٥- ناوچەی خودموختار هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی خودموختاری کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووریی و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەرکام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.

٦- لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەموو دەسەڵات بە دەست خەڵکەوەیە کە بەهۆی نوێنەرانی خۆیان لە شورای بەرزی کوردستاندا و لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حکوومەتی خودموختارەوە بەکاری دێنن.

٧- کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوە (سیاسی و ئابووریی)، دیفاعی میللی (سوپا)، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستەمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بێجگە لەوانە، سەڵاحییەتی بەڕێوەبردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بە دەست حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. خەڵکی ناوچەی خودموختاری کوردستان وەک هەموو هاونیشتمانانی خۆیان لە سەرانسەری ئێراندا لە ڕێگای قانوونییەوە و بەبێ هیچ چەشنە جیاوازیک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار بن.

٨- شورای بەرزی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. نوینەرانی شورا لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە هەڵدەبژێردرێن. ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.

٩- شورای بەرزی کوردستان حکوومەتی خودموختاری کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەرامبەر بە شورای بەرزی کوردستان بەرپرسە.

١٠- پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆی ناوچەی خودموختاری کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی خودمودختارییە. ئەرکی ئەرتەش دیفاع لە سەربەخۆیی و سنوورەکانی وڵاتەوە و حەقی نییە دەست لە کاروباری پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی وەربدا.

١١- زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی نێوان ئیدارەکان لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندایە و لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا مافی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچە بەڕەسمی دەناسرێ و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکرێ. زمانی فارسی لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیش هەروەک شوێنەکان دیکەی ئێران، زمانی ڕەسمییە و لە قوتابخانەکان لەگەڵ زمانی کوردی دەخوێندرێ. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها بۆ

ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەی خودموختاردا بە زمانی فارسییە.
هەموو دانیشتووانی غەیری کورد لە ناوچەی خودموختاریی کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان ئازادن و مافی خوێندن بە زمانی خۆیانیان هەیە.

**فەسڵی سێهەم:**

**مافەکانی دانیشتووانی ناوچە خودموختار**

١٢- هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون، وەک ئازادیی بیروباوەڕ و دەربڕین، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەکیەتییەکان و شوراکانی کرێکاری و جووتیاری و سینفی، ئەنجومەنە دێموکراتییەکان و ئازادیی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و ئازادیی ئایین و مەزهەب لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەروەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن.
هەموو دانیشتووانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەروەک دانیشتووانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەبێ هیچ جیاوازی دانانێکی جینسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی وەک یەک کەڵک وەردەگرن.
١٣- دین لە دەوڵەت جودایە. بەڵام حکوومەتی خودموختاری کوردستان یارمەتیی ناوەندە ئایینییەکان دەدا و لەباری ماددی و مەعنەوییەوە بە ڕێبەرانی نیشتمانپەرەوری ئایینی ڕادەگا.
١٤- ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیە و بۆکاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن.
حکوومەتێکی خودموختاری کوردستان دەبێ مافی کەڵکوەرگرتن لە سێ مانگ مەرەخەسیی بەحقووقەوە لە دەورانی دووگیانی و زەیستانیدا بۆ ژنانی کارمەند و کرێکار دابین بکا.

**فەسڵی چوارەم:**

**سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

١٥- دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامەدارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودموختاردا لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووریی کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە، دابەشکردنی داهاتی گشتیی بوودجە لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە بە چەشنێک دەبێ کە بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بەپێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانەی وڵات بێ.
١٦- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووری کوردستان و سەرانسەری ئێران سەنعەتیکردنی وڵات بە پێی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیک لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سرووشتیی وڵات لە لایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتیکردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و حکومەتی خودموختاری کوردستانە.
١٧- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەهۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی

بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتە خۆوڵاتی و نەتەوەییەکانیشان پارێزگاری دەکا. لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابووری، بەشی هەرەوەزی و تایبەتییش لە سەنعەتیکردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.

١٨- سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەڕگەکانی کوردستان سامانی گشتین و حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

١٩- زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕێگای میکانیزەکردن و بەکارهێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا هەروەها داڕشتنی بەرنامەی بەراوکردن و هەڵبەستی بەربەند بەشێکی گرینگی سیاسیی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٢٠- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەوپێدانی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا تێدەکۆشێ. هێندێ لەو پرۆژە ئابوورییانە کە جێبەجێکردنیان بە هۆی گشتییەوە لە قۆناخێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی وڵات نییە، بە بەشی تایبەتی دەسپێردرێن و لە ڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان و دانانیماڵیاتەوە سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەو کارە کەڵکوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.

٢١- بردنە سەری پایەی ژیانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەڕۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. ئەم حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان کە لە هەژاری و بێبەشیدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا. یەکەم هەنگاوی گرینگ لەو بارەیەوە ئامادەکردنی خانووبەرەی لەبار بە پێی ڕێوشوێنی لەشساغی بۆ زەحمەتکێشانی شار و لادێیە.

٢٢- ئەسڵی چل سەعات کار لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن، دەبێ سەعاتەی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بە پێی خەرجی بەڕێچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەری خەرجی گوەزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەتوویی و بێکاریی و پیری بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە پازدە ساڵ کەمتر بێ، نابێ کاریان پێ بکرێ. بۆ کەمکردنەوە و پاشان خاشەبڕکردنی بێکاری دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٢٣- زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا. هەر بۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای مالکییەتی زەویدا ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە قازانجی دێنیشینانی زەحمەتکێش و بێ زەوی ڕوو بدا. حکوومەتکی خودموختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بە پەرەپێدانی ئەو شیرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵ دەکا کە جووتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن.

٢٤- حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێڕان بدا بۆ ئەوەی بتوانن ئامرازی پێشکەوتووی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵییان بە نرخی تەزمینی لێ بکڕێ و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لە پێشدا بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و

پاشان بەرامبەر بە پیری و پەککەوتەیی بیمە دەکرێن.
٢٥- لاوان سەرمایەی دوارۆژی وڵاتن. بۆیە حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی لاوان و هەموو ئیمکاناتێکی پەروەردەیی و فێرکاری و تەفریحیی سالمیان بۆ پێک دێنێ.
٢٦- حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری. لەوەرگەکان بە پێی شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێرێ و ڕێگای دروست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکا.
٢٧- پارێزگاریی موحیتی ژیان، سەرچاوە سروشتییەکان، لێرەوارەکان، دریاچەکان و پارێزگاریی حەیوانات بە تایبەتی حەیواناتی ڕاوی: باڵندە و پێرۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی حەیوانات پێشگیری بکرێ و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سەنعەتی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا بۆ پارێزگاریی موحیتی ژیان و لەبەرچاوگرتن هاوهەنگاویی سرووشت وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخی پێویست بە پاراستنی بینا و شوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

## فەسڵی پێنجەم

## سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی

٢٨- هەموو منداڵانی کوردستان چ کچ، چ کور هەتا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ لەنێوبردنی نەخوێندەواری بەپەلە هەنگاو هەڵدێنێتەوە. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناخەکانی دیکەدا بەخۆراییە. یارمەتیی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لەو بارەیەوە قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە. حکوومەتی خودموختاری کوردستان خەرجی خوێندنی منداڵانی کرێکاران و جووتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی کەمداهات لە تەواوی فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکا و خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمەت و هەڵکەتووی زەحمتکێشانی کەمداهات لە زانستگە و فێرگە بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێ.
٢٩- حکوومەتی خودموختاری کورستان بۆ بەرەوژووربردنی پایەی فەرهەنگیی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی و پەروردەی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما، تیاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانستگەکان هەنگاو هەڵدێنێتەوە بۆ کۆکردنەوەی پاراستنی کەلەپووری کوردی تێدەکۆشێ.
٣٠- بایەخدان بە پێشکەوتوویی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندانان و زانایانی کورد ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.
٣١- ڕووناکبیرانی کوردستان بە پێی لێوەشاوەیی خۆیان کاریان دەدرێتێ. حکوومەتی

خودموختاری کوردستان سیاسەتێک بەرامبەر بە ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتەوە پێش کە بە دڵگەرمی و لەخۆبووردنەوە خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.

٣٢- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بردنەسەری پایەی لەشساغیی هەموو خەڵک تێدەکۆشێ و بۆ خاشەبرکردنی ئەو نەخۆشییانەی لە کوردستاندا بڵاوبوونەوە بە توندی خەبات دەکا و هەلومەرجێک پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی کەڵک وەربگرن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگە و زایینگە هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بۆ بەخێوکردنی نەقوستان و بەساڵداچووانی ڕەبەن و بێ خاووخێزان بنکە و بنیانی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

**فەسڵی شەشەم:**

**سیاسەتی دەرەوە**

لە سیاسەتی دەرەوەدا کە لە سەلاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە:

٣٣- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران سیاسەتێکی دەرەوەی بێلایەن (غیرمتعهد) و سەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بناخەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی حەقی حاکمییەتی نیشتمانی پێوەندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و ئەو وڵاتانە کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن پێوەندیی دۆستانە پێک بێنێ.

٣٤- دەوڵەتی مەرکەزی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی ئیمپریالیستی و دژی زۆرداریی گەلان و لە مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان پشتیوانی بکا.

٣٥- دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لەنێو ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی لەنێو گەلاندا پشتیوانی بکا و لایەنگری چارەنووسی گیروگرفتەکان نێونەتەوەییەکان لە ڕێگای وتوویژەوە بەبێ بەکارهێنانی زۆر بێ، مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پێویست بزانێ.

٣٦- وڵاتی ئێران ببێتە بنکەیەک بۆ یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان، بە تایبەتی گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و پەنای سیاسی بە هەموو ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بدا.

لە چوارچێوی ئەو سیاسەتەدا بە ئاگاداری و پەسندی دەوڵەتی مەرکەزی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە ئیمکاناتی خۆی بۆ کۆمەک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا کەڵک وەربگرێ و پەنای سیاسی بەو کوردە نیشتمانپەروەرانە کە داوای پەنابەرایەتی دەکەن، بدا.

## بەشی دووهەم
## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### ماددەی یەکەم: ناو و نێوەرۆکی حیزب

١- ناوی حیزب، «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ە.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی شۆڕشگێری خەڵکی کوردستانی ئێرانە و بە تایبەتی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێر لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

### ماددەی دووهەم: ئەندامانی حیزب

هەموو هاونیشتمانییەکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێک:

- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- برنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.
- بە ئینسانێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.

تێبینی:

کوردە غەیرە ئێرانییەکانی دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجوومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببنە ئەندام.

### مادەی سێهەم: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

- دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.
- لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی دیکە نەبێ.
- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی بەرەوژوورتەرەوە بە ئەندام وەربگیرێ .

### ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێبکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بە پێی پێڕەوی نێوخۆ، پێڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێبکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەرێ.
- سیاسەتی حیزب بەرێتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندیی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە

بیروڕا و تاقیکردنەوەیان کەڵک وەربگرێ.
- هەقی ئەندامەتی بدا.
تێبینی:
ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن و پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ حیزب هەیە، بەڵام هەموو ئەرکەکانی ئەندام بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتی دەناسرێن.

**ماددەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:
- بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ.
- لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا ڕەخنە بگرێ.
- لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، بیروڕای خۆی پێ بڵێ یان پرسیاری لێ بکا.
- لە هەموو ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
- لەهەر کۆبوونەوەکی ئۆرگانی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**ماددەی شەشەم: سزادانی ئەندام**

١- ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بەپێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەبزوونەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئێعتیباری حیزب دەگەیەنێ، بە پێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن.
سزای حیزبی بریتییە لە:
- سەرکۆنە بە دەم.
- سەرکۆنە بە نووسراوە.
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
- هەڵپەساردن
- دەرکردن لە حیزب.

**تێبینی:**

١- درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە، ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێراندا خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب کە لە مادەی پێنجەمدا هاتوون نییە، بەڵام پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبی بۆ لەبەرچاو دەگیرێ و دەکرێ بە نەزەری ئۆرگانەکانی خۆی بەرپرسایەتی پێ بدرێ.
٢- سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبی هەر ئەندامێکەوە بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.
٣- مەبەست لە سزای حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامانە و تەنیا ئەوکاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤- ئەندامی دەرکراو حەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.
٥- ئەندامی هەڵپەسێردراو دوای تەواوبوونی ماوەی هەڵپەساردن تەنیا ئەندامەتییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، نەک هیچ پلەیەکی تەشکیلاتی.

**ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب**

١- ئەسڵی بنەڕەتیی دارشتنی قەوارەی حیزب سانتریالیزمی دێموکراتییە.
٢- سانترالیزمی دێموکراتی بەو مانایەیە کە:
- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیانبژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوتر دەدەنەوە.
- ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە و کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
- لەنێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بێ جیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ.
- باسکردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارووترین ئۆرگان بەکۆمەڵە. تەکپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.
٢- کۆنگرەی حیزب هەر سێ ساڵ جارێک لە ئەندامان و جێگرەکان و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی و بە ڕادیەک کە کۆمیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب پێک دێ.
٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازیی کۆمیتەی ناوەندی، یان دوو لە سێی کۆمیتەکانی شارستان و مەڵبەند و کۆمیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی بانگ دەکرێ.
٤- ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:
- باسی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
- ڕێبازی گشتی، سیاسیی ستراتیژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.
- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

تێبینی ١:
کۆمیتەی ناوەندی لە کاتی پێوستدا حەقی هەیە ئەوپەڕەکەی بە ئەندازەی نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی خۆی، لە ئەندامانی حیزب ڕاستەخۆ بە حەقی دەنگدانەوە لە کۆنگرەدا بەشدار بکا. ئەو کەسانە کە کۆنفرانسەکاندا خۆیان بۆ نوێنەرایەتی کاندیدا ناکەن.

تێبینی ٢:
کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کۆمیتەی ناوەندی کە لانیکەم سێ ساڵ ڕابردووی ئەندامەتییان لە حیزبدا هەبێ.

**ماددەی نۆهەم: کۆنفڕانسی حیزب**

١- کۆنفڕانسی حیزب لە کاتێکدا دەبسترێ کە:
- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەر بکا.
- لە هەلومەرجێکی وادا کۆنفڕانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢- کۆنفڕانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کۆمیتەکانی شارستان و مەڵبەند و کۆمیتە و کۆمیسیۆنەکان سەر بە دەفتەری سیاسی پێک دێ.

٣- ڕادەی نوێنەرانی ئەو کۆمیتە و کۆمیسیۆنانە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ. بەڵام لە هەر حاڵدا دەبێ ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژیراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی زیاتر بێ.

**ماددەی دەهەم: کۆمیتەی ناوەندی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢- ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:
- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- مەسئوولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
- دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتیی حیزب و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرکەوتی حیزبە.
- ئاییننامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و دەفتەری سیاسی دادەنێ.
- ئاییننامەی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پەسند دەکا.
- لانیکەمساڵی سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بەشدار بن و دەنگی مەشورەتییان هەیە.

تێبینی:

١- کۆمیتەی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا دوو لە سێی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی، موشاویر بۆخۆی هەڵبژێری.

٢- کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداریی دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی ڕەسمییەت پەیدا دەکەن و بڕیارەکانی وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە نیوەی هەموو ئەندامانی ئەسڵی دەنگیان بۆ بدەن.

٣- هیچ کەس زیاتر لە دوو دەورەی بەدوای یەکدا وەک سکرتێری گشتی هەڵنابژێرێ.

**ماددەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئوولی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییە.

٢- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی پێکدێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی.

**ماددەی دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١- بناخەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزب لە دێ، کۆمیتەی دێ، لە ناوچە، کۆمیتەی ناوچە، لە گەڕەک، کۆمیتەی گەرەگ، لە شار، کۆمیتەی شار و لە شارستان، کۆمیتەی شارستان و لە مەڵبەند، کۆمیتەی مەڵبەند بەڕێوەیان دەبا.

٣- ئەرکی شانە و کۆمیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥- بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە ساڵی جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە پێک دێ.

تێبینی:

لە هەلومەرجی تایبەتیدا کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوەی حیزب پەسند بکا.

**ماددەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

- حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

***

# پەیامەکانی کۆنگرەی یازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**پەیام بۆ ئەنتەرناسیۆناڵی سوسیالیست**

زۆر بەڕێز ئاغای پییەرمۆرِوا، سەرۆکی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست!
بەڕێز ئاغای لوییس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست!
حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەندام لە ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا!
هاوڕێیانی بەڕێز!

کۆنگرەی یازدهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٢٢تا٢٦ی دێسامبری ١٩٩٧) سڵاوێکی گەرمتان پێشکەش دەکا و لە هەوڵ و تەقەلا بۆ دروستکردنی دنیایەکی باشتر و جێگیرکردنی ئاشتی و ئازادی و دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا سەرکەوتنتان بۆ بەئاوات دەخوازێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٦ی ئووتی ساڵی ١٩٤٥ەوە پێی ناوەتە مەیدانی تێکۆشانی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا. تەنیا ٥ مانگ دوای دامەزرانی خۆی، حیزبەکمان بە کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتەی پاش تەواوبوونی شەڕی دوهەمی جیهانی پێکهاتبوو، لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦دا «کۆماری کوردستان»ی دامەزراند کە بۆ ماوەی ١١مانگ حکوومەتی بەشێک لە کوردستانی گرتە ئەستۆو و بە شایەتیی شارەزایانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نموونەیەکی باشی لە دەسەڵاتی گەل و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا بەدەستەوەدا.

ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ١٧ی دێسامبری ١٩٤٦دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سارد نەکردەوە و تێکۆشان لە پێناو وەدەستهێنانی مافە دێموکراتییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێراندا هەروا بەردەوامە. هەر ئێستا ١٩ساڵە تێکۆشەرانی حێزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە پەلاماری نیزامی و سیاسەتی کوشت و کوشتار و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام و ڕەشەکوژیی کۆماری ئیسلامی، بەربەرەکانێ دەکەن و بڕیاریان داوە ئەو خۆڕاگرییە تا گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکانیان درێژە پێ بدەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی بەرزترین ڕادەی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران دایەوە و لە چەند دەرفەتێکدا کە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد پێک هاتووە، کاندیداکانی حیزبی ئێمە زیاتر لە ٨٠٪ی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانیان بەدەست هێناوە.

تێکۆشانی شێلگیری حیزبەکەمان لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مروڤدا و پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ بەشێک لە گرنگترین حیزبەکانی ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دەرگای کۆنگرە و کۆبوونەوە مەشوەرەتییەکانی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستی بۆ ئەم حیزبە کردۆتەوە و لەکۆنگرەی بیستەمی ئەنتەرناسیۆناڵدا(١١-٩ی سێپتامبری١٩٩٦) حیزبەکەمان بە ئەندامی چاوەدێری

بنەماڵـەی گـەورەی ئەنتەرناسـیۆناڵی سۆسیالیسـت وەرگیـراوە.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

حیزبەکەمـان هـەروەک لەسـەر درێژەپێدانـی خەبـات بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجەکانـی خەڵکـی کوردسـتانی ئێـران پێ‌دادەگـرێ، لەسـەر ئـەوەش سـوورە کـە پیوەندیـی خـۆی لەگـەڵ حیزبـی دێموکـرات، سۆسیالیسـت و سۆسـیال دیموکراتـەکان پـەرە پـێ بـدا و جێگای خـۆی لەنێـو ئەنتەرناسـیۆناڵی سۆسیالیسـت پتەوتـر بـکا. بەلەبـەر چاوگرتنـی نەخشـی کاریگـەری ئەنتەرناسـیۆناڵی سۆسیالیسـت و ئێعتیبـاری جیهانیـی ئـەم ڕێکخـراوە، حیزبەکەمـان چـاوەڕوان دەکا ئەنتەرناسـیۆناڵ بایەخێکـی زیاتـر بـە دیفـاع بـە مافـە ڕەواکانـی خەڵکـی کوردسـتان و هەروەهـا دیفاع لـە مافی مرۆڤ لـە ئێراندا بدا. لـە کـەس شـاراوە نییـە کـە ئێرانی ژێردەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ڕیـزی پێشـەوەی ئـەو وڵاتانەدایـە کـە ئەسـڵە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤیـان تێدا پێشـێل دەکـرێ و گەلـی کوردیـش لـە ڕیـزی هـەرە پێشـەوەی ئـەو گەلانەدایـە کـە لـە مافـە دێموکراتـی و ئینسـانییەکانیان بێبـەش کـراون.

ئێمـە بـە دڵـەوە هیواداریـن ئەنتەرناسـیۆناڵی سۆسیالیسـت چاوەڕوانیـی ئێمـە و خەڵکـی کوردسـتان بـێ‌وەڵام نەهێڵێتـەوە و ئێـوەش دڵنیـا دەکەیـن کـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران هەمیشـە پارێزەرێکـی سـەر سـەختی ئـەو ئەسـڵە پیرۆز و دێموکراتییانـە دەبـێ کـە جێگای ڕێـز و پشـتیوانیی ئەنتەرناسـیۆناڵی سۆسیالیسـتن.

تکایە ئەوپەڕی ڕێز و سڵاو و خۆشەویستیمان قبووڵ بکەن.

**ئەندامانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٦ی دێسامبری١٩٩٧**

***

**پەیام بۆ ڕێکخراوی کۆنفڕانسی وڵاتانی ئیسلامی**

بەڕێزان ڕێبەرانی کۆنفڕانسی وڵاتانی ئیسلامی!

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٢٦-٢٢ی دێسامبر١٩٩٧) سـڵاوی گەرمتـان پێشـکەش دەکا و سـەرنجتان بۆ ئـەم ڕاسـتییانەی خوارەوە ڕادەکێشـێ:

١- لـە چوارچێوەی سـنوورەکانی ئێراندا دەوروبـەری دە میلیۆن کورد دەژیـن کە بەشـێک لـە نەتـەوەی ٣٥-٣٠ میلیۆنیـی کـوردن و لـە هەمـوو مافێکـی نەتەوایەتـی بێبەشـن.

٢- پتر لە ٩٧٪ی کوردەکانی ئێران موسولمان و نیزیکەی ٨٠٪ی یان موسولمانی سوننین.

٣- داخـوازە سیاسـییەکانی خەڵکـی کوردسـتانی ئێـران کـە لـە بەرنامـەی سیاسـیی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێراندا گەڵاڵـە کـراون بریتیـن لـە وەدەسـتهێنانی «دێمۆکراسـی بۆ ئێران و خودموختـاری بـۆ کوردسـتان» داخوازێـک کـە هەمـوو پەسـندکراوەکانی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان وەک سـەرەتاییترین مافەکانـی هـەر نەتەوەیـەک دانـی پێدادەنێـن و بەڕەسـمیی دەناسـن.

٤- لەوەتا کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، خەڵکی کوردستانی ئێران بە «تاوان»ی داوای ئەو مافە سەرەتاییانە کەوتوونە بەر پەلاماری نیزامی. ماڵ و مەزرایان دەسووتێندرێ و وێران دەکرێ، لاوەکانیان زیندانی و ئەشکەنجە و ئێعدام دەکرێن، لە شار و دێهاتدا کوشتاری بەکۆمەڵیان لێ دەکرێ، و مزگەوتەکانیان لێ دەرووخێندرێن و بێحورمەتی بە بیروباوەڕە مەزهەبییەکانیان دەکرێ.

ئێمە بە سروشتیی دەزانین کە وڵاتێکی وەک ئێران ببێتە ئەندامی کۆنفراسی ئیسلامی. چونکە هەم زۆربەی نێزیک بە تەواوی دانیشتووانی موسوڵمانن و هەم دەوڵەتەکەی خۆی بە دەوڵەتێکی ئیسلامی و تەنانەت بە ڕێبەری جیهانی ئیسلامی دەزانێ. بەڵام لەو باوەڕەداین ئەندامانی کۆنفرانسی ئیسلامی نابێ چاو لە ئاستی ئەو زوڵم و زۆر و ناحەقییانە بنوقێنین کە لە ئێراندا لەگەڵ گەلی موسوڵمانی کورد و بەگشتی موسولمانانی سوننی مەزهەبی ئێران دەکرێ، یان بەرامبەر بەو هەموو بێعەداڵەتییە کە بە ناوی ئیسلام لەگەڵ خەڵکی موسولمانی ئێران دەکرێ بێتەفاوەت بن.

ڕاست لەو ڕۆژەدا کە هەیئەتەکانی وڵاتانی ئیسلامی بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی مانگی دێسامبری١٩٩٧ی تاراندا بەڕێوە بوون، پێنج ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانی عێراق کەوتنە بەر پەلاماری تێرۆریستە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهید کران. بۆ خەڵکی موسوڵمانی کوردستان جێگای داخ بوو کە ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بە نامەیەکی سەر ئاوەڵا و لە ڕێگای سەفارەتخانەکانی وڵاتانی ئیسلامییەوە، کۆنفرانسی تاران لەو جینایەتە و زۆر جینایەتی دیکەی ڕێژیمی ئێران ئاگادار کردەوە، کۆنفرانس نە وەڵامێکی بە نامەی حیزبی دێموکرات دایەوە و نە لەسەر قەڵاچۆی کوردەکانی ئێران لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە هاتە دەنگ. ئێمە دەپرسین بەڕاستی ناڕەوا نەبوو شانازیی میوانداری لە کۆنفرانسی ئیسلامی بدرێ بە ڕێژیمێکی ئینسانکوژی وەک کۆماری ئیسلامی!؟

خەڵکی کوردستانی ئێران وەک بەشێک لە کۆمەڵی موسوڵمانان حەقیانە چاوەڕوان بن کۆنفرانسی ئیسلامی بە دژی پێشێلکرانی ماف و ئازادییە سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مەزهەبییەکانیان لەلایەن ڕێژیمی فەرمانڕەواوە بێتە دەنگ و درێژەی ئەندامەتیی ئەو ڕێژیمە لە کۆنفرانسدا بە وەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ و پاراستنی حورمەتی بیروباوەڕی مەزهەبیی موسوڵمانانی سوننییەوە ببەستێتەوە.

بەو ئاواتە کە کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی لە هەموو وڵاتە موسوڵماننشینەکاندا چاوەدێری بەسەر ڕەچاوکردنی ئەسڵەکانی مافی مرۆڤ و مافەکانی هاونیشتمانانەوە بکا و لەو ڕێگایەوە حورمەتی گەلانی موسولمان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

تکایە ڕێزی دووبارەمان قەبووڵ بکەن.

**ئەندامانی کۆنگرەی یازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٦ی دێسامبری١٩٩٧**

***

## پەیام بۆ ئەو حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییانە که پەیامی پیرۆزبایییان بۆ کۆنگرە ناردوە

ئەندامی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕۆژەکانی ١ تا ٥ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (٢٢تا٢٦ی دێسامبری ساڵی ١٩٩٧ی زایینی)دا بەسترا و دواتریش هەموو تێکۆشەرانی حیزب لە پەیامی پیرۆزبایی ئێوە بۆ کۆنگرەی حیزبەکەیان ئاگادار بوون؛ خەباتگێڕانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ وانیشدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران ئەو هاودەردی و پشتیوانییە بە بەڵگەیەکی دیکەی ڕەوایی و بەرحەقبوونی داخواز و ئامانجەکانی خۆیان و بە نیشانەی دروستی و ڕاستیی ئەو ڕێبازە سیاسییە دەزانن کە بۆ گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکانیان گرتوویانەتە پێش. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە خەباتی ٥٢ ساڵەی خۆیدا بە هەزاران کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی خۆی لە پێناو وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا کردۆتە قوربانی، ئەم پشتیوانییە سیاسی و موعنەوییە بە پاداشێکی بەنرخی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو بۆ ئەو فیداکارییە و بە نیشانەی ڕێزدانان بۆ قوربانییەکانی ئەو خەباتە پیرۆزە دەزانێ.

گەیشتنی نێزیک بە سەد پەیامی پیرۆزبایی و پشتیوانی لە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە کورد و ئێرانی و خاریجییەکانەوە بە کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکرات، ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبە لەسەر داوا ڕەواکانیان سوورتر دەکا و هێز و گوڕێکی زیاتریان لە تەختکردنی کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشەراندا پێ دەبەخشێ. بەڕاستی ئەو هەموو پشتگیرییە وەک میداڵێکی ئیفتیخارە کە لە بەرۆکی یەک یەکی خەباتگێڕانی ڕێگای (دێموکراسی بۆ ئێران و خۆدموختاری بۆ کوردستان) درابێ.

ئێمە هەموو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو لایەنگرانی وەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەین کە حیزبەکەمان لەمەودواش هەروا لەسەر خەباتی ئوسوولیی خۆی بەردەوام دەبێ و هەوڵ دەدا هەمیشە جێگای متمانەی گەلی کورد و شیاوی پشتیوانی و هاودەردیی لایەنگرانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا بێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە حیزبەکەمان و خڵکی کوردستانی ئێران تا گەیشتن بە ئامانج و دابینکردنی مافە ڕواکانی گەلی کورد هێشتا ڕێگایکی دوور و درێژیان لەبەرە، دیسان چاوەڕوانین ئەو پشتیوانی و هاودڵییە لە ئێوە و هەموو ئینسانە خێرخواز و ئینساندۆستەکان ببینین. دڵنیاشین کە لە خەبات دژی دیکتاتۆری و کۆنە پەرەستیدا هیچ وەخت حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستانی ئێران و بە گشتی گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بە تەنیا ناهێڵنەوە.

تکایە ئەو پەڕی ڕێز و سڵاو و سپاس و ئەمەگناسیمان وەربگرن.

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران– هەڵبژێراوی کۆنگرەی یازدەهەم**

***

**پەیامی کۆنگرەی یازدەهەم بۆ گەلانی ئێران**

گەلانی زۆرلێکراوی ئێران!

کۆنگرەی ١١ی حیزبەکەمان (کۆنگرەی خەباتگێرانی خۆراگر) سڵاوێکی گەرم و گوڕتان پێشکەش دەکا و، هیوای سەربەرزی و ژیانێکی ئازاد و شیاوی سەردەمتان بۆ دەخوازێ.

لێتان ڕوونە کە لە سەدەی بیستەمدا سەرەڕای دوو شەڕی جیهانی چەندە ئاڵوگۆڕی قووڵ بەسەر سیاسەتی جیهانیدا هاتووە و، چەندە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو پێشکەوتن و سەنعەتیبوون ڕۆیشتوە، هەر بەم پێیەش گەلانی زۆرلێکراوی جیهان توانیویانە ئازادیی وڵات و کۆمەڵی خۆیان بەدەست بێنن و خۆیان لەدەست وڵاتانی داگیرکەر و چەوسێنەرانی ملهۆڕی خۆیی ڕزگار بکەن.

هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، دروستبوونی نیزیکەی ٢٠ دەوڵەتی تازە لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافی بەرانبەریی ئەو گەلانە و دابینکردن یەکیەتی لەسەر بناخەی دڵخوازانە، یەکیەتیی نیشتمانی پاریزراو نابێ و ئەم جۆرە وڵاتانە دەرنگ یان زوو هەڵدەوەشێن. تاقیکردنەوەی وڵاتی یوگوسلاویی پێشووش کە تا ئێستا چەند دەوڵەتی لێ کەوتۆتەوە، ڕاستییەکە باشتر دەردەخا.

لە وڵاتی فرە نەتەوەی ئێمە، لە زەمانی ڕێژیمی پەهلەویدا بە بیانووی ئێرانیگەری و لە زەمانی ئێستادا کە ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی لەسەر کارە، بە بیانووی ئیسلامیگەری، ویست و داخوازی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران بە هیچ جۆر لەبەرچاو نەگیراوە. تەنانەت لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار، چەوسانەوەی مەزهەبییش سەرباری چەوسانەوە نەتەوایەتی زیادی کردووە. حیزبی ئێمە کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە دروشمی دێمۆکراسی بۆ ئێرانی هەڵگرتووە، لەم بڕوایە دایە کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا هیچ جۆرە ئازادییەک بە گەلانی ئێران نادرێ کە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. وەک دەبینن کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ناتوانن بیروباوەری خۆشیان دەرببڕن، کەسانی ڕووناکبیر بێسەروشوێن دەکرێن، تەنانت ڕێبەرانی مەزهەبییش ئەگەر بیر لە ئازادی بکەنەوە تیرۆر دەکرێن، خۆپێشاندانەکانی نارەزایی لە ڕێژیم دەدرێنە بەر دەستڕێژ و خۆپێشاندەران دەکوژرێن و زیندانی دەکرێن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی ئێران، بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەت و بە شێوەی جۆراوجۆر نارەزایی خۆیان دەردەبڕن و بۆ وەلانانی ئەم ڕێژیمە تێدەکۆشن. حیزبی ئێمە پێی وایە خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران و چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەتوانێ ئاواتی لەمێژینەی گەلانی وڵاتەکەمان وەدی بێنێ و حکوومەتێکی دیمۆکراتی لە ئێران دابمەزرێنێ.

یەکگرتوو بێ خەباتی گەلانی ئێران بۆ دێموکراسی و مافی بەرامبەر،

بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران،

**ئەندامانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

**پەیام بۆ خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان**

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

کۆنگرەهی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ڕێزدانان بۆ فیداکاری و قوربانیدانتان لە خەبات و بەرگری لە کەرامەتی ئینسانی و نەوتەوایەتیتاندا، سڵاوی گەرمتان پێشکەش دەکا.

ئێوەی لەخۆبوردوو کە لە تەواوی ماوەی خەباتی بێوچانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان بە دژی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامیدا یار و پشتیوانی ڕاستەقینەی بوون، باش دەزانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆیەوە بۆ لەنێوچوونی حیزبێک هاتە مەیدانی شەڕفرۆشتن و کوشتوبڕ، کە ڕیشەی لە دڵی گەلەکەیدا بوو. هەر بۆیە هیچ پیلانێکی دوژمن نەیتوانی ئێوە و حیزبەکەتان لێک دابڕێ و ئەو پێوەندییە کە بە هۆی ڕەوابوونی داواکانمان و ئۆسوولیبوونی ڕێبازەکەمان لە لایەک و فیداکاری و خۆ بەختکردن بۆ ئەو داوا و ڕێباز لە لایەکیتر دروست ببوو، بپچڕێنێ.

ئێستاش دوای زیاتر لە ١٨ ساڵ خەبات بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی، خەبات و خۆڕاگریی ئێوە و هەموو گەلانی ئێران، پێشی بە سەرکەوتنی مەبەستە شوومەکانی دەسەڵاتداران گرتووە و قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و ناکۆکیی نێوخۆی دەسەڵاتی فەرمانڕاوا چارەنووسی ئەو ڕێژیمەی لە هەڵدێرگەی نەمان نێزیکتر کردۆتەوە.

لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستە هەرچی زیاتر ڕێزەکانی خۆتان پتەو بکەن و هەوڵ بدەن پێوەندیی خۆتان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حیزبەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەهێزتر بکەن و بۆ وەشاندنی دوایین زەبرەکان لە دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی ئامادە بن.

**ئەندامانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

**پەیام بۆ حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی ئێران**

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حاڵێکدا بەڕێوە چوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروا لەسەر پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی وڵاتەکەمان بەردەوامە و ڕۆژ بە ڕۆژ تەنافی دیکتاتۆریی خۆی لەملی خەڵکی وڵاتەکەمان توندتر دەکا. دیکتاتۆرییەکی ئەوەندە ڕووت و بێپەردە کە نەک هەر بۆ ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان بەڵکوو بۆ خەڵکی ئاسایی و تەنانەت بۆ لایەنگرانی پێشووی خۆشی قابیلی تەحەممول نییە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران وێڕای بەرەوڕووبوون لەگەڵ بێزاریی خەڵک و نارەزایەتی دەربڕینیان، لە ڕادەی نێونەتەوەیی و لە ڕوانگەی بیروڕای گشتیی جیهانیشدا بە هۆی سەرەڕۆیی و ڕەفتاری قانوونشکێنانە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ناخۆشەویست وکەمئێعتبارە و بە ماکەی گەلێک ئاژاوە و کێشە و تیرۆر لە سەرانسەری جیهاندا دادەنرێ.

لە هەلومەرج و وەزعێکی ئەوتۆدا گرینگیی پێوەندیی زیاتر و هاوکاریکردنی هێز و کەسایەتییە

سیاسییەکانی ئێرانی پتر لە هەر کاتێکی دیکە خۆی دەرخستووە و گومان لەوەشدا نییە کە پێوەندیی پتەو و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتی سیاسییەکانی وڵاتەکەمان دەتوانێ لە کزکردن و لەنێوبردنی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا شوێندانەر بێ و بەر بە کەڵکوەرگرتنی ڕێژیم لە پەرش‌وبڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیون بگرێ.

لە چوار چێوەی ئەم بۆچوونەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە دێموکرات و نیشتمانپەروەرانە درێژ دەکا کە بۆ دابین‌بوونی دێموکراسی لە ئێراندا تێدەکۆشن و هاوکاری و نیزیکیی زیاتری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە هۆیەکی کاریگەر بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەزانن.

تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی جۆزەردانی ئەم ساڵ بۆ هەڵبژێرانی سەرکۆمار نیشانی دا کە ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک وێکرا بۆ مەبەستێک یەک بگرن، هیچ هێزێک ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ، لەم هەڵبژاردندا کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەن تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمان ڕەد کراوەتەوە.

دەبا هەموومان وێکرا بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئاواتی گەلانی ئێران وەدی بێنین.

یەکگرتووتر بێ هاوکاری هێزە ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرەکانی ئێران،

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرست و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

**پەیامی کۆنگرەی یازدەهەم بۆ زیندانییانی سیاسی**

بەندی و بەدیل‌گیراوە سیاسیەکانی گەلانی ئێران!

کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سڵاوتان بۆ دەنێرێ و هاوپێوەندیی خۆی لەگەڵ ئێوە نوێ دەکاتەوە.

بەشدارانی کۆنگرە ئاگادارن کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چۆن ڕەفتاری نامرۆڤانە لەگەڵ زیندانییانی سیاسی دەکرێ، ئەشکەنجە و بێ‌حورمەتی کردن بە کرامەتی ئینسانی لەو پەڕی خۆی‌دایە، کوشتنی بێ‌دادگایی کردن، کوشتن لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا، کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لەدوای ئاگربەسی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، هەموو ئەمانە نموونەی بەرچاون لە ڕەفتاری کۆنەپەرەستانە و ئازادی‌کوژانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. هەربۆیەشە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا بە دەیان جار لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆڕوکۆمەڵاکانی دیکەی پارێزەری مافی مرۆڤ، بە هۆی پێشێل‌کردنی مافی مرۆڤ و ڕەفتاری نائینسانی لەگەڵ موخالیفینی خۆی مەحکووم کراوە، بە ڕێژیمەکی ئینسان‌کوژ و تیرۆریست‌پەروەر ناسراوە.

**هاوخەباتیانی ئازاردراوی دڵبرینداری بەدیل‌گیراو لە زیندانە بەدناوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا!**

حیزبی ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە درێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمە دژی ئینسانییە بۆ ژیانێکی سەربەست و ئازاد و هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێراندا خەباتی کردووە، هیچ کات ئێوەی لە بیر نەچۆتەوە و لەبیر ناچێتەوە، بەڵکوو وێرای ئەوە کە پێشمەرگە قارەمانەکانی لە سەنگەری بەرگریدا بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرەستە فیداکارییان کردوە، کادری ڕێبەری لە هەر دەرفەتێکدا بۆیان لوابێ، لەلای کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و دامودەزگاکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و خاچی سووری نێونەتەوەیی، ڕێکخراو و سازمانەکانی بەرگری لە مافی زیندانییانی سیاسی، بۆ ئازادیی ئێوە و لەقاودانی نێوەرۆکی پاشکەوتووانە و دژیگەلیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێکۆشاوە.

بەشدارانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب وێرای ڕێزدانان بۆ خۆڕاگریتان لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم، بەڵێن نوێ دەکەنەوە بۆ ئازادیی ئێوە لە زیندان و ڕامالینی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەباتی خۆیان درێژە پێ بدەن.

سڵاو لە زیندانییانی سیاسی، دیلانی دەستی کۆنەپەرەستی،

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران.

**کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

**پەیامی کۆنگرەی یازدەهەم بۆ بنەماڵەی شەهیدان**

بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان!

بەشدارانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبەکەمان سڵاوتان بۆ دەنێرن و، دڵنیاتان دەکەن کە هەتا وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدان، ئەو فیداکارە لە خۆبوردووانە، درێژەدەری ڕێگایان بن.

بێگومان دەزانن کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە دەستهێنانی ئازادی و خۆشبەختی بۆ کۆمەلانی خەڵکی ئێران، هەر بەتەنیا حیزبی ئێمە و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران نەبوون کە نرخی ئەم ئامانجەیان داوە، بە دەیان هەزار لە ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەکانی گەلانی ئێران بە دەستی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرست و چەپەڵە، یان لەبەربەرەکانیی چەکدارانەدا لەگەڵ ڕێژیم گیانیان لەدەست داوە، یان لە زیندانەکانی ڕێژیم لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون، یان لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا مەحکووم بە نەمان و ئێعدام کراون و داخ و کەسەریان بۆ بنەماڵەکانیان بەجێ هێشتوە؛ کە لە ڕێزی پێشەوەیاندا ڕۆڵەکانی گەلی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بوون. هەربۆیە هاوپێوەندییەکی قایم و پتەو لە نێوان بنەماڵەی شەهیدانی سەرتاسەری گەلانی ئێراندا پێک هاتووە، کە بەبێ ئەوەی یەکتر بناسن بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە و لەدەرفەتی لەباردا هەموو پێکەوە ڕق و بێزاریی خۆیان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆنەپەرەست و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن.

خۆشەویستانی بەجێماو لە شەهیدان!

حیزبەکەمان بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە ڕێز بۆ ئێوەی خۆشەویست دابنێ و ئەوەندەی لە توانایدا بێ بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانتان تێبکۆشێ. هەر لەم کاتەشدا چاوەڕوانە

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بە ئەرکی نیشتمانیی خۆیانی بزانن یارمەتی بە بنەماڵەی شەهیدان بکەن و لەکاتی پێویستدا هاریکاریان بن. حیزبی ئێمە دڵنیایە درەنگ یا زوو هەوری ڕەشی کۆنەپەرەستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاسمانی وڵاتەکەمان لا دەچێ و ئاواتی شەهیدانمان کە ئازادی و سەربەستی بۆ گەلی کورد و سەرجەم گەلانی ئێرانە دێتە دی.

بەشدارانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبەکەمان جارێکی دیکە سڵاوتان لێ دەکەن و سەربەرزی و سەرفرازی و خۆشبەختیتان بۆ بەئاوات دەخوازن.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەرزیی کوردستان و سەرانسەری ئێران.

**کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

**پەیام بۆ پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب**

هاوڕێیان!

بەشدارانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبەکەتان، کە بۆ ڕێزگرتنی خەبات و خۆڕاگریی تێکڕای ئەو ئەندام و لایەنگر و پێشمەرگانەی حیزب کە بە فیداکاری و خۆڕاگری لە سەنگەردا ئاڵای خەباتیان شەکاوە ڕاگرتووە، ناوێ (کۆنگرەی خەباتگێرانی خۆڕاگر)یان لە کۆنگرەی خۆیان ناوە و، گەرمترین سڵاوتان پێشکەش دەکەن.

کۆنگرەی ١١ی حیزب لە هەلومەرجێکی سەخت و پڕمەترسیدا بەڕێوە چوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە بۆ تێکدانی کۆنگرە و زەربەوەشاندن لە حیزب لە ماوەی کاری کۆنگرەدا پیلانی جۆراوجۆری دارشتبوو. کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ گەیشتن بەو مەبەستە چەپەڵەیان تەواوی ئیمکانات و بەکریگیراوانی خۆیان وەگەڕ خستبوو. هەرچەند بەداخەوە لە یەکێک لە پیلانەکانی ڕێژیم دژی کۆنگرەی ١١دا، سێ کادری تێکۆشەر، سێ ئەندامی کۆنگرەی یازدەهەم، هاوڕێیان: سەید مەنسووری ناسری، مەنسووری فەتتاحی و ئەبووبەکری ئیسماعیلزادە (ساماڵ) و دوو پێشمەرگەی پارێزەریان شەهید بوون.

کارەکانی کۆنگرەی یازدەهەم بە ڕێکوپێکی دەست پێ کران و بەشێوەیەکی دێموکراتیک درێژیان پێ دراوە، سەرکەوتووانە کۆتاییان پێ هات. لە ماوەی کاری کۆنگرەدا هەموو مەسەلە بنەڕەتییەکانی پیوەندیدار بە بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران بەتایبەت، وەزعی ئێران، ناوچە و جیهان کە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەدا هاتبوون، کەوتنە بەر باس و دوای توێژینەوەیەکی ورد، تاکتیک و ستراتیژییەکانی ئەم قۆناخە لە خەباتی گەلەکەمان دەستنیشان کران. نوێنەرانی ئێوە لە کۆنگرەدا لەسەر خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی و وەدەستهێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان پێیان داگرت و بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئێستای خەبات ئەرکە گشتییەکانیان دیاری کرد و ڕێوشوێنی جێبەجێکردنیان خستە بەر دەم کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرە.

**هاوڕێیان!**

بەدوای کۆنگرەی دەیەمدا حیزبەکەمان گەلێک سەرکەوتنی وەدەست هێنان. یەکگرتنەوە و وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزب کە بوو بە هۆی دڵخۆشیی ئێوە و هەموو خەڵکی کوردستان، بە دوای کۆنگرەی دەیەمدا بوون، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم لە وەدیهێنانی مەبەستەکانی لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا سەرکەوتوو نەبووە و زۆر قەیرانی نێوخۆیی تازەی بۆ هاتوونەتە پێش. بە تایبەت ناکۆکییەکانی نێو دەزگای دەسەڵاتداری کە بوونە هۆی ئاشکرابوونی زیاتری ماهییەتی نائینسانی و دژی ئازادی ئەم ڕێژیمە. کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران کەوتوونەتە هەوڵێکی جیددی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە وڵاتەکەماندا.

لە هەلومەرجێکی وەهادا پێویستە بەو پەڕی بەرپرسایەتییەوە و زیاتر لە جاران بۆ ئاگادارکردنی خەڵکی کوردستان لە ستراتیژی، تاکتیک و سیاسەتەکانی حیزب هەوڵ بدەن. بێ ترس و بەدوور لە چاوی سیخوڕ و بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆ سازماندانی خەڵک لە شار و گوندکانی کوردستان تێبکۆشن و ئەوان بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بە هەر شێوەیەکی مومکین و لە هەر شوێنێک هان بدەن و دیارە کە بۆ خۆشتان دەبێ پێشەنگی ئەو خەباتە بن.

با بەدڵنیایەوە بڕوانینە داهاتوو و توانا و ئیمکاناتی خۆمان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان تەرخان بکەین.

**ئەندامانی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٦ی دێسامبری ١٩٩٧ (٥ی بەفرانباری ١٣٧٦)**

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ١٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەیاننامە بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دوازدەهەم
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٢

## کۆنگرەی ١٢ای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (ڕەزبەری ١٣٧٩)

کۆنگرەی ١٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٤ی ڕەزبەری ١٣٧٩ لە شاری کەرکووک لە باشووری کوردستان گیرا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٢ بریتی بوون لە:**
١) جەلیل گادانی، ٢) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٣) عوسمان ڕەحیمی، ٤) مستەفا هیجری، ٥) قادر وریا، ٦) ڕۆستەم جەهانگیری، ٧) باباعەلی مێهرپەروەر، ٨) کاوە بەهرامی، ٩) محەممەدنەزیف قادری، ١٠) کەماڵ کەریمی، ١١) حوسەین مەدەنی، ١٢) سمایل بازیار، ١٣) حەسەن ڕەستگار، ١٤) حەسەن شەرەفی، ١٥) فەتاح کاویان، ١٦) ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ)، ١٧) سەید ڕەزا دروودگەر، ١٨) مستەفا مەولوودی، ١٩) حەسەن قادرزادە، ٢٠) عومەر باڵەکی، ٢١) تەیموور مستەفایی، ٢٢) محەممەد شەهرەوان، ٢٣) ئەحمەد ڕەحیمی.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٢:**
١) عەبدوڵڵا حەسەنزادە (سکرتێر)، ٢) مستەفا هیجری ٣) حەسەن شەرەفی، ٤) باباعەلی مێهرپەروەر، ٥) حوسەین مەدەنی، ٦) حەسەن ڕەستگار، ٧) مستەفا مەولوودی
لەو کۆنگرەیەدا جێگر سکرتێر لە غیابی سکرتێردا بە پێشنیاری سکرتێر و ساغبوونەوەی دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێردرا. لەو ماوەیەدا زۆرجار مستەفا هیجری جێگری سکرتێر و ماوەیەکیش باباعەلی مێهرپەروەر جێگری سکرتێر بوو.

**تێبینی:** هەڵبژاردنی جێگری سکرتێر بە پێشنیاری سکرتێر سپێردرا.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٢ بریتی بوون لە:**
١) لوقمان مێهفەر، ٢) کەریم مەهدەوی (سەقزی)، ٣) محەممەد کەسرایی، ٤) خوسرەو بەهرامی، ٥) محەممەد حەسەنپوور، ٦) سەید موعتەسەم نوورانی، ٧) سەید برایم کەریمی، ٨) خەدیجە مەعزووری، ٩) خالید عەزیزی، ١٠) حوسەین نازدار، ١١) محەممەد ساڵح قادری، ١٢) سەید برایم هاشمی، ١٣) خوسرەو عەبدوڵلاهی، ١٤) عەلی کەسنەزانی

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٢ بریتی بوون لە:**
١) عومەر شاداب، ٢) خالید وەنەوشە، ٣) تاهیر کەسیلی، ٤) د. میرۆ عەلیار، ٥) ئەحمەد جەهانگیری، ٦) سەعید بەگزادە، ٧) عەبدولڕەزا کەریمی

## بەیاننامە بە بۆنەی تەواوبوونی
## کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان !**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مایەی شانازی و خۆشحاڵییە کە ڕا بگەیەنێ دوازدەهەمین کۆنگرەی حیزب سەر لە بەیانیی ڕۆژی هەینی، چواری سەرماوەزی ١٣٧٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٤ی نوامبری ٢٠٠٠ی زایینی دەستی بە کار کرد و دوای ٣ ڕۆژ کاری بەردەوام و پڕ نێوەرۆک ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٦ـی سەرماوەز بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆنگرە سەعات ٩ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٤ی سەرماوەز بە سرووودی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێکرد و دوای ڕاگەیاندنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری، هاوڕێی تێکۆشەر کاک حەسەن ڕەستگار وەک یەکێک لە کۆنترین ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، وتاری کردنەوەی کۆنگرەی خوێندەوە. ئەم جار هاوڕێی تێکۆشەر کاک حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئەندامی کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرە ڕاپۆرتی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی پێشکەش کرد. بە دوای ئەوەدا سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بانگ کرایە پشتی میکرۆفۆن.

ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی کورتە ئاوڕدانەوەیەکی بۆ سەر وەزعی نێونەتەوەیی تێدا بوو. لەو بەشەدا لە چالاکتر بوونی نەخشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێڕاگەیشتن و چارەسەرکردنی گیروگرفتە ناوچەییەکاندا و لە هێندێ وەدەنگ هاتنی کۆمەڵگەی جیهانی لە سەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ و سەرکوتی نەتەوە بچووکەکان لەم لاو لەو لای جیهان ڕەزامەندیی دەربڕیبوو و، ئاواتی خواستبوو کە دەسەڵاتە گەورەکانی جیهان قازانجی ئابووری و بازرگانی و ستراتێژیی خۆیان نەکەنە تەنیا مێعیاری هەڵوێستگرتن بەرامبەر بە گیروگرفتە ناوچەییەکان. هەر لەو بەشەدا ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی درێژەی شەڕ و گیروگرفتە ناوچەییەکان و دیاردەی دزێوی تێرۆریزمی بە کۆسپێکی سەر ڕێگای جێگیربوونی ئاشتیی جیهانی و بەختەوەری و هێمنیی گەلان دانابوو.

لە باسی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی ناخۆشحاڵیی لە ئاڵۆزبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و دەست پێکردنەوەی پێک هەڵپڕژان لە نێوان ئەرتەشی ئیسرائیل و هاونیشتمانە فەلەستینییەکاندا نیشان دابوو و، لە سەرکوتی بێڕەحمانەی ڕاپەڕینی خەڵکی فەلەستین (انتفاضە) بە دەستی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکانی ئیسرائیل بێزاریی دەربڕیبوو. هەر لەو بەشەدا ڕاپۆرت درێژەی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراقی بە شتێکی بێپاساو و بە زەبرێک لە ژیانی خەڵکی عێراق لە قەڵەم دابوو و، داوای کردبوو ئەم گەمارۆیە بە تەواوی هەڵگیرێ.

لە لێکدانەوەی وەزعی ئێراندا ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی ڕوونی کردبۆوە کە قۆڵی ناسراو

بە ڕیفۆرمخواز لە نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا تا ئێستا کارێکی بنەڕەتیی بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک و دابینکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی نەکردوە و تەنانەت لە زۆر بارەوە نیشانی داوە کە زەرفییەتێکی بەرتەسکی بۆ پەرە پێدانی ئازادییەکان هەیە. لەو لاشەوە قۆڵی پاوانخواز هەر ڕۆژە هێرش دەکاتە سەر سەنگەرێک لە سەنگەرەکانی ئازادی، هەر جارە یەکێک لە دەنگە ئازاد و جودابیرەکان لە گەروودا دەخنکێنێ و هەتا دێ زیاتر ئەو کەمە ئازادییە کە خەڵکی ئێران بە دانی هەزاران شەهید و بریندار و زیندانی و تەبعید وەدەستیان هێنابوون، بەرتەسک دەکاتەوە. لەو پێوەندییەدا کۆنگرە نەفرەت و بێزاریی توندی خۆی لە موحاکەمە و زیندانی کردنی بەشێک لە دڵسۆزترین نووسەران و ڕووناکبیرانی ئێرانی بە «تاوان»ی حەق گوتن یان بەشدار بوون لە کۆنفرانسی بێرلیندا دەربڕی و، موحاکەمە و بە بەندکێشانی کەسانی وەک «ئەکبەر گەنجی»، «عەبدوڵڵا نووری»، «یووسف ئەشکەوەری»، «عێزەتوڵڵا سەحابی» و دەیان شەخسیەتی دیکە لە ژنان و پیاوانی هەڵبژاردەی کۆمەڵی ئێرانی بە پەڵەیەکی شەرم بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە زانی.

ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی ئاوڕدانەوەیەکی خێراشی بۆ سەر وەزعی کوردستانی ئێران و وەزعی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان تێدا بوو. لەو بەشەدا وێڕای باسی هەلومەرجی ئێستای خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە ڕەسمی ناسرانی مافی نەتەوایەتیی بە مافێکی بێئەم لا و ئەو لای کوردەکان زانیبوو و، هەر چەشنە سەرکوتێکی دژی گەلی کوردی مەحکووم کردبوو.

ڕاپۆرت، ئەم جار هاتبووە سەر باسی هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەرکەکانی ئەندامانی حیزب و چاوخشاندنێک بە ڕابردووی کار و تێکۆشانی حیزب لە سێ ساڵی نێوان دوو کۆنگرەی ١١ و ١٢دا. لەو بەشەشدا هەڵوێستەکان شی کرا بوونەوە، ئەرکەکان بە ڕوونی دیاری کرا بوون و لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی حیزب و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی ڕێز گیرابوو.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرەدا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب خرانە بەر لێکۆڵینەوە و هێندێ دەسکاریی پێویستیان تێدا کرا. لە دوابەشی کاری کۆنگرەشدا ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێران کە هەتا کۆنگرەیەکی دیکە ئەرکی بەڕێوەبردنی حیزبیان دەکەوێتە سەر شان.

کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەیەکی کورتی دوای هەڵبژیرانیدا جارێکی دیکە بە تێکڕای دەنگ هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادەی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردەوە.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٧ی سەرماوەزی ٧٩، بەشدارانی کۆنگرە خۆشحاڵ لە سەرکەوتنی کۆنگرە و گەشبین بە دوارۆژی بزووتنەوەی کورد گەڕانەوە شوێنی کار و تێکۆشانیان.

پیرۆز بێ سەرکەوتنی کۆنگرەی دوازدەهەم لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو دڵسۆزانی کورد.

**کومیتەی ناوەندی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٧٩/٩/٧**

## ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی
## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی دوازدەهەم
## ٤ تا ٦ی سەرماوەزی ١٣٧٩ی هەتاوی (٢٤ تا ٢٦ی نوامبری ٢٠٠٠)

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

**خوشک و برا بەڕێزەکان!**

نوێنەرانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستان و دەرەوەی وڵات!

بە ناوی کومیتەی ناوەندییەوە، کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە لایەن کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبەوە ئەرکی پیرۆز و جێی شانازی و هەر لەو کاتەدا قورس و پڕ مەسئوولیەتی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەم قۆناغە ناسک و دەژوارەی تێکۆشاندا پێ سپێردراوە، پڕ بەدڵ بەخێراتنتان دەکەم و سەرکەوتنی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزب لە بەڕێوەبردن و بە ئاکام گەیاندنی ئەرکەکانیدا و، هەروەها سەرکەوتنی یەک یەکی ئێوە و تێکڕای تێکۆشەرانی حیزبەکەمان بە ئاوات دەخوازم. بۆ کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی یازدەهەم جێگای شانازییە کە دوای سێ ساڵ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێستا توانیویەتی کۆنگرەیەکی دیکەی حیزبی بانگهێشتن بکا، تا هەم بە کارنامەی ڕێبەرایەتیی حیزب لە سێ ساڵی ڕابردوودا بچێتەوە و هەم ڕێبەرایەتییەکی تازە بۆ وەئەستۆ گرتنی مەسئوولیەت تا کۆنگرەیەکی دیکە هەڵبژێرێ. کار و تێکۆشانی کومیتەی ناوەندی کە بەشێکە لەم ڕاپۆرتەدا دەخرێتە بەرچاو و زۆربەی هەرە زۆریشی لە بەرچاوی نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە شاراوە نییە، بە باوەڕی ئێمە بە لە بەرچاو گرتنی ئەو هەلومەرجە دژوار و پڕ گرێوگۆڵە کە بەسەر ناوچەی تێکۆشانماندا زاڵە لە سەریەک سەرکەوتوویە و داوەریی یەک جاریش لەو بارەیەوە ئەرکی ئێوەی تێکۆشەرە کە بە وردی ئەم ڕاپۆرتە و تێکڕای تێکۆشانی حیزب لە ساڵانی نێوان دوو کۆنگرەدا هەڵدەسەنگێنن و حوکمی خۆتان دەدەن. ئاشکرایە کە هەر جۆرە سەرکەوتنێک لەو ماوەیەدا بە دەست هاتبێ بەرهەمی کار و تێکۆشانی تێکڕای کادر و ئەندامانی حیزب و ئاکامی هاوکاریی هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و بەکار بردنی ئەقڵی بە کۆمەڵ و کاری بە کۆمەڵە. دڵنیام هەتا ئەو گیانی هاوکاری و تێکۆشانە بەردەوام بێ، حیزبەکەمان دەتوانێ هەر وا ڕووسوور و سەربەرز و هەر وا جێگای متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بێ.

کۆنگرەی ئێستامان کە دیسان لە هەلومەرجێکی ناسکی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەییدا پێک دێ، زۆر ئەرکی گەورە و قورس و سیاسی و بەرنامەیی و تەشکیلاتیی کەوتوونە سەر شان. بەجێ گەیاندنی سەرکەوتووانەی ئەم ئەرکانە وەک هەمیشە بەستراوەتەوە بە هەستی بەرپرسایەتی و بەشداریی هەموو ئەندامانی کۆنگرە لە باس و بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیەدا. هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە کە مێژووی کوردستان و ئێران و بە تایبەتی مێژووی حیزبەکەمان لەم قۆناغەدا خستوویەتە سەر شانی ئێمە بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە، داوامان لێدەکا کە پێش هەموو شتێک و دوای هەموو شتێک بیر لە قازانج و مەسڵەحەتی حیزبەکەمان،

بزووتنەوەکەمان، گەلەکەمان و وڵاتەکەمان بکەینەوە و هیچ شتێکی دیکە جگە لە چارەنووس و دوارۆژی حیزب و گەل بیروبۆچوون و بڕیارمان پێ دیکتە نەکا. بەو ئەزموونە کە لە ڕابردووی خەباتگێڕانی دێموکراتم هەیە، بەش بە حاڵی خۆم هەر ئەوەش لە نوێنەران و تێکڕای ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە چاوەڕێ دەکەم. هەر بۆیە لە ئێستاوە چاوم لە ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتنی کۆنگرەکەمانە.

لە نێوئاخنی کاروباری کۆنگرەدا هاوڕێیان گوێ لەو هەموو پەیامی پیرۆزباییە دەگرن کە لە لایەن حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە کورد و ئێرانی و خارجییەکانەوە بۆ کۆنگرە هاتوون و سەرنج دەدەنە ئەو متمانەیە کە دۆستانی حیزبەکەمان بە ئێمەیان هەیە و ئەو چاوەڕوانییەشیان دەکەوێتە بەرچاو کە لە دەرەوەی حیزبەوە لێمان دەکرێ. باسی ئەو هەموو هومێد و ئاوات و ئارەزووەش ناکەم کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەشێکی زۆر لە ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بە حیزبەکەمان و تەنانەت بەم کۆنگرەیەیان بەستوە. ئەمانەش هاندەرێکی دیکەن بۆ ئەوەی گرینگی و قورسیی ئەرکەکانی سەر شانمان هەست پێبکەین و تێبکۆشین لە بەجێ گەیاندنیاندا ڕووسوور دەرچین.

وەک هەموو جارێ جێگای بەشێک لە خۆشەویستترین ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب لە نێو بەشدارانی کۆنگرەدا بەتاڵە ئەوانە ئەو بەشە لە هاوسەنگەرە دڵسۆزەکانمانن کە یان لە ڕێگای ئامانجە پیرۆزەکانی حیزب و گەلدا گیانیان بەخت کردوە، یان بە «تاوان»ـی دیفاع لە ماف و ئازادییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان خراونە قوژبنی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی و بە پێچەوانەی بۆچوونی تەسکی دوژمنانی ئازادی، لە سەنگەرێکی دیکەدا درێژە بە کار و تێکۆشانی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە ئینسانییەکانیان دەدەن. لە نێو ئەو هاوڕێیانەدا کە جێگایان بە بەتاڵی لە نێوماندا دیارە، ڕێگام بدەن یادی تێکۆشەری نەمر و خەباتگێڕی هەرگیز لە بیر نەکراو کاک «سەید سەلام عەزیزی» ئەندامی دەفتەری سیاسی بکەمەوە کە نیزیکەی ساڵ و نیوێک لەمەو بەر لە جەنگەی کار و تێکۆشانی سیاسی و لە هەڕەتی تین و گوڕی تەمەنیدا بە نەخۆشییەکی لە نەکاو ماڵاوایی لێ خواستین و داخێکی گرانی لەسەر دڵی هەموومان بەجێ هێشت. یادی کاک سەلام و هەموو ڕێبوارانی شەهیدی ڕێگای ئازادی بەڕێز و ڕێگایان بۆ خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا پڕ ڕێبوار بێ.

لە کۆنگرەی ١١دا پێشبینی کرا بوو کە ئەم کۆنگرەیە بکەوێتە ساڵی ٢٠٠١ـی زایینی. جێی خۆشحاڵییە کە توانیمان پێش لە تەواو بوونی ساڵی ٢٠٠٠، واتە زووتر لە کاتی پێشبینی کراو لە دەوری یەک کۆ بینەوە و کۆنگرەکەمان کە بە هەرحاڵ یەکەم کۆنگرەی سەدەی بیست و یەکەم دەبێ پێک بێنین، هەلومەرجی بەسترانی ئەم کۆنگرەیە تا ڕادەیەکی زۆر تازەیە. ڕاستە ئاڵوگۆڕی زۆر بنەڕەتی بەسەر وەزعی سیاسیی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا نەهاتوە بەڵام بە تایبەتی هەلومەرجی ئەم چەند ساڵەی دوایی وڵاتەکەمان بە هەر بیر و بۆچوونێکەوە سەیری بکەین هەلومەرجێکی تازەیە و لە سەرمانە لێی ورد بینەوە، هەڵی سەنگێنین و هەڵوێست و سیاسەت و بەرنامەی تایبەتی تێکۆشانمان بە لە بەرچاو گرتنی ئەم وەزعە دیاری بکەین. پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیە و سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوی لە نێو ئەندامانی کۆنگرە، لە هەموو تێکۆشەرانی حیزب و لە تێکڕای خەڵکی کوردستان –کە بە چاوی هومێدەوە دەڕواننە ئاکام و بڕیارەکانی– پیرۆز بێ.

**وەزعی نێونەتەوەیی:**

لێکدانەوەی تەواوی هەلومەرجی نێونەتەوەیی هەم پێویستی بە وەخت و دەرەتانی زیاتر هەیە، هەم کاری پسپۆڕان و شارەزایانی بواری سیاسی و ئابووری و ستراتێژییە و هەمیش لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە سەیری دەکرێ و ئاکامی جۆراوجۆری لێ بەدەست دێ. چونکە قازانجەکان زۆر جار دژبە یەکن و لە ئاکامدا هەڵسەنگاندنی هەر دیاردەیەکیش بە لە بەرچاو گرتنی بیر و بۆچوونی قازانجە دژبە یەکەکان دەتوانێ جۆراوجۆر و تەنانەت دژبە یەکیش بێ، بۆیە ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ باسی بکەین تەنیا هێندێ شتی گشتیین کە بە جۆرێک بۆ ئێمە و بۆ ئاسۆی خەباتەکەمان گرینگی و بایەخیان هەیە و دەتوانن لە سەر دوورە دیمەنی ئاسۆی تێکۆشانمان کاریگەر بن. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر وەزعی نێونەتەوەیی دەخەینە بەر سەرنج هێندێ دیاردەی تێدا بەدی دەکەین بۆ وێنە:

**١- ململانەی هێزەکان:**

لەگەڵ ئەوەی دە ساڵێک بەسەر ڕووخانی بلووکی سۆسیالیستی و تەواوبوونی شەڕی سارددا ڕابوردوە و باس لە جیهانی یەک قوتبی هاتۆتە گۆڕێ، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بە ئاشکرا دەبینرێ کە لە زۆربەی مەسەلە گرنگە جیهانی و ناوچەییەکاندا ئەوە ئەمریکایە کە دوا بڕیار دەدا، بە ڕوونی دیارە کە جیهانی یەک قوتبی هێشتا نەبۆتە واقعیەتێکی سەلمێندراو و هێشتا ململانەیەکی توند (جارێک بە ئاشکرا و جارێک بە نهێنی) لە نێوان دەسەڵاتە گەورە ئابووری و نیزامییەکاندا بۆ سەقامگیر کردنی وەزعیەتی یەک قوتبییان پێشگیری لێ‌کردنی لە ئارادایە. ئورووپای ڕۆژئاوا هەرچەند لە زۆر بارەوە هاوکار و هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و زۆر جاریش هەڵوێستەکانی لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریکا یەکتر دەخوێننەوە، بە جیددی لە هەوڵی ئەوەدایە کە کەسایەتیی جیاواز و سەربەخۆ لە نفووز و دەسەڵاتی ئەمریکا بۆ خۆی بپارێزێ و وەک وەزنەیەک لە مەیدانی سیاسەتی جیهانییدا خۆی بنوێنێ. ئەو هەوڵانە کە ئورووپا چ وەک یەکیەتیی ئورووپا و چ وەک هەر وڵاتێکی ئورووپایی بە جیا -ئەگەر ئینگلستانی لێ دەرکەین- لە پێوەندی لەگەڵ هێندێ گیر و گرفتی ناوچەییدا دەیدا بۆ ئەوەی شوێن پێی خۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دا بنێ، بەڵگەیەکی زیندووی ئەو ڕاستییەن. بۆ نموونە:

-ئەگەرچی ئاشکرایە کە نە ئورووپای ڕۆژئاوا و نە فێدراسیۆنی ڕووسیە، میراتگری یەکیەتیی شۆڕەوی کە لەگەڵ ئەمریکا پێکەوە سەرپەرستیی ڕەوتی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبییان دەکرد نەیانتوانیوە وەک ڕەقیبێکی بەهێز لە بەرامبەر نفووز و دەسەڵاتی ئەمریکا لەو بوارەدا خۆیان نیشان بدەن. بەڵام هەوڵەکانیان بۆ نیشان دانی هەڵوێستی جیا لە هەڵوێستی ئەمریکا بەردەوامە و تەنانەت لە هێندێ حاڵەتدا بە ئاشکرا بۆچونی دژبە بۆچوونی ئەمریکایان دەربڕیوە و لەو ڕێگایەشەوە سەرنجی کۆمەڵانی نەتەوەی عەرەب و تەنانەت بەشێک لە دەوڵەتە عەرەبەکانیشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

-هەڵوێستی ئورووپا بەرامبەر بە ئێران و حکوومەتی ئیسلامی لە وڵاتەکەماندا (پیمان باش بێ یان خراپ) ئەوەندە جیاوازە لە هەڵوێستی ئەمریکا و تەنانەت دژبە هەڵوێستی ئەمریکا بوو کە ئەو وڵاتە پاش چەند ساڵ دانانی جۆرێک گەمارۆی ئابووری لەسەر کۆماری

ئیسلامی هەستی بە شکانی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە ئێران کرد و نەک هەر سیاسەتی «مهار دوگانە»ی وەلا نا، بەڵکوو یەک لایەنە بەشێک لە تەحریمەکانی سەر ئێرانی لا برد و چاویشی لە زۆر قەرارداد و ڕێککەوتنی بازرگانی و ئابووریی دەوڵەتانی دیکە لەگەڵ ئێران پۆشی. کارمان بەوە نەداوە کە نە سیاسەتی هەمیشەیی ئورووپا و نە پاشەکشەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران نەیانتوانیوە کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی خۆ پرچەک کردن و سەرکوت و زەبروزەنگ لە نێوخۆدا و ئاژاوەگێڕی و تێرۆریزم و دژایەتیی ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا بگێڕنەوە.

–هەڵوێستی ئورووپا لە بەرامبەر عێراقیشدا جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە. کار گەیشتۆتە ڕادەیەک کە ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایش (شورای امنیت)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا ئێستا هەست بە جۆرێک تەریک مانەوە دەکا و ئەو یەکدەنگییەی جاران لە ئەنجومەندا بەرامبەر بە عێراق هەبوو، ئەمڕۆ لە نێو ئەندامانی هەمیشەیی ئەو ئەنجومەنەشدا نابینرێ. بۆیە دەبینین بە پێچەوانەی ویستی ئەمریکا گەمارۆی داسەپاو بەسەر عێراقدا هەتا دێ شلتر دەبێ و هەر جارە لە لایەکەوە دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بە درێژەکێشانی ئەو گەمارۆیە بەرز دەبێتەوە. نیشتنەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری فڕۆکەکانی وڵاتان لە فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی بەغدا نیشانەیەکی زەقی ئەو ناڕەزایەتی و تەنانەت بەرهەڵستییەیە.

### ٢- درێژەی ئاڵۆزییە ناوچەییەکان:

دیاردەیەکی بەرچاو لە وەزعی نێونەتەوەییدا درێژەی ئاڵۆزییە ناوچەییەکانە. ڕەنگە بە ئاسانی بتوانین بڵێین کە ئەو شەڕ و کێشە ناوچەییانە ئەگەر هەڵگیرسانیان ئاکامی ململانەی نێوان هێزە ناکۆکەکانی نێوخۆی وڵاتێک یان دەوڵەتانی دراوسێ لە ناوچەیەکدایە، لە تەشەنە کردن و پەرە ئەستاندن و درێژە کێشانیاندا شوێنەواری دەست تێوەردانی دەوڵەتە گەورەکان بە ئاشکرا دیارە. ئەگەر چاوێک بە لە بەریەک ڕاوەستانی هێزە نێونەتەوەییەکان و سات و سەودایان لەسەر حیسابی هێزە ناوچەییەکاندا بخشێنین، ڕاستی و دروستیی ئەم ئیدعایەمان بۆ دەر دەکەوێ. نموونەی زیندوو لە بەریەک ڕاوەستان و دوایە سازانی ئەمریکا و ڕووسیە لە مەسەلەی یوگوسلاویی پێشوودا بوو، کە بە قیمەتی بێدەنگی و بێهەڵوێستیی ئەمریکا و دنیای ڕۆژئاوا بەرامبەر بە قەلاچۆی خەڵکی لیقەوماو و بێدەرەتانی چیچان تەواو بوو.

لەو نێوانەدا دوو دیاردەی جێگای پەسەند لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵۆزییە ناوچەییەکاندا دێنە بەرچاو کە ئەگەر درێژەیان هەبێ و پەرەیان پێ بدرێ، دەتوانین هیوادار بین کە هەم بۆ پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و هەم بۆ گەلانی بچووک و کەم دەسەڵات ئاکامی بەسوودیان لێ وەر بگیرێ. یەکەم دیاردە چالاکتر بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چارەسەرکردن یان هەوڵی چارەسەرکردنی گیر و گرفتە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندایە. نەخشێکی چالاک و کاریگەر کە لەو ماوەیەدا کۆڕی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش و سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانی و هەوڵی چارەسەری گیر و گرفتەکانی نێوان دەوڵەتاندا گێڕاویانە، هەم لە مێژووی ئەو ڕێکخراوەیەدا کەموێنەیە و هەم شوێنەواری باشی لەسەر ئارام کردنەوەی وەزع و خاو کردنەوەی گرژیی ئەم یان ئەو ناوچەیە لە جیهاندا داناوە.

دیاردەی دووهەم ئەوەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی لە هێندێک شوێن لە سەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ هاتوتە دەنگ و بە قازانجی گەلانی زۆر لێکراو دەست بەکار بووە. ئەگەر ئەو جۆرە دەست بەکار بوونە نەبووایە، کەس نەیدەتوانی پێش‌بینی بکا کە گەلانی بۆسنی، کۆسۆڤۆ، تیمۆری ڕۆژهەڵات لەگەڵ چ چارەنووسێکی خەمناک و دڵتەزێن بەرەو ڕوو دەبوون. ئەم ڕاستییە دەمان گەیەنێتە ئەو ئاکامە کە پێویستە ڕێبەرانی بزووتنەوەی گەلانی بندەست و یەک لەوان گەلی کورد هەوڵێکی چالاکانەتر بدەن بۆ ئەوەی نێوەرۆکی داخوازە ڕەواکانیان باش‌تر لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان بگەیەنن وکارێکی وا بکەن کە کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دیفاع لەو داخوازە ڕەوایانە بێتە مەیدان و ڕێگا نەدا دەوڵەتە زۆردارەکان بە ناوی ئەوە کە ئەو جۆرە مەسەلانە نێوخۆیین و کەس بۆی نییە دەستیان تێ وەر بدا، لەوە زیاتر درێژە بە سەرکوت و قەڵاچۆی بێ‌بەزەییانەی ئەو گەلانە بدەن.

**٣- تێرۆریزم:**

شتێک کە وەک دیاردەیەکی دزێو بە سیمای کۆمەڵگەی جیهانییەوە دیارە و پاش دەیان ساڵ بە ناو بەربەرەکانی لەگەڵ کردن، ئەگەر پەرەی نەگرتبێ کەمی نەکردوە، دیاردەی دژی ئینسانی تێرۆریزمە. ڕاستییەکەی ئەوەیە تێرۆریزم لە جیهاندا هەتا ئێستا تاریفێکی ڕوونی لێ نەکراوە و بۆچوونێکی وەک یەک و یەکڕەنگی لە بارەوە دروست نەبووە. دەتوانین بڵێین زۆربەی هێز و دەوڵەت و لایەنەکان تەنیا ئەو کارانە بە تێرۆریزم ناو دەبەن کە بەدژی خۆیان و بە قازانجی خۆیان بەڕێوە دەچن. چونکە هێندێک لایەن لە حاڵێکدا لە کردەوەیەکی بچووکی تێرۆریستی کە بەدژی خۆیان دەکرێ هاواریان دەگاتە ئاسمان، بۆخۆیان پەنا بۆ کردەوەی تێرۆریستیی بەربڵاوتر، بێ‌بەزەییانەتر و دژی ئینسانییتر دەبەن.

لە لایەکی دیکەوە دەبینین هێندێک لە دەوڵەتان کە چووکترین زەبر کە لە لایەن نەیارانیانەوە لێیان دەدرێ بە تێرۆریزم ناو دەبەن، لە نێوخۆ و دەرەوە و جاری وایە بە سەدان و هەزاران کیلۆمیتر دوور لە سنوورەکانی خۆیان بێ‌شەرمانەترین کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام دەدەن. نموونەی هەرە ناسراو و بەرچاوی ئەو جۆرە دەوڵەتانە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. حکوومەتی ئێران کە لە ماوەی تەمەنی پڕ تاوان و پڕ شوورەیی خۆیدا بە سەدان و هەزاران کەسی لە باش‌ترین و سالم‌ترین هاونیشتمانانی ئێمە لە ئێران و لە وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت لە دوورترین وڵاتانی جیهاندا تێرۆر کردوە، بێ‌شەرمانە خۆی بە «قوربانیی تێرۆریزم» دەناسێنێ. ئەو دەوڵەتە کە لە ساڵدا سەدان میلیۆن دۆلار لە داهاتی وڵات سەرفی پەروەردەکردنی تاقمی تێرۆریستی و کۆمەگ بە دەستە و تاقمە تێرۆریستییەکان و ناردنی تێرۆریزم و تێرۆریست بۆ وڵاتان دەکا، لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا خۆی وەک یەکێک لە شێلگیرترین لایەنگرانی خاشە بڕکردنی تێرۆریزم لە قەڵەم دەدا و تەنانەت بەشێکی هەرچەند کەم لە بیروڕای گشتییش بە فریو دەبا. بە باوەڕی ئێمە هۆی بنەڕەتیی خاشە بڕ نەبوونی دیاردەی تێرۆریزم و تەنانەت پەرەگرتن و مۆدێرن بوونی لە دوو واقعیەتدا خۆ دەر دەخا:

یەکەم ئەوەیە کە زۆر لەوانەی هەوڵی خاشە بڕکردنی تێرۆریزم دەدەن و زۆر جاریش لە نیازەکەیاندا ڕاستوێژن، بە چاوێک سەیری دیاردە تێرۆریستییەکان ناکەن و وەک یەک بەگژیاندا نایەنەوە. بۆ وێنە ئەگەر ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆن کردەوەیەکی تێرۆریستی بەدژی

دەوڵەتێک ئەنجام دەدا بە توندی مەحکوومی دەکەن و هات و هاواری دنیای لە سەر وەڕێ دەخەن. کەچی ئەگەر دەوڵەتەکە پێش ئەو کردەوەیە یان دواتر تێرۆرێکی چەندین بەرامبەر گەورەتر و دزێوتر بەدژی ڕێکخراوەکەی ئۆپۆزیسیۆن بەڕێوە بەرێ، گرییەک نایەتە نێو چاوانیان و چەندیش بکرێ پەردەی بێدەنگی بەسەر هەواڵەکەیدا دەدەنەوە.

دووهەمیش ئەوەیە کە دەوڵەتان و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە جیاتی بیرکردنەوە لە وشککردنی ڕەگ، ڕیشەی تێرۆریزم و لە نێو بردنی هۆیەکانی پەنا بردن بۆ تێرۆریزم، زیاتر سەرنج دەدەنە بەربەرەکانی لەگەڵ ئاکامەکان و هەر حاڵەتێک بە جیا و بە دوور لە تەواوەتی دیاردەکە دەخەنە بەرباس و سەرنج. نامانەوێ بگەڕێینەوە سەر ڕیشەی تێرۆریزم و مێژووی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە. بەڵام شک لەوەدا نییە کە ئەگەر ڕەفتاری هێندێک دەوڵەتی تێرۆریستپەروەری لێ دەرکەین، دیاردەی تێرۆریزم لە سەردەمی ئێستادا بەشی زۆری لە زوڵم و زۆری دەوڵەتەکان و نابەرابەریی دوولایەنەی ناکۆکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. واتە ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆن کە هەست بە زوڵم و زۆرێکی مێژوویی دەکا و لە تەرازووی هێزیشدا توانای ڕووبە ڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزە دەوڵەتییەکان لە خۆیدا نابینێ، پەنا دەباتە بەر کردەوەی تێرۆریستی، تا بتوانێ بێئەوەی شوێنەوارێک لە خۆی بەجێ بێڵێ زەبرێک لە هێزی دەوڵەت بدا.

بەو پێیە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ خاشە بڕکردنی دیاردەی تێرۆریزم پێویستە هەوڵ بدا ڕیشەی نابەرابەرییەکان وشک بکا و ڕێگا نەدا ئەوانەی بەهێزترن، مافە ڕەواکانی بێهێزەکان لەژێر پێ بنێن و ئەو گرێ دەروونییانە لەواندا دروست بکەن کە بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی بەشێک لە نابەرابەرییەکان پەنا بۆ ئەو کردەوە ناپەسەندە بەرن و زۆر جار لە جیاتی ئەوەی زیانێک بە سەبەبکارانی ئەو زوڵم و بێعەداڵەتییانە بگەیەنن، گیان و ماڵی خەڵکی بێگوناح بدەنە بەر پەلامار و خوێنی بە ناحەق بڕێژن.

### ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست:

باسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە جیا لە دوو بارەوە پێویستە. یەکەم ئەوەیە کە لە هەر ڕوانگەیەکەوە بۆی بڕوانین ئەم ناوچەیە لە ستراتێژیی دەوڵەتە گەورەکانی دنیا و لە لێکدانەوە نێودەوڵەتییەکاندا بایەخێکی تایبەتیی هەیە. ئەم ناوچەیە هەم لە باری ستراتێژی و «سوق‌الجیشی»یەوە گرنگە، چونکە سێڕیانی سێ قاڕەی گرینگی جیهان، ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپایە، هەمیش سەرچاوەیەکی یەکجار گرینگی سامانە ژێر زەمینییەکان بە تایبەتی نەوتە و زیاتر لە ٥٠٪ی پاشەکەوتی نەوتی جیهان لەو ناوچەیەدا هەڵکەوتوە. بێجگە لەوەش ئەم مەڵبەندە یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی جیهانە و بەو پێیە بازاڕێکی بەرینە بۆ قاڵکردنەوەی شتومەکی سەنعەتیی وڵاتانی پێشکەوتوو. دووهەم ئەوە کە ئێران و هەموو وڵاتانی دیکەی کوردنشین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتوون و شتێکی ڕوونە کە هەر ئاڵوگۆڕێکی باش یان خراپ لەم ناوچەیەدا ڕوو بدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەتوانێ شوێن لەسەر وەزعی وڵاتەکەمان و چارەنووسی گەلەکەمان و بە تایبەتی لەسەر خەباتی حیزبەکەمان دابنێ. لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چەند مەسەلەیەک جێگای ئاوڕ لێدانەوەن:

**١- وتووێژەکانی ئاشتی:**

مەسەلەی هەرە گەرموگوڕ و جێگای بایەخی گەلانی ناوچە و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان لە بارودۆخی ئێستادا مەسەلەی وتووێژەکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبییدا و بە تایبەتی مەسەلەی فەلەستینە. وەک دەزانین وتووێژی نێوان ئیسرائیل لە لایەک و دەوڵەتە عەرەبییەکانی خەتی پێشەوەی جەبهە لە لایەکی دیکە لە سێ ساڵی ڕابردوودا هەتا هاتوە بەرەو دوا کشاوەتەوە و ئێستا گەیوەتە جێگایەک کە ئیدی شتێک نابینرێ ناوی وتووێژی نێوان عەرەب و ئیسرائیلی لەسەر دابنرێ. ئەوەی لە دوو-سێ ساڵی ڕابردوودا سەرنجی لایەنە پێوەندییدارەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و تا ڕادەیەکی زۆریش هەوڵ و تەقەلای لە پێناودا دراوە تەنیا مەسەلەی فەلەستینە کە زۆر جار بە «مەسەلەی مەرکەزیی عەرەب» ناو دەبرێ لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل و هاتنەوە سەر کاری حیزبی کرێکار لەو وڵاتەدا ئەو ئومێدە لە لای زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێک هاتبوو کە بە پێی ئەوەی ئەو حیزبە بە «میانەرو» ناسراوە و هەر لەوکاتەدا بە لایەنگری چارەسەری ئاشتیخوازانەی گیروگرفتی عەرەب و ئیسرائیل دانراوە و وتووێژەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکانیش لەسەر دەستی ڕێبەرانی ئەم حیزبە هاتوەتە ئاراوە، ڕەوتی وتووێژ بۆ چارەسەری مەسەلەی فەلەستین زیاتر بکەوێتە سەر گەڕ و لە ماوەیەکی نیزیکدا بگاتە قۆناغی یەکجاری.

کەچی بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە گەشبینانەیە زۆر زوو دەر کەوت کە ستراتێژیی گشتیی ڕێبەرانی ئیسرائیل بە هەر دوو حیزبی سەرەکیی ئەو وڵاتەوە (لیکوود و کرێکار) جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و لە ڕوانگەی هەمووی ئەو ڕێبەرانەوە ئیسرائیل هەقی حاکمیەتی تەواوی بەسەر هەموو ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستیندا هەیە و ئەوەی دەدرێ بە فەلەستینییەکان ناتوانێ لە سنووری خودموختارییەکی تەسکی نێوخۆیی بەبێ هیچ چەشنە حاکمیەتێکی نیشتمانی تێپەڕ بکا. ئەهوود باراک ئەگەرچی بە ڕواڵەت ژێستێکی ئاشتیخوازانەی لە خۆی نیشان دەدا، بەڵام لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا و لە تەواوی خولەکانی وتووێژدا بۆ هەموو دنیای دەرخست کە جێنشینێکی باشی بنیامین نەتانیاهوویە و لە ماهیەتیدا نییە مافە ڕەواکانی خەڵکی فەلەستین بە ڕەسمی بناسێ و دەرەتان بۆ ئاشتییەکی بەردەوام و عادڵانە لەو ناچەیەدا برەخسێنێ.

وڵاتانی عەرەبی کە لە تیئۆرییدا ڕەنگە بە پاڵپشتێک بۆ خەباتی گەلی فەلەستین لە پێناوی وەدەست هێنانی مافەکانیدا بناسرێن لەو ماوەیەشدا هەر وەک ڕابردوو نەیانتوانیوە نەخشێکی کاریگەر لە چارەسەری «مەسەلەی مەرکەزیی عەرەب»ـدا لە خۆیان نیشان بدەن و بەو هەموو ئیمکاناتە ئابووری و ئینسانییەوە کە هەیانە ببنە ئامرازێکی فشار لەسەر ئیسرائیل و پشتیوانەکانی. لە هەمووی گرینگتر دەوڵەتە عەرەبییەکان لە نێو خۆیاندا ئەوەندە دوچاری چەنددەستەیی و دووبەرەکیین کە چاوەڕوانیی هیچ هەڵوێستێکی هاوبەشیان لێ ناکرێ. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەوڵەتی عەرەبی هەن کە هەر چەشنە بەرەنگار بوونەوەیەکی دیپلۆماسییش لەگەڵ ئیسرائیل ڕەت دەکەنەوە و هێندێ دەوڵەتیش هەن کە خوازیاری سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر نەخشەی جوغرافیان. ڕەنگە هیچ ئینسانێکی مەسئوول خوازیاری بەرەنگار بوونەوەیەکی چەکدارانە لەگەڵ ئیسرائیل کە بێگومان ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەمریکاش لەگەڵ خۆی دێنێ، نەبێ. بەڵام ئاشکرایە کە وڵاتانی عەرەبی بە مەرجێک یەکهەڵوێست و

یەکگرتوو بن دەتوانن هەر بە ڕێگای غەیرە نیزامییدا ئیسرائیل و پارێزەرانی ئیسرائیل ناچار بکەن ماف و ئیمتیازێکی بەرچاوتر بدەن بە فەلەستینییەکان.

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەک سەرپەرستی ڕەوتی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بە داخەوە زۆر کەم لە ئیمکاناتی خۆی بۆ ناچارکردنی ئیسرائیل بە قەبووڵی داخوازە ڕەواکانی گەلی فەلەستین کەلکی وەرگرتوە و تەنانەت کەمیش وا بووە نەخشی نێوبژیوانێکی بێلایەن یاری بکا. لەبەر هێندێ هۆی ناسراو ئەمریکا بە کردەوە لایەنی ئیسرائیلییەکانی گرتوە و ئەوانی لە گرتنەپێشی سیاسەتێکی توند و لاسارانەدا دڵگەرمتر کردوە. بۆ ئیسباتی ئەم ئیدیعایە ڕەنگە هەر ئەوەندە بەس بێ کە بزانین ئیسرائیل تا ئێستا ملی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕا نەکێشاوە، کەچی ئەمریکا و شەخسی سەرکۆمار، بیل کلینتۆن هەموو جارێ وا نیشان دەدەن کە ئەهوود باراک نەرمترە و ئیمتیازی زۆرتری داوە و ئەوە یاسر عەرەفات و ڕێبەرایەتیی فەلەستینن کە نایەڵن ڕەوتی ئاشتی بەرەو پێش بچێ.

چەند مانگ لەمەو بەر ئیسرائیل بڕیاری دا پاش بیست ساڵ داگیرکردنی بەشێک لە خاکی جنووبی لوبنان هێزەکانی لەو ولاتە بەرێتە دەر. ئەم کارە هەروەک هەقی خۆی بوو لەگەڵ پێشوازیی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان بەرەو ڕوو بوو. لەوەدا هەم ئیسرائیل توانی کەلکێکی زۆری تەبلیغاتی بۆ خۆی وەرگرێ و خۆی بە لایەنێکی نەرمتر لە گیر و گرفتەکانی ئیسرائیل و عەرەبدا لە قەڵەم بدا، هەم حیزبوڵڵای لوبنانیش بەهرەی چاکی وەرگرت و لە ڕێکخراوێکی تۆمەتبار بە ڕەفتاری تێرۆریستییەوە بوو بە قارەمانی ڕزگارکردنی جنووبی لوبنان. بەلام ئەگەر لە سەرەتاشەوە بۆ زۆر کەس ڕوون نەبوو، دوایە بۆ هەمووان دەرکەوت کە کێشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە لوبنان لەبەر نیازپاکی و ئاشتیخوازیی ڕێبەرانی ئیسرائیل نەبووە. بەڵکوو ئیسرائیل ئەو کارەی بۆیە کردوە کە لە لایەک خۆی لەو چاڵاوە کە بە دەستی خۆی بۆ خۆی هەڵکەندبوو ڕزگار بکا و کۆتایی بەو گیر و گرفتانە بێنێ کە بوونی هێزەکانی لە جنووبی لوبنان بۆ ئەو هێزانە و دانیشتووانی شیمالی ئیسرائیل پێک هێنابوون، لە لایەکی دیکەش بەو هەنگاوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە سووریە بەهێز بکا و هەر نەبێ بەشێک لە بیانووی بوونی هێزەکانی سووریە لە لوبنان لە دەستی ئەو ولاتە دەربێنێ. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئیسرائیل دەبوو بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ٣٣٨ـی ئەنجومەنی ئاسایش دە ساڵ پێشتر هێزەکانی لە جنووبی لوبنان کێشابایەوە.

پاش تێپەڕ بوونی حەوت ساڵ بە سەر ئیمزای ڕێککەوتننامەی واشینگتۆندا و دوای چەند دەور وتوویژی ڕاستەخۆی نێوان عەرەفات و باراکدا بە سەرپەرستیی بیل کلینتۆن و دوای تەواو بوونی ماوەی دیاریکراو بۆ بە ئاکام گەیشتنی وتوویژەکان و دامەزرانی دەوڵەتی فەلەستینن (١٣ی سێپتامبری ٢٠٠٠) و درێژکردنەوەی ئەو مۆڵەتە لە لایەن فەلەستینییەکانەوە، لە مانگی ڕەزبەری ڕابردوودا بە سەردانی ئاریێل شارۆن سەرۆکی بەرەی لیکوود لە «بیت المقدس» دەورێکی دیکە لە بێزاری دەربڕینی فەلەستینییەکان و نائارامی لە ناوچە داگیرکراوەکاندا دەستی پێکرد. دەوڵەتی «کرێکار»ی ئەهوود باراک بە چەشنێک بەرەنگاری «انتفاضە»، ڕاپەڕینی فەلەستینییەکان بۆوە کە لە ڕاستییدا بە ڕاگەیاندنی شەڕ بەدژی فەلەستین و ڕەوتی ئاشتی دادەنرا. تانک و هێلیکۆپتێرەکانی ئیسرائیل بێپەروا کەوتنە بۆمبارانی شار و

شارۆچکە و بنکە و پێگە و تەنانەت مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانی فەلەستین و بەو جۆرە کە هەواڵدەرییەکان ڕایان گەیاند لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە چوار هەزار فەلەستینییان شەهید و بریندار کرد و بە دەیان میلیۆن دۆلار زیانی ماڵییان بەو خەڵکە بێدەرەتانە گەیاند. کەچی لەو حاڵەشدا ئەمریکای نێوبژیوان نەک هەر نارەزایەتییەکی لە سیاسەت و رەفتاری ئیسرائیل دەر نەبری، بەڵکوو فەلەستینییەکانی بە هۆی ئەو تێکهەڵچوونانە ناساند و لە ئەنجومەنی ئاسایشیشدا دژی مەحکوومکردنی ئیسرائیل وێستا.

پێداگرتنی ئەهوود باراک لەسەر پێکهێنانی حکوومەتی هاوبەش لەگەڵ شارۆن و ڕاگرتنی رەوتی وتووێژەکانی ئاشتی لەگەڵ فەلەستین ئەو فکرە بەهێز دەکەن کە هەر لە سەرەتادا سەردانی شارۆن لە «بیت‌المقدس» بەرنامەیەکی نەخشە بۆ کێشراو بە مەبەستی قەڵسە گێران لە فەلەستینییەکان و بیانوو دەست کەوتن بۆ سەرکوت و ڕاگرتنی رەوتی وتووێژەکانی ئاشتی بووبێ. بەم جۆرە ئێستا دەورێکی تازە و پڕ مەترسی لە ئاڵۆزی لە نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکاندا دەستی پێ کردوە کە ئاکامەکانی بە هیچ کەس پێشبینی ناکرێن و ئەگەرچی تا ئێرە (بە تایبەتی بە سەرنجدان بە ریزی نایەکگرتووی وڵاتانی عەرەبی و ئاکامەکانی کۆنفرانسی قاهیرە) وێ ناچێ شەرێکی تازە لەو ناوچەدا هەڵ گیرسێ. بەڵام کەمترین تشت کە لێی چاوەڕوان دەکرێ ئیفلیج بوونی یەکجاریی ڕەوتی ئاشتی و درێژەی مەینەتییەکانی خەڵکی فەلەستین و ڕژانی خوێنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی بێدیفاعی فەلەستینە.

ئێمە وێڕای بە پەرۆش بوون بۆ پاراستن و سەرخستنی ڕەوتی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبییدا خۆڕاگریی خەڵکی فەلەستین لە بەرامبەر لووتبەرزی و مەزنیخوازیی ئیسرائیلدا بە شتێکی ڕەوا و پیرۆز دەزانین و لەو باوەڕەداین کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەسەڵاتە گەورەکان پێویستە ڕێز بۆ مافەکانی خەڵکی فەلەستین و بڕیارەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دابنێین و بە هەمووان فشار بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل بێنن تا دەست لە کوشتاری خەڵکی بێدیفاع هەڵگرێ و لە ڕێگای بەڕەسمی ناسینی حاکمیەتی خەڵکی فەلەستینەوە بناغەی ئاشتییەکی عادڵانە و بەردەوام لەگەڵ ئەو خەڵکە و تێکڕای وڵاتانی عەرەبی دابڕێژێ. تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە ئیسرائیل هەرچەندیش لە باری نیزامییەوە لە فەلەستینییەکان و سەرجەم وڵاتانی عەرەبی بەهێزتر بێ، ناتوانێ لە ڕێگای زەبر و زەنگەوە ئەو گەلە قارەمان و مافخوازە سەرکوت بکا و وازی پێ لە داخوازەکانی بێنێ. کەوایە بە قازانجی خۆشیەتی کە جارێک بۆ هەمیشە کۆتایی بە ڕووبە ڕوو بوونەوە لەگەڵ فەلەستینییەکان بێنێ و پێوەندییەکی ئوسوولی لەسەر بناغەی مافی بەرامبەر و مافی دراوسێیەتی لەگەڵ هەموو وڵاتانی عەرەبی دامەزرێنێ.

**٢- کەمتربوونەوەی ئاڵۆزی لە ناوچەدا:**

ئەگەر وەزعی ئێستای فەلەستین و پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینی لێ دەرکەین، یەکێک لە بەرچاوترین دیاردەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کەم بوونەوەی ئاڵۆزی لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدایە. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا باشبوونێکی بەرچاو لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیە و سووریە، ئێران و عەرەبستانی سعوودی، ئێران و میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب و ئێران و عێراقدا بەدی هاتوە. جێگای سەرنجە کە بەشی زۆری ئەو

پێوەندی باشبوونەوەیە بێنێوبژیوانیی لایەنی سێهەم و بە وتوویژ و چاوپێکەوتنی ڕاستەخۆ لە نێوان بەرپرسانی لایەنە ناکۆکەکاندا پێک هاتوە. کەوایە ئەوەی ڕووی داوە دەکرێ زیاتر بە بەرهەمی هێندێ لێکدانەوەی نێوخۆیی و لە بەرچاو گرتنی هێندێ تاکتیکی کاتی، یان قازانجی هاوبەشی نێوان لایەنەکان دابنێین. ئێمە بە نۆرەی خۆمان کەمتر بوونەوەی گرژی و ناکۆکی لە پێوەندییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا بە دەسکەوتێک بۆ ئاشتیی جیهانی دەزانین و پێشوازیی لێ دەکەین. هیچ کاتێکیش بناغەی کار و تێکۆشانی خۆمان لەسەر ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوەی نێوان وڵاتانی ناوچە دانەناوە. بەو حاڵەش جێگای سەرنجە کە:

لە لایەک ڕیشەی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەوڵاتی نێوەڕاست بەو ئارامییەی ئێستا لە ئارادایە وشک نەکراوە و لە ڕاستییدا کارێک بۆ سەقامگیر بوونی ئاشتییەکی بەردەوام، چارەسەری گیر و گرفتەکان و یەکلاکردنەوەی داوا حقووقییەکان نەکراوە. بۆ وێنە پاش تێپەڕینی نیزیک بە ١٢ ساڵ لە تەواو بوونی شەڕی ئێران و عێراق هێشتا پەیمانێکی ئاشتی لە نێو ئەو دوو دەوڵەتەدا مۆر نەکراوە، ئەو داوایانە کە دوو وڵات لە یەکتریان هەن چارەسەر نەکراون و تەنانەت بە پێی ئیدیعای هەر دوو لایەن تا ئێستا کێشەی ئەسیرانی شەڕی هەشت ساڵەش بە تەواوی نەبڕاوەتەوە و هەر کام لە دوو دەوڵەت ئیدیعا دەکەن کە بە هەزاران دیلی شەڕیان لە لای ئەوی دیکە ماوە. کێشەی نێوان ئێران و ئەمارات لە سەر سێ دوورگەی تومبی گەورە و تومبی چووک و ئەبوو مووسا بێچارەسەر و تەنانەت بێپێڕاگەیشتن و هێنانە گۆڕ لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا ماوەتەوە و مل بە ملەی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعوودی کە لە هەر دووکیاندا ڕێژیمێکی مەزهەبی لە سەر کارە، لە سەر ڕێبەرایەتیی جیهانی ئیسلام، هەرچەندیش بە ئاشکرا خۆی نانوێنێ هەر وا لە جێگای خۆیەتی و زۆری دیکەی لەو بابەتە. بۆیە ئەو ئارامییەی لە پێوەندییە ناوچەییەکاندا هەیە بە هیچ جۆر ناکرێ وەک دیاردەیەکی سەقامگیر و هەمیشەیی لە قەڵەم بدرێ و هەمیشە مەترسیی سەرهەڵدانەوە توندتر بوونی ناکۆکییەکان و لە ئاکامدا شێوانی باری هێمنیی ناوچەکە لە ئارادا هەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە جێی داخە کە ئەو ئارامییەی لە ناوچەکەدا پێک هاتوە، زۆر جار بە قیمەتی سەودا و مەعامەلە لە سەر هێندێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئەو مەڵبەندە تەواو بووە. بۆ وێنە باشتر بوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیە و سووریە، ئەگەرچی شتێکی کاتی و ناسەقامگیریشە، لە ڕاستییدا لەسەر حیسابی بزووتنەوەی کوردی تورکیە تەواو بوو و، بووە هۆی وەدەرنانی عەبدوڵڵا ئوجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە و هەر نەبێ بەشی ئاشکرای هێزەکانی ئەو حیزبە لە سووریە و دۆڵی بیقاعی لوبنان کە ئەو ئاکامە خەماوییەی ئێستای لێ کەوتۆتەوە. ئەمە وا ناگەیەنێ کە پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K) بۆ خۆی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا دوچاری هیچ هەڵەیەک نەبووە. جگە لەو نموونەیەش بە ئاشکرا دەبینرێ کە لە زۆر حاڵەتدا ئەوەی دەکرێتە مەرجی ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکان دەست هەڵگرتن لە پشتیوانی لەم یان لەو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ناوچەیی، یان تەنانەت هاوکاری بۆ زەربە لێدانی بە قازانجی دەوڵەتەکانە. سەیریش ئەوەیە لە هیچ کامیاندا ڕێگە چارەی یەکجاری بۆ گیر و گرفتەکان بە جۆرێک لە خزمەت بە قازانجی ستراتێژیی گەلانی هەموو وڵاتەکان بکا، نادۆزرێتەوە. ئەم ڕاستییە

دەرسێکی بەنرخی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ناوچە و بە تایبەتی بزووتنەوەی کورد لێ وەر دەگیرێ کە هیوادارین هەموو هێز و لایەنەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە کەلکی لێ وەرگرن و بە کاری بەرن.

### ٣- سەرهەڵدانی هێندێ ڕێبەری لاو:

دیاردەیەک کە بە ڕواڵەت کەم بایەخ دێتە بەرچاو، بەڵام بە هەق سەرنجی زۆر لایەن و کۆڕوکۆمەڵی جیهانیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بە دەسەڵات هێندێ ڕێبەری لاو و بە قەولی یەکێک لە خۆیان «سەر لە ئینتێرنێت دەرهێناو» لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە گشتی لە وڵاتانی عەرەبییە. لەوانە، ئەمیری قەتەر، پادشای ئۆردۆن، پادشای مەراکیش و ئەم دواییانەش سەرکۆماری سووریە. ئەم دیاردەیە لە یەکەم ڕوانیندا بایەخێکی زۆری پێوە دیار نییە. بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین کە یەکەمیان بە جۆرێک لە کۆدیتا بە دەسەڵات گەیشتوە و، دووەم و سێیەمیان وەک میرات تەختی پاشایەتییان وەرگرتوە و تازەترینیشیان دەکری بڵێین پۆستی سەرکۆماریی بە میرات بۆ بەجێ ماوە، وا دێتە بەرچاو کە ئەم دیاردەیە نابێ حیسابێکی لەسەر بنیات بنرێ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە نوێ بوونەوەی ڕێبەری لە وڵاتێکدا و ئەویش وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن کەسانێکەوە کە دەورانی خوێندن و پەروەردە بوونیان لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتییدا گوزەراندوە و لەگەڵ فەزای دێموکراسی ڕاهاتوون، تا ڕادەیەک دەتوانێ مزگێنیدەری دەورانێکی تازە و کرانەوەی پەنجەرەکان بەرەو شنەبای دێموکراسی لە وڵاتدا بێ.

### ٥- گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق:

لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینییەوە و لە کاتی لەشکرکێشیی عێراق بۆ سەر کووەیتەوە گەمارۆیەکی توندی ئابووری خراوەتە سەر ئەو وڵاتە، دە ساڵ دوای پەلامار دانی کووەیت لە لایەن ئەرتەشی عێراقەوە و چەند ساڵ پاش ئەوەی عێراق بەکردەوە لە چەکە کۆمەڵکوژەکان بێبەش کراوە و توانای پەلامار دانی وڵاتانی دراوسێی -کە پاساوی ئەو گەمارۆ سەختە بوو- لە بەر براوە، هێشتا ئەو گەمارۆیە لە زۆر بارەوە وەک خۆی ماوەتەوە. دیارە ڕازی بوونی دەوڵەتی عێراق بە بڕیاری ٩٨٦ـی ئەنجومەنی ئاسایش کە بە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراک ناسراوە، کارەساتێکی گەورەی ئینسانیی لەسەر خەڵکی عێراق لا بردوە. بەڵام بەو حاڵەش لە هیچ شارەزایەکی بێلایەن شاراوە نییە کە دە ساڵ گەمارۆ ژیانی گەلانی عێراقی لەگەڵ مەینەت و چارەڕەشییەکی یەکجار گەورە بەرەو ڕوو کردەوە. هەر بە پێی ئەم ئامارانە کە ئۆرگانە نێونەتەوەییە پێوەندیدارەکان بڵاویان کردوونەوە لەو ماوەیەدا زیاتر لە نیو میلیۆن منداڵ لەبەر کەم بوونی دەرمان و کەرەسەی پزشکی و خواردنی کەم یان ناساڵم گیانیان لە دەست داوە. بێجگە لەوەش خەڵکی عێراق کە بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی وڵاتانی دراوسێ بە گشتی لە ژیانێکی ئابووریی باشتردا دەژیان، دە ساڵ دوای سەپاندنی گەمارۆی ئابووری ئەگەر ژمارەیەکی کەم لە توێژی هەرە سەرەوەی کۆمەڵی لێ دەر کەین، ئەوانی دیکە لە ژیانێکی بە تەواوی پڕ مەینەتدا دەژیین و هەژاری و نەداری زۆر دیاردەی ناپەسەندی کۆمەڵایەتییشی لەگەڵ خۆی هێناوە.

لە هەمووان ئاشکرایە ئەگەر لە سەرەتادا بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی جیهانی و بیر و ڕای گشتی لەگەڵ سەپاندنی ئەو گەمارۆیەدا بوو، ئێستا جگە لە یەک-دوو دەوڵەتی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش و دەوڵەتی کووەیت هیچ کام لە دەوڵەتان درێژەی ئەم وەزعە بە ڕەوا نازانن و بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ئەمە بە زیانی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی ئەم وڵاتایە. هەر بۆیە ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان لەگەڵ ئەوەی هیچ کات دەستدرێژی و لەشکرکێشیی وڵاتیک بۆ سەر وڵاتێکمان بە ڕەوا نەزانیوە، درێژەی ئەو گەمارۆ ئابوورییە لەسەر گەلانی عێراق بە شتێکی زاڵمانە دەزانین بە ڕاشکاوی پێمان وایە کە هیچ پاساوێکی بۆ نەماوە و پێویستە هەرچی زووتر بە یەکجاریی هەڵ بگیرێ.

## وەزعی ئێران:

سێ ساڵی نێوان کۆنگرەی ١١ و ١٢ی حیزبەکەمان لە ئێراندا ساڵانێکی پڕ جموجۆڵ و پڕ کارەسات بوون و خەڵکی ئێران و دەرەوە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی بەرچاویان لە باردۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی لە هەلومەرجی سیاسیی وڵاتەکەماندا هەبوو. لەوانەش زیاتر هەموو ئۆگرانی ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ ئەو هیوایەیان بۆ پەیدا ببوو کە لە سێبەری حکوومەتی خاتەمی و قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخوازدا بە تایبەتی دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکاندا ئەو قۆڵە لە دەسەڵاتداران زۆرایەتیی کورسییەکانی مەجلیسی بەدەست هێنا، وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا باشبوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ. کەچی بە داخ و کەسەرەوە سێ ساڵ و نیو دوای هەڵبژێرانی خاتەمی و لە بەرەبەری تەواوبوونی دەوری سەرکۆماریی ناوبراودا وڵاتەکەمان لە زۆر بارەوە پێشکەوتن و باشبوونێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە. ئێستا با کەمێک وردتر بارە جۆراوجۆرەکانی وەزعی ئێران بخەینە بەر باس.

### ١- باری ئابووری:

هەرچەندە ئێران لە باری سەرمایەی ئینسانی و ماددییەوە یەکێک لە دوڵەمەندترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لە سایەی کارگێڕی (مدیریت)ـی نادروستی ڕیبەرانی کۆماری ئیسلامییدا ئەمڕۆ خاوەنی یەکێک لە شپرزترین ئابوورییەکان لە جیهاندایە. گرانی و بێکاری و ڕۆژەڕەشی و نەداری بەرۆکی زۆربەی هەرە زۆری حەشیمەتی ٦٥-٦٠ میلیۆنیی ئێرانی گرتوە و هەتا دێ زیاتر پەرە دەستێنێ. هەر بە پێی قسەی کاربەدەستە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤٠٪ی حەشیمەتی ئێران لە ژێر خەتی هەژارییدا دەژین. مووچەی کارمەندانی دەوڵەت و حەقدەستی کرێکاران ئەگەرچی بە ڕواڵەت لە چاو سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی چەند بەرامبەر زیادی کردوە، زۆر بە کەمی لانیکەمی ژیان و بەڕێچوون بۆ بنەماڵەکان دابین دەکا و تەنانەت زۆر جار تەنیا بەشی کرێخانووی ئەو دوو توێژە کەمداهات و زەحمەتکێشە دەکا. هەر بۆیە بەشی زۆری کارمەندانی دەوڵەت ناچارن بۆ پڕکردنەوەی کەم و کەسرییەکان و دابینکردنی لانیکەمی گوزەرانی بنەماڵەکانیان لە دەرەوەی سەعاتەکانی کاری ئیدارە هێندێ کاری وەک تاکسی لێخوڕین و دەستفرۆشی بکەن.

بە دەسەڵات گەیشتنی قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخوازیش نەیتوانیوە شتێک لە وەزعی

نالەباری ئابووری بگۆڕێ. ئەگەر لە ساڵەکانی پێشتردا داهاتی ئێران لە فرۆشتنی نەوت تا ڕادەیەک کەمتر لە مەبلەغی پێشبینی کراو دەر دەچوو، لە یەک ساڵی ڕابردوودا بە هۆی چوونە سەری نرخی نەوتەوە ئەو داهاتە بە پێی لێکدانەوەی شارەزایان لانیکەم نیزیکەی شەش میلیارد دۆلار زیاتر لە مەبلەغی پێشبینی کراو بووە، کە بە ڕواڵەت دەبوو باشبوونێکی بەرچاو لە وەزعیەتی ئابووری و بەرنامەی ئاوەدانی و پێشخستنی وڵاتدا پێک بێنێ. کەچی بە ئاشکرا دیارە کە ئەو داهاتە زیادییەی لە پێناوی پێشخستنی ئابووریی وڵات و باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکدا بە کار نەهاتوە و تەنانەت دیاریش نییە کە ئەو هەموو داهاتە زیادییە لە چییدا خەرج دەکرێ. شارەزایانی باری ئابووری و ئەوانە کە ئاگاداری ڕەفتار و سیاسەتەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیین، وا پێشبینی دەکەن کە زێدە داهاتی نەوتی ئێران بەشێکی لە بەرنامەی خۆچەکدار کردن و تێرۆریستپەروەری و کۆمەگ بە تاقمە تێرۆریستییەکان لە دەرەوەی وڵات خەرج بکرێ و بەشێکی دیکەشی بچێتە حیسابی کاربەدەستان لە بانکەکانی ئورووپادا.

باشە ئەوەشی لێ زیاد بکەین کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کاربەدەستانی ڕێژیم لە بارەی هەوڵدانیان بۆ کەمکردنەوەی پشت بەستن بە داهاتی نەوت، دەرچوو (سادارت)ی غەیرەنەوتی لە یەک-دوو ساڵی ڕابردوودا لە جیاتی ئەوەی زیاد بکا، بە ڕادەیەکی بەرچاو لە کەمیی داوە. لە لایەکی دیکەشەوە هەرچەندی کاربەدەستانی ڕێژیم و بە تایبەتی قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز هەوڵیکی زۆریان بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی خاریجی داوە، سەرکەوتنێکیان لەو بوارەدا وەدەست نەهێناوە. لەوەش زیاتر، نەبوونی وەزعێکی سەقامگیری هێمنی (ئەمنیەت) لە وڵاتدا بۆتە هۆی ئەوە کە ساڵ لە ساڵ زیاتر سەرمایە خۆوڵاتییەکانیش لە وڵات بچنە دەر.

بێکاری و بێداهاتی و بێداهاتوویی زۆر بەڵای لە چار نەهاتووی تووشی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی لاوان کردوە. ناهومێدی و نەبوونی کار و بەرنامەی تەفریحی بەشێکی زۆر لە لاوانی تووشی بەڵای ئێعتیاد کردەوە و هەر بە گوێرەی ئەو ئامارانە کە ڕێژیم بڵاویان دەکاتەوە ژمارەی ئەوانەی فێری بەکار هێنانی مەوادی موخەدیر بوون لە دوو میلیۆن کەس تێدەپەڕێ، کە دیارە ژمارەی واقعی زۆر لەوەش زیاترە. لەوەش گەڕێ کە ژمارەی ئەوانەی لەوپەڕی بێئاسۆیی و ناهومێدییدا ڕێگای چوونە دەر لە وڵات و ڕاکردن لەو جەهەننەمە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ هاونیشتمانیانی پێک هێناوە، دەگرنە بەر هەتا دێ لە زیاد بووندایە. ئەم دیاردە هەم وڵاتەکەمانی لە توانای زانستی و پسپۆڕیی بەشێکی یەکجار زۆر لە باشترین ڕۆڵەکانی بێبەش کردوە و هەم چارەنووسێکی تاریک و نادیاری خستۆتە بەر پێی ئەو ئازیزانە. کەسێک گوێ لە سکاڵا و دەردی دڵی ئەوانە بگرێ کە لە ڕێگای چوونە دەر لە وڵاتدا تووشی گیروگرفت بوون، یان چەند ساڵە لە کەمپەکانی پەنابەران لە وڵاتانی ئورووپایی دەژین و چاوەڕێن وەزعیان ڕوون بکرێتەوە و ڕەحمیان پێ بکرێ، یان تەنانەت گوێی لە قسەی ئەوانە بێ کە بە ڕواڵەت وەک پەنابەر وەرگیراون و گیر و گرفتێکیان نەماوە، بەڕاستی جەرگی چارەنووسی ئەو میللەتە دەبێ بە ئاو.

**٢- وەزعی ئازادیيە دێموکراتییەکان و مافی مرۆڤ:**

دنیای ئەمڕۆ دنیای پەرە گرتنی ئازادی و دێموکراسی لە وڵاتاندایە، وڵاتەکەمان ئێران

کە ڕابردوویەکی دوورودرێژی لە ناڵاندن لەژێر نیری دەسەڵاتدارە زۆردار و دیکتاتۆرەکاندا هەیە، لە کۆنەوە تا ئێستا مەیدانی خەباتێکی قارەمانانە و نەپساوە لە پێناوی پساندنی زنجیری کۆیلەیی و بەدەست هێنانی ئازادییە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بووە. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک، بە تایبەتی بە هاتنە مەیدانی کەموێنەی ڕووناکبیران، لاوان و ژنان لە چەند ساڵی ڕابردوودا هێندێ پاشەکشەی بە قۆڵی هەرە دیکتاتۆر و زۆرداری نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا کردبوو. بە تایبەتی لە مەیدانی چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسییدا ئەو بزووتنەوەیە هێندێ سەرکەوتنی باشی دەست کەوتبوون و هەنگاوی گەورەی بەرەو پێش نابوون. زۆر کەس لە ئێران و دەرەوە چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بە هاتنە سەرکاری قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز و بە تایبەتی بە سەرکەوتنی ئەو قۆڵە لە هەڵبژاردنی دەوری شەشەمی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامییدا ئەو دەسکەوتانە زیاتر سەقامگیر ببن و پەرە بگرن و ئەو ئازادییە کە لە بواری چاپەمەنییدا سەپێندراوە بارێکی قانوونی وەر بگرێ و سیمایەکی تازە بە کۆمەڵی وڵاتەکەمان بدا. کەچی زۆر بەداخەوە پاش هەڵبژاردنی دەوری شەشەمی پارلمان و تەنانەت بە ماوەیەک پێشتر هێرشی قۆڵی پاوانخواز بۆ سەر ئەو ئازادییانە بە شێوەیەکی بەربڵاو و سیستماتیک دەستی پێکرد و هیچ نیهادێکی دەوڵەتی نەیتوانی چووکترین کۆسپ لە سەر ڕێگای دابنێ. لە ئاکامدا دەبینین کە ئێستا لە چاپەمەنیی ئازاد و لە ئازادیی چاپەمەنی پاشماوەیەکی یەکجار کەم و کەمڕەنگ نەبێ نەماوەتەوە و زۆربەی هەرە زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە جودابیر و ئازادبیرەکان داخراون و هێندێ لە سەرنووسەران و نووسەرەکانیان بە بڕیاری دادگای چاپەمەنی زیندانی کراون، یان هەر نەبێ مافی درێژەدانی پیشەی ڕۆژنامەنووسییان لێ زەوت کراوە.

وەزعی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتییش بەڕاستی خەماوییە. لە ماوەی سێ ساڵونیو سەرکۆماریی ئاغای خاتەمییدا کە گۆیا دەبوو مافی مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان وەزعێکی باشتریان بۆ دروست بێ بە دەیان کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی خەڵکی ئێران، بۆ نموونە ڕێبەرانی سیاسی وەک: «داریووش و پەراونە فرووهەر»، نووسەران و ڕووناکبیرانی گەورە و ناوداری وەک «مەجید شەریف»، «محەممەد موختاری» و «محەممەدجەعفەر پوویەندە» بە دەسی «سربازان گمنام امام زمان» واتە قۆڵە چۆماغە دڵڕەشەکانی دەستی کۆنەپەرستی تێرۆر کراون و لەگەڵ ئەوەی زۆر جار شوێنپێی پیاوکوژەکان بە ئاشکرا دیار بووە و لە بەشێکیدا بە ڕەسمییش وەزارەتی ئیتلاعات دانی بە دەست تێدابوونی بەشێک لە پێرسۆنێلی خۆی لەو تێرۆرانەدا نا، پەروەندەی ئەو جۆرە پیاوکوژییانە کە بە پەروەندەی قەتڵە زنجیرەییەکان ناسراوە بوو بە گلۆڵەیەکی ئاڵۆز و نەهێڵرا سەرەبەنەکەی بدۆزێتەوە و هەق بە هەقدار بگا. بۆ تێگەیشتن لەو زوڵمە تاریخییەی کە لە قوربانییەکانی ئەو ڕیزە تێرۆرە و کەس و کاریان کرا، ئەوەندە بەسە وەبیر بێنینەوە کە وەکیلانی بنەماڵەی شەهیدەکان ئێستاش و ئێستاش دەستیان بە پەروەندەی قەتڵەکان ڕانەگەیشت و سەرەنجام خۆشیان درانە بەر تۆمەت و خرانە بەر لێپرسینەوە و حوکمی بێبەشبوون لە کاری وەکالەتیان بەسەردا سەپێندرا.

نموونەی بەرچاوی دیکە لەو زوڵمە مێژوویییە کە دەرهەق بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک ڕەوا بینرا ئەو هێرشە دڕندانە و بێشەرمانەیە بوو کە لە ١٨ی پووشپەڕی ساڵی

١٣٧٨دا کرایە سەر «کوی دانشگاه»ی تاران و ئەو کوشت بڕ و تاڵان و بڕۆیە بوو کە لە خوێندکارانی جودابیر کرا. سەرەنجامیش لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت هەم ڕێبەری نیزام و هەم سەرکۆمار لە سەرەتادا هێرش بۆ سەر خوێندکارانیان مەحکووم کرد و بەڵێنی سزادانی هێرشکەرانیان دا، دیتمان کە قوربانییەکانی ئەو تاوانە، واتە خوێندکارەکان کەوتنە بەر لێپرسینەوە و دادگاییکردن و مەحکوومبوون و جینایەتکارەکانیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و لە چنگی عەداڵەت ڕزگار بوون. هەر لەو پێوەندییەدا بەجێیە یادێکیش لە میتینگی ئاشتیخوازانەی خوێندکارانی ئێران لە شاری خوڕڕەم ئاباد بکەین کە چۆن لە خوێن وەردرا و چۆن لە جیاتی قوڵەچۆماغە پەلاماردەرەکان، ڕێبەرانی بزووتنەوەی خوێندکاری خرانە بەر لێپرسینەوە و داداگاییکردن و ناردنە زیندان.

ژنان کە نیوەی حەشیمەتی وڵات پێک دێنن لە ٢٢ ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا نەک هەر لە هەموو مافێکی ئینسانی و هاونیشتمانەتی بێبەش بوون، بەڵکوو وەک ئینسانی دەرەجە دووش چاو لێ نەکراون. جیاوازیی جینسی کە لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤەوە لە ٢٢ ساڵی ڕابردوودا بە کار براوە، ناوێکی پڕ بە پێست بۆ پێشێلکردنی مافی ژنان لە کۆماری ئیسلامییدایە.

بەردباران کردن، ئەو شێوە دژی ئینسانییەی سزادان کە زۆر جار لەسەر ژنان بەڕێوە دەچێ، کۆمەڵی ئێرانی لە بەرچاوی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو وەک کۆمەڵێکی دواکەتووی سەدەکانی نێوەڕاست نیشان داوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە باوەڕی بە مافی بەرامبەر بۆ ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا هەبووە، ئەم ڕەفتارە دژی ئینسانییەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نیوەی حەشیمەتی وڵات مەحکووم دەکا و بە کارەساتێک بۆ کۆمەڵی ئەمڕۆی ئێران و بەرەکانی دواڕۆژی وڵاتی دەزانێ. بۆیە وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر ئەسڵی بەرامبەریی ژن و پیاو هەموو هەوڵی خۆی بۆ چەسپاندن و پەرە پێدانی لە نێو ڕیزەکانی حیزب و لە کۆمەڵدا بە کار دێنێ.

### ٣- هەڵبژاردنی شۆڕاکان و مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی:

لە ماوەی نێوان کۆنگرەی یازدە و ئەم کۆنگرەیەدا هەڵبژاردنی شۆڕاکانی شار و دێ و هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە وڵاتدا بەڕێوە چوون. لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنانەدا باسی دوو مەسەلە بە پێویست دەزانین. یەکەمیان ئەوە کە پاش ماوەیەکی زۆر و ڕاست لە پاش یەکەمین دەورەی مەجلیس، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەر جارە بە شێوەیەک هەڵبژاردنەکانی ئێران تەحریم دەکرد یان هەر نەبێ داوای بەشدار بوونی خەڵکی نەدەکرد، لەم دوو جار هەڵبژاردنەدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بەشداری هەڵبژاردن بن و داوای لە کەسانی جێگای متمانەی خەڵکیش کرد کە خۆیان بۆ ئەندامەتیی شۆڕاکان، یان مەجلسی شۆڕای ئیسلامی کاندایدا بکەن. ئەم هەڵوێستە تازەیەی حیزب دوو هۆی سەرەکیی هەبوون، یەکەم ئەوە کە بە پێی لێکدانەوەی ئێمە ئەو دەرەتانە دەبینرا کە هەر نەبێ بەشێک لەو کەسانە کە خەڵک باوەڕی پێیان هەیە لە هەڵبژاردندا سەر کەون و ڕێژیم نەتوانێ بە کەیفی خۆی یاری بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنەوە بکا.

دووەم هۆی ئەو هەڵوێستەی حیزب ئەوە بوو کە بە بڕوای کومیتەی ناوەندی هەڵبژاردنی شوڕاکان یان مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دەرفەتێک بوو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم لە مەیدانێکی دیکەی تێکۆشانی سیاسییدا کە دەکرێ بڵێین خەڵکی کوردستان ئەو بەربەرەکانییەیان بردەوە.

ئاکامەکی هەر دوو جار هەڵبژاردن لە کوردستاندا نیشاندەری ئەوە بوون کە حیزبی دێموکرت لە گرتنە پێشی ئەو هەڵوێستەدا بە هەڵە نەچووە. چونکە بە ئێعترافی یەکێک لە نوێنەرانی مەجلیس، بانگەوازی حیزب بۆ بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا شوێنەواری ڕوونی هەبووە و، ژمارەی بەشدارانی هەڵبژاردن لە کوردستانیش، پاش یەکەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیس بێوێنە بوو. لە لایەکی دیکەوە لە هەر دوو فەقەرە هەڵبژاردندا بەشی زۆرتری ئەوانەی خۆیان کاندیدا کرد بە تایبەتی ئەوانەی هەڵبژاردنیان بردەوە کەسانی جێگای قبووڵی خەڵک بوون و کاربەدەستانی بۆیان نەلوا دیسان کاندیداکانی جێگای پەسەندی خۆیان بە ناوی نوێنەرانی خەڵک بنێرنە مەجلیس یان شوڕاکانی شار و دێ.

مەسەلەی دووهەم ئەوەیە کە قۆڵی پاوانخوازی نێو ڕێژیم لە هەر دووکی ئەو هەڵبژاردنانەدا نیشانی دا کە چەندە لەگەڵ ئیرادەی ئازادیی خەڵکی ئێران لە شەڕدایە و چۆن هەرچی جێگای پەسەندی خەڵک بێ، ئەو لەگەڵی بێگانەیە. هەرچەند لە قانوونی شوڕاکاندا هێندێ سەلاحیەتی بەرچاو بۆ شوڕاکان پێشبینی کرابوون و ئەگەر ئەو قانوونە جێبەجێ کرابا، بەشێک لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک بە کردەوە و بە ڕەسمی دەکەوتە دەستی نوێنەرانی هەڵبژێراوی خۆیان. بەڵام قۆڵی پاوانخواز هەر کە تێگەیشت تەرکیبی شوڕاکانی شار و دێ ئەوە نییە کە ئەو بە دوایدا دەگەڕێ، بە کەلکوەرگرتن لەو سەلاحیەتە قانوونی و ناقانوونییانە کە لە دەستیدا هەن کەوتە بەرتەسککردنەوەی نەخش و سەلاحیەتی شوڕاکان بە کردەوە، ئەوانی لە نێوەرۆکی شوڕایەکی خەڵکی بە تاڵ کرد.

لە بارەی مەجلیسی شوڕای ئیسلامییشەوە ڕێبەرانی قۆڵی پاوانخواز هەر بەو جۆرە ڕەفتاریان کرد و لە یەکەم هەنگاوی مەجلیسدا بۆ سڕینەوەی شوێنەوەرای زاڵبوونی قۆڵی ڕیفۆرمخواز بە سەر دەسەڵاتی قانوون داناندا جەنابی ڕێبەر هاتە مەیدان و بە کەلکوەرگرتن لە سەلاحیەتی بێڕادە و سنووری خۆی پێشی هێنانە گۆڕی پرۆژەی گۆڕینی قانوونی چاپەمەنیی گرت و بەو جۆرە بە مەجلیس و بە هەموو خوازیارانی ئازادی و دێموکراسیی نیشان دا کە هەتا ئەو کاتە «ولایت فقیە» لە کاردایە جێگایەک بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی پەیڕەوی لە ویست و ئیرادەی خەڵک نییە. ئەمە لەگەڵ هەموو تاڵییەکەی دەرسێکی بە نرخی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێران تێدا بوو. ئەم دەرسەش ئەوەیە کە چاوەڕوانیی سەقامگیر بوونی ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و ئەم جۆرە شتانە لە چوارچێوەی تەسکی نیزامی ویلایەتی فەقیهدا چاوەڕوانییەکی ناواقعییە و ئەوانەی لە فکری گۆڕینی وەزعی مافی مرۆڤ و جێگیرکردنی ئازادی لە ئێراندان دەبێ لە فکری گۆڕینی دەسەڵاتدار و قانوونی ئەساسیی وڵاتدا بن.

### ٤- خاتەمی و قۆڵی پاوانخواز

بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانەی خەڵکی ئێران کە یەکەمین بەردی بناغەی هەر بە

دوای جێگیر بوونی کۆماری ئیسلامی و لادانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ لە ڕێبازی ئەسڵیی خۆی دانراوە، لە ساڵی ١٣٧٠ بەم لاوە جۆرێک ناتەبایی خستە نێو ڕیزەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواشەوە. بەو مانایە کە لە نێو تاقمی دەسەڵاتداریشدا کەم و زۆر دەنگی ناڕەزایی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت و هەستکردن بەوە کە لەو ئاخر ساڵانەی سەدەی بیستەمدا ناکرێ هەر بەو شێوەیە حکوومەت بە سەر خەڵکی ئێرانەوە بکرێ، سەری هەڵدا. ئەم ڕاستییە بوو بە هۆی ئەوە کە بەشێک لە مۆرەکانی نێو دەسەڵاتیش بە جۆرێک لەگەڵ بزووتنەوەی خەڵک کەون و بە ڕاشکاوی دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی بکەن، هەرچەندە لە نێوان باوەڕیان بە «ولایت فقیه» و دیفاعیان لە ئازادی و دێموکراسییدا ناتەباییەکی زەق و بەرچاو دەبینرا.

بەرچاوترین عونسوری نێو تاقمی فەرمانڕەوا کە بە لای داخوازەکانی خەڵکیدا داشکاند و لە هێندێ بواردا هەنگاوی بەکەلکیشی هەڵێناوەتەوە سەید محەممەد خاتەمی بوو. ناوبراو کاتێک وەزیری ئێرشادی ئیسلامی بوو بە ڕادەیەکی باش ڕێگای بە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی جودابیر دا و سانسۆری لەسەر بڵاوکراوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە. سەرەنجامیش بە ڕواڵەت بۆ ڕەخنە دەربڕین لە سەرکوتی چاپەمەنیی جودابیر لە پۆستی وەزارتی ئێرشاد کشایەوە. ئەوە بوو کاتێک لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٧٦دا خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماریی کاندیدا کرد و هێندێ دروشمی جێگەی پەسەندی خەڵکیشی هێنایە گۆڕێ، پشتیوانییەکی بەرچاوی خەڵکی بە دەست هێنا و ڕۆژی دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ بە زیاتر لە ٢٢ میلیۆن دەنگ بە سەرکۆمار دیاری کرا.

هەڵبژێرانی سەید محەممەد خاتەمی کە بەو تاقیکردنەوەیەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو هەیبوو، بۆ زۆر کەس شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو -بەو مانایە کە خەڵک دەترسان لە خوێندنەوەی دەنگەکاندا فێڵ بکرێ و ئاکامەکە پێچەوانە ڕا بگەیەندرێ- هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم زیاتر لە وەش لە دەرەوەی ئێران هیوا و هومێدێکی زۆری بە باشتربوونی وەزعی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەماندا پێک هێنا و زۆر لەو دەوڵەتانەش کە بە جۆریک نێوانیان لەگەڵ ئێران ناخۆش بوو، ئامادەییان بۆ هاوکاری لەگەڵ ئێران و پشتیوانی لە بەرنامەی ئیسلاحاتی محەممەد خاتەمی ڕا گەیاند. پیاو هەق بڵێ هەڵبژێرانی خاتەمی بۆ ماوەیەکی بە درێژ گوڕوتینێکی تازەشی بە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی دا و کۆمەڵێکی تازە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی ئازادبیر کەوتنە بڵاوبوونەوەی هاتنە مەیدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی وشیاریی سیاسی و گەیاندنی ئاگاداری و هەواڵی ڕاست و دروست و بێسانسۆڕ بە هاونشتمانان.

بە دەسەڵات گەیشتنی سەید محەممەد خاتەمی و قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز، یان «دووی خوردادی» لە لایەن هەر دەستە و تاقم و حیزب و ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆنەوە بە جۆریک لێک درایەوە و هەر کامە لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو دیاردەیەی هەڵ سەنگاند. کەم نەبوون تەنانەت لە نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا ئەوانە کە بە سەرکەوتنی خاتەمی کاری کۆماری ئیسلامی و دیکتاتۆریی مەزهەبییان بە تەواو بوو دانا و مزگێنی سەقامگیر بوونی ئازادی و دێموکراسی و حکوومەتی خەڵکییان هەر نەبێ بە خۆیان و بە لایەنگرانیان دا. لە نوختەی بەرامبەر وانیشدا ڕێکخراوی وامان هەبوون کە هەڵبژێرانی خاتەمییان بە شتێکی زۆر بێبایەخ لە قەڵەم دا و هیچ جۆرە جیاوازییەکیان لە نێوان خاتەمی و، ڕەقیبەکانیدا قەبووڵ نەبوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بیر و بۆچوونێکی جیا لە هەر دووی ئەو لایەنانەی

هەبوو لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا کە بە بۆنەی هەڵبژێرانی خاتەمییەوە دەر چوو، پێش هەموو شتێک گوترابوو کە:

«هەڵبژێرانی ئاغای خاتەمی بەر لەوە کە نیشانەی پشتیوانیی خەڵک لە شەخسی ناوبراو بێ، پیشاندەری بێزاریی زۆربەی نیزیک بە تەواوی کۆمەڵانی خەڵک لەو فشار و ستەمانەیە کە لە ماوەی هەژدە ساڵ دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامییدا بە سەریاندا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر جاران پێی لەسەر ئەو ڕاستییەدا گرتۆتەوە کە لە ماهیەتی ئەو ڕێژیمەدا نییە ئازادی و دێموکراسی قەبووڵ بکا و کەمترین پاشەکشەی دار و دەستەی فەرمانڕەوا، بناغەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەرزۆک دەکا. ئەوەتا سەرکەوتنی ئاغای خاتەمی لە ئاکامی کرانەوەی دەلاقەیەکی بچووک بە سەر هەڵبژاردنی ئازدانەی خەڵکدا، ڕاستیی ئەو ئیددعایەی دەرخستوە.

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ئاغای خاتەمی لەگەڵ ئەو جیاوازییانەش کە لە بارەی مەسەلەی ئازادییە سیاسییەکاندا لەگەڵ ئاغای ناتق نووریی هەیە، لە چوارچێوەی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامییدا و بە قەبووڵ کردنی ئەسڵی ویلایەتی فقیهـ کە بە تەواوی لەگەڵ ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناتەباییدایە، پۆستی سەرکۆماریی وە دەست هێناوە. کە وا بوو هەڵبژێرانی ناوبراو لە خۆیدا ناکرێ بە ئاڵوگۆڕ لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بژمێردرێ.» بەیاننامەی حیزب دوای باسی ئەو ئەرکانە کە بۆ باشکردنی وەزعی ئێران لە پێش سەرکۆماردان و بەجێ هێنانیان «دەتوانێ جیاوازیی سیاسەتەکانی ئاغای خاتەمی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پێش خۆی دەر بخا « و ئەگینا «هەرچەشنە قەزاوەتێک لە باری پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ئێرانی ئیسلامییدا پەلە کردن و دوور لە پاشەڕۆژ بینییە.» بەم چەشنە کۆتایی پێ هاتبوو:

«ئێمە ئاکامی یەکجاریی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، ئەوەندە کە پێوەندیی بە ڕەدکردنەوەی لێبڕاوانەی سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا هەیە، بە شتێکی باش و موسبەت دەزانین.»

دواتر کە مەسەلەی هەڵبژێرانی ئاغای خاتەمی لە دنیای دەرەوەدا زۆر لە ڕادەی پێویست زیاتر گەورە کرایەوە و خۆشحاڵییەکی زۆری لە بارەی ئاڵوگۆڕەکانی ئێرانەوە لە هێندێ کۆڕوکۆمەڵی نێو نەتەوەییدا دروست کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕاشکاوی گوتی:

«ئەو تۆزە ئازادییە کە لێرە و لەوێ لە وڵاتەکەماندا بەدی دەکرێ، نە بەرهەمی هەڵبژاردنی محەممەدی خاتەمییە و نە شتێکە دەوڵەتی خاتەمی بە خەڵکی بەخشیبێ، بەڵکوو بەرهەمی خەباتی خەڵکی ئێرانە، لە ڕاستییدا هەڵبژاردنی سەید محەممەد خاتەمی بۆ خۆی بەرهەمێکی ڕاوەستانی پڕحەماسەی خەڵکی ئێران بەرامبەر بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بوو. خاتەمی کە لە دەرەوەی ئێران وەک سەمبولی ئەم ئازادییانە دەناسرێ نە بەو جۆرە کە خەڵکی دیکە لە مانای ئازادی تێ دەگەن باوەڕی بە بڵاوکردنەوەی ئازادی لە ئێراندا هەیە و نە دەتوانێ ئەوەندە ئازادی و دێموکراسییەش کە بۆ خۆی پێی وایە دەبێ ڕێگای پێ بدرێ، لە وڵاتدا سەقامگیر بکا. چونکە قۆڵی پاوانخواز هێشتا باڵا دەستە و هەموو ئەهرومەکانی دەسەڵاتی بە دەستی خۆیەوە گرتوون.»

بە داخەوە هەرچی ڕۆژگار گوزەراوە، ڕاستی و دروستیی ئەم بۆچوونە باشتر دەر

کەوتوە. چونکە دوای سەرکەوتنی ڕیفۆرمخوازن لە هەڵبژاردنی مەجلیسدا و تا ئێستاش پاوانخوازان هەر وا باڵا دەستن و تەنانەت زیاتریش لە حاڵی هێرش بردندان و سەید محەممەد خاتەمی نەک هەر دیفاعێکی لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک پێ نەکراوە، بەڵکوو لە توانایدا نەبووە هاوکار و هاوبیرەکانیشی لە پەلاماری گرتن و ڕاونان و موحاکەمە و تەنانەت کوشتن بپارێزێ. ئاغای خاتەمی هەر ڕۆژێک بۆ وڵامدانەوە بە ویستی ئازدیخوازانەی خەڵکی ئێران هەنگاوێکی بەرەو پێش هاویشتبێ، ڕۆژی دواتر لە ژێر فشاری قۆڵی پاوانخوازدا ناچار بووە دوو هەنگاو پاشەکشە بکا.

لەم دواییانەشدا بە ڕوونی دەر کەوت کە بەڕاستی ئەو ئازادی و دێموکراسییە کە سەرکۆمار باوەڕی پێی هەیە زۆر جیاوازە لەو ئامانجانە کە گەلانی ئێران هەوڵیان بۆ داون و قوربانیان لە پێناودا بەخشیون. ڕەنگە هەموو هاوڕێیان لە بیریان بێ ماوەیەک لەمەو بەر کاتێک هەر لە نێو «ئۆردووگای دووی خورداد»دا دەنگی لە خاتەمی ئەولاتر «عبور از خاتمی» بەرز بۆوە، ئاغای سەرکۆمار چەند بە توندی بەگژ ئەو دەنگەدا چۆوە و چۆن خاوەنانی ئەو بیر و بۆچوونی بە جۆرێک بە زەربە وەشاندن لە قازانجەکانی ئیسلام و شۆڕش تۆمەتبار کرد. لە ڕاستییدا ناوبرا بەو دژکردەوە توندە نیشانی دا کە ئەو تەنیا تا ڕادەیەکی بەرتەسک و دیاریکراو باوەڕی بە برەو پێدانی ئازادی و دێموکراسی هەیە و لەوە بەو لاوەتر خەتی سوورە و کەس هەقی نییە لێی تێپەڕێ.

بەو پێیە جارێکی دیکە بە ڕوونی دەر دەکەوێ کە ئەوەی ئومێدی پێ ببەسترێ و حیسابی لە سەر بکرێ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی قووڵ و بەربەرین و بەرچاو ئاوەڵای ژنان و پیاوانی ئێران بە تایبەتی لاوان و ڕووناکبیرانە، نەک ئەو بەشە لە دەسەڵاتدارانی ئێران کە هەموو هەوڵیان بۆ لە سەر پێ ڕاگرتنی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەکی درێژتر، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە و ڕەفتارێکی دیکەیە. گومانیشی تێدا نییە کە سەرکۆمار پێی خۆش بێ یان ناخۆش، ئەگەر ئەو نەتوانێ لەگەڵ ویستی هەقخوازانەی خەڵکی ئێران هاودەنگ بێ و ئازایانەتر لەوەی تا ئێستا نیشانی داوە، دیفاع لە داخوازەکانی خەڵک بکا، پرۆژەی « لە خاتەمی ئەولاتر» بە دەستی ئەم یان ئەو تاقم و لە جێدا بە دەستی بە توانای خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران جێبەجێ دەکرێ.

### وەزعی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

#### ١- لە ئێران:

وەک زۆر جاری دیکە گوتوومانە کوردستانی ئێران بەشێک لە ئێرانە و شتێکی سروشتییە کە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران باش بن یان خراپ ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لە کوردستاندا هەبێ و ناکرێ بێینە بەرچاو کە لە مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی وڵات دیکتاتۆری حوکم دەکا و لە کوردستان دێموکراسی بەرقەرارە. هەر وەک ناشگونجێ لە سەرتاسەری ئێران ئازادی و

دێموکراسی سەقامگیر ببێ، بەڵام کوردستانی لێی بێبەش بێ؛ کەوایە ئەوەی لە سەر ئێران بە گشتی گوترا، لە سەریەک لە بارەی وەزعی کوردستانیشەوە ڕاستە. بەڵام هەر لەوکاتەدا هێندێک تایبەتمەندی لە کوردستاندا هەن کە لە شوێنەکانی دیکەی وڵات بەرچاو ناکەون. بۆ وێنە ئەگەرچی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا تەنیا تایبەت بە کوردستان نییە و نەتەوەکانی ئازەربایجانی، بەلووچ، تورکەمەن و عەرەبیش هەر وەک گەلی کورد مافە نەتەوایەتییەکانیان پێشێل کراوە، بەڵام کە دەگاتە کوردستان ئەو ستەمە زەقتر خۆی دەنوێنێ. هەر وەک لە بەرنامەی حیزبدا گوتراوە ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت مەزهەبییشدا بەرچاو دەکەوێ. لە سێ ساڵی نێوان دوو کۆنگرەی ١١ و ١٢ی حیزبیشدا بە داخەوە هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەرەو باش لە سیاسەت و ڕەفتار و بیر و بۆچوونی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییدا بەدی نەهاتوە و تا ئێستاش ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان وەک هەمیشە بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێن.

جیاوازیی بەرچاوی دیکەی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەهێزتر بوونی هەستی نەتەوایەتی لە لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، کە هەر ئەوەش بۆتە مایەی بەردەوام بوونی خەباتێکی شێلگیر و چاونەترسانەی کۆمەڵانی گەلی کورد بەرامبەر بە زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی ئەم گەلە هەقخواز و قارەمانە. ڕەنگە بە ئاسانییش بکرێ بڵێین وشیار بوونەوەی خەڵکی کوردستان و ئەو خەباتە پڕ شانازییەی بەڕێوەی دەبەن کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریییە کە دەوڵەتی ئێران دەرهەقی کوردەکان بەکاری دینێ. چونکە لە مێژە گوتراوە «لە هەر جێیەک زوڵم و زۆر هەیە، بەربەرەکانیش هەیە». دەکرێ بە جۆرێکی دیکەش لێک بدرێتەوە و سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان بە بەرهەمی ڕق و قینی کۆنەپەرستانەی ئەو ڕێژیمە لە وشیاری و خەباتی هەقخوازانەی ئەم گەلە تێکۆشەرە دابنرێ.

لە سێ ساڵی ڕابردوودا نیوە نیوە و هەر جارە لە شارێک یان لە چەند شار پێکەوە ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەستیان داوەتە بەربەرەکانیی هێمنانە و بۆ هێنانە گۆڕی داخوازە نەتەوایەتییەکانیان ڕژاونە سەر شەقامەکان. بەرچاوترینی ئەو بزووتنەوە و بەربەرەکانییانە ئەو ڕاپەڕینە پڕشکۆ و شۆڕشگێڕانەیە بوو کە خەڵکی زۆر لە شارەکانی کوردستان و کوردەکانی دەرەوەی کوردستان و بە تایبەتی کوردەکانی دانیشتووی تاران، لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧دا خستیانە ڕێ. ئەو ڕاپەڕینە کە لە سەرەتادا بە بۆنەی گیران و تەحویل درانەوەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان کەوتە ڕێ و هەر بۆیەش ڕێژیمی ئیسلامی لە سەرەتادا ڕووی خۆشی لەگەڵ هاتنە مەیدان و خۆپیشاندانی خەڵکدا نیشان دا، زۆری نەخایاند کە بوو بە ڕاپەڕین دژی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی و دەرفەتێک بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، ئەم زنجیرە ڕاپەڕینە زۆر لە شارەکانی کوردستان لەوانە سنە، پاوە، کامیاران، کرماشان، بۆکان، مەهاباد و ورمێی گرتەوە.

لووتکەی هەرە بەرزی ئەو بزووتنەوە پڕشکۆیە خۆپیشاندانی چەند دە هەزار کەسیی خەڵکی قارەمانی شاری سنە ناوەندی ئوستانی کوردستان لە ڕۆژی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٧٧دا

بوو. لەو ڕۆژەدا کە سێیەمین ڕۆژی خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکانی کوردستان بوو لاوان و ژنان و پیاوانی نیشتمانپەروەری شاری سنە بە شێوەیەکی ئارام و هێمنانە و هەر لەو کاتەدا ڕێکوپێک و بە ئامانج ڕژانە شەقامەکان و وێڕای داوای ئازاد بوونی عەبدوڵڵا ئوجەلان ئاشکرایان کرد کە ئەوە تەنیا تورکیە نییە کە مافی کوردەکان پێشێل دەکا و کارنامەی کۆماری ئیسلامی لەو بارەیەوە لە کارنامەی ژێنێراڵەکانی ئەرتەشی تورکیە سپییتر نییە. هەر بۆیە کاربەدەستانی دەوڵەت لە شاری سنە هەر لە سەعات ٩ی بەیانییەوە شەقام و مەیدانەکانیان بە هێزە سەرکوتکەرەکانیان تەنی و کەوتنە تەقە لە خۆپیشاندەران و بۆ ئەوەی سەرکوتی خەڵک باشتر بەڕێوە بەرن هێزی یارمەتییدەریان لە شارەکانی دیکەشەوە هێنایە سنە. ئاکامی ئەو سەرکوتە دڕندانەیە کە هەتا ئێوارەی ئەو ڕۆژە درێژەی هەبوو شەهید بوونی نیزیک بە ٣٠ کەس و برینداربوونی دەیان کەس و گیران و ئاوارە بوونی سەدان کەسی دیکە لە لاوانی سنە بوو.

بەم جۆرە هەم دروشمی ڕیاکارانەی کۆماری ئیسلامی لە دیفاع لە کوردەکانی دەرەوەی ئێراندا بێنێوەرۆک بوونی خۆی نیشان دا، هەم ڕق و قینی کۆنەپەرستانەی کاربەدەستان بەرامبەر بە گەلی کورد بۆ دنیا دەر کەوت و هەم لە هەمووی گرینگتر ئازایەتی و چاونەترسیی کوڕان و کچانی شۆڕشگێڕ و بە گشتی خەڵکی قارەمانی سنە جارێکی دیکە بۆوە بە وێردی سەر زمانی ورد و درشت. سەیر ئەوە بووە لە کاتێکدا هەر لە سەعات ٩ی بەیانییەوە بە کرێگیراوان خۆپیشاندەرانیان دابووە دەسڕێژ و بە دەیان شەهید و بریندار برابوونە نەخۆشخانەکان، ڕەمەزانزادە، ئوستانداری کوردستان، ئیددعادی کرد کە لە سەعات ١١ بە دواوە فەرمانی تەقەی داوە. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە نەک هەر قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز چووکترین نارەزایی بەرامبەر بەو کوشتارە دەر نەبڕی، بەڵکوو تەنانەت چاپەمەنیی سەر بەو قۆڵەش بە تەواوی بێدەنگیی لێ کرد و هەوڵێکی نەدا بۆ ئەوەی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران لەو جینایەتە ئاگادار بێ.

دوژمنایەتیی کوێری کاربەدەستانی ڕێژیم بەرامبەر بە گەلی کورد جارێکی دیکە لەوەدا خۆی نواند کە هێزە دژی گەلییەکان بۆ تەحویلدانەوەی هەر شەهیدێک ٣٠٠ تا ٥٠٠ هەزار تمەنیان لە کەس و کاری دەستاند و ناچاریشیان دەکردن کە بە نهێنی تەرمەکان بە خاک بسپێرن. هەمووی ئەمانەش لە دەورانی سەرۆکایەتیی خاتەمییدا بوون کە هێندێ لایەن دەیانەوێ بە سەمبولی ئازادیخوازیی لە قەڵەم بدەن. جێی باسە کە ئەو سەرکوت و کوشتارە تەنیا تایبەت بە شاری سنە نەبوو، چونکە لە مەهاباد، لە ورمێ و لە تارانیش هێزە سەرکوتکەرەکان تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی کورد کرد و لە سەریەک زیاتر لە بیست کەسیان لێ شەهید یان بریندار کردن.

ئەوەی لێرەدا ناکرێ بە داخ و کەسەرەوە وەبیری نەیەنینەوە، هەڵوێستی ڕێبەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بەرامبەر بەو کردەوە دژی گەلییانەی کۆماری ئیسلامی دەرهەقی خۆپیشاندەرانی کورد بوو. کۆنسەی سەرۆکایەتیی (P.K.K) لە بەیاننامەیەکدا کە بەو بۆنەوە دەری کرد، نەک هەر کوشتاری خەڵکی کوردستانی بە دەستی بە کرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی مەحکووم نەکرد، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانە کەوتە دیفاع لە ڕێژیمی ئیسلامی و ئەگەر دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕێژیم خۆپیشاندەرانی کوردیان بە دژی شۆڕش و بەستراوە بە

ئیمپریالیزم و زایۆنیزم ناو بردبوو، کۆنسەی سەرۆکایەتیی (P.K.K) وێڕای دووپات کردنەوەی ئەو تۆمەتانە، بە کرێگیراوی کەمالیزمیشی لێ زیاد کرد، ئەمەش هەر لەبەر ئەوە کە ئەو خەڵکە تێکۆشەرە داوای وەدیهاتنی بەشێک لەو مافانەیان کردبوو کە (P.K.K) ئیددعای دەکرد بۆ هەموو کوردیان بەدی دێنێ. ئەمە بوو پاداشی ڕێبەرانی (P.K.K) بۆ کەسانێک کە بۆ دیفاع لە ڕێبەری ئەو حیزبە و بۆ داوای ئازاد بوونی ڕژابوونە شەقامەکان و دروشمیان دابوو.

دیاردەیەکی جێگای هومێد لە کوردستاندا کە بە هەق هەم نیشاندەر و هەم بەرهەمی بەرەو ژوور چوونی وشیاریی سیاسی و پتەوتر بوونی هەستی نەتەوایەتییە، پەرەگرتنی کەموێنە و تەنانەت بێوێنەی جموجووڵی ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگی لە نێو لاوانی کورددایە. ئەم دیاردە لە مێژترە سەری هەڵ داوە بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا پەرەگرتنێکی خێرای بە خۆوە دیوە و سەرکەوتنی گەورە گەورەشی لە هەموو بوارەکاندا بەدەست هێناوە. لەو ماوەیەدا بە سەدان کلاسی تایبەتی بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی بە ئاشکرا و بە نهێنی لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و تەنانەت لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش پێک هاتوون و بە هەزاران کەس لە ئەویندارانی خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییان تێدا پەروەردە کراوە. لە هەر شارێکی کوردستان یەک یان چەند ئەنجومەنی ئەدەبی و فەرهەنگی دروست بوون و کار و تێکۆشانی خۆیان دەست پێ کردوە، چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بە هەوڵی دڵسۆزانی کورد دەرەتانی بڵاوبوونەوەیان پەیدا کردوە و هاتوونە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە. لە هەمووی ئەو کارە ئەدەبی و فەرهەنگییانەدا زانست و ئەزموونی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئۆگری و ئێنێرژیی لاوانی خوێنگەرمی کورد دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و هۆوییەتی تایبەتی کوردیان بۆ هەمووان دەر خستوە.

لە هەمووی خۆشتر و تازەتر پەرەگرتن و پێشکەوتنی جموجووڵی هونەری لە بواری گۆرانی و مووزیک و فیلم و نمایشی کوردییدا بووە. ئەگەرچی هونەری شانۆگەری لە کوردستانی ئێراندا زۆر لە مێژە سەری هەڵ داوە. بەڵام ئەو پەرەگرتنە کە لە سێ ساڵ ڕابردوودا بە خۆیەوە دیوە شتێکی کەموێنە و هەر لەو کاتەدا جێگای هومێد و دڵخۆشییە. بواری فیلم و سینەماش کە بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئێراندا کاری تێدا کراوە شانازییەکی دیکەی خەباتگێڕانی ئەو مەیدانە فەرهەنگییەیە. ئەمە جێگای شانازیی هەموو کوردێکە کە فیلمی بەهمەن قوبادی لە شەش فێستیڤاڵی جیهانییدا خەڵات دەباتەوە و تەنیا لە فێستیڤاڵی سینەمایی «کەن»دا دوو خەڵاتی جیهانی بە جارێک وەر دەگرێ.

بە واقعبینییەوە دەبێ بگوترێ کە ئەو فەزا نیوە کراوەوەی ئەو ماوەیە لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا پێک هاتبوو، شوێنەواری باشی لە سەر ئەو پێشکەوتنەی کوردستانی ئێران لە بواری فەرهەنگی و هونەری و ئەدەبییدا هەبووە. بەڵام دیسانیش دەڵێینەوە کە ئەم نەختە ئازادییە دیاری و بەخشینی ئەم یان ئەو قۆڵی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نییە و پێکهاتنی ئەو فەزایە و تەواوی دەسکەوتە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان بەرهەمی خەباتی لە مێژ ساڵە و قارەمانانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوێری و لە خۆ بوردوویی ڕووناکبیرانی کورد بە گشتی و بە تایبەتی بەرەی لاوی ئەمڕۆی کوردستانی ئێرانن. ئەو وشیاری و بێدارییە و ئەو ئازایی و چاونەترسییە چاوەڕوانی دەسکەوتی زۆر زیاتری لێ دەکرێ و

جێی خۆیەتی لێرەوە هەزاران سڵاو و ئافەرین بۆ ئەو تێکۆشەرانەی سەنگەری خەبات بۆ ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی ئەدەب و فەرهەنگ و کەسایەتیی نەتەوەیی کوردی بەڕێ بکەین.

دوا شت کە هەرچەند بە کورتی و لە پەردەشدا بە شانازی و سەربەرزییەوە دەبێ باسی لێوە بکرێ، پتەوتر بوونی پێوەندیی لە مێژینە و پیرۆزی نێوان کۆمەڵانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. لەوەڕا کە چەند ساڵێکە حیزبەکەمان دەرەتانی حوزووری ئاشکرای لە نێو خەڵک و بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدارانەی لێ براوە، زۆر کەسی ناشارەزا و بە تایبەتی موخالیفانی حیزبی دێموکرات وا تێ گەیشتوون کە ئەم حیزبە نفووزێکی لە نێو خەڵکدا نەماوە و فاتیحەی خوێندراوە. تەنانەت هێندێ لایەنی ساویلکە و خۆشخەیاڵ ئەو هەوایەش لە سەری داون کە بۆ خۆیان جێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بگرنەوە، یان بە کۆمەگی ئاشکرا و نهێنیی کۆماری ئیسلامی حیزبێکی دیکە وەک ئاڵتێرناتیڤی حیزبی دێموکرات دامەزرێنن. بەڵام خەڵکی کوردستان بە شێوەی تایبەتی خۆیان هەموو ئەوانەیان تێگەیاند کە نە پشتی حیزبی دێموکرات بەر دەدەن و نە حیزبی دەسکردی کۆماری ئیسلامی و هاودەستەکانیشی قەبووڵ دەکەن. بە دڵنیاییەوە دەکری بڵێین کە ئەگەر یەک-دوو ساڵ دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی لێ دەر کەین، لە مێژووی ٥٥ ساڵەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هیچ کاتێک حوزووری مەعنەویی ئەم حیزبە لە نێو دڵ و دەروون و بیر و بۆچوونی کۆمەڵانی گەلی کورددا لە ئێستا بە هێزتر نەبووە.

**٢- لە عێراق:**

لە کەس شاراوە نییە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بە تایبەتی لە ١٩٦١ (١٣٤٠) بەم لاوە کوردستانی عێراق هەمیشە لە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتییدا چالاکترین بەشی کوردستان بووە و لەو ڕێگایەدا قوربانییەکی زۆری بەخشیوە و هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە دیوە. ئەو وەزعە تایبەتییەش کە بە دوای شەڕی کەنداودا بۆ کوردەکانی عێراق ڕەخساوە لە هەمووان ڕوونە. ئێستا نیزیک بە دە ساڵە کە بەشێکی بەرچاوی کوردستانی عێراق بە دەستی کوردەکان خۆیان بەڕێوە دەچێ و بە کردەوە چارەنووسی خۆیان لەو بەشەدا بە دەستەوە گرتوە. جێی خۆیەتی بگوترێ کە بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە کورد تاقیکرنەوەی لە مەیدانی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتداری بە شێوەی مۆدێرندا نەبووە، کوردستانی عێراق نموونەیەکی تا ڕادەیەک سەرکەوتووشی بە دەستەوە داوە و بۆ دۆست و دوژمنی دەر خستوە کە ئەگەر کورد دەرفەتی بۆ بڕەخسێ دەتوانێ خۆی ئیدارە بکا و شتێکی لە گەلانی دیکە کەمتر نییە.

بەڵام ئەزموونی کوردستانی عێراق –بمانەوێ و نەمانەوێ- دوو کۆسپی لەسەر ڕێگای بەرەو پێش چوون و سەقامگیر بوون هەن. یەکەم ئەوە کە ئەم وەزعە تا ئێستا حاڵەتێکی بە ڕەسمی ناسراو و قەبووڵکراوی بە خۆیەوە نەگرتوە و زیاتر بەستراوەتەوە بە لە بەریەک ڕاوەستانی عێراق و دەوڵەتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و قازانجی ئەو دەوڵەتانەوە. بۆیە هیچ ڕوون نییە کە ئەگەر ڕۆژێک هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان هاتنە سەر ئەو بڕیارە کە هێزەکانیان لە ناوچە بکێشنەوە، چارەنووسی ئەم ئەزموونە کوردییە چ دەبێ. ئەو ڕاستییە کە کوردەکانی عێراق بۆ خۆیان پارلمانیان هەڵبژاردوە و فێدرالیزمیان ڕاگەیاندوە –لەگەڵ ئەوەی شتێکی

کەم نییە- ئەوە ناگەیەنێ کە کوردی عێراق مەسەلەکەی چارەسەر کراوە. فێدرالیزم لە کوردستاندا ئەو کاتە دەبێتە شتێکی سەقامگیر و بەردەوام کە دەوڵەتی مەرکەزی موافقەتی لەگەڵ بکا و ببێتە شتێکی قانوونی. لە حاڵێکدا دەبینین هەتا ئێرە تەنانەت وتووێژێکیش بۆ گەیشتن بەو ڕێککەوتنە لە ئارادا نییە.

دووەم کۆسپی سەر ڕێگای بە ئاکام گەیشتنی ئەزموونی کوردستانی عێراق ئەو شەڕ و ناکۆکییەیە کە زیاتر لە ٥ ساڵە لە نێو دوو هێزی سەرەکیی ئەو بەشە لە کوردستاندا هەڵگیرساوە. زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە بۆ سێ ساڵ دەچێ ئاگربڕێکی بەردەوام لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا هەیە و واش دێتە بەرچاو کە هەر دوو لایەن لە سەر پاراستنی سوورن. بەڵام حاشای لێ ناکرێ کە هەتا ئەم دووانە ڕێک نەکەون، هەموو کاتێک مەترسیی تازە بوونەوەی شەڕ، دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچە و لە ئاکامدا لە دەست چوونی دەرفەتەکە هەڕەشە لەم ئەزموونەی کوردستانی عێراق دەکا. با لەوەش نەگوزەرێین کە بە داخەوە دەستێوەردانی نامەسئوولانەی پارتی کرێکارانی کوردستان (تورکیە)ـش بۆتە «دەردی سەرباری دەردان» و هەر ڕۆژە کۆسپێکی تازە دەخاتە سەر ڕێگای هێور بوونەوەی بارودۆخی ئەم بەشە لە کوردستان و سەقامگیر بوونی ئەزموونەکەی.

ئێمە هەمیشە پشتیوانییمان لە خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستانی عێراق کردوە و ئەمڕۆش ڕێزی تەواو بۆ ئیرادەی خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان دادەنێین وەک هەمیشە خۆمان لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی کاروباری کوردستانی عێراق دەپارێزین و بۆ سەرکەوتنی ئەزموونەکەشی بە پەرۆشین. هەر لەو کاتەدا ئاواتمانە هێزە سەرەکییەکانی ئەم بەشە لە کوردستان و بە تایبەتی ڕێبەرەکانیان ڕق و قین و هەستی تۆڵە ئەستاندنەوە وەلا بنێن و بە گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ هەموو کۆسپەکانی سەر ڕێگای سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە تەخت بکەن. هەستی مەسئوولیەت بەرامبەر بە چارەنووسی کورد و دڵفراوانی و لەخۆ بوردنی دوو لایانە دەتوانێ سەرکەوتنی ڕەوتی ئاشتی مسۆگەر بکا و بناغەیەکی پتەویش بۆ سەقامگیر بوونی ئەزموونەکە دامەزرێنێ. هەر لەو کاتەدا هیوادارین هەم کوردەکان و هەم دەوڵەتی مەرکەزی لە عێراقدا بیر لە چارەنووسی هاوبەش و مێژووی هاوبەشی دوو نەتەوەی کورد و عەرەب لەو وڵاتەدا بکەنەوە و لە ڕێگای وتووێژی ڕاستەوخۆوە دەرەتان بۆ چارەسەری یەکجاریی مەسەلەی کورد و دامەزرانی عێراقێکی ئازاد و ئاوەدان و دێموکرات کە ببێتە نموونەیەک بۆ وڵاتانی دراوسێیش بڕەخسێنن.

### ٣- لە تورکیە:

بەشی هەرە گەورەی خاکی کوردستان و بەشی هەرە زۆری حەشیمەتی کورد لە تورکیە هەڵ کەوتوون و کوردەکانی تورکیەش هەم ڕابردوویەکی دوور و درێژیان لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانیاندا هەیە و هەم قوربانییەکی زۆریان لەو پێناوەدا داوە. وەک دەزانین لە پاش سەقامگیر بوونی حکوومەتی نوێی تورکیە (بە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسانییدا) بوونی کورد لە تورکیە حاشای لێ کراوە و لەو وڵاتە سیاسەتی تواندنەوەی کوردەکان لە بۆتەی نەتەوەی تورکدا ڕەچاو کراوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە بۆ ماوەیەکی

درێژ دەنگی کورد لەو وڵاتەدا تا ڕادەیەکی زۆر کپ بکرێ، هەرچەند هەمووی ئەو سیاسەت و ڕەفتارانە کە دەوڵەتی تورکیە بۆ تواندنەوەی کوردەکان ڕەچاوی کردبوون قەت نەیانتوانی هەستی نەتەوایەتی لە دڵی ڕۆڵەکانی گەلی کورددا بمرێنن و تەنانەت بەهێزتریشیان کرد. لە دوا ساڵەکانی دەیەی حەفتای چەرخی بیستەمی زایینییدا بە دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و بە تایبەتی دەست پێکرانی خەباتی چەکدارانە لە لایەن ئەو حیزبەوە بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتە گوڕوتینێکی تازەی وەرگرت و بە تایبەتی لە دنیای دەرەوەدا بەرچاوتر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان خۆی نواند. ئەم ڕاستییە -بە هەموو لایەنە بەهێز و لاوازەکانیەوە- قازانجیکی زۆر گەورەی بۆ کوردی تورکیە هەبوو. ئەویش ئەوەیە کە واقعیەتی بوونی حەشیمەتێکی زۆری کورد لە تورکیەی بۆ هەموو خەڵکی دنیا ئاشکرا کرد و تەنانەت کاری گەیاندە جێگایەک کە سەرکۆماری وەختی تورکیە «تورکت ئۆزاڵ» پاش حەفتا ساڵ حاشا لە بوونی کورد لەو وڵاتە، دان بەوەدا بنێ کە لانیکەم دوازدە میلیۆن کورد لە تورکیە هەن.

بەڵام لە سێ ساڵی نێوان دوو کۆنگرەی ئێمەدا بزووتنەوەی کورد لە تورکیە هێندێ ڕووداوی زۆر گەورەی بە خۆیەوە دیون کە بەشێکیان بە سەرکەوتن بۆ هەموو بزووتنەوەی کورد دەتوانین لە قەڵەم بدەین و بەشەکەی دیکەمان وەک تراژیدییەک بۆ ئەو بزووتنەوەیە و بە تایبەتی بۆ بزووتنەوەی کوردی تورکیە دەژمێردرێ. ئەو یەکیەتی و یەکپارچەییە کە دوای دەرکرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سووریە و گیرسانەوەی لە ئیتالیا لە نێو کۆمەڵانی گەلی کورد لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا و پێک هات و ئەو هاودەردییە کە لە لایەن زۆر هێز و شەخسیەتی نێو نەتەوەیی و بیروڕای گشتیی جیهانییەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستان کرا، بەڕاستی لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا بێوێنە بوو. کەوایە ئەو یەکدڵی و یەکپارچەییە کە بە بۆنەی دفاع لە ئۆجەلانەوە دروست بوو، بەهەق دەسکەوتێکی پڕبایەخ بۆ هەموو بزووتنەوەی کورد بوو و، هەر واش دەبێ سەیری بکرێ.

کەچی بە داخەوە ڕێبەرایەتیی (P.K.K) و بە تایبەتی بەڕێز ئۆجەلان خۆی، نەک هەر نەیانتوانی لەو هاودەردی پشتیوانییە گەلی و نێو نەتەوەییە بە قازانجی گەلی کورد و بەرەو پێش بردنی دروشمەکانیان کەلک وەرگرن، بەڵکوو بە پێچەوانە نیشانیان دا کە لە ئاستی ئەو مەسئوولیەتە مێژووییەدا نین. بە دەرچوونی ئۆجەلان لە ڕۆم، ڕۆمێک کە ئۆجەلان دەیتوانی چەند ساڵی دیکە لێی وەمێنێ، بێئەوەی بیروڕای گشتیی ئەو وڵاتە ڕێگا بە کاربەدەستان بدا بیر لە دەرکردنی بکەنەوە، بە تایبەتییش پاش گیران و تەحویلدرانەوەی ئۆجەلان لە ڕێبەندانی ١٣٧٧ـدا دیمەنێکی بە تەواوی پێچەوانە کەوتە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی کورد لە دنیادا. چونکە نەک هەر بەڕێز ئۆجەلان نەیتوانی ئەو ئازایەتییە لە خۆی نیشان بدا کە شیاوی ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕە، بەڵکوو حیزبەکەشی بە تەواوی تووشی سەر لێ شێوان بوو. ڕێبەرایەتیی (P.K.K) لە جیاتی ئەوەی وەزعەکە بە قازانجی بزووتنەوەی کورد وەر سووڕێنێ و قۆناغێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان دەست پێ بکا و لاپەڕەیەک بە ناوی (P.K.K) بێئۆجەلان بکاتەوە، بە کردەوە بوو بە پاشکۆیەک لەو ڕووداوانە کە لە زیندانی ئیمراڵی و دادگای ئۆجەلاندا دەگوزەران. هەق وا بوو ئۆجەلان لە دادگادا ئازایانە دفاع لە ئامانجەکانی کورد بکا و هەر نەبێ ڕا بگەیەنێ کە ئەو زیندانییە و

ئێستا بڕیاری (P.K.K) لە دەستی هاوڕێیەکانیدایە، کەچی بە پێچەوانە وەک هەمیشە دەستی بە فەرمان دەرکردن کرد، ئەویش ئەو ڕێنوێنی و فەرمانانە کە کەس ناتوانێ بڵێ لەژێر تەوژمی بەرپرسانی زیندان و لە ترسی ئیعدام و بە هیوای لێخۆشبوون دەر نەکراون. ڕێبەرایەتیی حیزبەکەشی لە جیاتی ئەوەی ڕا بگەیەنێ کە ئۆجەلان لەگەڵ هەموو ڕێز و حورمتێکدا کە بۆی دادەنرێ ئێستا زیندانییە و بڕیاری (P.K.K)ی بە دەست نییە، زیاتر لە جاران بوو بە گوێ لە مستی ئۆجەلان و هەرچی لە زینداندا بەویان دیکتە دەکرد، ئەمان لە دەرەوەی زیندان جێبەجێیان کرد. وازهێنان لە هەموو دروشمەکانی پێشوو، دەست هەڵگرتن لە خەباتی چەکدارانە و دەستووری دەرکەوتنی هەموو گریلاکان لە تورکیە و داواوی تەسلیم بوونەوە لە ئەندامانی چەکدار و بێچەکی (P.K.K) و زۆر فەرمانی دیکە هەموویان جێگای ئەو پەڕی داخ و کەسەر مایەی شوورەیی بۆ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەن.

لێرەدا پێویستە بگوترێ کە وەر سووڕانەوەی ١٨٠ دەرەجەیی (P.K.K) و ڕێبەرانی لە سیاسەت و دروشمەکانی پێشوویان هیچ شتێک لە ڕەوا بوونی داخوازە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە ناگۆڕێ. خەباتی ئەم گەلە لە پێناوی ماف و ئازادییە ئینسانییەکانیدا خەباتێکی پیرۆزە، ڕەوا و مێژوویییە و جێگای پشتیوانیی هەمیشەیی ئێمە و هەر هێزێکی نیشتمانپەروەری کورد و هەموو ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەری لە جیهاندایە. بۆ دەوڵەتی تورکیەش هەڵەیەکی مێژوویی دەبێ ئەگەر پێی وا بێ بە گیرانی ئۆجەلان مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا تەواو بووە و دەکرێ جارێکی دیکە سیاسەتی حاشا کردن لە بوونی کورد لەو وڵاتەدا ڕەچاو بکرێ. بە پێچەوانەی ئەمە، بۆ دەوڵەتی تورکیە کە ماوەیەکی زۆرە لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ تێرۆریزمدا مافە سروشتییەکانی گەلی کوردی پشتی گوێ خستوە، ئێستا دەرفەتێکی باش هەڵ کەوتوە کە لاپەڕەیەکی تازە لە پێوەندییەکانی نێوان دوو نەتەوەی کورد و تورکدا بکاتەوە و بە دان پێدانان و بە ڕەسمی ناسینی بوون و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هەم جیددی بوونی دێموکراسیی تورکیە نیشان بدا و هەم ڕێگا بۆ ئەندامەتیی ئەو وڵاتە لە یەکیەتیی ئورووپادا کە لەمێژە هەولی بۆ دەدا، ئاوەڵا بکاتەوە. هیواداریـن ئورووپا و ئەمریکاش لە نفووزی خۆیان لە لای دەوڵەتی تورکیە بۆ ڕازیکردنی ئەو دەوڵەتە بە گرتنە بەری ئەم ڕێگایە کەلک وەر بگرن و ئەوانیش سابیت بکەن کە دژایەتییەکەیان لەگەڵ «تێرۆریزم»ـە، نە لەگەڵ دابینبوونی مافەکانی خەڵکی کوردستان.

**٤- لە سووریە:**

زیاتر لە میلیۆن و نیوێک کورد لە ناوچە کوردنیشینەکانی سووریە لەسەر خاکی باب و باپیرانیان دەژین. بە پێچەوانەی ئیدیعای کاربەدەستانی سووریە و (بە داخەوە) دەست لە ملدانی هێندێ لایەنی کوردییش، ئەوان ئاوارە و لاوەیی نین و خاکەکەیان بەشێکە لە خاکی کوردستان کە لە نێو چوار وڵاتی دراوسێدا دابەش کراوە. ئەوە کە پێشتر ئەو ناوچە کوردنشینانە بەشێک لە ئیمپراتۆریی عوسمانی بوون، یان ئەوە کە بەشێک لە کوردەکانی سووریە لە تورکیە و عێراقەوە کۆچیان کردوە، مانای ئەوە نییە کە کورد لە سووریە

موهاجـر و بێگانەیـە. بـەو حاڵـەش بـە داخـەوە دەوڵەتـی سـووریە سیاسـەتێکی شۆوینیسـتی بەرامبـەر بـە کوردەکانـی ئـەم وڵاتـە ڕەچـاو دەکا. سـووریە نـەک هـەر دان بـە بـوون و مافـە نەتەوایەتییەکانـی کـوردی ئـەم وڵاتـە دانانـێ، بەڵکـوو سـەدان هـەزار کـەس لەوانـی لـە مافـی هاونیشـتمانەتییش بێبەش کردوە و کردوونی بە خەڵکێکی ئاوارە و بێوڵات. بێجگە لـەوەش لـە ڕەفتارێکـی نـاڕەوادا بـە هـەزاران هێکتـار لـە باشترین زەوییەکانـی کوردەکانـی سـەر سنووری زەوت کـردوە، کوردەکانـی لـێ وەدەر نـاون و عەشـایری عەرەبـی تێـدا نیشـتەجێ کـردوون بـۆ ئـەوەی پشـتێنەیەکی عەرەبـی (حـزام عربـی) بـە دەوری کوردەکانـدا بکێشـێ و پێوەندیـی وان لەگـەڵ خاکـی کوردسـتان بپچـڕێ.

زۆر جێـی داخـە دەوڵەتـی سـووریە کـە پێوەندییەکـی بـاش و دۆسـتانەی لەگـەڵ هێـزە کوردسـتانییەکانی عێراق و تورکیە هەیە دەرهەقی کوردەکانی ئـەو وڵاتـە سیاسـەتێکی ئەوەنـدە تونـد و شۆوێنیسـتی گرتۆتـە پێش. ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە کوردەکانـی سـووریە لـە زۆربـەی هەڵوێسـتە سیاسییەکان‌دا پشـتیوانی لـە دەوڵـەت دەکـەن و لـە بـاری نەتەوایەتییشـەوە نـەک هـەر داوای جیابوونـەوە (بوختانێـک کـە لـە هەمـوو وڵاتـەکان بـۆ بزووتنـەوەی کـورد هـەڵ دەبەسترێ) ناکەن، بەڵکوو داوای مافی ئۆتۆنۆمییش ناکەن. تەنیا داخوازیی کوردەکانی سـووریە، ئەوەنـدەی لـە ئەدەبیاتـی هێـزە سیاسـییەکان ئـەو بەشـەی کوردسـتان دەر دەکـەوێ، بەڕەسـمی ناسـرانی مافـی فەرهەنگـی بـۆ کـورد لـە چوارچێـوی سـووریەدایە.

ئێمـە بـە دڵـەوە پشـتیوانی لـە خەبـات و داخـوازە ڕەواکانـی گەلـی کـورد لـە سـووریە دەکەیـن. هیوادارین دەوڵەتـی سـووریە بـە ئاوڕدانـەوە لـە کوردەکانـی ئـەم وڵاتـە و بـە ڕەسـمی ناسـینی مافـە فەرهەنگییەکانیـان، ڕاسـتگۆیی خـۆی لـە دڵسـۆزی بـۆ کـوردەکان و لـە دۆسـتایەتی لەگـەڵ حیـزب و ڕێکخـراوە کوردستانییەکان‌دا بـۆ هەمـووان سـابیت بـکا. ئـەوە هـەر لەبـارەی سـووریەوە ڕاسـت نییـە. لـە وڵاتەکانـی دیکـەش‌دا ئـەو کاتـە ئیدیعـای دەوڵەتـەکان دەربـارەی پشـتیوانی لـە مافـی کوردەکان دەتوانـێ جێـی بـاوەڕ بـێ کـە لەپێش‌دا مافـی نەتەوایەتیـی کوردەکان لـە وڵاتـی خۆیـان‌دا بەڕەسـمی بناسـن. ئەگینـا ئەگـەر دۆسـتایەتیی وان لەگـەڵ کوردەکانـی وڵاتانـی دراوسـێ هـەر بـۆ سـەرپۆش دانـان لەسـەر چەوسـاندنەوەی کوردەکانـی خۆیـان بـێ، ناتوانـن جگـە لـە هێندێـک کەسـی سـاویلکە هیـچ کـەس و حیـزب و ڕێکخراوێکـی بەئەزموونـی سیاسـی بەفریـو بـەرن.

### ٥- لە هەندەران

ژمارەیەکـی زۆر لـە کوردەکانـی هـەر چـوار بەشـی کوردسـتان لـە کۆنـەوە ڕوویـان کردۆتـە وڵاتانـی دەرەوە هەتـا هاتـووە ژمارەیـان زیاتـر بـووە. ئەگـەر دەرەتانـی سـەرژمێرییەکی ورد هەبـێ لەوانەیـە کـە ئەمـڕۆ ژمارەیـان لـە میلیۆنێـک نیزیـک بووبێتـەوە. هـۆی کۆچـی کـوردەکان جۆراوجـۆرە و ڕەنگـە بەشـێکیان بـۆ خوێنـدن، بەشـێک بـۆ کاروکاسـبی و تەنانـەت هێندێـک کـەس هـەر بـە پێخۆشـبوون ڕێـگای غەریبایەتییـان گرتبێتـە پێـش. بـەڵام گومانـی تێـدا نییـە کـە بەشـی زۆری ئـەو کوردانـە لـە ئاکامـی سـتەمی نەتەوایەتیـدا ناچـار بـوون نیشـتمانەکەیان بەجـێ بێڵـن و ڕوو بکەنـە هەندەران. جێـگای خۆشـحاڵییە کـە زۆربـەی نیزیـک بـە تـەواوی ئاوارەکانـی کـورد لـە هـەر کوێیـەک و لـە هـەر هەلومەرجێـک ژیـان و گوزەرانـدا بـن، هەسـتێکی بەهێـزی نیشـتیمانی

و نەتەوایەتییان تێدا بەدی دەکرێ و هەموو بیرو هۆشیان لەگەڵ گەلەکەیانە. بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا هەست بە یەکیەتیی چارەنووس لەنێو کوردەکانی دەرەوەی وڵاتدا زیاتر لە هەموو کاتێک گەشەی کردوە. ئێمە بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو دیاردەیە دەکەین و سڵاو بۆ ئەو هەست و سۆزە پیرۆزە دەنێرین.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### ١- هەڵوێستەکان

لە بەشەکانی پێشووی ئەم ڕاپۆرتەدا وێڕای باس لەسەر هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ئێران ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان بە جۆرێک بیروبۆچوون و هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندیمان بەرامبەر بە هەر کام لە باسەکان خستە بەرچاو. بەو حاڵەش بە پێویستی دەزانین بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتری ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە نەزەری خۆمان لەبارەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب لە ساڵانی دوای کۆنگرەی دوازدەهەمدا بخەینە بەرچاوی ئێوە تێکۆشەرانی حیزب تا بە باس و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بەکۆمەڵ بتوانین چەندی دەکرێ دروشمی گونجاوتر بۆ دواڕۆژی خەباتی حیزبەکەمان و گەلەکەمان گەڵاڵە بکەین. هەروەک لە خەتە گشتییەکانی سیاسەتی حیزب بۆ کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەدا هاتبوو، کۆمیتەی ناوەندی لەو بارەڕەدایە کە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە ئێستاوە تا کۆنگرەیەکی دیکە و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی دیکە لە هەلومەرجی نێوخۆ و دەرەوەدا دەبێ لەسەر ئە بناخەیە دامەزرێ:

**ئا- بەرامبەر بە ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتداران و تەواوەتیی ڕێژیم**

ئێمە پێمان وایە ناکۆکیی نێوان دەستە و تاقمەکانی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا تا ئەو جێیە کە پێوەندیی بە تێفکرینی هەرکامیان لەبارەی شێوەی فەرمانڕەوایی و ڕاگرتنی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە جیددییە و ناکرێ بە دابەشکردنی کار، یان شەڕی زێڕینگەرانە دابنرێ. بەو پێیە ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی ئێران دەبێ هەم هەوڵی قووڵتر بوونەوەی ئەو ناکۆکییە بدا و هەم تێبکۆشێ بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی خۆی کەلکی لێ وەربگرێ. بەڵام نابێ لەو ڕاستییە غافڵ بین کە ئەوکاتەی نۆرە دەگاتە سەر هەڵویست بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی دەسەڵات و چارەنووسی تەواوەتی ڕێژیم لەگۆڕێدایە، ئەوانە بە ئاسانی ناکۆکییەکانیان لەبیر دەبەنەوە و بەرامبەر بە موخالیفانیان یەک دەگرن. کەوابێ تەواوەتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەتی ئێمە لە کوردستانی نابێ ڕێگای بدەین کۆمەڵانی خەڵک تووشی خۆشخەیاڵی بن و بە خۆڕایی لە ململانەی نێوان قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتدا ببن بە پاڵپشتی یەکێک لەوان و لایەنێک لە شەڕ و کێشەی نێوانیان.

ئێستا ئیدی هەموو خەڵکی کوردستان بۆیان دەرکەوتووە کە قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز و لە سەرووشیەوە ئاغای خاتەمی جگە لە هێندێ قسەی نەخشین شتێکی بەرچاوی بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە بەرنامەدا نییە و تەنانەت نەیتوانیوە ئەو وادە و بەڵێنە کەم بایەخانەش کە بە خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێرانی داون، وەدی بێنێ.

چونکە جگە لەوە کە ڕەنگە ئەمانە زیاتر هەوڵدانێک بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی خەڵک بووبن، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەهرومەکانی دەسەڵات لە دەستی قۆڵی پاوانخواز دان، توانای جێبەجێ‌کردنیانی نییە.

ئاشکرایە کە قۆڵی پاوانخوازیش بە هیچ جۆر سەری سازانی لەگەڵ ویستو داخوازەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێراندا نییە و هیچ کات حازر نابێ ڕێگا بۆ جێگیر بوونی ئازادی و دێموکراسی لە وڵاتدا بدا. بەو پێیە جارێکی دیکە دەردەکەوێ کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا دەرەتانێک بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک نییە و تەنیا ڕێگای ڕزگاری، لابردنی ئەو کۆسپە و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکرات و پێشکەوتوویە کە بتوانێ وەڵامی موسبەت بە هەموو داخوازە ڕەواکانی گەلانی ئێران بداتەوە. کەوایە دروشمی «بڕوخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران» لەمەودواش هەر دەبێ لەجێی خۆی وەمێنێ و پێویستە تەواوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و پێشکەوتووی ئێران پێکەوە بۆ وەدیهێنانی ئەو دروشمە و ڕزگاریی ئێران لە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی هاوکاریی بکەن.

**ب- لەبارەی شێوەکانی خەباتەوە**

حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ وەخت خۆی بە شێوەیەکی تایبەتیی خەباتەوە نەبەستۆتەوە و هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە پێویستە بەپێی هەلومەرج و دەرەتان لە هەموو شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد کەلک وەربگرێ. بەو پێیە پێمان وایە لەدوای کۆنگرەی دوازدەهەمیش حیزبەکەمان دەبێ هەر لەو ئەسڵە پەیڕەوی بکا. بەو حاڵەش دوو مەسەلە بۆوە دەبن کە لێرەدا بەڕوونی قسەیان لەسەر بکرێ.

یەکەم مەسەلەی خەباتی چەکدارانەیە. حیزبەکەمان لە سەرەتاوە لەو باوەڕەدا بووە کە «مەسەلەی کوردستان ڕێگا چارەی نیزامیی نییە» و «خەباتی چەکدارانە شێوەیەک لە خەباتە کە ڕێژیمە زۆردار و دژی گەلییەکان بەسەر تێکۆشەرانی ڕێگایی ڕزگارییدا دەسەپێنن». ئێستاش کە لە هەلومەرجی خەبات بەرواڵەت گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە و هێندێ لایەن پێیان وایە ئەو چەشنە خەباتە بە یەکجاری دەورانی بەسەر چووە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە ڕەتکردنەوەی خەباتی چەکدارانە هەروەک موتڵەق کردنەوەی ئەو چەشنە خەباتە شتێکی ناڕاستە. کەوابێ لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەمیشە خەباتی سیاسی و ئاشتیخوازانەمان وەپێش خەباتی چەکدارانە خستووە و هەرگیز بە پێخۆش بوونی خۆمان پەنامان بۆ چەک نەبردووە، ڕەتکردنەوەی ئەو شێوە خەباتە بەهەڵە دەزانین.

دووەم مەسەلە وتوویژە. لەمێژە لەنێو حیزبی ئێمە و زۆر حیزبی سیاسی دیکەشدا ئەو ئەسڵە جێگای خۆی گرتووە کە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بۆ خۆی شێوەیەک لە خەباتە. حیزبی دێموکرات هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە مەسەلەی کورد و هەر مەسەلەیەکی دیکە لەو بابەتە پێویستە بە ڕێگای وتوویژی ئاشتیخوازانەدا چارەسەر بکرێ. تاقیکردنەوەش دەری خستووە کە هەر چەشنە شەڕ و ناکۆکییەک ئەگەر بە لەنێو چوونی یەکێک لە لایەنەکان کۆتایی نەیە، سەرەنجامەکەی بۆ چارەسەری یەکجاری دەکێشرێتە سەر مێزی وتوویژ. وەک هەموو لایەک ئاگادارن و ساڵەکانی نێوان کۆنگرەی یازدە و ئەم کۆنگرەیەدا زۆر جار دەنگۆی وتوویژ لەنێوان حیزبی دێموکرات و کۆماری

ئیسلامیدا بڵاو بۆتەوە و ناحەزانی حیزبەکەمان چەندی توانیویانە لە دژایەتی لەگەڵ حیزبدا گوتوویانە نووسیانە. ئەم دیاردەیە بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٧٩دا زۆر زەقتر بەرچاو کەوت. هەر بۆیە بە پێویست دەزانین ڕوونی بکەینەوە کە:

–هەروەک لە پێشەوە گوتمان ئێمە وتوویژ بە شێوەیەک لە خەبات دەزانین و ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی مەرکەزی (هەر دەوڵەتیک بێ) بەجیددی پێشنیاری وتوویژ بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد بە حیزبی دێموکرات بکا، بێ ئەوەی گوێ بدەینە هەراو هوریای هێندێ موخالیفی حیرفەیی ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکەین. بەڵام بۆ ئەوەی بکەوینە وتوویژەوە هیندێ پرەنسیپی نەگۆڕ هەن کە دەبێ وەدی هاتبن. ئەم پرەنسیپانە بەکورتی ئەمانەن: وتوویژ دەبێ لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان، واتە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێراندا بێ، دەبێ بە ئاشکرا ڕابگەیەندرێ و کۆمەڵانی خەڵک لێی ئاگادار بن، دەبێ لەگەڵ تەواوەتی دەزگای دەوڵەتی و لەگەڵ نوێنەرانی بەرزترین کاربەدەستانی دەوڵەت بێ. جگە لەمانە، بە باوەڕی ئێمە ئەم وتوویژانە دەبێ بە ئاگاداری و لەژێر چاوەدێریی لایەنێکی نێونەتەوەییدا بن کە هەر دوو لا پێی ڕازی بین.

– لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جار لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە پێشنیاری وتوویژمان پێکراوە. بەڵام چونکە ئەو پرەنسیپانەی سەرەوی تێدا بەدی نەکراون قبووڵمان نەکردەوە و لەمەوداوش هیچ مومکین نییە بێ وەدیهاتنی ئەم پرەنسیپانە بچینە نێو وتوویژەوە. دوپاتی دەکەینەوە کە بەپێچەوانەی پروپاگەندەی ناحەزان لەدوای کارەساتی ڤییەن هیچ وەخت، لە هیچ کوێ و لەگەڵ هیچ نوێنەرێکی دەوڵەت وتوویژ و چاوپێکەوتنمان نەبووە.

## ج- دروشمی ستراتیژیك و ئامانجی دواڕۆژ

هەرچەند باس لە دروشمی ستراتیژیک و ئامانجی دواڕۆژی حیزب لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبیدا زۆر جار هاتۆتە گۆڕێ و هێندێ کەس پێیان وایە دروشمی ستراتیژیک لە جیاتی دێموکراسی و خودموختاری دەبێ بکرێتە دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس یان دێموکراسی و فیدراڵیزم و لە جیاتی سۆسیالیزمی دێموکراتیکیش شتێکی وەک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکرێتە ئامانجی دواڕۆژی حیزب، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی ئێران و هاوکێشەی هێز لە ناوچەدا پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبیش تا ئێرە نەک هەر هاندەری گۆڕینی ئەو دروشمانە نین، بەڵکوو بڕوا بە دروستیی هەردووکی ئەو دروشمانە بەهێزتر دەکەن. ئێمە لەو باوەڕە داین کە حیزبی دێموکرات زۆر بە وردبینییەوە دروشمەکانی خۆی و بەتایبەتی دروشمی ستراتیژیکی خۆی دیاری کردووە بۆیە پاش تێپەڕبوونی ٥٥ ساڵ هێشتا دروستی و واقیعبینانەبوونی خۆیان پاراستووە.

بەو جۆرە ئێمە لە بڕوایە داین کە پێویستە هەردووکی ئەم دروشمانە: «دێموکراسی و خودموختاری» و « سۆسیالیزمی دێموکراتیک « هەروەک خۆیان و بێ دەسکاری لە بەرنامەی حیزبدا بمێننەوە. باشە ئەوەندەش زیاد بکرێ کە: یەکەم، دروشمی دیاریکردنی چارەنووس وەک ئەسڵێکی گشتی ئێستا نیزیک بە ٣٠ ساڵە لە یەکەم بەندی بەرنامەی حیزبدا هەیە. دووەم: حیزبی دێموکرات هەمیشە پێی وابووە سیستمی فیدراڵی بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا سیستمێکی موناسیبتر لە خودموختارییە و ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان

دەرفەتی دامەزراندنی ئەو سیستمە لە ئێراندا پێک بێ، بوونی خودموختاری وەک دروشمی ستراتیژیکی حیزب بە هیچ جۆر کۆسپی سر ڕێگای دامەزراندنی ئەو سیستمە نابێ.

### د- پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان

خەتە ئەسڵییەکانی سیاسەتی حیزب لە پێوەندیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکاندا لەسەریەک هەر ئەوانن کە کۆنگرەی یازدەهەم پەسندی کردوون: ئێمە هەموو ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی ئۆپۆزیسیۆن (بالقوە) بە دۆست هاوپەیمانی خۆمان دەزانین. جێگای خۆشحاڵییە کە لەگەڵ هیچ حیزبێکی ئێرانی پێوەندی ئاڵۆز و نێوان ناخۆشیمان نییە. بەڵام دیارە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە خۆمان بە نیزیکتر دەزانین کە بیروباوەڕیان لەبارەی دوو ئەسڵی گرینگی بەرنامەیی حیزب واتە دێموکراسی و خودموختارییەوە لە هەڵوێست و بیروبۆچوونی ئێمە نیزیکترە. لەو بارەیەوە بایەخێکی تایبەتی بۆ دۆستایەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە سیاسییانە دادەنێین کە نوێنەرایەتیی یەکێک لە گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بکەن و بۆ وەدیهێانی مافە ڕەواکانیان تێبکۆشن. بەداخین کە حیزب و ڕێکخراوەی لەو چەشنە ئێستا لە مەیدانی تیکۆشانی گەلانی ئێراندا زۆر دیار نین و لەگەڵ ئەوانەش کە هەن نەک هەر ئامادەین پێوەندیی دۆستانەمان هەبێ، بەڵکوو حازرین بۆ بەهێزکردنیشیان ئەوەی لە توانامانندا هەیە، بیکەین.

حەز دەکەین بە ڕاشکاوی ئەوەش زیاد بکەین کە ئێمە باوەڕمان بە پێوەندیی نابەرامبەر لەنێوان خۆمان و حیزبە سیاسییەکان دیکەدا نییە. نە دەسەڵاتی خۆمان بەسەر هیچ لایەنێکدا دەسەپێنین و نە لە هیچ لایەنێک قبووڵ دەکەین سیاسەتەکانی خۆیانمان پێ دیکتە بکا، یان داروڵەمان بۆ دیاری بکا. هەر لەو بارەیەوە بە جێبە ڕوونی بکەینەوە کە پێوەندیمان لەگەڵ هیچ لایەنیک ناتوانێ ببێتە کۆسپی پێوەندی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە و هەر وەخت حیزب بە دروستی بزانێ پێوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هێزێکی سیاسی دامەزرێنێ و ئەو پێوەندییە بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە سەرانسەری ئێران بزانێ، ئیجازە لە هیچ کەس وەرناگرێ. گرینگ ئەوەیە حیزب نە واز لە پرەنسیپەکانی خۆی دێنێ و نە پشت لە دۆست و هاوپەیمانەکانی دەکا.

### ە- پێوەندییە کوردستانییەکان

لە پێوەندییە کوردستانییەکانیشدا سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. پرەنسیپەکانمان بۆ دامەزراندن و چەسپاندن و پتەو کردنی ئەو پێوەندییانە هەر ئەوانەن کە لە کۆنگرەی یازدەهەم و تەنانەت کۆنگرەکانی پێشتریش دامان ناون، کە بریتین لەمانە:

– لەگەڵ ئەوەی کوردستان لەنێو چوار وڵاتدا دابەش کراوە، کورد لە هەر کوێ بن یەک نەتەوەن و دەکرێ و دەبێ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی بەبێ ئەوەی چاو لە واقعییەتەکانی وەزعی سیاسی بقونجێنین بەپێی دەرەتان کۆمەک بە بەرەو پێشچوون و بەهێز بوونی یەکتر بکەن.

– بۆ هیچ حیزبێکی کوردستانی نەهاتوە دەست لە کاروباری نێوخۆیی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە وەربدا.
– مەیدانی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبەکانی کوردی هەر بەشێکی کوردستان، ئەو پارچەیە لە کوردستانە و، دروست کردنی حیزب و ڕێکخراوە یان ئەندام وەرگرتن لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا لەلایەن هەر حیزبیکەوە بێ، دەست تێوەردانی کاروباری بەشەکانی دیکەیە و بە ناڕەوا دەزانرێ.
– پێوەندیی هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا بە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسییەوە ڕەوایە، بەڵام بە هیچ جۆرە نابێ ئەو پێوەندییە بە زیانی کوردەکانی ئەو بەشە لە کوردستان و گەلانی دیکەی ئەو وڵاتانە تەواو بێ کە ئەو دەوڵەتەی پێوەندیی لەگەڵ گیراوە، حکوومەتی بەسەرەوە دەکا.
–شەڕی نێوان حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان بەدژی قازانجی هەموو نەتەوەی کوردە و ناڕەوایە. حیزب وێڕای خۆپاراستن لە شەڕ و ناکۆکی لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان، لە ناکۆکیی نێوان ئەو لایەنانەشدا بە تەواوی بێ لایەنە.
جێگایی خۆشحاڵی و شانازییە کە ڕەفتار و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە پێوەندییە کوردستانییەکاندا بە شایەتیی هەموو لایەنەکان ڕەفتاریکی نموونە و سالمە و لەگەڵ زۆربەی نیزیک بە تەواوی حیزبە کوردستانییەکانیشدا پێوەندییەکی برایانە و نیزیک، یان هەر نەبێ سالمان هەیە.

### و- هەڵوێستمان بەرامبەر بە دەوڵەتانی ناوچە

خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕووی تەنیا لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر و زۆرداری فەرمانڕەوا لە ئێراندایە. بە ڕەوای دەزانین لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە پێوەندیمان هەبێ و بە قازانجی بەرەوپێشچوونی خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران کەلکی لێ وەربگرین.

### ز- لەسەر مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

تا ئێرە مەسەلەی مێحوەری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و بەتایبەتی مەسەلەی فەلەستینە. ئێمە لەگەڵ بەڕەوا زانینی مافی دانانی چارەنووس بۆ گەلی فەلەستین، لایەنگری چارەسەری ئاشتیخوازانەی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلین. زۆر بەداخین کە سەرسەختیی ڕێبەرانی ئیسرائیل و سەرپێچی تەلاویو لە جێبەجێکردنی بڕیارنامەکانی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان تا ئێستا کۆسپی سەر ڕێگای چارەسەری ئەو مەسەلەیە و جێگیربوونی ئاشتییەکی عادیلانە و سەقامگیر لەو ناوچەیەدایە. بەوحاڵەش بە دوارۆژی ئەو مەسەلەیە گەشبینین. پێمانوایە لەگەڵ هەموو کارشکێنی و شەڕ هەڵایسێنیی هێندێک هێز و دەوڵەتی ناوچە بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی، دوو لایەنی کێشەی عەرەب و ئیسرائیل لە مەترسییەکانی تێکشکانی یەکجارەکیی ڕەوتی ئاشتی ئاگادارن و ڕێگا نادەن ئەم ناوچەیە تووشی دەورێکی دیکە لە شەڕ و مەرگ وماڵوێرانی بێتەوە.
هەر لەو کاتەدا پێمان وایە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم بایەختر لە

مەسەلەی فەلەستین نییە و ئەوانەی لە ناوچە و دنیای دەرەوە بە دەربەستی جێگیر بوونی ئاشتی و هێمنی لەم ناوچەیەدان دەبێ لە نفووزی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد و بەڕەسمی ناسرانی بوونی مافەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کەلک وەرگرن. لە غەیری ئەو حاڵەدا هیوا بە سەقامگیربوونی ئاشتییەکی بەردەوام لەم ناوچەیەدا هیوایەکی واقیعبینانە نییە.

**ج- دەربارەی پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە**

بەپێچەوانەی ئیدیعای کاربەدەستە زۆردار و کۆنەپەرستەکان کە پێوەندیی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە لەگەڵ دونیای دەرەوە بە نیشانەی بەستراوەیی و بەکرێگیراویی دادەنێن، بوونی ئەو چەشنە پێوەندییانە لە دونیای ئەمڕۆدا یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی ناسران و بەرەوپێشچوونی هەر بزووتنەوەکی هەقخوازانەیە. حیزبێکی سیاسی کە بۆ ئەستاندەنەوی مافە زەوتکراوەکانی گەل لە کاربەدەستانی دژی گەلی لە وڵاتی خۆیدا خەبات دەکا، هەقی هەیە و پێویستە بە بەربڵاوترین ڕادەی مومکین، پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە دامەزرێنێ تا بتوانێ داخوازە ڕەواکانی لە کۆڕوکۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان و بیروڕای گشتیی جیهانی بگەیەنێ و پشتیوانیی وان بۆ لای خەباتە هەقخوازانەکەی ڕابکێشێ.

## ٢- ئەرکەکان

ئەرکەکانی سەرشانی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری و بۆ وێنە خەباتگێرانی حیزبی خۆمان بەپێی هەلومەرجی تێکۆشان دەگۆڕێن و ئەوە کاری ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرییە کە لە هەر دەور و زەمانێکدا بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خەبات ئەرکەکانی ڕێکخراو، یان یەک یەکی ئەندامان دیاری بکەین. بۆیە ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین تەنیا هێندێ ئەرکی گشتین کە ڕەنگە لە هەموو کاتێکدا گرینگی و بایەخی خۆیان بپارێزن و بە جێگەیاندنیشان دەکەوێتە سەرشانی یەک یەکی ئەندامان هەر کامە لە شوێنی کار و بەرپرسایەتیی خۆی بەتەنیا و تەواوەتی تێکۆشەرانی حیزب و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان بەسەر یەکەوە. گرینگترینی ئەو جۆرە ئەرکانە دەتوانین بەم شێوەیە دەست نیشان بکەین:

**ئا- لە نێوخۆیی ڕیزەکانی حیزبدا**

ئەوەی لە پێش هەموو شتێکدا گرینگی و بایەخی خۆی دەسەلمێنێ و بە جێگەیاندنی بە بەردی بناخەی سەرکەوتنی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب لە جێبەجێکردنی هەموو ئەرکەکانی سەرشانیاندا دەژمێردرێ، پاراستن و پتەوترکردنی ڕیزەکانی حیزب و خۆدوورگرتن لە ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوخۆی حیزبدایە. لە جێدا قازانجی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانەی خاوەنی ئامانج و بیروباوەڕی هاوبەشن، پێکەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و وەدیهێنانی ئاواتەکانیان تێبکۆشن. پاراستینی یەکیەتیی ڕیزەکان بە مانی ئەوە نییە کە هەموو وەک یەک بیر بکەنەوە لە هەموو شتێکدا نەزەریان وەک یەک بێ. چونکە شتی وا نە دەگونجێ و نە بە قازانجیشە. سوودی کاری بەکۆمەڵ لەوەدایە کە لەلایەک بیروبۆچوونی جیاواز لە چوارچێوی بەرنامە و بیروباوەڕە گشتی و هاوبەشەکاندا

ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە و کار تێک بکەن و لەئاکامدا باشترین و گونجاوترین بیروبۆچوون و بڕیاریان لێ وەربگیرێ؛ لە لای دیکەش لێوەشاوەیی جۆراوجۆر و پسپۆڕیی جۆراوجۆر لە مەیدانی جۆراوجۆری کار و تێکۆشان بناسرێن و هەر کامە لە جێگای خۆی و لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشدا وەکار بخرێن و بەرهەمیان لێ وەرگیرێ.

### ب- لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئێران گەورەترین پاڵپشت و سەرچاوی هێز و توانای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن. بۆ ئەم حیزبە جێگای شانازییە کە لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا توانیویەتی متمانەی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی گەلی کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و سیاسەت و ئامانج و دروشمەکانی هەمیشە ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازەکانی خەڵک بن. زۆر بە ڕاشکاوی و بێ لەخۆباییبوون دەتوانین بڵێین کە هەتا ئێستا هیچ حیزبیکی سیاسیی کورد یان ئێرانی ئەوەندی حیزبی دێموکرات جێگای قبووڵ و خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵکی خۆی نەبووە. خەڵکی کوردستانی ئێران لە خۆشی و لە ناخۆشی و لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا نیشانیان داوە کە ئەم حیزبەیان وەک نوێنەری خۆیان و تێکۆشەری ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانیان قبووڵە.

ئەگەر لە دوا دەرفەتی هەڵبژاردنی ئازاددا دەرکەوت کە زیاتر لە ٨٠٪ی کۆمەڵانی گەلی کورد پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات دەکەن، بە دڵنیایی بە دوای زیاتر لە ٢١ ساڵ و تێپەڕ کردنی زۆر قۆناخی جۆراجۆر بڕینی چەندین هەوراز و نشێوی ڕێگای خەبات، دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ حیزبەکەمان زیاتر لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندا جێی هەیە و پتر دەتوانێ بە پشتیوانیی بێدرێغیان هیوادار بێ. بەڵام ئاشکرایە کە بەردەوام بوونی ئەو پشتگیرییە لە دواڕۆژی تێکۆشانی حیزبەکەماندا ناتوانێ لەخۆوە مسۆگەر بێ. بۆ ئەوەی لە مەودواش هەروا بە حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد بناسرێین، لەسەر ئێمە و هەموو تێکۆشەرانی حیزبەکەمانە هەموو توانامان بخەینەگەر تا پێوەندیی پیرۆزی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک بپارێزین، لەوان نیزیک بین، لە دەرد و مەرگیان ئاگادار بین، ئاوات و ئامانجەکانیان بناسین، لە ویستی هەموو چین و توێژەکان بگەین و لە دوای هەمووی ئەمانەش وەک هەمیشە بۆ وەدیهێنانی داخوازە ڕەواکانیان خەبات بکەین و ئامادەیی قوربانیدان و خۆبەختکردن بین.

### ج- لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریدا

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە دروشمی ستراتیژیی حیزبەکەمان «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا چ پێوەندییەکی چارەنووسسازی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانیانەوە هەیە. بەتایبەتی ئەوە کە « دیموکراسی بۆ ئێران» خراوەتە پێش «خودموختاری بۆ کوردستان» نیشانەیەک لە لێکدانەوەی دروستی ڕێبەران و دامەزرێنەرانی حیزب و تێگەیشتنی گرینگی ئاڵوگۆڕی دێموکراتیک لە سەرانسەری ئێراندا بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانە. هەروەک زۆر جارمان گوتوە لە سێبەری ڕێژیمکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆی

مەرکەزیدا چاوەڕوانی بەرەسمی ناسرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران، چاوەڕوانییەکی ناواقیعبینانەیە. ئاشکرایە کە پێکهاتنی ئالوگۆڕی دێموکراتیک لە سەرانسەری ئێراندا بەبێ هاوکاریی و هاوخەباتی لەنێوان تێکڕای هێزە دێموکراتیک و پێشکەوتووەکانی وڵات و یەک لەوان حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێراندا ئیمکانی نییە.

بەو پێیە یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکڕای تێکۆشەرەکانی، هەوڵدان بۆ پتەوترکردنی پێوەندیی خەباتگێڕانە لەگەڵ تەواوی ئەو هێزە دێموکرات و نیشتمانپەروەرانەیە کە بەدڵەوە بۆ ڕزگارکردنی ئێران لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری و بۆ هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکرات و گەلی لە وڵاتەکەماندا تێدەکۆشن. دەبێ چەندی بکرێ لە بیروبۆچوون و بەرنامەی خەباتێڕانەیان تێبگەین، هەوڵ بدەین لە هەر جێیەک دەرەتان هەبوو، ئاڵقەیەکی هاوکاری و هاوخەباتی لێک پێوەند بکەین. حیزبی دێموکرات دەتوانێ هەم بۆ خۆی لەگەڵ هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکان پێوەندیی دۆستانە دامەزرێنێ و هەم لە ئیعتبار و نفووزی خۆی بۆ لێک نیزیککردنەوەی لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەرانسەری کەلک وەربگرێ. ئەگەر هەم ئێمە و هەم هێزە نیشتمانپەروەرەکانی دیکەی ئێران لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵگرینەوە، دەتوانین هیوادار بین کە بە زوویەکی زوو ئەو پەرش و بڵاوییە لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێراندا هەیە و بۆتە مایەی لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن لە بەین بچێ و ڕێگای سەرکەوتنمان زۆر کورتتر بێتەوە.

### د- لە پێوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا

لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ مەسەلەیەک ناتوانی بە دوور لە مەسەلەکانی دیکەی نێوخۆیی، ناوچەیی یان نێونەتەوەیی چارەسەر بکرێ. هەروەک لەمێژە کەوتۆتە سەر زاروزمانان، دنیای ئەمڕۆ بۆتە گوندێکی چووکەڵە کە لەوێدا هەم بەزوویی خەڵک لە دەنگ و باسی یەکتر ئاگادار دەبن و هەم گیروگرفتەکان پێوەندیی لەگەڵ یەکتر پەیدا دەکەن و بە باش و بە خراپ شوێنەوار لەسەر یەکتر دادەنێن. بەو پێیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران بە گشتی پێویستیی بەوە هەیە کە پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ بیروڕای گشتیی جیهانی و مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز دامەزرێنێ و لە کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان داوای پشتیوانی بکا. بەڵام بۆ بزووتنەوەی گەلێک بێبەش وەک نەتەوەی کورد کە هەر چوار تەنیشتی لێ گیراوە بە زۆر بەندوداو دەورە دراوە، پێکهێنانی پێوەندییەکی بەربەرین لەگەڵ دنیای دەرەوە بایەخێکی زیاتری هەیە و تەنانەت بە یەکێک لە گرینگترین مەرجەکانی بەرەوپێشچوون دادەنرێ.

بەو جۆرە یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا دامەزراندنی پێوەندییەکی هەرچەند بکرێ بەربڵاوتر و پتەوتر لەگەڵ دنیای دەرەوەیە. ئەو پێوەندییە دەبێ بیروڕای گشتیی وڵاتانی دەرەوە، کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و تەنانەت دەوڵەتەکانیش بگرێتەوە. ئەگەر ئێمە نەتوانین مەسەلە سیاسییەکەمان لە دنیای دەرەوە حاڵی بکەین و پشتیوانی لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەری بۆ لای ڕابکێشین، هەمیشە مەترسیی ئەوە هەیە کە دەوڵەتە زۆردار و کۆنەپەرستەکان درێژە بە پەلاماری خۆیان بۆ سەر گەلی ئێمە بدەن و هەموو داخوازە ڕەواکانی بە ئاگر و ئاسن وەڵام بدەنەوە، بێ

ئەوەی هیچ دەنگێک بە فریامان بگا و هیچ هێزێک لەسەرمان بێتە دەنگ. هەربۆیە هیوادارین بەشی پێوەندییەکانی دەرەوە و بەگشتی هەموو تێکۆشەرانی حیزب لە دەرەوەی وڵات زیاتر سەرنجی ئەولایەنە بدەن چەندی بۆیان دەلوێ مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیان بە گوێی خەڵکی دنیا و کۆڕوکۆمەڵە سەڵاحییەتدارەکان بگەیەنن.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

جگە لەو مەسەلانە کە لەم ڕاپۆرتە کورتەدا خرانە بەر نەزەری ئێوە، زۆر مەسەلەی گرینگی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەن کە لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ ئێمە و خەباتی گەلەکەمان لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بایەخی خۆیان هەیە. هاوڕێیانی بەشداری کۆنگرەی دەتوانن و دەبێ ئاوڕ لەو جۆرە باسانە بدەنەوە بیانخەنە بەر لێکۆڵینەوە. جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دووپات دەکەینەوە کە سەرکەوتنی کاروباری ئەم کۆنگرەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە بەشداریی چالاکانە و بەرپرسانەی هەموو ئەندامانی کۆنگرە لە باس و لێکدانەوەی مەسەلەکاندا. بەهیوای کۆنگرەیەکی پڕ چالاکی و پڕ دەسکەوت و سەرکەتوو.

سەرکەوێ کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لە خەباتی قارەمانەی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان

سڵاو لە خەباتی خەڵکی ئێران لەپێناوی جێگرکردنی ئازادی و دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا

بڕووخێ ڕێژیمی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

بەرقەرار بێ ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئێران ناوچە و سەرانسەری جیهاندا.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## پەسەندکراوی کۆنگرەی دوازدەهەم
### ٤ تا ٦ی سەرماوەزی ١٣٧٩ (٢٤ تا ٢٦ی نوامبری ٢٠٠٠)

### بەشی یەکەم :
### بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**سەرەتا:**

١. لە مێژە نەتەوەی کورد لە پێناوی ئازادی و وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا. سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم شاهیدی ڕاپەردووی خوێناویی نەتەوەکەمانە. لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو

خەباتە هەر وا درێژەی هەبووە. لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزمدا پێویستییەکی مێژوویی بۆ دامەزرانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ، هەست پێ دەکرا. هەر لە بەر ئەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارە کە پاش بیست ساڵ دیکتاتۆریی ڕەزاخان پێک هاتبوو، کەلکی وەرگرت و لە ٢٥ـی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

بەم جۆرە، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە، ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانی حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بێنێتە سەر کار. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و دوای پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتۆریی نیزامی باڵی بە سەر هەموو کوردستانی ئێراندا کێشایەوە. بەڵام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبۆوە و بۆ وەدی هێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەر وا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٥٥ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە دەرسی وەرگرتوە.

٢. سەردەمی ئێمە سەردەمی سەرکەوتنی دێموکراسی و سەردەمی گەشە کردنی هێزە دێموکرات و ڕزگاریخوازەکان لە جیهاندایە. لە ماوەی ٥٥ ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییدا، ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی ئەوتۆ لە جیهاندا ڕووی داوە کە سیمای سیاسیی جیهانی گۆڕیوە. سیستمی ئیستیعماریی کۆن لە بەریەک هەڵوەشاوە و دەیان نەتەوەی گەورە و چووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە. لە زۆر وڵاتاندا ئەم ڕەوتە سیاسییە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتییشی لەگەڵ بووە. بۆ نموونە چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لە بەریەک هەڵوەشاون و ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ خۆش بووە. بە چەشنێکی گشتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو پێش بەرن، ئازادیی کردەوەیان پتر بووە و دەرەتانیان بۆ پێک هاتوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن.

بە ڕووخانی بلووکی شووڕەوی لە ساڵی ١٣٧١دا دوو مەسەلەی گرینگ لە ڕادەی جیهانییدا زەق بوونەوە و بایەخی واقیعیی خۆیان دەرخست، یەکەمیان مەسەلەی نەتەوایەتی و پێویستیی دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆر لێکراوی جیهان بوو. لەگەڵ ئەوەی حەفتا ساڵ بوو ئیدیعا دەکرا کە لە وڵاتانی سۆسیالیستییدا گیروگرفتێک بە ناوی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئارادا نییە، دیتمان وەختێک سیستمی سۆسیالیستی ڕووخا و دەرەتان بۆ گەلانی ئەو وڵاتانە ڕەخسا، بە چ شێوەیەک هاتنە مەیدان و حکوومەتی نەتەوەیی خۆیانیان دامەزراند.

دووهەمیش مەسەلەی دیموکراسی بوو. ئەم مەسەلەیە کە دەیان ساڵ لەژێر ناوی دیفاع لە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان دژایەتیی لەگەڵ دەکرا، بە جۆرێک زەرووڕەتی خۆی نیشان دا کە زۆر لە دیکتاتۆرییەکانی ڕووخاند و زۆری دیکە لە ترسی دوچاربوون بە چارەنووسێکی نادیار پەنجەرەی ماڵەکانیان بە ڕووی دیموکراسییدا کردەوە و خۆیان لەگەڵ هەل و مەرجەکە ڕێک خست.

٣ـ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوە نێونەتەوەییەکان و بە تایبەتی لە ستراتێژیی دەوڵەتە گەورەکاندا گرینگییەکی تایبەتیی هەیە. لە باری جوغرافیاییەوە ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سێ‌ڕێیانی سێ قاڕڕەی ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپا. لە باری ئابووری و سەرچاوە ژێرزەمینییەکانەوە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە و زیاتر لە نیوەی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی دنیا لەم ناوچەیەدا هەڵ کەوتوە.

بێجگە لەوانەش، بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بە تایبەتی بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی فەلەستین، لەم مەڵبەندەدا کە دژکردەوەیەکی سروشتی بۆ تەقسیمی ئیستیعماریی ناوچەکە و سیاسەتەکانی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم لەو مەڵبەندەدان، بایەخ و گرینگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان لە حیساب و لێکدانەوەی هێزە نێونەتەوەییەکاندا زیاتر کردوە.

تەواوی ئەو ڕاستییانە بوونە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتە مەزنەکان هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بە وردی بخەنە ژێر چاودێری و بەرامبەر بە هەر چەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست بن و دژکردەوە نیشان بدەن. ڕووداوەکانی ئەم ٢٠-٢٥ ساڵەی دوایی و حوزووری بەرچاو و ڕاستەوخۆ و بەردەوامی هێزە نیزامییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا نیشانەیەکی ڕوونی ئەو ڕاستییەن.

٤ـ ئێران لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییدا لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بە سەردا هاتوە. لە ڕاستییدا ئێران نەشیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە بە سەر جیهاندا هاتوە دوور ڕا بگرێ. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئێراندا ڕووی داوە، بە هیچ جۆر بارتەقای ئیمکاناتی ئابووری و سروشتیی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ. ئێستاش زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک لە هەژاری و ڕۆژڕەشییدا دەژین. ئێستاش بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئێران بە تایبەتی لە لادێ نەخوێندەوارن و لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی بێ‌بەشن.

بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧دا، ئێران لە هێندێ بارەوە بەرەو دواش گەڕاوەتەوە. لە کاتێکدا وڵاتەکەمان بەو ئیمکاناتە سروشتییەوە کە هەیەتی، هەرچەند لە نێوخۆدا بە دەست دیکتاتۆرییەوە دەی‌ناڵاند، خەریک بوو جێگایەکی شیاو لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا بۆ خۆی بگرێتەوە، ئاخوندە بەدەسەڵاتە گەیشتووەکان بە گرتنە پێشی سیاسەتی دوژمنایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی شارستانی، ئەم وڵاتەیان لە جیهانی پێشکەوتوو دابڕی و هەوڵیان دا بی‌گێڕنەوە دەورانی سەدەکانی نێوەڕاست. ئابووریی ئێران پاش ئەوەی خەریک بوو پێ بگرێ و بچێتە ڕیزی ئابوورییە بەهێزەکانی ناوچە و جیهان، بە جۆرێک دوچاری بێ‌سەرەوبەرەیی هات کە ئێستا یەکێک لە لەرزۆکترین ئابوورییەکانە و بایی پووڵی ئێران بەرامبەر بە دراوە موعتەبەرەکانی دنیا بە چەشنێکی نێونجی ١١٠٠٠ لە سەد هاتۆتە خوار.

سەرکوتی ئازادییەکان، سیاسەتی ڕۆژانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆ دەرەتانی تێکۆشانی ئازادی نییە، ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان بە خراپترین شێوە پێشێل دەکرێن و هەر دەنگێکی نارەزایی بە گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و تەنانەت تیرۆر و ئیعدام وڵام دەدرێتەوە. بەم جۆرە ئێران کراوەتە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی ئازادبیر و ئازادیخواز.

٥ـ کوردستانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوودا. ئەگەرچی کوردستان لە باری سروشتی و سامانی ژێر زەمینییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لە زۆر بارەوە یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە. ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی سەنعەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی زۆر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری و لەشساغی و فەرهەنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران کەم گۆڕاوە. پایەی ژیان نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێبەشییدا دەژین. دێیەکانی کوردستان بە کەمی دەستیان بە یارمەتییە پزشکی و دەرمانییەکان ڕا دەگا.

ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییدا لە کوردستان بەرچاو دەکەوێ. بەرپرسانی ئەسڵیی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکرێن و گەلی کورد شوێنێکی ئەوتۆی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا نییە. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سروشتی، هیچ پرۆژەیەکی گرینگی ئابووری و سەنعەتی لە کوردستاندا جێبەجێ ناکرێ. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆی سیاسی و سێنفی ئیمکانی تێکۆشانی ئازادی نییە. منداڵانی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبێ بە زمانی فارسی بخوێنن و دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکییان بۆ نەڕەخساوە. بەم جۆرە کوردستان کراوە بە بەندیخانەی گەلی کورد لە ئێراندا.

٦ـ بەشێکی زۆری ئەم ناتەواوی و گیروگرفتانە هەر لە دەورانی دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتییەوە هەبوون. ڕێژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی لە ئێراندا قەت ڕێگای پێشکەوتن و گەشەکردنی سەربەخۆی بە وڵاتەکەمان نەدابوو، بە تایبەتی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا بە تەواوی ئێرانی بە پاشکۆی وڵاتانی سەرمایەداریی ڕۆژئاواوە بەستبۆوە. ئازادییە ئینسانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی زەوت کردبوون و ناتەباییەکی قووڵی لە نێوان خۆی و کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا پێک هێنابوو کە تەنیا ڕێگای چارەسەری، شۆڕشێکی قووڵی گەلی بوو. ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٥٦دا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە چەشنێکی بێوێنە هاتنە مەیدان و دوای ساڵێک بەربەرەکانی و قوربانی دان تۆماری تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا.

بێگومان شۆڕشی خەڵکی ئێران کە گەورەترین هێزی سەر بە ئیمپریالیزمی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە نێو برد، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوە مێژووییەکانی وڵاتی ئێمەیە و هەر لەو کاتەشدا دەرسی زۆر بەنرخی بۆ خەباتگێرانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدا بوو. شۆڕشی ئێران نیشانی دا کە هەر کات خەڵکی وڵاتێک بە لە خۆبوردوویی و یەکگرتوویی بیانهەوێ داو و زنجیری ژێردەستی بپسێنن، هیچ هێزێک ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ و سەرەنجام هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای سەرکەوتن تەخت دەکەن.

ئەگەرچی دەورانی پڕ نەگبەتی دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێرانی لەدژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا یەک خستبوو، بەڵام زۆر بەداخەوە لەبەر ئەوەی

هێزە دێموکرات و شۆڕشگێڕەکان بەرنامەیەکی هاوبەشیان بۆ سیستمی حکوومەتیی دوای ڕێژیمی پاشایەتی نەبوو و، لەبەر ئەوەش کە هیچ کام لە هێزە نیشتمانییەکانی ئێران بە تەنیا لە توانایدا نەبوو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بە دەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرست بە کەلکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرهەمی خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێراندا گرت و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەسەر وڵاتەکەماندا سەپاند.

لە ئاکامی ئەم وەزعەدا شۆڕشی ئێران ناکام مایەوە و نەیتوانی هیچ کام لە ئاوات و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بەو مەبەستە بە دەستی بەتاڵ بەگژ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی شادا چوونەوە و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی خۆیان کردە قوربانی، کە ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا دابین بکرێن، زەحمەتکێشانی ئێران کە بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی وڵاتن و گەورەترین تەئسیریان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبووە لە هەژاری و ڕۆژڕەشی ڕزگار بن و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە سێبەری ڕێژیمێکی دێموکراتییدا بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆیان بگەن.

بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێراندا گرتوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵک ڕێگایان نەداوە هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. لەگەڵ سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان، ئازادییە دێموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی خراونە ژێر پێ. کۆمەڵانی دەستتەنگ و زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاری بەرەو ڕوو بوون و حکوومەتی تازە هەنگاوێکی کاریگەری بۆ چارەسەری هەزاران گیروگرفتی ژیانی ئەوان هەڵ نەهێناوەتەوە. گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافە ڕەواکانیان نەگەیشتوون، بەڵکوو وڵامی هەموو داخوازەکانیان بە ئاگر و ئاسن دراوەتەوە.

دیکتاتۆریی مەزهەبی نەک هەر هیچ بیر و باوەڕێکی موخالیفی خۆی ناتوانێ تەحەممول بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیر و بۆچوونێکی جیا لە بیر و بۆچوونی کۆنەپەرستانەی خۆی -با موخالیفیش نەبێ- بە توندی دوژمنایەتی دەکا. لە ماوەی ٢٢ ساڵ فەرمانڕەوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا ئەم ڕێژیمە زۆر زیاتر لە پەنجا و چوار ساڵ دەورانی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئێران و ئەندامانی هێزە دێموکراتییەکانی ئێعدام کردوە.

لە کوردستان دیمەنی دزێوی دیکتاتۆریی نوێ زۆر ئاشکراتر و بێپەردەتریش دیارە. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لە خەڵکی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەریی ئێراندا بەشدار بوو و هەرچەند گەلی ئێمە بە هۆی نوێنەرەکانیەوە هەموو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە بە لانیکەمی مافە ڕەواکانی بگا، حکوومەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ملی بۆ داخوازە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕا نەکێشا، بەڵکوو بە پێچەوانە لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتڵوعامی دا. تەنانەت کار بەوەشەوە نەوێستا و خومەینی بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لەدژی گەلی

موسوڵمانی کورد دەرکرد و ڕشتنی خوێنی پیر و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەلاڵ زانی. زیاتر لە ٢١ ساڵە کە شەڕ دژی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵگیرساوە و هەر بۆیەش کوردستان بۆتە سەربازخانەیەکی گەورە. سەدان بنکەی نیزامیی ڕێژیم لە سەرانسەری کوردستان دامەزراوە. لەم ماوەیەدا حیزبی دێموکرات پتر لە چوار هەزار و خەڵکی کوردستان نیزیک بە پەنجا هەزار شەهیدیان لە پێناوی دیفاع لە شەرەف و ئازادییدا داوە. بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد هەر وا بەرامبەر بە زۆرداریی ڕێژیمی ئاخوندی ڕاوەستاوە و بەربەرەکانیی خۆی بە شێوەی جۆراوجۆر درێژە پێ دەدا.

بەم جۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنمژی کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نێونەتەوەیی نیشان داوە و لەدژی تەواوی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران ڕاوەستاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لەژێر باری زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری پێویستە لە جێگای حکوومەتی کۆنەپەرست و دژی گەلیی ئاخوندەکان سیستمێکی دێموکراتیکی حکوومەتی دابمەزرێ کە ئامانجە ڕەواکانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. حیزبی ئێمە باوەڕی وایە کە پاش نەمانی کۆماری ئیسلامی پێویستە دەرەتان بە خەڵکی ئێران بدرێ کە بە ئازادی نێوەرۆکی سیستمی کۆماریی دڵخوازی خۆیان دیاری بکەن و مەجلیسی دامەزرێنەران «مؤسسان» بۆ دانانی قانوونی ئەساسیی کۆماری نوێ پێک بێ.

٧. بۆ گەیشتن بە ئامانجی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتییدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ. حیزبی ئێمە پێی وایە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی دێموکراتیی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێبەرنامەیی نەبێ و دەسکەوتەکانی بە تالان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەو هێزە سیاسییانە کە بەڕاستی دێموکرات و پێشکەوتنخوازن، لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دوارۆژی وڵات یەک بگرن.

بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە حیزبی ئێمە هەم دژی شۆڤێنیزمی ئێرانییە کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکا و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە دیکتاتۆریی مەرکەزی و خەڵکی ئێران لێک جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. شۆڤێنیزمی ئێرانی و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەر دووکیان کۆسپی سەر ڕێگای یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسیی گەورە شۆڤێنیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نزیکەی ٢٢ ساڵە بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان دژی سەرکوتی درندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە لێوەشاوەیی و کارامەیی ڕێبەری دەکا. خەبات و تێکۆشان و گیانبازی و قوربانی دانی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زیاتر لە جاران بردۆتە سەرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا نەک هەر حیزبی خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بەڵکوو جێگای ڕێز و خۆشەویستیی گەلانی دیکەی ئێران

و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیشە. دروشمی ستراتێژیکیی حیزبی ئێمە (دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان) بۆتە دروشمی بنەڕەتیی خەڵکی کوردستان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێرانیش پشتیوانیی لێ دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم بەرنامەیە دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لە هەموو دانیشتووانی کوردستان: کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شارودێ، ڕووناکبیران، قوتابییان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان و بازارییان و بە گشتی ئەفرادی نیشتمانپەروەری هەموو چین و توێژەکان داوا دەکا کە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە تێبکۆشن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و بیر و ڕای حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە ئاگادار بکرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێرانە کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکەن. بۆیە دەبێ بە دڵ و بە گیان تێبکۆشین هێزی بێبڕانەوەی گەل بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی لە بەرنامەی حیزبەکەماندا هاتوون بکەوێتە کار. ئەو کاتەیە کە بەرنامەی حیزب دەبێتە هێزێکی ماددیی بە توانا و دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتییدا وەدی بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە. وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

## فەسڵی یەکەم
## ئامانجە گشتییەکان:

١. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شان بە شانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتی لە ئێران و وەدەست هێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢. ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سۆسیالیستییە.

٣. دروشمی ستراتێژیکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە.

٤. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی گەلانی هەموو وڵاتانە.

**فەسڵی دووهەم**

**بنچینەکانی خودموختاری:**

٥. ناوچەی خودموختار هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی خودموختاری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەرکام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.

٦. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەموو دەسەڵات بە دەست خەڵکەوەیە کە بە هۆی نوێنەرانی خۆیان لە شۆڕای بەرزی کوردستاندا و لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حکوومەتی خودموختارەوە بەکاری دێنن.

٧. کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوە (سیاسی و ئابووری)، دیفاعی میللی (سپا)، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بێجگە لەوانە، سەلاحیەتی بەڕێوەبردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بە دەست حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. خەڵکی ناوچەی خودموختاری کوردستان وەک هاونیشتمانانی خۆیان لە سەرانسەری ئێراندا لە ڕێگای قانوونییەوە و بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار دەبن.

٨. شۆڕای بەرزی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانوون دانانی ناوچەی خودموختاری کوردستانە. نوێنەرانی شۆڕا لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە هەڵدەبژێردرێن. ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە.

٩. شۆڕای بەرزی کوردستان حکوومەتی خودموختاری کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەرامبەر بە شۆڕای بەرزی کوردستان بەرپرسە.

١٠. پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆی ناوچەی خودموختاری کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی خودموختارییە. ئەرکی هێزی نیزامی دیفاع لە سەربەخۆیی و سنوورەکانی وڵاتە و حەقی نییە دەست لە کاروباری پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی وەر بدا.

١١. زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی نێوان ئیدارەکان لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندایە و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، مافی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچە بە ڕەسمی دەناسرێ و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکرێ. زمانی فارسی لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیش هەروەک شوێنەکانی دیکەی ئێران زمانی ڕەسمییە و لە قوتابخانەکان لەگەڵ زمانی کوردی دەخوێندرێ. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها بۆ ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەی خودموختاردا بە زمانی فارسییە.

هەموو دانیشتووانی غەیری کورد لە ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان ئازادن و مافی خوێندن بە زمانی خۆیانیان هەیە.

**فەسڵی سێهەم:**

**مافەکانی دانیشتووانی ناوچەی خودموختار**

١٢. هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە

نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون، وەک ئازادیی بیر و باوەڕ و دەربڕین، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەکیەتییەکان و شۆڕاکانی کرێکاری و جووتیاری و سێنفی، ئەنجومەنە دێموکراتییەکان و ئازادیی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و ئازادیی ئایین و مەزهەب لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا هەر وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن.

هەموو دانیشتووانی کوردستان بەبێ هیچ جیاوازی دانانێکی جینسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی وەک یەک کەلک وەر دەگرن.

١٣- دین لە دەوڵەت جودایە. بەڵام حکوومەتی خودموختاری کوردستان یارمەتیی ناوەندە ئایینییەکان دەدا و لە باری ماددی و مەعنەوییەوە بە ڕێبەرانی نیشتمانپەروەری ئایینی ڕا دەگا.

١٤- ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیە و بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەر دەگرن.

حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ مافی کەلک وەرگرتن لە سێ مانگ مەرەخەسیی بە حقووقەوە لە دەورانی دووگیانی و زەیستانییدا بۆ ژنانی کارمەند و کرێکار دابین بکا.

## فەسڵی چوارەم

## سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی:

١٥- دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامە دارشتنێکی زانستییەوە لە ناوچەی خودموختاردا لە ئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. بۆ قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە پێویستە دابەشکردنی داهاتی گشتیی بوودجە لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە بە چەشنێک بێ کە بەشی دانیشتووانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بە پێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانەی وڵات بێ.

١٦- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەری ئێران سەنعەتیکردنی وڵات بە پێی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیک لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لە لایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتیکردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتییترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

١٧- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستان دادەمەزرێنێ و لە سەنعەتە خۆوڵاتی و نەتەوەییەکانیش پارێزگاری دەکا، لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابووری، بەشی هەرەوەزی و تایبەتییش لە سەنعەتیکردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.

١٨- سەرچاوە ژێر زەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێڕەوار و لەوەڕگەکانی کوردستان سامانی گشتیین و حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەلکیان لێ وەردەگرێ.

١٩- زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕێگای مێکانیزەکردن و بەکار هێنانی شێوەی زانستی

لە کشتوکاڵدا، هەروەها دارشتنی بەرنامەی بەراوکردن و هەڵبەستنی بەربەند، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٢٠- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەوپێدانی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا تێدەکۆشێ. هێندێ لەو پرۆژە ئابوورییانە کە جێبەجێکردنیان بە هۆی بەشی گشتییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بە قازانجی پێشکەوتنی ئابووریی وڵات نییە، بە بەشی تایبەتیی دەسپێردرێن و لە ڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان و دانانیماڵیاتەوە سنوورێک بۆ پەرەگرتنی سەرمایەی تایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەو کارە کەلکوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستانە.

٢١- بردنە سەری پایەی ژیانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەرۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. ئەم حکوومەتە هەموو هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان کە لە هەژاری و بێبەشییدا دەژین، لەم وەزعە ڕزگار بکا و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکا.

٢٢- ئەسڵی چل سەعات کار لە حەوتوودا لە هەموو جێگایەک دێتە دی. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بە پێی خەرجی بەرێچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونە سەری خەرجی گوزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتوویی و بێکاری و پیری بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە پازدەساڵ کەمتر بێ، نابێ کاریان پێ بکرێ. بۆ کەمکردنەوە و پاشان خاشە برکردنی بێکاری دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٢٣- مالکیەتی زەوی تا ئێستاش هێندێ بێعەداڵەتیی تێدا هەیە. هەر بۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای مالکیەتی زەوییدا ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە قازانجی دێنشینانی زەحمەتکێش و بێزەوی ڕوو بدا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتییەک بە پەرەپێدانی ئەو شیرکەتە هەرەوەزییانەی کشتوکاڵ دەکا کە جووتیاران بە دڵخوازی خۆیان پێکیان دێنن.

٢٤- حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێران بدا بۆ ئەوەی بتوانن ئامرازی پێشکەوتووی کشتوکاڵ بۆخۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخی تەزمینی لێ بکڕێ و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لە پێشدا بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پاشان بەرامبەر بە پیری و پەککەوتەیی بیمە دەکرێن.

٢٥- لاوان سەرمایەی دوارۆژی وڵاتن. بۆیە حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی لاوان و هەموو ئیمکاناتێکی پەروەردەیی و فێرکاری و تەفریحی سالمیان بۆ پێک دێنێ.

٢٦- حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری. لەوەڕگەکان بە پێی شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێرێ و ڕێگای دروست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکا.

٢٧- پارێزگاریی ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان، لێرەوارەکان، دەریاچەکان و پارێزگاریی

حەیوانات بە تایبەتی حەیواناتی ڕاوی: باڵندە و پێڕۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی حەیوانات پێشگیری بکرێ و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سەنعەتی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا بۆ پارێزگاریی ژینگە و لە بەرچاو گرتنی هاوهەنگاویی سروشت وردەکارییەکی زۆر ڕەچاو بکرێ و بایەخی پێویست بە پاراستنی بینا و شوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

### فەسڵی پێنجەم

### سیاسەتی فەرهەنگی ولەش ساغی:

٢٨- هەموو منداڵانی کوردستان چ کچ، چ کوڕ هەتا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ لە نێو بردنی نەخوێندەواری بە پەلە هەنگاو هەڵ دێنێتەوە. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بە خۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی خودموختار لەو بارەیەوە قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە. حکوومەتی خودموختاری کوردستان خەرجی خوێندنی منداڵانی کرێکاران و جووتیاران و هەموو زەحمەتکێشانی کەمداهات لە تەواوی فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکا و خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمەت و هەڵکەوتووی زەحمەتکێشانی کەمداهات لە زانستگە و فێرگە بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێ.

٢٩- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەرەو ژوور بردنی پایەی فەرهەنگیی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی و پەروەردەی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما، تیئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانستگەکان هەنگاو هەڵ دێنێتەوە و بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری کوردی تێدەکۆشێ.

٣٠- بایەخ دان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٣١- ڕووناکبیرانی کوردستان بە پێی لێوەشاوەیی خۆیان کاریان دەدرێتێ. حکوومەتی خودموختاری کوردستان سیاسەتێک بەرامبەر بە ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتە پێش کە بە دڵگەرمی و لە خۆبوردنەوە خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.

٣٢- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بردنەسەری پایەی لەشساغیی هەموو خەڵک تێدەکۆشێ و هەلومەرجێک پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی پزشکی و دەرمانی کەلک وەربگرن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگە و زایینگە هەنگاو هەڵ دێنێتەوە و بۆ بەخێوکردنی نەقوستان و بەساڵدا چووانی ڕەبەن و بێخاو و خێزان بنکە و بنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

### فەسڵی شەشەم

**سیاسەتی دەرەوە:**

لە سیاسەتی دەرەوەدا کە لە سەلاحیەتی دەوڵەتی مەرکەزییدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە:

٣٣ـ دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی حەقی حاکمیەتی نیشتمانی پێوەندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و ئەو وڵاتانە کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن پێوەندیی دۆستانە پێک بێنێ.

٣٤ـ دەوڵەتی مەرکەزی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی ئیمپریالیستی و دژی زۆرداریی گەلان و لە مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان پشتیوانی بکا.

٣٥ـ دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لە نێو گەلاندا پشتیوانی بکا و لایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگای وتووێژەوە بەبێ بەکار هێنانی زۆر بێ، مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پێویست بزانێ.

٣٦ـ وڵاتی ئێران ببێتە بنکەیەک بۆ یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان، بە تایبەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەنای سیاسی بە هەموو ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بدا.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا بە ئاگاداری و پەسەندی دەوڵەتی مەرکەزی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە ئیمکاناتی خۆی بۆ کۆمەک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا کەلک وەربگرێ و پەنای سیاسی بەو کوردە نیشتمانپەروەرانە کە داوای پەنابەرایەتی دەکەن، بدا.

## بەشی دووهەم

## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ماددەی یەکەم/ ناو و نێوەڕۆکی حیزب:**

١ـ ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ە.

٢ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و بە تایبەتی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

**ماددەی دووهەم/ ئەندامانی حیزب:**

هەموو هاونیشتمانێکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێک:

- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.

- بە ئینسانێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بناسرێ.

تێبینی:

کوردە غەیرە ئێرانییەکان دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببنە ئەندام.

**ماددەی سێهەم/ شێوەی وەرگرتنی ئەندام:**

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەر بگیرێ پێویستە:

- دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.
- لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی دیکە نەبێ.
- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی بەرەو ژوورترەوە بە ئەندام وەربگیرێ.

تێبینی:

ئەو ئەندامانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین و بوونە هاونیشتمانی ڕەسمیی شوێنی دانیشتنیان، هەقیان هەیە ببنە ئەندامی حیزبێکی نیشتمانی دووەمیشیان.

**ماددەی چوارەم/ ئەرکەکانی ئەندامی حیزب:**

ئەرکی سەر شانی ئەندامی حیزبە کە:

- بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێبکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بە پێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێبکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەرێ.
- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندیی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیر و ڕا و تاقیکردنەوەیان کەلک وەربگرێ.
- حەقی ئەندامەتی بدا.

تێبینی:

ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن و پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ حیزبدا هەیە، بەڵام هەموو ئەرکەکانی ئەندام بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتی دەناسرێن.

**ماددەی پێنجەم/ مافەکانی ئەندامی حیزب:**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

- بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ.
- لە هەموو ئەندامێک یا ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبییدا ڕەخنە بگرێ.
- لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا. بیر و ڕای خۆی پێ

بڵێ یان پرسیاری لێ بکا.
- لە هەموو ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
- لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لە سەر بدا، بەشدار بێ.

**ماددەی شەشەم/ سزادانی ئەندام:**

١. ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەبزوونەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئێعتباری حیزب دەگەیەنێ بە پێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتییە لە:
- سەرکۆنە بە دەم.
- سەرکۆنە بە نووسراو.
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
- هەڵپەساردن.
- دەرکردن لە حیزب.

**تێبینی:**

١. درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێراندا خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب کە لە ماددەی پێنجەمدا هاتوون، نییە. بەڵام پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبیی بۆ لە بەرچاو دەگیرێ و دەکرێ بە نەزەری ئۆرگانی خۆی بەرپرسایەتیی پێ بدرێ.
٢. سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.
٣. مەبەست لە سزای حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.
٤. ئەندامی دەرکراو حەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.
٥. ئەندامی هەڵپەسێردراو دوای تەواوبوونی ماوەی هەڵپەساردن تەنیا ئەندامەتییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، نەک هیچ پلەیەکی تەشکیلاتی.

**ماددەی حەوتەم/ قەوارەی حیزب:**

١. ئەسڵی بنەڕەتیی دارشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دێموکراتییە.
٢. سانترالیزمی دێموکراتی بەو مانایەیە کە:
- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە و کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.

- لەنێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بێجیاوازی، یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجی دەکرێ.
- باسکردن و بڕیار دان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خواروترین ئۆرگان بە کۆمەڵە. تەکپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نییە.

**ماددەی هەشتەم/ کۆنگرەی حیزب:**

١. بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢. کۆنگرەی حیزب هەر چوار ساڵ جارێک لە ئەندامان و جێگرەکان و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و بە ڕادەیەک کە کومیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب پێک دێ.

٣. هەر کات گیروگرفتێکی وا هاتە پێش کە کومیتەی ناوەندی بەڕاستی نەزانێ تەنیا بۆخۆی بڕیاری لە سەر بدا، ئەندامانی کۆنگرە بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بانگهێشتن دەکا. لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا ڕێبەرایەتیی تازە هەڵنابژێردرێ.

تێبینی:

١. هەر وەخت سەدی ٢٥ـی ئەندامانی کۆنگرە بە هەر هۆیەک لە ڕیزی ئەندامانی چالاکی حیزبدا نەمان کۆبوونەوەی کۆنگرە سەلاحییەتی نابێ.

٢. لە شەش مانگ بەر لە کاتی کۆنگرەی تازەوە ناکرێ کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆنگرەی پێشوو بانگهێشتن بکرێ، مەگەر هەلومەرجێک بێتە پێش کە دەرەتانی پێکهێنانی کۆنفرانسەکان و بەستنی کۆنگرەی تازە نەبێ.

ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

- باسی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لە سەر دەدا.
- ڕێبازی گشتیی سیاسی، ستراتێژی تاکتیکی حیزب دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.
- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

**تێبینی ١:**

کومیتەی ناوەندی حەقی هەیە ئەگەر بە پێویستی بزانێ ئەو پەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە سێی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی، لە ئەندامانی حیزب ڕاستەوخۆ بە حەقی دەنگدانەوە لە کۆنگرەدا بەشدار بکا. ئەم کارە دەبێ پێش لە بەستنی کۆنفرانسەکانی حیزب بکرێ و ئەو جۆرە کەسانە لە کونفرانسەکاندا حەقی دەنگدانیان نابێ.

**تێبینی ٢:**

کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە لانیکەم سێ ساڵ ڕابردووی ئەندامەتییان لە حیزبدا هەبێ.

**ماددەی نۆهەم/ کۆنفرانسی حیزب:**

١. کۆنفڕانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:
- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- زیاتر لە ١٥٪ی ئەندامانی کۆنگرەی پێشوو لە ڕیزی تێکۆشەرانی چالاکی حیزبدا نەمابن.
- گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
- لە هەلومەرجێکی وادا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢. کۆنفڕانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کومیتەکانی شارستان و مەڵبەند و کومیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی پێک دێ.

٣. ڕادەی نوێنەرانی ئەو کومیتە و کۆمیسیۆنانە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ. بەڵام لە هەر حاڵدا دەبێ ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی زیاتر بێ.

**ماددەی دەهەم/ کۆمیتەی ناوەندی:**

١. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی، بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢. ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:
- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- مەسئوولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
- دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرکەوتی حیزبە.
- ئایین‌نامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و هاوهەنگاویی نێوان کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی دادەنێ.
- لانیکەم ساڵێ سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.

تێبینی:

١. کومیتەی ناوەندی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی، موشاویر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

٢. کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی ڕەسمیەت پەیدا دەکەن و بڕیارەکانی وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە نیوەی هەموو ئەندامانی ئەسڵی لەوانە کە لە کۆبوونەوەدا بەشدارن، دەنگیان بۆ بدەن.

٣. هیچ کەس زیاتر لە دوو دەورەی بە دوای یەکدا وەک سکرتێری گشتی هەڵنابژێرێ.

٤. هەر کاتێک سکرتێری گشتی بۆ ماوەی زیاتر لە حەوتوویەک بە سەفەر چوو، یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە سکرتێر پێشنیاری دەکا، ئەرکەکانی ناوبراو وەئەستۆ دەگرێ.

**ماددەی یازدەهەم/ دەفتەری سیاسی:**

١. لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ و مەسئوولی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندییە.

٢. دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە پێی پێویست پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی.

**ماددەی دوازدەهەم/ ڕێکخراوەکانی حیزب:**

١. بناخەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢. ڕێکخراوەکانی حیزب لە دێ کومیتەی دێ، لە ناوچە کومیتەی ناوچە، لە گەڕەک کومیتەی گەڕەک، لە شار کومیتەی شار و لە شارستان کومیتەی شارستان و لە ناوەند کومیتەی ناوەند بەڕێوەیان دەبا.

٣. ئەرکی شانە و کومیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤. کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥. بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک، کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە دوو ساڵ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە پێک دێ.

تێبینی:

لە هەلومەرجی تایبەتییدا کومیتەی ناوەندی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوی حیزب پەسەند بکا.

**ماددەی سێزدەهەم/ داهاتی حیزب:**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

- حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

***

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ۱۳ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ۱۳ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەیاننامە بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێزدەهەم
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ۱۳
- پەیامەکانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (پووشپەڕی ١٣٨٣)

کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٣_١٧ی پووشپەڕی ١٣٨٣ (٣_٧ی جولای ٢٠٠٤) لە شاری کۆیە لە باشووری کوردستان گیرا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ بریتی بوون لە:**

١) مستەفا هیجری، ٢) حەسەن شەرەفی، ٣) باباعەلی مێهرپەروەر، ٤) حەسەن ڕەستگار، ٥) محەممەدنەزیف قادری، ٦) مستەفا مەولوودی، ٧) تەیموور مستەفایی، ٨) حەسەن قادرزادە، ٩) ڕۆستەم جەهانگیری، ١٠) سەید برایم هاشمی، ١١) کاوە بەهرامی، ١٢) سەید ڕەزا دروودگەر، ١٣) محەممەد ساڵح قادری، ١٤) ئەسعەد ئەحمەدی، ١٥) ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ)، ١٦) حوسێن نازدار، ١٧) عومەر باڵەکی، ١٨) ئەحمەد ڕەحیمی، ١٩) کەماڵ کەریمی، ٢٠) سمایل بازیار، ٢١) لوقمان مێهفەر، ٢٢) شاهۆ حوسەینی، ٢٣) خالید عەزیزی

**ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣:**

١) مستەفا هیجری (سکرتێر)، ٢) مستەفا مەولوودی ٣) حەسەن شەرەفی، ٤) باباعەلی مێهرپەروەر، ٥) حەمەنەزیف قادری ٦) حەسەن ڕەستگار، ٧) تەیموور مستەفایی.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ بریتی بوون لە:**

١) خەدیجە مەعزووری، ٢) محەممەد کەسرایی، ٣) محەممەد حەسەنپوور، ٤) عومەر غوڵامعەلی، ٥) ڕەحیم مەنگوڕی، ٦) سیامەک وەکیلی، ٧) تاهیر کەسیلی، ٨) سەعید بەگزادە، ٩) د.خوسرەو بەهرامی، ١٠) د. میرۆ عەلیار

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ بریتی بوون لە:**

١) هێمن سەیدی، ٢) عەبدوڵڵا بەهرامی، ٣) عیرفان ڕەهنموون، ٤) کەریم پەرویزی، ٥) عەلی سۆرانی، ٦) شاهۆ فەرازمەند.

دوای کۆنگرەی ١٣ کێشە و ناکۆکییە نێوخۆییەکان لەسەر شێوەی ئیدارە و بەڕێوەبردنی حیزب تەقینەوە. لە ئاکامدا ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێکترازا.

خالید عەزیزی، مستەفا مەولوودی، حەسەن ڕەستگار، عومەر باڵەکی، حەسەن قادرزادە، کەماڵ کەریمی، سمایل بازیار (ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی)، خەدیجە مەعزووری، محەممەد کەسرایی، محەممەد حەسەنپوور، سیامەک وەکیلی و سەعید بەگزادە (ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی)، هێمن سەیدی و عەبدوڵڵا بەهرامی (ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی) ئەو بەشە لە ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ بوون کە لە «حیزبی دێموکراتی کوردستان»دا درێژەیان بە تێکۆشانی سیاسیی خۆیان دا.

## بەیاننامە بەبۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
دۆستان، لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێگای خۆشحاڵی و شانازییەکە کە ڕابگەیەنێ: سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزب، سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممە ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ـی هەتاوی، بەرامبەر بە ٣ـی جولای ٢٠٠٤ی زایینی، دەستی بە کار کرد و پاش ٥ ڕۆژ کاری بەردەوام، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی پووشپەڕ، بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆنگرە سەعات ٩ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٣ی پووشپەڕ، بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێکرد و بە دوای ڕاگەیاندنی یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی، بە تایبەت شەهیدانی نێوان کۆنگرەی دوازدەهەم و سێزدەهەمی حیزب، هاوڕێی بەڕێز کاک جەلیل گادانی، وەک بەڕابردووترین ئەندامی کۆنگرە وتاری کرانەوەی کۆنگرەی پێشکەش کرد. بە دوای پێشکەشکرانی وتاری کردنەوەی کۆنگرەدا، هاوڕێی بەڕێز کاک عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسی، ڕاپۆرتی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی پێشکەش کرد و بەرنامەی کاری کۆنگرەی ڕاگەیاند. پاش پەسەندکرانی بەرنامەی کار و مەشروعییەتی کۆنگرە، هاوڕێی بەڕێز و تێکۆشەر، مامۆستا عبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزب، ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی پێشکەش کرد. لەو ڕاپۆرتەدا وەزعی نێونەتەوەیی لە دوا دەیەی سەدەی بیستەمەوە و ئەم گۆڕانکارییانەی کە بوونە هۆی گۆڕانی سیمای سیاسیی جیهان و هەروەها ئەو ڕیزبەندییە ئابووری و بازرگانییانەی کە بەرامبەر بە ئامریکا پێک هاتبوون، ئاماژەیان پێ کراوە. لەم ڕاپۆرتەدا مەسەلەی تێرۆریزم و پەرەئەستاندنی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان کەوتوەتە بەر باس و ئاکام و دەرئەنجامەکانی شی کراونەتەوە و تیشک خراونەتە سەر تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای خەبات دژی تێرۆریزم ئاماژەیان بۆ کراوە و ڕێگای ئوسوولی بۆ خەبات دژی ئەو دیاردە دزێوە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە دەستنیشان کراوە.

بە دوای ئەوەدا ڕاپۆرت دەچێتە سەر هەڵسەنگاندنی وەزعی گشتیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لەو بەشە لە ڕاپۆرتەکەدا مەسەلە گرنگەکانی ناوچە وەک: مەسەلەی فەلەستین و کێشەی ئیسرائیل و عەرەبەکان ئاماژەیان پێ کراوە و و قامک لەسەر ناتەبایییەکان و ململانێیەکانی ناوچە دانراوە و ڕێگاچارەی مەسەلەکان دەستنیشان کراوە، هەر لەو بەشەدا گۆڕانکارییەکانی ناوچە و ڕووداوەکانی ئەفغانستان و عێراق و دەرەنجامەکانیان بە ڕوونی کەوتوونە بەر باس.

تەوەرێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی کومیتەی ناوەندی بۆ باس لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە تەرخان کراوە کە لەودا کۆمەڵێک مەسەلەی پێوەندیدار بەم باسەوە شی کراونەتەوە.

لە لێکدانەوەی وەزعی ئێراندا، ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لە درێژەی کردەوەی سەرکوتکەرانە و پێشێلکرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە لایەک و ترس ڕەوینەوە و سام شکانی خەڵک لە ڕێژیم و گومان ڕەوینەوەی بەشی هەرە زۆری خەڵکی وڵاتەکەمان لە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لە نێوخۆی ڕێژیمدا بە تایبەت و یەکدەست بوونەوەی نیزام دوای هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم، ناسرانی زیاتری نێوەرۆکی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەروەها هەوڵی ڕێژیم بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، بە درێژی شی کردوونەوە.

هەڵسەنگاندنی وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و هێزە سیاسییەکانی ئێران بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب پێک دێنێ، لەو چوارچێوەیەدا خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئۆپۆزیسیون و ئەرکی ئێستایان ئاماژەیان بۆ کراوە.

ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی، گرنگییەکی تەواوی داوە بە مەسەلەی کورد و ئاماژەی بەوە داوە کە خەباتی کورد لە چوارچێوەی تەسکی چوار وڵاتی کوردنشین ترازاوە و بە کردەوە بووەتە مەسەلەی بەشێک لە دانیشتووانی زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی بە تایبەت لە ئامریکا، ئورووپا، کانادا و ئوستralیا. هەروەها لەو پێوەندییەدا وەزعی کوردستانی عێراق بە درێژی باسی لێ کراوە و ئاماژە بە چوونە سەری وشیاریی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان کراوە.

ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ئێراندا، قامکی لەسەر وەزعی نالەباری ژیانی خەڵک و بێکاری و نەداری و لە دواکەوتوویی ڕاگیرانی کوردستان داناوە و نەخشی بزووتنەوەی کوردی دەستنیشان کردوە و، بە ڕێزەوە ڕوانیویەتە بزووتنەوەی ئەدەبی-فەرهەنگیی کوردستان و نەخشی ڕووناکبیرانی کوردی بەرز نرخاندوە و، بەربەرەکانێی خەڵک لەگەڵ دیکتاتۆریی مەزهەبی بە نموونە داناوە.

لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا، ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی ئاماژەی بە خەباتی نزیک بە ٦٠ ساڵی ئەو حیزبە و نفووز و هەڵوێستەکانی کردوە و ئەرکەکانی ئەو حیزبەی دەستنیشان کردوە و هەڵوێستی حیزبی بەرامبەر بە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان ڕوون کردوەتەوە و فێدرالیزمی بە باشترین شێوە بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا زانیوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندییدا بە شێوەیەکی تایبەتی پێ لەسەر بایەخ دان بە چالاکترکردنی نەخشی ژنان لە کار و تێکۆشانی حیزبی و بە گشتی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان، داگیراوەتەوە.

ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لە چەند دانیشتنی بەشدارانی کۆنگرەدا بە تێر و تەسەلی کەوتە بەر باس و بە تێکڕای دەنگی بەشداران پەسەند کرا.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرەدا، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە و چەند دەسکارییەکی پێویستیان تێدا کرا کە بەرچاوترینیان گۆڕینی دروشمی ستراتێژیکی حیزبە کە تا پێش کۆنگرە «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بوو و، بوو بە «دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدرالی لە ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوەیی بۆ گەلیکورد لە کوردستانی ئێران».

لە دوابەشی کاری کۆنگرەدا ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێران کە تا کۆنگرەی داهاتوو ئەرکی بەڕێوەبردنی حیزبیان دەکەوێتە سەرشان.
کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆبوونەوەیەکی کورتی پاش هەڵبژێرانیدا، هاوڕێی بەڕێز و تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژارد و ئەو هەڵبژاردنە لە لایەن هاوڕێی بەڕێز و تێکۆشەر، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبەوە لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا بە ئاگاداری بەشدارانی کۆنگرە گەیشت و بە گەرمی پیرۆزبایی لە سکرتێری تازە کرد.
کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی پووشپەڕ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.
پیرۆز بێ سەرکەوتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٨ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی**
**(٨ی جولای ٢٠٠٤ی زایینی)**

***

## ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب

ئەندامانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
بە ناوی کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم. بۆ ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتن و بۆ ئێوە سلامەتی و سەربەرزی و بەختیاری بە ئاوات دەخوازم. هەموو سەرفەسڵەکانی خەبات و تەنانەت هەموو ڕۆژ و حەوتوو و مانگ و ساڵەکانی تێکۆشان بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە و بۆ مرۆڤی خەباتگێڕ لەدەست دانی هەر دەمەساتێک لە سەردەمی خەبات و تێکۆشان بە مانای لەدەست دانی دەرفەتێک بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانە. بەڵام بەو حاڵەش زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئەم کۆنگرەیە لە هەلومەرجێکی یەکجار زۆر گرنگ و ناسکدا پێک هاتوە و ئەرکی زۆر قورس و پیرۆزی لەسەر شانن. سەرکەوتنی کۆنگرە لە بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکانەدا پێش هەموو شتێک بە بەشداریی چالاکانە و وشیارانە و بەرپرسانەی ئەندامانی لە باس و لێکدانەوەی بابەتە سیاسییەکاندا بەستراوەتەوە. ئاوات و داخوازم ئەوەیە هەموو هاوڕێیان بە گیانی هەست کردن بە بەرپرسیاری و بە چاوێکی کراوەی واقعبینەوە لە بابەت و باسەکان ورد ببنەوە و ئەم ڕاپۆرتە بە تێبینی و بیر و بۆچوونەکانیان دەوڵەمەندتر و پوختەتر بکەن.
لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی ١٢ و ١٣دا زۆر ئاڵوگۆڕی گرنگ لە کوردستان و ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا ڕوویان داوە کە زۆریان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و گەلانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندی پەیدا دەکەن. لێکدانەوەی وردی ئەم ڕووداوانە و هەڵسەنگاندنی

واقعبینانەی شوێنەوارەکانیان دەتوانێ ڕێنیشاندەرێکی باشی ئێمە بۆ داڕشتنی بەرنامەی کار و تێکۆشان و دیتنەوەی جێگای شیاوی حیزبەکەمان لە نێو جەرگەی ڕووداوەکان و کۆمەڵگەی یاریکەرانی مەیدانی سیاسەت لە کوردستان و ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێ. ئەمەش نایەتە دی ئەگەر لە لایەک بەشدارانی کۆنگرە بە پێی توانا لە لێکدانەوەی باسەکاندا بەشدار نەبن و لە لای دیکەش هەر ڕووداوێک وەک هەیە سەیری نەکرێ، گەورەتر یان چووکتر لە قەوارەی خۆی نیشان بدرێ، یان ئارەزوو لە جێگای واقعیەت دابنرێ.

ئەم ڕاپۆرتە هەوڵ دەدا ئەگەر بە کورتییش بووە، گرنگترین ئاڵوگۆڕەکانی ساڵانی دوایی و بە تایبەتی ئەوانەی بۆ خەباتی هەقخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرنگن، بخاتە بەر باس. بەو ئاواتە کە کۆنگرەکەمان بە هەڵسەنگاندنێکی ورد و واقعبینانەی ئەم ئاڵوگۆڕانە بتوانێ باشترین بەرنامەی مومکین بۆ تێکۆشان لە پێناوی دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتی لە ئێرانی دیلی دەستی زۆرداری و کۆنەپەرستییدا دابڕێژێ.

**١ـ وەزعی نێونەتەوەیی:**

لە دوا دەیەی سەدەی ڕابردوو (سەدەی بیستەم)ـەوە گۆڕانێکی گرنگ و شوێندانەر لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا پێک هاتوە و گەشەی کردوە کە دەکرێ بڵێین سیمای سیاسیی جیهانی گۆڕیوە. بە ڕووخانی بلووکی سۆسیالیستی و تەواوبوونی دەورانی شەڕی سارد، دنیا لە حاڵەتی دوو تەوەری (دو قطبی) هاتۆتە دەر و ئەگەر جاران دوو دەسەڵاتی گەورەی جیهانی لە بەریەک ڕاوەستابوون، دوو دەسەڵات کە هەرچەند تواناکانیان نابەرامبەر بوو، بەڵام لە هاوکێشە جیهانییەکاندا حیسابیان لەسەر دەکرا، لە دە-پازدە ساڵی دواییدا، ئەم ململانەیە بە نەمانی بلووکی سۆسیالیستی تەواو بووە و ئێستا تەوەری بەرامبەرە کە شوێنەواری خۆی لەسەر هەموو ڕووداوە گرنگە جیهانییەکان دادەنێ و لە زۆربەی مەسەلەکاندا قسەی دوایی و یەکلاکەرەوە دەکا.

دیارە ئێستا هێندێ ڕیزبەندی لە بواری ئابووری و بازرگانییدا بەرامبەر بە ئەمریکا بەرچاو دەکەون کە دەسەڵاتی هەرە گەورەی جیهانیش بە هێندیان دەگرێ و حیسابیان بۆ دەکا، وەک ئورووپا و چین و ژاپۆن و هیی دیکە. هەر لەوکاتەدا هەوڵ و تەقەلا بۆ ئەوەی تەوەرێکی دیکە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بێسنووری ئەمریکا لە جیهاندا دروست ببێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە جیهان ببێتەوە دوو تەوەری، لە ئارادایە کە ئەمەیان زیاتر لە هەوڵی هێندێ وڵاتی بە توانای ئورووپاییدا خۆی دەنوێنێ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە نە ئەو قوتبە ئابووری و بازرگانییانە توانیویانە جێ بە دەسەڵاتی بێئەملا و ئەولای ئەمریکا لەق بکەن و نە ئورووپای یەکگرتووش توانیویەتی لە ڕادەی نێونەتەوەییدا خۆی وەک خەنیمێکی حیساب لەسەر کراو بەرامبەر بە ئەمریکا دەربخا. هەرچەند یەکیەتیی ئورووپا بە وەرگرتنی دە ئەندامی تازە ڕادەی داهاتی ناخالیسی خۆی گەیاندۆتە بەرامبەری ئەمریکا و لە بارەی ژمارەی دانیشتووانیشەوە خۆی لە دوو هێندەی وڵاتە یەکگرتووەکان نزیک خستۆتەوە، هێشتا تۆسقاڵێک هەیبەتی ئەمریکای نەلەرزاندوە و وێش ناچێ (لانیکەم لە کورت خایەندا) ببێتە ئەو خەنیم (ڕەقیب)ـە حیساب لەسەر کراوە.

یەک تەوەرە بوونی جیهان و ڕووخانی بلووکی سۆسیالیستی هێندێ دیاردەی جێگای ئومێدی بەدواوە بوون، کە دەکرێ بڵێین یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونی ئەو سیستەمە، تامەزرۆیی خەڵکی وڵاتانی ئەندامی ئەو بلووکە بۆ وەدیهاتنی ئەو دیاردە یان باشتر بڵێین ئەو ئاواتانە بووە. یەکەم دیاردە سەرهەڵدان و هاتنە گۆڕ و بەرەبەرە پەرەگرتنی دێموکراسی بوو. وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوو لە دەزگا تەبلیغاتییەکانی خۆیاندا (کە زۆریش بەهێز بوون و بەشێکی زۆر لە بوودجەی وڵاتیان بۆ تەرخان کرابوو) ئیدیعایان دەکرد کە لەو وڵاتانەدا باشترین جۆری دێموکراسی کە دێموکراسیی گەلییە، حوکم دەکا و ئەوە تەنیا دەرەبەگ و سەرمایەدار و چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵن کە لە دامەزراندنی ئەو سیستەمە زەبریان وێکەوتوە و ناڕازین. ئەگینا زۆربەی زۆری خەڵک لە باشترین جۆری دێموکراسی کەلک وەردەگرن و بە بەشی خۆیان ڕازین. کەچی هەقیقەت شتێکی دیکە بوو. خەڵکی وڵاتانی سۆسیالیستی (جگە لە دەسەڵاتداران و دەست و پێوەندەکانیان) لە فەزای داخراو و زەبر و زەنگ و سانسۆر و نەبوونی ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی وەجان هاتبوون. هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە بە کرانەوەی پەنجەرەیەک بەرەو دێموکراسی لە ئاکامی «گلاسنۆست و پرێسترۆیکا»ی میخائیل گۆرباچۆڤدا تۆفانێک لە نارەزایەتی و بانگی ئازادیخوازیی وڵاتانی بلووکی سۆسیالیستیی هێنایە لەرزین و تا لە بەریەک هەڵوەشانی بلووکبەندییەکە نیشتنەوەی بۆ نەبوو.

زەقبوونەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی لە لایەن زۆربەی زۆری دانیشتووانی وڵاتانی سۆسیالیستییەوە یەکی دیکە لە دیاردە بەنرخەکانی دنیای پاش شەڕی سارد و ڕووخانی بلووکی سۆڤیەتی بوو. لەو بارەیەشەوە وڵاتانی سۆسیالیستی و حیزبە کۆمۆنیستییەکان دیمەنێکیان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە خستبوە بەرچاوی بیر و ڕای گشتیی خەڵکی دنیا کە نیشانەیەک لە ستەمی نەتەوایەتیی پێوە دیار نەبوو. بە پێی ئیدیعای دەزگا تەبلیغاتییەکان، هەموو گەلانی دانیشتووی یەکیەتیی سۆڤیەتی یان وڵاتانی وەک یۆگۆسلاڤی و چێکۆسلۆڤاکی، لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا مافی بەرامبەریان بۆ دابین کرابوو و لە هیچ بارێکەوە کەمایەسییان نەبوو. کەچی دیتمان وەختێک دەرەتان بۆ دەربڕینی ئازادانەی داخوازەکان پێک هات، «چۆن وڵاتی گەورەی شۆڕاکان و هێندێ وڵاتی دیکەی سۆسیالیستی لە بەریەک هەڵوەشان و لە جێگای دوو-سێ وڵات، پتر لە بیست وڵات پێک هاتن، زیاتر لە بیست نەتەوە سەربەخۆییان ڕاگەیاند و حکوومەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراند. سەرنجڕاکێش ئەوەیە فیدراسیۆنی ڕووسیە کە چواردە وڵاتی بە شێوەی «داخوازانە!» بە خۆیەوە لکاندبوو، لە ماوەی دوای تێکچوونی بلووکی شۆڕەوییدا هەمیشە لەگەڵ ویستی ئازادیخوازانەی گەلانی نێو ئەو فیدراسیۆنەش بەرەوڕوو بووە. (ئەوە کە هێندێک دەستە و تاقمی توندڕەوی ئیسلامی لە چەچان سیمای بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ئەو ناوچەیەیان شێواندوە، شتێک لە بایەخی مەسەلەکە کەم ناکاتەوە).

دیفاعی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە مافی مرۆڤ و وەلانانی ئەو تێزە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکانی دیکە بۆیان نییە دەست لە کار و باری نێوخۆی وڵاتانی سەربەخۆ وەربدەن، یەکێک لە ئاکامە دڵخوازەکانی تێکچوونی دنیای دووقوتبی بوو. تا ئەو کاتە حکوومەتە زۆردار و کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان هەر کام خۆیان بە یەکێک

لە دوو دەسەڵاتە گەورە جیهانییەکەوە هەڵواسیبوو و بە خۆشاردنەوە لە پشت سەنگەری سەروەریی نیشتمانی (حاکمیت ملی)ـیدا هەموو دەنگێکی ئازادیخوازانەی هاونیشتمانانیان لە گەروودا دەخنکاند. بەڵام پەسەندکرانی دەخالەتی مەشرووع بۆ دیفاع لە مافی مرۆڤ لە وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکاندا کە بە پێشنیاری خوالێخۆشبوو «فرانسوا میتران» لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتە گۆڕێ، ئەو ئاتۆیەی لە دەستی حکوومەتە زۆردار و ملهوڕەکان دەرهێنا. لە ئاکامی ئەو گۆڕانەدا بەشێک لە دیکتاتۆرییەکان وەک لە سێربستان کەوتنە بەر پەلاماری دەخالەتی مەشرووع و لەسەر کار لاچوون. بەشێکی دیکەشیان ناچار بە هێندێ پاشەکشە کران کە ئەگەرچی کەموکوڕ و ناتەواوە، بەڵام دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ ڕووخان و لە مەیدان دەرچوونیان.

**٢ـ تێرۆریزم:**

لە سروشتە بەرچاوەکانی ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی نوێ، پەرەئەستاندنی تێرۆریزم وەک فەتایەکی جیهانییە. دیاردەی تێرۆریزم (با ئەو ناوەشی پێشتر لەسەر نەبووبێ) تایبەتی ئەم قۆناغە لە مێژووی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران و بگرە دەیان و سەدان هەزار ساڵ پێش لە ئێستا. ئەوەی تایبەتمەندی بە تێرۆریزم لە سەدەی بیستویەکەمدا دەدا، پەیدابوون و سەرهەڵدانی دوو نەوعی تازە لە تێرۆریزم (دەوڵەتی و ئیسلامی)، پێشکەوتنی ئامرازەکانی تێرۆر، سامناکتر و بەربڵاوتر بوونی زیانەکانی کردەوەی تێرۆریستی و لە هەمووان خراپتر تێئۆریزەکردن و تەنانەت بە پیرۆز زانینی کاری تێرۆریستییە کە ئەمەیان تایبەتی دەستە و تاقمە ئیسلامییە توندڕەوەکانە.

نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو نموونەی زۆر سامناکی لە تێرۆریزم (دەوڵەتی و نادەوڵەتی) بە خۆیەوە دیون کە لە تێکڕایاندا بە هەزاران ئینسان و بە تایبەتییش لەو کەسانە کە هیچ پێوەندییان بەکێشەی نێوان تێرۆریست و تێرۆر لێکراوەکەوە نەبووە، گیانیان لە دەست داوە یان بریندار و کەمەندام بوون. ئەگەر پێش ئەو ماوەیە کاری تێرۆریستی بە ئامرازی سەرەتایی و زۆرتر بە دزی و لەدژی تاقەکەسێک بەڕێوە دەچوو، لە قۆناغی «تازە»دا دەستی تێرۆریزم گەیشتۆتە ئامرازە مۆدێرنەکان و سەفارەتەکان و پارلمانەکان و مزگەوتەکان و شوێنە بازرگانییەکان و بە کورتی ئەو شوێنانە کە بە توندی پارێزگارییان لێ دەکرێ و لەو شوێنانە کارەساتی گەورەی ئینسانیی خولقاندوە. ئەگەر لە ڕابردووی کۆندا زیاتر بێدەسەڵات و بێدەرەتانان بۆ تۆڵە لە دوژمنانیان پەنایان بۆ کاری تێرۆریستی دەبرد لە سەدەکانی دواییدا زۆر جار دەوڵەتان و ئەو هێزە باڵادەستانە کە هەموو ڕێگایەکیان بۆ سەرکوتی موخالیفانی خۆیان لە بەردەستدا بووە و لە گرتنەپێشی هیچ ڕێگایەکیش دریغیان نەکردوە، دەستیان داوەتە کردەوەی تێرۆریستی، ئەویش بە کەلکوەرگرتن لە ئیمکاناتی هەرە پێشکەوتووی ماڵی، زانستی، نیزامی و تێکنیکی و سیاسی و دیپلۆماسی.

لە زۆر ناوچەی جیهان، بە تایبەتی لە ناوچە بەلا لێدراوەکەی خۆمان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەم نین ئەو دەوڵەتانەی بە کەلکوەرگرتن لە ئیمکاناتی بێسنووری دەوڵەتی دەستیان داوەتە تێرۆری موخالیفانی نێوخۆیی یان دوژمنانی دەرەکی. بەڵام لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەر لە هەموو بوارەکانی زانستی و سەنعەتی و بازرگانی و ...دا لە پاشە، لە بواری

تێرۆری دەوڵەتییدا گرەوی لە هەمووان بردۆتەوە. بێجگە لەو هەزاران تێرۆرە کە لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی سنوورەکان بەدژی جیاباوەڕانی ئێرانی بەڕێوەی بردوون، کۆماری ئیسلامی دەیان کردەوەی تێرۆریستیی لەدژی دەوڵەتانی دیکە ئەنجام داون کە لە زۆریشیاندا بە جۆرێک لە جۆران جێپێی لە پاش بەجێ ماوە. ئەگەر تێرۆریزم وەک فەتایەکی سامناکی دنیای ئەم سەردەمە بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی هەر بە تەنیا هەموو قاڕەکانی دنیای گرتۆتەوە. کارە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ئوتریش و ئاڵمان و سویس و فەڕانسە، ئارژانتین و نیۆیۆرک، سوودان و کینیا، سعوودی و عێراق و وڵاتانی خەلیج و سەرەنجام ئەندۆنێزی و ئوسترالیا بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەم بۆچوونەن. ڕەنگە بەڵگەی دادگا پەسەند لەسەر تاوانبار بوونی کۆماری ئیسلامی لە هەمووی ئەو تێرۆرانەدا لە دەستدا نەبێ، بەڵام خەڵکی دنیا و بە تایبەتی کاربەدەستە دەوڵەتییەکان باش دەزانن کە ئەوەی باس کرا، بەشێکی کەمی کردەوە تێرۆریستییەکانی «ئێرانی ئیسلامییە».

کەچی لە زۆربەی نزیک بە تەواوی تاوانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییدا وردە تێبینییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان و قازانجپەرستی و سات و سەودای بازرگانیی دەوڵەتەکان نەک هەر بوونە لەمپەر لە بەرامبەر سزادران و ڕسواکرانی کۆماری ئیسلامییدا، بەڵکوو بوونە هاندەر بۆ هەنگاونان بەرەو پێشتر و باج وەرگرتنی زیاتر. هەر کام لە دەوڵەتانی سەوداگەر و کاسبکاری دۆستی کۆماری ئیسلامی بە گومانی ئەوەی کە گۆیا دەتوانن بە چاوپۆشی لە جینایەتەکانی ڕێژیم بەشێکی زیاتر لە سوودی بازرگانی لەگەڵ ئێران بۆخۆیان بەرن، چاویان لە بەشێکی زۆر لە قانوونشکێنی و ئینسانکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی پۆشی، بێخەبەر لەوەی کە ئەم مەترسییە ڕۆژێک بەرۆکی خۆیشیان دەگرێتەوە. دەکرێ بڵێین کەم و زۆر بەرامبەر بە دەوڵەتانی دیکەی پشتیوانی تێرۆریزمیش ئەو سیاسەتە ڕەچاو کراوە. لەوەش گەڕیین کە زۆر لە ئیمکاناتی «مۆدێرن»ـی تێرۆریزم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دراوەتە دەستی تێرۆریستە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان.

کارەساتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ـی زایینی، کە لەودا دوو فڕۆکەی گەورەی نەفەرهەڵگر خۆیان بە دوو بورجی ناوەندی بازرگانیی نیۆیۆرکدا دا، فڕۆکەیەکی دیکە خۆی بە ساختمانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە واشینگتۆندا دا و فڕۆکەی چوارەم پاش دەرکەوتنی نیازی کردەوەی تێرۆریستیی لە ئەیالەتی «پێنسیلوانیا» کەوتە خوار و لە سەریەک زیاتر لە ٣ هەزار کەسیان تەلەفاتی ئینسانی لە خۆیان بەجێ هێشت، زەنگێکی خەتەر بوو کە بە ڕواڵەت دەوڵەتەکانی لە خەو ڕاپەڕاند و پێویستیی هەنگاونانێکی هاوبەش و کاریگەر بۆ خاشەبڕ کردنی دیاردەی تێرۆریزمی وەبیر هێنانەوە. تێرۆری ١١ی سێپتامبر هەرچەند لە تاقە یەک وڵاتدا ڕووی دا، بەڵام بەڕاستی ویژدانی مرۆڤایەتیی هەژاند و بەرەیەکی بەرینی لە بیر و ڕای گشتیی جیهانی بەدژی تێرۆر و تێرۆریستان دروست کرد. هەر ئەمە وای کرد کە بۆ ماوەیەک لە نێو دەوڵەتە گەورەکانیشدا ڕیزە هەوڵ و تەقەلایەکی جێگای ئومێد بۆ هاوکارییەکی کاریگەر لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزمدا دەست پێ بکا.

کەچی بەداخەوە زۆری نەخایاند ئەو هەوڵانە بەرەو دواوە کشانەوە. هێشتا تازییەی قوربانییەکانی تێرۆری ١١ی سێپتامبر نەڕەویبوەوە کە ناتەبایی نێوان قازانجی ئەم و ئەو قوتب یان ئەم کۆمەڵە دەوڵەتە لەگەڵ کۆمەڵە دەوڵەتێکی دیکە مەترسیی دوژمنی هاوبەشی

لە بیر بردنەوە. بە ئاشکرا دیارە کە دەوڵەت و لایەنە تێرۆریستەکان توانیویانە لەو کەلێنە کە کەوتە نێو بەرەی دژی تێرۆر کەلک وەربگرن، چونکە نەبوونی هاوکاری و هەنگاو ڕێکخستن لە نێوان لایەنەکانی دژی تێرۆردا هەمیشە دەتوانێ دەرەتانی جۆرێک مانۆڕ بۆ تێرۆریستان پێک بێنێ، هەر بۆیەش بە تایبەتی لە یەک ساڵی دواییدا شاهیدی زۆر کردەوەی تێرۆریستی لە وڵاتانی جۆراوجۆر بووین کە تەقینەوەی ئیزگەی قەتاری مادرید پڕ تەلەفاتترین و دڕندانەترینیان بوو.

بە خۆشییەوە ئەو کەلێنەی لەسەر مەسەلەی شەڕی هاوپەیمانان دژی دەوڵەتی «سەددام حوسێن» لە عێراق کەوتبووە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە لایەک و ئوروووپا و هێندێ وڵاتی گرنگی جیهان لە لایەکی دیکە، خەریکە پڕ دەبێتەوە. هەم لە بەربەرەکانیی دژی تێرۆردا هەموو لا بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەگەر هەوڵەکانیان وەسەر یەک نەخەن و زیاتر پێکەوە هاوکاری نەکەن، ناتوانن ئەو بەڵا جیهانگیرە لە کۆڵ مرۆڤایەتی بکەنەوە و هەم لەسەر مەسەلەی عێراقی دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حوسێن هەڵوێستەکان لێک نزیکتر بوونەوە. وا دێتە بەرچاو کە لە لایەک وڵاتانی ئوروووپایی گەیشتوونە ئەو باوەڕە کە لە ململانە لەگەڵ دەسەڵاتی تاقە زلهێزی ئەمڕۆی جیهاندا شانسی سەرکەوتنیان یەکجار زۆر کەمە و شەڕەکە شەڕێکی دۆڕاوە، لە لایەکی دیکەش ئەمریکا بۆی دەرکەوتوە کە هەر چەندیش لە باری سیاسی و دیپلۆماسی و نیزامییەوە بەهێز بێ، ناتوانێ بە تەنیا چارەنووسی جیهان دیاری بکا و بە حیساب نەهێنانی وڵاتانی دێموکرات کە هەتا ئێستاش بەشی زۆریان لەگەڵی هاوپەیمانن، دەتوانێ زیانی گەورەی بۆ نفووزی نێونەتەوەیی ئەو وڵاتە بەدواوە بێ. لە حاڵەتی هاوکاری و هەنگاو ڕێکخستنی یاریزانە ئەسڵییەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانییدا هەم شانسی ڕیشەکێش بوونی تێرۆریزم وەک سامناکترین هەڕەشە بۆسەر ئەمنیەتی مرۆڤایەتی دەچێتە سەرێ، هەمیش دەرەتان بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیمای جیهاندا و بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ پێک دێ. بەڵام بە باوەڕی ئێمە دەسڕاگەیشتن بەو دوو ئامانجە پیرۆزە پێویستیی بە پێکهێنانی زەمینەی لەبار لە چەند بارەوە هەیە:

یەکەم، ئەوە کە تێرۆریزم پێناسە بکرێ و ڕوانگە و بۆچوونەکان لە بارەی تێرۆریزمەوە هەر نەبێ لە نێوان دەسەڵاتە گەورەکاندا بکرێنە یەک. بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین ئێستا ڕوانگەکان جۆراوجۆرن. زۆر ڕێ دەکەوێ تەنیا یەک ڕووداو چەند ناوی لەسەر دادەنرێن، یەکێک بە تێرۆری دادەنێ، یەکێک بە مافی بەرگری، یەکێک ناوی خۆکوژیی بۆ بەکار دەبا و یەکی دیکە شەهادەتخوازی. ئەم جۆرە بۆچوونانە بمانەوێ و نەمانەوێ فەزای تێگەیشتن لێڵ دەکەن و زەبر لە هەوڵی هاوبەش دەدەن.

دووهەم، ئەوەیە کە هێزە دەسەڵاتبەدەستەکان وێڕای بەربەرەکانیی دژی تێرۆر، بەربەرەکانیی دژی هۆیەکانی سەرهەڵدانی تێرۆریش بکەن. مەبەست ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر هۆیەکانی پەنابردن بۆ تێرۆریزم بکەن و هەوڵ بدەن لەو ڕێگایەوە ڕیشەی تێرۆر هەڵکەنن. بە باوەڕی ئێمە یەکێک لە خراپترین شێوەکانی تێرۆر، کردەوەی تێرۆریستی لە ڕێگای خۆکوژی (انتحار)هوەیە. ڕاستە ڕێبەرانی دەستە و تاقمە تێرۆریستییەکان لە ڕێگای شۆردنەوەی مێشک و بۆمبارانی تەبلیغاتییەوە وا لەو کەسانە دەکەن بە تەمای چوونە بەهەشت یان بە هەر هۆیەکی دیکە دەست بدەنە کردەوەی خۆکوژی. بەڵام داخوا پێویست نییە کەسان و ڕێکخراوە

بەرپرسەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە دەوڵەتان و دەوڵەتبەدەستان جیددیتر بیر لەوە بکەنەوە کە چ شتێکە لاوێکی تەمەن ١٨ تا ٣٠ ساڵە لە هەرەتی لاوەتی و لە تافی هیوا و هومێد و ئاوات و ئارەزووەکانیدا هان دەدا دەست لە ژیانی خۆی هەڵگریّ و لەگەڵ خۆیدا کۆتایی بە ژیانی چەندین کەسی دیکە بێنیّ؟

مەسەلەی سێیەم، ئەوەیە کە دەسەڵاتە گەورەکان لە خەبات دژی تێرۆریزم و دیاردە دزێوەکانی دیکەدا تەنیا لەسەر خۆیان حیساب نەکەن و جێگایەکیش بۆ بەشداریی گەلانی وڵاتانی ژێردەستی حکوومەتە دیکتاتۆر و زۆردار و تێرۆریستپەروەرەکان لە هاوکاری و هاوپەیمانەتییەکەدا دابنێن. بە تایبەتی ئێستا کە بازرگانانی دین تێرۆریان لەگەڵ دین لێک گریّ داوە و هەر چەشنە خەباتێک دژی تێرۆر وەک بەربەرەکانیی دژی ئایین و بە تایبەت دژی ئایینی ئیسلام دەخەنە بەرچاوی خەڵکی ساویلکە و ناشارەزا، پێویستە بە وردی و تێبینییەوە هەنگاو باوێژریّ. هەر هەنگاوێکی دژی تێرۆریزم ئەگەر بۆنی بەربەرەکانی لەگەڵ بیر و باوەڕی ئایینیی خەڵکی لیّ بیّ، دەتوانیّ ئاکامی پێچەوانەی هەبیّ و کارەساتی لیّ بکەوێتەوە. کەوایە هاوکاری لەگەڵ گەلان و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان و هەروەها ڕێبەرە ڕووناکبینە ئایینییەکانیان مەرجی هەرە بنەڕەتیی سەرکەوتن لە خەبات دژی تێرۆردایە.

**٣ـ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست:**

ناوچەکەمان (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) بە هەموو لێکدانەوەیەکی ئابووری و ستراتێژیی یەکێک لە گرنگترین ناوچەکانی جیهانە و زۆر لەمێژە بۆتە مەیدانێکی پڕ کارەساتی ململانەی نێوان هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان و تێکئاڵقانی قازانجە دژبە یەکەکان. ئەم ناوچەیە هەر لە خۆیدا بە هۆی جۆراوجۆریی دانیشتووانی لە باری زمان و نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و مەزهەبەوە مەڵبەندێکی پڕ ئاڵۆزی و پڕ گێرە و کێشەیە. دەستێوەردانی دەسەڵاتە گەورە جیهانییەکان و تێکگیرانی سیاسەت و ستراتێژی و قازانجە ئابوورییەکانیان و ئەو یارگیری و هاوپەیمانەتییانە کە هەر کام لەوانە لەگەڵ بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچە پێکیان هێناون وەزعی ئەم ناوچەیەیان ئاڵۆزتریش کردوە. هێرشی وڵاتانی ئیستعماری بۆ بەدەستەوە گرتنی سەرچاوە ژێرزەمینییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دابەشکران و دابەشکرانەوەی ناوچەکە بە پێی بۆچوون و قازانجی ئەو وڵاتانە و بە پێچەوانەی ویستی گەلانی ئەم ناوچەیە وەزعێکی ناسەقامگیر و ناکۆکییەکی درێژخایەنی لە نێوان گەلانی ناوچەکەدا دروست کردوە.

ناوچەی ڕۆژهەڵات موزاییکێکە لە گەلانی جۆراوجۆر بە ئایین و مەزهەب و سیستمی حکوومەتیی جۆراوجۆرەوە. نە لێک دابڕان و دابەشبوونی گەلان لەو ناوچەیەدا بە پێی ویستی دانیشتووانی بووە (وەک گەلی عەرەب کە زیاتر لە بیست دەوڵەتی لیّ پێک هاتوە) و نە لە پێکەوەلکاندنی چەند نەتەوە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا (وەک ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە) قازانجی نەتەوەکان لە بەرچاو گیراوە. لەو نێوەدا گەلی کورد لە دوو لاوە زوڵمی لیّ کراوە: نە ڕێگای پیّ دراوە بەسەر یەکەوە وڵاتی تایبەت بە خۆی هەبیّ و نە تەنانەت هێشتوویانە وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت لەژێر نیری تەنیا یەک دەسەڵاتدا ژیانی ژێردەستەیی بگوزەرێنیّ.

ئەم ڕاستییانە ڕیزە ناتەبایی و ململانەیەکیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروست کردوە

و هێندێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەیان لێ کەوتۆتەوە کە لە هەمووانیان گرنگتر دوو بزووتنەوەی فەلەستین و کوردستانن. بە داخەوە لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا ئەوەی بە ڕەسمی دەناسرێ و زۆرتر قسەی لەسەر دەکرێ و کەم و زۆر بیر لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری دەکرێتەوە تەنیا مەسەلەی فەلەستین، یان ناکۆکیی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلە. لە کاتێکدا بە هەر پێوانەیەک لێی بڕوانین: ڕەوایی داخوازەکان، زۆریی حەشیمەت، پانی و بەرینیی سەرزەوییەکە، یان ئەو زوڵم و زۆرەی دەرهەقی کراوە، کورد و مەسەلەکەی، لە فەلەستینییان و مەسەلەکەیان گرنگترن و زیاتر شیاوی ئاوڕ لێدانەوەن. هەڵبەت بۆ ئێمە و بۆ هەمووان ڕوونە کە ئەوەی مەسەلەی فەلەستین زیاتر زەق دەکاتەوە و ئەوەی مەسەلەی کورد لە بیر دەباتەوە، هەر دووکیان لە یەک سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە کە بریتییە لە تێکئاڵقانی قازانجی هێزە نێونەتەوەییەکان و ئەو ڕاستییە کە فەلەستینییەکان هەر نەبێ لە تێئۆرییدا چەند دەوڵەتی عەرەبی هەن پشتیوانییان لێ بکەن و کورد بە هۆی نەبوونی پشت و پەنایەکی ناوچەیی -لەگەڵ هەموو گرنگی و بایەخێکی خۆی و سەرزەوییەکەی- خراوەتە پەراوێزەوە. لە یەک ڕستەشدا پێویستە بگوترێ ئێمە بە تەواوی پێشوازی لەو بایەخ و گرنگییە دەکەین کە بە مەسەلەی فەلەستین دەدرێ و گلەییمان تەنیا لە پشتگوێ خستنی مەسەلەی کوردە.

جێگای داخ ئەوەیە کە مەسەلەی فەلەستینیش ئەگەرچی وەک گوتمان بایەخی خۆی پێ دراوە، دیسان هەر بۆتە قوربانیی قازانجی زلهێزەکان و جار و بار ململانەی نێوان «پشتیوان»ـە عەرەبەکانی گەلی فەلەستین. لەوەتا دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە سێ شەڕی گەورە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلدا هەڵگیرساون کە لە هەمووانیشدا کەم و زۆر زلهێزەکان و قازانجەکانیان لە پشتی یەکێک لە دوو لایەنی شەڕ ڕاوەستاون. کەچی ئەو شەڕانە نەیانتوانیوە دروشمی ناواقیعی و نادروستی دەوڵەتانی عەرەبی، بریتی لە ڕووخاندن و لە نێو بردنی دەوڵەتی ئیسرائیل وەدی بێنن، نە خێرێکیان بۆ خەڵکی فەلەستین و گەیشتن بە ئاواتی دامەزرانی وڵاتی سەربەخۆی فەلەستین تێدا بووە. بە پێچەوانە هەر جارە بەشێکی زۆرتر لە خاکی وڵاتانی عەرەبی لە لایەن ئیسرائیلەوە داگیر کراوە و ئەمە خۆبەزلزانی و سەرسەختیی ئیسرائیلییەکانی زیاتر کردوە.

ئاماژە بەو ڕاستییەش بەجێیە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەو بارەیەوە دەستەوەستان بووە و کارێکی لەدەست نەهاتوە. تا ئێستا چەند بڕیاری گرنگ لە بارەی کێشەی عەرەب و ئیسرائیلەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوون کە لە هەموویان گرنگتر بڕیاری ٢٤٢ و ٣٣٨ـن. (یەکەمیان دوای شەڕی ژووەنی ١٩٦٧ دەرچووە و دووهەمیان پاش شەڕی ئۆکتۆبری ١٩٧٣). هەمووی ئەم بڕیارانە تەنیا وەک مەرەکەب لەسەر کاغەز ماونەوە. لە ئاکامدا فەلەستینیش وەک کانوونێکی قەیران و هۆیەکی نائەمنی و ناسەقامگیری لە جێی خۆی ماوەتەوە.

ئەوە چەند ساڵە ڕێگاچارەیەک بە ناوی «نەخشەی ڕێگا» لە لایەن ئەمریکا، یەکیەتیی ئورووپا و ڕووسیە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ چارەسەری مەسەلەی فەلەستین پێشنیار و پەسەند کراوە کە بە ڕواڵەت هەر دوو لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلییش پێی ڕازی بوون. بەڵام بەداخەوە هێندێ کۆسپی جیددی و تەگەرە خستنەر سەر ڕێگای جێبەجێ

بوونی نەخشەی ڕێگا، بەرەو پێشچوونی ئەو ئاخرین هەوڵەشیان پەک خستوە.

بە باوەڕی ئێمە ئەم کوێرەڕێیە کە ئیسرائیلییەکان و فەلەستینییەکان گرتوویانەتە بەر، هیچ کامێکیان ناگەیەنێتە مەبەست. تەنیا ڕێگای دروست گەڕانەوە بۆ سەر شارێگای مەنتیق و دان بەخۆدا گرتن و پەنابردن بۆ بڕیارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامانەیە کە هەر دوو لا بە چاودێریی گەورەترین دەسەڵاتی ئەمڕۆی دنیا پێکەوە مۆریان کردوون. بێگومان دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک سەرپەرستی سەرەکیی وتووێژی ئاشتیی نێوان ئەم دوو لایەنەش دەتوانێ نەخشی کاریگەر و کارسازی هەبێ، بەو مەرجە بێلایەنانە بجووڵێتەوە. ئێمە وای بۆ دەچین کە چارەسەری یەکجاریی مەسەلەی فەلەستین هەم کۆتایی بە ئاڵۆزییەکی چەند دە ساڵی لەو ناوچە گرنگەی جیهاندا دێنێ، هەم خزمەتێکی زۆر بە سەقامگیر بوونی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی دەکا، هەم پرستیژی دەوڵەتی ئەمریکا یەکجار دەباتە سەر و هەم لەوانەش گرنگتر زەمینەی لەبار بۆ چارەسەری زۆر مەسەلەی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شوێنەکانی دیکەی جیهان دەڕەخسێنێ. دیارە یەکێک لە گرنگترینی ئەو مەسەلانە مەسەلەی کوردە کە ئێمە لە جێگایەکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتەدا دێینەوە سەری.

**ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە:**

لە دوای کارەساتی خوێناویی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ تا ئێستا دوو شەڕی گەورەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەدژی دەوڵەتانی دەوروبەرمان هەڵگیرساون و لە ئاکامی ئەم دوو شەڕەدا حکوومەتی کۆنەپەرستی تالیبان لە ئەفغانستان و دیکتاتۆریی دەیان ساڵەی حیزبی بەعس لە عێراق ڕووخاون. ڕەنگە نەخشەی هێرش بۆسەر ئەو دوو وڵاتە زۆر لەوە پێشتریش بووبێ، بەڵام ڕووداوی ١١ی سێپتامبر کە دەستی ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان بە سەرۆکایەتیی «القاعده»ی تێدا دەرکەوت، پەلامار بۆسەر ئەفغانستانی وەپێش خست. ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەددام حوسێنیش ڕیشەیان لە ڕابردوویەکی درێژتردا بوو، بەو فەرقەوە کە لێرەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە کاناڵی گەڕان بە دوای چەکی کۆمەڵکوژدا ببووە لایەنێکی کێشەکە.

ئەوە کە ئامانجی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە هێرش بۆسەر ئەم دوو وڵاتە هەر وەک ڕاگەیەندراوە تەنیا بەربەرەکانیی دژی تێرۆر و لە نێو بردنی چەکی کۆمەڵکوژ بووە یان هێندێ ئامانجی ستراتێژی و ئابووریی لەوە بەو لاوەتر لە پشتی ئەو هێرشانەوە بوون، جێگای باسی ئێمە نییە. بەڵام ئەوە کە ئەو ئامانجە ڕاگەیەندراوانە چەندە وەدی هاتوون و چەندە لە وەدیهاتنیان نیزیک بووینەوە بۆ ئەوە دەبێ کە ئاورێکی لێ بدرێتەوە. نە لە ڕوانگەی گەلان و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ناوچەوە و نە ڕەنگە لە ڕوانگەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشیەوە ئەفغانستان و عێراق وەک یەک سەیر ناکرێن. ڕاستە ڕووخانی حکوومەتێکی کۆنەپەرست و حکوومەتێکی دیکتاتۆر مایەی خۆشحاڵی و جێگای ڕەزامەندیی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و دێموکراتن. بەڵام ئاکامەکانی ئەو دوو ڕووداوە و دژکردەوەی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر بە هەر دوو ڕووداو، بگرە بۆچوونی ئەمریکاییەکان خۆشیان بەرامبەر بە وەزعی ئەم دوو وڵاتە جیاوازیی زۆرە. هەر نموونەیەکی چووکەڵە بێنینەوە: لە

ئەفغانستان بەشێکی کەم لە ئەیالەتەکان کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تازە و ئەیالەتەکانی دیکە وەک دەورانی حکوومەتی تالیبان و بەشێوەی حکوومەتی عەشیرەتی و خان خانی ئیدارە دەکرێن و ئەمریکاش هێز و سەرمایەیەکی زۆری بۆ هێنانە ژێرچۆکیان تەرخان نەکردوە. لەو لاشەوە هێزە ناوچەییەکان و دەوڵەتانی دەوروبەر ئەگەرچی بە تەواوی بەرامبەر بە وەزعی ئەفغانستان بێلایەن نین، بەڵام سەرمایە و ئێنێرژییەکی ئەوتۆیان بۆ خراپکاری و ئاژاوەگێڕی لەم وڵاتەدا تەرخان نەکردوە. ڕەنگە بکرێ بڵێین تەنیا دەوڵەت کە بەدژی دەسەڵاتی تازە (بە پێچەوانەی سیاسەتی ڕاگەیەندراوی خۆی) دەست لە کاروباری ئەو وڵاتە وەر دەدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

بەڵام لە عێراق جۆرێکی دیکەیە: ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن دەسەڵات لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا سەقامگیر بێ، لە سەریەک نیزیک بە ١٥٠ هەزار سەربازیان لەم وڵاتە هەیە و قسە لەوە دەکرێ کە دیسان هێزی زیاتریشی بۆ بێنن. سەرکۆماری ئەمریکا هەر ماوە بە ماوە بوودجەیەکی تازەی دەیان میلیارد دۆلاری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سپاکەی و ئاوەدانیی عێراق لە کۆنگرە داوا دەکا. پاشماوەکانی دەوڵەتی بەعسی و ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیستە توندڕەوە عەرەبییەکان و لە هەمووان گرنگتر دەوڵەتانی دراوسێیش هەر کام بە پێی ئیمکاناتی خۆیان لە عێراقدا چالاکن و دەیانەوێ چەندی لە دەستیان بێ کۆسپ بخەنە سەر ڕێگای جێگیربوونی وەزعی تازە لە عێراق و دەست ئاواڵەبوونی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. دیارە لێرەشدا نەخشی یەکەم بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێژیمی ئێران هەم لە ڕێگای بەکرێگیراوانی خۆی لە نێوخۆی عێراقدا، هەم لە ڕێگای ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکانی وڵاتانی دیکەوە و هەم بە ناردنی تێرۆریست و خراپکار لە ئێرانەوە هەوڵی ناسەقامگیر کردنی وەزعی تازەی عێراق دەدا و لەو پێناوەدا لەگەڵ «القاعدە» و پاشماوەکانی حکوومەتی پێشووی عێراق و هەر دەستە و تاقمێکی دیکە کە وەزعی تازەی عێراق بە زیانی خۆیان بزانن دەبێتە هاوپەیمان و هاوکاریی دەکا.

هەوڵی هەموو دەوڵەتانی دەوروبەر بۆ ناسەقامگیر کردنی عێراق لە پێناوی ئەوەدایە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ناچار بکەن هێزەکانیان بەرنە دەرێ تا ئەزموونی عێراق سەر نەگرێ و ئەو وڵاتە نەبێتە نموونەیەک بۆ دامەزرانی سیستمێکی نوێی حکوومەتی لەم ناوچە دیکتاتۆر لێدراوەی جیهاندا. ئەو دەوڵەتانە تێ دەکۆشن هەر نەبێ ئەوەندە گیر و گرفت بۆ ئەمریکا دروست بکەن کە لەگەڵیان بکەوێتە سات و سەودا و باسێک لە گۆڕین لەو وڵاتانەدا نەهێنێتە ئاراوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دوژمنانی ئازادی و دێموکراسی توانیویشیانە بە هاودەستیی یەکتر سەقامگیر بوونی وەزعی عێراق وەدوا بخەن و زیانێکی یەکجار زۆری ماڵی و تەلەفاتێکی قورسی گیانی بە عێراقییەکان و دەسەڵاتی هاوپەیمانان لەم وڵاتەدا بگەیەنن. دیارە سەرکەوتنی ناحەزانی ئازادی لە پیلانەکانیاندا بەشێکی زۆری بەرهەمی ناشارەزایی و لەخۆ بایی بوونی ئەمریکاییەکان و بێمتمانەیی هاوپەیمانان بە عێراقییەکان بوو. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتێکی زیاتر لە ئیدارەی کاروباری وڵاتدا درابایە دەستی عێراقییەکان و بە تایبەتی پاراستنی نەزم و هێمنی بە خۆیان سپێرابا، عێراق دەیتوانی لە ماوەیەکی کورتتردا و بە زیان و تەلەفاتێکی کەمتر بگاتە ئامانجی سەقامگیر بوون.

چەند مانگێکە دەبینین ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سیاسەتێکی تازەیان لە بەڕێوەبردنی عێراقدا گرتۆتە پێش و هەتا هاتوە خەڵکی ئەم وڵاتەیان زیاتر بەشداری مەسئوولییەتەکان کردوە. ڕاستە لەو ماوەیەدا نەک هەر نائارامی کەمتر نەبۆتەوە، بگرە ئاڵۆزی و ئاژاوە و تەلەفاتی ئینسانی زیادیشی کردوە. بەڵام گومانمان لەوەدا نییە کە هەرچی زیاتر کاری عێراقییەکان بدرێتە دەست خۆیان و زیاتر خۆیان بە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداری وڵاتەکەیان بزانن پتر ڕاستگۆیی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ خەڵکی عێراق دەردەکەوێ، عێراقییەکان زۆرتر هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن و باشتر دەتوانن پێشی ئاژاوەگێران و موخالیفانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی بگرن. شتێک کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە نە ئەمریکا دەتوانێ بەبێ سەقامگیر بوونی وەزعەکە و دامەزرانی حکوومەتێکی دێموکراتی، ئەم وڵاتە بە تەواوی بەجێ بێڵێ و نەڕۆیشتنە دەری هێزی هاوپەیمانان لە عێراقیش بە قازانجی هێزە گەلی و دێموکراتەکان و بە قازانجی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤە. لە هەلومەرجێکی وەک ئێستادا هەر کەس داوای ڕۆیشتنەوەی هێزی هاوپەیمانان بکا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زیان بە ڕەوتی گۆڕانی بەرەو باشتر لە عێراقدا دەگەیەنێ. چونکە شاراوە نییە کە هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکان ئێستا لە وەزعێکدا نین بتوانن بە سەر وەزعەکەدا زاڵ بن و نەبوونی هێزەکانی بێگانە لەم وڵاتە دەرفەت بۆ گەڕانەوەی حکوومەتی پێشوو یان جێگیر بوونی ڕێژیمێکی توندڕەویی ئایینی لە چەشنی ئەوەی ئێران یان تەنانەت خراپتر لەوەش کە لە ئێران دیومانە دەڕەخسێنێ. ئەمە بێجگە لە مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیە کە ئاکامەکانی بە کەس پێشبینی ناکرێن.

هۆی نیگەرانیی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و تەنانەت دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوروبەریش دەتوانین لەو نەخشەیەدا بخوێنینەوە کە ئەمریکا ناوی ناوە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە. ئەگەرچی مێکانیزم و چەند و چۆنی بەرنامەی ئەمریکا بۆ دروستکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە کە جگە لە وڵاتانی ئێستای ناوچە، پاکستان و ئەفغانستانیش دەگرێتەوە، جارێ ڕوون نییە. بەڵام ئەوەندەی ئاشکرایە نیشان دەدا کە ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەو تێزەدا دەیەوێ هەوڵ بدا نەزمێکی نوێی سیاسی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەی جیهاندا دابمەزرێ، دیکتاتۆرەکان بڕۆن و ڕیزە دەوڵەتێکی دێموکرات دامەزرێن کە لە نێوخۆدا مافی مرۆڤ و ئازادییە دێموکراتییەکان لە بەرچاو بگرن و بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیشیان یارمەتیدەر بن بۆ سەقامگیر بوونی ئاشتی و تەبایی و گرتنەپێشی خەباتێکی بەردریژ و بێ ئەمان بۆ خاشەبڕکردنی تێرۆریزم. ئاشکرایە کە بەشی زۆری ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا جێگیربوونی سیستمێکی لەو بابەتە بە زیانی خۆیان و بە تەواوبوونی دەسەڵاتی خۆیان دەزانن و هەر نەبێ بەشێکیشیان بە جۆرێک لە جۆران بۆ سەرکوتی موخالیفانیان لە نێوخۆی وڵات و بەربەرەکانیی ناحەزانیان لە دەرەوەی وڵات پەنا بۆ تێرۆریزم و تێرۆریستان دەبەن. کەوایە، سروشتییە کە نەک هەر هەموو دەوڵەتەکان دەنگی نارەزایەتییان لێ بەرز بۆتەوە، بەڵکوو زۆریان بە کردەوەش لە هەوڵی پێشگرتن بە چوونە پێشی ئەو بەرنامەیەدان.

بەڵام بۆچوونی ئێمە لەو بارەیەوە چ بێ باشە؟ لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ڕاشکاوی گوتراوە کە ئەم حیزبە «لایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نێونەتەوەییەکان

لە ڕێگای وتوویژەوە بەبێ بە کار هێنانی زۆرە، مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پێویست بزانێ» ئێمە هەم بۆ بەربەرەکانییی دژی تێرۆر و هەم لە هەوڵی سەقامگیر کردنی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤدا خۆمان لەو جەبهەیەدا دەبینین و پێشوازی لە هەر هەوڵێک دەکەین کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانە بدرێ و هەر دەستێکی یارمەتی لەو پێناوەدا بۆ لامان درێژ بکرێ، بە گەرمی دەگوشین. ئەوەی چەندین دەساڵە ئێمە و گەلەکەمان لە دەستی دەناڵێنین دیکتاتۆری و سەرەڕۆییە و ئەوەی هەزاران قوربانییمان لە پێناودا داوە گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی و مافی بەرابەر لەگەڵ باقیی هاونیشتمانانە. لە بارەی تێرۆریزمەوەش ئەگەر بڵێین ئێمە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی قوربانییانی تێرۆرداین، هەموو شارەزایەکی بەویژدان لێمان قبووڵ دەکا. چونکە بەنرخترین قوربانییمان لە ڕێگای تێرۆرەوە لێ گیراوە.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەموو گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەش و هێزە دێموکرات و وڵاتپارێزەکانیشیان هەر لە بەرەی دژی تێرۆر و بەرەی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسییدا خۆیان دەبیننەوە. ئەوانیش هەر چەندی دژی دەستدرێژیی دەوڵەتانی بێگانە بۆ وڵاتەکانیان و داگیرکرانی نیشتمانەکەیانن، لە هەوڵی دێموکراتیزەبوونی وڵاتی خۆیان و خەباتی دژی تێرۆریستی پێشوازی دەکەن. زۆر جار دەگوترێ ئەمریکا لە هێنانەگۆڕی نەزمی نوێ و گۆڕینی نەخشەی سیاسی قازانجی ئابووری و ستراتێژیی خۆی لە بەرچاوە. ئێمە لەو بارەیەوە دەڵێین ئەگەر وا نەبێ، شتێکی سەیرە. سروشتییە کە هەر دەوڵەتێک، هەر نەتەوەیەک، هەر حیزبێک و تەنانەت هەر تاقە کەسێک پێش هەمووان و لە هەموو بەرنامەیەکدا قازانجی خۆی لە بەرچاو بێ؟ گرنگ ئەوەیە ئێمە بزانین لەو بەرنامەیەدا کە زلهێزێکی وەک ئەمریکا بۆ ناوچەکەی ئێمەی داڕشتوە، چەندە قازانجی گەل و وڵاتەکەمان بەدی دەکەین. لە ڕابردوودا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر جار لە خزمەتی پاراستنی حکوومەتە زۆردار و کۆنەپەرستەکاندا بووە و هەر بۆیەش ئێمە و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی دیکە لە ئێران و ناوچەدا بەربەرەکانییمان لەگەڵ کردوە. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ وەرسووڕان لە سیاسەتی ئەو دەسەڵاتە مەزنەدا بەرەو دیفاع لە ئازادی و دێموکراسییە بۆچی دەبێ گەلان و هێزە دێموکراتەکان هاوپەیمانێکی وا لەدەست خۆیان بدەن و ببنە پشت و پشتیوان و هاوپەیمانی حکوومەتە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکان.

ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە ئێمە وا تێدەگەین کە لە جێدا ئەمریکا سیناریۆیەکی وەک ئەفغانستان و عێراقی بۆ ئێران بەدەستەوە نییە. هەر ئەزموونی خۆمان لە ئێرانیش پێمان دەڵێ کە گۆڕینی ڕێژیمێک بەبێ پەلاماری دەوڵەتێکی بێگانەش دەتوانێ بێتە دی. لە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٥٦-٥٧دا هیچ هێزێکی دەرەکی پەلاماری ئێرانی نەدا. کەچی هەر ئەوەندە پشتیوانە خارجییەکانی ڕێژیمی شا دەستیان لێی بەردا و پشتیان چۆڵ کرد، ئەو ڕێژیمە کە پێگەیەکی پتەوی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا نەبوو، یان نەمابوو ناچار بوو پاشەکشە بکا و دەسەڵات بەجێ بێڵێ. کۆماری ئیسلامییش بە پێچەوانەی هەموو دروشمە قەبە و بێنێوەرۆکەکانی بەڕاستی بە پشتیوانیی ماڵی و نیزامی و تێکنیکیی دەوڵەتانی پێشکەوتووی سەنعەتی بە تایبەتی ڕووسیە و وڵاتانی ئورووپایی لە سەرپێ ڕاوەستاوە. پشت تێکردنی ئەو دەوڵەتانە و وازهێنان لە ڕقەبەریی وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی بە قازانجی دیکتاتۆریی مەزهەبی

لە ئێراندا دەتوانێ زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێ ڕێژیمی ئیسلامی بە چۆکدا بێنێ. کەوایە دەکرێ بڵێین یارمەتی نەکردن بە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە کاریگەرترین ڕێگاکانی یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێرانە. بێجگە لەوانەش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی زۆر ڕێگای دیکەی بۆ فشارهێنان بۆسەر کۆماری ئیسلامی و بۆ یارمەتی دان بە خەباتی دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی لەدەست دان کە هیواداریـن نە ئەوان لە پێشکێش کردنی ئەو یارمەتییانە درێغ بکەن و نە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە حاشا کردن لە هاوکاری لەم بوارەدا کۆمەگ بە درێژبوونەوەی زیاتری تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامی بکا.

**٤ـ وەزعی ئێران:**

سیاسەتی گشتیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارەی گوێنەدان بەداخوازەکانی خەڵک و سەرکوتی ئازادیخوازان و لە بەرامبەیشدا هەڵوێستی گشتیی چین و توێژە نیشتمانپەروەر و دێموکراتەکانی وڵات لە پێداگرتن لەسەر بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی ١٢ و ١٣ی حیزبدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە. هەر چەندی هەوڵ و تەقەلای کاربەدەستان بۆ بێدەنگ کردنی خەڵک و یەکڕەنگ کردنی دەسەڵات زیاتر بووە، ئازادبیرانی وڵاتەکەمان و بە تایبەتی ڕووناکبیران و لاوان لەسەر داوا ڕەواکانیان سوورتر و لە خەبات بۆ وەدەستهێنانیاندا شێلگیرتر بوون. بەو حاڵەش ڕەوتی ڕووداوەکان هێندێ سروشتی تایبەتی پێوە دیار بوون کە دەکرێ بڵێین لەسەر یەک لە خزمەتی لاوازترکردنی پێگەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و ڕوونتربوونی ئاسۆی سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵکدا بوون. ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەو پێوەندییەدا بەدی کراون هێندێکیان تەنیا سروشتی نێوخۆیی، واتە شێوەی بەرەنگاربوونەوەی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری دەگرنەوە. بەڵام بەشەکەی دیکەیان لە بیروبۆچوونی دنیای دەرەوە بەرامبەر بە ئێران و پێوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و هێزە نێونەتەوەییەکاندا بەرچاو دەکەون. ئێستا با وەک نموونە هەندێک لەو ئاڵوگۆڕانە دەستنیشان بکەین:

- ترس ڕەوینەوە: سامشکانی ناڕازییان و ڕاشکاو بوون لە هێنانەگۆڕی داخوازەکاندا یەکێک لە بەرچاوترین دیمەنەکانی سێ ساڵی ڕابردووی بەربەرکانیی خەڵک لەگەڵ دەزگای بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامییە. لەگەڵ ئەوەی سیاسەت و ڕەفتاری گشتیی ڕێژیم گۆڕانێکی تێدا وەدی نەهاتوە و هەر کات و لە هەر جێگایەک بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی پێویست بووبێ، ئۆرگانە جۆراوجۆرە سەرکوتکەرەکان هاتوونە مەیدان و بێبەزەییانە هەر چەشنە جموجۆڵێکی ئازادیخوازانەیان بە ئاگر و ئاسن وڵام داوەتەوە، جیابیرانی ئێران نەک هەر چاوترسێن نەبوون، بەڵکوو شێلگیرانەتریش پێیان لەسەر داخوازەکانیان داگرتوە. لە هەمووی گرنگتر و سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە ئەگەر تا چەند ساڵ لەمەو بەر خەڵک داخوازەکانیان لە چوارچێوەی قانوونەکانی ڕێژیمدا دێنایە گۆڕێ و داوای کۆمەگیان لە «ڕێبەری نیزام» دەکرد و جاروبار چاوەڕوانی «مهر و رأفت اسلامی» بوون، لەو ماوەیەدا شێوەی هێنانەگۆڕی داخوازەکانیان گۆڕیوە. قامکیان خستۆتە سەر هۆی بنەڕەتیی بەدبەختی و چارەڕەشیی ئێرانییەکان و بە جۆرێکی دیکە بڵێین ماکەی هەموو بێعەداڵەتییەکانیان دەستنیشان کردوە.

ئەگەر ئاوڕێک لەو دروشمانە بدەینەوە کە لە خۆپیشاندانەکاندا بە دەنگی بەرز دووپات دەکرانەوە یان لەسەر پلاکارد دەنووسران، تێدەگەین کە ئیدی خەڵک ئەو قۆناغەیان بەجێ هێشتوە. ئەوان تێگەیشتوون کە کۆسپی سەر ڕێگای ئازادی و دیموکراسی لە ئێراندا نەک کردەوە و شێوە ڕەفتاری ئەم، یان ئەو کاربەدەستی دەوڵەتی یان لە ژێرپێ نانی فلان ئەسڵی قانوونی بنەڕەتی یان فیسار بەندی قانوونەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو نێوەرۆکی تەواوەتی نیزامەکەیە کە سەری سازانی لەگەڵ ئازادی و دادپەروەری و مافی مرۆڤدا نییە. هەر بۆیە لە دروشمەکانیاندا سەرووترین دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و تەنانەت جەوهەر و نێوەرۆک و فەلسەفەی نیزامەکە دێننە ژێر پرسیار. هێندێ دروشمی وەک داوای گۆڕانی ڕێژیم، ڕەتکردنەوەی «ولایت فقیه»، گۆڕینی قانوونی ئەساسی، هێرش بۆسەر ڕێبەری نیزام و دەسەڵاتە بێسنوورەکەی، ئەویش بە ڕاشکاوانەترین و توندترین شێوەی دەربڕین، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەم ڕاستییەن.

هێنانە گۆڕی دروشمی ڕێفراندۆم لە زۆر خۆپیشاندانی خوێندکاری و کرێکاری و گشتییدا ئەگەرچی هەموو جارێک وەک یەک بە ڕاشکاوی مەبەستەکەی تێدا ڕوون نەکراوەتەوە، ڕاست بۆ ڕەتکردنەوەی نیزامی دینسالاری و داوای حکوومەتێکی گەلی و دێموکرات بووە کە لەودا خەڵک لەسەر کار و باری دنیایی و حکوومەتی بۆخۆیان بڕیار بدەن و کاری ئایین و مەزهەب ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان خوا و بەندەکانی بێ. ڕەنگە ئێمە لە بارەی ڕێفراندۆمەوە جۆرێکی دیکە بیر بکەینەوە، چونکە باش دەزانین ڕێفراندۆمێک کە لەژێر سێبەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامییدا بەڕێوە بچێ، تەنانەت ئەگەر هێندێ چاودێریی نێونەتەوەییشی بۆ بانگ بکرێن، ناتوانێ ئازاد و خاوێن بێ و بە هەزار و یەک ئامرازی ڕیا و تەزویر و وادە و بەڵێن و هەڕەشە و گوڕەشە شوێنەواری لەسەر دادەنرێ و ناتوانێ ئامانجەکانی بپێکێ. بە باوەڕی ئێمە ڕێفراندۆم تەنیا دوای ڕووخانی ڕێژیم و لە فەزایەکی ئازاددا و لە حاڵەتێکدا هیچ دەستە و تاقمێک نەتوانێ دەست بخاتە نێو ئاکامەکانیەوە دەتوانێ بەسوود بێ. بەو حاڵەش پێمان وایە باسی ڕێفراندۆم پەیامێکی ڕاشکاوانەی خەڵک بە ڕێژیمە کە ئەوان لەو نیزامە لە تەواوەتی خۆیدا بێزارن و داوای لەسەر کار لاچوونی دەکەن.

**ـ ئاشکراوێژی:**

لە ٣ ساڵی ڕابردوودا زۆر جار شاهیدی بڵاوبوونەوەی هێندێ وتار و نامەی سەرئاوەڵا بووین کە لەواندا ڕووی قسە کراوەتە کاربەدەستانی هەرە پایە بەرزی کۆماری ئیسلامی و ئازایانە تەواوی کەموکووڕی و لارێ بوون و ناتەواوییەکانیان بە چاودا دراوەتەوە. لەوە بەولاتریش ڕۆیشتوون، خەتە سوورەکانیان بەجێ هێشتوە و زۆر ئازایانە بیر و بۆچوون و تیئۆرییەکانی بناغەدانەری ڕێژیمی ئیسلامییان خستۆتە ژێر پرسیار، جیاوازیی قسە و کردەوەیان تێدا دەسنیشان کردوون و هێندێ جاریش لە هێنانەوەی قسەکانی خومەینی بۆ مەحکووم کردنی کاربەدەستانی ڕێژیم و نیشان دانی سەرپێچی و لادانیان لە «ڕێنوێنییەکانی ئیمامی کۆچکردوو» کەلکیان وەرگرتوە. ئەو نامە و وتارانەی لەو پێوەندییەدا بڵاو بوونەوە یەکجار زۆرن کە دەتوانین هەر وەک نموونە ئاماژە بە هێندێک لە گرنگترین و ڕاشکاوانەترینەکانیان بکەین: مانیفێستی «اکبر گنجی»، لە زیندانەوە، نامەی «عبدالله نوری»

وەزیری نێوخۆی پێشووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نامەی «ئایەتوڵڵا تاهیری»، زەجر نامەکەی «ئایەتوڵڵا مونتەزیری» کە بۆ ماوەی چەند ساڵ بە ئومێدی ئیمام و «ولی فقیه» و جێنشینی خومەینی دادەنرا، نامەی یەکجار جوان و ڕاشکاوانە و بەبەڵگەی دوکتور «قاسم شعلەسعدی» ڕوو بە خامنەیی لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٨١دا، نامەی ١٥٤ نوێنەری مەجلیس بۆ خەڵکی ئێران لە ١٨ی بانەمەڕی ١٣٨٢دا کە لەویشدا ئەگەرچی ڕووی قسە لە خەڵکی ئێران بوو، بەڵام نارەزایەتیدەربڕینەکە ڕووی لە تەواوەتی نیزام بوو، بەیاننامەی هێزە فەرهەنگی-سیاسییەکان لە ٣٠ـی بانەمەڕی ١٣٨٢دا، بەیاننامەی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی ٢٤ زانستگەی وڵات، نامەی سەرئاوەڵای ١٢٧ نوێنەری مەجلیس بۆ ئایەتوڵڵا خامنەیی، نامەی سەرئاوەڵای کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ سەرکۆمار و زۆری دیکە کە یەکیشیان نامەی سەرئاوەڵای شەرمێونانەی خاتەمیی بە ناو سەرکۆمار لە بانەمەڕی ئەمساڵدا بوو.

**- گومان ڕەوینەوە:**

زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین یەکێک لە گرنگترین دەسکەوتەکانی خەباتی فکری و سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک و هێزە سیاسییەکانیان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕەوینەوەی ئەو گومانە بووە کە لە بەشێکی زۆری خەڵکدا بەرامبەر بە «سید محمد خاتمی»، قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز و لە جێدا ئیمکانی ڕیفۆرم و گۆڕان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا پێک هاتبوو. دەزانین کە بۆ ماوەی نیزیک بە شەش ساڵ هێندێ توێژی کۆمەڵی ئێران ئەو گومانەیان لە لا دروست ببوو کە دەکرێ لە نێوخۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا و بە دەستی هێندێ مۆرە لە نێوخۆی کاربەدەستانی ڕێژیمدا ڕیزە ڕیفۆرمێک بە قازانجی جێگربوونی ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا پێک بێ. ئەو گومانپەروەرییە ئەوەندە پەرەی پێ درا کە هێندێ لە ڕێکخراوەکانی بە ڕواڵەت موخالیفی ڕێژیمیش باوەڕیان پێ کرد و تەنانەت کەوتنە پێشبڕکێ لەوەدا کە کامیان زیاتری پێ هەڵ بڵێ و جێ پێیەکی باشتر بۆخۆی لەو نیزامە خەیاڵییەدا کە بە تەمای بوون دروست بێ، بۆخۆی پەیدا بکا، کار بەوەندەشەوە نەوێستا، چونکە زۆر لە دەوڵەتانی قازانجپەرست و کاسبکاری دەرەوەش بۆ پاساودانی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێرانی ئیسلامی و چاوپۆشی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە باوەڕیان بەو ئیسلاحاتە کرد، یان هەر نەبێ وایان نواند کە باوەڕ و هومێدیان بە سەرکەوتنی ئەو خەتە هەیە.

کەچی بە خۆشییەوە پێش ئەوەی هەڵبژاردنی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دەست پێ بکا، زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران و تەنانەت بەشێک لە ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵاتیش لە دەست ئەو گومانە ڕزگار بوون و بۆیان دەرکەوت کە نە خاتەمی و هاوبیرەکانی ئەوەندە باوەڕیان بە گۆڕان هەیە کە بتوانێ وڵامی هەر نەبێ بەشێک لە داخوازەکانی خەڵک بۆ ئازادی و دێموکراسی بداتەوە، نە کۆماری ئیسلامییش توانا و زەرفیەتی گۆڕانێکی بە قازانجی جێگیر بوونی ئازادی و مافی مرۆڤ تێدا هەیە، (شتێک کە لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات باوەڕی پێی هەبووە و تەبلیغی لەسەر کردوە). هەر ئەم گومان ڕەوینەوەیەش بوو کە بووە مایەی ئەوەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەم بایکۆت بکەن و ڕێگا نەدەن ڕێژیم لە ڕێگای بەشداریی وان لە هەڵبژاردندا مەقبووڵ بوونێکی بە درۆ بۆخۆی

داتاشیِ. ئێستا ئازادیخوازانی ئێران بەرچاویان ڕوونە. باش دەزانن بۆ چ ئامانجێک و دژی چ کەند وکۆسپێک خەبات دەکەن. پرش و بڵاوی ئەگەریش لە ڕیزەکانیان و ڕێکخراوەکانیاندا هەبیِ لە بیر و بۆچوون و ئامانجە سیاسییەکانیاندا بە لانیکەمی خۆی گەیشتوە و ئەمە نوختەیەکی جێگای هومێدە.

دیارە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش ئاکامەکانی هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمی مەجلیس بە قازانجی خۆی دەزانیِ و ئەوە کە مەجلیسێکی تا ڕادەیەکی زۆر یەکدەستی دەست کەوتوە بە سەرکەوتنێک بۆخۆی دادەنیِ. بەڵام بە باوەڕی ئێمە ڕێژیم دەسکەوتێکی تازەی لەو هەڵبژاردنە نەبووە. چونکە مەجلیسی بە ناو ڕیفۆرمخواز و سەرکۆماری بەناو ڕیفۆرمخواز هیچ وەخت کۆسپێکی سەر ڕێگای ڕمبازێنی ملهوڕانەی تاقمی پاوانخواز نەبوون، تا ئێستا هەست بکەن ئەو کۆسپە لە سەر ڕێیان لاچووە. ئەوە خەڵکی ئێرانن کە بە لاچوونی پەردە لەسەر ڕوخساری ڕێژیم و لە مەیدان دەرچوونی پاساودەرێکی وەک خاتەمی بۆ جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە کە توانیبووی بەتایبەتی لە پێش چاوی دنیای دەرەوە زۆری کەلک لیِ وەرگریِ، سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. ئێستا ئیدی هەم خەڵک لە نێوخۆی وڵات دەزانن لەگەڵ کیِ بەرەوڕوون، هەم دەوڵەتە بێگانەکانیش ئەو پاساوەیان لە دەست دەرهاتوە کە بە ناوی بەهێزکردنی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی کۆمەک بە مانەوەی دواکەوتووترین توێژەکانی کۆمەڵی ئێران لەسەر کورسیی دەسەڵات بکەن.

**ـ ناسرانی کۆماری ئیسلامی:**

حاشا لەوە ناکریِ کە کاربەدەستانی ڕێژیم هەر وەک لە نێوخۆی وڵات توانیبوویان بۆ ماوەیەک زۆربەی خەڵکی ئێران بە فریو بەرن و ئێستاش بەشێکی کەمتر لە خەڵکیان لە گومان و خۆشخەیاڵییدا هێشتۆتەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش توانیبوویان بەشی زۆری وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی، زۆر لە وڵاتانی ئیسلامی و تەنانەت بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتانی جۆر بە جۆری دنیاشدا لە سەر نێوەرۆکی ڕێژیمەکەیان تووشی گومان بکەن و فریویان بدەن. هەڵبەت، تەواوی هونەرەکە لەو پێوەندییەدا نەدەگەڕایەوە سەر زیرەکی و کار لیِهاتوویی دیپلۆماتەکانی ڕێژیم. چونکە ئەوەی زەمینەی ئەو نزیکییە لە ئێرانی پێک هێنابوو، پتر ئیمکاناتە ئابوورییەکەی ئێران و بازاڕی بەرینی ئێران بوو کە زەحمەتە وڵاتێکی سەنعەتی چاوی لیِ بپۆشیِ. وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا لە ململانە لەگەڵ نفووزی ئەمریکادا بۆ ئەو مەبەستە زۆریان کۆمەگ بە کۆماری ئیسلامی کرد. تەنانەت ئەمریکاش بۆ دەرهێنانی ئیبتیکار لە دەست ئورووپاییەکان لە هێندیِ بواردا هێندیِ ئیمتیازی بیِجیِ و بیِئاکامی دا بە کۆماری ئیسلامی!

بەڵام بە خۆشییەوە ئێستا لەو بوارەشدا وەزعەکە گۆڕاوە. لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی پشت پەردە کە بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە ئارادایە، وا دێتە بەرچاو کە ئەمریکاییەکان لە پێکهاتنی گۆڕان لە نێوەرۆک و کار و کردەوەی کۆماری ئیسلامییدا تەمابڕاو بوون و ئەگەریش بۆ بیِلایەن کردن و پووچەڵ کردنەوەی نەخشە و پلانەکانی هێندیِ هەوڵ و تەقەلایان هەر ماوە، ویِ ناچیِ کە هیچ وەخت وەک دۆستێکی ستراتێژیکی بڕواننە کۆماری ئیسلامی. وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپاش پاش گۆڕانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی

نێوەڕاست، دوای ململانەیەکی بێسەرەنجام کە دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا گرتیانە پێش و پاش ئەوەی دیتیان لە هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمی مەجلیسدا خەڵکی ئێران ڕوویان لە کۆماری ئیسلامی وەرگێڕا، گۆڕان لە هەڵوێست و بۆچوونیان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامییدا پەیدا بووە. لەبەر گرنگی و بایەخێک کە ئێران هەیەتی و بە هۆی ئەو پێوەندییە ئابووری و بازرگانییانەوە کە لە ماوەی چواریەکە چەرخی ڕابردوودا لە نێوان ئورووپا و ئێراندا دروست بوون کارێکی ئاسان نییە کە ئورووپا بە تەواوی پشت بکاتە ئێران. بەو حاڵەش، پەیدا بوونی گومان لە ڕاست و دروستبوونی ئەو پێوەندییانەدا و بیرکردنەوە لەوە کە ڕەنگە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەورانی بەسەر چووبێ، لە خۆیدا بە دیاردەیەکی تازە و موسبەت دادەنرێ.

**ـ مەحکوومبوونی ڕێژیم:**

ئەگەرچی ئەمساڵ بۆ دووەمین جار لەبەر هێندێ تێبینیی دیپلۆماسی و بازرگانی مەسەلەی مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دانانی نوێنەری تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لە دەستووری کاری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرهاوێژرا، لە ماوەی چەند ساڵی نێوان دوو کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەم ڕێژیمە چەند جار لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤدا مەحکووم کراوە و لە نێو دەوڵەتانی پێشێلکەری مافی مرۆڤدا لە ڕیزەکانی هەرە پێشەوە دانراوە. هەر وەک لە سەرکوتی ئازادییەکان و سەرکوتی چاپەمەنی و ئەهلی قەڵەم و دژایەتیی ڕووناکبیراندا هەمیشە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناوی لە پێش هەمووانەوە بووە. جێگای سەرنجە کە بزانین ئەم ڕێژیمە لە ماوەی ٢٥ ساڵ تەمەنی پڕ بەدناویی خۆیدا زیاتر لە پەنجا جار، واتە بە تێکڕا ساڵی دوو جار لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا وەک ڕێژیمێکی یاغی و دژی ئینسانی و دژی ئاشتی و ئازادی و لایەنگری شەڕ و ئاژاوە و تێرۆریزم مەحکووم کراوە.

**ـ هێندێ پاشەکشە بەرانبەر بە دەرەوە:**

پەرەگرتنی خەبات و بەربەرەکانی دژی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات و لەقاو دانی سیاسەتەکانی لە دنیای دەرەوەدا، هەروەها ئاشکرا بوونی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ئەم ڕێژیمە لە ناوچە و لە سەرانسەری دنیادا، هەوڵدانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و پشتیوانی لە تێرۆریزم و ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان، نارەزایەتیی بیروڕای گشتیی لە ژوورەوە و تووڕەیی کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان لە دەرەوەی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە گەشە پێدا. بۆیە ئەگەر ڕێژیم لە بەرامبەر خەڵکی ئێراندا سەرکوتی زیاتری لە خۆی نیشان دا، لە بەرامبەر دنیای دەرەوەدا بە پێچەوانەی دروشمە زل و قەبەکانی بە توندی کەوتە پاشەکشە و دەڵاڵ ڕاسپاردن بۆ دەرهاتن لە تەنگانەیەک کە بە دەستی خۆی خولقاندوویە.

بەڵام دنیای دەرەوە نابێ بەو سیاسەتە دوو ڕووانەیەی سەرانی ڕێژیمی ئیسلامی بە فریو بچێ و تووشی کەمتەرخەمی بێ. چونکە لە کاتێکدا زستانی ڕابردوو هەڵوێستی یەکپارچەی یەکیەتیی ئورووپا و هاودەنگیی ئورووپا و ئەمریکا کۆماری ئیسلامییان ناچار کرد مل بۆ

ئیمزا کردنی پرۆتۆکۆلی پاشکۆی پەیمانی قەدەغە کردنی چەکە ئەتۆمییەکان بدا، هەر ئەوەندە کەمێک فشارەکە کەم بۆوە سەرۆکی ئاژانسی ئەتۆمیی ئێران ڕایگەیاند کە هەوڵەکانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم دەست پێدەکەنەوە و کەسیش نییە نەزانێ تا ئێستا زۆر لە بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران و زۆر شوێنی چالاکییە ئەتۆمییەکان لە چاوی پشکنەرانی سەر بە ئاژانسی نێونەتەوەیی ئینێرژیی ئەتۆمی شاردراونەوە.

## مەجلیس و فراکسیۆنی کورد

زۆر جار لە لایەن تێکۆشەرانی حیزب و خەڵکی دیکە لە کورد و غەیری کورد و ئێرانی و غەیری ئێرانییەوە لە بارەی کار و کردەوەی مەجلیسی شەشەم و بە تایبەتی فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردەوە پرسیار لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات کراوە کە چۆنی هەڵدەسەنگێنێ. ئەگەرچی مەجلیسی شەشەم تەمەنی بەسەر چووە و لە سەر مەجلیسی حەوتەمیش ڕەنگە هیچ کەس ئەو جۆرە پرسیارانەی بۆ نەیەتە پێش، بەڵام خراپ نییە بۆچوونی خۆمان لە بارەی مەجلیسی شەشەم و فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردەوە بە کورتی باس بکەین:

ڕەنگە هەمووان لە بیریان بێ کە بۆ یەکەم جار دوای یەکەمین دەورەی مەجلیس لە دەورانی کۆماری ئیسلامییدا کە ئەو دەم ناوی «مەجلیسی شۆرای میللی» بوو، نەک ئیسلامی، لە هەڵبژاردنی دەورەی شەشەمی مەجلیسدا ئێمە داوامان کرد کەسانێک کە خۆیان بە جێمتمانەی خەڵک دەزانن و نیازی خزمەتکردنیان هەیە خۆیان بۆ ئەندامەتیی مەجلیس کاندیدا بکەن و داوامان لە خەڵکی کوردستانیش کرد کە بە دوور لە دەستەبەندییەکانی نێو دەسەڵات بەشداری هەڵبژاردن بن و دەنگ بە کاندیداکانی جێگای متمانەی خۆیان بدەن. دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنیش کە ئەمە پێش کۆنگرەی ١٢ بوو- ڕامانگەیاند کە تا ئەو وەختەی نوێنەرانی مەجلیس لە خزمەتی قازانج و ئامانجی خەڵکدا بن ئێمە پشتیوانییان لێ دەکەین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کارنامەی چوار ساڵەی مەجلیسی شەشەم ئەگەر نەیتوانیوە شتێکی وای تێدا بێ کە شانازیی پێوە بکا، هۆیەکەی ئەوە نییە کە ئەو مەجلیسە لە سەریەک مەجلیسێکی دژی خەڵکی بووە. بەڵکوو کار لەدەست نەهاتنەکەی دەگەڕێتەوە سەر سیستمی حکوومەتی لە کۆماری ئیسلامییدا کە ئۆرگانە هەڵبژێراوەکان خاوەنی هیچ سەلاحییەت و دەسەڵاتێک نین و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی ڕێبەری نیزام یان نوێنەری خوا لە سەر زەوی! و ئۆرگانەکانی سەرووی قانووندایە. چوار ساڵەی تەمەنی مەجلیسی شەشەم ئەگەر هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵکی ئێران تێدا نەبووبێ، ئەوەندە بەسە کە هەموو کەسی لەو ڕاستییە تێگەیاند کە هەڵبژاردن و ڕێفراندۆم و بە گشتی ویستی خەڵک لە کۆماری ئیسلامییدا کاریگەر نییە و باشترە خەڵک خۆیان بەو جۆرە شانۆسازییانەوە خەریک نەکەن، شتێک کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمدا بە چاوی خۆمان دیتمان.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردیش دەبێ بگوترێ کە فراکسیۆنی کورد کۆمەڵێکی یەکدەست و یەکگرتوو نەبوون و بەشێک لە نوێنەرانی کورد زۆر بە کەمی لە کار و چالاکییەکانی فراکسیۆندا بەشدار بوون. دیسانیش هەق وایە بگوترێ ئەوەی بە ناوی فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردەوە کاری دەکرد بە لە بەرچاو گرتنی ئەو هەموو کەند و کۆسپە کە لەسەر ڕێگای هەبوو، باش جووڵایەوە و لەسەر هێندێ لە ناهەقییەکان وەجواب هات.

ئیدی ئەوە کە تەواوەتی مەجلیس هاوەدنگیی لەگەڵ نەکردوون یان حکوومەتی بێمایە و سەرکۆماری بێپایە نەیانتوانیوە داخوازەکانیان جێبەجێ بکەن، ڕەنگە لە بایەخی کارەکەی وان کەم نەکاتەوە.

**- وتوویژ:**

بابەتێکی دیکەش کە جاربەجار لە چاپەمەنیی غەیری دەوڵەتی و کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکاندا سەر هەڵدەدا و دەچێتەوە پاش، مەسەلەی وتوویژ لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆنی کورد و، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دایە. باشە بێ‌پەردەش بگوترێ کە ئەمە هەمووی بەرهەمی ئاژاوەیەکی فکرییە کە ناو بە ناو سەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێو بیروڕای گشتی لە کوردستان و دەرەوە بڵاوی دەکەنەوە و بەداخەوە هێندێ کەس و لایەنیش بە هەر هۆ و مەبەستێک بێ کۆمەگ بەو گومان و دوودڵیی بڵاوبوونەوەیە دەکەن. لەم دەرفەتەدا پێمان باشە جارێکی دیکە هەم ڕاستیی ئەوەی کە بووە و هەم هەڵوێستی ئوسوولیی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا دووپات بکەینەوە:

لە پاش تێرۆری خائینانەی دوکتور قاسملوو کە ڕاست بە ناوی وتوویژ لەسەر چارەسەری مەسەلەی کورد خرایە داو، تا ئێستا چەندین جار پەیامی کەسانێک یان ئۆرگانێک لە نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا بە حیزبی دێموکرات گەیشتوون کە پێشنیاری وتوویژی نهێنییان کردوە. ئەو پەیامانە بە ڕێگای جۆراوجۆردا گەیشتوون. لە ڕێگای هێندێ کەسایەتیی کوردی ئێرانی و غەیری ئێرانییەوە و هەندێ جاریش لە ڕێگای کەسایەتییە خارجییەکان و تەنانەت نوێنەرانی حیزب و کۆڕ و کۆمەڵە بێگانەکانیشەوە.

وڵامی حیزبی دێموکرات بۆ هەمووی ئەو پەیامانە ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی دوکتور قاسملووی بە ناوی وتوویژەوە لەسەر مێزی بە ناو وتوویژ تێرۆر کردوە. کەوا بێ شتێکی ڕەوا و سروشتییە کە حیزبی دێموکرات باوەڕ بەو ڕێژیمە نەکا و لەگەڵی نەکەوێتە وتوویژی نهێنییەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو ئەزموونە تاڵەش کە هەمانە، چونکە باوەڕمان بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد هەیە، ئێمە حازرین بە ئاشکرا و بە ئاگاداریی خەڵک وتوویژ بکەین، بە مەرجی لە بەرچاو گرتنی هێندێ پرەنسیپ. وەک ئەوە کە وتوویژ لەگەڵ تەواوەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێ نەک قۆڵێک و ئۆرگانێک و وەزارەتێک، وتوویژ لە سەر داخوازە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بێ، بە ئاگاداری و نێوبژیوانیی دەوڵەتێکی خارجی و بە پارێزگاریی پۆلیسی ئەو وڵاتە بێ، وتوویژکەران لە هەر دوو لا بە ناسنامەی واقیعیی خۆیانەوە بەشدار بن و، ئیعتبارنامەیەکیان پێ بێ کە سەلاحیەتیان بۆ وتوویژ دەربخا.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە جارێکیان بە ڕواڵەت هەمووی ئەو پرەنسیپانە لە لایەن نوێنەرانی ڕێژیمەوە قبوول کران. کەچی لە ئاخر دەقیقەدا بە هەڵبەستنی هێندێ داستانی ناڕاست هەوڵیان دا زەینی دۆستە نێوبژیوانەکە بشێوێنن کە گۆیا حیزبی دێموکرات لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆتەوە. بە خۆشییەوە ئەو دۆستە لەوە وشیارتر بوو کە فریوی ئەو فێڵ و تەڵەکەیە بخوا و ناڕاستیی کاربەدەستانی ڕێژیمی بە تەواوی بۆ دەرکەوت.

پوختەی قسە ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران نەک هەر باوەڕی بە مافی کورد و چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێران نییە، بەڵکوو لە هەر بەشێکی کوردستانیش شتێک بۆ کورد بکرێ

هەوڵ دەدا چەتی تێ بخا و تێکی بدا. بەو حاڵەش ئێمە وەک پرەنسیپ وتووێژ ڕەت ناکەینەوە. بەڵام بە ئاشکرا و بە هێندێک زەمانەتی سیاسی و ئەخلاقییەوە.

**٥ـ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران:**

زۆر لەمێژە ئەم ئەسڵە لە لای هەموو ئۆگرانی ئاڵوگۆڕ لە ئێران سەلمێندراوە کە هۆی بنەڕەتیی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسیی دەسەڵات پێش ئەوەی هێز و توانا و پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم ڕێژیمە بێ، لاوازی و پەرش و بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. بەجێیە پێش ئەوەی لە کەم و کورتییەکانی کاری ئۆپۆزیسیۆن بدوێین، دوو بەشی ئەسڵیی ئۆپۆزیسیۆن، واتە بەشی نێوخۆیی و بەشی دەرەوەی لێک هەڵاوێرین. کە باسی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆییش دەکەین مەبەستمان ئۆپۆزیسیۆنی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نییە، چونکە لە هەر حاڵدا ئەویش بەشێکە لە دەسەڵات و بە بەشی خۆی لە هەمووی ئەو ڕۆژ ڕەشییانەدا کە کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێران و ئێرانییەکانی هێناون بەشدار و بەرپرسە. مەبەست لە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ ئەو بەشە لە خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێرانە کە بە شێوەی ڕێکخراو یان ناڕێکخراو «منظم و غیرمنظم» بە دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان ڕاپەڕیوە و بە هەر شێوەیەک بۆی کرابێ ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵک و داخواز و ئامانجە ڕەواکانیانی دەربڕیوە.

ئەگەر بە چاوی ئینسافەوە لە چارەگە چەرخێک خەبات و بەربەرەکانیی ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن بڕوانین دەگەینە ئەو ئاکامە کە سەرەڕای دژواریی هەل ومەرجەکە و قورسایی بەرپرسایەتییەکە، ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ ئەرکەکانی بە باشی و سەربەرزی بەجێ گەیاندوە. هەر ئەوە کە وەک کێو بەرامبەر بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ڕاوەستاوە و حازر نەبووە وڵات بەجێ بهێڵێ و مەیدان بۆ دیکتاتۆری چۆڵ بکا شانازییەکی گەورەیە کە بۆخۆی تۆمار کردوە. لەوەش بەو لاوە، ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ، بە تایبەتی ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسان و خوێندکاران و بە گشتی توێژی لاو هەر نرخێک بۆ ئازادی پێویست بووبێ بە ڕوویەکی ئاوەڵاوە داویانە و لە دانی قوربانی نەسڵەمیونەوە. بەرپرسایەتیی یەکنەگرتنی ئۆپۆزیسیۆنیش بە هیچ جۆر نابێ بخرێتە سەر شانی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن. چونکە لە سێبەری زەبر و زەنگ و سەرکوتدا نە پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ئیمکانی هەیە و نە لەوەش زیاتر، ڕێکخستنی وتووێژ و پێکهێنانی سیمینار و کۆنفرانسی هێز و کەسایەتییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە پلاتفۆرمی هاوبەش لە تواناداییە.

بەو پێیە کە باس لە ئۆپۆزیسیۆن دەکەین، مەبەست ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە، یان باشتر بڵێین ئەو بەشە لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنە کە تێکۆشانیان لە ئێراندا قەدەغەیە و ڕێبەرایەتییەکەیان و ئیدارەی کار و باری تەشکیلاتی و تەبلیغاتی و . . .یان لە دەرەوەی وڵاتە. بەداخەوە ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن کە بە تێکڕا نوێنەرایەتیی فکریی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵی ئێران دەکا، ئەزموونێکی زۆر و مێژوویەکی دوور و درێژی لە خەبات و تێکۆشاندا هەیە، تا ئێرەشی لەگەڵ بێ، پەرش و بڵاو و یەکنەگرتووییە. دووری لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات و نەبوونی پێوەندیی نیزیک و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک و هەست پێنەکردنی ئەو مەترسییە کە هەڕەشە لە ئێستا و دوارۆژی هەموان دەکا دەستیان وەدەستی یەک داوە و بوونە هۆی ئەوە کە ڕێکخراوەکانی موخالیفی ڕێژیم لە دەرەوە هەوڵێکی جیددی بۆ لێک نیزیک بوونەوە نەدەن.

دوو سێ ساڵێکە وەزعەکە گۆڕانی بەسەردا هاتوە. هەموو لا هەست بە پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەک یان ئێئتلافێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و نیشتمانپەروەر دەکەن. پێش ئەو ماوەیەش و دەتوانین بڵێین لە دوا دەیەی سەدەی ڕابردوو بەم لاوە پێکهەڵپڕژان و شەڕە قەڵەم لە نێو حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکاندا کەم ببۆوە و ئەگەر یەک دوو ڕێکخراوێکی نامەسئوولی لێ دەرکەین، کەمتر ڕێکخراوێک هێرش بۆ سەر حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی بە «ئەرکی شۆڕشگێرانە!»ی خۆی زانیوە. لەگەڵ ئەو دیاردە تازەیە و لەگەڵ ئەوەش کە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئوسوولی لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش پێک هاتوون، هێشتا ئۆپۆزیسیۆنی ئێران تا گەیشتن بە یەکگرتن (بەداخەوە) وا دیارە ڕێگایەکی زۆری لە پێشە.

هۆی سەرنەکەوتنی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بە باوەڕی ئێمە لە چەند شتدا پوخت دەبێتەوە. یەکەم ئەوە کە هەریەک یان هەر دەستەیەک لە حیزب و ڕێکخراو و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەوڵی ئەوەدان تەنیا هاوبیرانی خۆیان کۆ بکەنەوە و هەوڵ نادەن لەگەڵ جیابیرەکانیش لە سەر هێندێ ئامانجی گرنگ و گشتی کە پەسەندی هەموانن یەک بگرن. دووهەم ئەوە کە زۆر لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە سەر هێندێ مەسەلەی زۆر گرنگی وەک جۆراوجۆریی پێکهاتەی کۆمەڵی ئێران، ناواقیعی بیر دەکەنەوە و بۆچوونیان بۆ ئێرانی دواڕۆژیش هەر ئەوەیە کە هەتا ئێستا بووە و هەر ئەو سیستمە بە دڵخواز دەزانن کە دوو ڕێژیمی شاهەنشاهی و ئیسلامی، ئێرانیان پێ ئیدارە کردوە. سێیەم شت بۆچوونێکی دژی حیزبی و دژی ڕێکخراوەییە کە بە نادروستی لە نێو هێندێ لە کەسایەتییە سیاسییەکاندا پەیدا بووە. ئەوان پێیان وایە بەرە یان ئێئتلافێک کە دەبێ دروست بێ، تەنیا دەبێ شەخسییەتەکان بگرێتە خۆی و هەقی نییە حیزب و ڕێکخراوەکان وەربگرێ. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە ڕێبەرانی ڕێکخراوێک بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بانگهێشتن دەکەن، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەبێ وەک کەسایەتی بەشدار بن، نەک وەک نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراو. ڕوون نییە جەبهەیەک کە بۆ وێنە لە هەزار شەخسییەت پێک هاتوە چۆن کارەکانی بەڕێوە دەبا و هەر کام لەو کەسایەتییانە چەندە هێزی ئینسانی و ئیمکانی ماڵی بۆ کار و باری خەباتی هاوبەش دەتوانن دابین بکەن.

بە هەمووی ئەوانەوە، فەزایەکی کە پێک هاتوە جێگای هومێدە و دەبێ کەلکی لێ وەرگیرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەمیشە یەکێک لە ئاڵاهەڵگرانی یەکیەتیی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بووە دەبێ زیاتر لە خۆی مایە دابنێ و لە پێوەندیی دۆستانەی خۆی لەگەڵ زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان، بۆ لێک نیزیک خستنەوەیان کەلک وەربگرێ. ئێمە پێمان وایە خاڵی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا زۆرن و ڕێککەوتن لە سەر ئەو خاڵانەش بە تەواوی مومکینە. پێویستیی گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دابینکردنی دێموکراسی و ئازادی، پاراستنی مافی مرۆڤ، دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی بەشخوراوی ئێران، ئازەربایجانی، کورد، بەلووچ، تورکەمەن و عەرەب لە ڕێگای فیدرالیزە کردنی ئێرانەوە لەسەر بناغەی نەتەوەیی، مێژوویی، جوغرافیایی، جیایی دین و ئیدئۆلۆژی لە دەوڵەت و بەرامبەریی تەواوی مافەکانی ژن و پیاو بەشێک لەو خاڵە هاوبەشانەن کە هیچ ڕێکخراوێکی ئازاد و دێموکرات ناتوانێ خۆیان لێ لادا و تەنانەت بەکەمیان بگرێ.

لێرەدا هەڵوێستی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات دووپات دەکەینەوە کە بە دڵەوە ئۆگری پێکهێنانی بەرە، یان ئیئتلافێک لە نێو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و پێشکەوتنخوازی ئێرانداین و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئامادەی هاوکاری و هەنگاو ڕێکخستن لەگەڵ هێزە دێموکرات و وڵاتپارێزەکانین. هەر لەو کاتەدا کە نامانەوێ بەرنامەی حیزبی دێموکرات ببێتە بەرنامەی هاوبەش، ئامادە نیین بچینە نێو بەرەیەک کە پرەنسیپە گشتییەکانمان بە تایبەتی دابینکردنی دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی زۆر لێکراوی لە بەرنامەی خۆیدا نەگونجاندبێ. سەرەنجام هەر هاوپەیمانەتییەک دروست بێ دەبێ ستراتێژی بێ و تا وەدیهێنانی بەرنامەکەی پێبەندی وادە و بەڵێنەکانی بێ، نەک لەژێر پەردەی ڕێفراندۆم و دەنگی ئازادی خەڵکدا واز لە پەیمان و بەڵێنەکانی بێنێ.

**٦ـ مەسەلەی کورد:**

خەباتی خەڵکی کوردستان لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە هەنگاوی زۆری بەرەو پێش هاویشتوە. دیاردەی کۆچ بۆ وڵاتان لە لایەک و پەرەئەستاندن و پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندی، خەباتی کوردی لە چوارچێوەی تەسکی چوار وڵاتی کوردنشین ترازاندوە و بە دنیای ناساندوە، ئێستا دەکرێ بڵێین بە کردەوە مەسەلەی کورد بۆتە مەسەلەی بەشێک لە دانیشتووانی زۆر وڵاتی پێشکەوتووی سەنعەتی بە تایبەت لە ئەمریکا و ئورووپا و کانادا و ئوستڕالیاش. بەم جۆرە کێشەی کورد قۆناغێکی گرنگی لە ناساندن و سەلماندنی خۆیدا بڕیوە و خەڵکێکی زۆری لە چوارقوژبنی جیهاندا لەگەڵ خۆی ئاشنا کردوە. لەگەڵ ئەوەی بەداخەوە تا ئێستا ئەو مەسەلەیە وەک مەسەلەی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت سەیر دەکرێ، بەڵام بە جۆرێک لە دنیادا ناسراوە کە لە هیچ کوێ نائاشنا و نامۆ نییە و تەنانەت دەوڵەتەکانیش ناتوانن خۆ لە ئاستیدا گێل بکەن.

وشیاریی سیاسی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا گەیوەتە پلەیەکی بەرزتر لە هەموو دەورانێکی پێشتر و خەباتی بەکردەوە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیش قۆناغێکی پێشکەوتووتری بڕیوە. دەکرێ بڵێین لە مێژووی وڵاتانی کوردنشیندا قەت وەک ئێستا ڕێ نەکەوتوە کە خەباتی گەلی کورد هاوکات لە چەند بەشی کوردستاندا لەگەشە و پێشکەوتندا بێ. ئێستا چواریەکە چەرخێکە کە ئەو خەباتە لە سێ بەشی بنەڕەتی و گرنگی کوردستاندا، لە تورکیە و ئێران و عێراق لە حاڵەتێکی ئاکتیڤ و زیندوودایە و لە سووریەش هەرچەند نەگەیشتۆتە ڕادەی سێ بەشەکەی دیکە، بەڵام بێداری و وشیاریی نەتەوەیی لە پلەیەکی بەرزدایە.

لە کوردستانی عێراق کە لە سەدەی بیستەمدا بە گشتی هەمیشە لە حاڵی سەرهەڵدان و خەباتی نەتەوایەتییدا بووە لە ئاکامی هەوڵ و خەباتی دەیان ساڵە و وشیاریی هێزە سیاسییەکانی کورد و هەروەها هۆی یارمەتیدەری دەرەکییدا، ماوەی ١٣ ساڵە حکوومەتێکی کوردی دامەزراوە و گەلی کورد لە عێراق بۆخۆی بەسەر بەشێکی نیشتمانەکەیدا حکوومەت دەکا. خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان بە تایبەتی دوو هێزی سەرەکی: پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەو ماوەیەدا بە لێوەشاوەیی بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتییان گرتۆتە دەست و بە دامەزراندنی سیستمێکی باشی

ئیداری و کۆمەڵایەتی بە دنیایان نیشان داوە کە ئەگەر کورد دەرەتانی بۆ بڕەخسێ بۆخۆی ئیدارەی خۆی بکا، ئەو لێوەشاوەییەی تێدایە و هیچی لە گەلانی دیکەی ناوچەکە کەم نییە.

پاش ڕووخانی حکوومەتی «صدام حسین» لە عێراقیش لە ڕۆژی هەشتی مارسی ٢٠٠٤دا «قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گوازتنەوە» لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتەدا پەسەند کرا کە سیستمی فێدراڵیی بۆ عێراق پەسەند کرد و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە هەر سێ دەسەڵاتی ئیجرایی و قەزایی و قانووندانانەوە بە ڕەسمی ناسی. هەرچەند ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەم حکوومەتە بە ڕەسمی ناسراوە، تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق ناگرێتە خۆی و ئەگەرچی هێشتا بۆ پەسەندکرانی ئەو سیستمە حکوومەتییە لە قانوونی ئەساسیی هەمیشەیی عێراقدا کارێکی زۆر لە پێشدایە، بەڵام بە هەموو حیسابێک بە گەورەترین دەسکەوتی خەباتی گەلی کورد لە سەرتاسەری مێژووی ئەم گەلەدا دەژمێردرێ. هەر بۆیە بەجێیە لێرەدا جارێکی دیکە دەستخۆشی بە خەباتگێڕان و ڕێبەرانی کورد بڵێین و پیرۆزبایی لە خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان بکەین.

دەرچوونی قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق هەم لە نێو کوردان و هەم لە لای دوژمنانی ئازادی و بەختەوەریی کوردان دەنگدانەوەی خۆی هەبوو. لە ئێران و تورکیە و سووریە و لە هەر شوێنێکی کوردی لێ دەژی ڕێورەسمی شادی و شایی و پیرۆزبایی وەڕێ کەوت و وشیاریی نەتەوەیی بە بارتەقای هەستی نەتەوەیی خۆی نواند. لەو لاشەوە ناحەزانی کورد و مافە ڕەواکانی یەکدەست و هاوکات کەوتنە سەرکوت و کوشت و کوشتاری ڕۆڵەکانی گەلی کورد. لە کوردستانی ئێران بە سەدان کەس گیران و ڕەوانەی زیندان کران و چەندین کەسیش لە خۆپیشاندانەکاندا تەقەیان لێ کرا و بریندار بوون. بەڵام سەرکوتی زیاتر لە ناوچە کوردنشینەکانی سووریە بە تایبەتی لە قامیشلی بوو کە لەوێ بە دەیان کورد کوژران و بە سەدانی دیکەش بریندار بوون، یان گیران و ڕەوانەی سیاچاڵەکان کران. ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە سەلماندی کە کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکردنی ئێستعماریی کوردستان هیچی لەو ڕاستییە کەم نەکردۆتەوە.

چوونە سەری وشیاریی نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی گەلی کورددا لە لایەک و ناسرانی بزووتنەوەی کورد و داخوازە ڕەواکانی لە لای بەشێکی گەورە لە بیر و ڕای گشتیی جیهانی و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە لای دیکە، ئەو هیوایە بەهێز دەکەن کە ئەو بزووتنەوەیە زیاتر بەرەو پێش بچێ و بە زوویی جێگای خۆی لە لێکدانەوەی هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا بکاتەوە. بەڵام ئەمە ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کورد قورس‌تر دەکا و لێیان دەخوازێ چ لە یەک یەکی پارچەکانی کوردستان و چ لە ڕادەی سەرانسەریی کوردستاندا پتر لێک نیزیک بنەوە و زیاتر هاوکاریی یەکتر بکەن و لە باری سیاسییەوە هەنگاوەکانیان ڕێک بخەن.

**ـ کوردستانی ئێران:**

کوردستانی ئێران یەکێک لە ناوچە هەرە لە دواکەوتووییدا ڕاگیراوەکانی ئێرانە. لەژێر دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییدا نە تەنیا هیچ هەنگاوێک بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم دواکەوتووییەی هەڵ نەگیراوە، بەڵکوو بە پێی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە دواکەوتوویی ڕاگیرانەکەی زیاتر پەرەی پێ دراوە و فەرق و جیاوازی دانان لە نێوان ناوچە کوردنشینەکان و ناوچەکانی دیکەی ئێراندا زیاتر بووە. لە باری ئابوورییەوە سەرمایەگوزاریی گەورەی دەوڵەتی و دامەزرانی کارخانە و ناوەندە بەرهەمهێنەرەکان لە کوردستان بەرچاو ناکەون و تەنانەت ڕێگا بە سەرمایەگوزاریی گەورە لە لایەن خودی خەڵکی کوردستانیشەوە لە ناوچە کوردنشینەکان نادرێ. بۆیە بێکاری و نەدارییەکی بەرچاو بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتوە و بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان ناچارن بۆ پەیداکردنی کار و وەدەستهێنانی لانیکەمی بژیوی بنەماڵەکانیان ڕوو بکەنە شار و شوێنەکانی دەرەوەی کوردستان یان پەنا بۆ کاری تاقەت پڕووکێن و پڕ مەترسی بەرن.

لە زۆربەی ناوچەکان بە تایبەت ناوچە سنوورییەکان ڕۆژ نییە کە کاسبکاران و کۆڵبەرەکان نەکەونە بەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیم و ژمارەیەکیان لێ نەکوژرێن یان نەگیرێن و زیندانی نەکرێن و سەرمایە و دەستمایەی ژیانیان بە تاڵان نەچێ. مینڕێژ کردنی مووچە و مەزرا و کێڵگەکانی کوردستان بەردەوام قوربانی لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد وەردەگرێ و هیچ ناوەند و ئۆرگانێکی دەوڵەتیش لە بەرانبەر ئەم وەزعە و هەڵگرتنەوەی مینە چێنراوەکاندا خۆ بە بەرپرس نازانێ.

کوردستان هەر بە چاوی ئەمنیەتییەوە لە لایەن ڕێژیمەوە سەیر دەکرێ و فشار بۆ سەر خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ، هێزی پتری لێ مۆڵ دەدرێ و پیلانی جۆراوجۆر لە دژی خەڵکی کوردستان بەڕێوە دەچن. پەرەگرتنی ئێعتیاد و بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددر لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە یەکێک لەو پیلانانەیە کە بۆ لێکپچڕانی شیرازەی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان بەڕێوە دەچن، دووبەرەکی نانەوە و ئاژاوە سازکردن لە نێوان خەڵک بە تایبەت لەو ناوچانەی کە پەیڕەوانی مەزهەبە جۆراوجۆرەکان یا ڕۆڵەکانی سەر بە گەلانی دیکەی ئێرانی لێ دەژین، پیلانێکی دیکەی ڕێژیمە کە بەڕێوە دەچێ.

ئەگەرچی کوردستانی ئێران تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش کەمتر لە هەمووان دەرەتانی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی بۆ ڕەخساوە، ئاگایی سیاسی و وشیاریی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستاندا لە ئاستێکی بەرزدایە. هەر بۆیە لەگەڵ ڕەخسانی چووکترین دەرفەت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و بە تایبەتی چالاکی لە بواری ئەدەبییدا، ڕووناکبیرانی کورد قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵیوە و وەک پێشبڕکە لەگەڵ زەمان بکەن ڕێگای مانگ و ساڵیان بە ڕۆژ و حەوتوو بڕیوە. ئەو بزووتنەوە فەرهەنگییەی بە تایبەتی لە دە-پازدە ساڵی دواییدا لەم بەشەی کوردستان سەری هەڵداوە، بە خێراییەک پەرەی گرتوە و چۆتە پێش کە سەرنج و تەنانەت ڕێز و ئافەرینی ڕووناکبیران و نووسەران و شاعیرانی کوردی لە هەموو جێگایەک و بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق کە ڕابردوویەکی دوور و درێژ و پڕ دەسکەوتی لە خزمەتی زمان و ئەدەبیاتی کوردییدا هەیە، بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

بە شانازییەوە دەبێ بگوترێ ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی لەژێر چاودێری و سانسۆری دەزگا پۆلیسییەکانی کۆماری ئیسلامیدایە، ئەوەندە پاک و سەربەرز و ڕووسوورە کە سەری کوردی پێ بەرز بێتەوە. کەمتر ڕێ کەوتوە نووسین لە سێبەری دیکتاتۆرییدا و لەوەش زیاتر دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری سەربەخۆ بتوانێ بەبێ دانی باج دنیای ڕووناک ببینێ و زۆر جار دیومانە فۆرمی یەکەمی گۆڤارێکی نیوەدەوڵەتی بۆ پێهەڵلا گوتنی بەژن و باڵا و ڕەوشتە بەرزەکانی! دیکتاتۆر تەرخان کراوە. بەڵام قەڵەمە ئازا و نەترسەکانی کوردی ئێران هەرگیز ڕێگایان نەداوە دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی سەریان پێ نەوی بکا و بە قەولی مەسەلی بەناوبانگ «شکاون بەڵام نەچەماون.»

ڕووناکبیرانی کورد زیرەکانە زۆر ڕێگا و شێوەی تازەیان بۆ دەربڕینی هەستی دەروونیی خۆیان دیتوونەوە و بە تایبەتی لە دەرفەتی تێکەڵاوی لەگەڵ ڕووناکبیران و نووسەرانی کوردی عێراق ئەو پەڕی کەلکیان وەرگرتوە، زۆر لە بەرهەمە فکرییەکانی خۆیان لەو بەشەی کوردستاندا بڵاو کردۆتەوە و بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ کوردی عێراق لە بیرەوەریی کارەساتەکانی کوشتار و ئەنفال و بۆمبارانی شیمیاییدا ڕیزە ڕێورەسمێکیان لە شارەکانی کوردستانی ئێران و لە زانستگەکانی تاران و شارە گەورەکانی دیکە ڕێک خستوە کە لەواندا هاوکات لەگەڵ دەربڕینی هاودەردی و هاوپێوەندی بۆ کوردی عێراق، مەینەتەکانی کوردی ئێرانیشیان لە ئیما و ئیشارەی ناسک و وەستایانەی ئەدەبی و شێعرییدا نیشان داوە.

بە چەشنێکی گشتی کوردستانی ئێران لە بەربەرەکانیی دیکتاتۆریی مەزهەبییدا هەموو کاتێک نموونە بووە و کۆنەپەرستی هیچ کات نەیتوانیوە دەنگی ئازادیخوازی لەم بەشەی وڵاتدا کپ بکا، یان بەرنامە و سیاسەت و بڕیارە دژی گەلییەکانی جێبەجێ بکا. نیزیک بە چارەکە سەدەیەک بەرەنگاری بەدژی دڕندانەترین پەلاماری نیزامی و ئابووریی کۆماری ئیسلامی شاهیدێکی زیندووی خۆڕاگری و ئازایەتیی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانە.

### ٧ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
### نفووز، هەڵوێستەکان، ئەرکەکان:

نیزیک بە شەست ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستاندا خەبات دەکا. لەو ماوەیەدا ئەم حیزبە بە هەزاران ئەندامی لە ڕێگای پڕ شانازیی تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەدا شەهید بوون و بە دەیان هەزاری دیکەی تووشی زیندان و دوورخرانەوە و ئاوارەیی هاتوون. هەمووی ئەمانە لە لایەک ئەم حیزبەیان لە خەباتی خۆیدا کارکوشتەتر و کارامەتر کردوە و لە لای دیکە ڕێز و خۆشەویستیی ئەویان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بردۆتە سەرێ. بێ لەخۆ بایی بوون دەڵێین کەمتر حیزبێکی کوردستانی یان ئێرانی هەڵکەوتوە ئەوەندەی حیزبی دێموکرات لە لای خەڵکی خۆی ناسراو، خۆشەویست و جێگای پشتیوانی بێ. ئەم ڕاستییە هەم لە چەند دەرفەتی کەمی هەڵبژاردنی گشتییدا کە خەڵک دەرەتانی هەڵبژاردنی ئازادیان هەبووە، دەرکەوتوە و هەمیش لە بیر و بۆچوون و دەربڕینی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا بۆ هەموو چاودێرێکی بێلایەن بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

ئێستا کە لە دەروازەی پەنجا و نۆیەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتداین ئەم

حیزبە لە یەکێک لە سەرفەسڵە ناسک بەڵام زێڕینەکانی مێژووی خەباتی خۆیدا ژیان بەسەر دەبا. خەڵکی کوردستان چ ئەوانەی ئەندام، لایەنگر یان دۆستی حیزبن و چ ئەوانە کە بێلایەنن و تەنانەت ئەوانەی لایەنگری ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەشن بۆ هەموو مەسەلەیەکی گرنگی سیاسی چاو بۆ هەڵوێستی حیزبی دێموکرات دەگێڕن، چاوەڕوانییان لێی هەیە، گلەیی لێ دەکەن و قسەی دڵی خۆیانی لەگەڵ دێننە گۆڕێ. بەڕاستی نەک هەر هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکەی کورد یان ئێرانی لەم وەزعییەتەدا نییە، بەڵکوو ڕێکخراوێکی ئەوتۆ شک نابەین کە جێگە و پێگەیەکی نیزیک لەوەشی هەبێ.

لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی دوایی حیزبدا لەگەڵ هەموو دژواری و کەند وکۆسپەکانی سەر ڕێگا، پێوەندیی حیزب لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک و بە تایبەتی توێژی ڕووناکبیر ڕەوتێکی تازەی بە خۆوە دیتوە. ئێددیعا ناکەین کە تەشکیلاتێکی پان و بەرین و هەموو لایەنی لە نێو ڕووناکبیران و خوێندکاراندا هەیە، چونکە شتی وا لە سێبەری سانسۆر و زەبر وزەنگدا نە مومکین و نە دروستە. بەڵام هەق بە خۆمان دەدەین کە بڵێین ئەم حیزبە دروشم و ئامانج و سیاسەتەکانی باش هەڵبژاردوون و خەڵکی کوردستان بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانیانەوە ویست و داخوازە ڕەواکانیان لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا دەبیننەوە. بۆیە تەنانەت کەسانێک کە ڕەنگە هیچ پێوەندییەکیشیان بە حیزبەوە نەبێ لەگەڵ سیاسەت و دروشمەکانی حیزبن و وەک دەڵێن: «بالقوه» ئەندامی حیزبن.

حیزبی دێموکرات بە سیاسەتی دروست و ئوسوولی و واقعبینانە لە نێو گەلانی دیکەی ئێران بە تایبەتی گەلانی زۆر لێکراویشدا نفووز و خۆشەویستییەکی باشی پەیدا کردوە. لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات پێوەندییەکی گەرم و دۆستانەی هەیە. هەموویان بە ڕێزەوە بۆی دەڕوانن و لەسەر وەزن و توانا و نفووزی حیساب دەکەن. هەر بۆیەش بەشی هەرە زۆریان خوازیاری هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەم حیزبەن. حیزبەکەمان لە نێو هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا مەوقعییەتێکی تایبەتیی هەیە. بێجگە لە بزووتنەوەی ئیسلامی کە بە ناهەق خەیانەتی بە حیزبی دێموکرات کرد و ٧ تێکۆشەری ئەم حیزبەی تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران دایەوە، ئەم حیزبە لەگەڵ هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردستانی پێوەندیی ئاڵۆز و نێوان ناخۆشیی نییە و لە نێو هەمووان بە حیزبێکی مەسئوول و بە پرەنسیپ ناسراوە. بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین حیزبی ئێمە لە لای کۆمەڵانی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا ڕێز و خۆشەویستییەکی بەرچاوی هەیە و هەموو لا بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کوردی دەزانن.

لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەوقعییەتێکی بەرچاوی هەیە. پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، حیزبە سیاسییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، جگە لە پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئەمڕۆ بە خۆشییەوە وەک دەوڵەتێک ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ، هیچ هێزێکی سیاسیی کوردی نییە پێوەندییەکی هێندەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەگەڵ دنیای دەرەوە هەبێ و بەو جۆرە بە دێموکرات و بە پرەنسیپ ناسرابێ.

ئێستا کە باسی مەوقعییەتی حیزب لە نێو کوردستان و ئێران و دنیای دەرەوەمان کرد، بەجێیە هەڵوێستی ئوسوولیی حیزب لە بارەی هێندێ مەسەلەی گرنگیشەوە باس بکەین بۆ ئەوەی ئەم کۆنگرەیە نەزەریان لەسەر بدا و بینە هێڵی گشتی لە سیاسەتی حیزب دوای کۆنگرەدا. لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتەدا هێندێ لە بۆچوونەکانی حیزب باس کران. بەڵام هێندێ مەسەلەی دیکەش هەن کە پێویستە بە جیا و بە ڕوونی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

*) پێش هەموو شتێک هەڵوێست بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. لە جێیەکی دیکەدا گوتمان وەک پرەنسیپ وتوویژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەت ناکەینەوە، بەڵام ئەمە قەت بەو مانایە نییە کە ئێمە لە بارەی نێوەرۆکی ڕێژیمەوە دوچاری هیچ جۆرە گومانێکین یان پێمان وایە لە چوارچێوەی ئەم نیزامەدا دەکرێ ئاواتەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران وەدی بێن. بۆیە بە ڕاشکاوی و بێ‌پەردە هەر وەک هەمیشە خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانین و گۆڕانی ئەم ڕێژیمە بە مەرجی سەرەکی بۆ پێکهاتنی هەر چەشنە گۆڕانێکی قووڵ بە قازانجی جێگیربوونی ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا دەزانین.

*) بەرامبەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن باوەڕی تەواومان بە پێویستیی پێکهێنانی ڕێککەوتنێکی بەرین لە زۆربەی هێزە دێموکرات و وڵاتپارێزەکانی ئێران هەیە و ئامادەین لەو ڕێگایەدا لە خۆمان مایە دانێین و هەنگاو هەڵێنینەوە. هەر لەوکاتەدا وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر پرەنسیپەکانمان کە پێشتر باسمان کردن، بایەخێکی زیاتر بە هاوکاری و نیزیکی لەگەڵ دوو دەستە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەدەین: ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی وڵات بە گشتی و ئەو هێزە سیاسییانە کە وەک خۆمان نوێنەرایەتیی ئاوات و ئامانجەکانی گەلانی بەشخوراوی ئێران دەکەن.

*) لە بارەی کوردستانی ئێران و هێزە سیاسییەکانییەوە بە دڵەوە باوەڕمان بە پێویستیی کارکردن بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێک بۆ هاوکاری و خەباتی هاوبەش لە پێناوی وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستاندا هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی زۆرمان داوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا پێمان وایە لە هەر یەکگرتن و هاوپەیمانەتییەکدا دەبێ ڕیزە ئەسڵێک لە بەرچاو بگیرێن. بۆ وێنە دەبێ هەوڵ بدرێ ئەوەندەی بگونجێ هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی حازر لە مەیدانی تێکۆشانی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستاندا پشتگوێ نەخرێ، مەگەر لەو حاڵەدا کە ڕێکخراوێک بۆخۆی لەگەڵ ئامانجە هاوبەشەکان نەگونجێ یان حازر نەبێ لەگەڵ ئەوانی دیکە هاوکاری بکا. هەروەها پێمان وایە ڕێبەرایەتیی هەر یەکیەتییەک کە بە هەر ناوێک پێک دێ پێویستە ئاوێنەی وەزن و هێز و توانای هەموو ئەو ڕێکخراوانە بێ کە تێیدا دەبن بە ئەندام.

*) هەڵوێستمان بەرامبەر بە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان هەر وەک خۆیەتی. ئێمە گەلی کورد و کوردستانی ئێران بە بەشێک لە گەلێک و نیشتمانێکی گەورەتر دەزانین. هەر لەو کاتەدا هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکیی ناوچەکەمان باش تێ‌دەگەین و باوەڕمان وایە کە هەر بەشێکی کوردستان حیزب و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆی و بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە هەڵبژاردنی تاکتیک و ستراتێژی و دۆست و دوژمندا بۆخۆی سەربەخۆ بڕیار دەدا. هیچ هێزێکی کوردستانی حەقی نییە دەست لە کاروباری بەشێکی دیکەی کوردستان وەر بدا، ئەندام بۆخۆی لە نێو دانیشتووانی بەشەکانی دیکەدا پەیدا بکا، یان حیزبی دەسکردی خۆی بۆ بەشێکی دیکە قوت بکاتەوە.

هەر لەوکاتەدا پێمان وایە هێزە سیاسییەکانی کورد ئەرکی هاوبەش و قازانجی هاوبەشیان هەیە و دەتوانن پێکەوە ستراتێژیی هاوبەش و پرەنسیپی هاوبەش دابنێن و پەیڕەویی لێ بکەن. دەبێ لە کاتی تەنگانەدا بە فریای یەکتری بگەن و بە چاوپۆشی لە هەڵوێستی حکوومەتەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا هاودەرد و خەمخۆری یەکتر بن.

*) دەر بارەی شێوەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان حیزبی دێموکرات وەک هەمیشە شێوەی ئاشتیخوازانەی خەبات بە شێوەی هەرە دڵخواز دەزانێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا هیچ شێوەیەک لە خەبات لەوانە خەباتی چەکدارانە ئەگەر زەروورەتی زەمانی و مەکانی بە دروستی دابنێ ڕەت ناکاتەوە.

*) لە ڕادەی جیهانییدا حیزبی دێموکرات خۆی لە بەرەی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسییدا دەبینێ. بە پێی ئیمکان لەگەڵ هێزە دێموکرات و ئینساندۆستەکان بۆ نەهێشتنی زوڵم و بێداد و دیکتاتۆری و شەڕ و ئاژاوە و بە تایبەتی بەڵای هەرەماڵوێرانکەری ئەم سەردەمە واتە پەتای تێرۆریزم بە هەموو نەوعەکانی ئیسلامی! و نائیسلامی و دەوڵەتی و نادەوڵەتییەوە هاوکاری دەکا. لەو پێناوەدا هیچ بیانوویەک ناناسێ و هیچ شتێک جگە لە قازانجی گەل و نیشتمان خەت و ڕێبازی بۆ دیاری ناکا.

**دروشمی ستراتیژی:**

هەرچەند تا ئێستا دروشمی ستراتێژیی حیزبی ئێمە، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە، بەڵام ئەو ڕاستییەش هەرگیز لە بەرچاوی حیزبەکەمان ون نەبووە کە باشترین شێوە بۆ چارەسەریی مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئێراندا، فیدرالیزمە. ئەم مەسەلەیە هەم لە لایەن ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووەوە نزیک بە چل ساڵ لەمە پێش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ئاماژەی پێ کراوە و هەم دواتریش لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا (١٣٥٠) باسی لێ کراوە و، هەم لە نامەی خاکەلێوەی ١٣٥٨ـی حیزبیش بۆ خومەینییدا پێی لەسەر داگیراوەتەوە. هێندێ جاریش لە ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەو پێیە حیزبی ئێمە نە قەت خودموختاری بە تاکە شێوە و گونجاوترین ڕێگا بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە ئێراندا زانیوە و نە بەرامبەر بە ناسین و لەبار بوونی فیدرالیزم بێگانە بووە، بەڵکوو لەو باوەڕەدا بووە ئەوەی تا ئێستا و لە داهاتووشدا دەبێتە هۆی هەڵگرتنی دروشمێک یان گۆڕینی دروشمێکی هەڵگیراو، زیاتر کەش و هەوای سیاسیی نێونەتەوەیی و چۆنیەتیی سەیر کردنی مافی گەلان لە لایەن خودی گەلانی ئێرانەوە و باوبوونی ڕێگاچارەی ئەو جۆرە مەسەلانە لە بیر و ڕای گشتیی جیهانییدا کە ئەویش بە هۆی پسپۆڕان و خاوەن نەزەرانی ئەو بوارەوە دێتە گۆڕێ.

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و زیاتری ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوانە لەگەڵ مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان ئاشنان و بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان تێ دەکۆشن. لە وەزعێکی ئەوتۆدا حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناتوانێ لەو باوەڕەدا بێ کە ئەگەر لە ئێرانێکی تەنانەت دێموکراتیکدا مافی گەلی کورد بە شێوەی خودموختاری دابین بکرێ، بەڵام گەلانی دیکەی ئێران لەژێر ستەم و بێمافییدا بمێننەوە، ئەو

دێموکراسییە تەواوە و ئیرادی پێ وارید نییە!

جگە لەوە لە دنیای ئەم سەردەمەدا و لە هەر جێگایەک کە باس لە بوونی گەلێکی بندەست دەکرێ و ڕێگاچارەی بۆ پێشنیار دەکرێ، کەمتر باس لە خودموختاری دەکرێ، بەڵکوو فکری غاڵب فێدرالیزمە کە بە شێوەیەکی ئەمڕۆیی و جیهانگیر بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە وڵاتێکی چەند نەتەوەییدا پێشنیار دەکرێ. شێوەیەک کە هەم بە یەکەوە ژیانی گەلانی پێکهێنەری وڵات بە شێوەیەکی دڵخوازانە مسۆگەر دەکا و هەم گەلانی ئەو وڵاتەش دەبنە خاوەنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان و لە هەمان کاتیشدا نوێنەرانی ئەو گەلانەش لە دەسەڵاتی ناوەندییدا بەشدار دەبن. شتێک کە ڕەنگە لە خودموختارییەکی پڕنێوەرۆکیشدا تا ئەو ڕادەیە مسۆگەر نەبێ.

مەسەلەیەکی دیکە کە لەم پێوەندییەدا پێویستە لە بەرچاو بێ، ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان، ئەوانەی کە خاوەنی خاکێکی بەرین و حەشیمەتێکی زۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند نەتەوەی جیاوازیان تێدا ناژین، بۆ باشتر بەڕێوەبردنی وڵات و پێڕاگەیشتنی هاسانتر و ڕێکوپێکتر و دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر چەند دەسەڵاتی ناوچەییدا لە سیستمی فێدرالیزمی ئیداری کەلک وەردەگرن. وڵاتی ئێمەش کە لە قەدەر وڵاتانی دەوروبەری خۆی و وڵاتانی ناوچە بە گشتی، هەم وڵاتێکی پان و بەرین و هەم خاوەنی حەشیمەتێکی زۆرە، ئەگەر بە شێوەی فێدرالیزم لەسەر ئەساسی نەتەوەیی و جوغرافی بەڕێوە بچێ، جیا لەوە کە دەتوانێ دێموکراسییەکی واقیعیتری تێدا سەقامگیر بێ و گەلانی ئێران بە مافە نەتەوایەتییەکانیان بگەن، لە باری ئیدارییشەوە؛ زەمینەی باشتر بەڕێوەچوون و ئیدارەکردنی لەبارتریشی بۆ دەڕەخسێ.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییانە و زۆر ڕاستیی حاشا هەڵنەگری دیکەش، بەجێیە کۆنگرەی ١٣ی حیزب، دروشمی ستراتێژیی خۆی لە خودموختارییەوە بۆ فێدرالیزم بگۆڕێ.

هەر وەک لە پێشەوە باسمان کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکی کوردستان و ئێران و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا جێگە و پێگەیەکی شیاوی هەیە و هەڵوێستە سیاسییەکانیشی ئەگەر بە دڵی هێندێک لایەنیش نەبن لە لایەن زۆربەی خەڵکی کوردستان و لایەنە پێوەندیدارەکانەوە پێشوازییان لێ دەکرێ و بە پەسەند دادەنرێن. دیارە بوونی ئەو مەوقعییەتە ئەرکی حیزبی دێموکرات قورستر دەکا. ئەم حیزبە بۆ پاراستنی ئەو جێگە و پێگەیە کە هەیەتی دەبێ هەوڵ بدا هەمیشە لە بەرەو پێشچوون و پێشکەوتندا بێ. تەنیا شانازی بە دەسکەوتەکانی ڕابردوو ناتوانێ حیزبێک، ڕێکخراوێک یان دەوڵەتێک لەسەر پێ ڕاگرێ، بەڵکوو دەبێ هەمیشە لە نوێ بوونەوە و گەشەکردندا بێ، تا بتوانێ خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا ڕێک بخا. لەم پێوەندییەدا دەبێ:

- تێ بکۆشین پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر پتەو بکەین. ئەو پێوەندییە کە ئێستا هەیە دەکرێ بڵێین بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشتر باش و بەربڵاوە. بەڵام خۆمان لە هەموو کەس باشتر دەزانین کە ئەوە نەک هەر بە ڕادەی پێویست نییە، بەڵکوو بۆ هەلومەرجی ئێستا لە لانیکەمی پێویستیش کەمترە. پێوەندی بە نامە، بە فاکس، بە تەلەفوون، بە پۆستی ئێلێکترۆنی، بە ناردن و هاتنی پەیک هەموویان باشن. بەڵام هیچ شتێک جێگای پێوەندیی ڕاستەوخۆ ناگرێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە

ڕێبەرایەتیی حیزب پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خەڵک و ژوورەوەی وڵات کەمە. ئەوە کاری ڕاستەخۆ و لە نیزیکەوەیە کە دەتوانێ ڕێبەرایەتیی حیزبێک لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵ و لە ویست و داخوازەکانی خەڵک ئاگادار بکا، تا بتوانێ باشترین و گونجاوترین سیاسەتیان لەسەر دابنێ و بەرنامەی گونجاو بۆ پیادەکردنی دابڕێژێ. کەوایە پێویستە لە نیزیک بوونەوە و پێوەندیی ڕاستەخۆ لەگەڵ خەڵکدا پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر بکەین.

- بەشی زۆری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لاوانی خوێندەوار و ڕووناکبیر پێک هاتوە. ئەوانە تینووی شتی تازە و فێربوون و فێرکردنن. پێویستە حیزب بەوانە زیاتر ڕابگا، بەرنامەیان بۆ دابنێ، لە باری فکری و سیاسییەوە خۆراکیان بۆ دابین بکا و لە هەمووی زیاتر لە دانانی خەت و ڕێبازی پەروەردە کردن و ڕاهێنانی تەشکیلاتی و فکرییدا کۆمەگیان لێ وەرگرێ، بەشداریان بکا و نەخشیان پێ بسپێرێ. بەرەی تازە زمانی بەرەی تازە دەزانێ، تێی دەگا و تێی دەگەیەنێ، کە وا بێ پێویستە ئەزموونی گەورەکانمان لەگەڵ ئێنێرژی و شێوەکاری لاوەکانمان تێکەڵ کەین و بۆ ڕاکێشانی هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بۆ لای خەبات و تێکۆشان بە کاری بگرین.

- ئەو ئەسڵە کە دەڵێ هیچ کەس هەموو شتێک نازانێ و بە هەمووان هەموو شتێک دەزانن دەبێ لە هەموو کارە فکرییەکان و لە سیاسەت داناندا هەمیشە ڕێنوێنمان بێ. دەبێ پتر لە ئەقڵی بەکۆمەڵ و کاری بەکۆمەڵ کەلک وەربگرین و تەنیا بەرپرسایەتییەکانمان تاکەکەسی بن، ئەویش بۆ ئەوەی هەر کەس چوارچێوەی ئەرک و دەسەڵاتەکانی بزانێ و دەرەتانی لێپرسینەوە هەبێ.

- لەم بەشەدا پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی پێ لەسەر پێویستیی بایەخ دان بە چالاکتر کردنی نەخشی ژنان لە کار و تێکۆشانی حیزبی و بە گشتی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا دابگرین. هەموومان دەزانین لە دوو دەیەی دواییدا ئاگایی و ئازایی ژنانی ئێران و نەخشی کاریگەریان لە خەباتی دژی دیکتاتۆرییدا سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. درانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە خانمی «شیرین عبادی» لە ڕاستییدا پاداشێکی سەمبولیک و ڕێز لێنانێک بۆ ئەو هەموو فیداکارییە بوو کە ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا لە خۆیان نیشان داوە.

ژنانی کوردیش بە نۆرەی خۆیان نەک هەر بەشێکی چالاک لەو خۆڕاگری و فیداکارییە بوون، بەڵکوو ڕابردوویەکی دوورتر و پڕ شانازیتریشیان لە دیفاعی چەکدارانەی نیزیک بە بیست ساڵی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە پەلاماری کۆنەپەرستییدا هەیە. ناوی دەیان و سەدان ژن کە شان بە شانی برا پێشمەرگەکانیان لە دیفاع لە ئازادییدا بەشدار بوون، تووشی برینداری و بەدیل گیران و ئەشکەنجە و ئازار هاتوون و تەنانەت لە بەرەکانی شەڕ یان لە مەیدانەکانی تیرباراندا شەهید بوون، لە ئاسمانی خەباتی گەلەکەماندا بۆ هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە.

لێرەدا ئازایانە دەبێ پێ لەو ڕاستییە بنێین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەشدار کردنی ژنان لە کار و تێکۆشان و بە تایبەتی بەرپرسایەتییدا کەمکار بووە. ڕاستە زۆر کەند و کۆسپی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سروشتی هەن کە دەرەتانی بەشدارییەکی بەرچاوی ژنان لە تێکۆشانی سیاسییدا بەرتەسک دەکەنەوە، بەڵام ئێمە ناتوانین

کەمکارییەکەمان بەو کەند و کۆسپانە پاساو بدەین. بە ڕاشکاوی دەڵێین لە باری ئوسوولی و بەرنامەییەوە حیزب لە بارەی ژنانەوە کەموکوورییەکی نییە. کەچی کە دێتە سەر کردەوە و بەشدرایی بە کردەوەی ژنان، مەسەلەکە زۆر فەرق دەکا. با بە چاوێکی ئاوەڵاوە سەرنجی ئەم واقعیەتە بدەین:

لەگەڵ ئەوەی ئەم کۆنگرەیە بە تەنیا لە ئەندامانی ئاشکرای حیزب پێک هاتوە، بەداخەوە ڕادەی بەشداریی ژنان لە ٥.٧٪ی ئەندامانی کۆنگرە تێ ناپەڕێ. لەوە سەیرتر، لە نێو دەیان نوێنەری کۆنگرە کە لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتی بێگانەوە گەڕاونەوە بۆ نموونەش تاقەژنێک بەرچاو ناکەوێ. بە ڕاشکاوی دەبێ بگوترێ ئەمە بۆ حیزبی دێموکرات ناتەواوییەکی گەورەیە. کە وا بێ با ئەم کۆنگرەیە بڕیارێکی نوێ لەو بارەیەوە بدا و هەمووشمان بەرامبەر بە کۆنگرە، بەرامبەر بە ژنان و بەرامبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بەرعۆدە بین کە قۆناغێکی تازە لەو پێوەندییەدا دەست پێبکەین، قۆناغێکی پڕ کار و چالاکی و هەستی مەسئوولییەت کە ساڵ بە ساڵ لە ئامانجی بەرامبەریی ژنان و پیاوان لە ماف و ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا نیزیکترمان بخاتەوە.

- پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکانی سەرێ و خوارێ یان ڕێبەری و بەدەنە لە حیزبدا پێوەندیی باڵادەست و ژێردەست نییە، پێوەندییەکی ئۆرگانیکە کە هەموو بەشەکانی پێویستییان بە یەکتر هەیە و یەکتر تەواو دەکەن. بۆیە دەبێ ڕێبەری لە پێوەندیی هەمیشەیی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەدەنەدا بێ، پرسی پێ بکا، نەزەری لێ بخوازێ، ڕێگای پرسین و پێشنیار و ڕەخنە گرتنی پێ بدا و لە مەسئولییەتدا بەشداری بکا. بەدەنەش نابێ بێتەفاوەت بێ، پێویستە لەگەڵ وە بەرچاو گرتنی ئەو پەڕی دیسیپلین و پاراستنی حورمەتی تەشکیلاتی، هەمیشە خۆی بە شەریکی بڕیارەکان بزانێ، لێیان بپرسێ و لە ڕێگای ئوسوولییەوە لە ڕێبەرایەتی بپرسێتەوە. حیزب سەربازخانە نییە فەرماندە و سەربازی هەبێ. نەزمی حیزبی دەبێ پتەوتر لە نەزمی سەربازخانە بێ، بەڵام هەر لەوکاتەدا نەزمێکی ئاگایانەیە و لە سەرێ بۆ خوارێ هەموو شەریکی بڕیارن. تەنیا زامن بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتی باش بڕیار بدا، باش عەمەل بکا و قابیلی لێپرسینەوە بێ، چاودێری و لێپرسینەوەی ئاگایانەی بەدەنەیە.

- تەبلیغاتی حیزب، نووسراو و بیسراوی، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. بەڵام دیسان وڵامدەر نییە، خەڵک و بە تایبەتی لاوان شتی زیاتر و تازەتریان دەوێ. پێویستە پێش خستنی ئەو بەشە لە کاری حیزبی لە هەموو بوارەکانی فکری و تەکنیکی و ئامادە کردن و بڵاوکردنەوەدا ئەرک و مشووری هەمیشەییمان بێ. هەر وەک هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامرازی نوێتری کاری تەبلیغاتی دەبێ بێپسانەوە درێژە بدرێ. ڕەنگە بتوانین بڵێین لەو پێوەندییەدا هەنگاوی باشمان ناوە و لە ئامانج نیزیک بووینەوە. بەڵام لە بیرمان نەچێ کە ئەو کارە و تەکنیکەکەی هەموو ڕۆژێ لە گۆڕان و بەرەو پێش چووندایە. هەر ڕۆژێک غافڵ بوون دەتوانێ ڕێی ساڵێکمان وەدوا بخا.

- پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانمان هەر چەندی باش و بەربڵاویش بن نابێ ڕازییمان بکەن. ئەمڕۆ چارەنووسی هیچ گەل و وڵاتێک تەنیا بە ئیمکاناتی خۆیی دیاری ناکرێ. پێوەندییەکانی دنیای ئەمڕۆ هێندە ئاڵۆز و تێکچڕژاون کە نەک هەر هێزە بچووکەکان و وڵاتان و گەلانی کەمدەسەڵات و کەمتوانا پێویستیان بە پشتگیریی دەسەڵاتدارە گەورەکان

هەیە، بەڵکوو مەزنترین دەوڵەت و وڵات و دەسەڵاتەکانیش لە زۆر بارەوە پێویستییان بە یارمەتی و هاوکاریی هێزە بچووکە ناوچەییەکان هەیە. لەو حاڵەدا دەبێ تەکانێکی باشتر بە کاری پێوەندییەکانمان بدەین، بەرنامەی بۆ دابنێین و تێ بکۆشین جێگای خۆمان و مەسەلەکەمان و گەلەکەمان لە هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکاندا بکەینەوە.

سەرکەوێ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سڵاو لە گیانی پاکی دامەزرێنەران و رێبەرانی شەهیدی حیزب و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی
سڵاو لە گیانی نەمری شەهیدانی حیزب و گەل بە تایبەتی شەهیدانی نێوان دوو کۆنگرەی ١٢ و ١٣ی حیزب
سڵاو لە گەلی قارەمانی کورد سەرچاوەی هێز و توانای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سڵاو لە ژنان و پیاوانی تێکۆشەری رێگای ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا
بەرقەرار بێ ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئێران و جیهاندا
سەرکەوتن بۆ خەباتی گەلانی زۆر لێکراوی ئێران
لە پێناوی وەدستهێنانی مافە نەتەوایەتییە رەواکانیاندا
سەر کەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
پێشڕەوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب

### پەیامی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، بۆ بزاڤی شۆڕشگێڕانە و پێکهاتەشکێنی خوێندکاری بە بۆنەی ساڵڕۆژی ١٨ی پووشپەڕەوە

**خوێندکارانی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ!**
**هاوڕێیانی سەنگەرگرتوو لە زانستگا دژی سەرەڕۆیی مەزهەبی!**

سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشڕەوی خەباتی میللی-دێموکراتیکی گەلی کورد، لە کاتێکدا بەرێوە چوو، کە گەلانی وەزاڵە هاتوو لە ستەم و دیکتاتۆریی مەزهەبی بەسەر وڵاتەکەماندا، خۆیان بۆ نارەزایەتیدەربرینی ١٨ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی کوشتار و سەرکوتی رۆڵە خوێندکارەکانیان بە دەستی شەوپەرستانی تواوەوە لە ویلایەتی نەزانییدا ئامادە دەکەن، رۆژێ کە سیستەمی پاشڤەرۆ و سەدەنێوەراستیی کۆماری ئیسلامی لە بەرچاوی بیروڕای جیهاندا کەوتە زۆرانبازی لەتەک زانست، ئازادی، کولتوور و شارستانییەتی مرۆڤایەتی.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، پێکهاتەشکێن و دێموکراسیخوازی خوێندکاری، لە ماوەی پتر لە نیو سەدە خەبات دژی سیستەمە ئازادیکوژ و کۆنەپەرستەکانی زاڵ بەسەر وڵاتەکەماندا،

سەلماندوویانە کە بە هۆی پاڕامیترگەلێکی وەک ئاگایی، بایەخ دان بە چەمکە بەرزە مرۆڤایەتییەکان و بە کەلکوەرگرتن لە هێز و وزەی لاوێتی، خاوەنی پوتانسیەلێکی مەزن بۆ شکاندنی داخرانی سیاسی و تا ئێستا، بە شێوەیەکی دەرهەست، پشتیوانی ڕاستەقینەی خەباتی گەلانی ئێران لە سەرانسەری وڵاتدا بوون.

دەسەڵاتپەرستانی کۆماری ئیسلامییش، هەر لە سەرەتای دەسەڵاتە ڕەشەکەیانەوە، لەو ڕاستییە گەیشتوون کە دروشم و بایەخە بەرزەکانی بزووتنەوەی ڕەسەن و ڕادیکاڵی خوێندکاری، ئانتیتێزی سیستەمی کۆنەپەرستانە و ئازادیکوژی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیەیە. کەواتە، ئەو ڕێژیمە هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی دەسەڵاتەکەیەوە تا ئەمڕۆ بە پەنا بردن بۆ پیلانگەلێکی ئەهریمەنی وەک: کودەتای فەرهەنگی، دامەزرانی ڕێکخراوی دەستکرد و دانانی فیلتەرگەلێکی ئیدئۆلۆژیکیی جۆراوجۆر، بە مەبەستی دروستکردنی پێکهاتەیەکی پارادۆکسیکاڵ بە ناوی ‹‹خوێندکاری موسوڵمانی پێڕەوی خەتی ئیمام››، هەوڵی داوە و هەوڵ دەدا کە بزووتنەوەی پێکهاتەشکێن و ڕادیکاڵی خوێندکاری لە سیکلی گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکان دەر باوێ. بەڵام ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئاشکرایان کرد کە ئەو پیلانگێڕییانە شکستێکی بێئەملا و ئەولای بۆکۆماری ئیسلامی بە دواوە بووە و پێشبینییەکانی سەرانی ئەو ڕێژیمە نەهاتوونە دی و ئاکامێکی بە قازانجی ڕێژیم لێ نەکەوتوەتەوە. بە تایبەت گرنگیی ئەم بزاڤە خەباتکارە خوێندکارییە، لەوەدا بوو کە ئەو بزووتنەوەیە ماهیەتی ئیسلاح نەبوو و سێناریۆی دەستکردی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بە باشی دەرخست و بۆ تەواوی بیروڕای گشتیی جیهانی سەلماند کە ئەم سێناریۆیە چ نییە، جگە لە فێڵ و تەڵەکەیەک بۆ بەلاڕیدا بردنی بیروڕای گشتیی جیهان و ئەم ڕێژیمە بە ناچار بەرەو هەڵدێری نەمان بەڕێوەیە و لاوانی وشیاری وڵاتەکەمان کە شێلگیرانە هاتوونەتە گۆڕەپانی خەباتەوە، تا هێنانە سەر کاری سیستەمێکی دێموکراتیک و ئەمرۆیی، دەست لە خەبات هەڵناگرن.

هەر چەند کە هەموو ئەم دەسکەوتانە نرخێکی زۆری وەک لە خوێندا شەلاڵ بوونی ژینگەی زانست و فەرهەنگ و لە زیندان پەستاوتنی لاوانی خوێندکاری، بۆ دراوە، بەڵام ئەم نەقشە گرنگ و چارەنووسسازەی کە ئەمڕۆکە ١٨ی پووشپەڕ وەک سەمبولی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە سەرانسەری وڵاتدا دژی سیستەمی ئەهریمەنیی ویلایەتی فەقیهـ دەیگێڕێ، زۆر پڕبایەختره لەو فیداکاری و ئازاردانانە.

نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدان بە ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە نێوخۆی وڵات و پێوەندییە زاڵە نێونەتەوەییەکان، بۆ جارێکی دیکە ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووسسازی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی لە خەبات بۆ ئازادی و هێنانە سەر کاری سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، تاوتوێ کرد و هەمووان لەسەر ئەو واقعیەتە حاشاهەڵنەگرە پێیان داگرتەوەکە بزووتنەوەی پێکهاتەشکێنی خوێندکاری پاڕامیترێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە ئامانجە هیوابەخشەکانی گەلانی وڵاتەکەمان.

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتیی لە لایەن هەموو خەباتگێڕانی بزاڤی میللی-دێموکراتیکی گەلی کوردەوە، پشتیوانیی خۆی لە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی خوێندکاری لە سەنگەری بەرخۆدانی زانستگا، ڕادەگەیەنێ و پێ لەسەر

بەهێزکردنی ئەو سەنگەرە پڕبایەخە دادەگرێتەوە و دڵنیایان دەکاتەوە کە لە هەموو هێزی سیاسی، تەبلیغاتی و دیپلۆماتیکی خۆی بۆ پشتیوانی لەو بزاڤە ڕادیکاڵ و وشیارانەیە، کەلک وەردەگری و تا سەر ئەوان بە هاوسەنگەر و هاوخەباتی خۆی دەزانێ.

سڵاو لە بزاڤی پێکهاتەشکێنی خوێندکارانی خەباتگێڕی وڵاتەکەمان!

بڕووخێ ڕێژیمی سەرەڕۆ و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران!

یەکگرتووتر بێ هاوهەنگاوی و هاوخەباتی گەلانی ئێران بۆ هێنانە سەر کاری سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا!

**کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

**پەیامی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بۆ زیندانییانی سیاسیی وڵات**

زیندانییانی سیاسی!

لایەنگرانی بیر و باوەڕ!

بوونی زیندانیی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا لە خۆیدا بە واتای نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان و ڕاپێچ کردنی ئەو کۆمەڵە ئینسانانەیە کە جیاواز لە دەسەڵاتداران بیر دەکەنەوە. بەو حاڵەش بوونی زیندانیی سیاسی بە واتای بوونی نارەزایەتیی سیاسی و جەماوەری دێت کە دەسەڵاتداران لە چارەسەر نەکردنیان بە ماکەی یەکەم دەژمێردرێن.

بێگومانین لەوەی کە ئێرانی ئەمڕۆ زیندانێکی گەورەیە بۆ جیابیران و بۆ هەموو ئەو سەدان تێکۆشەرە سیاسییەی کە لەماوەی ٢٥ ساڵەی حاکمیەتی مەزهەبییدا، لە پێناو دێموکراسی و ئازادییدا خەباتی بێوچانیان کردوە.

حاشاهەڵنەگرە کە فەلسەفەی بونیادیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەسەر سڕینەوەی هەموو ئەو بیرۆکە و ڕوانگانە دامەزراوە کە دەکرا لە ئێستا و داهاتووی ئێمەدا و لەسەر سەقامگیرکردنی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی ئەکتیڤ بگێڕن.

٢٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هاوکات بووە لەگەڵ هێرشی ئاشکرای ئەم ڕێژیمە بۆسەر جیابیران و تێکۆشەرانی سیاسی بە شێوەیەک کە سیمای دیاری ئەم هێرشانە خۆی لە ڕاوەدوونانی هەزاران کەسایەتیی سیاسی و لە زیندان ئاخنینیان بینیوەتەوە، تاکوو ئێستاش بە سەدان تێکۆشەری سیاسی ئێعدام کراون.

قەتلوعامی زیندانییانی سیاسی لە دەیەی ٦٠ی هەتاوییدا، نموونەی بەرچاوی ئەم وەحشیگەرییەیە کە زیاتر لە دوو دەیەیە بە ئاشکرا پێڕەو دەکرێ.

ئەمڕۆکە لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا و پەرەسەندن و گشتگیربوونی دێموکراسی، لە بەریەک هەڵوەشانەوەی بەشێک لە ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان و پرۆسەی بە جیهانی بوونی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان، بێگومان بوونی ڕێژیمێکی چەوسێنەر و فەندەمیتالی ئیسلامی کە تا سەر ئێسقان لەسەر چەوسانەوەی ئینسانەکان دەمەزراوە، ناتوانێ بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ئەمڕۆ قابلی قەبووڵ بێ، هەر لەم پێوەندییەدا ئەرکی هەموو لایەک و بە تایبەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسییە کە بە یەکخستنی ڕیزەکانیان

ڕێژیمی ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە لە بەرانبەر داخوازە ڕەواکانی ئازادیخوازان و ڕۆڵەکانی نەتەوە جیاجیاکانی ئێراندا بکەن و ئەو ڕاستییە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ئاشکرا بکرێ کە لە زیندانەکانی ئەم ڕێژیمەدا بە سەدان تێکۆشەری سیاسی بە دەیان ساڵ لەژێر ئەشکەنجەی ڕۆحی و جەستەیی‌دان.

پێویستە بگوترێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادی‌خوازانە و میللی–دێموکراتیکی کوردستان، وێڕای ئەوەی کە جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆی لە ئازادیی تەواوی زیندانییانی بیروباوەڕ دەردەبڕێ، سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی و ناوەندە مرۆڤ‌دۆستەکان بۆ لای حەقیقەتی تاڵی زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ڕادەکێشێ.

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکرات، وێڕای ڕێزگرتن بۆ خۆڕاگری سەرجەم زیندانییانی سیاسی و بە تایبەت زیندانییانی سیاسیی کوردستان و ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات لە زیندانەکانی ئێراندا، پەیمانی خۆی لەسەر درێژەدانی ڕێگای پیرۆزی ئەوان نوێ دەکاتەوە. بێ‌گومان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە پشتیوانی لە زیندانییانی سیاسی و بنەماڵەکانیان ئەم ڕاستییە جارێکی دیکە دووپات دەکەنەوە کە زیندانییانی سیاسی، ڕێبەران و پێشڕەوانی تێکۆشانە سیاسییەکانی وڵاتن و پاڵپشتیی بێ‌ئەملا و ئەولای خۆیان لە داوا ڕەواکانیان دەردەبڕن و سەرەنجام یا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بە قەبووڵی داخوازەکانیان دەکەن یا کۆتایی بە تەمەنی دێنن.

بەشدارانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە سەری ڕێز و ئەمەگ بۆ خۆڕاگریی زیندانییانی سیاسی و هاوسەنگەرانی بە ورەی خۆیان لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دادەنوێنن و ئازادیی ئەوان و ڕزگاربوونی ئێران بە ئاوات دەخوازن.

**کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

## پەیامی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکرات بۆ ڕێکخراو و لایەن و ناوەندی داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ

لەگەڵ ڕێز و حورمەتماندا

سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێک کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە لە پێناو هێنانە دیی دێموکراسی لە ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا، بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە پەرەدان بە دێموکراسی و لە بەرچاو گرتنی مافی مرۆڤ و، ئەوەش وەبیر دێنێتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بیست‌وپێنج ساڵە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی لە ڕێگەی سەرەڕۆیی و پێشێل‌کردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ لە ئێراندا، بەسەر خەڵکی وڵاتەکەماندا سەپاندوە و نەی‌توانیوە و ناتوانێ گوێ بۆ هیچ هاوارێکی ئازادی‌خوازانە ڕاگرێ، ئەوە ڕاستییەکە کە لە چاوی ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ شاراوە نییە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریتیی خۆیدا، پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤەوەی کردوە بەگاڵتە و دێموکراسی بە دیاردەیەکی

ڕۆژئاوایی و بەدژی بنەما فکری و باوەڕە ئایینییەکانی خۆی دەزانێ.
پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ لە ئێران، بەندکردنی ئازادیخوازان و جیابیران، سەرکوتی بەربڵاوی خوێندکاران، بێبەشکردنی گەلانی ئێران لە مافە نەتەوایەتییەکانیان، بە کار هێنانی شێوەکانی ئەشکەنجەی سەدەکانی نێوەڕاست لە سەر بەندە سیاسییەکان و هەروەها بە چاوی سووک ڕوانینە ژنان، وەک نیوەی کۆمەڵی ئێران و بێبەشکردنیان لە مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاواندا، بەشێکە لە سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
لە ئاستی ناوچەکەدا، بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان، بە تایبەت دوو وڵاتی دراوسێی، واتە عێراق و ئەفغانستان، بووەتە هۆی بشێوی و بێئەمنیەتیی لەم وڵاتانەدا.
سەرەڕای ئامانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەوڵی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی سەبارەت بە هاندانی ڕێژیم بە مەبەستی دەست کێشانەوە لە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکە کۆکوژەکان بە ناکامی هێشتووەتەوە و، لەم بوارەشدا کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی نیگەران کردوە. جێی خۆیەتی کە وەها ڕێژیمێک وەک پەڵەیەک بە داوێنی کۆمەڵگەی جیهانییەوە لە قەڵەم بدرێ و فشاری زیاتری بخرێتە سەر.
لەم پێوەندییەدا کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، داوا لە ڕێکخراو و لایەنە مرۆڤدۆستەکان دەکا کە زیاتر سەرنج بدەنە هاواری ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران، تا لە پێوەندی لەگەڵ وەها ڕێژیمێکدا لێبڕاوانە ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن. بە تایبەت کە ئێستا ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن زیاتر لە جاران لە پەرەگرتندایە و گۆڕەپانی خەباتی دژی تێرۆریزم بەربڵاوتر بووەتەوە و کۆماری ئیسلامییش، وەک دوژمنی دێموکراسی و پشتیوانی تێرۆریزم ناسراوە.
سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، داوا لە هەموو لایەک دەکا، گوێیان لە هاواری خەڵکی ئێران بێ و بۆ لە بەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ، فشارێکی زیاتر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

## پەیامی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

بەڕێزان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!
گەرمترین و بەسۆزترین سڵاوی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبتان پێشکەش!
بەڕێزان!
ئازیزەکاان و جگەرگۆشەکانی ئێوە، خوێنی گەشیان بەختی بەختەوەریی گەلەکەمان و گیانی شیرینیان فیدای مەزنترین بەهای مرۆڤایەتی، واتە ئازادی و سەربەستی کرد. ئێستاش ناوی سەربەرزی شەهیدان و یادی پیرۆزیان مەشخەڵی ڕێگا و توێشووی سەفەری کاروانی ڕێبوارانی ڕێی ئازادی، بەرەو لووتکەی ڕزگاری و سەربەستییە.
ئەندامانی کۆنگرەی سێزدە و هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە ئیمان بەو ئامانجانەی شەهیدانی سوورخەڵاتمان کە گیانی شیرینیان لە پێناویدا بەختکرد، لەگەڵ هەموو شەهیدان

و تێکڕای بنەماڵـەی سـەربەرزیان پەیمـان نـوێ دەکەنـەوە کـە هـەر وا درێـژەدەری ڕێبـازی پیرۆزیـان بـن.

کۆنگـرەی سـێزدەهەمی حیـزب سـڵاو دەنێـرێ بـۆ ئیمـان و خۆڕاگرییتـان، بـۆ ورەی بـەرز و فیداکارییتـان کـە پیرۆزیـی خوێنـی گەشـی ڕۆڵـە و ئازیزەکانتـان، بـە هیـچ قیمەتێـک تەنانـەت لەژێـر فشـار و تەوژمـی سـەختی سـەرکوتکەرانەی ڕێژیمـدا نەگۆڕیوەتـەوە.

کۆنگـرەی سـێزدەی حیزبەکەمـان بـە چـاوی هیـواوە دەڕوانێتـە ئێـوە و ئاسـۆی خەباتـی پرشـنگداری ئازادیخوازانەشـمان ڕوون دەبینـێ، هـەر بۆیـە دەخـوازێ هـەر وا نموونـەی خۆڕاگـری، لەخـۆ بوردوویـی و فیـداکاری بـن.

بێگومـان هاتنی پۆل پۆل لاوی خاوەن هەست بۆ نێو ڕیزی تێکۆشـەرانی دێموکرات و جێگیر بوونیـان لـە سـەنگەری شـەهیدانی سـەروەرمان، لـە جێدا ڕەوایی بەخشـینە بە ئامانجی پیـرۆز و ڕێبازی شکۆداریان و لـە هەمان کاتیشدا هێمای سـەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەمانە.

دیسـانەکە هـەزاران سـڵاو لـە گیانـی پاکـی شـەهیدان، هـەزاران سـڵاو لـە ئیمـان و خۆڕاگریـی ئێـوە بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدان کـە بـە خۆڕاگـری و درێـژە پێدانـی ڕێگـەی پیـرۆزی ڕۆڵەکانتـان، مێژووی خەباتـی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکەمانتـان بـە لاپـەڕەی زێڕیـن نەخشـاندوە.

**سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

**پەیامی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب بۆ خەڵکی قارەمانی کوردستان**

خەڵکی بەشـەرەف و خەباتکاری کوردستان!

سـێزدەهەمین کۆنگـرەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە کاتێکدا کۆتایی بـە کاری خـۆی هێنـا کـە جیهـان و بـە تایبـەت ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـە قۆناغێکـی نـوێ، چارەنووسـساز و پـڕ لـە گۆڕانکارییـدا تێپـەڕ دەبـن، کوردسـتانی ئێمـەش وەک یەکێـک لـە ئێسـتراتێژیکترین ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـەم گۆڕانکارییانـەی جیهانـدا بـە دوور نییـە و نابـێ.

هاووڵاتییانی تێکۆشەر!

ئێسـتا کێشـەی کـورد لانیکـەم لـە کوردسـتانی عێراقدا توانیویەتـی لـە کێشـەیەکی نێوخۆیـی وڵاتەکانـی دەسـەڵاتدار بەسـەر کوردسـتان و تەنانـەت کێشـەیەکی ناوچەییش دەرباز بێ و لـە ئاسـتی جیهانییدا سـەرنجی وڵاتانـی جیهـان و بـە تایبـەت زلهێـزەکان بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێ. نەتـەوەی کـورد لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان، شـێلگیرانە و بـە وشـیارییەوە بـۆ گەیشـتن بـە خواسـتەکانی و بەدەسـت هێنانـی مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی خـۆی درێـژە بـە خەباتـی بێوچانـی دەدا. ئـەوە لـە پارچەیـەک لـە پارچەکانـی کوردسـتاندا نەتـەوەی کـورد توانیویەتـی بەشـێک لـە مافەکانـی خـۆی دابیـن بـکا.

لـە لایـەک ڕەوتـی جیهانیـی دێموکراتیزاسـیۆن لـە پـاش ڕووخانـی یەکیەتیـی سـۆڤیەت بووەتـە گوتـاری زاڵ بەسـەر کۆمەڵگـەی جیهانییـدا و بـە شـێوەیەکی خێـرا ڕووی کردوەتـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و یـەک لـە دوای یـەک دیکتاتـۆرە سـەرەڕۆکان تووشـی هـەرەس و دارمـان دەکا و کۆشـکی ستەمیان بەسـەردا دەڕووخێنـێ. ڕێژیمـە سـەرەڕۆکانی ناوچـە لـە لێژایی ڕووخـاندان

و ڕەوتێکی پلۆرالیستی لە گەشەدایە و بەرەبەرە خەریکە ناوچەکە دەگرێتەوە.
لە لایەکی دیکەش شۆڕشی ئەنفۆرماتیک و جیهانی بوونی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی، دەلاقەیەکی نوێیان بە ڕووی خەڵکانی ئازادیخوازی جیهان و نەتەوە ژێردەستەکاندا کردوەتەوە کە لە پشت دیواری بڵێندی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییەوە دەنگی خۆیان بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیەنن، خۆیان بناسێنن و کێشەکانیان لە ئاستێکی جیهانییدا زەق بکەنەوە، ئەم بارودۆخە و ئەم هەلومەرجە نوێیە بۆ ئەو نەتەوە ژێردەستانەی کە هەتا ئێستا بە هەر هۆیەک نەیانتوانیوە مافەکانیان وەدەست بێنن و بە سەربەستی بگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نەتەوەی سەردەستدا نەتواونەتەوە و خۆیان پاراستوە، پەیام هێنەری ئازادی و سەربەستییە ...
ئەو زلهێزانەی کە تا دوێنێ پشتیوانی داگیرکەر و دیکتاتۆرەکان بوون و داکۆکییان لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەکرد و لە سەرکوت و چەوساندنەوەی نەتەوەی ژێردەست و ئازادیخوازەکاندا پاڵپشت و یارمەتیدەریان بوون، ئێستا لەبەر بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆیشیان بێ، بەرە بەرە پشتییان تێ دەکەن و بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی لە نێو بردن و سڕینەوەیان دەدەن. پێویستیی دابینکردنی ئاسایشی ئابووری و سیاسی لە ناوچەدا زلهێزەکانی ناچار کردوە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەسەڵات و ژیانی بەختەوەرانەی گەلانی بندەست و داخوازە دێموکراتیکەکانیان لە بەرچاو بگرن.
نەتەوەی کوردیش وەک یەکێک لە سەرەکیترین نەتەوە ژێردەست و ئازادیخوازەکانی ناوچەکە نەک هەر لەم ڕێسایە بە دوور نییە، بەڵکوو لە ناوەندی پرۆسەکەدا هەڵکەوتوە و لە هەمووی ئەو ئاڵوگۆڕانە تەئسیر وەردەگرێ و تەئسیریان لەسەر دادەنێ.

**خوشک و برایانی خۆشەویست!**

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە لە بەرچاو گرتنی ئەم گۆڕانکارییانە و بارودۆخی نوێی جیهان و ناوچەکە و هەروەها فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و بەرز بوونەوەی ئاستی ویست و خواستەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بە پێداگرتن لەسەر بنەمای دێموکراسی، سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵی پلۆرالیستیی بۆ داهاتووی ئێران پەسەندکردوە کە تێیدا مافەکانی هەموو نەتەوەکانی ئێران دەستەبەر بکرێ و دەسەڵاتیش بە شێوەیەکی یەکسان و بەرابەر بەسەریاندا دابەش بکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەمەی بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی نەتەوایەتی و قەیرانی دەسەڵات لە ئێراندا زانیوە. جگە لەمانە کۆنگرە، تیشکی خستە سەر کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئێران و کوردستان، بە تایبەت کێشەکانی بێکاری، بڵاوبوونەوەی لە ڕادە بەدەری مەوادە سڕکەرەکان، گرانی، گەندەڵیی ئابووری و هتد. هەروەها کۆنگرە ئاڵای پیرۆزی کوردستانی وەک هێمای نەتەوایەتیی میللەتی کورد، پەسەند کرد و وەک سەمبولی یەکیەتی و یەکدڵیی نەتەوەی کورد بڕیاری هەڵکردنی دا.

**کۆمەڵانی بەشەرەفی خەڵکی کوردستان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵێنی خۆی بۆ خەڵکی خۆڕاگری کوردستان دووپات

دەکاتەوە، کە هەر وا وەک پێشڕەوی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بمێنێتەوە و مەتەرێزی شەرەف و بەرگری لە ویستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەر نەدا، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە خەڵکی ئازادیخواز و ئەمەگناسی کوردستان دەکا، کە وەک هەمیشە هاوڕێ و هاوخەباتی حیزبەکەیان بن و بە پشت بەستن بە ڕێبازی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، داهاتوویەکی ڕووناک، کوردستانێکی ئازاد و ژیانێکی بەختەوەرانە چاوەڕێ بکەن.

سڵاو لە کۆمەڵانی بەشەرەفی خەڵکی خەباتکاری کوردستان
سەرکەوتوو و سەرفراز بێ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی

## کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

***

### پەیامی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب

هاوڕێیانی هێژا!

ئەندامان و لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

کۆنگرەی سێزدەی حیزبە خۆشەویستەکەتان، بەر لە هەموو شتێک ڕێز لە ئەمەگناسی و هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی یەکیەکی ئێوە دەنێ و ئاواتی سەرکەوتنی زیاتر بۆ هەموو لایەکتان دەخوازێ.

کۆنگرەی دوایی حیزبەکەتان لە هەلومەرجێکدا دەبەسترێ کە ناوچەکە و وڵاتەکەمان لە ڕەوشێکی تایبەتدان. ڕەوتی ڕوو لە پەرەسەندنی دێموکراسی بە هەنگاوگەلی کاریگەرتر بەرەو پێش دەڕوا و وەک هەڕەشەیەکی جیددی بۆ حکوومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان دەژمێردرێ، خەباتی دژی تێرۆریزم، فۆرمێکی جیددیتری وەگرتوە و بەرۆکی بە پشتیوانانی تێرۆریزم گرتوە. لە دەست و دارێکی وادا، کۆماری ئیسلامی کە لە پشتیوانانی کەللەڕەقی تێرۆریزمە و هەروەها لەگەڵ دێموکراسی و مافی مرۆڤدا بەو بیانووەی کە گوایە دیاردەگەلی هاوردەن و لەگەڵ بنەماگەلی بیروباوەڕی و مەزهەبیی کۆماری ئیسلامییدا دژبە یەکن، دوژمنایەتی دەکا و نەک هەر مافەکانی مرۆڤ، بەڵکوو هەبوونی ئازادیخوازان و جیابیران لەم ڕێژیمەدا کەوتوەتە ژێر پرسیارەوە. بە تایبەت کە سوورە لەسەر وەدەستهێنانی چەکە کۆکوژەکانیش و بەم جۆرە خەڵکی جیهانی پتر تووشی دڵەڕاوکێ کردوە.

گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بێبەش کراون و هەر وا بە چاوێکی ئەمنیەتییەوە چاو لە کوردستان و گەلیکورد دەکرێ و ڕۆژێک نییە کە ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم نەکوژرێن. پەنا بردنە بەر ئەم جۆرە گڤاش و سیاسەتە دژە ئازادی و دژە کوردانە هەرچەندە لە جێدا کرێت و مەحکوومن، بەلام پێویستیی بە خەبات دژی وەها ڕێژیمێک پتر کردوە. بە تایبەت کە

ڕەوشـی زاڵ بـە سـەر جیهانیشـدا بـە زەرەری ڕێژیـم و لـە قازانجـی ئازادیخوازانـە.
کۆنگـرەی سـێزدەهەمی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، جارێکـی دیکـە پێـی لەسـەر خەبـات بـۆ ڕووخاندنـی ڕێژیـم داگرتوەتـەوە و هەتـا هێنانـە دیـی سیسـتمێکی دێموکراتیـک و فێـدراڵ لـە ئێرانـدا، درێـژە بـە خەباتـی خـۆی دەدا. لـەم پێوەندییـەدا چاوەڕوانیـی ئـەوەی لـە ئەندامـان و لایەنگرانـی حیـزب هەیـە کـە شێلگیرانەتر تێ بکۆشـن، تێکۆشـانی خۆیـان ڕێکخراوتر و ڕیزەکانیـان یەکگرتووتـر بکـەن و خۆیـان بـەو ئاسـتە لـە ئامادەیی بگەیەنن تـا لـەو گۆڕانکارییـە چاوەڕوانکـراوەی بەسـەر ڕێژیمـدا دێ، لـە چوارچێـوەی ڕێبەرایەتیـی حیزبـدا، ئەرکـە نەتەوەیـی و ئازادیخوازانەکانـی خۆیـان بـە باشـی جێبەجـێ بکـەن. هەلومەرجـی ئێسـتای جیهـان، ناوچەکـە و ڕەوشـی نێوخـۆی ئێـران ئـەوە دەخـوازێ کـە حیزبـی دێموکـرات لـە پێنـاوی هێنانـە دیـی ئامانجەکانـی گەلـی کـورد، بـە پـلان و هەنگاوی کاریگەرتـر، لـە بـوارە جیاجیاکانـدا بـەرەو پێش بـڕوا. هێنانـە دیـی ئـەم ئامانجـەش ئەرکـی ئەندامـان و لایەنگرانـی حیـزب گرانتـر دەکا.
ڕوون و ئاشـکرایە کـە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی هەرچەنـدە پتـر لـە مەرگـی خـۆی نزیـک بێتـەوە، سـەنگی و گڤاشـی زیاتـر دەخاتـە سـەر خەڵـک و بـە تایبـەت، ئەندامـان و لایەنگرانـی حیـزب و دیسـان ژمارەیەکـی پتـر لـە ئەندامانـی حیـزب بـەرەو ڕووی زینـدان، ئەشـکەنجە و تەنانـەت ئێعـدام دەکاتـەوە.
کردەوەیـەک کـە دەرهـەق بـە خەباتگێڕانـی دێموکرات هیـچ کات چاوپۆشـیی لـێ نەکـردوە. بـەڵام هـەر وەک دوکتـور قاسـملووی نەمـر دەڵـێ: «گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێ نرخـی ئـەو ئازادییەش بـدا»، کـە بەداخـەوە لـە وڵاتەکەمـان، ئێرانـی ژێـر دەسـەڵاتداریەتیی کۆمـاری ئیسـلامییدا، نرخەکـەی زۆر گرانتـرە و ئێمـە ڕێبوارانـی ڕێـگای پێشـەوا قـازی محەممـەد، دوکتـور قاسـملوو و دوکتـور شـەرەفکەندی، لەمێـژە ئـەم نرخـە گرانـە دەدەیـن. تـا هـەر کاتێکیـش پێویسـت بـێ ئامادەیـن ئـەو نرخـە بدەیـن. بـەو حاڵـەش ئاسـۆی خەباتـی ڕزگاریخوازانـەی گەلانـی ئێـران و یـەک لـەوان گەلـی کـورد، گەشـە. دڵنیایـن کـە یەکیەتـی، یەکڕیـزی و فیداکاریـی ئەندامـان و لایەنگرانـی حیـزب یارمەتـیدەری ڕەوتـی خەباتـی ئازادیخوازانـە و جێگیرکردنـی سیسـتمی دێموکراتیـک و فێدراڵـی لـە ئێرانـدایە. لـەم پێنـاوەدا ئاواتـی سـەرکەوتنی پتـر بـۆ یەکیەکـی ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران دەخوازیـن.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران
سەرکەوێ سیستمی دێموکراتیک و فێدراڵی لە ئێراندا

**کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

**پەیامی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزب بۆ گەلانی ئازادیخوازی ئێران**

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
گەلانی مافخواز و تێکۆشەری ئێران!
هـەر وەک ئاگادارن، کۆنگـرەی سـێزدەهەمی حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران، لـە کاتێکدا بەسـترا و بـە سـەرکەوتنەوە کۆتایـی بـە کارەکانـی هێنـا، کـە لـە هـەر سـێ ئاسـتی نێوخۆیـی،

ناوچەیی و جیهانییدا، گۆڕانکاریی قووڵ، دەرهەست و چارەنووس‌ساز بە قازانجی خەباتی هەق‌خوازانەی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی مەزهەبی و ستەمی نەتەوایەتی لە گۆڕێدایە. ئەو گۆڕانکارییانە بە ڕادەیەک بەرچاون، کە ئەگەر بە وردی تاوتوێ بکرێن و بە هاوکاریی هەموو هێزە دێموکرات و پێشکەوتن‌خوازەکان، بەرنامەی هاوبەش بۆ ڕزگاریی وڵات دابڕێژرێ، بە دڵنیاییەوە سیستمی سەرەڕۆ و ئازادی‌کوژی ویلایەتی فەقیهـ ناتوانێ لە بەرامبەر ئەو پۆتانسیەلە مەزنەدا، خۆی ڕاگرێ و بە ناچار بەرەو هەڵدێری نەمان دێتە ڕامالین.

بە سەرنجدان بە قەیرانە بنەڕەتییەکانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە، دامەزرانی کۆمارێکی دێموکراتیکی فێدراڵی لە ئێراندا، ئەو زەرفییەتەی هەیە کە ئامانجە ڕەواکانی هەموو گەلانی ئێران بەبێ جیاوازی وەدی بێنێ.

تایبەتمەندییەکانی کۆماری فێدراڵی ئێران لە ڕوانگەی حیزبی ئێمەوە بریتین لە:

– هەموو گەلانی ئێران بەبێ فەرق و جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی، قەومی و جینسی دەبێ لە دامەزراندنی کۆماری فێدراڵی ئێراندا بەشدار بن و ئەم ئەسڵە لە قانوونی ئەساسیی کۆماری فێدراڵدا بگونجێ.

– قانوونی ئەساسیی کۆماری فێدراڵ، دەبێ بە پێی مێعیارە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و پەیمان‌نامە نێونەتەوەییەکان بە جۆرێک دابڕێژرێ کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران لە نێو سنووری جوغرافیایی–نەتەوەیی هەرێمەکاندا بە ڕەسمی بناسرێن.

– قانوونی ئەساسی کۆماری فێدراڵ، دەبێ مافی پەسەندکردنی ئەو قانوونانەی پێوەندییان بە هەرێمەکانەوە هەیە، بە پارلمانەکانیان بسپێرێ.

– دەوڵەتی فێدراڵی ئێران، نابێ بچێتە نێو هیچ پەیمانێکی نیزامییەوە کە سروشتی دەستدرێژکەرانەی بۆ سەر وڵاتانی دیکەی هەبێ.

## گەلانی ئازادیخواز و مافزەوتکراوی ئێران!

بۆ گەیشتن بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێرانی فرەنەتەوەییدا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە هەر لە ئێستاوە هەموو هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران، لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ دواڕۆژی ئێران کۆ ببنەوە و مێتۆدی خەبات بۆگەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی گەلانی ئێران، دابڕێژن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پێکهێنانی وەها پلاتفۆرمێکدا، هەم دژی هەر جۆرە شۆڤێنیزمێکە کە حاشا لە مافەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەکا و، هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی گەلانی دیکەی ئێرانە کە دیکتاتۆریی مەزهەبی و گەلی ئازادی‌خوازی فارس لێک جودا ناکاتەوە.

کۆنگرەی سێزدەهەم، وەک بەرزترین ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەموو گەلانی ئێران دڵنیا دەکاتەوە کە خەڵکی کوردستان و حیزبە پێشڕەوەکەی، وەک ڕابردوو بگرە شێلگیرانەتریش لە سەنگەری ئازادی، دێموکراسی و داکۆکی‌کردن لە مافەکانی مرۆڤدا دەمێنێتەوە و گەلانی زۆرلێکراو و بندەستی ئێران بە هاوپەیمانی ستراتێژیکی خۆی دەزانێ و بەو پەڕی وزەوە پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی ئەوان لە پێناوی دێموکراسی

و بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان دەکا.
بڕووخێ ڕێژیمی سەرەڕۆ و ئەهریمەنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران
یەکگرتووتر بێ خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران
سەر کەوێ بزووتنەوەی گەلانی ئێران بۆ هێنانە سەر کاری کۆماری دێموکراتیکی فێدراڵی

**کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## پەسەندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەم
## ١٣تا ١٧ی پووشپەڕی ١٣٨٣ - (٣ تا ٧-ی ژوئییەی ٢٠٠٤)

### بەشی یەکەم:
### بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**سەرەتا:**

١- مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد بە یەکێک لە خوێناویترین و درێژخایەنترین بەشەکانی مێژووی خەباتی گەلانی زۆرلێکراوی ئەم جیهانە دادەنرێ. لە پاش شەڕی ١٥١٤ی نێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی لە چاڵدران، کوردستان بە کردەوە لە نێو ئەم دوو دەوڵەتەدا دابەش کرا و ساڵی ١٦٣٩ بە ئیمزای پەیمانێک لە نێوان شاعەبباسی سەفەوی و سوڵتان موڕادی عوسمانییدا ڕەسمیەتی پێ درا. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠)، سەرەتای بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی لەدژی داگیرکەران و بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو. سەرەتای سەدەی بیستەم، شاهیدی سەرهەڵدانی ڕێکخراوە سیاسییەکان و گەرم داهاتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە سەرتاسەری کوردستاندا بوو، بەڵام هەموو جارێک بە پیلانی وڵاتانی ناوچە و سات و سەودا لەگەڵ هێزە گەورەکاندا دادەمرکانەوە. کاتێک شەڕی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا، خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کۆنەپەرستی و فاشیزم پەرەی گرت، لەو نێوەدا پێویستییەکی مێژوویی بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا کە بتوانێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڕێوە بەرێ هەست پێ دەکرا. بە داگیرکرانی ئێران لەلایەن هاوپەیمانان و نەمانی دیکتاتۆریی ٢٠ ساڵەی ڕەزاخان لە کوردستانی ئێران وەزعێکی لەبار بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە پێک هات. پێشڕەوانی گەلی کورد لەو دەرفەتە کەلکیان وەرگرت و لە ٢٥-ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییدا حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند.

بەم جۆرە، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی وریایی و ژیریی ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد بوو. لەو دەمەوە حیزبی دێموکراتی

کوردستان کە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە ڕێنوێن و ڕێکخەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.
دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا بە نوقتە گۆڕانێکی گرینگ دەژمێردرێ و سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی خۆیدا توانی حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێکی کوردستاندا بێنێتە سەر کار. ئەم حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ خۆی ڕاگرت و دوای پاشەکشە پێکرانی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی دیکە دیکتاتۆریی نیزامی باڵی بەسەر هەموو کوردستانی ئێراندا کێشایەوە. بەڵام گەلی کورد لە خەبات سارد نەبۆوە و بۆ وەدی هێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی هەروا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ٥٩ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازییە. ئاشکرایە کە حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا کارامەتر بووە و لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکە ئەزموونی وەرگرتوە.

٢- لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژی و خێرایی تۆڕی پێوەندییەکان سیمای جیهانیان گۆڕیوە. زۆر لە ڕێژیمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکان ڕووخاون و لە جێگایان سیستمی نوێتر و ئازادتر دامەزراون. دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک مافی دیاریکردنی چارەنووسیان وەدەست هێناوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە. ئەو ڕێژیم و سیستمانەش کە پشتەستوور بە توند و تیژیین تەمەنیان بەرەو کورتی دەڕوا. بەگشتی گەلانی ژێردەستە و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن و کۆمەڵگاکانیان بەرەو پێش بەرن، ئاسۆیەکی ڕوونتریان بۆ پێک هاتوە کە کۆمەڵێکی ئازادتر و ئینسانیتر و پێشکەوتووتر دامەزرێنن.
بە ڕووخانی بلووکی شووڕەوی لە ساڵی ١٣٧١-دا دوو مەسەلەی گرینگ لە ڕادەی جیهانییدا زەق بوونەوە و بایەخی واقیعیی خۆیان دەرخست، یەکەمیان مەسەلەی نەتەوایەتی و پێویستیی دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان بوو. لەگەڵ ئەوەی حەفتا ساڵ بوو ئیددیعا دەکرا کە لە وڵاتانی سۆسیالیستییدا گیر و گرفتێک بە ناوی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئارادا نییە، دیتمان وەختێک سیستمی سۆسیالیستی لەبەر یەک هەڵوەشا و دەرەتان بۆ گەلانی ئەو وڵاتانە ڕەخسا، بە چ شێوەیەک هاتنە مەیدان و حکوومەتی نەتەوەیی خۆیانیان دامەزراند.
دووهەمیش مەسەلەی دێموکراسی بوو. ئەم مەسەلەیە کە دەیان ساڵ لەژێر ناوی دیفاع لە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان دژایەتیی لەگەڵ دەکرا، بە جۆرێک زەروورەتی خۆی نیشان دا کە زۆر لە دیکتاتۆرییەکانی ڕووخاند و زۆری دیکە لە ترسی دوچار بوون بە چارەنووسێکی نادیار پەنجەرەی ماڵەکانیان بە ڕووی دێموکراسییدا کردەوە و خۆیان لەگەڵ هەل و مەرجەکە ڕێک خست.

٣- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێکدانەوە نێونەتەوەییەکان و بە تایبەتی لە ستراتێژیی دەوڵەتە گەورەکاندا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لە باری جوغرافیاییەوە ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سێڕێیانی

سێ قارڕەی ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپا. لە باری ئابووری و سەرچاوە ژێرزەمینییەکانەوە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە و زیاتر لە نیوەی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی دنیا لەم ناوچەیەدا هەڵ کەوتوە.

بێجگە لەوانەش، بوونی چەند بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بە تایبەتی بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی فەلەستین، لەم مەڵبەندەدا کە دژکردەوەیەکی سروشتی دژی دابەشکردنی ئیستیعماریی ناوچەکەیە، بایەخ و گرینگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان لە حیساب و لێکدانەوەی هێزە نێونەتەوەییەکاندا زیاتر کردوە.

تەواوی ئەو ڕاستییانە بوونە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتە مەزنەکان هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەم ناوچەیە بە وردی بخەنە ژێر چاودێری و بەرامبەر بە هەر چەشنە ڕووداوێکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست بن و دژکردەوە نیشان بدەن. ڕووداوەکانی ئەم ٢٥-٢٠ ساڵەی دوایی و حوزووری بەرچاو و ڕاستەوخۆ و بەردەوامی هێزە نیزامییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا نیشانەیەکی ڕوونی ئەو ڕاستییەن.

دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبر (٢٠٠١)، هێرشی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و ڕووخاندنی ڕێژیمی توندڕەوی ئیسلامیی تالەبان و لێک بڵاو کردنی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەو وڵاتە، سەرەتای دەسپێکردنی ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو. بە دوای ویشدا، دەوڵەتی عێراق لەژێر تەوژمی هێرشی نیزامیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا ڕووخا. ئەو ڕووداوەش وەک بوومەلەرزەیەک ناوچەکە و دنیای دەرەوەی هەژاند. دەتوانین بڵێین پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، هیچ ڕووداوێک ئەوەندەی ئەو شەڕە، پێوەندییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی نەشڵەژاندوە. بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە گیر و گرفتی سیاسی-ئابووری و کێشەی نەتەوەیی-ئایینییان تێدا بەهێزە، حکوومەتەکانیان لەوە نیگەرانن باڵانسی سیاسی لە ناوچەکەدا تێک بچێ و نەتوانن درێژە بە حاکمیەتی کۆنەپەرستانەیان بدەن.

سەرکەوتنی خەڵکی عێراق لە بنیاتنانی وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات لە دوارۆژدا، شوێنەوار لەسەر خەڵکی وڵاتانی دراوسێ دادەنێ. گەلانی وەزاڵە هاتوو لە نیزامە دیکتاتۆر و دواکەوتووەکان چاوەڕوانی هەلێکن تا بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوەیی خۆیان چالاکانەتر بەگژ ڕێژیمە دژی گەلییەکاندا بچنەوە. هەر ئێستا خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد پێی ناوەتە ئاستێکی چارەنووسساز. لەو نێوەدا مافی سیاسیی کورد لە عێراق لەسەر ئەساسی فێدرالیزمی جوغرافیایی-نەتەوەیی لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گوازتنەوەدا بە ڕەسمی ناسراوە. جێگیر بوونی ئەو شێوە فێدرالییە، دەبێتە نموونەیەکی باش بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا.

٤- ئێران لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییدا لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتوە. لە ڕاستییدا ئێران نەشیدەتوانی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە بەسەر جیهاندا هاتوە دوور ڕابگرێ. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئێراندا ڕووی داوە، بە هیچ جۆر بارتەقای ئیمکاناتی ئابووری و سروشتیی وڵاتی ئێمە نییە. ئێران

ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو دەژمێردرێ. زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک لە هەژارییدا دەژین. ئێستاش بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئێران بە تایبەتی لە لادێ نەخوێندەوارن و کەمتر دەستیان بە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی ڕادەگا.

بە هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨-دا، ئێران لە هێندێ بارەوە بەرەو دواش گەڕاوەتەوە. لە کاتێکدا وڵاتی ئێران بەو ئیمکاناتە سروشتییەوە کە بووی، هەر چەند بە دەست دیکتاتۆرییەوە دەی‌ناڵاند، خەریک بوو جێگایەکی شیاو لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا بۆ خۆی بگرێتەوە، ئاخوندە بە دەسەڵات گەیشتووەکان بە گرتنە پێشی سیاسەتی دوژمنایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی شارستانی، ئەم وڵاتەیان لە جیهانی پێشکەوتوو دابڕی و هەوڵیان دا بیگێڕنەوە دەورانی سەدەکانی نێوەڕاست. ئابووریی ئێران لە جیاتی ئەوەی پێ بگرێ و بچێتە ڕیزی ئابوورییە بەهێزەکانی ناوچە و جیهان، بە جۆرێک دوچاری بێ‌سەرەوبەرەیی هات کە ئێستا یەکێک لە لەرزۆکترین ئابوورییەکانە و بایی پووڵی ئێران بەرامبەر بە دراوە موعتەبەرەکانی دنیا بە چەشنێکی نێونجی ١٢٠٠٠ لە سەد هاتۆتە خوار.

سەرکوتی ئازادییەکان سیاسەتی ڕۆژانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆ دەرەتانی تێکۆشانی ئازادی نییە، ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان بە خراپترین شێوە پێشێل دەکرێن و هەر دەنگێکی ناڕەزایی بە گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و تەنانەت تێرۆر و ئێعدام وڵام دەدرێتەوە. بەم جۆرە ئێران کراوەتە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو ئینسانێکی ئازادبیر و ئازادیخواز.

٥- کوردستانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتوویە لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوودا. ئەگەرچی کوردستان لە باری سروشتی و سامانی ژێر زەمینییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لە زۆر بارەوە یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە. ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی سەنعەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی زۆر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. وەزعی ئابووری و لەش‌ساغی و فەرهەنگیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران کەم گۆڕاوە. پایەی ژیان نزمە و زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و بێ‌بەشییدا دەژین.

ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییدا لە کوردستان بەرچاو دەکەوێ. بەرپرسانی ئەسڵیی دەوڵەتی لە کوردستان هەموویان لە مەرکەزەوە دیاری دەکرێن و گەلی کورد شوێنێکی ئەوتۆی لە بەڕێوە بردنی کاروباری وڵاتەکەیدا نییە. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سروشتی، پرۆژەیەکی گرینگی ئابووری و سەنعەتی لە کوردستاندا جێبەجێ ناکرێ. هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەندیکایەکی سەربەخۆی سیاسی و سێنفی ئیمکانی تێکۆشانی ئازادی نییە. منداڵانی کورد لە یەکەم ڕۆژی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبێ بە زمانی فارسی بخوێنن و دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکیان بۆ نەڕەخساوە. بەم جۆرە کوردستان کراوە بە بەندیخانەی گەلی کورد لە ئێراندا.

٦- بەشێکی زۆری ئەم ناتەواوی و گیر و گرفتانە هەر لە دەورانی دەسەڵاتی ڕێژیمی پێشووەوە هەبوون. ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی قەت ڕێگای پێشکەوتن و گەشە کردنی سەربەخۆی بە وڵاتەکە نەدابوو، ئازادییە ئینسانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی زەوت کردبوون و

ناتەباییەکی قووڵی لە نێوان خۆی و کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا پێک هێنابوو کە تەنیا ڕێگای چارەسەری، شۆڕشێکی قووڵی گەلی بوو. ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٥٦–دا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە چەشنێکی بێوێنە هاتنە مەیدان و دوای ساڵێک بەربەرەکانی و قوربانی دان تۆماری تەمەنی ڕێژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا.

بێگومان شۆڕشی خەڵکی ئێران یەکێک لە گرینگترین ڕووداوە مێژووییەکانی وڵاتی ئێمە بوو، هەر لەو کاتەشدا دەرسی زۆر بەنرخی بۆ خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدا بوو. شۆڕشی سەرانسەریی ئێران نیشانی دا کە هەر کات خەڵکی وڵاتێک بە لە خۆ بوردوویی و یەکگرتوویی بیانهەوێ داو و زنجیری ژێردەستی بپسێنن، هیچ هێزێک ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ و سەرەنجام هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای سەرکەوتن تەخت دەکەن.

ئەگەر چی دەورانی پڕ نەگبەتی دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێرانی لەدژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا یەک خستبوو، بەڵام زۆر بەداخەوە لەبەر ئەوەی هێزە دێموکرات و شۆڕشگێڕەکان بەرنامەیەکی هاوبەشیان بۆ سیستمی حکوومەتیی دوای ڕێژیمی پاشایەتی نەبوو و، لەبەر ئەوەش کە هیچ کام لە هێزە نیشتمانییەکانی ئێران بە تەنیا لە توانایدا نەبوو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بە دەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرست بە کەلکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرهەمی خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێراندا گرت و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەسەر وڵاتەکەماندا سەپاند.

لە ئاکامی ئەم وەزعەدا شۆڕشی ئێران ناکام مایەوە و نەیتوانی هیچ کام لە ئاوات و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئازادی لە ئێراندا بەو مەبەستە بە دەستی بەتاڵ بەگژ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی شادا چوونەوە و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی خۆیان کردە قوربانی، کە ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا دابین بکرێن، زەحمەتکێشانی ئێران کە بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی وڵاتن و تەئسیریان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبووە لە هەژاری و ڕۆژڕەشی ڕزگار بن و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە سێبەری ڕێژیمێکی دێموکراتییدا بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆیان بگەن.

بەڵام کۆنەپەرستانی پاوانخواز کە دەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاریی خەڵکی ئێراندا گرتوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵک ڕێگایان نەداوە هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. لەگەڵ سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان، ئازادییە دێموکراتییەکان زۆر خراپتر لە سەردەمی پاشایەتی خراونە ژێر پێ. کۆمەڵانی دەستتەنگ و زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێک لەگەڵ هەژاری و نەداری و گرانی و بێکاری بەرەوڕوو بوون و حکوومەتی تازە هەنگاوێکی کاریگەری بۆ چارەسەری هەزاران گیر و گرفتی ژیانی ئەوان هەڵنەهێناوەتەوە. گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش نەک هەر بە مافە ڕەواکانیان نەگەیشتوون، بەڵکوو وڵامی هەموو داخوازەکانیان بە ئاگر و ئاسن دراوەتەوە.

دیکتاتۆریی مەزهەبی نەک هەر ناتوانێ هیچ بیر و باوەڕێکی موخالیفی خۆی تەحەممول

بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر بیر و بۆچوونێکی جیا لە بیر و بۆچوونی کۆنەپەرستانەی خۆی -با موخالیفیش نەبێ- بە توندی دوژمنایەتی دەکا. لە ماوەی ٢٥ ساڵ فەرمانڕەوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا ئەم ڕێژیمە لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە ئازادیخوازان لە هەر نەتەوە و چین و توێژێک بووبن دەستی نەپاراستوە.

لە کوردستان دیمەنی دزێوی دیکتاتۆریی نوێ زۆر ئاشکراتر و بێپەردەتریش دیارە. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لە خەڵکی ئێران چالاکانە لە شۆڕشی سەرتاسەریی ئێراندا بەشدار بوو و هەرچەند گەلی ئێمە بە هۆی نوێنەرەکانیەوە هەموو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە بە لانیکەمی مافە ڕەواکانی بگا، حکوومەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ملی بۆ داخوازە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەکێشا، بەڵکوو بە پێچەوانە، لەشکری کێشایە سەر و دەستووری قەتڵوعامی دا. تەنانەت کار بەوەشەوە نەوێستا و خومەینی بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لەدژی گەلی موسوڵمانی کورد دەرکرد و ڕشتنی خوێنی پیر و لاو و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستانی بە حەڵاڵ زانی.

زیاتر لە ٢٥ ساڵە شەڕ دژی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵگیرساوە. سەدان بنکەی نیزامی و ناوەندی چاودێریی نهێنی و شەبەکەی جاسووسی لە سەرانسەری کوردستان دامەزراوە. لەم ماوەیەدا خەڵکی کوردستان نیزیک بە پەنجا هەزار شەهیدیان لە پێناوی دیفاع لە ئازادییدا داوە کە پتر لە چوار هەزار کەسیان لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بوون. بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد هەر وا بەرامبەر بە زۆرداریی ڕێژیمی ئاخوندی ڕاوەستاوە و بەربەرەکانیی خۆی بە شێوەی جۆراوجۆر درێژە پێدەدا.

بەم جۆرە ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەل و لەگەڵ هەموو قانوون و نیزامێکی نوێنەتەوەیی نیشان داوە و لەدژی تەواوی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران ڕاوەستاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاریی ئێران لەژێر باری زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری پێویستە لە جێگای حکوومەتی کۆنەپەرست و دژی گەلیی ئاخوندەکان سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵ دابمەزرێ کە ئامانجە ڕەواکانی گەلانی ئێران وەدی بێنێ.

٧- بۆ گەیشتن بە ئامانجی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتییدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ. حیزبی ئێمە پێی وایە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی دێموکراتیی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێبەرنامەیی نەبێ و دەسکەوتەکانی بە تالان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەو هێزە سیاسییانە کە بەڕاستی دێموکرات و پێشکەوتنخوازن، لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دوا ڕۆژی وڵات یەک بگرن.

بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە حیزبی ئێمە هەم دژی شۆڤێنیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکا و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی گەلانی ئێرانە کە دیکتاتۆریی مەرکەزی و خەڵکی ئێران لێک جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. شۆڤێنیزمی ئێرانی و ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی گەلان هەر دووکیان کۆسپی سەر ڕێگای یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. هەر لەو

کاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەل و مەرجی ئێستادا مەترسیی گەورە شۆڤێنیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ٢٥ ساڵە بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان دژی سەرکوتی دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە لێوەشاوەیی و کارامەیی ڕێبەری دەکا. خەبات و تێکۆشان و گیانبازی و قوربانی دانی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب نفووز و خۆشەویستیی حیزبی ئێمەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زیاتر لە جاران بردۆتە سەرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا نەک هەر حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بەڵکوو جێگای ڕێزی گەلانی دیکەی ئێران و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیشە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم بەرنامەیە دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لە هەموو دانیشتووانی کوردستان: کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشانی شار و دێ، ڕووناکبیران، قوتابییان، خوێندکاران، کارمەندان، پیشەسازان و بازاڕییان و بە گشتی ئەفرادی نیشتمانپەروەری هەموو چین و توێژەکان داوا دەکا کە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە تێ بکۆشن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و بیروڕای حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە بۆ ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پێویستە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە ئاگادار بکرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانی ئێرانە کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکەن. بۆیە دەبێ بە دڵ و بە گیان تێ بکۆشین هێزی بێبڕانەوەی گەل بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی لە بەرنامەی حیزبەکەماندا هاتوون بکەوێتە کار. ئەو کاتەیە کە بەرنامەی حیزب دەبێتە هێزێکی ماددیی بەتوانا و دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتییدا وەدی بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکانی خۆی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە. وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دادەمەزرێ.

### فەسڵی یەکەم:

### ئامانجە گشتییەکان

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شان بە شانی هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢- ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سۆسیالستییە.

٣- دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزراندنی سیستمێکی

دێموکراتیکی فێدراڵی لە ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە.

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە هاوپەیمانانی ستراتیژیی خۆی دەزانێ و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی پشتیوانی دەکا.

٥- پشتیوانی لە خەباتی میللی-دێموکراتیکی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕێبازی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

٦- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتیی گەلانی هەموو وڵاتانە.

**فەسڵی دووهەم:**

**بنچینەکانی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

٧- کوردستان یەکێک لە هەرێمەکانی کۆماری فێدراڵی ئێرانە.

٨- هەرێمی کوردستان هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی هەرێمی کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر کام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.

٩- لە هەرێمی کوردستاندا هەموو دەسەڵات بە دەست خەڵکەوەیە کە بە هۆی نوێنەرانی خۆیان لە پارلمانی کوردستاندا و لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حکوومەتی هەرێمەوە بەکاری دێنن.

١٠- کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوە (سیاسی و ئابووری)، دیفاعی میللی، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فێدراڵدایە. بێجگە لەوانە، سەلاحیەتی بەڕێوە بردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بە دەست حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. خەڵکی هەرێمی کوردستان وەک هاونیشتمانانی خۆیان لە سەرانسەری ئێراندا لە ڕێگای قانوونییەوە و بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەک لە بەڕێوە بردنی کار و باری وڵاتدا بەشدار دەبن.

١١- هەرێمی کوردستان، ئاڵا و سروود و جێژنی نەتەوەیی خۆی هەیە. لە هەرێمی کوردستاندا، ئاڵای کۆماری فێدراڵی ئێران لە تەنیشت ئاڵای کوردستان هەڵ دەکرێ.

١٢- دادگای بەرزی فێدراڵ کە لە پسپۆڕانی هەموو نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی بەرامبەر پێک دێ، بە کێشە قانوونییەکانی نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و دەوڵەتە هەرێمییەکاندا دەچێتەوە و، بالانسی دەسەڵات لە نێوانیاندا ڕادەگرێ.

١٣- پارلمانی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانوون دانانی تایبەتی هەرێمی کوردستانە. نوێنەرانی پارلمان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، وەک یەک، ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە هەڵ دەبژێردرێن.

١٤- پارلمانی کوردستان حکوومەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکا. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە پارلمانی کوردستان وڵامدەرە.

١٥- پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێمە. ئەرکی هێزی نیزامی، دیفاع

لە سنوورەکانی وڵات بەرانبەر بە دەستدرێژیی بێگانەیە و حەقی نییە دەست لە کار و باری پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی وەربدا.

١٦- زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامە نووسینی نێوان ئیدارەکانی هەرێمی کوردستانە، زمانی فارسی لە هەرێمی کوردستانیش هەر وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران زمانی ڕەسمییە و لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێ.

١٧- نامە نووسینی ڕەسمیی ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مەرکەز و ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی فێدراڵ لە کوردستان و هەرێمەکانی دیکەی ئێران بە زمانی فارسی دەبێ.

١٨- هەموو دانیشتووانی غەیرە کورد لە هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان یارمەتی دەدرێن و ئیمکاناتی خوێندن بە زمانی خۆیانیان بۆ دابین دەکرێ.

## فەسڵی سێهەم:

## مافەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان

١٩- هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون، وەک ئازادیی بیر و باوەڕ و دەربڕین، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەکیەتییەکان و شۆڕا کرێکاری و جووتیاری و سێنفییەکان، ئەنجومەنە دێموکراتییەکان و ئازادیی هەڵبژاردنی کار و جێگای دانیشتن و ئازادیی ئایین و مەزهەب لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەر وەک هەموو هەرێمەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن.

هەموو دانیشتووانی کوردستان بەبێ هیچ جیاوازی دانانێکی جینسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی وەک یەک کەڵک وەردەگرن.

٢٠- دین لە دەوڵەت جودایە.

٢١- ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیەو بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ مافی کەلکوەرگرتن لە مەرەخەسیی بە حقووقەوە لە دەورانی دووگیانی و زەیستانییدا بۆ ژنانی کارمەند و کرێکار دابین بکا.

٢٢- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵان دەدا.

## فەسڵی چوارەم:

## سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی

٢٣- بەرەو پێش بردنی ئابووری لە ڕێگای بەرنامە دارشتنێکی زانستییەوە لە هەرێمی کوردستاندا لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆ قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتییە پێویستە دابەشکردنی داهاتی گشتیی وڵات لە لایەن دەوڵەتی فێدراڵەوە بە چەشنێک بێ کە بەشی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە پێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانەی وڵات بێ.

٢٤- ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەری ئێران سەنعەتی کردن

بە پێی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیک لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لە لایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتی کردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی فێدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٢٥- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستان دادەمەزرێنێ و هەموو ئاسانکارییەک دەکا بۆ بەشداریی سەرمایەی تایبەتی لە پێشخستنی ئابووریی وڵات و بە تایبەتی سەنعەتی کردندا و، هەر لەو کاتەدا لە سەنعەتە خۆوڵاتی و نەتەوەییەکانیش پارێزگاری دەکا.

٢٦- سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و هەروەها ئاو و لێرەوار و لەوەرگەکانی کوردستان وەک هەموو هەرێمەکانی ئێران سامانی گشتیین و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی دەوڵەتی فێدراڵی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەلکیان لێ وەردەگرێ.

٢٧- زیاد کردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ڕێگای مێکانیزە کردن و بە کار هێنانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا، هەروەها داڕشتنی بەرنامەی بەراو کردن و هەڵبەستنی بەربەند، بەشێکی گرینگی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٢٨- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و برەوپێدانی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا تێ دەکۆشێ.

٢٩- بردنە سەری ئاستی ژیانی خەڵک و بە تایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەرۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم حکوومەتە هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکرێ.

٣٠- سەعاتی ڕەسمیی کار لە حەوتوودا نابێ لە ٤٠ سەعات تێپەڕێ. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بە پێی خەرجی بەرێچوون دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەری خەرجی گوزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتەیی و بێکاری و پیری بیمە دەکرێن. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە پازدەساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ. بۆ کەمکردنەوە و پاشان خاشەبڕ کردنی بێکاری دەبێ هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێویست پێک بهێنرێ.

٣١- مالکیەتی زەوی تا ئێستاش هێندێ بێعەداڵەتیی تێدا هەیە. بۆیە دەبێ لە شێوەی ئێستای مالکیەتی زەوییدا ئاڵوگۆڕێکی پێویست بە قازانجی دێنشینانی زەحمەتکێش و بێزەوی ڕوو بدا.

٣٢- حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ یارمەتیی وەرزێران بدا بۆ ئەوەی بتوانن ئامرازی پێشکەوتووی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخی تەزمینی لێ بکڕێ و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لە پێشدا بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پاشان بەرامبەر بە پیری و پەککەوتەیی بیمە دەکرێن.

٣٣- حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی

لاوان و ئیمکاناتی پەروەردەیی و فێرکاری و تەفریحیی سالمیان بۆ پێک دێنێ.

٣٤- حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرنجێکی تایبەتی دەداتە ئاژەڵداری. لەوەرگەکان بە پێی شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێرێ و ڕێگای دروست و زانستیی ئاژەڵدارییان فێر دەکا.

٣٥- پارێزگاریی ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان، لێرەوارەکان، زەریاچەکان و پارێزگاریی حەیوانات بە تایبەتی حەیواناتی ڕاوی: باڵندە و پێرۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرە و بەرەی حەیوانات پێشگیری بکرێ و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سەنعەتی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا پێویستە ژینگە لە بەرچاو بگیرێ و دیمەنی سروشت تێک نەدرێ.

٣٦- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواو دەدا بە پەرەپێدانی سەنعەتی گەشت و گوزار و، بینا و شوێنەوارە کۆنەکان دەپارێزێ.

### فەسڵی پێنجەم:

### سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی

٣٧- هەموو منداڵانی کوردستان هەتا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لە نێو بردنی نەخوێندەواری بە پەلە هەنگاو هەڵ دێنێتەوە. لە هەرێمی کوردستاندا دابینکردنی خەرجی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای دەوڵەتییە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بە خۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی لەو بارەیەوە قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەرجی خوێندنی منداڵانی چین و توێژەکانی کەم داهات لە تەواوی فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکا و خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمەت و هەڵکەوتووی کەم داهات لە زانستگە و فێرگە بەرزەکانیشدا وە ئەستۆ دەگرێ.

٣٨- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەو ژوور بردنی ئاستی فەرهەنگیی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی و پەروەردەی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما، تیئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانستگەکان هەنگاو هەڵ دێنێتەوە و بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری کوردی تێ دەکۆشێ.

٣٩- بایەخ دان بە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران و هونەرمەندان و زانایانی کورد ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٤٠- حکوومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێک بەرامبەر بە ڕووناکبیران و پسپۆڕان دەگرێتە پێش کە بە دڵگەرمی و لە خۆ بوردنەوە خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن.

٤١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بردنە سەری ئاستی لەشساغیی هەموو خەڵک تێ دەکۆشێ و هەلومەرجێک پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانی کەلک وەربگرن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگە و زایینگە، هەنگاو هەڵ دێنێتەوە و بۆ بەخێو کردنی نەقوستان و بەساڵداچووانی

ڕەبەن و بێخاو و خێزان بنکە و بنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

**فەسڵی شەشەم:**

**تایبەتمەندییەکانی کۆماری فێدراڵی ئێران**

٤٢- هەموو گەلانی ئێران بێفەرق و جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی، مەزهەبی، قەومی و جینسی لە دامەزراندنی کۆماری فێدراڵی ئێراندا بەشدارن و ئەم ئەسڵە لە قانوونی ئەساسیی کۆماری فێدراڵدا دەگونجێ.

٤٣- قانوونی ئەساسیی کۆماری فێدراڵ، بە پێی مێعیارە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بە جۆرێک تەنزیم دەکرێ کە مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران لە نێو سنووری جوغرافیایی نەتەوەیی هەرێمەکاندا بە ڕەسمی بناسرێ.

٤٤- قانوونی ئەساسیی کۆماری فێدراڵ، مافی پەسەندکردنی ئەو قانوونانەی پێوەندییان بە هەرێمەکانەوە هەیە، بە پارلمانەکانیان دەسپێرێ.

٤٥- دەوڵەتی فێدراڵی ئێران ناچێتە نێو هیچ جۆرە پەیمانێکی نیزامی کە سروشتی دەستدرێژکەرانە بۆ سەر وڵاتانی دیکەی هەبێ.

**فەسڵی حەوتەم:**

**سیاسەتی دەرەوە**

لە سیاسەتی دەرەوەدا کە لە سەلاحیەتی دەوڵەتی مەرکەزیی کۆماری فێدراڵدایە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە:

٤٦- دەوڵەتی فێدراڵی ئێران لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی حەقی حاکمیەتی نیشتمانی پێوەندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و ئەو وڵاتانە کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن پێوەندیی دۆستانە پێک بێنێ.

٤٧- دەوڵەتی فێدراڵی ئێران لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لە نێو گەلاندا پشتیوانی بکا و لایەنگری چارەسەری گیر و گرفتە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگای وتووێژەوە بەبێ بە کار هێنانی زۆر بێ، مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پێویست بزانێ.

٤٨- دەوڵەتی فێدراڵ لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی زۆرداریی گەلان و لە مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان پشتیوانی بکا و پەنای سیاسی بە ئینسانە نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازەکان بدا.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا بە ئاگاداری و پەسەندی دەوڵەتی فێدراڵ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیمکاناتی خۆی بۆ کۆمەک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا کەلک وەربگرێ و پەنای سیاسی بەو کوردە نیشتمانپەروەرانە کە داوای پەنابەرایەتی دەکەن، بدا.

## بەشی دووهەم:
## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### ماددەی یەکەم: ناو و نێوەرۆکی حیزب

١- ناوی حیزب «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ە.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەو و شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و چین و توێژە نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازەکانی گەلی کورد لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

### ماددەی دووهەم: ئەندامانی حیزب:

هەموو هاونیشتمانێکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێک:

- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.
- بە ئینسانێکی خوشناو و نیشتمانپەروەر بناسرێ.

تێبینی:

کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتدا ببنە ئەندام و ئەگەر زیاتر لە ٥ ساڵ لە کوردستانی ئێران ژیان، ببنە ئەندامی حیزب.

### ماددەی سێهەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

- دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.
- لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.
- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی بەرەو ژوورترەوە بە ئەندام وەربگیرێ.

### ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی سەر شانی ئەندامی حیزبە کە:

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێ بکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بە پێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێ بکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەرێ.

– سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیروڕا و تاقیکردنەوەیان کەلک وەربگرێ.
– حەقی ئەندامەتی بدا.

**تێبینی:**
ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن و پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ حیزبدا هەیە، بەڵام هەموو ئەرکەکانی ئەندام بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری حیزب دەناسرێن.

**ماددەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**
ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:
– بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ.
– لە هەموو ئەندامێک یا ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبییدا ڕەخنە بگرێ.
– لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، بیروڕای خۆی پێ بڵێ یان پرسیاری لێ بکا.
– لە هەموو ئۆرگانێک لەلای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
– لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو بەراورد بکا و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**ماددەی شەشەم: سزادانی ئەندام**
١– ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەبزوونەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئێعتباری حیزب دەگەیەنێ بە پێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتییە لە:
– سەرکۆنە بە دەم.
– سەرکۆنە بە نووسراو.
– ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
– هەڵپەساردن.
– دەرکردن لە حیزب.

**تێبینی:**
١– درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە، ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێراندا، ناتوانێ بە ئەندامی هیچ کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ و بەرپرسایەتیی پێ بدرێ.
٢– سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ.
٣– مەبەست لە سزای حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە باش کردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.
٤– ئەندامی دەرکراو حەقی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا و دەتوانێ

ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

٥- ئەندامی هەڵپەسێراو پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبی بۆ لە بەرچاو دەگیرێ و بە نەزەری ئۆرگانی خۆی بەرپرسایەتیی پێ دەدرێ.

**ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب**

١- ئەسڵی بنەڕەتیی داڕشتنی قەوارەی حیزب لەسەر ئەو بنەمایەیە کە:

- هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە و، کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە.
- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بێجیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ.
- باسکردن و بڕیار دان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارووترین ئۆرگان بە کۆمەڵە. تاکپەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نیە.

**ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هەر چوار ساڵ جارێک لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و بە ڕادەیەک کە کومیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب پێک دێ.

٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازی کومیتەی ناوەندی، یان دوو لە سێی پێرسۆنێلی تەواو وەختی حیزبی پێک دێ.

ئەرک و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

- باسی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
- ڕێبازی گشتیی سیاسی و ستراتێژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.
- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

**تێبینیی ١:**

کومیتەی ناوەندی حەقی هەیە ئەو پەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە سێی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی، لە ئەندامانی حیزب ڕاستەوخۆ بە حەقی دەنگدانەوە لە کۆنگرەدا بەشدار بکا. ئەم کارە دەبێ پێش بەستنی کۆنفرانسەکانی حیزب بکرێ و ئەو جۆرە کەسانە لە کونفرانسەکاندا حەقی دەنگ دانیان نابێ.

**تێبینی ٢:**
کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە لانیکەم سێ ساڵ ڕابردووی ئەندامەتییان لە حیزبدا هەبێ.

**ماددەی نۆهەم: کۆنفرانسی حیزب**
١- کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:
- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیر و گرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
- لە هەلومەرجێکی وادا کۆنفرانس سەلاحیەتی کۆنگرەی هەیە.

٢- کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کومیتەکانی شارستان و ناوەند و کومیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی پێک دێ.

٣- ڕادەی نوێنەرانی ئەو کومیتە و کۆمیسیۆنانە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ. بەڵام لە هەر حاڵدا دەبێ ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی زیاتر بێ.

**ماددەی دەهەم: کومیتەی ناوەندی**
١- لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢- ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:
- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- مەسئوولی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.
- دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتیی حیزب و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی بەرپرسن.
- ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولی داهات و دەرکەوتی حیزبە.
- ئایین‌نامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و هاوهەنگاویی نێوان کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی دادەنێ.
- لانیکەم ساڵێ سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.

تێبینی:
١- کومیتەی ناوەندی دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی، موشاویر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.
٢- کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی

ڕەسمییەت پەیدا دەکەن و بڕیارەکانی وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵیی بەشدار لە کۆبوونەوەدا دەنگیان بۆ بدەن.

٣- هیچ کەس زیاتر لە دوو کۆنگرەی بە دوای یەکدا وەک سکرتێری گشتی هەڵنابژێرێ.

**ماددەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییدا دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی وە ئەستۆ دەگرێ و مەسئوولی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندییە.

٢- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە پێی پێویست پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

**ماددەی دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١- بناغەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزب لە دێ، کومیتەی دێ؛ لە ناوچە، کومیتەی ناوچە؛ لە گەڕەک، کومیتەی گەڕەک؛ لە شار کومیتەی شار و لە شارستان، کومیتەی شارستان و؛ لە ناوەند، کومیتەی ناوەند بەڕێوەیان دەبا.

٣- ئەرکی شانە و کومیتەکانی دێ و گەڕەک و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥- بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە دوو ساڵ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە پێک دێ.

تێبینی:

لە هەلومەرجی تایبەتییدا کومیتەی ناوەندی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوی حیزب پەسەند بکا.

**ماددەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

- حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکە و بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

***

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەیاننامە بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٤ی حیزب
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٤ی حیزب
- بڕیارنامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- پەیامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## کۆنگرەی ١٤ای حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (ڕەشەمەی ١٣٨٦)

کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژانی ١٦_٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ لە قەڵای دێموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان گیرا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤:**

١) خالید عەزیزی، ٢) مستەفا مەولوودی، ٣) کوێستان گادانی ٤) عومەر باڵەکی، ٥) خەدیجە مەعزووری، ٦) حەسەن قادرزادە، ٧) قادر وریا، ٨) هێمن سەیدی، ٩) د. ئاسۆ حەسەنزادە، ١٠) کوێستان فتووحی، ١١) کەماڵ کەریمی، ١٢) ڕامبود لوتفپووری، ١٣) برایم ئیبراهیمی (زێوەیی)، ١٤) حەسەن ڕەستگار، ١٥) مستەفا مەعرووفی، ١٦) کەریم مەهدەوی (سەقزی)، ١٧) عەبدوڵلا بەهرامی، ١٨) سیامەک وەکیلی، ١٩) ئیقباڵ سەفەری، ٢٠) مستەفا شەڵماشی، ٢١) سەید برایم کەریمی.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤:**

١) برایم چووکەڵی، ٢) کاوە ئاهەنگەری، ٣) کورش نوسرەتی، ٤) مەولوود سوارە، ٥) محەممەد کەسرایی، ٦) خالید وەنەوشە، ٧) عومەر شاداب، ٨) خەلیل فەرامەرزی، ٩) ڕەحمان پیرۆتی، ١٠) سمایل شەرەفی، ١١) سۆهەیلا قادری، ١٢) ڕەحیم محەممەدزادە، ١٣) جەعفەر زەمانی (عەجەم)

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤:**

١) محەممەد حەسەنپوور، ٢) محەممەد شەهرەوان، ٣) سەید عەبدوڵلا حوسێنی، ٤) سیامەک قەویپەنجە، ٥) مەسعوود ڕەواندوست، ٦) گولاڵە شەرەفکەندی، ٧) سەعید بەگزادە.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسی:**

١) خالید عەزیزی، ٢) مستەفا مەولوودی، ٣) کەماڵ کەریمی، ٤)حەسەن ڕەستگار، ٥) حەسەن قادرزادە، ٦) قادر وریا، ٧) مستەفا شەڵماشی.

**ئەندامانی کۆمیسیۆنی چاودێری لە پێڕەوی نێوخۆ**

١) عەبدوڵلا حەسەنزادە، ٢) جەلیل گادانی، ٣) ئەحمەد عەزیزی، ٤) هاشم ڕۆستەمی، ٥) عوسمان (ئاشق) ئیسماعیلی.

## بەیاننامە
## کۆتایی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
گەلانی خەباتگێڕی ئێران!
دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرانسەری جیهان!

بە خۆشحاڵی و شانازییەوە ڕادەگەیەنین کە چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای هەشت ڕۆژ کار و تێکۆشان، بەرەبەیانیی ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ (١٤ی مارسی ٢٠٠٨) سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. لە کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نزیکەی دووسەد ئەندام لە نوێنەرانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، ئەندامانی ڕێبەریی پێشوو و نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان و وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان و ژمارەیەکیش لە ئەندامانی حیزب وەک میوان بەشدار بوون. کۆنگرە لە ڕێورەسمێکی بەریندا بە بەشداریی ژمارەیەک میوان و چەندین بنەماڵەی شەهید بە وتەکانی تێکۆشەری دێرین «فەتاح کاویان» کرایەوە. هەر لەو ڕێورەسمەدا کۆمەڵێک لەو پەیامانەی لە لایەن حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی دۆستی حیزب بۆ کۆنگرە هاتبوون خوێندرانەوە.

یەکەم برگەی کاری کۆنگرە بریتی بوو لە باس لە سەر ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی چواردەیەمی حیزب. ڕاپۆرتی سیاسی بە شێوەیەکی پوخت و چڕوپڕ ئاماژەی بە چەندین تەوەری گرنگ لە بارەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، پێوەندیی زلهێزەکان و وڵاتانی دیکە، تێرۆریزم، زلهێزەکان و گەلانی زۆر لێکراو، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مەسەلەی کورد، ئێران، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان و بارودۆخی ئەم حیزبە دوای لەتبوون، ئەرکەکانی سەر شانی ئەندامانی حیزب، پرۆژە و هەڵوێستەکانی حیزب لە بارەی پێوەندییە نێوخۆییەکان، دروشمی ستراتیژیک و هەروەها هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی حیزب کردبوو. ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرە دوای چەندین سەعات باس و لێدوانی ڕاشکاوانە و ڕەخنەگرانە و دەسکاریی پێویست، بە زۆربەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسەند کرا.

تەوەرێکی دیکەی کاری کۆنگرە بریتی بوو لە باس لە سەر گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی تازەی حیزب. لەم تەوەرەشدا ئەندامانی کۆنگرە بە بەشداریی چالاکانەیان لە باسەکانیاندا دەسکاریی پێویستیان لە گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆدا کرد و بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی تازەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرنج دان بە هەلومەرجی نوێی کوردستان، ناوچە و جیهان و گرنگی دان بە گوتاری نەتەوەیی و پێویستیی دێموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسی بۆ ئیدارەی کۆمەڵ و وڵات و، دیسانترالیزە بوونی ئۆرگانیزاسیۆنی حیزب و کرانەوەی زیاتری حیزب لە نێوخۆ و بە ڕووی دەرەوەدا ئامادە و پەسەند کراوە.

لە درێژەی کاری کۆنگرەدا گەڵاڵەی بڕیارنامەیەکی گرنگ خرایە بەر نەزەری کۆنگرە کە پاش نەزەرات و تێبینی و دیالۆگێکی گەرم لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

کۆنگرە لە درێژەی کارەکانی خۆیدا چەند پەیامی بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی، خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان، ڕووناکبیران و چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێز و لایەنەکانی دیکەی کوردستان نارد.

دوایین تەوەری کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندیی حیزب بوو. لەم بەشەی کاری کۆنگرەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەران و ڕووناکبیرانی نێو حیزب، کەسانی لێهاتوو و خاوەن ئەزموون و ژنانی ئەندام لە حیزب لە دەرەوە و کوردستان کاندیداتۆریی خۆیان ڕاگەیاند. ئەندامانی کۆنگرە بە گیانێکی بەرپرسانە و بە شێوەی نهێنی، دەنگیان بە کاندیداتۆرەکانی جێگەی پەسەندی خۆیان دا و ئەو بەشەش سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرانسەری جیهاندا!**

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەک چاوەڕوان دەکرا گەلێک بڕیارنامە و ڕاسپاردەی نوێی پەسەند کردوون و دەرگایەکی نوێی بە ڕووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کردۆتەوە و خوێندنەوەیەکی تازەی لە بارەی پێوەندییە نێو خۆییەکانی حیزب و دێموکراتیزە کرانی زیاتری ئەم پێوەندییانە و تێڕوانین بۆ دەرەوەی حیزبی خستۆتە بەردەم داهاتووی تێکۆشانی ئەم حیزبە. لە کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دروشمی ستراتێژیی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵدا وەک دروشمی ستراتێژیی حیزب دیاری کرا. «حیزبی دێموکراتی کوردستان» ئەو ناوەی کە ئەم حیزبەی پێ دامەزرا و پێی ناسرا وەک ناوی حیزب پێی لەسەر داگیرایەوە و پەسەند کرا. کۆنگرە لە لێکدانەوەی سیاسی و بڕیار و پەسەند کراوەکانیدا بایەخێکی تایبەتیی داوە بە پێویستیی یەکیەتی و هاوکاری چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و، ئەو پشتیوانییەی لە ئاستی جیهاندا بۆ خەباتی نەتەوە زۆر لێکراوەکان بەدی دەکرێ بە فاکتەرێکی گرنگ و بە قازانجی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دەزانێ.

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی نوێ و دێموکراتیک بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم کۆنگرەیە لە کۆنگرەکانی پێشووی ئەم حیزبە جیا

دەکاتەوە. ڕێژەی بەشداریی ژنان لەم کۆنگرەیەدا بەرچاوتر لە ڕابردوو بوو و، دەستەبەر بوونی حوزووری ئەوان لە ئاستی ڕێبەرایەتی لەم کۆنگرەیەدا ڕچەشکێن بوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم حیزبەدا ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ڕێبەریی حیزبدا نزیک بە بیست لەسەدە. ڕادەی بەشداریی نوێنەران لە بەدەنەی حیزبدا بێوێنە بوو. پەڕاکەندەیی جوغرافیایی ئەندامانی حیزب زۆر بەربڵاو و فرەوان بوو و ئەندامانی ئاشکرای حیزب لە شوێنە دوور و نزیکەکانی جیهان و کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر کە لە مێژووی حیزبدا نەدیتراوە نوێنەریان بۆ کۆنگرە ناردبوو. ڕادەی جۆرا وجۆری لە بیر و بۆچوونی جیاوازدا لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزب بوو.

گیانی ڕەخنە گرتن، بەشداریی چالاکانە لە باس و مناقشەکاندا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و شارستانییانە باڵی بەسەر کەشوهەوای کۆنگرەدا کێشابوو و کەشی ئازاد و ئازایەتیی ئەندامانی کۆنگرە بوون بە هۆی ئەوە کۆنگرەیەکی شایانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک بێ و سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی بێنێ.

سەر کەوێ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناوی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵدا،

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران،

سەر کەوێ بەرنامە و ئامانجەکانی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٦**

**١٥ی مارسی ٢٠٠٨**

***

## ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**١٦ تا ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦**
**(٦ تا ١٤ی مارسی ٢٠٠٨)**

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**بەشدارانی بەڕێزی چوارەدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بەخێر بێن بۆ گەورەترین و بە دەسەڵاتترین کۆبوونەوەی تەشکیلاتی و ئۆرگانیی حیزبە سەربەرزەکەتان و سڵاو لە هەوڵ و تێکۆشانی چەندین ساڵەی نێو ڕیزەکانی حیزبتان و لێتان پیرۆز بێ ئەندامەتی و ئامادەبوون لە کۆنگرەیەکدا کە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەرکی گرنگ و چارەنووسسازی پێ ئەسپاردوە. سڵاو لە ئێوە و لەو تێکۆشەرە حیزبییانە کە متمانەیان پێ داون تا لەم کۆنگرەیەدا بیر و بۆچوونەکانیان بێننە گۆڕێ و بە نوێنەرایەتیی وانیش لە دارشتنەوەی ڕێبازی سیاسی و بەرنامەی تێکۆشانی حیزب بۆ ماوەی نێوان ئەم کۆنگرەیە و کۆنگرەی پازدەیەمدا نەزەر بدەن و شوێن دابنێن. سڵاوێکی گەرمتر لەو تێکۆشەرە سەربەرز و فیداکارانە کە لە نێو جەرگەی وڵات و لە مەیدانی بنەڕەتیی خەباتدا نەخش دەگێڕن و بە داخێکی گرانەوە هێشتا هەلومەرجی تێکۆشان، ئەو شانازییەی پێ نەداوین کە لە کۆنگرەیەکی وادا لە تەنیشت خۆمان بیانبینین. سڵاو لە گیانی پاکی ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانە کە لە درێژایی ساڵانی تەمەنی حیزبەکەماندا گیانیان لەسەر ئامانجیان داناوە، سەربەرزانە بەجێیان هێشتووین و درێژەدانی ڕێگای پیرۆزی خەباتیان پێ ئەسپاردووین، سڵاوێکی تایبەت بۆ گیانی نەمری هاوڕێی هەمیشە لە یاد کاک عوسمان ڕەحیمی کە شوێنی لە نێو کۆڕی ئێمەدا بەتاڵە و یەکێک لە شیاوترین تێکۆشەرانێک بوو کە هەقی بوو لەم کۆنگرە بەشکۆیەدا نەخش بگێڕێ و بەداخەوە مەرگی بەناوەخت ڕێگای پێ نەدا. هەروەها سڵاو بۆ گیانی هاوڕێی تێکۆشەر کاک محەممەد گادانی کە هەمووی سێ حەوتوو پێش کۆنگرە ماڵاوایی لێ کردین. سڵاو لە زیندانییە سیاسییەکانمان کە نەترسانە بەرامبەر بە وەردیان (زیندانەوان)ـە دڵڕەشەکان ڕادەوەستن و ئامادەن گیان ببەخشن، بەڵام پشت لە ئامانجەکانیان نەکەن. سڵاو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیوانانی ئەمینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرچاوەی هێز و توانامان و بە تایبەتی سڵاو بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی نێو سەنگەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییمان.

هاوڕێیان و هاوسەنگەران!

هەموو قۆناغەکانی خەبات گرنگ و ناسکن و هەموو ڕۆژانی تێکۆشان و تەنانەت هەموو سەعات و دەقیقەکانمان بایەخی خۆیان هەیە و بە فیڕۆدانیان زیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی ئێمە دەگەیەنێ. بەو حاڵە ڕێگا بدەن بڵێین ئەم کۆنگرەیە لە هەلومەرجێکی ناسکتردا

پێک هاتوە و کات و ساتەکانی کۆنگرە بایەخێکی زیاتریان بۆ دوارۆژی حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان هەیە. ئێمە لە کومیتەی ناوەندییدا و بە پشت بەستن بە پشتیوانیی تێکڕای ئەندامانی حیزب زۆر ئەرکی گرنگمان بۆ نوێکردنەوە و بەرەو پێشبردنی حیزب خستوونە سەرشانی خۆمان، زۆر بەڵێنیمان بە دۆستان و لایەنگرانی حیزبەکەمان داون، کە هەمووی ئەمانە دەبێ لەم کۆنگرەیەدا دوا بڕیاریان لە سەر بدرێ. کەوایە ئەم کۆنگرەیە بەردی مەحەکی جیددی بوونی ئێمە لە وادە و بەڵێن و بڕیار و پەسەندکراوەکانماندایە.

بەخۆشییەوە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە لە هەموو شوێنێک بە ڕادەیەکی زۆر لە خزمەتی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا بوون کە بۆ کۆنگرە و لەویش زیاتر بۆ دوارۆژی حیزب لە بەرچاو گیراون. ئێمە شانازی بە هەموو سەرکەوتنەکانی ڕابردووی حیزبەوە دەکەین و لە کەم و کووڕییەکانیشیدا خۆمان بە شەریک و بەرپرس دەزانین. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی چواردەیەم هەم لە ڕووی باس و لێکدانەوە سیاسییەکان، هەم لە بارەی ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان و هەم لە ڕوانگەی هەڵبژاردنی نوێنەران و پێکهاتە و جۆراوجۆریی نوێنەرانەوە نموونە و نوێنگەی وەفاداری بە بەڵێن و پەیمان و لێبڕاوی لە سەر ئاڵوگۆڕە دێموکراتیکەکان بەرەو نوێکردنەوەی حیزب و بەرەو پێشبردنی بوون. تەرکیبی ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە شاهیدی دەدا کە تێکۆشەرانی حیزب لە کۆنفرانسەکاندا چەندە پێبەندی ئەو پرەنسیپانە بوون کە زیاتر لە ساڵێک پێش ئێستا بە ناوی «هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە» ڕامان گەیاندن. وەک لە بیرمانە بەرزترین ڕادەی بەشداریی ژنان لە کۆنگرەدا شتێک زیاتر لە ٦٪ی ئەندامانی کۆنگرە بوو، کەچی دەبینین بەخۆشییەوە ئەم ڕێژەیە لە کۆنگرەی چواردەیەمدا گەیشتۆتە نیزیک ١٩٪.

جۆراوجۆریی پێکهاتەی کۆنگرە پێمان دەڵێ کە لە باری بەشداریی لاوان و ڕووناکبیرانیشەوە هەنگاوی گەورەمان بەرەو پێش هەڵهێناونەوە. بۆیە ئەو هیوایە بەهێزە کە هەر وەک لە هێڵە گشتییەکاندا بەڵێن دراوە ئۆرگانی ڕێبەریی هەڵبژێراوی ئەم کۆنگرەیەش هەر ئەم جۆراوجۆری و هاوبەشی و بەرەو پێشچوون و نوێبوونەوەیە بە خۆیەوە ببینێ. بە هەر حاڵ بەشدارانی کۆنگرەی چواردەیەم بەرپرسایەتیی قورسیان لە سەر شانە و دەبێ خۆیان بۆ وەدیهێنانی چاوەڕوانییەکانی ئەندامانی حیزب و بە گشتی خەڵکی کوردستان ئامادە کردبێ. زامنی سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە لە وەدیهێنانی چاوەڕوانییەکاندا بەشداریی چالاکانە و ئوسوولیی ئەندامان لە باس و لێکدانەوەکان و گەڵاڵەی بڕیارنامە و بەڵگەنامەکاندایە. سەرکەوتنی یەک یەکی ئێمەش لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانمان وەک ئەندامی کۆنگرە لە گرەوی ئەوەدایە کە ئەوەی بیروبۆچوون و لێکدانەوەمان پێ دیکتە دەکا تەنیا و تەنیا قازانجی حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمان و مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان بێ.

لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی قۆناغی ئێستای خەباتی حیزبەکەمان بۆ هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی سیاسەت و ڕێبازی تێکۆشانی لەمەو دوامان ئەرکێکی گرنگە. ئێمە لە دنیایەکدا دەژین و خەبات دەکەین کە دیاردەکان پێکەوە بەستراون و شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن و کاریگەری لە یەکتر وەردەگرن، بە تایبەتی خەباتی سیاسی بۆ بەدەست هێنانی ماف و داخوازەکانی گەلێک لە زۆر جەمسەرەوە بە زۆر پارامێتری نێوخۆیی و دەرەکییەوە گرێ دراوە. بۆیە لەم ڕاپۆرتەدا بە پێویست دەزانین ئەگەر بە کورتییش بێ ئاوڕ وەسەر ئەو

ئاڵوگۆڕانە بدەینەوە کە بەسەر هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەییدا هاتوون و بە جۆرێک لە جۆران پێوەندیی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبەکەمان و نەتەوەکەمانەوە پەیدا دەکەن:

### پێوەندییە نێونەتەوەییەکان

بە پێچەوانەی ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم و تەنانەت ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم کە ململانەیەکی توند بەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا زاڵ بوو و، دواتر جێگای خۆی دا بە هێندێک ململانەی ئارامتر و زیاتر ڕانەگەیەندراوی دەسەڵاتە گەورە ئابووری و سیاسییەکان، لە ساڵانی نێوان دوو کۆنگرەی سێزدەیەم و چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا فەزای زاڵ بەسەر پێوەندیی نێوان دەوڵەتان، بە تایبەتی دەسەڵاتە گەورەکاندا، فەزای هاوکاری بۆ چارەسەری گیر و گرفتەکانی نێوان خۆیان لە لایەک و ئەو گیر و گرفتە ناوچەیی و جیهانییانە کە هەر کامەی بە جۆرێک قازانج و لێکدانەوەی خۆیانی تێدا دەبیننەوە لە لایەکی دیکە بوو. ئەگەر تا چەند ساڵ لەمەو بەر لە نێوان ئورووپا و ئەمریکا و لەوانیش زیاتر لە نێوان ئەم دووانە و دوو دەوڵەتی گەورەی چین و ڕووسیە لە زۆر مەسەلەی پێوەندییدار بەم یان ئەو وڵاتدا ململانە و کێشە ڕووی دەدا و کاری گەیاند بووە جێگایەک کە هێندێک دەوڵەتی سەرەڕۆ و قانوون شکێنی وەک کۆماری ئیسلامی دەیانتوانی لەو ناتەباییانە بە قازانجی سیاسەتەکانی خۆیان و بردنە پێشی ئامانجە ناڕەواکانیان کەلک وەرگرن، ئێستا ئورووپا و ئەمریکا و لە زۆر حاڵەتدا چین و ڕووسیەش هەوڵ دەدەن بە بۆچوون و هەڵوێستی هاوبەشەوە لەگەڵ گیر و گرفتە جیهانی و ناوچەییەکاندا بەرەو ڕوو بنەوە.

لێک نیزیکبوونەوەی هەڵوێستی دەسەڵاتە گەورەکان و هەوڵدانیان بۆ گرتنی هەڵوێستی هاوبەش بەرامبەر بە کێشە و گیر و گرفتە ناوچەییەکان فەزایەکی پێک هێناوە کە لەودا هیوا بە چارەسەری هێندێک کێشەی لەمێژینەی وەک کێشەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی پتر بێ و ئاسۆی جیهانێکی ئارامتر و پێوەندییەکی سالمتری نێوان دەوڵەتان و هێزە دەسەڵاتبەدەست و کەمدەسەڵاتەکان ڕوونتر بێتە بەرچاو. گومان لەوەدا نییە کە هەرچەند جەمسەربەندی بە شێوەی دەورانی شەڕی سارد و بوونی دوو ئوردووگای سۆسیالیستی و سەرمایەداری، ئەمڕۆ لە ئارادا نییە، ململانە لە سەر بە دەستەوە گرتنی بەشێکی زیاتر لە بازاڕی جیهانیی سەرمایە و قازانجە ئابووری و بازرگانییەکان هەروا بەردەوامە و هەرکام لە دەسەڵاتە مەزنە ئابوورییەکان لە گەڕان بە دوای دابینکردنی زیاتری قازانجەکانی خۆیاندا لە هەوڵی یارگیری و بە دەستەوە گرتنی بەشێکی زیاتر لە بازاڕی جیهانی ڕانەوەستاون و ڕاناوەستن. بەڵام گرنگ ئەوەیە لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا و بەرامبەر بەو مەترسییانە کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئارامی لە ڕادەی جیهانییدا دەکەن، تا ڕادەیەکی باش یەکدەنگن و مل بە ملە لە سەر قازانجە تایبەتییەکان لە فەزایەکی سالمتر و ئارامتردا بەرەو پێش دەچێ.

تا ئێستاش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەبوو لە چارەسەری گیر و گرفتە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکاندا نەخشی چالاک و کاریگەری هەبێ زۆرتر لە پەراوێزدا نەخش دەگێڕێ و بڕیاری سەرەکی و قسەی یەکەم بە دەسەڵاتە مەزنەکانە. بەو حاڵەش کەمبوونی

ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەو دەسەڵاتانە زەمینەی پێک هێناوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر نەبێ لە داهاتوودا نەخشێکی زیاتری پێ بسپێردرێ و ئامادەبوونی لە چارەسەری گیر و گرفتە هەرێمییەکاندا بەرچاوتر بێ. ئامادەبوونی چالاکانەی ئەم ڕێکخراوە لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسە جیهانی و ناوچەییەکاندا و نەخشگێڕانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هێندێ شوێنی ئاڵۆزی وەک ئەفغانستان و دارفووری سوودان سەرەتایەکی باشن بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە لە دواڕۆژدا شوێنەواری بەرچاوتری لە دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و هێورکردنەوەی ناوچە هەڵگیرساوەکانی جیهاندا هەبێ.

**تێرۆریزم و بەربەرەکانیی تێرۆریزم:**

یەکێک لە بەرچاوترین دیاردەکانی ئەم سەردەمەمان لە ڕادەی جیهانییدا بوونی تێرۆریزم لە لایەک و هەوڵی بەربەرەکانی بەدژی تێرۆریزم لە لایەکی دیکەیە. ئەو شەڕ و بەربەرەکانییە کە لە ساڵدا بە میلیارد دۆلار خەرج بەسەر بوودجەی دەوڵەتانی پشتیوان یان دژی تێرۆریزمدا دەسەپێنێ، لە ڕاستییدا یەکێک لە گرنگترین دیمەنەکانی ئەو لێک نیزیکبوونەوەیەیە کە گوتمان لە نێوان دەسەڵاتە گەورەکاندا پێک هاتوە و بە شتێکی موسبەت و دەسکەوتێکمان لە قەڵەم دا. دیاردەی تێرۆریزم ئێستا ئیدی بۆتە مەترسییەک کە هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیری لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی جیهاندا دەکا. بەڵام ئەو بەربەرەکانییە کە بە باوەڕی ئێمە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوویە تا ئێستا لە دوو بارەوە کەمایەسیی بنەڕەتیی تێدا هەیە:

یەکەم ئەوە کە ئێستاش پێناسەیەکی ڕوون لە تێرۆریزم نەکراوە و سنووری نێوان تێرۆر و شەڕ، تێرۆر و خەباتی ئازادیخوازانە و تێرۆر و بەربەرەکانیی ڕەوا ڕوون نەکراوەتەوە و تەنانەت هەڵوێستی وڵاتە هەرە مەزنەکانیش بەرامبەر ئەو دیاردەیە لێڵی و ناڕوونییەکی بەرچاوی پێوە دیارە. ئەو ناڕوونی و نایەکدەنگییە جیهانییە لە سەر تەعریف و نێوەرۆکی تێرۆر بۆتە مایەی ئەوە کە جار و بار سەرسەختترین لایەنگرانی تێرۆر و تێرۆریزم و بۆ دەرەوە ناردنی تێرۆر وەک دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییش خۆیان بە دوژمنی تێرۆریزم و تەنانەت قوربانیی تێرۆریزمیش لە قەڵەم بدەن.

دووەمیش ئەوەیە تا ئێستا کۆمەڵگەی جیهانی و لە سەرووی هەمووشیەوە دەسەڵاتە مەزنە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگی و زانیارییەکان تەنیا شەڕی دیاردەی تێرۆریزم -ئەویش بە ناڕوونی و نیوەچڵی- دەکەن و کاریان بە سەر ناسین و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی ماکی تێرۆریزمەوە نییە، بەو مانایە کە هێشتا خۆیان بەوەوە خەریک نەکردوە کە بزانن تێرۆریزم لە چییەوە سەر هەڵ دەدا و هۆیەکانی سەرهەڵدانی چیین. تەنانەت بە شێوەی جیددی شەڕ لەگەڵ سەرچاوە ئەسڵییەکانی تێرۆریزمیش نەکراوە، کە ئەمەیان بۆتە هۆی ئەوەی هەڵخەڵەتاوان لەملا و لەولا سەریان تێدا بچێ و ئەوانەش کە لە پشتیان ڕاوەستاون و دەیاننێرنە مەیدانی جینایەت خولقاندن، یان خۆ بە هیلاک دان بێسزا دران بۆی دەربچن. بە باوەڕی ئێمە هەوڵی ناسینی ڕەگ و ڕیشەی تێرۆریزم و سەرچاوەی تێرۆریزم هەم زەمانی بەربەرەکانی دژی تێرۆر کورت دەکاتەوە و هەم تێچووی خەرجەکانی دێنێتە خوار.

**دەسەڵاتە گەورەکان و گەلانی زۆرلێکراو:**

دیاردەیەکی موسبەت کە لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا هاتۆتە ئاراوە و کەم و زۆر کاری پێ کراوە، هەڵوێستی دەسەڵاتە گەورەکان بەرامبەر بە ماف و ئازادییەکانی گەلانی بندەست و زۆرلێکراوە. ئەگەر تا دوا دواکانی سەدەی ڕابردوو هەموو جۆرە وەدەنگ هاتنێکی کۆمەڵگەی جیهانی بە بیانووی دەست تێوەرنەدانی کاروباری نێوخۆیی وڵاتانەوە ڕەت دەکرایەوە، لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا شتێک بە ناوی دەست تێوەردانی ڕەوا هاتە نێو زاراوە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. ئەویش بەو مانایە بوو کە لە هەر جێیەک دەرکەوت دوڵەتان ماف و ئازادییەکانی گەلانی خۆیان زەوت دەکەن، کۆمەڵگەی جیهانی بۆی هەبێ بە ناوی دیفاع لە مافی مرۆڤەوە بێتە دەنگ و پێشی سەرەڕۆیی و تاوانی دژی ئینسانیی دەوڵەتەکان بگرێ. لەو کاتەوە تا ئێستا لە هێندێ شوێنی جیهان ئەو دەست تێوەردانە ڕەوایە کراوە و ڕزگاربوونی هێندێ میللەتی ژێردەستەی لێ کەوتۆتەوە کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بوسنی هێرزەگوئین و تیمۆری ڕۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ بکەین.

ئەگەر زۆربەی ئەمانە بە بڕیار یان پشتگیریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زیاتریش لەسەر دەستی زلهێزەکان هاتوونە دی، جێگای داخە لە هەر جێیەک ئەو زلهێزانە قازانجی تایبەتیی خۆیان تێدا نەدیتبێ بەرامبەر بە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلانی بندەست و چەوساوە بێدەنگ بوون و تەنانەت جاری وا بووە پشتی دەوڵەتە سەرەڕۆکانیشیان گرتوە. ناتەبایی و دوو جۆریی هەڵوێستی زلهێزەکان دەتوانین بە زەقی بەرامبەر بە پێشێلکرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە هێندێک بەشی کوردستاندا ببینین، لە حاڵێکدا ئەو هێزانە تا ڕادەیەکی کاریگەر پشتیوانییان لە وەدیهاتنی بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان کردوە -کە ئەمەیان جێگای ڕێز و پێزانینە- بەرامبەر بە سەرکوتی گەلی کورد بە تایبەتی لە تورکیە و ئێران متەقیان لێوە نەهاتوە و تەنانەت پشتیوانییشیان لە هەڵوێستی تورکیە کردوە. بەو ئاواتە ئەو «بانێک و دوو هەوا»یە لە هەڵوێستی زلهێزەکاندا کۆتایی پێ بێ و ئەگەر بە دەخاڵەتی ڕەواش نەبێ، هەر نەبێ بە پشتیوانیی ڕەوا لە داخوازە بەرهەقەکانی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بە پرەنسیپ بوونی خۆیان نیشان بدەن و ڕێز و ئەمەگناسیی هەموو نەتەوەی کورد بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

**سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست:**

ناکرێ باس لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بکەین و ئاماژە بە سیاسەت و نەخشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەکەین کە وەک گەورەترین زلهێزی جیهان ئەمڕۆ لە زۆربەی مەسەلە جیهانی و ناوچەییەکاندا نەخشی چالاک و کاریگەر یاری دەکا. کاریگەریی ڕۆڵی ئەمریکا لە سەر مەسەلەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەوە بەربڵاوترە کە لێرەدا ئاماژە بە هەموو لایەنەکانی بکرێ. بۆیە تەنیا باس لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پتریش ئەو بەشە دەکەین کە بە جۆرێک پێوەندیی بە خەباتی خەڵکی کوردستان و ئەو وڵاتانەوە هەیە کە کوردستانیان لە نێواندا دابەش کراوە.

ئەوەی لە سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕوون و ناسراوە پشتیوانیی ئەو دەوڵەتە لە ئیسڕائیل و ئەمنییەتی ئیسڕائیلە، کە ئەمەیان وەک

پارێزگاری لە میللەتێک زۆر لە جێگای خۆی‌دایە، بەڵام جێی داخە کە ئەمریکا مەسەلەکانی ئەو ناوچە گرنگ و ستراتێژیکە زیاتر لە ڕوانگەی ئەمنییەتی ئیسرائیلەوە سەیر دەکا و هەرچی پێوەندیی بەو ئەسڵەوە نەبێ، بایەخێکی کەمتری پێ دەدا. ئێستا جێی خۆشحاڵییە کە وا دیارە واشینگتۆن بڕیاری داوە ڕێگاچارەیەکی ئابڕوومەندانە بۆ مەسەلەی فەلەستین بدۆزێتەوە. بەڵام بەرامبەر بە مەسەلەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە کە گرنگ‌ترینیان مەسەلەی کوردە ئەمریکا نەک هەر سیاسەتێکی چالاکی نییە، بگرە سیاسەتێکی ڕوونیشی لە خۆی نیشان نەداوە. جارێ مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە و دێموکراتیزەکردنی ئەم ناوچەیە بە هەر هۆیەک بوو، هەر پاش هێنانە گۆڕی بایەگانی‌کراو ئێستا بۆ چوار ساڵ دەچێ کە باسی لێ ناکرێ و ناوی لێ نابرێ. پاشان هەڵوێست بەرامبەر بە دوو وڵاتی ئەم ناوچەیە (سووریە و ئێران) کە هەر کامیشیان بەشێک لە خاکی کوردستانیان تێدا هەڵکەوتوە، کەوتۆتە سێبەری وەزعییەتی ئەمنییەتیی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. ئێمە قەت بانگەوازمان بۆ هێرشی نیزامیی ئەمریکا یان هەر هێزێکی بێگانە بۆ سەر ئێران نەکردوە و ناشیکەین. بەڵام قسە لەوەیە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران ورە و هومێدی بە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران دەدا ئەوە زیاتر لە دوو ساڵە سیاسەتی ناڕوونی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ئێرانی لە جیددی بوونی ئەمریکا لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەو ڕێژیمەدا خستۆتە گومانەوە.

بە باوەڕی ئێمە ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران زۆر جار تووشی لێکدانەوەی نادروست بووە. هەر ئەو کاتە کە سیاسەتی (مهار دوگانە)ی بە قازانجی کۆماری ئیسلامی گۆڕی نەی‌دەزانی کە هەتا کۆماری ئیسلامی مابێ نە خەڵکی ناوچەکە و نە دۆستان و دواتر هێزەکانی ئەمریکاش لە ناوچە ئەمنییەت بە خۆیانەوە نابینن. ئێستاش جێگای سەرنجە کە ئەو زلهێزە بۆ دابین‌کردنی ئەمنییەتی عێراق –ئەمنییەتێک کە بەشێکی زۆری بە دەستی ئێران و بەکرێ گیراوانی لە خەڵکی عێراق زەوت کراوە– داوای کۆمەک لە کۆماری ئیسلامی دەکا و هێشتا تەنانەت ئەو گومانەشی نەڕەویوە کە ڕێژیمی ئیسلامی دەیەوێ کۆمەک بە سەقامگیر بوونی وەزعی عێراق بکا –لە حاڵێکدا بۆ هەموو شارەزایان ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی دژی هەموو ئاڵوگۆڕەکانی عێراقی تازەیە، هەر لە سیستمی لائیکەوە بگرە تا دەگاتە دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵ و بە تایبەتیش بە ڕەسمی ناسینی مافەکانی خەڵکی کوردستان– جا چۆن دەکرێ چاوەڕوان بین ئەو دەوڵەتە کۆمەک بە سەقامگیر بوونی وەزعی عێراق و چوونە پێشی ئامانجە هاوبەشەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و خەڵکی عێراق بکا؟

بە تێ‌فکرینی ئێمە تەنانەت هەڵوێستە توندەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامییش بێ‌هەڵە و کەم و کووڕی نەبوون. دەلیلی واشینگتۆن بۆ بەرەنگار بوونەوەی کۆماری ئیسلامی و داوای لە گەمارۆ خستن و ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی نیزامییشی زیاتر هەوڵی ڕێژیم بۆ دەست‌ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و پاشانیش دژایەتیی ڕێژیم لەگەڵ ڕەوتی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل یان پشتیوانی لە تێرۆریزم بووە. لە حاڵێکدا ئەم مەسەلانە بۆ بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێران گرنگ نین و لە ڕاستییدا داخوازەکانی خەڵکی ئێران لەو جێیەڕا دەست پێ‌دەکەن کە ئەو بابەتانە تەواو دەبن. داخوازی واز هێنان لە هەوڵی خۆ چەکدارکردن بە چەکی ئەتۆمی یان دژایەتیی ڕەوتی ئاشتی ناتوانێ خەڵکی ئێران وەجووڵە بخا. داخوازی

گەلانی ئێران، دیموکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوایەتی و مافی ژنان و شتی لەو بابەتەیە و ئەمانەن کە دەتوانن خەڵکی وڵاتی ئێمە وە حەرەکەت بخەن.

ئەگەرچی ڕاپۆرتی هێندێک لە دەزگا زانیارییەکانی ئەمریکا لە بارەی واز هێنانی کۆماری ئیسلامی لە بە دەست هێنانی چەکی ئەتۆمییەوە، بە بۆچوونی هێندێک کەس و یەک لەوان ئەحمەدی‌نژاد سەرکەوتنێک بۆ کۆماری ئیسلامییە، بەڵام بەش بە حاڵی خۆمان ئەو ڕاپۆرتە و ئاشکرا کردنەکەی –چ ئەو ڕاپۆرتە دروست بێ چ نادروست– بە هەنگاوێکی موسبەت بەرەو دەرکی دروستی ئەمریکا لە وەزعی ئێران و گرتنی هەڵوێستی ئوسوولیی دەزانین. هەق وایە دنیای دەرەوە لە ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامییدا باس لەو تۆمەتانە بکا کە هەم بە ئاسانی سابیت دەکرێن و هەم دەتوانن خەڵکی ئێران بجووڵێنن، سەرکوتی ئازادییەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی گەلان، داخستنی ڕۆژنامە جیابیرەکان، گرتن و ئازار و ئەشکەنجە و ئێعدامی ئازادی‌خوازان لەو تاوانانەن کە سەرانسەری کارنامەی ٢٩ ساڵەی کۆماری ئیسلامییان پڕ کردۆتەوە و دار و بەردی خاکی ئێران شاهیدییان بۆ دەدا.

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست:

وەک لە جێیەکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەی پێ‌کرا بەداخەوە لە لای زلهێزەکان و لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەییدا مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین یان کێشەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلدا خولاسە دەبێتەوە. لە حاڵێکدا –لەگەڵ هەموو گرنگی و بایەخی دابین‌بوونی ئەمنییەتی ئیسرائیل و ماف و ئازادییەکانی خەڵکی فەلەستین– شاراوە نییە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جگە لە مەسەلەی فەلەستین هەر لە باری مەسەلەی نەتەوایەتییەوە هێندێ مەسەلەی دیکەش بە چارەسەر نەکراوی ماونەوە کە لە هەموویان گرنگتر مەسەلەی کوردە. جێگای خۆشحاڵییە کە مەسەلەی کورد لە عێراق و بە ڕواڵەت مەسەلەی فەلەستینیش ڕێگای خۆیان بەرەو چارەسەر گرتۆتە بەر و ئاواتەخوازین بە زوویی بە سەرەنجامی دڵخواز بگەن. بەڵام هەموو ئەوانەی قازانجیان لە دابین‌بوونی ئاشتی و هێمنی لەو ناوچەیەدا هەیە دەبێ بزانن هەتا ئەو وەختەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ هەموو مەسەلەکان و پێش هەمووانیش مەسەلەی کورد نەدۆزراوەتەوە چاوەڕوانیی سەقامگیربوونی ئەو ناوچەیە چاوەڕوانییەکی بەجێ و واقیع‌بینانە نییە. کەوا بێ ئەرکی هەموانە هەرکەس بە پێی جێگە و پێگەی خۆی هەوڵ بدەن مەسەلەی کورد ڕێگاچارەیەکی بە کردەوەی بۆ پەیدا بێ تا ناوچەکەش بکەوێتە ئەمنییەتێکی دایمی و قازانجی لایەنە پێوەندیی‌دارەکانیش دابین بێ.

## مەسەلەی کورد:

کە باس لە مەسەلەی کورد دەکرێ مەبەست مەسەلەی نەتەوەیەکی نیزیک لە چل میلیۆن کەسی لە یەکێک لە گرنگترین ناوچە ستراتێژییەکانی جیهانە کە خۆی و وڵاتەکەی بە دوور لە ویست و کاریگەریی خۆی بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون و تا ئێستا لە مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆی بێ‌بەشە و بۆ وەدەست‌هێنانی ئەو مافە ڕەوا و سروشتییە خەبات دەکا. ڕاستییەکی تاڵە کە هەتا ئێستاش مەسەلەی کورد بەو مانا پڕ بە پێستەی لە هیچکام لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا باسی لێوە ناکرێ و ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا

بە بێتەفاوەتی، بە پەنایدا تێدەپەڕن و لە پێناوی قازانجی ئابووری و بازرگانییدا خۆی لێ دەبوێرن. بەو حاڵە ئێستا ئیدی کورد و کوردستان و مەسەلە ڕەواکەی نەتەوەی کورد بۆ ناوەندەکانی بڕیار و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی جیهان وەک جاران نامۆ و نەناسراو نیین و تەنانەت لە زۆر شوێن ناوی کورد سۆز و خۆشەویستی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.

شتی دیکەی جێگای ئومێد ئەوەیە کە هەستی نەتەوایەتی و وشیاریی سیاسی لە هەموو بەشەکانی کوردستان زۆر بەرەو ژوور چووە. لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد نەک هەر دانەمرکاوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەدارتر و وشیارانەتر و ڕادیکاڵتر بووە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە هاوپێوەندییەکی کەموێنە لە نێو کوردی هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەیە. سەرکەوتن و تێشکانی بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکدا هەموو بەشەکانی دیکە وەک یەک دەهەژێنێ. لە یەک قسەدا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد خۆیان وەک یەک نەتەوە و خاکەکەیان وەک یەک وڵات دەناسن و لە شایی و شینی یەکتردا هەموو لایەکیان بەشدارن.

ناتەواویی بەرچاو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی گەلی کورددا پەرش و بڵاویی هێزە پێشڕەوەکانییەتی. هەر ئەمەش کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێگای گەیشتنی ئەو گەلە بە مافە ڕەوا و مێژووییەکانی خۆیەتی. وەک دەزانین نەک هەر کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لە ڕێگای حیزبە خەباتگێڕەکانەوە ستراتێژییەکی هاوبەش بۆ تێکۆشانی خۆیان دیاری بکەن، بەڵکوو هێزە سیاسییەکانی یەک یەکی پارچەکانیش تا ئێرە دەستیان بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ خەبات و بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ئێستا و دوارۆژی خەباتەکەیان ڕانەگەیشتوە. لەمانەش خراپتر ئەوەیە کە لە هێندێ بەشی کوردستان هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد ڕەوتی پێچەوانە دەپێوێ و هەر جار ناجارێک لەتبوونی یەکێک لە ڕێکخراوە خەباتگێڕەکان کۆشکی هیوای کورد دەلەرزێنێ. بە باوەڕی ئێمە ناکۆکی و جیاوازیی بیر و بۆچوونی هێزە سیاسییەکانی کورد لە سەردەمی وشیاریی گەلاندا نەک هەر کارەسات نییە، بەڵکوو شتێکی سروشتی و تەنانەت نیشانەی پێگەیشتنی فکرییشە. گیر و گرفتی گەورە، وێک هەڵنەکردن و هاوکاری نەکردنی نێوان ئەو هێزانەیە کە لە بەشی زۆریدا ئاکامی خۆپەرستی و پاوانخوازیی ئەم یان ئەو لایەنی نێو بزووتنەوەی کوردە. ئەگەر هەستی بەرپرسایەتی بە سەر هەمووان‌دا زاڵ بێ و قازانجی گشتیی گەل و نیشتمان وەپێش قازانجی حیزبی و ڕێکخراوەیی بخرێ، هەم بزووتنەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکاندا دەتوانێ ڕەوتی لێک نیزیکبوونەوە و هاوکاریی هێزە سیاسییەکان بگرێتە بەر و هەم کوردی هەموو بەشەکانیش لەگەڵ هەموو جۆراوجۆرییەکی هەل و مەرجی خەبات ئەوەندە خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا هەن کە بتوانن لە سەریان ڕێک کەون و هاوکاری بکەن بێئەوەی زەبر لە پێوەندییە تایبەتییەکانی هیچ لایەنێک بوەشێنێ.

ئێمە پێمان وایە دەبێ ئەم کۆنگرەیە بە بڕیارێکی بەرپرسانە، کومیتەی ناوەندی ڕا بسپێرێ کە ئەرکی هەوڵدان بۆ لێک نیزیکبوونەوەی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەرکە خەباتگێڕانەکانی دابنێ و بە مایە لە خۆ دانان و بە گرنگتر زانینی قازانجی گشتیی بزووتنەوە تێ بکۆشێ لە زووترین دەرفەتی گونجاودا هاوپەیمانییەک -لەژێر هەر ناوێکدا بێ- لە نێو حیزب و ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی

کوردستاندا دروست ببێ. هەر وەک بە دروستی دەزانین کۆنگرە کومیتەی ناوەندیی تازە ڕا بسپێرێ بە نۆرەی خۆی لە پێناوی دارشتنی ستراتێژییەکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا تێ بکۆشێ. ڕەنگە شاراوە نەبێ کە بە جێگەیاندنی ئەو ئەرکە پێش هەمووان لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و بە تایبەتی دوو حیزبی سەرەکیی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان چاوەڕوان دەکرێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هێزە سیاسییەکانی دیکە خۆیانی لێ ببوێرن یان نەتوانن نەخشی تێدا بگێڕن.

**ئێران:**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە و زیاتر لە جارانیش لە سەر سیاسەتە دژی ئینسانی و وێرانکەرەکانی بەردەوامە. لە پاش هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم کە قۆڵی پاوانخواز توانی زۆربەی زۆری کورسییەکان بە دەست بێنێ و بە تایبەتی پاش دوا هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە توانییان مۆرەیەکی وەک ئەحمەدینژاد بێننە سەر کار، ئەم ڕێژیمە هەستی بە یەکدەستی لە نێو دەسەڵاتدا کردوە. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی ١٣ و ١٤ی حیزبەکەماندا، ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی شەپۆلێکی بەربلاوتر لە گرتن و زیندان و ئێعدام و ڕاونانی ئازادیخوازان بە تایبەتی ژنان و خوێندکارانی بە خۆوە دیوە. ژمارەیەکی زیاتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە نادەوڵەتییەکان داخراون و ژمارەیەکی زۆر زیاتریش لە ڕۆژنامەنووسان و نووسەرە جیابیرەکان گیراون، حوکمی سەخت و تەنانەت ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە و هەر نەبێ ناچار کراون وڵات بەجێ بهێڵن یان کاری نووسین و ڕۆژنامە نووسییان لێ قەدەغە کراوە. چاو خشاندنێک بە ڕاپۆرتەکانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و بە گشتی دەزگا و کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری ئازادی و مافی مرۆڤدا دیمەنێکی سامناک لە بارودۆخی ئازادی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەخاتە بەر چاو. ڕێژیمی ئێران لێبڕاوە لەگەڵ هەر شتێک کە پێچەوانەی ویستی کۆنەپەرستانە و پاوانخوازانەی خۆیەتی بەربەرەکانی بکا و ڕەگ و ڕیشەی بەرهەڵست و خۆڕاگری لە بن دەربێنێ. کەچی بە پێچەوانەی ئارەزووی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانیی چین و توێژە ئازادیخوازەکان هەتا هاتوە پتر پەرەی گرتوە و ئەگەریش ڕواڵەتی مەسەلەکە جار و بار ئارامتر هاتۆتە بەر چاو قەت بەمانای ئەوە نەبووە کە تووڕەیی و ناڕەزایەتی کەمتر بووبێ، یان ئازادیخوازان بە چۆکدا هاتبن و کۆڵیان دابێ.

لە لایەکی دیکەوە ئاژاوەگێڕیی کاربەدەستانی ئێران لە وڵاتانی دراوسێ و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەتی لە عێراق و لوبنان و فەلەستین لەو ساڵانەی دواییدا پەرەی گرتوە و ڕێژیمی ئیسلامی دیسان هەوای حکوومەتی جیهانیی ئیسلامی -دیارە بە ڕێبەرایەتیی خۆی- لە سەردایە و هەوڵ دەدا لە ڕێگای پەرە پێدانی تێرۆر و نائەمنکردنی وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی دراوسێوە هێژمۆنیی خۆی بسەپێنێ. شان بە شانی ئەمانە، هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بەردەوامن و سەرپێچی بەرامبەر پەسەندکراوەکانی شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی هەروا لە پەرە گرتندایە. بەم جۆرە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامی لە دوو ئەسڵدا خولاسە دەبێتەوە: بەربەرەکانی و خۆ ڕاگرتن بەرامبەر بە هەر داخوازێکی ڕەوا و

ئینسانیی هاونیشتمانان لە نێوخۆی وڵات و دوژمن داتاشین و مل بادان بەرامبەر بە ویستی کۆمەڵگەی جیهانی لە دنیای دەرەوەدا.

لەبەر هەمووی ئەوانە وا دێتە بەر چاو کە بەرەنگارییەکی توند و تیژ بەرامبەر ڕەفتار و ئاکاری کۆماری ئیسلامی لە ڕێگادایە. ئەگەرچی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی جیهانی زیاتر ڕوویان لە فشاری ئابووری بۆ سەر ڕێژیمی ئیسلامی و ناچار کردنی بە خۆ ڕێکخستن لەگەڵ داخوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. بەڵام سەرڕەقی و کەللەشەقیی دەمڕاستەکانی ڕێژیم هەتا دێ ئەگەری هێرشێکی نیزامی بۆ سەر ئێران زیاتر و وێچووتر دەکا. گرنگ ئەوە نییە هێرشێکی لەو بابەتە بۆ ئەمساڵ و ساڵێکی دیکەیە یان بۆ ماوەیەکی دوورتر. گرنگ ئەوەیە ئەگەری ئەو ڕوو بە ڕوو بوونەوەیە لە زیاد بووندایە. خۆ ئەگەر هێرشێکی دەرەکی بۆ سەر ئێران بە تەواوییش لە دەستووری کاری زلهێزەکان بڕواتە دەر، خەڵکی ئێران ناتوانن وەزعی ئێستا و سیاسەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی هەتا سەر تەحەممول بکەن و سەرەنجام بۆ یەکلا کردنەوەی حیسابی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە ڕاپەڕینێکی بەردرێژ و بەربەرین بەرپا دەکەن.

بۆیە لە ئێستاوە هەم ئێمە و هەم هەر هێزێکی جیددیی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ خۆمان بۆ ئەگەرەکانی ڕووداونی بەرەنگارییەکی یەکلا کەرەوە لەگەڵ کۆنەپەرستی ئامادە بکەین. لە حاڵەتی یەکەمدا ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ئێرانە کە لە جیاتی دیفاع لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا یان بێلایەن بوون و لە دوورەوە سەیر کردن تێ بکۆشن بە کەلکوەرگرتن لە دەرفەت پێش ئەوەی گێرەشێوێنییەکانی ڕێژیم، ئێران بکەنە وێرانەیەک، کۆتایی بە تەمەنی دەیان ساڵ جینایەتی کۆماری ئیسلامی بێنن و هەوڵ بدەن بۆ خۆیان سیستمی دەوڵەتیی دوای کۆماری تاریکی و نەزانی دیاری بکەن. هەر لەو حاڵەتە و لە حاڵەتی دووەمیشدا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەبێ هەوڵ بدەین جێدەستی خۆمان لەسەر ڕووداوەکان دابنێین و نەخشێکی چالاک لە گۆڕینی بارودۆخەکەدا یاری بکەین.

هەمووی ئەمانەش لە گرەوی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە تێکڕا و ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە تایبەتیدایە. وەک زۆر جارمان گوتوە بەشی هەر گرووپ و دەستە و لایەنێک لە هەر گۆڕانێکی چاوەڕوانکراوی دوا ڕۆژی وڵاتدا و دەسکەوتی هەر کام لە گەلانی ئێران لە بەروبووی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەستراوەتەوە بە ڕادەی ئەو نەخشە کە لە خەبات بۆ گۆڕینی بارودۆخەکەدا وەئەستۆی دەگرێ. دوور لە شەئنی هێزێکی شۆڕشگێڕ و تەنانەت جۆرێکیش خۆشخەیاڵییە کە یەکێک دەستەوەستان چاوەڕێ بێ تا هێزێکی دەرەکی و تەنانەت نێوخۆییش کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی دێنێ، ئەو دەم ماف و ئازادییەکانی خۆی و نەتەوەکەی لە هێزی بە دەسەڵات گەیشتوو داوا بکا.

شاراوەش نییە کە نە لە ڕادەی سەرانسەریی ئێران و نە لە کوردستاندا حیزبێک و ڕێکخراوێکی ئەوەندە بەهێز و توانامان نییە کە بتوانێ بە تەنیا کۆمەڵانی خەڵک بخاتە گەڕ و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان وەدی بێنێ. کەوایە لە هەر دوو ڕادەدا تەنیا ڕێگا بۆ بەرەنگار بوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ ئەرکە نیشتمانییەکانی قۆناغی ئێستا پێکهاتنی هەموان لە سەر خاڵە بنەڕەتییەکانی بەرنامەیەکی خەباتگێڕانەیە کە هەم ئەرکەکانی هەموان لە کاری ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دەسەڵاتدا دەستنیشان بکا و هەم نەخشە بۆ هێڵە گشتییەکانی

سیستمی بەڕێوەبەریی دوای گۆڕان دابڕێژێ، بە جۆرێک کە هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵی ئێران خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکاندا ببیننەوە و ناچار نەبن دەورێکی دیکە لە بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان دەست پێ بکەنەوە.

پێویست بە دووبارە کردنەوەش نییە کە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هەمە لایەنە لە نێوان هێزە خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەرەکاندا وەدی نایە ئەگەر هەموو لایەنەکان لە دووبارەوە واقیعبینانە بیر نەکەنەوە و بەرپرسانە نەجووڵێنەوە. ئەو دوو بوارەش ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: هیچ لایەنێک نابێ پێ لەسەر وردەکارییەکانی بەرنامەی سیاسی و ئامانجە تایبەتییەکانی ڕێکخراوی خۆی دابگرێ. چونکە لە حاڵەتێکی وادا هێزە نیشتمانییەکان نەک هەر ناتوانن پێک بگەن، بەڵکوو ناتوانن لێکیش نیزیک ببنەوە. کەوایە دەبێ لە سەر هێندێ هێڵی گشتی کە لە ئامانجی هەمووانیدا جێیان دەبێتەوە ڕێک بکەون و وردەکارییەکان هەڵ بگرن تا لە فەزایەکی سالمتردا لە سەریان ساغ بنەوە. بە باوەڕی ئێمە گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دابینکردنی ئازادییە دێموکراتییەکان، فێدرالیزەکردنی سیستمی سیاسیی ئێران، بە ڕەسمی ناسینی مافی نەتەوایەتیی گەلانی بەشخوراوی ئێران: ئازەربایجانی، کورد، بەلووچ، عەرەب و تورکەمەن، جیایی دین لە دەوڵەت و بەرامبەریی پیاو و ژن لە نێو خێزان و کۆمەڵدا دەتوانن ئەو هێڵە گشتییانە بن کە هەموو هێزە پێشکەوتووەکان لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە.

دووەم: لە کوردستان و سەرانسەری ئێران حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان پاوانخوازی و هێژمونیخوازی وەلا بنێن و لە خۆیان مایە دابنێن بۆ ئەوەی خۆ بەزلزانی نەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای پێک گەیشتن لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ڕزگاریی ئێراندا. ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە کە وا بیر بکەینەوە هەموو هێزە سیاسییەکان چ لە کوردستان و چ لە شوێنەکانی دیکە و چ لە ڕادەی سەرانسەرییدا توانایان بە قەدەر یەکە و دەبێ بە قەدەر یەک نەخش یاری بکەن و وەک یەک لە دەسکەوتەکانی ئەو خەباتە هاوبەشە بەهرە وەرگرن. مەبەست تەنیا ئەوەیە کە ئەو جیاوازیی هێز و توانایە کە لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەیە و دەتوانێ هەبێ لە جیاتی ئەوەی لەسەر مێزی وتووێژ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک ئیددیعا بکرێ، ڕێگا بدرێ لە پێشدا لە مەیدانی کار و کردەوەدا خۆی نیشان بدا و دواتریش لەسەر سندووقەکانی دەنگدان ڕەسمییەت و شەرعییەت وەربگرێ.

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

لە چەند دەیەی دوای ڕاپەرینی گەلانی ئێراندا ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی گرنگی بە خۆوە دیوە. پایەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە ڕادەیەک چۆتە سەرێ کە دەکرێ بڵێین ڕەوتی گەشەی فەرهەنگیی ئەو ناوچەیە هەم بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەم لە چاو بەشەکانی دیکەی کوردستان خێراییەکی زیاتری تاقی کردۆتەوە. لەگەڵ هەموو کارشکێنییەکی دەزگا ڕەسمییەکان شێعر و ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی و هونەر لە هەموو بوارەکانی خۆیدا: مووزیک، پەیکەرتاشی، تێئاتر، پیشە دەستییەکان، وەرزش و تەنانەت سینەماش بە ڕادەی جێگای دڵخۆشی و ئومێد پێش کەوتوە، هونەرمەندانی کورد لە زۆر ململانەی ناوچەیی و ئێرانی و دەرەکییدا پلەی باش و خەڵاتی پلە یەک و پلە دوویان بە دەست هێناوە و سەری

خۆیان و ناوی میللەتی خۆیان بەرز کردۆتەوە، سەیر ئەوەیە ڕەگەزپەرستانی دەسەڵاتدار لێرەش ڕقی خۆیان بە پێشڕەوانی هونەری کورد ڕشتوە، چاویان بە سەرکەوتنەکانیان هەڵ نەهاتوە و بایەخی شیاویان پێ نەداون.

ڕادەی خوێندەواری لە کوردستان یەکجار پێش کەوتوە. لەگەڵ ئەوەی ئێستاش ڕادەی نەخوێندەواری لە کوردستان لە سەرێیە، کەمبوونەوەی ڕادەی نەخوێندەواری و بە دەست هێنانی بڕوانامەی بەرزی خوێندن لە کوردستان لە چاو بەشەکانی دیکەی ئێران خێراتر چۆتە پێش. ئەگەر لە پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییدا لە زۆربەی شارە بچووکەکانی کوردستان ئەوانەی بڕوانامەی دیپلۆمیان هەبوو ژمارەیەکی کەم بوون، ئێستا بە سەدان و بگرە هەزاران لیسانس و «فوق لیسانس» و تەنانەت دوکتورامان لە خەڵکی گوندەکان دەکەوێتە بەرچاو کە بەڕاستی بەشێکی زۆری ئەو سەرکەوتن و پێشکەوتنە بەرهەمی سوور بوونی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەسەر بەرەو پێشبردنی پایەی زانیاری و خوێندەوارییی خۆیانە، نەک هەوڵی دەزگا ڕەسمییەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

وەزعی ئابووریی خەڵکی کوردستانیش گۆڕانی بەرچاوی تێدا پێک هاتوە، ڕادەی گوزەران و دەستڕۆیشتوویی چۆتە سەر و هەژاری و نەداری بەو مانایە کە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییدا لە کوردستان لە ئارادا بوو، نەماوە. بەو حاڵەش پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان دوو تایبەتمەندیی پێوە دیارن کە بەجێیە ئاماژەیان پێ بکرێ: یەکەم ئەوە کە ئەو پێشکەوتنە نەک ئاکامی بایەخدان و بەرنامەڕێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشخستنی کوردستان، بەڵکوو بەشی هەرە زۆری بەرهەمی چالاکیی بەشی تایبەتی و لە بوارێکی دیکەشدا ئاکامی پێوەندیی بازرگانیی ڕەسمی و نارەسمی لەگەڵ ئەو دیو سنوورەکان، بە تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە. شایانی ئاماژەیە کە ڕێژیم لەو بوارەشدا زۆری کارشکێنی کردوە و ساڵانە بە هەزاران کەس لە سنوورەکان لە کاتی کاسبییدا کەوتوونە سەر مینە چێندراوەکانی ئەرتەش و سپای پاسداران یان خراونە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و شەهید و بریندار بوون، بێئەوەی هیچ کات لێپرسینەوەیان لە سەر کرابێ. دووەم تایبەتمەندیی ئەو پێشکەوتنە ئابوورییە بەرینتر بوونەوەی مەودای نێوان چینە دەوڵەمەند و هەژارەکانی کوردستانە کە لێرەشدا وەک هەموو شوێنەکانی ئێران جیاوازییەکی یەکجار زۆری خستۆتە نێوانی ئەو دوو توێژە کۆمەڵایەتییەوە.

ئەوە کە گوتمان وەزعی ئابووریی کوردستان گۆڕانی بە سەردا هاتوە، نابێ وا لێک بدرێتەوە کە لە کوردستان هەژاری بنبڕ بووە. چونکە وەک دەزانین وەزارەتی «خۆشگوزەرانی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی» هێڵی هەژاری «خط فقر»ی بۆ ساڵی ١٣٨٦ بۆ بنەماڵەیەکی پێنج کەسی لە شار بە ٤٠٠٠٠٠ تمەن و لە دێ بە ٢٧٥٠٠٠ تمەن داناوە و بەو پێیە ١٨٪ی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژارییدا دەژین و بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە ئوستانە کوردنشینەکان لە ناوچە هەژارەکانی ئێران دەژمێردرێن دەتوانین بڵێین ئەوانەی دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە لە کوردستان لە ٣٠٪ی حەشیمەت تێ دەپەڕن.

لە کوردستان دیاردەی دزێوی ئالوودە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرە گرتندایە و هەتا دێ ژمارەیەکی زیاتر لە لاوان دەکەونە داوی ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرە. هۆیەکەشی بێکاری، نەبوونی ئیمکانی سەرگەرمیی سالم وەک وەرزش و سینەما و ... و خۆ

گێلکردنی ڕێژیم بەرامبەر بەو گیر و گرفتانەیە.

کوردستان لە باری ڕادەی بێکارییەوە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ناوچەکانی ئێراندایە. هەر بۆیە ساڵانە بە دەیان هەزار کەس ڕوو دەکەنە شارەگەورەکانی دەرەوەی کوردستان تا بە گرتنەبەری کاری تاقەت پڕووکێنی کوورەخانەکان بتوانن بژیوی بنەماڵەکانیان دابین بکەن.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بەداخەوە تاڵانی سەرچاوە ژێرزەوییەکان و ڕاگواستنی ئەم سامانە لە کوردستان، هەروەها سیاسەتی بە تاڵان بردنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان بۆتە بەرنامەی هەمیشەیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لەو بارەیەوە چییان لە دەست هاتبێ دریغییان نەکردوە. بەداخەوە هێندێ کەسی قازانج پەرستی کوردیش لەم بارەیەوە بوونە هاودەستی کاربەدەستانی ڕێژیم و زەبرێکی گەورەیان لە سامانی گشتی و کولتووری نەتەوەیی گەلەکەیان داوە.

فشار و زەبر و زەنگی هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لەم ساڵانەی دواییشدا هەر لە زیاد بووندا بووە و کوردستان بە حوکمی بوونی ڕابردوویەکی خەباتگێڕانە و هەستی بەهێزی نەتەوایەتی و هاوسنووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان (باشوور) زیاتر کەوتۆتە بەر چاودێری و ڕوانگەی ئەمنیەتیی دەزگا ڕەسمییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی. جگە لەوە، کۆماری ئیسلامی بە چاوپۆشی لە کار و چالاکیی ئەو مەکتەب و ئەنجومەنە ئیسلامییانە کە لە بەشێکی شارەکانی کوردستان پێک هاتوون، هەوڵ دەدا لەو لاوە کوردانەی لە دەوری ئەو ئەنجومەنانە کۆ بوونەوە بۆ پەرە پێدانی بنیادگەرایی ئیسلامی کەلک وەربگرێ. فشار بۆ سەر ئازادییە دێموکراتییەکان و ڕاونانی ئازادیخوازان لە کوردستان زۆر زیاتر لە بەشەکانی دیکەی ئێرانە کە ئەمە درێژەی سیاسەتی ڕێژیم هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنە سەر کاریەوە تا ئێستایە. بەڵام بەخۆشییەوە کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو زەبر و زەنگە ئاکامی پێچەوانەی وەرگرتوە و خەڵک نەک چاوترسێن نەبوون، بەڵکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرچاو روونتر بەگژ جەللادانیدا چوونەوە. لە یەک قسەدا کۆماری ئیسلامی نە توانیویەتی خەڵکی کوردستان بکاتە دۆستی خۆی نە بۆی کراوە بە زۆری چەک لە مەیدانیان وەدەر بنێ و کوردستان بکاتە گۆڕستانێکی بێدەنگ.

هەستی نەتەوایەتی و وشیاریی سیاسی لە نێو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و ئامادەیی بۆ فیداکاری و دانی نرخی ئازادییش لێرە لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران لە سەرترە. تەنیا کەمایەسییەک کە لەو نێوەدا هەستی پێ دەکرێ لاوازیی ڕێکخراوە. نەبوونی حیزبی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی قانوونی و چاودێریی توند و بەردەوامی دەزگا جاسووسییەکانی ڕێژیم بەسەر چووکترین نیشانەکانی تێکۆشانی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دەرەتانی خۆ ڕێکخستنی لە ڕۆڵە خەباتگێڕ و بەهەستەکانی خەڵکی کوردستان بەرتەسک کردۆتەوە. بەو حاڵەش ناکرێ ئاماژە بە کەمکاریی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و پێش هەمووان حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکەین. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر بەرنامەی دروست بۆ کاری ڕێکخراوەیی لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە لە ئارادا بێ و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە ئامادەی فیداکاری و شەو و شەونخوونییەکی پتر بن ئامادەیی لە لاوە خوێنگەرمەکانی نێوخۆی کوردستاندا زۆر لەوە زیاترە کە ڕازی بن نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک هەروا بە پەرش و بڵاوی بمێنێتەوە. بەو ئاواتە کە لەمەو دوا هێزە سیاسییەکان بایەخێکی زیاتر بە

کاری ڕێکخراوەیی بدەن و بتوانن وڵامدەری هەستی گڕگرتووی کیژان و کوڕانی وشیار و خوێندەوار و فیداکاری نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن. لە هەموو حاڵەتێکیشدا بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین کوردستان مەکۆی هەستی شۆڕشگێڕانەیە و ئامادەیە لە هەر هەل و دەرفەتێکدا و بە گرتنە پێشی هەرکام لە ڕێگاکان و شێوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانە بێ، نەخشی خۆی بە لێوەشاوەیی لە شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی سەرانسەری یان بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوایەتیی کورددا یاری بکا.

**وەزعی ژنان:**

کە باس لە تایبەتمەندییەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردستان دەکەین، نابێ هەلومەرجی ژنانی کوردستان لە بیر بکەین. ژنانی کورد لە ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا گیرۆدەی سێ جۆر ستەم و هەڵاواردنن: وەک بەشێک لە ئەندامانی نەتەوەی بەشخوراوی کورد، وەک توێژی ژن لە سێبەری یاسا و ڕێسا دواکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامییدا و، دوا جاریش وەک قوربانییانی ئەو هەڵاواردن و نابەرابەرییە ڕەگەزییەی بەشێک لە پێکهاتەی کولتووری کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمە پێک دەهێنێ.

بەداخەوە ئێمە ڕۆژانە شایەتی دیاردە و ڕووداوی دڵتەزێنی ئەوتۆین کە هەموویان دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمە نیشان دەدەن: نەبوونی دەرفەتی بەرابەر بۆ بەشداریی لە ژیانی کارییدا، نەبوونی یاسای دادپەروەرانە کە لە بەرابەر نابەرابەرییە کولتوورییەکاندا پارێزگاری لە مافەکانی ژن بکا، کێشەو توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی لە نێو بنەماڵەدا -کە خۆی گەلێک دیاردەی دیکەی وەک خۆسووتاندنی بەربڵاوی ژنان لەژێر ناوی شەرەفپارێزییدا و هتدی- لێ دەکەوێتەوە.

چارەسەری ئەو هەموو نابەرابەرییانە پێویستی بە هەوڵ و خەباتی هەمەلایەن هەیە. لەو نێوەدا جێی دڵخۆشییە کە کچان و ژنانی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی کوردستان بۆ خۆیان بوون بە ڕچەشکێنی ئەو ڕێگایە و، ئازایانە قۆڵیان لە خەبات بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان هەڵکردووە.

بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێی، بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی خاوەن داهاتوو دێتە ئەژمار.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

هاوڕێیانی خەباتگێڕ!

کە دێینە سەر باسی کار و تێکۆشانی حیزبەکەمان لە نێوان کۆنگرەکانی ١٣و ١٤دا بە جێیە پێش هەموو شتێک ئاوڕ لەو لەتبوونە بدەینەوە کە ساڵێک و چەند مانگ لەمەو بەر بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هات. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە وەک «حیزبی دێموکراتی کوردستان» هەتا ئێستاش لە بارەی هۆیەکانی ئەو لەتبوونەوە بە ڕاشکاوی و بە درێژی قسەمان بۆ خەڵک نەکردوە و ئێستاش بۆ پاراستنی حورمەتی خەبات و تێکۆشان بە دروستی نازانین بەو شێوەیە کە هێندێک کەس بە خۆیانی ڕەوا دەبینن باس لە وردەکارییەکانی ئەم لەتبوونە و لەویش زیاتر وەزعێک کە پێش لەتبوون حیزبەکەمانی فەلەج کردبوو، بکەین.

لە کاتێکدا لایەنی بەرامبەرمان بە هەموو ڕێگایەکدا و بە تایبەتی لەو جێگایانە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەستیان وێ ڕا نەگەیشتبوو بە شێوەیەکی نامەنتقی و ناسیاسی هەوڵیان داوە زەینی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان بشێوێنن و بە هەڵبەستنی بوختانی ناڕەوا -کە قەت نەیانوێراوە بە ئاشکرا باسی لێوە بکەن- و بە بە کار هێنانی ناو و ناتۆرەی ناشیرین، بەرپرسایەتیی ئەو لەتبوونە لەسەر شانی خۆیان وەلا بەن و لە ئەستۆی ئێمەی پەستێون، بۆیە نەک بە زمانی ئەو لایەنە، بەڵکوو بە زمانێک کە شیاوی ئینسانی سیاسی و بەرپرس بێ، بەجێیە لێرەدا ئاوڕێکی کورت وەسەر وەزعی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژ و مانگەکانی پێش کۆنگرەی سێزدەهەمەوە تا ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ بدەینەوە کە لەوێدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی لەتبوونی حیزبی قەبووڵ کرد و بە ڕەسمی ناسی.

زۆر بە کورتی پێویستە بگوترێ کە ساڵی ١٣٦٧ـیش لێک دابڕانێک هەرچەند زۆر جیاوازیی لەگەڵ ئەوەی ئەم جارە هەبوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتە پێش کە ئەو کاتیش بوو بە مایەی نیگەرانی و ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەگەر دوو ڕووداوی زۆر کارەساتباری شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی نەهاتبانە پێش ئەو لەتبوونە زووتر چارەسەر دەکرا. بەڵام بە شەهیدبوونی ئەو دوو ڕێبەرە هەوڵی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب تەنەخیی تێکەوت و لە ئاکامدا ئەو لێک جیاییە نیزیک بە ٩ ساڵی خایاند. ئەو کاتیش و دواتریش لە نێو حیزبی دێموکراتدا دوو بۆچوونی جیاواز هەبوون. یەکیان بە پەیڕەوی لە ویستی خەڵکی کوردستان پێی وابوو ئەو لێک دابڕانە دیاردەیەکی ناسروشتییە و پێویستە هەوڵی تەواوکردنی بدرێ و بۆچوونی دووەم پێی وابوو ئەوە دەسکەوتێکی بەنرخە و پێویستە پارێزگاریی لێ بکرێ. سەرەنجام پاش چەند ساڵ ململانەی نێوان ئەو دوو بۆچوونە لە کۆنگرەی دەیەمی حیزبدا (بەهاری ١٣٧٤) ئیرادەی خەڵک و بۆچوونی یەکەم سەرکەوت و دوای نیزیک بە دوو ساڵ هەوڵ و تێکۆشان لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ـدا «بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» وەسەر یەک کەوتەوە.

لەو کاتەوە لایەنگرانی بۆچوونی دووەم لە نێو حیزبدا کەوتنە هەوڵی تۆڵە ستاندنەوە و بە نهێنی کاریان کرد بۆ ئەوەی ڕۆژێک دەرەتان وەدەست بێنن و ئەو -بە بۆچوونی وان- «هەڵە»یە! ڕاست بکەنەوە. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا لایەنگرانی دوو پارچەیی حیزب لە هەوڵی خۆیان نەوەستان و دانی خێریان بە یەکگرتنەوەدا نەنا و لە هەر جێیەکی فەزایان بە گونجاو زانی ناو و ناتۆرەی سەردەمی دوولەتی و شەڕی براکوژییان بۆ ئەو بەشەی ئەندامانی حیزب کە پاش کۆنگرەی هەشتەم جیا ببوونەوە بەکار هێنا. بۆ کۆتایی هێنان بە جەناحبازیی نادروست و پاراستنی یەکڕیزیی حیزب بە پێشنیاری زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی و بەدەنەی حیزب لە هەر سێ کۆنگرەی ١٠ و ١١ و ١٢ی حیزبدا ڕیزە بڕیارێک بۆ پاراستنی مافی کەمایەتیی نێو حیزب و مەحکوومکردنی دەستەبەندیی نهێنی پەسەند کران کە ڕاشکاوانەترینیان بڕیارێکی کۆنگرەی دوازدەیەم بوو. بە پێی ئەو بڕیارە لە ڕۆژی کۆنگرەوە هەر چەشنە یارگیری و دەستەبەندییەکی نهێنی بە قازانجی شەخسی و گرووهی بە تاوان تا سنووری خەیانەت ناسرا و لە بەرامبەردا ئەو هەقە بۆ هەموو ئەندامێکی حیزب بە

ڕەسمی ناسرا کە لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا هەر بیر و بۆچوونێکی لە سەر هەر دروشم و سیاسەتێکی حیزب تەنانەت دروشمە ستراتێژییەکانیش و هەر ئەندامێک و هەر ئۆرگانێکی حیزبی هەبێ بە ڕاشکاوی و بێترس لە سزادان باسی بکا، تەنیا بەو مەرجە ڕێگا بدا موخالیفانی بۆچوونی ئەویش قسەی خۆیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەی ئەو بڕیارە بە تێکڕای دەنگ و بێیەک دەنگی موخالیف یان بێلایەنیش پەسەند کرا، ئەوانەی دژی یەکڕیزیی حیزبی دێموکرات بوون بێئەوەی یەک جار لە کۆبوونەوەی ئاشکرادا قسە بکەن کە کۆنگرە هەقی پێ دابوون، بە نهێنی دەستیان کرد بە یارگیری و دەستەبەندی تا بتوانن زۆرایەتیی کۆنگرەی سێزدەیەم بە دەست بێنن و نەخشەکانیان بۆ یەکدەستکردنی حیزب و لادانی جیابیران پیادە بکەن، کارێک کە کۆنگرە بە تاوان تا سنووری خەیانەتی ناسیبوو. بە هەر حاڵ لەو پیلانەدا سەرکەوتن و زۆرایەتیی کۆنگرەی ١٣یان بە دەست هێنا یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین بە ڕێگایەکی نامەشرووعدا مەشرووعیەتیان بۆ نەخشە و پلانەکانیان دروست کرد.

لە کۆنگرەی ١٣دا لایەنی «سەرکەوتوو» چۆن جووڵانەوە، چۆن هەوڵیان دا بە پێچەوانەی ڕەفتاری هاوڕێکانیان لە کۆنگرەکانی پێشوودا جیابیران بخەنە پەراوێزەوە و بەشێک لە بەتواناترین ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەر بە «تاوان»ی جیابیری وەلا بنێن، با لە جێی خۆی بێ. کەمایەتیی کومیتەی ناوەندیی کۆنگرەی سێزدە و هاوبیرەکانیان هەموو ئەوانەیان پشتگوێ خست و ئامادە بوون ئەگەر بە ماف و ئەرکی بەرامبەرەوە دەرەتانی کار و تێکۆشانیان پێ بدرێ، بە هەموو تواناوە کار بکەن و ئەرکە حیزبییەکانیان ڕاپەڕێنن. بەڵام زۆرایەتیی ڕێبەری کە بە ئامانجێکی دیکەوە پلانی خۆی داڕشتبوو، بە حەزفی تەنیا ئەو چەند کەسەی کومیتەی ناوەندییەوە نەوەستا و دەستی کرد بە هەوڵی یەکدەستکردنی ڕیزەکانی حیزب، ئەستاندنەوەی زۆربەی پۆستەکان لە ئەندامانی جەناحی بەرامبەر و دانانی «خودی»یەکان لە جێگایان، نەقڵ و ئینتیقالی کادر و پێشمەرگە و سزادان و دەرکردن و ناچارکردن بە ڕۆیشتن. هەر ئۆرگانێکی تازەیان پێک هێنا نەیانهێشت «نامحرم»ی تێ بکەوێ و لە ئۆرگانەکانی پێشووشدا کارێکیان کرد کە ئەوانەی «خودی» نیین هەم کەمایەتی بن و هەم هیچ بەرپرسایەتییەکیان پێ نەبێ. لە هەمووی ئەمانەش سەیرتر ئەوە بوو هەر دوا بە دوای کۆنگرەی سێزدە دەستیان کرد بە ڕاگوازتنی بەڵگە و ئەسنادی حیزبی و «شتی بە وەزن سووک و بە قیمەت گران» بۆ ئەو جێگایانە کە بە ئیی خۆیان دەزانی.

بەمجۆرە مەیدان بۆ کار و هاوبەشیی جیابیران بە تەواوی بەرتەسک کرایەوە و دەرگای هاوکارییان لە سەر داخرا و ڕێگای دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانیان کە کۆنگرە هەقی پێ دابوون لێ بەسترا. سەرەنجام کەمایەتیی کومیتەی ناوەندی کە بەشی هەرە بە کەیفییەت و ڕابردووی تێکۆشەرانی حیزبیشی لە پشت بوو پاش نیزیک بە دوو ساڵ و نیو هەوڵی بێئاکام بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب و دابینکردنی ئەرک و مافی بەرامبەر بۆ هەمووان لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ـدا بە ناچار لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی قەبووڵ کرد و لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا درێژەی بە تێکۆشان دا.

ڕاگەیەندرانی دوو لەتبوونی حیزبی دێموکرات هەر وەک چاوەڕوان دەکرا بووە هۆی پەژارە و نیگەرانی و تەنانەت ناهومێدیی بەشێک لە کۆمەڵانی خەڵک و ئەگەرچی زۆر پێش

لەتبوونیش زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانی نێو حیزب و دەرەوەی حیزب بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی لە عەرز دابوو، پاش لەتبوونیش زۆر کەس و لایەن هەوڵێکی پیرۆزیان بۆ پێشگیری لە عەمەلی بوونی ئەو لەتبوونە دەست پێ کرد. بەڵام هەڵوێستی دوو لایەن چی بوو؟

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئێستا ئیدی حیزبێکی سەربەخۆ بوو لە هەموو بۆنەیەکدا ڕایگەیاند کە ئەو لەتبوونەی لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی خۆی بەسەردا سەپاوە و پاش ئەوەی هەوڵەکانی بۆ یەکڕیزی تێشکاون، لەتبوونی قەبووڵ کردوە. ئێستاش لایەنی بەرامبەر بە دوژمنی خۆی و خۆی بە دوژمنی وی نازانێ و ئامادەیە لە هەموو مەیدانێکی گونجاودا هاوکاریی لەگەڵ بکا و باشترین پێوەندیی گونجاوی لەگەڵدا دامەزرێنێ و تەنانەت ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێ یەکیش بگرێتەوە. بەڵام لایەنی بەرامبەر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوی کردەوە کە چەند کەس (واتە ٢ تا ١٠ کەس) لە حیزب ڕۆیشتوون، لە کۆبوونەوە نهێنییەکاندا ژاراویترین پڕوپاگاندا و دوژمنانەترین ئامۆژگارییەکانی بە گوێی لایەنگرانیدا چپاند و لە مەیدانی کردەوەشدا بۆ بە خەیاڵ وەدەرنانی ئەو چەند کەسە! دەستی کرد بە شەڕفرۆشی و ئاژاوە نانەوە و ئاڵۆزی سازکردن. بە جۆرێک ئەگەر هەستی بەرپرسایەتیی ڕێبەری و بەدەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبایە، کارەساتێک دەقەوما کە دەبوو وەک خاڵێکی ڕەش لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار بکرێ.

بە هەر حاڵ ڕەفتاری مەسئوولانەی ئێمە پێشی کارەساتی گەورەتری گرت و بەرە بەرە خەڵکیش لە نیگەرانی هاتنە دەر و لە هەموو شوێنێک هەر کەس بە پێی لێکدانەوەی خۆی ساغ بۆوە و ڕیزی خۆی هەڵبژارد. ئێمە هەر ئەو دەم گوتمان لەگەڵ ئەوەی لەتبوونی حیزب ڕووداوێکی ناخۆش و نادڵخوازە، بەڵام کارەسات نییە و ئەگەر بەرپرسانە بجووڵێینەوە دەتوانین هەر کاممان ببینە حیزبێکی چالاکتر و گەورەتر لەوەی جاران و ئەو فرمێسکانەی لە خەفەتی لەتبووندا ڕژاون بکەینە قاقای پێکەنین. ئەو وەخت گوتمان و ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە ئەوان نەک بە دوژمن، بە ڕەقیبی خۆشمان نازانین و ئامادەین باشترین پێوەندیی مومکینیان لەگەڵ دامەزرێنین و لە هەر چوارچێوەیەکی گونجاودا هاوکارییان لەگەڵ بکەین و تەنانەت ئەگەر زەمینە بڕەخسێ بۆ یەکگرتنیش هەر لەگەڵ وان یان لەگەڵ وانیش و لایەنی دیکەش ئامادەین. بەڵام دیارە ئەمە دەبێ کاری بۆ بکرێ و چوارچێوەی ڕوونی بۆ دابنرێ و تەنانەت بە هۆی ڕێکخراوە سیاسییە دۆستەکانەوە زەمانەتیشی بۆ دابنرێ.

خراپ نییە لێرەدا قسەیەکیش لە سەر داخوازی نامەفهوومی ئەو لایەنە بۆ گۆڕینی ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین. لە جێدا ناوی حیزب هیچ وەخت و لە هیچ شوێنێک لەسەر هیچ کەس و گرووپێک سەبت نەکراوە تا ئیددیعای مالیکیەتی بکا. پاشانیش زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی ئەویش زۆرایەتییەک کە بە ڕێگای شکاندنی بڕیاری کۆنگرەی حیزبدا بە دەست هاتبێ بە هیچ جۆر ئەو هەقە بۆ هیچ لایەنێک دابین ناکا و سەرباری هەمووی ئەمانەش ناوەکان ئێستا دوو ناوی جیان. ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستانین و ئەوان ناویان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئێمە حازرین بەبێ ناو گۆڕینی وانیش هاوکارییان لەگەڵ بکەین، ئەگەر ئەوان پێیان وایە ناکرێ، دەتوانن ناوی خۆیان بگۆڕن. ئەندامانی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» ئێستا بە تێکڕا دوو بەرامبەری وان لەم حیزبەدا خەباتیان کردوە و

سەرمایەی تەمەنیان داناوە، خۆیان بە شەریکی هەموو شانازییەکانی ئەم حیزبە دەزانن و ئامادە نین ئەو ناوە و ئەو شانازییانە لە پاوانی هیچ گرووپێک باوێن. با ئەم ڕاستییە بۆ هەمووان ڕوون بێ.

**دوای لەتبوون:**

لەتبوون لە حیزبی دێموکرات و هەر ڕێکخراوێکی دیکەی کوردییدا بێ دەتوانێ زیان بە تێکڕای بزووتنەوەی کورد بگەیەنێ. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ ئەگەر قەرار بێ تواناکانی ڕێکخراوێکی سیاسی بە کێشەی نێوخۆییەوە خەریک بن چارە هەر ئەوەیە کە لەتبوونەکە قەبووڵ بکەین و تواناکان بۆ خەبات لە پێناوی ئامانجەکانماندا ئازاد بکەین. بۆیە دەبێ بزانین ئێستا ئێمە لە قۆناغی دوای لەتبووندا بەسەر دەبەین و حیزبێکی سەربەخۆ بە هەموو تایبەتمەندییەکانی حیزبێکی سیاسییەوەین و یەکێک لە گەورەترین حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین. ئێستا وەختی ئەوەیە بزانین وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی نێوان لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەم کۆنگرەیەدا چییمان کردوە، گەیشتووینە کوێ، چ ڕێگایەکمان لە پێشە و ئەرکەکانمان چیین؟

کەس نییە شارەزای ڕووداوەکانی پێش و پاش لەتبوونی حیزب بێ و نەزانێ کە ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا لەگەڵ چ ڕیزە گیر و گرفتێکی دژوار بەرەو ڕوو بووین. بێئیمکاناتی لە باری دارایی و هەموو کەرەسەکانی کاری حیزبییەوە، ئەو نیگەرانی و دڵە خورپەیە کە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت هێندێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبیشی ئازار دەدا، لێک هەڵوەشاویی ڕێکخراوەیی و ساغ نەبوونەوەی هەر نەبێ بەشێک لە ئەندامان، لە هەمووان خراپتر تێکەڵاوبوونی بنەماڵەکان و کادر و پێشمەرگە سەڵتەکانی هەر دوو لا لە کەمپەکان و بنکەکانی باشووری کوردستان و ئەو ڕەفتارە دوژمنانە و نامەسئوولانەیە کە لایەنی بەرامبەر گرتبوویە پێش، کاری ئێمەی یەکجار دژوار کردبوو. بەو حاڵەش هەستی بەرپرسایەتیی هەموو ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکان، سیاسەتی نەرم و حەکیمانەی ڕێبەرایەتی، هاوپێوەندیی دۆستانی حیزب کە بەشی زۆریان لە بژاردەکانی کورد لە ژوورەوە و دەرەوەی کوردستان بوون و لە خۆ بوردوویی بنەماڵەکان کە نەک هەر بار نەبوون بە سەر شانی کادرەکانەوە، بەڵکوو هەمیشە یار و یاوەر و یارمەتیدەر بۆ چاری گیر و گرفتەکان بوون، پاڵپشت و سەرمایەیەکی گەورە بوون بۆ ئەوەی بە سەر کەند و کۆسپەکاندا زاڵ بین و ڕۆژ بە ڕۆژ وەک حیزبێکی ڕەسەن و بە ڕابردوو زیاتر بەرەو پێش بچین. لەگەڵ ئەوەی دەکرێ بڵێین هەموو کەرەسەی چاپەمەنی لە لایەن کۆنە هاوڕێکانمانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزب ڕۆژێکیش دوا نەکەوت و ڕێک و پێکتر لە جاران دەرچوو، ئۆرگانەکانی لاوان و ژنان و گۆڤاری تیشک لە کاتی خۆیاندا و بە نێوەرۆکی باشترەوە بڵاو کرانەوە. کەمتر لە مانگێکی پێ چوو ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستی بە کار کرد، بە هەوڵ و هیممەتی ئەندامانی حیزب و تەنیا بە هیممەتی ئەوان پاش حەوت مانگ بووینە خاوەنی کاناڵێکی ئاسمانی کە زۆر گیر و گرفتی چارەسەر کردن و زۆر هاوکێشە (معادلات)ی گۆڕین.

لە لایەکی دیکەشەوە هەموو ئۆرگانەکانی حیزب لە کۆمیسیۆن و کومیتەکانی سەر

بە دەفتەری سیاسییەوە بگرە تا دەگاتە کومیتەکانی دەرەوەی وڵات و ئەڵقە پێوەندی و تەشکیلاتییەکانی نێوخۆی وڵات هەموویان بەرپرسانە لەگەڵ گیر و گرفتەکان کەوتوونە ململانێ و لە چارەسەریاندا تێ کۆشاون. وەک گوتمان بنەماڵەکانیش و لە سەرووی هەموانەوە خوشکەکانمان بە هەموو کەموکوورییەک سازاون و هەمیشە لە چاری گیر و گرفتەکاندا پشت و پەنایەکی جێی متمانە بۆ حیزبەکەیان بوون. ڕێگا بدەن بە ناوی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەوە سپاسی هەموو تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵە سەربەرزەکانیان بکەین و لە ژیان و خەباتدا سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات بخوازین.

پێویستە ئاوڕێکیش لە هەوڵەکانمان لە بواری دیپلۆماسییدا بدەینەوە، دیپلۆماسی و کاری پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لەم ماوەیەدا، لەم چەند تەوەرەدا چڕ بۆتەوە:

**یەکەم:** هەوڵ و تێکۆشان بۆ بەردەوامیی پێوەندیی حیزب لەگەڵ دەوڵەتان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، لە هەمان کاتدا تەئکید لەسەر ئەوە کە مەسەلەی مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە کێشەی دنیای دەرەوە و ئێراندا، زۆر زەق و بەرچاو بێ.

**دووهەم:** هەوڵ و تێکۆشان لەگەڵ ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، سەبارەت بە چەند و چۆنیی پێوەندیی ئێمە و مەوقعیەتی ئێمە لەم بەرەیەدا.

**سێهەم:** هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێوەندی لەگەڵ هێز و ڕێکخراوە ئێرانییەکان و هێزە کوردستانییەکان.

لێرەدا جێی خۆیەتی بە ڕێز و پێزانینەوە ئاماژە بە گەشت و هەڵسووڕان و تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیی تیمەکان لە قووڵایی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە بەهار و هاوینی ئەمساڵدا بکەین کە لە نیزیکەوە چاویان بە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت، پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ نوێ کردنەوە و ئەوانیان لە شێلگیربوونی حیزبەکەیان لەسەر درێژەدانی ئەرکە خەباتگێڕانەکانی لە دەورەی تازەی تێکۆشانیدا دڵنیا کردەوە.

لە هەمووی ئەمانە گرنگتر ئەوە بوو کە دڵسۆزانی کورد لە نێوخۆی وڵات و لە باشووری کوردستان سەخاوەتمەندانە بە دەنگی بانگەوازی حیزبەکەمانەوە هاتن و بە درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ لای حیزب گەورەترین گیر و گرفتی ژیانی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و هەڵسووڕاندنی کار و باری حیزبیان بۆ چارەسەر کردین. ئەو بە دەنگەوە هاتنە ئەوەندەی بایەخی ماددی و دارایی بۆ حیزبەکەمان هەبوو چەند ئەوەندە لە باری سیاسی و مەعنەوییەوە گرنگ بوو، چونکە لە ڕاستییدا ئەم یارمەتییە سەخاوەتمەندانەیە پشتیوانییەکی سیاسی و مەعنەویی بەرینی لە پشت بوو. بە پێزانین و شانازییەوە دەبێ بڵێین یارمەتیی ئەم جارەی دۆستان و دڵسۆزانی کورد بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٦٢ ساڵ تەمەنی حیزبەکەماندا وێنەی نەبووە. ئەوەندە بەسە بزانین کە لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان بە سەدان کەس دەستی یارمەتییان بۆ لای

حیزب درێژ کرد کە مەبلەغی یارمەتییەکەیان لە بەرامبەری چل هەزار تمەنەوە دەستی پێ کردوە تا گەیشتۆتە بیست میلیۆن تمەن و هێندێ جار زیاتر لەوەش. بۆیە بەڕاست جێی خۆیەتی وێڕای شانازییمان بە ناوی ئەم کۆنگرەیەشەوە سپاسی یارمەتیی ماددی و مەعنەویی کۆمەڵانی گەلی کورد و ئەو پشتیوانییە سیاسییە بێدرێغەیان بکەین، چونکە گرنگیی ئەم بە دەنگەوە هاتنە پێش ئەوەی لە بایەخە ماددییەکەیدا خۆی بنوێنێ لە پشتیوانییە سیاسییەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەوەی گوتمان نابێ وا وەربگیرێ کە کارەکانمان تەواون و کەمکاری و کەموکووڕییمان نەبووە. بە پێچەوانە، ئەوەی کردوومانە لە چاو ئەوەی دەبوو بیکەین و دەبێ بیکەین زۆر کەمە و هێشتا ڕێگایەکی زۆرمان لە پێشە بۆ ئەوەی شیاوی ئەو ڕیسالەتە مێژووییە بین کە لە سەر شانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و بۆ ئەوەی میراتگرێکی بەوەجی دەیان ڕێبەری شەهید لە سەرووی هەموانەوە پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی بین.

### ئەرکەکانی سەر شانمان:

وەک لە پێشەکییدا گوتمان ئێمە بەڵێنێکی گەورەمان بە تێکۆشەرانی حیزب و ڕووناکبیرانی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوە و ئەرکی زۆر پیرۆز و هەر لەو کاتەدا قورسمان خستۆتە سەر شانمان. ئەگەر تا ئێرە نەماندەتوانی بەڵێنەکانمان بەجێ بگەیەنین چونکە زۆر شت لە سەلاحیەتی ئۆرگانەکانی ڕێبەرییدا نەبوون، ئێستا لە بەرزترین ئۆرگانی بڕیار بە دەستی حیزبییدا لە دەوری یەک کۆ بووینەوە، ئۆرگانێک کە بۆ هیچ بڕیارێک پێویستیی بە پرسی ئۆرگانێکی دیکە نییە و دەتوانێ لە چوارچێوەی پرەنسیپە دێموکراتییەکاندا هەموو شتێک پەسەند بکا، دەستکاری بکا یان ڕەت بکاتەوە. نەک هەر دۆستان، دوژمنانیشمان بە وردی بڕیار و هەنگاوەکانی ئەم کۆنگرەیە دەخەنە ژێر زەرەبین. ئەم کۆنگرەیە بەردی مەحەکی ڕاستوێژی، نوێخوازی، دێموکرات بوون و خەباتگێر بوونمانە. ئاشکرایە کە هەموومان وەک ئەندامانی هەر حیزبێکی سیاسی ئارەزوو دەکەین حیزبەکەمان وەک حیزبی هەرە بەنفووز و خۆشەویستی کورد جێگای خۆی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا بکاتەوە. با هەموومان قەبووڵ بکەین کە گەیشتن بەو ئاواتە لە گرەوی بڕیاری ئازایانە، بەرپرسانە و سیاسییانەی ئەم کۆنگرەیە و لەویش زیاتر لە گرەوی کار و تێکۆشانی دوای کۆنگرەکەماندایە.

### هاوڕێیانی خۆشەویست!

هیواداریـن کەس وا تێ نەگا کە بەستنی ئەم کۆنگرەیە لووتکەی کار و تێکۆشان و سەرکەوتنەکانی خۆی و حیزبەکەیەتی. چونکە ڕاست بە پێچەوانە، پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیە سەرەتای دەورەیەکی پڕ لە کار و تێکۆشان، پڕ مەسئوولیەت و تەنانەت پڕ کەند و کۆسپ و هەوراز و نشێو و ماندوو بوونە. با بە بێتەفاوەتی بە پەنای ئەرکەکانماندا ڕا نەبرین. ئەگەر دەمانەوێ سەربەرز و ڕووسووری لای گەل و وڵات بین دەبێ هەر کاممان ئەوە بۆ حیزب بکا کە لە دەستی دێ، هەموو کەس و هەر کەسە لە مەوقعیەتی خۆیەوە هەم لە کۆنگرەدا

و هەم دوای کۆنگرە کار و بەرپرسایەتی وەر بگرێ و لەگەڵ کەسانی دەوروبەری -بەرەو ژوورتر لە خۆی یان خوارتر لە خۆی- ئامادەی هاوکاری بێ. با لەمڕۆوە دروشمی هیچ کاممان ئەوە نەبێ بۆ ئەمن بیکەم و بۆ یەکی دیکە نەیکا. دروشمی هەمووومان دەبێ ئەوە بێ کە بڵێ بۆ ئەمن نەیکەم، بۆ یەکی دیکە بیکا، با پێش ئەوەی بیر بکەینەوە حیزب چیی بۆ کردووین، بیر لەوە بکەینەوە چییمان بۆ حیزب کردوە. با خۆمان بە قەرزداری حیزب و گەل بزانین نەک ئەوان بە قەرزداری خۆمان.

**دۆستانی بەڕێز!**

وەک بەڵێنییمان داوە و گەلەکەشمان بە تایبەتی ڕووناکبیران و بژاردەکانی کورد لێمان دەخوازن ئێمە دەبێ خۆمان و حیزبەکەمان نوێ بکەینەوە. نوێخوازی بە مانای ڕەتکردنەوەی ڕابردوو نییە. ئێمە ئەگەر ڕابردوومان نەبێ ئێستا و دواڕۆژیشمان ناتەواون. بەڵام ڕابردوو هیچ شتێکی نەگۆڕی تێدا نییە، ئەگەر کارێکمان، دروشمێکمان یان سیاسەتێکمان لە ڕابردوودا هەڵە بووە دەبێ ئازایانە دانی پێدا بنێین و بیگۆڕین. ئەگەر کاتی خۆی دروست بووە و ئێستا وەختی بە سەر چووە دیسان دەبێ بیگۆڕین. ئەمە حورمەت بۆ ڕابردوویە نەک ڕەتکردنەوەی ڕابردوو. ئێمە شانازی بە ڕابردووەوە دەکەین. ئەگەر ئیرادێکیش لە ڕابردوومان دەگرین بەو مانایە نییە کە خۆمانی لێ بێبەری دەکەین، بە پێچەوانە لە هەموو شتێکی ڕابردووی حیزبیش خۆمان بە بەرپرس دەزانین، نەک ئەوە کە وەک کورد دەڵێ «لە خێران شەریک بین و لە شەڕان تەریک بین». کە دەڵێین دەبێ نوێ بینەوە زۆر لایەن دەگرێتەوە. دەبێ چاو بە سیاسەتەکانماندا بخشێنینەوە و ئەوەی پێمان نادروست بێ، یان کاتی بە سەر چووبێ بیگۆڕین. دەبێ پێوەندییە تەشکیلاتییەکانمان و پێوەندیی خۆمان لەگەڵ یەکتر و دەوروبەرمان بخەینە بەر هەڵسەنگاندن و ئەوەی خراپە یان خراپ بووە بیگۆڕین، تەنانەت پێویستە پێکهاتەی ڕێبەرایەتییش بگۆڕین و هەوڵ بدەین دەرەتانی هاوبەشییەکی زیاتر بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، بە تایبەتی ژنان و لاوانی ڕووناکبیر و وڵاتپارێز برەخسێنین. نە هەموو پیرێک کۆنە و نە هەموو لاوێک نوێیە، بەڵام هەقیقەت ئەوەیە هەر نەسڵێک پێوەندیی بە سەردەمی خۆیەوە هەیە و هەر دەورانێک ژنان و پیاوانی خۆی هەن. کاری نوێ بە ئامرازی کۆن بەڕێوە ناچێ. کەوا بێ با قەبووڵ کەین نوێبوونەوە پێویستە ئەو بەشەش بگرێتەوە. ئێمە کادرە بە ئەزموونەکانمان وەلا نانێین، بەڵکوو ڕێزیان لێ دەگرین، شانازییان پێوە دەکەین و لێیان فێر دەبین، بەڵام ئەرکی قورسی ئەمڕۆیان ناخەینە سەر شان. گەورەترین کاری زۆر بەنرخ کە چاوەڕوانییمان لێیان هەیە ئەوەیە کە ئەزموونەکانیان بگوێزنەوە بۆ بەرەی نوێ و ئەوانە کە بۆ ئەمڕۆ دروست بوون.

**پڕۆژە و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

لەم بەشەی ڕاپۆرتەکەماندا ڕوانگەکانی خۆمان بۆ مەسەلە جۆراوجۆرە تەشکیلاتی و نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان دەخەینە بەر نەزەری ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە. داوامان ئەوەیە هەموو هاوڕێیان بە وردی بیانخەنە بەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن تا بە هاوفکری و کۆمەگی هەمووان ئاڵوگۆڕی پێویستیان تێدا بکرێ و نەزەری هەموو یان زۆربەی بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە ببێتە ڕێبازی گشتی و سیاسەتی ڕەسمیی حیزبەکەمان تا گەیشتن بە کۆنگرەیەکی دیکە. لەگەڵ ئەوەی جارێکی دیکە پێ لەسەر ئازادیی هەموو هاوڕێیانی حیزبی بۆ نەزەردان لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە نێوخۆی حیزبدا دادەگرینەوە دەبێ بڵێین هەر چی لەم کۆنگرەیە وەک خەت و ڕێبازی سیاسی بڕیاری لە سەر بدرێ بۆ هەموو ئەندامانی حیزب بەرنامەی سیاسییە و لە دەرەوەی ڕیزەکانی حیزب لەسەر هەمووان پێویستە پەیڕەویی لێ بکەن و برەوی پێ بدەن. ئەوەی خوارەوە ڕوانگە و بۆچوونی کومیتەی ناوەندی بەرامبەر بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانە کە هیوادارین پەسەندی ئەندامانی کۆنگرە بن و ئەگەر پێویستیشیان بە گۆڕین یان دەستکاری هەبێ دوابڕیاری کۆنگرەیان لە سەر دەربچێ:

**ئەلف. پێوەندییە نێوخۆییەکان:**

لەگەڵ ئەوەی لە کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە (١٣٧٤ ـ ١٩٩٥) ئازادیی ڕا دەربڕین لە نێوخۆی حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بە ڕەسمی ناسراوە، دەبێ قەبووڵ بکەین کە بە کار هێنانی ئەو مافە هیچ کاتێک شێوەی چالاک و دڵخوازی بە خۆیەوە نەدیوە. ئەگەر بۆ هۆیەکانیشی بگەڕێین دەکرێ دوو هۆی سەرەکی دەستنیشان بکەین. یەکەم ئەوە کە ئەندامانی حیزب کە لە سیستمی پێشووی حیزبییدا ڕا هێنراون بۆ خۆیان تووشی جۆرێک خۆ سانسۆرکردن بوون و ترس لەوە کە تووشی لێپرسینەوە و سزا بن، ڕێگەی پێ نەداون ئەو مافە تەشکیلاتییەی خۆیان بە تەواوی بەکار بەرن. دووهەمیش ئەوە کە لە هێندێ حاڵەتدا بەرپرسان و ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکانی حیزب نەیانویستوە زەمینە بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا بڕەخسێنن و فەزایەکی ترس لە سزا و لێکۆڵینەوەیان لە نێو حیزبدا پێک هێناوە و تەنانەت هەڵیش کەوتوە کە بە کردەوە دەرەتانی ڕا دەربڕینیان لە ئەندامانی حیزب ئەستاندوە. کەوایە دەبێ لە مەو دوا کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و ئۆرگانە بەرپرسەکانی خوارتر بۆ خۆیان ببنە زامنی پێکهێنانی فەزای ئازادی فکری لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا و هەر کەس لە هەر پلەیەکدا ویستی ئەو ئازادییە بەرتەسک بکاتەوە، ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری بەرپرس بن لێکۆڵینەوەی لێ بکەن و سزای بدەن. جگە لەوانەش کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە لە پێڕەوی تازەی حیزبدا پێشبینی کراوە لە سەریەتی لە سەر ئەو جۆرە پێشێلکردنانە وەدەنگ بێ و کومیتەی ناوەندی لە هەر چەشنە پێشێلکردنێکی مافەکانی ئەندامی حیزب ئاگادار بکاتەوە. دووپاتی دەکەینەوە کە ئازادیی ئەندامی حیزب بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاواز لە سەر پرسە جۆرواجۆرەکان بە هیچ شتێک سنووردار ناکرێ بەم سێ پرەنسیپە نەبێ:

١- تەنیا لە نێوخۆی ڕیزەکانی حیزب و لە کۆبوونەوەکانی حیزبییدا نەزەری پێچەوانەی سیاسەتی گشتیی حیزب دەر ببڕێ.
٢- ئەدەب و زمانخاوێنی بە تەواوی بپارێزێ و سووکایەتی و بێحورمەتی بە هیچ کەس و هیچ ئۆرگانێک نەکا.
٣- ڕێگا بەو کەسانە بدا کە جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە کە ئەوانیش قسە بکەن و نەزەری خۆیان بدەن.

**ب. هاوبەشی «مشارکت»:**

کومیتەی ناوەندی لە نێوان دوو کۆنگرەدا بەرزترین ئۆرگانی حیزب و بەرپرسی سیاسەت دانان و بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری حیزبییە، سەلاحیەتی بڕیاردانی هەیە و بڕیارەکانیشی لە لایەن هەموو ئۆرگانەکانی حیزبەوە جێبەجێ دەکرێن. بەو حاڵەش کومیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی نابێ خۆیان لە هاوفکری و نەزەری هاوڕێیانی حیزبی بە بێنیاز بزانن. نەک هەر پێویستە هەموو بڕیارەکانی خۆیان بەرهەمی ئەقڵی بەکۆمەڵ و بڕیاری بەکۆمەڵ بن، بەڵکە دەبێ بۆ مەسەلە گرنگەکان لانیکەم ساڵێ جارێک و هەر کاتێکیش پێویست بوو کۆبوونەوەی بەرین لە کادرە شارەزا و بە ئەزموونەکان پێک بێنن و لە سەر مەسەلە گرنگە سیاسییەکان پرس و ڕایان پێ بکەن.

**ج. هاوکاریی کوردستانی:**

لەمێژە لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگای هاوپەیمانییەکی خەباتگێڕانە کە هەموو، یان زۆربەی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە دەوری بەرنامەیەکی هاوبەش کۆ بکاتەوە بەتاڵە. نەگەیشتن بەو ئاواتە بێجگە لە هەلومەرجی سەختی خەبات هێندێ هۆی دیکەی وەک هەوڵ نەدان و کەمکاری، بەرچاوتەنگی، خۆ بە زلزانی و هێژمۆنیخوازییشی هەبوون. بە باوەڕی ئێمە دەبێ لەو بارەیەوە لاپەڕەیەکی تازە بکەینەوە و بەرپرسانە بجووڵێینەوە. مەیدانەکانی کار و کردەوە دەبێ تەنیا پێوانە بۆ لە مەحەک دانی هەموو ڕێکخراوێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن.

**د. بەشداریی ژنان و لاوان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەرییدا:**

لەگەڵ هەموو شانازییمان بە مێژووی پڕ سەروەریی حیزبەکەمان دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە لە درێژایی مێژووی ئەم حیزبەدا ئامادەیی ژنان و نەخشی ژنان لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزبدا یەکجار ناتەواو و کەمڕەنگ بووە. ڕاستە بە هۆی زاڵبوونی پێوەندیی نابەرامبەری ژنان و پیاوان، تا ئەم دواییانە ژنان لە باری خوێندەواری و بردنە سەری پلەی زانست و زانیارییدا لە پیاوان لە دواتر بوون. بەڵام ئەگەر بە ئینسافەوە بڕوانین ژنانی کورد لە بەڕێوەبردنی ئەرکی خەباتگێڕانەدا نەخشیان لە پیاوان کەمتر نەبووە. کەوایە بە ئاشکرا ناهەقییان لێ کراوە و بەشیان خوراوە. ئەمڕۆش ژنان لە هەموو بوارەکانی خوێندن و خۆ پێگەیاندندا زۆر چوونە پێش و نەخشی زۆر کاریگەریان لە خەباتدا هەیە. بۆیە هیچ پاساوێک بۆ بەشدار نەکردنیان لە کادری ڕێبەرییدا نەماوە و پێویستە هەر لەم کۆنگرەیەدا مێکانیزمێک

بە کار ببرێ کە بەشداریی ژنان لە کاروباری بەڕێوەبەریی حیزبدا مسۆگەر بکا.
لاوان کە هێزی هەرە هەڵسووڕی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە لە هەموو بوارەکانی کاری حیزبییدا بە خەباتی چەکدارانەشەوە پێک دێنن، ئەگەرچی بە قەدەر ژنان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەری دوور ڕا نەگیراون، بەڵام بە ڕاشکاوی دەبێ بڵێین جێگای شیاوی خۆیان پێ نەدراوە. حیزبێک یان ڕێبەریی حیزبێک نەتوانێ لە هێز و توانای لاوان کەڵک وەرگرێ حیزبێکی بێپاشەڕۆژە. کە وایە دەبێ لەم کۆنگرەیەدا بە مێکانیزمی گونجاو بەشدارییەکی بەرچاوتری لاوان لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا مسۆگەر بکرێ و لە نێو بەدەنەی حیزبیشدا وەک ڕەوالێکی بەردەوام نەخشی زیاتریان پێ بسپێردرێ.

**هـ لەسەر دروشمی ستراتێژیك:**

لە کۆنگرەی سێزدەی حیزبەکەمانەوە دروشمی ستراتێژیکیی حیزبی دێموکرات لە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا گۆڕاوە و بۆتە دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا، بە شێوەیەکی سادەتر دروشمی ستراتێژیکیمان لە خودموختارییەوە بۆتە فێدرالیزم. بە باوەڕی ئێمە فێدرالیزم لەمێژە بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێرانێکی فرە نەتەوەدا دروشمێکی گونجاوترە.
هەڵبژاردنی ئەم دروشمە دوو ئەرکی هاوتەریبمان دەخاتە سەر شان، یەکیان کە لە ڕاستییدا هۆی بوون و مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، خەباتی شێلگیر بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی لە چنگی بێبەشی و ژێردەستەیی و مافخوراوییە. لەو بارەیەوە دەبێ بێترس لە تۆمەتی سواوی جیاییخوازی پێ لەسەر پێویستیی دابینبوونی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد دابگرین و تەنانەت هیچ بە تاوانیشی نەزانین کە بڵێین نەتەوەی کود هەقی خۆیەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەست بێنێ و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی.
بەڵام وەختێک بە تێگەیشتنەوە و بە ئیرادەی ئازادی خۆمان فێدرالیزممان وەک دروشمی ستراتێژیکی هەڵبژاردوە ئەرکێکی دیکەشمان دەکەوێتە سەر شان. ئەویش هەوڵدانە بۆ نیزیکبوونەوە و هاوکاریی هەر چی پتەوتر لەگەڵ هێزە نیشتمانی و دێموکراتیکەکانی ئێران لە پێناوی گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکدا کە وڵامدەری ماف و ئازادییەکانی هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران بێ و لەو ڕێگایەوە یەکیەتیی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێران مسۆگەر بکەین. ئەم دوو ئەرکە و ئەم دوو هەوڵە نەک هەر ناتەبا و دژی یەک نین بەڵکوو تەواوکەری یەکترن و هەر دووکیان لە خزمەتی بەختەوەریی هەموو خەڵکی ئێران و یەک لەوان خەڵکی کوردستاندان.

**هاوڕێیانی بەڕێزی بەشداری کۆنگرەی چواردەیەم!**

تەنیا سێ ڕۆژ دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێمە ڕوانگەکانی خۆمان بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکان لەژێر ناوی «هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە»دا ڕاگەیاند کە تا ئێستاش جەوهەر و نێوەرۆکی بۆچوونە سیاسییەکانمان پێک دێنن. بۆیە بە پێویست دەزانین جگە لە پێشەکی، دەقی ئەو بەڵگە مێژووییە وەک بەشێک لە ڕاپۆرتی کومیتەی

ناوەندی لێرەدا بێنینەوە تا لە کۆنگرەدا وەک خۆی یان بە دەستکارییەوە بڕیاری لە سەر بدرێ و بە پەسەندکرانی ببێتە چرای ڕووناککەرەوەی بەر پێی تێکۆشەرانی حیزبەکەمان. ئەو چەند خاڵەش کە لە پێشەوە باسمان کردن لەو هێڵە گشتییانەدا هاتوون و تەنیا بۆ بایەخ پێدان و پێ لەسەر داگرتنەوە جارێکی دیکە هێناومانەوە.

## هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە

**ئەلف. لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا ئەم پرەنسیپانە بەڕێوە دەبرێن:**

– ئازادیی ڕا دەربڕین لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا (چ کۆبوونەوەی ئۆرگان و چ کۆبوونەوەی بەربڵاوتر) و هەروەها لە بڵاوکراوەی نێوخۆیی حیزبدا بۆ هەموو ئەندامانی حیزب مسۆگەر دەکرێ. هەر وەک لە بڕیارنامەی کۆنگرەی دوازدەدا هاتوە هەموو کەس هەقی هەیە لە سەر هەر کام لە ڕوانگە و سیاسەتەکانی حیزب تەنانەت لە سەر دروشمە ستراتێژی و ئامانجە درێژخایەنەکان و لە سەر هەر کەس و ئۆرگانێک نەزەرێکی هەیە دەری ببڕێ، تەنیا بە و مەرجە کە دەرفەت بە بیروڕای بەرامبەر بدا و لە بە کار هێنانی وشە و زاراوەی ئەوتۆ کە هەستی هاوڕێیان بریندار بکا یان بێحورمەتی بە کەسێک بێ، خۆ بپارێزێ. لەسەر ئۆرگانەکانی حیزبە هەر کەس ئەو ئازادییە بەرتەسک بکاتەوە یان پێشی پێ بگرێ، بخاتە ژێر لێپرسینەوە و سزای حیزبیی بۆ دیاری بکا.

– ئەم حیزبە ئیی هەمووانە و بە هەمووانەوە جوانە. کە وا بوو دەبێ لە تەواوی توانا و لێوەشاوەییەکان بەبێ لە بەرچاو گرتنی هیچ چەشنە جیاوازییەکی جینسی، تەمەنی، ناوچەیی، ئایینی و هیی دیکە بە قازانجی بەرەو پێش بردنی کار و باری حیزبی کەلک وەرگیرێ و دەرفەرتی وەک یەکی پێشکەوتن و چوونە سەر بۆ هەمووان بڕەخسێندرێ.

– سەرەڕۆیی و تەکڕەوی لە حیزبدا جێگەی نییە. دەبێ لە ئەقڵی بەکۆمەڵی هەموو ئەندامانی ڕێبەری و هەموو ئەندامانی بە توانای حیزبی هەر کامیان بە پێی مێکانیزمی گونجاوی خۆیان کەلک وەرگیرێ.

– سیاسەت و هەڵوێستەکانمان دەبێ بنەمای ڕوون و قایمی تیئۆریکیان هەبێ. باوەڕمان بە قەدری زانست و قەڵەم هەیە و بۆ بەرەو ژوور بردنی پلەی خوێندەواریی تێکۆشەرانی حیزب یارمەتیدەر دەبین.

– حیزبی دێموکرات دەبێ هەم بە سینگ ئاوەڵاییەوە گوێ بۆ ڕەخنە و گازندەکانی خەڵک شل بکا و هەم حازر بێ بە چاوی ڕەخنەگرانەوە ڕابردووی خۆی بخوێنێتەوە و چاوی پێدا بخشێنێتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا باوەڕمان بە گونجاندنی ئەدەبیاتی سیاسی و شێوەی ئاخاوتنمان لەگەڵ ڕۆحی سەردەم هەیە.

– ڕاستییەکی زەق و حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە نەخشی ژنان و بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریی کاروباری حیزبییدا لە کۆنەوە تا ئێستا یەکجار کەم و ناتەواو بووە. بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە مێکانیزمێک دابنرێ و پیادە بکرێ کە بەشداریی ژنان لە ڕەدە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەرییدا مسۆگەر بکا و بەردەوامیش پەرەی پێ بدا.

– بە مێعیار و مێکانیزمە کۆنەکان لاوانی زانا و خوێندەوار و ڕووناکبیر بە زەحمەت دەتوانن

خۆیان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبدا ببیننەوە. کە وایە، دەبێ مێکانیزمێک بدۆزرێتەوە کە لە ئەزموونی ئەندامە کۆنەکارەکان و لێوەشاوەیی ئەندامە لاو و خوێندەوار و شارەزاکان پێکەوە و لە پەنای یەک کەڵک وەرگیرێ و ئەم دوو بەشە ببنە تەواوکەری یەکتر.

– ڕێگا بۆ گەشەکردنی توانا و لێوەشاوەییەکان هەموار دەکرێ و دەرەتانی پێشکەوتن و داهێنان بە هەموو کەس دەدرێ و تەنانەت بە پێی توانا کۆمەگیشیان پێ دەکرێ.

– ڕێکخراو لە تاکەکان پێک دێ. کەوایە هەموو تاکەکان دەبێ خاوەنی کەسایەتی و بیر و بۆچوونی تایبەتی و ئازادیی دەربڕینی نەزەراتی خۆیان بن و تەنیا ئەو کاتە پێش بە ئازادیی تاک دەگیرێ کە ئازادیی تاکێکی دیکە یان قازانجی گشتی و پرەنسیپە گشتییەکان پێشێل بکا.

– هەوڵ دەدرێ هەموو تێکۆشەرانی حیزب کە بە هەر هۆیەک دوور کەوتوونەوە و، هەروەها کەسایەتییە کوردە سەربەخۆکان بە تایبەتی لە دنیای دەرەوە بۆ هاوکاری بانگهێشتن بکرێن و ئەوانەش کە ناتوانن یان نایانهەوێ لە چوارچێوەی ڕێکخراودا کار بکەن لە هالەیەکی گەورەتر لە حیزبدا و بۆ ئامانجێکی بەرینتر لە ئامانجی حیزبی ڕێک بخرێن.

### ب. هەڵوێست بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران:

– ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی دژی ئازادی و دوژمن بە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد و هەموو خەڵکی ئێرانە و، خەباتمان بۆ لە سەر کار لابردنی و، هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی گەلی و دێموکرات و دامەزراندنی سیستمێکی فێدرالی لە ئێراندا درێژە دەدەین.

– سیاسەتی خۆ چەکدارکردنی ڕێژیم و بە تایبەتی هەوڵەکانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی کە خەریکە گەلانی ئێران لەگەڵ گەمارۆی نێونەتەوەیی و گیر و گرفتی زیاتری ئابووری و سیاسی بەرەو ڕوو بکا بە توندی مەحکووم دەکەین.

– تێرۆریزم و تێرۆریست پەروەری کە بۆتە ناسنامەی کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتێکی دژی گەلی و دژی ئینسانی دەزانین.

– دوژمنایەتیی ڕەوتی ئاشتیی جیهانی و دەستتێوەردانی کار و باری وڵاتان لە لایەن ڕێژیمەوە بە تەواوی مەحکووم دەکەین.

– خەباتی ئاشتیخوازانە بۆ گۆڕینی ڕێژیم و دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بە باشترین شێوەی خەبات دەزانین، بەڵام کەڵکوەرگرتن لە هیچ شێوەیەکی خەبات کە بە پێی هەلومەرجی تێکۆشان بە پێویست دابنرێ، ڕەت ناکەینەوە.

### ج. ڕوانینمان بۆ مەسەلەی کورد و هەڵوێستمان بەرامبەر بە هێزە کوردستانییەکان:

– هەموو حیزب و ڕێکخراوە ناسراو و سەربەخۆیەکانی کوردستانی ئێران بە دۆست و هاوخەباتی خۆمان دەزانین و هەوڵەکانمان بۆ زیاتر لێک نزیکبوونەوەیان تا گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بە کار دێنین. پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەکی کوردستانی لەژێر هەر ناوێکدا بە ئەرکێکی هەنووکەیی و داخوازێکی کۆمەڵانی خەڵک دەزانین و لەو پێناوەدا لە هیچ تێکۆشانێک درێغی ناکەین.

– هەڵوێستمان لە بەرامبەر ئەو تەشەککولاتە سیاسی و فەرهەنگی و سێنفییانەی نێوخۆی وڵات کە بە شێوەی قانوونی کار و تێکۆشانیان هەیە، بە متمانەی خەڵک بەوان و هەروەها

بە سەداقەت و شێلگیرییان لە بردنە پێشی مەسەلەی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتییدا بەستراوەتەوە.

– هێزە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئێران بە گشتی وەک برا سەیر دەکەین و تێ دەکۆشین پێوەندییمان لەگەڵیان ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتر بکەین. لەو نێوەدا دوو حیزبی گەورەی کوردستانی عێراق (پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان) جێگایەکی تایبەتییان هەیە.

– چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق لە چوارچێوەی سیستمێکی فێدراڵییدا بە دەسکەوتێک بۆ هەموو کورد دەزانین و هیواداریین ببێتە نموونەیەک بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئێمە بە دڵەوە پشتیوانی لەو ئەزموونە دەکەین و ئەوەی لە دەستمان دێ بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە دێموکراتییە تەنەخیی لێ ناکەین.

– لەگەڵ جۆراوجۆریی هەلومەرجی خەبات لە هەر بەشێکی کوردستاندا پێمان وایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا خاڵی هاوبەش و ئامانجی هاوبەشی زۆرن و دەکرێ و پێویستە هاوکاری و هاوخەباتییەک لە نێو هەموو بەشەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا پێک بێ و ڕیزە ئامانجێکی درێژخایەن دیاری بکرێ کە هەموو لایەنەکان پێیان پێبەند بن و لە پێناویاندا تێ بکۆشن. بە تایبەتی پێویستە هەلومەرجێک بخولقێندرێ کە لە دنیای دەرەوەدا کورد بە یەک زمان قسە بکا و بۆ وەرگرتنی ستاتۆی چاودێر لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا هەوڵ بدرێ.

– کوردستان یەک وڵاتە و کورد یەک نەتەوەیە، دابەش کراون. بۆیە پێویستە ترس لە تۆمەتی جیاییخوازی بشکێندرێ و نەک هەر زەمینەی فکری بۆ یەک کەوتنەوەی خاک و نەتەوە لە دواڕۆژدا برەخسێندرێ، بەڵکوو لە باری سیاسی و دیپلۆماسییشەوە کاری بۆ بکرێ و پشتیوانیی بۆ ڕا بکێشرێ.

ئێمە لە ناکۆکی و کێشەی نێوان هێزە کوردستانییەکاندا –لە هەر کوێ ڕوو بدا– بێلایەنین و تەنیا کار کە لەو جۆرە حاڵەتانەدا هەق بە خۆمان دەدەین بیکەین، هەوڵدان بۆ لێک نزیککردنەوەی لایەنەکان و کۆمەک بە چارەسەری گیر و گرفتەکانە.

### د. هەڵوێست بەرامبەر هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران:

– هەموو ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە باوەڕیان بە ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران هەیە، بە دۆست و هاوپەیمانی خۆمان دەزانین و بۆ هاوکاری لەگەڵ کردنیان ئامادەین. بە چەشنێکی گشتییش هیچ هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە نەیاری خۆمان نازانین.

– ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر بە گەلانی زۆر لێکراوی ئێران لە خۆمان بە نزیک دەزانین و هەوڵ دەدەین پێوەندیی هاوکاری و هاوخەباتییمان لەگەڵیان پتەوتر بکەین. لەو بارەیەوە ئەندامانی «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ» وەک هاوپەیمان سەیر دەکەین.

**هـ ـ هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەتانی دراوسێ:**

– خەباتی ئێمە ڕووی لە دیکتاتۆری لە ئێراندایە، هەقی هیچ جۆرە دەستتێوەردانێکی کاروباری وڵاتانی دراوسێ بە خۆمان نادەین و باوەڕمان بە پێوەندیی دۆستانە و ئاشتیخوازانەی نێوان وڵاتانی دراوسێ هەیە.

– پشتیوانیی ئوسوولی لە داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا بەبێ دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتانە بە هەقی خۆمان دەزانین و ئەمە دژایەتییەکی لەگەڵ پێوەندیی دۆستانەی ئێمە و ئەو وڵاتانەدا نییە، هەر وەک ڕابردووی دەیان ساڵەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات نیشانی داوە.

– پێوندی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە هیچ جۆر نابێ بە زیانی گەلی کورد لەو وڵاتانە یان دانیشتووانی غەیرە کوردی وڵاتانی دراوسێ تەواو بێ.

**و. هەڵوێست بەرانبەر بە دنیای دەرەوە:**

– ڕێز لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی لایەنگری ئاشتی و ئازادی دەگرین و خۆمان بەرامبەر بە پەیماننامەکانیان لە پێناوی پاراستنی ئاشتی و دادپەروەری و مافی مرۆڤدا بە پێبەند دەزانین.

– کۆڕ و کۆمەڵە جیهانی و ناوچەییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ بە دۆست و پشتیوانی خۆمان دەزانین و تێ دەکۆشین پێوەندیی پتەو و بەردەواممان لەگەڵیان هەبێ.

– ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست وەک بنەماڵەی گەورەی خۆمان سەیر دەکەین و هەوڵ دەدەین پلەی ئەندامەتیی حیزب لەو ڕێکخراوەدا بەرینە سەر.

– حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخواز و پێشکەوتووەکان لە هەموو جیهاندا وەک دۆستی خۆمان دەناسین و تێ دەکۆشین پێوندیی بەردەواممان لەگەڵیان هەبێ.

– ئێمە لایەنگری گلۆبالیزمێکین کە لەودا بایەخەکانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی، یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان و گەلان، گەشەکردنی پایەدار، پاراستنی ژینگە و موشارەکەتی نیهادەکانی کۆمەڵی مەدەنی وە بەرچاو گیرا بن.

– بە دروست و تەنانەت بە پێویستیش دەزانین لەگەڵ دەوڵەتانی لایەنگری دێموکراسی بەبێ لە دەستدانی سەربەخۆیی سیاسییمان پێوندی دامەزرێنین و بە قازانجی دێموکراسی و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کەلکی لێ وەرگرین.

– لایەنگری ئاشتی و ئازادی و چارەسەری گیر و گرفتەکان لە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگەوەین.

– گەلانی زۆر لێکراو لە هەر کوێ بن بە هاودەردی خۆمان دەزانین و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانیان و یەک لەوان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دەکەین.

– لەو شەڕ و بەربەرەکانییەدا کە لە نێوان مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو لە لایەک و نەیارانی دێموکراسی و پێشکەوتن لە لایەکی دیکە لە ئارادایە، خۆمان لە بەرەی ئازادی و دێموکراسی و پێشکەوتندا دەبینین و تێرۆریزم لە هەموو شێوەکاندا –کۆن و نوێ و دەوڵەتی و نادەوڵەتی– لە هەر کوێ و بە دەستی هەر کەس و دژی هەر کەس، مەحکووم دەکەین.

هاوڕێیان، خوشکان، برایان!

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا بە پێویست دەزانین جارێکی دیکە پێ لەسەر ناسکبوونی هەلومەرجی خەباتەکەمان، قورسی و هەر لەو کاتەدا پیرۆزیی ئەرکەکانی سەر شانمان و پێویستیی یەکڕیزی و ئامادەیی بۆ وەرگرتنی کار و بەرپرسایەتی دابگرینەوە. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین سیاسەت و بۆچوونەکانمان پەسەندی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤە بە هەست و تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکانی کۆمەڵی کوردەوارین و ئەگەر ئێمە بە هەوڵ و هیممەتەوە قۆڵ لە پیادەکردنی بەرنامەکانمان و بە کردەوە دەرهێنانی ڕوانگەکانمان هەڵماڵین زۆرایەتیی کۆمەڵی کوردەواری لە پشتمان ڕادەوەستێ و ناڵێین هێز نابێ زەربەمان لێ بدا، بەڵام هێز لە دنیادا نابێ بتوانێ لە مەیدانمان دەر بکا. سەرکەوتنی ئێمە بە هەوڵ و تێکۆشان و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆمانەوە بەستراوەتەوە.

سەر کەوێ کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سڵاو لە گیانی نەمری شەهیدانی حیزب و گەل و لە سەرووی هەموویانەوە سێ ڕێبەری شەهید قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی.

سڵاو لە زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

سڵاو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرچاوەی هێز و توانای حیزبەکەمان.

سڵاو لە کەمئەندامان و زیاندیتووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان.

سڵاو لە هێزە دێموکرات و نیشتمانییەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران.

سڵاو لە تەبایی و یەکڕیزیی تێکۆشەرانی ڕێی ڕزگاری و، نەمان بۆ دووبەرەکی و ئاژاوەگێڕی.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان
### پەسندکراوی کۆنگرەی چواردەیەمی
### حیزبی دێموکراتی کوردستان

**پێشەکی**

ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییدا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوە دێرینەی ناوچەکەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. نەبوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ئاستی پێویستدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەک و دەستتێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری ناوچەکەی ئێمەدا لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆی بێبەشکرانی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەم بارودۆخە بوو بە هۆی داڕشتنی سنووری دەوڵەت-نەتەوە تازە پێکهاتووەکانی ناوچەکە بە قازانجی چەند نەتەوەیەک و لەسەر حیسابی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان و حاشاکردن لە پێناسی نەتەوەیی کورد و مافی بەشداربوونی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسییدا. هەر ئەو غەدرە مێژوویییەش بوو بە سەرەتای دەورەیەکی نوێی خوێناوی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا.

هەرچەند پلانی سڕینەوەی سیستماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانیشدا، بەشێکی جیانەکراو لە پرۆژەی سەقامگیرکردنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی بووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەیانتوانیوە ڕێ لە ڕەوتی سروشتیی گەشەسەندنی مێژوویی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرن. ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بە شێوەیەکی شایانی تێگەیشتن لە لایەکەوە بەرهەمی پێگەیشتنە بابەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی بژاردەی ڕووناکبیری کورد بوو لە ڕێی پێکهێنانی کۆمەڵەی «ژ.ک»ـەوە لە ساڵی ١٣٢١ـی هەتاوییدا شێوازی ڕێکخراوەیی بە خۆیەوە گرت. پێناسەی کۆمەڵەی ژ.ک بنچینەی لە سەر بەرز بوونەوەی بیری نەتەوەیی و ڕزگاریی کورد لە هەموو کوردستان و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بوو. ژ.ک لە پاش ٣ ساڵ، بە هۆی بەرین بوونەوەی مەودای چالاکی و لە سەروبەندی پێکهاتنی زەمینە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەموو چین و توێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕیزەکانی خۆیدا جێ بکاتەوە، جێگای خۆی دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەم پێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ـی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی ئووتی ١٩٤٥ـی زاییینیدا بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژ.ک. بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورد و بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دەژمێردرێ. بە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی

خۆیدا توانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستاندا پێک بهێنێ. کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار ستاتۆی دەسەڵاتی کوردی بە شێوەیەکی مۆدێرن و بە نێوەرۆکێکی دێموکراتیکەوە، نیشان دا. هەر چەند کۆماری کوردستان پاش ١١ مانگ دەسەڵاتداریی دێموکراتیک، بە هۆی هێرشی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە جوانەمەرگ کرا، بەڵام ئەزموونی دێموکراتیکی دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستاندا، بە لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانیدا دێتە ئەژمار. جەوهەری دێموکراتیکی دەسەڵاتداری لەو کۆمارەدا کە لە جێدا بنەمای لەسەر ئەسڵی ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە لایەک و هەوڵدان لە پێناوی پێکەوە ژیانێکی تێکەڵ بە هاوڕێزی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی لە لایەکی دیکە دانرابوو، نەک هەر لە ئاستی کوردستان و ئێرانی ئەو سەردەمەدا، بەڵکوو هەم ئەوسا و هەم ئێستا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە ڕووداوێکی گرنگ دادەنرێ. هەر چەند پێشەوا قازی محەممەد و بەشێکی دیکە لە ڕێبەرانی حیزب و کۆمار لە پێناوی خەباتی ڕزگاریخوازانەیاندا بە فەرمانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران لە سێدارە دران، بەڵام ئەزموونی دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان هەر وا ڕێ نیشاندەری نەوە لە دوای نەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بووە و دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی ڕووخانی کۆماری کوردستان زەبرێکی بەژان بوو کە وە پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ماوەیەکی بە نیسبەت کورتدا خۆیان ڕێک خستەوە و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییان دەست پێ کردەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی نیزیک بە ٦٣ ساڵ تەمەنی خۆیدا زۆر فەسڵی زێڕینی لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کردوون، زۆر سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناون و تووشی نوشوستی و تێشکانیش بووە. بێجگە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە لووتکەی سەرکەوتنی ئەم حیزبە و بە گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو، ئەم حیزبە بزووتنەوەی پرشکۆی ساڵانی ٤٧ ـ ١٣٤٦ی بەرپا کردوە، چەند جار لە ململانەی هەڵبژاردندا خۆی تاقی کردۆتەوە و هەموو جارێ سەرکەوتنی بە دەست هێناوە و سەرەنجام بۆ ماوەی نیزیک بە چارەکە سەدەیەک خەباتێکی قارەمانانەی بەدژی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی بەڕێوە بردوە.

ئەم حیزبە هەر لەو کاتەدا ڕووخانی کۆماری کوردستان و تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦ی بە خۆوە دیوە و چەند جار لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی و ڕێژیمی ئیسلامییدا کەوتۆتە بەر پەلاماری پۆلیس و بە دەیان و سەدان تێکۆشەری کەوتوونەتە زیندانەوە کە زۆربەیان حوکمی قورس و تەنانەت ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خەباتە قارەمانانە و پڕ لە شانازییەدا زیاتر لە پێنج هەزار کادر و ئەندامی شەهید بوون کە نیزیک ٢٥ کەسیان لە کادری ڕێبەری بوون و لە سەرووی هەمووشیانەوە ناوی سێ ڕێبەری پایەبەرز: پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەدرەوشێتەوە.

لە پاش دەستپێکی پرۆسەی سەقەتی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێراندا، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییدا، هیچ کات ئامادە

نەبووە هەنگاوێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران هەڵێنێتەوە. ڕوانگەی تەواویەتخوازانەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و حاشاکردن لە فرە نەتەوە بوونی ئێران و پرسی نەتەوایەتی و ڕەوای کورد، هۆکاری بەردەوام بوونی ئەو کێشەیە بووە.

مەسەلەی کورد لە ئێراندا بەردەوام نەک هەر لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەڵکوو لە لایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕەسمی و، تەنانەت لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری و ڕووناکبیرانی ئێرانیشەوە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حاشای لێ کراوە. گرفتی ئەو ڕوانگەیە لەوەدایە کە لەبری ئەوەی نێوەرۆکی نەتەوەیی مەسەلەی کورد و مافی ئەم گەلە بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی بکا بە بنەما، دەیهەوێ لە ڕێی چاونووقاندن و خۆگێلکردن لەو ڕاستییەوە، هەوڵ بۆ پاراستنی هێژمونیی پێناسی نەتەوەی حاکم بدا. وەک تابۆ ڕاگرتن و بە بنەما وەرگرتنی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانیش، هیچ نییە جگە لە ئامرازێک لە خزمەتی ئەو بیرە نادێموکراتیک و شۆڤینیستییەدا.

هەر بە هۆی ئەو ڕوانگە تەواویەتخوازانەی توێژی دەسەڵاتدارەوەیە کە تەنانەت باسی دێموکراسییش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا، خوێندنەوەیەکی چەواشەکارانەی بۆ دەکرێ. بزووتنەوەی کورد لە ڕەوتی خۆیدا هەمیشە نەبوونی دێموکراسیی بە هۆکاری چارەسەرنەکرانی مەسەلەی کورد داناوە. ئەزموونەکانی ڕابردوو دەری دەخەن کە نەتەوەی کورد پێشوازیی لە چارەسەری دێموکراتییانەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردوە. بەڵام بە داخەوە لەبەر نادێموکرات بوونی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەردەوام ویستی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بە زمانێکی نادێموکراتیک و تێکەڵ بە زەبر و زەنگ وڵام دراوەتەوە. نیەتی ئاشتیخوازانە و ویستی کەلکوەرگرتن لە دیالۆگ و وتووێژ بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان هەر لە لایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە ڕەت کراوەتەوە یان وەک داوێک بۆ لە نێو بردنی ڕێبەرانی سیاسی و لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد، کەلکی لێ وەرگیراوە.

ئەزموون و ڕەوتی ڕووداوەکان دەریان خستوە کە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی، لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و حاشاکردن لە پێناسی نەتەوەکانی ئێران و سەپاندنی پێناسی نەتەوەیەک بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەدا، هیچ کاتێک جێی نەگرتوە. لە ئارادا بوونی پرسی نەتەوەکان وەک گرینگترین پرسی سیاسی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە. سووربوون لەسەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی تەواویەتخوازی ئێرانییش کە هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی لەدایک بووە، شتێک نییە جگە لە هەوڵێکی نابەرپرسانە بە ئاقاری درێژە دان بە سەنتەرگەراییەکی مێژوویی و لەسەر حیسابی لێڵکردنی هەرچی زیاتری ئاسۆی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی نێو ئێران.

بۆیە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، لەبەر ڕووناکایی ئەو خاڵەی سەرەوەدا و بە لە بەرچاو گرتنی ویستی لەمێژینەی نەتەوەی کورد و ڕەوتی سیاسیی ئێستای کوردستان، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا کاتێک بە تەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتی سروشتیی خۆی ببڕێ و ویستی داخوازانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە.

دەرەتانی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانیش –سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ ستەم و کارەساتەی ڕابردوو– کاتێک دەرەخسێ کە بێئەملا و ئەولا ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسیی نەتەوەکانی نێو ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بکرێ بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران.

نێوەرۆکی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەنگدانەوەی ویستی نەتەوەیی و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ ئەو بەرنامەیە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و نێوەرۆکی بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە. هاوڕێیانی حیزبی لەگەڵ ئەوەی ڕوونکردنەوەی بیروڕای حیزب لە سەر مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە ئەرکی خۆیان دەزانن، دەبێ لە پێناو پتەوکردنی هەرچی زیاتری پێوەندیی بەرینی حیزب و گەل و، گەشەدارترکردنی بواری دێموکراتییانەی بزووتنەوەی گەلەکەمان، بە سینگفراوانییەوە پێشوازی لە ڕەخنە و ڕێنوێنی و پێشنیاری ئەوانیش بکەن.

## بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### فەسڵی یەکەم: ئامانجە گشتییەکان

#### ماددەی یەکەم: ئامانجی ستراتێژی

ئامانجی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵ و لە شێوەی کۆماری کوردستاندایە.

یەکیەتیی داخوازانە و دادپەروەرانە، بەردی بناغەی پێوەندیی کۆماری کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە.

#### ماددەی دووەم: پێناسەی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، دێموکراتیک و کوردستانییە.

١- کۆماری کوردستان دەسەڵاتێکی سیاسیی گەلییە کە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بڕیاری لە سەر دەدرێ.

٢- کۆماری کوردستان پێناسەیەکی نەتەوەیی هەیە چونکە هێمای کۆتاییهێنان بە ستەم و بندەستییە و نوێنگەی دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

٣- کۆماری کوردستان دێموکراتیکە چونکە بە دەنگی خەڵک هەڵدەبژێردرێ و بە پێی ویست و ئیرادەی خەڵک بەڕێوە دەچێ.

٤- کۆماری کوردستان پێناسەیەکی کوردستانیی هەیە چونکە مافە ڕەواکانی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، ئێتنیکی، کولتووری و ئایینییە جیاوازەکانی نێو ئەو کۆمارە دەپارێزێ.

ماددەی سێیەم: چوارچێوەی جوغرافیایی

چوارچێوەی جوغرافیایی کۆماری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ویستی زۆرینەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەک، دیاری دەکرێ.

## فەسڵی دووەم:
## بنەماکانی پێکهاتەی کۆماری کوردستان

**ماددەی چوارەم: سیستمی دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا**

دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە گشتییانەی خوارەوە پێک دێ و بەڕێوە دەچێ:

١- هەموو دەسەڵاتێک لە ئیرادە و دەنگی خەڵک سەرچاوە دەگرێ. دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، قانوون دانان و دادوەری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە نوێنەرانی خەڵک پێک دێن. نوێنەرانی خەڵک لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و ئازاد و وەک یەک و نهێنییدا لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢- هەڵبژاردن لەسەر بنەمای هەر تاکێ یەک دەنگ و، بایەخی یەکسانیی دەنگەکان دەبێ، بەبێ لە بەرچاو گرتنی هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی ئێتنیکی، ئایینی، ڕەگەزی و ئاستی کۆمەڵایەتی.

٣- ئیمکانی بەشداری لە هەڵبژاردن و هەڵبژێران بۆ ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدا بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان دابین دەکرێ.

٤- خەڵک دەبێ ئیمکانی شوێن دانان لەسەر بڕیارەکان و کۆنترۆڵ لەسەر چۆنیەتیی جێبەجێکردنی دەسەڵات و تەنانەت ئیمکانی لەسەر کار لا بردنی دەسەڵاتدارانی هەڵبژاردەی خۆیانیان هەبێ.

٥- پرەنسیپی زۆرینەی دەنگ نابێ مافی کەمینە پێشێل بکا. بنەمای دێموکراسی لە کۆماری کوردستاندا لەسەر بەشداریی هەموو خەڵک دادەنرێ. مافی بەشداریی ڕێژەیی هەموو ئەو گرووپانە کە بە پێی پرەنسیپی زۆرینە و بە هۆی جیاوازیی ئێتنیکی، ڕەگەزی و ئایینی لە کەمینەدان و ناتوانن خاوەنی نوێنەری خۆیان لە دەسەڵاتدا بن، دەستەبەر دەکرێ و دەپارێزرێ.

**ماددەی پێنجەم: لێك جیابوونی دەسەڵاتەکان**

لە کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی قانوون دانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتر جیان.

**ماددەی شەشەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن**

دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ئۆرگانی بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستان بە پێی سیستمی پارلمانی لە لایەن پارلمانەوە دەنگی بۆ وەردەگیرێ و لە بەرانبەر پارلماندا بەرپرسیارە.

**ماددەی حەوتەم: سەرۆکایەتیی کۆماری کوردستان**

سەرۆکی کۆماری کوردستان لە لایەن خەڵک و لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە بە پێی قانوون دیاری دەکرێ هەڵدەبژێردرێ.

ماددەی هەشتەم: پارلمانی کوردستان

پارلمانی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانوون دانانی کۆماری کوردستانە. نوێنەرانی پارلمان لە چوارچێوەی سیستمی فرە حیزبی و لە کێبەرکێی ئازاد و دێموکراتیکدا لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

لە هەڵبژاردندا ماف و مەودای بەشداری و خۆ کاندیدا کردن لە هەڵبژاردن بۆ ئۆرگانەکانی بڕیاردەری سیاسی لە دەرەوەی لیستەی حیزبەکان بۆ هەر تاکێکی سەربەخۆ دەستەبەر دەکرێ.

**ماددەی نۆیەم: دەزگای دادوەری**

دەزگای دادوەری سەربەخۆیە. ئەندامەکانی دەزگای دادوەری بە پێشنیاری سەرکۆماری کوردستان و بە پەسەندی پارلمان دیاری دەکرێن.

**ماددەی دەیەم: جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی**

لە کۆماری کوردستاندا ئایین لە دەسەڵاتی سیاسی جیایە و پێڕەوی لە پرەنسیپی سێکۆلار لە دەوڵەتدا دەکرێ. هەموو دانیشتووانی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئایین و مەزهەبدا ئازادن.

**ماددەی یازدەیەم: ڕەمزی نەتەوەیی**

کۆماری کوردستان خاوەنی ئاڵا و سروودی نەتەوەیی خۆیەتی. ئاڵای دەوڵەتی فێدراڵ لە تەنیشت ئاڵای کوردستان لە دامودەزگاکانی کۆماری کوردستاندا هەڵ دەکرێ.

**ماددەی دوازدەیەم: زمانی ڕەسمی لە کۆماری کوردستاندا**

زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی کۆماری کوردستانە. لە هەموو پلەکانی خوێندندا ئەم زمانە بەکار دەهێنرێ. خوێندن لە کۆماری کوردستاندا هەتا ١٥ساڵی بۆ هەمووان ئیجبارییە. لە تەنیشت زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی فێدراڵ لە پۆلی چواری سەرەتایی بەرەو سەر دەخوێندرێ و بۆ نامەنووسینی ئیداری لە نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی فێدراڵ و ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی فێدراڵ لە کوردستاندا بە کار دەبرێ.

**ماددەی سێزدەیەم: کۆماری کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵ**

کاروباری پێوەندیی نێو دەوڵەتی، دیفاعی میللی (سپا)، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵدایە. بێجگە لەوانە، سەلاحیەتی بەڕێوەبردنی دەزگای دەوڵەتی لە کوردستان بە دەست دامودەزگاکانی کۆماری کوردستانەوەیە. خەڵکی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە پێی حەشیمەت و بێ‌هیچ جیاوازییەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی فیدراڵدا بەشدار دەبن.

**ماددەی چواردەیەم: دابین‌کردنی نەزم و هێمنی لە کوردستاندا:**

دابین‌کردنی هێمنی و نەزمی نێوخۆ لە کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی کۆماری کوردستانە. ئەرکی سپا دیفاع لە سەربەخۆیی و پاراستنی سنوورەکانی وڵاتە و هەقی نییە دەست لە کاروباری هێمنی و نەزمی نێوخۆیی وەر بدا.

## فەسڵی سێیەم:
## پرەنسیپ و ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستان

**ماددەی پازدەیەم: ئازادییە دێموکراتیکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان**

١- کۆماری کوردستان بەرپرسە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دابین‌کردنی مێکانیزمی تایبەتی بۆ چاودێریی دابین‌کرانی ئەو مافانە بۆ هەموو دانیشتووانی کوردستان. لە کۆماری کوردستاندا ماف و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان وەک ئازادیی بەیان، چاپەمەنی و ڕێکخراو لە چوارچێوەی قانووندا بە شێوەیەک دەستەبەر دەکرێن کە لەگەڵ مەنشووری مافی مرۆڤدا تەبا بێ.

٢- ئازادی لە کۆماری کوردستاندا بە مانای ئازادبوونی هەر دانیشتوویەکی کوردستانە لە پێش‌خستنی کەسایەتیی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا. ئەرکی دەسەڵاتە کە ئیمکانی یەکسان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بۆ بەهرەمەند بوون لەم ئازادییە دابین بکا و پارێزگاریی لێ بکا. هەروەها دابین‌کردنی ئازادیی تاک وەک مافی هاونیشتمانی، ئازادی لە هەبوونی بیر و باوەڕی سیاسی، ئایین و مەزهەبدا، بە جۆرێک کە مافی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ پێشێل نەکا، ئازادی لە هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و کار، ئەندام بوون یان هاتنە دەر لە کۆڕ و ڕێکخراوی سیاسی، کۆمەلایەتی و کولتووری لە ئەرکە گرینگەکانی کۆمارە.

٣- کۆماری کوردستان پارێزگاری لە مافەکانی منداڵان لە بنەماڵە و لە کۆمەڵدا، بە ئەرکێکی گرینگی سەر شانی خۆی دەزانێ. لەو پێوەندییەدا پێڕەوی لە پەیمان‌نامەی نێونەتەوەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی منداڵان دەکا و پلانی

چڕوپڕی پەروەردەیی بۆ دادەڕێژێ. نواندنی هەر چەشنە توندوتیژییەک بەرامبەر بە منداڵان و کەڵکوەرگرتنی خراپ لە توانایی منداڵان، قەدەغە دەکرێ.

### ماددەی شازدەیەم: سەروەریی قانوون

١- لە کۆماری کوردستاندا قانوون لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکەوەیە.
٢- هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە بەرامبەر قانووندا یەکسانن. پێشێلکردنی قانوون بە هەر ڕێگایەکدا و لە لایەن هەر کەسێکەوە ناڕەوایە و سزای قانوونیی بە دواوەیە.

### ماددەی حەڤدەیەم: دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

کۆماری کوردستان هەوڵ دەدا ئیمکانی کار بۆ هەمووان پێک بێنێ، داهاتی گشتی بە جۆرێک دابەش دەکا کە یارمەتی بە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کەسانی کەمداهات بکا و بۆ دابینکردنی یارمەتییە کۆمەلایەتییەکان، هەنگاو هەڵ دێنێتەوە.

### ماددەی هەژدەیەم: کۆمەڵگەی مەدەنی

گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی نێوەرۆکی دێموکراتیک و مۆدێرنی کۆمار دەستەبەر دەکا. لەو پێوەندییەدا:
١- پشتیوانی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان لە ئەرکەکانی سەر شانی کۆماری کوردستانە.
٢- بەستێن سازی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی شێوەی پێوەندیی دوو لایەنەی نێوان کۆمەڵ و حکوومەت لەسەر بنەمای فەرهەنگێکی دێموکراتیک و ئەسڵی لێپرسراویەتیی دوو لایەنە، لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆماری کوردستان دەبێ.

### ماددەی نۆزدەیەم: یەکسانیی ژن و پیاو

١- کۆماری کوردستان هەوڵدان بۆ دابینکردنی یەکسانیی ژنان و پیاوان لە نێو خێزان، لە نێو کۆمەڵ و لە مەیدانی کار و دەسەڵاتدا بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ.
٢- کۆماری کوردستان لا بردنی نابەرابەری و دابینکردنی یەکسانیی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە بەردی بناغەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، پێشکەوتوو و دێموکراتیک لە کوردستاندا، دەزانێ. ئەرکی کۆماری کوردستانە کە بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەسەڵاتی سیاسییدا، لە ڕێگای تێگەیاندن و بە پشتیوانیی قانوون هەنگاوی جددی و بەردەوام هەڵێنێتەوە.

### ماددەی بیستەم: ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان

١- کۆماری کوردستان لە پێناوی پارێزگاری لە سروشتی کوردستان و مسۆگەرکردنی لەشساغی و ژیانێکی باشتر بۆ دانیشتووانی ئێستا و نەوەکانی داهاتووی کوردستاندا، بایەخێکی زۆر بە پاراستنی ژینگە دەدا.
٢- بوونی ئابوورییەکی پێشکەوتوو تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە کەلکوەرگرتنی کارناسانە لە پاشەکەوت و سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکان. کۆماری کوردستان دەبێ بۆ پاراستن و کەلکوەرگرتن لەم سامانە گشتییانە لەکوردستاندا خاوەن پلان و بەرنامەی تایبەتی بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ بێ.

٣- ئەرکی کۆماری کوردستانە کە لە هەموو پرۆژە و پرۆگرامێکدا لایەنی ژینگەپارێزی لە بەرچاو بگرێ.

## فەسڵی چوارەم: ئامانجی درێژخایەنی حیزب

**ماددەی بیست و یەکەم:**

١- ئامانجی درێژخایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

٢- لەم کۆمەڵگایەدا کە بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەیڕەو دەکرێن بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک ئامانجی سەرەکییە.

٣- جەوهەری دێموکراتیک بوونی ئەم سیستمە لەوەدایە کە پێکهاتنی، لە پرۆسەی ڕیفۆرمدا، بە شێوازێکی دێموکراتیک و لە ڕێگای بەشداریکردنی خەڵکەوە دێتە دی.

٤- بنەمای سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێ، لەم کۆمەڵگەیەدا ستەمی نەتەوەیی، ئێتنیکی و ڕەگەزی، نامێنێ و هەوڵ دەدرێ مەودای نێوان چینەکان کەم بکرێتەوە.

٥- لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا پەیڕەوی لە سیستمی بازاڕی ئازادی چاودێریکراو لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و دێموکراتیکی خەڵکەوە دەکرێ.

٦- لەم سیستمەدا بۆ پاراستنی پارسەنگی ڕێژەی کۆمەڵایەتی و دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و دێموکراتیکەکان، بێجگە لە نیزامی (یەک کەس، یەک دەنگ) سەندیکاکان، یەکیەتییە کرێکارییەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرە کولتوورییەکان دەبێ هەرچی زۆرتر ڕێک بخرێن.

٧- خۆ گونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان (کۆمەڵگە) و ڕەچاوکردنی قازانجی نەتەوەیی دوو پرەنسیپی سەرەکیین بۆ پیادەکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک.

## فەسڵی پێنجەم: یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران

**ماددەی بیست و دووەم: ڕێگای دروستی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێراندا**

حاکمیەتی کۆماری و دێموکراتیک لە بەڕێوەبەرایەتییدا دەتوانێ ببێتە دەستەبەری هاوپێوەندی و هاوپەیمانییەکی پتەوتر لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا و زەمینەسازی پێکەوە ژیانێکی داخوازانە و دادپەروەرانە، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو لە ئێرانی دوارۆژدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو نەتەوەکانی ئێران بە دۆستی نەتەوەی کورد دەزانێ و لە خەباتی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و دابینکردنی مافی بەرابەر بۆ هەموویان پشتیوانی دەکا. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان، پێویستە ئەم ئەسڵانەی خوارەوەی تێدا ڕەچاو بکرێن:

١- هەر نەتەوەیەک ئازاد و سەربەست بێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی ناوچەی خۆی بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێراوی خۆیەوە.

٢- هەرکام لە نەتەوەکان ئەو مافەیان هەبێ کە لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە دەنگ بە مانەوە

یان هاتنە دەر لەو یەکیەتییە بدەن.

٣- هەموو نەتەوەکان بە پێی حەشیمەتیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی فێدراڵدا بەشدار بن.

٤- ئێرانی فێدراڵ خاوەنی دوو ئەنجومەنی نوێنەران و نەتەوەکان بێ. ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی حەشیمەت دیاری بکرێن و هەڵبژێردرێن. بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەکان بۆ هەر کام لە نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بە قەدەر یەک بن و هیچ بڕیارێکی گرنگ بە تایبەتی ئەو بڕیارانە کە پێوەندییان بە چارەنووسی نەتەوەکانی ئێرانەوە هەیە بەبێ پەسەندکران لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە کاری پێ نەکرێ.

٥- ئەگەر بڕیارێک دژایەتیی لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەر یەک لە نەتەوەکان هەبێ، مافی ڤێتۆ بۆ نوێنەرانی ئەو نەتەوەیە لە ئەنجومەنی نەتەوەکاندا پارێزراو بێ.

## فەسڵی شەشەم:
## سیاسەت بەرامبەر بەشەکانی دیکەی کوردستان:

### ماددەی بیست و سێیەم: هەڵوێستی کۆماری کوردستان بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەم جۆرەیە:

١- گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێ بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسێ.

٢- لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی پشتیوانی دەکا.

٣. پەنای سیاسی بەو کوردانە دەدا کە بە هۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەونە بەر مەترسی و ناچار دەبن وڵاتەکەیان بەجێ بێڵن.

٤. پێوەندیی دۆستانەی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و فەرهەنگی لەگەڵ ئەو بەشانەی کوردستاندا دادەمەزرێنێ کە لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا بە مافە نەتەوایەتییەکانیان گەیشتوون.

## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## فەسڵی یەکەم: پێناسەی حیزب

**ماددەی یەکەم: ناوی حیزب، «حیزبی دێموکراتی کوردستان»ـە**

**ماددەی دووەم:**
حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و دێموکراتە، کە وڵاتپارێزان و ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**
حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی سێکۆلارە و بڕوای بە جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**
حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکاندا پەیڕەوی لە پلۆرالیزمی سیاسی دەکا.

## فەسڵی دووهەم: ئەندامەتیی حیزب

**ماددەی پێنجەم: مەرجەکانی بوون بە ئەندام**
هەموو دانیشتوویەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو کوردێکی ڕۆژهەڵات دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە مەرجێک:
- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.
- مرۆڤێکی خۆشناو و وڵاتپارێز بێ.

**ماددەی شەشەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام**
بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:
- دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.
- لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.
- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی سەرەوەترەوە بە ئەندام وەربگیرێ.

**تێبینی:**
ئـەو کەسـایەتییە کۆمەڵایەتـی، فەرهەنگـی و زانسـتییانە کـە خۆیـان لـە سیاسـەت و بۆچوونەکانی حیزب بە نیزیک دەزانن وەک دۆستی حیزب ڕێزیان لێ دەگیرێ و لە هاوکاری و بیروڕاکانیـان پێشـوازی دەکـرێ.

## فەسڵی سێیەم: ئەرك و مافەکانی ئەندام

### ماددەی حەوتەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی ئەندامی حیزبە کە:
- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێ بکۆشێ.
- بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
- بە پێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسیپلینی حیزب بێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێ بکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- پلەی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەرێ.
- سیاسـەتی حیـزب بەرێتـە نێـو کۆمەڵانـی خەڵـک و پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەوان بەهێـز بـکا و لـە بیـروڕا و ئەزموونـی ئـەوان کەلـک وەربگـرێ.
- حەقی ئەندامەتی بدا.

### ماددەی هەشتەم: مافەکانی ئەندامی حیزب

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:
- بە ئەندام یان بەرپرسی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵ بژێردرێ یان دیاری بکرێ.
- لـە نێوخـۆی حیزبـدا ڕاشـکاوانە لـە هەمـوو ئەندامێـک یـا ئۆرگانێـک لـە کۆبوونەوەکانـی حیزبییـدا ڕەخنـە بگـرێ.
- سیاسەتی حیزب بخاتە بەر پرسیار و پێشنیاری گۆڕینی بکا.
- لـە ڕێگای تەشـکیلاتییەوە بـە هەمـوو ئۆرگانێکـی حیزبـی پێشـنیار بـکا، بیـروڕای خـۆی پـێ بڵـێ یـان پرسـیاری لـێ بـکا.
- لە هەموو ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
- لـە هـەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا کـە تێکۆشـانی حیزبـی و سیاسـیی ئەو هەڵسـەنگێنێ و بیهـەوێ بڕیاری لەسـەر بدا، بەشـدار بـێ.

### ماددەی نۆیەم: سزادانی ئەندام

١- ئـەو کەسـانەی ئەرکـی خۆیـان بەجـێ ناگەیەنـن یـان بـە پێچەوانـەی پێـڕەوی نێوخـۆی حیـزب دەبزوونـەوە یـان کردەوەیـەک ئەنجـام دەدەن کـە زیـان بـە ئێعتبـاری حیـزب دەگەیەنـێ، بـە پێـی ڕادەی تاوانەکەیـان سـزا دەدرێـن. سـزای حیزبـی بریتییـە لـە:
- سـەرکۆنە بە دەم

- سەرکۆنە بە نووسراو
-ئەستاندنەوەی لێپرسراوی
- هەڵپەساردن
- دەرکردن لە حیزب
٢- درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە.
٣- سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆرینەی دەنگ دیاری دەکرێ.
٤- مەبەست لە سزای حیزبی، ڕێنوێنیی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە چاککردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.
٥- ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای
پێداچوونەوە بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.
٦- ئەندامی هەڵپەسێردراو پاش ماوەی هەڵپەساردن، ڕابردووی حیزبیی بۆ لە بەرچاو دەگیرێ و بەگوێرەی نەزەری ئۆرگانی خۆی بەرپرسایەتیی پێ دەدرێ.

## فەسڵی چوارەم: پێکهاتەی ڕێکخراوەیی حیزب

**ماددەی دەیەم: قەوارەی حیزب**

١- ئەسڵە بنەڕەتییەکانی دارشتنی قەوارەی حیزب ئەوانەی خوارەوەن:
- هەموو ئۆرگانەکانی حیزب لە خوارێوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێن.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێک و پێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- لە ئورگانەکانی حیزبدا بڕیار بە شێوەی جەمعی و زۆرینەی دەنگ دەدرێ.
- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەبێ جیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ.
- زانیاریی پێویست سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ لە بوارەکانی نێوخۆیی تەشکیلات، مەسەلە سیاسییەکان و، پێوەندییەکان، بە شێوەیەکی سیستماتیک لە نێو حیزبدا بڵاو دەکرێتەوە.
- تاکپەرستی و سەرەڕۆیی لە هیچ پلەیەکی تەشکیلاتییدا ڕێگای پێ نادرێ و لێپرسینەوەی لە سەر دەکرێ.
- لە حیزبدا بوونی گرووپ و فراکسیۆنی ئاشکرای فیکری و سیاسی بە ڕەسمی دەناسرێ و هەموو گرووپێک هەقی هەیە بیر و بۆچوونی خۆی لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا دەر ببڕێ.
تێبینی: هەر چەشنە دەستەبەندییەکی نهێنی بە تاوان دەژمێردرێ و سزای لە سەرە.

**ماددەی یازدەیەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١- بناغەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزب لە ڕێی کومیتەی دێ، گەڕەک، شار، ناوچە، شارستان و ناوەندەوە بەڕێوە دەبرێن.

٣- ئەرکی شانە و کومیتەکانی دێ، گەڕەک، شار، ناوچە و شارستان و ناوەند، بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و ئۆرگانە بەرپرسەکانی پێوەندییدار و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤- کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵ دەبژێردرێ.

٥- بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە دوو ساڵ جارێک لە ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانیان پێک دێ.

٦- ڕێکخراوەکانی حیزب لە مەڵبەندی چالاکیی خۆیاندا دەتوانن بەرنامە و پلانی کاری تایبەت بە خۆیان دابڕێژن.

**تێبینی:**

١- لە هەلومەرجی تایبەتییدا کومیتەی ناوەندی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوی حیزب پەسەند بکا.

٢- ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستان بەگوێرەی ئاییننامەیەکی تایبەت و گونجاو کە بە پەسەندی کومیتەی ناوەندی دەگا، بەڕێوە دەچن.

## فەسڵی پێنجەم: ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب

**ماددەی دوازدەیەم: کۆنگرەی حیزب**

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هەر سێ ساڵ جارێک لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ و بە ڕادەیەک کە کومیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب پێک دێ.

٣- کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازی کومیتەی ناوەندی، یان دوو لە سێی کۆمیسیۆن و کومیتەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی و کومیتەی دەرەوەی کوردستان پێک دێ.

**ماددەی سێزدەیەم:**

ئامادەکردن و چۆنیەتیی پێکهێنانی کۆنگرە یەکێک لە ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندییە.

**ماددەی چواردەیەم: ئەرك و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:**

١- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی هەڵدەسەنگێنێ و بڕیاری لەسەر دەدا.

٢- ڕێبازی گشتی، ستراتێژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.

٣- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا.

٤- ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندیی حیزب و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ هەڵدەبژێرێ.

ماددەی پازدەیەم: شێوەی هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی لەلایەن کومیتەی ناوەندییەوە ئامادە دەکرێ و لە کۆنگرەدا بڕیاری لەسەر دەدرێ.

**تێبینی:**

١- کومیتەی ناوەندیی حیزب مافی ئەوەی هەیە ئەو پەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە چواری ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی، لە ئەندامانی حیزب ڕاستەوخۆ و بە مافی دەنگدانەوە لە کۆنگرەدا بەشدار بکا.

٢- کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە هەر نەبێ ٣ ساڵ ڕابردووی ئەندامەتییان لە حیزبدا هەبێ.

**ماددەی شازدەهەم: کۆنفڕانسی حیزب**

١- کۆنفڕانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیر و گرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢- کۆنفڕانس لە ئەندامانی ئەسڵی، جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی، ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ نوێنەرانی کومیتەکانی شارستان، ناوەند، کومیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و کومیتەی بەڕێوەبەری کاروباری حیزب لە دەرەوەی کوردستان پێک دێ.

٣- ڕادەی نوێنەرانی ئەو کومیتە و کۆمیسیۆنانە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ. بەڵام لە هەر حاڵدا دەبێ ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ زیاتر بێ.

**ماددەی حەڤدەیەم: کومیتەی ناوەندیی حیزب**

١- لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کار و باری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢- ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:

- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
- بەرپرسی چاودێری و بڕیار لە سەر سیاسەتی گشتیی حیزب لە چوارچێوەی بەرنامە

و بڕیارەکانی کۆنگرەدایە.
- سکرتێری گشتیی حیزب، جێگرەکانی و دەفتەری سیاسی هەڵ دەبژێرێ.
- ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و بەرپرسی گشتیی داهات و دەرکەوتی حیزبە.
- لانیکەم ساڵی سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.

**تێبینی:**
١- کومیتەی ناوەندی دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی، موشاویر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.
٢- کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی، فەرمی دەبن.
٣- بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە نیوەی هەموو ئەندامانی ئەسڵی، یان دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵیی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا دەنگیان بۆ بدەن.
٤- کومیتەی ناوەندی هەقی هەیە لە کارەکانی سکرتێری گشتی و جێگرەکانی و هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسی، بکۆڵێتەوە و لێپرسینەوە بکا.
٥- هیچ کەس زیاتر لە دوو دەورەی بە دوای یەکدا وەک سکرتێری گشتی هەڵ نابژێردرێ.

### ماددەی هەژدەیەم: کۆمیسیۆنەکانی کاری حیزب

١- کۆمیسیۆنەکانی کاری حیزب بە پێی لێکدانەوە و پەسەندی کومیتەی ناوەندی دیاری دەکرێن.
٢- ئەم کۆمیسیۆنانە بە پێی ستراتێژیی درێژخایەن و پلانی کاری ساڵانە و چەند ساڵەی خۆیان، کە لە کومیتەی ناوەندییدا دەنگیان بۆ وەردەگیرێ، کار دەکەن.
٣- هەر یەک لەم کۆمیسیۆنانە لە چوارچێوەی ئاییننامەدا لە بەجێ گەیاندنی ستراتێژی و پلانی کار و بڕیاری ڕۆژانە لە کاری خۆیاندا سەربەخۆن.

### ماددەی نۆزدەیەم: دەفتەری سیاسیی حیزب

١- دەفتەری سیاسی لە سکرتێری گشتی و ٢ جێگر و ژمارەیەکی دیکە ئەندام پێک دێ کە کومیتەی ناوەندی بڕیاری لە سەر دەدا.
٢- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییدا دەفتەری سیاسی بەرپرسی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندیی حیزبە.
٣- دەفتەری سیاسیی حیزب کار و باری کۆمیسیۆنەکان لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا تاوتوێ دەکا و بڕیاری پێویستیان لە سەر دەدا.
٤- دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە پێی پێویست پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

## ماددەی بیستەم: سکرتاریای حیزب، سکرتێری گشتی و جێگرەکانی

### ئـ سکرتێری گشتی

١- سکرتێری گشتی، وتەبێژی ڕەسمیی حیزب بە ڕووی دەرەوەی حیزبدایە.
٢- هاودەنگیی کار لە نێوان کۆمیسیۆنەکانی کاری بەڕێوەبەرییدا پێک دێنێ.
٣- لە غیابی سکرتێری گشتییدا جێگری یەکەم و لە غیابی هەر دووکیاندا جێگری دووهەم ئەو بەرپرسایەتییەی هەیە.
٤- سکرتێری گشتیی حیزب بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ جێگرەکانی بە تەنیا هیچ بڕیارێک نادا مەگەر لە کاتێکدا کە دەرەتانی ڕاوێژ نەبێ و کارێکی کوتوپڕیش بێتە پێش.
٥- سکرتێری گشتی و جێگرەکانی لانیکەم حەوتووی جارێک کۆ دەبنەوە.

### ب. جێگرەکانی سکرتێری گشتی

١- جێگرەکانی سکرتێری گشتی، ڕۆڵی هاوفکری و مافی دەنگدانیان لە بڕیارەکانی سکرتێری گشتییدا هەیە.
٢- جێگری یەکەم بەرپرسی ئاگادار بوون لە هەواڵەکان و باسە سیاسییە گرینگەکانی پێوەندییدار بە حیزبەوە و دانی زانیاریی پێویست لەو بارەیەوە بە سکرتێری گشتیی حیزبە.
٣- جێگری دووەم کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی لە سەر ڕاسپاردەی سکرتێری گشتی بانگهێشتن دەکا.
٤- جێگرەکانی سکرتێر لە لایەن سکرتێرەوە کاندیدا دەکرێن و کومیتەی ناوەندی دەنگیان لە سەر دەدا.

**تێبینی:**

– ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە هەموو حیزبەوە هەیە دەبێ لە کومیتەی ناوەندییدا باسیان لێ بکرێ و بڕیاریان بۆ بدرێ.
– ئەو پرسانەی پێوەندییان بە کاری هەموو کۆمیسیۆنەکانەوە هەیە پێویستە لە دەفتەری سیاسی بڕیاریان لە سەر بدرێ.
– بڕیار پێوەندیی بە هەر کۆمیسیۆنێکەوە هەبێ پێویستە بە بەشداریی بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنە بێتە بەر باس و پەسەند بکرێ.

## ماددەی بیست و یەکەم: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیی سیاسی و پلان دانان

ناوەندی ستراتێژیی سیاسی بە پەسەندی دەفتەری سیاسی و بە هاوفکری لەگەڵ کومیتەی ناوەندی، لە کەسانی پسپۆڕ لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی، سیاسی و فەرهەنگی لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزب پێک دێ و کومیتەی ناوەندی بەرپرسە ئاییننامە بۆ شێوەی کارکردنی دابنێ.

## فەسڵی شەشەم:
## کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب

**ماددەی بیست و دووەم:**
کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە کەسانی شارەزای بەرنامە و پێڕەوی حیزب لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ.

**ماددەی بیست و سێهەم: ئەرك و سەلاحیەتەکانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری ئەمانەن:**
١- چاودێری بە سەر بەڕێوە چوونی پێڕەوی نێوخۆ لە ڕێکخراوەکانی حیزبدا دەکا.
٢- لە ڕێگای نوێنەرانیەوە بەشداری کۆنفرانسەکانی حیزب دەبێ و لە سەر سەلاحیەتی کۆنفرانسەکان و دروستیی هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەکان و نوێنەرانی کۆنگرە نەزەر دەدا.
٣- بە شکایەتی ئەندامانی هەڵپەسێراو یان دەرکراو ڕادەگا و ئەگەر سزاکەیانی بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆ زانی، پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدا.

**تێبینی:**
١- کۆمیسیۆنی پارێزگاری کاری بە سەر مەسایلی ئیجرایی حیزبەوە نییە.
٢- کۆمیسیۆن لە سزای ئیداری یان سزای پێشمەرگایەتی ناکۆڵێتەوە و تەنیا کاری بە سزای حیزبییە.
٣- کۆمیسیۆن نەزەر و پێشنیارەکانی بۆ پەسەندکردن دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

## فەسڵی حەوتەم: داهاتی حیزب

**ماددەی بیست وچوارەم: داهاتی حیزب بریتییە لە:**
- حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.
- دەسکەوتی سەرمایەدانان و پرۆژەکان.

**تێبینی:**
١_ لە کۆمیسیۆنی دارایی و ماڵیی حیزبدا هەیئەتێکی تایبەت دیاری دەکرێ کە بەرپرسایەتیی بنکە و بنیاتە ماڵی و ئابوورییەکانی حیزبی لە ئەستۆ دەبێ. ئەم هەیئەتە هەر شەش مانگ جارێک، یان هەر کات دەفتەری سیاسی بە پێویست بزانێ ڕاپۆرتی ماڵی و دارایی حیزب دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی. سنووری ئەم ڕاپۆرتە دەفتەری سیاسی دیاریی دەکا.
٢_ کۆمیسیونی ماڵی و دارایی حیزب دەبێ هەیئەتێک لە کەسانی پسپۆڕ لە نێوخۆی حیزب لە کوردستان و لە دەرەوە پێک بێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیمکانی سەرمایەگوزاری، داڕشتنی پلان و بەڕێوە بردنی پرۆژەی گونجاو بە مەبەستی پتەوکردنی بونیەی دارایی و ماڵیی حیزب.

## فەسڵی هەشتەم: چەند پرەنسیپی گشتی

- سیستمی کار و چالاکیی حیزب دەبێ لە کاری ڕووتینەوە بەرەو کاری ئاگاهانە و بە بەرنامە و پلانی نووسراو بڕوا. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو تەشکیلاتەکان، ئۆرگانەکان و کۆمیسیۆن و تیمەکانی کاری حیزب دەبێ پرۆگرام و پلانی کاری خۆیان هەبێ. لەم پێوەندییەدا دەبێ بەشی پرۆگرام و پلان دانان هەم لە ئاستی ڕێبەرایەتی و هەم لە ئاستی تەشکیلاتەکاندا وەک بەشێک لە کاری حیزب گرینگیی پێ بدرێ.
- کۆبونەوەی کومیتەکان، کۆمیسیۆنەکان، کۆنفرانسەکان و کۆنگرەکانی حیزب بەبێ ئاگادارکردنی بەشدارانی لە نێوەرۆکی خاڵەکانی جێگای باس پێک نایە. بڕیار و ئاکامەکانی کاری کۆبونەوەکانی حیزب دەبێ بنووسرێن و دۆکۆمێنت بکرێن.

**ڕاپرسی لە حیزبدا بەڕێوە دەچێ لە کاتێکدا کە:**
- پرسێکی گرینگی چارەنووس‌ساز بێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەیەوێ بۆ خۆی بڕیاری لە سەر بدا.
- هەر نەبێ دوو لە سێی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی خوازیاری ئەو ڕاپرسییە بن.
- لەو حاڵەتەدا کومیتەی ناوەندی بەرپرسە کە لە زووترین کاتدا (ئەو پەڕەکەی مانگێک) کومیتەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاپرسییە لە نوێنەرانی تەشکیلاتەکان و ئۆرگانەکانی ڕێبەریی حیزب پێک بهێنێ.

**تێبینی:**
١- یەک لە سێی ئەندامانی کومیتەی جێبەجێکردنی ڕاپرسی لە نوێنەرانی کومیتەی ناوەندی و یەک لە سێیان لە نوێنەرانی کومیتەی کاروباری دەرەوەی کوردستان و یەک لە سێیان لە نوێنەرانی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی دەبن.
٢- ئەم کومیتەیە لە ئامادەکردنی پرسیارەکانی ڕاپرسی، شێوەی بە جێگەیاندنی و ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی بەرپرسە.
٣- پرسیارەکانی ڕاپرسی دەبێ بە پەسندی کومیتەی ناوەندی بگەن.

- ڕادەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب پێویستە لە ژنان بن و دەبێ مێکانیزمی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە لە بەرچاو بگیرێ و، ئەگەر پێویست بوو لە پرەنسیپی «هەڵاواردنی پۆزێتیڤ»یش کەلک وەرگیرێ. ئامانج لە دیاریکردنی ڕێژە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکسانی لە ڕادەی بەشداربوونی ژنان لەگەڵ پیاوان لەم ئۆرگانانە لە داهاتوودایە. بۆیە ئەو ڕێژەیە دەبێ بە پێی ئیمکان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەم ئۆرگانانەدا بچێتە سەرێ.

***

## بڕیارنامەی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (١٦ تا ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ـی هەتاوی)
## (٦ تا ١٤ی مارسی ٢٠٠٨)

**١ـ لەسەر مەسەلەی کورد**

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خۆشحاڵی و هیواوە دەڕوانێتە ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ڕوویان داوە. لەو پێوەندییەدا:

ئـ: بە ڕەسمی ناسرانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دێموکراتیکی پلۆرالیستی و فیدراڵدا بە دەسکەوتی هەموو نەتەوەی کورد دادەنێ و بە ئەرکی هەموو هێزە وڵاتپارێزەکانی هەر چوار بەشی کوردستان دەزانێ ئەوەی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئەو دەسکەوتە دەکەوێتە سەر شانیان درێغیی لێ نەکەن. هەر لەو کاتەدا چاوەڕوانی لە سەرۆکایەتیی کوردی باشوور و حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە ئەو بەشەی کوردستان بکاتە ماڵ و پەناگا و جێ حەوانەوەی هەموو کوردێکی خەباتگێڕ و ئەرکی خۆی وەک دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بەرامبەر بە هەمووان بەجێ بگەیەنێ.

ب: پیلانگێڕانی حکوومەتەکانی دەوروبەر، بە تایبەتی ئێران و تورکیە بۆ بە شکست گەیاندنی ئەزموونی باشووری کوردستان بە توندی مەحکووم دەکا و بە ئەرکی هێزە هاوپەیمانەکانی نیشتەجێ لە عێراق دەزانێ پێش بەو پیلانگێڕانە بگرن و ڕێگا نەدەن لە وڵاتێکدا کە لەژێر دەسەڵات و پارێزگاریی خۆیاندایە، دوژمنانی ئازادی و دێموکراسی و مافەکانی نەتەوەی کورد دەست بدەنە کاری دوژمنانە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و سەرانسەری عێراق پێشێل بکەن.

ج: لە بەرەو ژوورچوونی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لە نێو خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا خۆشحاڵە و هیواداره ئەزموونی باشووری کوردستان ببێتە نموونەیەک بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەش. کۆنگرە ئاواتەخوازە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا لە ئەزموونی عێراق پەند وەربگرن و بە گرتنەبەری سیاسەتێکی واقعبینانە و دێموکراتیزە کردنی وڵات هەم مافە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئەو وڵاتانە دابین بکەن و هەم مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بە ڕەسمی بناسن. بەو ئاواتە کە خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە لە پێناوی وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکاندا ناچار نەبن پەنا بۆ دیفاعی چەکدارانە بەرن و مەنتق و ئەقڵی سەلیم بەسەر پێوەندیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و حکوومەتانی فەرمانڕەوادا بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی ئەو مەسەلە ڕەوا و ئینسانییە حاکم بێ.

**٢ـ لەسەر ڕێگا چارەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا**

کۆنگرەی چواردەیەم بە پەیڕەوی لە سیاسەتی ئوسوولی و هەمیشەیی حیزبی دێموکرات باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێراندا لە دیالۆگی جیددی و ئاشتیخوازانەدا دەبینێ و پێکهێنانی سیستمێکی فیدراڵی بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران و

ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری حەشیمەتی ئەم وڵاتە سیستمێکی گونجاو بۆ بەڕێوەبەری دەزانێ. ئەمە باشترین ڕێگایە کە دەتوانێ هەم ماف و ئازادییەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە دابین بکا و هەم یەکپارچەیی خاکی ئێران لەسەر بناغەی پێکەوە ژیانی داخوازانەی گەلانی ئەم وڵاتە بپارێزێ.

کۆنگرە لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێران مل بۆ داخوازیی ڕەوای نەتەوە بندەستەکانی ئەم وڵاتە ڕانەکێشن، هەقی بێئەملا و ئەولای ئەو گەلانەیە هەموو شێوەیەکی ڕەوای خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکانیان بگرنە بەر و، هەر دەرفەتێک بۆ سەر خستنی ئەو خەباتە بەرهەقە بقۆزنەوە. کۆنگرەی چواردەیەم هاوکاری و هاوخەباتیی هێزە نیشتمانییەکانی سەرانسەری ئێران بۆ گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سەقامگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی بە تەنیا ڕێگای دروست دەزانێ و بە تایبەتی لەسەر هاوخەباتیی هێزە نیشتمانییەکانی سەر بە گەلانی زۆر لێکراوی ئێران لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیاندا پێ دادەگرێ.

### ٣ـ لەسەر وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی کورد

پەرش و بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، لە کۆنەوە جێگای ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە. ئەم دواییانە لەت لەتبوونی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانیشی هاتۆتە سەر کە بە تایبەتی لەتبوونی حیزبی دێموکرات زەبرێکی گەورەی لە کۆشکی هیوا و هومێدی خەڵک داوە و بە جیددی تووشی نیگەرانی و دڵساردیی کردوون. نابێ لە خۆمان بگۆڕین کە ئەگەرچی هەر دوو لەتی حیزبی دێموکرات لە زۆربەی بوارەکانی تێکۆشاندا لە جاران چالاکترن، بەو حاڵە متمانە و هومێدی خەڵکی کوردستان بەم حیزبە (یان ئەم حیزبانە) کەمتر لە جارانە. لەم پێوەندییەدا ڕێبەرایەتیی تازەی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چواردەیەم، لە سەریەتی:

**ئـ:** هەرچی لە دەستی دێ بۆ لێک نیزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە کاری بێنێ و لە هێنانە گۆڕی داخوازیی وا کە پێک گەیشتنی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان وەدرەنگ بخا بە تەواوی خۆ بپارێزێ. بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانییەک دەبێ هیچ هێزێکی ناسراوی کوردستانی پەراوێز نەخرێ، مەگەر یەکێک، بۆ خۆی لەگەڵ بەرنامەی جێگای پەسەندی زۆربەی هێزەکان نەگونجێ. هەروەها هیچ هێزێک نابێ داوای هێژمۆنیی تایبەتی بکا. پێوانە بۆ باڵادەستی و گەورەتر بوونی ڕێکخراوێکی کوردستانی، تەنیا کار و تێکۆشان و حوزووری زیاتر لە مەیدانی تێکۆشاندایە و دواتریش سندووقەکانی دەنگدان بڕیار دەدەن کە هەر حیزبێک چ جێگە و پێگەیەکی لە کۆمەڵی کوردەوارییدا هەیە.

**ب:** لە پێوەندی لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشووماندا حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ هەر وا سیاسەتێکی نەرم و مەنتقی و بەرپرسانەی هەبێ. نابێ هیچ دەرفەتێک بۆ بەرقەرار بوونی پێوەندییەکی سالم و دۆستانە و هاوکاریی دوو قۆڵی لەگەڵیان لە دەست بدا. هەر لەو کاتەدا هەر وەخت دەرەتانی یەککگرتنەوەی ئەو دوو لایەنە بە پێی پرەنسیپی جێگای پەسەندی هەر دوو لا پێک بێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نابێ هیچ دوو دڵییەکی، لەو کارە خەڵک پەسەندەدا هەبێ.

### ٤ـ لەسەر ململانەی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی

کۆنگرەی چواردەیەم بە سەرنج و بایەخەوە دەڕوانێتە ئەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی:

**ئـ:** سەرکوتی ئازادیخوازان و هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی نێوخۆی وڵات.

**ب:** سەرکوت و لەژێر فشار نانی پێکهاتە نەتەوەییەکان و پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان.

**ج:** پشتیوانی لە دەستە و تاقمە تێرۆریستییەکان و ناردنی تێرۆریزم بۆ دەرەوەی وڵات.

د: هەوڵی دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و هاوکاری نەکردنی ڕاستبێژانە لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**هـ:** دژایەتی کردنی ڕەوتی ئاشتی و ئاژاوە سازکردن لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی ئیسلام، کەوتۆتە، بەربەرەکانییەکی مەترسیدار لەگەڵ بیر و ڕای گشتیی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بەربەرەکانییەک کە دوور نییە ئێران لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ماڵوێرانکەر بەرەو ڕوو بکا.

لەو پێوەندییەدا کۆنگرە هەموو سیاسەتە دژیگەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بە زیانی گەلانی ئێران و ئاشتی و ئازادی لە ناوچەدا دەزانێ و مەحکوومیان دەکا و، هەر لەو کاتەدا حیزبی دێموکرات، خۆی لە بەرەی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی لە نێوخۆی ئێران و ناوچە و جیهاندا دەبینێ. کۆنگرە پشتیوانی لەو هەوڵانە دەکا کە بۆ پێشگیری لە بەرنامە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئارادان و هیوادارە ڕێگا بەو ڕێژیمە نەدرێ ئێران و ناوچەکەمان تووشی شەڕ و قەیران و مەرگ و ماڵوێرانی بکا.

### ٥ـ لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خۆشحاڵی دەڕوانێتە ئەو پێشکەوتنە کە لە بارەی کێشەی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا، پێک هاتوە و هەڵوێستی ئەم دواییەی سەرۆک بووش سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەر بارەی پێویستیی پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستین و چارەسەری ئەو گیر و گرفتە لەسەر بناغەی بڕیاری ٢٤٢ی شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەڵوێستێکی بەرپرسانە و ئازایانە دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان توندڕەوی لە هەر دوو بەرەی ئیسرائیلی و فەلەستینییدا بە کۆسپی سەر ڕێگای ئاشتییەکی بەردەوام دەزانێ و، ئارەزووی کۆتایی پێهێنانی دەکا. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە هەم میللەتی ئیسرائیل، مافی بێئەم لا و ئەو لایەتی لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا ئەمنیەتی تەواوی هەبێ و هەم فەلەستینییەکان هەقیانە ببنە خاوەنی دەوڵەتی نیشتمانیی خۆیان و لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئاشتی و تەباییدا بژین.

بە باوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان چارەسەری کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و لەوەش زیاتر چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، دەتوانێ، کۆمەکێک بە چارەسەری مەسەلەی کوردیش بێ. چونکە لەمێژ ساڵە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە هەموو گرنگی و بایەخی خۆیەوە کەوتۆتە بەر سێبەری مەسەلەی

فەلەستین و لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانی و ناوەندەکانی بڕیارەوە بایەخی شیاوی خۆی پێ نەدراوە. هەر بۆیە کۆنگرە ئاواتەخوازە هەر دوو لایەنی ئیسرائیلی و فەلەستینی، پێش بە ئاژاوەگێڕیی توندڕەوەکان بگرن و فەزایەک پێک بێنن کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ ـ مێژووییەک کە سەرۆک کۆماری ئەمریکا، جۆرج بووش بۆ چارەسەری یەکجاریی کێشەکەی دیاری کردوە ـ دنیا شاهیدی دامەزرانی دوو دەوڵەتی دۆست و دراوسێی ئیسرائیلی و فەلەستینی لەم ناوچە گرنگەی جیهاندا بێ.

**٦ـ لەسەر تێرۆریزم و بنئاژۆیی ئیسلامی:**

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی سیاسەتی ئوسوولی و پێشکەوتووانەی حیزبدا، تێرۆریزم لە هەموو شکڵەکانیدا، بە دەوڵەتی و نادەوڵەتی و ئاشکرا و نهێنی و تەواوی جۆراوجۆرییەکانیەوە بە دەستی هەر کەس و دژی هەر کەس و لە هەر کوێی ئەم جیهانە بێ، بە دیاردەیەکی دژی ئینسانی دەزانێ و، بە توندی مەحکوومی دەکا. لەو بارەیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی لە بەرەی وڵاتان و هێزەکانی دژە تێرۆردا دەبینێ و ئامادەیە بە پێی توانا و دەرەتانی خۆی بۆ لە ڕیشە دەرهێنانی ئەو دیاردە دزێوە هاوکاری بکا.

هەر لەو پێوەندییەدا کۆنگرە بنئاژۆیی ئیسلامی کە ئێستا، بەکار بردنی چەکی تێرۆری وەک گرنگترین ئامراز بۆ بەرەو پێش بردنی ویستەکانی هەڵبژاردوە و لە ڕاستییدا تێرۆریزمی کردۆتە بەشێک لە پێناسەی کەسایەتیی خۆی بە مەحکووم دەزانێ. بە باوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو بیر و باوەڕێکی ئایینی و یەک لە گرنگترینیان ئیسلام، جێگای ڕێزە و لە سەر دەوڵەتان و دەسەڵاتبەدەستانە کە بواری بەکار هێنانی ڕێوڕەسمی ئایینی بۆ پەیڕەوانی هەموو ئایینەکان برەخسێنن و حورمەتیان بپارێزن. بەڵام هەر لەو کاتەدا باوەڕی وایە کە بنئاژۆیی لە هەر فکر و فەلسەفەیەک، بە تایبەتی لە فکری ئایینییدا حورمەتی فەلسەفەکە دەشکێنێ و زیانی پێ دەگەیەنێ. لێرەدا ئەرکی زانایانی پێشکەوتووی ئایینییە کە پەیڕەوانی خۆیان لە جیاوازیی نێوان ئیسلام و بنئاژۆیی ئیسلامی تێ بگەیەنن و موسوڵمانانی بە بیر و باوەڕ لە کەوتنە دوای توندڕەوانی ئیسلامی بگێڕنەوە.

**٧ـ لەسەر دابەشبوونی نێونەتەوەیی سامان:**

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای خۆشحاڵی لە پێشکەوتنی ئابووریی جیهانی و چوونە سەری ڕادەی داهات و سامانی گشتی لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهاندا، نیگەرانیی خۆی لە سیستمی نادادپەروەرانەی دابەشکردنی سامان و فرەوانتر بوونەوەی مەودای دەوڵەمەندی و هەژاری لە جیهاندا ڕادەگەیەنێ. دیاردەیەکی دزێوە کە لە حاڵێکدا لە هێندێ وڵات ڕۆژانە بایی سەدان میلیۆن دۆلار بەرماو فڕێ دەدرێتە زبڵدانەکان، لە هێندێ وڵاتی دیکە ڕۆژانە سەدان کەس ڕاست و ڕەوان لە برسان دەمرن.

برسیەتی و نەداری لە بەشێکی زۆری وڵاتاندا بوونە سەرچاوەی زۆر دیاردەی مەترسیداری وەک: هەژاریی فەرهەنگی، نەخوێندەواری، نەخۆشیی جوراوجۆر و دزی و جەردەیی و لەشفرۆشی و بازرگانی بە ئینسان و ئەندامەکانی لەشەوە، کە ئەمە وێڕای ئەوەی پەڵەیەکی

شەرمە بە داوێنی مرۆڤایەتییەوە، مەترسیی بڵاوبوونەوەی شوێنەوارەکانی، هەڕەشە لە وڵاتانی بەختەوەر و پێشکەوتووش دەکا. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێ دیاردەی دووبەش بوونی جیهان بە وڵاتانی شیمال و جنووب یان دەوڵەمەند و هەژار مەترسیی بۆ سەر ئاشتیی جیهانییش هەیە و، هەر نەبێ یەکێک لە هۆیەکانی تێرۆر و تێرۆریزمیشە.
بۆیە کۆنگرە ئاواتەخوازە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بە بایەخەوە سەرنج بدەنە ئەو دیاردەیە و بە دانی بڕیارێکی کارساز ڕێگای کۆمەگ بە پێشکەوتنی ئابووریی وڵاتانی نەدار و کەمداهات تەخت بکەن و ئەو مەودا زۆرەی نێوان ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان کەم و کەمتر بکەنەوە.

**٨ـ دەربارەی هێندێ گیروگرفتی نێوخۆی وڵات:**
کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بێجگە لە کێشەی قووڵی سیاسی کە گەلانی ئێران و دەسەڵاتی فەرمانڕەوای لێک دابڕیوە، هێندێ گیر وگرفتی زۆر گرنگی دیکە هەن کە هەم مەودای نێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵ زیاتر قووڵ دەکەنەوە و، هەم هەڕەشە لە دوارۆژی خەڵکی ئێران و پێوەندیی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری حەشیمەتی ئەم وڵاتە دەکەن. گرنگترینی ئەم گیر و گرفتانە لە ڕوانگەی کۆنگرەوە ئەمانەن:

**ئـ کێشەی کولتووری:**
وەکوو زۆر جار گوتراوە ئێران، وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. وەختێکیش وڵات فرە نەتەوە بوو، سروشتییە کە فرە کولتووریشە. لە حاڵێکدا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی حاشا لە فرە کولتووریی ئێران دەکا و ڕێزێک بۆ کولتووری نەتەوەکانی ئێران دانانێ. بە ڕەسمی نەناسینی بوونی نەتەوەی جۆراوجۆر حاشا لە بوونی زمان و کولتووری جۆراوجۆریشی لەگەڵدایە و بەم جۆرە هەوڵی یەکدەست کردنی کۆمەڵی ئێران کە زیانی گەورەی لە هاوپێوەندیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئێران داوە هەر وا دێ و زیاتر ڕیشە دادەکوتێ و نەهادینە دەبێ.
کۆنگرە هەوڵی یەک کولتوور کردنی کۆمەڵی ئێران و حاشا لە بوونی نەتەوەی جۆراوجۆر و کولتووری جۆراوجۆر لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە مەحکووم دەکا و، داوا لە گەلانی ئێران و پێکهاتە کولتووری و فەرهەنگییەکانی ئێران دەکا ڕیزەکانیان پتر یەک بخەن و خەباتی خۆیان بۆ بە ڕەسمی ناسرانی کەسایەتیی نەتەوەیی و جۆراوجۆرییە فەرهەنگی و کولتوورییەکانی کۆمەڵی ئێران گەرم و گوڕتر بکەن.
مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی دانیشتووی هەر وڵاتێکە کە فەرهەنگ و کولتووری خۆیان بە ئازادی پەرە پێبدەن و لە ڕاستییدا وەختێک دەکرێ بۆ وڵاتانێکی فرە نەتەوەی وەک ئێران قسە لە کولتووری وڵات بکرێ کە ئەو کولتوورە ئاکامی بە ڕەسمی ناسرانی کولتووری هەموو نەتەوەکان و پێکهێنانی دەرەتانی گەشەسەندن بۆ هەمووان و کار تێکردنی هەموو کولتوورەکان بێ.

**ب: هێندێ دیاردەی جێگای نیگەرانی:**

لە ئێرانی ئێستادا هێندێ دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوە و لە پەرەگرتندان کە بە توندی هەڕەشە لە دوارۆژی ئەم وڵاتە دەکەن. ڕاکردنی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات لە ئاکامی بوونی کێشەی جۆراوجۆر بە تایبەت نەبوونی ئاسۆی پەروەردە و پێگەیشتندا، بڵاوبوونەوەی سەرسووڕهێنەری کەرەسە هۆشبەرەکان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان، دابەزینی تەمەنی ئالوودە بوون بە کەرەسە هۆشبەرەکان، دیاردەی لە بەریەک ترازانی شیرازەی بنەماڵە و زۆربوونی تەڵاق و قەتڵی ناموسی، دوارۆژێکی پڕمەترسی لە پێش چاوی کۆمەڵی ئێران زەق دەکاتەوە. باش دەزانین کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نەک هەر بەرامبەر بەو دیاردە دزێوانە خۆی بە بەرپرس نازانێ، بەڵکوو زۆر جار ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەرەشیان پێ دەدا.

بە باوەڕی کۆنگرە ئەرکی بژاردەکانی کۆمەڵە کە وێڕای وشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسییەکانی ئەو دیاردانە و هاندانیان بۆ بزووتنەوەی ئێعترازی، تێ بکۆشن بە دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چەندی بۆیان دەکرێ بەربەرەکانی لەگەڵ هەموو ئەو دیاردە دزێوانە بکەن و وشیاری چارەنووسی قوربانییەکانیان بن. لە سەر حیزبە سیاسییەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانیشە کە بە پێی توانا، بەربەرەکانیی هەموو ئەو دیاردانە بکەن و بە کاری فەرهەنگی و بە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بۆ بنبڕکردنیان هەوڵ بدەن.

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### پەیام بۆ ئەو هێز و لایەن و کەسایەتییانەی پەیامیان بۆ کۆنگرە ناردوە

**دۆستان، هاوڕێیان!**
**هاوخەباتانی تێکۆشەر!**
**بەڕێزان!**

پەیامی هاودڵی و خۆشەویستی و ڕێنوێنییەکانی ئێوەمان بۆ کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێ گەیشت. ئێمە بەو پەیامانەتان سەربەرزین و ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانتان ئیلهامدەری ئەندامانی کۆنگرە لە باس و مناقشە ئازاد و دێموکراتیکەکانیاندا بوون. تێبینییەکانتان لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بە دڵاواڵەییەوە وەرگیراون و لە زۆر بواردا لەگەڵ دەنگی زۆرینەی کۆنگرە یەکیان دەگرتەوە.

**بەڕێزان!**

لە پەیامەکانتاندا چەند خاڵی گرنگ و پێویست بۆ ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاماژەیان پێ کرا بوو و سەرنجی بەشدارانی کۆنگرە بۆ لایان ڕاکێشرا بوو. بەشێک لەو مەسەلە گرنگانە بریتی بوون لە: ڕووداوی لەتبوونی حیزبی دێموکرات و چۆنیەتیی پێوەندیی ئێمە و لایەنی بەرامبەرمان، پێویستیی هاوکاری و هاوئاهەنگیی نێوان هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و یەکیەتیی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، پێویستیی بە خۆدا چوونەوە و نوێبوونەوە و، گرنگیدانی زیاتر بە مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی ژنان و لاوان. داواتان کردبوو بڕیاری گونجاو، بەرپرسانە و شارستانییانە لە بارەی ئەم مەسەلانەدا بدەین و هەڵوێستی شیاو و سەردەمییانەیان لە بەرامبەردا بگرین.

**دۆستانی بەڕێز!**

ئەگەر سەرنج بدەنە بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبینن کە زۆربەی چاوەڕوانییەکانی ئێوەیان وەدی هێناوە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش هەر ئەو چاوەڕوانییانەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆنگرەکەی هەیە.

لە پێوەندی لەگەڵ لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم لەتبوونە بە ویستی ئێمە نەبوو و بەسەرمان داسەپا. زۆرمان هەوڵ دا یەکیەتی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب بگەڕێنینەوە و سەر نەکەوتین، بەڵام ئێستا کە دوو حیزبی سەربەخۆین پێمان وایە دەبێ لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشووماندا پێوەندییەکی سالم و سیاسەتێکی نەرم و مەنتیقی و بەرپرسانەمان هەبێ. کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری داوە نابێ هیچ دەرفەتێک بۆ بەرقەرار بوونی پێوەندییەکی سالم و دۆستانە و هاوکاریی دوو قۆڵی لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوومان لە دەست بدەین. هەر لەو کاتەدا هەر وەخت دەرەتانی یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنە بە پێی پرەنسیپی جێگای پەسەندی هەر دوو

لا پێک بێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نابێ هیچ دوودڵییەکی، لەو کارە خەڵک پەسەندەدا هەبێ. ئەم هەڵوێستە لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەشدا دووپات کراوەتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاری و یەکیەتیی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا کۆنگرە پێی لەسەر «پێکهاتنی هەمووان لەسەر خاڵە بنەڕەتییەکانی بەرنامەیەکی خەباتگێڕانە»دا گرتوە و نەبوونی بەرنامەیەکی ئەوتۆ هەم لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کورد و هەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییدا بە بەتاڵاییەک دەزانێ کە دەبێ پڕ بکرێتەوە. کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەیامی ئێوە و داوا و چاوەڕوانیی ئۆگران و دۆستانی حیزبی لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە بارەی بایەخ دان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات و تێکۆشان بە ڕێزەوە وەرگرت و، کۆمەڵێک بڕیاری گرنگی لە پێوەندی لەگەڵ چالاککردنەوەی تێکۆشانی حیزب لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، پتەوتر کردنی پێوەندی لەگەڵ توێژە ئاگا و ڕووناکبیرەکان و پشتگیریی خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە لە نێوخۆ و کاری دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵاتدا پەسەند کرد.

بایەخ دانی کۆنگرەی چواردەیەمی دێموکراتی کوردستان بە مەسەلەی نەتەوایەتی و شێوەی چارەسەرکردنی لە ئێراندا، هەروەها گرنگی دانی هەرچی زیاتری ئەم کۆنگرەیە بە دێموکراسی لە نێوخۆی حیزب و کۆمەڵدا و بناغەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەدا ڕەنگیان داوەتەوە، وڵامدانەوەیەکە بە هەلومەرجی نوێی سەردەم کە لە پەیامەکانی ئێوەدا ئاماژەیان پێ کراوە.

لە بەڵگە و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەدا گەلێک بڕیار و ڕاسپاردەی بەجێ لە بارەی مەسەلەکانی ژنان و مێکانیزمی بەشداریی ژنان و لاوان لە کاروبارەکان و بەڕێوەبردنی حیزبدا، شارەزایی و لێهاتوویی لە بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکاندا پەسەند کران. پێکهاتەی ٢٠٪ی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا کە لە مێژووی حیزبدا نەدیتراوە، هاتنە خواری نێونجیی تەمەنی ئەندامانی ڕێبەری، بەرەو ژوور چوونی ئاستی خوێندەواری لە نێو ئەواندا سەلمێنەری گرنگی دانی کۆنگرە بە ژنان، لاوان و نوێنگەی نوێ بوونەوەی حیزبن. ئەم ئاڵوگۆڕانە وڵامدەری ئەو چاوەڕوانی و ڕێنوێنییانە بوون کە لە بەشێکی بەرچاو لە پەیامەکانی ئێوە بۆ کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتبوون.

**دۆستانی بەڕێز!**

کۆنگرە بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەڕوانێتە پێشنیار و ڕاسپاردەکانتان و، سەربەرز و خۆشحاڵە بە نیشان دانی دڵسۆزییتان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەربڕینی هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەمان. دڵسۆزی و چاوەڕوانییەکانی ئێوە بۆ کۆنگرە و داهاتووی حیزب، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە پشت ئەستوورتر و لە خەبات و تێکۆشاندا سوورتر و شێلگیرتر دەکا. جارێکی دیکە سپاسی هاوپێوەندیی ئێوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و بەرانبەر بە هەڵوێستتان لە ئاست کۆنگرەکەمان، سەری ڕێز دادەنوێنین.

***

## پەیام بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

حیزبەکەتان پاش نیزیک بە ١٥ مانگ هەوڵ و تێکۆشان و کار دروستایی، چواردەیەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆی پێک هێنا. کەمتر لە ١٠٪ی بەشدارانی کۆنگرە ئەندامی ڕێبەری و زیاتر لە ٩٠٪یان نوێنەرانی ئێوە بوون کە بیر و بۆچوونەکانی ئێوەیان هێنابووە کۆنگرە و خستیاننە بەرباس و لێکدانەوە. هەروەک لە ١٥ مانگی بەر لە کۆنگرەدا ئێوە و ڕێبەرایەتیی حیزب هەوڵتان دابوو، کۆنگرە، وردبوونەوە و بە خۆدا چوونەوە بەرامبەر بە کار و تێکۆشان و پێوەندییە نێو ڕێکخراوەییەکان و پێوەندییە دەرەوەییەکان لە خۆی بگرێ، ئەم کۆنگرەیە بە شێوەیەکی ئازادانە و ڕاشکاوانە ڕابردووی حیزبی خستە بەر لێدوان و دەستی لە سەر بەشێکی زۆری کەم و کووڕییەکان دانا. بۆ گۆڕینی شێوەی کار و تێکۆشان و پێوەندییە نێوخۆیی و دەرەوەییەکان کۆنگرە وێڕای پەسەندکردنی دوو بەڵگەنامەی گرنگی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ کە بە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە و ئاشکراوێژییەوە ئامادە کراون، ڕیزە بڕیارێکی گرنگی بۆ بەرەو پێش بردنی بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی حیزبی دەرکرد. ئەو بڕیارانە ئیلهامیان لە داخوازەکانی ئێوە بۆ گۆڕین و نوێ بوونەوە و پێویستییەکانی سەردەم وەرگرتوە کە هەر نەبێ بەشێکی گرنگ لە ئەرکەکانی قۆناغی تازەی تێکۆشانیان گرتۆتە خۆ و ڕێگایان بۆ پێداچوونەوەی ڕاشکاوانەی زیاتریش خۆش کردوە.

بەڵام هەروەک ئاشکرایە لە نێوان پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بڕیار، یان قانوونێکدا مەودایەکی زۆر هەیە و ئەوەی گرنگترە پیادە کردنی بڕیار و جێبەجێکردنی قانوونە. بەو پێیە پەسەندکراوەکانی کۆنگرە کە بە هەوڵی نوێنەرانی ئێوە و بە هێنانە گۆڕی بۆچوونەکانتان داڕێژراون بەتەنێ بۆخۆیان کارساز نین و ئەوەی گرنگە پیادە کردنیان لە مەیدانی کردەوەدایە. بۆیە وێڕای گەرمترین سڵاوی هاوڕێیانە و تازە کردنەوەی پەیامی خەباتگێڕانە، داواتان لێ دەکەن وێکڕا قۆڵی هیممەت بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆنگرە هەڵماڵن و ئەوەی بۆخۆتان یان بە هۆی نوێنەرانتانەوە پەسەندتان کردوە لە مەیدانی کردەوەدا پیادەی بکەن. بەدەنەی حیزبێکی زیندوو بۆ بەرەو پێش چوون تەنیا چاو نابڕێتە ڕێبەری و هەوڵ دەدا وێڕای هاوکاریی بێئەملا و ئەولا لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکاندا، چاودێرێکی وشیار و ئەمین بە سەر ڕێبەرییشەوە بێ کە ڕێگا نەدا لە ڕێبازی پەسەندکراوی کۆنگرە لا بدا، یان لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان و پیادەکردنی پەسەندکراوەکاندا کەمتەرخەمی بنوێنێ.

حیزب، حیزبی هەمووانە، بە هەمووانەوە جوانە. لەمێژە ئەوە دروشمی هەمووانە و ڕاستگۆییمان بەرامبەر بەو دروشمە دەبێ لە مەیدانی کردەوەدا نیشان بدەین. باوەڕمان بە لێوەشاوەیی و دڵسۆزیتان بەهێزە و بە ئاواتی سەرکەوتن.

***

## پەیام بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**کۆمەڵانی خەباتگێڕی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

نیزیک بە ٦٢ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی ئێوەدا تێ دەکۆشێ. حیزبەکەمان لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هێز و گوڕ و توانای خۆی لە پشتیوانیی بێدریغی ئێوە وەرگرتوە. سەرچاوەی هەرە گرنگ و جێمتمانەی سەرمایەی ئینسانی و ماددی و مەعنەویی ئەم حیزبە ئێوە بوون، ڕۆڵەکانی ئێوە بوونە لایەنگر و ئەندام و کادر و پێشمەرگە و فەرماندە و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەر بۆیەش ئەم حیزبە بە هەق لە ئێوەیە و بۆ ئێوەیە. بە ڕێکەوت نەبووە کە هەر سەرکەوتنێکی ئەم حیزبە بزەی شادمانیی هێناوەتە سەر لێوانتان و بە هەر نسکۆیەکی، کزە لە جەرگی ئێوە هەستاوە. ئاخر خەباتگێڕانی ئەم حیزبە، کچ و کوڕ و خوشک و برا و دایک و باب و کەس و کاری نزیکی ئێوەن. بەرنامە و سیاسەت و ڕێباز و ئامانجەکانی حیزب سەرچاوەیان لە بیر و بۆچوون و ویست و داخوازەکانی ئێوە هەڵ بەستراوە.

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژانی ١٦ تا ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ـی هەتاوییدا پێک هات، سڵاوی ئەمەگ و وەفادارییتان پێشکەش دەکا و پەیمانی خەباتگێڕانەتان لەگەڵ نوێ دەکاتەوە. گەورەترین ئارەزووی تێکۆشەرانی دێموکرات بەدەست هێنانی متمانە و ڕەزامەندیی ئێوەیە. ئێمە باش دەزانین بەبێ پشتیوانی و پشتگیریی ئێوە ناتوانین ئەرکی خەباتگێڕانەمان بەجێ بگەیەنین و هەر بۆیەش وەک هەمیشە و زیاتریش چاومان لە هەوڵ و هیممەت و ڕێنوێنی و ڕەخنە و پێشنیاری بەسوود و بنیاتنەری ئێوەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم کۆنگرەیەدا پێداچوونەوەیەکی بەربڵاوی بە هەڵوێست و بیر و بۆچوون و سیاسەتەکانیدا کردوە کە لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەدا ڕەنگی داوەتەوە. هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە بەو مەبەستە کراون کە بتوانین وڵامدەری هەل و مەرجی تازەی خەبات و پێداویستییەکانی ڕۆژگاری تازە بین و حیزبەکەمان لە کاروانی پێشکەوتنی گەلان بەجێ نەمێنێ. ئارەزوومان ئەوەیە ئەو ئاڵوگۆڕانە جێگای پەسەندی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بن و لە ئاکامدا هاودڵی و پشتیوانیی ئێوەش بۆ لای حیزبی دێموکرات و سیاسەت و بەرنامەکانی ڕابکێشن.

داخوازیی زۆر گرنگی ئێمە ئەوەیە کە ئێوە وەک خاوەنانی ئەسڵیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان هەمیشە بەسەر حیزبەوە چاودێر بن، لە کەم و کووڕییەکانی بپرسنەوە و لە داخوازەکانتان ئاگاداری بکەنەوە. ڕێنوێنی و ڕەخنە و پێشنیاری دڵسۆزانەی ئێوە کۆمەگ بە دروست دەرچوونی بڕیار و سیاسەت و دروشمەکانی ئەم حیزبە دەکا. ئارەزوومان ئەوەیە پێوەندیی لەمێژینەی نێوان ئێوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە پتەو بوون و پەرەگرتندا بێ. سپاس و پێزانینمان دەرهەقی پشتیوانی و هاوپێوەندییتان قەبووڵ بکەن.

***

## پەیام بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

**بنەماڵەی ئازیز و سەربەرزی شەهیدان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا کۆنگرەی چواردەیەمی خۆی پێک دێنێ کە زەبر و زەنگی دوژمنانی نەتەوەی کورد بە چلەپۆپە گەیشتوە و ئێستاش ئاشقانی ئازادی و تاسەبارانی سەربەستیی نەتەوە و نیشتمانی کورد لە پێناوی ئازادییدا یا لە گرتووخانە توند دەکرێن یا سزای سێدارەیان بەسەردا دەسەپێندرێ و، بە داخەوە هێشتا خەون و ئاواتی نەتەوە و لە سەرووی هەمووانەوە شەهیدەکانمان وەدی نەهاتوە. بەو حاڵەشەوە کاروانی خەباتی مافخوازانەمان شێلگیرتر و بەرچاو روونتر لە جاران هەر وا بەڕێوەیە و، بە پشتیوانیی ئێوەی خۆشەویست پشت قایم و دڵگەرمە، لە هەموو ساتەکانی تێکۆشان و خەباتدا بە شانازییەوە لێتان دەڕوانێ و بە تاجی سەری خەباتتان دەزانێ.

**ئازیزان!**

لەم ڕێگە پڕ لە کەند و لەند و هەوراز و نشێوەدا تا گەیشتن بە ئازادی کە لە پێشمانە لاوانی ئاگا و بوێری نەتەوەی کورد لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دڵۆپ دڵۆپ خوێنی شەهیدانیان کردوەتە ئەستێرەی پرشنگداری ڕووناکیی‌دەری سەر ڕێی خۆیان. دیارە هیچ ئامانجێک بە خۆزگە و بریا دەستەبەر نابێ و بە فیداکاری و قوربانی دان دەگاتە ئاکام. لەگەڵ ئەوەشدا هیواداریـن خەباتی مافخوازانەمان لەوە زیاتر پێویستی بە خوێن و قوربانی‌دان نەبێ. بەو حاڵەشەوە ئێمە ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی و تینووانی سەربەستیی نیشتمان لە هیچ کات و ساتێکدا لە پێناوی خاک و نەتەوەکەماندا لە گیان بەخت کردن خۆ نابوێرین و هەتا وەدی‌هاتنی ئامانجەکانیشمان بە شانازییەوە سەر لە پێناو و گیان لەسەر دەستان تێ دەکۆشین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم کۆنگرەیەدا بۆ جارێکی دیکەش لەگەڵ شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەمان و بنەماڵە ئازیزەکانیان پەیمان نوێ دەکاتەوە کە وەک هەمیشە وەفاداری ڕێبازە پیرۆزەکەیان بێ و ئەم جارە بە تین و گوڕێکی تایبەت و بە پلان و بەرنامەی نوێتر و سەردەمییانەترەوە درێژە بە ڕێگەیان بدات و تا وەدی‌هاتنی ئامانج و ئاواتەکانی ئەم ڕۆڵە سەربەرزانە بۆ چرکە ساتێکیش لە هەوڵ و تێکۆشان نەوەستێ. بە هیوای دەستەبەر بوونی ئاواتەکانی نەتەوەکەمان و شەهیدە سەربەرزەکانی.

***

**پەیام بۆ زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان**

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕازاوەترین سڵاو پێشکەش بە ورەی پۆڵایین و باوەڕی پتەوتان دەکات.

**ئازیزان!**

لە حاڵێکدا ئێوەی ئازادیخوازی خۆڕاگر، لەو دیو شوورەی گرتووخانەکانی دواکەوتووترین دەسەڵاتی سەردەمدا بە ورەی پۆڵایین و باوەڕی پتەو و شێلگیرتان لە سەر ویست و داخوازە ڕەواکانتان ترس و خۆفتان خستۆتە دڵی دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتییەوە و سەلماندووتانە کە گرتووخانە و لێدان و ئەشکەنجەی دڵڕەشانی دژی ئازادی ناتوانێ ببێتە هۆی لەرزۆک بوونی ورە و باوەڕتان، لە هەل و مەرجێکدا کە لە وڵاتەکەماندا نرخی ئازادی ڕۆژ بە ڕۆژ دەچێتە سەر و بەهای گیانی ئازادیخوازان و بە گشتی و گیانی مرۆڤ لە لای دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر نیشتمانەکەماندا پتر دادەبەزێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان چواردەیەمین کۆنگرەی خۆی پێک هێنا. ئەم کۆنگرەیە بە ڕێزەوە سەیری خۆڕاگریی ئێوەی کردوە و ئەم فشار و ڕەفتارە دژی ئینسانییەی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ بە چۆکدا هێنانی ئێوە، بە کار دەهێنرێ بە توندی مەحکووم کرد. کۆنگرە بە ئەرکی سەر شانی ڕێبەریی داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەزانێ کە بۆ گەیاندنی دەنگی ئێوە بە بیر و ڕای گشتی و لە قاو دانی تاوان و سەرکوت لەدژی ئێوە، هەنگاوی جیدی هەڵبگرێ. کۆنگرە پێکهاتنی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکان و پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ئەنجومەنەی بە کارێکی پێویست و بەجێ زانی و ڕێبەری و هەموو ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕاسپارد لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا، درێغی نەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تاوتوێکردنی هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆیی و لێکدانەوەیەکی واقیعبینانە لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم و هەروەها بە پەسەندکردنی بەرنامە و پێڕەوێکی نوێ و ئەمڕۆیی و ڕەچاوکردنی کاراترین و نوێترین مێتودەکانی خەبات، لە کۆنگرەی چواردەیەمی خۆیدا شێلگیرانەتر لە پێشوو، بۆ وەدیهاتنی ئازادی و ئاواتەکانی نەتەوەکەمان و دابین بوونی مافە ڕەواکانی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی ٦٢ ساڵەی خۆی. کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شانازی بە خۆڕاگریی ئێوەوە دەکا و هیواداره هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخواز و خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بۆ لێک نزیکبوونەوە و هاوخەباتی، ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و جێگیر بوونی سیستمێکی دێموکراتیک و فێدرالی لێ بکەوێتەوە و، ئێوە و تێکرای هاونیشتمانان لە بەندی کۆنەپەرستی و بێدادی ڕزگار بن و لە سێبەری دێموکراسییدا ژیانێکی ئاسوودە دەست پێ بکەن.

## پەیام بۆ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

لە تریبونی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سڵاو بۆ ئێوەی بەڕێز دەنێرین. ئێوە ڕێکخراو و حیزبە کوردستانییەکان لە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوە زۆر لێکراوەکەمان و بە ئاکام گەیاندنی ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکانی خەڵکی چەوساوەی کوردستاندا تێکۆشاون، قوربانییتان داوە و ڕەنج و مەینەتتان کێشاوە.

**بەڕێزان!**

وەک هەموومان دەزانین و دەبینین خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی ستەم لێکراوی ئێمە لە ڕێگای وەدیهێنانی دەسەڵاتی نەتەوایەتییدا، بە قۆناغێکی ناسکدا تێدەپەڕێ. بارودۆخی جیهان و ناوچە بە گشتی گۆڕاوە، ئاڵوگۆڕی جیدی بە سەر وەزعی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پێوەندی گرتندا هاتوە. ڕەوتی خێرای بەجیهانیبوون بۆتە هۆی ئەوە کە تێکەڵاویی حیزب، ڕێکخراو، کۆڕ و کۆمەڵ و بە گشتی هەموو ئینسانەکان لەگەڵ یەکتر بە ڕادەیەکی سەر سوورهێنەر زیاد بکا، زانیارییەکان لە کەمترین کاتدا بگوێزرێنەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و هەواڵ بە هاسانی مەیسەر بێ.

لە لایەکی دیکەیشەوە و هاوتەریبی لەگەڵ ئەو ڕەوتە هاوسەنگیی سیاسی، باڵانسی هێزەکان و شێوەی هەڵسوکەوتی هێز و لایەنەکان لە سەر مەسەلەکان و لە پێوەندی لەگەڵ گیر و گرفتەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتییدا، گۆڕانی گەورەیان بە خۆوە دیوە. لەژێر شوێنەواری ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە سەرەتای دەیەی ڕابردوودا، پێک هاتوون، خوشک و براکانمان لە باشووری کوردستان، واتە لە بەشێک لە نیشتمانی نەتەوەیی کورد تامی ئازادییان چێشتوە و بە بەشێکی گەورەی ئامانجەکانیان گەیشتوون.

**بەڕێزان!**

لەگەڵ ئەوەی کە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و بارودۆخە ناوچەیی و جیهانییەکان بە قازانجی بەرەو پێش چوون و گەشەکردنی مەسەلەی کورد و ناسرانی زیاتری خەباتی نەتەوەکەمان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و بیروڕای گشتیی جیهانییدا بووە، هێشتاش ڕێگایەکی دوور و درێژمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە پێشە، هەر بۆیەش بۆ بەڕێوەبردن و بە ئاکام گەیاندنی خەباتەکەمان لە ئایندەدا، پێویستمان بە بە خۆدا چوونەوە و گرتنە پێشی تاکتیک و شێوە تێکۆشانی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا هەیە کە هەر ئێستا لە گۆڕێدایە.

لەو بەینەدا پێویستە ئاماژە بە دیاردەیەک بکەین، کە بەداخەوە بەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی گرتوە و زیانی زۆری پێگەیاندوە. ئەویش دیاردەی ناکۆکی،

دووبەرەکی و لەتبوون لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستاندایە. بەداخەوە لە حاڵێکدا بزووتنەوەی کورد لە هەر قۆناغ و سەردەمێکی دیکە زیاتر پێویستی بە یەکیەتی کردوە و هاوکاری هەیە، ئاڵۆزیی نێوان ڕێکخراوەکان و پرش و بڵاوییان بۆتە هۆی ئەوە کە گەلەکەمان نەتوانێ هەموو توانا و هێزی خۆی بۆ کەلکوەرگرتن لەو بارودۆخە وەگەڕ بخا و بە سوودی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەلکیان لێ وەرگرێ. یەکیەتی و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان مەرجێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنمانە و هەر بۆیەش لێرەوە، لە تریبونی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە داوا لە هەموو هێز و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دەکەین کە کۆتایی بە ئاڵوزی و گرژیی نێوان خۆیان بێنن و لە هەر پارچەیەکی کوردستان بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی گونجاو لەگەڵ بەرژەوندیی نەتەوەکەمان و یەکخستنی هەموو هێز و تواناکان بۆ سەر خستنی ئەو خەباتە پیرۆزە هەوڵ بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی پتەوی بە پێویستیی بوونی هاوکاری و هاوخەباتیی هەموو هێزە کوردستانییەکان هەیە، هەوڵدان لەم پێوەندییەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێ و بۆ خۆیشی ئامادەی هاوفکری و هاوکاری لەگەڵ هەموو ڕێکخراو و هێزە دێموکرات و خەباتکارەکانی کوردستانە.

لە خەبات و تێکۆشانتان لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی و دێموکراسی و دادپەروەرییدا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین و هیواداریـن گەلەکەمان بتوانێ لە سێبەری تەبایی و یەکگرتووییدا بە هەموو ئامانجەکانی خۆی بگا.

***

**پەیام بۆ چالاکانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**چالاکانی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان!**
**ڕووناکبیران و نووسەرە ئازادیخوازەکانی کوردستان!**
سڵاوی گەرمی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان پێشکەش بێ.

ئێوە باش لەو ڕاستییە ئاگادارن کە نەتەوەی کورد بەداخەوە بەردەوام هەڕەشەی توانەوە و لە نێو چوونی لەسەر بووە و ئەم هەڕەشەیە ئێستاشی لەگەڵ بێ نەبڕاوەتەوە. ئێستا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بوارگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، کولتووری و نەتەوەییدا کەوتوەتە بەر شاڵاوی سەرکوت و زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی. هەنووکە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە کەلکوەرگرتن لە پێشکەوتووترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بە تایبەتی لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەییەوە هەوڵ دەدا تاکەکانی نەتەوەکەمان لەگەڵ زمان و شوناس و

کەلەپووری نەتەوەیی خۆیان نامۆ بن و بەو شێوەیە پەروەردە بن و بەو شێوەیە پەروەردە بکرێن کە خۆی ئارەزووی دەکا. لەگەڵ ئەوەدا کە نزیک بە سەدەیەکە ڕۆڵە خەباتگێڕ و ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی پاراستنی دیرۆک و شوناس و کەلەپووری نەتەوەییماندا گیان بەخت دەکەن و تێ دەکۆشن، بەو حاڵەشەوە لەم بارەیەوە زیانی قەرەبوو نەکراوەمان وێ کەوتوە. بۆیە هەنووکە ئێوەی خەباتگێڕ ئەرکتان زۆر لە جاران قورستر بووە و پێویستە شێلگیرانەتر لە پێشوو بۆ زانیاری و مەعریفە بەخشین بە نەوەی نوێ و ئاشنا کردنیان بە شوناس و کەلەپوور و مێژووی خۆیان و مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانیان تێ بکۆشن. لەگەڵ ئەوەدا کە سنوورەکانی ئازادی تا ئەوپەڕی خۆیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بەرتەسک کراونەتەوە و هیچ مەودایەک بۆ ئازادی نەماوەتەوە، دەبێ هەر وەکی سەلماندووتانە بە ئازایەتیی هەمیشەییتان ئەم سنوورانە بشکێنن و لەدژی بێدادی و بێمافی دەنگ هەڵبڕن و مۆم و چرای زانیاری و مەعریفە لە شەوەزەنگی زاڵ بەسەر وڵاتدا، داگیرسێنن.

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ڕێز و پێزانینەوە خەبات و تێکۆشانی سەخت و پڕ لە قوربانی دانی ئێوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی ئێراندا، هەڵسەنگاند. بە باوەڕی بەشدارانی کۆنگرە، خەباتی مەدەنی، ئاشتیخوازانە و دێموکراتیکی ئێوە بەدژی دیکتاتۆری، ستەمی نەتەوەیی و بێدادی و بێمافی، کە لەگەڵ سەرکوت و کەند و کۆسپی جۆراوجۆر بەرەو ڕوویە، خەباتێکی پیرۆز و ئینسانییە کە پێویستە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری ئێران بە جددی پشتیوانیی لێ بکرێ. ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن ئەم کۆنگرەیەوە ڕاسپێردراوە کە لە قۆناغی نوێی تێکۆشانی حیزبدا، بایەخێکی تایبەتی بە خەباتی ئێوە چالاکانی مەدەنی بدا و ڕێوشوێن و مێکانیزمی گونجاو بۆ نزیکبوونەوە لەو خەباتە و بەهێزکردنی بدۆزێتەوە.

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازی بە وریایی، ئەرکناسی و خەبات و خۆڕاگرییتانەوە دەکا و بەرەو پێش چوون و سەرکەوتنی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترتان لە تێکۆشان لە پێناوی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ئاوات دەخوازێ.

بەهیوای ڕزگاریی هاوخەباتە بەندکراوەکانتان و بۆ پێشەوە تا هاتنە سەرکاری نیزامێکی دێموکراتیک و فێدراڵ لە ئێراندا.

***

## پەیام بۆ هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران

**هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران!**
**هاوخەباتانی بەڕێز!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چواردەیەمین کۆنگرەی خۆیدا جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێتەوە کە یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا، نەبوونی هاوئاهەنگی و هاوکاری لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئازادیخوازی ئێراندایە. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەو ڕێژیمە چ لە بواری نێونەتەوەیی و چ لە نێوخۆدا لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ بەرەو ڕوویە پێگەیەکی ئەوتۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەماندا نییە. ئاژاوەگێڕییەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و سەرکوت و سەرەڕۆیی نێوخۆ ئەگەری بەرەنگارییەکی توند و تیژی لە بەرامبەر ئەم ڕێژیمەدا زۆر کردوە. لە حاڵەتێکی وادا ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرکانی ئێرانە بەر لەوەی لە درێژەی سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ڕێژیمەدا، ئێران ببێتە وێرانەیەک، کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنن. تەنانەت ئەگەر ئەم ئەگەرەش نەبێ خەڵکی ئێران ناتوانن تا سەر ئەم ڕێژیمە تەحەممول بکەن.

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێران و هێزە ئازادیخوازەکانی دەزانێ، لە حاڵێکدا باوەڕ بە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانیی ژن و پیاو و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی وتوویژەوە و، ڕێزدانان بۆ پلۆرالیزمی سیاسی بە خاڵی هاوبەشی خەباتی هێزە ئازادیخواز و خەباتگێڕەکانی ئێران دەزانێ، جێگەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش یان هاوکارییەکی پتەو لە نێو ئەو هێزانەدا بە بەتاڵ دەبینێ.

کۆنگرە پڕکردنەوەی ئەم بەتاڵاییە بە ئەرکێکی هەنووکەیی دەزانێ هەر بۆیە کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی خۆی ڕادەسپێرێ هەموو هەوڵ و توانای خۆی لە پێناوی پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش یان هاوکارییەکی بەرین لە ئاستی هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێراندا بەکار بێنێ. مەرجی پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە قۆناغی ئێستادا و تەنانەت بۆ دڵنیابوون لە داهاتووی سیاسیی ئێرانیش گونجاندنی مافە نەتەوایەتییەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێراندایە. کۆنگرە وەبەرچاوگرتنی جۆراوجۆریی نەتەوەیی لە ئێراندا، دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکان بە زامنی جێگیربوونی دێموکراسی و یەکپارچەیی ئێران دەزانێ، هەر بۆیە «دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا»ی وەک دروشمی ستراتێژیی حیزب دیاری کردوە و جێگیربوونی سیستمێکی دێموکرات و فیدراڵ لە ئێراندا لەسەر بناغەی جۆراوجۆریی نەتەوەیی بە ڕێگایەکی گونجاو

بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران دەزانێ.

سەرکەوتنی هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران لە پێکهێنانی ئەو هاوکاری و هاوخەباتییەدا لە لایەک هەم هیوا و هومێدی سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییدا لە نێو دڵی کۆمەڵانی خوازیاری ئازادی لە ئێراندا دەبووژێنێتەوە، هەم ڕێگەی گەیشتن بەو سەرکەوتنە کورت دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکی ئێران و گەلانی ئێران لە مەڕ قەیران و کێشەکانی داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامی دەڕەوێنێتەوە.

کۆنگرە داوا لە ئێوە، هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران دەکا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆز و هەنووکەییە هەنگاوی جددی و خێرا هەڵبگرن و لە هیچ هەوڵێک بۆ گەیشتن بەو مەبەستە درێغی مەکەن.

سەرکەوتنتان لە پێناوی ڕووخاندنی ڕێژیمی سەرەڕۆ و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و جێگیرکردنی دێموکراسی و دابینکرانی مافی هەموو گەلانی ئێراندا بە ئاوات دەخوازین.

***

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەیاننامە بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم
- بڕیارنامەی سیاسیی پەسەندکراوی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٥
- پەیامەکانی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (جۆزەردانی ١٣٩٠)

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژانی ٢_٨ی جۆزەردانی ١٣٩٠ (٢٣_٢٩ی مای ٢٠١١) لە قەڵای دێموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان گیرا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥:**

١) خالید عەزیزی (سکرتێر)، ٢) مستەفا مەولوودی، ٣) گوڵاڵە شەرەفکەندی، ٤) عومەر باڵەکی، ٥) خەدیجە مەعزووری، ٦) حەسەن قادرزادە، ٧) قادر وریا، ٨) کاوە ئاهەنگەری، ٩) د. ئاسۆ حەسەنزادە، ١٠) کوێستان فتووحی، ١١) کەماڵ کەریمی، ١٢) نەسرین حەداد، ١٣) برایم ئیبراهیمی (زێوەیی)، ١٤) ڕەحمان پیرۆتی، ١٥) خالید وەنەوشە، ١٦) کەریم مەهدەوی (سەقزی)، ١٧) عەبدوڵلا بەهرامی، ١٨) حەسەن شێخانی، ١٩) ئیقباڵ سەفەری، ٢٠) مستەفا شەڵماشی، ٢١) سەعید بەگزادە.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥:**

١) برایم چووکەڵی، ٢) سۆران نووری، ٣) کورش نوسرەتی، ٤) مەولوود سوارە، ٥) حەمەڕەسووڵ کەریمی، ٦) مەسعود ڕەواندوست، ٧) هاشم عەزیزی، ٨) عومەر شاداب، ٩) حەسەن ئەبروزەنی، ١٠) سمایل شەرەفی، ١١) سۆهەیلا قادری، ١٢) سیامەک قەویپەنجە، ١٣) حەسەن حاتەمی.

تێبینی: لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٥ هەتا کۆنگرەی ١٦ سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (ئیقباڵ سەفەری، عەبدوڵلا بەهرامی و کوێستان فتووحی) وازیان لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی هێنا کە دواتر جێگایان بە (کورش نوسرەتی، سۆران نووری و سمایل شەرەفی) پڕ کرایەوە.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسی:**

١) خالید عەزیزی، ٢) مستەفا مەولوودی، ٣) کەماڵ کەریمی، ٤) عومەر باڵەکی، ٥) حەسەن قادرزادە، ٦) قادر وریا، ٧) مستەفا شەڵماشی.

**ئەندامانی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی:**

١) عەبدوڵلا حەسەنزادە، ٢) حەسەن ڕەستگار، ٣) جەلیل گادانی، ٤) حوسێن مەدەنی، ٥) فەتاح کاویان.

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی:**

١) عەلی بداغی، ٢) هەژێر عەبدوڵلاپوور، ٣) مەنسوور مروەتی، ٤) خدر(بەگ) پاکدامەن، ٥) حەسەن خۆشکەلام، ٦) ڕەحیم محەممەدزادە، ٧) خالید حەسەنپوور.

**ئەندامانی کۆمیسیۆنی چاودێری لە پێڕەوی نێوخۆ**

١) ئەحمەد نستانی، ٢) مستەفا مەعرووفی، ٣) کوێستان گادانی، ٤) هاشم ڕۆستەمی،
٥) محەممەد ئیسماعیلی

***

## بەیاننامە بەبۆنەی تەواوبوونی
## کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**ئۆگرانی حیزبی دێموکرات لە کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان!**

بە خۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە پازدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوانیوەڕۆی ٨ی جۆزەردان (٢٩ی مەیی ٢٠١١)، بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆنگرەی پازدەیەم، لەژێر دروشمی «خۆ ئامادەکردن بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێی کوردستان، ئێران و ناوچەدا» کاتژمێری ١٠ی پێشنیوەڕۆی دووشەممە ٢٣ی مەی (٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠) لە ڕێورەسمێکی تایبەتییدا، دەستی پێ کرد. لە ڕێورەسمی کرانەوەی کۆنگرەدا، بێجگە لە ئەندامانی ڕێبەری و کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیا و وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئورووپا، نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، دەیان تێکۆشەری لەمێژینەی دێموکرات و ژمارەیەکی بەرچاو لە بنەماڵەکانی شەهیدانی حیزب، ئامادە بوون. ئەو ڕێورەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگ بوون بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی ڕێگەی ئازادی دەستی پێ کرد، پاشان سیمای ناسراوی دێموکرات و تێکۆشەری لەمێژینە کاک حەسەن ڕەستگار، بە وتارێک کۆنگرەی کردەوە. ئەو کەسایەتییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتارەکەیدا، بە ئاماژە بە بارودۆخی ناوچە و پێویستیی قۆزتنەوەی ئاڵوگۆڕەکان بە قازانجی پرسی کورد، گرنگیی کۆنگرەی پازدەیەم لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و ئەرکی بەشدارانی کۆنگرەی لەم پێوەندییەدا خستە ڕوو.

پاشان سکرتێری گشتیی حیزب، ڕێزدار خالید عەزیزی، هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم پێشکەش کرد. ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی، تیشکی خستبووە سەر سیاسەتی جیهانی و لەم پێوەندییەدا خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە بارەی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و پرسی گرنگی جیهانی خستبووە ڕوو. لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا؛ ڕاپۆرت، ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبیی خستبووە بەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب، دواتر پوختەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی کومیتەی ناوەندیی لە بارەی گرنگترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و هەندێک پرس و کێشەی تایبەت بەم وڵاتە

پێشکەشی ئەندامان و میوانانی کۆنگرەی پازدەیەم کرد. لەم بەشەدا هەلومەرجی سیاسیی ئێران، پرسی نەتەوەکان لە ئێراندا، بزووتنەوەی سەوز، کێشەی ئەتۆمی و دۆخی مافی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا، هەروەها بارودۆخی ئابووریی وڵات ئاوڕیان لێ درایەوە. ڕاپۆرتی سیاسیی پێشکەشکراو لە لایەن بەڕێز خالید عەزیزی، بەشێکی گرنگی بۆ پرسی کورد تەرخان کرا بوو. لەو بەشەدا ڕاپۆرت چوو بووە سەر پرسی کورد لە باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان و بە ئاماژە بە هەندێک ڕووداو و گۆڕان، ئەو ئاکامەی گرتبوو کە لە هەموو بەشەکان، پرسی کورد لە بەرەوپێشچوون‌دایە و زیاتر لە جاران، قورسایی خستۆتە سەر هاوکێشە جۆراوجۆرەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

تەوەرێکی دیکەی ڕاپۆرتی پێشکەشکراو لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەرخان کرا بوو بۆ تیشک خستنە سەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم پێوەندییەدا سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کە لەسەر بنەمای ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و سەرکوت دامەزراون، هەروەها باردۆخی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی ڕۆژهەلاتی کوردستان، تیشکیان خرا بووە سەر.

دوا بەشی ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵێک لە گرنگترین هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی چواردەیەم بە تایبەتی لە دوو ئاستی کوردستان و ئێراندا تەرخان کرا بوو.

بە دوای پێشکەشکرانی ڕاپۆرتەکە لە لایەن بەڕێز سکرتێری گشتییەوە، کۆمیسیۆنی پەیامەکانی کۆنگرەی پازدەیەم، ڕاپۆرتی خۆی دایەوە بە کۆنگرە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە نزیک بە ٧٠ پەیام لە دۆستانی کورد، ئێرانی و بیانییەوە بۆ کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتبوون. هەر لەو بەشەشدا پەیامەکانی هەر دوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆ کۆنگرەی پازدەیەم خوێندرانەوە.

دوانیوەڕۆی دووشەممە ٢٣ی مەی، لە دووهەم دانیشتنی کۆنگرەدا، هاوڕێ قادر وریا لە لایەن کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەوە، ڕاپۆرتێکی لە بارەی کاروباری کومیتەکە و چۆنیەتیی پێکهاتنی کۆنفرانسەکان و هەندێک زانیاری لە بارەی تەرکیبی بەشدارانی کۆنگرەی پازدەیەمەوە پێشکەش کرد و کۆمیسیۆنە کارییە پێشنیارکراوەکانی بە کۆنگرە ناساند کە دیارە ئەندامانی کۆنگرە دوای خستنە ڕووی سەرنج و تێبینییەکانیان دەنگیان بەو کۆمیسیۆنانە دا.

دوای پەسەندکردنی کۆمیسیۆنەکان، بەشدارانی کۆنگرە ڕا و سەرنجی خۆیان لە بارەی ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم دەربڕی و ڕاپۆرتەکەیان بە ڕەخنە و پێشنیار و تێبینییەکانیان دەوڵەمەند کرد.

برگەیەکی دیکەی کاری کۆنگرەی پازدەیەم، باس لە کار و تێکۆشانی حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەی چواردە و پازدەیەمدا بوو. بەشدارانی کۆنگرە لە ماوەی چەند دانیشتندا، بوارە جۆراوجۆرەکانی کار و تێکۆشانی حیزبیان هەڵسەنگاند و بە ڕاشکاوی، کەموکوڕییەکانی هەر کام لە بوارەکانیان دایە بەر سەرنج و، پێشکەوتنەکان و خاڵە بە هێزەکانیشیان دەسنیشان کرد. هاوکات کۆمیسیۆنەکانی ڕاپۆرت و بڕیارنامە، کۆبەندی باسەکان و ئەو

بابەتە گرنگانەی لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە خرابوونە ڕوو، ئامادە کرد بوو بۆ ئەوەی لە ڕاپۆرتی سیاسی و بڕیارنامەکانی کۆنگرەدا بیانگونجێنن. دوای ئەوەی کۆمیسیۆنی ڕاپۆرت بەرعۆدە بوو سەرجەم پێشنیار و تێبینییە جەوهەرییەکان لە ڕاپۆرتی سیاسییدا بگونجێنێ، کۆنگرە ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی پەسەند کرد.

یەکێکی دیکە لە کارە سەرەکییەکانی کۆنگرەی پازدەیەم، چاوخشاندنەوە بە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بوو. لەم بەشەی کاری کۆنگرەدا، دوای ئەوەی هەیئەتی پێداچوونەوەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، ڕوونکردنەوەی خۆی لە بارەی دەسکارییەکان پێشکەشی کۆنگرە کرد، کۆنگرە لە چەند دانیشتنی یەک بە داوی یەکدا، گۆڕانی پێویست لە هەندێک لە بەشەکانی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆدا کە زۆرتر لە ڕووی فۆرم و دارشتنەوە بوون، پەسەند کرد.

کۆنگرەی پازدەیەم، کاتێکی پێویستیشی بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ تەرخان کرد. لەو بەشەدا بەرپرسی کۆمیسیۆنی ناوبراو، بەڕێز کاک جەلیل گادانی، ئاماژەی بە کارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە لە نێوان دوو کۆنگرەی ١٤ و ١٥دا کرد.

لە درێژەی کارەکانی کۆنگرەدا، کۆمیسیۆنی بڕیارنامە، دوای باس و بیروڕا گۆڕینەوەی پێویست لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، دوو بڕیارنامەی بە پەسەندی کۆنگرە گەیاند. بڕیارنامەی یەکەم کە پێوەندیی بە کار و تێکۆشانی حیزبی و پرسە نێوخۆییەکانەوە هەبوو. کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەمی بەرعۆدە کردوە، لە بوارەکانی دیپلۆماسی، ڕێکخستن، ڕاگەیاندن و پەروەردەدا، هەروەها بە مەبەستی بایەخ دان بە ناوچەکانی خواروو و سەرووی کوردستان و گرنگی دان بە تێکۆشان لە نێو کوردەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پرۆژە و بەرنامەی پێویست ئامادە بکا و بەڕێوەیان بەرێ. دۆزینەوەی مێکانیزمی گونجاو بۆ وەدیهێنانی دروشمی کۆنگرە کە خۆ ئامادە کردن بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێ‌دایە، یەکێکی دیکە لەو ئەرکانەیە کە خراوەتە سەر شانی ڕێبەریی حیزب.

لە بڕیارنامەی سیاسیی پەسەندکراوی کۆنگرەی پازدەیەمیشدا، لەسەر هەر دوو ئاستی کوردستانی و ئێرانی، کۆمەڵێک بڕیار بەرچاو دەکەون کە گرنگی دان بە یەکگرتوویی و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و بایەخ دان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بە گشتی و بە تایبەتی خەباتی مەدەنی و جەماوەری، دەتوانین بە نموونە ئاماژەیان پێ بکەین. لە ئاستی ناوچە و نێونەتەوەییشدا کۆمەڵێک بڕیار بە پەسەندی کۆنگرەی پازدەیەم گەیشتوون کە ڕوانگە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر پرسە گرنگەکانی ناوچە و جیهان دەر دەخەن.

پێویستە بگوترێ لە ڕەوتی کاری کۆنگرەدا، دەیان پەیام کە لە حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییەکانی دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ کۆنگرە هاتبوون، خوێندرانەوە. کۆنگرە چەندین پەیامیشی بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان ناردوە کە نێوەرۆکی هەر هەموویان، پێداگرتنەوە لەسەر خەبات تا بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

دوابەشی کاری کۆنگرەی پازدەیەم، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی

ناوەندی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ بوو کە ئەم برگەیان لە کاری کۆنگرە لە ڕەوتی ملبەملەیەکی سالم و دێموکراتیک و دۆستانەدا بە سەرکەوتنەوە گەیشتە ئەنجام. دەبێ بگوترێ کە کۆنگرەی پازدە، بە بەراورد لەگەڵ کۆنگرەی چواردە، ژمارەیەکی زیاتر لە ژنان و لاوانی بۆ ئەندامەتیی ڕێبەریی حیزب هەڵبژارد کە ئەمەش ئەگەر لە لایەکەوە نیشانەی بایەخ دانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە توێژەکانی ژنان و لاوانە، لە لایەکی دیکەوە ئاکامی بەشداریی چالاکانەی لاوان و ژنان لە سەرجەم باسەکان و کارەکانی ئەم کۆنگرەیەدا بوو.

جێگای ئاماژەیە کە لە یەکەم سەعاتەکانی ٨ـی جۆزەردانەدا، کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە، لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا، هاوڕێی هێژا، خالید عەزیزیی بە تێکڕای دەنگ بە سکرتێری گشتی هەڵبژاردەوە. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، ئەندامانی دەفتەری سیاسیش هەڵبژێردران. دواتر ئەم ئاڵوگۆڕانە لە دوا دانیشتنی کۆنگرەدا بە ئاگاداریی بەشدارانی کۆنگرە گەیەندران کە لەگەڵ خۆشحاڵی و پێشوازیی گەرمی ئەوان، بەرەوڕوو بوو.

**ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

کۆنگرەی پازدەیەم ئەگەر لە لایەکەوە دەرفەتێک بوو بۆ دەوڵەمەند کردن و پێداگرتنەوە لەسەر پرۆژە و پرەنسیپە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی پێشوو، لە لایەکی دیکەوە هەوڵێکی بە کۆمەڵ بە بەشداریی نوێنەران و بژاردەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی ئامادە کردنی ئەم حیزبە بۆ قۆناغی نوێی تێکۆشان بوو. بەڵگەنامەکانی ئەم کۆنگرەیە کە شایەدی بۆ گرنگیی باسەکان و هەڵوێستەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەیەم دەدەن، لە داهاتووی نزیکدا دەخرێنە بەر سەرنجی دۆستان و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەم، بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی پازدەیەم، پیرۆزبایی لە سەرجەم تێکۆشەران، ئەندامانی حیزب و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا و هەموو ڕیزەکانی حیزب و سەرجەم دۆستان و دڵسۆزانی ئەم حیزبە و خەڵکی کوردستان بە گشتی بۆ پشتیوانی لە ڕێبەریی حیزب لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیەدا، بانگهێشت دەکا.

**کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٣٩٠/٣/٩**

**٢٠١١/٥/٣٠**

***

## ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی
## بۆ کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## ۲-۸ی جۆزەردانی ۱۳۹۰ (۲۳-۲۹ مەیی ۲۰۱۱)

**سەرەتا**

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە**

لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین و بۆ ئێوە بەشدارییەکی چالاکانە لە هەموو کاروبارێکی ئەم کۆنگرەیەدا و، بۆ کۆنگرەکەمان، کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، زۆرترین سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین.

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ۳ ساڵ بەسەر کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی دیکەدا لە دەوری یەک کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی لە بەرزترین و بە دەسەڵاتترین ئۆرگانی حیزبیماندا، ئاوڕ لە تێکۆشانی نێوان ئەم دوو کۆنگرەیە و سیاسەت و هەڵوێستەکانمان بدەینەوە و لە بەر ڕووناکایی لێکدانەوەی هەلومەرجی نوێی نێونەتەوەیی، ناوچە، کوردستان و ئێراندا و بە دوای هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە و واقیعبینانەی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سێ ساڵی ڕابردوودا، بەرنامە و سیاسەت و ڕێبازی تێکۆشانی لەمەو دوامان، دیاری بکەین.

بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی تێکۆشانی حیزبمان و پێک گەیشتنەوەمان لەم کۆنگرەیەدا، بەرهەمی کار و هەڵسووڕانی ئەندامان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ئاستی جیاواز و لە مەیدانی جۆراوجۆر لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودایە. لە نێوان کۆنگرەی ١٤ و ١٥دا، ئێمە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کوردستانی ئازاد و لە وڵاتە جۆراجۆرەکانی دنیادا شایەدی هەڵسووڕانی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووین. ئەگەر ئێستا، ئێمە خەرمانێک لە کار و تێکۆشان و چالاکی و بەرەوپێشچوون و دەسکەوتی سیاسی، تەشکیلاتی و دیپلۆماتیک لە کارنامەی ۳ ساڵی ڕابردووی حیزبماندا دەبینین لەو هەوڵانەی دەزانین کە هاوڕێیانمان بەبێ سڵکردنەوە لە تێچوو و نرخەکانیان، داویانن . هەر بۆیە ئیجازە دەخوازین بە نوێنەرایەتیی هەمووتان ڕێز و پێزانین و سڵاوی ئەمەگناسی پێشکەشی هەموو ئەو کەسە دڵسۆزانە بکەین کە بە هەوڵی بێوچان و تێکۆشانی لەخۆبردووانە، کاری حیزبی و ئەرکی خەباتگێڕانە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی چوارەدیەمیان جێبەجێ کرد و ئاڵای خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە مەیدانە جۆراجۆرەکاندا، شەکاوە ڕاگرت. بە تایبەتی جێی خۆیەتی لەم کۆنگرەیەدا بە ڕێزەوە یادی هاوڕێیانیک بکەینەوە کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا شەهیدبوون یان ماڵاواییان لە ژیان کرد و ئێستا بەداخەوە لە نێوماندا نین. لەوانە هاوڕێی نەمر جەعفەر زەمانی، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی کە لە ١٧ی بانەمەڕی ۲ ساڵ لەمەو بەر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و بە جێی هێشتین. ژمارەیەکیش لە بەوەجترین تێکۆشەرانی حیزب لەو ماوەیەدا، لە ڕێگای جێبەجێکردنی

بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی چواردەیەمدا و یەک لەوان حوزووری ڕاستەخۆ لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گیانیان بەخشی. تێکۆشەری لەمێژینە شێخ غەریب حەسەنی، کادر و فەرماندەی بەوەجی دێموکرات هەمزە سارتکەیی (هەمزە عەبدوڵلاهی) و، هاوڕێیانی بەنرخ قادر نەزمی، قادر قادری، محەممەد نەدیمی و بێهروز ڕەزانژاد کە لە سێ بەرەوڕووبوونەوەی نابەرامبەر لەگەڵ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە قووڵایی خاکی نیشتماندا گیانیان بەخشی، لەم شەهیدانەن.

لە ڕەوتی خەباتی نهێنی و جێبەجێکردنی کار و ئەرکی حیزبی و نیشتمانپەروەرانە کۆمەڵێکیش لە هاوڕێیانمان تووشی گیران و بەندیخانە یا ڕاکردن و دەربەدەری بوون کە هەر لێرەوە سڵاو بۆ خۆڕاگری، باوەڕی بەرز و ئیرادەی پتەویان دەنێرین. سڵاو لە شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان. هەروەها سڵاو لە خەڵکی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان کە پشتیوانی و خۆشەویستییان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکۆشەرانی، سەرمایەی بەنرخ و دڵگەرمیی سەرکیمان لە درێژەدان بە خەبات و تێکۆشاندا بووە.

### ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە!

هەروا کە بۆخۆشتان کەم و زۆر و دوور و نزیک ئاگادارن، بە دوای چەند مانگ بەرنامەڕێژی و کاری بەردەوام بە مەبەستی ئامادەکردنی کۆنگرە و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و ئەنجامدانی باسە سیاسی و تەشکیلاتییەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا، ئێستا نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە هەرێمی کوردستان، ئورووپا، ئەمریکا، کانادا و ئوسترالیا، لەم کۆنگرەیەدا ئامادەن. بەداخەوە ئەم جارەش بە هۆی هەلومەرجی پۆلیسی و ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و، سەبارەت بە پاراستنی گیانی ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب، لە بەشدارکردنی کەسانێک لە نێوخۆی وڵات لەم کۆنگرەیەدا، خۆمان پاراستوە. بەڵام دڵنیاین بەم هۆیەوە کە هەموومان دەزانین کە مەیدانی ئەسڵیی خەباتی حیزبی ئێمە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و، ئامانجی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەمانە، لێکدانەوەی هەلومەرجی گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باس لە پێداویستییەکانی گوڕ و تین بەخشین بە خەبات لەوێ، کاکڵە و تەوەری سەرەکیی باسەکانمان دەبێ.

### هاوڕێیانی تێکۆشەر!

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا پێک هاتوە کە جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی و لە نێو وڵاتانی ئەم ناوچەشدا، ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەرەوڕووی ڕووداو و ئاڵوگۆڕی گرنگ بوونەتەوە. شەپۆلی دێموکراسیخوازانەی و دژایەتیی دیکتاتۆری و بێدادی، ئێران و سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقای گرتۆتەوە. ڕووداو و گۆڕانەکانی ناوچە و جیهان کار دەکەنە سەر یەکتر و بەستێن و دەرفەتی گونجاو بۆ خەباتی ڕەوای نەتەوە و چین و توێژی جۆراوجۆر دەخولقێنن. بەڵام ئاشکرایە کە پشکی هەر کام لە نەتەوەکان لە

ئاکامەکانی ئەو گۆڕانانەی هەر ئێستا ڕوو دەدەن یان بەڕێوەن، بەستراوەتەوە بە چۆنیەتیی خوێندنەوەی ڕووداو و گۆڕانەکان و جۆری خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیان و قۆستنەوەیان بە قازانجی خۆیان. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی دیاری شوێندانەر لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبێ ڕاڤە و لێکدانەوەی خۆی بۆ ئەم ڕووداو و ئاڵوگۆڕانە هەبێ کە کاریان کردۆتە سەر هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی، بۆ ئەوەی لەبەر تیشکی لێکدانەوەی گرنگترین ئاڵوگۆڕەکاندا، سیاسەت و ڕێبازی تێکۆشانی لەمەو دوای خۆی لەم کۆنگرەیەدا دیاری بکا و بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێی کوردستان، ئێران و ناوچەدا، خۆی ئامادە بکا. هەر بۆیە لەم ڕاپۆرتە سیاسییەدا ئاوڕێک لە گرنگترینی ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانە لە ئاستی نێونەتەوەیی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کوردستان و ئێراندا دەدەینەوە:

### سیاسەتی جیهانی

خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی ماهیەتێکی ناسنامەخوازانەی ڕوون و پێوەندیدار بە دەڤەرێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام دابڕاو و بێبەری لە شوێنەواری پێشوەچوون و ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی سەردەم نییە. هەڵکەوتنی مەیدانی ئەو خەباتە لە ناوچەیەکی جیهاندا (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) کە بە هۆی گرینگیی ژێئۆپۆلیتیکی، هەمیشە ناوەندی قورسایی (مرکز ثقل)ی سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە، نوخبەکانی خەباتی کورد بەرەوڕووی ئەو زەروورەتە دەکاتەوە کە ڕوانین و خوێندنەوەیان بۆ بازنە فراوانەکانی باس و خواس و مشت و مڕی سیاسی لە جیهاندا هەبێ هەتا لە خۆیان و کۆمەڵانی خەڵکی ڕوون بکەنەوە کە قۆناغی ئێستای ئەو خەباتە دەکەوێتە کوێی ئەو ڕەوت و ئاڵوگۆڕانە. ئەمە جیا لەوە کە حیزبی ئێمە هەمیشە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و دیپلۆماسیی حیزبیی بە یەکێک لە مەیدانە گرینگ و بەنرخەکانی خەبات و تێکۆشانی خۆی زانیوە و بایەخ و مایەی بۆ داناوە.

وەرددانەوەی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە نێوان دوو کۆنگرەی چواردە و پازدەی حیزبەکەماندا لە سیاسەتی جیهانییدا هاتوونە پێش لە مەبەست و دەرەتانی ئەم ڕاپۆرتە سیاسییە بەدوور و بەدەرە. هەر بۆیە ئاماژەکان لەو پێوەندییەدا بۆ چەند بوارێک تەرخان دەکەین کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانن شوێنەوار لەسەر بارودۆخی خەباتی گەلەکەشمان دابنێن و یان، بەهۆی پێوەندی و بایەخی جەوهەرییان پێویستە حیزبی ئێمە لە ڕوانگە و هەڵوێستەکانی خۆیدا جێگایان بۆ بکاتەوە.

### قووڵبوونی گۆڕانی ساختاری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

هەموو ئەو گەشەسەندنە سیاسییەی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی چەند ساڵی دواییدا ڕووی داوە، تەعبیر لە قووڵبوونەوەی ئەو گۆڕانە ساختارییە دەکا کە لە نەزمی جیهانیی پاش سەردەمی شەڕی سارددا هاتۆتە پێش. واقعیەتی دۆخی نوێی پێوەندییە نیودەوڵەتییەکان -کە بە پێی ڕوانگەکان جاری وایە دەخرێتە خانەی تاکجەمسەری و جاری واشە بە فرەجەمسەر لە قەڵەم دەدرێ- هەڵگری هێندێک ئەسڵی بنەڕەتییە کە هەر لەو کاتەدا کە پێچەوانەی یەکترن، دەتوانن ببنە هۆکار و بەرەنجامی یەکتریش. ئەوەی ئەمڕۆ لە بواری مامەڵەی

نێونەتەوەیی لەگەڵ کێشە و دیاردەکاندا دەبینرێ لە لایەک ئاڵۆزی و پەرش و بڵاوی و لامەرکەزی لەو مامەڵەیەدا و لە لایەکی دیکەش هەوڵی بێوچان بۆ پێکهێنانی لانیکەمێک لە سەنتەرسازی و نەزم و هەماهەنگی لەو پێوەندییەدایە.

ئەمڕۆ بە پێچەوانەی دەورانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیدئۆلۆژیکی زلهێزەکان، ئیتر فۆرموولێکی سادەکەرەوەی قەیران و ململانێکان لە گۆڕێدا نییە. کێشە محەللییەکان زۆرتر لە ڕووی پارامێترە هەرێمییەکانی تایبەت بە هەر کەیسێک و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هەر جارە بە جۆرێکی دەسەڵاتە گەورەکان وڵامیان پێ دەدرێتەوە؛ بۆ پرسە هەمەلاگیرەکانیش زۆر جار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنانەت لە گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی لانیکەمیش دادەمێنێ. لە هەمان کاتدا بەڵام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندکانی تری هەماهەنگیی سیاسی و ئابووریی نێوان دەوڵەتان بە شێوەیەکی بێوێنە کەوتوونە سەر گەڕ؛ دەوڵەتان –تەنانەت ئەوانەی وا خەنیمی مێژوویی یەکترن– لە هەر کاتێک زیاتر ئیستعدادی دانوستان و سازان لە خۆیان نیشان دەدەن و لە هەر کاتێک کەمتر ئارمانگەرایی لە پێوەندییەکانیاندا بە خەرج دەدەن؛ لە ئاستی ناوچەییشدا جەمسەرەکانی هاوپێوەندی و هاوگونجی (کە یەکیەتیی ئورووپا سەرکەتووترینیانە) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوون و قووڵبوونەوەدان. پەرەئەستاندنی سەرسووڕهێنەری ڕۆڵ و پێگەی هێندێک دەوڵەتی وەک چین بە تایبەتی لە مەیدانی ئابووریدا و ئیدیعای هێندێک دەوڵەتی گەورەی جیهان سێهەمی بۆ وەرگرتنی کورسیی ئەندامەتیی دائیمیی ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا نموونەگەلێکی ئەو هۆکار و دەرکەوتانەن کە تەعبیر لە ڕەوتی ڕوو لە فرەییی ئەکتەرە سەرەکییەکانی ڕکەبەری جیهانی دەکەن. زۆر لەو تایبەتمەندییانەی خوێندنەوەی واقعگەرایانەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان (بێسەرەوبەرەیی، بەرژەوەندی وەک تەنیا بزوێنەری کرداری دەوڵەتان، ... هتد) هێشتا هەر بە سیاسەتی جیهانییەوە دیارن، بەڵام پێکەوە گرێدراویی ئەمڕۆی زیاتری کۆمەڵگە مرۆڤییەکان و لاوازبوونی نەخشی بەجیای دەوڵەتان هاندەرن هەتا ئەوان (تەنانەت زلهێزەکانیش) قەناعەت بەوە بێنن کە ئیدی قازانجیان لە نەهادگەری و چارەسەری کێشەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندایە، نەک لە یەکلایەنە ڕەوی و جووڵانەوە لە دەرەوەی نۆرمە هاوبەشەکاندا.

لە یەک کەلامدا جیهانی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر لە جاران دابەش بووە، بەڵام هەر لەو کاتەدا وشیاری و پۆتانسییەلی یەکدەنگی و هاوهەنگاوی لە جاران بەهێزترە. پەسەندکرانی کۆمەڵێک بڕیار و پرەنسیپی هاوبەش لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێندێک پرس و کێشەی سنوور بەزێن و جیهانگیری وەک ئەو قەیرانە دارایییە کەموێنەیەی ئابووریی جیهانی شل کردەوە و پێویستیی ئەکتیڤ کردنەوەی نەخشی دەوڵەت لە ئابووریدا تەنانەت بە دەوڵەتانی هەرە لایەنگری بازاڕی ئازادیش سەلماندەوە؛ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی تازە و بە نێوەرۆک سەبارەت بەو هەنگاوانەی پێوستە لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانی کەشدا هەڵبگیرێنەوە، هەروەها بڕیار و ڕاوێژی بنیاتنەر لەسەر زۆر پرسی تری وەک تێرۆریزم، گەشەکردنی پایەدار، ئەمنیەتی خۆراکی، قەیرانی وزە، ... هتد، هەمووی ئەو ڕاستییە دەگەیەنێ کە ئەمڕۆ ئیدی مەودا و درزی نێوان نەزمی نێوخۆیی وڵاتان و نەزمی جیهانی لە کاڵبوونەوەدایە. جگە لەوە، پەرە گرتنی نەخشی (چ باش چ خراپ)ـی ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان لە مەیدانی سیاسەتی جیهانییدا و بارستایی بیروڕای گشتی

بە تایبەت لە سایەی تێکنۆلۆژی گەیاندن و ڕاگەیاندن (بۆ وێنە لەقاودانەکانی ویکیلیکس کە ڕوخسارە شاراوەکانی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیی دەرخست)، لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا بە مانای ئەوەیە کە دەوڵەتان چیی دیکە ئەکتەری بیلامونازعی سیاسەتی جیهانی نین.

حیزبی ئێمە لە دەلاقەی بەرتەسکی سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکانەوە بۆ بارودۆخی نێونەتەوەیی ناڕوانێ و تێدەکۆشێ تا ئەو جێگایەی دەکرێ بە پراگماتیسمەوە پۆتانسییەلەکانی ئاڵوگۆڕ لە دنیای دەرەوەدا بە قازانجی بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلەکەمان هەڵسەنگێنێ. شتێکی کە پێویستە جەختی لەسەر بکەین ئەوەیە کە ئێمە وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی خوازیاری دێموکراسی، ئەوە لە بەرژەوەندیی جێگیر بوون و قووڵبوونەوەی ئازادی و دێموکراسییدا دەبینین کە سیاسەتی جیهانی بە ئاقارێکی فرەیی پەسەند بەڵام نەهادگەرادا بڕوا کە ببێتە مایەی بەرتەسک بوونەوەی مەیدانی مانۆڕی یەکلایەنە و بێ‌پەروایانەی دەوڵەتان لە هەر دوو ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا، چونکە لەو باوەڕەداین هەتا زیاتر دەوڵەتان ناچار بن لە چوارچێوەی قانوونمەندیی نێونەتەوەییدا بەرپرسیار بکرێن، ڕەفتاری نێوخۆیی وان لە بواری ڕێزگرتن لە ویستی خەڵک و باش‌حوکمڕانیدا وڵامدەرەتر دەبێ.

**دۆسییەکانی پێوەندیدار بە ئەمنیەتی نێونەتەوەیی**

یەکێک لەو بەستێنانەی لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو هاودەنگی و هاوهەنگاوییەکی باشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتی زلهێزەکانی بەخۆیەوە دیوە، ئەمنیەتی جیهانییە. لایەنێکی گرینگی ئەم مەسەلەیە ڕەوتی داماڵینی چەکە کۆمەڵکوژەکان بە تایبەتی چەکی ناوکییە کە زیاتر لە دوو دەهەیە هەر دوو زلهێزی پێشتر نەیاری یەکتر واتە ئەمریکا و ڕووسیەی گەیاندۆتەوە یەک. پەسەندکرانی پەیمانێکی نوێ لەم دواییانەدا بە مەبەستی کەمکردنەوەی جبەخانە ناوکییەکانی ئەم دوو وڵاتە، تازەترین ئەڵقەی زنجیرە هەوڵی سیاسی و قانوونی لەو پێوەندییەدایە کە دەبێ وەک درێژەی ڕەوتێکی هەرچەند ناکافی، بەڵام گرینگ و هیوابەخش بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی لە قەڵەم بدرێ. لێک نزیکبوونەوەی ڕووسیە و ڕۆژئاوا کە تەنات بۆتە هۆی ئەوە کە ڕووسیە بەشداری لە پرۆژە دیفاعییەکانی ناتۆشدا تاوتوێ بکا، مادام لە گرژیی نێوان ئەم جەمسەرانە کەم دەکاتەوە شتێکی موسبەتە بە مەرجێک ئەم هاوپێوەندی و هاریکارییە و هاوپێوەندی و هاریکارییەکانی دیکەی لەم چەشنە لەسەر حیسابی مافی گەلانی ناوچەی ژێر نفووزی سوننەتیی ئەم دەوڵەتانە ئەنجام نەدرێن.

هەر لە سۆنگەی بەرگرتن بە پەرەئەستاندنی جیهانێکی تەنراو بە چەکوچۆڵی ناوکییەوە جێی خۆیەتی وەک دیاردەیەکی موسبەت و نوێ ئاماژە بە هاوهەڵوێستیی لانیکەم نیسبیی چین و ڕووسیە لە چوارچێوەی ئەو بڕیارنامانەدا بکەین، کە ئەنجومەنی ئاسایش لەو ماوەیەدا بە هۆی هاوکاری نەکردنی جیددی لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی و نەدانی دڵنیایی سەبارەت بە ئاشتیخوازبوونی پرۆگرامە ناوکییەکانی، بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پەسەند کردوون. شتێک کە لێرەدا پێویستە جەختی لەسەر بکەین ئەوەیە کە ئیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ دان بەوەدا بنێ کە لەو بوارەدا لەگەڵ ئێران بە خاڵی کۆتایی گەیشتوە و هەر چەشنە گرینگی دانێکی زیاتر بە ڕاپۆرتە گوماناوییەکان یا هەر جۆرە بواردانێکی دیکە بە مانۆڕەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئاڵوگۆڕی

سووتماکی وزەخانە ئەتۆمییەکان و دەسپێکردنەوەی وتووێژەکان، لە پێشکەشکردنی کاتی زیادی بەو ڕێژیمە و لابردنی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهانی لەسەر ئەو مەسەلانەی بۆ خەڵکی ئێران گرینگترن، بەو لاوە شتێکی لێ ناکەوێتەوە. قۆناغی نوێی مامەڵەی نێودەوڵەتی لەگەڵ دۆسییەی ناوکیی ئێران نابێ لە خانەی نەزۆکی دیلەمای (یان چاوپۆشی و سازان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، یان سزادانی خەڵکی وڵاتەکە بە هۆی گەمارۆکان)دا قەتیس بمێنێتەوە. بەڵکوو پێویستە وێڕای ئامانج گرتنی خودی ڕێژیم (لەگەڵ هەموو سەختیی لێک جیاکردنەوەیەکی لەم چەشنە لە بواری گەمارۆکاندا)، ئەو دۆسییەیە بە دۆسییەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا ببەسترێتەوە. ئەو کاتەیە کە پشتیوانیی بێپەردە و بەکردەوە لە خەباتی ئازادیخوازی دەتوانێ وەک تەواوکەری مامەڵەی ئەمنیەتی بەرهەمی هەبێ.

بوارێکی دیکەی ئاسایشی جیهانی خەبات بەدژی تێرۆریزم و بە تایبەتی ئەو جۆرە لە توندوتیژیی کوێرە کە لەسەر بەستەری بنیاتگەرایی ئیسلامی دروست بووە و لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی پێشتر نەدیتراو بەرۆکی مرۆڤایەتیی گرتوە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و هیمەتەی لە دە ساڵی ڕابردوودا بەدژی ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی جیهانی دراوە، هێزی زەبەر وەشاندنی ئەم جۆرە لە تێرۆریزم کەم و زۆر وەک خۆی ماوە و تەنانەت چاودێران و دەبیرخانە ڕەسمییە دەوڵەتییەکانیش لە سەر ئەوە کۆکن کە بە کوژرانی ئوسامە بین لادن ڕێبەری ئەلقاعیدەش هەر نەبێ لە کورتخایەندا شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕدرێ. لەم بارەوە ئێمە قەناعەتی خۆمان دووپات دەکەینەوە کە شەڕ بەدژی تێرۆریزم لەو شەڕانە نییە کە تەنیا بە لۆژیکی نیزامی ببردرێتەوە. بەربەرەکانیی کاریگەری ئەم بەڵایە بەستراوەتەوە بە دەرکی دروستی ڕیشە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی و وردبوونەوە لە هۆکارە دوور و نزیکەکانی لە سیاسەتی جیهانی و مامەڵەی نێوان گەلان و دەوڵەتاندا. ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی دەریان خست کە گوتاری بنیاتگەرا لەو سەرزەمینانەدا کە بە هۆی هەبوونی ڕێژیمە بەرواڵەت سێکۆلار و لە ناخدا گەندەڵ و سەرەڕۆکان دەکرا سەرزەمینێکی بەپیت بۆ هەڵدانی توندڕەوی و سەلەفییەت بن، ئەو بەرهەمەی نەبووە کە بنیاتگەراکان ساڵەهایە سەرمایەگوزاریی لەسەر دەکەن. سەرنەکەوتنی سیاسیی تێرۆریزمی بنیاتگەرا دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەت ڕۆژئاوا هان بدا هەتا بە دیتنێکی ستراتێژیکەوە و لە ڕێگای بەرنامەیەکی ورد و پشوودرێژەوە کە بێگومان پێویستیی بە بازدان بەسەر کۆمەڵێک بەرژەوەندیی کاتییشدا دەبێ، ئەنگیزەکانی ڕاکێشرانی لاوان بۆ لای گرووپە تێرۆریستییەکان لە نێو بەرێ. پێشخستنی ژێرخانی ئابووری و فەرهەنگیی کۆمەڵگەکان و گەشەکردنی مرۆیی ئەو کۆمەڵگەیانە، مامەڵەی دروست لەگەڵ غروور و ئیرادەی گەلانی ناوچە و حەساسییەتەکانیان، یارمەتی دان بە کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگیی وڵاتان و چاکسازیی حکوومەتی و دابەشکردنەوەی عادلانەی سەروەت و سامانی وڵات و ... هتد دەتوانن لە ڕێکارەکانی پلانێکی لەم چەشنە بن.

### کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری و دێموکراسی و مافی مرۆڤ

لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە زۆر شوێنی دەرەوەی بازنەی ناوچەی ئێمە بە تایبەتی لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، شاهیدی سەرهەڵدان یا درێژەکێشانی کۆمەڵێک کێشە و ململانێی پێوەندیدار بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووین. وەک دواتر باسی دەکەین ئەو خەباتە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتی خۆشماندا لەو ماوەیەدا پێی نایە قۆناغێکی پڕ گوڕ و تین و پێشتر نەدیتراو. تێڕامان لە وردەکاریی شەپۆلە هاوچەرخەکانی بزووتنەوی ئازادیخوازی لە جیهاندا بەردەوامی و هەمەلاگیربوونی ویستی ئازادی و دێموکراسی و کەمبوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ژمارەی دیکتاتۆرەکان و هەر لەو کاتەدا پڕ هەوراز و نشێو و پڕ هەزینە بوونی ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسیمان بۆ دەردەخا. تەنانەت هێندێک دیاردەی نوێ لە وڵاتانی دێموکراتیکیشدا وەک بە سەرکۆمار هەڵبژێرانی ڕەش پێستێک بۆ یەکەم جار لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و گەیشتنی هێندێک ژن بە بەرزترین پلەی بەڕێوەبەری لە هێندێک وڵاتی دیکەی دێموکراتیکی جیهاندا نیشانیان دا کە مافی بەشداریی سیاسی و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان لەو ئیدەئالانەن کە هەردەم قابیلی کەشف و قووڵکردنەوەن. بە پێچەوانەشەوە، گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری لە ڕێگەی کودیتا لە حکوومەتە خەڵکییەکان، یان سەرکەوتنی ئەحزابی ڕەگەزپەرست لە هێندێک لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی پێشکەوتوودا نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ئازادی و پێکەوە ژیانی تەبایانە نابێ هەرگیز وەک ئامانجێکی تا سەر دەستەبەر و بۆ هەمیشە وەدیهاتوو چاو لێ بکرێن و هەردەم پێویستییان بە لەسەر هەستبوون و چالاک مانەوەی چین و توێژە بیرفراوان و پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگە هەیە.

تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر مامەڵەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ویستی گەلان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەو ماوەیەدا پرۆسەی چاودێری و لێپرسینەوەی نێونەتەوەیی چ لە ڕێگای ڕێوشوێنە حقووقییەکان و چ لە کەناڵە سیاسییەکانەوە پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕی موسبەتی بەخۆیەوە دیوە. هۆکاری ئەم گۆڕانە موسبەتە دەست وەدست یەکدانی کۆمەڵێک فاکتەری کاتی بێ یان قەناعەتی جێکەوتووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ تێپەڕینی بەکردەوە لە دیواری سەروەریی دەوڵەتان بە مەبەستی دیفاع لە چارەنووسی خەڵک، حاشای لێ ناکرێ کە لەو ماوەیەدا مافی مرۆڤ جێگە و پێگەیەکی شیاوتر لە ڕابردووی لە وتار و ئاجێندای سیاسەتی جیهانییدا پەیدا کردوە. لە ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەم ڕیفۆرمی دەزگای سەرەکیی ئەم ڕێکخراوە بۆ چاودێریی وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە وڵاتاندا (واتە شۆڕای مافی مرۆڤ) بە تەریک کردنەوەی دەوڵەتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و سەرکەوتنی لە هەڵێنانەوەی هێندێک هەنگاوی کۆنکرێت (وەک دیاریکردنی ڕاپۆرتۆرێکی تایبەتی بۆ ئێران) کاراییەکی زیاتری لە خۆی نیشان داوە؛ هەم نیهادە سیاسییەکان و بە تایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ یەکەم جار لە مێژووی کاری خۆیدا لە کێشەیەکی بە ڕواڵەت نێوخۆیی وڵاتێکدا (لیبی) و تەنیا لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتی خەڵک مجەوزی دانانی ناوچەی دژەفڕین و دەستێوەردانی نیزامیی پەسەند کرد. لە ئاستی زلهێزەکان و ڕێکخراوە هەرێمییەکانیشدا ئەو کۆمەڵە هەنگاوە کە ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا سەرباری گەمارۆ پەسەندکراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بە مەبەستی بە ئامانج

گرتنی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرتوویانەتە بەر بەبێ شک مایەی پەسەند و شیاوی قووڵکردنەوەن. بە تایبەت کە ئەزموونی پێشووی دەستێوەردان لە عێراق و ئەزموونی تازەی دەستێوەردان لە لیبی وا دیارە ڕۆژئاوا بەرەو ئەوە دەبا کە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (چ کێشە ئەمنیەتییەکان و چ کێشەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و دێموکراسی) لە نێوان سیاسەتی «هەڵۆکانی» سەردەمی جۆرج بووش لە لایەک و لە لایەکی دیکە ئەو نەرم و نیانییەی دەوڵەتانی پێشیلکاری ناوچە بە هاتنە سەرکاری باراک ئۆباما دڵیان پێ خۆش کردبوو، ڕێگایەکی سێهەم دەتوانی زۆر میتۆد و ڕێکاری عەمەلی بگرێتە خۆی، بدۆزێتەوە.

بوارێکی دیکە لەو ئاڵوگۆڕانەی لە دوو-سێ ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە و بۆ خەباتی میللەتی ئێمە گرینگیی هەیە، بە سەربەخۆیی گەیشتنی هەر دوو گەلی کۆسۆڤۆ و باشووری سوودانە. ڕاستە بەستێنی مێژوویی و پارامێترە حقووقی و سیاسییەکانی هەر کام لەو کەیسانە هەم لە چاو یەکتر و هەم لە چاو کەیسەکانی دیکە و یەک لەوان مەسەلەی کورد جیاوازن. گومانیشی تێدا نییە کە فاکتەرە سیاسییەکان (کە زۆر بەستراوە بە بەرژەوندییە ئابوورییەکانن) هەروا ناعەداڵەتی لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێکردنی مافی گەلاندا دەهێڵنەوە. بەڵام هەمووی ئەمانە لەو لایەنەوە پێکەوە گرێ دراون کە هەرچی زیاتر یارمەتی بە شکاندنی ئەو بەستەڵەکە حقووقییە دەکەن کە لە پاش ڕەوتی ڕزگاریی گەلان لە ئیستعمار لە یاسای نێونەتەوەییدا لە پیوەندی لەگەڵ مافی دیارکردنی چارەنووسی گەلاندا چەسپابوو. ئەم شەپۆلە نوێیە لە سەربەخۆیی گەلانی ژێردەستە نیشاندەری ئامادەیی کۆمەڵگەی نیونەتەوەیی بۆ پەرینەوە لە بەربەستی تەواوەتیی ئەرزی لەو حاڵەتانەدایە کە پرۆسەی پێکەوە مانەوەی دوو یا چەند گەلی وڵاتێک هیچ داهاتوویەکی نەماوە و نوخبەکانی گەلی زوڵملێکراویش یەکگرتووانە و ژیرانە ئیرادە و توانای خۆیان بۆ خۆبەڕێوەبردنی سەربەستانە بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەلماندوە. گەیشتنی گەلانی دیکە بە فۆرمی هەرە پێشکەوتووی دیاریکردنی چارەنووس واتە سەربەخۆیی دەبێ بۆ ئەو گەلانەش کە بۆ کەمتر لە سەربەخۆیی خەبات دەکەن وەک هەوێنێک بۆ دەوڵەمەند کردنەوەی حەقانییەتی سیاسی و حقووقیی خەباتەکەیان و لە ئەنجامدا پەرەگرتنەوەی لیبراوی و باوەڕبەخۆ بوونیان بەکار ببرێ.

مەسەلەی گەلی فەلەستینیش پێویستە هەر لەو سۆنگەیەوە چاو لێ بکرێ. دەزانین کە سەرەڕای بنەما زۆر ڕوونی شەرعیەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە قانوون و سیاسەتی نێودەوڵەتییدا، بونبەستی وتووێژەکانی ئاشتی ئاسۆی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی هەرچی دوورتر کردبۆوە. بەو حاڵەش لە دوو-سێ ساڵی ڕابردوودا هەم ئیدارەی ئەمریکایی و ئورووپاییەکان قەناعەتیان بە زەروورەتی هەنگاونان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین هێناوە و پۆلێکی دیکە لە دەوڵەتان (بە تایبەت لە ئەمریکای لاتین) «دەوڵەتی فەلەستینیان» بە ڕەسمی ناسیوە، هەم لەم دواییانەدا ڕەوتێکی ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن لە نێوان ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین و حەماسدا وەڕێ کەوتوە. لایەنێکی گرینگی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بیانووی ناردنی شەڕ و ئاژاوەی بۆ ئەم ناوچەیە و حوزووری خۆی لەم ناوچەیەدا نامێنێ. بەتایبەتی کە ئەم ڕێککەوتنەی

فەتح و حەماس لە میسر کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی بەشکۆی خەڵکی سووریە لە دژی دیکتاتۆریی بەعس و هاوپەیمانیی لەمێژینەی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک بە مانای پەراوێز کەوتنی تەوەرەی ئێران-سووریە لە ناوچەکەدا بوو. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەگەر بێت و ئەم ڕێککەوتنە ڕەتکردنەوەی بەکردەوە و هەمەلاگیری مێتۆدە تێرۆریستییەکانی لێ بکەوێتەوە، ئیدی وەختی ئەوە هاتوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی خۆی لەگەڵ ئیرادەی فەلەستینییەکان و گرێ کوێرەکانی ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا پێناسە بکاتەوە و بە هەڵێنانەوەی هەنگاوی جیددی و ئازایانە بۆ چارەسەری ئەو کێشە کاتالیزۆرەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کارێک بکا کە هەم مەسەلەی فەلەستین وڵامی گونجاو و یەکجاریی خۆی وەربگرێ و، هەم چیی دیکە مەسەلەی فەلەستین بە زیانی کێشە مێژووییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت مەسەلەی کورد، بەشی زۆری سەرنجی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی بۆ خۆی داگیر نەکا.

### ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

لە باسی ڕووداوە سیاسییەکاندا، کێشەی ئیسراییل و فەلەستین وەک کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باسی دەکرێ. لە حاڵێکدا لە ڕووی جوغرافییەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وڵاتانی عەرەبیی دەوروبەری کەنداو و ئێران و تورکیەش دەگرێتەوە و کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە نێوەڕاستەکانی ئەم ناوچەیە هەڵ کەوتوە. کەوا بوو کێشەی کورد هەروا بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، یەکێک لە کێشە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت جیهانە.

### ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی

ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەی چەند مانگە لە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی عەرەبییدا لە ئارادان، دەکرێ بە یەکێک لە گرنگترین گەشەسەندنەکانی مێژووی نوێی ئەم ناوچەیە لە قەڵەم بدرێن. بە هۆی ئەوەش کە لانیکەم بەشێک لە کوردستان (ڕۆژئاوای کوردستان) لە جەرگەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدایە، ئەم ڕەوتە دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەخۆیان لەسەر کورد هەبێ.

ئەم ئاڵوگۆڕانەی وڵاتانی عەرەبی، بێگومان ئەگەر نەشبنە هۆی گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە جیهاندا، لانیکەم دەبنە هۆی گۆڕانی هاوکێشەکانی ناوچە و دۆخی مەوجوود، دۆخێک کە (ئەگەر مەسەلەی عێراقی لێ دەرچێ) تا ئێستا کورد دەسکەوتێکی تێدا وەدەست نەهێناوە.

سەرکەوتنی شۆڕش لە میسر و تونس و ڕاپەڕینی خەڵکی وڵاتانی دیکەی عەرەبی بە تایبەتی یەمەن، لیبی و سووریە، ئاکامی دەستوەدەستی یەک دان و، کەڵەکە بوونی کۆمەڵە هۆکارێکی سەرەکین، وەک دیکتاتۆریی چەندین ساڵەی فەردی و تاک حیزبی، زەوتکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان، حاشاکردن لە فرە چەشنییەکانی نێو کۆمەڵگە لە ڕووی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، بەشدار نەکردنی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتانە لە پرۆسەی بەشداریی سیاسییدا، بێکاری و هەژاریی زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵک،

دابەشکردنی نادادپەروەرانەی داهات و سامانی ئەم وڵاتانە، گەندەڵیی ماڵی و قۆرغکردنی بازاڕ و سەرمایەکان، فەسادی ئیداری و وڵامدەرنەبوونی دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات لە بەرامبەر پێویستییە خزمەتگوزارییەکانی خەڵکدا و ... هتد. ئەو ڕووداوانە ڕاست لەو بارەیەوە بۆ ئێمە گرنگن کە ئەم تایبەتمەندییانە لە سیستمی سیاسیی ئێستای ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییشدا بەدی دەکرێن و تەنانەت لە هێندێک بارەوە هەلومەرجی ئێران لە چاو وڵاتانی عەرەبی خراپتریشە.

کەوابوو سەرەڕای هێندێک جیاوازیی لاوەکی کە ئێران لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هەیەتی، لە قەیرانە سەرەکییەکاندا لەگەڵیان هاوبەشە. هەر بۆیە چاوەڕوانییەکی ئەوتۆ کە ئێران تووشی چارەنووسی وڵاتانی عەرەبی کە شۆڕشیان تێدا هەڵگیرساوە، ببێ، چاوەڕوانییەکی بێجێ نییە، بە تایبەتی کە خەڵکی ئێران بەر لە خەڵکی وڵاتانی عەرەبی دەستیان بە خۆپیشاندان دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی وڵاتەکەیان کردوە.

هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئاڵوگۆڕەکانی دنیای عەرەبدا نەک هەر هەڵوێستێکی یەکدەست نەبوو، بەڵکوو ناتەبا و دژبە یەک بووە. ڕاپەڕینی خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە ڕێژیمەکەیان دۆست و هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامییە، لە ڕوانگەی ئەم ڕێژیمەوە پیلانی وڵاتانی ڕۆژئاوایە. بۆ وێنە ڕاپەڕینی خەڵکی سووریە کە تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی خەڵکدا یارمەتیی ڕێژیمی سووریەش دەدا. ڕاپەڕینی خەڵکی ئەو وڵاتانەش کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ناکۆکییان هەیە، لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە بەرحەق و ڕەوان و تەنانەت دەست لە کاروباریان وەردەدا، بۆ وێنە لە بەحرەین کۆماری ئیسلامی یارمەتیی شیعە نارازییەکانی ئەو وڵاتە دەکا.

لە ڕوانگەی ئێمەوە خاڵی هاوبەشی هەموو ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەوەیە کە ئەو ڕاپەڕینانە لەدژی ئەو فەرمانڕەوایانە وەڕێ کەوتوون کە دەیان ساڵە بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان، دەسەڵاتیان پاوان کردوە و ڕێگەیان نەداوە دەسەڵات دەستاودەست بکا. شتێک کە بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دێموکراسی و ئیرادەی بەردەوامی خەڵکە. جگە لەوەش خەڵکی ئەو وڵاتانە وەک هەموو گەل و نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و هەڵبژاردنی شکڵ و شێوەی حکوومەتی خۆیانیان هەیە. ئەوەش ڕاست بە پێچەوانەی ئەو وەزعەیە کە لە ئێراندا زاڵە و دژایەتی لەگەڵ ئەو شتەیە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ. هەر بۆیەشە هەڵوێستی ئەو ڕێژیمە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا تا ئەو ڕادەیە ناتەبا و دژبە یەکە.

لەو لایانەوە کە ڕاپەڕینی خەڵک لە وڵاتانی عەرەبییدا ماهییەتێکی ڕەسەن و مافخوازانەی هەیە و تەعبیر لە ئیرادە و متمانەبەخۆ بوونی خەڵکی ناوچە دەکا، ئێمە ئەو ئاڵوگۆڕانە بە وەرچەرخانێکی موسبەت دەزانین کە دەتوانێ شوێنەواری باشی لەسەر ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە سەرجەم ناوچەدا هەبێ و پێشوازیی لێ دەکەین. هەروەها لەو باوەڕەداین کە بۆ پێشگیری لە بەلاڕێدا بردن و قۆستنەوەی نارەوای ئەم بزووتنەوانە، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدوور لە سیاسەتی یەک بان و دوو هەوا مامەڵە لەگەڵ ئەم بزووتنەوانە بکا و هەر لەو کاتەدا لە ڕەوتی گوزار بەرەو دێموکراسییەکی واقیعی و پایەداردا بە شێوەی مەشرووع و گونجاو هاوڕییەتی و هاوکاریی خەڵکی ئەم وڵاتانە بکا.

### کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین

دەزانین کە سەرەڕای بنەمای زۆر ڕوونی شەرعیەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە قانوون و سیاسەتی نێودەوڵەتییدا، بونبەستی وتووێژەکانی ئاشتی ئاسۆی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی هەرچی دوورتر کردبۆوە. بەو حاڵەش لە دوو-سێ ساڵی ڕابردوودا هەم ئیدارەی ئەمریکایی و ئورووپاییەکان قەناعەتیان بە زەرووڕەتی هەنگاونان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین هێناوە و پۆلێکی دیکە لە دەوڵەتان (بە تایبەت لە ئەمریکای لاتین) «دەوڵەتی فەلەستین»یان بە ڕەسمی ناسیوە، هەم لەم دواییانەدا ڕەوتێکی ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن لە نێوان ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین و حەماسدا وەڕێ کەوتوە. ئاکامێکی گرینگی ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێ ئەوە بێ کە کۆماری ئیسلامی ئیدی بەستێن و بیانوویەکی زۆری بۆ هەناردەکردن و نێڵدانی شەڕ و ئاژاوە بۆ حزووری خۆی لەم ناوچەیەدا، نەمێنێ. بە تایبەتی کە ڕەسمیەت دان بەم ڕێککەوتنە لە میسر کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی بەشکۆی خەڵکی سووریە لەدژی دیکتاتۆریی بەعس و هاوپەیمانیی لەمێژینەی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک بە مانای پەراوێز کەوتنی تەوەرەی ئێران - سووریە لە ناوچەکەدا بوو.

ئێمە لە باوەڕە داین کە ئەگەر بێت و ئەم ڕێککەوتنە ڕەتکردنەوی بەکردەوە و هەمەلاگیری مێتۆدە تیرۆریستییەکانی لێ بکەوێتەوە، ئیدی وەختی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی خۆی لەگەڵ فەلەستینییەکان و گرێ کوێرەکانی ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا پێناسە بکاتەوە و بە هەڵێنانەوەی هەنگاوی جیددی و ئازایانە بۆ چارەسەری ئەو کێشە کاتالیزۆرەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کارێک بکا کە هەم مەسەلەی فەلەستین وەڵامی گونجاو و یەکجاریی خۆی وەربگرێ و هەم چیدیکە مەسەلەی فەلەستین بە زیانی کێشە مێژووییەکانی ڕەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت مەسەلەی کورد، بەشی زۆری سەرنجی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی بۆخۆی داگیر نەکا.

### تورکیە و تێزی «کرانەوە بەڕووی دێموکراسیدا»

لە ساڵی ڕابردوودا حیزبی داد و گەشەپێدان، حیزبی دەسەڵاتدار لە تورکیە، تێزێکی سیاسیی لەژێر ناوی «کرانەوە بە ڕووی دێموکراسییدا»دا هێنایە گۆڕێ. دیارە یەکێک لە گرینگترین باسەکانی ئەم تێزە ئاماژە بە کێشەی نێوخۆی تورکیە بوو. گۆڕانێکی گرنگی دیکە لە تورکیە، چاوپێداخشاندنەوەی قانوونی ئەساسیی وڵات بوو کە ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی ساڵانێکی زۆرە نفووزی ئەرتەش و قانوونی بنەڕەتی و سیستمی سیاسیی وڵات، کۆسپ بوون لەسەر ڕێی جێبەجێکردنیان.

گومانی تێدا نییە کە تورکیە دەیەوێ لە هەر سێ بواری سیاسی و ئابووری و نیزامیی نێودەوڵەتییدا ببێتە ئەکتەرێکی چالاک و حاشاهەڵنەگر و هەروەها خەونی لەمێژینەی ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئورووپاشدا وەدی بێنێ، ناتوانێ مەسەلەی کورد بە چارەنەکراوی بێڵێتەوە. هێنانە گۆڕی تێزی «کرانەوە بەڕووی دێموکراسییدا» لە مێژووی نوێی تورکیەدا ڕووداوێکی بێوێنە بوو، چونکە یەکەم هەنگاوی ڕەسمی و سیاسی بوو لە پێناوی هەڵگرتنی سیاسەتی ئینکار و حاشاکردن لە کورد. ئەمە ئەگەر لە نەفسی خۆیدا بۆ کورد بە دەسکەوت

و سەرەتایەکی گرینگ دێتە ئەژمار، بۆ دەوڵەتی تورکیەش لەو لایەنەوە گرینگە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تورکیە لە باری سیاسی و ئابوورییەوە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام کۆسپی هەرە گەورەی سەر ڕێگەی ئەم گەشەکردنە شەڕ و نەبوونی تەناهی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بووە.

لەگەڵ هەموو زەرفییەتە نیسبییەکانی فەزای سیاسیی تورکیە بۆ بردنە پێشی مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا و تازەگەرییەکانی پارتی حاکمیش لەو پێوەندییەدا، نە بەگشتی ئەو فەزایە و نە بە تایبەتی خودی سیاسەتی ئەو پارتە بە تەواوی وڵامدەرن. ئەگەرچی وا دیارە دەوڵەتی تورکیە سەرئەنجام بەو قەناعەتە گەیشتوە کە ناتوانێ بە ستراتێژییە ئابووری و سیاسییەکانی لە ناوچەدا بگا و مەسەلەی کوردیش هەروا پشت گوێ بخا، بەڵام ئێستاش زۆر لە شوێنەوارەکانی ڕوانینی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی تورک بە گوتاری سیاسی و مامەڵەی قانوونی و ڕۆژ بە ڕۆژی دەوڵەت لەگەڵ خەڵکی کوردستان و نوخبە سیاسییەکانی گەلی کورد لەو وڵاتەوە دیارە. بە شێوەی کۆنکرێت، لاوازیی تێزی ناوبراو لەوەدا بووە کە لەحنی لە بەرامبەر پارتی کرێکارانی کوردستاندا کە لایەنێکی ئەسڵیی کێشەکەیە و نفووزێکی زۆری لە نێو کۆمەڵگەی کورد لە تورکیەدا هەیە، نەگۆڕاوە. سەرەڕای ئەوەی هێنانە گۆڕی ئەو تێزە و کۆمەڵێک دیارە و هەنگاوی پێش ئەو تێزە دوای ئەو تێزەش دەتوانن بەرهەمی موسبەت و گونجاویان لێ بکەوێتەوە و پێویستە کەلکیان لێ وەربگیرێ، بەڵام تەنیا کاتێک تورکیە دەتوانێ ڕێگەچارەیەکی واقعی بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە کە دان بە بوعدی واقعیی مەسەلەکە کە بوعدی سیاسیی نەتەوایەتییە، دابنێ و دەرگاش بەڕووی سەرجەم هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورددا بکاتەوە و بە موخاتەب وەریان بگرێ.

## ئێران

### ١- هەلومەرجی سیاسیی وڵات:
### هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و ئاکامەکانی

پاش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی نۆیەم، ئاکامە مەترسیدارەکانی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆ خەڵکی ئێران ڕوون بۆوە. لە سیاسەتی ئەتۆمیی دەوڵەتی ئەحمەدینژادەوە (کە خەڵک ترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی نەخوازراوی لێ نیشتبوو) بگرە هەتا ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ و فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، خەڵکی گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە لانیکەم لە قۆناغەدا هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارانە بدەن هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی سەرکۆمارییان وەک دەرفەتێکی هەرچەند تەسک بۆ ئەو مەبەستە چاو لێکرد. وەک ئاماژەی پێ کرا لانیکەم لەو قۆناغەدا بە وەلانانی دەوڵەتی نیزامی - ئەمنیەتیی ئەحمەدینژاد و هاتنە سەرکاری کەسانێکی میانڕەوتر بە ڕادەیەکی هەرچەند کەمیش بێ لەو فشارانە کەم بکەنەوە. هەر بۆیە بینیمان خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بە بەراورد لەگەڵ هەموو هەڵبژاردنەکانی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، بەشدارییەکی بەرچاویان لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆککۆماریدا کرد.

بەڵام وەک خەڵکی ئێران و هەموو دنیاش بینیان کە ساختەکاری (تقلب) لە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا بە شێوەیەک بوو کە تەنانەت کەمتر نەیارێکی کۆماری ئیسلامی (بەوانەوە کە هەڵبژاردنەکانیشیان تەحریم کردبوو) پێش‌بینیی تا ئەو ڕادەیە ساختەکاری لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانیاندا دەکرد.

بەوە حاڵەشەوە لەسەر ئەو باوەڕەین کە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری و بەشداریی بەرچاوی خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا نە تەنیا بێ‌دەسکەوت نەبووە، بەڵکوو چەند دەسکەوتی گرینگی بۆ خەڵکی ئێران و لایەنگرانی دێموکراسی بە دواوە بوو، کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونە بکەین:

١) بێ‌گومان ئەو بەشدارییە بەرچاوەی خەڵک بوو کە لە دوای هەڵبژاردنەکاندا بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی گەورە لە ئێران کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. بەو واتایە کە ئەگەر خەڵک لە هەڵبژردندا بەشدارییان نەکردبایە، ساختەکاریی دەسەڵات زۆر دەرنەدەکەوت و خەڵکیش زۆر گرینگییان بە ئاکامەکەی نەدەدا.

٢) نەمانی هەرچیی زیاتری مەشرووعیەتی نیزام، هەڵوەرینی بەرچاو لە نێو لایەنگرانی کۆماری ئیسلامییدا لێ کەتەوە. بەشێک لەو خەڵکەی کە هێشتا باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی هەبوو و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بە مووسەوی و کەڕووبی دابوو، هەروەها بەشێک لەو لایەنگرانەی کە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نارەزایەتی، سەرکوتی وەحشییانەی خەڵکیان پێ تەحەممول نەدەکرا، نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامییان بۆ دەرکەوت و کەوتنە بەرەی دژی ڕێژیمەوە.

٣) گۆڕانی فیکری لە نێو بەشێکی بەرچاو لە ئێلیتەکانی ڕیفۆرمخواز و لایەنگرانی ئیسلاحاتدا پێک هات. بەشێکی بەرچاو لە ڕیفۆرمخوازان و لایەنگرەکانیان کە باوەڕیان وا بوو کە نیزام زەرفییەتی ڕیفۆرم و گۆڕانی تێدا بەدی دەکرێ، پێداچوونەوەیان بە بۆچوونەکانی خۆیاندا کرد.

٤) لە ئاستی دەرەوەشدا کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانی مەشرووعیەت بووە و پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک لاوازتر بووە.

٥) هیوا و هومێد بە نەمانی نیزامی دەسەڵاتدار لە نێو دڵی ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازان لە سەرانسەری ئێراندا بەهێز بووە، کە دەتوانین بڵێین گرنگترین دەسکەوتە.

وەک دەبینین سەرکوتی ئازادییەکان و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ، فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت لەچاو دەورەی نۆیەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی‌نژاد چەند قات زیادی کردوە.

### کێشەی نەتەوەکان لە ئێراندا

وەک ئاشکرایە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و زۆرینەی حەشیمەتی ئێران لە دانیشتووانی سەر بە نەتەوە ماف پێشێلکراوەکانی وەک کورد، لۆر، ئازەری، بەلووچ، عەرەب، تورکمان و ... پێک هاتوە. تا ئێستا نەتەنیا پرسی هیچ کام لە نەتەوە بندەستکان چارەسەر نەکراوە، بەڵکوو تێکڕای نەتەوەکان لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان بێ‌بەش کراون.

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی ئێدئۆلۆژیکی مەزهەبی لە پێوەندی لەگەڵ

پرسی نەتەوە بندەستەکان زۆر مەترسیدارتر لە ڕێژیمی پێشوو (پاشایەتی) بەڕێوە دەچێ. کۆماری ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو، پلانمەندتر و لە ئاستێکی بەربەڵاوتردا، سیاسەتی سەرکوت و ژینۆسایدی کولتووری و سیاسەتی تەحقیری نەتەوایەتی لە ئێراندا بەڕێوە دەبا. هاوکات وەک حکوومەتێکی مەزهەبی لە فاکتۆری «ئایینی»ـیش بۆ پێشبردنی سیاسەتەکانی خۆی دژبە نەتەوە جۆراوجۆرەکان کەلک وەردەگرێ. لەم ساڵانەی دواییدا کەلکوەرگرتن لە فاکتۆری ئایین دژبە نەتەوەکان یا بۆ ناکۆکی‌نانەوە لە نێوان نەتەوەکانی ئێران زیاتر بووە.

### لە کوردستان

ڕێژیم بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەوی نەتەوەیی، لە ئاست چالاکیی گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان چاوی نوقاندوە. لە کاتێکدا چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد سەبارەت بە سەفەرێکی چەند ڕۆژە بۆ دەرەوەی وڵات یان پێوەندییەکی تەلەفوونی لەگەڵ یەکێک لە ڕاگەیەنەکان، تاوانی جاسووسی و هاوکاری کردنی نەیاران و دوژمنانیان دەدرێتە پاڵ و حوکمی قورسیان بەسەردا دەسەپێندرێ، ڕێگە بە سەفەری کەسە توندڕەوە مەزهەبییەکان بۆ وڵاتانی ئەفغانستان و پاکستان و هتد دەدا، یا ڕێگرییەکی ئەوتۆ لەو کۆبوونەوە سیاسی - مەزهەبییانە لە مزگەوتەکانی کوردستان ناکا کە تێیاندا بێ‌ڕێزی بە پیرۆزییەکانی ئایینی شێعە دەکرێ و هەوڵی دروستکرنی ناکۆکی لە نێوان شێعە و سوننییان تێدا دەدرێ. دیارە زۆر جاریش هەر لە لایەن ئەو کەسانەوە و لەو کۆبوونەوانەدا هێرش دەکرێتە سەر حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسی و نەتەوەییەکانی کوردستان کە ئەمەش نیشان دەدا بۆچی کۆماری ئیسلامی مەیدان بە تێکۆشانی ئەم جۆرە گرووپانە دەدا. لە ناوچەکانی وەک کرماشان کە دانیشتووانیان بەسەر هەر دوو ئایینی سوننی و شێعەدا دابەش بوون، ڕێژیم هەر دوو لایەن بەدژی یەکتر هان دەدا تا پێش بە بەهێزبوونی گوتاری نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی لەو ناوچانەدا بگرێ. ئەوەش لە کاتێکدایە جگە لە پەیڕەوانی شێعە و سوننی، یارسانەکانیش کە لە کرماشان و ئیلام هەن کە لەگەڵ هەڵاواردنێکی ئاشکرا لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەتییەوە بەرەوڕوون و جگە لەوەی کە خەڵکی موسوڵمانی ناوچە بۆ دژایەتی و بوغزاندنی ئەوان هان دەدرێن، بە شێوەی جۆراوجۆریش گوشاریان دەخرێتە سەر بۆ ئەوەی دەست لە ئایینی خۆیان هەڵ بگرن و ببن بە موسوڵمانی شێعە مەزهەب.

### کوردەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کە باس لە کورد لە ئێراندا دەکرێ، زۆرتر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرنجی دەدرێتێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بە میلیۆن کورد لە ئێراندا دەژین کە کەوتوونە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەداخەوە لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە میدیای کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، زۆر بە دەگمەن باسیان دەکرێ. جگە لە شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چەند پارێزگە و چەندین شار و ناوچەی دیکە کە دەکەونە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کورد دەژین. هەر بۆ نموونە باکووری خوراسان، لەو شوێنانەیە کە ژمارەیەکی زۆر کوردیان لێیە. لەم ساڵانەی دواییدا،

زانیاری و ئاگایی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران لە بارەی یەکترەوە بەرەوژوور چووە. لە نێو کوردەکانی خوراسان و بەشەکانی دیکەی ئێراندا، جگە لەوەی ئۆگری نیشاندان بە پرسە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران و وڵاتانی ناوچەدا بەدی بەکرێ، دەرخستنی ناسنامەی نەتەوەیی و شانازی کردن بە زمان و کولتووری کوردی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە ڕوو لە گەشەیە. هەر لەو پێوەندییەدا بە تایبەتی لە خوراسان، کوردەکان بەرەوڕووی کۆمەڵێک هەڵاواردن و گوشار و ستەم لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتییەوە بوونەتەوە. دەست بەکار بوونی کۆمەڵێک ماڵپەر و وێبلاگی تاکەکەسی و گرووپی کە بابەتی پێوەندیدار بە ناودارانی کورد و چالاکیی کولتووری، ژینگە و جۆغرافیای هۆزە کوردەکان و بارودۆخی ئێستای کوردەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیان تێدا بەدی دەکرێ، بەشێکە لەم وریابوونەوە نەتەوەییە. بەداخەوە هێشا بزووتنەوی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەپرژاوەتە سەر بایەخ دان بەم کوردانە و حیزبەکان و میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەیانتوانیوە بیروڕای گشتی لەو ستەم و بێبەشی و هەڵاواردن و کێشانەی ئەوان لە شوێنی ژیانی خۆیان لەگەڵی بەرەوڕوون، ئاگادار بکەنەوە و پێوەندیی دوو لایەنە لە نێوان گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو خوشک و برایانەیان پێک بێنن. ئەم مەسەلەیە دەبێ لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرنگی و بایەخی تایبەتی پێ بدرێ و لە داهاتوودا کاری لەسەر بکرێ.

**لە بەلووچستان**

لەگەڵ ئەوەی بەلووچستان لە ڕووی ئابوورییەوە بێبەشترین ناوچەی ئێرانە و خەڵکی بەلووچ چ لە ڕووی نەتەوییەوە و چ لە ڕووی مەزهەبییەوە لە سەرەتاییترین ماف بێبەشن، بەڵام ڕێژیم هەوڵ دەدا لە سیاسەتی تەبلیغیی خۆیدا تەواوی گرفتەکان لە بوونی گرووپێکی توندڕەوی وەک جوندولڵادا کورت بکاتەوە و لە پاڵ ئەوەدا چالاکانی سیاسی و مەدەنی کە خوازیاری چارەسەری دێموکراتیکی کێشەی نەتەوەیی یا کۆتایی هاتن بە هەڵاواردنی ئابووری و مەزهەبین، یا هەر جۆرە ناڕەزایەتی و بەرهەڵستێکی دیکە بە توندی سەرکوت دەکا. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جار و هەر جارەی کۆمەڵێک لە بەرهەڵستکارانی بەلووچ، بە دوای ئەو تەقینەوانەی کە لە بەلووچستان و لەدژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوون، ئێعدام کراون و وا نیشان دراوە کە تەقینەوەکان کاری ئەوان بووە. بەڵام ئەوانەی کە ئێعدام کراون زۆر پێشتر لە تەقینەوەکان، لە زینداندا بوون. لە ڕاستییدا، کۆماری ئیسلامی، لە ئێعدام بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی ناڕازی کەلکی وەرگرتوە و لە جیاتی ئەوەی بۆ هۆیەکانی ناڕەزایەتیی خەڵک و پەنابردنی نەیارانی ئەو ڕێژیمە بۆ توند و تیژی بگەڕێ و لە هەوڵی چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی دروستدا بێ، بە سەرکوتی زیاتر وڵامیان دەداتەوە. کۆماری ئیسلامی کە بۆ خۆی پەرەپێدەری بێبەشیی ئابووری و فەرهەنگی لەم ناوچەیەیە، هەر بە سەپاندنی ستەمی نەتەوەیی وازی نەهێناوە و سیاسەتی هەڵاواردنی ئایینییشی لەدژی زۆرایەتیی دانیشتووانی بەلووچستان کە سوننی مەزهەبن بەڕێوە بردوە و زۆربەی پۆستە کلیدییەکانی ئەو ناوچەیەی بە شێعە مەزهەبەکان سپاردوە. بەم جۆرە

خودی ڕێژیم لە وەڕێخستنی توندوتیژیی ئایینیی لەوێ بەرپرسە. بەڵام لە جیاتی دەست هەڵگرتن لەو سیاسەتە مەحکوومە، بە ئێعدامی بەکۆمەڵی بەرهەڵستکارانی بەلووچ، دەیەوێ هێمنی بگەڕێنێتەوە ناوچەکە!

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیم لە بوونی گرووپە توندەڕەوە مەزهەبییەکان لە ناوچە و نیشتمانی نەتەوە زۆرلێکراوەکاندا بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەلک وەردەگرێ و هەوڵی زەقکردنەوەیان دەدا تا لەو ڕێگەیەوە سەرپۆش لەسەر کێشە سەرەکییەکان دابنێ و پرسی ئەو نەتەوانە لە بیر بچنەوە.

## لە خووزستان و ناوچە عەرەبنشینەکانی دیکەدا

لە ماوەی دەیەی ١٣٨٠دا وشیاریی نەتەوەیی بەرز بۆتەوە و چەندین جار خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینی جەماوەری لە پێناوی دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی عەرەبدا بەڕێوە چووە. دوایین نموونە ئەو خۆپیشاندانە بوو کە هاوکات و لەژێر کارتێکەریی ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی، لە ئەهواز بەڕێوە چوو و لە لایەن ڕێژیمەوە بە توندی سەرکوت کرا.

پێ بە پێی بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی و گەشەسەندنی خەباتی مافخوزانەی گەلی عەرەب، ئاستی سەرکوت و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە خووزستان زیادی کردوە و لەم ساڵانەی دواییدا بە چەندین جار چالاکانی سیاسی بەکۆمەڵ ئێعدام کراون. بداخەوە ئێعدامی چالاکانی خووزستانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە خووزستان لە میدیاکانی ئێران (میدیاکانی ئۆپۆزیسیۆن) و لە نێو ڕای گشتییدا، گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. وێدەچێ ئەم گرنگی پێنەدانە بۆ هەڵکەوتی ئابووری و سیاسیی خووزستان بگەڕێتەوە کە بە هۆی هەڵکەوتنی سەرچاوەی نەوت لەوێ، پڕداهاتترین ناوچەی ئێرانە. جگە لەوەی بەشی هەرە زۆری نەوت و گازی ئێران لە خووزستان بەرهەم دێ، لە ڕووی کشتوکاڵییشەوە خاکی خووزستان بایەخی تایبەتی هەیە.

سەرەڕای ئەم دەوڵەمەندییەی خووزستان، بە هۆی سیاسەتی هەڵاواردن، خەڵکی خووزستان لە بارودۆخی خراپدا بەسەر دەبەن و خووزستان لە ناوچە بێبەشەکانی ئێرانە. دیارە ئەم بێبەش ڕاگرتن و سیاسەتی هەڵاواردنە لە ماوەی ڕابردوودا کاریگەریی زۆری لەسەر بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی گەلی عەرەب و ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران داناوە.

## لە ئازەربایجان و بە تایبەت گەورە شاری تەورێز

هەستی نەتەوەیی تورکەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە گەشەسەندندایە کە تا ئێستا لە شکڵ و شێوەی جیاوازدا و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە خۆی دەرخستوە. چالاکانی شوناسخواز (هویتطلب)ی ئازەربایجان کە زیاتر لە توێژی لاوان و ڕووناکبیران پێک دێن لە لایەن ڕێژیمەوە لەژێر فشاردان و لەم ساڵانەی دواییدا زۆریان دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندان کراون. بە هۆی تایبەتمەندیی ئازەربایجان (وەک ڕێژەی زۆری حەشیمەت، هاومەزهەب بوون لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست، بوونی چەندین شاری گەورە لە ئازەربایجان و بوونی

ڕێژەیەکی زۆری حەشیمەتی تورک لە تاران، نفووزی ئابووری و سیاسیی تورکەکان و ...) هەست بەوە دەکرێ کە ڕێژیم زۆر بەپارێزەوە لەگەڵ چالاکانی سیاسی و نەتەوەخوازانی ئازەربایجانییدا هەڵسوکەوت دەکا. لە ترسی سەرهەڵدانی جەماوەری و ورووژاندنی هەستی نەتەوەیی، ڕێژیم ئەم ئاستە لە سەرکوتی چالاکان و تێکۆشەرانی سیاسیی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران لە ئازەربایجان بەکار ناهێنێ.

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی دیکە، سیاسەتێکی ئاژاوەگێڕانەی ئامانجدارە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بە هۆی مۆرەکانی خۆیان لە نێو تورکەکاندا، لە دژی کوردان بەڕێوەی دەبەن. لە حاڵێکدا لە تەورێز و شارەکانی دیکە، چالاکانی نەتەوەخوازی تورک، سەبارەت بە هەوڵدان بۆ مافە نەتەوییەکانیان دەخرێنە زیندان، لەو شار و ناوچانە کە کورد و تورک لە دراوسێیەتیی یەکتردا دەژین، هەندێک کاربەدەست و مۆرەی تورکی ڕێژیم، لە ڕواڵەتێکی نەتەوەخوازانەدا و بە پشتیوانیی دەسەڵات، دژایەتیی کوردان دەکەن. ئاشکرایە ئەم جۆرە هەوڵانە بۆ دورستکردنی دووبەرەکی لە نێوان دوو گەلی کورد و ئازەربایجانیی‌دان، کە پێویستە هەم تێکۆشەرانی ئەو گەلە ڕێگە نەدەن کەسانێک لەسەر حیسابی نەتەوەخوازیی ئەوان، دژایەتیی کورد بکەن، هەم ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی کورد، دەبێ حیسابی ئەو جۆرە کەسانە لەخەڵکی ئازەربایجان جیا بکەنەوە و بەم جۆرە نەهێڵن پیلانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سەر بگرێ.

بە گشتی بارودۆخی خەباتی نەتەوەخوازی لە نێو نەتەوەکانی ئێران بە چەشنێکە کە کورد بە گشتی و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەو دوا دەبێ بە گرنگی پێدانی زیاترەوە بۆ ئەم بابەتە بڕوانن. حیزبی ئێمە دەبێ هەوڵ بدا بە گرتنەبەری سیاسەتێکی ژیرانە و بە دیتنەوەی ڕێگای نوێ و کاناڵی نوێ بۆ پێوەندی گرتن بە ڕێکخراوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و تێکۆشەرانی خەباتی نەتەوەیی لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا، کاریگەریی خۆی لەسەر بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوەخوازی لە ئێراندا دابنێ.

**دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و ئاکامەکانی**

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە دەستی لە کاروباری وڵاتانی دیکە وەرداوە و ئەم سیاسەتەش لەم دواییانەدا لەگەڵ دژکردەوەی توندی وڵاتان ڕووبەڕوو بۆتەوە. لەم دواییانەدا لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شاهیدی یەکگرتوویەکی عەرەبی لە بەرامبەر ئێراندایـن. ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی بە گرینگییەکی تایبەتەوە بۆ ڕۆڵی نێگەتیڤ و ئاژاوەگێڕانەی ئێران لە ناوچەکەدا دەڕوانن. دەرکەوتنی هێندێک نیشانە و زانیاری لە دەخالەتی ڕێژیمی ئێران لە بەرزترین ئاستدا لە تیرۆری ڕەفیق حەریری سەرۆک وەزیری پێشووی لوبنان بۆ دادگای نێونەتەوەیی پەروەندی ئەم تیرۆرە، چەند جار دەستبەسەرداگیرانی چەکوچۆڵی نێردراو لە لایەن کۆماری ئیسلامی بۆ تاقم و گرووپەکانی سەر بەو ڕێژیمە لە وڵاتانی دیکە، ئاشکرابوونی بەشداریی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شارەکانی سووریەدا و زۆر نموونەی دیکە لە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی عەرەبیی ناوچە، نیگەرانی و توورەیی خەڵکی ئەو وڵاتانەی بەرامبەر

ئێران پتر کردوە. هەروها گوتاری پڕ لە پارادۆکسی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ شەپۆلی نارەزایەتییەکانی وڵاتانی عەرەبی (بەهاری عەرەبی)یدا، سیمای کۆماری ئیسلامی لە نێو ڕای گشتیی وڵاتانی عەرەبییدا زیاتر ناحەز کردوە. ئەمریکا و ڕۆژئاوا کە بە گرنگییەکی تایبەتەوە بۆ گۆڕانەکانی ناوچەکە دەڕوانن، زیاتر لە جاران نیگەرانی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامین. بەردەوامبوونی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو سیاسەتانەی یەکێک لەو هۆکارانەیە کە دەتوانن ئەو ڕێژیمە لە داهاتوودا تووشی گرفتی جیددی بکەن.

## کێشەی ناوکیی ئێران

بە ڕوونبوونەوەی زیاتری نیازی ڕاستەقینەی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران لە دوو ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی کە پێشتر بۆ هێندێک خەڵک وەک غرووورێکی نیشتمانی سەیر دەکرا، ئەو سەرنجڕاکێشییەی نەماوە و جێگای خۆی داوە بە نیگەرانی. ئێستا زۆرینەی خەڵک لە ئاکامە مەترسیدارەکانی سیاسەتی ئەتۆمیی ئێران تێ گەیشتوون و دەزانن سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە تێچوویەکی زۆریان هەیە، لە باری سیاسی و ئەمنیەتییەوە، مایەی دەردەسەرین. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، هیچ ڕوون نییە ئەگەر نیازی ئاشتیخوازانەیان لە پشتە، بەو ئیمکانات و تێکنۆلۆژییە کە ئەو ڕێژیمە هەیەتی، ئایا هیچ گەرەنتییەک هەیە کە کارەساتی وەک چێرنۆبیل و فۆکۆشیمایان لێ نەکەوێتەوە؟ هەر لە جێدا ئەو بەرنامانە، کەنگێ بەرهەم دەدەن و خەڵک خێروبێرەکەیان دەبینێ؟! لە دوای کارەساتی فۆکۆشیما، خەڵک زیاتر لە جاران نیگەرانی بەرنامە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامین و هیچ متمانەیان بە وتەکانی ئەحمەدی‌نژاد و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نییە کە بۆ ڕەوانەدانەوەی نیگەرانیی خەڵک و وەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵک بۆ بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتەکانیان، ڕادەگەیەنن کە ئەمنیەتی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران زۆر لە ئەمنیەتی بنکەکانی ژاپۆن و وڵاتانی دیکە لە سەرترە.

ئەوەی ئێستا گرینگە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش گرنگیی پێ دەدا ئەوەیە کە سیاسەتی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتیشدا کڕیارێکی ئەوتۆی نییە و تەنانەت زۆرینەی خەڵکی ئێران وێڕای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نیگەرانی بەرنامەی ناوکی لە لایەن دەسەڵات و ڕێژیمێکی نابەپەرس بەرامبەر خەڵکەوەن. هەر بۆیەش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ پێشگرتن بە کۆماری ئیسلامی لە جاران دەست ئاواڵەتر بووە.

پاش بەهێزتر بوونی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، زۆرینەی خەڵکی ئێران زیاتر لە جاران گرنگی بە پرسەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەدەن و لە بەرامبەریشدا بەخۆشییەوە هەست بەوە دەکرێ کە ڕۆژئاواش پێداچوونەوەی بە سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر ئێراندا کردوە و لە سیاسەتی دەرەوەیان و لە ڕەوتی گوشار هێنان بۆ سەر ڕێژیمی ئێراندا هەر خۆیان بە پرسی ئەتۆمی نەبەستۆتەوە و گرنگی بە پرسی مافی مرۆڤ و دێموکراسییش دەدەن. ئەم گۆڕینی ڕوانگەیەیش بە قازانجی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێرانە.

## ٢- بارودۆخی ئابووری

### دابەزینی ئاستی گەشەسەندنی ئابووری

ئەگەرچی لە سەردەمی دەوڵەتی نۆیەمدا، بەچەند هۆکاری وەک؛ ١- گەشەسەندنی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و چین و هیندوستان و پێویستیی زیاتری ئەو وڵاتانە بە نەوت، ٢- بەرزبوونەوەی نرخی یۆرۆ لە بەرامبەر دۆلاردا، ٣- پەرەسەندنی نائەمنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەم دواییانەشدا سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئازادیخوازانە لە وڵاتانی عەرەبی، ٤- قەیرانی جیهانیی ئابووری و ... نرخی نەوت بەردەوام و (بە تایبەت لە چەند قۆناغدا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر) بەرز بۆوە و ئێران داهاتێکی نەوتیی زۆری وەگیر کەوت، بەڵام ئەو داهاتە زۆرە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی ئابوورییەوە نەتەنیا بە قازانج بەڵکوو بە زەرەری ئابووریی ئێران شکایەوە.

لە ڕووی گەشەسەندنی ئابووریشەوە، لە چەندساڵی ڕابردوودا سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ئابووریی ئێران بەردەوام ڕووی لە دابەزین کردوە. دابەزینی ئاستی گەشەسەندنی ئابووری بەپێچەوانەی بانگەشە درۆیەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکە کە بانکی ناوەندی بەپێچەوانەی هەموو کات، لە ساڵی ١٣٨٧ بە دواوە ئامادە نەبووە ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووریی ئاشکرا بکا و ئەوەش ئەو ڕاستییە دەردەخا کە سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد (کە بەردەوام دروشمی بریقەداری سەرکەوتنی گەورە دەدا) تا چ ڕادەیەک لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووە. بە پێی لێکدانەوەی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٨ (١٪)، ٢٠٠٩ (٠١٪)، ٢٠١٠ (کەمتر لە ١٪) بووە و بۆ ساڵی ٢٠١١ش (٠٪)ی پێشبینی کردوە. هەر ئەو دامەزراوە نێونەتەوەییە هەڵاوسانی ئابووری بۆ ساڵی ٢٠١١، ٢٢/٥٪ پێشبینی کردوە. بەم پێیە ئێران لە نێو ٢٠ وڵاتی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەمترین ئاستی گەشە و زیاترین ئاستی هەڵاوسانی ئابووریی هەیە.

### ئامانجدارکردنی یارانەکان

ئامانجدارکردنی یارانەکان، یەکێک لە گەورەترین پرۆژە ئابوورییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە و لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، جێگای باس و موناقشەی دەوڵەتە جۆراجۆرەکانی ئێران بووە. بەڵام بە هۆی ترس لە کاردانەوەکان، هیچ کام لەو دەوڵەتانە خۆیان لە قەرەی جێبەجێکردنی نەدا. زۆربەی ئابووریناسان لەگەڵ خود (ذات)ی ئامانجدارکردنی یارانەکاندا هیچ دژایەتییەکیان نییە و بە شتێکی پێویستی دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەو گەڵاڵەیەی کە ئێستا کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، دژایەتی دەکەن و بە گەڵاڵەیەکی مەترسیداری دەزانن.

بە بڕوای پسپۆڕان و خاوەنڕایان دەبوایە لە داڕشتنی گەڵاڵەیکی ئابووریی وەها گەورەدا بە شێوەیەکی زانستی، توانا ئابووری و ئینسانییەکان و زەرفییەتە سیاسییەکان لە بەرچاو گیرابان و تێبینیی سیاسی و بەرژەوەندیی جیناحییان تێدا ڕەچاو نەکرابا. ئامانجدارکردنی یارانەکان ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی گەڵاڵە کرابا و لە بەستێنێکی لەباردا بەڕێوە چووبایە دەیتوانی لە ڕێگەی «صرفەجویی» لە ئێنێرژی و سەرمایەدا و هاندانی خەڵک بۆ کارکردن و ... یارمەتی بە گەشە کردن و پەرەسەندنی ئابووری بکا.

سەرکەوتنی وەها پرۆژەیەک پێویستیی بە چەند مەرجی سەرەکیی سیاسی و ئابووری هەیە و ئەگەر ئەو مەرجانە ئامادە نەبن، قەیرانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. ئەو مەرجانە بریتین لە:

١- کرانەوەی سیاسی: کرانەوەی سیاسی، سەقامگیریی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتدا بە دوای خۆیدا دێنێ و متمانەی خەڵک بە دەوڵەت زیاد دەکا. خەڵک دەبێ متمانەیان بە دەوڵەت هەبێ و بە پرۆسەی سیاسی هیوادار بن تا لەم دۆخەدا توانای تەجروبە کردنی قورساییەکانی قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی پرۆژەکەیان هەبێ. هەروەها کرانەوەی سیاسی، سەقامگیریی سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە دوای خۆیدا دێنێ و ئەم سەقامگیرییەش لە ئەگەری ڕەچاو کردنی سیاسەتێکی دروستدا، وەبەرهێنانی دەرەکی ڕادەکێشێ.

٢- ڕێککەوتنی ڕەزایەتی گشتیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی لەسەر بێ.

٣- هەنگاو بەهەنگاو و بەرەبەرە جێبەجێ بکرێ، تا لە لایەکەوە فشار بۆ خەڵک ئەوندە زۆر نەبێ کە توانای تەحەممول کردنیان نەبێ و ناڕەزایتی گشتیی لێ بکەوێتەوە و پەکی پرۆژەکە بکەوێ و هەروەها لە لایەکی دیکەوە فشاریش بۆ بەشی بەرهەمهێنەران نەیە کە بە هۆی بێتوانایی لە دابینکردنی مەوادی خاو پێدانی مووچە و حەقدەستی کرێکاران و پەیدا کردنی بازاڕ بۆ فرۆشی بەرهەمەکانیان تووشی وەرشکستبوون بێن.

٤- لە بارودۆخێکدا دەست بە جێبەجێ کرانی بکرێ کە گەشەکردنی ئابووری ڕەوتێکی ئاسایی دەپێوێ یا لە ئاستێکی بەرزدا بێ، نەک لە وەزعێکی وەک ئێستادا کە گەشەی ئابووری لە ئاستی (٠٪)دایە.

٥- کەرتی تایبەت لە ئاستێکی بەهێزدا بێ و ئەگەر ئەوەندش بەهێز نییە، دەوڵەت ئەوەندە لە توانا و بەرنامەیدا هەبێ کە ئەو بەشە لە کاتی بەر لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکە، بەهێزتر بکا.

٦- ئینزباتی ماڵیی هەبێ و چالاکییە ئابوورییەکان یاسامەند بکرێن. ئابووریی ڕانتی و گەندەڵیی ئابووری ڕیشەکێش کرابن، نەک وەک ئێستا کە ٥٠٪ی سەرمایەی ئێران لە دەستی بەیتی ڕێبەری و دامەزراوەکانی سەر بەو دەزگایەدان.

٧- بێکاری و هەڵاوسانی ئابووری لە ئاستی مەترسیداردا نەبن.

بە سەیر کردنی ئەو مەرجانەی سەرەوە دەبینین بارودۆخی ئابووریی سیاسیی ئێستای ئێران بە چەشنێکە کە هیچ کام لەو مەرجانەی تێدا بەدی ناکرێ. هەر بۆیە دەبینین لەو کاتەوە کە گەڵاڵەکە کەوتۆتە بواری جیبەجێ کردنەوە، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر کێشەکان دەر دەکەون و بە هۆی هەڵاوسان گرانیی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک، ناکامییەکانی ئەو پرۆژەیە جاربەجار زیاتر دەر دەکەون و گوشارەکانیش بۆ سەر خەڵک زیاتر دەبن. بۆیە سروشتییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بە هۆی گوشارێکی ئابووریی کەموێنەوە، چاوەڕوانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی لە ئێراندا بین.

**ئابلۆقە ئابوورییەکان**

ئەگەرچی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام ڕادەگەیەنن کە لە ئابلۆقە ئابوورییەکان ناترسن و هیچ کاریگەرییەک لەسەر کۆمەڵگەی ئێران دانانێن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئابلۆقەکان کاریگەریی خۆیان لەسەر ئابووریی ئێران داناوە و بە تایبەت لە ساڵی ١٣٨٩دا کاریگەریی ئەو ئابلۆقانە بە تەواوی دەرکەوت. پێشبینی دەکرێ کە لە ساڵی ١٣٩٠دا لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی بەرنامەی ئامانجدارکردنی یارانەکاندا، کاریگەریی ئابلۆقەکان زیاتریش دەر بکەوێ.

لە ئاکامدا دۆخی ئابووریی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرەو خراپی دەچێ و کۆماری ئیسلامییش بە هۆی گەندەڵی، ئابووریی ڕانتی، سیاسەتداڕێژی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی جیناحی، زاڵبوونی مافیای ئابووری، کێشەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە و ... توانای چارەسەر کردن و باشتر کردنی دۆخی ئابووریی نییە.

ئەگەر خەڵکەکە بتوانن نەبوونی ئازادیی سیاسی و سیستمی دیکتاتۆری و ...، لەبەر سیاسەتی سەرکوت بۆ ماوەیەکی زۆر تەحەممول بکەن، بەڵام ئاستی تەحەممول کردنی هەژاری و برسێتی زۆر کەمە. بۆیە لە وەها دۆخێکدا ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەمەو بەدوا دەبێ گرنگییەکی تایبەت بە بابەتی ئابووری و هەوڵی ڕێکخستنی کرێکاران، بێکاران و خەڵکی هەژار بدەن. دەکرێ بڵێین یەکێک لە ڕەخنە جیددییەکان لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران (سەوز) لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئەوەیە کە گرنگییان بە ڕادەی پێویست بەو بابەتە نەداوە و ڕێکخستنی کرێکاران، بێکاران و هەژارانی ئێرانیان کە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵی ئێران پێک دێنن پشتگوێ خستوە.

**٣- سیاسەتە فەرهەنگی و پەروەردەییەکانی کۆماری ئیسلامی**

**گوشار و بەربەستی زیاتر لە گۆڕەیانی فەرهەنگییدا**

ئەگەرچی لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی فەرهەنگیی کۆماری ئیسلامی -کە لە بیروبۆچوونی ئایەتوڵڵا خومەینییەوە سەرچاوەیان گرتوە- گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتوە، بەڵام لە سەردەمی دەوڵەتە جیاجیاکاندا کەم و زۆریی فشارەکان بۆ سەر جیابیران جیاواز بووە. لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلاحاتدا فشارەکان تا ڕادەیەک کەم بوونەوە. لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاددا جارێکی دیکە سەرکوتی فەرهەنگی بە توندی دەستی پێکردەوە. ئەحمەدینژاد بە دروشمی «گەڕانەوە بۆ دەورانی زێڕینی شۆڕش» واتە سەردەمی خومەینی و هەروەها بە هێرشکردن بۆسەر سیاسەتە فەرهەنگییەکانی دەوڵەتی ئیسلاحات، دەست بە کار بوو. هەر لە سەرەتاوە فشارێکی زۆری خستە سەر چاپەمەنییەکان و زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە سەربەخۆ و نیوەسەربەخۆکانی داخست و قۆناغێکی دیکە لە دەستبەسەر کردن و دادگایی کرانی ڕۆژنامەنووسان دەستی پێکرد. سانسۆری کتێب و بڵاوکراوەکان بە ڕادەیەک پەرەی ئەستاند کە بە باوەڕی زۆربەی ڕۆشنبیران تەنانەت لە ساڵانی دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوییشدا بەو شێوە نەبوو، بە چەشنێک کە بەشێکی بەرچاو لەو کتێبانەی کە لە دەوارنی خاتەمییدا مۆڵەتی چاپیان پێ درابوو، مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی دووبارەیان پێ نەدراوەتەوە. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب داخراون. سانسۆر بە ئاستێک گەیشتوە کە ڕۆشنبیران

و نووسەران، دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد بە دەوڵەتی کتێب سووتێن ناو دەبەن، دەستەواژەیەک کە لە مێژووی ئێراندا بۆ مەغوولەکان بە کار براوە.
هاوکات مامۆستایانی جیابیری زانکۆ بە بیانووی جۆراوجۆر لە زانکۆکان دەرکران و یان بە زۆر خانەنشین کراون. گوشار بۆسەر مامۆستایانی زانکۆ، ڕۆژنامەنووسان هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بە ڕادەیەکە کە کۆچکردنی ئەو توێژانە بۆ دەرەوەی وڵات نە تەنیا لەگەڵ ساڵانی سەرەتای شۆڕش بەراورد دەکرێ، بەڵکوو زۆر لەو سەردەمەش زیاترە.
بە شێوەیەکی چڕوپڕ و سیستماتیک بە ناوی کاری فەرهەنگی لە نێو توێژە نەخوێندەوارەکان و خەڵکی دێهات و هەروەها گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکاندا هەوڵی پەرەپێدانی فەرهەنگی خورافی مەهدەوییەت دەدەن. ئێستا بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە وەک دروستکردنی فیلم و بڵاوکردنەوی بەخۆڕایی لە نێو خەڵکدا، لە نێو مزگەوتەکان و «حسینیه»کان، باس لە سەرهەڵدانی بەزوویی ئیمامی زەمان دەکەن، بە چەشنێک کە تەنانەت زۆر لە بەساڵاچووەکانیش لەوانەیە ئیمامی زەمان ببینن و خامنەیی و ئەحمەدی‌نژادیش بە نیشانەکانی سەرهەڵدانی ئیمامی زەمان دەناسێنن.

**پەروەردەی ئیدئۆلۆژیك**

دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرنامەیەکی چڕوپڕی پەروەردەییان دەست پێکردوە کە لە قۆناغی سەرەتایی تا خوێندنی باڵا دەگرێتەوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم بەرنامەیە هەوڵدان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکە کە تیۆریسیەنەکانی سپای پاسداران ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا دەبینن. فەرماندە و بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی سپا بە تایبەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە لێدوانەکانیاندا بە ئاشکرا باس لە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی منداڵان و مێرمنداڵان و لاوان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش بە دەیان بنکە و دامەزراوەیان بە تایبەت لە شارە مەزهەبییەکاندا دامەزراندوە. بەپێی ئامارەکانی دەوڵەت، لە ساڵی ١٣٨٩دا تەنیا لە تاران ٤٠٠٠ ئاخوندیان لەژێر ناوی «ئەفسەرانی شەڕی نەرم» لە قوتابخانەکاندا دامەزراندوە کە لە حەوتوودا یەک تا دوو جەلەسە قسە بۆ قوتابییانی سەرەتایی، ناوەندی و داواناوەندی دەکەن. ئەفسەرانی شەڕی نەرم تەنانەت لە دایەنگە (مهد کودک)یشدا چالاکن و هەر لەو قۆناغەوە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک دەست پێدەکەن. ئەوان نایشارنەوە کە هەر لەو قۆناغەوە فیداییانی ئیمامی زەمان پەروەردە دەکەن.
ئەم هەوڵانە هەموو بەشێکن لە پرۆژەیەکی گەورەتر کە تەنانەت لە لایەن هێندێک لە کاربەدەستانیشەوە «شۆڕشی فەرهەنگیی دووهەم»ی پێ دەگوترێ کە لە پەروەردەی منداڵانی دایەنگەوە تا دژایەتیی زانستە مرۆییەکان و ئیسلامیکردنی زانکۆکان و خۆماڵیکردنی زانستە مرۆییەکان لەخۆ دەگرێ و مەبەستی سەرەکییش لەم سیاسەتەدا، ئامادەکردنی هێزی ئینسانی و پەروەردەکردنی تیرۆریست بۆ داهاتوویە. ئەگینا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، خۆیان دەزانن سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیەی کە پێی دەڵێن شۆڕشی فەرهەنگیی دووهەم، کارێکی نزیک بە مەحاڵە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش تەنانەت ئەگەر ئەم سیاسەتە فەرهەنگییەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستێکی زۆر بچووکیشدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، دیسان مەترسیی

گەورەیە بۆ داهاتوو و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی، لە داوی کۆماری ئیسلامییش هەر دەمێنێ.

### سیاسەتە فەرهەنگییەکانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت نەتەوە بندەستەکان

کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی بانگەشەی ئیسلامەتی و ئۆممەتی واحیدە دەکا و بە ڕواڵەت دژی سیاسەتی نەتەوەگەراییە، بەڵام سیاسەتە فەرهەنگییەکانی بە نیسبەت نەتەوە بندەستەکانەوە درێژەی هەمان سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتین و لەسەر بنەمای ئاسیمیلەکردن و تەحقیری ئەو نەتەوانە داڕێژراون. سیاسەتی سووکایەتی بە نەتەوەکان لەسەر هەر دوو ئاستی فەرمی و نافەرمی بە توندی بەڕێوە دەچێ. لە ئاستی فەرمییدا واتە لە نێو ڕاگەیەنەکان و سینەمادا و بە تایبەتی لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییدا لە ڕێگەی زنجیرە تەلەڤیزیۆنییەکان و بەرنامەی جۆراوجۆری دیکەوە فەرهەنگی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە داوکەوتوو نیشان دەدرێ و گاڵتە بە زمان زاراوەکانی ئەو نەتەوانە دەکرێ. لەسەر ئاستی نافەرمییش لە ڕێگای هاندانی نوکتە و قسەی گاڵتەئامێز بۆ هەمان مەبەست هەوڵ دەدرێ. ئەم سیاسەتە لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا بە تایبەت بە نیسبەت کوردەوە خەستتر بۆتەوە.

هەروەها ئەو ژمارە کەمە لەو بلاڤۆکانەی کە لە سەردەمی ئیسلاحاتدا بە زمانی نەتەوەکان مۆڵەتی بڵاوبوونەوەیان پێ درابوو و لە سنوورێکی بەرتەسکدا و بە کۆمەڵێک گیر و گرفتەوە بڵاو دەبوونەوە، لە سەردەمی ئەحمەدینژاد و بە تایبەت لە چەند ساڵی دواییدا بەهۆی هەڕەشەی ناوەندە ئەمنییەتییەکان و یان بە هۆی خراپیی باری داراییەوە داخران. چالاکانی فەرهەنگیی سەر بە نەتەوە بندەستەکان چەندین قات زیاتر لەژێر فشار و هەڕەشەدان و بەشی زۆری ئەو چالاکانە پاش ماوەیەک کار و تێکۆشان ناچار دەبن بەرەو تاراوگە کۆچ بکەن. هەر لەم چەند ساڵەی دواییدا، زۆر لەو کەسانەی کاری فەرهەنگی و ڕۆژنامەنووسییان لە کوردستان دەکرد و ڕووناکبیری خاوەن هەڵوێست بوون، لەژێر هەڕەشە و گوشاری بەردەوامدا ناچار بوون ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵن.

یەکێک لە سیاسەتە هەرە شۆڤێنی و زیانبارەکانی کۆماری ئیسلامی دژبە نەتەوە نافارسەکانی ئێران بێبەش هێشتنەوەی ئەو نەتەوانە لە خوێندن بە زمانی خۆیانە. لەگەڵ ئەوەی نزیکەی ٣٠ ساڵە لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا، هاتوە کە خوێندن بە «زمانە قەومی و محەللییەکان» لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە، بەڵام تا ئێستا نەک هەر هیچ هەنگاوێک بۆ ئەوەی نەتەوە نافارسەکانی ئێران بە زمانی خۆیان بخوێنن، هەڵ نەگیراوە، بەڵکوو بە توندی دژایەتیی ئەو هەوڵانە دەکرێ کە داواکاری خوێندن بە زمانی زگماکین و زۆر لە چالاکانی مەدەنی و کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران کە کەمپەین و حەرەکەتێکیان بۆ ئەم مەبەستە وەڕێ خستوە، لەگەڵ گوشار و ڕاوەدوونان و لێپرسینەوە و سزای دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو بوون. بەردەوامیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر دژایەتیی ئەم مافە سەرەتاییەی هاونیشتمانانی نافارسی ئێران لە حاڵێکدایە کە زیانەکانی بێبەشیی منداڵانی ئەو نەتەوانە لە خوێندن بە زمانی خۆیان و کاریگەریی خراپی لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن تەنانەت لە کاربەدەستانی پەروەردە و فێرکردنی خودی ڕێژیمیش ئاشکرایە و زۆر جار لەم پێوەندییەدا بیلان و ئامار و زانیاریی سەرنجڕاکێش

بڵاو دەکرێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەو ڕاستییە وەبیر بێنینەوە کە بەرامبەر بەو سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان ئەگەرچی هێندێک لە ڕووی فەرهەنگییەوە هەوڵیان داوە، بەڵام بە گشتی لەم بوارەدا لاواز جووڵاونەتەوە و پێویستە بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو سیاسەتانەی ڕێژیم، لە داهاتوودا بە پێی توانایان و بە پێی پلانێکی تۆکمە و هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتری، قەرەبووی ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی سیاسەتی تەحقیری فەرهەنگیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بکەنەوە.

## ٤- بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا

بە پێی ئامار و زانیارییەکانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، ئێران لە ڕووی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە بەردەوام لە ڕیزی چەند وڵاتی یەکەمی جیهانە و لەم ساڵانەی دواییدا، پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار.

بەم هۆیەوە کە لە ئێران کۆسپی گەورە لە بەردەم ڕێکخراوەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ و هەروەها مافی دەستپێڕاگەیشتنی ئازادانە بە زانیاری نییە و هەوڵدان بۆ لەقاو دان و ئاشکراکردنی پێشێلکردنەکان لە چوارچێوەیەکی ئەمنیەتییدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ، ئەو زانیاری و ئامارانەی کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ساڵانە و مانگانە بڵاوی دەکەنەوە تەنیا بەشێکی ئەو پێشێلکردنانە لەخۆ دەگرن کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن.

ئەوە کە دەگوترێ، ڕادەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران تا دێ پەرە دەستێنێ، تەنیا دروشم نییە و بە چاوخشاندنێک بە بەڵگە و زانیارییەکانی ڕێکخراوە باوەڕپێکراوەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆن بە تایبەت لە ٢ ساڵی ڕابردوودا، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی گرتوە. لەم دوو ساڵەدا نەک هەر لە باری چەندایەتییەوە، بەڵکوو لە بواری چۆنایەتییشەوە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ زیادی کردوە. واتە جگە لەوەی کە نموونەکانی گرتن و سزادان و کوشتن و ئێعدامی ناڕازییان و گوشار بۆسەر کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان یەکجار زۆر بەرەوژوور چوون، جۆری ئەو ڕەفتارە سەرکوتکەرانەیەش کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆپیشاندانی خەڵک، یا لەگەڵ گیراوەکان لە نێو بەندیخانەکاندا کراون، دڵتەزێنتر و وەحشییانەتر بوون. چەندین نموونە دەستدرێژی تەنانەت بۆسەر بەندییە پیاوەکان، کوشتنی دەسبەسەرکراوەکان لەژێر دڕندانەترین جۆری ئەشکەنجەکان، کە کۆماری ئیسلامی ڕسواییەکی گەورە بە ناوی گرتووخانەی کەهریزەکی لێ کەوتەوە، لە نموونەکانی گۆڕانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕووی چۆنییەوەن. هەر بۆیە ئەو جۆرە پێشێلکردنانە، دەچنە خانەی تاوان دژی مرۆڤایەتی. دیارە ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەربەستی نێودەوڵەتی لەسەر نەبێ، بە پێی سروشتی ئەو ڕێژیمە و ئەزموونی سیستمە دیکتاتۆرەکان، دەبێ چاوەڕوان بین کە لە داهاتوودا پێ بە پێی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان و بەهێزتر بوونی خەباتی ئازادیخوازانە، ئاستی پێشێلکردنەکان بەرەوژوورتر بچێ.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی زۆربوونی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لەم ٣ ساڵەی دواییدا چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی کوردستان، پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان و بەهێز بوونی خەباتی ئازادیخوازانە و دێموکراسیخوازانەی خەڵکە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بە

پێی ئامارەکان، زیاترین پێشێلکردنەکان لە ناوەند (تاران و دەوروبەر) و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراون، ئەوەش بەهێز بوونی خەبات و بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لەو دوو شوێنە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەسەلمێنن.

بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام لە سێ ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی مەترسیدار لە چاو ساڵانی پێشتر زیادی کردوە. لە دوای کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە ساڵی ١٣٦٧ـدا، زۆرترین ژمارە (لانیکەم ٥٤٦ کەس لە ساڵی ١٣٨٩دا) بە تاوانی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێعدام کراون، بە چەشنێک کە بە پێی ڕێژەی حەشیمەت، ئێران لە باری کەلکوەرگرتن لە سزای ئێعدام، پلەی یەکەمی لە جیهاندا هەیە. هەر لە پێوەندی لەگەڵ سزای ئێعدامدا بابەتی ئێعدامی بەکۆمەڵی قاچاخچییان و فرۆشیارانی مادە هۆشبەرەکان جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە. ئێعدامی بەکۆمەڵی فرۆشیارانی مادە هۆشبەرەکان کە لە ساڵانی سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمەدا زۆر باو بوو، لەم دواییانەشدا دەستی پێ کردۆتەوە، بەڵام وەک دیاردەیەک بە شێوەیەکی نهێنی و بەدوور لە هەرا و هوریای ڕاگەیەنەکانی ڕێژیم بەڕێوە دەچن. ئەم دیاردەیە بە تایبەتی لەم بارەیەوە جێگای لێ وردبوونەوەیە کە کۆماری ئیسلامی، بەردەوام بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە بەتوندی دژی قاچاخچییەکان و فرۆشیارانی مادە هۆشبەرەکان دەجووڵێتەوە، بە شانازییەوە هەواڵی لەسێدارە دانی ئەوانی بڵاو کردۆتەوە و تەنانەت زۆر جاریش لە بەرچاوی خەڵک ئێعدامی کردوون. بەڵام با بزانین ئێعدامی بەکۆمەڵ و بەنهێنیی تاوانبارانی مادە هۆشبەرەکان، کە لەم چەند مانگەی دواییدا چەند جار لە مەشهەد ڕووی داوە و هەوڵ دراوە شوناسی تاوانباران بشاردرێتەوە، چ مەبەست و هۆکارێکی لە پشتە، بێجگە لە ترسی ئاشکرا بوونی نهێنییەکان؟ پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز و نفووزی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە لە نێو هێندێک لە دامودەزگاکانی وەک دادوەری و ئیتلاعات و هەروەها سەرهەڵدانی کێشە و دووبەرەکی لە نێو سەرکردەکانی باڵی ئوسوولگەردا، ئەو بەشە لە کاربەدەستان و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە بۆ خۆیان سەرکردەی باند و تۆڕەکانی قاچاخ و بڵاوکردنەوی مادە هۆشبەرەکانن، لە ترسی ئاشکرا بوون و ئەوەی کە بەڵگە نەکەوێتە دەستی نەیارەکانیان، پەنایان بردۆتە بەر ئێعدامی بێموحاکەمەی ئەندامانی ئاستی خوارەوەی باندەکانیان و بەم شێوەیە خەڵکی فریوخواردوو دەکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی خۆیان.

لە پێوەندی لەگەڵ بەندییە سیاسییەکاندا، ڕێژەی بەندییە سیاسییەکان بە تایبەت پاش سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بە ڕادەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. لە ساڵی ١٣٨٨ـدا تەنیا بە پێی زانیارییەکانی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ ١٦٦٣ خوێندکار دەستبەسەر کراون و بە هەزاران هاووڵاتی و بە سەدان ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی و مەدەنی لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکاندا کەوتنە بەندیخانە. لە ساڵی ١٣٨٩دا هەر بە پێی سەرچاوەی پێشوو لانیکەم ٤٥٥ چالاکی سیاسی و مەدەنی دەستبەسەر و ٣٨٦٧ کەسیش لە پێوەندی لەگەڵ کۆبوونەوەکانی نارەزایەتیدەربڕیندا دەستبەسەر کراون. بە پێی ئاماری ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد» لە ساڵی ١٣٨٩دا تەنیا لە کوردستان ٤٩٨ جار دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان بە تاوانی سیاسی ڕوویان داوە. بەشێک لە دەسبەسەرکردنەکان بە تاوانی سیاسی بووە. ژمارەیەکی زۆر لە دەسبەسەرکراون تا ئێستا نە حوکم دراون نە

کەس هەواڵێکی لە چارەنووسیان هەیە. هەر ئێستا لە ئێران بە سەدان زیندانی سیاسی هەن کە دەکرێ ناویان بنێین «زیندانییانی سیاسیی نەناسراو» کە هیچ کەس و لایەن و ڕێکخراوێکی سیاسی و مەدەنیی داکۆکیکاری مافی زانیاری لە بارەیانەوە نییە.

بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی مافی مرۆڤ و هەستیار بوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاست ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و چالاکانی ئەم بوارە، دەتوانین ئاماژە بە تاقە ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان و چارەنووسی دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، محەممەد سەدیق کەبوودوەند بکەین. ڕێکخراوی دادکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان کە لە ٢٠ـی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ەوە دامەزراوە، هەتا ئێستا، خۆی و سەرۆکەکەی و ئەندامانی، بەردەوام لەگەڵ هەڕەشە و پەروەندەسازیی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون. کەبوودوەند، ئەو تێکۆشەرە شێلگیرەی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، زیاتر لە ٤ ساڵە بە تاوانی پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوەیە و لەقاودانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە حاڵێکدا نەخۆشە، لە بارودۆخێکی زۆر خراپی جیسمییدا لە بەندیخانەدایە. کۆمەڵێکی دیکە لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، هەر بە تاوانی داکۆکی لە مافە مرۆییەکانی خەڵکی کوردستان، کەتوونەتە بەندیخانە. هێندێکیشیان ناچار کراون وڵات بەجێ بێڵن.

لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار بەندییە سیاسییەکان بەکۆمەڵ مانیان لە خواردن گرتوە و تا لێواری مەرگ چوون (بۆ وێنە مانگرتنی زیندانییانی سیاسیی کورد) بەڵام بەرپرسانی زیندان هیچ بە دۆخی تەندروستیی زیندانییان ڕانەگەیشتوون و ئیجازەیان بە چاودێرانی نێونەتەوەیی نەدواە سەردانی بەندیخانەکان بکەن. بەشێکی بەرچاوی زیندانییان لە بەندیخانەکاندا، تووشی نەخۆشیی قورس بوون بە هۆی بارودۆخی نالەبار، سەلامەتیی دەروونییان لە مەترسیدایە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا بارودۆخی مەترسیداری مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەییدا سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکادا دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران زیاتر لە جاران ڕەنگ دەداتەوە و چەند هەنگاو بەرەوپێش چووە. بڕیارنامەی ٢٤ی مارسی ئەمساڵی شۆڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و دیاریکردنی لێکۆڵەری تایبەتی بۆ توێژینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، نیشاندەری گۆڕانێکی بەرچاوە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی جیهان بە گشتی و بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوادا. هەنگاوێکی گرنگی دیکە بڕیاری بایکۆتکردن و دەست بەسەردا گرتنی داراییەکانی کاربەدەستانی جەنایەتکار و تاوانخولقێنی کۆماری ئیسلامی لە بانکەکانی دەرەوە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوەیە کە لە مانگەکانی ڕابردوودا شاهیدیان بووین. پێکهاتنی ئەم گۆڕانە و ئەم پێشچوونانە بە قازانجی مافی مرۆڤ لە ئێران، بەرهەمی تێکۆشانی چالاکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، هەروەها بەرهەمی کاری دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا وێڕای بایەخدان بە مافی مرۆڤ لە ڕاگەیەنەکانیدا، لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیشیدا بەردەوام پێی لەسەر ئەم بابەتە داگرتوە و هەوڵی داوە کاربەدەستانی وڵاتانی دەرەوە تێ بگەیەنێ کە لە داڕشتنی سیاسەتەکانیان و هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە

ئێران، دۆخی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بە بنەما وەربگرن.

**٥- بارودۆخی ژینگە**

ئەوەی ڕاستی بێ لایەنە سیاسییەکانی ئێران بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنەوە وەک بابەتێکی گرنگ و هەستیار بۆ بابەتی ژینگەیان نەڕوانیوە و ئەم بابەتە لە بەرنامەی سیاسیی زۆریەک لەهێزەکاندا جێی نەگرتوە و لە باشترین حاڵەتدا وەک سیاسەتێکی لووکس چاو لەم بابەتە کراوە. ژینگە و ژینگە پارێزی تەنانەت وەک دروشم لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا زۆر کەمڕەنگە. بە باوەڕی ئێمە ئەم بایەخ نەزانین و گرنگی نەدان بە ژینگە لە لایەن هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەروەها کۆمەڵانی خەڵکەوە کەمتەرخەمییەکی گەورەیە و لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ئاکامەکانی ئەم بێبایەخ چاولێکردنە دەبینینەوە.

هێزە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسیی ئۆپۆزیسۆنی ئێران بە هۆی زاڵبوونی ئەو ڕوانینەوە، نەیانتوانیوە خەڵک و لایەنگرانیان بە نیسبەت ژینگە پارێزی و مەترسییەکانی سەر ژینگە هەستیار بکەن. بۆیە سەرەڕای بوونی مەترسیی جیددی لەسەر تێکچوونی ژینگە و دۆخی نالەباری ژینگە، جگە لە چەند نارەزایەتیدەربڕینی بچووک، هیچ کاتێک نارەزایەتیدەربڕینێکی گرنگ و کاریگەرمان لە خەڵک نەدیوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی زانکۆی کۆلۆمبیا، لە ڕووی ژینگە پارێزییەوە ئێران لە نێو ١٤٦ وڵاتدا، لە پلەی ١٣٢دایە و بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ڕەوتی تێکچوونی ژینگە لە ئێران بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر دەچێتە پێش. ئەوە لە کاتێکدایە ئەم بابەتە نە بۆ دەوڵەت بووە بە پرسێکی گرنگ و نە بۆ ئۆپۆزیسیۆن.

لە ٥ ساڵی ڕابردوودا ڕووبەرێکی بەرین لە جەنگەڵەکانی ئێران لە نێو چوون. هەروەها ڕێژەیەکی بەرچاو لەو زەوییانە کە بۆ کشتوکاڵ دەبن، تێکەڵ بە بیابان بوون و ڕەوتی»فرسایش خاک« لە ئێران چەند ساڵە لە سەرووی هەموو وڵاتانی دیکەوەیە.

سڵامەتیی هاووڵاتییان لە ڕووی ئاوی خواردنەوەش لە مەترسییدایە. بەو پێیەی کە لە ئێران بە گوێرەی ڕێژەی حەشیمەت و بەرینایییەوە، سەرەچاوەکانی ئاوی شیرینی زۆر کەمە و ٧٠ لەسەدی سەرچاوەکانی ئاوی شیرین لە ٣٠ لەسەدی خاکی ئێران (واتە باکووری ئێران و کوردستان) هەڵکەوتوە، کارناسان پێشبینی دەکەن تا٣٠ ساڵی دیکە حەشیمەتی ئێران بگاتە ٩٠ میلیۆن کەس. ئەو کات ئێران توانای دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی بۆ هاووڵاتییان نابێ و هەر ئێستا لەبەر پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی شیرین، بە هۆی بێموبالاتیی دەوڵەت و سیاسەتی هەڵەی ژینگە پارێزی لە چەشنی ڕژاندنی فازلاوە سەنعەتییەکان و شارییەکان بۆ نێو ڕووبارەکانەوە، چەندین جۆر نەخۆشی، هەڕەشە لە سڵامەتیی هاووڵاتییان دەکەن.

زۆربەی هەرە زۆری تاڵاوەکانی ئێران لە نێو چوون، گۆلی ورمێ هەڕەشەی وشک بوونی لە سەرە و پێشبینی دەکرێ کە ئەگەر هەنگاوی پێویست نەهاوێژرێ لە ماوەی ٣ تا ٥ ساڵی دیکە بە تەواوی وشک ببێ و بە وشکبوونی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ناوچەکانی دەوروبەر ببێتە شۆرەکات.

لە کوردستان جیا لە گۆلی ورمێ، گۆلی زرێباریش لە بارودۆخێکی باشدا نییە. هەروەها لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەستێکی ئەنقەست لە چەندین ناوچە بە تایبەت مەریوان

دارستان و جەنگەڵەکانی کوردستان دەسووتێنێ. دەوڵەت هیچ هاوکارییەکی ژینگە پارێزانی بۆ کوژانەوەی ئاگرەکان نەکردوە و لە هێندێک حاڵەتیشدا ڕێگەی لێ گرتوون بە هۆی سیاسەتی هەڵەی دەوڵەت لە گواستنەوەی ئاوی ڕووبارەکان بە تایبەت لە پارێزگای کرماشان بۆ ناوچەکانی دیکە، هەڕەشەی تێکچوونی ژینگە لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان زۆر جیددییە.

ئەم بارودۆخە مەترسیدارەی ژینگە لە ئێران و کوردستان وا دەخوازێ کە لە داهاتوودا بابەتی ژینگە بە شێوەیەکی زۆر جیددی بکەوێتە نێو بەرنامەی ئۆپۆزیسیۆنەوە. ئۆپۆزیسۆنیش تەنیا دەتوانێ بە وریاکردنەوەی خەڵک لە مەترسییەکان، ئەوان بە نیسبەت ئەم بابەتە هەستیار بکا و وزە و هێزی نارەزایەتیدەربڕینیان پێ ببەخشێ.

گرفتی ناخاوێنیی هەوا، یەکێکی دیکە لە پرسە ژینگەییەکانی ئێرانە. هەوای شارە گەورەکانی وەک تاران و ئیسفەهان ساڵانە نزیک بە ١٠٠ ڕۆژ لە سەرووی دۆخی سوور (وضعیت قرمز)ەوەیە. ئەوەش لە ڕاستییدا، بەرهەمی سیاسەتی هەڵاواردنی ئابووریی دەیان ساڵەی دەوڵەتەکانی ئێرانە کە نزیک بە ٧٠ لەسەدی کارگە بەرهەمهێنەرە سەنعەتییەکانی لەو شارانەدا دروست کردوون.

### بارودۆخی گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمە ناوەندگەراکانی پاشایەتیی پەهلوی و کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەڵاواردن و ستەمی نەتەوایەتی و ئایینییدا بەرەوڕوو بوون. بەرەوڕووبوونی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەو هەڵاواردن و جیاوازی دانانەی دەسەڵات بەدەستانی ناوەندنشین، کۆمەڵگەی کوردستانی نوقمی زۆر کێشە و قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا بە جێخستن و زاڵکردنی ئەو سیاسەتە کە کوردستان ئەمنیەتی سەرمایەدانانی لێ نییە، لە لایەک سیاسەتی دژەکوردانەی خۆی بۆ ڕاگرتنی کوردستان لە دواکەتوویی لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییدا بە کردەوە جێبەجێ کردوە و لە لایەکی دیکەش لە ڕێگای بەتاڵانبردنی سەرەچاوی ژێر زەوی و کانزاکانی کوردستان و لە پەراوێز خستنی کوردستان لە ڕەوتی هەڵدان و گەشەی ئابووریی وڵاتدا بێکاری، هەژاری، بێبەشی و بەشمەینەتی و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان و دەیان خەساری کۆمەڵایەتیی دیکەی تووشی خەڵکی کوردستان کردوە.

کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران بە لە بەرچاو گرتنی زۆر فاکتۆری وەک ئاو و هەوای لەبار و سازگار، خاکی بەپیت، لێرەواری زۆر، دارستانی چڕوپڕ و ئاوی زۆر و بە هۆی هەبوونی شوێنی توورستی و مێژوویی و هەروەها بە هۆی هەبوونی سەرچاوە و کانزا ژێرزەوییەکانی وەک نەوت و زێڕ و بەردی جۆراوجۆر و هەروەها بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی وەک دراوسێیەتیی عێراق و تورکیە بۆ پەرەپێدان بە کەرتی بازرگانی و دانوستان

لەو ناوچانە، زەرفییەت و ئیستعدادێکی یەکجار زۆری بۆ هەڵدان و گەشەی ئابووری هەیە. بەڵام بەو حاڵەش دەبینین کە کوردستان دوای سیستان و بەلووچستان بێبەشترین ناوچەی ئێران لە ڕووی ئیمکانات و پێڕاگەیشتن و دواکەوتووترین ناوچەی ئێران لە ڕووی هەڵدان و گەشەی ئابوورییە.

بێکاری یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستانە. نرخی بێکاری لە کوردستان بە هۆی پێکەوە نەگونجانی هەڵدانی حەشیمەت و زەرفییەتەکانی ڕەخسانی هەلی کار، بەردەوام بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. بە پێی ئامارە ڕەسمییەکانی دەوڵەت نرخی بێکاری لە کوردستان ١٤٪ و نرخی بێکاری لە ئاستی گشتیی ئێراندا ١٣٪یە. بەڵام ئەو ئامار و ئەرقامە حکوومەتییانە جێی باوەڕی هیچ کەس و لایەنێک نین. چونکە کوردستان بە دەگمەن کارخانەیەکی گەورەی بە زەرفییەتی سەروو سەد کەسی تێدا هەیە و تەنیا کۆمەڵێک کارگەی بچووک بچووکی تێدا چالاکن کە بەشی هەرە زۆری ئەوان «تەعاونین» و بە وام و قەرزەکانی دەوڵەت هەڵدەسووڕێن. زۆریش لەو کارگەیانە کە نەیانتوانیوە قەرزەکانیان بدەنەوە، لە لایەن ئەوە بانکانەی وامیان لێ وەرگرتوون دەستیان بەسەردا گیراوە.

هەر بە پێی ئامارە ڕەسمییەکانی ناوەندی ئاماری ئێران پشکی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرجەم کارگە و کارخانە پیشەییەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٦ـدا ٤.٦٪ بووە. لەو چەند ساڵەی دواییشدا کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی تەقینەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی، خۆ لە بڵاوکردنەوەی ئامارەکان دەبوێرێ، وێناچێ پشکی کوردستان لە بەشی سەرمایەدانانی دەوڵەتی و پیشەیی لەوە زیاتر بووبێ. پەرەساندنی دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستان کە ڕۆژ نییە کوژران، بریندار بوون و نوقوستان بوونی چەند کەسێکی لێ نەکەوێتەوە، باشترین بەڵگە بۆ تێگەیشتن لە واقعیەتی دڵتەزێنی ئابووریی کوردستان و ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە دیاردەی بێکاری لەم بەشە لە وڵاتی ئێرانە. لە زۆربەی بنەماڵەکانی کوردستاندا تەنیا یەک کەس کار دەکا و ئەندامانی دیکەی خێزان دەبێ بە حەقدەستی ئەو بەڕێ بچن، یان دەبێ بە دوای ئەو کار کاسبییانەی کەون کە بە کاری ڕەش و «کاذب» دەناسرێن و زۆرترینیشیان مەترسیی گیانییان لەسەرە.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کۆمەڵێک لە ئابووریزانانی سەربەخۆ لەسەر نرخی بێکاری لە ئێراندا کردوویانە، نرخی بێکاری لە ساڵی ٨٨ـی هەتاوییدا لە پارێزگای ورمێ لە گرووپی تەمەنیی ١٦ تا ٢٩ ساڵدا ٢٦/٨ ٪ و لە پارێزگای ئیلام ٣١٪ بووە. نرخی بێکاری لە پارێزگای سنە لەو ساڵەدا ٢٦/٣٪ و لە پارێزگای کرماشانیش ٢٥/٥٪ بووە.

فاکتۆری بێکاری لەو فاکتۆرانەیە کە وایان کردوە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان، تەڵاق، تاوانکردن، خەمۆکی و خۆکوژی و وازهێنان لە خوێندنگە و بە نیوەچڵی هێشتنەوەی خوێندن لە کوردستان زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو پەرە بستێنن.

هەر بە پێی ئامارە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی، کوردستان خاوەنی کەمترین پێوەری هیوا بە ژیان؛ لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێرانە و پارێزگای تاران لەم ڕووەوە بەرزترین پلەی هیوا بە ژیانی لە ئێراندا بەر کەوتوە. لە تاران کە پشکی هەرە زۆری هیوا بە ژیانی پێ

براوە، خەڵکەکەی لە ڕووی ئیمکاناتی خۆشبژیوی، گوزەرانی باش، دەسکەوتنی هەلی کار، ئیمکاناتی پزشکی و دەرمانی و خوێندن و پەروردە لە چاو خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران، بە تایبەت کوردستان بارودۆخ و گوزەرانیان بە چەند قات باشترە.

ئەو ڕاستییە کە کوردستان لە باری ئابوورییەوە چەند قات لە ناوچەکانی دیکەی ئێران خراپترە و لە هەژارترین و بێبەشترین ناوچەکانی وڵاتە، لە ئێمە وەک ڕێبەری و سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەخوازێ لە داهاتوودا بە گرینگییەکی زۆرترەوە سەرنجی ئەو لایەنە لە ژیانی خەڵکەکەمان بدەین و تێ بکۆشین کە گیروگرفتە ئابوورییەکان بکەینە هەوێنی ڕێکخستنی کرێکاران، زەحمەتکێشان و هەژاران.

پەرەستاندنی دیاردەی ئێعتیاد یەکێکی دیکە لەو بەڵایانەیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشیان بە تووشی بووە و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی کوردستانی خستۆتە ژێر مەترسییەوە.

دیاردەی ئێعتیاد و ئاکامە زیانبارەکانی ئەگەرچی لە هەموو بەش و ناوچەکانی ئێران ژیانی بە میلیۆن کەسی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بەڵام ئەو دیاردەیە لە کوردستان ئاگایانە و لە لایەن کاربەدەستانی ئەمنیەتیی ڕێژیمەوە بە مەبەستی سیاسیی تایبەتەوە پەرەی پێ دەدرێ.

ئەوەی کە چاودێرانی سیاسی بە گشتی لەسەری کۆکن ئەوەیە کە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەچۆکدا هێنانی بزووتنەوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و دابڕاندنی لاوانی کورد لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی شوناسخوازانەیان بواری لەبار بۆ تێوەگلانی ئەوان بە داوی مادە هۆشبەرەکان دەڕەخسێنن و مادە هۆشبەرەکان وەک چەکێک بەدژی ئیرادەی نەتەوەیی کورد بە کار دێنن.

کۆماری ئیسلامی لە لایەک بودجەیەکی ئەوتۆ بۆ هەڵمەت و چالاکیی پێشگیری، بە مەبەستی دوورخستنەوی لاوان لە داوی ئێعتیاد لە کوردستان تەرخان ناکا و لە لایەکی دیکەشەوە بەرپرسان و هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستان کە زۆربەی نزیک بە تەواویان تەبعیدی و لە کەسانی بێزراو و ناسالمی شار و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان پێک دێن، لەگەڵ بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان دەستیان تێکەڵ کردوە. ئەوانە و دەیان پاڵنەری دیکەی وەک بێکاری، هەژاری، نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون و گەش بۆ داهاتووی لاوان دەستیان داوەتە دەستی یەک تا کێشەی ئێعتیاد لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەو کۆمەڵگەیە بەرەوڕووی مەترسیی لەبەریەک هەڵتەکان بکاتەوە.

لە خۆڕا نییە کە مەوادی موخەدیر لە بازاڕ و پارکەکان، لە قوتابخانە و زانکۆکان و لە هەموو شوێن و گەڕەکێکی شار و گوندەکانی کوردستان زۆر و زەوەند و بە ئاسانی و بە نرخی هەرزانتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەست دەکەون.

جیابوونەوە و تەڵاق لە کوردستان یەکێکی دیکە لەو کێشە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە کوردستان زیادیان کردوە. هۆکاری سەرەکیی ئەو بەرزبوونەوەیەی نرخی تەڵاقیش، کەڵەکەبوونی فشار و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بێکاری و هەژاری ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگەی کوردستاندان.

هەر بە پێی دوایین ئامارە ڕەسمییەکانی ناوەندی ئاماری ئێران لە ساڵی ١٣٨٧ـی هەتاوییدا ڕێژەی تەڵاق لەچاو پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە پارێزگای ئیلام ٥/٧٥٪ و لە پارێزگای ورمێ ١٠/٢٪ زیاتر بووە.

ئەو ڕێژیە لە ئێران بە گشتی ١٢٪یە، کەچی ڕێژەی تەڵاق لەچاو پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە پارێزگای سنە ١٨/٢٪ و لە پارێزگای کرماشان ١٧/٤٪ بووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی ئەنجومەنە سێنفی و پیشەییەکان (NGO)کان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هۆی کەشی داخراوی سیاسی و هەوڵە سیستماتیکەکان بۆ بە ئەمنیەتی کردن و بە ئەمنیەتی نیشاندانی کوردستان کاڵ و کەم دیارە.

هەر چەشنە هەوڵ و جموجۆڵێکی ئەو کەمە ڕێکخراو و بنیاتە مەدەنی و ناحکوومییانەی کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی مافە کۆمەڵایەتی و مەدنی و سیاسییەکانی خەڵک و ئاشنا کردنیان بە ماف و مەهارەتەکانی ژیان لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، مۆرکی سیاسییان لێ دەدرێ و چالاکان و بەرپرسانی ئەو ناوەندانە تووشی گیران و ئەشکەنجە و زیندانی درێژخایەن دەبنەوە. بڕینەوەی حوکمی ١١ ساڵ زیندان بۆ محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان تەنیا بە تاوانی! دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە و ئاشنا کردنی خەڵکی کوردستان بە مافەکانیان و بەرگری کردنیان لەو مافانە، نموونەیەک لە جۆری هەڵسوکەوت و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت بزاوتە کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری و مەدەنییەکان لە کوردستانە.

دەوڵەتی ئەحمەدینژاد ئیزنی پێکهێنانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستانی یەکجار بەرتەسک کردۆتەوە و ئەو کەمە ڕێکخراوەیەش کە بەرهەمی ساڵەکانی دەسەڵاتداریەتیی ڕیفۆرمخوازەکانن، پشتیان لەژێر فشار و ئاستەنگەکانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییدا چەماوەتەوە و بە هۆیانەوە کار و چالاکییەکانی ئەوتۆیان لێ نابینرێ.

کۆمەڵگەی هونەریی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە و لەژێر کاریگەریی کۆمەڵە هۆکارێکی وەک نەبوونی ئیمکاناتی پێویست، نەبوونی ئەمنیەتی شوغلی، نەبوونی پشتیوانیی ماددی، لە سەرێ بوونی تێچووی کار پڕۆژەی هونەری و فەرهەنگی، کار و چالاکییەکانیان لە کزی داوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (ڕوانین و هەڵوێستەکان)

### پرسی کورد:

لەم بەشەی ڕاپۆرتەکەماندا پێویستە تیشک بخەینە سەر لێکدانەوە و خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرانبەر بە پرسی کورد لە بەشە جۆراجۆرەکانی کوردستاندا.

ئەگەرچی تا ئێستا پرسی کورد بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە و کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت کە خۆی و خاکەکەی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراون، بە مافە ڕەوا و سەرەکییەکانی نەگەیشتوە و نەبۆتە خاوەن کیانی سەربەخۆ و لەژێرکاریگەریی چەند فاکتۆرێکدا نەیتوانیوە ڕزگاریی یەکجارەکی بۆ خۆی دابین و مسۆگەر بکا، بەو حاڵەش ئێمە لە هەر چوار پارچەی کوردستان شایەدی ئەوەین کە پرسی کورد چۆتە پێشەوە و زیاتر لە جاران قورسایی خستۆتە سەر هاوکێشە جۆراجۆرەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

ئێستاشی لەگەڵدا بێ کێشەی کورد یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و چارەسەر کردنی تا ڕادەیەکی زۆر بە دێموکراتیزە بوونی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەستراوەتەوە. دەکرێ بڵێین پرسی کورد یەکێک لەو فاکتۆرە گرنگانەیە کە چارەسەر کردنی، یارمەتیدەری سەرەکی دەبێ بۆ سەقامگیریی ئاشتی و دێموکراسی و تەناهی لە ناوچەکەدا.

ئەگەر لە ئاستێکی دیکەدا بڕوانینە بابەتەکە، بۆمان دەردەکەوێ کە پرسی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندییانە دەبێ بخوێندرێتەوە و لێک بدرێتەوە.

### باشووری کوردستان

لە باشووری کوردستاندا، کورد خاوەنی هەرێمێکی فیدراڵە کە بە خۆشییەوە هەم لە یاسای بەنەڕەتیی عێراقدا دانی پێدا نراوە و هەم لە ئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا وەک هەرێمێکی کوردی و فیدراڵ چاوی لێ دەکرێ و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. بێگومان لەم پێوەندییەدا ناکرێ ڕۆڵی هێز و لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان لە بەرچاو نەگیرێ. ئێمە ئەم دەسکەوتانە بە بەرهەمی خەباتی پڕ لە قوربانی دانی خەڵک و هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی ئەم بەشە لە کوردستان دەزانین. لەم پێناوەشدا پێمان وایە دەسەڵاتێکی سیاسی و ئیداری کە لەو بەشەی کوردستان هەیە سەرەڕای کەموکوڕییە جۆراوجۆرەکانی، دەسکەوتێکە کە دەبێ هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەر بە هیی خۆی بزانێ و هەوڵی بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی بدا.

دیارە لە باسی پرسی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، پێوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندەی و ستاتۆی حکوومەتی هەرێم، لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتی، جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنن. هێشتا پرسی ناوچە بە زۆر دابڕاوەکان، کە تا ئێستاش نەکەوتوونەوە سەر هەرێم، یەکێک لە گرفتە ئاڵۆزەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیی

عێراقە. دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقیش، هێندێک جار دەکەونە ژێر کاریگەریی هاوکێشەکانی دەسەڵات لە بەغدا و لە دەلاقەی کەموزۆریی قورسایی هێزەکان و لایەنەکان لە پارلمانی عێراق و ئاکامی هەڵبژاردنەکان، سەیریان دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان، وەک مەوجوودییەتێکی سیاسی و نەتەوەیی، توانیویەتی ڕۆڵی هەبێ لە پێکەوە حەوانەوەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق لەسەر بنەمای یەکتر قبووڵکردن و داننان بە مافە ڕەواکانی یەکتردا. لەسەر ئاستی ناوچە و نێونەتەوەییشدا، هەرێمی کوردستان، تا دێ پتر دانی پێدا دەنرێ و لە باری سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەوە، ڕووی تێ دەکرێ. لە سەریەک ئەگەرچی نەتەوەی کورد لە عێراق توانیویەتی بە زۆریەک لە مافە نەتەوەییەکانی بگا و شانبەشانی بەشداری لە دەسەڵاتی ناوەندییدا خاوەنی حکوومەت و پارلمان و سەرۆکایەتیی خۆی بێ، بەڵام پارێزران و بەهێز بوونی ئەم ستاتۆیە، لە گرەوی پەرەپێدانی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد و هەرچی زیاتر دڵگەرمکردنی پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان و هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە دەسکەوتەکان و ئەزموونی دەسەڵاتدارەتیی کورددایە.

### باکووری کوردستان

لە باکووری کوردستان پرسی کورد لەچاو ساڵانی ڕابردوو بە چەند قات چۆتە پێش و ئێستا بۆتە بابەتێکی جێی مشتومڕی کۆمەڵگەی تورکیە. ئێمە لە کاتێکدا بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانینە خەباتی هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە کورستان پێمان وایە هەر بەرەوپێشچوون و کرانەوەیەک لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان، بەر لە هەر هۆکارێکی دیکە بەرهەمی خەبات و فیداکاریی هێز و ڕۆڵە خەباتکارەکانی ئەو بەشەی کوردستانە. بەڵام هەر لەو کاتەدا نابێ سیاسەت و ڕوانگە و هەڵوێست و پرۆژەکانی حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە غەیرەکوردەکانیش کە بە جۆرێک لە جۆرەکان یارمەتیی پێکهاتنی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد دەدەن، نەبینین و بە قەرا گرنگیی خۆیان بایەخیان پێ نەدەین.

بەو پێیەی لە باکووری کوردستان هێز و ڕێکخراوی قانوونی و نیمچە قانوونی چالاکن، لەمێژ ساڵە نوێنەرانی کورد لە پارلمانی تورکیە حزووریان هەیە و مەزەندەش دەکرێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ڕێژەی نوێنەرانی کورد لەوێ زیاد بکا. ئێمە پێشوازی و پشتگیریی ئەو کرانەوەیە دەکەین کە لە سیاسەتی ئێستای تورکیەدا بەرامبەر بە پرسی کورد هەیە و پێمان باشە ئەو سیاسەتەی «پارتی داد و گەشەپێدان» (AKP) بەرەو کرانەوەی زیاتر بچێ. هەروەها لەو باوەڕەداین کە چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە، پێویستیی بە هەڵێناونەوەی هەنگاوی گەورەتر و ئازایانەتر هەیە. دڵنیاشین هاتنە پێشی زیاتری دەوڵەتی تورکیە بۆ چارەسەری ئەو پرسە لەمێژینەیە، هاندەری نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان و هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشە بۆ قۆزتنەوەی ڕێگاچارەی هێمنانە و ئاشتیخوازانەی پرسی خۆیان دەبێ.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دیارە لە چەند شوێنی دیکەی ئەو ڕاپۆرتەدا، باس لە پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە. لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی و بە کورتی دەڕوانینە پرسی نەتەوەیی و خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێمان وایە کێشەی کورد لەچاو ساڵانی ڕابردوو چۆتە قۆناغێکی دیکەوە. سەرەڕای ئەو پرش و بڵاوییەی لە نێو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، شایەدی ئەوەین کە ئاستی وشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بەرز بۆتەوە و گەیشتۆتە ئاستێکی دڵخۆشکەر. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش مانگرتنی سەراسەریی خەڵکی شار و ناوچەکانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٣ـی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوییدا دژی لەسێدارەدانی پێنج تێکۆشەری سیاسی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە باشترین بەڵگەیە. بە گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە بەستێنی کۆمەڵایەتی بۆ نارەزایەتیدەربڕین و بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەخساوە، بەڵام ئەوە کە ناهێڵێ ئەو حەرەکەتە گەشە بکا و خۆی دەر بخا، لە لایەک سەرکوت و کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندنە؛ کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دروست کراوە و باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە. لە لایەکی دیکەوە یەکگرتوو نەبوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەبوونی بەرنامەی هاوبەشیان بۆ ئەم جۆرە خەباتە لە کوردستان، بووە بە هۆی ئەوە بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە کوردستان گەشەی پێویست نەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە سەرنجدان بە هەر دووی ئەم هۆکارانە، لە لایەکەوە لە پێناوی لێکنزیک کردنەوەی هێز و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاندانیان بۆ هاوکاری و هاوخەباتی تێدەکۆشێ و تێدەکۆشێ، لە لایەکی دیکەوە پێی وایە بە مەبەستی برەودان بە خەباتی مەدەنی و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ هەوڵێکی بەرین لە بوار و ئاستی جۆراوجۆر بدرێ.

## ڕۆژئاوای کوردستان

بە خۆشییەوە ئەو بەرەوپێشچوونەی کە ئەمڕۆ لە پارچەکانی کوردستاندا دەیبینین، لە ڕۆژئاوای کوردستانیش هەستی پێ دەکرێ کە دەبێ بە هەموومان پشتگیریی بکەین بۆ ئەوەی بەهێزتر بێ. ئەوە کە ئەمڕۆ لەژێر گوشار و نارەزایەتییەکی بەرینی جەماوەرییدا سەرۆکی سووریە دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە ناسنامە بدەن بەو کوردانەی کە دەیان ساڵە لەو مافە سەرەتاییە بێبەشن، ئێعتراف کردنە بە غەدرێک کە بەرانبەر بە کورد لەو وڵاتەدا کراوە و جۆرێک داننانە بەوەدا کە ئەو سیاسەتەی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەرانبەر بە کورد گرتوویانە بەر، هەڵە بووە. ئەو دانپێدانانەش لە ڕوانگەی ئێمەوە بەرهەمی لە مەیداندا بوونی کورد لەو وڵاتە و شێلگیربوونیان لەسەر مافە ڕەواکانیانە.

دیارە پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتی دەوڵەتی سووریەدا بەرامبەر بە کوردەکان لەو وڵاتە، نەک بەرهەمی بەخۆداچوونەوەی ڕێژیمی شۆڤێنیستی بەعسی سووریەدا لە پێوەندی لەگەڵ کوردەکاندا، بەڵکوو بە مەبەستی دابڕاندنی ئەوان لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەو وڵاتە و بێدەنگکردنیان لە کاتێکدا کە ئەو ڕێژیمە کەوتۆتە بەر شەپۆلی خۆپیشاندان و

ناڕەزایەتیدەربڕینی سەرانسەری لە سووریەدا. لەم ڕوویەشەوە چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە هێز و لایانە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە کوردستان هەوڵ بدەن بە یەکگرتوویی و هاودەنگییەوە بەرەوڕووی ئاڵوگۆڕەکان ببنەوە، بە چەشنێک کە سەنگ و قورسایی کورد لە داهاتوودا بەرچاو و دیار بێ. خاڵێکی دیکە کە پێویستە لەم بارەیەوە بیڵێین ئەوەیە کە چ دەسەڵات و سیستمی سیاسی لە سووریەدا بگۆڕێ و چ ئەم ڕێژیمەی ئێستا لە سەرکار بمێنێتەوە، کێشەی کورد لەو وڵاتە بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.

**هەڵوێستمان بەرامبەر هەڵبژاردنی سەرکۆماری و ئاکامەکانی**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەند هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری تەحریم نەکرد:

– یەکەم هۆ واتادار بوونی بەشداریی خەڵک لەم خولەی هەڵبژاردنەکاندا بوو. لەم دەورەیەی هەڵبژاردن لە ڕاستییدا دەنگ دان بە دوو کاندیدای سەرەکیی باڵی ئوسوولگەرا (ئەحمەدینژاد و ڕەزایی) وەک دەنگ دان بە کۆماری ئیسلامی و بە پێچەوانەشەوە دەنگ دان بە دوو کاندیدای ڕیفۆرمخواز (مووسەوی و کەڕووبی) وەک نا وتن بە دەسەڵاتدارانی سەرەکیی ئەو نیزامەی لێ هاتبوو.

هەر لە چەند مانگ بەر لە هەڵبژاردنەکانەوە خەڵک ئەم واتایانەیان خولقاندبوو. بەم جۆرە بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا جۆرێک ڕێفراندۆم بوو. نیزام و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییش بۆ خۆیان لەو پەیامەی خەڵک تێگەیشتبوون. هەر بۆیە لە لایەک بەردەوام جەختیان دەکردەوە کە بەشداریی بێوێنەی خەڵک لە هەڵبژاردندا واتە دەنگ دان بە کۆماری ئیسلامی. لە لایەکی دیکەشەوە ناچار بوون پەنا بۆ ئابڕووبەرانەترین ساختەکاری لە مێژووی هەڵبژاردنەکاندا ببەن و گوێ بە ئاکامەکانی نەدەن.

– بۆ یەکەم جار بوو کە بابەتی ماف و داخوازییەکانی نەتەوە بندەستەکان هەرچەند لە ئاستێکی زۆر کەمیشدا بە ناوی مافی ئەقوامیشەوە بێ، بە شێوەیەکی ڕەسمی دەکەوتە بەرنامەی تەبلیغاتیی دوو کاندیدای هەڵبژاردنی سەرکۆمارییەوە. ئەمەش لە ڕاستییدا بەرهەمی خەباتی ئەو نەتەوانە و بە تایبەت نەتەوەی کورد لە ساڵانی ڕابردوودا بوو کە کاندیداکانی ناچار کردبوو بۆ وەرگرتنی دەنگی خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکە، دان بە بەشێک لە داخوازییەکانیاندا بنێن. کەواتە لە لایەک نەدەبوو ئەو دەسکەوتەی خەباتی گەلی کورد بە کەم بگیری (چونکە ئەم بەرنامەیەی کاندیدا ڕیفۆرمخوازەکان لە ڕاستییدا لەسەر داخوازی و پێداگریی کوردەکان هاتە گۆڕێ) و لە لایەکی دیکەوە بەشداریی خەڵکی کوردستان پەیامێک بوو بۆ دەسەڵاتداران لە ئێران چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا کە ئەگەر داخوازییەکانی ئەو خەڵکە لە بەرچاو بگیرێن، ئەوە بە سەرنجدان بە کەمترین ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، کورد ئامادەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و مەدەنی بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانی تێ بکۆشی.

– یەکێکی دیکە لە مەبەستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەحریم نەکردن، لە ڕاستییدا پشتیوانی لە داوای چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا بوو کە دەیانویست خەڵکی کوردستان ئەم دەرفەتە بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانیان و هاتنەوە بۆ

نێو کایە سیاسییەکان لەدەست نەدەن.

ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری تەحریم نەکا و داوا لە خەڵک بە تایبەتی خەڵکی کوردستان بکا ململانێی هەڵبژاردن بکەنە مەیدانێک و دەرفەتێک بۆ هێنانەگۆڕ و بەرەوپێش بردنی داخوازە نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان و بە هەموو لایەک هەوڵ بدەن ئەم هەڵبژاردنە بکەنە سەرەتای پاشەکشە بە سەرەڕۆیی و ڕێگە بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە کەشوهەوای سیاسیی وڵاتدا خۆش بکەن و بیکەنە سەکۆیەک بۆ هەڵێنانەوەی هەنگاوی گەورەتر و کاریگەرتر.

وەک ئاشکرایە لە ئاکامدا دەنگەکانی خەڵک دزران و ڕاپەڕینێکی گەورە سەری هەڵدا و سەرنجی هەموو دنیا بۆ ئەو ڕاپەڕینەی خەڵکی ئێران ڕاکێشرا. ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لەدژی دەستێوەردانی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، بزووتنەوەیەکی گەورەی دێموکراسیخوازیی لێ کەوتەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە یەکەم ساتەکانی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنەوە، ئەو سەرهەڵدانەی بە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران لێک دایەوە. هەرچەند ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتادا لە لایەن هێندێک کەس و لایەنی کوردستانەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا، بەڵام پاش تێپەڕبوونی کات زۆربەی ئەو کەس و لایەنانە، بە کردەوە بە بۆچوونی خۆیاندا چوونەوە و بە ڕاشکاوی یا بە خێشکە لەگەڵ ڕەوتەکە کەوتن.

### بزووتنەوەی سەوز و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان

یەکێک لە ئاکامەکانی بەشداریی بەرچاوی خەڵک لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆمارییدا، ئەوە بوو کە ڕێژیمی ناچار کرد بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی ساختەکاری لە هەڵبژاردندا بکا و ئەم ساختەکارییەش وەرێکەوتنی نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی لێکەوتەوە. لە ئاکامدا کودێتای سەرانی ڕێژیم لەدژی دەنگەکانی خەڵک بە قازانجی بەهێزبوونی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران تەواو بوو. بەرەی ئۆپۆزیسۆنی ڕێژیم بە چەند قات لە جاران بەهێزتر بوو و لە بەرامبەردا هەڵوەرینی کەموێنە لە نێو بەدەنەی ڕێژیمدا دەستی پێکرد کە بێگومان لە داهاتوودا ئەو هەڵوەرینە زیاتریش ڕوو دەدا. بەشێک لە ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی پێشووی ڕێژیم بە کردەوە بەرەی دژبە بڕیار بەدەستانی ڕێژیم کەوتوون و وێرای خەڵک خوازیاری گۆڕانن. ڕەوتی ڕووداوەکان لە ماوەی ۲ ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەک بووە کە ئەم گۆڕانانە ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبنەوە و ڕێژیم توانای بەرەوڕووبوونەوە و چارەسەر کردنیانی نییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ڕوانگەیەکی ئەرێنیی لەسەر ئەم بزووتنەوەیە هەبووە و هەر لە سەرەتاشەوە سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەی بە درێژە و قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران لە قەڵەم داوە.

سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی ۲ ساڵی ڕابردوودا ڕێبەریی حیزب بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە، هەڵوێست و ڕوانگەی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا خستۆتە ڕوو، بە پێویست

دەزانین جارێکی دیکە هۆی خوێندنەوە و ڕوانگە و بۆچوونی خۆمان لە بارەی بزووتنەوەی سەوز بەم جۆرە بخەینە بەر سەرنجی کۆنگرە:

بزووتنەوەی سەوز دەرفەتێکی باشی بۆ دیالۆگ لە نێوان هێز و لایەنی سیاسیی جیاواز بە ڕوانگە و ڕێبازی جۆراوجۆرەوە خولقاند. بێگومان یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم بزووتنەوەیە، پلۆرال بوونی بزووتنەوەکەیە. ئەم تایبەتمەندییەش ئەو دەرفەتەی خولقاندوە تا زۆر هێز و لایەن خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەوە کە بۆ یەکەم جار لە ماوەی ۳ دەیەی ڕابردوو دیالۆگ لە نێوان ئۆپۆزیسۆنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا پێک هات، ڕووداوێکی گرنگ بوو. پێویستە دیالۆگ درێژەی هەبێ، تا لە داهاتوودا لێکنزیک بوونەوەی گوتاری و هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی زیاتری لێ بکەوێتەوە.

بە تێگەیشتنی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی سەوز، بزووتنەوەی هێز و لایەنێکی تایبەت نییە و هەر چەشنە هەوڵێک بۆ پاوانکردن و لە سەرخۆ تاپۆ کردنی بزووتنەوەکە هەوڵێکی زیانبار و دوور لە داخواز و بەرژەوەندیی خەڵکی ئێرانە و جیا لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هیچ کەس و لایەنی دیکە قازانج لەو جۆرە هەوڵانە ناکا. ئێمە ئەو بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی و داخوازتەوەر (مطالبە محور)ی هەموو خەڵکی ئێران دەزانین. بۆیە پێمان وایە دەکرێ هەموو خەڵک و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە هێنانە گۆڕی داخوازییەکانیان مۆرکی خۆیان لە بزووتنەوەکە بدەن. لە کوردستانیش خەڵک دەتوانن و پێویستە وێڕای پاراستنی تایبەتمەندی و پرەنسیپەکانی بزووتنەوەی کوردستان، بە هێنانە گۆڕی داخوازییەکانی خۆیان بەشداری لە بزووتنەوەکەدا بکەن. باشترین ڕێگا بۆ نەتەوەکانی ئێران ئەوەیە کە بە بەشداریکردن، بە بزووتنەوەکە بقەبووڵێنن و بەم چەشنە بزووتنەوەکە دەوڵەمەند بکەن.

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوزەوە لە پێوەندیگرتن و دیدارەکانی لەگەڵ سیما ناسراوەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا وێڕای ناساندن و باسی زیاتر لەسەر داوا و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان، بەرینتر کردنەوی جوغرافیای بزووتنەوەی سەوزی بە خاڵێکی گرینگ هێناوەتە بەر باس و سەراسەری نەبوونی بزووتنەوەکە وەک خاڵێکی لاوازی ئەو بزووتنەوەیە باس کردوە. هەروەها پێی وابووە یەکێک لە هۆکارەکانی چڕبوونەوەی بزووتنەوەی سەوز لە ناوەند و چەند شاری گەورەی دیکەی ئێران کەم بایەخدان یان پشتگوێخستنی ماف و داواکانی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێرانە و لەو باوەڕەدا بووین و هەین ئەگەر ئەم کەمتەرخەمییە درێژەی هەبێ، بزووتنەوەی سەوز تووشی کەمایەسییەکی بنەڕەتی دەبێ و ناتوانێ وەک بزووتنەوەیەکی دێموکراتیکی سەراسەری خۆی پێناسە بکا.

سەرەڕای هاتنە گۆڕی ئەم جۆرە ڕەخنە و باسانە لە لایەن حیزب و ڕێکخراو و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی سەر بە نەتەوەکانی غەیرەفارس، دەتوانین بڵێین کە ویراستی دووهەمی مەنشووری بزووتنەوەی سەوزیش لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە کە دەبێ بە لە بەرچاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی هەر بەستێن و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری بڕوانینە چۆنیەتی و چەندایەتیی پوتانسیەلی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی لە نێو ئێراندا.

بزووتنەوەی سەوز لە ماوەی ٢ساڵی ڕابردوودا ئەگەر لە لایەکەوە هەڵگری تایبەتمەندیی بەهێز، ئەزموونی بەنرخ و خاڵی ئەرێنیی جۆراجۆر بوو، هاوکات کەموکووڕی و لاوازیی جیددیشی هەبووە. وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەردەوام و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە ئەو کەموکووڕییانەمان بۆ ڕای گشتی و لایەنە پێوەندیدارەکان ڕوون کردووەتەوە. لەسەر ئەم باوەڕین کە ئەو کەموکووڕییانە تەنیا لە ڕێگەای دیالۆگی جیددی و کرانەوەی زیاتری هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕووی یەکتردا چارەسەر دەبن. چارەسەری ئەم کەموکووڕییانەش مەرجی سەرەکییە بۆ بەهێز بوونی بزووتنەوەکە و لە ئاکامیشدا گەرەنتیی چارەنووسی داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا.

یەکێک لەو کەموکووڕییە زۆر جیددییانە کە لە ئاستی سەرتاسەرییدا زۆر کەم باسیان کراوە و هەوڵ بۆ تێگەیشتنی نێوەرۆکی بابەتەکە نەدراوە مەسەلەی ماف و داخوازیی نەتەوە بندەستەکان و داندانان بەو مافانەیە. هەر بۆیە دەبینین بزووتنەوەی سەوز بەو شێوەیەی کە پێویستە بۆ نێو ئەو نەتەوانە پەلی نەهاویشتوە. ئەوە لە کاتێکدایە زۆرایەتیی حەشیمەتی خەڵکی ئێران لەو نەتەوانە پێک هاتوە. نەتەوەکانی ئێران ماف و داخوازیی دێموکراتیکی تایبەت بە خۆیان هەیە و تا ئەو داخوازییانەش لە چوارچێوەی مەنشوور و پلاتفۆرمی ئەو بزووتنەوەیەدا نەبیننەوە و هەست بە جۆرێک لە دڵنیایی و گەرەنتی نەکەن، ئامادە نین بە ئاسانی بەشداری لە بزووتنەوەکەدا بکەن.

کەموکووڕییەکی دیکەی ئەو بزووتنەوەیە، نەبوونی ڕێبەرییە. بەو واتایەی کە دەبێ کۆڕ یان ناوەندێک بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو دەخوازییە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران بۆ ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەکە پێک بێ. ئێستا یەکێک لە لاوازییەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەیە کە خەڵک نازانێ گوێ بۆ کێ ڕابگرێ. ئەم لاوازییە بە تایبەت دوای دەسبەسەرکرانی مووسەوی و کەڕووبی زیاتر بووە و زیاتریش دەرکەوتوە. ئەگەر تەنات ئەو دوو کەسایەتییە لە دەستبەسەرییش ڕزگاریان بێ و بتوانن بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن و پێوەندیی بە بەشدارانی بزووتنەوە بگرن، بەو حاڵەش ٢کەسایەتی، سەرەڕای ڕۆڵیان لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان و پێگە و نفووزیان لە نێو لایەنگرانی بزووتنەوەکەدا، ناتوانن هەتا سەر لە چوارچێوەی باوەڕەکانی خۆیان و لە بازنەی قانوونی ئەساسیی ئێستای کۆماری ئیسلامییدا، ڕێبەریی ئەو بزووتنەوە فرەچەشن و بەربڵاوە بکەن. هەر بۆیە پێکهاتنی کۆڕ یا ناوەندێکی ڕێبەری بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو پێکهاتە و داخوازە دێموکراتیکەکان و دروستبوونی چوارچێوەیەک لە شکڵی چەترێکی سازمانییدا جیا لەوە کە توانای ڕێکخستنی بزووتنەوەکە بەهێز دەکا، دەتوانێ چەند قازانجێکی دیکەی هەبێ. بۆ وێنە:

– بەهێز بوونی پێگەی دیپلۆماسیی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران.

– دەرفەت دان بە دیالۆگ لە نێوان نوێنەرانی داخوازییە دێموکراتیکە جۆراوجۆرەکان و لێک تێگەیشتنی زیاتر و لە ئاکامدا چارەسەر کردنی کۆسپەکانی بەردەم دێموکراسی لە داهاتووی ئێراندا.

– هیوادار بوونی پێکهاتە و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە ئۆپۆزیسۆن وەک ئاڵتێرناتیڤ کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی لە ڕێگەی دیالۆگی جیددییەوە هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی پازدەیەمەوە پێویستە هەوڵ بدا بە

هـاوکاری و هاوفکریـی هێـزە کوردسـتانییەکانی دیکـە، هێـز و لایەنـە سـەرانسـەرییەکانی ئۆپۆزیسـۆن و نوێنەرانی داخوازییە دێموکراتیکە جۆراوجۆرەکانی دیکـەی ئێران لـە پێویسـتیی بـە ڕێکخراوبـوون لـە چوارچێـوەی وەهـا چەترێکـی سـازمانی تێبگەیەنـێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی**

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوپێوەندی و هاوکاریی دێموکراتیک لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسـۆن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسـلامیی ئێران و دابینکردنی پێویسـتییەکانی هێنانە سـەر کاری سیسـتمێکی دێموکراتیک لە ئێرانی داهاتوودا هەر لە کۆنەوە بەشێک بووە لـە سیاسـەتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان. لـە مـاوەی پتـر لـە سـی سـاڵ دەسـەڵاتدارەتیی کۆمـاری ئیسـلامییدا، نەبوونی یەکیەتی و هاوکاریی پێویسـت لـە نێوان هێزەکانی دژبـە ڕێژیم توانیویەتی لە لایـەک زیاترین زیـان لـە بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی بدا و لـە لایەکی دیکەشـەوە بـە قازانجی حاکمیەتی دیکتاتۆریـی کۆمـاری ئیسـلامی تـەواو بـووە و بـە ئاسـانی توانیویەتـی درێژە بـە مەیدانداری بدا.

بۆیـە پێمـان وایـە کـە بوونـی میکانیزمێکـی هاوپێوەنـدی و هاوکاریـی دێموکراتیـک لـە نێوان حیـزب و ڕێکخـراوە ئێرانییەکانـدا هـەر لـەو کاتـەدا کـە هێـز و تواناکانـی ئۆپۆزیسـیۆن لـەدژی کۆمـاری ئیسـلامی دەخاتـە سـەر یـەک، مەرجێکـی سـەرەکییشـە بـۆ لێکنزیـک بوونـەوە بـە مەبەسـتی بنیاتنانـی سیسـتمێکی ئـازاد و دێموکراتیـک بـۆ دوای کۆمـاری ئیسـلامی. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لەسـەر بناغـەی ئـەم تێگەیشـتنە لـە پێوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ حیـزب و ڕێکخـراو و کەسـایەتییە خەباتگێڕەکانـی ئێرانـدا لەسـەر ئـەوە پێداگـر بـووە کـە پێویسـتە ئۆپۆزیسـیۆنی کۆمـاری ئیسـلامی هەرچـی زووتـر و بـە جیددی هـەوڵ بـۆ لێکنزیک بوونـەوە و ڕێککەوتن لەسـەر بەرنامـە و پلاتفۆرمـی هاوبەش بدا. حیزبی دێموکراتی کوردسـتان پێی وایـە کە بە لـە بەرچاو گرتنی داخـوازە سـەرەکییەکانی پێکهاتـە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران، سـێ ئەسـڵی بنەڕەتـی: دێموکراسـی، مافـی مرۆڤ و سـێکۆلاریزم دەتوانـێ هەنگاوی جیددی بـۆ ئـەم پێویسـتییە باوێـژرێ.

لـە مـاوەی نێـوان کۆنگـرەی چـواردە هەتـا پـازدەدا بەشـی پێوەندییـە ئێرانییەکانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـە پەرەپێدانـی پێوەنـدی و نزیـک بوونـەوە لـە لایەنـە جیاوازەکانـی ئۆپۆزیسـۆنی کۆمـاری ئیسـلامی و بەشـداری لـە کـۆڕ و کۆبوونەوەکانیانـدا –بـە تایبـەت حیزبـە و ڕێکخـراوە چـەپ و سـێکۆلار و دێموکراتـەکان– لـە هەوڵـدا بـووە کـە لـە لایـەک سـەرنجیان بـۆ لای پرسـی کـورد و داخـوازە نەتەوەییەکانـی خەڵکـی کوردسـتان و پێویسـتیی بایەخدانـی ئۆپۆزیسـۆنی ئێرانـی بـە پرسـی کـورد و نەتەوەکانـی دیکـە لـە ئێرانـدا ڕابکێشـێ و لـە لایەکـی دیکـەوە هانـدەر و یارمەتیـدەری پێکهاتنـی زەرفێکـی دێموکراتیـک بـۆ لێکنزیـک بوونـەوە و پێکهێنانـی هاوپەیمانییەکـی سیاسـی و خەباتگێڕانـە بـێ.

**حیزبی ئێمە و شێوازەکانی خەباتی مەدەنی و جەماوەری**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێ دەیەی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ـەوە زۆر شێوازی خەباتی تێدا تاقی کراوەتەوە. لەم نێوەدا بەشداری نەکردنی زۆربەی خەڵکی کوردستان لە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی کۆماری ئیسلامییدا، بە بەردی بناغەی ناڕەزایەتیی جەماوەری و خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ کە دیارە کارتێکەریی پەیام و ڕێنوێنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەم هەڵوێستە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستان، حاشای لێ ناکرێ.

هەر چەند ڕووداوەکانی دوای جێگیربوونی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکان و بە گشتی خەڵکی کوردستانی ناچار کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی نیزامیی دڕندانەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیک و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی شێوازی چەکدارانەی خەبات بگرنە بەر، بەو حاڵەش نافەرمانیی مەدەنی و ناڕەزایەتیی جەماوەری هەر چەند بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ وەک شێوازێکی خەبات لە بیر و زەینی خەڵکی کوردستاندا، ئامادەییان هەبووە. دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر هەڵسوکەوت و ڕەفتار و تاوانەکانی هێزە سەرکوتکەرەکان لەگەڵ خەڵک بە تایبەت لە گوندەکان بەشێک لەو ناڕەزایەتییە جەماوەرییە پچڕپچڕانە بوون کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان نموونەیان بینراوە.

لە ئاستی شارەکان، لە دەیەی ٧٠ی هەتاوییدا لانیکەم شایەدی چەند ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی گەورەی جەماوەری بووین کە ئاماژە بە سێ نموونە لە بەرچاوترینیان دەکەین: یەکەم: ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان بە ناڕەزایەتی لە تاوانەکانی جاشێکی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕەوتی ئەودا ژمارەیەک لە خەڵک کوژران و بریندار بوون و دەیان کەسیش کەوتنە زیندانەوە. دووەم: ناڕەزایەتیی جەماوەریی خەڵکی کرماشان بە مەبەستی مەحکوومکردنی تیرۆری کەسایەتیی ئایینی و فەرهەنگیی کوردستان «مامۆستا مەلا محەممەد ڕەبیعی»، کە لە ساڵی ١٣٧٥ ڕووی دا. سێیەم: ناڕەزایەتیی سەرانسەری لە پێوەندی لەگەڵ ڕفێنرانی عەبدوڵڵا ئوجالاندا، کە لە ئاکامدا ئاراستەکەی بەدژی کۆماری ئیسلامی شکایەوە.

لە دەیەی ٧٠ی هەتاوییدا هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بوو بە دەرفەتێک کە لەودا خەڵک لەژێر ڕۆشنایی سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتدا، بە مەبەستی شوێندانان لەسەر ئاکامی هەڵبژاردن و دەرخستنی ئیرادەی نەتەوەیی خۆیان بێزاری لە ڕەفسەنجانی دەنگیان بە کاندیدای ڕقەبەری ناوبراو (تەوەککولی) دا.

سەردەمی سەرکۆماریی محەممەد خاتەمی (٨٤-٧٦) لەگەڵ ئەوەدا کە ڕوانینی ئەمنیەتیی دەسەڵات بۆ کوردستان لە جێی خۆی بوو، لەژێر کارتێکەریی ئەو کەشە سیاسییەدا کە لە ئێران لە گۆڕێدا بوو، چالاکیی فەرهەنگی و مەدەنی زۆر گەشەی کرد.

هەرچەند حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامییدا بە گشتی سیاسەتی تەحریمیان گرتۆتە بەر، بەڵام لە سەردەمی ئیسلاحاتی خاتەمییدا دوو هەڵبژاردن ڕیزپەڕ کراون. حیزبی دێموکرات بە پێی لێکدانەوەی خۆی لەو فەزا سیاسییەی کە لەم قۆناغەدا زاڵ بووە و بە پێی هەڵسەنگاندنێک کە بۆ بەرژەوەندییەکانی کوردی کردوە، بە پێچەوانەی هەڵوێستێک کە لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی لە دوای خولی یەکەمی مەجلیسی خیبرەگان گرتبوویە

بەر، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی مەجلیس و دەورەی یەکەمی هەڵبژاردنی شۆراکانی شار و گوندی تەحریم نەکرد. لەم دوو هەڵبژاردنەدا بە پێی ئەو فەزا سیاسییەی لە گۆڕێدا بوو، تا ڕادەیەک دەرفەتی ئەوە هەبوو کە کەسانی خۆشناو لە شار و گوندەکان خۆیان کاندید بکەن و لەو دەسەڵاتە بەرتەسکەی کە لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی وەدەستی دێنن بە قازانجی خەڵک کەلک وەرگرن. هەر بۆیە داوای لە خەڵک کرد لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. ئەم هەڵوێستانەی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەدا دەکرێ بە نیشانەی باوەڕی ئەم حیزبە بە شێوازەکانی خەباتی دێموکراتیک و مەدەنی لە قەڵەم بدرێ کە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی باشیان لێ کرا. لەژێر کاریگەریی ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتدا بوو کە بۆ یەکەم جار لە ئێران لە مەجلیسی شەشەمدا فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێراندا پێک هات.

ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە هەڵبژاردن بە پێی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە ئەو کات لە گۆڕێدا بوو، یارمەتیی بەوە کرد کۆمەڵێک لە کەسایەتی و چالاکانی سیاسیی کورد بچنە نێو گەمە سیاسییەکانەوە. چونکە تا بەر لەم قۆناغە تەحریم کردنی هەڵبژاردنەکان لە لایەن حیزبە کوردستانییەکان بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی تێچووی چالاکیی سیاسیی لە کوردستان قورس کردبوو. تا بەر لەم قۆناغە تێکۆشەرانی سیاسیی سەربەخۆ لە سێبەری ڕوانگەی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامییدا زۆر بە سانایی، و تەنانەت لە لایەن حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەرچەسبی جۆراوجۆریان لێ دەدرا.

لە ساڵی ١٣٨٤ واتە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاددا، کوردستان بووە مەیدانی گەورەترین ڕاپەڕینی جەماوەری. لە ڕێکەوتی ١٨ی پووشپەڕی ئەو ساڵەوە بۆ ماوەی نزیک بە مانگێک زنجیرە خۆپیشاندانێک بە نیشانەی نارەزایەتی و دەربڕینی بێزاری لە کوژرانی دڕندانەی لاوێکی مەهابادی بە ناوی شوانە سەید قادر لە لایەن هێزە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانەوە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. ئەم نارەزایەتییە جەماوەرییانە بە گەورەترین نارەزایەتییەکانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی دەژمێردرێن. دیارە هاوکاتبوونی ئەو نارەزایەتییانە لەگەڵ ١٩ ساڵەی تیرۆری د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی بووە هۆی ئەوە کە بۆ یەکەمین جار لە دوای تیرۆری ڤییەنەوە خەڵکی کوردستان بە ڕاشکاوی بێزاریی خۆیان لە تیرۆریزمی دەوڵەتی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەربڕن.

لە نارەزایەتیدەربڕینەکانی پووشپەڕ و گەلاوێژی ٨٤دا جگە لە مێتۆدی خۆپیشاندان، لە مێتۆدی داخستنی دووکان و بازاڕ و کارنەکردنیش کەلک وەرگیراوە. ئەم مێتۆدانە بە تایبەت لە ساڵانی دواتردا لە ساڵوەگەڕەکانی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانیدا لە ئاستێکی بەرینتردا کەلکیان لێ وەرگیراوە.

لە پێوەندی لەگەڵ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکی ئاوا بەریندا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بکرێ:

یەکەم: گەشەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و هەروەها هاوپێوەندیی نەتەوەیی دەورێکی هەرە کاریگەری لە شکڵ گرتنی ئەم حەرەکەتە سەرانسەرییەدا هەبوو.

دووەم: ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات بە هەستکردن بە پێویستیی

قۆزتنەوەی ئەمە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی سەرکردایەتیی حیزب بن، ئەو دەورەیان گێڕا کە دەبێ دان بەم ڕاستییەدا بنێین.

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی پووشپەڕ و گەلاوێژی ٨٤ دەریان خست کە نەبوونی خوێندنەوەیەکی شیاو لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، لاوازیی ڕاگەیاندن، ریسک نەکردن و بێبەرنامەیی لە بواری خەباتی جەماوەرییدا بوونە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکرات نەتوانێ دەورێکی ئەوتۆ لە ڕێبەریکردنی ئەو ناڕەزایەتییانە ببینێ. گەڕانەوە بۆ هەڵوێست و بەڵگەکانی حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەن.

ئەزموونی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی پووشپەڕ و گەلاوێژی ٨٤، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە زەمینەکانی جۆرێک مانگرتنی گشتی لە شێوەی داخستنی دووکان و بازاڕ و چۆلکردنی شوێنەکانی کار و خوێندن، دەکرێ لە ٢٢ی پووشپەڕی ٨٥ـیشدا تاقی بکرێتەوە. بۆیە لەو ساڵەوە تا ئێستا حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵک کردوە، لە ساڵڕۆژی تێرۆری د. قاسملووی ڕێبەردا مانگرتنی گشتی بەڕێوە بەرن. مانگرتنەکانی دواتریش بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە چوون، بۆیە دەکرێ بڵێین بوونەتە نەریتێکی ساڵانە.

مانگرتنی گشتی یەکێک لەو شێوازە تاقیکراوە و سەرکەوتووانەیە کە لە بۆنەی دیکەشدا کەلکیان لێ وەرگیراوە. لەم نێوەدا مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە ئێعدامی فەرزاد کەمانگر و چوار تێکۆشەری دیکەی سیاسیی کورد و ئێرانی لە ٢٣ بانەمەڕی ٨٩دا بە لووتکەی ئەم شێوە مانگرتنە دەژمێرێ.

بە پێی لێکدانەوەی حیزبی دێموکرات کوردستان هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی کورد جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو کایە سیاسییەکانی ئێران. ئەم هەڵوێستە بۆ چەند هۆکار دەگەڕایەوە. یەکەم: حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وابوو، ئەو ململانێیەی لە نێوان دەسەلات و ڕیفۆرمخوازەکان لە گۆڕێدا بوو، ململانێیەکی جیددیە. بۆیە پێویستە کورد بە قازانجی ئامانجە سیاسییەکانی کەلکی لێ وەرگرێ. دووەم: بەشێک لە داخوازە نەتەوەییەکانی کورد و نەتەوە ژێرستەمەکانی ئێران لە بەرنامەی کاندیداتۆرەکاندا ڕەنگیان دابۆوە. ئەم هەڵوێستە لە جۆری خۆیدا بوێرانە و نوێ بوو. چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستان و زۆربەی نزیک بە تەواوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە درێژایی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا جگە لە چەند هەڵبژاردنێک، هەموو هەڵبژاردنەکانی دیکەیان بایکۆت کردبوو. ئامانجی حیزبی دێموکراتی کورستان ئەوە بوو کە لە سەنگی کورد و دەنگدەرانی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا کەلک وەرگیرێ. بەشداریی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردندا دەری خست کە حیزبی ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردایەتییەکەی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ڕاگەیاندنێکی بەهێزی نییە و هەڵوێستێکی جیاواز لە زۆرینەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی گرتوە، توانیویەتی خوێندنەوەیەکی دروست بۆ ڕاستییە سیاسییەکان بکا. هەر ئەم هەڵوێستەش بووەتە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەسپێکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی و شکڵ گرتنی بزووتنەوەی سەوز، تووشی هەڵوێستی دژبە یەک نەبێ.

ڕووداوەکانی داوی هەڵبژاردن لە سەرەوویانەوە ئەو بزووتنەوە ناڕەزایەتی و ئازادیخوازانەیەی کە لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەت تاران و شارە گەورەکان بە دروشمی «کوا دەنگی

مـن» دەسـتی پێکـرد، گرینگیـی ئـەم هەڵوێسـتەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی دەرخسـت. لێرەدا بـوو کـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان توانـی هـەم لـە نێـو هاوکێشـە سیاسـییەکاندا بـە جۆرێـک دەرکـەوێ و هەمیـش کارتێکەریـی لەسـەر حەرەکەتـە جەماوەرییەکانـی کوردسـتان هەبـێ.

ئـەم ڕوانگەیـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان واتـە بـڕوا هەبـوون بـە مێتـۆدە جەمـاوەری و مەدەنییـەکان و بـە گشـتی گەڕانـەوە بـۆ نێـو کایـە سیاسـییەکان لـە ڕاسـتییدا جۆرێـک لێکنزیـک بوونـەوە و هاوپەیمانیـی ڕانەگەیەنـدراوی لەگـەڵ چالاکانـی مەدەنـی، داکۆکیکارانـی مافـی مـرۆڤ و تێکۆشـەرانی سیاسـیی نێوخـۆی وڵات لـێ کەوتۆتـەوە. ئـەم گرنگـی دانـەش کـە لـە سـێ سـاڵی ڕابـردوودا لـە لایـەن ئێمـەوە بـە جموجـۆڵ و حەرەکەتـە ئێعترازییەکانـی نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دراوە، بـۆ وێنـە پشـتیوانی لـە مانگرتنـی بەندییـە سیاسـییەکان، مەحکـووم کردنـی گوشـار بـۆ سـەر چالاکانـی مەدەنـی و تێکۆشـەرانی داکۆکیـکاری مافـی مـرۆڤ، پشـتگیریی حەرەکەتـە ئێعتـرازی و سـەمبولیکەکان لـە شـارەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، وەڕێخسـتنی کەمپەینـی دژبـە ئێعدامـی چالاکانـی سیاسـی و پشـتیوانی لـە کاندیداتۆریـی سـەرۆکی ڕێکخـراوی مافـی مرۆڤـی کوردسـتان بـۆ خەڵاتـی ئاشـتیی نۆبێلـی ٢٠١١ لـەو نزیکـی و هاوپەیمانییـە لەگـەڵ چالاکانـی مەدەنـی و تێکۆشـەرانی سیاسـی لـە نێوخـۆی کوردسـتان و لـە گرینگـی دانـی حیزبـی ئێمـە بـە خەبـات و تێکۆشـانی هێمنانـە و مەدەنـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا سـەرچاوە دەگـرن.

هەرچەنـد حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە پێوەنـدی لەگـەڵ هەڵبژاردنـی سـەرکۆماری و ڕووداوەکانـی دوای ئـەودا هەڵوێسـت و سیاسـەتی گونجـاوی گرتەبـەر، بـەڵام لـە ئاسـتی پراکتیکـدا نەیتوانـی وەک پێویسـت لـە نێـو جەرگـەی جەماوەرییـدا دەرکـەوێ، کەواتـە پرسـیار ئەوەیـە چۆنـە حـدک توانیویەتـی لـە بـاری لێکدانـەوە و هەڵوێسـتی سیاسـییەوە ڕچەشـکێنی بـکا و هەنـگاوی گـەورە باوێـژێ، بـەڵام لـە بـاری پراکتیکـەوە نەیتوانیـوە وڵامـدەر بـێ؟ وڵامـی ئـەم پرسـیارە پێوسـتیی بـە خوێندنـەوەی وردی ئێمـە لـە خاڵە لاوازەکانمـان و چارەسـەرکردنیان هەیـە بـۆ ئـەوەی لـە داهاتـوودا بتوانیـن لـە بـاری پراکتیکییـەوەش حەرەکەتـی گونجـاو لەگـەڵ هەڵوێسـتە سیاسـییەکانمان وەرێ بخەیـن.

### ڕێورەسمەکانی نەورۆز و سەری ساڵ

لـە چەنـد سـاڵ لەمـەو پێشـەوە هـاوکات لەگـەڵ گەشـەی فەرهەنگـی و گەشـەی سیاسـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ڕێورەسـمەکانی نـەورۆز و سـەری سـاڵ تـا دێ بـەرەو ئـەوە دەچـن لـە حاڵەتـی بنەماڵەیـی و پچڕپچـڕ بێنـەدەر و ببنـە کارنەڤاڵێکـی جەمـاوەری و حەرەکەتێکـی مەدەنـی. سـەرەتای ئـەم ڕێورەسـمە بـە کۆمەڵـە لـە ساڵانی کۆتایی دەیـەی ٧٠دا بـە کۆبوونـەوەی لاوان لەسـەر شـەقام و شـوێنە گشـتییەکان دەسـتی پێکـرد. لانیکـەم لـە دوو سـاڵی ڕابـردوودا ڕێورەسـمەکانی نـەورۆز دیمەنێکـی دیکەیـان بەخـۆوە گرتـوە و بوونەتـە کارنەڤاڵێکـی جەماوەریـی گـەورە کـە جگـە لـە لاوان، خەڵکـی دیکـەش بەشـداریی تێـدا دەکـەن. ئـەم ڕێورەسـمە نەورۆزیانـە لـە هێندێـک لـە شـارەکاندا بـە ڕادەیـەک جەمـاوەری بوونەتـەوە کـە فەرمانداریـی شـارەکان ناچـارن مۆڵەتیـان بدەنـێ.

وردبوونـەوە لـە لایەنـە جۆراوجۆرەکانـی ئـەو ڕێورەسـمە جەماوەرییانـە کـە بـە شـێوەی

هاوکات لە بۆنە نەتەوەییەکاندا بەڕێوە دەچن، لە زۆر بارەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ئاراستەی داڕشتنەوەی شێوازی خەباتدا سوودیان لێ وەرگرن.

بەرەو جەماوەری ڕۆیشتنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەویش لەم دۆخە ئەمنیەتییە دەژوارەدا، بەر لە هەر شتێک نیشانەی گەشەی فەرهەنگی، سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵک لە بۆنەکانی وەک نەورۆزدا بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر لە پێشوو بە قازانجی خۆیان کەلک وەرگرن.

بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمە جەماوەرییانە لە پەنا ئەو مانگرتنە نیوە سەرانسەری و سەرانسەرییانەی لە دە ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە چوون گومانێکی لەوەدا نەهێشتوەتەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری گەشەی خەباتی مەدەنییەوە هەنگاوی گەورەی بەرەو پێش هاویشتوە. کە واتە دەتوانین بڵێین هیچ حیزبێکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ خوێندنەوە و تێگەیشتنی قووڵ و هەمەلایەنە لەو گۆڕان بەرەوپێشچوونانەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خۆیەوە دیون، ناتوانێ بیر لە تاکتیک و شێوازی خەبات بکاتەوە. نەبوونی ئەو تێگەیشتنە قووڵە بۆتە هۆی ئەوە کە لە ساڵانی ڕابردوودا هەست بەوە بکرێ کە حیزبەکان لە دواوەی کۆمەڵگەوەن، توانای ڕیسک کردنیان نییە و ناتوانن بەو شێوەیەی پێویستە کاریگەرییان لەسەر ڕێکخستنی خەڵک بۆ ئامانجە دیاریکراوەکان هەبێ.

هەرچەند دۆخی دوور بوونی ڕێبەری و تێکۆشەرانی حیزب لە مەیدانی سەرەکیی تێکۆشانی خۆیان کە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەتوانێ پاساوێک بێ بۆ نەبوونی خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم پاساوە ئەویش لەم سەردەمەدا بە هیچ شێوەیەک لە لای خەڵکی پەسەند نییە. دیارە لە پەنا ئەم فاکتۆرە، دوورکەوتنەوە، کۆمەڵە فاکتۆرێکی دیکەش لە گۆڕێدان کە بوونەتە گرفت لە بەردەم حیزبە سیاسییەکان لە خوێندەنەوە و تێگەیشتنێکی واقعبینانە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە. باڵادەستیی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی کۆن، نەبوونی پەروەردەی هەمەلایەنەی سەردەمیانە و کێشە دەروون ڕێکخراوەییەکان و لە سەروویانەوە لاوازی یان نەبوونی تیئۆریی خەبات، کۆمەڵێک لەو فاکتۆرانەن کە بوونەتە هۆی ئەوە کە ئێستا تێگەیشتنی خەباتی تاک ڕەهەند باڵادەست بێ، لە تێکنۆلۆژیی سەردەم کە دەورێکی گرنگی لە خەباتی جەماوەری و مەدەنییدا هەیە وەک پێویست کەلک وەرنەگیرێ یان تەنانەت هەست بە گرنگییەکەی نەکرێ و سەرەنجام گرنگی بە کۆ کردنەوەی زانیاری و داتا لە بواری جۆراوجۆردا کە بەردی بناغەی هەر لێکدانەوە و سیاسەتێکی سەردەمیانە دەژمێردرێ، نەدرێ.

لەژێر کاریگەریی کۆی ئەم فاکتۆرانەدا دەتوانین بڵێین خەباتی مەدەنی و جەماورەی وەک شێوازێکی جێگرتووی خەبات نەیتوانیوە بە زەقی لە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێی خۆی بکاتەوە. ئەوە کەمایەسی و لاوازییەکە کە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانیشەوە دیارە. هەرچەند ڕەنگە حدک لە چاو حیزبەکانی دیکە چەند هەنگاویش لە پێشتر بێ، بەڵام بەو حاڵەش ناکرێ پێشوازیی حیزبی ئێمە لە هێندێک حەرەکەت کە بە هۆی لایەنی دیکە یان بە هۆی هێندێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆی وڵاتەوە وەڕێ خراون، بە نیشانەی جێگرتوویی ئەم شێوازە هەرە گرنگەی خەبات لە لای ڕێبەریی ئەم حیزبەوە دابنرێ.

حیزبێک کە باوەڕی بە شێوە خەباتی جەماوەری و مەدەنی هەبێ دەبێ بەردەوام لە بیری داهێنان و دۆزینەوەی مێتۆدی سەردەمیانەی خەباتدا بێ. لەم سەردەمەدا کە هەم لە ئێران و هەم لە وڵاتانی دەوروبەر و ناوچە خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆتە مێتۆدی هەرە سەرەکی و باڵادەستی خەبات، پێویستە حیزبی ئێمە بە تایبەتی و کورد بە گشتی لەگەڵ ڕاگرتنی شانازییەکانی شێوە خەباتەکانی دیکە، قورساییەکی تەواو بەم شێوە خەباتە بدا. لەم نێوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نیشانی داوە ڕوانگەیەکی کراوە و سەردەمیانەی بۆ ئاڵوگۆڕەکان و دیاردە نوێیەکان هەیە، وەک بەرپرسیارەتییەکی سیاسی و مێژوویی پێویستە ئەو شێوە خەباتە بەهێز بکا. بێگومان هەر حیزبێکی سیاسی بتوانێ حەرەکەتی جەماوەری وەڕێ بخا و کانالیزەی بکا، دەتوانێ چ ئێستا و چ لە داهاتوودا قسەی یەکەم بکا. ئەگەر لە باری مێکانیزمی نفووزی حیزبەوەش هەڵیسەنگێنی دیسانیش ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە هەر حیزبێک بتوانێ مێتۆدە جەماوەری و مەدەنییەکانی خەبات پراکتیزە بکا، خێراتر و باشتر دەتوانێ جوغرافیای نفووزی خۆی بەرین بکاتەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی باڵانسی سیاسی و هاوکێشە سیاسییەکانیشەوە چ لە ئاستی ناوەند و چ لە ئاستی کوردستان لە بابەتەکە بڕوانین دیسان ئاکامەکە هەر ئەوەیە: هەر حیزبێک توانایی وەگەڕخستنی جەماوەری هەبێ لە هەموو هاوکێشەکاندا سەنگی دیارە و حیسابی لەسەر دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ لەم مێکانیزمە کاریگەرەی خەبات بە شێوەی پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەدا کەلک وەرگرێ، پێویستە: یەکەم، بە هاوکاری و هاوفکری کەسانی خاوەنڕا بە تایبەت لە نێوخۆی وڵات هەوڵ بۆ تێئۆریزە کردنی ئەم شێوازە خەباتە بدا و پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی دابین بکا. دووەم، هەوڵ بدا کراوەییەکی زۆرتر لە ڕاگەیاندنەکەی (بە تایبەت لە تەلەڤیزیۆن)دا پێک بێنێ بە چەشنێک کە لەگەڵ پاراستنی چوارچێوە سیاسییەکانی حیزبدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە خۆیانی تێدا ببیننەوە و بەردەنگی بن. سێیەم، چونکە بە داخەوە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئێستای تەشکیلاتی حیزبی ئێمە هەم لە باشوور و هەمیش لە ڕۆژهەڵات نامۆییە بەرامبەر بەم شێوە خەباتە (ئەم نامۆییە بە تایبەت لە نێو کادر و پێشمەرگەی حیزبدا زۆر بەرچاوە) پێویستە لە پەروەردی سیاسیی حیزبدا ئەم شێوازە خەباتە و تێئۆرییەکانی گرنگییەکی تەواویان پێ بدرێ.

**پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێین کە بناغەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پاشان حیزبی دانراوە و لەم چوارچێوەیەدا ئێمە سەرجەم ئەو لایەن و ڕێکخراوانەی کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی ڕزگاری و مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان خەبات دەکەن بە دۆستی خۆمان دەزانین و هەوڵمان داوە کە پێوەندییان لەگەڵ پتەوتر بکەین.

لەم ڕوانگەیەوە و بە ئاماژە بەو خاڵە هاوبەشانە کە لە کێشەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان و لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکاندا هەن، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە کە دەبێ کورد خاوەن ستراتێژییەکی نەتەوەیی بێ و لەم سۆنگەیەشەوە

دەتوانێ بە قورساییەکی زیاترەوە سیاسەت و مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی جیهانی بکا. دیارە ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە لە قۆناغی ئێستادا چارەسەر کردنی سیاسییانە و دێموکراتیکی کێشەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان گرێدراوی تایبەتمەندیی ئەو وڵاتانەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

لە سەر بناغەی ئەم ڕوانینە، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە پێوەندییەکی باش و دۆستانەی لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان هەبێ. بۆ ئەم مەبەستەش لە ئاست باشووری کوردستاندا، پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان هەبووە و دەکرێ بڵێین پاش کۆنگرەی چواردە پێوەندییەکانی لەم بوارەدا گەشەیەکی بەرچاویان هەبووە. لەم نێوەدا بە ئاماژە بە ڕابردووی پێوەندی و دۆستایەتیی لەمێژینە و ڕۆڵی بنەڕەتییان لە بردنە پێشی پرسی کورد لە وڵاتی عێراقدا، هەر دوو هێزی سەرەکیی باشووری کوردستان: «پارتی دێموکراتی کوردستان» و «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» جێگایەکی تایبەتیان لە پێوەندییە کوردستانییەکانمادا هەیە.

لە ئاستی باکووری کوردستاندا هەوڵمان داوە پێوەندیمان لەگەڵ ئەو حیزبانەی بە شێوەی یاسایی لە باکووری کوردستان و لە نێو تورکیەدا تێکۆشانیان هەیە، وەک: پارتی ئاشتی و دێموکراسی، کۆنگرەی کۆمەڵگەی دێموکراتیک، پارتی بەشداربوونی دێموکراتیک و پارتی ماف و ئازادییەکان، هەبێ. دیارە بەو هۆیەوە کە ئەم حیزبانە قورسایی تێکۆشانیان لە نێوخۆی وڵاتە و لە دەرەوەی تورکیە، لە ئورووپا و هەرێمی کوردستان بنکە و نوێنەرایەتییان نییە، ئیمکانی دیدار و بیروڕا گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵیان کەمترە. هەروەها لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستانیش وەک دیارترین و ناسراوترین هێزی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستان، لە ئاستی کوردستان و ئورووپادا پێوەندی و دیدار و دانیشتنمان هەیە.

لە ئاست ڕۆژئاوای کوردستانیش بە هەمان شێوە، پێوەندییەکی باشمان لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوێ هەیە. بە سەرنجدان بە بەربڵاوی و زۆریی ژمارەیان هەوڵمان داوە پشتگیریی ئەوە بکەین کە جۆرێک کۆدەنگی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا دروست بێ.

بەشێکی دیکەی پێوەندییە کوردستانییەکانی ئێمە، پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. لەم بارەیەوە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە هاندەر بێ بۆ بەرینتر بوونەوە و فرەلایەن بوونی بازنەی دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە لە بارەی پرسە هاوبەشەکان و دروستکردنی کۆدەنگی، هاوهەڵوێستی و هاوکاری لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و تەنانەت لەم ڕوویەشەوە دەسپێشخەری کردوە. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کاتی هەڵوێست گرتن بەرامبەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گرینگەکان یا لە پێوەندی لەگەڵ بۆنە مێژوویی و هاوبەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەم بەشەی

کوردستانی بۆ پێکەوە دانیشتن و هاوهەڵوێستی و دەرکردنی بەیانی هاوبەش و گرتنەبەری حەرەکەتی هاوبەش، بانگەواز کردوە. ئەم هەوڵانە هێندێک جار، هاودەنگی و هاوهەنگاویی چەند لایەنە و پێکەوە دەرکەوتن لە میدیاکانیان لێ کەوتۆتەوە. بەڵام نە ئەو هەوڵانەی حیزبی ئێمە و نە هیچ هەوڵێکی دیکە هیچ کات نەبوون بە هۆی ئەوە هەموو یا زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە پێکەوە دابنیشن و بەیەکەوە کارێکی هاوبەش بکەن. دیارە لە هەلومەرجێکدا، کە دانیشتن و کۆبوونەوەی فرەلایەن و گشتی بۆ جارێک و ڕێککەوتن لەسەر بەیان یا هەڵوێست و حەرەکەتێکی هاوبەش دەست نەدا، ڕێککەوتن لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش و پێکەوە کارکردن لە چوارچێوەی بەرەیەک یا تەڤگەرێکدا، وەک ئامانجێکی دوورەدەست دێتە بەرچاو. ئەم ڕاستییە تاڵەش، لە کاتێکدایە کە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچە و ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتوویی و هاوخەباتی و ڕێککەوتن لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان و پێکەوە کارکردن، لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەو بەشەی کوردستان، دەخوازن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەساڵی ڕابردوودا بە سەرنجدان بە ڕابردوو و ئەو زەرەر و زیانانەی کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی کێشە و ناکۆکییە نێوخۆییەکاندا ویی کەوتوە، لەگەڵ زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییەکان کۆ بووەوە و ئەم بیرەی لەگەڵدا هێنانە بەرباس کە با هەمووومان لە ئێستاوە لەسەر ئەوە کە لە داهاتوودا لە کێشە و ناکۆکییە نێوخۆییەکاندا بە هیچ شێوەیەک پەنا نەبەینە بەر توندوتیژی و چەک، ڕێک بکەوین. ئەم هەوڵە بە شوێن هەڵدرانەوەی بێمەوریدی لاپەڕەکانی شەڕی نێوخۆ (شەڕی دێموکرات و کۆمەڵە لە دەیەی ٦٠ـی هەتاوییدا) و دروستبوونی کەشوهەوایەکی نالەبار درێژەی پێنەدرا، بەڵام هەر ئەم ورووژاندنەوەی باسی شەڕی نێوخۆی حیزب و کۆمەڵە لە لایەن چەند سەرچاوەیەکەوە، بوو بە هاندەری کومیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە بۆ ئەوەی بەڵگەنامەیەکی تایبەتی لەم پێوەندییەدا پەسەند بکا و تێیدا ڕابگەیەنێ کە: «لە شەڕی براکوژییدا نە براوە و دۆڕاوێک هەیە، نە هیچ لایەنێکیش بە تەواوەتی بێخەتایە ... زۆر بەجێ دەبێ ئەگەر لە دەرفەتی گونجاودا هەموو لایەنەکان پێکەوە بە گیانی یەکدڵی و هاوخەباتییەوە هەوڵی خەسارناسیی ئەو شەڕە بدەن و هەموو لایەک پێکەوە ئەو ڕووداوانە مەحکووم بکەن، ڕاشکاوانە و بێپێچ و پەنا داوای لێبوردن لە تەواوەتی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی لە بنەماڵەی شەهیدان و بریندارن و کەمەندامانی ئەم شەڕ و تێکەڵچوونانە بکەن و لەوانەش گرنگتر مێکانیزمێک بدۆزنەوە کە جارێکی دیکە بە هیچ پاساوێک ڕووداوی لەو چەشنە لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا دووپات نەبێتەوە.» نێوەرۆکی ئەم جۆرە بەڵگەنامانە کە لە کومیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمەدا پەسەند کراون، جیددی بوونی حیزبی ئێمە لەسەر پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەزموون وەرگرتن لە ڕووداوەکانی ڕابردوو پیشان دەدەن و لە داهاتووشدا دەتوانن ڕێنیشاندەرمان بن.

**وتەیەك لە کۆتاییدا**

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە!**

کومیتەی ناوەندی هیوادارە کە ئەم کۆنگرەیە، گرنگی بە هەموو ئەو پرس و بابەتانە بدا کە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە و خراونە بەر سەرنجی ئێوەی بەڕێز. داوامان ئەوەیە بە خستنەڕووی بۆچوون و لێکدانەوە و پێشنیار و ڕێکار و تێبینیی بەسوود، هەم ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی دەوڵەمەند بکەن، هەم بە هەڵسەنگاندنی کار و تێکۆشانی حیزب لە بواری سیاسی، دیپلۆماسی و پێوەندییەکان، تەشکیلاتی، ڕاگەیاندن، فێرکردن، کۆمەڵایەتی، ئەمنیەت، ماڵی و تەداروکات و هتددا، کەموکووڕییەکان، خاڵە بەهێز و لاوازەکان و ئەرکە گرینگەکانی داهاتوو، دەستنیشان بکەن و بەم جۆرە ڕێبەریی داهاتوو لە بەرەوپێش بردنی پرۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەو ئەرکانەی ئەم کۆنگرەیە دەیخاتە سەر شانیان، یارمەتی بدەن.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

کومیتەی ناوەندی داواکار و چاوەڕوانە ئەم کۆنگرەیە، بە لێکدانەوەی سیاسیی دروست، بە پەسەندکردنی بڕیاری پێویست و بە هەڵبژاردنی ڕێبەرییەکی شیاو، حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێی کوردستان و ئێران و ناوچەدا ئامادە بکا. ئەم داوا و چاوەڕوانییە لە جێی خۆی‌دایە. چونکە لە لایەکەوە، خەڵکی کوردستان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە حیزبی خۆشەویستی خۆیان دەزانن و لەگەڵ ڕۆڵی دیار و بەرپرسانەی ئەم حیزبە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان و زەرفیەتی سیاسی و نفووز و تواناکانی حیزبی ئێمە لە مەیدانی جۆراوجۆردا ئاشنان، هەر بۆیە لێی دەخوازن، لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەواندا بێ. لە لایەکی دیکەوە، ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کۆمەڵێک گۆڕان لە ڕادەی نێونەتەوەییدا، لە بەرژەوەندیی خەباتی ئازادیخوازیی گەلان و بەدژی سیستەمە دیکتاتۆرەکان، دەچنە پێش. ئەم هەلومەرجە نوێیە لە ئێمەی دەوێ بە قازانجی گەل و وڵاتی خۆمان و ئامانجە پیرۆزەکانمان کەلکی لێ وەربگرین. با لەم کۆنگرەیەدا و لە کار و تێکۆشانی دوای ئەم کۆنگرەیەدا نیشانی بدەین لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەداین کە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان و هێز و ڕێکخراوە کوردستانی، ئێرانی و بیانییەکانی دۆستی حیزبی دێموکرات لە ئێمەیان هەیە. هەر کام لە ئێمە ڕۆڵەکانی قاڵبووەوە لە خەبات و تێکۆشانی پڕ لە قوربانی دانی حیزبی دێموکرات و هەروەها حیزبمان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بوونی ئەزموونی دەوڵەمەند و بڕوا و ئیرادەی پتەوی خەباتگێڕانە و ئازادیخوازانە و دڵگەرم بە خۆشەویستی و پشتیوانیی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانین ڕۆڵێکی کاریگەرمان لە بنیاتنانی داهاتوویەکدا هەبێ کە نەسڵەکانی پێش ئێمە و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی هاوخەباتمان، قوربانیی گەورەیان بۆ داوە. کۆنگرە، ئەو جێگا و ئەو دەرفەتەیە کە پێویستە و دەبێ بۆ ڕەنگرێژکردنی ڕێگای گەیشتنمان بەو داهاتوویە و بۆ توندوتۆڵ کردنەوەی هەنگاوەکانمان لەو ڕێگایەدا، بیقۆزینەوە.

جارێکی دیکە بە هیوای بەشداریی چالاکانەی ئێوەی بەڕێز لە سەرجەم کار و باری ئەم

کۆنگرەیەدا و بە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەی پازدەیەم.

پڕ دەسکەوت و سەرکەتوو بێ کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی چەندین نەسڵ لە تێکۆشەران و خەباتگێڕانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
سڵاو لە ڕێبەرانی شەهیدمان قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و سەرجەم شەهیدانی ئەم حیزبە و گەلی کورد
هەر شەکاوە و لە بەرەوپێش چووندا بێ ئاڵای خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان لە هەموو مەیدانەکاندا.

**کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

***

## بڕیارنامەی سیاسیی
## پەسەندکراوی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (١٣٩٠/٣/٢_٨)

### لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقا

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وردی و بایەخەوە ئاوڕی لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی یەک ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقا دایەوە و لەو بارەیەوە گەیشتە ئەم ئاکامانە:

١_ ئەوەی پاش چەندین ساڵ شەڕ و سیاسەتی قەڵاچۆی دەوڵەتی سوودان بەرامبەر بە دانیشتووانی باشووری سوودان هاتە ئاراوە و ڕێگا درا کە خەڵکی ئەم بەشەی سوودان لە ڕێفراندۆمێکی ئازاددا بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بدەن و، سەرەنجام ئەو خەڵکە بە زۆرایەتیی نیزیک بە هەمووی دەنگەکان بڕیاری سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دا، ڕووداوێکی یەکجار گرنگ و هەنگاوێکی دادپەروەرانەی جێگای پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی بوو.

ئەم ڕووداوە نەک هەر بۆ ئامازیغەکانی باشووری سوودان کە لەو ڕێگایەوە بە سەربەخۆیی گەیشتن گرنگ بوو، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو نەتەوە بندەستانەی تا ئێستا لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێبەش کراون بە دەسکەوتێکی گەورە و پڕ بایەخ دادەنرێ. هەر بۆیە خەباتگێڕانی ڕێگەی ڕزگاریی نەتەوەی کورد پێویستە لە تێکۆشانی خۆیان و پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی خۆیاندا وەک پێشینەیەکی قانوونی و پەسەندکراوێکی نێونەتەوەیی پشتی پێ ببەستن. تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش کە کوردستانیان لە نێودا دابەش کراوە، لە سەریانە بە سیاسەتەکانی خۆیان بەرامبەر بە نەتەوەی کورددا بچنەوە و بە دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان ڕێگەی یەکیەتییەکی ئازادانە و داخوازانەی گەلی کورد و گەلانی دراوسێی لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵییدا خۆش بکەن. کۆنگرەی ١٥ ئەو سەرکەوتنەی خەڵکی باشووری سوودان

بە سەرکەوتنی هەموو گەلانی ستەملێکراو دەزانێ و بە دڵەوە پیرۆزباییان لێ دەکا.
٢_ کۆنگرە ڕاپەڕینی گەلانی دیکتاتۆر لێدراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (میسر، توونس، یەمەن، سووریە و ...) بە ڕاپەڕینێکی ڕەوا و ڕەسەنی ئازادیخوازانە دەزانێ و پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە گەلانی توونس و میسر دەکا کە لە ماوەیەکی کورتتردا توانیان کۆتایی بە دیکاتۆریی دەیان ساڵەی حاکمانی وڵاتەکانیان بێنن و زەمینە بۆ پێشکەوتنی ئازادی و دێموکراسی لە وڵاتدا فەراهەم بکەن.
کۆنگرە سەرکوتی بێڕەحمانەی یەمەن لە لایەن دیکتاتۆریی لەمێژینەی ئەو وڵاتەوە و کوشتاری دڕندانەی حکوومەتی بنەماڵەی ئەسەد دژی گەلانی کورد و عەرەبی سووریە بە توندی مەحکووم دەکا و، ئاواتەخوازە دیکتاتۆری لەو دوو وڵاتەدا پێش ئەوەی کارەساتە ئینسانییەکە بوعدێکی ترسناکتر بە خۆیەوە بگرێ پاشەکشە بکا و ڕێگە بە کۆمەڵانی خەڵک بدا بە ویستی ئازادانەی خۆیان چارەنووسی وڵاتەکانیان دیاری بکەن.
٣_ کۆنگرەی پازدەیەم پێشوازی لە بڕیاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە وەدەنگهاتن بەرامبەر بە کوشتاری بێبەزەییانەی دیکتاتۆر موعەممەر قەزافی لە خەڵکی لیبی دەکا و، ئەم بڕیارە بە هەنگاوێکی عادڵانە و مرۆڤدۆستانە دەزانێ و هیواداره لە داهاتوودا ئەم ڕەوتە درێژە بدرێ و ڕێگە نەدرێ حکوومەتە دیکتاتۆرەکان لەژێر پەردەی دەسەڵاتداریی نیشتمانی (حاکمیت ملی)یدا گەلانی وڵاتەکانیان سەرکوت و تەنانەت قەتڵوعام بکەن.
٤_ کۆنگرە هیوادار و دڵنیایە کە ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ڕۆژهەڵات لە داهاتوویەکی نیزیکدا بەرۆکی هەموو دیکتاتۆرییەکانی ئەم ناوچەیە و، یەک لەوان کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگرێ و گەلانی ئەم وڵاتانەش لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا سەرەڕۆیەکان ڕزگار دەکا.

## لە بارەی هەوڵی یەکڕیزیی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کورستان هەوڵەکانی کومیتەی ناوەندی لە سێ ساڵی نێوان کۆنگرەکانی ١٤ و ١٥دا، بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد و پێکهێنانی هاوکاری و یەکڕیزیی لە نێو هێزە وڵاتپارێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خستە بەر لێکدانەوە و سەرنج.
بەشدارانی کۆنگرە بە خۆشحاڵییەوە ڕوانیانە هەڵوێست و سیاسەتی یەکیەتیخوازانەی کومیتەی ناوەندی و لەو بارەیەوە دەستخۆشییان لە ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چواردەیەم کرد.
هەر بۆیە کۆنگرەی پازدەیەم وێڕای پشتیوانی لەم سیاسەت و هەنگاوە دروستانە، ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە ڕادەسپێرێ ئەو ڕەوتە بە شێلگیرییەوە درێژە پێبدا و هیچ دەرفەتێک بۆ هەوڵی لێکنزیکبوونەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدەست نەدا.
هەلومەرجی ئێستای ئێران و ناوچەکە لە هەموو ئازادیخوازان دەخوازێ ڕیزەکانیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئاڵوگۆڕەکانی قۆناغی داهاتوو ڕێک بخەن. بە تایبەتی هێزە کوردستانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراو دەبێ ئامادە و یەکهەڵوێست بن.

## لە بارەی بزووتنەوەی سەوزەوە

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکرات ئاوڕێکی لە هەڵوێستی ڕێبەرایەتیی حیزب بەرامبەر بە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆماری و ڕووداوەکانی دوای کودێتای پاوانخوازان لە دەنگەکانی خەڵکی ئێران دایەوە و بەم ئاکامەی خوارەوە گەیشت:

١ـ لە سەریەک، هەڵوێستی ڕێبەرایەتیی حیزب بەرامبەر بەو ئاڵوگۆڕانە بە دروست و گونجاو دەزانێ و پەسەندی دەکا. ڕووداوەکانی دوای دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەریانخست کە لێکدانەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب لە هەلومەرجی وڵات لێکدانەوەیەکی دروست بووە و زیاتر لەگەڵ واقعیەتەکانی کۆمەڵ و هەڵوێستی بژاردەکان و ڕووناکبیران و ئازادیخوازانی نێوخۆی وڵات یەکی گرتۆتەوە.

٢ـ هەڵوێستی حیزب بەرامبەر بەو بزووتنەوەیە کە بە ناوی بزووتنەوەی سەوز دەناسرێ بە گشتی دروست بووە و جێگای پەسەندە. بەڵام هەر لەو کاتەدا کۆنگرە بە پێویست دەزانێ ڕێبەرایەتیی نوێی حیزب بەرامبەر بەم بزووتنەوەیە هەڵوێستێکی وردتری هەبێ و ئەوەندەی دەرەتانی پێوەندی و ئاڵوگۆڕی بیرورا لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز هەیە، هەوڵ بدا زیاتر لە ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان تێ بگەن و وڵامی ڕاشکاوانە بە ویست و داخوازەکان بدەنەوە و لە بەرنامەکانیاندا بیگونجێنن.

هەر بزووتنەوەیەکی گۆڕانخوازانەی سەرانسەری بەدژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی ئێستا لە ژوورەوە یان لە دەرەوەی وڵات سەر هەڵ بدا، پێویستە ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی ڕێگەی ڕزگاریی نەتەوەی کورد لێی نزیک ببنەوە و هەوڵ بدەن لە بەرنامەکانی بۆ ئایندەی ئێران ئاگادار بن. هەر لەو کاتەدا دەبێ داخوازەکانی گەلی کوردیان ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا لەگەڵ باس بکرێ و، ڕادەی هاوکاری و لێ نزیکبوونەوەیان بە ڕادەی تێگەیشتن و قەبووڵی ئەو داخوازانەوە گرێ بدرێ. دیارە هیچ کاتێکیش نابێ لایەنی واقعبینی لەدەست بدەین و پێویستە تێ بکۆشین هەموو بارەکانی مەسەلە لێک بدەینەوە تا دوچاری زێدەڕۆیی و ماکسیمالیزمێکی ناواقعی نەبین.

## ئاڵوگۆڕەکانی تورکیە و باکووری کوردستان

ئاڵوگۆڕەکانی تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا لەگەڵ ئەوەی کەموکووڕیی زۆریان پێوە دیارە جێگای خۆشحاڵین. بە تایبەت ئەوە کە کوردەکانی باکوور توانیویانە بە کەلکوەرگرتن لەو دەرەتانە قانوونییەی سیستەمی سیاسیی تورکیە ڕەخساندوویەتی بچنە مەیدانی ململانەی دێموکراتیکەوە، بە بەرەوپێشچوونێکی ڕیشەیی دەژمێردرێ. بۆیە دەکرێ چاوەڕوان بین لەگەڵ ئەوەی لە حاڵەتی پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتیی تورکیەدا، پرسی شوناسی کورد دەبێتە یەکێک لە پرسە هەرە گرنگ و پڕکێشەکان، بەو حاڵەش بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە ئاستێکدا دەبینین کە ناکرێ هەر وا بە سانایی پشتگوێ بخرێ.

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکوەرگرتنی کورد لە دەرفەتە قانوونییەکانی نێو سیستەمی سیاسیی تورکیە بە دەسکەوتێکی حاشاهەڵنەگر دەزانێ.

**پێشوازی لە ڕوانگەی نوێی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە بارەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە**

درێژەی هەوڵەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هەوراز و نشێوەکانیەوە، لەگەڵ ئەوەی جێگەی سەرنجن، بەڵام لانیکەم تا دوو ساڵ لەمەو بەر ببوونە هۆی لە پلەی چەندەم دانانی پرسی پێشێلکرانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران.

لەبەر ڕووناکایی ئەم لێکدانەوەیەدا کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرنگیی پەیداکردنی پرسی پێشێلکرانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە ڕوانگەیەکی شایستە دەزانێ. کۆنگرە لەو باوەڕەدایە کە بە سەرنجدان بە پێشێلکرانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتی بێبەزەییانەی ناڕازییان و ئازادیخوازانی ئێران، پێویستە ناوەندە بڕیاردەرە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا شانبەشانی کێشەی ناوکی، لەسەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤیش ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

***

## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٥
## (٢ـ٨/ ٣/ ١٣٩٠)

**پێشەکی**

ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت – نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییدا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوە دێرینەی ناوچەکەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. ڕێکخراو نەبوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ئاستی پێویستدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەک و دەستێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری ناوچەکەی ئێمەدا لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆی بێبەش کرانی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەم بارودۆخە بوو بە هۆی دارشتنی سنووری دەوڵەت- نەتەوە تازە پێکهاتووەکانی ناوچەکە بە قازانجی چەند نەتەوەیەک و لەسەر حیسابی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان و حاشا کردن لە پێناسی نەتەوەیی کورد و مافی بەشداربوونی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسییدا. هەر ئەو غەدرە مێژووییەش بوو بە سەرەتای دەورەیەکی نوێی خوێناوی و پڕتێچوو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا.

هەر چەند پلانی سڕینەوەی سیستماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانیشدا، بەشێکی جیانەکراو لە پرۆژەی سەقامگیرکردنی «دەوڵەت . نەتەوەی ئێرانی» بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی بووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەیانتوانیوە ڕێ لە ڕەوتی سروشتی

گەشەسەندنی مێژوویی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرن. ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، کە بە شێوەیەکی شایانی تێگەیشتن لە لایەکەوە بەرهەمی پێگەیشتنە بابەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی بژاردەی ڕووناکبیری کورد بوو، لە ڕێی پێکهێنانی کۆمەڵەی «ژ.ک»ـەوە لە ساڵی ۱۳۲۱ی هەتاوی (۱۹٤۲ی زایینی)یدا شێوازی ڕێکخراوەیی بە خۆیەوە گرت. پێناسەی کۆمەڵەی «ژ.ک» بنچینەی لەسەر بەرزبوونەوەی بیری نەتەوەیی و ڕزگاریی کورد لە هەموو کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بوو. «ژ.ک» لە پاش ۳ ساڵ، بە هۆی بەرین بوونەوەی مەودای چالاکی و لە سەروبەندی پێکهاتنی زەمینە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتیکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو چین و توێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕیزەکانی خۆیدا جێ بکاتەوە، جێگای خۆی دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەم پێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ۲٥ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ۱٦ی ئووتی ۱۹٤٥ی زایینییدا بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی کۆمەڵەی «ژ.ک» بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورددا و بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دەژمێردری. بە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا توانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستاندا پێک بهێنێ. کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار ستاتووی دەسەڵاتی کوردیی بە شێوەکی مۆدێرن و بە نێوەرۆکێکی دێموکراتیکەوە، نیشان دا. هەرچەند کۆماری کوردستان پاش ۱۱ مانگ دەسەڵاتداریی دێموکراتیک، بە هۆی هێرشی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە جوانەمەرگ کرا، بەڵام ئەزموونی دێموکراتیکی دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستاندا، بە لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانیدا دێتە ئەژمار. جەوهەری دێموکراتیکی دەسەڵاتداری لەو کۆمارەدا کە لە جێدا بنەمای لەسەر ئەسڵی ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە لایەک و هەوڵدان لە پێناوی پێکەوەژیانێکی تێکەڵ بە هاوڕێزی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی لە لایەکی دیکە دانرابوو، نەک هەر لە ئاستی کوردستان و ئێرانی ئەو سەردەمەدا، بەڵکوو هەم ئەوسا و هەم ئێستا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە ڕووداوێکی گرنگ دادەنرا و دادەنرێ. هەرچەند پێشەوا قازی محەممەد بەشێکی دیکە لە ڕێبەرانی حیزب و کۆمار لە پێناوی خەباتی ڕزگاریخوازانەیاندا بە فەرمانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران لەسێدارە دران، بەڵام ئەزموونی دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان هەروا ڕێنیشاندەری نەوە لە دوای نەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بووە و دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی ڕووخانی کۆماری کوردستان زەبرێکی گەورە بوو کە لە پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستان درا، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ماوەیەکی بە نیسبەت کورتدا خۆیان ڕێک خستەوە و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییان دەست پێ کردەوە. حیزبی دێموکراتی

کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٦٥ ساڵ تەمەتی خۆیدا زۆر فەسڵی زێرینی لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کردوون، زۆر سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناون و تووشی نوشوستی و تێشکانیش بووە.

بێجگە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە لووتکەی سەرکەوتنی ئەم حیزبە و بە گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو، ئەم حیزبە بزووتنەوەی پڕشکۆی ساڵانی ٤٧،١٣٤٦ـی بەرپا کردوە، چەند جار لە ململانەی هەڵبژاردندا خۆی تاقی کردۆتەوە و هەموو جارێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە سەرەنجام بۆ ماوەی پتر لە سێ دەیە خەباتێکی قارەمانانەی بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردوە.

ئەم حیزبە هەر لەو کاتەدا ڕووخانی کۆماری کوردستان و تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٧،١٣٤٦ـی بەخۆوە دیوە و چەند جار لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی و ڕێژیمی ئیسلامییدا کەتۆتە بەر پەلاماری پۆلیس و هێزە سەرکوتکەرەکان و بە دەیان و سەدان تێکۆشەری کەتوونەتە زیندانەوە کە زۆربەیان حوکمی قورس و تەنانت ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خەباتە قارەمانانە و پڕ لە شانازییەدا زیاتر لە پێنج هەزار کادر و ئەندامی شەهید بوون کە نیزیک ٢٥ کەسیان کادری ڕێبەریی بوون و لە سەرووی هەمووشیانەوە ناوی سێ ڕێبەری پایەبەرز: پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەدرەوشێنەوە.

لە پاش دەستپێکی پرۆسەی سەقەتی دروسکردنی دەوڵەت – نەتەوە لە ئێراندا، دەسەڵاتی فەرمانڕواەوا چ لە سەردمی پاشایەتی و چ لە سەردمی کۆماری ئیسلامییدا، هیچ کات ئامادە نەبووە هەنگاوێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران هەڵێنێتەوە. ڕوانگەی تەواویەتخوازانەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و حاشاکردن لە فرەنەتەوە بوونی ئێران و پرسی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد، هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو کێشەیە بووە.

مەسەلەی کورد لە ئێراندا بەردەوام نەک هەر لە لایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕەسمی و، تەنات لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری و ڕووناکبیرانی ئێرانیشەوە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حاشای لێ کراوە. گرفتی ئەو ڕوانگەیە لەوەدایە کە لەبری ئەوەی نێوەرۆکی نەتەوەیی مەسەلەی کورد و مافی ئەم گەلە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی بکا بە بنەما، دەیهەوێ لە ڕێی چاونووقاندن و خۆگێل کردن لەو ڕاستییەوە، هەوڵ بۆ پاراستنی هێژمۆنیی پێناسی نەتەوەی حاکم بدا. وەک تابۆڕاگرتن و بە بنەما وەرگرتنی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانیش، شتێک نییە جگە لە ئامرازێک لە خزمەتی ئەو بیرە نادێموکراتیک و شۆڤینیستییەدا.

هەر بە هۆی ئەو ڕوانگە تەواویەیخوازانەی توێژی دەسەڵاتدارەوەیە کە تەنانەت باسی دێموکراسیش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا، خوێندنەوەیەکی چەواشەکارانەی بۆ دەکرێ. بزووتنەوی کورد لە ڕەوتی خۆیدا هەمیشە نەبوونی دێموکراسی بە هۆکارێکی گرینگی چارەسەرنەکرانی مەسەلەی کورد داناوە. ئەزموونەکانی ڕابردوو دەری دەخەن کە نەتەوەی کورد بەردەوام خوازیاری چارەسەری دێموکراتییانەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. بەڵام بەداخەوە لەبەر نادێموکراتیک بوونی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەردەوام ویستی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بە زمانێکی نادێموکراتیک و تێکەڵ بە زەبروزەنگ وڵام دراوەتەوە. نیەتی ئاشتیخوازانە و ویستی کەلکوەرگرتن لە دیالۆگ و وتوویژ بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان هەر لە لایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە ڕەت کراوەتەوە، یان وەک داوێک بۆ لە نێو بردنی ڕێبەرانی سیاسی و لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد، کەلکی لێ وەرگیراوە.

ئەزموون و ڕەوتی ڕووداوەکان دەریان خستوە کە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و حاشاکردن لە پێناسی نەتەوەیەک بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەدا، هیچ کاتێک جێی نەگرتوە. لە ئارادابوونی پرسی نەتەوەکان وەک گرینگترین پرسی سیاسی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە. سووربوون لەسەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی تەواویەتخوازی ئێرانیش کە هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی لەدایک بووە، شتێک نییە جگە لە هەوڵێکی نابەرپرسانە بە ئاقاری درێژەدان بە سەنتەرگەراییەکی مێژوویی لەسەر حیسابی لێڵکردنی هەر چی زیاتری ئاسۆی پێکەوەژیانی داوتەڵەبانەی نەتەوەکانی نێو ئێران.

هەر بۆیە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، لەبەر ڕووناکایی ئەو خاڵەی سەرەوەدا و بە لە بەرچاو گرتنی ویستی لەمێژینەی نەتەوەی کورد و ڕەوتی سیاسیی ئێستای کوردستان، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا کاتێک بە تەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتی سروشتیی خۆی ببڕێ و ویستی ئازادانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینەی دەرەتانی پێکەوەژیانی دادخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانیش. سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ ستەم و کارەساتەی ڕابردوو. کاتێک دەرەخسێ کە بێئەملا و ئەولا ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسیی نەتەوەکانی نێو ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بکرێ بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران.

نێوەرۆکی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەنگدانەوەی ویستی نەتەوەیی و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ ئەم بەرنامەیە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و نێوەرۆکی بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە. هاوڕێیانی حیزبی لەگەڵ ئەوەی ڕوونکردنەوی بیروڕای حیزب لەسەر مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە ئەرکی خۆیان دەزانن، دەبێ لە پێناو پتەوکردنی هەرچی زیاتری پێوەندیی بەرینی حیزب و گەل، گەشەدارترکردنی بواری دێموکراتییانەی بزووتنەوەی گەلەکەمان، بە سینگ فراوانییەوە پێشوازی لە ڕەخنە و ڕێنوێنی و پێشنیاری ئەوانیش بکەن.

## فەسڵی یەکەم
## ئامانجە گشتییەکان

**ماددەی یەکەم: ئامانج و پرەنسیپە بنەڕەتییەکان**

١. ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

٢. دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدایە.

٣. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکیەتیی داخوازانە و دادپەروەرانەی نێوان نەتەوەکانی ئێران بە بەردی بناغەی دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیک فیدراڵ دەزانێ.

٤. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناو وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک، پلۆرالیست و دادپەروەرانەدا تێدەکۆشێ.

٥. حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی بە ئیدەئالەکانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و دۆستایەتیی نێوان گەلان هەیە.

## فەسڵی دووهەم
## بنەماکانی کۆماری کوردستان

**ماددەی دووهەم: پێناسەی کۆماری کوردستان**

کۆماری کوردستان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، دێموکراتیک و کوردستانییە. بەو مانایە کە:

١. دەسەڵاتێکی سیاسیی دێموکراتیکە کە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ و بە پێی ویست و ئیرادەی خەڵک بەڕێوە دەچێ.

٢. هێمای کۆتایی هێنان بە ستەم و بندەستییە و نوێنگەی دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

٣. مافەکانی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، ئێتنیکی، زمانی و ئایینییەکانی نێو ئەو هەرێمە دەپارێزێ.

**ماددەی سێهەم: چواچێوەی جوغرافیایی**

چوارچێوەی جوغرافیایی کۆماری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و مێژوویی و، بە پێی ویستی زۆرینەی دانیشتووان دیاری دەکرێ.

**ماددەی چوارەم: هێمای نەتەوەیی**

١. کۆماری کوردستان خاوەنی قانوونی بنەڕەتی (قانون اساسی) و ئاڵا و سروود و

جەژنی نەتەوەیی و زمانی ڕەسمیی خۆیەتی.
٢. ئاڵای دەوڵەتی فیدراڵ لە تەنیشت ئاڵای کوردستان لە دامودەزگا ڕەسمییەکانی کۆماری کوردستاندا هەڵ دەکرێ.

**ماددەی پێنجەم: سیستمی دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا**

دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا کە لە دەستووری هەرێمدا نەهادینە دەکرێ، لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە گشتییانەی خوارەوە پێک دێ و بەڕێوە دەچێ:
١. هەموو دەسەڵاتەکان بە شێوەی ڕاستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە و بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی ئێتنیکی، ئایینی، ڕەگەزی (جینسی)، کۆمەڵایەتی، ... هتد پێک دێن.
٢. هەڵبژاردن بۆ ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێن لە ڕێگای دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆوە و بە دابینکردنی مافی یەکسانیی هەڵبژاردن و هەڵبژێران بەڕێوە دەچێ.
٣. هاونیشتمانان هەلی یەکسانی دامەزران لە پۆستە حکوومەتییەکاندا پێ دەدرێ.
٤. کۆماری کوردستان مێکانیزمی تایبەتی بۆ بەشداریی ئەو گرووپانە لە دەسەڵاتدا لە بەرچاو دەگرێ کە بە شێوەی سروشتی لە حاڵەتی کەمایەتیی‌دان.

**ماددەی شەشەم: جیایی دەسەڵاتەکان**

لە کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی قانوون دانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتر جیا دەکرێتەوە:
١. پارلمانی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی کۆماری کوردستانە.
٢. سەرۆکی کۆماری کوردستان لە لایەن خەڵکەوە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵ دەبژێردرێ.
٣. حکوومەتی کۆماری کوردستان لە لایەن پارلمانەوە دەنگی بۆ وەردەگیرێ و لە بەرامبەر پارلماندا بەرپرسیارە.
٤. دەزگای دادوەری بە شێوەیەک دیاری دەکرێ کە سەربەخۆیی ئەو دەزگایە دەستەبەر بێ.

**ماددەی حەوتەم: جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی**

١. لە کۆماری کوردستاندا دین لە دەسەڵاتی سیاسی جیایە و پێڕەوی لە پرەنسیپەکانی سێکۆلاریزم دەکرێ.
٢. هەموو دانیشتووانی کوردستان لە هەڵبژاردن و نیشاندانی ئایین و مەزهەب و بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکانیاندا ئازادن.

## فەسڵی سێهەم
## یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێرانی فیدراڵدا

### ماددەی هەشتەم: بنەماکانی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران

١. حاکمیەتی کۆماری و دێموکراتیک و فیدراڵی لە بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا دەتوانێ ببێتە دەستەبەری هاوپێوەندی و هاوپەیمانییەکی پتەوتر لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا و زەمینەسازیی پێکەوەژیانێکی دادخوازانە و دادپەروەرانە لە ئێرانی دواڕۆژدا.

٢. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان لە ئێران بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردن و بەردەوامبوون لەسەر ئەو پرەنسیپانەی خوارەوە:

. فرەنەتەوایەتی، بنەمایەکی سەرەکیی قەوارەی سیاسیی سەرتاسەری بێ.

. هەر نەتەوەیەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەت بە خۆی و هەرێمی خۆی لە ڕێگای نوێنەرایەتیی هەڵبژێراویەوە ئازاد و سەربەست بێ.

. هەموو نەتەوەکان بە شێوەیەکی عادڵانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی فیدراڵدا بەشدار بن.

. ئەسڵەکانی پێوەندیدار بە ڕەنگدانەوەی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێراندا جێبەجێ بکرێن.

### ماددەی نۆهەم: ڕەنگدانەوی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران

ڕەنگدانەوەی نیهادیی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێراندا بەم شێوەیەیە:

١. هێماکانی دەوڵەتی فیدراڵ و پێکهاتە و بڕیار و بەرنامەکانی هەموو ئۆرگان و دامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵ دەبێ تەعبیر لە سەروەریی هاوبەشی قەوارەکانی نێو فێدراسیۆن بکەن.

٢. فێدراسیۆنی ئێران خاوەنی دوو ئەنجومەنی نوێنەران و نەتەوەکان دەبێ. ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی حەشیمەت هەڵدەبژێردرێن؛ ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەکانیش بۆ هەر کام لە نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بە قەدەر یەک دەبن.

٣. هیچ بڕیارێک کە پێوەندیی بە چارەنووسی نەتەوەکانی ئێرانەوە هەبێ بەبێ پەسەندکران لە لایەن ئەنجومەنی نەتەوەکان کاری پێ ناکرێ.

٤. ئەگەر بڕیارێک دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەر یەک لە نەتەوەکان هەبێ، مافی ڤێتۆ بۆ نوێنەرانی ئەو نەتەوەیە لە ئەنجومەنی نەتەوەکاندا پارێزراو دەبێ.

٥. هەر کام لە نەتەوەکان ئەو مافەیان هەبێ کە لە ڕێگای ڕێفراندۆمەوە دەنگ بە مانەوە یان هاتنەدەر لەو یەکیەتییەدا بدەن.

٦. دیوانی بەرزی فیدراڵ کە لە پسپۆڕانی سەر بە هەموو نەتەوە و قەوارەکانی نێو فێدراسیون پێک دێ، پارێزگاری لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یەکیەتیی نەتەوەکان دەکا و کێشەکانی پێوەندیدار بە دابەشکردنی سەلاحییەتەکان چارەسەر دەکا.

## فەسڵی چوارەم
## کۆماری کوردستان و دەوڵەتی فیدڕاڵ

**ماددەی دەهەم: زمانی ڕەسمی**

زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی دامودەزگاکانی کۆماری کوردستانە و لە هەموو پلەکانی خوێندندا بەکار دەبرێ.

١. ئەو زمانەی بۆ نامەنووسین و پێوەندییە ئیدارییەکانی نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدڕاڵ بڕیاری لەسەر دەدرێ، لە پۆلی چواری سەرەتایی بەرەو سەر دەخوێندرێ.

**ماددەی یازدەهەم: دابەشکردنی سەلاحییەتەکان**

١. بێجگە لە کاروباری پێوەندیی نێودەوڵەتی، سپای فیدڕاڵ، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی کە لە سەلاحییەتی دەوڵەتی فیدڕاڵدان، بڕیاردان و بەرنامەدانان لە سەرجەم بوارەکانی دیکەدا لە سەلاحییەتی دامەزراوەکانی کۆماری کوردستاندایە.

٢. سیاسەت و بەرنامەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵ بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی و ویستی پێکهاتەکانی فێدراسیۆن و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی هەلاواردن (تەبعیز)ی ڕابردوو بەدژی نەتەوەکانی ئێران دیاری دەکرێن و دەبرێنە پێش. بە تایبەتی:

. سپای فیدڕاڵ لە ڕووی پێکهاتەی هێز و فەرماندەییەوە ڕەنگدانەوەی فرە نەتەوایەتی و فرە هەرێمی لە ئێراندا دەبێ و لە ڕووی کارکردیشەوە بەدژی بەرژەوەندیی ڕەوای نەتەوەکانی ئێران ناجووڵێتەوە.

. سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی فیدڕاڵ ڕەنگدانەوەی مەوجوودیەتی سیاسی و نیهادی و، قازانجەکانی نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران دەبێ. کۆماری کوردستان و هەرێمەکانی دیکە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی فیدڕاڵ مافی دامەزراندن و بردنە پێشی پێوەندیی دەرەوەیان لە بوارەکانی تایبەت بە خۆیاندا دەبێ.

**ماددەی دوازدەهەم: دابینکردنی نەزم و هێمنی لە کوردستان**

١. دابینکردنی هێمنی و نەزمی نێوخۆ لە کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی کۆماری کوردستانە.

٢. سپای فیدڕاڵ ئەرکی دیفاع لە پاراستنی سنوورەکانی وڵاتی لەسەر شانە و هەقی نییە دەست لە کاروباری نێوخۆیی وڵات وەربدا.

## فەسڵی پێنجەم
## پرەنسیپ و ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستان

### ماددەی سێزدەهەم: ماف و ئازادییە گشتییەکان

١. هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لە مەنشووری نێودەڵەتیی مافی مرۆڤ (واتە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ هەر دوو پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان)دا هاتوون لە دەستوور و قانونەکانی کۆماری کوردستاندا بە ڕەسمی دەناسرێن. حکوومەتی کۆماری کوردستان بەرپرسە لە جێبەجێکردنیان و هەڵێنانەوەی هەنگاوی موسبەت بۆ پاراستن و پەرەپێدانیان.

٢. لە هەرێمی کوردستاندا قانوون سەروەرە. هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە قانووندا و لە بەرامبەر قانووندا یەکسانن.

### ماددەی چواردەهەم: بووژانەوەی فەرهەنگی

حکوومەتی کۆماری کوردستان:

١. خوێندنی ئیجباری تا تەمەنی پازدە ساڵ و خوێندنی بە خۆڕایی تا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی دەستەبەر دەکا.

٢. هەنگاوی جیدی بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان هەڵدێنێتەوە.

٣. لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا و بۆ هەموو چەشنەکانی پەروەردە و فێرکاری هەلی دەسڕاگەیشتنی کەسانی کەمدەرامەت بە خوێندن و فێربوون پێک دێنێ.

٤. بایەخ بە پەرەئەستاندنی کولتوور لە کۆمەڵگەدا دەدا و یارمەتیی کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە ئەدەبی و هونەرییەکان بە تایبەتی لە بورای خزمەت بە زمان و ئەدەب و کەلەپووری کورددا دەکا.

٥. لە بەرنامەی فەرهەنگی پەروەردەیی خۆیدا جێگەی شیاو بۆ پێویستییەکانی پێگەیاندن و گەشەکردنی منداڵان و لاوان تەرخان دەکا.

### ماددەی پازدەهەم: پارێزگاریی کۆمەڵایەتی

حکوومەتی کۆماری کوردستان:

١. داهاتی گشتی بە جۆرێک دابەش دەکا کە یارمەتی بە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کەسانی کەمداهات بکا.

٢. سیستەمی تەندروستیی گشتی پێش دەخا و کارئاسانی بۆ دەسڕاگەیشتنی خەڵک، بە تایبەتی کەسانی کەمدەرەتان، بە خزمەتە پزشکی و دەرمانییەکان دەکا.

٣. یارمەتی و پێڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی بۆ کەمەندامان و بە ساڵاچووان و بێکەسان بە مەبەستی دابینکردنی ژیانێکی ئاسایی لە نەزەر دەگرێ.

٤. هەلی کار بۆ هەمووان پێک دێنێ.

٥. قانوونی کار بە جۆرێک پەسەند دەکا و جێبەجێی دەکا کە ستانداردە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە تایبەتی سنووردار کردنی سەعاتی کار و قەدەغەکردنی کاری منداڵان و مەرەخەسیی بە مووچەوەی دایکایەتی بگرێتە خۆی.
٦. پلانی چڕوپڕ بۆ خەبات بەدژی هێندێک پەتای کۆمەڵایەتی وەک ئێعتیاد و توندوتیژیی نامووسی بەڕێوە دەبا.

**ماددەی شازدەهەم: گەشەسەندنی ئابووری**

١. حکوومەتی کۆماری کوردستان بۆ هێنانەدەری کوردستان لە بەجێماویی ئابووری و هەنگاونان بۆ بە پیشەسازی کردنی تێ دەکۆشێ. بۆ ئەم مەبەستەش هەر دوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە جۆرێک ڕێک دەخا کە ببێتە مایەی هاندانی وەبەرهێنانی نێوخۆیی و دەرەکی و پەرەپێدانی بازرگانیی ڕاستەوخۆی هەرێم و مۆدێرنیزە کردنی کشتوکاڵ و بووژانەوەی گەشتوگوزار و کەلکوەرگرتنی کارناسانە لە سەرچاوە سروشتییەکان و دۆزینەوەی خەللاقییەتە ئابوورییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردەواری.
٢. سیاسەتی مڵکدارێتیی زەوی و زار بە چەشنێک ڕێک دەخا کە هەم قازانجی جووتیاران و هەم پێویستییەکانی پێشکەوتنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دابین بکرێن.

**ماددەی حەڤدەهەم: سۆسیالیزمی دێموکراتیك**

حکوومەتی کۆماری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی لە باری ئابوورییەوە ئازاد و پێشکەوتوو و، لە باری کۆمەڵایەتییەوە ئاسوودە و دادپەروەر، بنیات دەنێ. لە ئەم کۆمەڵگەیەدا کە بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەیڕەو دەکرێن:
١. بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک ئامانجی سەرەکییە.
٢. جەوهەری دێموکراتیکی ئەم سیستمە لەوەدایە کە پێکهاتنی لە پرۆسەی ڕیفۆرمدا بە شێوازێکی دێموکراتیک و بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە دێتە دی.
٣. جەوهەری دادپەروەرانەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەوەدایە کە هەوڵ دەدرێ مەودای ئابووری و کۆمەڵایەتیی نێوان چینەکان کەم بکرێتەوە و یارمەتی بە دابینکردنی هاوسەنگییەکی ڕێژەیی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بکرێ.
٤. سیستمی بازاڕی ئازاد لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و دێموکراتیکی خەڵکەوە چاودێری دەکرێ.
٥. سیاسەتی حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا لە ڕووی پێویستیی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی وڵات و ڕەچاوکردنی قازانجی نەتەوەیی دیاری دەکرێن.

**ماددەی هەژدەهەم: یەکسانیی ژن و پیاو**

١. حکوومەتی کۆماری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بەدژی ژنان، دابینکردنی یەکسانیی ژنان و پیاوان لە

نێو خێزان و لە کۆمەڵدا و، لە مەیدانی کار و دەسەڵات و بە گشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریدا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ و بەرنامەی چڕوپڕ لەو پێوەندییەدا دادەڕێژێ و بەڕێوەی دەبا.

٢. کەلکوەرگرتن لە مێکانیزمەکانی تەبعیزی موسبەت وەک سیستمی کۆتا لە هەڵبژاردنی پارلماندا و دیاریکردنی ڕێژەیەکی گونجاو لە پۆستە بەڕێوەبەرییکاندا بۆ ژنان یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ.

### ماددەی نۆزدەهەم: کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆماری کوردستان گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا وەک یەکێک لە ئامرازەکانی باش حوکمڕانی لە هەر دوو بەستێنی بەشداریی سیاسی و گەشەسەندنی مرۆییدا چاو لێ دەکا. هەر بۆیە یارمەتی بە گەشەسەندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکا و لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یەکتر تەحەممووڵ کردن و نەهێشتنی هەموو چەشنەکانی دەمارگرژیی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا پشتیان پێ دەبەستێ.

### ماددەی بیستەم: ژینگەپارێزی

١. پارێزگاری لە سروشتی کوردستان لە ئەرکەکانی کۆماری کوردستانە.

٢. حکوومەت لە هەموو پرۆژەیەکدا کە کاریگەریی لەسەر ژینگە هەبێ بە تایبەتی لە بواری گەشەکردن و وەبەرهێناندا لایەنی ژینگەپارێزی وەک پارامێترێکی بنەڕەتی لە بەرچاو دەگرێ.

## فەسڵی شەشەم
## سیاسەت بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان

### ماددەی بیست و یەکەم:
### ڕوانگەی کۆماری کوردستان بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان

**کۆماری کوردستان:**

١. گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و، کورد لە هەر شوێنێک بێ بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسێ.

٢. لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی پشتیوانی دەکا.

٣. پەنای سیاسی بەو کوردانە دەدا کە بە هۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەونە بەر مەترسی و ناچار دەبن وڵاتەکەیان بەجێ بێڵن.

٤. پێوەندیی ڕەسمی لە بواری سیاسی و بازرگانی و فەرهەنگی و زانستییدا لەگەڵ ئەو بەشانەی کوردستاندا دادەمەزرێنێ کە بە مافە نەتەوایەتییەکانیان گەیشتوون.

# پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## فەسڵی یەکەم
## پێناسەی حیزب

**ماددەی یەکەم: ناوی حیزب، «حیزبی دێموکراتی کوردستان»ـە.**

ماددەی دووهەم: حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و دێموکراتە کە وڵاتپارێزان و ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

**ماددەی سێهەم:**

حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی سێکۆلارە و بڕوای بە جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی هەیە.

**ماددەی چوارم:**

حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی بە پلۆرالیزمی سیاسی هەیە.

## فەسڵی دووهەم
## ئەندامەتیی حیزب

**ماددەی پێنجەم: مەرجەکانی بوون بە ئەندام**

هەموو دانیشتوویەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە مەرجێک:

١. تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
٢. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.
٣. مرۆڤێکی خۆشناو وڵاتپارێز بێ.

**ماددەی شەشەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام**

بۆ ئەوی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

١. دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.
٢. لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
٣. ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.
٤. لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی سەرەوەترەوە بە ئەندام وەربگیرێ.

# فەسڵی سێیەم
# ئەرك و مافەکانی ئەندام

## ماددەی حەوتەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی ئەندامی حیزبە کە:

١. بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوە تێبکۆشێ.

٢. بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.

٣. بە پێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسیپلینی حیزبی بێ.

٤. لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێبکۆشێ و لە کۆبوونەوە پێوەندیدارەکانیدا بەشدار بێ.

٥. نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.

٦. پلەی زانیاریی خۆی بەرێتە سەرێ.

٧. سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیرورا و ئەزموونی ئەوان کەلک وەربگرێ.

٨. حەقی ئەندامەتی بدا.

## ماددەی هەشتەم: مافەکانی ئەندامی حیزب

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

١. بە ئەندام یان بەرپرسی هەر یەک لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ یان دیاری بکرێ.

٢. لە نێوخۆی حیزبدا و لە کۆبوونەوەی پێوەندیداردا ڕاشکاوانە لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک ڕەخنە بگرێ.

٣. لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە ڕەخنە و پێشنیار و پرسیار و بیروڕای خۆی ئاراستەی هەر ئۆرگانێکی حیزب بکا.

٤. سیاسەتی حیزب بخاتە ژێر پرسیار و پێشنیاری گۆڕینی بکا.

٥. لە هەموو ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.

٦. لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو هەڵسەنگێنێ و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

## ماددەی نۆهەم: سزادانی ئەندام

١. ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن یان بەپێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەجووڵێنەوە یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئیعتباری حیزب دەگەیەنێ، بە پێی ڕادەی سەرپێچییەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتییە لە:

– سەرکۆنە بە دەم

– سەرکۆنە بە نووسراوە

- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی
- هەڵپەساردن
- دەرکردنی لە حیزب

٢. سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆرینەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣. مەبەست لە سزای حیزبی، ڕێنوێنیی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە چاککردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤. ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێداچوونەوە بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

٥. درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبیی بۆ لە بەرچاو دەگیرێ و بە گوێرەی نەزەری ئۆرگانی خۆی بەرپرسایەتیی پێ دەدرێ.

## فەسڵی چوارەم
## پێکهاتەی ڕێکخراوەیی حیزب

**ماددەی دەهەم: بنەمای قەوارەو کاری ئۆرگانەکانی حیزب**

١. ئەسڵە بنەڕەتییەکانی دارشتنی قەوارەی حیزب ئەمانەی خوارەوەن:
- هەموو ئۆرگانەکانی حیزب لە خوارێ را بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێن.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی راپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ.
- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەبێ جیاوازییەک دیسیپلین هەیە.
- لە ئۆرگانەکانی حیزبدا بڕیار بە شێوەی کۆمەڵ بە زۆرینەی دەنگ دەدرێ.
- تاکپەرستی و سەرەڕۆیی لە هیچ پلەیەکی تەشکیلاتییدا ڕێگای پێ نادرێ و لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێ.
- زانیاریی پێویست سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ لە بوارەکانی نێوخۆیی تەشکیلات، پێوەندییەکان و مەسەلە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی سیستماتیک لە نێو حیزبدا بڵاو دەکرێتەوە.

٢. لە حیزبدا بوونی گرووپ و فراکسیۆنی ئاشکرای فیکری و سیاسی بە ڕەسمی دەناسرێ و هەموو گرووپێک هەقی هەیە بیروبۆچوونی خۆی لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا دەرببڕێ.

تێبینی: هەر چەشنە دەستەبەندییەکی نهێنی قەدەغەیە و سزای لەسەرە.

**ماددەی یازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١. بناغەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢. ڕێکخراوەکانی حیزب بە هۆی کومیتەی دێ، گەڕەک، شار، ناوچە، شارستان و ناوەندەوە بەڕێوە دەبرێن.

٣. ئەرکی شانە و کومیتەکانی دێ، گەڕەک، شار، ناوچە، شارستان و ناوەند بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵکە و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و ئۆرگانە بەرپرسەکانی پێوەندیدار و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.
٤. کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.
٥. بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە هەر دوو ساڵ جارێک لە ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانیان پێک دێ.
٦. ڕێکخراوەکانی حیزب لە مەڵبەندی چالاکیی خۆیاندا دەتوانن بەرنامە و پلانی کاری تایبەت بە خۆیان دابڕێژن.

**تێبینی:**
. لە هەلومەرجی تایبەتییدا کومتیەی ناوەندی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوی حیزب پەسەند بکا.
. ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستان بە گوێرەی ئاییننامەیەکی تایبەت و گونجاو کە بە پەسەندی کومیتەی ناوەندی دەگا، بەڕێوە دەچن.

## فەسڵی پێنجەم
## ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب

### ماددەی دوازدەهەم: کۆنگرەی حیزب

١. کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە کە هەر چوار ساڵ جارێک لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و، ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب و، بە ڕادەیەک کە کومیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب پێک دێ.
٢. کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازیی کومیتەی ناوەندی، یان دوو لە سێی کۆمیسیۆن و کومیتەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی پێک دێ.

### ماددەی سێزدەهەم: ئەرك و دەسەڵاتی کۆنگرە

کۆنگرەی حیزب:
١. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی هەڵدەسەنگێنێ و بڕیاری لەسەر دەدا.
٢. ڕێبازی گشتی، ستراتێژی و تاکتیکی حیزب دیاری دەکا.
٣. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب بە پێی پێویست دەسکاری و پەسەند دەکا.
٤. ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندیی حیزب و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە نێو ئەندامانی کۆنگرەدا هەڵدەبژێرێ.

**تێبینی:**

– کومیتەی ناوەندیی حیزب مافی ئەوی هەیە ئەوپەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە چواری ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی، لە ئەندامانی حیزب ڕاستەوخۆ و بە مافی دەنگەدانەوە لە کۆنگرەدا بەشدار بکا.

– کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە هەر نەبێ سێ ساڵ ڕابردووی ئەندامەتیی چالاکانەیان لە ڕێکخراوێکی حیزبدا هەبێ.

– ڕێژەی نوێنەرانی هەر ڕێکخراوێکی حیزبی بۆ کۆنگرە بە پێی ژمارەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە دیاری دەکرێ، بە مەرجێک لانیکەم دوو لەسەر سێی ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە کۆنفڕانس بۆ کۆنگرە بەشدار بن. لە غەیری ئەوەدا، ژمارەی بەشدارانی کۆنفڕانسەکە دەکرێتە بنەما.

## ماددەی چواردەهەم: کۆنفڕانسی حیزب

١. کۆنفڕانسی حیزبی لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

– دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.

– گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.

٢. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆنفڕانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٣. کۆنفڕانس لە ئەندامانی ئەسڵی، جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی، ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب، نوێنەرانی کومیتەکانی شارستان و ناوەند، کومیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و کومیتەی بەڕێوەبەریی کاروباری حیزب لە دەرەوەی کوردستان پێک دێ.

٤. ڕادەی نوێنەرانی ئەو کومیتە و کۆمیسیۆنانە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ، بە مەرجێک ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری زیاتر بێ.

## ماددەی پازدەهەم: ڕاپرسی

١. ڕاپرسی لە حیزبدا لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە:

– پرسێکی گرینگی چارەنووسساز بێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەیهەوێ بە تەنیا بڕیاری لەسەر بدا.

– هەر نەبێ دوو لە سێی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی خوازیاری ڕاپرسی بن.

٢. لەو حاڵەتەدا کومیتەی ناوەندی بەرپرسە کە لە زووترین کاتدا (ئەوپەڕەکەی مانگێک) کومیتەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاپرسییە لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکان و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب پێک بێنێ.

**تێبینی:**

– یەک لە سێی ئەندامانی کومیتەی جێبەجێکردنی ڕاپرسی لە نوێنەرانی کومیتەی ناوەندی و یەک لە سێی لە نوێنەرانی کومیتەی کاروباری حیزب لە دەرەوەی کوردستان و یەک لە

سێی لە نوێنەرانی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی دەبن.
– ئەم کومیتەیە لە ئامادەکردنی پرسیارەکانی ڕاپرسی، شێوەی بەجێگەیاندنی و ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی بەرپرسە.
– پرسیارەکانی ڕاپرسی دەبێ بە پەسەندی کومیتەی ناوەندی بگەن.

**ماددەی شازدەهەم: کومیتەی ناوەندی**

١. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.
٢. ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:
– سکرتێری گشتیی حیزب و دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ.
– بەرپرسی چاودێری و بڕیاردان لەسەر سیاسەتی گشتیی حیزب لە چوارچێوەی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەدایە.
. بەرپرسی گشتیی داهات و دەرکەوتی حیزبە و ڕادەی حەقی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا.
. لانیکەم ساڵی چوار جار کۆ دەبێتەوە.
. ئەندامانی جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.
. ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی کۆنگرە و شێوەی هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی (کە لە کۆنگرەدا بڕیاری لەسەر دەدرێ) دەکا.

**تێبینی:**

– کومیتەی ناوەندی دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی لە بواری دیاریکراوی شارەزایەتییدا ڕاوێژکار بۆ خۆی هەڵبژێرێ.
– کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی فەرمی دەبن.
– بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە نیوەی هەموو ئەندامانی ئەسڵی، یان دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵیی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا دەنگیان بۆ بدەن.
– کومیتەی ناوەندی حەقی هەیە لە کارەکانی سکرتێری گشتی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی بکۆڵێتەوە و لێپرسینەوەیان لێ بکا.
– لە حاڵەتێکدا کە تەرمیمی کومیتەی ناوەندی پێویست بێ ئەو کارە بە هەڵبژاردنی یەک یا چەند جێگر بە ئەندامی ئەسڵیی کومیتەی ناوەندی ئەنجام دەدرێ.
– هیچ کەس زیاتر لە دوو دەورەی بە دوای یەکدا وەک سکرتێری گشتیی هەڵنابژێردرێ.

**ماددەی حەڤدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١. دەفتـەری سیاسـیی حیـزب لـە سـکرتێری گشـتی و ژمارەیـەک ئەندامـی کومیتـەی ناوەندنـی پێک دێ، کـە کومیتـەی ناوەنـدی بڕیـاری لەسـەر دەدا.

٢. ئەرکەکانی دەفتەری سیاسی ئەمانەی خوارەوەن:

– لـە مـاوەی نێوان دوو کۆبوونـەوەی کومیتـەی ناوەندییدا بەرپرسـی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتـەی ناوەندیی حیزبە.

– لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی گشـتیی حیزبدا هەڵوێسـت و ڕوانگەکانـی حیـزب دیـاری دەکا و ڕایاندەگەیەنـێ.

– کاروبـاری کۆمیسـیۆنەکان لـە کۆبوونەوەکانـی خۆیـدا تاوتـوێ دەکا و بڕیـاری پێویسـتیان لەسـەر دەدا.

– کۆبوونەوەکانـی خـۆی بـە پێـی پێویسـت پێـک دێنـێ و ڕاپۆرتـی تێکۆشـانی خـۆی دەداتـەوە بـە کومیتـەی ناوەنـدی.

٣. دەفتـەری سیاسـی دەتوانـێ بـە پێـی پێویسـت و بـە پەسـەندی کومیتـەی ناوەنـدی هەتـا پێنـج کـەس وەک ڕاوێژکار بۆخـۆی دیـاری بـکا.

**تێبینی:**

– ئـەو مەسـەلانەی پێوەندییـان بـە هەمـوو حیزبـەوە هەیـە دەبـێ لـە کومیتـەی ناوەندییـدا باسـیان لـێ بکـرێ و بڕیاریـان لەسـەر بـدرێ.

– بڕیـار پێوەندیـی بـە هـەر کۆمیسـیۆنێکەوە هەبـێ پێویسـتە بـە بەشـداریی بەرپرسـی ئـەو کۆمیسـیۆنە بێتـە بەربـاس و پەسـەند بکـرێ.

**ماددەی هەژدەهەم: سکرتێری گشتیی حیزب**

١. سکرتێری گشتیی حیزب:

– وتەبێژی ڕەسمیی حیزب بە ڕووی دەرەوەی حیزبدایە.

– بەرپرسی گشتیی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبە.

– هەماهەنگی لە نێوان ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزبدا پێک دێنێ.

٢. لە غیابی سکرتێری گشتیی حیزبدا جێگری سکرتێر ئەرکەکانی جێبەجێ دەکا.

**ماددەی نۆزدەهەم: کۆمیسیۆنەکانی کاری حیزب**

١. کۆمیسـیۆنەکانی کاری حیـزب بـە پێـی لێکدانـەوە و پەسـەندی کومیتـەی ناوەنـدی دیـاری دەکرێـن.

٢. ئـەم کۆمیسـیۆنانە بـە پێـی سـتراتێژیی درێژخایـەن و پلانـی کاری سـاڵانە و چەنـد سـاڵەی خۆیـان کـە لـە کومیتـەی ناوەندییدا دەنگیـان بـۆ وەردەگیـرێ، کار دەکـەن.

٣. هـەر یـەک لـەم کۆمیسـیۆنانە لـە چوارچێوەی ئاییننامـەدا لـە بەجێ گەیاندنـی سـتراتێژی و پلانـی کار و بڕیـاری ڕۆژانـە لـە کاری خۆیانـدا سـەربەخۆن.

## فەسڵی شەشەم
## کۆمیسۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب

**ماددەی بیستەم:**
کۆمیسۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە کەسانی شارەزای بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ.

**ماددەی بیست و یەکەم: ئەرك و سەلاحییەتەکانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری ئەمان:**
١. چاودێری بەسەر بەڕێوەچوونی پێڕەوی نێوخۆ لە ڕێکخراوەکانی حیزبدا دەکا.
٢. لە ڕێگای نوێنەرانیەوە بەشداری کۆنفڕانسی حیزب دەبێ و لەسەر سەلاحییەتی کۆنفرانسەکان و دروستیی هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەکان و نوێنەرانی کۆنگرە نەزەر دەدا.
٣. بە شکایەتی ئەندامانی هەڵپەسێردراو یان دەرکراو ڕادەگا و ئەگەر سزاکەیانی بەپێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆ زانی، پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدا.

**تێبینی:**
١. کۆمیسۆنی پارێزگاری کاری بەسەر مەسایلی ئیجرایی حیزبەوە نییە.
٢. کۆمیسیۆن لە سزای ئیداری یان سزای پێشمەرگایەتی ناکۆڵێتەوە و تەنیا کاری بە سزای حیزبییە.
٣. کۆمیسیۆن نەزەر و پێشنیارەکانی بۆ پەسەند کردن دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

## فەسڵی حەوتەم
## داهاتی حیزب

**ماددەی بیست و دووەم: سەرچاوەی داهاتی حیزب**
داهاتی حیزب بریتییە لە:
١. حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
٢. یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.
٣. دەسکەوتی پڕۆژە و وەبەرهێنان.

## فەسڵی هەشتەم
## چەند پرەنسیپی گشتی

- سیستمی کار و چالاکی و کۆبوونەوە و کۆنفڕانسەکانی حیزب بە شێوەی دینامیک و بە بەرنامە و پلانی نووسراوەوە بەڕێوە دەچێ. هەموو تەشکیلات و ئۆرگان و تیمەکانی کاری حیزب پرۆگرام و پلانی کاری خۆیان دەبێ و جێبەجێی دەکەن.
- بە مەبەستی بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان لە ڕیزەکانی حیزبدا، دەبێ گرنگییەکی زۆر بە

پەروەردە و پێگەیاندنیان بدرێ بۆ ئەوەی دەرەتانی تواناسازیی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی کار لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی حیزبدا بۆ بڕەخسێندرێ. هەروەها دەبێ مێکانیزمی گونجاو بە مەبەستی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی حیزب و ئۆرگانە بەڕێوەبەرییەکانی دیکەی حیزبدا لە بەرچاو بگیرێ و لە پرەنسیپی «هەڵاواردنی پۆزەتیڤ»یش کەلک وەربگرێ.

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی پازدەیەم

### پەیامی کۆنگرەی پازدەیەم بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە!

هاوڕێیانی بەڕێز!

وەک ئاگادارن حیزبەکەمان لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠ی هەتاوی‌یدا کۆنگرەی پازدەیەمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و نوێنەرانی کۆنفرانسەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات و هەروەها میوانانی بانگهێشت کراو دەست پێ کرد و پاش ٧ ڕۆژ باس و لێکدانەوەی سیاسی و ڕێکخراوەیی لەسەر بابەتی جۆراوجۆری وەک ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی، پێڕەو و پرۆگرامی حیزب و هەندێک بابەتی دیکە و بڕیاردان لە بارەیانەوە لە کۆتاییشدا هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی نوێ، سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی بەستێنی ئەم کۆنگرەیە، پێویستییەکانی، ئاکام و ئەو چاوەڕوانییانەی لە نێو ئەندامان، لایەنگران و بە گشتی خەڵکی کوردستاندا پێکیان دێنێ، چەند خاڵێک جێگای باس و تێرامانن کە بە کورتی بریتین لە:

١. کۆنگرەی ١٥ لە هەلومەرجێکدا پێک هات کە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر ئەو پەیامەیان دەدا کە جیهان و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئاقارێکدا دەڕوا کە لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئێمەی کورد هاوئاراستەن. شەپۆلی دێموکراتیزاسیۆن، ڕووخانی دیکتاتۆرەکان و دابینبوونی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی هەندێک لە نەتەوە بندەستەکان بۆ خەباتی دێموکراتیک و ڕزگاریخوازانەی ئێمە هیوا بەخشن و مزگێنیدەری سەردەمێکی نوێ و داهاتوویەکی گەشن. بەڵام مەرجی سەرەکیی گەیشتن بە ئامانجەکانمان لەم هەلومەرجە مێژووییە و، قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە، بێگومان خۆڕێکخستن و ئامادە بوونمانە لە هەموو بوارە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا. کەوابوو ئەرکی سەرشانی هەموومانە لە هەموو کاتێک وشیارانەتر چاودێریی ڕووداوەکان بکەین و ڕیزەکانی خۆمان بە تایبەت لە ڕێکخستنە نهێنییەکانیدا تۆکمەتر و بە بەرنامەتر بکەین و لە بەر ڕووناکایی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە بە چالاکییەکانمان بدەین و گوڕ و تینێکی نوێیان پێ ببەخشین.

٢ ـ هاوڕێیان! کۆنگرەی پازدە لەژێر دروشمی «خۆ ئامادە کردن بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێی کوردستان و ئێران و ناوچەدا» کۆمەڵێک بڕیاری نوێ و ڕاسپاردەی گرینگی هەبووە کە پێشاندەری خوێندنەوەی ورد و ڕاستبینانەی کۆنگرەیە لە سەر ڕووداو و

گۆڕانەکانی دەوروبەرمان. هەروەها سەلمێنەری ویست و تێگەیشتنی قووڵی حیزبەکەمانە لە پێویستیی درێژەدان و جێگیرکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٤ و سیاسەتە دروست و بنەماییەکانی پێشووی حیزب و، هەروەها پێداچوونەوە بە کەموکوڕییەکانمان لە ماوەی نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا.

٣ ـ بەڵام ئەم جارەش بابەتێک کە بوو بە جێگای داخی هەموومان ئەو بەربەستانە بوون کە ڕێگەیان پێ نەداین هاوڕێیانی نێوخۆمان لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بکەین. زاڵبوونی هەنووکەیی کەشوهەوای ئەمنیەتی بەسەر وڵاتەکەمان و پێویستیی پاراستنی ئاسایش و گیان و ژیانی هاوڕێیانی نێوخۆمان دیسان کۆنگرەکەمانی لە ئامادە بوونی نوێنەرانی ئێوەی تێکۆشەر بێبەش کرد. بەڵام وەک هەمیشە ئەندامانی کۆنگرە هەوڵیان دا ڕوانگە و تێبینییەکانی ئێوە لەسەر باس و بڕیارەکانی کۆنگرە شوێندانەر بن. بەو هیوایە کە بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی هەموومان بتوانین هەل و مەرجێکی وا بخولقێنین کە کۆنگرەی داهاتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا بە بەشداریی ئازادانەی نوێنەرانی هەموومان ببەستین.

لە کۆتاییدا دڵنیاتان دەکەینەوە کە کۆنگرەی ١٥ سەرلەنوێ پێی لەسەر پێویستیی دابینبوونی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەکەمان داگرتەوە و دەروەست بوونی حیزبی لە مەڕ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان دووپات کردەوە و ئەو قسەیەی ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووی شەهیدی وەک چرای ڕووناکیدەری ڕێگای خەباتمان دەسنیشان کردەوە کە دەڵێ: «ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە»

سەرکەوتن بۆ ئێوە و حیزب و خەباتە مافخوازانەکەمان!

**کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

***

**پەیام بۆ حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

لە تریبونی کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سڵاوی هاوخەباتی بۆ ئێوەی بەڕێز دەنێرین. هیوادارین هەموومان پێکەوە لە خەباتی نەتەوەییماندا سەرکەوتوو بین و بتوانین مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بکەین.

**بەڕێزان!**

کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرنجدان بەو ئاڵوگۆڕانەی لەم دواییانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوویان داوە و ئەو شەپۆلەی کە زۆر وڵاتی ئەم ناوچەیە بەرەو ڕزگاریی گەلان لە چنگ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی وەڕێ کەوتوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم شەپۆلە درەنگ یا زوو ئێرانیش دەگرێتەوە. بە لە بەرچاو گرتنی ئەم بارودۆخە، چالاکتر بوونی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە لایەک و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە وەک پێویستییەکی گرینگ خۆ دەنوێنێ. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی کە لە خەبات دژی سەرەڕۆیی جێگە و پێگەی هەبێ و، بتوانێ لە پێکهێنانی هاوپێوەندی و هاودەنگیی دێموکراتیک لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی غەیری کورد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی

و، دابینکردنی پێویستییەکانی هێنانە سەر کاری سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێرانی داهاتوودا وەک فاکتۆرێکی گرینگ حیسابی لەسەر بکرێ و بە بارستایی خەباتی دەیان ساڵەی خۆی دەسکەوتی نەتەوەیی بە دەست بێنێ، دەبێ یەکگرتوویی و چالاکیی زیاتر لە خۆی نیشان بدا. شک لەوەدا نییە کە مەرجی سەرەکیی ئەم چالاکییەش هاودەنگی و یەکهەڵوێستیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەداخ بوون لە پێک نەهاتنی وەها هاودەنگی و هاوهەڵوێستییەک تا بە ئێستا، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان هێز و لایەنەکانی کوردستاندا هەن کە دەتوانن ببنە بەردی بناغەی ڕێککەوتن. پێویستە بەبێ خستنە پەراوێزی هیچ لایەنێک ئەو خاڵە هاوبەشانە بکەینە بنەمای هاوپێوەندییەکی هەمە لایەنە، بەم مەرجە کە هەموو لایەک قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و گشتی بخەنە پێش قازانج و بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی.

پێکهێنانی ئەو هاوپێوەندییە دەگەڵ ئەوە کە خەڵکی کوردستان بە گشتی هیوادار و دڵخۆش و پڕ گڕ و تین دەکا، قورسایی کورد و پرسە ڕەواکەشی لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکانی ئێراندا، بە شێوەیەکی بەرچاو دەباتە سەر و ئەم نەتەوە زۆرلێکراوە لە سەرکەوتنی یەکجاری نزیکتر دەکاتەوە. بە هیوای هەنگاونانی هەموو لایەکمان لەم پێناوەدا.

**کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

***

### پەیامی کۆنگرەی پازدەیەم بۆ کۆمەڵانی خەڵك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!

حیزبی دێموکراتی کوردستان نیزیک بە ٦٦ ساڵە لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکان و مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی ئێوەدا خەبات دەکا. بۆ ئەم حیزبە شانازییەکی گەورەیە کە لەو ماوە دووروودرێژ و پڕ هەوراز و نشێوەدا هەمیشە لە پشتیوانیی بێدرێغی ئێوە بەهرەمەند بووە. ئەم حیزبە هێز و توانای مادی و مەعنەوی و تەنانەت سەرمایەی ئینسانیشی هەر لە دەریای بێبڕانەوەی بەخشەندەیی ئێوە دابین کردوە.

ئەم دیاردەیە لەبەر ئەوە جێگای شانازییە کە نیشان دەری پشتیوانیی ئێوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانە و، دەری دەخا کە ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکانتان لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا بەدی دەکەن و بە شیاوی ئەوەی دەزانن ئەمانەتی دفاع لە ماف و ئازادییەکانتانی پێ بسپێرن.

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر پێویستیی کەلکوەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ بردنە پێشی پرسی کورد لە ئێران پێی داگرتەوە. کۆنگرە، لە کاتێکدا سڵاوی وەفا و ئەمەگناسیتان پێشکەش دەکا، بەڵێن دەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوارۆژیشدا هەروا تێکۆشەری نەسرەوتووی ڕێگەی بەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانتان بێ و، هەوڵ دەدا وەک ڕابردوو جێگای متمانە و باوەڕی ئێوە بێ.

سڵاو لە پشتیوانیی بێدرێغی ئێوە و بە ئاواتی سەرکەوتنی ویست و داخوازە ڕەواکانتان.

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

***

**پەیامی کۆنگرەی پازدەیەم بۆ بنەماڵەی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان**

بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان!

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان سڵاوی وەفاداری و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و بەندییە سیاسییە خۆڕاگرەکانی نێو بەندیخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەنێرێ. هەروەها سڵاو لە ئێوە کەس و کاری شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان دەکا کە ڕۆڵەکانتان و ئازیزانتان بوونە سەمبولی فیداکاری و لەخۆ بوردوویی و لە بەندکران و قبووڵکردنی ئەشکەنجە و ئازار و بەخشینی گیان، نەسڵەمیونەوە. ئێوە بۆ خۆشتان بەو بۆنەیەوە کە کەسانی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەرتان لە داوێنی خۆتان پەروەردە کردوە و شانازی بە ڕێگا و ئامانجەکانیان دەکەن، بەردەوام لەگەڵ هەڵاواردن و ستەم و بێبەشی و ئازار و ئەزیەتی کاربەدەستان و دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمی ستەمکار و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون.

**ئازیزان!**

خەباتی نەتەوەی ئێمە لە پێناوی گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیدا سەرەڕای هەوراز و نشێوی سەر ڕێگا و کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر کە لە لایەن دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە دەخرێتە پێشی، هەروا بەرەو پێش دەچێ و قۆناغەکان بە پاراستنی نێوەرۆکی ڕزگاریخوازانەی خۆی تێدەپەڕێنێ. هەرچەند تا ئێستا ئەو ئامانجانەی گەلی کورد خەباتی بۆ کردوون و قوربانیی بۆ داون وەدی نەهاتوون، بەڵام دەسکەوتی زۆر لە مەیدان و بوارە جۆراوجۆرەکان وەدەست هاتوون. هەموو ئەو دەسکەوتانەی تا ئێستا پێیان گەیشتووین و ئەوانەش کە لەمەو دوا دەستەبەر دەکرێن، بەرهەمی ماندوو بوون، خەبات و خۆبەختکردنی خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان بە گشتی و لە هەمووان زیاتر و بە تایبەتی ڕۆڵەکانی ئێوەیە. دیارە نەتەوەی ستەملێکراوی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەمیشە ڕێز و بایەخی تایبەتی بۆ تێکۆشانی ئەو ئازیزانە دادەنێن و هەرگیز خزمەت و فیداکاریی ئەوان کە مێژووی پڕ لە فیداکاریی خەباتی نەتەوەی ئێمەش تۆماری کردوون، لە بیر ناکەن.

بەخۆشییەوە لە هەلومەرجی ئێستادا ئاسۆی خەبات گەلێک لە جاران ڕوونترە و هومێد بە سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان و بە گشتی خەڵکی خەباتکار و چەوساوەی کوردستان زۆرترە. ئێمە ئەندامانی کۆنگرەی پازدەی حیزب پێمان وایە دەبێ بە کەلکوەرگرتن لە هەر شێوەیەکی گونجاوی خەبات، بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەمان لە بندەستی و وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدەکان و بەندییە سیاسییەکانمان تێ بکۆشین. دەبێ هەموو چین و توێژەکان و هەموو بەشەکانی کۆمەڵ بەشداری لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازییدا بکەن بۆ ئەوەی ئەو خەباتە سەر بکەوێ و بە زوویی ئاڵای ڕزگاریی نەتەوەکەمان بشەکێتەوە، تا ڕۆحی شەهیدانمان شاد بێ و زیندانییە سیاسییەکانمان، ئازادیی خۆیان وەدەست بێننەوە.

لە تریبونی کۆنگرەی پازدەیەمەوە، دڵنیاتان دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەفادار بە ئامانجەکانی شەهیدان و ڕۆڵە بەندکراوەکانی گەلەکەی و هەروەها دڵگەرم بە پشتیوانیی ئێوە، خەبات تا بەدەستهێنانی ڕزگاریی نەتەوەکەمان،درێژە دەدا.

جارێکی دیکەش سەری ڕێز لە بەرامبەر ئێوەی بەڕێزدا دادەنەوێنین و سڵاو لە خۆڕاگری و سەبر و ئیرادەی پتەوتان دەکەین.

**کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەیاننامە بەبۆنەی پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزب
- بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی ١٦
- پەیامەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان)
## (ڕێبەندانی ١٣٩٤)

کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژانی ١٧_٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤(٦-١١ی فێوریی ٢٠١٦) لە قەڵای دێموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان گیرا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦:**

١) خالید عەزیزی، ٢) مستەفا مەولوودی، ٣) گوڵاڵە شەرەفکەندی، ٤) عومەر باڵەکی،
٥) خەدیجە مەعزووری، ٦) حەسەن قادرزادە، ٧) قادر وریا، ٨) کاوە ئاهەنگەری،
٩) د. ئاسۆ حەسەنزادە، ١٠) حەسەن شێخانی ، ١١) کەماڵ کەریمی، ١٢) نەسرین حەداد،
١٣) برایم ئیبراهیمی (زێوەیی)، ١٤) ڕەحمان پیرۆتی، ١٥) خالید وەنەوشە، ١٦) کەریم مەهدەوی (سەقزی)، ١٧) سەعید بەگزادە، ١٨) مستەفا شەڵماشی، ١٩) کورش نوسرەتی،
٢٠ سمایل شەرەفی، ٢١) سۆران نووری.

* تێبینی: لە ماوەیەکی کورتی دوای کۆنگرەدا کاوە ئاهەنگەری ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەجێ هێشت و حەمەڕەسووڵ کەریمی _کە جێگر بوو_ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوای ڕووداوی مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات جێگای چوار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی شەهید بە حەسەن ئەبروززەنی، سیامەک قەویپەنجە، برایم چووکەڵی و مەولوود سوارە پڕ کرایەوە.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦**

١) برایم چووکەڵی، ٢) حەمەڕەسووڵ کەریمی ، ٣) سیامەک قەویپەنجە، ٤) مەولوود سوارە،
٥) حەسەن حاتەمی، ٦) سۆهەیلا قادری) ٧) هاشم عەزیزی، ٨) عومەر شاداب،
٩) حەسەن ئەبرووزەنی

**ئەندامانی دەفتەری سیاسی:**

١) خالید عەزیزی، ٢) مستەفا مەولوودی، ٣) کەماڵ کەریمی، ٤) عومەر باڵەکی، ٥) حەسەن قادرزادە، ٦) قادر وریا، ٧) مستەفا شەڵماشی.

**تێبینی:**

لە پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦ کە لە ڕۆژی ٢٥_٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٥ (١٤_٢٠١٧/١/١٥) گیرا، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب وازی لە بەرپرسایەتییەکەی هێنا. لە قۆناغی یەکەمدا هەڵبژاردن بۆ سکرتێری گشتیی نوێ کرا کە کاک مستەفا مەولوودی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا. دواتر بەتاڵایی کاک خالید، وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی بە هەڵبژێرانی د، ئاسۆ حەسەنزادە پڕ کرایەوە، هاوکات

د. ئاسۆ حەسەنزادە دوای هەڵبژێرانی بە ئەندامی دەفتەری سیاسی، بە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبیش هەڵبژێردرا.

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرداوی کۆنگرەی ١٦:**

١) عەلی بداغی، ٢) هەژیر عەبدوڵڵاپوور، ٣) مەنسوور مروەتی، ٤) خدر(بەگ) پاکدامەن، ٥) حەسەن خۆشکەلام، ٦) ڕەحیم محەممەدزادە، ٧) خالید حەسەنپوور، ٨) مووسا باباخانی، ٩) عەلی لەیلاخ، ١٠) فەتاح ئیلخانیزادە، ١١) خالید یوسفی، ١٢) سکرتێری یەکیەتیی لاوان (پێشەوا عەلیپوور).

**ئەندامانی کۆمیسیۆنی چاودێری لە پێڕەوی نێوخۆ**

١) ئەحمەد نستانی، ٢) مستەفا مەعرووفی، ٣) کوێستان گادانی، ٤) هاشم ڕۆستەمی، ٥) محەممەد ئیسماعیلی.

***

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی شازدەیەم

لە ڕۆژانی ١٧-٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤(٦-١١ی فێوریەی ٢٠١٦)دا کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان) لە ژێر دروشمی "کەلکوەرگرتن لە هەموو بەستێنو شێوازەکانی خەبات بۆ گشتگیرکردنی گوتاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەپشت بەستن بە یەکگرتنو هاوپێوەندی" بەڕێوە چوو. کۆنگرەی شازدەیەم لە ڕێورەسمێکی تایبەتیدا کە نوێنەرانی ژمارەیەک لە حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستان، دەیان کەسایەتیی میوان، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانو پیاوانی خاوەن ڕابردووی نێو ڕیزەکانی حیزبو پەیامنێرانی کۆمەڵێک لە ڕاگەیەنەکان تێیدا بەشدار بوون، بە وتاری تێکۆشەری لە مێژینە، ڕێزدار فەتاح کاویان، کرایەوە. دواتر سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی پێشکەش کردو لە سەر مێژووو ڕۆڵی حیزبی دیموکراتو گرنگیی ئەم کۆنگرەیە بۆ بەشداران دوا. هەر لەو ڕێورەسمەدا جگە لە بەرنامەی هونەری کە بە خۆشیی پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەیەم ئامادە کرابوو، کۆمەڵێک پەیامی پیرۆزبایی کە لە لایەن ڕێکخراو و کەسایەتییە بیانی، ئێرانی و کوردستانییەکانەوە بۆ کۆنگرە هاتبوون، خوێندرانەوە.

کۆنگرەی شازدەیەم لە ماوەی چوار ڕۆژ کۆبوونەوەو کاری چڕوپڕو باسی زیندوودا، ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی سەرکەوتوانە، جێبەجێ کرد. لە یەکەم دانیشتنی کاریی کۆنگرە دا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی شازدەیەم پێشکەش کراو، دوای ئەوەی بەشداران تێبینیو پرسیارەکانی خۆیان لە بارەیەوە خستە ڕووو وڵامی پێویستیان درایەوە، ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کرا.

دووهەم برگەی کاری بەرزترین ئۆرگانی حیزب، بۆ باس لە سەر ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە تەرخان کرابوو. لە سەرەتای ئەم بەشەی کاری کۆنگرەدا، سکرتێری گشتی بەڕێز خالید عەزیزی هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتەکەو پوختەی چەند باسێکی پێشکەش کرد.

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی دوای ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە هەلومەرجی نێودەوڵەتیو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سێ تەوەری سەرەکی پێک هاتبوو. تەوەری یەکەم کە تەرخان کرابوو بۆ ئێران، تیشکی خستبووە سەر بابەتەکانی بنەماو ناسنامەی دەسەڵات لە ئێران، کۆماری ئیسلامی لە گەمەی نێودەوڵەتیو ناوچەییدا، پرسی ناوکی، کاریگەریی بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتی لە بەستێنی سیاسییدا، فەزای سیاسیو جووڵەی مەدەنی لە نێوخۆی ئێرانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی. تەوەری دووهەمی ڕاپۆرتی سیاسی کە تایبەت بوو بە کورد، ڕوانینە بنچینەییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی پرسی کورد بە گشتیو پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیی گرتبوە خۆ. لەم چوارچێوەیە دا خوێندنەوەی ئەم حیزبە بۆ پێگەی کورد لە ئێران، پێناسەی جوغرافیای خۆرهەڵات، پێوەندیی کوردو تورکی ئازەری، ئایین لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا، تەوژمی باری ئابووریو کۆمەڵایەتی، فەزای سیاسیو جموجۆڵی مەدەنی لە خۆرهەڵاتدا، خرابوونە ڕوو. هەر لەم تەوەرە دا، باسێکی جیا بۆ پرسی کورد لە باشوور، باکوور وخۆراوای کوردستان تەرخان کرابوو.

تەوەری سێهەمو لە ڕاستی دا گرنگترین تەوەری ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی ڕوانینو هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی گرتبووە خۆ کە لە چەند باسی گرنگ پێک هاتبوو. ئامانجی سیاسیی حیزبو ئاقاری خەباتو شێوەکانی یەکێک لەو باسانە بوو کە پڕژابووە سەر پرەنسیپی ڕۆژهەڵاتتەوەری، خەباتی سیاسیو مەدەنی لە نێوخۆ، چالاکیی پێشمەرگەو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانو دەوڵەتی مەرکەزی، بواری دیپلۆماسیی تێکۆشانی حیزب. باسێک لە باسەکانی ئەم تەوەرەش تەرخان کرابوو بۆ هاوپێوەندیو هاوخەباتی لە نێوان حیزبی دیموکراتو لایەنە سیاسییەکانی دیکە کە پێک هاتبوولە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، لایەنە کوردستانییەکان، کۆنگرەی نەتەوەیی، هاوکاریی نێوان حیزبەکانی خۆرهەڵاتو سەرئەنجام پێوەندیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و حدکا. لە دوایین باسی ئەم تەوەرەشدا، بیلان و دوورە دیمەنی خەباتو تێکۆشانی داهاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، خرابووە بەر سەرنجی کۆنگرە. ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی دوای چەند کۆبوونەوەو دەوڵەمەند کرانی بە سەرنجو ڕەخنەو تێبینییەکانی بەشدارانی کۆنگرە، پەسند کرا. بە هەڵسەنگاندنی بەشدارانی کۆنگرە، ڕوانینی مەبدەئیانە، ڕاشکاوبوونو سروشتی ڕەخنەگرانە، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕاپۆرتە سیاسییە بوونو بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

کۆنگرە لە ڕۆژی دووهەمی کارەکانیدا، چووە سەر پێداچوونەوەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ. لە دەسپێکی ئەم بڕگەیەی کاری کۆنگرەدا، گرووپی ڕاسپێردراوی کۆمیتەی ئامادەکردن بۆ چاوخشاندنەوە بە بەرنامە و پێڕەو، ڕوونکردنەوەی پێویستی لە بارەی شێوازی کاری خۆیانو ئالوگۆڕەکانی نێو بەرنامەو پێڕەو، پێشکەشی بەشدارانی کۆنگرە کرد. لە ماوەی چەند دانیشتنی ڕۆژانی دووهەمو سێهەمی کاری کۆنگرە، بەشداران لە ڕەوتی باسو بەشدارییەکی چالاکانەو زیندوو لە سەر فەسڵ بە فەسڵی بەرنامە وپێڕەوی نێوخۆی حیزب، ئاڵوگۆڕی پێویستیان تێدا ئەنجام داو پەسندیان کرد.

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان، لە ڕۆژی سێهەمی کاری خۆیدا، هەر وەها گوێی بۆ ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ، هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەیەم ڕاگرت. لەم

پێوەندییە دا هەم ئەندامانی کۆمیسیۆنی ناوبراو، هەم بەشدارانی کۆنگرە، کۆمەڵێک سەرنجیان لە سەر پێویستیی گرنگیدانی ئۆرگانە حیزبییەکان بە ڕەچاوکردنی پێڕەوی نێوخۆو هەر وەها بایەخدان بە ڕاسپاردەو تێبینییەکانی ئەم کۆمیسیۆنە هێنایە بەر باس‌و ڕێبەریی داهاتووی حیزبیان بۆ لە بەرچاوگرتن‌و جێبەجێکردنیان، ئەرکدار کرد. لە درێژەی ئەو بەشەی کاری کۆنگرە دا، ئەندامانی کۆنگرە دەنگی متمانەیان بە ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە دایەوەو هەتا کۆنگرەی داهاتوو، ئەرکی پاریزگاری لە پێڕەوی نێوخۆیان پێ سپاردنەوە.

کۆنگرەی شازدەیەم، ماوەو دەرفەتێکی باشیشی دا بە هێنانە بەرباسی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌داو پێشنیارکردنی ڕێکاری بە سوود بۆ باشکردن‌و زیاتر بەرەوپێشبردنی تێکۆشانی حیزبی. ئەندامانی کۆنگرە زۆر بە ڕاشکاوی لە سەر کەموکووڕی‌و لاوازییەکانی چالاکی‌و تێکۆشانی حیزب، هەر وەها لە سەر دەسکەوتەکان‌و خاڵە بەهێزەکانی کاروباری پێشمەرگایەتی‌و هەڵسووڕانی تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، تێکۆشان‌و ڕۆڵی حیزب لە بەستێنی پەرەپێدانی خەباتی مەدەنی، جێگەو پێگەی ژنان لە تێکۆشانی حیزبی‌و بەڕێوەبەریی دامەزراوەکانی حیزب، کاروباری حیزب لە بوارەکانی ڕێکخستن، پێوەندییە دیپلۆماسییەکان، ڕاگەیاندن، دارایی‌و ماڵی، ڕێکخراوە سینفییەکان، پەروەردەو فێرکردن‌و هتددا، قسەیان کرد.

کۆمیسیۆنی بڕیارەکانی کۆنگرە، لە ژێر ڕووناکایی باسەکانی ئەم بڕگەیەو بڕگەکانی دیکەی کاری کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان، بڕیارنامەیەکی لە چەندین خاڵ دا گەڵاڵەو ئامادە کردبوو کە لە ڕۆژی چوارەمی کاری کۆنگرە دا، خرایە بەر نەزەرو دەنگی بەشداران. کارکردن لە سەر ڕێکاری ڕێفراندۆم وەک یەکێک لە ڕێکارەکانی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران، لێکدابرانەکان‌و جێگەیان لە مێژووی حیزبدا، پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، چالاککردنی خەبات‌و تێکۆشان لە نیوخۆو دەرەوەی وڵات‌و لە هەموو بەستێنەکان‌دا، بەهێزکردنی گوتاری نەتەوەیی‌و گیانی یەکگرتن‌و هاوپێوەندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و کۆمەڵێک پرس‌و بابەتی گرنگی دیکە، لە چوارچێوەی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی شازدەیەم دا، نەزەرو دەنگی کۆنگرەیان بۆ وەرگیراو جێبەجێکردن و کارپێکردنیان خرایە سەر شانی ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شازدەیەم.

پرسی هەڵبژاردنی ڕێبەری‌و سکرتێری داهاتووی حیزب، یەکێکی دیکە لەو ئەرکە گرنگانە بوو کە کۆنگرەی شازدەیەم بە وردی‌و بە بایەخپێدانەوە هێنانیە بەر باس‌و بڕیاری پێویستی لە سەر دان. کۆنگرە داوای زۆربەی کۆنفرانسەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەی شازدەیەمی بۆ بەردەوامیی هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی لە پۆستی سکرتێری دا، خستە بەر باسی ئەندامان‌و بەشدارانی خۆی. کۆنگرەی شازدەیەم دەنگی متمانەی دایەوە بە ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەیەم‌ومانەوەی بەڕێز خالیدی عەزیزی لە پۆستی سکرتێری‌داو، ئەرکی ڕێبەریکردن‌و بەڕێوەبردنی حیزب هەتا کۆنگرەیەکی دیکەی پێ سپاردنەوە.

لە ڕۆژی چوارەمی کۆنگرەدا، هەروەها کۆمەڵێک لەو پەیامانە خوێندرانەوە کە بە نوێنەرایەتیی کۆنگرەو لە لایەن کۆمیسیۆنی پەیامەکانی کۆنگرەوە بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان، ئامادە کرابوون‌و دەنگی کۆنگرەیان بۆ وەرگیرا. شایانی وەبیرهێنانەوەیە لە ماوەی چوار ڕۆژ کاری کۆنگرەدا، دەیان پەیام کە ڕێکخراوو کەسایەتییە بیانی، ئێرانی‌و کوردستانییەکان

بە مەبەستی پیرۆزبایی‌و بە نیشانەی هاوپیوەندی‌و هاوخەباتی بۆ ئەم کۆنگرەیان ناردبوون، خوێندرانەوەو بوونە جێگای سەرنج‌و پێشوازیی بەشدارانی کۆنگرە.

بەم جۆرە، کۆنگرەی شازدەیەم (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان)، پاش چواررۆژ کارو کۆبوونەوەو باسکردن‌و بیروڕاگۆڕینەوەو جیبەجێکردنی هەموو ئەرکە دیاریکراوەکانی، بە دوای پەسندکردنی چەندین بەڵگەنامەی گرنگ‌و دانی کۆمەڵێک بڕیارو ڕاسپاردەو ڕێنوێنی، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. هەر بەم بۆنەیەشەوە پێشنیوەڕۆی پێنجشەممە٢٢ی ڕێبەندان لە ساڵۆنی کۆبوونەوە گشتییەکان لە بنکەی دەفتەری سیاسی، ڕێورەسمی کۆتایی هاتنی کۆنگرە، بەڕێوەچوو. لەم ڕێورەسمە دا هاوڕێی تێکۆشەر خالید عەزیزی،سکرتێری گشتیی حیزب، وتارێکی لە بارەی پەسندکراوەکان‌و پەیام‌و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی شازدەیەم‌و ئەرکی لەمەودوای تێکۆشەران، ئەندامان‌و سەرجەم ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات پێشکەش کردو هەموانی بۆ خەبات‌و تێکۆشانی یەکگرتووانەو شێلگیرانە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئەو ئەرک‌و ئامانجانە ڕاسپارد کە حێزبی دیموکراتی کوردستان، ٧٠ ساڵە لە پێناویان دا قوربانی دەدا. لەو ڕێورەسمە دا هەر وەها ئەو بەشە لە هاوڕێیانی حیزب کە لە ماوەی پێکهاتن‌و بەردەوامبوونی کۆنگرەدا زۆرترین ئەرکیان کەوتبووە سەرشان، ڕێزیان لێ گیرا.

پێویستە بگوترێ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شازدەیەم، ڕۆژی شەممە ٢٤ی ڕێبەندان بە بەشداریی ئەندامانی ئەسلی‌و جێگری ئەم کۆمیتەیە، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی پێک هێنا. ئەم کۆبوونەوەیە، هەڵسەنگاندنی کاروباری کۆنگرەی شازدەیەم، دیاریکردنی گرنگترین کارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی دوای کۆنگرەو باسێک لە هەڵبژاردنی ٧ی ڕەشەممەی داهاتووی ئێرانی خستبووە دەستووری کاری خۆیەوە. لە سەرهەر کام لەو بابەتانە، باسی تیرو تەسەل کراو بڕیاری پێویست لە بارەیانەوە درا.

پەسندکراوو بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە تێکۆشانی داهاتوومان‌دا دەبێ، بە زوویی دەخرێنە بەرچاوی هۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەیەم، پیرۆزبایی گەرمی خۆی پێشکەشی هەموو تێکۆشەران، ئەندامان‌و دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزب دەکا. سوپاسی زۆریشمان بۆ ئەو پشتیوانی‌و هاوپێوەندییە کە خەڵکی کوردستان‌و دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزب، لە دەوروبەری کۆنگرەو لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا، لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشانیان دا. هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەین کە دڵگەرم بەو پشتیوانی‌و هاوپێوەندییە جێگای شانازییەو بە ڕێنوێنی وەرگرتن لە پەسندکراوەکان‌و بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان، شێلگیرتر لە پێشوو، بە هێزو تینوگوڕێکی زیاترەوە، بۆ وەدیهێنانی ئاواتە لە مێژینەکان هەنگاو دەنێین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شازدەیەم**

**٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٤**

**١٥ی فێورییەی ٢٠١٦**

***

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٦

**سەرەتا**

میوانە بەڕێزەکان!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

نوێنەرانی هەڵبژێراوی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ شازدەهەمین کۆنگرەی حیزب!

لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ کۆنگرەی شازدەی حیزبە تێکۆشەرەکەمان و بەبۆنەی دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرەوە پیرۆزباییتان لیدەکەم هیوادارم بە یارمەتیی هەموو ئێوە بەڕێزان کۆنگرەیەکی بەبەرهەم و پڕ دەسکەوتمان هەبێ و کۆنگرە بتوانێ وێڕای هەڵسەنگاندنی سیاسەت و تێکۆشانی حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، لەبارەی دوورەدیمەن و ئاقارەکانی خەباتی لەمەودوامان باشترین بەرچاوڕوونی و دروستترین ڕێنوێنی بداتە ڕێبەرایەتیی ئایندەی حیزبەکەمان و بەگشتی تێکۆشەرانی حیزب.

ئەگەر بەستنی کۆنگرە لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەر پارتێکی سیاسیدا بە ساتەوەختێکی گرینگ و چارەنووسساز دادەنرێ، هەلومەرجێکیش کە کۆنگرەکەی تێدا دەبەسترێ دەتوانێ لە بایەخ و هەستیاریی ئەم ڕووداوە ڕۆتینەی ژیانی دێموکراتیکی ڕێکخراوە سیاسییەکە زیاد بکا. بەداخەوە سروشتی مەسەلەی کورد و چارەنووسی نەتەوەکەمان بە درێژایی مێژوو بە چەشنێک بووە کە تێکۆشەرانی ئەو گەلە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەی کات ناچار بوون بەرنامە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی خۆیان لە هەلومەرجی هەستیار و نائاساییدا بەڕێوە بەرن. ئەوە ئەگەر بۆ زۆربەی نزیک بە تەواوی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاستە، بە زۆر هۆی پێکەوە گرێدراو بۆ کۆنگرەی ئەمجارەمان زۆرتریش هەقیقەتی هەیە:

یەکەم، سەرەڕای خەبات و فیداکاریی بێپسانەوەی تێکۆشەرانی گەلەکەمان بۆ دابینکردنی مافە بەرهەقەکانی ئەو گەلە، بەداخەوە هەموو ئەو فاکتەرانەی پێشیان بەوە گرتوە کە مەسەلەی کورد لە ئێران چارەسەر بکرێ یان لانیکەم بەستێنی بردنە پێشی ئەو پرسە لە ڕێگای سیاسی و دێموکراتیکەوە پێک بێ، هەروا لە شوێنی خۆیانن. سەرەڕای زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی کە لە جیهان و ناوچە و تەنانەت لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ڕوویان داوە، کۆماری ئیسلامی کە لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا ماوەیەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕواڵەت ڕێگای سازانی گرتوتە بەر و تەنانەت هەوڵ دەدا خۆی وەک بەشێک لە چارەسەری کێشەکانی ناوچەش نیشان بدا، لە ئاستی نێوخۆیی و لەپێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی خەڵک و بەتایبەتی پرسی کورددا بە هەمان مێتۆدی ڕابردوو دەجووڵێتەوە؛ باری نائاسایی لە کوردستان و سیاسەتی داخران و سەرکوت و هەڵاواردن دەرهەق بە گەلەکەمان هەروا درێژەی هەیە.

دووەم، هەلومەرجێکی تایبەتی کە ساڵانێکە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدایە و بۆتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی مانۆڕی ئەوان و مانەوەی ڕێبەرایەتییەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو جوغرافیایەی ئەوانی لێ هەڵقولاون و خەباتی بۆ دەکەن، هەروا بەردەوامە. نهێنییەکمان نەدرکاندوە ئەگەر بڵێین بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەوە بەداخەوە کۆنگرەی ئەمجارەشمان بەبێ حزووری ڕاستەوخۆی نوێنەرانی تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆی وڵات کە بەشی هەرە گەورەی تەشکیلاتی ئەم حیزبە پێک دێنێ، بەڕێوە دەچێ. حاشای لێ ناکرێ کە درێژەکێشانی ئەم دۆخە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریی نەخوازراوی لەسەر ڕادەی بەڕۆژەڤ بوونی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات و چۆنایەتی و ئارایشی هێزی خەباتگێڕانە و بەگشتی جێگە و پێگەی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان داناوە.

سێهەم، گرژییەکی بێوێنە کە لەدوای قەیرانی سووریە و سەرهەڵدانی داعش بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو ناوچەیەدا زاڵ بووە کە کوردستانی لێ هەڵکەوتوە، لە هەموو کاتێک زیاتر ئەوێی کردۆتە ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مەیدانی ململانێ و لەبەریەک ڕاوەستانی زلهێزەکان و دەسەڵاتە هەرێمییەکان. بارودۆخی نوێی ناوچە هەرلەوکاتەدا کە زۆربەی هاوکێشە سیاسییەکانی پێشووتری لە ئاستی ناوچە و جیهاندا خستۆتە ژێر پرسیار و دەتوانێ ئاڵوگۆڕی گەورەتریش بەدوای خۆیدا بێنێ، لەپێوەندی لەگەڵ کوردیشدا هەڵگری کۆمەڵێک دەرفەت و کۆمەڵێک مەترسیی پێشتر نەدیتراوە. ئەم دۆخە نوێیەی ناوچە بە هەموو ئاڵۆزییەکانیەوە هەموو کورد و ئێمەش وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیارو ئاستەنگی تازەوە. لێرەشدا جێ‌نەگرتنی تا ئێستای کوردی ڕۆژهەڵات وەک بەشێکی ئەکتیڤ و دانپێدانراوی فاکتەری کوردی لەسەر نەخشەی ئەم ئاڵوگۆڕانە بۆ ئێمە و بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات شیاوی لێ‌وردبوونەوە و بیرلێکردنەوەی جیددییە.

ئەگەر هەمووی ئەمانە و زۆر مەسەلەی ورد و درشتی دیکەش دۆخی ئێستا و دوورەدیمەنی خەباتی لەمەودوای هەموو ئەو هێزانە کە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی کوردی ڕۆژهەڵات تێدەکۆشن هەستیارتر دەکەن، بۆ حیزبی دیموکراتی هۆکارێکی مێژوویی‌ش هەیە کە کاتی بەستنی ئەم کۆنگرەیە بایەخدارتر دەکا. لەگەڵ ئەوەدا کە کۆنگرەی ئەمجارەشمان لەکاتی پێشبینی‌کراو لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بەڕێوە دەچێ، وەک هەڵکەوتێکی جوان و پڕماناش کۆنگرەی شازدەی حیزب دەکەوێتە حەفتاهەمین ساڵی دامەزرانی حیزبەوە. ئەو حیزبە کە چەند مانگێکە پێی ناوەتە هەشتەمین دەیەی خەبات و تێکۆشانی خۆی، تا ئێستا ڕێگایەکی دوورودرێژ و پڕهەوراز و نشێوی لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بڕیوە. ئەو ڕێگایە بە هیمەتی بەرزی ئەندامانی حیزبەکەمان براوەو بە قەڵغانێکی قایم لە فیداکاریی پێشمەرگە و لەخۆبردوویی تێکۆشەرانی حیزب تەنراوە. حیزبی ئێمە لەو ڕێگایەدا هەم شانازی و سەروەریی زۆری تۆمار کردوون، هەم زەبری زۆر گەورەشی وێ کەوتوون. بەڵام نە بە سەرکەوتنەکان لەخۆبایی بووە و نە بە داکشانەکانیش تووشی داماوی بووە. میراتێکی سیاسی و مەعنەوی کە ئەو حیزبە لە بزووتنەوەی کوردا جێگیری کردوە و هەموو ئەو خەسڵەتانە کە تایبەتمەندییان داوەتە خەباتی ئەم حیزبە، وای لە حیزبەکەمان کردوە کە هەر لەو کاتەدا ڕیشەی لە قووڵایی مێژووی نوێی کورددا هەیە و خاوەنی ئەزموونێکی

دەوڵەمەند و پڕ شانازی یە، ئێستاش جێ‌متمانەترین چراوگی ڕێی ڕزگاریی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵگری خەون و خولیای سیاسیی گەورە بۆ ئایندەی ئەم گەلە بێ.

لەسەر ئەو بنەمایە و بەمەبەستی ڕێزگرتن لە حەوت دەیە کوردایەتی و وڵاتپارێزیی پشوودرێژانەی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی کاروانی خەباتی حیزبی دێموکرات پێشنیار دەکەم کۆنگرەی شازدەمان بە «کۆنگرەی حەفتاساڵ تێکۆشان» ناودێر بکەین. هیوادارم ئەو ڕێکەوتە هاندەرمان بێ بۆ ئەوەی لە بڵیندایی حەفتا ساڵ تەمەنی حیزبەکەمان را ئاوڕ بدەینەوە سەر ئەو ڕێگا دوور و درێژە کە تا ئێستا حیزبەکەمان بڕیویەتی و سەرباری هەموو سەختی و کەموکوڕییەکان شانازی بەوەوە بکەین کە ئەمڕۆ ئێمە میراتگر و هەڵگری ئەو ئەمانەتە مێژووییەین. هەر لەو کاتەدا دەبێ ئەو بۆنەیە هانمان بدا بۆ ئەوەی بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بە هێندێکیان کرد، ئازایانە و سەختگیرانە کارکردی تا ئێستای خۆمان و خەباتەکەمان بدەینە بەر زەرڕەبینی هەڵسەنگاندن. پێویستە بەوپەڕی هەستی بەرپرسیارییەوە خۆمان لە جارانیش ئەرکدارتر بکەین و چ لە کۆنگرە و چ لە دوای کۆنگرەوە باشتر حیزبەکەمان بۆ دەرچوون لە هەلومەرجی ئێستا تەیار بکەین. تەیاربوونێک کە بەپێی فرەڕەهەندیی خەباتەکەمان کەرەستەی پوخت و تۆکمەشی لە هەموو بوارەکاندا پێویستە، هەم ئەزموونی ڕابردووی دەوێ، هەم فیکری نوێ.

لەسەریەک ئەوە ئەرکی ئەندامانی بەشداری کۆنگرەیە کە بە لێکدانەوەی سیاسیی خۆیان لە بارودۆخی گشتیی نێودەوڵەتی و ناوچە و ئێران بەرچاوڕوونی بۆ خەباتی حیزب و جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا بدەنە دەست. هەر لەوکاتەدا بە هەڵسەنگاندنی وەزعی ئێستای حیزب تێ‌بکۆشن حیزبەکەمان بۆ ئاینده بەجۆرێک ئامادەبکەن کە وەڵامدەری ئەرک و بەرپرسایەتیی خۆی لە ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بێ. ئەو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەش دەبێ یارمەتی بە دەوڵەمەند کردنی ئەم ڕاپۆرتە بکا کە لەڕووی مێتۆدەوە جیا لە تاوتوێی گرینگترین پرسەکانی پێوەندیدار بە خەباتی ئێمە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، وەبیرهێنانەوە و دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک فاکتەری دائیمی و پێکهاتەیی (ساختاری) یش لەخۆ دەگرێ. هەروەها پێ‌بەپێی لێکدانەوەکەمان تێ‌دەکۆشین ئەو ئیدەئال و پرەنیسپانەش بخەینە ڕوو کە بۆ ئێستا و داهاتووی خەباتی خۆمان بە گرینگیان دەزانین، بۆ ئەوەی لە بەرنامەڕێژیی کار و تێکۆشانماندا هەم بۆخۆمان کاریان پێ بکەین و هەم لە بازنە فراوانترەکانی خەبات و سیاسەتدا زیاتر بیان چەسپێنین.

### هەلومەرجی نێودەوڵەتی

پێوەندیی نێودەوڵەتی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی ڕێکخراوە و یاسا و ڕێساکانیش کۆمەڵێک دار و لەلەن بۆ پاراستن و ڕاگرتنی فەزای هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکان. لە سەردەمی شەڕی سارددا کە کێبەرکێیەکی توند لە نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا و بلۆکی ڕۆژهەڵات لە ئارادا بوو و بە ئادرەسی واشینگتۆن و مۆسکۆ پێناسە دەکرا، سیاسەتی جیهانی لەسەریەک، پەیڕەوی دوو جەمسەرییەکی ڕوون و یەکلاکەرەوە بوو. لەو سەردەمەدا پرسی شەڕ و

ئاشتی و چارەسەری کێشەکان لە جیهاندا بەپێی نەخشەڕێگای ستراتێژی و تاکتیکی ئەو دوو زلهێزە دیاریدەکران. ئاڵوگۆڕ لە بلۆکی بەرەی سۆڤیەتی پێشوودا و سەرلە نوێ کێشرانەوەی جۆغرافیای سیاسیی جیهان، کۆتایی بەو دوو جەمسەرییە هێنا.

ئەو ئاڵوگۆڕە بەستێنێکی لەبار و گونجاوی بۆ پتر بە جیهانیبوونی دیاردەگەلێکی وەک مێدیا، ئابووری و ئاسایشی نێودەوڵەتی دروستکرد کە زۆر لایەن کەموزۆر خۆیان تێدا دەدیتەوە. لەو نێوەدا، بەرژەوەندییە هاوبەشە ئابوورییەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا پێویستیان بە ئەمنیەتی هاوبەشیش هەبوو. هەربۆیە دوای ئەو گۆڕانانە زۆر سروشتی بوو کە کێشە و ڕووبەڕوو بوونەوەکانیش لە چوارچێوەی کلاسیکیی شەڕ و کێشەی ڕاستەوخۆی نێوان دوو یان چەند دەوڵەتدا کەمڕەنگ ببنەوە و ڕکەبەری و ململانەکان لە بواری سیاسی و ئەمنیەتی و ئابووریدا شێوازی دیکە بە خۆوە بگرن. ئەمڕۆ گەشەی تێکنۆلۆژی و بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووری بووەتە هۆی ئەوە کە کەرەسەکانی شەڕ و گوشارهێنان لە کێبەرکێی نێودەوڵەتیشدا بگۆڕدرێن. گەیشتن بە زۆر مەبەستی سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتی کە کاتی خۆی بە شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوەی نیزامی تەواو دەبوو، ئێستا بە فشاری سیاسی و گەمارۆی ئابووری و ڕیزکردنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا لە چوارچێوەی ئیلزامات و دەروەستیی نێودەوڵەتیدا وەدەست دێ.

لەگەڵ ئەوەی سەردەمی شەڕی سارد لەمێژە کۆتایی پێ هاتوە و ساڵانێکە فرە جەمسەری جێی دوو جەمسەریی گرتۆتەوە، دیاردەیەک کە لەم ساڵانەی دواییدا بەدی دەکرێ و هەتا دێ قووڵتر دەبێتەوە ئەوەیە کە ڕووسیە بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی لاوازیی پێگەی ساڵانی ڕابردووی، جیا لە کێشەکانی پێوەندیدار بە حەوزەی نفووزی سوننەتیی خۆی کە بەرچاوترینیان قەیرانی ئۆکراین بوو، هەوڵی داوە کۆمەڵێک کێشەی دیکەش لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی‌دا و یەک لەوان قەیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوو بەرەیی شیعە و سوننە بۆ ئەوە بەکار ببا کە جێپێیەکی پتەوتر و بەرفرەوانتر لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نفووز لە ناوچەدا بۆخۆی بکاتەوە. وەک دەرەنجامێکی ئەو ململانێ گەورانەش بە جۆرێک دوو جەمسەرییەکەی پێشوو بە شێوازگەلی دیکە و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەری نوێ (کە چی‌دیکە ئیدئۆلۆژیک و یەکدەستنین) زیندوو بۆتەوە.

دیارە سەرهەڵدانەوەی ئاشکراتری ڕقەبەریی نێوان ئەمریکا و ڕووسیە نەبۆتە هۆی پەکخستنی دامودەزگاکانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی (وەک لە سەردەمی شەڕی سارددا باو بوو) بۆ نموونە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا زلهێزەکان کەم وزۆر هەماهەنگی و هاودەنگییان لەبواری ئەمنییەتی جیهانیدا پێکەوە هەبووە کە لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە ڕەوتی کۆنترۆڵ و داماڵینی چەکە کۆمەڵکوژەکان بکەین. جیا لەوەش سەرهەڵدان و پەلکێشانی کۆمەڵێک مەترسیی هاوبەش کە تازەترین و گرینگترینیان داعشە بوونەتە بەستێن و بابەتی بڕیاری نێودەوڵەتی.

دیاردەی تێرۆریزم بەتایبەتی ئەو جۆرە لە توندوتیژیی کوێر کە لەسەر بەستێنی بنئاژۆیی ئیسلامی دروستبووە و لەو چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەکی زۆر بەربڵاوتر لە پێشوو بەرۆکی مرۆڤایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر گۆشە و کەناری دیکەی جیهان گرتوە، ئەمڕۆ وەک بابەتی هەرە مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی نێودەوڵەتیی زۆر

بەرچاو. هەر ئەوەشە کە پرۆژەی داعشی بەرەورووی ئەو دژکردەوە بەربەرین و بێوێنە نێودەوڵەتییە کردۆتەوە. بەڵام حاشای لێناکرێ کە نە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەلکێشانی ئەو دیاردە مەترسیدارە تەنیا ئیدئۆلۆژین و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە دارشتنی ئامانج و شێوازەکانی ئەو رووبەڕووو بوونەوەیەدا یەکدەنگ و یەکگرتوویە. لەڕاستیدا ئامانج و ئاجێنداکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا زۆر لێک جیاوازن و قەیرانی سووریە و شەڕی داعش بوونەتە سێناریۆی بردنەپێش و یەکلاکردنەوەی کۆمەڵێک ململانەی زۆر فراوانتری نێودەوڵەتی و هەرێمی.

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ئەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمێک زیاتر بۆتە ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنیا ناگەڕێتەوە سەرفاکتەرەکانی پێوەندیدار بە هەلومەرجی ئەمڕۆوە. بەڵکوو کۆمەڵێک پارامێتری دائیمی و پێکهاتەییش هەن کە وەبیرهێنانەوەیان لێرەدا زیادی نیە. سووکە ئاوڕدانەوەیەک لە مەوقعیەت و پاشخانی مێژوویی ئەم ناوچەیە بەستێن و بنەمای ئالۆزییەکانی ئەم ناوچەیەمان باشتر بۆ دەردەخا و یارمەتیمان دەدا کە لەجیاتی ڕوانینێکی سیرفەن ئیدئالگەرایانە، واقعبینانەتر چاو لە ئێستا و ئایندەی ئەو ناوچەیە بکەین.

بێگومان پێش هەموو شتێک فاکتەرە سروشتییەکان واتە هەڵکەوتی جوغرافیایی و ژێئۆپۆلیتیکی بێوێنەی ئەم ناوچەیە وەک شوێنی بەیەک گەیشتنی سێ قاڕەی جیهان و گوزەرگای ڕێڕەوە گرینگەکانی گواستنەوەی جیهانی و دەوڵەمەندیی ئەو ناوچەیە لەڕووی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی دیکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە بکەوێتە چەقی بازنەی بەرژەوەندیی ئابووری و ئەمنیەتی جیهانی.

ئینجا ئەوەی بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئەمڕۆی ئەم ناوچەیە پێویستە بە هێند بگیرێ، پاشخانی مێژوویی و درێژەکێشان و بەرجەستە بوونەوەی هەرچی زیاتری ئەم پاشخانە لە ململانێ سیاسییەکانی ئەمڕۆی ناوچەکەدایە. لێرەدا فاکتەری هەرە یەکلاکەرەوە و کاتالیزۆر ئایینە. دەزانین کە هەر سێ ئایینی یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام و هەندێ وردە ڕێبازی تر لەو ناوچەیەدا سەریان هەڵداوە و مێژوویەکی دوور و درێژیان لە شەڕ و ڕکەبەرایەتی لەگەڵ یەکتر تۆمارکردوە. ئیسلام و مەسیحییەت بوون بە دوو ئایینی جیهانی. لەنێو ئایینی ئیسلامیشدا کێشە و ناکۆکیی کەڵەکەبووی سەدان ساڵەی شیعە و سوننە ڕۆژبەڕۆژ پتر بەسیاسیکراوە تا ئەوە کە ئەمڕۆ بوونەتە دوو جوڵانەوەی سیاسیی چالاک لەدژی یەکتر. لەو ڕەوتی بەسیاسی بوونەی هەرچی زیاتری مەزهەبدا، ڕێبازی شیعە دەمێکە خاوەنی مەرجەعی ڕێکخەری خۆیەتی، چونکە لەدوای ئینقلابی ئێرانەوە، کۆماری ئیسلامی وەک ئادرەس و ڕێکخەری شیعەکان لە ناوچەکەدا بووەتە سەرچاوەی هەرە بەرچاوی کێشە و نائەمنی لە ناوچەدا. ئەگەر لە دەرەوەی ئێرانیش بۆ نموونە لە عیراق مەرجەعییەتێکی غەیرە ئێرانی بۆ شیعەکان نەخش بگێڕێ، ئەوە لە بازنەی سنوورداری تایبەت بەو وڵاتە دەرناچێ و لەهەرحاڵدا ناکۆکیی بنەڕەتیی لەگەڵ ئاقارە بڕیار لەسەردراوەکانی تاران لە ناوچەدا نیە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئیسلامی سوننە، لەگەڵ ئەوەی زۆر پێش مەرجەعیەتی سیاسیی شیعەکان ئیخوانولموسلیمین هەوڵی دا لە بازنەی بەربەرینی جیهانی ئیسلامدا ببێتە

سەمبول و مەرجەعی سیاسی، بەڵام لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبوو. هەربۆیە ئەمڕۆ زۆرتر ڕێکخراوە توندڕەوەکان هەوڵ دەدەن نوێنەرایەتیی ڕەهەندی سیاسیی ئیسلامی سوننە بکەن.

ئەگەر بە کەرەستەبوونی ئایین لە شکڵ بەخشین بە ململانە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر کاریگەرە، لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە میراتی پۆست ئیستعماریی ئەو ناوچەیەیە کە بەهۆی ئەوەی هەڵگری عەقلانییەت و عەداڵەت نەبووە و زۆرتر دەرەنجامی پێکهاتن لەسەر ڕقەبەریی بەرژەوەندیی نێوان هێزە سەرکەوتووەکانی هەردوو شەڕی جیهانی داڕێژراوە، کاریگەریی خراپی لەسەر ئاشتی و سەقامگیری لەو ناوچەیە بەجێ هێشتوە. بۆ نموونە نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەدوای ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆوە لەجیاتی ئەوەی بەپێی ویست و بەرژەوەندیی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە دیاری بکرێ، لەسەر بنەمای سیاسی و جوغرافی و بەڕێوەبەریی گرێدراو بە ئیدارەی کۆلۆنیالییەوە بووە. لێرەدایە کە دەبینین لەحاڵێکدا نەتەوەی عەرەب بەسەر چەندین یەکەی سیاسیدا دابەش کراوە کە بە پێناسەی خاک دەبن بە دەوڵەت، نەتەوەی کورد لەو مافە بێبەش کراوە. لەولاشەوە، دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی لەجیاتی ئەوەی پرسی قەوارەی نەتەوەیی بە دروستی چارەسەر بکا، لەڕاستیدا بۆتە سەرەتای کێشەی دەیان ساڵەی جیهانی عەرەب و ئیسرائیل، بەچەشنێک کە هەتا ئەم دواییانەش مەسەلەی فەلەستین وەک کاتالیزۆری کێشە و ململانە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە جیهانی عەرەب و ناوچە نەخشی دەگێڕا.

نالێکی و نالەباریی ئەم میراتە ئیستعمارییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەریی خراپی لەسەر چۆنیەتیی حوکمڕانی و هاوکێشەی نێوان خەلک و حکوومەتەکانیش بەجێ هێشتوە. لەو شوێنەدا کە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و شەپۆلە یەک لەدوای یەکەکانی دێموکڕاسی لە زۆر وڵات و ناوچەی دیکەی جیهاندا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە و ژمارەی دیکتاتۆرەکان هەر هاتوە و کەمتر بۆتەوە، هەروەک لە ڕووداوەکانی بەناو «بەهاری عەرەبی«دا سەرلەنوێ سەرنجمان دا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شۆڕش و ئاڵوگۆر و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دێموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییان لێنەکەوتۆتەوە. بەپێچەوانەوە، وێکهەڵنەکردن و شەڕی فیرقەیی و تێرۆر لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکاندا بوون بە ئەمری واقیع و فەرهەنگی زاڵ بەسەر ژیانی سیاسیی ناوچەدا.

ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو ئاماژە بەوە دەکا کە جێگیرکردنی دێموکراسی و لێبوردەیی و دابەشکردنی دەسەڵات لەو ناوچەیەدا کارێکی ئاسان نیە. ئەم خەسڵەتە لە سەردەمی ئەمڕۆدا زیاتریش ناوچەکەی تووشی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری کردوە و زۆر بەزەحمەت دەکرێ پێشبینیی دەرئەنجامەکانی بکرێ. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە دامەزراوە دێموکراتیکەکان بەبێ ئاشتی و تەناهی و گەشەسەندن ناتوانن پێ بگرن، کارەساتێکی ئینسانی کە لەو ناوچەیەدا لە شکڵی کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی بە میلیۆنان خەڵک و تێکڕووخانی ژێرخانی ئابووری و هەڵوەشانی شیرازەی کۆمەڵایەتیی وڵاتاندا خۆی دەنوێنێ، هێندەی دیکە دوورەدیمەنی دێموکراسیی لەو ناوچەیەدا لێڵ کردوە. گوتنی ئەو ڕاستییە نابێ بە مانای دووودڵبوون لە خەبات بۆ وەدیهێنانی دێموکڕاسی وەک ئیدەئالێکی کۆمەڵگەکان لێک بدرێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە واقعبینانەتر چاو لە ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی

خۆمـان و جێگـە و پێگـەی کـورد لەنێـو ئـەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانـەدا بکەیـن.

## ئێران

لـە سـەرەتای ئـەم ڕاپۆرتـەدا ئاماژەمـان بـە پێویسـتیی وەبیرهێنانـەوە و تیشکخسـتنە سـەر هێندێـک فاکتـەری پێکهاتەیـی لـە لێکدانـەوە و هەڵسـەنگاندنی هەلومەرجـی سیاسـیی ڕۆژدا کـرد. ئـەو کارە بەتایبەتـی لەپێوەنـدی لەگـەڵ ئێرانـدا گرینـگ و بەسـوودە.

### بنەما و ناسنامەی دەسەڵات لە ئێراندا

مێژووی دوورودرێژی حکوومـەت و دەسـەڵاتداری لـە ئێران پاشـخانێکی دروسـت کـردووە کـە کاربەدەسـتانی تـاران لـە بەڕێوەبـردن و بەسـەریەکەوە ڕاگرتنـی وڵات و پاراسـتنی دەسـەڵاتێکی سـەرەڕۆ و ناوەندگـەرادا پشـتیان پـێ بەسـتوە. بەپێچەوانـەی ئـەو دەوڵەتانـەی دیکـە کـە لـە شـکڵی ئێسـتایاندا قـەوارەی سیاسـیی تـازە و بەرهەمـی ئازادیـی موسـتەعمەرەکان و لەبەریـەک هەڵوەشـانی ئیمپراتۆریـی عوسـمانین، جوغرافیـای سیاسـیی ئێـران لـە سـەردەمی نوێـدا کـەم و زۆر وەک خـۆی ماوەتـەوە.

ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی وەک بزوێنـەری سـەرەکیی مێـژووی هاوچەرخـی ئێـران، هەرگیـز خوێندنـەوەی لـە کێشـەکانی ئێـران و ڕێگاچـارەکان بـە ئاقارێکدا نەبـووە کـە پێناسـەیەکی فرەنەتەوەیـی کۆمەڵگـەی ئێرانـی لێبکەوێتـەوە و بکرێتـە بنەمـای ئێـدارەی هاوبەشـی ئێـران. هاوپەیمانیـی زەینیـی ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی وەک هێمـای ئێرانیبـوون کـە دوای شـۆرشـی ئێـران بەتـەواوی پڕڕەنـگ بـووەو لەپەراوێزکەوتنـی پێکهاتـە غەیرەفارسـەکانی لـێ کەوتۆتـەوە. ئـەو پێناسـە هاوبەشـەی (شـیعە – ئێرانـی) نـەک هـەر لـە ژیانـی ڕۆژانـە و بۆنـە ئایینـی و غەیـرە ئایینییەکانـدا بۆتـە فەرهەنگـی ئێرانییـە شـیعە مەزهەبـەکان، بەڵکـوو لـە بەسـتێنی سیاسـی و حکوومەتیيشـدا ڕەنگدانـەوە و لێکەوتـی هەبـووە. بە ڕێکەوت نیە کە حاکمیەتی ئەمڕۆ لە ئێراندا وێـڕای بـە قانوونیکردنـی دامـودەزگای دەسـەڵات لەسـەر بنەمـای ئـەو پێناسـە مەزهەبییـە، لـە شـکڵبەخشـین و نیشـاندانی پێگـەی جەماوەریـی خۆیشـیدا پێـش هەمـوو شـتێک پشـت بـە بنیاتـی مەزهەبـی شـیعە و بۆنـە و دامەزراوەکانـی سـەر بـەم مەزهەبـە دەبەسـتێ. ئـەو پێناسـەیە کـە بەرهەمەکـەی ڕێککەوتنێکـی زیمنـی بـۆ پاراسـتنی یەکیەتیـی خاکـی ئێـران بـووە، لـە وەزعیەتـی ئێسـتای ململانـە و شـەڕی نێوان دوو کەمپـی شـیعە و سـوننی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا هێنـدەی دیکـەش بـۆ پاراسـتنی پێناسـەی مەوجـوود لـە دەسـەڵات لـە ئێرانـدا کەڵکـی لێوەردەگیـرێ.

### کۆماری ئیسلامی لە گەمەی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا

بـەدوای هاتنەسـەرکاری ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیدا، ئێـران بـووە بـە فاکتەرێکـی بەرچـاوی دنەدانی کێشـە و ململانێ سیاسـی و ئایینیەکانی ناوچەکە. سـتراتێژیی ئێران لەو سـەردەمەدا ئەوە بـوو کـە ببێتـە مەکـۆی خەبـات دژی ئیسـرائیل و ئەمریکا لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا. پـاش شـەڕی ئێـران و عێـراق و هەمـوو ئـەو ئاڵوگـۆڕە سیاسـییانەی دواتـر لـە ناوچـەدا هاتنەگـۆڕ، ئەمجـارە ئێـران سـتراتێژیی خـۆی گـۆڕی و زۆرتـر وەک خـاوەن و ئادرەسـی ڕێڕەوانـی مەزهەبـی شـیعە لـە گەمـە سیاسـییەکانی ناوچـەدا دەرکـەوت. چ سیاسـەت و دروشـمی ئێـران لـەدژی ئیسـرائیل و چ

پشتیوانیی لە شیعەکانی ناوچە دەبێ لە چوارچێوەی ستراتێژییەکدا ببینرێن کە بەرژەوەندی و مانەوەی خۆی لە بەردەوامیی ئالۆزییەکان و حزووری چالاکانەی لەنێو کێشەکانی ناوچەدا دەبینێ. سوپای قودس و حیزبوڵلای لوبنان و حەماس و جیهادی ئیسلامیی فەلەستین و حوسییەکانی یەمەن کە ڕێژیم پشتیوانییان لێدەکا، بەشێک لە ئامرازەکانی بردنەپێشی ئەم ستراتێژییەن. کۆماری ئیسلامی بە هەوڵی ڕێبەریکردنی ئەو ئالۆزییانە لە چوارچێوەی ململانەی شیعە و سوننەدا دەیەوێ هەم کەمەربەندێکی ئەمنیەتی بۆخۆی لەناوچەکەدا دروست بکا وهەم ئەو پەیامەش بداتە جیهان کە ئەوە کەمپی سوننەیە سەرچاوەی تێرۆریزمی جیهانییە نەک شیعە. ئێستا کە کەمپی سوننە بە سەرۆکایەتیی عەرەبستانی سەعوودی لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی سیاسی و نیزامیدا بە جیددی خەریکی خۆڕێکخستنە، پێشبینی دەکرێ کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکەش بۆ زیادکردن و جووڵاندنی هێزەکانی لایەنگری خۆی لە ناوچەدا هەوڵ بدا.

هەوڵی ڕێژیم بۆ بیمەکردنی ئایندەی خۆی تەنیا بە «ناردنە دەرەوەی شۆڕش» و قەیرانسازی لە ناوچەدا نەوەستاوە، بەڵکوو لە یەک دەیەی ڕابردوودا پرۆگرامی ناوکیشی بە بوعدێکی نیزامییەوە لێ زیادکردوە کە هەوڵی بەرفرەوانی ڕێژیم بوو بۆ ئەوەی نەک هەر لە ئاستی ناوچەییدا بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا ببێتە فاکتەرێکی حاشاهەڵنەگر و بەهێزی گەمە و هاوسەنگیی ئەمنیەتی. لەگەڵ ئەوەدا کە وەک لە خوارەوە باسی دەکەین، پاش ڕێککەوتنی ناوکی، ئێران بە چەشنێک ملکەچی ویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە و چوارچێوەیەک بۆ پێشگیری لە بەرزەفڕییەکانی لەو بوارەدا دانراوە، بەڵام ئەم پاشەکشە و سازانە نە بە مانای جێ متمانە بوونی ڕێژیم لە خودی ئەم بوارەدایە و نە سیاسەتی تێکدەرانە و دەنەدەرانەی ڕێژیمیش لە ناوچەدا بەهۆی سەرفەسڵی نوێی پێوەندییەکانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کۆتایی پێ هاتوە. بەپێچەوانەوە، ئێران ئێستا لە کێشە و ئالۆزییەکانی ناوچەدا لە هیچ کاتێک کەمتر چالاک نیە و بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی سووریەدا بە پشتبەستن بە تێوەگلانی هەرچی زیاتری ڕووسیە، تا دێ لەو ئامانجە نزیکتر دەبێتەوە کە دان بە جێگە و پێگەی ئەو لە دوورەدیمەنی چارەسەری ئەو قەیرانەدا بنرێ. ڕێژیم لە کۆی ئەم دۆخەش وەک فاکتەرێک بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی کەڵک وەردەگرێ و بەو کار و کردەوانەی تێدەکۆشێ خەڵک لە نێوخۆی وڵات لەوە بترسێنێ کە ڕەنگە کۆمەڵگەی ئێرانیش تووشی چارەنووس و نەهامەتیی هاوشێوەی خەڵکی سووریە و عێراق بن. ترسێک کە کاریگەریی لەسەر ڕوانین و ئاقاری سیاسیی بەشێکی بەرچاو لە بژاردە و لایەنە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتیش داناوە.

### پرسی ناوکی

پرسی ناوکی دە ساڵیش پتر بابەتی هەرە بەرچاوی تەعامولی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەپێوەندی لەگەڵ ئەو کێشەیە و ڕێککەوتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئێران لەسەر چوارچێوەیەک بۆ چارەسەری ئەو پرسە هەمیشە هەوڵی داوە هەڵوێستێکی مەنتیقی و واقعبینانە بگرێتە بەر. جەوهەری ئەو هەڵوێستەی ئێمە بریتی بووە لە خۆبواردن لە ئومێدبەستن بە ڕووبەڕوو بوونەوەی

سەربازیی جیهانی دەرەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەم پرسە و نەبەستنەوەی ئاجێندای خەبات و تێکۆشان بە وەدیهاتنی سیناریۆیەکی لەم چەشنەوە. سەرەڕای هەموو کەڵکێکی فێڵبازانە کە ڕێژیم هەوڵ دەدا لەو کێشەیە و تەنانەت لە چارەسەرەکەی وەریبگرێ، ئێمە هەڵوەژێرانی ئەو مەسەلەیەمان لەبەر ئەوە بە زەرەر نەزانیوە کە مەیدانی مانۆڕی ڕێژیم لە خانەی ئەمنیەتی ناوچەیی و جیهانیدا لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتنی لە کورتماوەدا بە چەکی ناوکی سنووردار دەبێتەوە و چیدیکەش هەموو سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بە بیانووی ئەم مەسەلە و پرسانەی بۆ ئێمە و بۆ خەڵک گرینگترن، واتە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکانی ئێران، لانادرێ. چونکە لەلایەک مەرج نیە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە مسۆگەر بە بەرژەوەندیی مەرامە ناسالمەکانی ڕێژیم تەواو بێ، لەلایەکی دیکەوە ڕێژیم لە نێوخۆش و لە ناوچەشدا بەرەوڕووی کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی جیددییە. هەربۆیە پێویستە ئاجێندای خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بە سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو دەرفەت و بەستێنانەی دەکرێ لە هەردوو ئاستدا شکڵ بگرن، ڕێک بخرێ.

سەرەڕای هەراوهوریای کاربەدەستانو داموودەزگا تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە دەیانەوێ وا بنوێنن پاشەکشەیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە، ئێمە ئەو پێکگەیشتنەمان بە سەرکەوتنی ئیرادەی نێودەوڵەتی بە سەر ملنەدانو خۆبواردنی ڕێژیمێکی لاسارو یاخی لە پەیماننامە جیهانییەکان لە بواری هەستیارو گرنگی ناوکی‌دا لە قەڵەم داوە. لەو سۆنگەیەوە، ڕێککەوتنی نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئێران و پاشەکشەکردن بە بەرزەفڕییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا لە چەشنی خۆیدا سەرکەوتنێکە بۆ پێشگیری لە نائەمنتر بوونی جیهان و گرژیی زیاتر لە ناوچەدا و سەپاندنی ئیلزاماتی نێودەوڵەتی بەسەر دەوڵەتێکی سەرەڕۆی لە چەشنی ئەو ڕێژیمەدا.

ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەر کەیسی ناوکیو هەڵگیرانی سزاو گەمارۆ جیهانییەکانی پێوەندیدار بەو کەیسە، ئەگەر لە لایەکەوە دەتوانێ لەسەر ئابووریی ئێرانو ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە شوێنەواری ئەرێنیی هەبێ و پێشگیری لە بەفیڕۆدانی زیاتری سەروەت و سامانی وڵات لەو ڕێگایەدا بکا، لەلایەکی دیکە بە مانای کەمبوونەوەی گوشاری دەرەکی لە سەر خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو دروستبوونی دەرفەتو دەستئاوەڵایی هەم بۆ سەرکوت لە نیوخۆی وڵاتو هەم بۆ مەیدانداری لە ئاستی ناوچەو درێژەدان بە دەستێوەردانی کاروباری وڵاتانو پشتگیریی تێرۆریزمو توندڕەوییە. ئێمە هیواداریین بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی ناوکی دەرفەت بۆ زەقبوونەوەی پرسی نەبوونی دیموکراسیو پێشێلکرانی مافی نەتەوەکانو سەرکوتکرانی ئازادییەکان لە ئێران پێک بێو ئیرادەی نێودەوڵەتی هەروەک لە بواری ناوکی‌دا توانی ئەو ڕێژیمە ناچار بە چاوخشاندنەوە بە سیاسەتو هەڵوێستی خۆی‌دا بکا، لەم بوارەش‌دا کۆماری ئیسلامی ناچار بە گۆڕینی سیاسەتو ڕەفتاری خۆی بکا. پێشمان وایە ئەم پاشەکشەیە دەتوانێ هەلومەرجو دەرفەتو بەستێنی جۆراوجۆری سیاسی بە دوای خۆی‌دا بێنێ کە پێویستە هێزو لایەنە سیاسییە ئازادیخوازەکانی ئێران، چ ئەوانەی کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامینو، چ ئەوانەی لە نێوخۆی وڵاتو لە چوارچێوەی قانوونو حاکمییەتی ئەو ڕێژیمەدا بۆ هەلومەرجێکی سیاسیی باشتر تێ‌دەکۆشن، بۆ وەڕێخستنی خەباتێکی بەرینو شێلگیرانە بیانقۆزنەوە.

ئەوەنـدەی دەگەڕێتـەوە سـەر خەباتـی خەڵکـی ڕۆژهەلاتـی کوردسـتانو تێکۆشـانی حیزبـی دیموکراتی کوردستان لـە پێناوی مافە نەتەوەییەکانو بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی لە ئێرانیشدا، پێویسـتە بڵێیـن کـە ئـەو خەباتـە زۆر بـەر لـە سـەرهەڵدانی کێشـەی ناوکیـی ئێـرانو ڕۆژئـاوا و تەنانـەت زۆر زووتـر لـە هاتنەسـەرکاری ئـەو ڕێژیمەدەسـتی پێـکردوە. ئەگەرچـی گوشـاری دەرەکـیو هەڵوێسـتی لیبراوانـەی کۆمەڵگـەی جیهانـی لەئاسـت لاسـارییەکانی ئـەو ڕێژیمانـە هەمـووکات بـە فاکتەرێکـی ئەرێنـی بـۆ خەباتـی ئازادیخوازانـەی خەڵکـی ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان وئێران لەدژی ئەوڕێژیمە زانیوە ودەزانین، بەڵام باوەڕمان وایە ئەوە کە وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەباتـی خەڵکـی ئێمـە دەخاتـە گـرەوی خۆیـەوە پێـش هەمـوو شـتێک بەردەوامیـی ئـەو خەباتـە بـە هـاوکاری و یەکگرتوویـی هەمـوو هێـز و لایەنـەکان و هەمـوو بەسـتێنەکانی خەباتـە، نـەک جـۆری ئـەو ئاڵوگۆڕانـەی بەسـەر پێوەندییەکانـی ئـەو ڕێژیمـە و دنیـای دەرەوە دادێـن.

**کاریگەریی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بەستێنی سیاسیدا**

قەیرانی ئابووری و کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان هەمیشـە پێوەندییـان بـە سیاسـەتەوە نیـە و تەنانـەت ئـەو جـۆرە قەیرانانـە لـە وڵاتانـی دێموکراتیکیشـدا ڕوودەدەن. جیاوازییهکـە ئەوەیـە کـە لـە ئێرانـدا دەسـەڵات بـە شـێوەیەکی مافیایـی سـەروەت و سـامان و داهـات و دەرکەوتـی وڵاتـی خسـتۆتە ژێـر چەپۆکـی خـۆی و بەمەبەسـتی سیاسـی هـەم بـۆ سـەرکوت لـە نێوخـۆ و هـەم بـۆ مەزنیخـوازی و تێکـدەری لـە دەرەوەی سـنوورەکان کەڵکـی لـێوەر دەگـرێ و لێپرسـینەوە و چاوەدێریـی ڕاسـتەقینەی خەڵکیـش لـە ئـارادا نیـە. لەلایەکـی دیکـەوە، ڕاسـت بەهـۆی باڵادەسـتیی سیاسـەت و پاوانخـوازی بەسـەر هەمـوو بوارەکانـی حوکمڕانـی و ژیانـی کۆمەڵگـەدا، ئیـدارەی پرسـەکان و چارەسـەری کێشـەکان زۆربـەی جـار بنەمـای زانسـتی و کارناسـانەیان نیـە.

جیـا لـە داهاتـی نـەوت، ئێـران بەبـەراورد لەگـەڵ زۆر وڵاتـی هاوشـێوە، کۆمەڵگایەکـە لـە زۆر بـواردا پۆتانسـیەلی بەرهەمـی نێوخۆیـی بەهێـزە و لەسـەریەک وڵاتێکـی دەوڵەمەنـدە. خوێنـدەوار بوونـی کۆمەڵـگای ئێـران و تێکەڵاویـی بەربـڵاوی خەڵکـی ئێـران لەگـەڵ جیهانـی دەرەوە وایـان کـردووە کـە مـۆدی ژیانیـش زۆر بگـۆڕێ و پێداویسـتی و پێوەرەکانـی گـوزەران زۆرتـر و پـڕ خەرجتـر بـن. هەربۆیـە شـوێنەواری ڕەوانـی و تێکدەرانـەی قەیرانـی ئابـووری و بێکاری لەسـەر خەڵـک و بنەماڵـە و تـاک دەرئەنجامـی فـرە خەراپـی کۆمەڵایەتیـان لێکەوتووەتـەوە.

بەهـۆی ئابلۆقـەی نێودەوڵەتـی و قەیرانـی داراییـش لەمـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا کـە لـە بـواری ژیـان و گوزەرانـدا دووکەڵەکـەی تەنیـا چووهتـە چـاوی خەڵکـەوە، دۆخەکـە هـەر هاتـووە و خراپتـر بـووە. دەرەنجامێکـی زیانبـار و نێگەتیڤـی کێشـە ئابـووری و کۆمەڵایەتیەکانیـش ئەوەیـە کـە لـە هەلومەرجـی ئەوتـۆدا خەڵـک لەبـەر گرفتـی ڕۆژانـەی خۆیـان کەمتـر دەپرژێنـە سـەر بـاس و بابەتـی سیاسـی و داهاتـووی وڵات. کۆمـاری ئیسـلامی کـە لەڕاسـتیدا بۆخـۆی خوڵقێنـەر و ڕێکخـەری ئـەو سـێناریۆیەیە و مودیریەتـی دەکا، لـە بەسـتێنی سیاسیشـدا سـوود لـە دەرەنجامـی دۆخێکـی وەهـا نالەبـاری کۆمەڵایەتـی لـە کۆمەڵگـەی ئێرانـدا وەردەگـرێ.

**فەزای سیاسی وجووڵەی مەدەنی لە نێوخۆی ئێران**

وەزاڵەهاتن و نارەزایەتیی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی مادام ڕێبەر و ڕێنوێن و ڕێکخەری نەبێ، لە خۆیەوە نابێتە هۆی ڕووخان یان تەنانەت ئاڵوگۆر و پاشەکشەی ڕێژیمیش. دابەشبوونی ئۆپۆزیسیۆن یان گۆڕان خوازان لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بەسەر دوو بەرەی ڕیفۆرمخوازانی نێوخۆ و خوازیارانی ڕووخانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات وەک تەوەری سەرەکیی خۆپێناسەکردنی سیاسی لە ململانێ و مشت و مڕی لایەنەکانی کێشەدار لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی لێ هاتوە. بەهۆی یەکنەگرتن و مەیدانینەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەر، لەڕاستیدا ئەوەی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەمڕۆی ئێراندا مەترەحە، زۆرتر ڕیفۆرمخوازییە کە سەرەڕای کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە هێشتا دەرەتانی جووڵە و خۆدەرخستنی هەیە. دیارە ڕیفۆرمخوازەکان یان لانیکەم ئەو ڕەوتە کە بە بزووتنەوەی سەوز دەناسرا، بەهۆی لە حەسردامانەوەی ڕێبەرەکانیان و ڕاوەدوونانی بژاردەکانیان، سەرباری هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەوەی لە مەیدانی قانوونیدا ببن بە ئەمری واقع، لەڕاستیدا سەرکوت کران و پرۆژەکانیان لێ پووچەڵ کرایەوە. ئاڵۆزییەک کە لە ڕووبەڕوو بوونەوەکانی ئێستاشدا بەدی دەکرێ نەبوونی ناسنامەیەکی ڕوون بۆ ڕیفۆرمخوازان و تەنانەت بەلاڕێداچوون و دەستخستنە نێو پرۆژەکانی میانەڕەو و ڕیفۆرمخواز لەلایەن ناوەرۆکی سەرەڕۆییەوە نیشان دەدا.

سەرەڕای داخران و دەرەتانی لەڕادەبەدەری بەرتەسکی تێکۆشانی مەدەنی لەژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە پێی هەلومەرج و گونجان تێدەکۆشن بە چالاکیی مەدەنیی جۆراوجۆر دەنگی نارەزایەتیی خۆیان لەدژی ئەو ڕێژیمە هەڵبڕن. هەر ئێستا بە سەدان و بگرە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی ئەو بوارە بە ژن و پیاوەوە لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا دەستبەسەرن. بەهۆی کەشی ئەمنیەتی و ئەو هەموو بەربەستە کە کۆماری ئیسلامی لەسەر چالاکیی سیاسی و مەدەنیی داناون، ئەوەندە خەبات و چالاکیی مەدەنییەش کە کراوە بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە بەڕێوە چووە و چالاکانیش لەسەریەک ناچار بوون کەمتر خۆ لە گوتاری سیاسیی گەورە بدەن. لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێراندا نەک لەبەر نەبوونی وشیاریی خەڵک، بەڵکوو بەهۆی سیاسەتی سەرکوت و نایەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆن، کاری سیاسی و تەنانەت چالاکیی مەدەنییش بەرتەسک بۆتەوە بۆ بازنەی سنووورداری بژاردە و کۆڕ و کۆمەڵە ڕووناکبیری و زانستگاییەکان، و بەدەر لە کاتی «هەڵبژاردن» ڕەهەندی جەماوەریی پرۆژە و جووڵەکان لاوازە.

دیارە ئەو چەشنە لە کار و چالاکیی مەدەنی ئەگەر لە کورتخایەنیشدا مەترسییەکی جیددیی لەسەر کۆماری ئیسلامی نەبێ، لانیکەم ئێستا بەستێنێکە بۆ ئەوەی خەڵک لە بێتەفاوەتی و بێهیواییدا نەمێنێتەوە و داواکانی خۆی ڕووبەڕووی ڕێژیم بکاتەوە. هەر لەوکاتەدا ئەگەر بێت و کاری زۆرتری لەسەر بکرێ و هەماهەنگ و بەرفراوان بکرێتەوە، دەتوانێ ببێتە بوارێک بۆ تەمرینی کاری هاوبەش. لەبەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخانخواز تا ئێستا بەو جۆرەی شیاوە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە خەباتە ڕێک بخا، نابێ پێمان سەیر بێ کە عونسورەکانی ڕەوتی ئیسلاحتەڵەبی و میانەڕەو لە نێوخۆی وڵات ببنە ڕێکخەر و ڕێنوێنی ئەو چەشنە کار و تێکۆشانانە. بەتایبەتی لە مەوعیدەکانی هەڵبژاردندا کە تەنیا دەرفەتی گەورەن بۆ خەڵک و هەندێ لایەن کە سەرەڕای هەموو بەربەستەکان بتوانن بۆ خستنەڕووی مەبەست و داوا

سیاسییەکانی خۆیان بیقۆزنەوە و تەنانەت بەجۆرێک لە دژی ڕێژیم کەڵکی لێوەربگرن. دیارە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ لەسەر بەستێنی بوونی دوو جەمسەری بنئاژۆخواز و ئیسلاحتەڵەب ومیانەڕەوەکان بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا و خووگرتنی کۆمەڵگەی ئێران بە هەڵبژاردنەکان بۆ مەبەستی خۆی بەکار ببا و بە جیهانیش نیشان بدا کە لە ئێراندا ڕەقابەت لەسەر ئیدارەی وڵات هەیە.

هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ١٣٩٢دا کە هاتنەسەرکاری حەسەن ڕووحانیی لێکەوتەوە دوایین نموونەی ئەو مەیدانە وەک بەستێنێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خەڵک و تاقیکردنەوەیەکیش بۆ چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ بەستێنێکی وەهابوو. حیزبی ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئەو کاتە داوای بەشداری لە هەڵبژاردنی نەکرد، بەڵام پاش هەڵبژاردن ئاکامگیریی ڕەسمیی لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە کرد و بە ڕیفراندۆمێکی واتاداری خەڵک بەدژی ناوکی سەرەڕۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا لێکدایەوە. حاشای لێناکرێ کە بەبێ تاکتیک گۆڕینی ڕێبەریی نیزام ئەو ئەنجامە کە بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکەی پێشوو نەگۆڕدرا، ڕانەدەگەیەندرا. بەڵام ئەو واقعیەتە کە خەڵک لە نێوخۆی ئێراندا دەیانەوێ لە دەرفەتە کەمەکانیش بۆ بە بەرەوڕوو بوونەوە دەگەڵ ڕێژیم و مەترەحکردنی ویست و ئارەزووەکانیان کەڵک وەربگرن، نابێ لەبەر چاو ون بێ. لەگەڵ ئەوە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ڕووحانی و بەجێ نەگەیاندنی لانیکەمی ئەو بەڵێنانەی لە بەستێنی نێوخۆییدا و بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێراندا بوون بە بەشێک لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی ئێمە، ئێستاش لەو باوەڕەداین کە هێزێکی بەرپرسیار بیهەوێ بە کۆمەڵگەی نێوخۆی ئێران وەسڵ بێتەوە و لانیکەمی کاریگەریی لەسەر باس و خواسەکانی نێو فەزای سیاسیی نێوخۆ هەبێ نابێ نە لەپێوەندی لەگەڵ ماهیەتی کۆماری ئیسلامی و مەڕامی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمەدا دوچاری گومان بێ و نە لە ترسی شەرعیەت بەخشین بە نیزامیش بەرخوردی کلیشەیی بە بوارێکی وەک بواری هەڵبژاردن (تەنانەت ئەگەر نادیموکراتیکیش بێ) بکا. گرینگ ئەوەیە لە هەموو بەستێنەکان بۆ هێنانەمەیدانی خەڵک و بەرەوڕوو بوونەوە دەگەڵ ڕێژیم کەڵک وەربگیرێ.

## ئۆپۆزیسیونی ئێران

لە دەرەوەی وڵات یان دەرەوەی نیزام، بەداخەوە تا ئێستا ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو کە بتوانێ وەک بەدیل و ئاڵترناتیو خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە لەئارادا نیە. هەرچەند مێژووی حیزبایەتی لە ئێراندا زۆر کۆنە، بەڵام ئەزموونی کاری دێموکراتیک و فەرهەنگی بەیەکەوە کارکردن و لەگەڵ یەکتر حاوانەوە زۆر لاوازە. بەهۆی بەردەوامیی کۆمەڵێک کێشە و ناکۆکیی فیکری و سیاسی و هەروەها لەبەر لێک دووربوونی بۆچوونەکان چ لەپێوەندی لەگەڵ شێوەکانی خەبات و مامەڵە لەگەڵ ڕێژیم و پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی ئێران و چ لەپێوەندی لەگەڵ سروشت و نێوەرۆکی ئەلترناتیڤی کۆماری ئیسلامی، دژبەران و ڕەخنەگرانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوە زۆر زیاتر لەوە کە لە پلورالیزمی سیاسی چاوەڕوان دەکرێ پەرش و بڵاو و ناڵێک و ناتەبان.

لەلایەکی دیکەوە، ئۆپۆزیسێۆنی سەراسەری لە هەلومەرجی ئێستادا ئەو کارلێ هاتووییە

مەیدانییەی نیە کە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک پێویستە. کارکردی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی دەرەوەی وڵات زۆرتر حاڵەتی ڕایەڵەیەکی مەجازی و دابڕاو لە واقعییەتەکانی نێو کۆمەڵگەی بەخۆوە گرتوە. ئەم دۆخە نالەبارەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ ئاستەنگی گەورە ڕووبەڕووکردۆتەوە، بووەتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بێسەر و ئادرەسە بەجیددی وەرنەگرێ. حاشای لێناکرێ کە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێک کە وەک ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی هەم متمانەی خەڵکی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بتوانێ حیسابی لەسەر بکا، هۆیەکی سەرەکیی مانەوەی کۆماری ئیسلامییە.

### کوردستان

### کورد بە گشتی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک جاران تەنیا بە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین پێناسە ناکرێ و لەنێو ئەو هەموو توندڕەوی و دابەشبوون و ئاڵۆزییانەدا کە ئاماژەمان پێکردن، ئەوە تەنیا کوردە کە لەگەڵ ئەوەی بە ناچاری کەوتۆتە نێو جەرگەی ئەو ئاڵۆزییانەوە، هەوڵ دەدا وەک نەتەوەیەک بەدوور لە شەڕی ئایینی و فیرقەیی بەدوای وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیدا بگەڕێ و هەوڵ بدا ئەمنیەتی خۆی و ئایندەی نەوەکانی دەستەبەر بکا.

ئاشکرایە کە دەسکەوتەکانی تا ئێستای کورد پێش هەموو شتێک بەرهەمی خەبات و بەرخۆدانی ڕۆڵە خەباتگێڕەکانیەتی. بەڵام حاشای لێناکرێ هەلومەرجیش بە چاک یان خراپ نەخشی لە دۆخی ئێستای کورددا هەیە و زۆرجار قۆستنەوەی هەلومەرج و ڕەخسانی دەرفەتە سیاسییەکان نەخشیان لە وەدیهاتنی ئەو دەسکەوتانەدا هەبووە. ئەو هەلومەرجە نوێیەش کە بەتایبەتی پاش قەیرانی سووریە و شەڕی داعش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێک هاتوە، بۆتە هۆی ئەوە کە ئەگەر کورد لە نەخشەی سیاسەتی جیهانیدا هێشتا نەبۆتە فاکتەرێکی بەرچاو و شوێندانەر، لە نەخشەی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دیاردەیەکی بەرچاوی سیاسی و سەربازی و ئەکتەرێکی ئەمری واقیعیی ناوچەکە بێ. ئەوە کە ئەمڕۆ کورد وەک پارتنێرێکی جێگەی متمانە و فاکتەرێکی بەکار لە شەڕی دژی تێرۆریزم و توندڕەوی و لە خانەی گشتیی دەستەبەرکردنی ئەمنیەتی ناوچەیی و جیهانیدا دانی پێدانراوە و بۆتە مایەی پشتیوانیی سیاسی و سەربازیی بەرچاو و دەسکەوتێکی گەورەیە و لە هەردوو ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا کۆمەڵێک پارامێتری نوێی هێناوەتە نێو موعادلاتی سیاسیی پێوەندیدار بە کوردەوە. ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەمڕۆی ناوچە بە باش و خراپ نەک هەر شوێنەواریان لەسەر داهاتووی سیاسیی کوردیش دەبێ، بەڵکوو ئەگەر کورد ژیرانە و یەکگرتوو بجووڵێتەوە، بۆخۆیشی دەتوانێ وەک هۆکارێکی ڕەوتبەخشین بە بەشێک لەو ئاڵوگۆڕانە بەو جۆرە کە لە بەرژەوەندیی درێژخایەنی ئەو نەتەوەیەدا بێ کار بکا.

ئەمڕۆ لە سایەی خۆڕاگری و بەربەرەکانیی کورد لەدژی داعشدا پرستیژ و پێگەیەکی زۆر باش بۆ کورد لە ئاستی جیهاندا پێکهاتوە، نەک هەر پێشمەرگە بۆتە سەمبولی هەرە بەرچاوی ڕووبەڕووبوونەوەی مەیدانی لەگەڵ تێرۆریزم، بەڵکوو مۆدێلی پێکەوەژیان و جەهانبینیی کوردەکانیش وەک ئەزموون و دیاردەیەکی تاقانەی ناوچەکە چاوی لێ دەکرێ.

لایەنگرییەک کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بۆ کورد بەدی دەکرێ لە تەواوی مێژووی ئەو گەلەدا بێوێنەیە و جێی خۆیەتی هەموو لایەنە کوردییەکان ژیرانە و بەرپرسیارانە لەپێناوی بەرژەوەندیی هاوبەشی هەموو نەتەوەی کورددا کەڵکی لێ وەرگرن.

ئەو هەلومەرجە نوێیەی ناوچە جیا لەوە کە دەتوانێ سەرچاوەی کۆمەڵێک مەترسیی نوێش بۆ سەر کورد بێ، لە خوردکردنەوەی جێگە و پێگەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان و لەپێوەندی لەگەڵ پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردیشدا هەڵگری کۆمەڵێک کەموکوڕییە. جیا لەوە کە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک یەک لەو پانۆڕاما نوێیەی ناوچەدا چالاک و دانپێدانراو نین و بەشی سەرەکیی ئەو بایەخ دانە بە ڕۆڵی کورد بەپلەی یەکەم باشووری کوردستان دەگرێتەوە، دابەشبوونە هەرێمی و جیهانییەکان لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە سیاسەت و ئاقاری بەشێک لە هێزە کوردییەکانیشەوە دیارە. ئەمڕۆ هەر لەو کاتەدا کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر هەل و دەرفەتی لەبار بۆ بردنە پێشی پرسی کورد لەگۆڕێدایە، بەڵام نیگەرانییش لە دابەشبوونی هێز و لایەنە کوردییەکان لە پەراوێزی ململانەی نێوان هێزە ناوچەییەکاندا و بەردەوامیی زێهنیەتی یەکتر قبووڵ نەکردن و هێژێمۆنی خوازیی ئەم لایەن و ئەو لایەن زیادی کردوە.

دیارە بەخۆشییەوە پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد زۆر لەوە کە لە ڕابردوودا بەدی دەکرا باشترە و کۆمەڵێک دیاردەی دزێو لەو بوارەدا تا ئاستی خاشەبڕبوون دابەزیون. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئاسانتر بوونەوەی هاتوچۆ و پێوەندی و تێکەڵاوی لە سەردەمی ئەوڕۆدا و لە سایەی گۆڕانە سیاسییەکاندا، پێناسەی هاوبەشی نەتەوەیی کورد و هاوپێوەندیی سیاسیی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە نەک هەر لە کزیی نەداوە، بەڵکوو هەتا هاتوە بەهێزتر بووە.

هەر لەوکاتەدا ئەزموونی دەیان ساڵەی خەبات و حیزبایەتی و مامەڵەی پارچەکان و حیزبەکان لەگەڵ یەکتر، مەوقعیەتی سیاسی و حقووقیی جیاوازی کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان و ڕەوتی سیاسیی جیاوازی بەشەکان لەچاو یەکتر، و مامەڵەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ هەر پارچەیەی کوردستان بە پێی باری پێوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کە پارچەکەی کوردستانی لێهەڵکەوتوە و زۆر فاکتەری دیکە بوونەتە هۆی ئەوە کە پێناسەی هاوبەشی نەتەوەیی ئێمە بەو مانایە نیە کە چارەسەری کێشەی سیاسیی ئێمە، هاوبەش و وەکیەک و یان تەنانەت هاوکات بێ. دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند وڵاتدا و ئاقاری جیاوازی پرسی کورد لە هەر کام لەو پارچانەدا و فەرهەنگی سیاسیی جیاوازی نێوان ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە، پرسی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا لە بەرامبەر ڕێگاچارەی جۆراوجۆر و تایبەت بەو پارچەیە دا داناوە. تەنانەت جوغرافیای سیاسیی کوردستان وایکردووە کە حیزبەکانی کورد بۆ بەردەوامیی خەباتی چەکداری و سیاسیی خۆیان پێوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی حاکم بەسەر کوردستاندا هەبێ. ئەو دەوڵەتانەش لە یەک کاتدا خۆیان وەک دۆستی بەشێک لە کورد و وەک دوژمنی بەشێکی دیکەی کورد دەرخستوە. سروشت و ناوەڕۆکی ئەو پێوەندییانەش لە ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە قەزاوەتی لەسەر کراوە. هێندێک کەس بە شتێکی پێویست و سروشتیی دادەنێن و زۆر کەسیش بە گومان و و دڕدۆنگییەوە سەیری دەکەن. حاشای لێ ناکرێ کە دابەشبوونی کوردستان بەرژەوەندیی جۆراوجۆری لەنێو خودی

کورددا دروست کردوە و هەر پارچەیەکی کوردستان یان تەنانەت هەرکام لە هێزە سەرەکییەکانی ئەو پارچانە خوێندنەوەی خۆیان لەو بەرژەوەندیyانە و بەگشتی لە ئایندەی مەسەلەی کورد هەیە. بەڵام هەر لەو کاتەدا کە دەبێ هەر پارچەیەکی کوردستان بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیەکانی خۆی بکا و بۆخۆیشی ئاجێندای خەباتی خۆی تەنزیم بکا، هەق وایە هەموو کورد پێکەوە ئەو قابلیەتە لە خۆیدا پێک بێنێ کە لەسەر هێندێک ڕێکار یان لانیکەم پرەنسیپ هەم لەبواری پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و هەم لەبارەی چۆنیەتیی بردنەپێشی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی یەکدەست لە ئاستی دەرەکیدا ڕێک بکەون. دواتر لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی کورد لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا بە شێوەی کۆنکرێت دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە کە بۆ هەستانەوەی زیاتری خەباتی ئێمە گرینگ و چارەنووس سازە.

### دۆخی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکە لە نەتەوەی کورد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەرک و ریسالەتی ئێمە لەپێشدا بریتییە لە خەبات لەپێناو ویست و ئامانجەکانی کورد لە ئێران، سەرەتا ئاوڕێک لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی کورد لە ئێران دەدەینەوە. پاشان هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەپێی ڕابردووی هاتنەگۆڕ و چوونەپێشی پرسی کورد و ڕادەی پێوەندی و کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕیز دەکەین.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی دووروودرێژی خەباتی کورد لە ئێران و مانەوەی سەرکردایەتیی حیزبە کوردییەکان لە نزیک مەیدانی ئەسڵیی خەبات، بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بە بەراورد لەگەڵ ئەو دۆخەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە باسمان کرد، پێگەیەکی باشتری هەیە. بەڵام لەلایەک پەرش و بڵاوی و قەیرانی وتار و ڕێکاری هاوبەش وەک پەتایەکی فەرهەنگی سیاسیی ئێران بەرۆکی حیزبە کوردییەکانیشی گرتوە و لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی سەرکوت و داخرانی چەند قاتی ڕێژیم دەرهەق بە کوردستان و هەلومەرجێکی ناوچەیی کە مەیدانی مانۆڕی حیزبە کوردییەکانی بەرتەسک کردۆتەوە، هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ لە دۆخێکی دڵخواز و جێگای ڕەزامەندیدا نەبێ و پێویستە بە ژیری و شێلگیرییەوە بیر لە چوونەدەر لەو وەزعییەتە بکرێتەوە.

### پێگەی کورد لە ئێران

ئەگەر بمانەوێ لە سروشتی پرسی کورد لە ئێران و ئاستەنگەکانی دوورەدیمەنی چارەسەری ئەو پرسە تێبگەین و واقعبینانە بەرچاوڕوونی بۆ سیاسەت و ستراتژیمان لەو پێوەندییەدا دروست بکەین، پێویستە ئەو ڕاستییە قبوڵبکەین کە بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان، مەسەلەی کورد لە ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەی تایبەت

بە خۆی بەرەورووبە. ئێمە لەگەڵ تێزی ئەو لایەنانە (کە کۆماری ئیسلامی تەنیا یەکێک لەوانە) نیین کە بەو چاوەی لە مەسەلەی کورد لە وڵاتانی دیکە دەڕوانن، بەو چاوەش لە مەسەلەی کورد لە ئێران ناڕوانن و جیاوازیی بنەڕەتی لەنێوان مەسەلەی کورد لە ئێران و مەسەلەی کورد لە وڵاتانی دیکە دادەنێن. بە باوەڕی ئێمە، چ بەهۆی هاونەتەوە بوونی کوردی هەموو پارچەکان و چ بەهۆی کاریگەری و شوێندانەریی نێوانیان، پێویستە مەسەلەی کورد وەک پرسی یەکانگیری نەتەوەیەکی بندەست و دابەشبوو چاوی لێبکرێ. هەر لەو کاتەدا ناتوانین حاشاش لەوە بکەین کە هاوکێشەی دیموگرافی و پێوەندیی مێژوویی و جێگە و پێگەی سیاسی و حقووقیی کورد لە ئێران لە چاو پارچەکانی دیکە لە دۆخێکی جیاواز و بەداخەوە سەختتردایە. یەکەم، ڕابردووی کۆنی دەسەڵاتداری لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی تری حاکم بەسەر کوردستاندا کە لە شکڵی ئێستایاندا تازەترن، پاشخانێکی ئاسانتری بۆ حوکمڕانی بەسەر کوردستاندا لە تاران بەجێ هێشتوە. دووەم، ئەگەر لە تورکیە و عیراق و سووریە پرسی پێکەوە ژیان دەکەوێتە خانەی پێوەندییەکانی نێوان تەنیا دوو نەتەوەوە، لە ئێران چارەسەری کێشەی کورد دەکەوێتە نێو بازنەی کێشە و ئاڵۆزییەکی بەربڵاو و نارێکی چەند نەتەوە کە مەرج نیە هەموویان وەک کورد مامەڵە لەگەڵ تاران بکەن. سێهەم، هەلومەرجی سیاسی بەدرێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش بەو جۆرەی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان هەڵگری بوار و دەرفەت بووە، بۆ کورد لە ئێران ئەوەندە دەرفەتی نەڕەخساندوە.

سەرباری خەبات و فیداکاریی بێپسانەوەی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدرێژایی سەدەی بیستەم تەنیا دوو جار ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئەوتۆ هاتوتە پیش کە کورد توانیبیتی بە بەرژەوەندیی خۆی بیقۆزێتەوە. یەکەم دەرفەت بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا بوو کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە ودووهەم دەرفەتیش لەپاش ئینقلابی ئێران هاتە پێش کە بووژانەوەی حیزب و دەسپێکی قۆناغێکی دیکەی خەباتی بەدوادا هات. ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا پێگەی کورد لە ئێراندا ئەو دەرەتانەی پێ نادا کە بەتەنیا ئاڵوگۆڕی گەورە لە ئاستی سەراسەریدا بخولقێنێ. گرینگ ئەوەیە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کورد، بۆخۆی و لەپێوەندی لەگەڵ خۆیدا یارمەتی بە دەرفەت خولقاندن بکا و ئەگەریش لە ئاستی هەموو ئێران بەتایبەتی لەبەر ڕووناکیی هەلومەرجی ناوچەیی گۆڕانێک ڕوویدا، ئەوەندە خۆی بۆ ئامادە کردبێ کە وەک جارەکانی پێشوو بەسەریدا نەکەوێ و دیسان مەجبوور بە قبوولی قەواعیدی نادڵخوازی یارییەکە نەبێ.

لەحاڵێکدا سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی لە تاران (هەر دەوڵەتێک بێ) هەروا لەسەر حاشاکردن لە بوونی نەتەوەی کورد لە ئێران و مافە ڕەواکانی بەردەوام بێ، ئێمە بەهەقی بێئەملاوئەولای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەزانین لە دەرفەتی گونجاودا ڕاپرسیی گشتی بە پشتیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بیروڕای گشتیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو لەسەر چارەنووسی کورد لەم بەشەی کوردستاندا وەڕێ بخاو بڕیار بدا.

**پێناسەی جۆغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندیی کورد و تورکی ئازەری**

یەکێکی دیکە لەو پرسە پێکهاتەییانەی پێویستە لێرەدا ئاماژەیان پێبکەین، پرسی دابەشکردنی وڵات و چوارچێوەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی نێوان کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ئێران لە سۆنگەی ئەم دابەشکردنەوەیە.
دابەشکردنی ئیداریی ئێران لەجیاتی ئەوەی لەسەر بنەمای ویست و ناسنامەی نەتەوەیی پێکهاتەکانی ئێران بێ، بە هۆکاری ئیداری پاساو دراوە و لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکیی سیاسی و ئەمنیەتی بووە. لە ئێراندا سنووری ئوستانەکان بە جۆرێک نەتەوەکانی بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کردوە کە بە کەمڕەنگ کردنەوەی پێناسەی قەومیی ئەوان نەتەوەیەکی واحید بە پێناسەیەکی ئێرانی دروست بکرێ. لەبارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دانانی ناوی «کوردستان» لەسەر تەنیا یەکێک لە ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئوستانی سنە) و جێکردنەوەی بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی کوردستان لە ئوستانێکدا بەناوی ئازەربایجان، دەوڵەتی ناوەندی ویستوویەتی هەم ناسنامەی کوردی لە پێناسەی ئیداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرتەسک و بچووک بکاتەوە و هەم بە چەشنێک لایەنێکی دیکەی نەتەوەیی (لێرەدا ئازەرییەکان) بکاتە هاوبەشی سیاسەتی بەکەمگرتن و قەڵسەگێران لە کورد.
تورکە ئازەرییەکان لە ئاستی سەراسەریدا بەدرێژایی مێژووی ئێران بەشداری دەسەڵاتی ئایینی، ئابووری، سەربازی و سیاسی بوون و لەسەر خاکی کوردستانیش، لە ئوستانی ورمێ و لە زۆر شوێنی دیکە فەرمانڕەواییان بەسەر کوردیشدا کردوە و تەنانەت لە کێشەی ئێمە لەگەڵ ناوەند بۆ بەرژەوەندیی ئێستا و داهاتووی خۆیان کەڵکیان وەرگرتوە. بەلەبەرچاوگرتنی قورسایی دێمۆگرافیی ئازەرییەکان و ڕۆڵی مێژوویی‌یان لە خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێراندا، هەروەها بەلەبەرچاوبوونی ڕابردووی پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئازەری (چ ئەو کاتەی دۆست و هاوپەیمان بوون و چ ئەو کاتەی گرژی کەوتۆتە نێوانیانەوە) سیاسەتی ئێمە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی بەئاشتی و برایانە و هەوڵدان بۆ هاوکاری و هاوخەباتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەش و هاوشێوەکانمانە. ئێمە هەرلەوکاتەدا کە دژی هەرچەشنە ناکۆکی‌نانەوە و دەمارگرژییەک لەپێوەندی و مامەڵەی نێوان ئەو دوو نەتەوە گرینگەی ئێراندایـن، لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەوە ماف و ئەرکی هەرە سروشتیی لایەن و بژاردەکانی کوردە کە بە ڕێگای جۆراوجۆری سیاسی و مەدەنی بۆ پاراستن و ڕاستکردنەوەی ناسنامەی ئێتنیکیی ئەو سەرزەمینانە کار بکەن کە لەڕووی مێژووییەوە بەشێکن لە خاکی کوردستان.
سیاسەتی دێموگرافی و ڕاگواستن و لێکدانی قەومی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای لە بارودۆخەکە کردوە کە تا ئێستاش دیاریکردنی سنووری جۆغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی ئاسان نەبێ. نەک هەر حیزب و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات نەیانتوانیوە لەپێوەندی لەگەڵ سنوورەکانی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بەرچاوڕوونی و ڕێنوێنیی هاوبەشیان هەبێ، بەڵکوو ئەم پرسە هەتا ئێستا بە جیددی بیریشی لێ نەکراوەتەوە. ئەمە لە چەشنی ئەو پرسە گرینگ و درێژخایەنانەیە کە پێویستە لایەن و بژاردەکانی کورد پێکەوە کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی هەم بە بەرچاوڕوونییەکی باشترەوە لە ئێستای سیاسەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی پیلان و گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە سەرزەمینی کوردستان ببنەوە و هەم بۆ دواڕۆژی ساغکردنەوەی سنووری کوردستانیش ئامادەیی باشتریان هەبێ.

شتێکی دیکەش کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە نەهێڵین ئەم دابەشکردنە ئوستانییەی ئێستا شوێنەواری خراپ لەسەر ڕووحی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات دابنێ و بە پەرەپێدانی ڕووحی ناوچەگەری و ئوستانی ببێتە هۆی لاواز بوونی پێناسەی هاوبەشی کورد لە ئێراندا. هەر لەو کاتەدا بژاردە و لایەنە سیاسییەکان پێویستە لەسەر پێناسەی سیاسی- جوغرافیایی کوردستانی ئێران وەک واحیدێکی یەکگرتوو بەردەوام و شێلگیر بن.

## ئایین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئایین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێوەیەکی چالاکتر و لەجاران زەقتریش گۆڕەپانی سیاسیی داگرتوە و بۆتە ئامراز و ئادرەسێک بۆ خۆپێناسەکردنی سیاسی. بەخۆشییەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی سروشتی میانەڕەوانەی خەڵکەکەی و بەهۆی ڕابردووی لە خەباتێکدا کە پێش هەموو شتێک ماهیەتێکی نەتەوایەتیی هەیە، کەمتر تووشی توندڕەوی و دەمارگرژیی ئایینی بووە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ڕێژیم لە ساڵانی دواییدا بەمەبەستی دوورخستنەوەی لاوەکان لە هەستی نەتەوەیی بە ئەنقەست ڕێگەی بە سەرهەڵدان و گەشەکردنی هێندێک گرووپ و تاقمی ئایینی داوە. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا سوننیمەزهەبەکان بە بەراورد لەگەڵ شیعە مەزهەبەکان لەڕووی ئایینییەوە هەست بە ئەمنیەت و ڕێز ناکەن، ڕێژیم هەوڵ دەدا ئەم جیاوازییە بۆ سستکردنی هەستی نەتەوەیی کوردانی شیعە و بەدژی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد لە ئێران بەکار بەرێ.

هۆشیاریی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورەترین لەمپەرە لە بەرامبەر ئەوەدا کە کێشەی ئایینی کۆمەڵگەی ئێمە دابەش بکا. حیزبی ئێمەش لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵیداوە ڕێک لە چوارچێوەی ستراتێژیی بەهێزکردنی ئەو هەستە نەتەوەییە و پێشگیری لەوە کە جیاوازیی مەزهەبی لە ڕووی سیاسییشەوە کوردی ڕۆژهەلات لە یەکتر جیا بکاتەوە، بچێتە پێشێ. فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە وەک دەوڵەمەندییەک و بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیر بکرێن. بەڵام هەر لەو کاتەدا پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سوننی و شیعە و یارسان و هی دیکەوە لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیاندا یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد بپارێزن و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدەن کە بە مانۆڕە فێڵبازانەکانی خۆی لەو جۆرە فرەچەشنییانە بۆ درزخستنە نێوریزەکانی خەڵکی کوردستان و بە لاڕێدا بردن و گۆڕینی سروشت و جەوهەری مەسەلەی کورد لە ئێران کەڵکی خراپ وەربگرێ.

## تەوژمی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی

بەدرێژایی مێژوو بە هۆی ئەوە کە هەمیشە بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە و هەوڵ دراوە ئەو ناوچەیە لە کاروانی گەشەسەندن بەجێ بمێنێ، لەسەریەک ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی لە کوردستان زۆر لاواز بووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕێژەی بێکاری تەنانەت لەنێو توێژی دەرسخوێندووشدا زۆر لە سەرەوە بێ. کاری دژواری کۆڵکێشی و نەبوونی ئەمنییەتی

گیانیی خەڵکی هەزار لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆژانە سەردێڕی هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تابلۆیەکی دڵتەزێن بووە لە بێدەرەتانیی خەڵکی وڵاتێکی بەپیت و بەرەکەت کە ئەگەر بەدروستی و بەبێ هەڵاواردن ئیدارە کرابا، ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە لەگەڵ هی خەڵکی وڵاتانی پێشکەوتوو بەراورد دەکرا. لەلایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا لە بێکاری بۆ چەکدارکردنی بەشێک لە خەڵک و بەستنەوەیان بە دامودەزگاکانی خۆیەوە کەڵک وەربگرێ و بەدژی جووڵانەوەی کورد بەکاریان بێنێ.

وەک دەرەنجامێکی بارودۆخی ئابووری، کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران بەربڵاو و هەمە لایەنەن و ئەوەندەش خەڵکیان بە خۆوە گرفتار کردوە کە کاریگەریی خراپی لەسەر خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی ئەوان داناوە. کۆماری ئیسلامی لەلایەک ئەگەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆش بێ هاندەر و ڕێخۆشکەری بەشێکی بەرچاوی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە و لەلایەکی دیکەوە وەک حکوومەتێکی وەڵامدەر و بەرپرس بەدوای ڕێکار و چارەسەری ئەو کێشانەدا نەچووە. دیاردەی مادە هۆشبەرەکان نموونەی هەرە دیار و ترسناکی ئەو کێشانەیە کە وەک پەتایەک بەرۆکی کۆمەڵگای ئێمەی بەتایبەتی لەنێو توێژی لاواندا گرتوە و دەرهاویشتە و زەرەر و زیانەکانی لەنێو خێزانەکان و لە کۆمەڵگەدابۆ ئێستا و ئاییندە زۆر بەرچاو و جێگەی نیگەرانیین.

لەگەڵ ئەوەی خەباتی گەلی ئێمە پێش هەموو شتێک بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەییە، پێویستە هەم هێزە سیاسییەکان و هەم بژاردە و بنیاتە مەدەنییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بەشێوەی جۆراوجۆر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەشەنەکردنی زیاتری پەتا و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان کار بکەن و هەرگیز پێیان وا نەبێ کە کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی بەرپرس ئەو ئەرکە ئەنجام دەدا. ئەمە نەک هەر بۆ سالمسازیی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و سبەینێ گرینگە، بەڵکوو بوار و بەستێنێکیش بۆ بە جەماوەری کردنی خەبات و ئەرکدارکردنی سەرجەم تاکەکان لەسەر نەخشەی بزاڤێکی فرەڕەهەند پێک دێنێ کە وێڕای نەتەوەیی بوون خەسڵەتێکی ئینسانییشی هەیە.

## فەزای سیاسی و جموجۆڵی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا و تەنانەت پاش هاتنەسەرکاری دەوڵەتی ڕووحانییش هەر درێژەی سیاسەتی پێشووی بووە کە بریتی بووە لە ڕوانینی ئەمنیەتی بۆ مەسەلەی کورد و سەرکوت و هەڵاواردن. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ڕاوەدوونان و زیندان و تەنانەت ئێعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد هەروا درێژەی هەبووە کە وەک دوایین نموونە دەتوانین ئاماژە بە ئێعدامی مەنسوور ئاروەند ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی ژووئەنی ڕابردوودا بکەین.

بەپێچەوانەی ئەم فەزا داخراو و پڕ لە زەبروزەنگە، خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد لەپێناو مافەکانیاندا هەروا بەردەوامە و هۆگریی خەڵک بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بووە. هاتنە مەیدانی خەڵکی مەهاباد و هاوپێوەندیی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لەدوای ڕوداوەکەی هۆتێل تارا لە بەهاری ڕابردوودا نیشانی دا کە خەڵکی ئێمە، ئەگەر پشتی بە ڕێکخستن و یەکڕیزی و نەخشەڕێگای هاوبەش و هەماهەنگی هێز

و لایەنەکان گەرم بێ، زەرفیەت و توانای ئەوەی تێدایە لە هەر دەرفەتێک بۆ زەقکردنەوەی مەوجوودیەت و ویست و داواکانی، نەک هەر بەڕووی کاربەدەستانی ڕێژیم و کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا، بەڵکوو بەڕووی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەییش کەڵک وەربگرێ و لەپێناوی ئەم ویست و داوایانەدا بەشێوەی بەردەوام و بەکۆمەڵ بێتە مەیدان.

لە بازنەی فراوانتری کوردیدا و سەرەڕای هەموو بەربەست و دابەشبوونەکان، هەستی هاوبەشی نەتەوایەتی هەتا دێ زیاتر کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە هەموو ڕەنگاوڕەنگییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. چوونەپێشی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەجیهانیبوونی ئەو پرسە و پەرەگرتنی بێوێنەی ئامرازەکانی پێوەندی و ڕاگەیاندنیش کاریگەریی باشیان لەسەر بووژانەوە و بەهێزبوونی زەینیی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران داناوە. دیارە پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە دەربڕینی هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکە کە خەسڵەتێکی پیرۆزی کوردی ڕۆژهەڵاتە، زۆر جار لەلایەن کۆماری ئیسلامی و هێندێ لایەنی دیکەوە بە لاڕێدا براوە و کەڵکی خەراپی لێوەرگیراوە. هەربۆیە پێویستە کاری زۆرتر بکرێ بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی و هەندێک لایەن بەهرەبەرداریی خۆیان لە هەستی نەتەوایەتی خەڵک لەژێر ناوی داکۆکیکردن لە پارچەکانی دیکەدا نەکەن.

لەبەر ئەوەی کێبەرکێ و فرەچەشنیی نێو گۆڕەپانی سیاسیی یەک سەدەی ڕابردوو لە ئێران زۆربەی کات بەرهەمی یەکتروەلانان و توندوتیژی بووە، فەرهەنگ و ئەقڵیەتی بەشداری و تۆلێرانس و خەباتی مەدەنی لە وڵات و ناوچەی ئێمەشدا زۆر لاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا دیسان لە کوردستان کە ناوچەیەکی تەواو ئەمنیەتییە، خەڵک هەمیشە هەوڵیانداوە لە دەرفەتەکان کەڵکوەربگرن و بە بیانووی جۆراوجۆری مەدەنی و فەرهەنگی و ژینگەپارێزی و بوار و بۆنەکانی دیکە بوونی بەکۆمەڵی خۆیان پیشان بدەن و ویست و ئامانجەکانی خۆیان بخەنە ڕوو. جیا لەوە کە ئەو جۆرە چالاکیانە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگ و گیروگرفت کە ڕێژیم بۆیان دادەنێ بەرەوڕوو دەبن، بەهۆی دڵەڕاوکێ و نەبوونی متمانە و ئەزموونی کاری هاوبەش کاری ڕێکخراوەیی چالاکانی نێوخۆ بەو جۆرەی پێویستە وەڵامدەر نەبووە. تێچووی ئەو جۆرە چالاکییانە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا کەم نیە و لە کوردستان لەچاو نوختەکانی دیکەی ئێران زۆر لەسەرتریشە. ڕوانینی ئەمنیەتی ڕێژیم بۆ کوردستان کەشوهەوایەکی دروست کردوە کە هەر جۆرە چالاکییەک، تەنانەت ئەگەر سیاسی و نەتەوەییش نەبێ، بکەوێتە ژێر چاوەدێریی کاربەدەستانی ئەمنیەتی. لەلایەکی دیکە، بۆچوون و هەڵوێستی بەشێک لە حیزبەکانیش وای کردوە کە نەک هەر گوتار و پێناسەیەکی هاوبەش وەک پاڵپشت بۆ کاروتێکۆشانی ئەوان لەئارادا نەبێ، بەڵکوو زۆر جار تەمومژی گومانیش بخرێتە سەر هێندێک لەو کار و چالاکیانە و بە دڕدۆنگییەوە لێیان بڕوانرێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە دۆخی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سنووورداری و پچڕپچڕبوون و لێکدوور بوونی چالاکییە مەدەنییەکان دەرەتانی ئەوە نادەن کە پێناسەیەکی تۆکمە و وەسەریەکخراوی سیاسی لەو چالاکیانە بکەین، حیزبی ئێمە هەمیشە هەوڵیداوە وێڕای گەیاندنی ڕێنوێنییەکانی خۆی، چالاکانی کورد لە نێوخۆی وڵات هان بدا بۆ ئەوەی لە دروستبوونی بۆشایی مەرجەعی سیاسی و مەیدانی لە نێوخۆی وڵاتدا خەباتی سیاسی و

مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵک لەلایەن کۆماری ئیسلامی و لایەنی دیکەوە بە لارێدا نەبرێ و کەڵکی خەراپی لێ وەرنەگیرێ. ئێمە لەو پێوەندییەدا بەتایبەتی هەوڵمانداوە کە خەبات و تێکۆشانی مەدەنی تەنیا لە توێژێکی کۆمەڵگا بۆ نموونە ڕووناکبیراندا قەتیس نەکرێتەوە، بەڵکوو بەجەماوەری بکرێ و خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان خۆی تێدا ببیننەوە. لەوەش زیاتر پێویستە خەباتی مەدەنی تەنیا خۆی بە پرسەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە سنووردار نەکا، بەڵکوو لە خانەی فراوانتری مەسەلەی نەتەوایەتی و دوورەدیمەنی چارەسەرە سیاسییەکان بۆ داهاتووی مەسەلەی کورددا جێ بگرێ.

بەپێچەوانەی هەوڵوتەقەلای کۆماری ئیسلامی بۆ چاندنی ترس و نائومێدی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا و دەگەڵ هەموو ئەو بارو دۆخە نالەبارە کە بۆ خەباتی گەلانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد هاتۆتە ئاراوە، ئێمە بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانینە دوارۆژی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران بەتایبەتی لە کوردستان. باش دەزانین چ پۆتانسیەلێکی گەورەی خەباتگێڕانە لە هەناوی ڕۆڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شاردراوەتەوە، چ ئیرادەیەکی پتەو بۆ دەرچوون لە حاڵەتی دیلی و ژێردەستی لە دڵی تێکۆشەرانی ئەم بەشەی کوردستاندا شەپۆل دەدا و وشیاریی سیاسی و هەستی نەتەوەیی چەندە قووڵ و بەربەرینە.

هەربۆیە دڵنیاین کە گەلی کورد چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاوە و هەرکات دەرەتانێک برەخسێ گڕکانی ڕق و تووڕەیی ئەو خەڵکە ئازادیخوازە بەرووی زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا دەتەقێتەوە و ئێران بەگشتی و بەتایبەتی کوردستان لەو بارە نالەبار و مەینەتبارە ڕزگار دەکا.

### باشووری کوردستان

دۆخی ئەمڕۆ و چارەنووسی ئاییندەی باشووری کوردستان نەک تەنیا لەڕووی هاوپێوەندیی نەتەوەییەوە، بەڵکوو هەروەها بەهۆی پێوەندی و کارتێکەریی قووڵتر و نزیکتری نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بۆ ئێمە گرینگە. هەرلەو کاتەدا هەڵسەنگاندنی ئێستا و داهاتووی باشووری کوردستان لە زۆر بارەوە ئەزموونێکی بەرفرەوان و دەوڵەمەندی تێدایە کە بۆ ئێستا و داهاتووی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زۆر بە کەڵکە.

باشووری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق هەم لەڕووی سەقامگیریی ئەمنی و ئاسایشەوە و هەم لە ڕووی ئاوەدانبوونەوە و گەشەی ئابوورییەوە (بەتایبەتی پاش گرتنەبەری سیاسەتی نیمچە سەربەخۆی نەوتی) لە بارودۆخێکی زۆر باشتردا بووە. لەلایەکی دیکەوە، کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوە و پێوەندیی دەرەوەی ئەو هەرێمە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا ئەمڕۆ چۆتە نێو فازێکی پێشکەوتووتر لە جاران. لەڕووی سەربازییشەوە، ئەزموونی شەڕی داعش دەریخست کە کوردەکان نەک هەر دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان و لە هەرێمەکەیان بکەن، بەڵکوو کاریگەرترین پارتنێری مەیدانیی هاوپەیمانەتیی نێودەوڵەتییش بن. دیارە کەموکوڕییەکانی بواری حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و قووڵبوونەوەی کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و قانوونی لەنێوان حیزبە سەرەکییەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا و ئەمەش کاریگەریی خراپی

لەسەر یەکگرتوویی و یەکڕیبازیی ئەوان لەپێناو دروستکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتێکی بەهێزی نەتەوەییدا داناوە.

لە ئاستی عیراقدا، پرۆژەی فیدراڵی کە لەڕاستیدا لە سەر تەوافوقی دوو لایەنی کورد و عەرەب دامەزرابوو، ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ کەند و کۆسپ ڕووبەڕوو بۆتەوە و لەسەر هێندێک فایلی گرینگ و هەستیاری وەک نەوت و پێشمەرگە و پێوەندیی دەرەوە و سنووری کوردستان ناکۆکییەکان هەروا بەردەوام بوون. ئەمڕۆ ئایندەی پرۆژەی فیدراڵی لە عیراقێکدا کە بنەماکانی ڕێککەوتنی نیشتمانی لە جارانیش لاوازتر بوون و ئیدارەی وڵات چۆتە دۆخی دەوڵەتی شکستخواردو و لەژێر پرسیاردایە. ئەزموونی فیدراڵیخوازیی باشووری کوردستان ئەویش لە وڵاتێکی وەک عیراقدا کە تەنیا لە دوو نەتەوەی سەرەکی واتە کورد و عەرەب پێکهاتوە بۆ ئێمە لە ئێرانی داهاتوودا کە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و زۆر لە عیراق ئاڵۆزترە، جێگەی سەرنج و لێورد بوونەوەیە.

شتێک کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی تایبەتیی پێبکەین ئەوەیە کە جێگە و پێگەی باشووری کوردستان بووەتە هۆی ئەوە کە هەم کوردی پارچەکانی دیکە چاوەڕوانییەکی زۆریان لە سیاسەت و کارکردی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەبێ و هەم هەرێمی کوردستانیش هێندێک چاوەڕوانیی لە پێوەندی لەگەڵ وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە کوردی پارچەکانی دیکە و یەک لەوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. ئەو چاوەڕوانییانە لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرن کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستانیش یەک وڵاتە. بەو پێیە دەبێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندی و مامەڵەی لەگەڵ دراوسێکانیدا لەسەر بنەمای نەخشەڕێگایەکی تەواو نەتەوەیی دابڕێژێ، یان بە دیوەکەی ئەولادا، دەبێ کوردی پارچەکانی دیکە هەموو کار و بەرنامەیەکی خەباتیان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان ڕێک بخەن. هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئێمە خوێندنەوەی جیاوازی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان (بەتایبەتی باشووری کوردستان کە خاوەنی قەوارەی فەرمیی خۆیەتی) لە نێوەرۆکی بەرژەوەندیەکانی و شێوەی بردنەپێشی مەسەلەکەی و ئاقاری پێوەندییەکانی بە شتێکی سروشتی دەزانین. تەنانەت بە دەرککردنی هەلومەرجی ئەمڕۆی پێوەندی و بەرژەوەندیەکانی حکوومەت و لایەنەکانی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانیی ئەوە کە ڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامی دەقاودەق وەک ئەوەی ئێمە بێ، بە شتێکی مەنتقی و واقعبینانە نازانین. هەر لەوکاتەدا وەک هەمیشە گوتوومانە، پێوەندی و بردنەپێشی پرسی هیچ پارچەیەکی کوردستان نابێ لەسەر حیساب و بە قیمەتی خەواندنی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان تەواو بێ. زەروورەت و ڕیسالەتی یەکیەتی و ڕووحی نەتەوەیی کورد و تەنانەت بەرژەوەندیی جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێ کە بەرپرسانی ئەم پارچەیەی کوردستانیش بە چاوی حورمەتەوە بڕواننە ڕابردووی پرشنگداری کوردەکانی ڕۆژهەڵات چ لەبواری خەبات و فیداکاری بۆمافە ڕەواکانی خۆیان و چ لەبواری هاوپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا لە گوتار و سیاسەتیاندا پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەکەی نادیدە نەگرن.

ئەزموونی شەڕی داعش تاقیکردنەوەیەکی نوێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپانە

بوو. حیزبی ئێمە هەرپاش دزەکردنی داعش بۆ عێراق و وەسەریەک کەوتنەوەی ناوچە کوردستانییەکان لە مانگی ژووئەنی ٢٠١٤ دا خوێندنەوەی خۆی لە بارودۆخەکە خستە ڕوو و کاتێکیش بەشێک لە ناوچە کوردستانییەکان کەوتنە دەست داعش، حیزبی ئێمە دەسبەجێ ئامادەیی خۆی بۆ گەیاندنی هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ داکۆکیکردن لە خاک و حاکمییەتی کورد بە بیروڕای گشتی و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. حیزبی ئێمە تەنانەت چەند یەکەیەک لە هێزەکانی خۆی بە مەبەستی ڕەوانەکردن بۆ بەرەکانی شەڕی داعش سازمان دا. بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە هەم پرەنسیپەکانی ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان بەشەکانی کوردستان و پێویستیی خۆبواردنی هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لە دەستێوەردان و بڕیاردان لەجیاتی پارچەیەکی دیکە و هەم بارودۆخێکی هەستیار و تایبەتی کە هەرێمی کوردستانی تێدایە ئەوە دەخوازێ کە حیزبی ئێمە تەنیا بەشێوەی ڕواڵەتی و سەمبولیک و بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی یارمەتیدانێکی نیزامیی ڕاستەقینە هێزەکانی خۆی نەجووڵێنێ. شتێک کە پێش لەوە ناگرێ کە هەر کاتێک بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پێویستییە نیزامییەکانی خۆیان بە گەورەتر لە تێبینییە سیاسییە ئیقلیمییەکان ببینن، هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمودەست بچنە نێو سەنگەری بەرگری لە هەرێمی کوردستان.

ئێمە هەر بەو دیدەوە ڕوانیومانەتە بەهاناوە هاتن و پشتیوانیی هێزەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان. ئامادەیی دەربڕینی هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر پەلاماری داعشو بەرگرییان لە خاکو خەڵکی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بەشداریی بە کردەوەی هێندێک لایەن لە بەرگری لە خەڵکی دەڤەری شەنگاڵ، هەڵوێستێکی جێگای ڕێزو پێزانین بوو. هەروا کە چوونی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بە هانای خەڵکی کۆبانیو شەرڤانانی خۆرئاوای کوردستانەوە، بە هەنگاوێکی بەرز نرخێندراوە. بەڵام ئەم جۆرە بەدەنگەوە هاتنانەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانو چوونیان بۆ پشتیوانیو بەرگری لە خەڵکی بەشێکی دیکە، ئەو کاتانە دروستنو بایەخی مێژوویيو سیاسیی خۆیان هەیە کە تەنیا بۆ پشتیوانیکردنی گەلی کورد لەو بەشەو بەدوور لە دەستێوەردان لە کاروباری ئەو بەشە یان دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی ئەو بەشە بە هەر ناوێک و بۆ هەر مەبەستێک بێ.

### باکووری کوردستان

لەدوای دامەزرانی دەوڵەتی تورکیەوە تاکوو دەساڵ پێش ئێستا کێشەی کورد لەو وڵاتە تەنیا بە چاوی کەمالیزم و شۆڤێنیزمی تورک سەیری کراوە و مامەڵەی لەگەڵ کراوە. بەڵام لەدوای هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئاکپارتی خوێندنەوەیەکی نوێ لە چارەسەری ئەو پرسە لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدا هاتە گۆڕێ و بوونی کورد لەو وڵاتە دانی پێدانرا. ئەو خوێندنەوەیە هەم هۆی ئیدئۆلۆژیی هەبوو کە بریتییە لەوە کە ڕوانینی ئاکپارتی بۆ کۆمەڵگەی تورکیە و بنەماکانی دەسەڵاتداری لەگەڵ کەمالیزم و پانتورکیزم جیاوازیی هەیە، هەم هۆی

سیاسی هەیە چونکە ئاکپارتی بۆ مانەوە و درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتداریی خۆی دەنگی کوردەکانی پێویستە. پرۆژەی ئاشتی و دانوستاندن لەگەڵ ئیمراڵییش بە مەبەستی چەکدانان لەلایەن پەکەکەوە بەشێک لەو نەخشەڕێگایە بوو کە دەیتوانی ببێتە سەرفەسڵی ژیانی سیاسی و مەدەنی لە کۆمەڵگەی شەڕلێدراوی باکووری کوردستان و تورکیەدا بەگشتی.

بەدەر لەوە کە نیەت و ماهیەتی هەنگاوەکانی ئەردۆغان و ئاکپارتی لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە تورکیەدا دەبێ چۆنی قەزاوەت لەسەر بکرێ، ئەوە کە لە مانگەکانی دواییدا بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە باکووری کوردستان بەستێنێک کە بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانە و دیالۆگ لەسەر ئەو پرسە پێکهاتبوو بۆ ئاییندەیەکی نادیار لەنێو چووە، جێگای داخە. لەڕاستیدا سەرکەوتنی پرۆسەیەکی وەها لە لایەنی کوردییەوە بەبێ هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنی دروست لەنێوان پەکەکە و هەدەپە وەک دوو ئەکتەری سەرەکیی ئەو مەیدانە و لەوەش زیاتر شەخسیەتدان و دەرفەتبەخشین بە خۆسەلماندن و چوونەپێشی دووەمیان مەرجی سەرەکیی دەستەبەرکردنی گوتار و نەخشەڕێگای هاوبەشی کوردە لەو پرۆسەیەدا. بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێ کە دەوڵەتی تورکیە تەنیا لایەنی پێوەندیدار بەو پرسە نیە و زۆر لایەنی دیکەش بەتایبەتی لەنێو دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا هەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەوڵ دەدەن بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان کۆسپ و تەگەرە بۆ ئەو ڕەوتە دروست بکەن.

حیزبی ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە کورد و تورک وەک دوو نەتەوە دەبێ یەکتر قبووڵ بکەن و پێویستە نەتەوەی تورک هەموو ئەو مافانەکە بۆخۆی هەنی بۆ کوردیش بەڕەوا بزانێ. ئەنجامەکانی هەردوو هەڵبژاردنی دوایی تورکیە بەستێن و دەرفەتێکی باشی بۆ گواستنەوەی هەرچی زیاتری پرسی کورد لە تورکیە لە خانەی ئەمنیەتییەوە بۆ مەیدانی مەدەنی و قانوونی پێکهێنا و جێی خۆی بوو هەموو شانسی خۆی پێ بدرێ. ئێمە هیوادار بووین کە ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بەر لە هەمووان هاندەری حیزبی دادوگەشە پێدان بۆ چارەسەری ئاشتییانەو دادپەروەرانەی پرسی کورد لەو وڵاتە بێ. چاوەڕوانیو هیوای ئێمە ئەوە بوو کە لایەنە کوردییەکان و هێزەکانی دیکەش لەنێو پارلمانو لەنێو کۆمەڵگەدا، دەست بدەنە دەستی یەکتر بۆ بنیاتنانەوەی تورکیەیەکی نوێ، تورکیەیەک کە لەودا هەموو پێکهاتەکان هەست بە هاوبەشی و ڕێزلێگیرانو دابینبوونی مافەکانیان بکەن. ئەمە هەم تەباییو سەقامگیربوونی لە نێوخۆی تورکیە پێک دێنا و هەم جێگە و پێگە و ڕێز و ڕۆڵی تورکیەی لە ناوچەدا بەرەژوور دەبرد.

ئەزموونی شەڕی دەیان ساڵە دەریخستوە کە شەڕ و توندوتیژی لەدژی یەکتر نەک تەنیا کێشەکە چارەسەر ناکا، بەڵکوو هەردوو لا زەرەر و زیانی لێدەکەن. حیزبی ئێمە لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەکتەرەکانی پرسی کورد لە تورکیەدا هەمیشە هەوڵی داوە یارمەتیدەری سەرخستنی زمان و فەرهەنگی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بێ و هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە پێویستە دەرفەتێکی هەرچەند کەم و سنوورداریش بۆ چارەسەری بەئاشتی و سیاسییانە بەسەر شەڕ و شۆڕ و ڕێگاچارەی نیزامیدا تەرجیح بدرێ.

**ڕۆژئاوای کوردستان**

رابردوو و سروشتی خەباتی کورد لە سووریە و پرسی کورد لەو وڵاتە جیاوازیی بەرچاوی لەگەڵ پارچەکانی دیکە پێوە دیارە. لەلایەک سیاسەتی دێمۆگرافیی ڕێژیمی ئەسەد دەرهەق بە کورد و ئەو پێناسەیەی کە لەویٚ لە کورد دەکرا و ببووە هۆی بێبەشبوونی کوردەکان تەنانەت لە مافی هاونیشتمانبوونی سووریە دەرفەتی جووڵە و گەشەی سیاسیی لە کوردەکانی ڕۆژئاوا زۆر بەرتەسک کردبۆوە. لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی کارتێکەری و هێژێمۆنیی بزووتنەوەی کورد لە باشوور و باکووری کوردستان بەسەر کوردەکانی ڕۆژئاوادا، ئەوان نەیانتوانیبوو ببنە خاوەنی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بەو شێوەیە کە لە پارچەکانی دیکەدا باو بووە. دۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان کە بەدوای لاوازبوونی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچەیەدا پێکهاتوە، دەرفەتێکی بێوێنەی بۆ کورد لە سووریە پێکهێناوە. بەهۆی هێرشی داعش و بەرگری و بەرخۆدانی کورد بەتایبەتی لە کۆبانیٚ (پاییزی ٢٠١٤) کوردی ڕۆژئاوا هەم وردە وردە چۆتە نێو فاکتەری کوردی لەسەر نەخشەی ڕووبەڕوو بوونەوەی جیهانی لەگەڵ تێرۆریزم و هەم بەهۆی نیشاندانی سیمایەکی جوان بە جیهانی دەرەوە (بەتایبەتی لە سۆنگەی بەشداریی ژنان لەو بەرگری و بەرخۆدانەدا) سەرنج و سەمپاتیی جیهان بۆ کورد زیادی کرد. هەرلەوکاتەدا لەبەر ئەوەی سووریە بۆتە گۆڕەپانی شەڕێکی هەمەلایەنەی نێوخۆیی و کێبەرکێی دەسەڵاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و ئاڵترناتیڤێکی ڕێژیمی ئەسەدیش کە مافەکانی کورد بخوێنێتەوە تۆکمە نەبۆتەوە، ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی کوردی ڕۆژئاوا هێشتا مەترسی و هەڕەشەی لەسەرە و داهاتوو و ستاتووسی کانتۆنەکان ناڕوونە. لە هەرحاڵدا سەرەڕای ناکۆکی و یەکنەگرتنی لایەنەکانی کورد لە ڕۆژئاوا، هەر ڕێگاچارەیەک و نەخشەڕێگایەک کە بۆ ئایندەی سووریە بڕیاری لەسەر بدریٚ، نابیٚ کورد لە پەراوێز بخا.

لەبەرئەوەی کوردستانی سووریە و کوردستانی ئێران هاوسنوور نین، پێوەندیی ڕاستەوخۆ و مەیدانیی ئێمە لەگەڵ ئەو بەشە لە کوردستان تا ڕادەیەک لاوازە. بەڵام دیسانیش حیزبی ئێمە بە ئەرکی نەتەوەیی خۆی زانیوە کە چەندی بۆی بکریٚ یاریدەدەری یەکڕیزی و تەبایی لەنێوان حیزبەکانی ئەو پارچەیەدا بیٚ و لەئاستی دەرەوەشدا تێکۆشاوین بەپێی توانا پاڵپشتی بۆ دۆزی کورد لە سوریە ڕابکێشین.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (ڕوانین و هەڵوێستمان)

ئەوەی تا ئێستا لە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و بارودۆخی ئێران و پرسی کورددا خستمانە ڕوو، زۆر ڕوانگە و هەڵوێستی حیزبی ئێمەی دەگرتە خۆی. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی وردتر و نزیکتر، ڕوانین و هەڵوێستی حیزب لەپێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتدا کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا هاتوونە گۆڕێ یان هەمیشە لە خەباتی ڕۆژانەدا مەترەحن، بخەینە ڕوو.

**ئامانجی سیاسیی ئێمە**

یەکەمین بەرچاوڕوونی بۆ بەڕێوەبردنی خەبات، دیاریکردنی ئامانجەکان و شێوازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەیە. هەروەک لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبی ئێمەدا هاتوە، ئێمە لە خەباتی خۆماندا باوەڕمان بە زۆر ئیدەئال و پرەنسیپی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانە هەیە و بۆ جێگیرکردنیان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و دواڕۆژدا تێدەکۆشین، بەڵام ئەولەوییەتی خەباتی ئێمە و دەلیلی وجوودیی حیزبەکەمان ئامانجی نەتەوایەتی و چارەسەری پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسییە. هەروەک لە بەرنامەشدا گوتراوە، ئێمە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەلات بەشێوەی فیدرالیزم و لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینین. ئێمە فیدرالیزم هەم لەبەر تایبەتمەندییەکانی مێژوو و جوغرافیا و کۆمەڵگەی ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و هەم لەبەر خەسڵەتە زاتییەکانی وەک مۆدێلێکی باو و ناسراو لە جیهاندا بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بە سیستمێکی گونجاو بۆ ئیدارەی هاوبەشی ئێران لە داهاتوودا دەزانین. ئەمە نە بە مانای لەبیرکردنی ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای وەدیهێنانی ئەو ئامانجە و نە بە مانای حاشاکردن لە تایبەتمەندیی پرسی کورد لە ئێراندایە:

لەجێدا فرە نەتەوەبوونی ئێران بەو مانایە نیە کە نەتەوەکانی دیکەش بە قەرای کورد ئامادەیی و زەمینەی ئەوەیان هەیە بە کردەوە و بە شێوەی کورد کار بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان بکەن. جێگە و پێگەی ئەو نەتەوانە لە ئێراندا وەکیەک نیە و زەمینە و بەستێنی ناسیۆنالیزمی ئەوانیش لێک جیاوازە. بەتایبەتی دوو نەتەوەی گەورەی ئێران واتە فارس و ئازەری دەمێکە بە یەکەوە ئێران لە گشت بوارەکانی ئیداری، سەربازی، ئابووری و ئایینیدا بەڕێوە دەبەن. ئەو دوو نەتەوەیە وەک کورد و نەتەوەکانی دیکە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات نین هەتا لەو گۆشەنیگایەوە وەک ئەوان هەست بە کەموکوڕیی بنەڕەتی بکەن و بە پێویستی بزانن دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە دابەش بکەن. بۆیە هەر جۆرە پڕۆژەیەکی پێوەندیدار بە فیدرالیزم و ئیدارەی هاوبەشی ئێران هەر لەو کاتەدا کە پێویستی بە ئەکتیڤبوون و یەکگرتنی نەتەوە بندەستەکانی ئێران هەیە، قەناعەتی بژاردە سیاسییەکانی هەردوو نەتەوەی فارس و ئازەرییشی لانیکەم لە گۆشەنیگای دێموکراسیخوازییەوە پێویستە.

لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە تایبەتمەندیی پرسی کورد لە ئێرانە. تایبەتمەندییەکە لەوەدایە کە کورد لە ئێران بەشێکە لە نەتەوەیەک کە لانیکەم بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بووە و لە ئێرانیش ڕابردوویەکی دوورودرێژی لە خەبات بەدژی ستەمی میللی و بۆ وەدیهێنانی

مافە بەرهەقەکانی هەیە. خەباتی کورد لە ئێران زۆر بەر لە فیدرالیخوازی جەوهەر و شکڵی ئەمڕۆی بە خۆوە گرتوە و ئەو جەوهەر و شکڵە لە داهاتووشدا هەروا درێژەی دەبێ. هەربۆیە زۆر سروشتی و بەجێیە کە وێڕای کارکردن بۆ جێگیرکردنی فێدرالیزم وەک مێکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی هاوبەشی وڵات و وەک دەستەبەرێک بۆ ستاتووسی کورد، حیزبی ئێمە و گەلەکەمان بەگشتی لە هەموو قۆناغەکاندا دەستئاوەڵایی بۆخۆیان بێڵنەوە و لە گەڕان بەشوێن ڕێگاچارەکاندا قورسایی کار و بەرنامەکەیان پێشدا بخەنە سەر جێگیرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد. بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە کە وەک کورد لە تەنیشت پرۆژەی فیدراڵیدا، بەردەوام لە فکری ئەوەشدا بین کە بەپێی دەرفەت و هەلومەرجی خەبات تێبکۆشین ئەگەر بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاویش بێ، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆمان کار بکەین. ئەمە نە لەگەڵ فیدرالیخوازی بۆ سەرجەم ئێران لە دژایەتی دایە و نە لەگەڵ حاکمیەتخوازیی خودی کورد (کە لە بەرنامەی ئێمەدا لە زیندووکردنەوەی چەمکی کۆماری کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە).

با هەر لێرەدا ئەوەش زیاد بکەین کە زیندووکردنەوەی چەمکی کۆمار و جێکردنەوەی لە دروشمی ستراتژیکی حیزبدا، بەپێچەوانەی ئەوە کە هێندێ جار دەگوترێ، کەمترین ناتەبایی لەگەڵ ویستی فیدرالیزم و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا نیە. چونکە جیا لەوە کە لە ئەزموونی پێشووی کۆماری کوردستاندا (١٩٤٦) تەعامول لەگەڵ تاران و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا لە بەرنامە و دەستووری کاری ڕێبەرانی کۆماردا هەبوو، لەڕووی حقووقی و ئەزموونی وڵاتانی دیکەشەوە پێکەوەهێنانی هەردوو چەمکی فیدرالیزم و کۆمار شتێکی باو و ئاساییە و زۆر قەوارەی نیمچە سەربەست هەن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەرفرەوانتردا لەژێر ناوی کۆماردا دانیان پێدا نراوە.

### ئاقاری خەبات و شێوەکانی

خەباتی ئێمە کە پێش هەموو شوێنێک ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە خەباتێکی تاک ڕەهەند نیە و لە شێوازی جۆربەجۆر کەڵک وەردەگرێ.

### پرەنسیپی ڕۆژهەڵاتتەوەری

لە یەکەم ڕوانیندا ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێش کە بۆچی دەبێ حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات کە پێش هەموو شتێک بۆ خەبات لەپێناوی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە و شوێنی کار و خەباتیشی هەر ئەو بەشەی کوردستانە، دروشمی ڕۆژهەڵاتتەوەری بەرز بکاتەوە.

هێنانەگۆڕ و زەقکردنەوەی ئەو چەمکە لەلایەن حیزبی ئێمەوە هەم ڕیشەی لە مێژووی نوێی بزووتنەوەی کورددا هەیە و هەم بە جۆرێکیش وەڵامی ئێمە بە زەروورەتێکی ڕۆژە. لەلایەک بەهۆی دابەشبوونی کوردستان و تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا، ئەرک و ڕیساڵەتی هێزەکانی هەرپارچەیەکی کوردستان پێش هەمووشتێک دەبێ ڕووی لەوپارچەیە لە کوردستان بێ کە ئەو هێزانەی لێ هەڵقوڵاون. لەلایەکی دیکەوە، دەزانین کە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی لە ساڵانی دواییدا کاریگەریی نەخوازراوی

لەسەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان داناوە و پرسەکانی پێوەندیدار بەو خەباتە و بەگشتی بارودۆخی کورد لە ئێران نەک هەر لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەڵکوو لەنێو بیروڕای گشتیی کوردیشدا کەمتر لە ڕۆژەڤدان. تەنانەت دەمێک بوو هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دنیای مەجازیدا هاوپێوەندیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بە پیلانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و هاندانی هێندێک لایەنی کوردی لەلایەکی دیکە بە ئاقارێکدا لارێ دەکرا کە ئەنجامەکەی لەبیرکردن و لەپەراوێزخستنی پرسەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. بیرکردنەوە و ڕوانین لەژێر کاریگەریی ئاجێندا و فەرهەنگی سیاسیی کوردی پارچەیەکی دیکە تەنانەت بەشێک لە بژاردە و لایەنەکانیشی گرتبۆوە، هەروەک ئەوەی کێشەیەک لەنێوان کوردی ئێران و کۆماری ئیسلامیدا لەگۆڕدا نەبێ.

لە فەزایەکی ئاوادا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ سەرنجی خۆمان و خەڵک و لایەنەکانی دیکەش بۆ ئەو زەروورەتە ڕابکێشین کە وزە و توانای سیاسی و خەباتگێڕیی ڕۆژهەلات پێش هەموو شتێک بۆ بەهێزکردنی ئەو پارچەیەی کوردستان تەرخان بکرێ و نابێ دەربڕینی هاوپێوەندیی نەتەوەیی ببێتە بەستێنێک کە لەودا لەژێر ناوی پشتیوانی لە پارچەکانی دیکە بەشەکەی خۆمان لەبیربکەین. ئەوە بە مانای غافڵبوون لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی و پێویستیی هاوهەنگاویی نێوان پارچەکانی کوردستان نیە، بەڵکوو بە مانای پێداچوونەوە بە جێگە و پێگەی ڕۆژهەلات لەسەر نەخشەی گشتیی بزووتنەوەی کورد و فاکتەری کوردی لە ناوچەداو نیشاندانی ئەو چاوەڕوانییەیە کە ئەگەر قەرار بێ هاوپێوەندی و مایەلەخۆدانان لەنێوان کوردی ڕۆژهەلات و کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێ، پێویستە ئەو هاوپێوەندی و مایەلەخۆدانانە دوولایەنە بێ. نە ڕەوایە و نە تەنانەت بە بەرژەوەندیی چوونەپێشی مەسەلەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانیشە کە مەسەلەی کورد لە پارچەیەک بخەوێندرێ یان ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی کوردستاندا لەرادەبەدەر بکەوێتە ژێرکاریگەریی بارودۆخ و ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا.

خەباتی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ

چالاکیی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات کەوتووەتە نێوان بەرداشی دوو بۆچوونەوە. لەلایەک، بۆچوونێکی وشک و توندی هەندێ لایەنی سیاسیی ڕۆژهەلات کە دەیانەوێ گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆی وڵات بە بارمتە بگرن و شک و گومان دەخەنە سەر هەر چەشنە هەوڵ و ئیبتکارێکی بژاردە مەدەنییەکان. لەلایەکی دیکەوە، پیلان و بەرنامەی دژە کوردی کاربەدەستانی ئەمنیەتیی ڕێژیم کە وێڕای دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم ئەو جۆرە کار و پرۆژانە، تێدەکۆشن کێشە و ناکۆکی بخەنە نێو بژاردە مەدەنییەکان و کەسایەتییەکانیان بشکێنن. هەموو ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکۆشانی مەدەنی دروستیان دەکا، تەنیا لایەکی مەسەلەکەن. لایەکەی دیکە فەرهەنگی سیاسی لە کوردستانە کە بەجۆرێکی نەگۆڕ و نەریتی شکڵیگرتوە. لەجیاتی ئەوەی بەشێوازی جۆراوجۆر و بە دوور لە دۆگماتیزم بە سیستەم بکرێ، هێندێک لایەن ڕاهاتوون تەنیا بە شوعاردان ڕق و تووڕەیی خۆیان لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی دابمرکێنن.

لە فەزایەکی وەهادا کە بەداخەوە هەموو شتێک بە چاوی ڕەش و سپی سەیر دەکرێ، ئێمە

لەگەڵ ئەوەی لە هیچ لایەنێک کەمتر ئاگاداری ماهیەتی کۆماری ئیسلامی و سنووردرابوونی زەرفیەتەکانی فەزای ناوخۆ نیین و لەحاڵێکدا لە ساڵانی ڕابردوودا بەتەنیا بەقەرا هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵات پێشمەرگەمان لە نێوخۆی ولاتدا چالاک بووە، هەمیشە پشتیوانیمان لە هەوڵ و ئیبتکارە مەدەنییەکانی نیشتمانپەروەرانی کورد لە نێوخۆی ولات کردوە و تەنانەت هاندەریان بووین بۆئەوەی لە هەوڵی دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراویشدا بن. ئەوەش لەباوەڕمان بە خەباتی فرەڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ و پێمان وایە بە مەبەستی چالاککردنی خەڵک لە نێوخۆی ولات و بە جەماوەریکردنی خەبات پێویستە پاڵپشتی بەکردەوەی ئەو بەستێنە گرینگەی تێکۆشان بین. هەر لەوکاتەدا، لەو باوەڕەداین کە پێویستە چالاکانی نێوخۆ بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ڕەنگاوڕەنگییەکانیان بەشێوەی یەکگرتوو و هەمەلاگیر پێکەوە کار بکەن، هەوڵ بدەن کار و بەرنامەکانیان زۆرتر لە خانەی نەتەوەییدا بن و وێڕای کارکردن لەسەر ئەو بوار و بابەتانەی لە ژیانی خەڵک نزیکترن، هەمیشە جەوهەری پرسی کوردیان وەک پرسێکی سیاسی لەبەر چاو بێ.

### چالاکیی پێشمەرگە

پێشمەرگە کە لە مێژووی کورددا گرینگترین هێمای خەبات و فیداکاریی ئەوگەلەیە و ئەمرۆش لە تەواوی جیهاندا وەک سەمبولی نەتەوەکەمان ناسراوە، ناوەکەی و ڕیسالەتەکەی لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دانراوە. پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات کە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەبات بەدژی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراندا بە سەدان داستانی قارەمانەتی و فیداکاریی تۆمار کردوە، بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەتی کە لە دە پازدە ساڵی ڕابردوودا حیزبی ئێمە و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی تێدان، بە شێوەی جاران لە بەربەرەکانیی چڕ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە. بەڵام هەرگیز نە لە ڕیسالەتی ولاتپارێزانەی خۆی دوور کەوتۆتەوە و نە تەنانەت پۆتانسیەلی خەباتگێڕانەشی لە کزیی داوە.

حیزبی ئێمە کە هەر لەدوای کۆنگرەی چاردەیەوە دەستی کردوە بە بووژاندنەوەی حزووری پێشمەرگەکانی لە نێوخۆی ولاتدا، لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا ئەم حزوور و چالاکییەی بەربلاوتر و بەرچاوتریش بووە. حزوور و چالاکیی پێشمەرگە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆی ولات و جێگیربوونەوەی هێزەکانمان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەوڕوو بووە و کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕووحیەی خەباتگێڕی و متمانە بەخۆبوونی خەڵک داناوە. ئەو فەسڵە تازەیە لە خەباتی مەیدانیی ئێمە نیشاندەری ڕووحی شۆڕشگێڕی و فیداکاریی پێشمەرگە قارەمانەکان بووە کە بە شانازییەوە ئەو ئەرکە پڕ مەترسییەیان وەئەستۆگرتوە و تەنانەت لەو پێناوەدا شەهیدیشیان داوە. پێشوازیی خەڵک و هاوکاریی ڕێکخستنەکانی حیزبیش نیشانەی نفووز و خۆشەویستیی حیزبی دێموکڕات لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە.

لەو پێوەندییەدا وەبیرهێنانەوەی دوو پرەنیسپ بە پێویست دەزانین. یەکەم، ئێمە خۆڕاگری و خەباتی چەکدارانە بۆ خۆمان وەک گەلێکی خاوەن مافی چارەنووس و لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە لەجیاتی پێکهێنانی دەرفەتی چارەسەری سیاسی بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتی دەکا،

بە مافی ڕەوا و تەنانەت ئەرکی خۆمان دەزانین. بەو حاڵەش حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات و جێگیربوونی هێزەکانمان لەسەر سنوورەکان زۆرتر بەمەبەستی حزووری سیاسی و تەشکیلاتی و پێوەندی لەگەڵ خەڵکی خۆمان بووە. ئەگەریش لەو ڕێگایەدا تێکهەڵچوونێک لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیمدا ڕووی دابێ، دەستکردنەوەی پێشمەرگە تەنیا بۆ دیفاع لە خۆیان بووە. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە هێزەکانی ڕێژیم بەتایبەتی بەکرێگیراوەکان سەرینی خاترجەمی بخەنە ژێر سەری خۆیان و لەسەر ڕەفتاری نائینسانی و دژی گەلییانەی خۆیان دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بەردەوام بن.

دووەم، حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی ئێمە دەبێ وەک بەشێک لە خەباتی فرەڕەهەندی حیزبەکەمان چاو لێبکرێ. بۆ حیزبێک کە ژیانی سیاسیی خۆی لەپێشدا بە بەڕێوەبردنی وڵات و بنیاتنانی دامودەزگاکان دەست پێ کردوە و دوایە ناچار بووە ڕێگای بەربەرەکانی بگرێتە بەر، بە هیچ جۆر نابێ بەستێنی خەباتی چەکدارانە بە ئەلترناتیڤی بەستێنی تێکۆشانی مەدەنی چاو لێبکرێ. ئێمە خەباتی شاخ و خەباتی شار لە بەرامبەر یەکتر دانانێین و بە تەواوکەری یەکتریان دەزانین. ئەو کاتەی پێشمەرگە لە شار و گوندەکان لە گەڕاندا بوون، بەشی تەشکیلاتی و لایەنگرانی حیزب لە تێکۆشان و چالاکی لە بەستێنی مەدەنیدا بەردەوام بوون و ڕاگەیاندنی حیزبیش دەنگ و ڕەنگی هەردووکیان بوو.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزی

لەپێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی نەک هەر لەنێو کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکوو لەنێو ڕیزەکانی حیزبی ئێمەشدا بیروڕای جیاواز هەیە و ئەو بابەتە کە بۆ بەرنامەڕێژیی خەباتمان بنەڕەتییە، شیاوی ئەوەیە کە لێرەدا هەڵوێستەی لەسەر بکەین.

سیستەمی کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک داڕێژراوە و کارکردی ئەو ڕێژیمە بە جۆرێک بووە کە زەرفیەتی ئاڵوگۆڕ و کرانەوەی لە خۆیدا نەهێشتۆتەوە. ڕەفتار و کرداری ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ کورددا هەر لەدوای ئینقلابەوە هەتا ئێستا سەرکوتکەرانە و یەک ڕەهەندی بووە. لە بەرامبەریشدا، گوتاری زاڵ لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەردا، بە کوردیشەوە، بەجۆرێک یەکڕەهەند بووە کە هەموو شتێک بە چاوی ڕەش و سپی دیتراوە و تەواوی سیاسەت و هەڵوێستەکان بەشێوەیەک کەوتوونەتە گرەوی مان و نەمانی ڕێژیمەوە.

لەحاڵێکدا کە ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار لە تاران نە بە بەشداریی کورد دروست بوون و نە کوردیش ئیدیعای ئەوەی کردوە کە بە تەنیا دەتوانێ بیانڕووخێنێ، جووڵانەوەی ئێمە لە ئێران لەسەر بنەمای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم و بەهۆی چەکداربوونی بە جووڵانەوەیەکی «براندازی» ناسراوە. ئەو جۆرە خوێندنەوەیە لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ تاران بەرهەمی ڕەفتار و کرداری ڕێژیم لە دژی ئێمە و لەڕاستیدا دژکردەوەی ئێمە بەرامبەر بە تاران بووە. دەگەڵ ئەوەی ویستی ڕووخانی ڕێژیمێک بەو سروشت و ماهیەت و کارکردەوە کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی بەتەواوی مەنتقی و ڕەوایە، بەڵام بەو مانایە نییە کە ئەوە تەواوی کایەی سیاسیی ئێمە لە ئێراندا لە قالب بدا. دروست نیە لەجیاتی مانۆڕدان و مەیدانداری دەگەڵ ڕێژیم، هەموو ئیبتکار و خەللاقیەتی سیاسی و خەباتگێڕیی ئێمە تەنیا لە دروشمی ڕووخانی

ڕێژیم و بایکۆتی هەڵبژاردنەکاندا خولاسە بێتەوە. سەرنجڕاکێشە کە کۆمەڵێک مانۆڕی وەک بەشداری لە هەڵبژاردن و وتوویژ لەگەڵ ڕێژیم کە حیزبی دێموکرات لە قۆناخی جۆراوجۆری خەباتدا تاقیی کردونەتەوە، دروست نیە لەسەردەمی ئێستاله کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمەدا ببنە تابوو.

لێرەدا قسە لەوە نیە کە ماهیەت یا نیەتی کۆماری ئیسلامی چیە و باسەکە نابێ لەسەر ئەوە بێ کە ڕێژیمێک بەو کارنامەیەوە کە هەیەتی چەندە دەکرێ ئومێدی پێ ببەسترێ کە هەنگاوێک بەرەو کرانەوە یان بەرەو چارەسەری پرسی کورد هەڵێنێتەوە. بەڵکوو قسە لەوەیە کە لەو خوێندنەوە لە قالبدراوەدا بەهۆی کورتبووونەوەی یاریی سیاسی لە پرۆسەیەکی نەگۆڕ و بێ بەرهەمدا سەنگ و تواناکانی کورد بە گشتی و حیزبەکانی بەتایبەتی وەدەر ناکەوێ و لە ئاکامدا نە ڕێژیم لەسەر مەسەلەی کوردستان لە دەرەوەی خانەی ئەمنیەتی و چەکداری گیروگرفتی بۆ دروست دەبێ و نە سەرنجی بیروڕای نێونەتەوەییش بۆ لای پۆتانسیەلێکی جەماوەری ڕادەکێشرێ کە وێڕای شوناسخوازییەکەی دەیتوانی و دەتوانێ سەرمایەیەکی بەهێزی ڕەوتی ئازادیخوازی بۆ هەموو ئێرانیش بێ.

ئەوەی بۆ ئێمە وەک کورد دەبێ گرینگ بێ ئەوەیە کە وێڕای دانەبڕاویمان لە بزووتنەوەی سەراسەریی ئێران (بە هەموو لاوازی و کەموکورییەکانیەوە) بۆ چەسپاندن یان لانیکەم هێنانەگۆڕی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان لە هەموو هەل و دەرفەتێک کەڵک وەربگرین و دەسەڵات لە تاران بە دەست هەرکەس و لایەنێکەوە بێ ناچار بە بیرکردنەوە لە چارەسەری کێشەی کورد لە ئێرانی بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش نابێ خەباتی خۆمان و داهاتووی کورد لە ئێران تەنیا بە سیناریۆی ڕووخانی ڕێژیمەوە ببەستینەوە. مادام سروشتی خەبات و پرسی کورد زۆر تایبەتمەندیی هەن، پێویستە وەک کورد نەک هەر لە پێوەندی لەگەڵ ڕێگاچارەکاندا، بەڵکوو لەبارەی شێوازەکانی خەباتیشەوە دەستمان بۆ مێتۆدی جۆراوجۆر ئاوەڵا بێ.

ئەو شێوازانە لە گوتار و هەڵوێستگرتن و فەرهەنگسازیی سیاسییەوە تا هێنانەمەیدانی خەڵک و پشتگیری لە دروستکردنی بنیاتە فەرهەنگی و داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ دەگرێتەوە. لە بەستێنی سیاسییشدا دوو بابەتی هەڵبژاردن و وتوویژ دیارتر و جێگەی باسترن. دەربارەی هەڵبژاردن، حیزبی ئێمە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا قەت بە شێوەی موتڵەق و یەکدەست چاوی لە هەڵبژاردنەکانی ژێر حاکمیەتی ئەو ڕێژیمە نەکردوە. ئەگەر ڕاستە کە کۆمەڵێک ئاستەنگی سیستمی لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بەدی دەکرێن، ئارایشی هێزەکان و سروشتی هەڵبژاردنەکان دەکرێ جیاوازییان پێکەوە هەبێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە سروشت و وەزعیەتی هەر هەڵبژاردنێک جیاوازە، ئێمە خۆمان لەوە دەبوێرین کە نوسخەی پێشوەخت و یەکدەستمان بۆ مامەڵە لەگەڵ پرسی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا هەبێ و زۆر جار بۆخۆشمان هەڵبژاردنمان تەحریم کردوە. لەهەرحاڵدا ئەسڵی ئێمە ئەوە نیە کە تەنیا لەبەر خاتری ئارگومێنتی شەرعیەتدان بە ڕێژیم (کە ئارگومێنتێکی بێجێیە) پێشگیری لەوە بکەین کە خەڵک هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نێوەرۆکی ویست و داواکانیان و قورسایی دیمۆگرافیی قەومی و بەربەرەکانی دەگەڵ ڕێژیم بەکار بەرن.

هەرچی وتوویێژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییشە، حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەتا ئەمڕۆ ئەزموونێکی دووورودرێژ و بەداخەوە تاڵی لە وتوویێژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا هەبووە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر قۆناغی ئێستا، پاش کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، لەلایەن شووڕای ئەمنیەتی میلیی ئێرانەوە داوای وتوویێژ لە ئێمە کرا. ئێمەش وەک پرەنسیپ قبووڵمان کرد و چەند جارێک بۆ تاوتوێکردنی زەمینە و بنەمای چارەسەری پرسی کوردستان لەگەڵیان دانیشتین. بەڵام بەهۆی جیددی‌نەبوونی ڕێژیم ئەو گفتگۆیە بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت. دانیشتنی ئێمە و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی باس و قەزاوەتی جۆربەجۆری لەسەر کرا. بەتایبەتی هێندێک کەس و لایەن بە ئاماژە بە کارنامە و ماهیەتی ڕێژیم پێیان وابوو کە ڕێژیم لەو کارەدا تەنیا بەدوای مەبەستی خراپی وەک کێشەنانەوە لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەگەڕێ. دەگەڵ ئەوەی حاشای لێ‌ناکرێ کە ڕێژیم پێش هەموو شتێک بەدوای ئەو جۆرە ئامانجە دژی‌گەلی‌یانەدا دەگەڕێ، پێمان وایە وەک پرەنسیپ نابێ وتوویێژو دانوستان ڕەت بکەینەوەو هەرلەوکاتەدا دەبێ وشیاری نەخشەو پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بین.

## بواری دیپلۆماسی

لەنێو بزووتنەوەی کورددا حیزبی دێموکڕات بەتایبەتی لە سایەی حیکمەت و لێهاتوویی ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوودا هەمیشە بە ڕچەشکێنی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ لای دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ناسراوە. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێ‌کرا، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر قازانجی لایەنەکان بنیات نراون و زۆر جار قورسایی ئەو بەرژەوەندیانە بە سوودی ڕێژیمە سەرەڕۆکان و بە زیانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان دەشکێتەوە. لە پێوەندی دەگەڵ کورددا نەک هەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسەریەکەوە بەڵکوو دەوڵەتانی دەستڕۆیشتووی جیهان بە جیاش سیاسەتێکی یەکدەستیان لە هەمبەر مەسەلەی کورد نیە، بەڵکوو سیاسەتیان لەگەڵ هەر پارچەیەکی کوردستان بەستراوەتەوە بە سیاسەتیان لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر ئەو پارچەیەی کوردستاندا.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا بواری دیپلۆماسی یەکێک لە بوارە پڕشنگدارەکانی کار و تێکۆشانی حیزب بووە کە وەک دوایین نموونەی بەرهەمی ئەم کار و تێکۆشانە دەتوانین ئاماژە بە وەرگیرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست بکەین. سەرەڕای هەموو ئەو کار و تێکۆشانەش، مادام لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک پارتنەر یان ئاڵترناتیوی کۆماری ئیسلامی مامەڵە ناکا و مادام فازی ئێستای پێوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاواش ئەولەوییەت دەداتە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ناوکی و فایلە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ناوچە، نابێ پێمان سەیر بێ کە دوورەدیمەن و ئاسۆی دیپلۆماسیی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان جارێ بەرتەسکتر بێ.

بەڵام هەروەک لە سەرەوە ئیشارەمان پێ‌کرد، کێشەی کورد لە ئێران تایبەتمەندیی خۆی هەیە و حیزبی دێموکڕاتیش هەوڵی داوە و دەبێ زیاتریش هەوڵ بدا کە بە لەبەرچاوگرتنی

ئەو تایبەتمەندییە دۆست و پشتیوان لە جیهانی دەرەوەدا بۆ قەزیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیدا بکا. ڕاستە کە پێوەندییەکانی ئێمەش وەک باقیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ناچار دەچێتە ژێر باندۆری هەموو ئەو مشت و مڕ و مامەڵانە کە لەنێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە ئارادایە، بەڵام ئێمە چ لەڕووی گوتار و دۆزەوە و چ لە ڕووی مێتۆد و کەرەسەوە لە پێوەندییەکانماندا خاوەن ڕابردوو و فەرهەنگی تایبەت بە خۆمانین. پێویستە ئەم پۆتانسیەلە بەدوور لە سنووربەندییە بەسەرچووە سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکان لە خزمەت پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باشتر وەگەڕ بخەین و بە کارکردنی زیاتر لەسەر کەناڵەکانی لۆبی و پێوەندی لەگەڵ بنیاتە نێونەتەوەییەکان و دەوڵەتانی خاوەننفووز لە جیهان و لە ناوچەدا، باشتر لە جاران سەرنج و پشتیوانیی بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی (چ ناوەندە بڕیاردەرەکان و چ میدیاکان) بۆ لای ڕەهەندی سیاسیی پرسی کورد لە ئێران و مافی مرۆڤی کورد لەو وڵاتەدا ڕابکێشین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە زۆر زەحمەتە پێشبینی بکرێ کە ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتووی ئەو ناوچە شێواوە لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا بە کام ئاقاردا دەڕوا، پێویستە تێبکۆشین لەئاستی ناوچەیی و نێودەڵەتیدا بەگوێرەی توانای خۆمان ئەوەندە دیار و بەرچاو بین کە نەهێڵین کێشەی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەبیر ببرێتەوە.

## هاوکاری و هاوخەباتی

لەگەڵ هەموو متمانە و دڵگەرمییەک کە بە هێز و توانای خەباتگێڕیی خۆمانمان هەیە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە بەبێ پەرەپێدانی ڕووحی برایەتی و هاوخەباتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، خەباتی ئێمە ناتوانێ بە ئاکامی دڵخواز بگا.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

هەموو ئەو باسانەی کە لەپێوەندی لەگەڵ فەزای سیاسیی ئێران و بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا خستمانە ڕوو، بەرچاوڕوونی دەدەنە سیاسەت و هەڵوێستی لەمەودواشمان بۆ مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی. بە باوەڕی ئێمە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دەرچوون لەو وەزعە کە پێشتر باسمان کرد، پێویستە مشوور و ئازایەتیی بەخۆداچوونەوە و خەسارناسییەکی جیددیی کارکردی دەیان ساڵەی خۆی هەبێ و بە ڕاشکاوی دان بە هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆیدابنێ. پێش هەموو شتێک لایەنەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن لەجیاتی ئەوەی بە هۆکاری مێژوویی و فیکری یەکتر حەزف بکەن و لە پەراوێز بخەن، پێویستە فەرهەنگی یەکترقبووڵکردن و لەگەڵیەکتر حاوانەوە لەنێو خۆیاندا جێگیر بکەن. ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە هەروەها پێویستە لە خەڵکی ئێران و مەیدانی ئەسڵیی خەبات کە نێوخۆی ئێرانە نزیک بێتەوە. ئەوەش کاتێک دەکرێ کە ئۆپۆزیسیۆن تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی لە کۆمەڵگەی ئێران هەبێ و ڕاستییەکانی وەزعی ئێران بەو جۆرە کە هەیە ببینێ، نەک ئەوە کە لە خەیاڵ و ئارەزوودا بخولێتەوە. لە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەشدا لەجیاتی ئارمانگەرایی و گیرکردن لە مەسایل و مەفاهیمی ئیدئۆلۆژیک و فیکری پێویستە لە هەوڵی دۆزینەوە و دەکارخستنی ڕێکارەکانی بەمەیدانیکردنی خەباتدا بێ.

سەرەنجام و لە هەمووی گرینگتر بۆ ئێمە، پێویستە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تەرسیمی

ئاییندەی سیاسیی ئێراندا لەسەر ڕێگاچارەیەک ساغ ببنەوە کە هەموو خەڵکی وڵات خۆی تێدا ببیننەوە. لەو نێوەشدا، جیا لەلایەنی سیاسی و مێژوویی قەزیەی کورد لە ئێران، پێویستە ئەوە وەبەرچاو بگرن کە ئەمڕۆ کورد سەنگ و پێگەیەکی بەهێزی لە ناوچەکەدا بۆخۆی پێکهیناوە. هەربۆیە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانیش بە ژوورەوە و دەرەوە ناتوانێ کورد وەک خۆی و لەسەر بنەمای ویست و داواکانی تایبەت بە خۆی وەبەرچاو نەگرێ.

لەژێر ڕووناکایی ئەو خوێندنەوەیەدا ئێمە هەروەک لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵمان بۆ داوە، لە داهاتووشدا هەر دەبێ بۆ ئەوە تێبکۆشین کە لە پێوەندی و هاوکاریمان لەگەڵ کەسایەتی و گرووپ و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆندا وێڕای یارمەتیدان بە لێکتێگەیشتن لەسەر چەند و چۆنیی هاوخەباتی و بنەما و نێوەرۆکی ئالترناتیڤی سیاسی لە ئێران، دانپێدانانی فرە نەتەوەبوونی ئێران لە بەستێنی گشتی و حکوومەتیدا، و بەڕەسمی ناسینی مافەکانی کورد وەک پرسی سیاسیی نەتەوەیەک ( نەک تەنیا لە گۆشەنیگای فەردگەرایانەی مافی هاونیشتمانیی‌یەوە) بکەینە پێوەری ڕێککەوتن و هاوپەیمانیی بەکردەوە و نەهادینەکراو.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنە کوردستانییەکان

لە بەستێنی کوردستانیدا باس و خواسەکانی نێوان دوو کۆنگرەی ١٥ و ١٦ سێ بازنە یان سێ ئاست دەگرنەوە: یەکەم، هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچە (لە سۆنگەی پرسی کۆنگرەی نەتەوەییەوە) دووەم، پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، سێهەم ئێمە و حدکا.

## کۆنگرەی نەتەوەیی

دەمێکە گەلی کورد و بژاردە سیاسییەکانی ئەو گەلە ئارەزوویانە و مەبەستیانە دامەزراوەیەکی هاوبەشی هەر چوار پارچەی کوردستان لە شکڵی کۆنگرەی نەتەوەییدا پێک بێنن. لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا چەندین هەوڵ لەژێر ئەو ناوەدا دراون، چ بەهۆی لاوازییان و چ بەهۆی ئەوە کە هێژێمۆنیی لایەنێکیان بەسەرەوە بووە، قەت نەیانتوانیوە ببنە دامەزراوەیەکی سیاسیی هاوبەش کە نوێنەرایەتیی هەموو کورد بکا یان لانیکەم هەموو لایەنەکانی کورد پێکەوە کۆ بکاتەوە. بەپێچەوانەی ئەوانە، هەوڵی هاوینی ساڵی ٢٠١٣ی سەرۆکایەتیی هەرێمی باشووری کوردستان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئامادەکردنەکەیدا بەشدار بوون و ئومێد و چاوەڕوانیی ئەوەی دروست کرد کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بژاردە و نوێنەرانی هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری هێزە کوردستانییەکان پێکەوە دامەزراوێکی هاوبەشی سیاسی دروست بکەن.

ئەزموونی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی نیشانیدا کە جیا لە ئاستەنگەکانی پێوەندیدار بە دەوڵەتانی حاکم لە کوردستان و هاوکێشەکانی ناوچە، کۆسپی هەرە گەورە پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کورد و ململانێ و ڕکابەریی نێوان لایەنە مەترەحەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیەیە. بەداخەوە لە ڕەوتی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەییدا دەرکەوت کە دابەشبوون و کێبەرکێی نێوان بەرژەوەندیە حیزبییەکان بە تەواوی بەرچاوە و زۆر لایەن ئەوەندەی لە خەمی جێگە و پێگەی حیزب و پارچەکەی خۆیاندان، ئەوەندە بە ڕێککەوتن

لەسەر پرۆژەیەکی هاوبەش کە هەموو پارچەکان بە دروستی بخوێنێتەوە و باڵانسی نێوان لایەنەکانیش ڕابگرێ ماندوو نین. لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە، بەداخەوە ئەم یەکەمین هەوڵە جیددی و هەمەلاگیرەی کۆنگرەی نەتەوەییش سەری نەگرت و دیسان بۆ ماوەیەکی نادیار بە خەیاڵ و ئارەزوو سپێردرایەوە.

یەک نەتەوەبوونی کورد بەو مانایە نیە کە لەباری سیاسییەوە کورد یەکگرتوویە. ئەگەر ئەوەمان قبووڵ بێ کە شادەماری ڕەوتی بەنەتەوەبوون و نەتەوەسازی هەبوونی پرۆژەیەکی سیاسیی هاوبەشە، کەمتر شتێک کە بەداخەوە دەبێ دانی پێدا بنێین ئەوەیە کە کورد نەک هەر لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان، بەڵکوو لەسەر ئاستی هەر پارچەیەکی کوردستانیش لەو پرۆژە سیاسییە هاوبەش و یەکگرتوویە بێبەشە. ئەرزی واقعی کورد بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە. هەر پارچەیە فەرهەنگی سیاسی و بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆی هەیە و بەسەر چەند حیزبدا دابەش بووە. هەر حیزبەش بە مەرام و ئاجێندای تایبەت بە خۆی دەجووڵێتەوە.

سیاسەتی ئێمە ئەودەمیش و ئێستاش پێشوازی لە هەر چەشنە هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی فۆرۆم یان هەر دامەزراوێکی هاوبەشی نەتەوەیی کە بە دوور لە هێژێمۆنی خوازیی لایەنێک یان پارچەیەک بەسەر لایەن و پارچەکانی دیکەدا یارمەتی بەوە بکا کە کوردەکان هەم بۆ پێوەندییە نێوخۆییەکانیان و هەم بۆ کارکردن لەسەر مەسەلەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا لەسەر هێندێک پرەنسیپ ڕێک بکەون و کاریان پێبکەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئاستەنگانە کە لە کورتخایەندا لەسەر ڕێگای وەدیهێنانی ئەو پرۆژەیە هەن، لەو باوەڕەداین کە پێش ئەوەی لەسەر ئاستی هەموو پارچەکان بە ئەنجامی هاوبەش بگەین، پێویستە لایەنەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لەنێو خۆیاندا بگەنە جۆرێک لێکتێگەیشتن و کۆدەنگیی مایەدار. لەو سۆنگەیەشەوە، ئەولەوییەتی ئێمە ڕێکخستنی نێوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێبەریی حیزب هەوڵ و دەستپێشخەرییەکی زۆری لەپێناوی هەماهەنگی و کۆدەنگی و تەنانەت دروستکردنی هێندێک چوارچێوە بۆ کاری هاوبەش لەنێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە خەرج داوە. لە ساڵانی دواییدا چەند جارێکیش دەرفەتی هاوکاری لەسەر مەسایلی کۆنکرێت هاتوتە پێش. بۆ نموونە لە پەراوێزی کاردروستایی بۆ کۆنگرەی نەتەوەییدا دێموکراتەکان و کۆمەڵەکان هەماهەنگییەکی تاڕادەیەک باشیان لەنێواندا هەبوو. ئێمە ئەوەمان وەک دەرفەتێک دەزانی کە لەدرێژەی خۆیدا بیکەین بە دەسپێکی بەکردەوە بۆ لێکنزیکبوونەوە و کاری هاوبەش. ئەگەرچی لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام لەنێو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتدا باسی دروستکردنی ئەو چوارچێوەیە بۆ کاری هاوبەش کراوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ ئاکامێکی بەکردەوە وەدەست نەهاتوە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جیا لە کۆمەڵێک کێشەی کۆن و ڕابردوو کە هێشتا شوێنەوارەکانیان بە تەواوی نەڕەویونەوە، لێکدابڕانەکان و شوێنەواری ڕەوانی و تەشکیلاتیی ئەو ناکۆکییانە ئێستاش باڵیان بەسەر شێوەی تەعامولی هێندێک لایەن لەگەڵ

یەکتردا کێشاوە و هێندێک لایەن ناوبەناو زێهنیەتی سەردەمی دابڕان لەدژی یەکتر زیندوو دەکەنەوە. هەربۆیە کاتێکیش کە دەرفەتێک بۆ دروستکردنی چوارچێوەی کاری هاوبەش دێتە پێش، هەندێک لایەن بە دانانی مەرج و دار و لەلە هەوڵ دەدەن لایەنێکی دیکە کە بە خەنیمی خۆیانی دەزانن وەلانێن و بەمجۆرە پرۆژەکان لەبار دەچن.

ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا کاتێک دەتوانن لە هاوکێشەکانی ناوچە و وڵاتی خۆیاندا شوێندانەر بن و حیسابیان بۆ بکرێ کە پەرە بە سەنگی تایبەت بە خۆیان بدەن. بۆ ئەوەش پێویستە هەوڵ بدەن بە ساغبوونەوە لەسەر گوتار و ڕێکاری هاوبەش و هەمەلاگیر زۆرترین پۆتانسیەلی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە هەموو بەستێنەکاندا لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی جێگە و پێگە و شوێندانەریی «دێموکرات» لەنێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێمان وا بووە کە هەتا کێشەی نێوان دوو حیزبی دێموکرات چارەسەر نەبێ، دەرەتانی دروستکردنی بەرە یان هەر شتێکی لەو بابەتە لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا نارەخسێ، مەگەر ئەوە کە حازر بین هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بکەین (شتێک کە هەرگیز لە سیاسەتی ئێمەدا نەبووە). هەر بۆیە ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا قورسایی زۆرتری هەوڵەکانمان خستبووە سەر چارەسەری پرسی نێوان دێموکراتەکان. بەڵام ئەگەر لە ئاییندەیەکی نزیکدا بە ئاکامی دڵخوازیش نەگەین، زۆر زەروورە کە بۆ ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و سیناریۆکانی داهاتوو پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە لانیکەمی بنەمای لێکتێگەیشتن و مێکانیزمی کاری هاوبەش بگەن، جا لە هەر ڕادە و سیغەیەکدا بێ.

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حدکا

چارەسەری کێشەی هەر دووک بەشی دیموکڕات و پرسی یەکگرتنەوە یەکێک لەو بابەتانە بووە کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا فکری ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو لایەنی دێموکراتی زۆر بە خۆیەوە مەشغووڵ کرد وباس و قەزاوەت و حوکمی جۆراوجۆری بەدواوە بووە. لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەر بەدوای لەتبووندا ڕامانگەیاندبوو کە بە لەبەرچاوگرتنی ویست و بەرژەوەندیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەبەر زەروورەتی هاوخەباتی ئامادەی وتوویژ بۆ چارەسەرکردنی پرسی نێوان دێموکراتەکانین، هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەر تەنیا پاش کۆنگرەی پازدەهەمیان و پاش هەوڵی هێندێک دۆستی هاوبەش ئامادە بوون دەرگای دیالۆگ بکەنەوە.

دوای ئەوە هەردوو لایەن هەیئەتمان بەمەبەستی بەدواداچوون و تاوتوێکردنی پرسەکانی پێوەندیدار دیاری کرد چەند دەور کۆبوونەوە و دانیشتنمان پێکەوە هەبوو. ئێمە تەنانەت پرۆژەیەکمان لەبارەی بنەما و چۆنیەتی و قۆناغبەندیی یەکگرتنەوە لە کۆمیتەی ناوەندیدا پەسند کرد و دامانە هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەر. ئەو پرۆژەیە بەو دیدەوە نووسراوە کە مادام حیزبی دێموکڕات بووە بە دوو بەش و بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە و پایەدار بێتە دی، پێویستە دوو لایەن پێکەوە یەکی بخەینەوە. ئەگەریش لەو نێوەدا لایەنێک لەگەڵ ناوبردنی لایەنەکەی دیکە بە ناوی خۆی کێشەی هەیە، دەتوانین لەسەر سیغەیەکی نەرمتر

بۆ نموونە «دوو لایەنی دێموکڕات» یان « دێموکڕاتەکان» ساغ بینەوە. ئێمە هیوادار بووین کە ئەو هاوڕێیانەش سەرەنجام گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن کە شێوازی چارەسەری پرسەکە لە دیدی وانەوە ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەنجامی تاوتوێی هەردوو گەڵاڵەدا بە ئاکامی دڵخواز و جێگای پەسندی هەردوو لا بگەین. بەڵام ئەوان هەرگیز ئامادە نەبوون هیچ پرۆژەیەکی ئەمڕۆیی بە نووسراو بدەنە ئێمە و لەو چەند جار دانیشتنەشدا کە لە قۆناغی دواتردا ڕاستەوخۆ لەنێوان دەفتەری سیاسیی هەردوولادا بەڕێوە چوون، دەرکەوت کە نیازی لایەنەکەی دیکە ئەوە نیە کە وەک دوو حیزب یەکبگرینەوە، بەڵکوو سەرەڕای باسکردن لە تەوافوق و کۆنگرەی هاوبەش (کە ئێمە ئەوەمان بە شتێکی موسبەت زانیوە و پێشوازیمان لێ کردوە) لەڕاستیدا دەیانەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکەڵی حدکا بێتەوە و هەموو شتەکانیش لە دەستپێکی پرۆسەکەوە تاکوو کۆتایی هەر لە چوارچێوەی حدکا و بە زێهنیەتی کۆنگرەیەک بێ کە دوازدە ساڵ پێش ئێستا گیراوە.

ڕێبەری و بەدەنەی حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لەپێناوی یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینەدا کە دەستەبەری بەهێزی و یەکگرتوویی دوارۆژی حیزبی دێموکرات بێ، پێویستە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ لێکدابڕان چیە) ئێستا وەک هەن یەکتر قبووڵ بکەن و ڕەوتی وەسەریەک کەوتنەوە بە جۆرێک مودیرییەت بکەن کە بەیەکەوە خاوەنداری لەو ڕەوتە و لە ئیدارەی داهاتووی حیزب بکەن. ڕەوتێک کە لەودا لایەنێک خۆی بە ئەسڵ و لایەنەکەی دیکە بە فەرع نەزانێ یا لایەنێک لە هەوڵی ئەوەدا نەبێ کە خۆی بە براوە بزانێ و لایەنەکەی دیکە بە دۆڕاو لە قەڵەم بدرێ. واتە حیزبێکی دێموکڕاتی بەهێز و یەکگرتوو کە چی‌دیکە لە کێشەکانی ڕابردوودا گیر نەکا و ڕێزگرتن و سازکردنی سەنتێز لە ڕابردوو و ڕوانین و وزەی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بکاتە دەسمایەی ئیدارەی خۆی و مودیریەتی سیاسەت و خەبات لە کۆمەڵگەدا.

## کۆتایی: بیلان و دوورەدیمەن

هاوڕێیانی بەڕێز!

لە دەسپێکی ئەم ڕاپۆرتەدا ئیشارەمان بەوە کرد کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵگری چ ڕیسالەتێکی پیرۆز و خاوەنی چ ڕابردوویەکی پڕ سەروەرییە. شانازی‌کردن بەو میراتە مەعنەوییە بەنرخە و دڵگەرمیمان بەو سەرمایە سیاسی و مێژووییە نابێ وەها بەری چاومان بگرێ کە نەتوانین کێشە و کەموکوڕییەکانی خەبات و بزووتنەوەکەمان چ لە دیدێکی مێژووییەوە و چ لە سەردەمی ئێستادا ببینین. ڕازی مانەوە و پێشوەچوونی هەر بزووتنەوەیەک بەخۆداهاتنەوە و خۆگونجاندنی بەردەوامە. ئەوەش کاتێک دەکرێ کە ئێمە لەوە نەترسین کە قامک لەسەر گیروگرفتەکان دابنێین و ئازایەتیی ئەوەمان هەبێ لە خۆمان بپرسین پاش ئەو خەباتە دووردوودرێژ و پڕقوربانییە لە کوێی ڕێگاکە ڕاوەستاوین و بە کوێ گەیشتووین. دیارە ئەو لێکدانەوەیە تەنیا تایبەت بە حیزبی ئێمە نیە ، چونکە باری ئەمڕۆ و بەرهەمی تا ئێستای خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات شتێکی بێگانە و جیاکراوە لە هەموو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە. ئێمە لێرەدا هەر لەو کاتەدا کە تەنیا بە ناوی خۆمانەوە قسە دەکەین، نەخش و بەرپرسیاریێتیی بنەڕەتیی حیزبی دێموکڕات

لە بردنەپێش و سەرخستنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشمان لەبەر چاوە و هەر بەو دیدەشەوە بۆ ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی ئێستا و داهاتوومان دەڕوانین.

ئەگەر ئێمە دەسکەوتەکانی خەبات و بەرهەمی کاری سیاسی تەنیا لە گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا نەبینین، کارنامەی حیزبی دێموکرات پڕاوپڕە لە دەسکەوت و بەرهەم. پێش هەموو شتێک خودی شکڵگرتن و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرن و جەماوەری لە مێژووی کورددا دەبێ بە ترۆپکی لە قالبدانی هۆشیاریی نەتەوایەتیی کورد لەو سەردەمەدا دابنرێ. دەسپێکی بەهێز و پرشنگداری مێژووی ئەو حیزبە کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕێگای دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستانەوە، دەرفەتی ئەوەی دایە ئەو حیزبە کە هەم لە ئاستی نێوخۆییدا کار لەسەر بنیاتنانی دامەزراوەکانی حاکمیەتی خۆماڵی و هێماسازیی سیاسی و نەتەوەیی بکا، هەم بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەوسا وەک کورد بچێتە نێو مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و دنیای دەرەوەی خۆی. بەرهەمی ئەو دەسپێکە تەنیا لە دەسکەوتەکانی کۆماردا کە بەشی هەرە زۆریان دواتر بوون بە دەسکەوتی زیندووی هەموو کورد، کورت نابێتەوە. لە ڕێگای ئەزموونی کۆمارەوە حیزبی دێموکرات لەڕاستیدا گەلی کوردی خستە بەر تاقیکردنەوەی توانا و پۆتانسیەلەکانی ئەو گەلە لە تاودانی ڕوون و سیستماتیک بۆ ئەو ویستە سیاسییانەی تا ئەودەم بەشێوەی پچڕپچڕ و لەسەر بنەمایەکی نەریتی و لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی زێهنیدا کاریان بۆ کرابوو. ئەو تاقیکردنەوەیە هەر لەو کاتەدا کە ئەم توانا و پۆتانسیەلانەی تێست کرد و سنوور و کەموکوڕییەکانی دەرخست، هەستی متمانە بەخۆبوونیشی لە کورددا دروست کرد و بوو بە هۆی ئەوە کە نەوەکانی دواتر لە فکری دووبارەکردنەوەی ئەزموونی کۆماردا بن و بۆ وەدیهێنانی خەونەکانی کۆمار تێبکۆشن.

ڕاستە کە لەدوای ئەو دەسپێکە لە دەسەڵاتداری و بەدەر لە پەرانتێزی چەند ساڵی یەکەمی پاش ئینقلابی ١٣٥٧ی ئێران، حیزبی ئێمە زۆربەی کات هەر لە خانەی خەباتی چەکداریدا کاری کردوە و زۆربەی کاتیش ناچار بووە ئەو خەباتە لە دەرەوەی سنووری جوغرافیای سروشتیی خۆی ڕا هیدایەت بکا. بەڵام تێکۆشانی ئەو حیزبە تەنیا بۆ پاشەکشەکردن بەو حاکمیەتە سەرەڕۆیە نەبووە کە گەلەکەی چەوساندۆتەوە، بەڵکوو ئەو حیزبە سەرباری هەموو ئەو سەختییانەی بەرەوڕووی بوونەتەوە، هەمیشە لە فکری قووڵکردنەوەی دەسکەوت و بەرهەمی زێهنی و سیاسیی بزاڤی گەلەکەیدا بووە، ئەوەش چ بە جێگیرکردنی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سیاسی لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا و ناساندنی ئەو مەسەلەیە بە جیهانی دەرەوە، چ بە کارکردن لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕێکخستنی سیاسی و چەسپاندنی ناسنامەی فەرهەنگیی گەلەکەمان. لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەو نرخە قورسە ئینسانییە کە لەو حیزبەدا و بەدەوری ئەو حیزبەدا لەپێناوی ویستە ڕەواکانی گەلەکەماندا دراوە، هەموو ئەو تاقیکردنەوەیەی لە بەکاربردنی شێوە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا بەشێوەی واقعبینانە و بەدوور لە دۆگماتیزم و ئیدئۆلۆژیگەرایی ئەو حیزبە تێیپەڕاندوون و هەموو ئەو بایەخ و پرەنسیپانە کە ئەو حیزبە لە شێوەی بردنەپێشی خەباتێکی ئینسانی و شارستانیانەدا و لەبواری پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کورد

و چۆنیەتیی تەعامول لەگەل دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا جێگیری کردوون و زۆر خاڵی ورد و درشتی دیکە کە لێرەدا دەرفەتی ئاماژە پێکردنیان نیە، هەمووی دەبێ وەک بەشێک لە هەگبەی بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵەی ئەو حیزبە چاو لێبکرێ.

لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە بەهێز و پۆزەتیڤانەی کارنامەی حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، دڵسۆزیمان بۆ حیزب و ئەفزەلییەتی بەرژەوەندیی خەباتی گەلەکەمان حوکممان پێدەکا کە کەموکوڕییەکانی ئەو خەباتەش وەک هەن ببینین و ئازایانە و ژیرانە لە فکری چارە دیتنەوە و هەنگاونان بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنیاندا بین. ئەگەر لە مەودایەکی بەردرێژ و لە ڕوانینێکی گشتیتردا چاو لە خۆمان بکەین، یەکەمین کەمایەسی و گرینگترین خاڵی نەرێنی کە بە فکردا دێ، نەبوونی یەکگرتوویی و کێشە نێوخۆییەکان چ لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتدا و چ لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە. لە کەس شاراوە نیە کە ئەو هەموو لێکدابڕان و لەتبوونە کە لە مێژووی حیزبی ئێمەدا ڕووی داوە و چەندین ساڵ شەڕوکێشەی نێوخۆیی لەسەر ئاستی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، زەرەر و زیانێکی زۆری بە ڕادەی کارلێهاتوویی و وزەی خەباتگێڕانە و جێگە و پێگە و ئیعتباری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد گەیاندوە. ئەوەش کە ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە هەموومان پێکەوە لەسەر گوتار و ڕێکارێکی هاوبەش ساغ بینەوە کە هەموو بەستێنەکانی خەبات پێکەوە گرێ بدا و خەبات وەک پێویستە بباتەوە نێو کۆمەڵگە ڕاست ئەنجامی درێژەکێشانی ئەقلیەتی مامەڵە لەگەڵ یەکتر لەژێر سێبەری ئەو کێشە و ناکۆکییانەی ڕابردوودایە.

پاشان دەرچوون و دوورکەوتنەوەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە جوغرافیای ئەسڵیی خەبات واتە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مانەوەی کۆتایی نادیاریان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو جوغرافیایە شوێنەواری زۆر خراپی لەسەر فەرهەنگی حیزبایەتی و شێوەی خەباتکردنی ئێمە داناوە. هەر لە پەراوێزی ئەم دۆخەدا دەبینین کە ناو بە ناو شەپۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکان بەرەو هەندەران کۆچ دەکەن و ئەوەش بۆخۆی شوێنەواری ڕەوانی و تەشکیلاتیی خۆی هەیە. ئەگەرچی بەجێهێشتنی وڵات و نیشتەجێبوونی ڕێبەرایەتیی ئێمە لە دەرەوەی وڵاتی خۆمان بە دڵخوازی خۆمان نەبووە و تەنانەت لەپێناوی مانەوەمان لەسەر خاک و لەنێو خەڵکی خۆماندا تێچووی مرۆیی زۆر گەورەمان داوە، بەڵام لە هەرحاڵدا دەبێ خەسارناسی و پێداچوونەوەی بۆ بکەین بۆ ئەوەی لەو شوێنەدا کە حیزبی ئێمە چ بە جیا چ بە هاوفکری و هاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەتوانێ کار بۆ دەرچوون لەو وەزعە و گەڕانەوەی زیاتری ڕێبەری و تەشکیلاتی ئاشکرامان بۆ نێوخۆی ئەو جوغرافیا ئەسڵییەی خەبات بکا، لێی دوودڵ نەبێ و هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوە.

لایەنێکی دیکەی کەموکوڕیی خەبات و تێکۆشانی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی سیاسیی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات. جیا لەو دابەشبوون و درِدۆنگییانە کە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە چەندین ساڵە پێیەوە گرفتارە، بەپێچەوانەی ئەوە کە لەلای بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی دیکەی دنیا باوە و تەنانەت بەپێچەوانەی ئەوە کە زۆر جار لە ڕابردووی بزووتنەوەی خۆشماندا ڕووی داوە، ئەمڕۆ بنەماکانی سیاسەت و مێتۆدەکانی خەبات لەڕادەبەدەر بوونەتە بارمتەی کۆمەڵێک تێبینیی بەهاگەرایانە (ئەرزشی). بەمجۆرەیە کە ئامانجە بچووک و کورتخایەنەکان بە ناهەق لە بەرامبەر ئامانجە گەورە و درێژخایەنەکان

دادەنرێن یان شێوازێکی خەبات بە ناهەق بە نەفیکەرەوەی شێوازێکی دیکەی خەبات لە قەڵەم دەدرێ. بەم چەشنە زۆر ئیبتکار و مانۆڕی سیاسی کە دەکرێ یارمەتی بە خوڵقاندنی سیناریۆی نوێ بکەن یان لانیکەم سەرنجی بیرووڕای گشتی بۆ لای پرسی ڕەوای گەلەکەمان ڕابکێشن، ئاکامی دڵخوازیان لێ وەرناگیرێ.

سەرەنجام جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە بەهۆی ڕەفتار و ماهیەتی دژمنانی کورد و سروشت و خەسڵەتی خەبات و خەڵکەکەمان، دەروونناسیی سیاسیی ئێمە ئەوەندەی لەگەڵ هەلومەرجی خەباتی چەکدارانە و هەوڵدان بۆ گۆڕانی بەپەلە سازگارە، ئەوەندە قابلیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ و هەوڵدان بۆ بنیاتنانی هەنگاو بە هەنگاوی لەنێو ئێمەدا دروست نەکردوە. ئەمە هەم لە ساختاری تەشکیلاتیی ئێمەدا ڕەنگی داوەتەوە کە زۆرتر وەڵامدەری پێویستییەکانی سەردەمی خەباتی چەکداری بووە و بارستاییەکی ئیداریی بۆ ئەمڕۆ لە حیزبدا بەجێ هێشتوە، هەم کاریگەریی لەسەر توانا و خەللاقیەتمان لە بەکارهێنانی ئامراز و کاناڵە مۆدێرنەکانی تێکۆشان و ڕاکێشانی هێزی پسپۆڕ و بژاردەکانی دەرەوەی خۆمان و ژێرخانسازیی فیکری و زانستی لەو بوارانەدا کە بۆ قەزیەکەمان پێویستن و...هتد داناوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێمە نە ئیدیعای ئەوەمان هەیە و نە دەشتوانین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو کەمایەسییانە لێرەدا نوسخە بپێچینەوە و فۆرموول دیاری بکەین. بەڵام دەستنیشانکردنی دروستی کێشە و کەموکوڕییەکان بەشێکی گرینگ لە چارەسەریشیانە. ئێمە بۆ ئەوە لێرە کۆ بووینەوە کە وێڕای هەڵسەنگاندنی دروستی هەلومەرج و کار و تێکۆشانی چەند ساڵی ڕابردوومان، خوێندنەوەیەکی گونجاویشمان بۆ داهاتووی ژیانی سیاسیی حیزب و میکانیزمەکانی ئیدارەی حیزب لە ئاییندەدا هەبێ. ئەگەر ئێمە بە ئیمانی پتەو بە هەقانیەتی پرسی ڕەوای گەلەکەمان و بە ورە و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەوە چاو لە بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆمان لەو کات و ساتەی چارەنووسی گەلەکەماندا بکەین و هەموومان بەیەکەوە و ژیرانە مشووری لێ بخۆین، دڵنیام زەرفیەت و توانای هەڵێنانەوەی هەنگاوی زۆر گەورە و چارەنووس‌سازمان بۆدابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ حیزبەکەمان و لەوەش گرینگتر بۆ وەدیهێنانی ئاییندەیەکی گەشتر بۆ میللەتەکەمان هەیە.

ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە بە پشتیوانیی و یارمەتیی سەرجەم تێکۆشەرانی حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا سەرباری هەموو ئاستەنگ و سەختییەکان تێکۆشاوە ئەرکی پێسپێردراوی خۆی بە باشترین شێوەی مومکین چ لەبواری ژیانی ڕێکخراوەیی حیزبدا و چ لەبواری سیاسەت و خەبات لە کۆمەڵگەدا بەجێ بگەیەنێ. ئێستاش داواتان لێ دەکەین بە بەشداریی چالاکانەتان لە باس و خواسەکانی ئەم کۆنگرەیەدا، بە مامەڵەی بەرپرسیارانەتان لەگەڵ پرسە حیزبی و سیاسییەکان، بە خستنەڕووی پێشنیار و بیرۆکەی جوان و کارسازتان، و لە هەمووشی گرینگتر بە لە مەیداندامانەوە و ئەرکوەرگرتنتان وزە و دڵگەرمی بە ڕێبەرایەتیی ئاییندەی حیزب ببەخشن. پیرۆزیی ئەو ڕێبازەی هەزاران کەس لە ڕۆڵە بەنرخەکانی ئەو گەلە گیانی خۆیان لەسەر داناوە لە ئێمە دەخوازێ کە خۆمان

بگەیەنینە ئاستی ئەو چاوەڕوانییە کە هەر ئێستا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ئاکامەکانی ئەم کۆنگرەیەیان هەیە.

سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، سەرچاوەی هێز و هەرمانی حیزبی دێموکڕات!

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەتایبەتی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی!

سڵاو لە زیندانیانی سیاسیی کورد کە سەمبولی خۆڕاگریی گەلەکەمانن!

سڵاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات کە بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی خۆیان ئاڵای حیزبی دێموکڕاتیان هەروا شەکاوە ڕاگرتوە!

سڵاو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بە جووڵەی قارەمانانەی خۆیان جارێکی دیکە لە شەوەزەنگی دیکتاتۆری‌دا ڕوناکاییان داگیرساندەوە!

سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی شازدەهەم؛ سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!

***

## بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٦ای حیزبی دێموکراتی کوردستان

### ١ـ سەبارەت بە پرسی نێوان دێموکراتەکان

کۆنگرە وێڕای پەسند کردنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێبەریی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نێوان دێموکراتەکان، ڕێبەریی داهاتووی حیزب ڕادەسپێرێ لەسەر هەوڵەکانی خۆی لەم بوارەدا بەردەوام بێ و بە هەموو شێوازێکی گونجاو و ئوسوولی بۆ وەسەر یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات تێ بکۆشێ. ئەم هەوڵانە لەسەر بنەمای ئەو ئوسوول و پرەنسیپانە درێژە دەدرێن کە پێشتر لە حیزبی ئێمەدا بە پەسند گەیشتوون. لەو چوارچێوەدا بە مەبەستی یارمەتیدان بە هەڵگرتنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئەم پرۆسەیە و ڕێگاخۆشکردن بۆدروستبوونی بەستێنێکی لەبارتر بۆ چارەسەری پرسی دێموکراتەکان، کۆنگرەی شازدەهەم دەستئاوەڵایی پێویست دەداتە ڕێبەریی ئایندەی حیزب بۆ هەر چەشنە هەنگاو و ئیبتکارێکی نوێ و مەنتقی لەم پێوەندییەدا.

### ٢ـ سەبارەت بە جێبەجێکردنی دروشمی کۆنگرە

دروشمی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب بریتی بوو لە « کەڵک وەرگرتی لە هەموو بەستێن و شێوازەکانی خەبات بۆ گشتگیر کردنی گوتاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتبەستن بە یەکگرتوویی و هاوپێوەندی». لە پێناوی هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردن و بەکردەیی کردنی ئەم دروشمە، کۆنگرە وێڕای پێداگری لەسەر پاراستن و قووڵکردنەوەی جەوهەری وتاری نەتەوایەتیی حیزبەکەمان، پێویستە ئەم گوتارە بە چەشنێک گشتگیر بکرێ کە هەموو فرەچەشنییەکانی نێو کۆمڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو جێن و توێژەکانی ئەم کۆمەڵگایە، خۆی تێدا ببیننەوە و بە شێوەی ئەکتیڤ لە دەوری کۆ ببنەوە.

**٣ـ سەبارەت بە خەباتی مەدەنی**

کۆنگرەی شازدەهەم لەگەڵ ئەوەدا کە سنووردار بوونی دەرفەتی چالاکیی مەدەنیی لەژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا غافڵ نیە، لەو باوەڕە دایە کە بەمەبەستی بووژاندنەوە و بە جەماوەری کردنی هەر چی زیاتری خەبات و ئەرکدار کردنی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا، پێویستە ئەو بەستێنە گرینگەی خەبات لە چوارچێوەی خەباتی فرەڕەهەنددا بە میکانیزم و ڕێژاری کارا بایەخی پێ بدرێ و بەرنامەرێژی بۆ بکرێ. کۆنگرە وێڕای دەستخۆشی و پشتیوانی لە ڕووناکبیران و چالاکانی نێوخۆی وڵات بۆ کار و تێکۆشانی نیشتمانپەروەرانەیان، لەو باوەڕەدایە کە پردی پێوەندیی نێوان بەستێنی مەدەنی و بەستێنی شۆڕشگێری هەرچی پتەوتر بکرێ و نەخشی چالاکان و تێکۆشەرانی کورد لە هەر دووکی ئەم بەستێنانەدا بە چەشنێک پێناسە و ڕێک بخرێ کە تەواوکەری یەکتر بن و پێکەوە خزمەت بە پێشوەچوونی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەن.

**٤ـ سەبارەت بە ڕۆژهەڵات تەوەری**

کۆنگرە داهێنان و بەرجەستە کردنەوەی چەمکی ڕۆژهەڵاتتەوەری لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە بە دەسپێشخەرییەکی دروست و بە بەرهەم لە قەڵەم دەدا و لەو باوەڕە دایە کە هێنانە گۆڕی ئەم چەمکە سەرنج و هوشیاریی بۆ زەروورەتی بەخشینەوەی جێگە و پێگەی شیاو بە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات و بزوتنەوەی سیاسی کورد لە ئێران دروست کردوە. بەڵام کۆنگرە لەو باوەڕە دایە ئەم پرنسیپەی خەبات بەو جۆرەی پێویستە لە بواری ڕێکارە عەمەلییەکانی خەبات و کارکردی تەشکیلاتی حیزبدا ڕەنگدانەوەی نەبووە و پێویستە دەرکی دروست لەو چەمکە و میکانیزمەکانی کارپێکردنی زیاتر شۆڕ بکرێتەوە بۆ نێو ڕێکخراوەکانی حیزب و لە بەرنامەرێژیی کار و تێکۆشانیدا ڕەنگدانەوەی هەبێ.

**٥ـ سەبارەت بە پرسی ژنان**

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب هەوڵ و هەنگاوەکانی تا ئێستای حیزب لە بواری گرینگیدان بە پرسی مافەکانی ژن بەرز دەنرخێنێ و لەو باوەڕە دایە کە پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرنامەرێژیی چڕوپڕ و بەردەوامی لە هەموو ڕەهەندەکانی ئەو بوارەدا هەبێ. هەر لەو کاتەدا کۆنگرە لەو باوەڕەدایە کە بۆ ئەوەی ژنانی نێو حیزب بە تەواوی بکەونە مەوقعییەتێکەوە کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی خۆیان لە پرۆسە سیاسییەکاندا بەشدار بن و کاریگەرییان هەبێ، پێویستە بەرنامەرێژیی وردتر بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی ژنان لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا بکرێ. هەروەها گرینگە کە لە بواری بەشداریی سیاسی و میکانیزمەکانی کارگێڕی و بڕیاردانیدا کەڵکی زیاتر و دیارتر لە وجوودی ژنانی نێو ڕێبەری و نێو ڕیزەکانی حیزب وەربگیرێ.

**٦ـ سەبارەت بە حیزب لە دونیای مەجازییدا**

کۆنگرەی شازدەهەم لەو باوەڕە دایە کە ئامرازە نوێیەکانی تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن وەک بوارێک بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و ڕێنوێنییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی حیزب چ بەڕووی

دەرەوەی حیزب و چ بۆ نێو خۆی حیزب لە سەردەمی ئێستادا سوودێکی گەورەیان هەیە. هەر لەو کاتەدا کۆنگرە لەو باوەڕەدایە کە نەبوونی چوارچێوەیەک بۆ چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەو بەستێنەدا زۆر جار کاریگەریی نەخوازراوی هەم لەسەر سیما و پرستیژی حیزب و هەم تەنانەت لەسەر ئینسجامی تەشکیلاتی هەبووە. هەر بۆیە پێویستە کۆمیتەی ناوەندی هەئیەت یا ناوەندێک بۆ چاوەدێری و هەماهەنگی و کۆنترۆڵ کردنی فەزای مەجازی پێک بێنێ و بۆ چونیەتیی کەڵک وەرگرتنی ئەندامانی حیزب لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چوارچێوەی گونجاو و کارا دابڕێژێ.

### ٧ـ سەبارەت بە کێشەی دارایی

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب ئەو کێشە داراییە کە لە هەلومەرجی ئێستادا حیزبی ئێمە وەک هەموو لایەنەکانی دیکە تێی کەوتووە وەک کێشەیەکی زۆر هەستیار و جێگای نیگەرانی چاو لێ دەکا و پێی وایە پێویستە بۆ لە بەرچاو گرتنی ئەو بارودۆخە پێویستە بیری جیددی و بنەرەتی بکرێتەوە. بە باوەری کۆنگرە ئەم پرسە بە تەنیا ڕێگا چارەیەک وڵام نادرێتەوە و پێویستە لە هەموو ڕێگا مومکینەکانەوە هەوڵی بۆ بدرێ. لەو پێناوەدا پێویستە ڕێبەرایەتیی حیزب ناوەندێکی تایبەت بە دارایی بەمەبەستی دابینکردن و کۆکردنەوەی داهات بۆ حیزب و سەرپەرستیی پرۆژەی وەبەر هێنان پێک بێنێ و کۆمەڵە کەسێکی شیاو بۆ ئەم ئەرکە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات دیاری بکا. هەر لەو کاتەدا و لەژێر سەرپەرستیی ئەم ناوەندەدا پێویستە تەواوی بەرپرسان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە دۆزینەوەی ڕێگاکانی پەیداکردنی داهات و کۆکردنەوەی داهاتدا ئەرکدار بکرێن.

### ٨ـ سەبارەت بە کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێرەوەی نێوخۆی حیزب

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب لەو باوەردایە کە پێویستە کۆمیسیونی پارێزگاری لە پێرەوەی ناوخۆی حیزب بەپێی پێناسەی دروستی نەخشی ئەم کۆمیسیۆنە کاراتر بکرێ و کۆمیتەی ناوەندیی لەو بوارانەدا کە ئەرک دەخاتە سەر ئەم کۆمیسۆنە گرینگی بە ڕاو بۆچوونی ئەم کۆمیسیۆنە بدا و هاوکاری و هاوفکریی خۆی لەگەڵ ئەم کۆمیسیۆنە پەرە پێ بدا. هەر لەو بوارەدا پێویستە کۆمیتەی ناوەندی بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێرەوی نێوخۆ چاو بە ئاییننامەکاندا بخشێنێتەوە و وێرای بەرۆژ کردنەوەیان لەگەڵ ناواخنی پێرەوی ناوخۆی ئێستای حیزب ڕێکیان بخاتەوە.

### ٩ـ سەبارەت بە فەرهەنگی سزا و تەشویق

کۆنگرە شازدەهەم پێی وایە دەبێ کۆمیتەی ناوەندی لە ڕێگای ئورگانە پێوەندیدارەکانەوە لە ڕابردوو زیاتریش گرینگی بە نەزم و دیسیپلین و فەرهەنگی حیزبی لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا بدا. لەو پێوەندییەدا پێویستە بۆ نرخاندنی کار و چالاکیی ئەندامانی حیزب دوو ئەسڵی سزا و تەشویق لەبەر چا بگیرێ و لێپێچینەوە لە هەر چەشنە کەمکاری و کەمتەر خەمییەک لە ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکە حیزبییەکان بکاتەوە.

***

# بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
# (پەسندکراوی کۆنگرەی شازدە)
# ١٧ تا ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤
# ٦ تا ١١ی مای ٢٠١٦

## پێشەکی

ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی دا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوەیەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. ڕێکخراو نەبوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ئاستی پێویستدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا لە لایەکو دەستتێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری ناوچەکەی ئێمەدا لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆی بێبەشکرانی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەم بارودۆخە بوو بەهۆی دارشتنی سنووری دەوڵەت-نەتەوە تازەپێکهاتووەکانی ناوچەکە بە قازانجی چەند نەتەوەیەکو لەسەر حیسابی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستانو حاشا کردن لە پێناسی نەتەوەیی کوردو مافی بەشداربوونی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسی دا. هەر ئەو غەدرە مێژووییەش بوو بە سەرەتای دەورەیەکی نوێی خوێناویو پڕتێچوو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دا.

هەرچەند پلانی سڕینەوەی سیستماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانیش دا، بەشێکی جیانەکراو لە پرۆژە «دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی» بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی بووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەیان توانیوە ڕێ لە ڕەوتی سروشتیی گەشەسەندنی مێژوویی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرن. ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە لایەکەوە بەرهەمی پێگەیشتنە بابەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیو لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی بژاردەکانی کورد بوو، لە ڕێگەی پێکهێنانی کۆمەڵەی «ژ.ک» ەوە لە ساڵی١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢ی زایینی)دا شێوازی ڕێکخراوەیی بەخۆیەوە گرت. پێناسەی کۆمەڵەی «ژ.ک» بنچینەی لە سەر بەرزبوونەوەی بیری نەتەوەییو ڕزگاریی کورد لە هەموو کوردستانو دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بوو. ژ.ک لە پاش ٣ ساڵ، بە هۆی بەرینبوونەوەی مەودای چالاکیو لە سەروبەندی پێکهاتنی زەمینە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو چینو توێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕیزەکانی خۆی دا جێ بکاتەوە، جێگای خۆی دا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەم پێیە، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی ئووتی١٩٤٥ی زایینی دا بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، هاتە جێگای کۆمەڵەی «ژێکاف».

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناخەی کۆمەڵەی «ژ.ک». بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورddaو بە سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دەژمێردرێ. بە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم

جار لە مێژووی خۆی دا توانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستاندا دابمەزرێنێ. کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار ستاتووی دەسەڵاتی کوردیی بە شێوەیەکی مودێرنو بە نیوەرۆکێکی دیموکراتیکەوە، نیشان دا. هەرچەند کۆماری کوردستان پاش ١١ مانگ دەسەڵاتداریی دێموکراتیک، بەهۆی هێرشی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە جوانەمەرگ کرا، بەڵام ئەزموونی دیموکراتیکی دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستان دا، بە لاپەرەیەکی زێرینی مێژووی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەییو دیموکراتیکەکانی دا دێتە ئەژمار. دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لەجێدا بنەمای لەسەر ئەسڵی ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەلایەکو هەوڵدان لە پێناوی پێکەوە ژیانێکی بەئاشتی و برایانە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی لەلایەکی دیکە دانرابوو، نەک هەر لە ئاستی کوردستانو ئێرانی ئەو سەردەمەدا، بەڵکوو هەم ئەوساو هەم ئێستا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دا بە ڕووداوێکی گرنگ دادەنراو دادەنرێ. هەرچەند پێشەوا قازی محەممەدو بەشێکی دیکە لە ڕێبەرانی حیزبو کۆمار بە فەرمانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران لە سێدارە دران، بەڵام ئەزموونی نەتەوەیی، دێموکراتیکو پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان هەروا ڕێنیشاندەری ئەوە لە دوای ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بووەو دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی ڕووخانی کۆماری کوردستان زەبرێکی گەورە بوو کە لە پەیکەری حیزبی دیموکراتی کوردستان درا، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ماوەیەکی بە نیسبەت کورت دا خۆیان ڕێک خستەوەو خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییان دەست پێکردەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی نزیک بە ٧٠ ساڵ تەمەنی خۆیدا زۆر فەسڵی زێرینی لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کردوون، زۆر سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناونو تووشی نوشوستیو پاشەکشەش بووە.

بێجگە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە لووتکەی سەرکەوتنی ئەم حیزبەو بە گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو، ئەم حیزبە بزووتنەوەی پرشکۆی ساڵانی ٤٧ ـ ١٣٤٦ی بەرپا کردوە، چەند جار لە ململانەی هەڵبژاردن دا خۆی تاقی کردۆتەوەو هەموو جارێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو سەرەنجام بۆ ماوەی چوار دەیە خەباتێکی قارەمانانەی بە دژی دیکتاتۆرییو سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردوە.

ئەم حیزبە هەر لەو کاتەدا ڕووخانی کۆماری کوردستانو تێک شکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦ی بەخۆوە دیوەو چەند جار لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتیو ڕێژیمی ئیسلامییدا کەوتۆتە بەر پەلاماری پۆلیسو هێزە سەرکوتکەرەکانو بە دەیانو سەدان تێکۆشەری کەوتوونەتە زیندانەوە کە زۆربەیان حوکمی قورسو تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خەباتە قارەمانانەو پرلە شانازی‌یەدا زیاتر لە پێنج هەزار کادرو ئەندامی شەهید بوون کە بە دەیان کەسیان لە کادری ڕێبەری بوونو لە سەرووی هەمووشیانەوە ناوی سێ ڕێبەری پایەبەرز: پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی دەدرەوشێنەوە.

حیزبی دێموکرات لە مێژووی دەیان ساڵەی خۆیدا، چەند جار لە ئاکامی ناکۆکیی نێوخۆییدا تووشی لێکدابڕان و چەند پارچەیی بووە و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە جیاتی تێکۆشان لە

حیزبێکی واحیددا، بوون بە دوو بەش و بەجیا تێکۆشان و خەباتی خۆیان درێژە داوە، بەڵام دواتر کەوتوونەتەوە سەر یەک. لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەدا تێکۆشەرانی دێموکرات سەرەڕای ناکۆکییان لە گەڵ یەکتر و تێکۆشانی بەجیایان، هەم لە سەر خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد و ئامانجە لەمێژینەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوام بوون، هەم بەرگرییان لە مێژوو و شانازییەکانی ئەم حیزبە کردوە. ئەم لێکدابڕانانە، سەرەڕای تاڵی و نەخوازراو بوونیان، بەشیکن لە مێژووی حیزبی دێموکرات.

لەپاش دەستپێکی پرۆسەی سەقەتی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێران، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا چ لە سەردەمی پاشایەتیو چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا، هیچ کات ئامادە نەبووە هەنگاوێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی کوردو نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران هەڵێنێتەوە. ڕوانگەی تەواویەتخوازانەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو حاشاکردن لە فرەنەتەوەبوونی ئێرانو پرسی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد، هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو کێشەیە بووە.

مەسەلەی کورد لە ئێران دا بەردەوام نەک هەر لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، بەڵکوو لەلایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دەرەوەی دەسەلات و تەنانەت لەلایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی سەراسەریو ڕووناکبیرانی ئێرانیشەوە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حاشای لێکراوە. گرفتی ئەو ڕوانگەیە لەوەدایە کە لەبری ئەوەی نێوەرۆکی نەتەوەیی مەسەلەی کوردو مافی ئەم گەلە بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی بکا بە بنەما، دەیهەوێ لە ڕێی چاونووقاندنو خۆگێلکردن لەو ڕاستی یەوە، هەوڵ بۆ پاراستنی هێژێمونیی پێناسی نەتەوەی حاکم بدا. وەک تابۆڕاگرتنو بەبنەما وەرگرتنی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانیش، شتێک نیە جگە لە ئامرازێک لە خزمەتی ئەو بیرە نادیموکراتیکو شۆڤینیستییەدا.

هەر بەهۆی ئەو ڕوانگە تەواویەتخوازانەی توێژی دەسەڵاتدارەوەیە کە تەنانەت باسی دێموکراسییش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی لە ئێران دا، خوێندنەوەیەکی چەواشەکارانەی بۆ دەکرێ. بزووتنەوەی کورد لە ڕەوتی خۆی دا هەمیشە نەبوونی دیموکراسیی بە هۆکارێکی گرینگی چارەسەرنەکرانی مەسەلەی کورد داناوە. ئەزموونەکانی ڕابردوو دەری دەخەن کە نەتەوەی کورد بەردەوام خوازیاری چارەسەری دیموکراتییانەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. بەڵام بەداخەوە لەبەر نادێموکرات بوونی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستان دا، بەردەوام ویستی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بە زمانێکی نادیموکراتیکو تێکەڵ بە زەبروزەنگ وەڵام دراوەتەوە. نیەتی ئاشتیخوازانەو ویستی کەڵکوەرگرتن لە دیالۆگو وتووێژ بۆچارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان هەر لەلایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە ڕەت کراوەتەوە یان وەک داوێک بۆ لەنێوبردنی ڕێبەرانی سیاسیو لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد، کەڵکی لێوەرگیراوە.

ئەزموونو ڕەوتی ڕووداوەکان دەریان خستوە کە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندو حاشاکردن لە پێناسی نەتەوەکانی ئێرانو سەپاندنی پێناسی نەتەوەیەک بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەدا، هیچ کاتێک جێی

نەگرتوە. لەئارادابوونی پرسی نەتەوەکان وەک گرینگترین پرسی سیاسی لە ئێرانی ئەمرۆدا، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە. سووربوون لەسەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی تەواویەتخوازی ئێرانییش کە هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی لە دایک بووە، شتێک نیە جگە لە هەوڵێکی نابەرپرسانە بە ئاقاری درێژەدان بە سەنتەرگەرایی‌یەکی مێژوویی‌و لەسەر حیسابی لێڵکردنی هەرچی زیاتری ئاسۆی پێکەوەژیانی داوتەڵەبانەی نەتەوەکانی نێو ئێران.

هەربۆیە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، لەبەر ڕووناکایی ئەو خاڵەی سەرەوەداو بە لەبەرچاوگرتنی ویستی لەمێژینەی نەتەوەی کوردو ڕەوتی سیاسیی ئێستای کوردستان، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا کاتێک بەتەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتی سروشتیی خۆی ببڕێ‌و ویستی ئازادانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە. دەرەتانی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانیش – سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ ستەم‌و کارەساتەی ڕابردوو – کاتێک دەرەخسێ کە بێ ئەملاوئەولا ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسیی نەتەوەکانی نێو ئێران‌و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بکرێ بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران.

نێوەرۆکی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕەنگدانەوەی ویستی نەتەوەیی‌و دیموکراتیکی خەڵکی کوردستانە. ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب دەبێ ئەم بەرنامەیە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و نێوەرۆکی بەندەکانی بۆ خەڵک شی‌بکەنەوە. هاوڕێیانی حیزبی لەگەڵ ئەوەی ڕوونکردنەوەی بیروڕای حیزب لە سەر مەسەلە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە ئەرکی خۆیان دەزانن، دەبێ لە پێناو پتەوکردنی هەرچی زیاتری پێوەندیی بەرینی حیزب‌و گەل‌و، گەشەدارترکردنی بواری دیموکراتی‌یانەی بزووتنەوەی گەلەکەمان، بە سینگفراوانی‌یەوە پێشوازی لە ڕەخنە‌و ڕێنوێنی‌و پێشنیاری ئەوانیش بکەن.

## فەسڵی یەکەم
## ئامانجە گشتییەکان

**ماددەی یەکەم: ئامانج و پرەنسیپە بنەڕەتییەکان**

١. ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

٢. دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدایە.

٣. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکیەتیی داخوازانەو دادپەروەرانەی نێوان نەتەوەکانی ئێران بە بەردی بناغەی دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دەزانێ.

٤. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادو دێموکراتیک، پلورالیست‌و دادپەروەرانەدا تێدەکۆشێ.

٥. حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی بە ئیدەئالەکانی مافی مرۆڤ و ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلان هەیە.

٦. حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە پشتیوانی خەباتی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەزانێ.

## فەسڵی دووهەم
## بنەماکانی کۆماری کوردستان

**ماددەی دووهەم: پێناسەی کۆماری کوردستان**

کۆماری کوردستان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، دیمۆکراتیکو کوردستانییە. بەو مانایە کە :

١. دەسەڵاتێکی سیاسیی دێموکراتیکە کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بڕیاری لە سەر دەدرێو بەپێی ویستو ئیرادەی خەڵک بەڕێوە دەچێ.

٢. هێمای کۆتایی هێنان بە ستەمو بندەستییەو نوێنگەی دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

٣. مافەکانی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، ئێتنیکی، زمانیو ئایینییەکانی کوردستان دەپارێزێ.

**ماددەی سێهەم: چوارچێوەی جوغرافیایی**

چوارچێوەی جوغرافیایی کۆماری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هۆیەکانی جوغرافیاییو مێژوویی،و بەپێی ویستی زۆرینەی دانیشتووانی ناوچەکان دیاری دەکرێ.

**ماددەی چوارەم: هێمای نەتەوەیی**

١. کۆماری کوردستان خاوەنی یاسای بنەڕەتی (قانون اساسی)و ئاڵاو سروودو جەژنی نەتەوەییو زمانی ڕەسمیی خۆیەتی.

٢. ئاڵای دەوڵەتی فیدراڵ لە تەنیشت ئاڵای کوردستان لە دامو دەزگا ڕەسمییەکانی کۆماری کوردستاندا هەڵدەکرێ.

**ماددەی پێنجەم: سیستمی دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا**

دەسەڵات لە کۆماری کوردستان دا کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری کوردستاندا نەهادینە دەکرێ، لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە گشتییانەی خوارەوە پێک دێو بەڕێوە دەچێ:

١. هەموو دەسەڵاتەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوەو بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی ئێتنیکی، ئایینی، ڕەگەزی (جینسی)، کۆمەڵایەتی، ... هتد پێک دێن.

٢. هەڵبژاردن بۆ ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێن لەڕێگای دەنگدانی گشتیو نهێنیو ڕاستەوخۆوەو بە دابین کردنی مافی یەکسانی هەڵبژاردنو هەڵبژێران بەڕێوە دەچێ.

٣. هاونیشتمانان هەلی یەکسانی دامەزران لە پۆستە حکوومەتییەکانیاندا پێ دەدرێ.

٤. کۆماری کوردستان مێکانیزمی تایبەتی بۆ بەشداریی ئەو گرووپانە لە دەسەڵاتدا لەبەر چاو دەگرێ کە بەشێوەی سروشتی لە حاڵەتی کەمایەتیدان.

**ماددەی شەشەم: جیایی دەسەڵاتەکان**

لە کۆماری کوردستان دا دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری لە یەکتر جیا دەکرێنەوە :

١. پاڕلمانی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی کۆماری کوردستانە.

٢. حکوومەتی کۆماری کوردستان لەلایەن پارلەمانەوە دەنگی بۆ وەردەگیرێو لە بەرامبەر پارلماندا بەرپرسیارە.

٣. سەربەخۆیی دەزگای دادوەری چ لە دیاریکردن و چ لە کاردکردیدا دەستەبەر دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم: جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی**

١. لە کۆماری کوردستاندا دین لە دەسەڵاتی سیاسی جیایەو پێڕەوی لە پرەنسیپەکانی سێکولاریزم دەکرێ.

٢. هەموو دانیشتووانی کوردستان لە هەڵبژاردنو نیشاندانی ئایینو مەزهەبو بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکانیاندا ئازادن.

## فەسلی سێهەم
## یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێرانی فیدڕاڵدا

**ماددەی هەشتەم: بنەماکانی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران**

١. سیستمی کۆماریو دیموکراتیکو فیدڕاڵی لە بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا دەتوانێ ببێتە دەستەبەری هاوپێوەندیو هاوپەیمانییەکی پتەوتر لەنێو نەتەوەکانی ئێرانداو زەمینەسازی پێکەوەژیانێکی داخوازانەو دادپەروەرانە لە ئێرانی دوارۆژدا.

٢. لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە یەکیەتیی ئارەزوومەندانەی نێوان نەتەوەکان لە ئێران بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنو بەردەوامبوون لەسەر ئەو پرەنسیپانەی خوارەوە

– فرەنەتەوایەتی بنەمایەکی سەرەکیی قەوارەی سیاسیی سەرتاسەری بێ.

– هەر نەتەوەیەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەت بە خۆیو هەرێمی خۆی لەڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێراویەوە ئازادو سەربەست بێ.

– هەموو نەتەوەکان بە شێوەیەکی عادلانە لە بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی فیدراڵدا بەشدار بن.

– ئەسڵەکانی پێوەندیدار بە ڕەنگدانەوەی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران دا جێبەجێ بکرێن.

**ماددەی نۆهەم : ڕەنگدانەوەی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران**

ڕەنگدانەوەی نیهادیی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێراندا بەم شێوەیەیە :

١. هێماکانی دەوڵەتی فیدراڵو، پێکهاتەو بڕیارو بەرنامەکانی هەموو ئۆرگانو دامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵ دەبێ تەعبیر لە سەروەریی هاوبەشی قەوارەکانی نێو فێدراسیۆن بکەن.

٢. فێدراسیۆنی ئێران خاوەنی دوو ئەنجومەنی نوێنەرانو نەتەوەکان دەبێ. ئەندامانی

ئەنجومەنی نوێنەران بەپێی حەشیمەت هەڵدەبژێردرێن؛ ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەکانیش بۆ هەر کام لە نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بەقەدەر یەک دەبن.

٣. هیچ بڕیارێک کە پێوەندیی بە چارەنووسی نەتەوەکانی ئێرانەوە هەبێ بەبێ پەسند کران لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوەکانەوە کاری پێ ناکرێ.

٤. ئەگەر بڕیارێک دژایەتیی لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەر یەک لە نەتەوەکان هەبێ، مافی ڤیتۆ بۆ نوێنەرانی ئەو نەتەوەیە لە ئەنجومەنی نەتەوەکان دا پارێزراو دەبێ.

٥. دیوانی بەرزی فێدراڵ کە لە پسپۆرانی سەر بە هەموو نەتەوەو قەوارەکانی نێو فێدراسیۆن پێک دێ، پارێزگاری لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یەکیەتیی نەتەوەکان دەکاو کێشەکانی پێوەندیدار بە دابەشکردنی سەلاحییەتەکان چارەسەر دەکا.

## فەسڵی چوارەم
## کۆماری کوردستانو دەوڵەتی فیدراڵ

**ماددەی دەهەم: زمانی ڕەسمی**

١. زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی دامودەزگاکانی کۆماری کوردستانەو لە هەموو پلەکانی خوێندندا بەکار دەبرێ.

٢. ئەو زمان یا زمانە ڕەسمییانەی بۆ نامەنووسینو پێوەندی‌یە ئیداری‌یەکانی نێوان هەرێمەکانو دەوڵەتی فیدراڵ بەکار دەبرێن و هەروەها سیاسەتی زمانی لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵدا، بە ڕێکەوتنی گشتیی پێکهاتەکانی نێو فیدراسیۆن بڕیاری لە سەر دەدرێ.

**ماددەی یازدەهەم: دابەشکردنی سەلاحییەتەکان**

١. بێجگە لە کاروباری پێوەندیی دەرەوە، سوپای فێدڕاڵ، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری‌و سیستمی دراوی کە لە سەلاحییەتی دەوڵەتی فیدراڵدان، بڕیاردانو بەرنامەدانان لە سەرجەم بوارەکانی دیکەدا لە سەلاحییەتی دامەزراوەکانی کۆماری کوردستان‌دایە.

٢. سیاسەتو بەرنامەکانی دەوڵەتی فیدراڵ بە لەبەرچاوگرتنی قازانجو ویستی پێکهاتەکانی فێدراسیۆنو هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی هەلاواردنی ڕابردوو بەدژی نەتەوەکانی ئێران دیاری دەکرێنو دەبرێنە پێش. بەتایبەتی :

– سوپای فێدراڵ لە ڕووی پێکهاتەی هێزو فەرماندەیی‌یەوە ڕەنگدانەوەی فرەنەتەوایەتی‌و فرەهەرێمی لە ئێران‌دا دەبێ‌و لە ڕووی کارکردیشەوە بەدژی بەرژەوەندیی ڕەوای نەتەوەکانی ئێران ناجووڵێتەوە.

– سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی فیدراڵ ڕەنگدانەوەی مەوجوودییەتی سیاسی‌و نیهادی‌و، قازانجەکانی نەتەوەو پێکهاتەکانی ئێران دەبێ. کۆماری کوردستانو هەرێمەکانی دیکە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ مافی دامەزراندنو بردنە پێشی پێوەندیی دەرەوەیان لە بوارەکانی تایبەت بە خۆیاندا دەبێ.

**ماددەی دوازدەهەم: دابینکردنی نەزمو هێمنی لە کوردستان**

١. دابینکردنی هێمنیو نەزمی نێوخۆ لە کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەو ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی کۆماری کوردستانە.

٢. سوپای فیدراڵ ئەرکی دیفاع لە پاراستنی سنوورەکانی وڵاتی لەسەر شانە کە تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە کوردستانەوە هەیە ئەم ئەرکە بە هاوبەشی یان بە لەبەرچاوگرتنی بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەجێ دەگەیەنێ. سپای فیدرال هەقی نیە دەست لە کاروباری نێوخۆیی وەربدا.

## فەسڵی پێنجەم
## پرەنسیپو ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستان

**ماددەی سێزدەهەم: مافو ئازادییە گشتییەکان**

١. لە کوردستان یاسا سەروەرە. هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە یاسادا و لە بەرانبەر یاسادا یەکسا نن.

٢. هەموو ئەو مافو ئازادییانەی لە مەنشووری نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ (واتە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤو هەردوو پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافە مەدەنیو سیاسییەکانو، مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان)دا هاتوون لە یاسای بنەڕەتی و قانوونەکانی کۆماری کوردستاندا بەڕەسمی دەناسرێن. حکوومەتی کۆماری کوردستان بەرپرسە لە جێبەجێکردنیانو هەڵێنانەوەی هەنگاوی موسبەت بۆ پاراستنو پەرەپێدانیان.

**ماددەی چواردەهەم : بووژانەوەی فەرهەنگی**

حکوومەتی کۆماری کوردستان :

١. خوێندنی ئیجباری تا تەمەنی پازدە ساڵو خوێندنی بەخۆڕایی تا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی دەستەبەر دەکا.

٢. هەنگاوی جیددی بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان هەڵدێنێتەوە.

٣. لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنداو بۆ هەموو چەشنەکانی پەروەردەو فێرکاری هەلی دەستڕاگەیشتنی کەسانی کەم دەرامەت بە خوێندنو فێربوون پێک دێنێ.

٤. بایەخ بە پەرەئەستاندنی کەلتوور لە کۆمەڵگەدا دەداو یارمەتیی کۆڕو کۆمەڵو ناوەندە ئەدەبیو هونەرییەکان بەتایبەتی لەبواری خزمەت بە زمانو ئەدەبو کەلەپووری کورددا دەکا.

٥. لە بەرنامەی فەرهەنگیو پەروەردەیی خۆیدا جێگەی شیاو بۆ پێویستییەکانی پێگەیاندنو گەشەکردنی منداڵانو لاوان تەرخان دەکا.

**ماددەی پازدەهەم: پارێزگاریی کۆمەڵایەتی**

حکوومەتی کۆماری کوردستان :

١. داهاتی گشتی بە جۆرێک دابەش دەکا کە یارمەتی بە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کەسانی کەمداهات بکا.

٢. تەندروستیی گشتی پێش دەخاو لە ڕێگای سیستمی بیمەوە یارمەتی بە دەسڕاگەیشتنی خەڵک، بەتایبەتی کەسانی کەم دەرەتان، بە خزمەتە پزیشکیو دەرمانییەکان دەکا.

٣. یارمەتیو پێڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بۆ بێکاران و کەمئەندامانو بەساڵداچووانو بێکەسان بەمەبەستی دابینکردنی ژیانێکی ئاسایی لە نەزەر دەگرێ.

٤. هەلی کاری گونجاو بۆ هەمووان پێک دێنێ.

٥. قانوونی کار بە جۆرێک پەسند دەکاو جێبەجێی دەکا کە ستانداردە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی کرێکارانو زەحمەتکێشان بەتایبەتی سنووردارکردنی سەعاتی کارو قەدەغەکردنی کاری منداڵانو مەرەخەسیی بە مووچەوەی دایکایەتی بگرێتە خۆی.

٦. پلانی چڕو پڕ بۆ خەبات بەدژی هێندێک پەتای کۆمەڵایەتی وەک ئیعتیادو توندوتیژیی نامووسی بەڕێوە دەبا.

**ماددەی شازدەهەم : گەشەسەندنی ئابووری**

١. حکوومەتی کۆماری کوردستان بۆ هێنانەدەری کوردستان لە بەجێماویی ئابووریو هەنگاونان بۆ بەپیشەسازی کردنی تێدەکۆشێ. بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو کەرتی گشتیو تایبەت بە جۆرێک ڕێک دەخا کە ببێتە مایەی هاندانی وەبەرهێنانی نێوخۆییو دەرەکیو پەرەپێدانی بازرگانیی ڕاستەوخۆی کوردستانو مۆدێرنیزەکردنی کشتوکاڵو بووژانەوەی گەشتوگوزارو کەڵک وەرگرتنی کارناسانە لە سەرچاوە سروشتییەکانو دۆزینەوەی خەللاقییەتە ئابوورییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردەواری.

٢. سیاسەتی ملکداریێتیی زەویو زار بە چەشنێک ڕێک دەخا کە هەم قازانجی جووتیارانو هەم پێویستییەکانی پێشکەوتنی کشتوکاڵو ئاژەڵداری دابین بکرێن.

**ماددەی حەڤدەهەم : سۆسیالیزمی دێموکراتیک**

حکوومەتی کۆماری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی لە باری ئابوورییەوە ئازادو پێشکەوتوو، و لەباری کۆمەڵایەتییەوە ئاسوودەو دادپەروەر، بنیات دەنێ. لەم کۆمەڵگەیەدا کە بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەیڕەو دەکرێن :

١. بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک ئامانجی سەرەکییە.

٢. جەوهەری دێموکراتیکی ئەم سیستمە لەوە دایە کە پێکهاتنی لە پرۆسەی ڕیفۆرمدا بە شێوازێکی دێموکراتیکو بە بەشداریی هەموو چینو توێژەکانی نێو کۆمەڵگە دێتەدی.

٣. جەوهەری دادپەروەرانەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەوەدایە کە هەوڵ دەدرێ

مەودای ئابووریو کۆمەڵایەتیی نێوان چینەکان کەم بکرێتەوەو یارمەتی بە دابینکردنی هاوسەنگییەکی ڕێژەیی لەنێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵگەدا بکرێ.

٤. سیستمی بازاڕی ئازاد لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیو دێموکراتیکی خەڵکەوە چاوەدێری دەکرێ.

٥. سیاسەتی حکوومەت لەپێوەندی لەگەڵ کەرتی گشتیو کەرتی تایبەتدا لە ڕووی پێویستیی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتو ڕەچاوکردنی قازانجی نەتەوەیی دیاری دەکرێن.

### ماددەی هەژدەهەم: یەکسانیی ژنو پیاو

١. حکوومەتی کۆماری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بەدژی ژنان، دابینکردنی یەکسانیی نێوان ژنو پیاو لەنێو خێزانو لە کۆمەڵدا و، لە مەیدانی کارو دەسەڵاتو بەگشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو ئابووریدا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێو بەرنامەی چڕوپڕ لەو پێوەندییەدا دادەڕێژێو بەڕێوەی دەبا.

٢. کەڵک وەرگرتن لە مێکانیزمەکانی تەبعیزی موسبەت وەک سیستمی کۆتا لە هەڵبژاردنی پارلمانداو دیاریکردنی ڕێژەیەکی گونجاو لە پۆستە بەڕێوەبەرییەکاندا بۆ ژنان یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ.

### ماددەی نۆزدەهەم: کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆماری کوردستان گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا وەک یەکێک لە ئامرازەکانی پەرەپێدان و چاودێریکردنی حوکمڕانیی درووست لە هەردوو بەستێنی بەشداریی سیاسیو گەشەسەندنی مرۆییدا چاو لێدەکا. هەربۆیە یارمەتی بە گەشەسەندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکاو لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یەکتر تەحەممول کردنو نەهێشتنی هەموو چەشنەکانی دەمارگرژیی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا پشتیان پێ دەبەستێ.

### ماددەی بیستەم : ژینگەپارێزی

١. پارێزگاری لە سروشتی کوردستان وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی لە ئەرکەکانی کۆماری کوردستانە.

٢. حکوومەت لە هەموو پرۆژەیەکدا کە کاریگەریی لەسەر ژینگە هەبێ بەتایبەتی لەبواری گەشەکردنو وەبەرهێناندا لایەنی ژینگەپارێزی وەک پارامێترێکی بنەڕەتی لەبەرچاو دەگرێ.

## فەسلی شەشەم
## سیاسەت بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان

**ماددەی بیست‌و یەکەم:**
ڕوانگەی کۆماری کوردستان بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان
کۆماری کوردستان :
١. گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و کورد لە هەر شوێنێک بێ بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسێ.
٢. لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دابینکردنی ماف‌و ئازادی‌یە نەتەوایەتی‌یەکانی پشتیوانی دەکا.
٣. لە سەربنەمای یاسایی، پەنای سیاسی بەو کوردانە دەدا کە بە هۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەونە بەر مەترسی‌و ناچار دەبن وڵاتەکەیان بەجێ بێڵن.
٤. پێوەندیی ڕەسمی لەبواری سیاسی‌و بازرگانی‌و فەرهەنگی‌و زانستی‌دا لەگەڵ ئەو بەشانەی کوردستان‌دا دادەمەزرێنێ کە بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان گەیشتوون.

## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## فەسڵی یەکەم
## پێناسەی حیزب

**ماددەی یەکەم: ناوی حیزب، «حیزبی دێموکڕاتی کوردستان»ە.**
ماددەی دووهەم: حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی‌و دێموکراتە کە وڵاتپارێزان‌و ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆی دا کۆدەکاتەوە.

**ماددەی سێهەم :**
حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی سێکولارەو باوەڕی بە جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**
ئارمی حیزب بریتییە لە بازنەیەک کە نیوەی لای ڕاستی چەرخێکە لە ڕەنگی شین و نیوەی لای چەپی چڵە گەنمێکە لە ڕەنگی زەرد؛ لە شوێنی سەرەوەی پێکگەیشتنی ئەم دوو نیوە بازنەیە ناوی حیزب لە زەمینەیەکی سپی‌دا بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی نووسراوەو لە شوێنی خوارەوەی پێکگەیشتنیشیان ساڵی دامەزرانی حیزب (١٩٤٥) لە زەمینەیەکی سووردا نووسراوە. نێوەڕاستی ئەم بازنەیە بە چوار چیا بە ڕەنگی کەسک و سپی نەخشاوەو خۆرێکیش

لە ناوەڕاستی بازنەکەدا دەدرەوشێتەوە. کۆی ئارمەکەش لە سەر کتێبێک ڕاوەستاوە.

## فەسڵی دووهەم
## ئەندامەتیی حیزب

**ماددەی پێنجەم: مەرجەکانی بوون بە ئەندام**

هەموو دانیشتوویەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەموو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە مەرجێک:

١. تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر نەبێ.
٢. بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.
٣. مرۆڤێکی خۆشناو و وڵاتپارێز بێ.

**ماددەی شەشەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام**

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

١. دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.
٢. لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
٣. ئەندامی حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.
٤. لەلایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی سەرەوەترەوە بە ئەندام وەربگیرێ.

## فەسڵی سێیەم
## ئەرکو مافەکانی ئەندام

**ماددەی حەوتەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**

ئەرکی ئەندامی حیزبە کە:

١. بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون تێبکۆشێ.
٢. بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسیو تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.
٣. بەپێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسیپلینی حیزبی بێ.
٤. لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێبکۆشێو لە کۆبوونەوە پێوەندیدارەکانیدا بەشدار بێ.
٥. نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
٦. پلەی زانیاریی خۆی بەرێتە سەرێ.
٧. سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکو پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکاو لە بیروڕاو ئەزموونی ئەوان کەڵک وەربگرێ.
٨. هەقی ئەندامەتی بدا.

**ماددەی هەشتەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە :

١. بە ئەندام یان بەرپرسی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ یان دیاری بکرێ.

٢. لە نێوخۆی حیزبداو لە کۆبوونەوەی پێوەندیداردا ڕاشکاوانە لە هەموو ئەندامێک یا ئۆرگانێک ڕەخنە بگرێ.

٣. لە ڕێگای تەشکیلاتی‌یەوە ڕەخنەو پێشنیارو پرسیارو بیروڕای خۆی ئاراستەی هەر ئۆرگانێکی حیزب بکا.

٤. لە نێوخۆی حیزبدا سیاسەتی حیزب بخاتە ژێر پرسیارو پێشنیاری گۆڕینی بکا.

٥. لە هەموو ئۆرگانێک لەلای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.

٦. لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی‌و سیاسیی ئەو هەڵسەنگێنێ‌و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**ماددەی نۆهەم: سزادانی ئەندام**

١. ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن یان بەپێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەجووڵێنەوە یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئیعتیباری حیزب دەگەیەنێ، بەپێی ڕادەی سەرپێچی‌یەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتی‌یە لە:

- سەرکۆنە بە دەم
- سەرکۆنە بە نووسراو
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی
- هەڵپەساردن
- دەرکردن لە حیزب

٢. سزای حیزبی لەلایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆرینەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣. مەبەست لە سزای حیزبی، ڕێنوێنیی ئەندامەو تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنەو ئامۆژگاری لە چاککردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤. ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێداچوونەوە بکاو دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

٥. درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبیی بۆ لەبەر چاو دەگیرێ‌و بەگوێرەی نەزەری ئۆرگانی خۆی بەرپرسایەتیی پێ‌دەدرێ.

## فەسڵی چوارەم
## پێکهاتەی ڕێکخراوەیی حیزب

**ماددەی دەهەم: بنەمای قەوارەو کاری ئۆرگانەکانی حیزب**

١. ئەسڵە بنەڕەتییەکانی دارشتنی قەوارەی حیزب ئەمانەی خوارەوەن:
- هەموو ئورگانەکانی حیزب لە خوارێڕا بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێن.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوونو هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لەلایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ.
- لەنێو حیزب دا بۆ هەموو ئەندامان بەبێ جیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
- لە ئورگانەکانی حیزب دا بڕیار بە شێوەی بەکۆمەڵو بە زۆرینەی دەنگ دەدرێ.
- تاکپەرستیو سەرەڕۆیی لە هیچ پلەیەکی تەشکیلاتیدا ڕێگای پێنادرێو لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێ.
- زانیاریی پێویست سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ و پرسەکانی بواری تەشکیلات، پەیوەندییەکانو مەسەلە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی سیستماتیک لەنێو حیزبدا بڵاو دەکرێتەوە.

٢. لە حیزبدا بوونی گرووپو فراکسیۆنی ئاشکرای فیکریو سیاسی بە ڕەسمی دەناسرێو هەموو گرووپێک هەقی هەیە بیروبۆچوونی خۆی لەنێو تەشکیلاتی حیزبدا دەرببڕێ.

**تێبینی :**
- مکانیزمی پێوەندیدار لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە تەنزیم دەکرێ.
- هەر چەشنە دەستەبەندییەکی نهێنی قەدەغەیەو سزای لەسەرە.

**ماددەی یازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١. بناخەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢. ڕێکخراوەکانی حیزب بەهۆی کومیتەی دێ، گەڕەک، شار، ناوچە، شارستانو ناوەندەوە بەڕێوە دەبرێن.

٣. ئەرکی شانەو کومیتەکانی بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵکو جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیو ئورگانە بەرپرسەکانی پێوەندیدارو بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤. کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێک لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥. بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە هەر دوو ساڵ جارێک لە ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانیان پێک دێ.

٦. ڕێکخراوەکانی حیزب لە مەڵبەندی چالاکیی خۆیاندا دەتوانن بەرنامەو پلانی کاری تایبەت بە خۆیان دابڕێژن.

**تێبینی:**
– لە هەلومەرجی تایبەتیدا کومیتەی ناوەندی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوی حیزب پەسند بکا.
– ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستان بەگوێرەی ئاییننامەیەکی تایبەتو گونجاو کە بە پەسندی کومیتەی ناوەندی دەگا، بەڕێوە دەچن.

## فەسڵی پێنجەم
## ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب

**ماددەی دوازدەهەم: کۆنگرەی حیزب**
١. کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە کە هەر چوار ساڵ جارێک لە ئەندامانی ئەسڵیو جێگرو ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی، ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بەرادەیەک کە کۆمیتەی ناوەندی دیاریی دەکا لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب پێک دێ.
٢. کونگرەی نائاسایی لە سەر داخوازی کۆمیتەی ناوەندی، یان دوو لە سێی کۆمیسیۆنو کۆمیتەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پێک دێ.

**ماددەی سێزدەهەم: ئەرکو دەسەڵاتی کۆنگرە**
کۆنگرەی حیزب :
١. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەسەنگێنێو بڕیاری لەسەر دەدا.
٢. ڕێبازی گشتی، ستراتیژیو تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.
٣. بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب بەپێی پێویست دەسکارییو پەسند دەکا.
٤. ئەندامانی ئەسڵیو جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەنێو ئەندامانی کۆنگرەدا هەڵدەبژێرێ.

**تێبینی:**
– کۆمیتەی ناوەندیی حیزب مافی ئەوەی هەیە ئەوپەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە چواری ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی، لە ئەندامانی حیزب ڕاستەوخۆو بە مافی دەنگدانەوە لە کۆنگرەدا بەشدار بکا.
– کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کۆمیتەی ناوەندی کە هەر نەبێ سێ ساڵ ڕابردووی ئەندامەتیی چالاکانەیان لە ڕێکخراوێکی حیزبدا هەبێ.
– ڕێژەی نوێنەرانی هەر ڕێکخراوێکی حیزبی بۆ کۆنگرە بەپێی ژمارەی ئەندامانی ئەو ڕیکخراوە دیاری دەکرێ، بەمەرجێک لانیکەم دوو لەسەر سێی ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە کۆنفرانس بۆ کۆنگرەدا بەشدار بن. لە غەیری ئەوەدا، ژمارەی بەشدارانی کۆنفرانسەکە دەکرێتە بنەما.

**ماددەی چاردەهەم: کۆنفرانسی گشتیی حیزب**

١. کۆنفرانسی گشتیی حیزب لەکاتێک دا دەبەسترێ کە:

- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.

٢. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٣. کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی، جێگرو ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی، ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی، نوێنەرانی کۆمیتەکانی شارستان‌و ناوەند، کۆمیتەو کومیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی‌و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کاروباری حیزب لە دەرەوەی کوردستان پێک دێ.

٤. ڕادەی نوێنەرانی ئەو کۆمیتەو کۆمیسیۆنانە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ، بە مەرجێک ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی‌و جێگرو ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی زیاتر بێ.

**ماددەی پازدەهەم : ڕاپرسی**

١. ڕاپرسی لە حیزبدا لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە پرسێکی گرینگی چارەنووس‌ساز بێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەیهەوێ بە تەنیا بڕیاری لەسەر بدا. لەو حاڵەتەدا پێویستە هەرنەبێ دوو لە سێی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خوازیاری ڕاپرسی بن.

٢. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسە کە لە زووترین کات دا (ئەوپەڕەکەی مانگێک) کۆمیتەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاپرسییە لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکان‌و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب پێک بێنێ.

**تێبینی:**

- یەک لە سێی ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ڕاپرسی لە نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی‌و یەک لە سێی لە نوێنەرانی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و یەک لە سێی لە نوێنەرانی کۆمیتەی کاروباری حیزب لە دەرەوەی کوردستان دەبن.
- ئەم کۆمیتەیە لە ئامادەکردنی پرسیارەکانی ڕاپرسی، شێوەی بەجێگەیاندنی‌و ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی بەرپرسە.
- پرسیارەکانی ڕاپرسی دەبێ بە پەسندی کومیتەی ناوەندی بگەن.
- ئاکامی ڕاپرسی دەخرێتە دەستووری کاری یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کە لە دوای ڕاپرسییەکە پێک دێ.

**ماددەی شازدەهەم: کۆمیتەی ناوەندی**

١. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبەو کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢. ئەرک‌و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:

- سکرتیری گشتیی حیزب‌و دەفتەری سیاسی‌و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ.

- بەرپرسی چاوەدێریو بڕیاردان لەسەر سیاسەتی گشتیی حیزب لە چوارچێوەی پەسندکراوەکانی کۆنگرە دایە.
- بەرپرسی گشتیی داهاتو دەرکەوتی حیزبەو ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا.
- لانیکەم ساڵی چوار جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگرو ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی دا بەشدار دەبنو دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.
- ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی کۆنگرە و شێوەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی دەکا.

**تێبینی:**
- کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی لە بواری دیاریکراوی شارەزایەتیدا ڕاوێژکار بۆ خۆی هەڵبژێرێ.
- کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی فەرمی دەبن.
- بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە نیوەی هەموو ئەندامانی ئەسڵی، یان دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵیی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا دەنگیان بۆ بدەن.
- کۆمیتەی ناوەندی هەقی هەیە لە کارەکانی سکرتێری گشتیو ئەندامانی دەفتەری سیاسی بکۆڵێتەوەو لێپرسینەوەیان لێ بکا.
- لە حاڵەتێکدا کە تەرمیمی کۆمیتەی ناوەندی پێویست بێ، ئەو کارە بە هەڵبژاردنی یەک یا چەند جێگر بە ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی ئەنجام دەدرێ.

**ماددەی حەڤدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١. دەفتەری سیاسیی حیزب لە سکرتێری گشتیو ژمارەیەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێک دێ کە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر دەداو هەڵیاندەبژێرێ.

٢. ئەرکەکانی دەفتەری سیاسی ئەمانەی خوارەوەن :
- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بەرپرسی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە.
- لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی حیزبدا هەڵوێستو ڕوانگەکانی حیزب دیاری دەکاو ڕایاندەگەیەنێ.
- کاروباری کۆمیسیۆنەکان لە کۆبونەوەکانی خۆی دا تاوتوێ دەکاو بڕیاری پێویستیان لەسەر دەدا.
- کۆبوونەوەکانی خۆی بە پێی پێویست پێک دێنێو ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کۆمیتەی ناوەندی.

٣. دەفتەری سیاسی بەپێی پێویستو بە پەسندی کۆمیتەی ناوەندی، چ لە ڕووی ئەزموونەوەو چ بۆ پسپۆڕیی تایبەت، ژمارەیەک ڕاوێژکار بۆخۆی دیاری دەکا:

- ستاتووی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بە پێی ئاییننامەیەکی تایبەت ڕێک دەخرێ. ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی لەو کۆبوونەوانەی دەفتەری سیاسییدا کە مەسایلی کەلانی پێوەندیدار بە سیاسەت و بەڕێوەبردنی حیزبییان تێدا تاوتوێ دەکرێ، بە دەنگی مەشوەرەتییەوە بەشدار دەبن.
- ژمارەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی نابێ لە ژمارەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی زیاتر بێت.

**تێبینی :**
- ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە هەموو حیزبەوە هەیە دەبێ لە کۆمیتەی ناوەندیدا باسیان لێ بکرێو بڕیاریان لەسەر بدرێ.
- بڕیاڕ پێوەندیی بە هەر کۆمیسیونێکەوە هەبێ، پێویستە بە بەشداریی بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنە بێتە بەرباسو پەسند بکرێ.

**ماددەی هەژدەهەم : سکرتێری گشتیی حیزب**
١. سکرتێری گشتیی حیزب :
- وتەبێژی ڕەسمیی حیزب بەڕووی دەرەوەی حیزب دایە.
- بەرپرسی گشتیی پێوەندیەکانی دەرەوەی حیزبە.
- هەماهەنگی لەنێوان ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزبدا پێک دێنێ.
٢. لە غیابی سکرتێری گشتیدا، جێگری سکرتێر ئەرکەکانی جێبەجێ دەکا.

ماددەی نۆزدەهەم: کۆمیسیۆنەکانی کاری حیزب
١. کۆمیسیونەکانی کاری حیزب بەپێی لێکدانەوەو پەسندی کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکرێن.
٢. ئەم کۆمیسیۆنانە بەپێی ستراتیژیی درێژخایەنو پلانی کاری سالانەو چەند ساڵەی خۆیان کە لە کۆمیتەی ناوەندیدا دەنگیان بۆ وەردەگیرێ، کار دەکەن.
٣. هەر یەک لەم کۆمیسیۆنانە لە چوارچێوەی ئاییننامەدا لە بەجێگەیاندنی ستراتیژیو پلانی کارو بڕیاری ڕۆژانە لە کاری خۆیان دا سەربەخۆن.

## فەسڵی شەشەم
## کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب

**ماددەی بیستەم:**
کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە کەسانی شارەزای بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ.

**ماددەی بیستویەکەم : ئەرکو سەلاحییەتەکانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری ئەمانەن:**
١. چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی پێڕەوی نێوخۆ لە ڕێکخراوو ئۆرگانەکانی حیزبدا دەکا.
٢. لە ڕێگای نوێنەرانیەوە بەشداری کۆنفرانسەکانی حیزب دەبیو لەسەر سەلاحییەتی کۆنفرانسەکانو درووستیی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەکانو نوێنەرانی کۆنگرە نەزەر دەدا.
٣. بە شکایەتی ئەندامانی هەڵپەسێردراو یان دەرکراو ڕادەگاو ئەگەر سزاکەیانی بەپێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆ زانی، پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدا.
**تێبینی:**
١. کۆمیسیۆنی پارێزگاری کاری بەسەر مەسایلی ئیجرایی حیزبەوە نیە.
٢. کۆمیسیۆن لە سزای ئیداری یان سزای پێشمەرگایەتی ناکۆڵێتەوەو تەنیا کاری بە سزای حیزبییە.
٣. کۆمیسیۆن نەزەرو پێشنیارەکانی بۆ پەسند کردن دەداتەوە بە کۆمیتەی ناوەندی.

## فەسڵی حەوتەم
## داهاتی حیزب

**ماددەی بیستو دووەم: سەرچاوەی داهاتی حیزب**
داهاتی حیزب بریتییە لە :
١. هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
٢. یارمەتیی ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب.
٣. دەسکەوتی پرۆژەو وەبەرهێنان.

## فەسڵی هەشتەم
## چەند پرەنسیپی گشتی

– سیستمی کارو چالاکیو کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکانی حیزب بە شێوەی سیستمو بە بەرنامەو پلانی نووسراوەوە بەڕێوە دەچی. هەموو تەشکیلاتو ئۆرگانو تیمەکانی کاری حیزب پرۆگرامو پلانی کاری خۆیان دەبیو جێبەجێی دەکەن.
– بە مەبەستی بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان لە ڕیزەکانی حیزبدا، دەبی گرنگییەکی زۆر بە پەروەردەو پێگەیاندنیان بدری بۆ ئەوەی دەرەتانی تواناسازیی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی کار لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی حیزبدا بۆ برەخسێندری. هەروەها دەبی میکانیزمی گونجاو بە مەبەستی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی حیزبو ئۆرگانە بەڕێوەبەرییەکانی دیکەی حیزبدا لەبەرچاو بگیریو لە پرەنسیپی «هەڵاواردنی پۆزەتیڤ»یش کەڵک وەربگیری.
– لە نێو حیزبدا وێڕای گرینگیدان بە کەسایەتیی ئەندامانی حیزب و ڕێزگرتن لە مافەکانیان، پاراستنی دیسپلین و ئینسجام ئەرکی هەموو لایەکەو هەرچەشنە کردەوەیەک کە زیان بە نەزمی نێوخۆیی بگەیەنی لێپرسینەوەی لیدەکری.

## پەیامەکانی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### پەیام بۆ گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان

کۆمەڵانی خەباتگێڕی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)!

لە کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سڵاوی ئەمەگ و پێزانینتان پێشکێش دەکەین. ئێمە کۆمەڵێک لە ڕۆڵەکانتان کە بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاسایی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆنگرەی شازدەیەم (کۆنگرەی حەفتا ساڵەی حیزب) لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوە، ئەگەرچی بەداخەوە کۆنگرەکەمان لە نێوخۆی وڵات پێکنەهاتوە لەڕێگای دوورەوە سێبەری پیرۆزی ئێوە لەسەر سەرمان هەست پێدەکەین.

پتر لە حەفتا ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو شانازییەی پێبڕاوە کە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەوا و زەوتکراوەکانی ئێوە خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بێ. شانازیی گەورەتر ئەوەیە کە لەو ماوە دوورودرێژەدا سەرچاوەی لەبڕاننەهاتووی وزەو توانای حیزبەکەمان هەمیشە ئێوە چین و توێژە ئازادیخواز و خەباتگێڕەکانی ئەم بەشە لە کوردستانی دابەشکراو بوون.

حەفتا ساڵ زیاترە حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی خۆرهەڵاتی کوردستان بەجۆرێک ئاوێتەی یەکتر بوون کە لێکجیاکردنەوەیان بۆ نزیکترین دۆستان و سەرسەختترین دوژمنانیش کارێکی دژوارە. ئەم حیزبە هەموو سەرمایەکانی، هەموو شانازییەکانی و تەنانەت تێکۆشەران و شەهیدەکانیشی لە سەرچاوەی بەپیتوبەرەکەتی بەخشندەیی ئێوە وەرگرتوە.

### خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!

کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیدا ئەوەی لەدەستی هاتوە لە زەبروزەنگ و کوشتوبڕ و زیندان و ئەشکەنجە و ئازار و ئیعدام دەرهەقی ئازادیخوازانی ئێران و بەتایبەتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد درێغی نەکردوە و لەو ڕێگایەوە کارنامەیەکی ڕەشی بۆخۆی تۆمار کردوە کە خستوویەتە بەر نەفرەت و بێزاریی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو. بەڵام وەک بۆخۆتان دەزانن ئەم ڕێژیمە بە هیچجۆر نەیتوانیوە ئامانجی دژیئینسانیی خۆی لەو جینایەتانە، کە بریتی بوو لە کپکردنی دەنگی ئازادیخوازی و بەچۆکداهێنانی ئازادیخوازان وەدەست بێنێ. لە سەرانسەری ئێران کۆماری ئیسلامی دەگەڵ شەپۆلێکی بەربڵاو لە بەربەرەکانیی مەدەنی بەرەوڕوو بووە و ئەگەرچی بێڕەحمانە هەوڵی سەرکوتکردنی داوە، بەڵام بەرهەمێکی جگە لە بێزراویی زیاتر لە نێوخۆ و بەدناویی پتر لەڕادەی نێونەتەوەییدا، بەدەست نەهێناوە.

ناکامیی ڕێژیمی ئیسلامی لە کوردستان دیمەنێکی ئاشکراتری هەیە. ئەگەر دەوڵەت بێبەزەییانەتر بەرامبەر خەڵکی ئەم دەڤەرە جووڵاوەتەوە، خۆڕاگری و نەبەزیی خەڵکەکەش بەرچاوتر و بەربەرینتر بووە. لەلایەک بەربەرەکانیی هێزە شۆڕشگێڕەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەبووە و قەت ڕێگەی نەداوە کۆنەپەرستان لەم بەشە لە ئێران هەست بە ئەمنیەت بکەن و سیاسەتە

کۆنەپەرستانەکانی خۆیان بەسەر ئەو خەڵکە چاونەترسەدا بسەپێنن.لەلای دیکەش لە نەبوونی دەرەتان بۆ خەباتی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆندا چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جێگەی بەتاڵی ئەوانیان پڕ کردۆتەوە و هەرگیز نەیانهێشتوە ئاڵای بەرەنگاربوونەوەی زوڵموزۆر بکەوێتە زەوی.

**گەلی تێکۆشەر و کۆڵنەدەری کوردی خۆرهەڵات!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەک جاران و بە ئیرادەیەکی پتەوتریشەوە بە پەیمانی پیرۆزی خۆی دەگەڵ کوردستانی‌یە خەباتگێڕەکان وەفادارە و لێ‌بڕاوە تا گەیشتن بە ئامانجی دابین‌کردنی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان ئاڵای خەباتی ئەم گەلە بەشەکاوەیی ڕابگرێ. لەو ڕێگەیەدا پێش هەموو شتێک بە یارمەتیی بێ‌دریغ و پشتیوانیی ئێوە دڵگەرم و پشتئەستوورە. تێکۆشەرانی ئەم حیزبە میراتگرانی شانازی‌یەکانی ٢٥ی گەلاوێژ و قوتابیانی مەکتەبی فیداکاریی ڕێبەرانی شەهید پێشەوا قازی موحەممەد و دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی و دەیان شەهیدی ڕێبەری و هەزاران شەهیدی مەیدانی خەبات و بەرخوەدانن و بە ورەی بەرزەوە ئامادەی درێژەدانی ڕێبازەکەیان تا "سەرکەوتن یان سەردانان"ن.

متمانەتان بەحیزبەکەتان هەبێ و لە سەرکەوتنی داخوازە ڕەواکانتان دڵنیا بن. ئەو هەورە چڵکنەی بەری ئاسمانی کوردەواریی ئێمەی گرتوە بەزوویی دەڕەوێتەوە و خۆری هیوا بە وەدەستهێنانی ئازادی لە پشتی چیا سەربەرزەکانەوە دەدرەوشێتەوە. زامنی گەیشتن بەو ڕۆژە و وەدی‌هاتنی ئەو ئامانجەش تەنیاوتەنیا بەردەوامبوونی پێوەندیی دەیان ساڵەی نێوان ئێوە و حیزبە ئەمەگدارەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

هەموو پێکەوە بەرەو بەدی‌هێنانی ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکانمان. بەردەوام بێ پێوەندیی لەمێژینەی نێوان کۆمەلانی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەئاواتی ڕۆژی ڕزگاری.

**کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٩٤ (فێوریەی ٢٠١٦)**

***

## پەیامی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان

**بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان**

لە تریبۆنی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە سڵاوتان بۆ دەنێرین و سەری ڕێز بۆ خۆتان و گیانی پاکی ڕۆڵەکانتان دادەنەوێنین، ئەو ڕۆڵانەی لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای نەتەوە ستەملێکراوەکەمان دا چاوپۆشییان لە ژیان و ماڵ و گیانی خۆیان کرد و خوێنی خۆیان کردە مەشخەڵێک، کە تا گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتن،

بەرچاوی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازانەمان ڕوون دەکاتەوە.

سڵاو بۆ ئێوە کە ئەو تێکۆشەرە ئەمەگناسانەتان پێگەیاندن، بە گیانی نیشتمانویستی و ئازادیخوازی ڕاتانهێنان، ئەوینی نیشتمان و خزمەت بە خەڵک و کۆمەڵتان کردە هەوێنی بیر و مەبەستیان و سەرەنجام بە دەست و دڵاواڵەییەوە پێشکەشی بارەگای ئازادیی نیشتمان ونەتەوەتان کردن. خوێنی ئەو شەهیدانە لاپەڕەکانی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی کورد و کوردستانی نەخشاندوە و بێگومان فیداکاری و لەخۆبووردوویی ئەوان بۆ ئێمە دەبێتە سەرمەشق و هاندەر لە درێژەدانی ڕێگا پیرۆزەکەماندا.

**بەندییەسیاسییە قارەمانەکان!**

بەربەرەکانیی قارەمانانەی ئێوە لە بەندیخانە و ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا بەشێکی سەرەکی و گرینگە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نێو بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، ئێران و جیهان دا دەنگی داوەتەوە و بۆتە ئیلهامبەخش و وەرەدەر بۆ کادر و پێشمەرگەکانی حزبی ئێمە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان و هەموو ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران. ئێوە لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم دا، بە تاوانی هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی پیرۆز و مافێکی ڕەوا، ڕەنجتان کێشاوە و بەرەوڕووی دڕندانەترین ئەشکەنجە و ئازاری جیسمی و ڕووحی بوونەوە، ئامانجێک کە گەلەگەتان لەمێژە خەباتی بۆ دەکا و قوربانیی لەپێناودا دەدا. هەر لەو ڕێگایەش دا کەس و کار و بنەماڵەکانی ئێوەش تووشی گەلێک ناڕەحەتی و کوێرەوەری هاتوون. بەو حاڵەش بە چۆک دا نەهاتوون، سەرتان بۆ دوژمن شۆڕ نەکردوە و نیشانتان داوە کە ڕاونان، زیندان، ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتن و لە سێدارەدانیش ناتوانێ پێش بە خەباتی ڕەوای ڕۆڵەکانمان بۆ بەرگری لە مافەکانی خۆی بگرێ. دڵنیابن خەڵکی کوردستان و مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد بایەخ و جێگەی تایبەت بۆ خۆڕاگری، لەخۆبووردوویی و ڕەنج و خەباتی ئێوە دادەنێ و ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرسی تێکۆشان و فیداکاریتان لێفێر دەبن.

ئێمە ئەندامانی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان جارێکی دیکەش ڕێز لە خەبات و خۆڕاگریتان دەگرین و دڵنیاتان دەکەینەوە ڕەنج و ماندووبوون و هەوڵدانی ئێوە لە ڕێگای ڕزگاری دا بە فیڕۆ ناچێ و ئێمە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، تا وەدیهێنانی ئامانجی هەموومان، واتە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان دەدەین.

**کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٩٤ (فێوریەی ٢٠١٦)**

***

## پەیامی کۆنگرەی ١٦ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هێز و لایەنە ئێرانییەکان

**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!**
**حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان!**
**چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان شازدەیەمین کۆنگرەی خۆی لە حاڵێکدا بەڕێوەبرد کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و ئێران بە تایبەتی لە بوارە سیاسییەکاندا لە بەرەبەری ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانی بنەڕەتیدان. سەرهەڵدان و هێژمۆنیخوازیی هێزە بناژۆخوازەکان، لە لایەک هەڕەشە لە ئەمنییەت و داهاتووی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە ناوچەکە دەکا و، لە لایەکی دیکەوە هەوڵ و خەباتی هەموو ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازانی بەرەوڕووی تەنگژە و بەرپرسیارێتییەکی مەترسیدار کردۆتەوە.

پێویستە بایەخدان و هەوڵی چارەسەریی ئەو مەسەلانەی لەمێژساڵە بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و ئێران و دراوسێ ڕۆژئاواییەکانی بە تایبەت گرتوە بکەوێتە بەرنامەی کاری حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکانەوە. هەروەک ئاگادارن مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک یەکێک لە مەسەلە بەرباس و چارەسەر نەکراوەکانی مێژووی هاوچەرخی ناوچەکە، بۆ جارێکی دیکە بۆتەوە بابەتی ڕۆژ. ئەمڕۆ هەموو جیهان شاهیدن کە نەتەوەی کورد وەک دینامیزمی خەبات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بۆتە ئامانجی بناژۆخوازی، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی لە سووریە و عێراق بووە بە مەتەریزی خۆڕاگری دژی ئەم مەترسییە ڕوو لە زیادبوونە.

ئێمە پێمانوایە کە پارێزگاری لە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی کوردەکان لە ناوچەکە بووە بە بەشێکی جیانەبۆوەی خەبات بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، ئەمنییەت و خۆشبژیوی، ئازادی و دێموکراسی لە ناوچەکە.

**حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان!**
**چالاکانی سیاسی و مەدەنی!**

ئەندامانی کۆنگرەی ١٦یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێویستە هەموو چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە وردی سەرنج بدەنە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و تێکەڵاوییە سیاسییەکانی ناوچە و ئێران و، بە پێداچوونەوە بە ڕوانینی خۆیان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی، یارمەتیی چارەسەرکردنی بدەن. بە وتەیەکی دیکە پەرەی سیاسی و دێموکراتیزاسیۆنی ئێران پێویستیی بە ڕوانگەیەکی نوێیە بۆ مەسەلەی نەتەوەکان بە گشتی و مەسەلەی کورد بە تایبەتی. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لە هەوڵ و هیممەتی کردەییانە و ڕوونی ئێوە لەم پێناوەدا دەکا.

**هاونیشتمانیانی بەڕێز!**

ئێمە لەو باوەڕەداین کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کۆسپێکی جیددییە لەسەر ڕێگەی پرۆسەی ئازادکردن و دێموکراتیزاسیۆنی ئێران و لەسەر ئەم بنەمایە پێویستیمان بە وتوویژ و کاری مەیدانیی هاوبەش هەیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرنگە. کوردەکانی ئێران بە مێژوویەکی خەباتی پڕ هەوراز و نشێوەوە، ئەزموونی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان حەفتا ساڵ پێش ئێستا، خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا، وتوویژ و دانوسان وەک میکانیزمەکانی خەبات و دیپلۆماسی و هتدیان لە کارنامەی خەباتی خۆیاندا تۆمار کردوە.

ئەندامانی کۆنگرەی ١٦یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئێستا و داهاتووی ئێران و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی، وەک کۆنگرەکانی پێشوو پێیان لەسەر چارەسەریی مەسەلەی نەتەوایەتی، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، سێکۆلاریزم، دێمۆکراسی، یەکسانی، ئازادی و دیالۆگی دێموکراتیک داگرتەوە و، هەموو هاونیشتمانیان و ئازادیخوازانی ئێرانی لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بۆ هاوپێوەندیی کردەییانە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و خەباتی هاوبەش لەسەر بنەمای بەهاکانی سەرەوە بانگێشت دەکەن.

شایانی باسە کە ئەندامانی کۆنگرە ڕێبەریی هەڵبژێراویان ئەرکدار کردوە کە بەدواداچوون بۆ ڕەوتی وتوویژەکان لە پێوەندی لەگەڵ باسەکانی سەرەوەدا بکەن.

بە هیوای هاوکاری و هاوپێوەندیی زیاتری هێزە ئازادیخوازە ئێرانییەکان و یەکیەتیی کردەوە لە خەباتی هاوبەش بۆ گەیشتن بە ئازادی.

بە هیوای گەیشتن بە یەکیەتی و یەکڕیزی بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی ئازاد و فیدراڵ.

**کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٩٤ (فێوریەی ٢٠١٦)**

***

**پەیامی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**بۆ ئەندامان، پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنگران و تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات!**

تێکۆشەرانی دڵسۆز و فیداکاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

هەروەک دەزانن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لەم بەشە لە کوردستاندا، لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی خۆیدا، قۆناغ و هەلومەرجی جۆراوجۆری دیتوە و هەورازو نشێوی زۆری بڕیوە.

ئەم گەلە، ئێستا هەروەک پێشوو، بگرە زۆرتریش چاوی هیوای بڕیوەتە خەباتی کۆڵنەدەرانە و هەمە لایەنەی ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆی، کە بێگومان ئێوە ڕۆڵە دڵسۆز و فیداکار و

پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمبوارەدا ئەرکی قورسترتان دەکەوێتە سەرشان.
کۆنگرەی "حەفتا ساڵ تێکۆشان"، کۆنگرەی ١٦، وێڕای ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ڕابردووتان، چاوەڕوانە کە لەمەبەدواش هەروا فیداکار و پارێزەری خاک و خەڵک و نیشتمان بن و پاڵپشتێکی بەهێزیش بن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
حیزبی ئێمە، خەباتی هەمە لایەنەی ئێوە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانمان بە هیچ جۆر لە خەباتی نەپساوەی خۆی جیا ناکاتەوە و خۆشی بە پشتیوان و پاڵپشتی خەباتی ئێوە لە نێوخۆی وڵات دەزانێ.
سەرکەوتنتان ئاواتی ئێمەیە.

**کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٩٤ (فێوریەی ٢٠١٦)**

***

# بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی
# کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- **کورتەیەك لەسەر کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
- **بەیاننامە بەبۆنەی پێکهاتنی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
- **ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٧ی حیزب**
- **بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
- **بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی ١٧**
- **پەیامەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

## کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات)
## (خەزەڵوەری ١٣٩٨)

کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژانی ١٩_٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (١٠-١١ی نوامبری ٢٠١٩) لە باشووری کوردستان گیرا.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

١) خالید عەزیزی (سکرتێر)، ٢) مستەفا مەولوودی (جێگری سکرتێر)، ٣) عومەر باڵەکی، ٤) کەماڵ کەریمی، ٥) حەسەن قادرزادە، ٦) عەلی بداغی، ٧) خالید وەنەوشە، ٨) هەژیر عەبدوڵلاپوور، ٩) سمایل شەرەفی، ١٠) ئارەزوو نستانی، ١١) مووسا باباخانی، ١٢) سۆران نووری، ١٣) سەید برایم کەریمی، ١٤) خەدیجە مەعزوور، ١٥) کارۆ ڕەسووڵی، ١٦) سامان فەقێ نەبی، ١٧) سەعید بەگزادە، ١٨) حەمەڕەسووڵ کەریمی، ١٩) کوێستان گادانی.

**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

١) شلێر مەحموودی، ٢) شەونم هەمزەیی ، ٣) خدر (بەگ) پاکدامەن، ٤) ئامانج زیبایی، ٥) مەنسوور مروەتی، ٦) گەلاوێژ پەیرەوان، ٧) مادح ئەحمەدی، ٨) خالید حەسەنپوور.

**ئەندامانی دەفتەری سیاسی:**

١) خالید عەزیزی، ٢) مستەفا مەولوودی، ٣) حەسەن قادرزادە، ٤) کەماڵ کەریمی، ٥) عومەر باڵەکی.

**ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی:**

١) برایم چووکەڵی، ٢) ڕەحمان سەلیمی، ٣) حەسەن شێخانی، ٤) کورش نوسرەتی، ٥) محەممەد حەسەنزادە (ماماغا)، ٦) حەسەن ئەبرووزەنی، ٧) مەولوود سوارە، ٨) ڕەحیم محەممەدزادە، ٩) سکرتێری یەکیەتیی لاوان (پێشەوا عەلیپوور)، ١٠) سکرتێری یەکیەتیی ژنان (مۆژگان عەلیپوور).

**ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوەی نێوخۆ**

١) ئەحمەد نستانی، ٢) سەید عەبدوڵلا حوسێنی، ٣) ئەحمەد سادقپوور (سۆفی ئەحمەد)، ٤) محەممەد ئیسماعیلی، ٥) ئەبووبەکر قەدیکورد.

## بەیاننامە بەبۆنەی پێکهاتنی
## کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**هێز و کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئێران!**
**ئەندامان، دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بە خۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە لە ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (١٠ و ١١ی نوامبری ٢٠١٩)، حەڤدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، "کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات" سەرجەم ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی جێبەجێ کرد و کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کۆنگرەی حەڤدەیەم لەژێر دروشمی "یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دوارۆژ، زامنی سەرکەوتنمانن" و، بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان بە تایبەتی شەهیدانی نێوان دوو کۆنگرەی ١٦ و ١٧ کارەکانی خۆی دەست پێکرد. پۆستێری شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات، کە ئەم کۆنگرەیە بە ناوی ئەوانەوە کرابوو، وێڕای چەندین دروشمی نیشاندەری ئامانجەکان و سیاسەتە دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساڵۆنی شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیان ڕازاندبۆوە. ئەگەرچی شەهیدانی نێوان ئەم کۆنگرەیە و کۆنگرەی شازدەیەم بە تایبەتی شەش ژن و پیاوی شەهیدی ئەندامی ڕێبەریی حیزب جێگایان لەم کۆنگرەیەدا خاڵی بوو، بەڵام یادی ئەوان و ئیرادە و بڕوای پتەوی بەشداران بە درێژەدانی ڕێگاکەیان، باڵی بەسەر فەزای کۆنگرەدا کێشابوو و، هاندەر و ڕێنوێنی سەرجەم ئەندامان لە سەرخستنی کار و ئەرکەکانی ئەم کۆنگرەیەدا بوو.

کۆنگرەی حەڤدەیەم بە وتاری یەکێک لە بەڕابردووترین ئەندامانی حیزب، هاوڕێی بەڕێز مستەفا شەڵماشی کرایەوە. بەڕێز شەڵماشی وێڕای ئاماژە بە هەستیاریی سیاسی و خەباتگێڕیی ئەو بارودۆخەی کۆنگرەی حەڤدەیەمی تێدا پێک هاتوە، ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی خۆی بۆ هەرچی باشتر جێبەجێبوونی چاوەڕوانیی ئەندامان، دۆستان و هەموو دڵسۆزانی دێموکرات لەم کۆنگرەیە، خستە ڕوو.

بە دوای کرانەوەی ڕەسمیی کۆنگرە، ڕاپۆرتی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەیەم لە لایەن بەرپرسی ئەم کومیتەیە پێشکەش بە کۆنگرە کرا. ڕاپۆرتەکە وێڕای زانیاری لە بارەی چەند و چۆنیی کۆنفرانسی کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی ئاشکرای حیزب لە کوردستان و وڵاتانی دەرەوە و، ڕێژەی ئەندامان و ڕادەی نوێنەرانیان، مێکانیزمەکانی دابینکردنی حزووری نوێنەرانی جۆراوجۆرییەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبیشی ئاماژە پێ کردبوو. بە دوای قسە لەسەر کران و پەسەندکرانی ڕاپۆرتەکە، دەستەی بەڕێوەبەریی ئەم برگەیە لە کاری کۆنگرە، مەشرووعیەتی کۆنگرەی خستە بەر دەنگی ئەندامانی، کە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

پێشکەشکرانی هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەڤدەیەم لە لایەن هاوڕێی تێکۆشەر مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزب، برگەیەکی دیکە لە کاری کۆنگرە بوو. ئەم ڕاپۆرتە دوای چاوخشاندنێک بەسەر هەلومەرجی نێونەتەوەیی و شوێندانانی

لەسەر پرسی ئێران و، ئاماژە بۆ جۆر و تایبەتمەندیی ململانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چەندین پرسی گرنگی دیکەی لەخۆ گرتبوو کە هێندێکیان بریتی بوون لە: ئێران، بەرجام و کۆمەڵگەی جیهانی، ڕەوشی ئابووریی ئێران، کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان، کۆماری ئیسلامی و پرسی مافی مرۆڤ، هەروەها پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان. ڕاپۆرتی سیاسیی پێشکەشکراو لە لایەن سکرتێری گشتی، لە باسی ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، تیشکی خستبووە سەر ئامانج و هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەییەکانی حیزب، گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری، چالاکیی پێشمەرگانە و خەباتی چەکداری، کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵێک بابەتی گرنگی دیکە بۆ وێنە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی ڕاپۆرتی  ئەم جارەی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە، چالاکیی ئۆرگانیزمی حیزب لە نێوان کۆنگرەی ١٦ بۆ ١٧ بوو کە وێڕای قامک دانان لەسەر تێکۆشانی دڵسۆزانە و ماندوویی نەناسانەی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، ڕاسپاردە و ڕێنوێنی بۆ نەهێشتنی لاوازییەکانیشی لە بواری جۆراوجۆردا گرتبووە خۆی. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، کەوتە بەر باس و هەڵسەنگاندنێکی زیندوو و،  بە ڕا و سەرنج و تێبینی و ڕەخنەی بەشداران دەوڵەمەند کرا. ئەم ڕاپۆرتە، دوای پێشکەشکرانی ڕوونکردنەوەی پێویست لە لایەن بەرپرسانی پێوەندیدار و بە تایبەتی سکرتێری گشتی و، بەرعۆدەبوون بە گونجاندنی تێبینییەکان، لە لایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا.

کۆنگرەی حەڤدەیەم لە برگەیەکی دیکەی بەرنامەکانی یەکەم ڕۆژی کاری خۆیدا، گەڵاڵەیەکی تایبەت بە مودیریەتی حیزب و هەڵبژاردنی ڕێبەری، خستە بەر باس کە پێشتر لە لایەن هەیئەتێکی ڕاسپێردراوی کومیتەی ناوەندییەوە ئامادە کرابوو. ئەم گەڵاڵەیەش باسێکی زیندوو و بیروڕا گۆڕینەوەیەکی چالاکانە لە بارەی جۆری هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکانی ڕێبەری و، لایەنە لاوازەکانی بەڕێوەبەری لە حیزبدا، لێ کەوتەوە. کۆنگرە سەرەنجام دوای ئاڵوگۆڕ و دەسکاریی پێویست و ڕەتکردنەوەی بەشێکی، گەڵاڵەکەی پەسەند کرد.

کۆنگرە لە دەسپێکی ڕۆژی دووهەمی کاری خۆیدا، "گەڵاڵەی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان"ی کە پێشتر ئامادە کرابوو، خستە بەر باس و پەسەندی کرد. ئەم گەڵاڵەیە بەرچاوڕوونی لە بارەی ئاقارە سیاسی و خەباتگێڕی و ڕێکخراوەییەکانی لەمەو دوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی گرتوەتە خۆی. "ڕوانین و هەڵوێستمان لە بارەی کۆمەڵێک پرسی گشتیی جیهان، ئێران و کوردستان"، "گوتاری سیاسیی حیزب"، "حیزب و کۆمەڵگە" و، "مامەڵەمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە"، لە بەشەکان و سەرباسەکانی ئەم دۆکیۆمێنتە پەسەندکراوەی کۆنگرەی حەڤدەیەم کە هەر کامێکیان چەند تەوەر لەخۆ دەگرن. "بابەتە تەشکیلاتییەکان و هێندێک بواری تێکۆشانی حیزب" سەرباسێکی دیکەی ئەم بڕیارنامەیەیە کە بڕیار و ڕاسپاردەی ڕاشکاو لە بارەی چەندین پرس و دیاردە و کێشە و بابەتی تەشکیلاتی و نێوخۆیی لەخۆ گرتوە و، ڕێبەری و سەرجەم ئۆرگانیزمی حیزبی بۆ جێبەجێکردن و ڕەچاوکردن و پێبەندبوونیان ئەرکدار کردوە .

کۆنگرەی حەڤدەیەم لە درێژەی کارەکانی ڕۆژی دووهەمی خۆیدا، چەند ئاڵوگۆڕییەکی

وردی لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆدا پەسەند کرد. دواتر گوێی بۆ ڕاپۆرتی "کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ" ڕاگرت و دەرفەتی پێویستی بە بەشدارانی کۆنگرە دا تا ڕەخنە و پێشنیاری خۆیان پێشکەش بکەن.

لە ئاکامی باس و موناقشەیەکی گەرم و زیندوودا، کۆنگرە لەسەر جێگە و پێگەی ئەم ئۆرگانە لە پارێزگاری لە ئوسوولی حیزبی و پاراستنی مافەکانی ئەندامان و بڕەوپێدانی هەرچی زیاتری ڕێوشوێنەکانی پێڕەوی نێوخۆ لە ژیانی حیزبی و تێکۆشانی ڕۆژانەدا تەئکیدی کردەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی پەیامەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەم، کە لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنگرەدا پێشکەش کرا، دەیان پەیام لە لایەن حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ کۆنگرە ناردرابوون. ناوی ئەو لایەنانە لە کۆنگرەدا خوێندرایەوە و لە لایەن ئەندامانی کۆنگرە بە ڕێزەوە پێشوازییان لێ کرا. کۆمیسیۆنی پەیامەکان، کۆمەڵێک پەیامیشی بە ناوی کۆنگرەوە بۆ بەردەنگی جیاواز ئامادە کردبوون کە کۆنگرە ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ نێوەرۆکیان دەربڕی.

دوایین بەشی کاری کۆنگرە، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی لە ڕەوتی ڕقابەتێکی دێموکراتیکدا بە بەشداریی دەیان کاندیدا بوو. هاتنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان بۆ نێو ڕێبەریی حیزب، یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارەی ڕێبەریی حیزب بوو کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرزی تێگەیشتن و ڕوانینی ئەندامانی کۆنگرە. هەر دوا بەدوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن، کومیتەی ناوەندی پێش بڵاوەکردنی کۆنگرە، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی پێک هێنا و، هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی، وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژارد. سکرتێری گشتیی پێشوو، هاوڕێی بەڕێز مستەفا مەولوودی وێڕای ڕاگەیاندنی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە بە ئاگاداریی بەشدارانی کۆنگرە و پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتیی نوێ، لە وتارێکدا بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرە ڕێز و پێزانینی خۆی و ڕێبەریی حیزبی بەو بەڕێزانە ڕاگەیاند کە بەوپەڕی دڵسۆزی و ماندوویی‌نەناسی بۆ بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ئەم کۆنگرەیە، ئەرکیان گرتبووە ئەستۆ. دواتر سکرتێری گشتیی نوێ بەڕێز خالید عەزیزی، وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا وێڕای ڕێزگرتن لە ڕۆڵ و زەحمەتەکانی سکرتێری پێشوو، گرنگیی پێکهاتنی کۆنگرەی حەڤدەیەم لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستایدا دەستنیشان کردبوو.

بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرە و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکەی بە لە بەرچاو گرتنی ئەو مەترسییە ئەمنیەتییانەی لەسەری بوون، لەو هەواڵ و پەیامانەن کە دڵی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی شاد دەکەن. کومیتەی ناوەندی بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان، دۆستان، هۆگران و پشتیوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا و ڕادەگەیەنێ کە لەژێر ڕێنوێنیی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەم و بە ئیلهام وەرگرتن لە ناوی کۆنگرە، درێژەدەری ڕێگای خەبات و تێکۆشانی شەهیدان دەبێ. بۆ ئەوەش بە دەروەستی و جیدییەتەوە کار بۆ یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزب بە لە بەرچاو گرتن و خوێندنەوەی هەموو توانا و زەرفییەتەکانی نێو حیزب، ئەولەویەت دان بە یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بەکار بردنی هەموو بەستێنەکانی خەبات لە

پێناو خەباتێکی قورس و قایمی نەتەوایەتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و، بەرنامەڕێژیی ژیرانە و ئەمڕۆیی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سیناریۆ و پێشهاتەکانی لەمەو دوای ئێران و ناوچە دەکا.

**کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٨**
**٢٠١٩/١١/١٣**

***

## ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی
## حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٧ی حیزب

**ڕیزبەند:**


* پێشەکی
* هەلومەرجی نێونەتەوەیی و شوێندانانی لەسەر پرسی ئێران
* ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست
* ئێران، «بەرجام» و کۆمەڵگەی جیهانی
* هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئابووریی وڵات بە پشتبەستن بە چەند پێوەرێک
- بێکاری
- قەیران لە سیستمی بانکیی ئێراندا
- قەیرانی تایبەت بە سندووقی خانەنشینانی وڵات
- قەیرانی گەندەڵییماڵی
* کۆماری ئیسلامیی ئێران و مافی نەتەوەکان
* کۆماری ئیسلامی و پرسی مافی مرۆڤ
* کۆمەڵگە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان
* ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران
* کوردستان و پرسی کورد
- ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- باشووری کوردستان
- باکووری کوردستان
- ڕۆژاوای کوردستان
* حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ڕوانگە و هەڵوێست
- ئامانج و هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری
- چالاکیی پێشمەرگانە و خەباتی چەکداری

- کۆمەڵگەی مەدەنی و هەڵوێستی حیزبی ئێمە
- تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

* چالاکیی ئۆرگانیزمی حیزب لە نێوان کۆنگرەی ١٦ بۆ ١٧
* پوختە و دەرەنجام

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**بەشدارانی بەڕێزی حەڤدەیەمین کۆنگرەی حیزبەکەمان!**

**لە لایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**ەوە پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ کۆنگرەی ١٧ی حیزبە تێکۆشەرەکەمان و، بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم. هیوادارم بە هاوکاری و یارمەتیی ئێوەی بەڕێز و، بە توانا فیکرییەکانی هەموو لایەکمان، کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوت و سەرکەوتوومان هەبێ، کۆنگرەیەک کە وێڕای هەڵسەنگاندنی سیاسەت و تێکۆشانی حیزب لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٦ و ١٧، بتوانێ بەرچاوڕوونی و ڕێنوێنی بداتە ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزبەکەمان و هەموو ڕێرەوانی ڕێگەی دێموکرات.

هەموومان دەزانین کە بەستنی کۆنگرە لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەر حیزبێکی سیاسییدا گرینگە و، کۆنگرە گرینگترین ئۆرگانی حیزبە و بە هەنگاوێکی تەشکیلاتیی چارەنووسساز دادەنرێ. دیارە هەلومەرجێکیش کە کۆنگرەی حیزبێکی تێدا دەبەسترێ، دەتوانێ کاریگەریی لەسەر بایەخ و هەستیاریی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە هەبێ. بەداخەوە سروشتی مەسەلەی کورد و چارەنووسی نەتەوەکەمان تا ئێستاش بە شێوەیەک بووە کە خەباتکارانی ئەو گەلە لە هەموو بەشەکان، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەی کات بەرنامەی سیاسی و حیزبیی خۆیان لە هەلومەرجی هەستیار و نائاساییدا داڕشتوە و جێبەجێ کردوە. دیارە ئەوە ئەگەر بۆ هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دروست نەبێ، بۆ کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبەکەمان واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگرە؛ لەبەر ئەوەی:

یەکەم، هەر وەک لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزب بۆ کۆنگرەی ١٦دا ئیشارەی پێکرابوو، سەرەڕای خەبات و فیداکاریی بێدریغ و بەردەوامی تێکۆشەرانی گەلی کورد بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی ئەو گەلە، ئەو فاکتەر و ئاستەنگانە کە بوونەتە کۆسپی سەر ڕێگای چارەسەر، یان لانیکەم بردنەپێشی مەسەلەی کورد لە ئێران بە ڕێگەی سیاسییدا، بەداخەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتوە و، سەرەڕای زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی کە لە دنیا و ناوچەی ئێمەدا و تەنانەت لەگەڵ پرسی کورد ڕوویان داوە، خەباتی کورد لە ئێران بۆ مافەکانی هەروا ڕێگەیەکی سەخت و دژوار دەپێوێ.

دووهەم، دۆخێکی تایبەت کە چەند دەیەیە بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە و بۆتە هۆی بەرتەسک بوونەوەی تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی و، مانەوەی ڕێبەرایەتییەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروا بەردەوامە و بەداخەوە بە هۆی ئەو بارودۆخە نەخوازراوە، کۆنگرەی ١٧ی حیزبەکەمان بەبێ بەشداریی نوێنەرانی تەشکیلاتی

نێوخۆی وڵات دەگیرێ. حاشا لەو ڕاستییەش ناکرێ کە درێژەکێشانی ئەو دۆخە نەخوازراوە، بە شێوەیەکی گشتی شوێنەواری نێگەتیڤی لەسەر ڕێژەی بەشداریی چالاکانەی خەڵک لە ژیانی ڕێکخراوەییدا داناوە.

سێهەم، یەکێک لە باسەکانی پلینۆمی نۆهەمی دوای کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باس لە بەستنی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزب و هەڵبژاردنی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە بوو کە لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ـی هەتاوییدا (بەرامبەر بە ٨ـی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی) کاتژمێر ١٠:٤٥ی پێشنیوەڕۆ، کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی کەوتە بەر هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەداخەوە ١٤ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شەهید بوون کە ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزبەکەمان بوون. هەروەها لەو مووشەکبارانەدا پتر لە ٤٠ کەسیش لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکان بریندار بوون. بە هۆی ئەو ڕووداوە تاڵ و خوێناوییەوە، پێشنیار دەکەین کە کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبەکەمان بە «کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات» ناودێر بکرێ. هیواداریـن ئەم ناوە زیاتر هانمان بدا تا بە هێز و وزەیەکی زیاترەوە درێژەدەری ڕێگای خەباتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب و گەلەکەمان بین و بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی خوێناوی و پڕ لە کارەسات و قوربانی دانی حیزبەکەمان و سەرباری هەموو کەند و کۆسپەکان، شانازی بکەین کە ئەمڕۆ ئێمە میراتگر و هەڵگری پەیامی شەهیدان و جێگای هیوای ئۆگرانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و ڕێبواری ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانین. ئەوە کە ناوی پیرۆزی شەهیدان لەسەر ئەم کۆنگرەیەیە، دەبێ زیاتر هانمان بدا بۆ ئەوەی بە لە بەرچاو گرتنی هەموو ئەو فاکتەرانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، ئازایانە و بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەوە کار و چالاکییەکانی خۆمان و چۆنیەتیی خەباتەکەمان هەڵسەنگێنین و بە لێکدانەوەی ورد و بەرپرسیارەتییەوە خۆمان لە جاران زیاتر ئەرکدار بکەین. هیوادارم بە ئاڵوگۆڕی بیروڕا و پێشنیار و دۆزینەوەی ڕێکاری گونجاو و دروست، کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و پڕ دەسکەوتمان هەبێ، تا لەژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەدا خۆمان بۆ قۆستنەوە و کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان باشتر ئامادە بکەین. خۆ ئامادەکردنێک کە بتوانێ کاریگەریی بەرچاوی لەسەر خەباتی فرەڕەهەندی حیزب و گەلەکەمان هەبێ و بتوانین کەرەسەی پێویست و ڕێکخراوی تۆکمەی بۆ ئامادە بکەین. ئەرکی ئەندامانی بەشداری کۆنگرەیە کە بە لێکدانەوەی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئێران، ناوچە و جیهاندا و بە پێشنیاری بەرنامە و پلان؛ گوڕوتینێکی زیاتر بدەینە ڕەوتی تێکۆشانی حیزب و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا. هەر لەو کاتەدا بە لێکدانەوەیەکی ورد و هەمەلایەنە تێبکۆشین حیزبەکەمان بە جۆرێک تەیار و ئامادە بکەین کە وەڵامدەری پێویستییەکانی خەبات و ئەرک و بەرپرسیارەتییەکان بۆ ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و بە هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی هەمەلایەنەی ڕووداو و فاکتەرەکان بتوانین ڕاپۆرتەکە دەوڵەمەندتر و حیزبەکەمان بەهێزتر بکەین. پلان و بەرنامەکانمان بۆ ماوەی نێوان دوو کۆنگرەیە و پێویستە ئەرکە گرینگەکان بۆ کورتماوە و درێژماوە دیاری بکەین، سەرنج بدەینە خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان بۆ ئەوەی لە بەرنامەڕێژیی کار و تێکۆشانی داهاتوماندا و، لە بازنەی بەربلاوتری خەباتی فرەڕەهەندیدا، خەباتی حیزب

و جووڵانەوەکەمان ببەینە پێشێ.

**هەلومەرجی نێونەتەوەیی و شوێندانانی لەسەر پرسی ئێران**

لە کۆتایی سەدەی بیستەم و دەستپێکی سەدەی ٢١ـی زایینی و هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت و تەواوبوونی شەڕی ساردا بە ڕواڵەت لە نێوان دوو جەمسەری خۆرهەڵات و خۆرئاوا، چاوەڕوان دەکرا گۆڕانکاریی گرینگ لە پێوەندیی نێونەتەوەیی و نێوان دەوڵەتاندا ڕوو بدا. بە تایبەت دوای ١١ی سێپتامبر شیمانەی ئەوەش دەکرا ململانێ و کێبەرکێی بلووکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تا ڕادەیەکی بەرچاو لە کزی بدا، بەو شێوەیە پێشبینیی دنیایەکی ئەهوەنتر دەکرا و وا دەخوێندراوە کە کێبەرکێی ستراتێژییەکانی ئەم دوو جەمسەرە جێگای خۆیان بدەن بە ڕکەبەریی ئابووری و، جەمسەربەندیی ئابووری لە دنیادا زۆرتر خۆی بنوێنێ.

هەروەها ئەو خەیاڵەش لای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی چەکەرەی کردبوو کە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد تا ڕادەیەک هۆکارەکانی ڕکەبەری و بلووکبەندیی نیزامیی زۆر کەمتر دەکاتەوە و بەشەریەت کەمتر شاهیدی شەڕ و خوێنڕشتن دەبێ، دنیایەکی ئەرخەیانتر و سەقامگیرترمان دەبێ، زەمینە خۆشتر دەبێ بۆ حاوانەوەی گەلان و وڵاتان لەسەر گۆی زەوی و؛ ئەو هەموو ئیمکاناتەی کە جەمسەرەکان بۆ شەڕ و ڕاوەستان لە بەرانبەر یەکتردا بەکاری دێنن، پتر بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی، خۆشبژیویی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی و جێگیرکردنی دێموکراسی و پاراستنی ژینگە و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤەکان تەرخان دەکرێ. بۆیەش نەزمێکی نوێی جیهانیی جیاوازتر لە پێش دەسپێکی سەدەی ٢١ـی زایینیدا چاوەڕوان دەکرا.

بەڵام ئێستا پاش تێپەڕینی نزیک بە ٢٠ ساڵ لە سەدەی ٢١ کە ئاوڕ لەو مێژووە نە زۆر دوورە دەدەینەوە، دەبینین بەداخەوە بەشەریەت مەودایەکی زۆری ماوە بگاتە ئەو ئیدەئالانەی بۆ دنیایەکی ئەمنتر، ژیانێکی خۆشتر و ژینگەیەکی پاکتر و ڕەچاو کردنی مافی تاک و کۆی بەشەریەت و پێکهاتەکانی لێی دەبڕوانی. وە ئێستاش هەمدیسان جەمسەربەندییەکان بە شێوەی دی، بەڵام بەهەمان نەفەس و تێڕوانینی ڕابردوو شکڵیان گرتۆتەوە و شەڕی بەرژەوەندییەکان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ـ ئەم بەشە لە جیهان کە ئێمەی تێدا دەژین ـ بەرەوڕووی زۆر ئاسۆ و سێناریۆی ناڕوون کردۆتەوە. ئەوەی گرینگیی نادرێتێ ئەمنیەت و ئاسایش و مافی گەلانی بندەست و ستەملێکراوە و ئێستاش ئەولەوییەت هەر بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزە و گۆڕانێکی ئەوتۆ لە بەرژەوەندیی نەتەوە بندەستەکاندا ڕووی نەداوە.

دیارە ئەم کێشانە هەر لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست نابیندرێن، بەڵکوو لە ئورووپای کانگەی دێموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤیش، گەلانی مافویست و خاوەن ئیرادەش کە دەیانەوێ لە ڕێگای مەدەنی و ڕاپرسییەوە چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست، نەک پێشیان پێ دەگیرێ، بەڵکوو ڕێبەرانیشیان بەو تاوانە پەرتەوازە دەبن و دادگایی دەکرێن و، لە کاتالۆنیای ئیسپانیا ئەم ڕاستییە کەوتە بەر چاو. تەنانەت یەکیەتیی ئورووپا کە ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرا ببێ بە یەکیەتییەکی بەهێزی ئابووری و یارمەتیدەری پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی مەدەنی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ و دابینکردنی ژیانی خۆشتر بۆ دانیشتووانی ئەو یەکیەتییە و تەنانەت

ئەو بیرۆکە و ئیدەئالانە پەلوپۆ بهاوێژن بۆ بەشەکانی دیکەی دنیاش، کەچی دەبینین ئەویش نەی‌توانیوە هەموو ئیدەئالەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکا، بەڵکوو بە گرتنەبەری هەندێک سیاسەت ڕێگەی بە دەوڵەتانی نابەرپرسیاری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە کە بێ‌خەم درێژە بە ڕەفتارە نادێموکراتیکەکانیان بدەن. هەر لە ئورووپا، سیاسەتی زێدەخوازیی ڕووسیە لە ئۆکراین و دەستبەسەر داگرتنی «کریمە» وەک بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتە کە گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا و ئورووپا لەدژی ڕووسیەی بەدووودا هات، زەمینەی کێشەیەکی دیکەی لەو ناوچەیەدا خۆش کردوە. دیارە ئاکامی ڕاپرسی لە بریتانیا و مەیلی هاتنەدەرەوەی ئەم وڵاتە لە یەکیەتیی ئورووپاش کاریگەری و لێکەوتەی خۆی دەبێ.

کە لە ئورووپا دوور کەوینەوە دەچینە ئەو سەری دنیا، لە ئاسیای دوور و لە «میانمار» موسوڵمانانی ڕووهینگیا بە زەبری زۆر قەلاچۆ دەکرێن و ڕەفتاری درندانە و دوژمنکارانەیان لەگەڵدا دەکرێ و، لە گرووپی چەند سەد هەزار کەسییدا ناچار بە ژیانی ئاوارەیی و کۆڵەمەرگی لە کەمپەکاندا دەکرێن و کەم لایەن هەیە ئەوان و مافەکانیانی بۆ گرینگ بێ.

لە ئەفریقاش دەمێکە شاهیدی ژیانی کۆڵەمەرگیی خەڵکی ئەو قارەیەین و خەڵکی زۆربەی ئەو وڵاتانە بەدەست حاکمانی زاڵم و خۆسەپێنەرەوە دەناڵێنن، هەر بۆیە کۆڕەوی پەناخوازان بۆ ئورووپا بەردەوامە.

ئەگەر ئەنجامێک لەو بەراورد و گەڕانەوە بۆ ئەو مێژووە وەرگرین، دەبینین دەوڵەتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی، هەتا ئێستاش ڕێگە خۆشکەر بوون کە حاکمانی خۆسەپێنەر و نادێموکرات لە سەدەی بیستویەکیشدا تەنگ بە خەڵکی بێ‌بەشکراو لە مافەکانیان هەڵبچنن و بە شێوەی جۆراوجۆر بیانچەوسێننەوە و تەنانەت دەبینین کە خەڵک قەلاچۆ و قەتڵوعامیش دەکرێن، بەڵام ئەوەی کە جێگای ئومێدە ئەوەیە کە سەردەم گۆڕاوە و، میدیا و سۆشیال میدیا هەلی ئەوەی ڕەخساندوە گەلان ئاگاداری گۆڕانکاری و پێشهاتەکان بن و لە ئاست بێدادی و زوڵم و زۆرداریدا بێ‌دەنگ نەبن و، خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیان و دابینکردنی دێموکراسی، بەردەوامە.

حکوومەتی ئێران تا ئێستاش سوودی زۆری لە هەلومەرجی زاڵ بەسەر نەزمی نوێی جیهانی وەرگرتوە و، ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا وەک پێویست بەها بە مافی مرۆڤ نادرێ؛ ئەمە دەرفەتی بە کۆماری ئیسلامی داوە کەمترین بایەخ و گرینگی بە مافی گەلان و دانیشتووانی ئەو وڵاتە بدا و زۆربەی سەروەت و سامانی زۆر و زەوەندی ئەو وڵاتە بخاتە خزمەت سیاسەتە زێدەخوازییەکانیەوە. کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی جەمسەربەندی و، پێکناکۆکیی بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکاندا و بوونی کێشەی جۆراوجۆری مەزهەبی و دینی و نەتەوەیی زۆرترین دەستێوەردان لە کێشەکاندا دەکا و، بە جۆرێک کە ئێستا بۆتە یەکێک لە سەرئێشەکانی دنیای ئەمڕۆ و وەک ئەکتەرێکی دیار لە خۆرهەڵات و ناوچەکەدا خۆی دەنوێنێ و، بە دروستکردنی هیلالی شیعی وەک جەمسەرێکی دیاری پاراستنی ئەمنیەتی ئێران خۆی دەرخستوە و لە وڵاتانی عێراق، یەمەن، سووریە و لوبنان و کەنداودا حکوومەتی ئێران لە هەر بارێکەوە خۆی باڵادەست دەبینێ، بەڵام پێشبینی دەکرێ ڕۆڵی حکوومەتی ئێران لەو وڵاتانە بەو شێوە بەربڵاوە، دواجار خۆپیشاندان و نارەزایەتیی خەڵکی ئەو وڵاتانەی لێ بکەوێتەوە.

ئەوانە هەموویان هەلومەرجێکی تایبەتیان بۆ حکوومەتی ئێران دروست کردوە. حکوومەتی ئێران لەو پێوەندییەدا ئیدیعا دەکا کە خۆی بە سەرکەوتوو دەبینێ، بەڵام ئەگەر سەیری مێژوو بکەین، بایەخ نەدان بە خەڵکی وڵات و، سەروەت و سامانی وڵات بە هەدەر دان و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان و دروستکردنی قەیرانی جۆراوجۆر لە درێژخایەندا قەیرانی نێوخۆیی دروست دەکا و، حکوومەتی ناوەندی تووشی کێشەی جیددی دەکا، یانی قەیرانی نێوخۆیی و گوشاری دەرەکی دەتوانێ ببێتە هۆی قەیران و کێشەی جیددی بۆ هەر نیزامێک، بۆ ئەو مەبەستە دەتوانین لە سێ شوێنی دنیا نموونە بهێنینەوە کە شوێنەواریان لەسەر داهاتووی ئێران دەبێ و دەتوانێ ببێتە هۆی کێشەی جیددی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

لە مێژووی هاوچەرخدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی دیارتری لە مەسەلە نێونەتەوەییەکاندا هەبووە. ئەمریکا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، توانی دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی، ئابووری و سەربازی وەدەست بێنێ. بە تایبەتی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا تا ئێستا، ئەمریکا لە ڕیزی هەرە پێشەوەیە لە بواری سیاسی، ئابووری و سەربازییەوە کە زۆرترین دەوری لە دارشتنی سیاسەتی جیهانییدا هەبووە.

سووکەئاوڕێک لە مێژووی ٣٠ ساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێ کە ئەمریکا بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانی و بە هۆی گوشاری سیاسی و، بە تایبەتی ئابوورییەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر گۆڕانکاری لە زۆر لەو وڵاتانەدا کە لە لایەک بە هۆی دژایەتیی بەرژەوەندییەکان و، لە لایەکی دیکەش بە هۆی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە و خراپیی سیستمی سیاسی و ئیداری لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا ڕووبەڕووی ناڕازیەتیی خەڵک بوونەتەوە.

یەکێک لەو وڵاتانە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بوو کە بێجگە لەوەی سیستم و نیزامی تاک حیزبی و نادێموکراتیکی حکوومەتی گەندەڵی ئابووری و، نەبوونی هیچ چەشنە ئازادییەک و پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ و زیندانی کردن و لە نێو بردنی کەسانی ناڕازی لە دەسەڵات لە هۆ سەرەکییەکانی هەرەسهێنانی ئەو نیزامە بوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە گوشاری سیاسی و ئابووریی ئەمریکا و ئورووپا نەخشی کاریگەری لەو ڕەوتەدا هەبوو.

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نیوەدوورگەی «کۆرە» و دابەشبوونی بە دوو وڵاتی کۆرەی باشوور و باکوور و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆمۆنیستی لە کورەی باکوور، لەم وڵاتە کە لە لایەن «یەکیەتیی سۆڤییەت» و «چین»ـەوە پشتیوانیی لێدەکرا، دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ داخراویی نێوخۆ و گوشاری سیاسی و ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بارودۆخێکی دی هاتۆتە ئاراوە. دەبینین کە پیادەکردنی سیاسەتی توندی ئابووریی حکوومەتی کۆرەی باکوور لەسەر خەڵک و بێبەشکردنی خەڵکی بەڵالێدراوی ئەو وڵاتە لە مافەکانیان و خەرجکردنی سەرمایە و سامانی گشتی، بۆ پێکهێنانی سپایەکی بەهێز و پۆشتە و پەرداخ و تاقیکردنەوەی پەیتا پەیتای مووشەکی جۆراوجۆر و هەڕەشەکردن لە ئەمریکا و، هاوپەیمانەکانی تەنانەت هەبوونی چەکی ناوکییش یارمەتیی نەدا و بەهۆی کەڵەکە بوونی قەیرانە نێوخۆییەکان و گوشاری سیاسی و ئابووریی دەرەکی، خەریکە لە ڕێگەی وتووێژەوە بەرەو ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاو دەنێ.

لە نوێترین ڕووداوە سیاسییەکاندا لە ئەمریکای لاتین، ڤێنێزۆئێلا وڵاتێکی دوورەدەست لە

ئێرانە کە بە حوکمی جۆری حوکمڕانیی هاوشێوە و هاوبەرژەوەند لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ئێران پێوەندیی سیاسیی گەرموگوڕیان لەگەڵ حکوومەتی ئەو وڵاتە هەیە. دوو حکوومەتی ئێران و ڤێنێزۆئێلا کە پێوەندییان لەگەڵ ئەمریکا زۆر سنووردار بوو و ئەوەش یەکێک لە هۆیەکانی لێکنزیکیی سیاسی و پێوەندیی ئابووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە دیکتاتۆرە بوو. ئێستا خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە سیاسەتی دەسەڵاتی حاکم بەسەر وڵاتەکەیان بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە خۆ سەپاندنی «نیکۆلاس مادۆرۆ»ی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە _ کە دەگوترێ بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا جڵەوی دەسەڵاتی گرتوەتە دەست_ هاتوونەتە سەر شەقامەکان.

خەڵکی ڤێنێزۆئێلا بە بایکۆتکردنی ئامانجداری هەڵبژاردن، کە بە پێی یاسای وڵات سەرۆکی پارلمان دەتوانێ ببێتە سەرۆکی وڵات، دەیانهەوێ «خوان گوایدۆ» بە شێوەی یاسایی دەسەڵاتی وڵات بگرێتە دەست. فاکتەرێکی گرینگی ئەو ڕووداوە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست داوای خەڵکی ڤێنێزۆئێلا بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبوون و بە پاساوی دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان مافی ڕەوای خەڵکی ئەو وڵاتەیان پشتگوێ نەخستوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە تا ئێستاش خەڵکی ئەو وڵاتانە بە ئامانجی سیاسیی خۆیان نەگەیشتوون، بەڵام بە لە بەرچاو گرتنی ڕەوتی ڕووداوەکان وا دێتە بەرچاو کە لە کۆتاییدا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئەم وڵاتە بە ئامانجی خۆیان بگەن.

ئەو سێ نموونانەی کە باسمان کردن، ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ دەسەڵات و هەلومەرجی ئێستای ئێران، دەقاودەق نا، بەڵام سەرەڕای جیاوازیی ئەوان لە باری ژێئۆپۆلیتیکییەوە و هێندێک جیاوازیی تر، خاڵی هاوبەش و وێکچوویان لەگەڵ وەزعی ئێستای ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زۆرە. لەم وڵاتانەدا دەسەڵاتی ناوەندگەرا و ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکی حکوومەتی کردوە یان حکوومەت دەکا و بۆ قۆرغکردن و زیاتر هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان، سەروەت و سامانی وڵاتیان خستوەتە پاوانی خۆیان و بە تاڵانی دەبەن. ئەم ڕێژیمانە تا ڕادەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەریی ئایین و ئیدئۆلۆژییدا هەوڵیان داوە خەڵک بۆ ماوەیەک دەستەمۆ و بەستراوە بە خۆیان بکەن. سیاسەتی قەڵتوبڕ و سانسۆر و نەهێشتنی میدیای ئازاد خاڵی هاوبەشی ئەو نیزامە سیاسییانەیە. ئەم وڵاتانە پێوەندیی سیاسی و ئابووریی تۆکمەیان بە یەکەوە هەیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەو وڵاتانەدا، بە شێوەی جۆراوجۆر، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گوشاری سیاسیی خستوەتە سەریان و گەمارۆی ئابووریی بەسەردا سەپاندوون.

هەر بۆیە ئەگەر بە وردی سەیری ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو وڵاتانە بکەین و خوێندنەوە بۆ شوێنەوار و کاریگەریی گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان بکەین، هیچ دوور نییە چارەنووسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاوشێوەی چارەنووسی ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر یەکیەتیی سۆڤیەت، کۆرەی باکوور و ڤێنێزۆئێلا بێ. بێجگە لەو خاڵە هاوبەشانەی کە ئەو وڵاتانە لەگەڵ حکوومەتی ئێران هەیانە، هێندێک خاڵی جیاوازیشیان هەیە کە دەکرێ هۆکار بن بۆ یارمەتی دانی گوشاری سیاسی و ئابووری لە لایەن وڵاتانی دەرەوە، بە تایبەتی ئەمریکا بۆ سەر حکوومەتی ئێران:

یەکەم، گوشاری لە ڕادە بەدەری دەسەڵاتە لەسەر خەڵک کە بووەتە هۆی بێزاری و

نائومێدیی خەڵک لە حکوومەت. دووهەم، خەڵک بە ژیانی خۆش و خۆشبژیوی ڕاهاتوون و زۆر زەحمەتە بیانەوێ هەتا سەر هەموو نەهامەتییەک قەبووڵ بکەن. سێهەم، سەردەمی ئێستا لەگەڵ ئەو سەردەم کە خەڵکی سۆڤیەت تێیدا دەژیان و جۆری گوزەرانی خەڵکی کۆرەی باکوور و ڤێنێزۆئێلاش، زۆر جیاوازە. سەرەڕای هەموو جۆرە گوشارێک کە حکوومەت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خستوویەتە سەر خەڵک، بەڵام خەڵکی ئێران ئازایانە و بە شێوەی جۆراوجۆر لە دەربڕینی ناڕەزایەتی، مانگرتن و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بارودۆخەکەیان بەردەوامن و ئێستاشی لەگەڵ بێ، دوای ٤٠ ساڵ هیوابڕاو نەبوون و سوورن لەسەر بەدواداچوونی ماف و ئازادییەکانیان. ئێستاش کە سەردەمی سۆشیال میدیایە و ئەگەرچی سۆشیال میدیا لە ئێران سانسۆر و فیلترینگی لەسەرە، بەڵام بە زەحمەتیش بێ، خەڵک بە بەربڵاوی کەلکی لێ وەردەگرن و لەو ڕێگایەوە قسەی خۆیان دەکەن. هەر بۆیە نابێ ئەوەمان لە بەرچاو ون بێ، کە چارەنووسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بەدەر نابێ لە چارەنووسی حکوومەتە خۆسەپێن و دیکتاتۆرەکان.

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دوای دوو شەڕی گەورەی جیهانی، بەردەوام ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە و هۆکارەکەشی هەر ئەوە نییە کە ئێستا چەقی ئاڵۆزی و نائەمنییەکانی جیهانە، بەڵکوو هۆی سەرەکیی ئەوەیە کە نەخشەی سیاسیی ئەو ناوچەیە نەک بە لە بەرچاو گرتنی ماف و ئارەزوو و ویستی گەلانی ناوچەکە، بەڵکوو بە پێی بەرژەوەندیی کاتیی وڵاتانی زلهێزی براوەی شەڕ داڕێژراوە و قەیران لە دوای قەیرانی بە دوای خۆیدا هێناوە.

لەم ناوچەیەدا فاکتەری سروشتی، واتە هەڵکەوتی جوغرافیایی هۆکارێکی گرینگە بۆ بەیەکەوە گرێدانی سێ قارەی ئاسیا و ئورووپا و ئەفریقا. دەوڵەمەندیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕووی سامانی سروشتیی و ژێرزەوی وەک نەوت و ئاو و سەرچاوە سروشتییەکانی دیکەوە بووەتە هۆی شەڕی بەرژەوەندییەکان و ململانێی زلهێزەکان لەم ناوچەیە. بێجگە لەوانەش، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست شوێنی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی سێ ئایینی یەهوودی و مەسیحی و ئیسلامە کە مێژوویەکی دوورودرێژ و خوێناوییان لە شەڕ و ڕکەبەرایەتی لەگەڵ یەکتردا تۆمار کردوە. لە ئایینی ئیسلامیشدا کێشە و ناکۆکیی سەدان ساڵەی شیعە و سوننی ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر بە سیاسی دەکرێ. لەو ساتەوەختەوەشدا کە بوونەتە دوو بەرەی سیاسیی چالاکی دژبە یەک، هەر کام لە مەزهەبەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان «مرجع» و ئادرەسی خۆیانیان پێک هێناوە، بەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە، مەرجەعیەتی مەزهەبی شیعە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە چل ساڵی ڕابردوودا خاوەنی سەرەکیی ئادەرەسی شیعە مەزهەبەکان بووە و، ئەمەش وای کردوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستی کراوە بێ بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتاندا. جیا لەوانەش وەک باس کرا نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دوای ڕێککەوتنی سایکس_پیکۆوە بە جێگەی ئەوەی لەسەر بنەمای ویست و بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە داڕێژرابێ، لەسەر ویستی سیاسی و بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکانی خاوەن دەسەڵات لە

ناوچەکەدا دارێژراوە کە هیچ گرینگییان بە چارەنووسی گەلانی ناوچەکە نەداوە.

لە نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە بە ویست و ئیرادەی گەلانی ناوچەکە ڕەنگرێژ نەکراوە، بە هیچ کلووجێک مافی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کوردی لە بەرچاو نەگیراوە. کوردستان بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراون بەبێ ئەوەی لە نێو ئەو وڵاتانەشدا کە بە سەریاندا دابەش کراون، تەنانەت مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیشیان لە بەرچاو گیرابێ.

چۆنیەتیی دروستکردنی وڵاتانی عەرەبی و جێگیرکردنی حکوومەتی نادێموکراتیک لەو وڵاتانە بەبێ ڕەچاو کردنی مافە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی پێکهاتەکانیان و، بێبەشکردنی خەڵکی کوردستان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافەکانی و لەگەڵ ئەوەش کێشەی عەرەب و ئیسرائیل، بوونەتە سەرچاوەی زۆربەی کێشە و ئاڵۆزییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی و مەزهەبی و تەنانەت کولتوورییەکان لە ناوچەکەدا. هەر بۆیە لە چاخی نوێدا پتر لە یەک سەدەیە کە تێکۆشان بۆ ئازادی و بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و جێگیرکردنی دێموکراسی لەم ناوچەیە لە ئارادایە. بەڵام سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان، بە تێچووی زۆری ماددی و ئینسانی و مێژوویەکی خوێناوی، نە دێموکراسی جێگیر بووە و نە مافی گەلان و پێکهاتەکان دابین کراوە و شەڕ و پێکدادانیش لە ناوچەکەدا کۆتایی پێ نەهاتوە، هەر بۆیە دووڕەدیمەنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لێڵ و ناڕوونە و لە بەردەم گۆڕانکارییە چاوەڕوان نەکراوەکاندایە.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەم باسە ئەوەیە کە ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا، ڕێگەی بۆ دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتاندا ئاوەڵا کردوە و ڕێژیم هەلومەرجی ئاڵۆز و ناسەقامگیری ناوچەی بە باشترین شێوە بۆ مەرامە ئیدئۆلۆژیکییەکانی قۆستۆتەوە و بە کاری هێناوە. کۆماری ئیسلامی لە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا، بۆ بردنەپێشی ئامانجی زێدەخوازانەی سیاسی و ئەمنیەتیی خۆی، دەستە و تاقمی بناژۆخواز و توندڕۆی بە ناو و لە شێوەی جۆراوجۆردا پێک هێناوە و شەڕی بە وەکالەتیان پێ دەکا. هەر لە سۆنگەی سیاسەتی ڕێژیم و تێکگیرانی بەرژەوەندی و ڕکەبەریی وڵاتانی دیکەدایە کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ. سیاسەتی دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە و، شەڕ و ئاڵۆزی،ماڵوێرانی، دەربەدەری، هەژاری و برسیەتی برستی لە خەڵکی زۆر لەو وڵاتانە بڕیوە و ژیان و ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵکی لەم ناوچەیە خستوەتە مەترسییەوە.

بەباوەڕی ئێمە، بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەمنیەت، ئاسایش و ئارامی، ئازادی و سەقامگیریی تێدا هەبێ و خەڵک بەختەوەری بە خۆیەوە ببینێ و بە دوور بێ لە هەر دەستتێوەردانێکی دەرەکی، پێویستە بیرێکی جیددی لە چارەسەرکردنی کێشەکان بکرێتەوە. مافی گەلان و پێکهاتەکان بە پێی ویست و ئارەزووی خۆیان و بە پێی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دابین بکرێ. خوێندنەوەیەکی تازە بۆ کێشە کەڵەکەبووەکانی ئەم ناوچەیە بکرێتەوە و ڕێگە بدرێ گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بگرنە دەست و حکوومەتی قانوون و هەڵبژێردراوی خەڵک جڵەوی دەسەڵات لەو وڵاتانە بە دەستەوە بگرێ و کۆتایی بە دەستتێوەردانی دەرەکی بهێنرێ. بە لە بەرچاو گرتنی ئەو دەستتێوەردانانەی کۆماری

ئیسلامی لە ناوچەکەدایە کە لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی وەک واشینگتۆن، وارشۆ و مونیخدا کۆماری ئیسلامی بە سەرچاوەی سەرەکیی ئالۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرە پێدانی تێرۆریزم ناو دەبرێ.

**ئێران، «بەرجام» و کۆمەڵگەی جیهانی**

«بەرجام» ڕێککەوتنێک بوو کە دوای نزیک بە دوو ساڵ وتوویژی چڕوپڕ لە ڕێکەوتی ٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوییدا لە نێوان وڵاتانی ٥+١ (ئەمریکا، بریتانیا، فەڕانسە، ڕووسیە، چین و ئاڵمان) لە لایەک و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەکی دیکە لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێران، ئیمزا کرا. ئەو ڕێککەوتنە بۆ ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرنامەی ناوکیی خۆی ڕابگرێ و بە قەبووڵ کردنی پرۆتۆکۆلی هاوپێچ، پێبەندی پرەنسیپ و بڕیارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بێ؛ لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتییانە کە لە لایەن شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپاوە لە سۆنگەی هەوڵەکانی حکوومەتی ئێران بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی بە سەریدا سەپا بوون و هەروەها گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا، لە سەری هەڵبگیرێن. بە هەندێک خوێندنەوە و تێگەیشتن، چاوەڕوان دەکرا ڕۆح و هەناوی بەرجام ڕێژیمی ئێران ناچار بکا کە بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە، دەست لە قەیرانخولقێنی و زێدەخوازی هەڵگرێ، واز لە دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان بێنێ و سنوور بۆ بەرنامە مووشەکییەکانی (بالستیک) دابنێ.

نزیک بە سێ ساڵ دوای ڕێککەوتنی بەرجام، ئەمریکا دوای هەوڵێکی بێئەنجامی زۆر بۆ پێداچوونەوە و گۆڕینی چەند برگەیەکی ئەو ڕێککەوتنە، سەرەنجام یەکلایەنە لەو ڕێککەوتنە هاتە دەرەوە. سەرۆک کۆماری ئەمریکا هۆکاری سەرەکیی کشانەوەی لە بەرجام بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو ڕێککەوتنە نەک نەبووەتە هۆی ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک لایەنێکی بەرپرس و بە پرەنسیپ ڕەفتار بکا، بەڵکوو ئەو کرانەوەیە و ئەو ئیمکاناتەش کە لە سۆنگەی بەرجامەوە خرایەوە بەردەستی، ڕێژیمی ئێران بۆ ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوچەکەدا و پەرە پێدانی تێرۆریزمی دەوڵەتی و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان و زێدەخوازی و، پەرە پێدانی بەرنامەی مووشەکیی دوورهاوێژ بەکاری هێنا.

ئێستا با بزانین هاتنە دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام دەتوانێ چ شوێن و کاریگەرییەکی لەسەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران هەبێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشتریش نیشانی داوە کە لە بەرامبەر گوشاری سیاسی و ئابووریی دەرەکییدا بە چۆکدا هاتوە. دیارە لە پێوەندی لەگەڵ بەرجامدا نەخش و دەوری یەکیەتیی ئورووپا و پێوەندییە هاوبەشە ئابوورییەکانی ئێران وەک ڕووسیە و چین و هەڵوێستی کۆمپانیا گەورەکان گرینگیی تایبەتییان هەیە. ئایا ئەوانە بازاڕی گەورە و پڕ سوود و بەپیت و بەرەکەتی بازرگانی لەگەڵ ئەمریکا و پێوەندییە ئابووری و بانکییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە فیدای بازرگانی لەگەڵ ئێران دەکەن؟ ئەوەی ڕوونە، تا ئێستا کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام و سەپاندنی سزای ئابووری و بانکی بەسەر ئێراندا، کۆماری ئیسلامیی تووشی گەلێک کێشە و قەیرانی قووڵی سیاسی و ئابووری کردوە، بەڵام ئەوەش بەرهەستە کە سیاسەتی دژەگەلی و جۆری مودیریەتی قەیرانەکان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە،

دووکەڵی ئەو گوشارانە پتر بچێتە چاوی خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی وڵات و ئاسەواری خراپ لەسەر ژیانیان دابنێ.

زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیان وایە کە ئێران بە هۆی گوشاری سیاسیی دەرەکی، قەیرانی ئابووری و نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ، لە بەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییدایە. لە ڕاستییدا هەر دوو هۆکارە دەرەکی و نێوخۆییەکە پێوەندییان بە لایەنی ئابوورییەوە هەیە، واتە گوشار و گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا وەک گوشاری دەرەکی و دارمانی ئابووریی وڵات وەک هۆکاری نێوخۆیی، دەتوانن ڕێژیمی ئێران تووشی قەیرانی جیددی بکەن، بەڵام ئەمانە بەبێ هۆکارگەلی وەک بزووتنەوە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا ڕەنگە نەبنە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئێراندا. هەرچەند کۆمەڵێک هۆکار لە نێوخۆ و دەرەوەدا دەستیان داوەتە دەستی یەک و داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان خستوەتە مەترسییەوە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە کۆماری ئیسلامییش چەند کارتێکی هێشتا بە دەستەوەیە کە دەکرێ ببنە هۆی درێژە پێدانی زیاتری دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە، وەک سەرکوت و توندوتیژی نواندن بەرامبەر بە نارەزایەتییەکان، بەکار هێنانی هەموو ئیمکاناتێک بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک، کەلکوەرگرتن لە ئیدئۆلۆژی و مەزهەبی شیعە؛ واتە «تەقیە». وەک چۆن لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا خومەینی ڕێککەوتن لەگەڵ عێراقی بە هەڵدانی جامی ژەهر ناو برد و ڕێبەری ئێستای ئێرانیش، خامنەیی؛ لە کاتی گوشارەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەچۆکداهاتن و ملدانی خۆیان بە «نرمش قهرمانانە» ناو دەبا. هەروەها ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، خامنەیی بە توندی دژی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی دژبە تێرۆریزم و گەندەڵی بە تایبەت (FATF) هەڵوێستی گرت، بەڵام کاتێک زانی گوشارەکان زۆرە و شەپکە توندە، دوای چەند مانگ ڕێگەی دا مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی پەیوەستبوونی ئێران بەو ڕێککەوتنە بێنێتە بەر باس. ئەمانە هەمووی پاشگەزبوونەوە لە قسە و بڕیارەکانی ڕابردوویان بووە و پێدەچێ ئەگەر ناچار بن بیر لە چەند و چۆنیی کشانەوەی ئەم جارەشیان بکەنەوە.

دیارە پێشبینییەکان بە زەحمەتن و مەرج نییە ئەوەی کە پێشبینی دەکرێ هەر ئەوەش ڕوو بدا و، بۆ ئەمەش زۆر نموونەمان لە بەردەستدایە. ئەوانەی بەدوادا چوونیان لەسەر سیستمی حوکمڕانی و ئیدارەی سۆڤیەت دەکرد، لێکهەڵوەشانی ئەو نیزامە سیاسییەیان بە خەیاڵیشدا نەدەهات. کەمتر کەسێکیش هەبوو پێشبینیی بەهاری عەرەبی بکا بەو جۆرەی کە ڕووی دا. هەروەها ئامادەیی ڕێبەرانی کۆرەی باکوور و ئەمریکاش بۆ وتوویژ و دانوستان چاوەڕوانکراو نەبوون. ئەم نموونانە دەتوانن لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دروست بن و ئەگەر ڕێژیم لە ڕێککەوتنی ژێربەژێر لەگەڵ ئەمریکادا ئاسۆیەک بۆ دەربازبوونی خۆی ببینێ، دوور نییە بۆ خۆ قوتارکردن مل بۆ داواکارییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا ڕابکێشێ و بۆ ڕواڵەتسازییش بێ بلێ ئەمەی بۆ «نەجاتی ئیسلام»، خەڵک! و وڵاتی ئێران! کردوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک کێشەی چارەسەرنەکراوی دیکەی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا هەیە، وەک پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەرنامەی بەرهەمهێنانی مووشەکی بالستیک، پشتیوانی لە تێرۆریزم، هەڕەشە لە ئیسرائیل، زێدەخوازی و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێی و هتد. هەر بۆیە دۆسییەی کۆماری ئیسلامی هەروا

ئاڵۆز و بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

ئەوەی لێرەدا زۆر گرینگ و جێگەی بایەخە، هێزی کۆمەڵانی خەڵکە. خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ـی هەتاوییدا نیشانیان دا کە دەتوانن ناوەندی گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن. دەکرێ خەڵک گوشاری سیاسی و ئابووریی دەرەکی وەک کێشەیەک بۆ سەر ڕێژیم و دەرفەتێک بۆ تێکۆشان و بەگژدا چوونەوەی دەسەڵات سەیر بکەن. وە چونکی سیاسەتی گوشاری سیاسی و ئابووریی ئەمریکا بۆ سەر حکوومەتی ئێران بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران نییە، بەڵکوو وەک خۆیان دەڵێن، بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمە لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوپەیمانەکانیاندا؛ بۆیە هیچ دوور نییە کە لە دوارۆژدا ئەمریکا لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بکەوێتە سات و سەودا. هەر بۆیە هەوڵ و تێکۆشانی گەلانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تەنیا ڕێگەی ڕزگارییە لەژێر باری زوڵم و ستەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە دەبێ بە ئاراستەی نەمانی ئەم ڕێژیمەدا هەنگاو بنێ.

ئێستا دوای چل ساڵ خەبات و بەربەرەکانیی خەڵک لەدژی ڕێژیم، دەبینین کە کۆمەڵانی خەڵک پتر لە هەموو کاتێ ئازاتر و جەسوورترن و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە خەڵک لە هەموو چین و توێژەکان دەڕژێنە سەر شەقام و هاواری ماف و ئازادییەکانیان دەکەن. ئێستا ئیدی خەڵک زیاتر ترسیان لە هێزەکانی ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی شکاوە و هەر کات ئیرادە بکەن دەڕژێنە سەر شەقام. ئەمە ڕێک ئەو دیاردەیەیە کە ماوەی چل ساڵە ڕێژیم بە زەبری چەک و هێز و سەرکوت و زیندان دەیهەوێ نەبێتە ئەمری واقیع، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینرێ بە تایبەتی لە زستانی ساڵی ١٣٩٦ـی هەتاوییەوە، ئەوەیە کە ڕۆژانە خەڵک لە بەرامبەر هێزەکانی ڕێژیمدا ڕادەوەستن، لە گۆڕەپانەکاندا دەردەکەون و داوای مافەکانیان دەکەن.

کوردستان هەرچەند بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران پتر بە ئەمنیەتی-کراوە، بەو حاڵەش خەڵکی کوردستان لە چل ساڵی ڕابردوودا نەک هەر مەیدانیان چۆڵ نەکردوە، بەڵکوو وەک ئەرکی بەردەوامیان مەیدانداریی نارەزایەتی و «نا» گوتن بە ڕێژیمیان کردوە. هەر ئەوەش یارمەتیدەر بووە بۆ بردنە پێشی بزووتنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنیی خەڵکی کوردستان.

دەنگدانی مانادرای سیاسی لە هەڵبژاردنەکان، بەڕێوەچوونی مانگرتنەکان، داخستنی دووکان و بازاڕ وەک نافەرمانیی مەدەنی، کۆمەڵە ڕەفتارێکی سیاسیی خەڵکی کوردستانن کە وەک پاشخانێک لە خەبات و بەربەرەکانیی مەدەنی دەتوانێ ئەزموونێکی باش بن بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆ ئەوەی بتوانن بە تێچووی کەم دەسکەوتی گەورە وەدەست بێنن. دیارە ئەگەرچی لە جەوهەری خۆیدا خواست و نارەزایەتییەکان لە کوردستان جیاوازییان لەگەڵ ویستی خەڵکانی ناوەند و ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە، بەڵام لە بارەی مافی هاونیشتمانیی خەڵکی ئێران و پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێرانەوە خواستی نەتەوایەتیی هاوچەشنیش هەیە. دۆخ و پرسی کورد بە حوکمی مێژووی جووڵانەوەکانی، ڕێکخراوە سیاسییەکانی و داواکارییەکانی لە چەند دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران جیاوازە و ئەمەیان دەکرێ وەک چەمکی وشیاریی نەتەوەیی سەیری بکەین. بۆیە کورد لەو بوارە لە خەباتدا و لە پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازی لە پێش نەتەوەکان و خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێرانە.

فاکتەرێک کە لەو بارودۆخەدا دەتوانێ ڕۆڵی بەرگێڕەوەی هەبێ و لە لایەن دەسەڵات و تەنانەت لە زاری نوخبەکانی ئێرانی بە تایبەت کەسانی سەر بە ڕەوتی ڕێفۆرمخوازەوە پەرەی پێ دەدرێ، بابەتی تۆقاندنی خەڵکی وڵات لە بەسووریە بوون، بەیەمەن بوون و بەعێراق بوونە. ئەوان بەم جۆرە دەیانهەوێ خەڵکی ئێران بە دۆخی ئێستایان ڕازی بن و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان تووشی ڕاوەستان بکەن کە هەموو قازانجەکەی تەنیا دەچێتە گیرفانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و تەمەنی ئەم ڕێژیمەی پێ درێژ دەبێتەوە. ئەوە تاوانێکی گەورەیە کە دەیانەوێ خەڵکی ئێران لەژێر سایەی کۆماری ئیسلامییدا درێژە بە ژیان بدا، غافڵ لەوەی کە گوشار و سەرکوتی ڕێژیم و نەبوونی ئازادی و هەژاری و نەداری وای کردوە کە خەڵک متمانەیان بە ڕێژیم نەمێنێ و ئیدی هیچ سیناریۆیەک پێش لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵک ناگرێ.

لە حاڵی ئێستادا ئێران لە هەموو بوارەکاندا تووشی داڕمان بووە و کەم وڵات لە دنیادا شک دەبەین کە هێندەی ئێران تووشی قەیرانی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بووبێ، بۆیە هیچ دوور نییە لە بەردەوامیی ئەم دۆخەدا نیزامی سیاسی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر تووشی داڕمان و لە کۆتاییدا تووشی هەرەسهێنان بێ.

### هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئابووریی وڵات بە پشتبەستن بە چەند پێوەرێك

بارودۆخی ئابووریی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا زۆر ئاڵۆزە و تاوتوێی پێودانگە ئابوورییەکان پێمان دەڵێ ئابووریی وڵات لە چوار دەیەی تەمەنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا قەت هێندەی ئێستا داتەپیو نەبووە.

هەژاری، بێکاریی لە ڕادە بەدەر، ئاوسان، دابەزینی بایەخی دراوی نیشتمانی، لە کەمی دانی توانای کڕینی خەڵک، قەیران لە نیزامی بانکی و سندووقی خانەنشینان و هتد لە سۆنگەی سیاسەتی ناکارامەی ئابووریی ڕێژیم کە هەرەسهێنانی وەبەرهێنانی نێوخۆیی لێ کەوتۆتەوە؛ کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر خەڵک داناوە و ژیانی لێ تاڵ کردوون.

ناوەندی ئاماری ئێران ڕایگەیاندوە کە حەشیمەتی چالاکی ئابووریی وڵات نزیک ٢٦ میلیۆن کەسە کە ئەمە کەم و زۆر ٣٢٪ی کۆی گشتیی هەموو حەشیمەتی ئێران پێک دێنێ کە لەگەڵ ستانداردی جیهانی مەودایەکی زۆری هەیە، تازە ناوەندی ئاماری ئێران لە پێوانەی خۆیدا دەڵێ کەسێک لە حەوتوودا لانیکەم یەک کاتژمێر کاری کردبێ بە کارەکەر دادەنرێ! هەروەها قوتابی، خوێندکار و سەربازەکانی سپا و ئەرتەشیش هەر بە کارەکەر دەناسێ و لە ڕیزی بێکارانی وڵاتیان دەردەاوێ!

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە نوێیانەی ناوەندی ئاماری ئێران، ٤٠ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار ئێرانی بە دوای کاردا دەگەڕێ و توێژینەوەی ڕادەی بەکارەوە سەرقاڵبوون لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابوورییدا ئەوە دەسەلمێنێ کە پشکی چالاکییە بەرهەمهێنەرەکان ئەوەندە زۆر نییە کە بتوانێ ماتۆڕی لە کار کەوتووی گەشەی ئابووریی وڵات هەڵسووڕێنێ. لە ساڵی ١٣٩٧ـی هەتاوییدا نزیک بە یەک لە چواری لاوانی تەمەن ١٥ بۆ ٢٩ ساڵەی ئێرانی بێکار بوونە و ئەم ڕادەیە بە بەراورد دەگەڵ ساڵی پێشووتر دوو و نیو لەسەد زیادی کردوە. داتاکانی ناوەندی ئامار دەرخەری ئەوەن کە لە گشت بوارەکاندا ڕادەی بێکاری لە نێو ژنان بە نیسبەتی پیاوان لە

شارەکان بە بەراورد لەگەڵ داتاکان زیاتر بووە، بێکاری لە نێو توێژی لاوانی خوێندکاری زانستگە بە ڕادەیەکی بەرچاو زۆرترە، داتاکان باس لەوە دەکەن کە ٤٠٪ی کۆمەڵگەی بێکاران؛ لە خوێندکارانی زانکۆ پێک دێن.

ناوەندی ئاماری ئێران هەروەها دەڵێ کرماشان بە ٢٥.٦٪ زیاترین بێکارانی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە و، پارێزگاکانی چوار مەحاڵ و بەختیاری بە (٢١.١٪)، ورمێ (١٥٪) و خووزستان (١٤.٦٪) بە ڕیز لە دوای کرماشان زۆرترین ڕادەی بێکارییان تێدا دەبینرێ. ئەو ئامارەی ناوەندی ئامار دەیدا جیاوازیی زۆری لەگەڵ لێدوانی خودی کاربەدەستانی ڕێژیم هەیە، بۆ نموونە نوێنەرانی کرماشان لە مەجلیس دەڵێن نرخی بێکاری لەو پارێزگایە لە سەدا ٥٠ زیاترە، هەروەها نوێنەرانی شار و پارێزگاکانی دیکەی کوردستان لە مەجلیس دەڵێن نرخی بێکاری لە حەوزەکانی ئەوانیشدا لانیکەم دوو هێندەی ئامارە ڕەسمی و ڕاگەیەندراوەکانە.

هەر بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان _کە هەمیشە گومانیان لەسەرە و وەک باس کرا ڕاستییەکان زۆر لە ئامارە ڕەسمییەکان زیاترن_ هێڵی هەژاریی تۆخ (موتڵەق) بۆ خێزانێکی چوارکەسیی شاریی نزیک چوار میلیۆن تمەنە، بەو پێیە ٣٣٪ی حەشیمەتی وڵات تووشی هەژاریی لە ڕادە بەدەر و ٦٪یش لەژێر هێڵی برسیەتیی‌دان، واتە نزیک ٥ میلیۆن کەس داهاتی مانگانەیان تەنانەت بەشی خواردنەکەشیان ناکا. هەر لەم بەستێنەدا ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس لە خوێندنەوەیەکدا کە بۆ بوودجەی ساڵی ١٣٩٨ هەیانبووە، بڕی بوودجە بۆ بەشی ئاوەدانیی وڵات لە لایەحەی بوودجەی پێشنیارکراوی ئەمساڵدا نزیک ٦٥ هەزار میلیارد تمەن لە بەرچاو گیراوە کە بە بەراورد دەگەڵ هەژماری یاسایی بوودجەی ساڵی ١٣٩٧ (٦٢ هەزار میلیارد تمەن) تەوفیرێکی وای نەکردوە. بەو پێیە بە لە بەرچاو گرتنی نرخی هەڵاوسان، ئەوە بە مانای دابەزینی بوودجەی ئاوەدانی (عومرانی)ـی وڵاتە. بوودجەی ئاوەدانکردنەوەمان بۆیە بە نموونە هێنایەوە چونکە ئەو بەشە بەشی هەرە زۆری هێزی مرۆیی وڵات بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکا و سەرەولێژ کردنی ئەو بڕە بوودجەیەی کەرتی ئاوەدانکردنەوە دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی تاکەکان هەبێ و ئەوەندەی دیکەشیان هەژارتر و بێئەنواتر بکا.

قەیران لە سیستمی بانکیی ئێران بە هۆی پاوانکرانی بانکەکان لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکان و گۆڕینی کارکردی بانکەکان لە بەرژەوەندیی مەرامە سیاسییەکانی دەسەڵات و لەژێر ناوی «ئابووریی بەرگریکارانە» (اقتصاد مقاومتیی)ـدا؛ دابینکردنی ماڵیی ناکارا لە ناوەندە ئابوورییەکانی بەرهەمهێنەر، قەرزی زۆر گەورەی دەوڵەت بە بانکەکان و هاوکات زۆرتربوونی بێجێی قەرزی بانکەکان بە بانکی ناوەندی کە زۆربوونی ئاوسانی لە بازاڕدا لێ دەکەوێتە و خەڵک دەبێ تێچووەکەی بدەن، زەبرێکی دی و لێکەوتەیەکی دیکەی قەیرانی ئابوورییە لە ئێراندا.

بارودۆخی سندووقی خانەنشینانی وڵات کە ئەویش لێکەوتەیەکی دیکەی بەڕێوەبەریی ناکارامەی مافیای دەسەڵاتە، لەتێکی دی لە پازڵی قەیرانی ئابووریی وڵاتە. دەگەڵ ئەوەی بەشی هەرە زۆری چاودێران و لێکۆڵەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە هۆکاری ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانە ڕەگی دە ئابووری و سیاسەتدا داکوتاوە، بەڵام وێدەچێ بە هۆی بەردەوامیی قەیرانەکان دۆخەکە لەوەش خراپتر بێ، ڕەوشی ناسک و قەیراناویی سندووقەکانی خانەنشینان یەکێ لەو خاڵانەیە کە دەتوانێ لە داڕۆژدا ئاگری ناڕەزایەتییەکانی پێ خۆشتر بکرێ. لە

ماوەی ڕابردوودا خانەنشینانی کارخانەکانی «پۆڵا» و «ذوب آهن» چەندین جار بە هۆی پێنەدانی حەقدەست و مزی مانگانە و هەندێ لە داواکارییەکانیان ناڕەزایەتییان دەربڕیوە کە زۆر جار دروشمەکانیان گەلێک زبر بوونە، هەر بە تەنیا خانەنشینانی سندووقی پۆڵا نین کە هاواری ناڕەزایەتییان لێ بەرز بووەتەوە، زۆر لە سندووقەکانی تریش دەنگیان لێوە هاتوە و دەگەڵ گرفتی هاوشێوە بەرەوڕوو بوونە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنانەت ناوەندی توێژینەوەکانی پارلمانیش نایشارێتەوە کە بەردەوامیی قەیران لە ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (تأمین اجتماعی) دەتوانێ لە دواڕۆژدا بەستێنی ناڕەزایەتییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرفرەوانتر بکا.

## قەیرانی گەندەڵیی سیستماتیکی ماڵی

گەندەڵیی ماڵی بە مانای کەلکوەرگرتن لە جێگە و پێگەی سیاسی و ئیداری بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی مادی بۆ قایمتر کردنی بەرژەوەندییە کەسییەکان، دیاردەیەکی جیهانییە و کەمتر وڵات هەیە ئەو پەتایەی پێوە نەنووسابێ. بەڵام جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان ئەو وڵاتانە کە تاق و لۆق لە جێیەک گەندەڵی دەکرێ و کەسانێکی تێوە دەگلێن لەگەڵ ئەم وڵاتانەی گەندەڵی هەر هەموو دەسەڵات دەگرێتە خۆ و سیستماتیک پەرەی پێ دەدرێ. لە وڵاتە بە سەروسامانەکاندا ئەو نەخۆشییە هەڵلای لێ ساز دەبێ و کەسەکان دەبێ نرخی قورسی بۆ بدەن و بە توندترین شێوە سزا دەدرێن، لەو وڵاتانەشدا کە گەندەڵی ڕەگی داکوتاوە و بۆتە خۆرە و، قوبحی ئەم تاوانە گەورەیە شکاوە؛ زۆربەی ئەوانەی زیاترین گەندەڵییان کردوە، لە وڵات دەچنە دەرێ و ڕەنگبێ کەسێکیش لە نێوخۆ بگیرێ؛ بەڵام لەبەر بەربڵاویی ئەم گەندەڵییە لە لایەن بەشی هەرە زۆری بەرپرسان و کەسایەتییەکان وەک شانۆیەک دادگایەک دادەنێن و لە ئاکامدا هیچ ڕوو نادا! گەندەڵیی ماڵی لە وڵاتی ئێران سەرجەم جومگەکانی دەسەڵات و هەموو تان و پۆی ڕێژیمی داگرتوە و وەک نەخۆشییەکی ئێپیدێمی خوێنی لەشی کۆمەڵگە و ئەو نیزامەی مژیوە، ئەمەش لە کولتووری سیاسی و هەڵاواردنەکان هەر لە شۆڕشی ١٣٥٧ـەوە دەستی پێکردوە، ئەو هەموو پووڵ و پارەیە لە ئابوورییەکی بەرهەڵدای دەوڵەتی و مفتە بە فرۆشتنی نەوت و وزە وەک گۆشتی سەر چەپەری لێهاتوە و کەسیش نییە پێشی پێبگرێ؛ چونکە هەموو دەسەڵاتداران تێوەی گلاون. بە پێچەوانەی قسەکانی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێی وایە ئەوە هەمووی تەبلیغات و بانگەشەی دوژمنانە و، ئەو باسانە نابێ زۆر شەن و کەو بکرێن! چەند خاڵی سەرەکی لەو پێوەندییەدا باس دەکەین:

ئەلف. دابەشکردنی کۆمەڵگە بە دوو بەشی خودی و غەیرەخودی، هەر لەو پێوەندییەدا، پێوانەی، «دەروەستبوون بە نیزام» جێگای «پسپۆڕی»ـی گرتۆتەوە. یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکانی گەندەڵیی سیستماتیک لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ئەوەیە کە تەنیا ئەو کەسانە خۆیین و لەسەر کورسیی دەستەڵاتن کە باوەڕی تەواویان بەو قوتابخانە فکرییە هەبێ و بەڵێنی بێدەنگی و پاراستنیان پێ بدەن، ئەمە مەڵەغانێکی زۆر تیژ بوو کە هەموو سامانی فکری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووریی وڵاتی پێکەوە درووی و زۆرترین کەسی نەشیاو و ناشایستی بە نان و نەوایەک گەیاند. ئێستا ئیدی گەندەڵی گەیوەتە جێیەک کە لە کۆمەڵگەدا

کەس باوەڕی بە بەرپرسان نەماوە.

ب. ئابووریی وڵات بە تایبەت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، یەکێ لە سەرچاوە سەرەکییەکانی گەندەڵیی »سیستماتیکە«یە.
یەکەم، بە پێی توێژینەوە جۆراوجۆرەکان، ٧٠ هەتا ٨٠ لەسەدی بەرهەمی پوختەنەکراو «ناخالص»ی نێوخۆیی لەژێر دەسەڵاتی بەشی دەوڵەتی و دامەزراوە حکوومەتییەکاندایە، لە لایەکی تر نزیک بە ٧٠٪ی بوودجەی گشتیی وڵات تایبەت بە کۆمپانیا دەوڵەتییەکانە. خاوەندار و دەسەڵاتدارانی شادزی ئەو وڵاتە پڕ کێشە و هەژار و گرانییە کە حاکمی بێئەملا و ئەولای ئابووریی ئەو وڵاتەن، بە لەدەستدا بوونی «واژۆ زێڕینەکان» بە دوور لە هەر چاودێرییەک، چوارقورنەی ئابووریی وڵاتیان لەژێر چاودێریدایە. هەر لە هەنارده و هاوردەوە بگرە هەتا وەرگرتنی یارمەتی و قەرزی بێبەهرە، خاوەندارەتیی کارگە بەرهەمهێنەرەکان لەژێر ناوی ساختەی بە تایبەت (خصوصی)کردنی کەرتی ئابوورییدا، داگیرکردنی زەوی و زار و ...

دووهەم، هەناردەی نەوت، وەک گرینگترین سەرچاوەی داهات و دابینکردنی پارە و بوودجەی دەوڵەت، یەکێکی تر لە ڕەگ و ڕیشەکانی گەندەڵییە لەم وڵاتەدا. لە ڕاستییدا چارەنووسی میلیاردها دۆلار پشکی هەناردەی نەوت لە دەسەڵاتی خاوەن «واژۆ زێڕینەکان»دایە.

سێهەم، دامەزراوەکانی نزیک لە دەوڵەت و بە تایبەت کۆمپانیا ئابوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی سپای پاسداران لە شارەگەکانی گەندەڵی لە ئێرانن، هەموو لە بیرمانە کە حەسەن ڕۆحانی لە کێبەرکێ و بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکاندا و لەسەر ئەو دامەزراوانەی سەر بە سپا کە چالاکیی ئابووری دەکەن بە ئاشکرا گوتی: «ئەگەر چەک، پارە، ڕۆژنامە، ماڵپەڕ و ڕیکلام هەمووی لە شوێنێک کۆ ببێتەوە، هیچ گومانتان نەبێ ئەو جێیە سەرچاوەی گەندەڵییە.»

ج. حکوومەتی قانوون، دامەزراوەکانی چاودێری و کۆنترۆڵ و ڕاگەیاندنی ئازاد، لە باشترین کەرەسەکانی لەقاو دانی گەندەڵیین. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەم ئامرازانە نین و نابیندرێن. ڕێکخراوگەلی وەک «دیوان محاسبات کشوری» و «سازمان بازرسی کل کشور» کە بە ڕواڵەت ئەرکەکەیان چاودێری و بازڕەسیی داهات و دەرکەوت و دۆزینەوەی گەندەڵیی ئۆرگانە دەوڵەتییەکانە، هەر بە هێند وەرناگیرێن و ناخوێندرێنەوە. دەزگای قەزایی بۆخۆیشی کە لە نێو گەندەڵییدا نغرۆ بووە! لە هەمان کاتدا کە لە ڕاگەیاندنی ئازادیش بتوانێ بەر بەو گەندەڵییانە بگرێ و لێیان لەهەڵلا بدا هیچ هەواڵێک نییە.
لە دوا ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ناسراو بە «شەفافیەتی نێونەتەوەیی»دا کە ژانویەی ٢٠١٧ بڵاو بۆوە، ئێران لە بواری گەندەڵییدا لە نێو ١٧٨ وڵات کە توێژینەوەکەیان لەسەر کرابوو لە پلەی ١٣١ـدا جێی گرتوە. بەشی هەرە زۆری ئەو نەهامەتییەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەک هەژاری هەر ئیی ئەو گورزە کاریگەرانەی گەندەڵیی سیستماتیکە کە لە ئابووریی وڵات دراوە.

**پرسی نەتەوەکان لە ئێران و مافەکانیان لە نیزامی کۆماری ئیسلامییدا**

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و زۆربەی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئەم وڵاتە بە تایبەت کورد، بەلووچ و عەرەبەکان لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران هەڵکەوتوون و بە هۆی سیاسەتی بە ئەمنیەتی کردنی ئەم ناوچانە و هەڵاواردنی سیستماتیک، لە دواکەوتوویی و بێبەشی لە مافەکانیدان ڕاگیراون.

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا و لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەت_نەتەوە لەسەر دەستی ڕەزاخان، سیاسەتی یەکدەستکردنی وڵات بە سەرکوتی نەتەوە نافارسەکان دەستی پێکرد و هەموو شۆڕش و نافەرمانییە مەدەنییەکانی ئەم نەتەوانە بە توندی قەڵاچۆ کران. ئەم ڕەوتە سیستماتیکە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییدا لە شێوەی زبر و نەرمی خۆیدا درێژەی بووە، بەو جیاوازییە کە هەڵاواردنەکان زەقتر و پاشخستنەکان زیاتر بووە؛ بە تایبەت کە خەڵکی کوردستان و بەلووچستان و ناوچە عەرەبییەکانی ئێران بە هۆی _کەم و زۆر_سوننی بوونیان پتر کەوتنە بەر تیغی سەرکوت. بەڵام سەرەڕای چوار دەیە بەردەوامیی سیاسەتی حاشا و زەبروزەنگ ڕەوتی شوناسخوازیی ئەم نەتەوانە بەردەوام ڕوو لە گەشە بووە. بە واتایەکی دی ئەمڕۆکە بزووتنەوەی شوناسخوازی لە ڕەهەندە بەربڵاو و جۆراوجۆرەکانی خۆیدا کێشەی سەرەکیی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامییە. کێشەیەک کە نە بە ئێعدام، نە بە کوشتوبڕ و نە بە پڕکردن و توندکردنی گرتووخانەکان لە لاوانی شوناسخواز نەیتوانیوە چارەسەری بکا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا نەتەوە شوناسخوازەکان لەسەر بنەمای هەڵاواردن لە بەشداریی سیاسی و ئیداریی وڵاتدا دادەماڵێ و شیر لە زمان و کولتووری جیاوازەکان دەسوێ، کە هاوتەریب پرسی نەتەوەخوازی _کە لە جێدا وڵامدانەوە بە سیاسەتی تواندنەوە و بێبەشبوون لە مافە بنەڕەتییەکان بە هۆی دەسەڵاتی ناوەندییە_ و پرسی مافخوازی بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لە نێو ئەم نەتەوانەدا ڕوو لە گەشە و بنداکوتانە.

لەم ڕووەوە لە ئێستادا دەبینین کە گوتاری مافخوازی و دابەشکردنی دەسەڵاتە سیاسی و ئیدارییەکان بەسەر ئێتنیک و جۆراوجۆرییەکانی وڵات لە ئێرانی داهاتوودا خەریکە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە لە بەشە سیاسی و مەدەنییەکەی دەگرێتەوە و تەنانەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییشدا دەبێتە بنەما و بنەڕەتێک بۆ دروستبوونی بەرە و هاوپێوەندیی سیاسی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە مانیفێستەکەی لەسەر مافی نەتەوایەتی داندراوە، پتر لە ٧ دەیەیە لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێراندا خەبات دەکا و خوێنی بۆ دەدا و دوو ئەزموونی سەرکەوتووشی لە دوو قۆناغی جیاوازدا لە خۆبەڕێوەبەرییدا هەیە. حیزبی ئێمە ئەگەرچی لە زۆر برگەی ئەم مێژووەدا تەنیا بووە، بەڵام ئێستا بە گەشبینییەوە چاو لە پەرەسەندنی پرسی شوناسخوازی لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا دەکا و پێی وایە هەتا پرسی نەتەوایەتی لە ئێران چارەسەر نەکرێ، ئەم وڵاتە سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ.

**کۆماری ئیسلامی و پرسی مافی مرۆڤ**

لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا دوو ساڵی لێ دەرچێ، هەموو ساڵێ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژیمی تارانی لەسەر پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ مەحکووم کردوە و بڕیارنامەی لەدژی دەرکردوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها لە ڕێگەی کۆمیسیۆن و شۆرای مافی مرۆڤەوە تا ئێستا شەش ڕیپۆرتێری تایبەتیی بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری کردوە و ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکاریی هیچ کام لەوانی نەکردوە، بەڵام ئەمە خۆی نیشانەی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی لە هەمبەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامییدایە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشێوەیەکی زۆر توند و زاڵمانە بەدژی ماف و ئازادییە مەدەنی و ئایینییە بەکۆمەڵ و تاکەکەسییەکانی خەڵکانی ئێران چووەتە سەنگەر و، کارنامەیەکی ڕەش و پڕ لە تیرۆری جیابیرانی سیاسی، سەرکوتی ماف و ناڕەزایەتییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی تۆمار کردوە.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕێز لە ژیان و گیانی مرۆڤ ناگیرێ و ئەم ڕێژیمە بە پێی حەشیمەت پلەی یەکەمی ئێعدامی لە دنیادا هەیە. بیرکردنەوەی جیاواز و ناڕەزایەتی دەربڕین تاوانی ئەمنیەتیی دەدرێتە پاڵ و زیندانەکانی وڵات پڕن لە کەسانی جیابیر و مافویست و ئازادیخواز. مافی نەتەوە غەیرەفارسەکان و کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان نەک هەر بە ڕەسمی ناناسرێن، بەڵکوو سیستماتیک پێشێل دەکرێن و ئەم ڕەوتی هەڵاواردن و زەوتکردنە، قانوونمەندیش کراوە.

هەرچەند سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر ماف و ئازادییەکانی هەموو خەڵکی ئێران ناڕەوا و دژی ئینسانییە، بەڵام ئەم بابەتە لە کوردستان زۆر جیاوازترە. لە کوردستان بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە سەرکوتی ئازادییەکان زیاتر و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ چەند قات زیاترە. لانیکەم لە دوو-سێ دەیەی ڕابردوودا زۆرترین ئێعدامی سیاسی لە نەتەوەی کورد کراوە، کۆنترین زیندانییە سیاسییەکان لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییدا کورد و ئەندامی حیزبی دێموکراتن، کۆنترین زیندانیی سیاسیی ژن لە ئێران کە سزای زیندانیی تاهەتایی بەسەردا سەپاوە، هەر کوردە.

هەڵاواردن تەنانەت لە شێوەی هەڵسوکەوتی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زیندانییانی سیاسی و چالاکانی مەدەنیی کورد و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤی کورد لە ئێرانیشدا شتێکی تازە نییە کە پێویستیی بە ئاماژە و لێکدانەوە هەبێ. وەک چۆن بۆ تاوانی! وەک یەک سزای وەک یەک نییە و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە سەپاندنی ماوەی زیندان و دوورخرانەوە و بێبەشی لە مافەکان لە زینداندا پشکی شێریان پێ دەبڕێ.

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە زۆر ڕەهەندی دیکەدا کە پێوەندیی بە پرسی شوناسی کوردەوە هەیە، تۆخ و بەرچاوە. خوێندن بە زمانی کوردی سەرەڕای داوای بەردەوامی خەڵک ئێستاش وەک مافێکی بنەڕەتی لە خەڵکی کوردستان زەوت کراوە، چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنی و ژینگەپارێزییەکان لەو بەستێنەدا کە پرسی شوناسخوازی بگرێتەوە بەربەستی زۆری دەخرێتە بەردەم و بەرەوڕووی قەدەغەکران دەبێتەوە. لە کوردستان بە هۆی ئەو کەشە ئەمنیەتییەی بەسەریدا زاڵ کراوە، سروشتی هەر چەشنە مافخوازییەکیش

بە حەزی دەسەڵاتی ناوەندی دەگۆڕدرێ و ڕۆژنامەنووسانی ڕەخنەگر، چالاکانی مافخوازی کرێکاری، ژینگەپارێزانی بەهەڵوێست و چالاکانی مەدەنیی کورد یەکدابەدوو پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ دروست دەکرێ و سزای قورسی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێ.

با چاو بە چەند ئامارێکدا بخشێنین کە لە لایەن ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤەوە لەسەر چەند حاڵەتێکی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران کۆیان کردوەتەوە:

کۆڵبەرکوژی و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان دیاردەی بەرچاوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانن، لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٥ـی هەتاوییەوە تا ئێستا (کۆتایی پاییزی ١٣٩٧) ٤٦٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، تەقینەوەی مین، هەڵدێران لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەق هەڵاتن لە سەرمان لە سۆنگەی ڕێگەگرتن لێیان، گیانیان لەدەست داوە و بریندار بوون. وردەکارییەکان دەریدەخەن کە لەو ٤٦٠ قوربانییە ٢٠٧ کەسیان کوژراون و گیانیان لەدەست داوە ٢٥٣ کەسیشیان بریندار بوون.

لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا ٩٥٥ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لەدژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. لەو ٩٥٥ کەسە لانیکەم ٢٥٠ کەسیان دادگایی کراون و سزای لە سێ مانگەوە تا ٣٠ ساڵ (زیاتر لە هەزار و یەک ساڵ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە. هەروەها ١١ بەندکراوی کوردیش بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن سزای لەسێدارە دانیان بەسەردا سەپاوە و ١٨ بەندکراوی کوردیش لەژێر ئەشکەنجەدا یان بە شێوەی گوماناوی لە گرتووخانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا گیانیان لێ ئەستێندراوە.

هەر لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا لانیکەم ١٧٤ کەس لە کوردستان لەسێدارە دراون، کە بە پێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەم وڵاتە، لەو بوارەشدا کورد هەر بەشی شێری بەرکەوتوە. هەروەها لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا زیاتر لە ١٩٠ کەس بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و شوناسی ١٠٨ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە کە ٢٢ کەسیان کوژراون و ٨٦ کەسیشیان بریندار بوون.

ئەو چەند ئامارەی سەرەوە لە تەنیشت سەدان نموونەی دی لە پێشێلکرانی مافی کرێکاران، ژنان، مامۆستایان و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ پێمان دەڵێن کە لە کوردستان چ ڕادەبرێ!

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەرچی ڕوانینێکی ناوەندگەرا بە نیسبەت پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان هەیە و ئەم دووچاوگی و هەڵاواردنە لە ڕووماڵی حاڵەتەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن میدیا و ناوەند و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانی چالاک لەو بەستێنەدا زۆر بەرچاوە، بەڵام کورد بۆ خۆی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی وەک پێویست نەیانتوانیوە لە مێکانیزمە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ بە قازانجی پرسی کورد و ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی کەلک وەربگرن. جێگای داخ ئەوەیە کە میدیاکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەرییش بە پێی پێویست گرینگی نادەن بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا. تەنانەت ئەو ناوەند و میدیا زەبەلاحانەش کە سەر بە وڵاتە

زلهێزەکانن و لە لایەن فارس‌زمانەکانەوە ئیدارە دەکرێن، ئەو گرنگییەی کە بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە تاران و شارەکانی دیکەی دەدەن بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی نادەن.

دیارە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەسەندکراو و کۆنڤانسیۆنەکانی و هەروەها ئۆرگان و دامەزراوەکانی سەر بەم ڕێکخراوە؛ وەک شۆڕای مافی مرۆڤ دەتوانن دەرفەتی باش بۆ جووڵاندنی دۆسیەی کورد و ڕاکێشانی پشتیوانیی گشتی بۆ دۆزەکەمان پێک بێنن. بۆیە دەبێ لە بەرنامەی کاریی داهاتووماندا زیاتر کات و وزەی بۆ تەرخان بکەین.

## کۆمەڵگە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان

هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ڕا تاکوو ئێستا توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان، دەروونناس و کۆمەڵناس و بەرپرسە ئیدارییە دەروەستەکان لە ئێران بەردەوام سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان وەبیر بەرپرسان و دامودەزگا حکوومەتییەکانی پێوەندیدار هێناوەتەوە و ئەوانیان لە ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەو دیاردانە وریا کردۆتەوە.

بەڵام ئەگەر لە لایەک کێشە و بابەتە سیاسییەکان بە قورسایی زیاترەوە، سێبەریان خستۆتە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لەم سۆنگەیەوە دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام پشتگوێ خراون، بەڵام حاشاکردنی کاربەدەستان و شاردنەوەی ڕاستییەکان و نەبوونی ئامارێکی ورد و دەقیقیش لایەنێکی دیکەی ئەم واقعەن کە ئێستا بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتوە.

ئاشکرایە کە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام دەکرێ لە چەند بەشی گرینگدا پۆلێنیان بکەین، وەک: بێکاری، هەژاری، تەڵاق، ئێعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان، قەتڵ، توندوتیژی، تاوانکاری، لەش‌فرۆشی و لادانە جنسییەکان، خۆکوژی و پەراوێزنشینی و قەیرانەکانی ژینگە و هتد.

ئەگەر بۆ باس لەسەر ئەم خەسارانە پشت بە ئامارە ڕەسمی و نیوە ڕەسمییەکان ببەستین، بۆمان دەردەکەوێ کە تەمەنی تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان بۆ خوار ١٢ ساڵ دابەزیوە و ئەو دیاردەیە خەریکە لە قوتابخانەکانیشدا پەرە دەستێنێ، هەروەها بە پێی ئامارە ناڕەسمییەکان ٨ تا ١٠ میلیۆن کەس لە ئێران ـبە شێوەی دایم یان جاروبارـ ماددەی هۆشبەر بەکار دێنن و لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد و بێکارییەوە ئاماری تەڵاق بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانە و تەمەنی لەش‌فرۆشی بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوە. کارەساتەکە زیاتر لەوەدایە کە بەشی زۆری ژنە لەشفرۆشەکان خوێندەوار و خاوەن مێرد و منداڵن. ئامارەکان دەڵێن ئێستا ١٥ میلیۆن پەروەندەی قەزایی لە دادگاکانی ئێران کراوەن. هەمیشە زیاتر لە ٢٢٠ هەزار کەس لە زینداندان. کاربەدەستانی ڕێژیم نایشارنەوە کە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە حەشیمەتی ئێران ٢ بەرانبەر بووە، بەڵام ئەژماری زیندانییەکانی ئێران بووەتە ١٠ بەرامبەر و تەنانەت زیاتریش.

١٨ میلیۆن پەراوێزنشین، ٢ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار ژنی سەرپەرستی بنەماڵە، ٣٠ هەزار کوژراوی ڕووداوی هاتوچۆ لە ساڵدا، زیاتر لە ٢٠٠٠ کوشتنی بەئەنقەست و ١٣٠٠ حاڵەتی

دەستدرێژی بۆ سەر کچان و ژنان لە ساڵدا، هەبوونی ٢١ میلیۆن بێسەواد و کەمسەواد، پەرەسەندنی خۆکوژی، خەمۆکی و لەزیاد بوونی دیاردەی فرۆشتنی ئەندامانی لەش لە ڕووی ناچاری و بێدەرەتانی، چەند دیمەنێکی ڕوخساری کۆمەڵگەی ئێرانی ئەمڕۆن. بارودۆخی ژنان و لاوان و خوێندکاران وەک سێ توێژی سەرەکیی کۆمەڵ بە نموونە دێنینەوە:

بارودۆخی ژنان لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە هۆی سیاسەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی مافەکانیانەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتوە .سەرەڕای گەشەی زۆری ژنان لە ڕووی خوێندەواری و هەڵسووڕانیان لە مەیدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتییدا، بەڵام دیسان ژنان قوربانیی ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیکی و پڕ هەڵاواردنی نیزامی سیاسیی دەسەڵاتن و مافە سیاسی و مەدەنی و ڕەگەزییەکانیان سیستماتیک پێشێل دەکرێن. هەتا ئێستاش ڕێژەی ژنان لە پارلمانی ئێران نەگەیوەتە سەدی ٥ و لە ماوەی چوار دەیەی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمەدا تەنیا یەک ژن توانیویەتی بۆ ماوەیەک لە کابینەی حکوومەتدا ببێ بە وەزیر. ئێران لە نێو ١٤٤ وڵاتی دنیادا لە ڕووی جیاوازیی ڕەگەزییەوە لە پلەی ١٤٠دایە. ڕادەی بەشداریی سیاسیی ژنان لە ئێران کەمتر لە سەدی ٧ و ڕادەی بەشداریی ئابووریی ژنانیش لە سەدی ١٥ تێنەپەڕیوە. قەیرانی نێوخۆیی، بە تایبەت قەیرانی ئابووری و بێکاری شوێنی زۆری لەسەر بارودۆخی گشتیی ژنان داناوە و بووەتە هۆی ئەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو ژناندا پەرە بستێنن.

بەڵام بێمافی و بەشمەینەتیی ژنان وەک دۆخ و واقع نەبووەتە هۆی ئەوەی ژنان پشت لە خەبات و تێکۆشان بکەن و بە تایبەت دەبینین لە بەستێنی مەدەنییدا ژنان لە کوردستان و ئێران هەڵسووڕ و ئامادەی مەیدانن و تەنانەت لە زۆر بواردا ڕچەشکێن و لە ڕیزی پێشەوەی ئەم بزووتنەوە و نارەزایەتییانەن کە لەدژی دەسەڵات وەڕێ دەخرێن.

لاوان لە ئێران یەک لە چواری حەشیمەتی وڵات پێک دێنن، بەڵام بەشیان لە بەشداریی سیاسی و ئابووریی وڵاتدا لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە. قەیرانە ئابوورییەکان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بارودۆخی ئێستای لاوان و ڕوانگەیان بۆ داهاتوو داناوە و پەرەیان بە بێکاری، بێهیوایی و خەمۆکی لە نێو لاواندا داوە و ئەوانیان تووشی کۆمەڵێک خەساری وەک گیرۆدەبوون بە ماددەی هۆشبەر کردوە.

لەو بارودۆخەدا دەبینین کە دامەزران و دەسخستنی کار خەونی گەورەی زۆرینەی هەرە زۆری لاوانە، پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بۆ لاوان دژوارتر لە هەموو کاتێکە، مەیلی ڕاکردن لە ئێران لە نێو لاواندا (ئەگەر دەرەتان هەبێ و بوار برەخسێ) حەز و خواستێکی بەربڵاوە و ئەم بارودۆخە بۆ لاوانی کورد چەند قات لە لاوانی بەشەکانی دیکەی ئێران بەرچاوترە. بێکاری لە کوردستان کە چەند قاتی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە بووەتە هۆی ئەوەی لاوانی کورد _تەنانەت بە بڕوانامەی لیسانس و فەوقەلیسانسیشەوە_ ڕوو لە زۆر کاری بە ناو کاری وەک کۆڵبەری بکەن و گیانیان لە پێناو دابینکردنی پارووە نانێک دابنێن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا هەوڵی داوە و بەرنامەی بۆ ئەوە داناوە خەونی ئازادی، کەرامەتی مرۆیی، خۆشبژیوی، دێموکراسی، پێشکەوتن و دڵخۆشی لە لاوان بستێنێ و نیزامی پەروەردەییشی بۆ بارهێنانی وەچە لە دوای وەچە؛ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئیدئۆلۆژیکییەکانی بووە، هەوڵ و پلانێک کە کەمترین کڕیاری لە نێو لاواندا

هەبووە و لە ئەمڕۆکەدا لاوان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی نارازییەکان لە نیزامی سیاسی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیین.

خوێندکاران توێژی گرینگی دیکەی کۆمەڵگەن. دەزانین کە لە هەموو ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامییدا، زانستگە مەیدانی تاقیکردنەوەی سیاسەتی جۆراوجۆری ڕێژیم بووە بۆ دەستەمۆکردنی خوێندکاران و لێسەندنەوەی ڕۆحی ڕەخنەگری و پرسیارخولقێنیی خوێندکاران؛ وەک شۆڕشی فەرهەنگی، ڕەچاوکردنی سیستمی هەڵاواردن «هەڵبژاردن»، دامەزراندنی دامەزراوەی جۆراوجۆر بە مەبەستی گۆشکردنی خوێندکاران بە بنەما فکرییەکانی ڕێژیم وەک دامەزراوەی نوێنەرایەتیی وەلی فەقیهـ لە زانکۆ، پاسەوانی، بەسیجی خوێندکاری و هەروەها دەستێوەردانی بەربڵاوی دەوڵەت لە سیستمی بەڕێوەبەریی زانستگەکان و تەنانەت گۆڕانکاری لە ماددە دەرسییەکانی زانستگە بە تایبەت لە زانستە مرۆییەکاندا و لە پەنای ئەوانەشدا بەرگرتن لە هەر چەشنە ڕێکخستنێکی خۆڕسک و سەربەخۆ لە لایەن خوێندکارانەوە و ...

دەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی لەو ساڵانەدا، دەبینین نە تەنیا زانستگە نەبۆتە پاساودەری دەسەڵاتی دیکتاتۆری و دژەئازادیی ڕێژیم، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بۆتە یەکێک لە سەنگەرەکانی ئازادیخوازی. تا ئەو ڕادەیە کە خوێندکاران لە نەبوونی ئەحزابی سیاسیی قانوونییدا، نوێنەرایەتیی خواستەکانی خەڵکیان کەوتوەتە سەر شان.

سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانە، خوێندکارانی کورد خاوەنپرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانیین و ڕەسالەتی مێژوویی خەملاندنی بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان لەسەر شانە و ئەمەش وای کردوە خوێندکاران لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازییدا بن. لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانیی زۆر زیاتر لە خوێندکاران دەکرێ و لە هەلومەرجی ئێستادا ئاستێک لە پاسیڤیزم لە زانکۆکاندا دەبینرێ، کە دەکرێ هۆکارگەلی جۆراوجۆری هەبێ؛ وەک سەرکوت و زەبروزەنگ، باڵکێشانی جۆرێک لە بێهیوایی بەسەر کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، لاوازیی حوزووری گوفتمانیی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و سەرەنجام لاوازیی کولتووری بە ڕێکخراوکردنی چالاکییەکان.

**ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئێمە و زۆر لە هێز و لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەو باوەڕەین کە یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا، پەرشوبڵاوی و نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و بەهێز لەدژی کۆماری ئیسلامییە. بەداخەوە تا ئێستاش ئۆپۆزیسیۆنێکی کاریگەر کە بتوانێ خەڵک بە دوای دروشمەکانی خۆیدا بێنێتە مەیدان، خۆی دەرنەخستوە تا وەک ئاڵتێرناتیوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران حیسابی لەسەر بکرێ. ئەگەر گوشاری کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەرنان و پەرشوبڵاویی هێزەکانی دژبەر بە یەکێک لە هۆیەکانی لاوازیی ئەو هێزانە بێنینە ئەژمار، ئەوە هۆیەکی دیکەی ئەو لاوازییەش نەبوونی ئەزموونی بەیەکەوە کارکردن و لاوازیی فەرهەنگی وێکهەڵکردنە. بێجگە لەم هۆیانەش، کۆمەڵێک کێشە و ناکۆکیی فیکری و سیاسی و ڕای جیاواز چ لە پێوەندی لەگەڵ خەبات بەدژی ڕێژیم و پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی ئێران و چ لە پێوەندی لەگەڵ سروشت و ئەڵتەرناتیڤی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بوونە ڕێگر بۆ لێک نزیک-بوونەوە و کارکردنی بەیەکەوە لەدژی ڕێژیم. دژبەرانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران زۆر لە یەکتر دوورن و لەسەر ڕووخاندن یان گۆڕینی ڕێژیمیش بە ستراتێژیی جیاواز کار دەکەن کە ئەمانە بوونەتە هۆی درێژەکێشانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا. لەلایەکی دیکەشەوە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکهەڵوێست خەڵکی ئێرانی تووشی نائومێدی و سەرلێشێوان کردوە و دڵنیاییەک نابینرێ هەتا خەڵک بزانن لە دوای نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران چ جۆرە دەوڵەتێک لە ئێراندا دادەمەزرێ و داهاتووی وڵات بەرەو کوێ دەچێ.

لەم ساڵانەی دواییدا، گوشاری زۆری ڕێژیم بۆسەر خەڵک، قەیرانی ئابووری و چوونەسەرێی نرخەکان، گرانی و بێکاری، گوشاری لە ڕادەبەدەری هێزە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکان بۆسەر چالاکان، وڵامنەدانەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک، هاتنە خواری بایەخی دراوی نیشتمانی و درێژەی سیاسەتی سەرکوت، هەموو چین و توێژەکانی لە نێوخۆی وڵاتدا وەزاڵە هێناوە و ڕۆژانە شاهیدی دەربڕینی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکیین لە نێوخۆدا، کە ئەمە بەستێنێکی گونجاوی بۆ ئۆپۆزیسیۆن ڕەخساندوە. خەڵک لە نێوخۆی وڵات خەریکی خۆسازمان دان و فۆرموولەکردنی ویست و داخوازییە سێنفییەکانیانن و، بۆ دابینکردنی مافەکانیان دێنە سەر شەقامەکان و زۆر جار داخوازییەکان گشتگیر دەبن و دروشمی گۆڕان و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بەرز دەکرێتەوە.

ئەو خۆپیشاندانانە، لە دەرەوەی وڵاتیش هیوایەکیان داوە بە ئۆپۆزیسیۆن و بوونە هۆی لێک نزیکبوونەوەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە بۆ یەکخستنی هێزەکانیان و بەخۆدا چوونەوە، لە هەوڵی ئامادەکردنی پلاتفۆرمێکدان بۆ داهاتووی ئێران. ئەم جموجۆڵ و بەخۆدا هاتنەوەیە تا ڕادەیەک ئێمەشی گرتۆتەوە. حیزبی ئێمە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، هەوڵی داوە لەگەڵ کەسایەتی و لایەنە چەپ و دێموکراتەکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بگاتە لێکتێگەیشتن و لە ئاکامی ئاڵوگۆڕی بیروڕادا توانیومانە لەگەڵ چەند لایەنێک لە دوو هاوپەیمانییدا بە ناوەکانی «شۆرای دێموکراسیخوازانی ئێران» و «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» بگەینە ڕێککەوتن. دیارە ئەگەرچی ئەو دوو هاوپەیمانییە ناتوانن ببنە کۆکەرەوەی هەموو لایەنە دژبەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە:

یەکەم، دەتوانین ببینە پاڵپشتێک بۆ ئەوەی ئەو دوو هاوپەیمانییە گەورەتر ببنەوە.

دووهەم، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەو ڕێگایەوە زووتر و باشتر دەتوانێ ئاوێتەی بزووتنەوەی سیاسیی سەرانسەریی ئێران بێ و بەرچاو ڕوونییمان زیاتر دەبێ بۆ داهاتووی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی.

ئێمە پێمان وایە کە هەلومەرجی زاڵ بەسەر ئێراندا، بێزاریی خەڵک و گوشاری دەرەکی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووریدا، بەستێنی خەبات دژی ڕێژیمی خۆشتر کردوە و یەکخستنی تواناکان لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کەسانی سێکۆلار و دێموکرات کە باوەڕیان بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و گۆڕینی ڕێژیم و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و فیدراڵ هەیە، بە یەکێک لە ئەرکەکان دەزانین.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین بۆچوونی خۆمان لە بارەی دیالۆگ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بێنینە

بەر باس. ئێمە دیالۆگ و دانیشتن لەسەر داهاتووی ئێران و مافەکانی گەلی کورد لەگەڵ هیچ لایەنێک ڕەت ناکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە دەچینە هاوپەیمانەتییەوە، کە باوەڕیان بە مافە نەتەوایەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا هەبێ و قەبووڵی بکەن کە ئەو مافانە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا بگونجێندرێن.

بە هۆی ئەوەی کە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی زۆرتر پەڕیوەی هەندەرانن، کارکردن و دیالۆگ لەگەڵ ئەوان کردەییتر و ئاسانترە و زۆربەیان داوای ڕووخانی ڕێژیم دەکەن و زۆر و کەم پێگەیان لە نێو خەڵکی نێوخۆی ئێراندا هەیە. لەگەڵ ئەو بەشەش لە چالاکانی نێوخۆ کە لەژێر چاودێریی حکوومەتدان و زۆریان باوەڕیان بە ڕووخانی ڕێژیم نییە و پتر باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕە تا وەلانانی ئەو ڕێژیمە، هەرچەند کارکردن لەگەڵ ئەوان سەختتر و زەحمەتترە و ئەوان زۆرتر ئەهلی خۆپارێزیین؛ هەر بۆیە لەو بارەیەوە بیروبۆچوونەکان جیاوازن و لێکتێگەیشتنەکانمان لێک دوورن. ئێمە دەبێ پشتیوانی ئەو بەشە لە چالاکانی نێوخۆی وڵات بین کە باوەڕیان بە گۆڕانی ڕێژیم هەیە بەڵام ناتوانن زۆر خۆیان دەرخەن. ئێمە پێویستە هەوڵەکانمان لە نێوخۆی وڵات چڕتر بکەینەوە و هەر دوو بەشی دەرەوە و نێوخۆ بە یەکەوە گرێ بدەین بۆ ئەوەی کاریگەریی زۆرترمان لەسەر گۆڕانکارییەکان لە ئێراندا هەبێ.

هەروەک لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان پێ داوە، ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەسەر مافەکانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیالۆگ و دانیشتن دەکەین، بەڵام تەنیا لەگەڵ ئەو کەسایەتی و لایەنانە دەچینە بەرەیەکی هاوبەشەوە کە باوەڕیان بە گۆڕانی ڕێژیم و دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و فیدراڵ هەبێ؛ ئەگەرچی مەرج نییە شێوەی خەباتەکەمان بۆ گەیشتن بە مافەکانمان وەک یەک بێ. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر لایەن دیالۆگ و دانوستان بە چارەسەرێک بۆ پرسی کورد دەزانن و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان، دانوستان و وتوویژ بە ئامراز و چارەسەرێک لە چارەسەری پرس و کێشەکان دەزانێ بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو لایەنەی کە بەرەی لەگەڵ پێک دێنین ئەویش بەو جۆرە بیر بکاتەوە. هەر بۆیە پێویستە لە بەستنی هاوپەیمانەتی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ئەو خاڵە لە بەرچاو بگرین و بە لە بەرچاو گرتنی تایبەتمەندیی کوردستان بچینە نێو هاوپەیمانەتییەکان و دەرگاکان لە خۆمان دانەخەین.

### کوردستان و پرسی کورد

هەتا ئێستاش یەکێک لە پرسە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پرسی کوردە کە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. خەڵکی کوردستان لە نێو ئەو هەمووە هێزە توندڕەو و بناژۆخوازەدا کەوتۆتە نێو جەرگەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و وەک نەتەوەیەک بە دوور لە شەڕی ئایینی و فیرقەیی، بۆ دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی تێ دەکۆشێ.

ئاشکرایە کە لە سەدساڵی ڕابردوودا شۆڤێنیزمی ئێرانی، تورک و عەرەب هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ بۆ داماڵینی شوناسی نەتەوەیی لە کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان،

بەڵام نەک هەر لە پلانەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکوو ئەوە کورد بووە کە بە خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵە خەباتکارەکانی پاشەکشەی بە شۆڤێنیزمی ناوەندگەرا لە ئێران، عێراق، سووریە و تورکیە کردوە. نەتەوەی کورد ئەگەرچی جوغرافیا و خاکەکەی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە، بەڵام توانیویەتی وەک نەتەوەیەکی شوناسخواز، بوون و مانەوەی خۆی بسەلمێنێ. حاشا لەوە ناکرێ کە هەلومەرجی ناوچەکە بە چاک و خراپ کاریگەریی لەسەر دۆخی کورد و کوردستان هەبووە و هەیە و زۆر جاران هەلومەرج قۆستنەوە و ڕەخسانی دەرفەتە سیاسییەکان ڕۆڵیان لە بەدیهاتنی دەسکەوتەکاندا هەبووە و بەداخەوە باش کەلکوەرنەگرتن لەو دەرفەتە ڕەخساوانە شوێنەواری نێگەتیڤ و نەخوازراویشی لێ کەوتوەتەوە.

هەلومەرجێک کە دوای گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی لە عێراق و دواتر لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریە و شەڕی «دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام» (داعش) لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتە ئاراوە، دەرفەتێکی باشی بۆ کورد لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان ڕەخساند و کورد لەو دوو بەشەدا بوو بە فاکتەرێکی جێگەی سەرنج لەو گۆڕانکاری و هاوکێشانەدا. بۆیەش کورد لەم دوو بەشەی کوردستاندا توانی ببێتە گەمەکارێکی بەرچاوی سیاسی و سەربازی بۆ بەرەنگار بوونەوەی تێرۆریزم و هێزی توندڕۆی دەوڵەتیی ئیسلامیی (داعش) و جێگیرکردنی ئەمنیەت و ئاسایش لە هەرێمەکەدا؛ بە چەشنێک کە ئێستا کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە عێراق و سووریە بە شێوەی دیفاکتۆ دانیان پێدا دەنرێ و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ.

زاڵبوون بەسەر داعش لە عێراق و سووریەدا، کاریگەریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، نەخش و دەوری هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانی کورد لە یەکلاکردنەوەی شەڕی دژبە «داعش»دا و ئەزموونی سیاسی و خۆبەڕێوەبەری، تەمرینی حکوومەتداری و پێکهێنانی دامەزراوە و دامودەزگای دەوڵەتداری، نموونەیەکی سەرکەوتوون بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتی بەشەکانی دیکەی عێراق و سووریە. لەو دەرفەتەدا کورد کۆمەڵێک دەسکەوتی گەورەی دەستەبەر کردن و توانی سەرنج و پشتیوانیی دەوڵەتان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەوەش کۆمەڵێک پارامێتری نوێ هاتوونە نێو مەسەلە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە کوردەوە کە نەک هەر دەتوانن لە ئێستا و داهاتووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ناوچەکەدا شوێندانەر بن، بەڵکوو ئەگەر کورد توانیبای و بتوانێ یەکگرتووانە دەرفەتەکان بقۆزێتەوە، دەتوانێ جێپەنجە و کاریگەریی لە بەشێکی گرینگ لەو ئاڵوگۆڕانەدا هەبێ و بۆ بەرژەوەندیی درێژخایەنی خۆی کەلکیان لێوەربگرێ.

هەلومەرجی تازەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ کورد ڕەخساندوە، هاوکات دەتوانێ سەرچاوەی هێندێک مەترسییش بێ بۆ سەر کورد و خاکی کوردستان. چونکە تایبەتمەندیی هەر پارچەیەکی کوردستان جیاوازە و سروشت و ئەجێندای تایبەت بە خۆی هەیە. دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستانیشدا سیاسەت و خوێندنەوەی خۆیان هەیە لەسەر پرسی کورد و ئامانجەکانی و هاوکات خۆیان بە دۆستی بەشێک و نەیاری بەشێکی دیکەی کورد نیشان دەدەن. بە سەرنجدان و لێ وردبوونەوە لەو سیاسەتە، ئەگەر کورد وشیار نەبێ و سیاسەتی ژیرانە نەگرێتە بەر و ئاگاداری تاکتیک و ستراتێژیی دەوڵەتانی

نەیاری نەبێ، هیچ دوور نییە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە گشتی لە هەموو پارچەکاندا تووشی زیانێکی قەرەبوونەکراو بێ.

دیارە پێناسەی هاوبەشی کورد بەو مانایە نییە کە چارەسەری کێشە سیاسییەکانی کورد هاوبەش و وەک یەکن، بەڵکوو دابەشبوونی کوردستان بە سەر چەند وڵاتدا جیاوازیی لە سروشتی پرسی کورددا دروست کردوە و چارەسەری پرسی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستانیش بە لە بەرچاو گرتنی فەرهەنگی سیاسی و تایبەتمەندی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و یاسایی جیاوازی ئەو وڵاتانە، دەکرێ لێک جیاواز بێ. بەتایبەتی سروشتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد بە جۆرێکە کە هەر بەشێکی کوردستان چەند حیزبێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە بۆ درێژە پێدانی خەباتی سیاسی و بزاڤی خۆیان، بەشێکیان پێوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا هەیە و دەوڵەتانیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەلک لەو دەرفەت و بارودۆخە وەردەگرن. لەم پێوەندییەدا سیاسەتی ڕوون و لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە فۆرموولە کراوە:

حیزبی سیاسیی هەر پارچەیەکی کوردستان پێویستە نوێنەرایەتیی ئیرادەی سیاسیی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان بکا. هێزە سیاسییەکانی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان پێویستە یارمەتیدەری خەباتی یەکتر بن، بێئەوەی دەست لە کاروباری یەکتر وەربدەن. هەروەها پێوەندیی سیاسی و بەرپرسانە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە ناڕەوا نازانین، بە مەرجێک کە ئەو پێوەندییە زیان بە خەباتی پارچەکانی دیکە نەگەیەنێ و لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی کورد لە گشتییەتی خۆیدا نەبێ. بۆ لێکتێگەیشتن و فۆرموولەکردنی ئەو سیاسەتە، حیزبی ئێمە ناوەندێکی گشتگیری کوردی لە فۆرمی «کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان» بە پێویست دەزانێ، ناوەندێک کە بتوانێ بە دارشتنی سیاسەتێکی گشتی و کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان و هێز و پتانسیەلی هەموو خەڵکی کوردستان؛ ستاتۆیەکی بەهێزتر بە پرسی کورد ببەخشێ.

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە لە بەرچاو گرتنی دۆخی سیاسی و جوغرافیایی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مێژووی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان و بوونی ڕێبەریی سیاسیی حیزبە کوردییەکان لە مەیدانی ئەسڵیی خەباتدا، کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێراندا، پێگەی سیاسیی باشتری هەیە. بەڵام حاشا لەوەش ناکرێ کە پەرشوبڵاوی و نەبوونی گوتاری سیاسیی هاوبەش و ناکۆکیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، خاڵێکی لاوازە کە بەرۆکی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتوە. ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان بیرێکی جیددیتر لەو پەرشوبڵاوییە نەکەنەوە و بە هاوکاریی یەکتر ڕێگە چارەسەرێکی گونجاو و ئەمرۆیی بۆ نەدۆزنەوە، بە دڵنیاییەوە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان ناتوانێ لە هەموو پتانسیەل و دەرفەتەکان وەک پێویست کەلک وەرگرێ.

بێجگە لەوەش ئێمە نابێ سیاسەتی حاشاکردنی ڕێژیم لە بوونی نەتەوەی کورد لە ئێران لە بەرچاو نەگرین، بە تایبەتی کە دۆخی ناجێگیری ناوچەکە مەیدانی مانۆڕ و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زۆر بەرتەسک کردۆتەوە. ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوە کە وەزعی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دڵخواز و جێی ڕەزامەندیی ئێمە

نەبێ. هەر بۆیە پێویستە هەڵسەنگاندنێکی بەرپرسانە و بیرێکی ورد لەم دۆخە بکەینەوە و هەوڵ بدەین بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ، خۆمان لەو قەتیسمانە دەرباز بکەین.

بە باوەڕی ئێمە، خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هێزە کوردییەکان لەم هەلومەرجەدا لە ئێمە دەخوازن کە پرسی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی و بەیەکەوەگرێدراوی نەتەوەیەکی ژێردەست و دابەشکراو سەیر بکرێ. هەر چەند حاشا لەوە ناکرێ کە دێموگرافی، پێوەندیی مێژوویی، جێگە و پێگەی سیاسی، قانوونی و کۆمەڵایەتیی کورد لە ئێران لە چاو بارودۆخی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان زۆر سەختترە؛ کە لێرەدا ئاماژە بە چەند هۆی سەرەکی دەکەین:

یەکەم، مێژووی حکوومەت و دەسەڵاتداری لە ئێراندا بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی حاکم بەسەر کوردستاندا پاشخانێکی ئاسانتری بۆ تاران پێک هێناوە بۆ حکوومەتکردن بەسەر کوردستاندا.

دووهەم، ئەگەر لە تورکیە، سووریە و عێراق، پرسی پێکەوەژیان دەکەوێتە نێوان دوو نەتەوە، ئەوە لە ئێراندا چارەسەری پرسی کورد دەکەوێتە نێو بازنەیەکی ئاڵۆز و بەربڵاوی چەند نەتەوە کە مەرج نییە هەموویان وەک یەک لەگەڵ «تاران» ڕەفتار بکەن و خوێندنەوەی هاوبەشیان بۆی هەبێ.

سێهەم، لە مێژوودا هەلومەرجی سیاسی و دەرفەتەکان بەو جۆرەی کە بۆ باکوور و باشووری کوردستان ڕەخساون، لە کوردستانی ئێران نەهاتوونەتە پێش. بەڵام لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، سەرەڕای هەلومەرجی تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کوردی ئەم بەشەی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر خەباتی خۆی بەردەوام بووە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئەگەرچی دەرفەتەکان بۆ کوردی ڕۆژهەڵات کەم بوون، بەڵام توانیویانە ئەم دەرفەتانە بقۆزنەوە و دەسکەوتیان لێ بەدەست بێنن کە پێویستە ئاماژە بە دوو نموونەی گرینگ بکەین؛

لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا و؛ کۆماری کوردستان وەک یەکەم دەسەڵات و کیانی سیاسی لە فۆرمی کۆمارییدا لە لایەن حیزبی دێموکرات لەو بەشەی کوردستان ڕاگەیاندرا. کۆماری کوردستان هەوڵێکی جیددیی دا بۆ خۆ ڕێکخستن و بە دامەزراوەکردنی کاروباری کۆمەڵگە و لە ماوەی یازدە مانگدا نموونەیەکی جوانی لە خۆبەڕێوەبەریی کورد نیشان دا و، بوو بە جێگەی هیوا و ئومێدی خەڵکی کوردستان و مۆتەکەی خەونی دوژمنانی کورد. دوای ڕووخانی کۆمار، هەتا ئێستاش، گەلی کورد هەر لەژێر ئاڵا و ڕێبازەکەی پێشەوا و حیزبەکەیدا درێژەی بە خەباتی خۆی داوە.

دووهەم دەرفەت لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ کورد هاتە پێش. ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ـی هەتاوییدا، بوو بە هۆی گەشەسەندنی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستانی ئێران و بووژانەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات. حیزب توانی لەو هەلومەرجە بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی گەلی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی بە باشی کەلک وەرگرێ و چەند هەنگاوێک بچێتە پێش. لەو ماوەیەدا هەستی نەتەوایەتی گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و قۆناغی شوناسخوازیی کوردی

گەیاندە ئاستێکی بەرزتر و بۆ دابینکردنی ویست و داخوازەکانی کورد، خەباتێکی سەخت و دژوار دەستی پێکرد. لە بەرانبەر سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کورد بۆ بەرگری لە ماف و مەوجوودیەتی خۆی، بەرگرییەکی قارەمانانەی کرد. لەو قۆناغەدا حیزبی دێموکرات دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»ی بەرز کردبۆوە کە دواتر و لە قۆناغێکی دیکەی خەباتدا ئەو دروشمەی گۆڕی بۆ «دابینکردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ»دا و ئێستا ئەم دروشمە بووەتە دروشمی بەشێکی بەرچاو لە هێزە کوردستانییەکانی دیکەش لە ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی سیاسی، ئیداری و یاسایی، لە بەرنامەی خۆیدا بۆ چارەسەری دروستی گیروگرفتە سیاسی و ئیدارییەکانی وڵاتی ئێران کە نەتەوەی جۆراوجۆری تێدایە، چەند ڕێکارێکی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندوە و لە ماددەیەکی بەرنامەی حیزبدا هاتوە کە «سنووری کۆماری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی، مێژوویی و بە پێی ویستی زۆرینەی دانیشتووان دیاری دەکرێ». ئەو ماددەیە زۆر ڕوونە و پێویستیی بە شیکردنەوە نییە و، دەکرێ وەک ڕێگایەکی جێگەی پەسەند بۆ نیزامی سیاسی و ئیداریی دێموکراتیک و فیدراڵی ئێرانی داهاتوو کەڵکی لێ وەربگیرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێککەوتنێکی دیکەشی لە سەردەمی کۆماری کوردستان و کۆماری میللیی ئازەربایجان لە ساڵی ١٣٢٥ـی هەتاوییدا هەیە کە لە نێوان پێشەوا قازی محەممەد و جەعفەر پیشەوەرییدا ئیمزا کراوە کە پێوەندیی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی دوو گەلی کورد و ئازەرییەوە هەیە. ئەو ڕێککەوتنە لەو کاتدا تا ڕاددەیەک گرژیی نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەریی لەگەڵ یەکتر کەم کردبۆوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە مافی وەک یەکی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلّیی ئازەربایجانی تێدا ڕەچاو نەکرابوو، نەیتوانی هەموو کێشەکان چارەسەر بکا. دەکرێ لەسەر بنەمای ئەو لێکتێگەیشتنە دوو نەتەوەی کورد و ئازەری بگەنە ڕێککەوتنێکی دروستتر و سەردەمیانەتر لە داهاتووی ئێران و ناوچەکەدا.

### باشووری کوردستان

بە پێی هەڵکەوتی جوغرافیایی دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و سنوورێکی دووردرێژی نێوان ئەم دوو بەشە و، سەرەڕای دابەشکردن و ڕێگریی حکوومەتەکانی ئێران و عێراق لە پێوەندیی خەڵکی ئەو دوو بەشەی کوردستان، هەستی نەتەوایەتی و خەبات و تێکۆشان و پێوەندییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە گرێدراوی یەکترن کە تەنانەت چارەنووسی سیاسیی هەر کامیان کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ئەوی دیکە هەیە. وەک چۆن سەرکەوتنی هەر بەشێک بووەتە هۆی شادی و خۆشحاڵیی بەشەکەی تر، نسکۆ و تێکشکانەکانیش بوونەتە هۆی نیگەرانی و خەمی خەڵکی بەشەکەی تر و لە تەنگانە و ئاوارەییدا بوونەتە پشتیوانی یەکتر و بەهانای یەکترەوە چوون. بە تایبەت کە ئەم بەخەمبوون و بە هاناوە چوونەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژانی تەنگانەی باشووردا زیاتر و دیارتر بووە.

ساڵی ١٩٩١ـی زایینی و، دوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان کە حکوومەتی عێراق

دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی زۆری کوردستاندا نەما و، بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی گرتە دەست و ئەم پرۆسەیە دواتر هەڵبژاردنی پارلمان، پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دامەزراندنی دەزگا و دامەزراوەی ئیداری و حکوومەتیی بەدوادا هات، هەرێمی کوردستان بوو بە قەوارەیەکی شەرعی و دیفاکتۆ و بە هەموو کەموکورپییەکانییەوە، توانیویەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، دیپلۆماسی و دەوڵەتدارییدا هەنگاوی باش بنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سیاسەتی ژیرانە و هاوسۆزیی نەتەوەیی و بەرپرسایەتیی بەرانبەر بە پرسە گرینگە نەتەوەییەکان، لە ژیانی سیاسیی خۆیدا بەرپرسانە و دڵسۆزانە جووڵاوەتەوە و بەبێ ئەوەی دەست بخاتە نێو کاروباری نێوخۆیی باشووری کوردستان، لە زۆر برگەی زەمەنییدا، لە دیاریکردنی شێوەی خەبات و تاکتیکەکانی خۆیشیدا ڕەچاوی هەلومەرج و پێوەندییە ناوچەییەکانی باشووری کوردستانی کردوە کە تا ئێستاش ئەو سیاسەتە هەر بەردەوامە.

پێوەندی و تێکەڵاویی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە زۆر بارەوە دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ. لەسەر پرسی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان کە لە ٢٥ـی سێپتامبری ٢٠١٧ی زایینییدا بەڕێوە چوو، دەکرێ بە کورتی لەسەر هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕامێنین. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ئەسڵە دانپێدانراوەی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە «گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان هەیە»، بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی باشووری کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا بە ڕەسمی پشتیوانیی لەو مافەی خەڵکی کوردستان لە باشوور کرد. بەڕێوەچوونی ئەو ڕاپرسییە بوو بە هۆی شادی و خۆشحاڵیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەو بۆنەیەوە بە شێوەیەک جووڵانەوە و _لە شێوەی هاتنە سەر شەقام و کارنەڤاڵ و ..._ کاردانەوەی خۆیان نیشان دا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەرکوتی خەڵک پەنای بۆ سیاسەتی هەمیشەیی خۆی، هەڕەشە و گرتن و تۆقاندن بردەوە و زۆر کەس لەو سۆنگەیەوە کەوتنە بەندیخانە و لە ژوورەکانی ئەشکەنجەدان و لە گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا خۆیان دیتەوە.

دەرەنجامی ئەو ڕاپرسییە بە هۆکاری جۆراوجۆری ناوچەیی و نێودەوڵەتی بە تایبەتی پیلانی تێکدەرانە و دەستێوەردانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، گوشاری دەرەکی، بەستێنی نالەباری نێوخۆیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ...، هەرچی بووبێ، لە ڕوانگەی ئێمەوە لە ئیرادە و بایەخی خەڵکی باشووری کوردستان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس کەم ناکاتەوە و بە ڕێزەوە سەیری ئەو هەنگاوەی خەڵکی باشووری کوردستان دەکەین.

دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ڕاپرسیی هەرێمی کوردستاندا و گەلەکۆمەگیی ناوچەیی بۆ بە ئاکام نەگەیشتنی مافی ڕەوای گەلی کورد لە باشوور و کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی، ئێستا خەریکە لە سۆنگەی خۆڕاگریی خەڵک و هێزە سیاسییەکان و کاری بەردەوامی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دۆخەکە بەرەو باشبوون دەچێ. دیارە حاشا لەوە ناکرێ کە نەبوونی یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکان، ناکۆکییەکان، شێوەی بەڕێوەبەریی

وڵات و کەلکوەرنەگرتنی تەواو لە وزە و کارامەیی خەڵک، بەداخەوە تا ڕادەیەک ڕای گشتیی نیگەران کردوە و ئەگەر کەموکووڕییەکان چارەسەر نەکرێن و خەمیان لێ نەخورێ، بێگومان ئەمە کەلێن دەخاتە نێوان خەڵک و حکوومەت کە ئەوەش کەمایەسییەکی گەورەیە و دەتوانێ کۆمەڵگەی کوردی لەو هەرێمە بەرەورووی مەترسی بکاتەوە. ئەم کەموکووڕییانە بێگومان کاریگەریی ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر بیروبۆچوونی خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان، لەسەر حیزبە کوردییەکان و پرۆسە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە داهاتووی خۆبەڕێوەبەری و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا.

**باکووری کوردستان**

پرسی کورد لە باکووری کوردستان یەکێک لە پرسە مێژوویی و گرینگەکانی وڵات و دەسەڵاتدارییە لە تورکیە. کاتێک تورکیەی تازە پێک هات، حکوومەتی تورکیە حاشای لە بوونی کورد دەکرد و بە هەموو جۆرێک مافەکانی پێشێل دەکرد، ئەوە مێژووی دەیان ساڵ سیاسەت و ڕەفتاری کەماڵیستەکانە لە تورکیە؛ بەو حاڵەش کورد کۆڵی نەداوە و بۆ دەستەبەر کردنی مافە ڕەوا و ئینسانییەکانی لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە.

لە دوو دەیەی ڕابردوودا قۆناغێکی دیکەی خەبات لە باکووری کوردستان دەستی پێکرد و بۆ ماوەیەک کرانەوە و هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک لەبار بۆ خەباتی گەلی کورد هاتە ئاراوە. کورد لەو دەرفەتە بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و خەباتی پارلمانی و مەدەنی کەلکی وەرگرت تا ئەو جێیەی کە دەرفەت بۆ وتوویژی نێوان حکوومەت و بزووتنەوەی سیاسیی کورد ڕەخسا. لەو ماوەیەدا هەر دوو لایەن توانیان بە دیالۆگ هەلومەرجێکی لەبار بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد پێک بێنن کە ئەوە بوو بە جێگەی دڵخۆشیی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان؛ بەڵام بەداخەوە ئەم ڕەوتە بە ئاکام نەگەیشت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەو کات بەرپرسانە پێشوازیی لە وتوویژی نێوان بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی تورکیە کرد و وتوویژ و دانووستانی وەک باشترین ڕێگەی چارەسەری سیاسی لە تورکیە ناو برد و لایەنەکانی هان دا بۆ درێژەدان بە وتوویژ و بەئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە. بەداخەوە دوورکەوتنەوەی حکوومەتی تورکیە لە ڕێڕەوی پرۆسەکە و بەشێکیش توندڕۆیی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، وتوویژەکانی پەک خست و فەزای دیالۆگی گۆڕی بۆ گرژی و ئاڵۆزی و دواجار شەڕێکی سەخت و خوێناوی دەستی پێکردەوە کە تا ئێستا زیانی زۆری لە کۆمەڵگەی کوردی لەو بەشەی کوردستان داوە. لەم پێوەندییەدا حیزبی ئێمە خوازیاری کۆتایی هاتنی شەڕ و، گەڕانەوەی دوو لایەنە بۆ سەر مێزی دیالۆگ کە باشترین ڕێگەیە بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لە نێوان حکوومەتی تورکیە و گەلی کورد لە باکووری کوردستان.

## ڕۆژاوای کوردستان

لــە کۆتایــی شــەڕی یەکەمــی جیهانییــدا، کوردســتانی ژێــر دەســەڵاتی ئیمپراتۆریــی عوســمانی بەســەر ســێ وڵاتــی تورکیــە، عێــراق و ســووریەدا دابــەش کــرا، بــەڵام کوردســتانی ســووریە و کــورد لــە ســووریە و دۆخــە سیاســییەکەی وەک بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان لــە ڕۆژەڤــدا نەبــوون و پرســی کــورد زۆرتــر لــە چوارچێوەی پرســی فەرهەنگییدا باســی لــێ دەکرا و تەنانــەت حیزبــە سیاســییەکانیشــیان داخوازەکانیــان زۆرتــر لــەو چوارچێوەیــەدا دەخولانــەوە.

لــە جەنگــەی شــۆڕشــی وڵاتانــی عەرەبییــدا و دوای خۆپیشــاندانەکانی خەڵکــی ســووریە دژی ڕێژیمــی بەشــار ئەســەد و لاوازبوونــی حکوومــەت لــە ســووریە، حکوومــەت هێزەکانــی خــۆی بەبــێ شــەڕ لــە ڕۆژاوای کوردســتان کشــاندەوە و پارتــی یەکیەتیی دێموکراتیــک (PYD) و هێــزە کوردییەکانــی نزیــک لــە (PKK) دەســەڵاتی بەشــی زۆری ڕۆژاوای کوردســتانیان گرتــە دەســت. بەداخــەوە ئەو لایەنانە ڕێگر بــوون لــەوەی هێزە کوردییەکانی دیکــەی دژبــەری ڕێژیمــی «بەشــار ئەســەد» لــە دەســەڵاتی خۆبەڕێوەبەریــی وڵاتــدا بەشــدارییان هەبــێ. دوای ماوەیــەک گرووپــی تێرۆریســتیی دەوڵەتــی ئیســلامیی عێــراق و شــام (داعــش) ســەری هەڵــدا و هێرشــی کــردە ســەر کوردســتان و، ســووریە بــوو بــە مەیدانــی شــەڕ و ململانێی نێــوان لایەنــە نێوخۆیــی، ناوچەیــی و نێودەوڵەتییــەکان.

لــەم هەلومەرجــەدا کــورد لــە ڕۆژاوا توانــی دەســەڵاتێکی خۆبەڕێوەبــەری دابمەزرێنــێ و پارتــی یەکیەتیی دێموکراتیک (PYD) هێزێکی بەرچاوی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردەوە و لە ماوەیەکی کورتدا لە دەرفەتی ڕەخساو کەلکی وەرگرت و بە گشتی کورد لە سووریە توانی بوون و هێزی خۆی بسەلمێنێ. YPG و YPJ بە هۆی ئازایەتی و ڕێکخستنی هێزێکی پەروەردە کراو و بە هاوکاریی هاوپەیمانیی دژی داعش، بەرەنگاری ئەم گرووپە تێرۆریستییە بوونەوە و ئازایانە بەرگرییــان لــە ناوچــەی ژێــر دەســەڵاتی خۆیــان کــرد و ئــەو گرووپــە تێرۆریســتی و بەهێزەیــان تێک شکاند. لەو ماوەیەدا «پەیەدە» توانی نموونەیەکی کارا لە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کە یەک لەسەر سێی خاکی وڵاتی سووریەی گرتبووە خۆ، بە ڕووی دەرەوەدا پیشان بدا و ئەوە جێگای هیوا و دڵخۆشی بوو کە توانیان زۆربەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان تا ڕادەیەک لە وێرانی بپارێزن و پێش لە ئاوارە بوونی بەکۆمەڵی خەڵک _ وەک چۆن لە بەشەکانی دیکەی سووریە ڕووی دا_ بگرن.

بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی ناوچەکە، لەم قۆناغەدا کە خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژاوای کوردستان لە ئاستێکی باشی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئیدارەکردنی وڵاتدایە، کورد بووەتە فاکتەرێکی دیار و بەرچاو لە شەڕی دژی داعش و ئەگەر نەبێتە قوربانیی پیلانگێڕیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، ئەوە دەتوانێ ببێتە لایەنێکی دیار لە داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتی سووریە و بەشێک لە مافەکانی خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان دەستەبەر بکا.

ئەوەی جێی باس و سەرنجە ئەمەیە کە وێڕای دەسکەوتی چەند ساڵەی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، بەڵام لەوێش هێزە سیاسییەکانی کورد پێویستیان بە بەخۆدا چوونەوە و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد هەیە. پێویستە بەستێنێکی سیاسیی گونجاو بۆ کار و چالاکیی

هەموو هێزە کوردییەکان لە ڕۆژاوا برەخسێندرێ و هەموو لایەک بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست ڕووداو و مەسەلە چارەنووسسازەکاندا کۆدەنگ و یەک هەڵوێست بن.

لە ئێستاشدا کە قۆناغێکی تازە دەستی پێکردوە و شیمانە دەکرێ هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوای کوردستان بکشێنەوە، لە ئەگەرێکی وادا نەخش و ڕۆڵی ڕووسیە، تورکیە، ئێران و سووریە لە ناوچەکەدا زیاتر دەبێ و ئەوانیش بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان بیر لە چارەسەری کێشەکانی سووریە دەکەنەوە، کە بێگومان باس لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد وەکوو پێویست ناکرێ. لەو بارودۆخەدا پێویستە کورد وەک هێزێکی خاوەن ستراتێژی، یەکگرتووانە و بە وریایی بیر لە پاراستنی خاک و ماف و ئازادییەکانی بکاتەوە و نەهێڵێ ناکۆکییە نێوخۆییەکان ببنە هۆی لەدەست چوونی ئەو دەسکەوتانەی کە بە خوێنی هەزاران شەهید وەدەست هاتوون.

هەر وەک لە ڕاپۆرتدا پێشبینی کرابوو، بینیمان زۆری پێ نەچوو لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، تورکیە هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان کە بووە هۆی داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ڕۆژاوا و کوشتار و وێرانیی زۆر و ئاوارەبوونی خەڵکی ئەو دەڤەرەی لێ کەوتەوە.

حیزبی ئێمە ئەو هێرشەی مەحکووم کرد و بڕیاری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە سووریەی بە هەڵنەسێنگدراو و زیانبار بۆ کوردەکان و بۆ ناوچەکەش لە قەڵەم دا. لەگەڵ نیگەرانیی زۆر لە چارەنووسی خەڵکی دەڤەرەکە، دیارە شەڕڤانان بەرگرییەکی زۆر ئازایانەیان کرد و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و دەوڵەتی و تەنانەت نێودەوڵەتی هێنایە سەر خەت و؛ خەڵک بە تایبەتی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتییتر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە سەر شەقام و؛ وێڕای پشتیوانی لە خوشک و براکانیان لە ڕۆژاڤا هێرشی تورکیەیان مەحکووم کرد و هەموو ئەوانە؛ تا ڕادەیەک کارتێکەریی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و گۆڕانی دۆخەکە تا ڕادەیەکی هەستپێکراو داناوە.

لە ئێستاشدا هەرچەندە سێناریۆکان ناڕوونن و پێشبینی بۆ داهاتووی ئەو هەرێمە زەحمەتە، بەڵام بە لە بەرچاو گرتنی ئیمکانات و هەلومەرجێک کە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژئاوایی کوردستان بە دەستیانەوەیە و تێیدان؛ دەزانین ڕێگا و مەجالی مانۆڕدانی زۆریان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام تا ئێرە باشیان کار کردوە و توانیویانە ئۆگرییەکی زۆری خەڵک و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و دەوڵەتان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

ئێمە هیواداریـن بە فشاری کۆڕوکومەڵی نێودەوڵەتی و ئیقداماتی عەمەلی لەسەر چۆنیەتیی پاراستنی ناوچەی ئارام لەو سنوورە بە تایبەتی بە هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی و بەرگریی کوردەکان و پشتگیریی دەوڵەتانی خاوەن بڕیار لە ناوچەدا، لە دەستووری داهاتووی سووریەدا کە کار بۆ نووسینەوەی دەکرێ؛ مافی دێموکراتیک و سیاسیی هەموو پێکهاتەکان جێگیر بکرێ و کوردیش مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی دەستەبەر بکرێ.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (ڕوانگە و هەڵوێست)

پێشتر هەلومەرجی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و مەسەلەی کورد، هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بۆ کراوە و لەم بارەیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوانگەی خۆی لە بابەت مەسەلە جۆراوجۆرەکان خستۆتە ڕوو، بەڵام بۆ ئەوەی کۆنکرێت و بە شێوەیەکی ڕوونتر ڕوانین و هەڵوێستی حیزبەکەمان کە لە نێوان دوو کۆنگرەدا کاریان پێکراوە و بە جۆرێک لە کار و چالاکییەکانی حیزبیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بخەینە بەر باس؛ لەم ڕاپۆرتەدا بە کورتی ئاماژەی پێدەکەین.

### ئامانجی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هەروەک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ڕوونی هاتوە، حیزبی ئێمە بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کورد وەک مافێکی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران تێ دەکۆشێ و حیزب لەژێر ڕووناکایی ئەو مافەدا دروشمی سەرەکیی خۆی فۆرموولە کردوە کە «دامەزراندنی کۆماری کوردستانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ»دا.

حیزبی ئێمە هەر لە دامەزرانیەوە وەک حیزبێکی نەتەوەیی، بە باوەڕی قووڵ بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەو ئامانجە تێ کۆشاوە، بەڵام بە پێی هەلومەرجی ناوچەکە، بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد وەک پرسێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە چەند هۆ دروشمی «دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵ لە ئێران»ی بە واقیعبینانە داناوە.

یەکەم، بە هۆی تایبەتمەندیی مێژوویی و جوغرافیایی، ئێران وەک وڵاتێکی پان و بەرین و فرە نەتەوە بە جیاوازیی بەرچاوی پێکهاتەکان.

دووهەم، بە هۆی ئەوەی کە سیستمی فیدراڵی مۆدێلێکی سەرکەوتوو بووە لە جیهاندا و لایەنە پۆزێتیڤەکانی بە تایبەت لە بواری تێگەیشتن لە جیاوازی و فرە چەشنی نەتەوەیی، دینی، مەزهەبی و فەرهەنگی لە دنیادا دەرکەوتوە.

سێهەم، ئەگەر پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە ئارەزوومەندانە بیانهەوێ بە یەکەوە لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا بژین، پێویستە دەوڵەتی ناوەندی بە پێی ڕێککەوتن، دەوڵەتێکی تێکەڵاو لە هەموو پێکهاتەکان بێ. پێکهاتەکان بە پێی ڕێژە و ڕێککەوتن تێیدا بەشدار دەبن و هەرێم و ناوچە جیاوازەکانی وڵاتیش لە ئیدارە و خۆبەڕێوەبەریی ناوچەکەیاندا خودموختار دەبن. دەسەڵاتەکان بە پێی یاسای بنەڕەتیی وڵات لە یەکتر جیا دەکرێنەوە و وڵات بە دێموکراسی و بە بەشداریی هەموو لایەنەکان ئیدارە دەکرێ.

هەرچەند بەداخەوە تا ئێستاش بەستێنی جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵی لە ئێران وەک پێویست نە تەنیا پێک نەهاتوە و نەبۆتە فەرهەنگ، لە نێو بەشێک لە نەتەوە بە نفووز و دەسڕۆیشتووەکانی نێو دەسەڵات و، تەنانەت کەسانی لیبراڵ و ئازادیخوازی ئێرانییش بۆ چەواشەکردنی خەڵک، بە پاساوی ئەوەی کە سیستمی لامەرکەزی و فیدراڵی دەبێتە هۆی

دابەشبوونی ئێران، باوەڕیان نەک هەر بەو سیستمە، بەڵکوو بە مافی نەتەوەکانیش نییە. بێجگە لەوانەش دەسەڵاتی مەزهەبیی ئێران زۆر بە توندی و بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی ئەو شێوە سیستمە دەکا و پشتی ناوەندگەرایی دەگرێ. بە پێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونەی ئەوان کە باوەڕی بە سیستمی ناوەندگەرایی هەیە، سیستمی فیدراڵی و بەیەکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەیە کە، یەکیەتیی وڵات دەپارێزێ و بۆ ئەوەش زۆر نموونە لە دنیادا هەن. لە مێژوودا نیزامی ناوەندگەرا لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەر کە دەرفەتێکی گونجاو هەبێ لەبەریەک هەڵدەوەشێ، بۆ نموونە یەکیەتیی سۆڤیەت و یۆگوسلاویی پێشوو.

بۆیە بۆ زامن کردنی یەکیەتیی خاکی ئێران، پێویستە سیستمی سیاسیی وڵات دێموکراتیک و لەسەر بناغەی تەوافوق و فیدراڵی بێ، دێموکراسی لە وڵاتدا جێگیر بێ و مافی هاونیشتمانی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی دانیشتووان بە پێی یاسا پارێزراو بێ و پێکهاتەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە مافە نەتەوایەتی و سیاسی و مەدەنییەکانی خۆیانیان هەبێ. هەر بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین بۆ گۆڕینی نیزامی سیاسیی ئێستای ئێران بە نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و فیدراڵ و سێکۆلار.

هەرچەند لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە مافی چارەنووسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەجێندای ئەم حیزبەدایە، بەڵام حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی و وردبین، بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرج و دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکە، ئێران و کوردستان و ئامادەنەبوونی بەستێنی گونجاو بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، لە حاڵی ئێستادا دروشمێکی واقیعبینانەی بەرز کردۆتەوە کە ئەویش دامەزراندنی کۆماری کوردستانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا.

دیارە هەوڵدان بۆ هێنانە دیی ئەو دروشمە لە وڵاتێکدا کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە حکوومەتە سەرەڕۆ و ناوەندگەراکان هەیە، لەگەڵ کۆسپی زۆر گەورە بەرەوڕوویە. گەیشتن بەو مافە و وەدیهێنانی ئەو دروشمە پێویستیی بە هەوڵی هەمەلایەنە و یەکگرتووانەی نەتەوەکانی ئێران هەیە. نەتەوەکانی ئێران بەگشتی زوڵم و زۆریی زۆریان لەو نیزامە چێشتوە و بە مافی خۆیانی دەزانن کە لە سیستمێکی دێموکراتیک و ئازاددا بژین. ئێستا دەبینین کە هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ دەستەبەر کردنی ئەو مافە و بە تایبەتی هاوڕێیانی حیزبی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام کار دەکەن و زەمینە بۆ لێکتێگەیشتن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی غەیرەکورد بۆ وەدیهێنانی ئەو دروشمە دەڕەخسێنن. زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی دیکەش لە دوو یەکیەتییدا، «شۆڕای دێموکراسیخوازانی ئێران» و «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» لە دوو هاوپەیمانیی هاوشێوەدا، ئەو شێوە بەڕێوەبەرییە بۆ پێکەوە ژیانی گەلانی ئێران بە دروست دەزانن و ئەوانیش فیدرالیزم بۆ داهاتووی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی بە گونجاو دەزانن و قەبووڵیان کردوە.

ڕەنگدانەوەی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان و هەلومەرجی ئێستای ڕۆژاوای کوردستان و هەلومەرجی ئێستای ئێران ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە لە حاڵی حازردا فیدرالیزم لە ئێراندا سیستمێکی گونجاوە. بۆیە داوا دەکەین کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکەش دروشمی «دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ»دا پەسەند بکاتەوە.

**گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری**

دوای ماوەیەک دوورکەوتنەوە لە سنوورەکان، جێگیربوون لە بەشی باشووری کوردستان و کەمبوونەوەی حزووری هێزی پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کورستان بە هۆکاری تایبەتی سیاسی کە بەشی زۆری پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە دۆخی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان و هەستکردن بە بەرپرسیاریێتیی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە دۆخی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەترسیی گەورەی پیلانگێڕی کەوتبووە سەر. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی پیلانی لە پەراوێز خستنی پرسی کورد لە ئێران، بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی دەدا وا نیشان بدا کە لەم وڵاتەدا دیاردەیەک بە ناوی پرسی کورد، وەک لە وڵاتانی دیکەی عێراق و تورکیەدا هەیە، نییە. بۆ ئەم مەبەستە هاوکات لەگەڵ ئەوەی وای دەنواند کە دۆست و پشتیوانی کوردە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەردەوام هەوڵی دەدا بۆ دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر لە هەست و پتانسیەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلک وەربگرێ و ڕق و بێزاریی خەڵکی کوردستان بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەرێ. لەم پێوەندییەدا هەشبوون لەم هێز و لایەنە کوردییانەی سەر بە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە خوازراو و نەخوازراو لەم پێناوەدا هەنگاویان دەنا.

بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکی ئەم مەترسییانە و بە مەبەستی پووچەڵ کردنەوەی پیلانی لە پەراوێز خستنی پرسی کورد لە ئێران، بیرۆکەی «ڕۆژهەڵاتتەوەری»ـی هێنایە گۆڕێ و لە هەموو بەستێنەکانی خەباتی خۆیدا بە شێوەی کردەیی کاری لەسەر کرد.

بڕیاردان لەسەر حزوور و چالاکیی پێشمەرگانەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات، گرینگی دانی زیاتر بە خەبات و تێکۆشانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات و دەربڕینی پشتیوانی لە جموجۆڵە ئەدەبی، کولتووری، ژینگەپارێزی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات و متمانە پێبەخشینیان و بە گشتی هاندانی خەڵکی نێوخۆی وڵات بۆ کەلکوەرگرتن لە مەجال و دەرفەتەکان بە مەبەستی مەترەحکردنی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خۆیان، بەشێکی هەرە ئەساسیی بیرۆکەی ڕۆژهەڵاتمێحوەری بوون.

ئەوە کە بیرۆکەی ڕۆژهەڵاتتەوەری لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا شکڵی گرت و بە کردەوە هەوڵی بۆ درا، هێز و وزەی خستەوە بەر جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئومێدی دایەوە بە خەڵکی نێوخۆ و چالاکان و، چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکەمان بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات، بوو بە جێگەی سەرنجی هەموو لایەنەکان. لە سەرەتادا دژبەرانی ئەو دروشمە پڕوپاگەندەیان لەدژی ساز کرد و ویستیان بە جۆرێک کەمڕەنگی بکەنەوە، بەڵام حیزبەکەمان بە سیاسەتی دروست و ئوسوولیی خۆی ڕۆژهەڵاتەوەریی کردە خەباتێکی فرە ڕەهەند و زۆری نەخایاند شوێنەوارەکانی ئەو ڕوانگەیە لەسەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکەوتن. حاشا لەوە ناکرێ کە بەداخەوە ئەم دەسپێکە کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەی هاتە سەر ڕێ بۆ ئەوەی لە بایەخی کەم بکرێتەوە. هەلومەرجی تایبەت و زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و میلیتاریزەکرانی کوردستان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش یەکێکی تر لەو کۆسپانە بوو کە ئەمە سروشتییە و دوژمن دەیهەوێ پێش بە جووڵەی پێشمەرگە و چالاکی لە نێوخۆی وڵاتدا بگرێ، بەڵام بەداخەوە هێندێک کەس لە

تاراوگە بە پاساو و بیانووی پاراستنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان و تەنانەت هێندێک لایەن بە دڕدۆنگی و بەرچاوتەنگییەوە دەیانڕوانییە ئەو گوتارەی حیزب. ڕاستە کە پاراستنی بەرژەوەندیی حکوومەتی هەرێم هەمیشە هۆکارێک بووە بۆ سنووردار کردنی چالاکیی پێشمەرگە لە نێوخۆدا و، حیزبی ئێمە هەمیشە بە بایەخەوە سەیری ئەزموونی هەرێمی کوردستانی کردوە و هاوکار بووە بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی ئیرادەی سیاسی لە باشووری کوردستان. ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە کاریگەریی پۆزیتیڤی لەسەر هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، بەڵام لە لایەکی تر زۆر کەسی لە چالاکان و بە تایبەتی کوردانی ڕۆژهەڵاتی لە تاراوگەی بە خۆیەوە خەریک کردوە و چالاکیی ئەوانی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات کەمڕەنگ کردۆتەوە. زۆر کەس بە ئاگایی یان نائاگاهانە ویستوویانە لە بایەخی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم بکەنەوە. لەو نێوەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبووە و هەوڵی داوە کە بە قازانجی خۆی لەو کەش و هەوایە کەلک وەرگرێ.

ڕۆژهەڵاتتەوەری کە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لە کات و ساتێکی گونجاودا خرایە ڕۆژەڤی کاری حیزبەوە. ئەم دروشمە توانی سەرنجی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای وزە و تواناکانی خەباتی خۆی ڕابکێشێ و بایەخی زۆرتری دا بە خەبات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا و، بەبێ ئەوەی کاریگەریی خراپی لەسەر خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەبووبێ، توانی سەنگ و قورسایی خۆی بخاتە سەر جووڵانەوەی کورد لە نێوخۆی وڵات. چالاکانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و ژینگەپارێزی بوونە پێشەنگی خەڵک بۆ پاراستنی ماف و خاک و ژینگەی کوردستان و بەو شێوەیە خەڵک لە دەوری گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەریی حیزب کۆ بوونەوە. ئەوان بە خۆپیشاندان، مانگرتن، هاوکاری و هاوخەمی بە شێوەیەکی ڕێکخراو، توانیان کاریگەری لەسەر هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێن. ئەم گوتارە یەکێک لە هەڵوێست و سیاسەتە دروستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە پێویستە بە لێکدانەوەی ورد و سیاسییانە کاری بۆ بکرێ و پەرەی پێبدرێ.

### چالاکیی پێشمەرگانە و خەباتی چەکداری

نازناوی پێشمەرگە بۆ تێکۆشەر و پارێزەر و چەکداری کورد شانازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری کوردستان کە لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە. لە دەورانی کۆماری کوردستان و لە سپای میللییدا سەرەتا ناوی پێشمەرگە «جەنگاوەری کورد» بوو و بۆ یەکەم جار لە دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕەسمی لە «وەزارتی جەنگ» بڕیارێک لەو بارەیەوە دەرچوو و ناوی «پێشمەرگە» بوو بە ڕەمزی فیداکاری و خۆڕاگری. ئەو بڕیارە لە ١٥ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییدا دەرچوو و لە ژمارە (١٢)ی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو کرایەوە.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کرد. حیزبی ئێمە لەو کاتەوە هەموو ساڵێ لەو ڕۆژەدا بە مەبەستی ڕێزگرتن لە پێشمەرگە و خەبات و فیداکارییەکانی ڕێورەسمی تایبەت بەڕێوە دەبا و هەمیشە ڕای وا بووە کە «پێشمەرگە

باسکی بەهێزی گەلە» و ئەوەش پێناسەیەکە بۆ ڕۆڵە خۆنەویست و تێکۆشەرەکانی کورد کە توانیویانە کورد لە هێرشی دوژمنان بپارێزن. لە هەموو سەردەمەکاندا بزووتنەوەی نەتەوایەتی و سیاسیی کورد لەسەر دەستی پێشمەرگە لە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانییدا ئازایەتی و داستان و قارەمانەتیی بێوێنەی بۆ کورد تۆمار کردوە. پێشمەرگە ئەرکی خۆی بە باشی بەجێ گەیاندوە، بەڵام بەداخەوە دەسکەوتەکان بارتەقای ئەو هەمووە فیداکارییە و تێکۆشانی پێشمەرگە نەبوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە و ڕەنگە لە ڕووی چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە هەمیشە وەک یەک نەبووبێ، بەڵام بە پێی هەلومەرج و زەمان و مەکان ئەو حیزبە پێشمەرگەی هەبووە. حیزبی دێموکرات هەمیشە فێرگەیەک بووە بۆ بارهێنان و پەروەردەکردنی هێزی پێشمەرگە و ئەو هێزەش لە پێناو سیاسەتەکانی حیزبدا بۆ وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد خەباتی کردوە و لە پێناو پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستاندا قارەمانەتیی نواندوە و قوربانیی داوە.

هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە ڕابردووی پڕ لە سەروەریی خۆی، هەردەم جێگەی ڕێزی خەڵکی کوردستان بووە و شۆڕشگێڕێکی بە بیروباوەڕی سەنگەری فیداکاری و بەرگری بووە. ئێمە ئەگەر بمانهەوێ ببینە خاوەنی دەسکەوتی گەورە و لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەخش و دەوری بەرچاومان هەبێ، پێویستییمان بە بارهێنان و پۆشتەکردنی هێزی پێشمەرگەیە بە پێی توانا و ئیمکان بە چەک و تێکنیکی سەردەم. ئێمە پێویستە ڕێز لە خەبات و زەحمەت و فیداکاریی پێشمەرگە بگرین و ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەوڵی پەروەردە و گەورە کردنەوەی هێزی پێشمەرگەدا بین.

حیزبی ئێمە هەم لە خوێندنەوەی بۆ دروشمی «خەباتی فرە ڕەهەند» و هەم لە گوتاری «ڕۆژهەڵاتتەوەری»ـیدا، وەک هەمیشە پێداگریی لەسەر ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی خەباتی چەکداری و بوونی هێزی پێشمەرگە کردوە و باوەڕی وایە کە پێشمەرگە بەشێکی پڕ لە شانازییە لە پێناسەی خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بێگومان پێشمەرگە یەکێک لە باڵەکانی خەباتی گەلی کوردە و لە داهاتووی سەرکەوتنی گەلەکەشماندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی ڕەسمییدا ئەرکی پاراستنی دەسکەوتەکانی قۆناغی دوای ڕزگاریی دەکەوێتە سەر شان.

ئێستا کە باس لە داهاتوو و ڕۆڵی پێشمەرگە هاتە ئاراوە، پێویستە قسە لە بیرۆکە و زەروورەتی یەکخستنەوەی «هێزی پێشمەرگەی کوردستان» بکرێتەوە. ئەزموونی ڕابردووی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێن کە، بەستراوەیی هێزی پێشمەرگە بە حیزبەکانەوە لە داهاتوودا دەتوانێ جێی مەترسی بێت. زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم و زۆر خاوەنی هێزی پێشمەرگەن، بێگومان لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێران و کوردستاندا ئەو هێزانە زۆر زوو گەورە و بەهێزتر دەبن و ئەگەر لە ئێستاوە بیرێکی قووڵ لەو مەسەلەیە نەکرێتەوە و هەوڵی یەکخستنی ئەم هێزانە لەژێر ناوی «هێزی پێشمەرگەی کوردستان»ـدا نەدرێ، دوور نییە خەسار و مەترسیی لێ بکەوێتەوە. بۆ ئەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ببێتە خاوەن هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە و لە بەرامبەر نەیاراندا بەهێز دەرکەوین و بتوانین وڵاتەکەمانی پێ بپارێزین،

پێویستە لە ئێستاوە لە هەوڵی ڕێکخستن و وەسەریەکخستنی ئەو هێزەدا بین و هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر فەرماندەیی یەک هێزی پێشمەرگەدا ڕێک بخەین و نەهێڵین تووشی پەرشوبڵاوی و ڕووداوی نەخوازراو و کارەساتبار بین. ئێمە دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان بدەین کە ئەم هێزە بە ڕۆحێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری پەروەردە و ئینتیمای نیشتیمانیی تێدا بەهێز بکەین.

**کۆمەڵگەی مەدەنی و هەڵوێستی حیزبی ئێمە**

لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا شان بە شانی بزووتنەوەی سیاسیی مافخوازانەی خەڵکی ئێران دژبە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چالاکانی نێوخۆی وڵات لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا بە کەلکوەرگرتن لە کۆمەڵە دەرفەتێکی هەرچەند بەرتەسک و بچووک، بە وەڕێ خستنی کاری ڕێکخراوەیی لە چوارچێوەی مەدەنییدا توانییان ڕەوتێک لە بزاڤی مەدەنی وەڕێ بخەن. ئەدیبان بە دامەزراندنی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، چالاکانی خوێندکاری بە دامەزراندنی ڕێکخراوگەلی خوێندکاری و دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان لە زانکۆکان، کرێکاران بە داواکردنی مافەکانیان و فۆرموولە کردنی داخوازەکانیان، ژینگەپارێزان بە دامەزراندنی ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی تایبەت بە کاری ژینگەپارێزی، مامۆستایان بە دامەزراندنی یەکیەتییە سێنفییەکانی تایبەت بە خۆیان و هەتا دوایی، توانییان لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی چالاکی مەدەنییدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن.

بزووتنەوەی مەدەنی بە بوونی چەندین جۆر ڕێکخراو و NGOی تایبەت بە هەر کام لە کۆمەڵ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران کە بە چەند قۆناغێکی تایبەتدا تێ پەڕیوە، ئەمڕۆ لە هەر ڕوانگەیەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ، دەکرێ لە قەوارەی کۆمەڵگەی مەدەنییدا تەنانەت پێناسەی بزاڤێکی سەربەخۆ و خاوەن ئامانجی بۆ بکرێ.

بوونی جووڵانەوەی مەدەنی و ماف و ئازادییەکانی لە ڕووی ڕێکخراوەیی و مافی چالاکی نواندنەوە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە ڕەسمی نەناسراوە و زۆر جاریش کۆسپ و تەگەرەی دەخرێتە ڕێ. هەر ئێستا بە سەدان کەس لە چالاکانی مەدەنیی وڵات هەر لە مامۆستایانی قوتابخانە و چالاکانی کرێکاری و خوێندکارییەوە بگرە تا کەسانێک کە بەتاوانی خۆشویستنی ژینگە دەسبەسەر کراون، لە بەندیخانەدان و بە بیانووی جۆراوجۆر حوکمی ناڕەوایان بەسەردا سەپێندراوە.

بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان لە چاو شوێنەکانی دیکەی ئێران تا ڕادەیەک هەم بەرچاوترە و هەم چاوی دەسەڵات و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی زیاتر لە سەرە. ئەم بزاڤە لە کوردستان بە هۆی شوناسخوازیی بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکەیەوە کە لە بەستێنی شۆڕشگێڕانەدا بە ماهیەتی ئاشتیخوازانەوە خاوەنی پاشخانێکی پڕ لە ئەزموون و دەسکەوتە و تا ئێستاش هەر لەسەر ئەم ڕێچکەیە دەڕواتە پێش، هەم ڕیشەدارترە، هەم ئامانجەکانی ڕوونترن. بۆیە گەشەکردن و پەرەسەندنی لە چاو شوێنەکانی دیکەی ئێران خێراتر و لە هەمان کاتدا ڕێکوپێکترە. بە هۆی ڕوونبوونی دوورەدیمەنی ئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ماف و ئازادییە نەتەوەییەکاندا، نێوەڕۆکی بزاڤی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بناغەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و شوناسخوازانەی هەیە. هەر ئەمە

وای کردوە کە چالاکانی مەدەنی و هەڵسووڕاوانی ئەم بزاڤە زۆر زوو هەست بە کەسایەتیی خۆیـان، ئەرکەکانیـان، بەرپرسـایەتییەکانیان و ئامانجەکانیـان بکـەن.

بزاڤی مەدەنـی لـە کوردسـتان کـە ئێسـتا بەرهەمەکـەی بۆتـە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیـی خـاوەن پـلان و خـاوەن ئێعتبـار و متمانـەی زۆربـەی خەڵکـی کوردسـتان، بـە چەنـد قۆناغێکـی پـڕ لـە تێکۆشـان و لـە هەمـان کاتـدا پـڕ لـە تێچـوو و هەزینـەدا تـێ پەڕیـوە. ئێسـتا چالاکانـی مەدەنـی لـە کۆمەڵگـەدا وەک کەسـانی بەرپرسـیار و متمانەپێکـراو سـەیر دەکرێـن کـە ئەمـە دەکـرێ بـۆ کۆمەڵگـەی مەدەنـی لـە کوردسـتان بـە دەسـکەوتێکی گـەورە دابنـرێ.

بزووتنـەوەی مەدەنـی لـە کوردسـتان لـە مـاوەی دە پـازدە سـاڵی ڕابـردوودا لەگـەڵ ئـەوەی هەمیشـە هەوڵـی داوە ڕیسـالەت و جەوهـەری مەدەنییانـەی خـۆی بپارێـزێ و لـەم پێوەندییـەدا جۆرێـک لـە کولتوورسـازییش بـکا، لیبراڵانە بەرانبـەر سیاسـەتە دژی گەلییەکانی نیزامی سیاسیی حاکـم لـە کوردسـتانیش وەسـتاوەتەوە و کەمتەرخـەم نەبـووە. بزووتنـەوەی مەدەنی لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لـە زۆر بـواردا توانیویەتـی بۆشـایی دەسـەڵاتێکی هەرێمیـی خۆماڵـی لـە کوردسـتان پـڕ بکاتـەوە؛ پارێـزگاری لـە ژینگـەی نیشـتمان، بەڕێوەبردنـی بۆنـە کولتـووری و نەتەوەییـەکان، ڕێکخسـتنی ڕەفتـاری کۆمەڵگـە، داکۆکیکـردن لـە مافـی هاوواڵاتییـان، بەڕێوەبردنـی ئەرکـی پاراسـتنی زمـان و کولتـووری نەتەوەیـی، کارکـردن لەسـەر کەسـایەتیی تاکـی کـورد و زۆر شـتی دیکـە لـەو ئەرکـە گـەورە بنەڕەتییانـەن کـە کۆمەڵگـەی مەدەنـی لـەم سـاڵانەدا کاری گـەورە و بەرچـاوی لەسـەر کـردوون.

بـە هـۆی متمانەیـەک کـە بزووتنـەوەی مەدەنـی توانیویەتـی لای خەڵکـی کوردسـتان دەسـتەبەری بـکا، لـە قۆناغـی ئێسـتادا ئـەم بزاوتـە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان توانـای ڕێکخسـتنی ڕەفتـای مەدەنیی خەڵکـی هەیـە و ئەمـەش دەتوانـێ دەسـکەوتێکی بـەرزی کۆمەڵایەتـی بـێ بـۆ هەلومەرجێـک کـە ئەمـڕۆ نیشـتمانەکەمانی پێـدا تـێ دەپـەڕێ.

حیزبـی ئێمـە بـە دەرکێکـی ڕاسـتەقینە لـە بارودۆخـی سیاسـیی کوردسـتان و هەسـتکردن بـەو گۆڕانـە کۆمەڵایەتییـەی لـە کوردسـتان لـە ئارادایـە، پێـی وا بـوو کـە جموجۆڵـی چالاکانـی سیاسـی و مەدەنـی لـە نێوخـۆی وڵات نـە تەنیـا دەبـێ ڕێـزی لـێ بگیـرێ، بەڵکـوو پێویسـتە بەهێـز و پاڵپشـتی بکـرێ. بۆیـە زۆر ڕاشـکاوانە ڕای‌گەیانـد کـە بـە چـاوی ڕێـزەوە سـەیری تێکۆشـان و چالاکیـی تێکۆشـەران و چالاکانـی نێوخـۆی وڵات دەکا و خـۆی بـە پشـتیوانیان دەزانـێ. ئێمـە لـەم پێوەندییـەدا ڕاشـکاوانە و بـە سـەرنجدان بـە دۆخـی سیاسـیی ئێـران و کوردسـتان وێـڕای دەربڕینی پشـتیوانییمان لێیـان، داوامـان لـێ کـردوون کـە هـەوڵ بـدەن بـە کەلکوەرگرتـن لـە دەرفـەت و توانـاکان هەرچەنـد بەرتەسـکیش بـن، لـە پێنـاو بەرژەوەندییەکانـی خەڵکـی کوردسـتاندا چـالاک و ئەرکـدار بـن.

پشـتیوانیی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە جموجۆڵـی چالاکانـی سیاسـی و مەدەنـی لـە نێوخـۆی وڵات توانـی لـە لایـەک بوێـری و جەسـارەتێکی هەسـتپێکراو بـە کاری چالاکانـی نێوخـۆ بـدا و لـە لایەکـی دیکەشـەوە سـەرنجی کۆمەڵانـی خەڵـک بـۆ لای چالاکانـی بـوارە جۆراوجۆرەکان ڕابکێشـێ کـە هـەر ئـەم تێفکریـن و پشـتیوانیکردنە لـە پێکهێنانـی جووڵـە جەماوەرییەکانـدا شـوێندانەر بـوو.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـۆ جارێکـی دیکـەش و لـە بەرزتریـن ئۆرگانـی خـۆی (کۆنگـرە) دا پێداگـری لەسـەر پشـتیوانیکردن لـە چـالاکان و تێکۆشـەرانی بـوارە جیاجیاکانـی نێوخـۆی

وڵات دەکا و بوونی بزووتنەوەی مەدەنی بە دەسکەوتێکی گشتی نەتەوەیی دەزانێ و لە پێناو بەهێزتر کردنی بزاڤی مەدەنی لە کوردستاندا خۆی بە ئەرکدار دەزانێ.

### تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان

تێرۆریزمی ڕەشی سیاسی-مەزهەبی لە ئێران دژبە لایەنەکانی دژبەر و کەسایەتییە جیابیر و موخالفەکان ـهەروەک کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی نیزامەکە بەو شێوە بەرینە ڕەچاویان کردوە- تەنیا لە چوار دەیەی ڕابردوو و لە دوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کورت نابێتەوە. بەڵکوو ڕێبەرانی ڕیزی پێشەوەی ئەم ڕێژیمە لە سەردەمی پەهلەوییشدا تێرۆری سیاسیی زۆریان کردوە و خومەینی و زۆر لە یارانی نیزیکی وەک ڕەفسەنجانی، خامنەیی، خەڵخاڵی و ... پێوەندیی زۆر نیزیکیان لەگەڵ پاشماوەکانی گرووپی «فیداییانی ئیسلام» هەبووە کە کارنامەیەکی ڕەشی لە شێوەی تێرۆری سیاسییدا هەیە. ڕەفسەنجانی، تەڕڕاح و بڕیاردەری تێرۆرەکانی میکۆنووس و ڤییەن، خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ ئەو دەمانچەیەی «حەسەنعەلی مەنسوور»ی پێ کوژرا، [ئەو] دابووی بە «محەممەد بۆخارایی» کە تێرۆرەکەی پێ بکا.

لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی «تێرۆر» تایبەتمەندیی خۆی هەیە. تێرۆر لای ڕێبەرانی ڕێژیم باوەڕێکی قووڵی ئیدئۆلۆژیکییە و کوشتنی جیابیران و دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمەوە هەتا ئێستا بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە مێژووی ئەو ڕێژیمە بووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆری بە چەکێکی پێویست و گرینگ بۆ حەزف و لە نێو بردنی نەیارانی خۆی زانیوە. ئەم ڕێژیمە بۆ لێدانی موخالفانی خۆی بە تایبەت لە نێو هێزە پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری لە چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بە کار هێناوە. هەوڵدان و پیلان داڕشتن بە مەبەستی زەربەوەشاندنی فیزیکی لە حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییە موخالف و جیابیرەکان کە بە ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوە، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە. تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتدارییە ڕەشی خۆیدا دژبە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە، بەشی شێری بەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتوە. کارنامەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژبە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی شۆڕای نیزامیی حیزب لە ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوییەوە تا هێرشی مووشەکی بۆسەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب لە قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، ناوی سەدان ڕێبەر و کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەری ئەم حیزبەی تێدا تۆمار کراوە کە بەرچاوترینیان تێرۆری دوو سکرتێری حیزب، شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیین.

ئەگەر چاوێک لە جوغرافیای تێرۆرەکان بکەین، دەبینین لە دڵی ئورووپا و لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپاشدا ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران قەڵتوبڕی نەیارانی کردوە. تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەنی ئوتریش و تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی

لە بێرلینی ئاڵمان کە سەری حیزبی دێموکراتیان تێدا کرابووە نیشانە و، دەیان تێرۆری دیکە کە کۆماری ئیسلامی بەداخەوە توانیویەتی تێیاندا سەرکەوتوو بێ.

ئامانجی سەرەکی و گشتیی ڕێژیم لەم تێرۆرانە لاوازکردنی بزووتنەوەی مافخوازانە و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک لایەنی سەرەکی و شوێندار لەم بزووتنەوەیەدا کراوەتە ئامانج و تا ئێستاش ئەم حیزبە بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەمیشە ئامانجە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لە ٤٠٠ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی داوەتە بەر پەلاماری تێرۆریستی کە حیزبی دێموکرات بە بوونی ٣١٤ قوربانی، ئامانجی سەرەکی بووە و بە پێی ئەو هێرشە تێرۆریستییانەی لە نێوان کۆنگرەکانی ١٦ و ١٧دا ـ پەلامارە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا، تێرۆری قادر قادری و مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات ـ کراوەتە سەر تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، دەتوانین بڵێین کە بەداخەوە تا ئێستایش و لە داهاتووشدا مەترسیی تێرۆرێزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر حیزبەکەمان نەڕەویوەتەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان و حدکا**

پێویستیی چارەسەری پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هەر وەک ڕابردوو لە نێوان ئەو دوو کۆنگرەیەشدا فکری زۆرێک لە خەڵکی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی بە خۆیەوە خەریک کردوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێمە هەر بە دوای لەت بووندا ڕامانگەیاندوە کە بە لە بەرچاو گرتنی ویست و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان ئامادەین بە وتوویژ و دیالۆگ پرسی دێموکراتەکان چارەسەر بکەین.

لەم پێوەندییەدا و دوای ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی هەر دوو لا و چەند جار پێکەوە دانیشتن و بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر چۆنیەتیی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، حیزبی ئێمە گەڵاڵەیەکی لەژێر ناوی «بۆچوون و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوە» پێشکەش بە لایەنی حدکا کرد کە بەداخەوە پێشوازیی لێ نەکرا.

ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لەبەر گرینگی و زەروورەتی پرسی یەکگرتنەوە، لە هەموو قۆناغەکاندا هەر لە فکری دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاودا بووە. بۆ ئەو مەبەستە هەر چەندە تەشکیلاتی حیزب تێڕوانین و تێبینیی لەسەر چۆنیەتیی هەنگاونانی ڕێبەریی حیزب بۆ ئەم پرسە هەبووە، بەڵام حیزبی ئێمە تەنانەت ئامادە بوو لە خۆیشی مایە دابنێ.

بۆیە ڕێبەریی حیزب لەسەر ڕێرەوی دروستی خۆی بەردەوام بوو و بۆ ئەو مەبەستە هەیئەتێکی بۆ بەدوادا چوون و دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری پرسەکە پێک هێنا و لەگەڵ هەیئەتی لایەنی حدکا کەوتە دانووستان و، لە ئەنجامدا هەر دوو لایەن لەسەر یادداشتێکی لێکتێگەیشتن ساغ بوونەوە و، هەروەها لەسەر زۆر خاڵیش بە تەوافوق گەیشتن کە یەک لەوان گرتنی کۆنگرەیەکی هاوبەش بوو لەژێر ناوی «کۆنگرەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات». بەڵام دوای ساغبوونەوەی لایەنی حدکا لەسەر گرتنی کۆنگرەی خۆیان ڕەوتی دانیشتنەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو ساردیی تێ کەوت. لە کاتی دەسپێکی کۆنگرەی ١٦ی حدکادا، حیزبی ئێمە نامەیەکی ڕوو بە ئەندامانی کۆنگرە بڵاو کردەوە و داوای لێ کردن

«ئێستا کە لە پرۆسەکەدا باش چووینە پێش و زەمینەکە لە هەر بارێکەوە لە جاران ئامادەترە، بەڵکوو بە مەبەستی خۆشکردنی بەستێنی باشتر ئەوەندەی دەکرێ کۆسپەکان لەسەر ڕێی یەکگرتنەوە هەڵ بگیرێن»، بەڵام بەداخەوە کۆنگرەی حدکا بە گۆڕینی پێکهاتەی تەشکیلاتیی ئەم حیزبە کە تا ئەو کۆنگرەیە یەکێک لە فۆرمە هاوبەشەکانمان بوو، چەتی خستە پرۆسەکەوە.

هەر وەک لە پەیامی دەفتەری سیاسی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە بۆنەی حەفتا و سێهەمین ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەمان هاتوە، «بەداخەوە کۆنگرەی ١٦ی حدکا بە هۆی پەسەندکردنی هێندێک بڕیاری تەشکیلاتی وای کردوە کە ڕەوتی دانیشتنەکان لەگەڵ یەکتری بە تەواوی لەکزی بدا. ئێمە لامان وایە ئەو کەسانەی بەدوادا چوون بۆ ئەو پرسە دەکەن، دەزانن حیزبی دێموکراتی کوردستان چەندە لەو پێوەندییەدا بەرپرسانە جووڵاوەتەوە بۆ چارەسەری مەسەلەکە، تەنانەت زۆر مایەشی لە خۆی داناوە. دیارە هەر چەندە ئێمە بە دروستی نازانین ڕێگای دیالۆگ و قسەکردن بەربەستی بێتە پێش، بەڵام ئەگەر حاڵەتی لەم جۆرە ڕوو بدا، ئەوە بەرپرسایەتیی ڕاوەستانی وتوویژ بۆ یەکبوونەوەی دێموکراتەکان لە ئەستۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان نییە.»

هەر چەند دوای ئەمە و لەو ماوەیەدا دانیشتن و وتوویژی جیددی لە نێوان حدک و حدکا لەسەر ئەو مەسەلەیە نەهاتوەتە ئاراوە، بەڵام ئەگەر قسەیەکی لێ کرابێ؛ حیزبی ئێمە لەسەر هەڵوێستی خۆی سوورە کە پێویستە کار بکرێ بۆ ئەوەی دێموکراتەکان یەک بگرنەوە. حیزبی ئێمە ئێستاش ئەوە بە باشترین ڕێگە چارە دەزانێ و هەوڵی بۆ دەدا.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی ئێمە بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە کە لە پێناو هەماهەنگی و هاوکاری و تەنانەت دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ کاری هاوبەشی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەوڵ بدا و تێ بکۆشێ.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەر کات دەرفەتی هاوکاری لەسەر پرسگەلی ڕوون هاتوەتە پێش، حیزبەکان هەڵوێستی هاوبەشیان گرتوە. وەک بانگەواز بۆ بایکۆتی هەڵبژاردن لە خولی دوازدەهەمی سەرکۆماری لە ئێران لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوییدا. تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەر پێویستیی یەکهەڵوێستیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەر چەندە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ هەڵبژاردنەکانی شوڕای شار و گوندەکان کە هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری بەڕێوە دەچوو، هەبوو، بەڵام لەبەر پێویستیی هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات؛ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی شوڕای شار و گوندەکانیشی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاودەنگی و هاوکاریی پچڕپچڕی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە شتێکی ناتەواو بۆ بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات زانیوە و هەمیشە پێداگریی لەسەر ئەوە کردوە کە پێویستە لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا هاوکاریی بەردەوام و بە بەرنامە و بە گوتاری هاوبەشەوە هەبێ، بۆیە لە پاش کۆنگرەی ١٦ەوە بە لێبڕاویی زیاترەوە بەردەوام کاری لەسەر ئەو پرسە کردوە. ئاکامی ئەم هەڵوێستە و هەستکردن بە بەرپرسایەتیی لایەنەکانی دیکە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ڕێکەوتی ١٩ی

بەفرانباری ١٣٩٧ـی هەتاوی و لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و، بە بەشداریی پێنج لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سکرتێرەکانی زۆربەیان تێیدا بەشدار بوون؛ بڕیارێکی گرینگ بدرێ. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» پێک بهێنین. ئەو ناوەندە کە زیاتر لە ساڵێکە دامەزراوە و بە شێوەی دەورەیی ئیدارە دەکرێ، لەو ماوە کورتەدا هەر چەندە بە هەموو ئەو ئامانجانە نەگەیشتوە کە ئیدەئالی حیزبی دێموکرات و چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەڵام هێندێک هەنگاوی باشی هەڵێناوەتەوە کە دەکرێ بواری باشتر پێک بێنن بۆ هاوپەیمانی یان بەرەیەکی بەرینتر کە لە داهاتوودا بتوانێ جێگرەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بێ.

دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە چوارچێوەی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»دا بەرتەسک نەکردۆتەوە، بەڵکوو لەگەڵ هێزەکانی دیکەی وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، پژاک، یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکەش پێوەندی و هاوکاریی هەیە.

**لە هەنگاوە باشەکانی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»**

یەکەم، لەو ماوەیەدا بە دانیشتنی بەردەوام و دیالۆگ و قسەکردن لەگەڵ یەکتری، فەزایەکی گونجاوتر لە نێوان حیزبەکانی ئەندامی ناوەنددا دروست بووە. بەوەش ئەو قەناعەتە لای هەمووان دروست بووە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات توانای ئەوەیان تێدا زۆر بەهێزە کە بەیەکەوە کاری هاوبەشی زیاتر بکەن.

دووهەم، ئەو ناوەندە لەو ماوەیەدا فۆرموولێکی لە ئیدارەکردنی ناوەند پیادە کردوە کە یارمەتیی کردوە بە کاری بەکۆمەڵ و دەتوانێ لە داهاتووشدا کەلکی لێ وەربگیرێ.

سێهەم، ئەو ناوەندە لەو ماوەیەدا چەندین کۆبوونەوە و سێمیناری ڕێک خستوون، چەندین بەیاننامەی هاوبەشی لەسەر ڕووداوەکانی ئێران و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆنەکان بڵاو کردوەتەوە و خەڵکی ڕۆژهەڵات پێشوازیی لێ کردوون و، تا ئەو جێگایەی کراوە خەڵک بە پیلی داوا و بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانەوە هاتوون. تا ئێستا ناوەند سێ بەڵگەی گرینگیشی پەسەند کردوون کە بریتین لە؛ هێڵە گشتییەکانی ناوەند، ئاییننامەی ناوەند و پرەنسیبی کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و هێزە ئێرانییەکان.

چوارەم، بوونی دێموکراتەکان لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نیگەرانیی هاوکاری نەکردنی حیزبەکانی لەگەڵ یەکتر تا ڕادەیەکی زۆر ڕەواندۆتەوە،کە تا پێش پێکهاتنی ناوەند؛ لێک دابڕانەکان شوێنەواری ڕەوانی و تەشکیلاتیی نەگونجاو و نالەباریان لەسەر هەڵسوکەوت و هاوکاریی حیزبەکان دانابوو.

هەر لەو چوارچێوەیەدا پێویستە هێندێک تێبینییش باس بکەین کە ڕێگە خۆشتر دەکا بۆ هەماهەنگی و کۆدەنگیی زیاتر و دواجار پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکەم، ناوەند بەگشتی ئەو توانایەی نییە کە بتوانێ نەخشی بەرەیەکی کوردستانی بگێڕێ، بۆیە پێویستە کار بکا بۆ ڕێخۆشکردن و هەنگاونانی بەکردەوە بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی

کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
دووهەم، ناوەند بە هەر هۆیەک بێ تا ئێستاش خاوەنی دەفتەر و شوێنی ڕەسمیی کاری ڕۆژانەی نییە، بە بڕوای ئێمە بۆ ئەوەی کەسایەتیی حقووقیی ناوەند باشتر شکڵ بگرێ، پێویستە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران نووسینگەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێ و، حیزبەکانی ئەندامی ناوەند بە ڕێژەیی پێرسۆنێل و تێچوو بۆ دەفتەری ناوەند دابین بکەن.
سێهەم، ئێستاشی لەگەڵ بێ ناوەند کۆکەرەوەی هەموو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یانی لانیکەم زۆربەی حیزبەکان نەبووە، بۆیە پێویستە ناوەند بیرێک بۆ چۆنیەتیی بەشداریی هێزەکان لە نێو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا بکاتەوە.

## کار و چالاکیی ئۆرگانەکانی حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەدا

بەشی کۆتایی ڕاپۆرت تەرخان دەکەین بۆ باسی کار و چالاکیی ئۆرگانەکانی حیزب بۆ ئەوەی هەم ڕێزمان لە تێکۆشانی ئۆرگانەکان و هاوڕێیانی حیزبی گرتبێ و هەڵسەنگاندنمان بۆ خاڵە لاواز و بەهێزەکانمان کردبێ و هەمیش بەرچاومان بۆ چالاکیی داهاتوومان ڕوونتر بێ.
بە تەواوبوونی کۆنگرەی ١٦ ئۆرگانەکانی حیزب بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی تایبەت و ئیمکاناتی زۆر سنووردار کە لە بەردەستیاندا بوو، کار و تێکۆشانیان دەست پێکردەوە کە لێرەدا زۆر بە کورتی باس لە کاری هەر کام لە ئۆرگانەکان دەکەین.

## سکرتاریا و پێوەندییەکان

سکرتاریا یەکێک لە ئۆرگانەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبە کە بە تایبەت لە نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا کاری سکرتێر و دەفتەری سیاسی و هەماهەنگیی ئۆرگانەکانی ڕێک خستوە و لە ڕێگای کومیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵاتەوە ئاگاداری کار و پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان لە وڵاتاندا بووە. تەنزیمی کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی و هەروەها ڕێکخستنی دیدار و چاوپێکەوتنە سیاسییەکانی ڕێبەریی حیزب لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکان، کەسایەتی و لایەنەکانی دیکە بەشێک لە ئەرکەکانی سکرتاریا بووە. سکرتاریا لە ڕێگای نوێنەرایەتیی حیزب لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کۆیە بۆ پێوەندی و ڕایی کردنی کاروباری حیزب لەگەڵ حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پێوەندیی بەردەوامدا بووە. سکرتاریا کە ئەرکی بایگانی و ئارشیوی بەڵگەنامەکان و بڕیارە ڕەسمییەکانی حیزبی لە سەرشان بووە بەداخەوە لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر شوێنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، بەشێک لە ئارشیوەکانی زیانیان پێ گەیشتوە کە پێویستە تەرمیم بکرێنەوە.

**کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن**

لە نێوان دوو کۆنگرەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان «کوردکانال، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کوردستان و کورد، ماڵپەڕی ناوەندیی حیزب، ڕادیۆ دەنگی کوردستان، (KDP) میدیا، ماڵپەری کومیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات و بەشی میدیای حیزب لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان» لە بڵاو کردنەوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و کاری میدیایی خۆیاندا چالاک و بەردەوام بوون. میدیای حیزبەکەمان بە گشتی هەم سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بووە بۆ زانیاری دان بە بەردەنگەکانی و هەم کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان داناوە. لەو ڕێگایەوە حیزبی ئێمە توانیویەتی سیاسەتی خۆی بە باشی تەبلیغ بکا و کارگێڕانی ئەو دەزگایانە بە هۆی ئەزموونێک کە بوویانە و ئیمکاناتێک کە لە بەردەستیاندا بووە، جێگای شیاویان لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هاوشێوەی خۆیاندا دەستەبەر کردوە، کە ئەوە ئەگەر بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دروست و بەرپرسانەی حیزب؛ بە دڵنیاییەوە بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ زەحمەت و ماندووبوونی هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لە کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبدا کار دەکەن.

کوردکاناڵ، ڕۆژانە سێ کاتژمێر بەرنامەی بەرهەم هێناوە و لە ١٢ کاتژمێردا بڵاوی کردوەتەوە _دیارە ئێستا ٢٤ سەعاتەیە_ و سەرنجی داوەتە زۆر بابەتی سیاسی، حقووقی، کۆمەڵایەتی و هونەری و کولتووری. کوردکاناڵ هەر وەک تەلەڤیزیۆنێکی حیزبی کاری نەکردوە، بەڵکوو سیمایەک بووە لە کۆمەڵی کوردەواری لە سەردەمی ئەمڕۆدا.

کوردکاناڵ تریبوونی سەرەکیی حیزب، وەک چۆن تا ئێستا نەتەوەیی بووە، پێویستە لەمەو بە دواش، دەنگ و ڕەنگی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و مژار و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک چالاکییە مەدەنی، فەرهەنگی و ئەدەبییەکان بخاتە بەرنامەی نێو کاریی خۆی.

کوردکاناڵ ئەوەندەی لە توانایدا هەیە پێویستە لەسەر دروشم و گوتاری یەکدەست بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێژمانسازی بکا. هەروەها بە ساز کردنی تیزێر، دێکۆمێنت و بەرنامەی شیکاری (تحلیل)ـی کار لەسەر وردکردنەوە و کاناڵیزە کردنی دروشمەکانی حیزبی دێموکرات بکا. هەروەها پێویستە سەرنج و بایەخی زیاتر بە پرسی ژنان، لاوان، خوێندکاران و؛ گرینگیی زیاتریش بە ناوچە جۆراجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدا.

ڕۆژنامەی «کوردستان» وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ماڵپەڕی «کوردستان و کورد» وەک ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو بەشی گرینگی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزبەکەمانن. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا ڕۆژنامەی «کوردستان» بەبێ ڕاوەستان و بەردەوام مانگێ دوو ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بووەتەوە. ئەوەی گرینگ و جێی باسە ئەمەیە کە ڕۆژنامە لەو قۆناغەدا توانیویەتی کۆمەڵێک قەڵەم لە نێوخۆی وڵات بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لە ڕووی فۆرم و نێوەرۆکیشەوە قورس و سەنگین بنوێنێ و جێی ڕەزامەندیی خوێنەران و خاوەنڕایانی ئەم بوارە بێ.

ماڵپەڕی «کوردستان و کورد»یش بە دوو زمانی کوردی و فارسی ڕۆژانە ڕووماڵی هەواڵەکانی کوردستان و ئێران و ناوچەی کردوە و بە بڵاوکردنەوەی وتار و بابەت و وتووێژ لەسەر پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و حقووقییەکان و گەیاندنی پەیام و خوێندنەوەی

حیزب بۆ ئەو پرس و بابەتانە وەشانی ڕۆژانە و بەردەوامی بووە. ماڵپەڕی (kdppress) بە زمانی ئینگلیسی و kdpmedia بە زمانی کوردی دوو ماڵپەڕی دیکەی سەر بە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتن کە لە دەرەوەی وڵات ئیدارە دەکرێن و بە بەردەوامی ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندوە.

کە باسی ڕاگەیاندن دەکرێ، ناتوانین ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە بیر بکەین. هەرچەند ئێستا بە هۆی پێشکەوتن و جۆراجۆریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دنیای مەجازی، ڕادیۆ بە گشتی ئەو برەوەی جارانی ڕەنگە نەمابێ، بەڵام ناکرێ نەخش و پێگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە سەردەمێکدا کە گەلەکەمان خەباتێکی سەخت و دژواری دەبردە پێش، لە بیر بەرینەوە. لەو سەردەم و لەو قۆناغ لە بزووتنەوەی کورددا کە نە ئینتێرنێت و نە تەلەڤیزیۆن هەبوو، ئەوە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی بیر و هزری حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەقاو دانی سیاسەت و کردەوە دوژمنکارانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە ئەستۆ بوو و، ئەلحەق لەو ئەرکەشدا سەرکەوتوو بوو، بۆیەش خۆشەویستی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بووە بە گشتی.

**کۆمیسیۆنی سیاسی-نیزامی**

کۆمیسیۆنی سیاسی_ نیزامی یەکێک لە ئۆرگانە پڕ کار و ماندووەکانی حیزبی دێموکرات بووە. سازمان دانی هێزی پێشمەرگە، دابینکردنی پێرسۆنێل بۆ هەموو ئۆرگانەکانی حیزب، کارکردن لەسەر کار و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات، بەڕێوەبردنی کومیتەی سنووری حیزب، چاودێری و پێڕاگەیشتن بە سەر کار و چالاکیی هەر چوار ناوەندەکەی کوردستان و بەشی تەشکیلاتی ئاشکرا، ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەرکی جۆراوجۆر و هەمیشەیی ڕۆژانە و دابینکردنی ئیمکاناتی لۆجێستیکی بۆ پێرسۆنێلی ئۆرگانەکان، بەشێک لە کاری ئەو کۆمیسیۆنە بووە. جیا لەوەش بیرکردنەوە لە ئۆرگانیزمی حیزب بۆ داهاتوو چ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هەر هەلومەرجێکی چاوەڕوانکراو لە داهاتووی ڕۆژهەڵات و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر پیلانێکی دوژمن لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ پاراستنی شوێنەکانی حیزب؛ لە ئەرکەکانی دیکەی ئەو کۆمیسیۆنە بووە.

جێگیرکردنی پێشمەرگە لە سنوور و تێکۆشانی کومیتەی سنوور لە چەند ساڵی ڕابردوودا کاریگەریی زۆری لەسەر ورەی پێشمەرگانە، پێڕاگەیشتن و چوونەپێشی کار و تێکۆشانی حیزب لە سنوور، پێوەندیی ڕاستەوخۆ بە خەڵک و دابینکردنی ئیمکاناتی ماڵی هەبووە. هاوڕێیانی کومیتەی سنوور و پێشمەرگەکان لە سنوور سەرەڕای سەختی و هەستیاریی ناوچەکە توانیویانە بە غرووروەوە درێژە بە تێکۆشان بدەن. هەروەها «ناوەند»ەکان لە بواری پاراستن و کاری تەشکیلاتی و مەئمووریەتی جۆراوجۆری حیزب، ئەرک و وەزیفەکانیان ڕاپەڕاندوە و ئیدارەی بنکەکان و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی خۆیانیان کردوە.

شایانی ئاماژە پێدانە کە لەسەر ڕاسپاردەی دەفتەری سیاسیی حیزب، کۆمیسیۆنی سیاسی–نیزامی بە هەوڵ و هیمەتی ئازایانەی پێشمەرگە ئەرکوەخۆگرەکانی حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەدا، هەوڵی داوە پێشمەرگە، حزووری لە نێو خاک و خەڵکی کورستاندا هەبێ کە وێڕای کۆمەڵێک دەسکەوتی سیاسی و تەشکیلاتی، بەداخەوە دوو پێشمەرگەمان لەم ڕێگایەدا

شـەهید و چەنـد هاوڕێیەکیش برینـدار بـوون.
بەشـی تەشـکیلاتی ئاشـکرای حیزبیـش کـە بەشـێکە لـە ئۆرگانیزمـی سیاسـی–نیزامی، لەگـەڵ کوردەکانـی ڕۆژهـەڵات لـە باشـووری کوردسـتاندا لـە پێوەندیـیدان و لـەو ماوەیـەدا کۆمەڵـە خەڵکێکـی زۆریـان وەک ئەندامـی حیـزب لـە کومیتەکانـی حیـزب لـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتان سـازمان داوە و بـە سـەدان کەسـیان وەک دۆسـت و لایەنگـر بـە سیاسـەتەکانی حیـزب ئاشـنا کـردوە.

## کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات

ئـەم دروشـمە لەمێـژە هەیـە کـە: «ڕێکخـراو چەکـی هـەرە گرینگـی ئێمەیـە» و لـەم پێناوەشـدا حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان هـەم خاوەنـی ئەزموونێکـی دەوڵەمەنـد لـە کاری ڕێکخسـتن لـە نێوخـۆی وڵاتدایـە و هـەم خاوەنـی هێزێکـی چالاکـی تەشـکیلاتییە. ئەندامـان و تێکۆشـەرانی حیـزب لـە نێوخـۆی وڵات لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا سـەرەڕای بـە ئەمنیەتیکرانی کوردسـتان لـە لایـەن هێزەکانـی ڕێژیمـەوە، تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو توانیویانـە لـە بەشـێکی زۆری بەسـتێنەکانی خەباتـدا چـالاک و هەڵسـووڕ بـن کـە جێـی ڕێـز و قەدرزانینـە. بەختەوەرانـە ئێسـتا بـە هـۆی بەرزیـی ئاسـتی هوشـیاریی نەتەوەیـی کۆمەڵگـە لـە لایـەک و، دروسـت و ئوسـوولیبوونی هەڵوێسـت و سیاسـەتەکانی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە لایەکـی دیکـەوە، ڕۆژانـە خەڵـک لـە چیـن و توێـژە جۆراوجۆرەکانـەوە، پێوەندییمـان پێـوە دەکـەن و خوازیـاری پەیوەسـتبوون بـە ڕیـزی ڕێکخسـتنەکانی حیزبـن لـە نێوخـۆی وڵاتـدا.
لـە هەلومەرجـی ئێسـتای خەبـات و تێکۆشـانی حیزبەکەمانـدا کـە زیاتـر ڕوومـان لـە نێوخـۆی وڵاتـە و مەبەسـتمانە زیاتـر کار لەسـەر هێـز و پۆتانسـیەلی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان بـۆ بـەرەوڕوو بوونـەوە لەگـەڵ سیاسـەتەکانی ڕێژیـم و بەرجەسـتەکردنەوەی ویسـت و داخـوازە نەتەوەییەکانمـان بکەیـن، پێویسـتە وێـڕای دەستنیشـانکردنی کەموکوورییەکانمـان لـەم بـوارەدا، زیاتـر گرینگـی بـە پرسـی ڕێکخسـتن بدەیـن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێـش هەمـوو شـتێک پێویسـتە وێـڕای پێناسـەکردنەوەیەکی نوێـی کاری ڕێکخسـتن و چاوەڕوانییەکانمـان لـەم بەسـتێنە لـە خەبـات، دان بـەو واقعیەتـەدا بنێیـن کـە دەشـێ بـە ڕوانینێکـی دیکـەوە بیـر لـە ئەرکەکانـی تەشـکیلاتی حیـزب لـە نێوخـۆی وڵات بکرێتـەوە. لـە ئێسـتای بزووتنـەوەی خەڵکـی کوردسـتاندا ئـەوە تەنیـا چالاکان و هەڵسـووڕاوانی سـەر بـە ڕێکخسـتنەکانی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان و لایەنەکانـی دیکـە نیـن کـە لـە بـواری جۆراوجـۆردا کار دەکـەن و هەزینـە دەدەن، بەڵکـوو کۆمەڵگەیەکـی ئەکتیڤـی نیوەڕێکخـراو هەیـە کـە لـە بەشـێکی زۆری بەسـتێنەکاندا چـالاک و هەڵسـوورە. ئـەم کۆمەڵگەیـە کـە بـە کۆمەڵگـەی مەدەنـی دەناسـرێ، تـا ڕادەیەکـی بـاش و بەرچـاو توانیویەتـی لـە گۆڕەپانـی ئاشـکرای خەباتـدا خـۆی بسـەلمێنێ.
بـەم تێگەیشـتنە لـە ڕێکخراوبوونـی کۆمەڵگـەی کوردسـتان لـە ڕێـی کۆمەڵگـەی مەدەنییـەوە، سـەرەکیترین ئەرکـی ڕێکخسـتنەکانی ئێمـە وەک حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، پێویسـتە لەسـەر بنەمـای پێکهێنانـی «پێوەنـدی» و نزیکایەتیـی ئێمـە لەگـەڵ کۆمەڵگـە، ڕێکخـراوە سـێنفی و مەدەنییـەکان، کەسـایەتییەکان و تاکەکانـی کۆمەڵگـە بێـت.
حیزبـی ئێمـە لـە ڕووی گوتـاری سیاسـییەوە بـە خۆشـییەوە توانیویەتـی وەک هەمیشـە نفووزی

جەماوەریی خۆی بپارێزێ و خەڵک بە نەوەی جیاواز لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. تێڕوانین و هەڵوێستەکانی حیزب لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا توانیویانە زیاتر لە هەمیشە لە دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و جووڵە گشتی و جەماوەرییەکاندا کاریگەریی بەرچاویان هەبێ. تێکۆشەران و هەڵسووڕاوانی سەر بە تەشکیلاتی نهێنیی حیزب لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا سەرەڕای کەمئیمکاناتی و کەشی ئەمنیەتی، کاری زۆر گەورەیان کردوە کە جێی ڕێز و پێزانینە. بەڵام پێویستە هەموومان بزانین کە زۆر زیاتر لەوە لە حیزبی ئێمە چاوەڕوان دەکرێ. بۆ ئەوەی بتوانین لەم پێوەندییەدا گوڕوتێنێکی تازە بەم بەشە لە ئەرکەکانمان بدەین، پێویستە چ لە ڕووی ئۆرگانی و چ لە ڕووی هێزی ئینسانی (پێرسۆنێل) ـەوە قەبووڵی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بکەین.

### کۆمیسیۆنی ماڵی

کۆمیسیۆنی ماڵیی حیزب یەکێک لە ئۆرگانە پڕکار و ماندووەکانی حیزبە کە بە ئیمکاناتێکی زۆر سنووردار تا ڕادەیەکی بەرچاو ئەرکی دابینکارییە مادی و خەدەماتییەکانی بەجێ گەیاندوە. دوای کۆنگرەی ١٦ کە حیزب لە ڕووی ماڵییەوە لە دۆخێکی باشدا نەبوو، دەفتەری سیاسی ناچار بوو زیاتر لە نیوەی بوودجەی ئۆرگانەکان کەم بکاتەوە و ڕادەیەکی بەرچاو لە یارمەتیی مانگانەی پێرسۆنێل ڕابگرێ و تەنانەت بۆ ماوەیەک کۆمیسیۆنی ماڵی ئیمکانی نەبوو ئەو ڕادەیەش پەرداخت بکا. لێرەدا پێویستە سپاسی ئۆرگانەکانی حیزب و بنەماڵەکان و یەک بە یەکی کادر و پێشمەرگەکان بکەین کە زۆر بەرپرسانە شانیان دایە بەر هەلومەرجی نەخوازراو و داسەپاو و خۆیان لەگەڵ هەلومەرجەکە گونجاند. بە خۆشییەوە بە بەرنامە دانانی کۆمیسیۆنی ماڵی و قەناعەتی هەموو لایەک و ددان بە جەرگدا گرتنی پێشمەرگە و بنەماڵەکان و تێکۆشانی کومیتەی سنوور و هاوکاریی ئەندامان و دۆستانی حیزب بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات، توانیمان تا ڕادەیەک بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بین. ئێستا بە خۆشییەوە بەشی زۆری ئەم کێشانەمان نەماوە کە دوو ساڵ پێش لە ئێستا بەرۆکیان پێ گرتبووین، هەر چەندە بەداخەوە لە پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرماناندا جیا لە لەدەست دانی کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێیانمان، تووشی خەرجی و هەزینەیەکی زۆر و پێشبینی نەکراو بووین، بەڵام کۆمیسیۆنی ماڵی توانی بە باشی مودیرییەتی داهات و دەرکەوتی حیزب بکا. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی حیزبی ئێمە کەمیی داهات و سنووردار بوونی سەرچاوەکانی داهاتە کە حیزب و کۆمیسیۆنی ماڵی دەبێ بۆ نەهێشتنی ئەو کەمایەسییە هەوڵ بدەن و پلانیان بۆی هەبێ.

وێڕای کۆمیسیۆنی ماڵی، کومیتەی بازڕەسیی حیزبی ئێمە تێکۆشانی بەردەوامی هەبووە و ڕاپۆرت دەداتەوە بە کۆمیسیۆنی ماڵی و دەفتەری سیاسی. لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمیسیۆنی ماڵی کۆنترۆڵی بەسەر داهات و دەرکەوت و تێچوو و خەرجی ئۆرگانەکانی حیزبدا هەیە، بەڵام کۆنترۆڵ و چاودێریی مانگانەی کومیتەی بازڕەسی و وردبینیی باشی ئەم بەشە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێی لە بەهەدەر چوونی دارایی و ئیمکاناتی حیزب گرتوە، کە ئەوە نەتیجەی ماندووبوونی هاوڕێیان لە کۆمیسیۆنی ماڵی و کومیتەی بازڕەسییە.

## کومیتەی ئەمنیەت

کومیتەی ئەمنیەت کە لە چەند بەشی سەرەکی پێک هاتوە، بە ئیمکاناتێکی زۆر سنووورداری پسپۆڕی، لۆجێستیکی و پێرسۆنێلی و ماڵی ئەرکێکی زۆر قورسی لە سەرشانە، بە تایبەت بە بەراورد لەگەڵ پیلانی بەربڵاو و دەستکراوەیی زۆری کۆماری ئیسلامی، گرینگی و سەختیی کاری کومیتەی ئەمنیەتمان پتر بۆ دەردەکەوێ. هەر چەندە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە ڕێژیم زەفەری پێ -بردووین و بە تەقینەوە لە شەوی یەڵدای ۱۳۹۵، تێرۆر و مووشەکباران کردنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، ۲۱ کادر و پێشمەرگەی لێ شەهید و بە دەیان کەسی لێ برینداد کردووین و وێرانی و خەسارێکی زۆری لە بارەگاکانمان داوە، بەڵام ئەوانە لە بایەخ و زەحمەتەکانی هاوڕێیانی کومیتەی ئەمنیەت کەم ناکەنەوە. بە تایبەتی لە پاش مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لەگەڵ ئەوەی بەداخەوە بەرپرسی کومیتەی ئەمنیەت شەهید ببوو، بەڵام کومیتەی ئەمنیەت بە هاوکاریی کادر و پێشمەرگەکان زۆر بەرپرسانە کۆنترۆڵی ئەمنیەتی بارەگاکانی حیزبی کرد و بە وشیاری و وردبینی، ئەسناد و ئیمکاناتی ماڵیی حیزبی پاراست.

بە سەرنجدان بە پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە حیزبەکەمان، کاری کومیتەی ئەمنیەت قورس و گرانە. بۆیە پاراستنی ئەمنیەتی حیزب پێویستیی بە خوێندنەوەی تازە و گرینگی پێدانی زیاتر هەیە.

## کۆمیسیۆنی ئامووزش

کۆمیسیۆنی ئامووزش کە ئێستا فێرگەی حیزبی دێموکراتیش سەر بەو ئۆرگانەیە، ئەرکیان ئامووزش و پەروەردە و پێگەیاندنی کادر و پێشمەرگەی حیزبە. لەو ماوەیەدا سەرەڕای ئەوەی لە چەندین دەورەدا ئامووزشی دەیان پێشمەرگەیان داوە، چەند دەورەی جۆراوجۆری پەروەردەیی و سیاسییش لە لایەن کۆمیسیۆنەوە پێک هاتوە، لە ساڵیشدا چەندین بۆنە و ڕێوڕەسمیان بە بۆنەی جۆراوجۆر پێک هێناوە و بە پێی دەرفەت چەند ژمارەیەک لە گۆڤاری «تیشکی نوێ»یان ئامادە و چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

لەگەڵ ئەم کار و چالاکییانەی بەشی ئامووزش و پەروەردەی حیزب کە جێی دەستخۆشین، حاشا لەو ڕاستییە ناکرێ کە لەم بوارەشدا بێکەموکووڕی نین، بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستادا کەمایەسییمان پێوە دیارە؛ بۆیە پێویستە لە حیزبی ئێمەدا پەروەردەی سیستماتیک و هەمیشەیی هەبێ و بەرنامەڕێژیی تۆکمەی بۆ بکرێ. لە هەموو قۆناغەکاندا دەبێ پەروەردە و پێگەیاندن ببێ بە ئەرکێکی ڕۆژانە و ئیجباری و بەدوادا چوونی بۆ بکرێ و لە حاڵەتی مەوریدی و پێخۆش بوونی هاوڕێیانەوە بکرێتە کارێکی بەردەوام و ئیجباری.

ڕوون و ئاشکرایە کە کادرە بەتەمەنەکان کۆڵەکە و بڕبڕەی پشتی حیزبن، ئەم هاوڕێیانە لە تەنگانەدا زۆر بە خەمی حیزبەوەن و هیوا و ئومێد دەبەخشن کە ئەوە بە خاڵێکی زۆر بەهێز دادەنرێ. بەڵام حاشا لەو ڕاستییەش ناکرێ کە ئەگەر بە گشتی هێزی پێشمەرگە بە دوو بەشی بەساڵاچوو و گەنجدا دابەش بکەین، بەتەمەنەکان لەگەڵ چوونەسەرێی تەمەنیان چاوەڕوانییەکانیشیان چووەتە سەرێ. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دروشمە کە زەمانێک دەمان گوت پێویستە بزانین چییمان بۆ حیزب کردوە، ئێستا ئەوە گۆڕاوە کە

حیزب چی بۆ پێشمەرگە دەکا و ئەمەش لە راپەڕاندنی ئەرک و کاری حیزبیدا ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی هەیە. هەڵبەت پێشمەرگە گەنجەکانیش جیاوازییان لەگەڵ پێشمەرگەی بەرابەردوو هەیە. بۆیە پێویستە ئێمە بە خوێندنەوەی جیاوازەوە بۆ پێشمەرگایەتی لە ئێستادا و کار و ئەرکی پێشمەرگانە بڕوانین:

یەکەم، ئەو کوڕ و کچانەی دەبن بە پێشمەرگە هەموویان شارەزایی تەواویان لە ڕێگا و ڕێبازی پێشمەرگانە نییە، بەڵکوو زۆربەیان خاوەن هەست و ئێحساسی پیرۆزن و بەو هەستەوە تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزب بوون.

دووهەم، پەروەردەی حیزب هەمیشەیی و تەواو و سیستماتیک نییە. ئەوەندە پەروەردەیەی ئێستاش هەست و ئێحساسی پێشمەرگانە بە تەواوی ناکاتە باوەڕی قووڵی سیاسیی پێشمەرگانە.

سێهەم، سروشتییە چاوەڕوانیی گەنجی ئەو سەردەمە، هەلومەرجی سەختی پێشمەرگانە، کەمیی ئیمکانات و سەرگەرمی و گرێدراویی گەنجان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕانەهاتن بە سەختییەکانی ژیان، شوێنی ژیانی ئێستای پێشمەرگەی حیزب لە شوێنێکی وەک دەشتی «کۆیە و قەڵا»، تێکەڵبوونی ژیانی شەخسی و بنەماڵەکان لەگەڵ پێشمەرگە و دیاردەی چاولێکەری، هەموویان دەستیان داوەتە دەستی یەک. بەداخەوە هەموو ئەو گەنجانەی دێنە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەوە، هەموویان وەک پێشمەرگە بۆ ماوەیەکی درێژ نامێننەوە، ئەگەرچی زۆربەی زۆری ئەوانە بە باوەڕی حیزب تەیار دەبن و حیزبی و ئۆگری حیزب دەمێننەوە. ئەمە وامان لێ دەکا پتر بیر لە گۆڕینی ئەو بارودۆخە بکەینەوە و زیاتر بایەخ بە کاری پەروەردەیی لە نێو پێشمەرگە لاوەکاندا بدەین و پتر ئۆگری بە مانەوە لە سەنگەری پێشمەرگایەتییان تێدا بەهێزتر بکرێ.

### کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

لە ڕەوتی خەباتی حیزبەکەماندا گرینگی دان بە کاروباری کۆمەڵایەتی بایەخ و سەرنجی زۆری دراوەتێ بۆیە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی یەکێک لە کۆمیسیۆنە کارییەکانی حیزبی دێموکرات بووە کە بە کارەکانی کۆمەڵایەتی وەک پەروەردە، قەزایی، شەهیدان و چاودێریی نەخۆش و کەمەندامان و دروستکردنی کارت و بەڵگەنامەی جۆراوجۆری حیزبی ڕاگەیشتوە. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا ئەو کۆمیسیۆنە بە ئیمکاناتێکی زۆر سنووردار کارەکانی لە هەموو بەشەکاندا ڕاپەڕاندوە. هەروەها نەخۆشخانەی «٢٥ی گەلاوێژ» لەژێر چاودێریی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتییدا کاری بەرچاوی کردوون و، بەشی شەهیدان بە پێکهێنانی مەراسیمی ١٠ی خاکەلێوە و هەوڵی تەکمیل کردنی بیۆگرافیی شەهیدان، هاوکاری بەرنامەی شەهیدان لە ڕادیۆ و تلەڤیزیۆندا بووە.

وەک باس کرا ئەو کۆمیسیۆنە لە کاتی خۆیدا یەکێک لە کۆمیسیۆنە پڕ کارەکانی حیزب بووە، بەڵام ئێستا پێویستە خوێندنەوەی تازە بۆ ئەو کۆمیسیۆنە بکرێتەوە و، جارێکی دیکە ئەرکەکانی تەعریف بکرێنەوە.

### کومیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات

حیزبی ئێمە بۆ ڕاییکردنی کار و ئەرکەکانی حیزب، وەک دیپلۆماسی، پێوەندیی سیاسی و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی و پێوەندی گرتن لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی، نێونەتەوەیی و حیزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کومیتەیەکی چالاکی لە دەرەوەی وڵات هەیە. لەم چەند ساڵەدا دەتوانین بڵێین حیزبەکەمان دیارترین ڕێکخراوی کوردستانی ئێران بووە کە تێکۆشانی لە دەرەوەی وڵات بەرچاو بووە. جیا لە کاری سیاسی و پێوەندییەکان و کاروباری دیپلۆماسی کە تیمی پێوەندییەکان و دیپلۆماسیی ئێمە جیا لە چالاکیی بەرچاویان، ڕۆڵی شوێندانەریان لە پێکهێنانی بەرەو ئێئتلافی جۆراوجۆردا هەبووە، کومیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات تێکۆشانی تەشکیلاتیی بەرچاوی هەبووە. لە ڕێگای کومیتەی حیزبیی وڵاتەکان لە ئورووپا، ئەمریکا، کانادا و ئوسترالیا بە سەدان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو ڕێکخراوەکانی حیزبدا وەک ئەندامی حیزب سازمان دراون و بە هەزاران کەسیش وەک لایەنگر لە دەوری هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب کۆ بوونەتەوە. هەروەها لە ڕێگای بەشی ماڵیی کومیتەی دەرەوەی وڵات و بە زەحمەت و ماندووبوون و کاری کومیتەی وڵاتەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو یارمەتی بۆ حیزب کۆ کراوەتە و، بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە لە باری ماڵییەوە لە کوردستان تووشی هەلومەرجێکی دژواری ماڵی ببووین، کومیتەی دەرەوەی وڵات نەک هیچ تێچوویەکی لە کوردستان وەرنەگرتوە، بەڵکوو تا ڕادەیەکی بەرچاویش یارمەتیدەر و کۆمەگ بووە بۆ ڕاییکردنی کارەکانی حیزب لە کوردستان کە جێی پێزانینە.

لە دەرەوەی وڵات جیا لە کومیتەکانی حیزب، ڕێکخراوە سێنفییەکانی وەک «یەکیەتیی ژنان» و «یەکیەتیی لاوان»ـیش تێکۆشانی بەرچاویان هەبووە و کارەکانیان جێی ڕێزە.

### ڕێکخراوە مەدەنی و سێنفییەکان:
### ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

«ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» یەک لەو ڕێکخراوانەیە کە دوای کۆنگرەی ١٦ دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوەیە لە؛ کۆکردنەوەی بەڵگەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، ڕووماڵکردنی ڕۆژانەی حاڵەتەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەیاندنی هەواڵ و ڕاپۆرتی حاڵەتەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە میدیاکان و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانە، وەرزانە و ساڵانەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان و تەغزییەکردنی بەشی دیپلۆماسیی حیزب بە ڕاپۆرت و دێکۆمێنت لەسەر پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان، چالاک بووە.

ماڵپەڕی www.chawnews.com شوێنی بڵاوکردنەوەی کار و بەرهەمەکانی ئەم ڕێکخراوەیەمانە.

### یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پاش گرتنی کۆنگرەی ٤ی خۆی کۆمەڵێک پرۆژە و پلانی بۆ ماوەی کاریی ئەم دەورەیەی بەڕێوبەریی ڕێکخراوەکە داڕشتوە و چەند جار وۆرکشۆپی لە نێو بنکەکانی حیزب بۆ ئەندامانی خۆی پێک هێناوە، لەم کۆبوونەوانەدا زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی بە مەبەستی چاوکرانەوەی زیاتری ژنانی بەشدار باس کراون. هەروەها کۆمەڵێک خولی فێرکاری لە بواری جیاوازدا کراونەتەوە، وەک خولی دەرمانی و دەورەی سیاسی و نیزامی و ... یەکیەتیی ژنان هەروەها کۆمەڵێک سێمیناری لە بوارەکانی زانیاریی گشتی، سیاسی و تەندروستی بۆ وشیارکردنەوەی ئەندامانی پێک هێناوە و زۆر جار ئەم سێمینارانە لە چوارچێوەی ئەندامان فراوانتر بووە و بە بەشداریی ڕێکخراوەکانی ژنانی باشووریان وەک چالاکیی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان کراون.

لەم دەورەیەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بایەخێکی زۆری بە سەردان و چالاکیی هاوبەش و کۆنتاکت لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان داوە و هەموو کات بڕوای وا بووە کە هاوئاهەنگی و کاری هاوبەش نەتیجەی باشتری دەبێ و زۆر کاتیش بۆ ئەم لایەنە دەستپێشخەر بووە. سەرەڕای دۆخی نالەباری ئابووری و ڕۆیشتنی هێزی زۆری ئینسانی، دیسانیش ئەم ڕێکخراوە کاری بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری «ژنان» کردوە و نەیهێشتوە کاروباری ئۆرگانیی ڕێکخراوەکە ڕاوەستێ و بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی ئێستا بە شێوەی ئێلێکترۆنیکی خستوویەتە بەر دیدی خوێنەرانی.

سەرەڕای ئەوە کە بەداخەوە لە ڕووداوی ١٧ی خەرماناندا سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە شەهید و چەند کەس لە ئەندامانی بریندار بوون، بەڵام ئەم ڕێکخراوەیە بە لێبڕاوییەکی زۆرەوە لە کارەکانی بەردەوامە.

### یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکیەتیی لاوان لەم ماوەیەدا لە کار و بەرنامەکانی بەردەوام بووە و لە بواری میدیادا ژمارەیەک گۆڤاری چاپ و ژمارەیەکی تری بە ئێلێکترۆنیکی بڵاو کردوەتەوە.

لە مەیدانی تەشکیلاتییدا یەکیەتیی لاوان هەم لە نێوخۆ و هەم لە باشووری کوردستان و هەم لە دەرەوە کاری لەسەر ڕێکخستنی لاوانی کورد کردوە و بە پێی دەرفەت لە تێکۆشانی جۆراوجۆردا لاوانی ئەرکدار کردوە.

لە مەیدانی دیپلۆماسییشدا یەکیەتیی لاوان کاری دیار و بەرچاوی کردوە و توانیویەتی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە چوارچێوەی دیبەیت و کۆڕبەنددا لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە، هەروەها دیبەیتی لاوانی چوارپارچەی لە چوارچێوەی «پلاتفۆرمی وێران»دا بەڕێوە بردوە. پلاتفۆرمی وێران پرۆژەیەکی یەکیەتیی لاوان بوو بۆ پەنجەدانان لەسەر بابەتە هەستیارەکان و دۆزینەوەی ڕێگا چارە و دەرخستنی بوێرییەکان، کە ئەمیش بە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کراوە. یەکیەتیی لاوان لەو ماوەیەدا لە ئاستی نێونەتەوەییشدا چالاک بووە و توانیویەتی بە ئەندامی لاوانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست وەربگیرێ.

### یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد

ئەم ڕێکخراوە کە سەرەتا بە ئامانجی گرینگی دان بە توێژی خوێندکارانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ویستە نەتەوەیی و سێنفییەکانیان دامەزرا، لە قۆناغی یەکەمی کار و تێکۆشانی خۆیدا وەرزێکی سەرکەوتووی تێپەڕ کرد. بەڵام دواتر تووشی دەورەیەکی ڕاوەستان و سستی بوو کە کۆمەڵێک هۆکاری هەبوو وەک ڕۆیشتنی نزیک بە تەواوی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی بۆ دەرەوە، دواکەوتنی کۆنگرەی خوێندکاران و ...

هەرچەند ئەم ڕێکخراوە تا ئێستا وەک پێویست کاری پێ نەکراوە، بەڵام دەکرێ گرینگیی زیاتری پێ بدرێ و بەڕێوەبەرانی ئەرکدار بکرێن کە گوڕوتینێکی دیکە بە کار و چالاکییەکانیان بدەن.

### ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی حیزبەکەمان لە چالاکییەکانی بەردەوام بووە.

لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کردنەوەی خولی فێرکاریی هونەری، وەرزشی و زمانی ئینگلیسی؛ بەڕێوەبردنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی منداڵان لە یادەکانی ڕۆژی جیهانیی منداڵان و پەسەندکرانی مافی منداڵاندا و هەروەها، بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی هونەری؛ چالاکیی نواندوە.

### ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئێمەیە. ئەم ڕێکخراوەیەمان کە کاروبار و چالاکییەکانی لە پێش کۆنگرەی ١٦وە بۆ ماوەیەک سستی و ناچالاکیی تێ کەوتبوو، بە خۆشییەوە ئێستا گەڕێکی دی لە کار و تێکۆشانی دەست پێکردوە.

### پوختە و دەرەنجام:

تا ئێرە و لە ڕاپۆرتدا گۆشەیەک لە کار و چالاکیی ئۆرگانەکانی حیزبمان خستە ڕوو بۆ ئەوەی وێڕای ڕێزگرتن لە ماندووبوونی هەموو هاوڕێیان، خاڵە باش و لاوازەکانیش باس بکەین و دەرفەت برخسێنین بۆ ئەوەی هاوڕێیان تێبینی و سەرنجی خۆیان لەسەر تێکۆشانی ئۆرگانەکانی حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەی حیزب بخەنە ڕوو. لە بەشی کۆتاییدا بە پێویست دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا تەنانەت پێش کۆنگرەکانی ١٥ و ١٦ی حیزبیش لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا تێبینی لەسەر شێوەی مودیریەتی حیزب هەبووە. لە نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبدا و تەنانەت باسی مودیرییەتی حیزب زۆر جار لە دەفتەری سیاسی و لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا باس کراوە. هەروەها بۆ چارەسەری گونجاو چەند جارێک هەیئەت پێک هاتوە و ڕاپۆرتیش دراوەتەوە بە دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی؛ بەڵام لە جێبەجێ کردندا بەو جۆرە نەبووە کە وەڵامدەری چاوەڕوانیی تەشکیلات و کار و چالاکیی حیزب بێ.

لە ڕاستییدا چۆنیەتیی هەڵبژاردنەوەی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی ١٦ی حیزب و دەست لەکار کێشانەوەی سکرتێری حیزب لە بەرپرسایەتی و بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی لەو ماوەیەدا، زۆرتر بوو بە باس و خواسی هاوڕێیان لە مودیریەت و چالاکیی حیزب. دیارە ئەوە بە هیچ شێوەیەک لە بایەخ و کاری حیزب و هاوڕێیانی حیزبی لەم ماوەیەدا کەم ناکاتەوە، بە تایبەت وەک باوە و دەڵێن حیزب لە تەنگانەدا جوانە، هەم لەکاتی کشانەوەی سکرتێری حیزب و هەم بە تایبەت لە دوای مووشەکبارانی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییدا، سەرەڕای ئەوەی ٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و ٨ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شەهید بوون و، کارەساتەکە قورس بوو، بەڵام شان دانە بەر کار و خۆڕاگری و هەماهەنگی، ئومێد و هیوای دروست کرد و لە ڕاستییدا بەتاڵاییەک لە کارەکاندا بەدی ناکرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە لە تەواویەتی خۆیدا کە ڕووداوێک دێتە پێشێ و هەرەوەز و هیمەتی جەمعی دروست دەبێ، هەموو کێشەکان چارەسەر کراون. بۆیە دەبێ وڵامێکی گونجاو بۆ پرسیارەکان و ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم پرسە بدۆزینەوە تا شێوەی مودیریەتی حیزبی پێ باشتر بکەین.

لە پێش کارەساتی ١٧ی خەرمانانەدا، هەیئەتێک لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە دیاری کرابوو کە کار لەسەر گەڵاڵەیەک بۆ ئەم مەبەستە بکا. پاش تاوتوێ کردنی ئەو گەڵاڵەیە لە لایەن هەیئەتی دەفتەری سیاسی و چەند جارێک باس کردنی لە کومیتەی ناوەندییدا، سەرەنجام ئەم گەڵاڵەیە لە پلینۆمی دەیەمی حیزبدا بە پەسەندی کومیتەی ناوەندی گەیشت. ئەم گەڵاڵەیە وەک بەڵگەنامەیەکی نێوخۆیی حیزب ئەگەر بە پەسەندی کۆنگرە بگا، لە ڕوانگەی ئێمەوە دەتوانێ خوێندنەوەی تازە دروست بکا لەسەر شێوەی مودیریەتی حیزب و تا ڕادەیەکی زۆر وڵامی ڕەخنە و تێبینیی تەشکیلاتیی حیزب بداتەوە.

ئەم گەڵاڵەیە، مێکانیزمی چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەریی دیاری کردوە و، تەنانەت بە پێی پێویستیی ئەندامانی ڕێبەری بۆ قەبووڵی بەرپرسایەتی لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بەرچاو ڕوونیی داوە. لە گەڵاڵەکەدا هەم توانا و ئۆگریی هاوڕێیان بۆ جۆری بەرپرسایەتی لە بەرچاو گیراوە، هەمیش دەسەڵاتی داوە بە کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی تا لە کاتی پێویستدا لێپرسینەوە لەو کەسانە بکا کە کار وەرناگرن یان ئەرکەکانیان بە دروستی بەڕێوە نابەن. بۆ بەرپرسان لە دەرەوەی وڵات و کومیتەکانیش هێندێک مێکانیزمی گونجاوی داناوە کە دەتوانێ یارمەتی بکا بە هەماهەنگیی باشتر لە نێوان کوردستان و دەرەوەی وڵات و بە دیار خستنی نەخشی کومیتەی وڵاتان لە سەلاحییەت پێدان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان. ئەم گەڵاڵەیە هەروەها بۆ ئەوەی هاوڕێیانی حیزب پێبەند بە ئوسووڵ و بڕیارەکانی حیزب بن، هەموو لایەکی -لە سکرتێری گشتیی حیزبەوە تا هەر ئەندامێکی دیکەی حیزبی-ی ئەرکدار کردوە کە بە پاراستنی ئوسووڵ لە کار، ڕاوێژ، هەڵوێست و دەربڕینی ڕوانگەکانی حیزبدا.

ئێمە لامان وایە ئەگەر کۆنگرەی ١٧ی حیزب ئەو گەڵاڵەیە پەسەند بکا، کومیتەی ناوەندی لە سەریەتی مێکانیزمی جێبەجێکردنی بۆ دابڕێژێ و جێبەجێی بکا. بە جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە ئێمە دەتوانین بەشی زۆری ئەو کێشانەی ڕابردوو لە خۆمان داماڵین، مەبێ ئەوەی ئوسوولی دێموکراتیکی تەشکیلاتییمان پشتگوێ خستبێ.

لە کۆتاییدا و بە پێداگری لەسەر ئەوەی «یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ، زامنی سەرکەوتنمانن»؛ دەڵێین:

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان!

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بە تایبەتی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی!

سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، سەرچاوەی هێز و بەردەوامیی حیزبی دێموکرات!

سڵاو لە زیندانییانی سیاسیی کورد کە سەمبولی خۆڕاگریی گەلەکەمانن!

سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی!

سڵاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات کە بە فیداکاری و لەخۆ بوردوویی خۆیان ئاڵای حیزبی دێموکراتیان هەروا شەکاوە ڕاگرتوە!

سڵاو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئامادەن بۆ هەر چەشنە گیانبازییەک لە پێناو سەرخستنی بزووتنەوەی کورد و ڕزگاریی نیشتمانەکەمان!

بەرز و شکۆدار بێ ئامانجە بەرزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبەکەمان!

***

## بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی
## کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا دەبەستریٚ کە ئەو حیزبە دەبێ زیاتر لە ڕابردوو خۆی بۆ ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ناوچە و ئێراندا ئامادە بکا. لە لایەکی دیکەوە، ئەم کۆنگرەیە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بە ئەزموون وەرگرتن لە سیاسەت و خەباتی تا ئێستای حیزب، بەرچاوڕوونی بۆ ئاقارە سیاسی و خەباتگێڕی و ڕێکخراوەییەکانی لەمەو دوامان دابڕێژین. ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرە لەسەریەتی کە بەندەکانی ئەم بڕیارنامەیە و پەسەندکراوەکانی دیکەی ئەم کۆنگرەیە و پەسەندکراوە موعتەبەرەکانی پێشووتر بەردەوام وەبەرچاو بگرێ و بۆ جێبەجێکردنی بەکردەوەیان تێ بکۆشێ.

**ئەلف. هەڵوێستمان لە بارەی کۆمەڵێك پرسی گشتیی جیهان، ئێران و کوردستان**

١- ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی جیهان لە چەند ساڵی ڕابردوودا نیشاندەری لاواز بوونەوەی مێکانیزمەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی و ڕەوتی ڕوو بە داخرانەوەی زیاتری بەشێک لە جەمسەر و دەوڵەتانی مەترەح لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەسەر خۆیاندایە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە تەنیا کاتێک ئایندەیەکی باشتر چاوەڕوانی مرۆڤایەتی و جیهان دەبێ کە بنەما و مێکانیزمەکانی هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بە لە بەرچاو گرتنی ویست و بەرژەوەندیی خەڵک و پێکهاتەکانی وڵاتان بەهێز بکرێن و چیی دیکە تاکڕەوی و ململانەی نێوان هێزە گەورەکان نەبێتە هۆی درێژبوونەوە و بێوڵام هێشتنەوەی قەیرانە سیاسی و

ئینسانی و ژینگەییەکان. ئەمە بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گرینگە.

٢- لە مەڕ فشارە نێودەوڵەتی و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران، لەگەڵ ئەوە کە تێکچوونی زیاتری ژیان و گوزەرانی خەڵک بە هۆی تەحریمەکانەوە جێگەی داخە، بەڵام کۆماری ئیسلامی کە لە ڕاستییدا خەڵکی ئێرانی بە بارمتە گرتوە، بە بەرپرسیاری ئەو دۆخە دەزانین. وێڕای بە پێویست زانینی هەر جۆرە فشارێکی نێودەوڵەتی کە مەیدانی مانۆڕی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بەرتەسک بکاتەوە، لەو باوەڕەداین کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مامەڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییدا چیی دیکە تەنیا خۆی لە پەروەندە ئەمنیەتییەکانی وەک پرۆگرامی ناوکی و سەقامگیریی ناوچەدا قەتیس نەکاتەوە. بەڵکوو زیاتر سەرنج بداتە پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و پێکهاتەکانی نێو ئێران و نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەوان بە موخاتەب وەربگرێ هەتا خەباتی خەڵک بەدژی ڕێژیم لە یەکلا کردنەوەی چارەنووسی ئەو نیزامەدا کاریگەرتر بێ و ئایندەیەکی ڕوونتریش بۆ گەلانی ئێران لە ڕێدا بێ.

٣- هەڵوێست و سەفبەندییەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی دواییدا باشتر لە ڕابردوو ناکارامەیی و بێئیرادەیی ڕێژیم لە تەواوەتی خۆیدا بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات و ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکان و گوێگرتن لە پەیامی خەڵکی نیشان داوە. هەر لەو کاتەدا وێڕای باڵادەستیی نیهادە ئەمنیەتییەکان و ڕێبەریی نیزام لە جومگەکانی ئیدارەی وڵات و دیاریکردنی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێراندا، جیاوازییەکی جەوهەری لە هەڵوێست و ڕەفتاری باڵە جیاکانی نێو ڕێژیم لە بارەی ئەو پرسانەوە کە بۆ خەڵک گرینگن بەدی ناکرێ. هەر بۆیە پێویستە خەڵکی ئێران هەر وەک لە دوو ساڵی ڕابردوودا نیشانیان داوە، هەر وا کۆی ڕێژیم بە ئامانج بگرن.

٤- کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای ئەوە کە نابێ لە بەرامبەر پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێران غافڵ و بێتەفاوەت بێ، پێویستە ئەولەویەتی کاری حەرەکەت لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پێناسەیەکی قائم بە زات و بە شێوەی هەرچی یەکگرتووانەتر و مەیدانیتر بێ.

٥- لە بارەی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای کورد لەو پارچانەدا و لە هەر چەشنە دەرفەتێکی پێشوەچوونی پرسەکەیان دەکەین. هەر لەو کاتەدا جەخت لەسەر یەکبوونی نێوماڵی کورد لە هەر کام لەو پارچانەدا و تەعامولی نێوان پارچەکان بە ڕۆحێکی نەتەوەیی و بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی و پێویستییە خەباتگێڕییەکانی یەکتر دەکەینەوە.

## ب. گوتاری سیاسیی حیزب

١- بە حوکمی ئەوە کە ڕێبەریی بەکۆمەڵ لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەسڵێکی هەمیشەییە، هەر چەشنە هەڵوێستێکی سیاسیی کەلان کە نوێ بێ یان جیاوازیی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی پێشووی حیزب هەبێ، بەر لە دەربڕین و ڕاگەیاندن، پێویستە لە چوارچێوەی گونجاوی خۆیدا بکەوێتە بەر ڕاوێژ و بڕیاری لەسەر بدرێ. بەرپرسانی حیزبی لە هیچ پلە و مەوقعییەتێکدا لە دەرەوەی حیزب نابێ بە پێچەوانە و جیاواز لە سیاسەتی

ڕەسمیی حیزب بدوێن و بجووڵێنەوە.
٢- بە هەموو ئەو قابلیەتانە بۆ پێداچوونەوە و زەرفیەتسازیی سیاسی و ڕێکخراوەیی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیەتی، ئەو حیزبە لە ڕووی ناسنامەی سیاسییەوە میراتگری جەوهەرەی نەگۆڕی سامانی مەعنەوی و گوتاریی حیزب لە سەردەمی کۆماری کوردستان و مەودای نێوان دوو نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بگرە تا پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و قۆناغەکانی دواتری خەباتە.
٣- حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ خوازیاری کۆتایی هاتنی دیکتاتۆری لە ئێران و گۆڕینی کۆماری ئیسلامییە. پشتیوانی لە مێتۆدە مەدەنییەکانی خەبات _سەرەڕای نەبوونی بەستێنی واقعیی بردنەپێشی ئەم جۆرە لە خەبات لەژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامییدا_ بە مەبەستی هێنانە مەیدانی خەڵک و بە چالش کێشانی ڕێژیمە و بە پێچەوانەی هێندێک تەفسیر کە لە هێندێک لە سیاسەت و دەربڕینەکانمان کراوە، بە مانای باوەڕ بە ئیمکانی ڕیفۆرمی ڕێژیم نییە.
٤- ڕیسالەتی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان چارەسەری پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسییە. ئەمە پێشگیری لەوە ناکا کە پشتیوانی لە خواستە فەرهەنگییەکان و داواکاریی چین و توێژەکان و بە گشتی ئەو پرسانەی بابەتی ڕۆژانەی خەباتی جەماوەریین بکەین، بەڵام هەمیشە دەبێ دوورەدیمەنی ستراتێژیک و نەتەوایەتیی خەباتی خۆمانمان لە بەرچاو بێ.
٥- باوەڕ بە ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران پرەنسیپێکی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتە. بەڵام ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە و ئەزموونمان لە بواری وتوویژدا بە ئێمە دەڵێ کە ڕێژیم هەمیشە وتوویژی بۆ مەبەستی بەدخوازانە و خراپکارانەی خۆی بەکار بردوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەڕاستی بیهەوێ وتوویژ بکا، ئەوە دەبێ بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک مەرج و پرەنسیپ (وەک بەڕێوەچوونی وتوویژ بە بوونی لایەنێکی سێهەم وەک چاودێر؛ مەعلووم بوون و حیساب لەسەر کرانی پلە و ئێعتباری نوێنەرانی لایەنی بەرامبەر؛ وتوویژ لەسەر خواستەکانی گەلی کورد) بێ. هەر جۆرە وتوویژێک دەبێ بە ئاگاداری و لە چوارچێوەی بڕیاری ئوسوولیی ڕێبەریی حیزبدا بێ و قۆناغی ئەسڵیی وتوویژی ڕاستەوخۆش پێویستە چەندی دەکرێ بە هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ پارتە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بێ.
٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەخۆدا چوونەوە و زەرفیەتسازیی ڕێکخراوەیی و سیاسییدا هەمیشە ڕچەشکێن بووە. سەیرکردنی ڕابردووی خەباتی خۆمان بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بە تایبەتی لە مەڕ کەموکوڕییەکانی نێوخۆی بزووتنەوە و کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان شتێکی بەجێ و پێویستە. بەڵام لەو کارەدا هەمیشە دەبێ شکۆی خەبات و خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەمان و ڕەوایی بڕیاری خۆڕاگریی چەکدارانە لە بەرامبەر سیاسەتی تەواوویستانە و شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی پارێزراو بێ.
٧- دێموکراسی هەم وەک ئیدەئالێکی کارپێکراوی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات و هەم وەک گونجاوترین بەستێن بۆ گفتوگۆ و چارەسەری کێشەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ئامانج و بەهاکانی حیزبی ئێمەیە. هەر لەو کاتەدا ئەولەویەتی خەباتی ئێمە

مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەر بۆیە جۆری مامەڵەمان لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و ئایندەی ئێران پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە.

٨- دروشمی فیدرالیزم وەک گونجاوترین سیستم بۆ ئیدارە و پێکەوەژیان لە ئێراندا شیاوی گرینگی پێدان و کار لەسەر کردنی زیاترە. بەڵام ئەو ئەولەویەت و تایبەتمەندییەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە بەندی پێشوودا باس کرا، دەستاوەڵایی پێویستمان دەداتێ کە هاوشان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە داهاتوودا بە پێی ویستی خەڵکی کوردستان و واقعیات و مومکیناتی هەر قۆناغێک (بەبێ لەبیرکردنی جەوهەری مافی ڕەوای گەلەکەمان) بجووڵێینەوە.

٩- خەبات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا نابێ ئەو ڕاستییەمان لێ بشارێتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە دابەش کراوە. لە عەینی فیدرالیخوازیدا ئێمە بە پشت بەستنی زیاتر بە مانای مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک ئیرادەیەکی هەمیشە ئازاد، لەسەر گوتاری سەروەریخوازانەمان بەردەوام دەبین. هەروەها پێویستە ئەو چەمک و هێمایانەی تەعبیر لە سەروەریی گەلەکەمان دەکەن (کۆمار، نەتەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ... هتد) لە ئەدەبیاتی سیاسی و پەروەردەی حزبیماندا زیاتر کاریان لەسەر بکرێ.

١٠- حیزبی دێموکراتی کوردستان لە عەینی ئەولەویەت دان بە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و درێژە دان بە پرەنسیپی ڕۆژهەڵاتتەوەری، هاوپێوەندیی نەتەوەیی نێوان پارچەکانی کوردستان (سەرەڕای هەموو کەموکووڕی و لاسەنگییەکانی) بە شتێکی پێویست دەزانێ. هاوکات پێمان وایە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندی و ئاجێندای خەباتی خۆی بکا و موخالفی دەستێوەردانی هەر پارچەیەک لە کاروباری پارچەیەکی دیکەداین. ڕێبەریی حیزب پێویستە لە بەرامبەر دەستێوەردانی لەم چەشنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرنامەی وا دابڕێژێ کە ئەوەندە کاریگەرییەی هەبێ کە سنوورێک بۆ ئەو جۆرە دەستێوەردانانە دابنێ، ئەوەندەش بەرپرسیارانە بێ کە گرژی و نێوان ناخۆشی لەگەڵ هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستانی لێ نەکەوێتەوە.

## ج. حیزب و کۆمەڵگە

١- گوتار و بەرنامەمان لە بواری ناسنامەی نەتەوایەتییدا ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە هەمەلاگیر بێ و هەموو فرەچەشنییەکانی نێوخۆی ئەم کۆمەڵگەیە لە بەرچاو بگرێ. هەرچەشنە گوتار و ڕەفتارێک کە بە فەرق و جیاوازی دانان لە نێوان جۆراوجۆرییە فەرهەنگییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە لێک بدرێتەوە و درزەکانی نێو کۆمەڵگە زیاد بکا، پێویستە خۆی لێ ببوێردرێ.

٢- حیزبی ئێمە پێویستە لە ڕێگای تیمی کارناسەوە بەدوادا چوون و چاودێریی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشە و چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بە تایبەتی لە بارەی پرسە ستراتێژییەکان (سنوورەکانی خاک، دێموگرافی، ژینگە، تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکان، ئاڕیشە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی مەوادی موخەدیر، بنیاتگەرایی ئیسلامی

و ... هتد) بکا و لە سیاسەتسازی و بەرنامەڕێژیی کار و تێکۆشانیدا لەسەر بنەمای ئەو خوێندنەوە و بەدوادا چوونە بجوولێتەوە.

٣- تەشکیلاتی ئێمە پێویستە بە ڕێکاری گونجاو لە نێوخۆ و لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات پێگەی جەماوەریی حیزب فراوانتر بکاتەوە و بۆ ڕاکێشانی کەسایەتییە شوێندانەرەکان زیاتر تێ بکۆشێ. بەرنامەڕێژی بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ زۆر ڕێکار بگرێتەوە و لەو پێوەندییەدا کومیتەی ناوەندی دەتوانێ وەکالەت بۆ هێندێک هەنگاوی تایبەتی بداتە دەفتەری سیاسی.

٤- ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵات (ورمێ، کرماشان، ئیلام، لەکستان و ... هتد) و ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵات (بە تایبەتی خوراسان) پێویستە لە گوتار و مێدیا و بەڕێوەبەری و تەشکیلاتی حیزبدا ڕەنگدانەوەی زیاتریان هەبێ و لە بەرنامەڕێژیی کار و تێکۆشانمان ڕوو بەو ناوچانە، تایبەتمەندییان وەبەرچاو بگیرێ. بەرنامە و گوتاری حیزب بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران پێویستە لە ڕووی حقوقییەوە وڵامی بۆ مافەکان و هەستیاریی نەتەوایەتیی کوردەکانی دانیشتووی ئەو شار و ناوچانەی ئێران هەبێ کە لە ڕووی مێژووییەوە بەشێک لە خاکی کوردستان نین، بەڵام بە شێوەیەکی چڕ کوردیان لێ دەژی.

### د. مامەڵەمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە

١- لە بەستێنی دیپلۆماسییدا پێویستە حیزبی ئێمە بەرنامەڕێژیی ورد و بەربڵاو بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا. ئێمە وێڕای پێبەندییمان بە بەها سۆسیال دیموکراتییەکان وەک ئیدەئالێک بۆ ئایندەی کۆمەڵگەی خۆمان، پێویستە لە بەستێنی نێونەتەوەییدا بەبێ لە بەرچاو گرتنی سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکان بجووڵێینەوە و ئەولەویەتیش بدەینە ئەو کاناڵ و ناوەندانەی بەرهەمی مەلمووسیان لە بەرژوەندیی خەباتی گەلەکەمان لێ دەکەوێتەوە.

٢- لە مامەڵەمان لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا هاتوچۆ و گفتوگۆ لەگەڵ هەموو تەیفەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات بە پێویست دەزانین. بەڵام بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێز و تەیفانە، بە پێی ماهیەتی دیموکراتیکی ئەوان و لەوەش گرینگتر ڕادەی باوەڕیان بە بە ڕەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا دەجووڵێینەوە. لە مەڕ ئەو تەیفانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە گەلی ئێمە ئەزموونی تاڵی لەگەڵیان هەیە، پێویستە پێش هەر جۆرە نزیکبوونەوە و سازانێک، ئەوان حازر بن ڕەخنە لە ڕەفتاری ڕابردووی خۆیان بگرن یا لانیکەم بە جۆرێک بدوێن و بجووڵێنەوە کە نیشانەی نەگرتنەوە بەری ئاقارە خراپەکانی ڕابردوویان دەرهەق بە گەلەکەمان بێ.

٣- لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکانی دراوسێی کورد لە ئێراندا (بە تایبەتی ئازەرییەکان) پێویستە سیاسەت و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بۆ جێخستنی مەیدانداریی ڕەوای کورد لە هەموو بوار و جومگەکانی ئایندە و ئاسایشی نەتەوایەتیی کورد هاوکات لەگەڵ هەوڵدان

بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی سالم و بنیاتنەر بێ.

٤- تاکڕەویی حیزبەکان بە قازانجی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان نازانین، هەر بۆیە لە بەستێنی کاری هاوبەش لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، وێڕای ڕۆڵی مێحوەری و کارسازی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەولەویەت دەدەینە گەشەکردنی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» بە چەشنێک کە هەم بنەماکەی بەشێوەی ئوسوولی فراوان بێتەوە و هەم سازوکاری جیددی و بەکردەوەی لە بوارە سەرەکییەکانی کار و خەباتی هاوبەشدا (سیاسی و گوتاری، جەماوەری، پێشمەرگانە، مێدیایی، دیپلۆماسی) و ئامادەبوون بۆ قۆناغی ئینتقالیی بۆ دابین بکرێ.

٥- باوەڕمان بە زەروورەتی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە جێی خۆیەتی و کاری بۆ دەکەین. بەڵام وێڕای هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکان لەو پێوەندییەدا، پێویستە ئەو هەوڵانە لە پێناو یەکگرتنەوەیەکی هاوسەنگدا بێ. لە هەر حاڵدا حیزبی دێموکراتی کوردستان ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی بەو پرسە نابەستێتەوە و کار لەسەر تایبەتمەندیی خۆی دەکا.

**ه. بابەتە تەشکیلاتییەکان و هێندێك بواری تێکۆشانی حیزب**

[نێوخۆیی]

***

# بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (پەسەندکراوی کۆنگرەی حەڤدەیەم)
## ١٩ و٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (١٠ و ١١ی نوامبری ٢٠١٩)

**پێشەکی**

ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییدا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوەیەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. ڕێکخراو نەبوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ئاستی پێویستدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەک و دەستتێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری ناوچەکەی ئێمەدا لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆی بێبەشکرانی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەم بارودۆخە بوو بە هۆی دارشتنی سنووری دەوڵەت-نەتەوە تازە پێکهاتوەکانی ناوچەکە بە قازانجی چەند نەتەوەیەک و لەسەر حیسابی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان و حاشا کردن لە پێناسی نەتەوەیی کورد و مافی بەشداربوونی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسییدا. هەر ئەو غەدرە مێژووییەش بوو بە سەرەتای دەورەیەکی نوێی خوێناوی و پڕتێچوو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا.

هەرچەند پلانی سڕینەوەی سیستماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانیشدا، بەشێکی جیانەکراو لە پرۆژەی «دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی» بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی بووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەیانتوانیوە ڕێ لە ڕەوتی سروشتیی گەشەسەندنی مێژوویی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرن. ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە لایەکەوە بەرهەمی پێگەیشتنە بابەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی بژاردەکانی کورد بوو، لە ڕێگەی پێکهێنانی کۆمەڵەی «ژ.ک»ـەوە لە ساڵی ١٣٢١ـی هەتاوی (١٩٤٢ی زایینی)ـیدا شێوازی ڕێکخراوەیی بە خۆیەوە گرت. پێناسەی کۆمەڵەی «ژ.ک» بنچینەی لەسەر بەرزبوونەوەی بیری نەتەوەیی و ڕزگاریی کورد لە هەموو کوردستان و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بوو. ژ.ک لە پاش ٣ ساڵ، بە هۆی بەرینبوونەوەی مەودای چالاکی و لە سەروبەندی پێکهاتنی زەمینە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو چین و توێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕیزەکانی خۆیدا جێ بکاتەوە، جێگای خۆی دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەم پێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ـی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی ئووتی١٩٤٥ـی زایینییدا بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، هاتە جێگای کۆمەڵەی «ژێکاف».

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی کۆمەڵەی «ژ.ک» بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورددا و بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دەژمێردرێ. بە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا

توانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستاندا دابمەزرێنێ. کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار ستاتۆی دەسەڵاتی کوردیی بە شێوەیەکی مۆدێرن و بە نێوەرۆکێکی دێموکراتیکەوە، نیشان دا. هەرچەند کۆماری کوردستان پاش ١١ مانگ دەسەڵاتداریی دێموکراتیک، بە هۆی هێرشی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە جوانەمەرگ کرا، بەڵام ئەزموونی دێموکراتیکی دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستاندا، بە لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانیدا دێتە ئەژمار. دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە جێدا بنەمای لەسەر ئەسڵی ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە لایەک و هەوڵدان لە پێناوی پێکەوە ژیانێکی بە ئاشتی و برایانە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی لە لایەکی دیکەوە دانرابوو، نەک هەر لە ئاستی کوردستان و ئێرانی ئەو سەردەمەدا، بەڵکوو هەم ئەو ساو هەم ئێستا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە ڕووداوێکی گرنگ دادەنرا و دادەنرێ. هەرچەند پێشەوا قازی محەممەد و بەشێکی دیکە لە ڕێبەرانی حیزب و کۆمار بە فەرمانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران لە سێدارە دران، بەڵام ئەزموونی نەتەوەیی، دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان هەروا ڕێنیشاندەری نەوە لە دوای نەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بووە و دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی ڕووخانی کۆماری کوردستان زەبرێکی گەورە بوو کە لە پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستان درا، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ماوەیەکی بە نیسبەت کورتدا خۆیان ڕێک خستەوە و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییان دەست پێکردەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی نزیک بە ٧٥ ساڵ تەمەنی خۆیدا زۆر فەسڵی زێڕینی لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کردوون، زۆر سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناون و تووشی نوشوستی و پاشەکشەش بووە.

بێجگە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە لووتکەی سەرکەوتنی ئەم حیزبە و بە گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو، ئەم حیزبە بزووتنەوەی پڕشکۆی ساڵانی ٤٧ – ١٣٤٦ی بەرپا کردوە، چەند جار لە ململانەی هەڵبژاردندا خۆی تاقی کردۆتەوە و هەموو جارێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و سەرەنجام بۆ ماوەی پتر لە چوار دەیە خەباتێکی قارەمانانەی بەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردوە.

ئەم حیزبە هەر لەو کاتەدا ڕووخانی کۆماری کوردستان و تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ – ١٣٤٦ی بە خۆوە دیوە و چەند جار لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی و ڕێژیمی ئیسلامییدا کەوتۆتە بەر پەلاماری پۆلیس و هێزە سەرکوتکەرەکان و بە دەیان و سەدان تێکۆشەری کەوتوونەتە زیندانەوە کە زۆربەیان حوکمی قورس و تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خەباتە قارەمانانە و پڕ لە شانازییەدا زیاتر لە پێنج هەزار کادر و ئەندامی شەهید بوون کە بە دەیان کەسیان لە کادری ڕێبەری بوون و، لە سەرووی هەمووشیانەوە ناوی سێ ڕێبەری پایەبەرز: پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەدرەوشێنەوە. لە نێوان ئەم کۆنگرەیە و کۆنگرەی ڕابردووشدا، ژمارەیەکی بەرچاوی دیکە لە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بە هۆی پیلان و تاوانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید و بریندار بوون. هەر ساڵێک لەمەو بەر لە هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب لە ١٧ی

خەرمانانی ١٣٩٧ـی هەتاوییدا، دەیان تێکۆشەری حیزبمان شەهید و بریندار بوون کە شەش کەس لە شەهیدەکان ئەندامانی ڕێبەری بوون.

حیزبی دێموکرات لە مێژووی دەیان ساڵەی خۆیدا، چەند جار لە ئاکامی ناکۆکیی نێوخۆییدا تووشی لێکدابڕان و چەند پارچەیی بووە و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە جیاتی تێکۆشان لە حیزبێکی واحیددا، بوون بە دوو بەش و بە جیا تێکۆشان و خەباتی خۆیان درێژە داوە، بەڵام دواتر کەوتوونەتەوە سەر یەک. لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەدا تێکۆشەرانی دێموکرات سەرەڕای ناکۆکییان لەگەڵ یەکتر و تێکۆشانی بەجیایان، هەم لەسەر خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد و ئامانجە لەمێژینەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوام بوون، هەم بەرگرییان لە مێژوو و شانازییەکانی ئەم حیزبە کردووە. ئەم لێکدابڕانانە، سەرەڕای تاڵی و نەخوازراو بوونیان، بەشێکن لە مێژووی حیزبی دێموکرات.

لە پاش دەستپێکی پرۆسەی سەقەتی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێران، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییدا، هیچ کات ئامادە نەبووە هەنگاوێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران هەڵێنێتەوە. ڕوانگەی تەواویەتخوازانەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و حاشاکردن لە فرە نەتەوە بوونی ئێران و پرسی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد، هۆکاری بەردەوامیی ئەو کێشەیە بووە.

مەسەلەی کورد لە ئێراندا بەردەوام نەک هەر لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، بەڵکوو لە لایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دەرەوەی دەسەڵات و تەنانەت لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری و ڕووناکبیرانی ئێرانییشەوە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حاشای لێکراوە. گرفتی ئەو ڕوانگەیە لەوەدایە کە لەبری ئەوەی نێوەرۆکی نەتەوەیی مەسەلەی کورد و مافی ئەم گەلە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی بکا بە بنەما، دەیهەوێ لە ڕێی چاونووقاندن و خۆ گێلکردن لەو ڕاستییەوە، هەوڵ بۆ پاراستنی هێژمۆنیی پێناسی نەتەوەی حاکم بدا. وەک تابۆ ڕاگرتن و بە بنەما وەرگرتنی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانیش، شتێک نییە جگە لە ئامرازێک لە خزمەتی ئەو بیرە نادێموکراتیک و شۆڤینیستییەدا.

هەر بە هۆی ئەو ڕوانگە تەواویەتخوازانەی توێژی دەسەڵاتدارەوەیە کە تەنانەت باسی دێموکراسییش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا، خوێندنەوەیەکی چەواشەکارانەی بۆ دەکرێ. بزووتنەوەی کورد لە ڕەوتی خۆیدا هەمیشە نەبوونی دێموکراسیی بە هۆکارێکی گرینگی چارەسەرنەکرانی مەسەلەی کورد داناوە. ئەزموونەکانی ڕابردوو دەری دەخەن کە نەتەوەی کورد بەردەوام خوازیاری چارەسەری دێموکراتییانەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. بەڵام بەداخەوە لەبەر نادێموکرات بوونی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەردەوام ویستی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بە زمانێکی نادێموکراتیک و تێکەڵ بە زەبروزەنگ وڵام دراوەتەوە. نییەتی ئاشتیخوازانە و ویستی کەلکوەرگرتن لە دیالۆگ و وتووێژ بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان هەر لە لایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە ڕەت کراوەتەوە یان وەک داوێک بۆ لە نێو بردنی ڕێبەرانی سیاسی و لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد، کەڵکی لێ وەرگیراوە.

ئەزموون و ڕەوتی ڕووداوەکان دەریان خستوە کە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت-

نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و حاشاکردن لە پێناسی نەتەوەکانی ئێران و سەپاندنی پێناسی نەتەوەیەک بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەدا، هیچ کاتێک جێی نەگرتوە. لە ئارادا بوونی پرسی نەتەوەکان وەک گرینگترین پرسی سیاسی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە. سووربوون لەسەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی تەواویەتخوازی ئێرانییش کە هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی لەدایک بووە، شتێک نییە جگە لە هەوڵێکی نابەرپرسانە بە ئاقاری درێژەدان بە سەنتەرگەراییەکی مێژوویی و لەسەر حیسابی لێڵکردنی هەرچی زیاتری ئاسۆی پێکەوەژیانی داوتەڵەبانەی نەتەوەکانی نێو ئێران.

هەر بۆیە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، لەبەر ڕووناکایی ئەو خاڵەی سەرەوەدا و بە لە بەرچاو گرتنی ویستی لەمێژینەی نەتەوەی کورد و ڕەوتی سیاسیی ئێستای کوردستان، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا کاتێک بە تەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتی سروشتیی خۆی ببڕێ و ویستی ئازادانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە. دەرەتانی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانیش –سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ ستەم و کارەساتەی ڕابردوو– کاتێک دەرەخسێ کە بێ ئەملا و ئەولا ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسیی نەتەوەکانی نێو ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بکرێ بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران.

نێوەرۆکی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەنگدانەوەی ویستی نەتەوەیی و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ ئەم بەرنامەیە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و نێوەرۆکی بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە. هاوڕێیانی حیزبی لەگەڵ ئەوەی ڕوونکردنەوەی بیروڕای حیزب لەسەر مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە ئەرکی خۆیان دەزانن، دەبێ لە پێناو پتەوکردنی هەرچی زیاتری پێوەندیی بەرینی حیزب و گەل و، گەشەدارتر کردنی بواری دێموکراتییانەی بزووتنەوەی گەلەکەمان، بە سینگفراوانییەوە پێشوازی لە ڕەخنەو ڕێنوێنی و پێشنیاری ئەوانیش بکەن.

## فەسڵی یەکەم
## ئامانجە گشتییەکان

### ماددەی یەکەم: ئامانج و پرەنسیپە بنەڕەتییەکان

١. ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

٢. دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدایە.

٣. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکیەتیی داخوازانە و دادپەروەرانەی نێوان نەتەوەکانی ئێران بە بەردی بناغەی دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دەزانێ.

٤. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک،

پلۆرالیست و دادپەروەرانەدا تێ دەکۆشێ.
٥. حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی بە ئیدەئالەکانی مافی مرۆڤ و ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلان هەیە.
٦. حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە پشتیوانی خەباتی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەزانێ.

## فەسڵی دووهەم
## بنەماکانی کۆماری کوردستان

### ماددەی دووهەم: پێناسەی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، دێموکراتیک و کوردستانییە. بەو مانایە کە:
١. دەسەڵاتێکی سیاسیی دێموکراتیکە کە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ و بە پێی ویست و ئیرادەی خەڵک بەڕێوە دەچێ.
٢. هێمای کۆتایی هێنان بە ستەم و بندەستییە و نوێنگەی دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
٣. مافەکانی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، ئێتنیکی، زمانی و ئایینییەکانی کوردستان دەپارێزێ.

### ماددەی سێهەم: چوارچێوەی جوغرافیایی

چوارچێوەی جوغرافیایی کۆماری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و مێژوویی و، بە پێی ویستی زۆرینەی دانیشتووانی ناوچەکان دیاری دەکرێ.

### ماددەی چوارەم: هێمای نەتەوەیی

١. کۆماری کوردستان خاوەنی یاسای بنەڕەتی (قانون اساسی) و ئاڵا و سروود و جەژنی نەتەوەیی و زمانی ڕەسمیی خۆیەتی.
٢. ئاڵای دەوڵەتی فیدراڵ لە تەنیشت ئاڵای کوردستان لە دامودەزگا ڕەسمییەکانی کۆماری کوردستاندا هەڵ دەکرێ.

### ماددەی پێنجەم: سیستمی دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا

دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا کە لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری کوردستاندا نەهادینە دەکرێ، لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە گشتییانەی خوارەوە پێک دێ و بەڕێوە دەچێ:
١. هەموو دەسەڵاتەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە و بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی ئێتنیکی، ئایینی، ڕەگەزی (جینسی)، کۆمەڵایەتی و هتد پێک دێن.
٢. هەڵبژاردن بۆ ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێن لە ڕێگای دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆوە و بە دابینکردنی مافی یەکسانی هەڵبژاردن و هەڵبژێران بەڕێوە دەچێ.

٣. هاونیشتمانان هەلی یەکسانی دامەزران لە پۆستە حکوومەتییەکانیاندا پێ دەدرێ.
٤. کۆماری کوردستان مێکانیزمی تایبەتی بۆ بەشداریی ئەو گرووپانە لە دەسەڵاتدا لەبەرچاو دەگرێ کە بەشێوەی سروشتی لە حاڵەتی کەمایەتییدان.

**ماددەی شەشەم: جیایی دەسەڵاتەکان**

لە کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی قانوون دانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتر جیا دەکرێنەوە:
١. پارلمانی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانوون دانانی کۆماری کوردستانە.
٢. حکوومەتی کۆماری کوردستان لە لایەن پارلەمانەوە دەنگی بۆ وەردەگیرێ و لە بەرامبەر پارلماندا بەرپرسیارە.
٣. سەربەخۆیی دەزگای دادوەری چ لە دیاریکردن و چ لە کارکردیدا دەستەبەر دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم: جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی**

١. لە کۆماری کوردستاندا دین لە دەسەڵاتی سیاسی جیایە و پێڕەوی لە پرەنسیپەکانی سێکۆلاریزم دەکرێ.
٢. هەموو دانیشتووانی کوردستان لە هەڵبژاردن و نیشاندانی ئایین و مەزهەب و بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکانیاندا ئازادن.

## فەسڵی سێهەم
## یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێرانی فیدراڵدا

**ماددەی هەشتەم: بنەماکانی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران**

١. سیستمی کۆماری و دێموکراتیک و فیدراڵی لە بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا دەتوانی ببێتە دەستەبەری هاوپێوەندی و هاوپەیمانییەکی پتەوتر لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا و زەمینەسازی پێکەوەژیانێکی داخوازانە و دادپەروەرانە لە ئێرانی دواڕۆژدا.
٢. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یەکیەتیی ئارەزوومەندانەی نێوان نەتەوەکان لە ئێران بەستراوەتەوە بە جێبەجێ کردن و بەردەوام بوون لەسەر ئەو پرەنسیپانەی خوارەوە:
- فرە نەتەوایەتی، بنەمایەکی سەرەکیی قەوارەی سیاسیی سەرتاسەری بێ.
- هەر نەتەوەیەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەت بە خۆی و هەرێمی خۆی لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێراویەوە ئازاد و سەربەست بێ.
- هەموو نەتەوەکان بە شێوەیەکی عادڵانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی فیدراڵدا بەشدار بن.
- ئەسڵەکانی پێوەندیدار بە ڕەنگدانەوەی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێراندا جێبەجێ بکرێن.

**ماددەی نۆهەم: ڕەنگدانەوەی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران**

ڕەنگدانەوەی نیهادیی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێراندا بەم شێوەیە :
١. هێماکانی دەوڵەتی فیدراڵ و، پێکهاتە و بڕیار و بەرنامەکانی هەموو ئۆرگان و دامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵ دەبێ تەعبیر لە سەروەریی هاوبەشی قەوارەکانی نێو فێدراسیۆن بکەن.
٢. فێدراسیۆنی ئێران خاوەنی دوو ئەنجومەنی نوێنەران و نەتەوەکان دەبێ. ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی حەشیمەت هەڵدەبژێردرێن؛ ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەکانیش بۆ هەر کام لە نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بە قەدەر یەک دەبن.
٣. هیچ بڕیارێک کە پێوەندیی بە چارەنووسی نەتەوەکانی ئێرانەوە هەبێ بەبێ پەسەند کران لە لایەن ئەنجومەنی نەتەوەکانەوە کاری پێ ناکرێ.
٤. ئەگەر بڕیارێک دژایەتیی لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەر یەک لە نەتەوەکان هەبێ، مافی ڤێتۆ بۆ نوێنەرانی ئەو نەتەوەیە لە ئەنجومەنی نەتەوەکاندا پارێزراو دەبێ.
٥. دیوانی بەرزی فیدراڵ کە لە پسپۆڕانی سەر بە هەموو نەتەوە و قەوارەکانی نێو فێدراسیۆن پێک دێ، پارێزگاری لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یەکیەتیی نەتەوەکان دەکا و کێشەکانی پێوەندیدار بە دابەشکردنی سەلاحییەتەکان چارەسەر دەکا.

## فەسڵی چوارەم
## کۆماری کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵ

**ماددەی دەیەم: زمانی ڕەسمی**
١. زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی دامودەزگاکانی کۆماری کوردستانە و لە هەموو پلەکانی خوێندندا بەکار دەبرێ.
٢. ئەو زمان یا زمانە ڕەسمییانەی بۆ نامەنووسین و پێوەندییە ئیدارییەکانی نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵ بەکار دەبرێن و هەروەها سیاسەتی زمانی لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵدا، بە ڕێکەوتنی گشتیی پێکهاتەکانی نێو فێدراسیۆن بڕیاری لەسەر دەدرێ.

**ماددەی یازدەهەم: دابەشکردنی سەلاحییەتەکان**
١. بێجگە لە کاروباری پێوەندیی دەرەوە، سپای فیدراڵ، دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و سیستمی دراوی کە لە سەلاحییەتی دەوڵەتی فیدراڵدان، بڕیار دان و بەرنامە دانان لە سەرجەم بوارەکانی دیکەدا لە سەلاحییەتی دامەزراوەکانی کۆماری کوردستاندایە.
٢. سیاسەت و بەرنامەکانی دەوڵەتی فیدراڵ بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی و ویستی پێکهاتەکانی فێدراسیۆن و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵاواردنی ڕابردوو بەدژی نەتەوەکانی ئێران دیاری دەکرێن و دەبرێنە پێش. بە تایبەتی:
- سپای فیدراڵ لە ڕووی پێکهاتەی هێز و فەرماندەییەوە ڕەنگدانەوەی فرە نەتەوایەتی و فرە هەرێمیی لە ئێراندا دەبێ و لە ڕووی کارکردیشەوە بەدژی بەرژەوەندیی ڕەوای نەتەوەکانی ئێران ناجووڵێتەوە.
- سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی فیدراڵ ڕەنگدانەوەی مەوجوودیەتی سیاسی و نیهادی و،

قازانجەکانی نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران دەبێ. کۆماری کوردستان و هەرێمەکانی دیکە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ مافی دامەزراندن و بردنە پێشی پێوەندیی دەرەوەیان لە بوارەکانی تایبەت بە خۆیاندا دەبێ.

**ماددەی دوازدەهەم: دابینکردنی نەزم و هێمنی لە کوردستان**

١. دابینکردنی هێمنی و نەزمی نێوخۆ لە کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی کۆماری کوردستانە.

٢. سپای فیدراڵ ئەرکی دیفاع لە پاراستنی سنوورەکانی وڵاتی لەسەر شانە کە تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە کوردستانەوە هەیە ئەم ئەرکە بە هاوبەشی یان بە لە بەرچاو گرتنی بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەجێ دەگەیەنێ. سپای فیدراڵ هەقی نییە دەست لە کاروباری نێوخۆیی وەربدا.

## فەسڵی پێنجەم
## پرەنسیپ و ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستان

**ماددەی سێزدەهەم: ماف و ئازادییە گشتییەکان**

١. لە کوردستان قانوون سەروەرە. هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە قانووندا و لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن.

٢. هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لە مەنشووری نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ (واتە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ و هەر دوو پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان)دا هاتوون لە یاسای بنەڕەتی و قانوونەکانی کۆماری کوردستاندا بە ڕەسمی دەناسرێن. حکوومەتی کۆماری کوردستان بەرپرسە لە جێبەجێکردنیان و هەڵێنانەوەی هەنگاوی موسبەت بۆ پاراستن و پەرەپێدانیان.

**ماددەی چواردەهەم: بووژانەوەی فەرهەنگی**

حکوومەتی کۆماری کوردستان:

١. خوێندنی ئیجباری تا تەمەنی پازدە ساڵ و خوێندنی بەخۆڕایی تا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی دەستەبەر دەکا.

٢. هەنگاوی جیدی بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان هەڵدێنێتەوە.

٣. لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا و بۆ هەموو چەشنەکانی پەروەردە و فێرکاری هەلی دەستڕاگەیشتنی کەسانی کەم دەرامەت بە خوێندن و فێربوون پێک دێنێ.

٤. بایەخ بە پەرەئەستاندنی کولتوور لە کۆمەڵگەدا دەدا و یارمەتیی کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە ئەدەبی و هونەرییەکان بە تایبەتی لە بواری خزمەت بە زمان و ئەدەب و کەلەپووری کورددا دەکا.

٥. لە بەرنامەی فەرهەنگی و پەروەردەیی خۆیدا جێگەی شیاو بۆ پێویستییەکانی پێگەیاندن

و گەشـەکردنی منداڵان و لاوان تەرخـان دەکا.

**ماددەی پازدەهەم: پارێزگاریی کۆمەڵایەتی**

حکوومەتی کۆماری کوردستان:

١. داهاتـی گشـتی بـە جۆرێـک دابـەش دەکا کـە یارمەتـی بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ژیانـی کەسـانی کـەم داهـات بـکا.

٢. سیسـتمی تەندروسـتیی گشـتی پێـش دەخـا و لـە ڕێـگای سیسـتمی بیمـەوە یارمەتـی بـە دەسڕاگەیشتنی خەڵک، بە تایبەتی کەسانی کەم دەرەتان، بە خزمەتە پزشکی و دەرمانییەکان دەکا.

٣. یارمەتی و پێڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی بۆ بێکاران و کەمەندامان و بەساڵاچووان و بێکەسـان بە مەبەسـتی دابینکردنی ژیانێکی ئاسایی لە نەزەر دەگرێ.

٤. هەلی کاری گونجاو بۆ هەمووان پێک دێنێ.

٥. قانوونـی کار بـە جۆرێـک پەسـەند دەکا و جێبەجێـی دەکا کـە سـتانداردە نێونەتەوەییەکانـی پێوەندیـدار بـە مافـی کرێکاران و زەحمەتکێشـان بـە تایبەتـی سـنووردار کردنـی سـەعاتی کار و قەدەغـە کردنـی کاری منداڵان و مەرەخەسـیی بـە مووچـەوەی دایکایەتـی بگرێتـە خـۆی.

٦. پلانـی چڕوپـڕ بـۆ خەبـات بـەدژی هێندێـک پەتـای کۆمەڵایەتـی وەک ئێعتیـاد و توندوتیژیـی ناموسـی بەڕێـوە دەبـا.

**ماددەی شازدەهەم: گەشەسەندنی ئابووری**

١. حکوومەتـی کۆمـاری کوردسـتان بـۆ هێنانـەدەری کوردسـتان لـە بەجـێ ماویـی ئابـووری و هەنگاونـان بـۆ بـە پیشەسـازی کردنـی تـێ دەکۆشـێ. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش هـەر دوو کەرتـی گشـتی و تایبـەت بـە جۆرێـک ڕێـک دەخـا کـە ببێتـە مایـەی هاندانـی وەبەرهێنانـی نێوخۆیـی و دەرەکـی و پـەرە پێدانـی بازرگانیـی ڕاسـتەوخۆی کوردسـتان و مۆدێرنیزەکردنـی کشـتوکاڵ و بووژانـەوەی گەشـتوگوزار و کەلکوەرگرتنـی کارناسـانە لـە سـەرچاوە سروشـتییەکان و دۆزینـەوەی خەللاقییەتـە ئابوورییەکانـی تایبـەت بـە کۆمەڵـگـەی کـوردەواری.

٢. سیاسـەتی ملکداریتیی زەوی و زار بـە چەشـنێک ڕێـک دەخـا کـە هـەم قازانجـی جووتیـاران و هـەم پێویسـتییەکانی پێشـکەوتنی کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری دابیـن بکرێـن.

**ماددەی حەڤدەیەم: سۆسیالیزمی دێموکراتیك**

حکوومەتی کۆماری کوردسـتان بە لە بەرچاو گرتنی بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی لە باری ئابوورییەوە ئازاد و پێشکەوتوو و، لە باری کۆمەڵایەتییەوە ئاسـوودە و دادپەروەر، بنیات دەنێ. لەم کۆمەڵگەیەدا کە بایەخەکانی سۆسـیالیزمی دێموکراتیک پەیڕەو دەکرێن :

١. بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک ئامانجی سەرەکییە.

٢. جەوهـەری دێموکراتیکـی ئـەم سیسـتمە لەوەدایـە کـە پێکهاتنـی لـە پرۆسـەی ڕیفۆرمـدا بـە شـێوازێکی دێموکراتیـک و بـە بەشـداریی هەمـوو چیـن و توێژەکانـی نێـو کۆمەڵـگـە دێتـە دی.

٣. جەوهەری دادپەروەرانەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەوەدایە کە هەوڵ دەدرێ مەودای ئابووری و کۆمەڵایەتیی نێوان چینەکان کەم بکرێتەوە و یارمەتی بە دابینکردنی هاوسەنگییەکی ڕێژەیی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بکرێ.
٤. سیستمی بازاڕی ئازاد لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و دێموکراتیکی خەڵکەوە چاودێری دەکرێ.
٥. سیاسەتی حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا لە ڕووی پێویستیی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی وڵات و ڕەچاوکردنی قازانجی نەتەوەیی دیاری دەکرێن.

**ماددەی هەژدەیەم: یەکسانیی ژن و پیاو**

١. حکوومەتی کۆماری کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بەدژی ژنان، دابینکردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە نێو خێزان و لە کۆمەڵدا و، لە مەیدانی کار و دەسەڵات و بەگشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییدا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ و بەرنامەی چڕوپڕ لەو پێوەندییەدا دادەڕێژێ و بەڕێوەی دەبا.
٢. کەلکوەرگرتن لە مێکانیزمەکانی تەبعیزی موسبەت وەک سیستمی کۆتا لە هەڵبژاردنی پارلماندا و دیاریکردنی ڕێژەیەکی گونجاو لە پۆستە بەڕێوەبەرییەکاندا بۆ ژنان یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ.

**ماددەی نۆزدەهەم: کۆمەڵگەی مەدەنی**

کۆماری کوردستان گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا وەک یەکێک لە ئامرازەکانی پەرە پێدان و چاودێری کردنی حوکمڕانیی دروست لە هەر دوو بەستێنی بەشداریی سیاسی و گەشەسەندنی مرۆییدا چاو لێ دەکا. هەر بۆیە یارمەتی بە گەشەسەندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکا و لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یەکتر تەحەممول کردن و نەهێشتنی هەموو چەشنەکانی دەمارگرژیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پشتیان پێ دەبەستێ.

**ماددەی بیستەم: ژینگەپارێزی**

١. پارێزگاری لە سروشتی کوردستان وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی لە ئەرکەکانی کۆماری کوردستانە.
٢. حکوومەت لە هەموو پرۆژەیەکدا کە کاریگەریی لەسەر ژینگە هەبێ بە تایبەتی لە بواری گەشەکردن و وەبەرهێناندا لایەنی ژینگەپارێزی وەک پارامێترێکی بنەڕەتی لە بەرچاو دەگرێ.

## فەسڵی شەشەم
## سیاسەت بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان

**ماددەی بیست و یەکەم:**

ڕوانگەی کۆماری کوردستان بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان

کۆماری کوردستان :

١. گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێ بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسی.

٢. لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دابینکردنی مافو ئازادییە نەتەوایەتییەکانی پشتیوانی دەکا.

٣. لەسەر بنەمای قانوونی، پەنای سیاسی بەو کوردانە دەدا کە بە هۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەونە بەر مەترسی و ناچار دەبن وڵاتەکەیان بەجێ بێڵن.

٤. پێوەندیی ڕەسمی لە بواری سیاسی و بازرگانی و فەرهەنگی و زانستییدا لەگەڵ ئەو بەشانەی کوردستاندا دادەمەزرێنێ کە بە مافە نەتەوایەتییەکانیان گەیشتوون.

# پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## فەسڵی یەکەم
## پێناسەی حیزب

**ماددەی یەکەم:**

**ناوی حیزب، «حیزبی دێموکراتی کوردستان»ـە.**

**ماددەی دووهەم:**

حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و دێموکراتە کە وڵاتپارێزان و ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

**ماددەی سێهەم:**

حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی سێکۆلارە و باوەڕی بە جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

ئارمی حیزب بریتییە لە بازنەیەک کە نیوەی لای ڕاستی چەرخێکە لە ڕەنگی شین و نیوەی لای چەپی چڵە گەنمێکە لە ڕەنگی زەرد؛ لە شوێنی سەرەوەی پێکگەیشتنی ئەم دوو نیوە بازنەیە ناوی حیزب لە زەمینەیەکی سپییدا بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیسی

نووسراوە و لە شوێنی خوارەوەی پێکگەیشتنیشیان ساڵی دامەزرانی حیزب (١٩٤٥) لە زەمینەیەکی سووردا نووسراوە. نێوەڕاستی ئەم بازنەیە بە چوار چیا بە ڕەنگی کەسک و سپی نەخشاوە و خۆرێکیش لە نێوەڕاستی بازنەکەدا دەدرەوشێتەوە. کۆی ئاڕمەکەش لەسەر کتێبێک ڕاوەستاوە.

## فەسڵی دووهەم
## ئەندامەتیی حیزب

### ماددەی پێنجەم: مەرجەکانی بوون بە ئەندام

هەموو دانیشتوویەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە مەرجێک:

١. تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر نەبێ.

٢. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.

٣. مرۆڤێکی خۆشناو و وڵاتپارێز بێ.

### ماددەی شەشەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

١. دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.

٢. لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.

٣. ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

٤. لەلایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی سەرەوەترەوە بە ئەندام وەربگیرێ.

## فەسڵی سێهەم
## ئەرک و مافەکانی ئەندام

### ماددەی حەوتەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی ئەندامی حیزبە کە:

١. بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون تێ بکۆشێ.

٢. بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.

٣. بە پێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسیپلینی حیزبی بێ.

٤. لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا تێ بکۆشێ و لە کۆبوونەوە پێوەندیدارەکانیدا بەشدار بێ.

٥. نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.

٦. پلەی زانیاریی خۆی بەرێتە سەرێ.

٧. سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە

بیروڕا و ئەزموونی ئەوان کەلک وەربگرێ.
٨. هەقی ئەندامەتی بدا.

**ماددەی هەشتەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە :
١. بە ئەندام یان بەرپرسی هەر کام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ یان دیاری بکرێ.
٢. لە نێوخۆی حیزبدا و لە کۆبوونەوەی پێوەندیداردا ڕاشکاوانە لە هەموو ئەندامێک یا ئۆرگانێک ڕەخنە بگرێ.
٣. لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە ڕەخنە و پێشنیارو پرسیار و بیروڕای خۆی ئاراستەی هەر ئۆرگانێکی حیزب بکا.
٤. لە نێوخۆی حیزبدا سیاسەتی حیزب بخاتە ژێر پرسیار و پێشنیاری گۆڕینی بکا.
٥. لە هەموو ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.
٦. لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو هەڵسەنگێنێ و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**ماددەی نۆهەم: سزادانی ئەندام**

١. ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەجووڵێنەوە یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئێعتیباری حیزب دەگەیەنێ، بە پێی ڕادەی سەرپێچییەکەیان سزا دەدرێن. سزای حیزبی بریتییە لە:
– سەرکۆنە بە دەم
– سەرکۆنە بە نووسراو
– ئەستاندنەوەی لێپرسراوی
– هەڵپەساردن
– دەرکردن لە حیزب
٢. سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆرینەی دەنگ دیاری دەکرێ.
٣. مەبەست لە سزای حیزبی، ڕێنوێنیی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە چاککردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.
٤. ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێداچوونەوە بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.
٥. درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبیی بۆ لە بەرچاو دەگیرێ و بە گوێرەی نەزەری ئۆرگانی خۆی بەرپرسایەتیی پێ دەدرێ.

## فەسڵی چوارەم
## پێکهاتەی ڕێکخراوەیی حیزب

**ماددەی دەهەم: بنەمای قەوارەو کاری ئۆرگانەکانی حیزب**

١. ئەسڵە بنەڕەتییەکانی دارشتنی قەوارەی حیزب ئەمانەی خوارەوەن:

– هەموو ئورگانەکانی حیزب لە خوارێرا بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێن.

– ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.

– بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ.

– لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەبێ جیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.

– لە ئۆرگانەکانی حیزبدا بڕیار بە شێوەی بەکۆمەڵ و بە زۆرینەی دەنگ دەدرێ.

– تاکپەرستی و سەرەڕۆیی لە هیچ پلەیەکی تەشکیلاتییدا ڕێگای پێ نادرێ و لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێ.

– زانیاریی پێویست سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ و پرسەکانی بواری تەشکیلات، پێوەندییەکان و مەسەلە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی سیستماتیک لە نێو حیزبدا بڵاو دەکرێتەوە.

٢. لە حیزبدا بوونی گرووپ و فراکسیۆنی ئاشکرای فیکری و سیاسی بە ڕەسمی دەناسرێ و هەموو گرووپێک هەقی هەیە بیر و بۆچوونی خۆی لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا دەربڕێ.

**تێبینی:**

– مێکانیزمی پێوەندیدار لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە تەنزیم دەکرێ.

– هەر چەشنە دەستەبەندییەکی نهێنی قەدەغەیە و سزای لەسەرە.

**ماددەی یازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١. بناغەی ڕێکخراوی حیزب شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢. ڕێکخراوەکانی حیزب بە هۆی کومیتەی دێ، گەڕەک، شار، ناوچە، شارستان و ناوەندەوە بەڕێوە دەبرێن.

٣. ئەرکی شانە و کومیتەکان بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و ئۆرگانە بەرپرسەکانی پێوەندیدار و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییە.

٤. کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٥. بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە هەر دوو ساڵ جارێک لە ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانیان پێک دێ.

٦. ڕێکخراوەکانی حیزب لە مەڵبەندی چالاکیی خۆیاندا دەتوانن بەرنامە و پلانی کاری تایبەت بە خۆیان دابڕێژن.

**تێبینی:**

– لە هەلومەرجی تایبەتییدا کومیتەی ناوەندی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوی حیزب پەسەند بکا.

– ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستان بەگوێرەی ئاییننامەیەکی تایبەت و گونجاو کە بە پەسەندی کومیتەی ناوەندی دەگا، بەڕێوە دەچن.

## فەسڵی پێنجەم
## ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب

### ماددەی دوازدەهەم: کۆنگرەی حیزب

١. کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە کە هەر چوار ساڵ جارێک لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی، ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی و، ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب و، بە ڕادەیەک کە کومیتەی ناوەندی لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب دیاری دەکا؛ پێک دێ.

٢. کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازیی کومیتەی ناوەندی، یان دوو لە سێی کۆمیسیۆن و کومیتەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی پێک دێ.

### ماددەی سێزدەهەم: ئەرك و دەسەڵاتی کۆنگرە

کۆنگرەی حیزب:

١. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی هەڵدەسەنگێنێ و بڕیاری لەسەر دەدا.

٢. ڕێبازی گشتی، ستراتێژی و تاکتیکیی حیزب دیاری دەکا.

٣. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب بە پێی پێویست دەسکاری و پەسەند دەکا.

٤. ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی و، ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە نێو ئەندامانی کۆنگرەدا هەڵدەبژێرێ.

**تێبینی:**

– کومیتەی ناوەندیی حیزب مافی ئەوەی هەیە ئەوپەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە چواری ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی، لە ئەندامانی حیزب ڕاستەوخۆ و بە مافی دەنگدانەوە لە کۆنگرەدا بەشدار بکا.

– کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە هەر نەبێ سێ ساڵ ڕابردووی ئەندامەتیی چالاکانەیان لە ڕێکخراوێکی حیزبدا هەبێ.

– ڕێژەی نوێنەرانی هەر ڕێکخراوێکی حیزبی بۆ کۆنگرە بە پێی ژمارەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە دیاری دەکرێ، بە مەرجێک لانیکەم دوو لەسەر سێی ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە کۆنفرانس بۆ کۆنگرەدا بەشدار بن. لە غەیری ئەوەدا، ژمارەی بەشدارانی کۆنفرانسەکە دەکرێتە بنەما.

**ماددەی چواردەهەم: کۆنفرانسی گشتیی حیزب**

١. کۆنفرانسی گشتیی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

– دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.

– گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.

٢. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٣. کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی، جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی، ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی، ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ، نوێنەرانی کومیتەکانی شارستان و ناوەند، کومیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و کومیتەی بەڕێوەبەریی کاروباری حیزب لە دەرەوەی کوردستان پێک دێ.

٤. ڕادەی نوێنەرانی ئەو کومیتە و کۆمیسیۆنانە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ، بە مەرجێک ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و، ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ و ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی زیاتر بێ.

**ماددەی پازدەهەم: ڕاپرسی**

١. ڕاپرسی لە حیزبدا لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە پرسێکی گرینگی چارەنووسساز بێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەیهەوێ بە تەنیا بڕیاری لەسەر بدا. لەو حاڵەتەدا پێویستە هەر نەبێ دوو لە سێی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی خوازیاری ڕاپرسی بن.

٢. کومیتەی ناوەندی بەرپرسە کە لە زووترین کاتدا (ئەوپەڕەکەی مانگێک) کومیتەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاپرسییە لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکان و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب پێک بێنێ.

**تێبینی:**

– یەک لە سێی ئەندامانی کومیتەی جێبەجێکردنی ڕاپرسی لە نوێنەرانی کومیتەی ناوەندی و یەک لە سێی لە نوێنەرانی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و یەک لە سێی لە نوێنەرانی کومیتەی کاروباری حیزب لە دەرەوەی کوردستان دەبن.

– ئەم کومیتەیە لە ئامادەکردنی پرسیارەکانی ڕاپرسی، شێوەی بەجێگەیاندنی و ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی بەرپرسە.

– پرسیارەکانی ڕاپرسی دەبێ بە پەسەندی کومیتەی ناوەندی بگەن.

– ئاکامی ڕاپرسی دەخرێتە دەستووری کاری یەکەم کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی کە لە دوای ڕاپرسییەکە پێک دێ.

**ماددەی شازدەهەم: کومیتەی ناوەندی**

١. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.

٢. ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:

- سکرتێری گشتیی حیزب و دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ.
- بەرپرسی چاودێری و بڕیاردان لەسەر سیاسەتی گشتیی حیزب لە چوارچێوەی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەدایە.
- بەرپرسی گشتیی داهات و دەرکەوتی حیزبە و ڕادەی هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا.
- لانیکەم ساڵی چوار جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.
- ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی کۆنگرە و شێوەی هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی دەکا.

**تێبینی:**

- کومیتەی ناوەندی دەتوانێ هەتا دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی لە بواری دیاریکراوی شارەزایەتییدا ڕاوێژکار بۆ خۆی هەڵبژێرێ.
- کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی، فەرمی دەبن.
- بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە نیوەی هەموو ئەندامانی ئەسڵی، یان دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵیی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا دەنگیان بۆ بدەن.
- کومیتەی ناوەندی هەقی هەیە لە کارەکانی سکرتێری گشتی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی بکۆڵێتەوە و لێپرسینەوەیان لێ بکا.
- لە حاڵەتێکدا کە تەرمیمی کومیتەی ناوەندی پێویست بێ، ئەو کارە بە هەڵبژاردنی یەک یا چەند جێگر بە ئەندامی ئەسڵیی کومیتەی ناوەندی ئەنجام دەدرێ.

**ماددەی حەڤدەیەم: دەفتەری سیاسی**

١. دەفتەری سیاسیی حیزب لە سکرتێری گشتی و ژمارەیەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی پێک دێ کە کومیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر دەدا و هەڵیان دەبژێرێ.

٢. ئەرکەکانی دەفتەری سیاسی ئەمانەی خوارەوەن :

- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییدا بەرپرسی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندیی حیزبە.
- لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی حیزبدا هەڵوێست و ڕوانگەکانی حیزب دیاری دەکا و ڕایان دەگەیەنێ.
- کاروباری کۆمیسیۆنەکان لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا تاوتوێ دەکا و بڕیاری پێویستیان لەسەر دەدا.
- کۆبوونەوەکانی خۆی بە پێی پێویست پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

٣. دەفتەری سیاسی بە پێی پێویست و بە پەسەندی کومیتەی ناوەندی، چ لە ڕووی

ئەزموونەوە و چ بۆ پسپۆریی تایبەت، ژمارەیەک ڕاوێژکار بۆ خۆی دیاری دەکا:
– ستاتۆی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بە پێی ئاییننامەیەکی تایبەت ڕێک دەخرێ. ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی لەو کۆبوونەوانەی دەفتەری سیاسییدا کە مەسایلی کەلانی پێوەندیدار بە سیاسەت و بەڕێوەبردنی حیزبیان تێدا تاوتوێ دەکرێ، بە دەنگی مەشوەرەتییەوە بەشدار دەبن.
– ژمارەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی نابێ لە ژمارەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی زیاتر بێ.

**تێبینی:**
– ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە هەموو حیزبەوە هەیە دەبێ لە کومیتەی ناوەندییدا باسیان لێ بکرێ و بڕیاریان لەسەر بدرێ.
– بڕیار پێوەندیی بە هەر کۆمیسیۆنێکەوە هەبێ، پێویستە بە بەشداریی بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنە بێتە بەر باس و پەسەند بکرێ.

**ماددەی هەژدەهەم: سکرتێری گشتیی حیزب**
١. سکرتێری گشتیی حیزب :
– وتەبێژی ڕەسمیی حیزب بە ڕووی دەرەوەی حیزبە.
– بەرپرسی گشتیی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبە.
– هەماهەنگی لە نێوان ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزبدا پێک دێنێ.
٢. لە غیابی سکرتێری گشتییدا، جێگری سکرتێر ئەرکەکانی جێبەجێ دەکا.

**ماددەی نۆزدەهەم: کۆمیسیۆنەکانی کاری حیزب**
١. کۆمیسیۆنەکانی کاری حیزب بە پێی لێکدانەوە و پەسەندی کومیتەی ناوەندی دیاری دەکرێن.
٢. ئەم کۆمیسیۆنانە بە پێی ستراتێژیی درێژخایەن و پلانی کاری ساڵانە و چەند ساڵەی خۆیان کە لە کومیتەی ناوەندییدا دەنگیان بۆ وەردەگیرێ، کار دەکەن.
٣. هەر یەک لەم کۆمیسیۆنانە لە چوارچێوەی ئاییننامەدا لە بەجێ گەیاندنی ستراتێژی و پلانی کار و بڕیاری ڕۆژانە لە کاری خۆیاندا سەربەخۆن.

## فەسڵی شەشەم
## کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب

**ماددەی بیستەم:**
کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە کەسانی شارەزای بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ

**ماددەی بیستویەکەم:**

ئەرکو سەلاحییەتەکانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری ئەمانەن:

١. چاودێری بەسەر بەڕێوەچوونی پێڕەوی نێوخۆ لە ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی حیزبدا دەکا.

٢. لە ڕێگای نوێنەرانیەوە بەشداری کۆنفرانسەکانی حیزب دەبێ و لەسەر سەلاحییەتی کۆنفرانسەکان و دروستیی هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەکان و نوێنەرانی کۆنگرە نەزەر دەدا.

٣. بە شکایەتی ئەندامانی هەڵپەسێردراو یان دەرکراو ڕادەگا و ئەگەر سزاکەیانی بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆ زانی، پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدا.

**تێبینی:**

١. کۆمیسیۆنی پارێزگاری کاری بەسەر مەسایلی ئیجرایی حیزبەوە نییە.

٢. کۆمیسیۆن لە سزای ئیداری یان سزای پێشمەرگایەتی ناکۆڵێتەوە و تەنیا کاری بە سزای حیزبییە.

٣. کۆمیسیۆن نەزەر و پێشنیارەکانی بۆ پەسەندکردن دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

## فەسڵی حەوتەم
## داهاتی حیزب

**ماددەی بیستودووەم: سەرچاوەی داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

١. هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.

٢. یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

٣. دەسکەوتی پرۆژە و وەبەرهێنان.

## فەسڵی هەشتەم
## چەند پرەنسیپی گشتی

- سیستمی کار و چالاکی و کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی حیزب بە شێوەی سیستم و بە بەرنامە و پلانی نووسراوەوە بەڕێوە دەچێ. هەموو تەشکیلات و ئۆرگان و تیمەکانی کاری حیزب پرۆگرام و پلانی کاری خۆیان دەبێ و جێبەجێی دەکەن.

- بە مەبەستی بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان لە ڕیزەکانی حیزبدا، دەبێ گرنگییەکی زۆر بە پەروەردە و پێگەیاندنیان بدرێ بۆ ئەوەی دەرەتانی تواناسازیی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی کار لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی حیزبدا بۆ برەخسێندرێ. هەروەها دەبێ مێکانیزمی گونجاو بە مەبەستی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی حیزب و ئۆرگانە بەڕێوەبەرییەکانی دیکەی حیزبدا لە بەرچاو بگیرێ و لە پرەنسیپی «هەڵاواردنی پۆزەتیڤ»یش کەلک وەربگیرێ.

- لە نێو حیزبدا وێڕای گرینگی دان بە کەسایەتیی ئەندامانی حیزب و ڕێزگرتن لە مافەکانیان،

پاراستنی دیسیپلین و ئینسجام ئەرکی هەموو لایەکە و هەر چەشنە کردەوەیەک کە زیان بە نەزمی نێوخۆیی بگەیەنێ لێپرسینەوەی لێ دەکرێ.

***

## پەیامەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### پەیامی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکان

**حیزب و ڕێکخراوە هاوخەباتەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژانی ڕابردوودا کۆتایی بە کارەکانی هێنا. کۆنگرەی ١٧ی حیزبەکەمان لە هەلومەرجێکدا پێک هات کە هەموو لایەک چاوەڕوانی گۆڕانی گەورەی سیاسی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەن.

کۆنگرەی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەژێر تیشکی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوی بارودۆخی ئێستا و دوورەدیمەنی ڕووداوەکانی داهاتوو و، پێویستە هەنووکەییەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ کۆمەڵێک بڕیارنامە و ڕاسپاردەی گرینگی پەسەند کردوە.

کۆنگرە لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گەشەی وشیاری و شوناسخوازیی نەتەوەیی و ئەم هێز و پوتانسیێلە هەراوەی کە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدی دەکرێ، بە دەسکەوتێکی گرینگی خەباتی دەیان ساڵەی بزووتنەوەی کوردی زانی. لەم پێوەندییەدا کۆنگرە پێی وابوو کە ئەم گۆڕانە دڵخۆشکەرە پێویستە زیاتر پەرەی پێ بدرێ و لە پێناوی سەرکەوتنی بزووتنەوە و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەلکی پێویستی لێ وەرگیرێ.

بەشدارانی کۆنگرە وێڕای هەڵسەنگاندنی کەموکورتییەکان و لاوازییەکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلەکەماندا ئاماژەیان بەوە کرد کە بەداخەوە لە ئاستی ڕێبەرییدا بزووتنەوکەمان هەروا خاوەنی کەموکووڕیی گەورەیە و چاوەڕوانیی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵانی خەڵک لە پێناوی پێکهاتنی یەکیەتییەکی بەرین لە حیزب و ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوە نەهاتۆتە دی.

لەم پێوەندییەدا کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەرز نرخاندنی سیاسەتی تا ئێستای حیزب لە پێناوی یەکڕیزیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی وایە پێویستییەکی ژیانەکییە کە لە پێناوی پێکهێنانی ناوەندێکی بڕیارسازی نەتەوەییدا هەنگاوی لێبڕاوانەتر هەڵێنێتەوە. لە ڕوانگەی کۆنگرەوە ئەم ناوەندە بریتییە لە ناوەندێکی باڵای بڕیاردەری نەتەوەیی کە تێیدا هەم سیاسەتە هەرە گرینگەکانی بزووتنەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستان پەسەند و جێبەجێ دەکرێن و، هەمیش هێز و توانا ماددی و مرۆییەکانی دەخرێنە سەریەک.

بەشدارانی کۆنگرە لەم بڕوایەدا بوون کە بزووتنەوەی کورد چ لە ئێستادا و چ لە داهاتوودا بەبێ بوونی ناوەندێکی ئەوتۆ ناتوانێ سەنگی تەواوی خۆی لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکاندا دەربخا. جگە لەمە بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لەم ململانێ زیانبارە حیزبییە کە بەداخەوە

تا ئێستاش لە گۆڕێدایە لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە ئەم ملبەملەیە لە لایەک ڕێگەی لە وەسەریەککەوتنی ئەو هێز و پوتانسیەلە هەراوەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات گرتوە، لە لایەکی دیکەشەوە نیگەرانییەکی قووڵیشی لە بیروڕای گشتیی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵاتدا لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکان و قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکانی بەردەم دروست کردوە.

کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوانگە نەتەوەییەدا لەگەڵ ئەوەی کە ڕێبەریی هەڵبژێردراوی ڕاسپاردوە لە پێناوە ئەم ئامانجە گرینگەدا هەنگاوی کردەوەیی هەڵێنێتەوە، داواش لە سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا لەم پێناوەدا بەرپرسیارەتیی مێژوویی و نەتەوەیی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

بە ئاواتی یەکیەتی و یەکڕیزیی سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

***

**پەیامی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی**

**بەڕێزان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی!**

لە لایەن کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، وێڕای ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدە سەربەرزەکانمان و، تەقدیر و پێزانین لە خۆڕاگریی بەندییە سیاسییەکان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ڕێز و سڵاوی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئێوە ئازیزان و خۆشەویستان دەکەین کە بەحەق سەرمایەی مەعنەویی بەنرخی جووڵانەوەی کورد و قەڵای قایمی باوەڕ و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردن.

شۆڕشی مافخوازانەی گەلەکەمان لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا بە پێی دەرفەتەکان هاتۆتە مەیدان و بە پێی هەلومەرج داخوازییەکانی خۆی ڕوو بە حاکمان و دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەمان بەرز کردۆتەوە و ویستوویەتی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە بە ویستە ڕەواکانی بگا، بەڵام بەداخەوە نەک هەر گوێی لێ نەگیراوە، بەڵکوو بە شەڕ، سەرکوت، تێرۆر و پەت و سێدارە و بەندیخانە وڵامی دراوەتەوە، بەڵام گەلی ئێمە بۆ ستاندنی هەق و دابینکردنی مافە ئینسانییەکانی و وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی لە بەرامبەر حاکماندا چۆکی دانەداوە و دەستی لە داوا ڕەواکانی هەڵنەگرتوە؛ ئەگەرچی بەداخەوە لەم ڕێگەیەدا قوربانیی زۆری داوە. دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی ئەو خاک و نیشتمانە لەم پێناوەدا شەهید بوون و بە هەزاران کەس لە ڕۆڵە ئازاکانی ئەو گەلە هەر لە سەر ئەم داوا ڕەوایە ڕاپێچی بەندیخانەکان کراون و ژیان و چارەنووسیان کەوتۆتە دەست دوژمنانی ئەو گەلە چەوساوە و لەو ڕێگەیەشدا گەلێک قارەمان سەربەرزانە سەریان ناوەتەوە و، ئێستاش ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە لەو سەنگەرەشدا هەروا خۆڕاگرانە دیفاع لە بیر و باوەڕیان و مافی گەلەکەیان دەکەن.

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبەکەمان کە بە کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ناودێر کراوە، بە ئیمان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری شەهیدان و درێژەدان بە ڕێبازەکەیان کە ڕێبازی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییە، پەیمانی وەفا و ئەمەگناسی لەگەڵ شەهیدەکانمان نوێ

دەکاتەوە کە تا سەر و تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەسەر ئەم ڕێبازە پیرۆزە بەردەوام بین. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئارەزووی دەکرد لە کاروانی خەباتی مافخوازییدا هیچ ڕۆڵەیەکی ئەم گەلە خوێنی نەڕژابا و لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە بە مافەکانمان گەیشتباین، بەڵام بەداخەوە ئەوە دوژمنانی کورد و یەک لەوان کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە حاشا لە مافەکانمان دەکەن و شەڕیان بەسەردا سەپاندووین و گەلی ئێمەش بە ناچار بۆ دیفاع لە خاک و کەرامەتی خۆی تاوی چەکی داوە و بەرگریی لە خۆی و شوناسەکەی کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەیدا دەیان هەزار ڕۆڵەی کردۆتە قوربانی و لەو ڕێگەیەدا بەبێ جیاوازی، پێشمەرگە و فەرماندە و ڕێبەر سینگی خۆیان کردۆتە قەڵغانی پاراستنی خەڵک و خاکەکەی؛ هەر وەک دەبینین شەهیدانی سەرکردەمان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوکتور سادقی شەرەفکەندی نموونەی ئەو فیداکاری و قوربانی دانەن.

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبەکەمان لە کۆتایی کارەکانیدا جارێکی دی پەیمان لەگەڵ ڕۆحی شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان نوێ دەکاتەوە کە ڕێبوارانی ئەم ڕێبازە تا سەر درێژەدەری ئەو ڕێگەیە بین و ڕێگەی ڕۆڵە لەدەست چووەکانتان ون نەکەین و ئەو خەباتە بە مەنزڵگەی سەرکەوتن بگەیەنین.

**بەڕێزان بەندییە خۆڕاگرە سیاسییەکان!**

لە لایەن کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکراتەوە سڵاوی خەبات و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ئێوەی خۆڕاگر و خەباتکارانی ڕاستەقینەی مەیدانی بەربەرەکانی دەکەین.

جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلەکەمان لە پێناو ڕزگارییدا زۆر ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری لە ئازادی بێبەش کراون و لە پێناو ئازادییدا تەحەممولی بەندیخانە و ئەسارەتیان کردوە. زیندانییانی سیاسیی کورد و بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوو سەردەمی جیاجیادا بەندیخانەیان کردۆتە سەنگەرێک بۆ ئازادی و مافخوازیی گەلەکەیان. ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، ژنان و پیاوانی خۆڕاگر و فیداکاری دێموکرات هەردەم نموونەی ئازایەتی و بەربەرەکانی بوون لەدژی دوژمنانی گەلەکەمان. سەربەرزانە چوونە سەر دار بەڵام سەریان بۆ دوژمن نەوی نەکردوە و ئازایانە لە نێوان سەردانان و سەردانواندا سێدارەیان هەڵبژاردوە. پێشەوا قازی محەممەد و یارانی و زۆر ڕۆڵەی بە ئەمەگی دیکەی حیزبەکەمان نموونەی ئەو ئازایەتی و لەخۆ بوردووییەن.

لە لایەن کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبەکەمانەوە پەیمان لەگەڵ ڕۆحی شەهیدەکانمان نوێ دەکەینەوە و بەڵێن بە ئێوە بەندییە سیاسییەکان دەدەین کە ئەو ڕێبازەی کە هاوڕێ شەهیدەکانمان لە بەردەمی سێدارە و لە نێو بەندیخانەدا بۆی سووتان و ئێوەش بە هێز و خۆڕاگریی خۆتان زیندانتان کردە قەڵای خۆڕاگری، ئێمەش وەک قەڵای دێموکرات تا سەر لە سەر بەڵێنەکانمان سوور و بەردەوام بین.

سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدان و خۆڕاگریی بەندییە سیاسییەکانمان

مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆریست و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

## پەیامی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## بۆ حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**هاوڕێیانی هێژا!**

چوار دەیەیە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لەسەر کارە. شەڕ، خوێنڕشتن، داخراوی، سەرەڕۆیی، هەژاری و نەداری، سەرکوت و سێدارە، بەرهەم و دەسکەوتی ئەم ڕێژیمە بۆ خەڵکی ئێران بووە. خەبات و خۆڕاگریی خەڵک چ لە ئاستی ئێران و چ لە کوردستان دژی ئەم ڕێژیمە دژە مرۆییە، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکرد و ئێستەش درێژەی هەیە. بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کوردستان لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی خەبات و خۆڕاگری لەدژی کۆماری ئیسلامی بووە. داهاتوو و ئەنجامی ئەم خەباتە، گرێدراوی بەشداریی هێزە دیارەکانی پانتای سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزەکانی دیکە و نەتەوەکانی ئێرانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا بەرەو گرتنی کۆنگرەی حەڤدەیەمی خۆی هەنگاو دەنێ کە دۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکە لە بەردەم ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و نوێدایە. نزیک بە سێ ساڵ دوای ڕێککەوتنی بەرجام، دەوڵەتی ئەمریکا بە شێوەی یەک لایەنە لەو ڕێککەوتنە کشایەوە و دوای ئەوەش بڕیاری سەپاندنی کۆمەڵێک گەمارۆی نوێ بەسەر کۆماری ئیسلامییدا دەرکرد. دوای دەست پێکردنەوەی خولی نوێی گەمارۆەکان، هەلومەرجی ئابووریی ڕێژیم، تووشی بشێوییەکی کەموێنە بوو. بە جۆرێک کە هەژاری، بێکاری، هەڵاوسان و دابەزینی نرخی دراوی نێوخۆیی لە بەرامبەر نرخی دراوی دەرەکی و دابەزینی توانای کڕینی خەڵک، قەیران لە سیستمیماڵی و بانکی، بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆتەوە. دیارە لەم نێوەدا، بەڕێوەبەریی ناکارامەی کاربەدەستانی ڕێژیم، هۆکارێکی بنەڕەتیی سەرهەڵدانی ئەم دۆخەیە کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر ژیانی خەڵک داناوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پێی وابووە کە پرش و بڵاوی و نەبوونی یەکیەتییەکی گشتگیر لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی ئەم ڕێژیمە لەسەر کورسیی دەسەڵات بووە. بەداخەوە دوای تێپەڕینی چوار دەیە لە دەسەڵاتداریەتیی ئەم ڕێژیمە، هێشتا هێزە سیاسییەکان لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆندا ماونەتەوە و نەبوونەتە ئاڵتێرناتیڤێک کە پشتیان پێ ببەسترێ. نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی کارامە و بەبڕشت کە بتوانێ ڕێبەرایەتیی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران لەدژی ڕێژیم بکا، زیاتر لە جاران هەست پێ دەکرێ. ئەگەر یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازی و پرش و بڵاویی هێزەکانی دژبەری ڕێژیم بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرکوتە لە ڕادە بەدەرەی کە ڕێژیم بەرامبەر بەم هێزانە بە کاری هێناوە، ئەوا هۆکارێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گیانی تەبایی و هاوپێوەندی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا. بەردەوام بوونی ئەم دۆخەش دەبێتە هۆی بەردەوامیی ڕێژیم. ئێمە پێمان وایە، لە ئەنجامی گوشارە سیاسی و ئابوورییەکاندا هەلومەرج و بەستێنی خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران پێک هاتوە، بەڵام نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز، لە داهاتوودا خەڵکی ناڕازی تووشی بێهیوایی دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سۆنگەی هەست بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە بزووتنەوەی سەراسەری و کوردستانی، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەگەڵ ژمارەیەک لە هێزە دێموکرات و چەپەکان، بە مەبەستی پێکهێنانی هاوپێوەندییەکی گشتگیر لە مەڕ داهاتووی ئێران دەستی بە کۆمەڵێک وتوویژ و دانوستانی نوێ کرد. لە ئەنجامی ئەم دانوستانانەدا توانرا دوو هاوپەیمانی لەژێر ناوی «شۆڕای دێموکراسیخوازان» و «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» پێک بهێنرێ. ئەگەرچی سەرجەم هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەم دوو قەوارەدا بەشدار نین، بەڵام ئێمە پێمان وایە، بەشداربوونی ئەوان ئاستی تواناکان و بیروبۆچوونەکان پەرە پێ دەدا و هیواداریـن لە داهاتوودا بتوانین ئەو هێزانەش بێنینە نێو ئەو دوو هاوپەیمانییەوە.

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکرات بە پێویستی دەزانێ کە جارێکی دیکە لەسەر پرەنسیپ و بنەماکانی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ زەروورەتی یەکگرتوویی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم و بە تایبەت هێزە سەراسەرییەکان پێداگر بێ. لەم بارەوە بۆ قسەکردن لەسەر داهاتووی ئێران، ئامادەیی خۆمان بۆ وتوویژ لەگەڵ زۆربەی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەردەبڕین.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە نەتەوەکانی ئێران بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی چ لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوو و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییدا، لەژێر تەوژمی جۆرەها ستەمی سیاسی، فەرهەنگی و ئابوورییدا بوون، لە ڕێگای پێکهێنانی سیستمێکی فیدراڵەوە، خوازیاری نەهێشتنی هەڵاواردنی نەتەوەیین. لە ڕوانگەی ئێمەوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوو ڕێگەمان بۆ داهاتووی ئێران لە بەردەمدایە؛ یەکەم ڕێگەی دێموکراسی و بەرابەری کە بە لابردنی ستەمی نەتەوەیی لەسەر نەتەوەکانی نێو ئێران دێتە دی، دووەم بەردەوامیی حاشا لێکردن لە ماف و ناسنامەی نەتەوەکان کە ئەمەش سەرەڕۆیی و دووپات بوونەوەی دۆخی ئێستای لێ دەکەوێتەوە.

**کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

***

### پەیامی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ چالاکانی نێوخۆی وڵات

لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا وەک بەشێکی هەرە بنەڕەتی لە بزووتنەوەی سیاسیی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دژبە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێوە چالاکانی نێوخۆی وڵات لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بە کەلکوەرگرتن لە کۆمەڵە دەرفەتێکی هەرچەند بەرتەسک و بچووک، بە وەرێخستنی کاری ڕێکخراوەیی لە چوارچێوەی مەدەنییدا توانیتان ڕەوتێک لە بزاڤی مەدەنی وەڕێ بخەن. ئەدیبان بە دامەزراندنی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، چالاکانی خوێندکاری بە دامەزراندنی ڕێکخراوگەلی خوێندکاری و دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان لە زانکۆکان، کرێکاران بە داواکردنی مافەکانیان و فۆرموولە کردنی داخوازەکانیان، ژینگەپارێزان بە دامەزراندنی ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی تایبەت بە کاری ژینگەپارێزی، مامۆستایان بە دامەزراندنی یەکیەتییە سێنفییەکانی تایبەت بە خۆیان و هەتا دوایی، توانیتان لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی چالاکی مەدەنییدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن.

ئاکامی هەوڵ و هیمەتی بەردەوام و چاونەترسانەتان لە هەموو بەستێن و بوارێکدا، بۆتە

کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و لەسەر هەست کە وێڕای وەدەستهێنانی متمانەی جەماوەریی خەڵکی کوردستان، خۆی لە هەموو پرسەکانی تایبەت بە خاک و خەڵک بە خاوەندار دەزانێ و هەڵوێست دەنوێنێ. ئێوە بە دەرکێکی قووڵ لە جەوهەر و ڕۆحی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، بەرگ و نێوەرۆکێکی شوناسخوازانەتان بە چالاکییەکانتان بەخشیوە و لە چوارچێوەی پرسە گەورە نەتەوەییەکەدا، ئامانجدارانە هەنگاوی ژیرانەتان ناوە و دەنێن. هەر ئەم تێگەیشتنەتان لە ماهیەتی بزاڤی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و هەنگاونانتان لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان، بۆتە هۆی ڕاکێشانی متمانەی خەڵک کە دەکرێ وەک بەنرخترین دەسکەوت خوێندنەوەی بۆ بکرێ.

ئێوە بە لێبڕاوییتان لە تێکۆشان و بەرەوپێشچوون، هاوئاراستە بوونی ئامانج و ماهیەتی چالاکییەکانتان لەگەڵ بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکە و دەستەبەر کردنی متمانەی خەڵک، توانیوتانە ڕۆڵی بەرچاو لە بە ڕێکخراو بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و جەماوەریی خەڵکی کوردستاندا بگێڕن. هەر وەک لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزب بۆ کۆنگرەدا هاتووە؛ «کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان کە لەسەر دەستی ئێوە چالاکانی نێوخۆی وڵات دروست بووە، لە ماوەی دە-پازدەساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەوەی هەمیشە هەوڵی داوە ڕیسالەت و جەوهەری مەدەنییانەی خۆی بپارێزێ و لەم پێوەندییەدا جۆرێک لە کولتوورسازییش بکا، لێبڕاوانە بەرامبەر سیاسەتە دژیگەلییەکانی نیزامی سیاسیی حاکم لە کوردستانیش وەستاوەتەوە و کەمتەرخەم نەبووە و هەزینەی قورس و گرانیشی لەم پێناوەدا داوە. کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆر بواردا توانیویەتی بۆشایی دەسەڵاتێکی هەرێمیی خۆماڵی لە کوردستان پڕ بکاتەوە؛ پارێزگاری لە ژینگەی نیشتمان، بەڕێوەبردنی بۆنە کولتووری و نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵگە، داکۆکیکردن لە مافی هاووڵاتیان، بەڕێوەبردنی ئەرکی پاراستنی زمان و کولتووری نەتەوەیی، کارکردن لەسەر کەسایەتیی تاکی کورد و زۆر شتی دیکە لەو ئەرکە گەورە بنەڕەتییانەن کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەم ساڵانەدا کاری گەورە و بەرچاوی لەسەر کردوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک لەمێژە ڕێزگرتن لە کار و تێکۆشانی چالاکانی نێوخۆی وڵات بۆتە بەشێک لە پرەنسیپ و خوێندنەوەی بۆ واقعیەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بۆ جارێکی دیکە و لە سەکۆی کۆنگرەی حەڤدەیەمی خۆیەوە ڕادەگەیەنێ کە بە چاوی ڕێزەوە سەیری تێکۆشان و چالاکیی تێکۆشەران و چالاکانی نێوخۆی وڵات دەکات و خۆی بە پشتیوانیان دەزانێ. گومانی تێدا نییە کە لە ڕوانینی حیزبی دێموکراتدا بۆ فرەڕەهەندیی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی خەباتی شوناسخوازانەمان لە نێوخۆی وڵات هەر بە هەوڵ و هیمەتی چالاکانی نێوخۆ و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک، ئاوەدان دەمێنێتەوە. ئاوەدان هێشتنەوەی ئەم مەتەریزە جۆراوجۆرانە کە لەمێژە دوژمن هەوڵی کوێرکردنەوەیان دەدات و پێی ناگیردرێن، لە بەرەوپێشچوون و بە ئامانج گەیشتنی کاروانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانمان، ڕۆڵ و کاریگەریی سەرەکیی دەبێ.

**کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# Documents of Kurdistan Democratic Party Congresses

گرینگی و بەبایەخبوونی بەڵگەنامە و مێژووی نووسراوی هەر حیزبێک لە دەرخستنی بۆچوون و ڕوانگە و مێژوو و هەڵوێستی ئەم حیزبە بەنیسبەت پێشهات و ڕووداوەکان و هەروەها پێشاندانی سووچ و کەلەبەرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم حیزبەدا دەردەکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە زانیاری یەکێک لە بنەما گرینگەکانی بوون و دەسەڵاتی هەر ڕەوتێکی سیاسییە و بەڵگەنامەکانیش سەرچاوەی گرینگی ئەو زانیارییانەن بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی سیاسی و مێژوویی و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسییە.

چاپ و و بڵاوکردنەوەی:
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان